زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی مێژوو

# هاونەتەوەیی کورد و ماد

زنجیره لێكۆڵینەوەكانی مێژوو

# هاونەتەوەیی كورد و ماد

## چاوگە، رەگەز

## مێژووی شارستانیی كوردستان

حەبیبوڵڵای تابانی

وەرگێڕانی

جەلیل گادانی

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی (هاونەتەوەیی کورد و ماد)**

**(چاوگە، رەگەز، مێژووی شارستانییەت)**

- **نووسینی:** حەبیبوللآی تابانی
- **وەرگێڕانی:** جەلیل گادانی
- **بابەت: مێژوو**
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ: هۆگر سدیق**
- **چاپ: دووەم – ٢٠١٠**
- **ژمارەی سپاردن: ٩١١**
- **نرخ: ٥٠٠٠ دینار**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **چاپخانە:** چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٤٢٧)**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



# پێرست

وتەیەکی کورتی وەرگێڕ ........ ١١
پێشەکی - پێش وتە ........ ١٣

**بەشی یەکەم** ٢١
**سنوورو چوارچێوەی کوردستان** ........ ٣٣
ئاوڕێك بۆ سەر هەردناسی کوردستان ........ ٣٤
زنجیرە کێوە گرینگەکانی کوردستان ........ ٤٤
ئاو و رووبارەکانی کوردستان ........ ٤٩
دەریاکان و دەریاچەکانی کوردستان ........

**بەشی دووهەم**
**مێژوو و ریشەی رەگەزی کوردان** ........ ٥٣
دابەش بوونی نەتەوەیی کوردەکانو رەچەڵەکیان........ ٥٩
لیلۆیی یان لیلۆییەکان ........ ١٠٤
گوتی یا کوتییەکان ........ ١٠٨
کاسیتەکان یا کاسییەکان ........ ١٢٠
سوباری و مێتانی ........ ١٣٠
نایرییەکان ........ ١٣٤
کاردۆخۆیی = کوردۆئین ........ ١٣٧

**بەشی سێهەم**


**دەوڵەتە گەورە دێرینەکانی کورد** ........ ١٤١

دەسەڵاتی ماننا ........ ١٤٣

گەنجینەی زێوە ........ ١٥٥

تەپۆڵکەی حەسەنلوو ........ ١٦٦

مادەکان ........ ١٧٤

پێکهێنانی دەوڵەتی ماد ........ ١٧٩

دەسەڵاتی ئیخ تویگو (ئاستیاگ)و کۆتایی خێرایی دەسەڵاتی ماد ........ ١٩٢

ڕێکخستنی ئیداری و دۆخی ئابووریی مادەکان ........ ١٩٧

هونەرەکانی جوانکاری و مێعماری ........ ١٩٨

زمان و نووسینی مادەکان ........ ١٩٩


**بەشی چوارەم**


**کوردستان و کوردەکان لە دوای مادەکان** ........ ٢٠٣

لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا ........ ٢٠٥

ڕاپەڕینی کوروشی گچکەو کاریگەریی لەسەر دەڤەری کوردستان ........ ٢١١

کوردستان لەسەردەمی حکومەتی سلووکی و ئەشکانیدا ........ ٢١٧

کوردستان لەسەردەمی ساسانییەکاندا ........ ٢٢٤

فەرهەنگ و شارستانیەتی ساسانییەکان کاریگەرییان لە کوردستاندا ........ ٢٣١




**بەشی پێنجەم**


**ڕێکخستنی ئیداری و ئۆرگانیی ڕۆم** ........ ٢٤٥

جۆری بەڕێوەبردنی ناوچە داگیرکراوەکان ........ ٢٤٧

دامەزراوە حکومییەکان ........ ٢٥٠

خۆشگوزەرانی نەجیبزادەکان و چینە باڵادەستەکانی ڕۆم ........ ٢٥٣

ئەرمەنستان و دەوری لە (ناتەباییەکانی ئێران و ڕۆمدا) ........ ٢٥٧


**بەشی شەشەم**


**دیاردەکانی شارستانییەت لە کوردستان** ........ ٢٦٥

نیزامی پێش ئیسلام لە کوردستان ........ ٢٦٨

چینەکانی کۆمەڵگا ........ ٢٧٠

ماڵیات (زەریبە)و باج لە سەردەمی ساسانییەکانداو چلۆنایەتی ........ ٢٨٠

سنعەت و پیشەسازی لە سەردەمی ساسانییەکاندا ........ ٢٨٢

بازرگانی و ڕێگاکانی لە سەردەمی ساسانییەکاندا ........ ٢٨٩

هونەری مێعماری لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا ........ ٢٩٥

شێوەکاری و هونەرە جوانەکان لە زەمانی ساسانیان دا ........ ٢٩٩


**بەشی حەوتەم**


**کاریگەری کوردستان لە بەرینتر بوون و بڵاوبوونەوەی** ........ ٣٠٥

بەشی کوردستان لە بڵاوبوونەوەی هونەرەکانی تر ........ ٣١٦

ئەدەبیات لە کوردستاندا ........ ٣١٧

فەرهەنگو شارستانیەتو هونەر لەکوردستانی دوای ئیسلامدا ........ ٣١٩

ڕۆڵی کوردستان لە بڵاو بوونەوەی زانست و فەننەکان و فەرهەنگی جیهان ........ ٣٢١

موسیقاو ڕابردوەکەی لە کوردستان ........ ٣٣٢

کوردستان و ڕێگا بازرگانییەکانی لە دوای ئیسلام ........ ٣٣٦

**بەشی هەشتەم**

**شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان** ... ٣٣٧
شوێنەواری تاق بوستان ... ٣٤٠
ئەشکەوتی گەندووك و بەردتاشی لەوێندەرێ ... ٣٤٥
کەتیبە="نووسراوەی بەردین"ی وان ... ٣٤٦
کۆشکی الحضرا= الحضر= حەترا ... ٣٤٧
کلێسای شاری "ئێدێسا" رەهایا ئورفە EDESSA ... ٣٤٧
کلێسای میافارقین ... ٣٤٨
پردی سنجە = سنگز ... ٣٤٩

**بەشی نۆهەم**

**دین، ئایین و بیروبڕوای لاوەکی لەکوردستاندا** ... ٣٥٠
"مانەویەت" یا "مانەویگەری" ... ٣٧٤
ئایینی مان و بیروڕای ئەو ... ٣٧٨
ئایینی مانیگەری دوای نەمانی خۆی ... ٣٨١
تایفەی سارلی ... ٣٨٩
شەبەکەکان ... ٣٨٩
بجورانەکان ... ٣٩٠
یەزیدییەکان یا ئیزەدییەکان و ناوگەلیتر ... ٣٩٠
سۆفیگەری و عیرفان لەکوردستاندا و چلۆنایەتی و کاتی سەر هەڵدانی ... ٤٠١
سۆفیگەری ولقەکانی لەکوردستاندا ... ٤٠٦
زیکری دەروێشەکانی قادری ... ٤١٧
خانەدانی شێخ محمدی نۆدهی ... ٤٢٠
تەریقەتی نەقشبەندی ... ٤٢٥
تەریقەتی نەقشبەندی لەکوردستاندا ... ٤٣٠
ئەهلی هەق یا علیواللەیەکان ... ٤٣٧
سائیبییەکان یا سابییەکان ... ٤٤٤



**بەشی دەیەم**

**خەت و زمان لە ئەدەبیاتی کوردی داو بەسەرهاتی مێژوویيان** ... ٤٤٥
زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی ... ٤٦٤
زاراوەی کەڵهوڕی یا کرماشانی ... ٤٦٨
ئەدەبی کوردو شوێنەواری نووسەران و شاعیرانی کورد ... ٤٨١
لاوژە یا بەیت و باوەکانی کوردی ... ٤٧٥
داخوازییەکانی کونگرەی ١٩٣٤ی ئیرەوان ... ٤٨٣

**بەشی یازدەهەم**

**داب و نەریت، جێژنەکان و ڕێوڕەسمەکانی دیکە لە کوردستان** ... ٤٨٥
ڕێوڕەسمی نەورۆز لە کوردستان ... ٤٨٨
چوارشەممە سووری، قوڵە یا کوڵە چوارشەممۆ لە کوردستان ... ٤٩٦
ئاگر یا ئاور و رابردووەکەی ... ٤٩٨
ئاگری نەورۆز و میرمیرێن لە کوردستان ... ٤٩٩
کۆسەی نەورۆزی ... ٥٠٠
میرمیرێن یا میری نەورۆزی لە کوردستان ... ٥٠٠
رێ و رەسمی زەماوەند لە کوردستان ... ٥٠٥
ژن بە ژنە و هێندێك لە رێ و رەسمەکانی ... ٥٠٧
یارمەتی دان و هاوکاریکردن لە رێ و رەسمی کورداندا ... ٥٠٨
نەزر و نیاز و زیارەت ر ... ٥٠٩
چیرۆکی ئیمامی دارینە یا بەسەرهاتی ژن و دەمارگرژی لە کوردستان ... ٥١١
چیرۆکی کێوی جوودی (گوتی)و پێوەندی ئەو بە حەزرەتی نووحەوە ... ٥١٣

# بەشی دووهەم

# مێژوو و ریشەی رەگەزی کوردان

باس لەمەڕ مێژوو و رابردووی کورد خۆی داستانێکە. هەرکەس بە مەیلو بۆچوونی خۆی ئاماژەی پێکردووە، بەڵام سەیرتر لەهەمووان ئەوەیە کە یەکێك باسی پێوەندی کورد لەگەڵ قەومێك یا نێوێك لە رابردوودا دەکا کەچی لەچەند لاپەڕە دواتر لەو بۆچوونە پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێ وابوو، واچوو. بۆیە وێدەچێ ئەو وتەیە راست نەبێ و ئەگەر پێشتر بۆ وێنە وتوویانە "کاردۆخۆیە" کانی گزنفۆن باپیرە گەورەی کوردەکانی ئەوڕۆن هەڵەیە، بەڵکو ئەوانە سەر بە "کەرتوولیە Kartueliens"ەکانی گورجی بوون.[١]

دیارە هەر کام لە زانا زمانەوانەکان و گەلناسەکان کە لە مێژووی کۆنیان کۆڵیوەتەوە بۆچوونی تایبەتی خۆیان راگەیاندووە کە پێویستە چلۆنایەتیی ئەو بۆچوونانە موتالاً بکرێن، چونکو زۆربەیان بە گوێرەی بیروڕای پێشووی خۆیان یا نیزیکی وشەکان و وەك یەك چوونیان دەدوێن. بۆ وێنە "کاردۆخویە"کانی گزنفۆن بە لەفز لە "کرتولییە"کانی گورجی نیزیکن. کەوابوو کاردوخۆیەکانی کە بە کوردمان دەزانین، کورد نین بەڵکو گورجیو ئیبێری بوون! جا بۆ ئەوەی روون بێتەوە ئەم وێچوونە چۆنە دەبێ بە دوای زمانەواندا بگەڕێین و چەند حاڵەتی جیاجیای کە گوتوویە دەریخەین.

ئاسەوار ناسەکان پێشینەی کوردیان لەو هەرێمەدا کە گزنفۆن پێیدا رابردوە تا یەك دوو هەزار ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح بۆ مسۆگەرەو لەوحە نووسراوەکانی ئاشوری و سومێری و ئاکیدی و هەخامەنشی کە دواتر ئاماژەیان پێ‌دەکەین ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن. کاتێك دەگوترێ کوردەکان دوای لەدایك بوونی مەسیح هاتوونە ئەو هەرێمە ئاکامی ئەو بۆچوونانە دەردەکەوێ. گزنفون بە شوێنێکدا رۆیوە (باشووری رۆژهەڵات ـ باکووری رۆژئاوا) کە بە وتەی مینۆرسکی هەموو کات لانکەی کوردان بووەو لەمێژوودا بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەنیشتەجێ بوونی گورجییەکان لەو شوێنە نەکراوە. پرۆفیسۆر "کان هاوپت"یش کاتێك باسی نیشتەجێ بوونی کاردوخۆیەکان لە هەرێمی دیجلەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکا، هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو بۆچوونەی خۆی پێشان نداو تەنانەت ئاماژەی "نۆل کەوهارتمان"یش کە ئەو وەك بەڵگە دەیهێنێتەوە بەڵگەکانی هەر لەم چوارچێوەیە دان. ئەوان دەڵێن: ئەم هەرێمە (کوردستان) لە سەدەی پێنجەمدا لە لایەن کاردوخۆیەکانەوە ئاوەدان کراوەتەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە

1- بۆچوونی پێوەندی پرۆفیسۆر س.ف.لمان هاوپت .C.F Lehmann Haupt



کوردەکانەوە نییە، چونکە کوردەکان چەند سەدە دواتر لە ئەوان لە ئێرانەوە هاتوون؟!) هەروەها دەڵێن "کوردۆ" لەنێوی "کەرتولی"یەکانی دانیشتووی گورجستان زۆر نیزیکە؟!

ئێمە دەزانین کە کوردان چەند سەدە پێش زایین لەو هەرێمە دابوون و ئەو بۆچوونەی کەدەڵێ چەند سەدە دواتر هاتوونە ئەو شوێنە بێبناخە و باتڵە و باسیشی لێوە دەکەین. جگە لەوەش وێچوونی وشەی "کوردۆ"وە کورد یا کەرتوەلی، هەرچەند زۆر روونە بەڵام دیسان ئەوە لەعۆدەی زمانەوانانە. حەز دەکەم سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رابکێشم کە مەبەستم ئەوە نییە کە بۆچوونی ئەو کەسانە کە هەر کامیان زانایەکی بەتواناو لێزانن بە کەم بگرم، بەڵکو تەنیا روونکردنەوەی زیاترە. هەرچەند لەوە ئاگادارین کەتا ئێستا بۆچوونی زۆر جیاوازو جۆراوجۆر هەیە لە لایەن زانایانەوە لەبواری جۆراوجۆردا هاتۆتە گۆڕێ کە دوایە دەرکەوتووە راست نین و هێندێك جار تەواو بە لاڕێشدا رۆیشتوون. بۆ نموونە هەر ئەوەی دەڵێن کوردەکان دواتر لە ئێرانەوە هاتوونە ئەم هەرێمە. باشە ئەگەر کوردەکان لە بنەڕەتڕا ئێرانی بن کە بە بڕوای من ئێرانین، ئەو ئێرانیانە بە دوای رووخانی حکوومەتی ئاشورییەکان لەو شوێنە بوون و نەینەوایان وێرانکرد[2]، کە ئەوەش چەند سەدە پێش لەدایك بوونی مەسیح بووە (واتە شەش سەدە بەر لە میلاد) بووە نە چەند سەدە دواتر.

ن.ژ.مار[3]کەقوولێتر لە مەسەلەکانی روانیوە دەڵێ: لەوانەیە کە لە داهاتووی دووردا راستییەکان لەمەڕ نیزیکی خزمایەتی سەرەتایی کوردەکان دەگەڵ "کرمیتە"کان و "گورجی"یەکان دەرکەوێ و وەڕاست گەڕێ، سەرەڕای ئەوەش جۆرێك بەڵگە دێنێتەوە کە بۆ بیر لـێکردنەوە دەبێ. ئەو هێندێك وشەی بە نێوی گورجی وەك نموونە هێناوەتەوە کە دەردەکەوێ چونکو دەگەڵ وڵاتی گورجییەکان ئاشنایەتیی هەیە بۆیە ئەوانەی هێناوە. ئاخر هەر ئەو وشانەی کەهێناونی زیاتریان کوردین تا گورجی.

2- بە هۆی مادەکانەوە لەسەردەمی هەوخشتەرە دا

3- ن.ژ.مار بۆچوونێکی هەیە بە نێوی "فەرزییەی نوێی بەیان: کە تەواوکەری فەرزییەی "یافتی"یە. ئەو مەکتەبە لە سەرەتادا بەو زمانە دەگوترا کە لە قەوقاز باو بوو، چونکو زمانەکانی قەوقازی لەگەڵ هیچ کام لە بنەماڵەی ئەو زمانانەدا ناگونجێ کە لە زمانەوانیدا باسیان لـێدەکرێ. دواتر جگە لە زمانەکانی قەوقازی، هێندێك زمانی دیکەش وەك کەلدانی (زمانی ئەرمەنستانی بەر لە هاتنی ئارياييیەکان) هەروەها سومێری و زاراوەکانی پامیر...یش کەوتنە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی.

"مار" وشەی "باوك"ی "باو" و وشەی دایكی "دییا" هێناوە كەهەمان باوك و دایكی كوردین. بەڵام وشەی "بام"مان لە كوردیدا نییە كە ئەو هێناویەتی، رەنگە "مار" ئەوەشی لە جیاتی "باوكم" یا "بابم" بە "بام" بیستبێ و هێنابێتی. كەمێك سەرنجدان بە وتووێژی كوردان هەر ئێستا ناڕاستی بە گورجی زانینی وشەی "دییا"مان بۆ دەردەخا. چونكو كورد لە بری "دییا" بە دایكیان دەڵێن "دایە یا دایكە."[٤]

تێكەڵ بوونی وشانیش جێگەی باسە. بۆ وێنە "مار" هێندێك نموونەی هێناوەتەوە كە تێكەڵ پێكەڵن، وەك "دی ئاتەسی" یا "دییاسا كلیسی" كە یەكەمیانی بە مانای "دایكی ماڵ"و دووهەمی بە "ژنێك كە پیاوی ماڵە" لێكداوەتەوە[5]، كە ئەو نموونانەش خۆیان جێگەی لێ وردبوونەوەن. چونكو "ئاتەسی" لە زمانی توركی بە مانای "باوكی" هاتووە كە لە وشەی "ئاتا" بە واتەی باوك وەرگیراوە، بەڵام "دی" بە تەنیایی مانای چییە؟ یا وشەی "ساكلیسی" ریشەی وشەی ئازەری هەیەو لە وشەی "ساكلاسین = بیپارێزی" ڕا دێ. ئەدی "دییا" لێرە مانای چییە؟ وشەی ماڵ لە ماناكردنەوەی "دییا ساكلیسی" چۆن و لە كوێڕا هاتووە كە بووبێتە "ژنێك كە پیاوی ماڵە".[٦]

جگە لەو باسانەی سەرەوە "نۆلد كەوهارتمان" لەسەر ئەو بڕوایەن كە: كوردۆخوئی كۆی كوردۆخە بە زمانی ئەرمەنیو "كوردۆ" نزیكایەتییەكی دەگەڵ نێوی بوومی "كەرتوەلی Kartueli" یا "كارت ویلی Kart vili" هەیە كە بریتی لە دانیشتوانی گورجستان = ایبرییەو وشەكانی "كوردۆین Korduene"و "گۆردیایوئی Gordyaioi"و هیتر كە ناسێنەری ئەم هەردەی باشوورو دانیشتوانی ئەوێن هەر لەو ریشەن.[٧]

هەرچەند "لێمان هاوپت Lehmann haupt" لەم بوارە خاوەن نەزەرە، جێگەی شكو گومانە چونكو دەڵێ: ئەگەر ئەوەی لە كتێبی "ئاناباز Anabase"یا گەڕانەوەی دەهەزار

4- كتێبی "دیسانیش لەمەڕ واژەی چەلەبی". مەسەلەی ماناو واتەی فەرهەنگی نەتەوەی كوردو مێژووی ئاسیای كۆن كە لە گۆڤاری "زاپیسكی" بە زمانی رووسی لە لایەن بەشی رۆژهەلاتی ئەنجوومەنی ئاسەوارناسی لە ساڵی ١٩١١ بڵاو بۆتەوە.

5- و.ا آلن W.E.Allen كتێبی مێژووی نەتەوەی گورجی، لاپەڕەكانی ١٧و ١٨

6- وەرگیراو لە كتێبی كوردو كوردستان. واسیلی نیكیتین، ل ٣٨

7- هەمان سەرچاوە ل ٣٦



كەسی "گزنفۆن" دا هاتووە راست بێ!! هەر ئەو "ئەگەر"ە دەتوانێ بەڵگە بێ بۆ ڕەت كردنەوەی بۆچوونی ئەو. "گزنفۆن" لەو كتێبەدا وێڕای باسی بەربەرەكانی خۆی دەگەڵ "كوردۆخوئیها" باسی هێندێك شت دەكا كەدەگەڵ رابردووی مێژوویی كوردان تەواو دەخوێنێتەوە. گزنفۆن دەنووسێ: كاردوخۆیەكان نە گوێڕایەڵی ئەردەشێر بوون و نە لە ژێر فەرمانی ئەرمەنستان دابوون، كاتێك لە سەدەی پێش زایین "تیگران"ی دووهەم خاكی كوردۆئینی گرت پاشایەكەی "زاربیۆنۆس = Zarbionos" بوو كە كوشتی و ئەوە شتێكە لە مێژووی ئێرانو ئاشووردا هەیە.[٨]

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بیروڕا جیاوازانەی لەم بوارەدا هەن، دەربڕینی نەزەرێكی لـێبراوانە لەمەڕ ریشەی نژادی كوردان زۆر دژوارە، هەربۆیە ئەگەر لێكۆڵەرەوەیەك بیهەوێ توێژینەوەو موتالاَ بكا لەنێو ئەو هەمەوو بۆچوونە جۆراوجۆرانەدا گیردەخواو ئاخریەكەی بۆخۆشی دێتە ریزی ئەو كەسانە كە ڕاو بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە. ئێمەش بۆ ئەوەی دوچاری ئەو گێروگرفت و ئاوازییە نەبین بایەخی زیاتر بەو بۆچوونانە دەدەین كە باری لۆژیكیان بەهێزترەو پاشان ئاكامەكەی دەخەینە بەرچاو و ئاكامی موتالاو بڕوای خۆشمان باسدەكەین. قبووڵ یا رەتكردنەوەشی دەخەینە ئەستۆی زانایان و ئەو كەسانەی لێكۆڵینەوە دەكەن.

بە پێی ریوایەتی جۆراوجۆر كوردەكان دەبێ یەكێك لەو بابەتانەی ژێرەوە بن:

١ـ كورد لە ریزی ئەو نەتەوانەن كە لە قەراخەكانی باكووری دەریای بالتیكەوە كۆچیان كردبێ بۆ ئەو خاكە كە ئێستا كوردستانی ناوەو لێرە ماونەوە.

٢ـ ئەم نەتەوە خاوەنی سەرەكی ئەو ئاخەن و لە سەرەتای ژیان و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەم هەرێمە ژیاون.

٣ـ كوردەكان لە نەتەوە ئارياییەكانن دەگەڵ ئەوان هاتوونە ئێران و كوردستانو لەوێدا نیشتەجێ بوون.

ئێمەش بۆ ئەوەی باشتر لە هەركام لەم بۆچوونانە تێبگەین دەیانخەینە بەر باس و لێكدانەوە:

8 لە مێژووی ئێرانی باستان نووسینی مشیرالدولە پیرنیاو لە مێژووی نووسینی سێر سیدنی اسمیت بڕوانە.

## دابەش بوونی نەتەوەیی کوردەکان‌و رەچەڵەکیان

١ـ کوردەکان لەریزی نەتەوەکانی باکووری دەریای باڵتیکن‌و بۆ ئەو ئاخە کۆچیان کردووە.

ئەو بۆچوونە لەوەڕا هاتووە کە تاقمێك لە زاناو لێکۆڵەرەوەکان لە کاری توێژینەوەی خۆیاندا تاقم و دەستەیەك لەو کوردانەیان دیوە کە بەشی زۆریان کەللەسەری (جومجومەی) "دولیکوسفال"یان هەبووە (واتە درێژی کەللەیان لە پانایی زیاتر بووە)، چاوە شینەکانیشیان زیاتر ئەوانی بۆ ئەم بۆچوونە راکێشاوە کە کورد لە رەگەزی ئاڵمان یان ئەو وایکینگانەبن کە لە لای دەریای باڵتیکرا هاتوونەتە ئەم لایەو لەهەرێمەکانی کوردستانی ئەو کاتدا جێگیر بوون.

لە سەرووی ئەو زانایانە کەسانێکی وەك "ڤۆن لوشان von.Luchan"و "باشماکۆف bashmakove"و "ڤ.ا. ئالێن" دەبیندرێن کە لەسەر دیتنی خەڵك لە ناوچەیەکی بچووکدا بەم ئاکامە گەیشتوون. بۆ نموونە دەریای رەش و ئەوپەڕی شوێنەکانی رۆژئاوای کوردستان) لەسەر یەکسەت و پازدە کەس تاقیکاری کردووە بۆی دەرکەوتوە کە ٧١ کەس لەوان موو تەڵایی و چاوشین بوون و کەللەی سەریشیان دولیکوسفال بووە، یا لە "نمروداغ"ی دەوری دەریاچەی وان، ٢٦ کەسی بردۆتە ژێر تاقیکاری کە ١٥ کەس لەوان ئەو تایبەتمەندییەیان هەبووە. لە"زنجیرلی" لە ٨٠ کەسی کە تاقی کردوونەوە ٣١ کەس ئاوا بوون. دیتنی ئەو ژمارانەو بەرتەسکی تاقیکارییەکان دەردەخا کە ئەوە لە راستی بەدوورە.

باشماکۆف پێی لێ هەڵدێنێ و دەڵێ: بۆی هەیە ئەم نموونانەی لە مرۆڤەکانی باکوور هێناونیەوە زمانیان کوردی نەبووبێ و دوای ئەوەی کە هاتوونە ئاسیای بچووك زمانی کوردی فێر بووبن. دوای ئەوەش "باشماکۆف" بیری بۆ لای سێمریەکان دەچێ و دەڵێ رەنگە لەوان بن چونکو سێمریەکان لە نژادێك بوون کەدرێژی کەللەیان لە پانایی زیاتر بووە.[9](باس لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤانەی باکوور زمانی کوردیان لە کوێ و لە کێ وەرگرتووە؟ هەڵدەگرین بۆ دوایە.

لە بەرانبەر ئەم زانایانە هێندێك کەسیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان موتاڵایان کردووە و نموونەی دژی ئەوانەیان دیوە. بۆ وێنە "شتۆلزە Stolze" نموونەیەکی بە دەستەوە داوە کە لەودا کوردەکان بە تێکڕا ئەسمەرن‌و درێژی و کەللەسەریان یەك ئەندازەیە ("براکیسفال"ن و

9- ئا. باشماکۆف بابەتێك کە لەژێر سەردێری "چاوخشاندنێك بە نەتەوەکانی دانیشتووی قەراخ دەریای رەش و وەزعی ئێستایان، لە مانگنامەی نژادناسیدا لە ساڵی ١٩٣٠ چاپ بووە.



وەك ئێرانیان دەچن. وەك دەبینن ئەو نموونانە مشت لە خەروارن کە ئەوانە بۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕیون. کەچی لە روانگەی زانستییەوە نموونەکان دەبێ لە کۆمەڵگاو شوێنە جۆراوجۆرەکان و لەنێو زۆربەی تیرەو عەشیرەتەکان بن تا بتوانن لەسەر بناغەیەکی زانستی بۆچوونی خۆیان باس بکەن. سەیر ئەوەیە کە زۆربەی ئەو بۆچوونانە ئاڵۆزی و ناتەباییان تێدایە. بۆ نموونە "ای. سۆئان = E.Soane" لە کتێبی **"سەفەر بۆ بین النهرین و کوردستان بە گۆڕینی جل‌و بەرگەوە"** لەشوێنێکدا دەنووسێ:

ئەگەر لە شکڵ و هەیئەتی جیسمیی کوردێك بفکرین دێینە سەر ئەو باوەڕەی کە نموونەیەکی تەواوتر لەوەمان دەست ناکەوێ. بەڵام دوایە لەوە زیاد دەکاو دەڵێ: لەنێو کوردەکاندا مرۆی موو زەردو چاوشینی واش هەن کە ئەگەر منداڵێکیان بەریە نێو منداڵانی ئینگلیزی کەس ناتوانێ لەگەڵ ئەوان لێکی کاتەوە. دیسان دەڵێ: بەشکڵ‌و روخساریانڕا لە مێدییەکانی هاوچەرخن و پاشانیش دەنووسێ: لەنێو ئەواندا زۆر پیاوم دیون کە راست وەك نۆڕماندییەکان!! و ئەگەر تەنیا دەم و چاو بکەینە مەرج و زمانیش وەك بەڵگەیەکی دیکە بۆ جیابوونیان نەبا دەمانتوانی بڵێین "ریشەو ڕەچەڵەکی **"ئەنگلۆساکسۆنەکان‌و کوردەکان یەکە!"**[10]سەرنجدان بەم چەند رستە جیاوازی وتەکان لە باس و بۆچوونەکاندا بە تەواوی دەردەخا.

زانایەك بەنێوی "سۆلاك = Solak" بەر لە هەموو کەس بڕوای خۆی بە ئەوروپایی بوونی کوردەکان دەربڕیوەو، ئەوانیتر هەروەك "ڤەن لۆشان" وەدوای ئەو کەوتوون. سۆلاك دەڵێ: بەهۆی ئەوەی رەنگی موو و روخساری کوردان وەك هی ئەوروپاییەکان دەچێ بۆی هەیە کوردەکان لە تیرەکانی باکووری ئەوروپا بن! هەر لەو حاڵەشدا "کولێنێل دووهوسێ = Du Houssete " دەنووسێ: کوردەکان کەللەسەریان "براکیسفال"ەو کورتە باڵاو بەهێزو ئەسمەرو موو رەشن‌و برۆیان پڕو پان و لووتیان قەڵانگی و چەنەیان چوارگۆشە.

لێرەدا بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بۆچوونانە دەبێ ئاماژە بە چەند شت بکرێ:

**یەکەم:**

لەنێو نەتەوەیەکی وەك کورددا کە خاوەنی وڵاتێکی ئاوا پان و بەرینە بە تایبەتی لەو ئاخەدا کە چوار رێی رووداوەکان بووە و بە درێژایی مێژوو شوێنی هاتووچۆی نەتەوە تیرە

10 کوردو کوردستان لاپەڕەکانی ٦٨، ٦٩

کۆچەرو هێرشگەرەکان بووە، بەدی کردنی هەموو چەشنە قەد و باڵایەك و رەنگ و موو و سیمای هەمەجۆر شتێکی ئاسایی‌و گونجاوە. کەوابوو لە سەدەکانی کۆن‌و رابردوودا کە ژیانی بەکۆمەڵ زیاتر لە چوارچێوەی بنەماڵەو خزمایەتی دابووە، یەك یا چەند بنەماڵە لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوەو وێڕای درێژەدان بە ژیان زاوزیشیان کردووە و بنەماڵەی تازەشیان پێکەوە ناوە. دیارە سەرەڕای ئەوەی لە بنەمای جیل دا جیاوازییەك نەدەهاتە گۆڕێ، بەڵام لە پەرش و بڵاوبوونەوەی ئەو نەتەوەدا، هێندێك نێوی لـێ پەیدا دەبوون کە لە تێکهەڵچوون لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ یا کۆچەران و هێرشکەرانی نوێدا خۆیان دەنواند. بە سەرنجدان بەوەی کەهەرکام لەم قەومە کۆچەرو هێرشکەرانە کە لەگەڵ تیرەکانی دیکەی دانیشتووی ئەو شوێنانە تێك هەڵدەنگوتن هێدی هێدی دەچوونە ژێر سەیتەرەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی‌و دەسەڵاتدار بە زاراوە و زمانی خۆیان ناویان دەبردن. دوایەش لەو لەوحەو نووسراوانەی سەر بەردو دار لە شوێنێکی دیاریکراو بە نێوی جۆراوجۆر قسەیان لەسەر دەکردن کە ئەوەش بۆتە هۆی سەر لێشێوای وەچەکانی دوای خۆیان‌و، ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە لەم هەرێمەدا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون‌و دەبن کە زۆر جار دەبێتە هۆی سەرگەردانی و گەلێك جار لە جیاتی روون کردنەوە شتی وا دەنووسن کە خوێنەر بە هەڵە دەبا. دیارە زۆربەی ئەو هەڵانەش جگە لەو هۆیانەی باسمان کردن، ئاگادار نەبوون لەو داب و نەریتانەیە کە لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا هەیە، بەڵام بەهێند ناگیرێن. بۆ نموونە لەنێو کورداندا ئێستاش تایفەگەلێك هەن کە بە نێوی کەس یا کەسانێکەوە دەناسرێن. وەك دەڵێن "دێبوکرییەکانی دەشتی حاجی حەسەن، یا لکی کەریم خانی یا ئێلی باوەجانی‌و ..." کاتێك توێژەرەوەیەك لە ناوچە دا خەریکی پرس و جۆیە نێوی جۆراوجۆر دەبیسێ کە نێوی نەتەوەو تیرەکانیش تایفانیشن. کاتی ناساندنی ئەو تایفەش هەروایەو هەر لەو دەدوێ، بۆ نموونە دەڵێن کورد وابوو واچوو و بنەچەکەیان دەچێتە سەر فلاَن کەس و لەم بابەتانە.

پێویستە لە گێرەو کێشەی پێوەندی هێرشەکانیشدا ناتەبایی و پەیوەست بوونیان بە یەکترەوە لەبیر نەکەین کە لە وەزعێکی وا دا ئەمە سروشتییە و هەر ئەو کارە دەبووە هۆی تێکەڵبوون و هاتنە کایەی جیلێکی نوێ کە ئاکامی ئاوێتەبوونی ژینی دوو جیل و نژادی لێك جیاواز بووە.

کەوابوو ئەگەر هاتوو لە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان یا لە شوێنێکی دی هێندێك کەسمان دی کە چاویان شین و موویان زەردو پێستیان سپی بوو نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە کوردەکان هەموو لە رەگەزی ژێرەوەن یا وایکینگەکانی دەوری دەریای باڵتیك یا نۆرماندین، بەڵکو دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مەسەلانەی لە سەرەوە باسمانکرد بە شێوەیەکی وای بۆ



بچین کە ئەوە ئاکامی هێرشەکانی چەند قەومێك لە رەگەزی باکوورن و بە وتەی "ئالێن" ـ کە بۆخۆشی سەرنجی نەداوەتە ئەو مەتڵەبە ـ کاتێك بووە کە دنیای کۆنیان هەر لە ئوقیانووسی ئاتلانتیکەوە تا کێوەکانی هیمالیا گەڕاوە و پێواوە تا دەسەڵاتیان بەسەر ئاسیای رۆژئاوا واتە ئاخی هیتیتەکان و ئوراتورەکان و ئەرمەنستان پەیدا کردوە" کەچی ئێستا نموونەیان تەنیا ئەویش بە دەگمەن لە گوندەکانی تورك نشین و لەنێو "ئۆسێت Ossete"ەکاندا و لە ملەی داریال دەبیندرێ. هەروەك "مۆژینسکی Moszynski"[11] یش لەسەر ئەم باوەڕە دەڵێ: نابێ هێرشەکان لەخاکی کەریمەڕا بۆ "ئاناگولی = ئاسیای گچك" کە لە رووداوە بێ ئەم لاو ئەولاکانی مێژوویيە بەرچاو نەگرین، نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە کوردەکانیش لە رۆژهەڵات بەرەو رۆژئاوا جێگەیان گۆڕیوە و زۆر جار لەگەڵ سامییەکانی "کەلدەو بابێل‌و..." ئاخی یەکتریان کردۆتە مەیدانی شەڕو شوورو زۆر ململانێی دیکەش روویان داوە.

کەوابوو چاوپێکەوتنی چەند نموونە لە یەك بابەت ناتوانێ ناسێنەری تەواوی بابەتەکە بێ. هەروەك خەڵکی حاشییەی تورکییەی ئەمڕۆ بە قیافەی ئەوروپای رۆژئاوایی خۆیانەوە ناسێنەری تەواوی خەڵکی تورکیە نین. لە لایەکی دیکەشەوە هەروەك گوتمان لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ناتوانێ تایبەت بێ بە چەند ناوچەی چکۆلە لە هەردی پان و بەرینی کوردستان. چونکو لە بنەڕەترا زانست پایەی لەسەر بنەمای ئەزموون تاقیکاری دامەزراوەو بە پێی یاسای زانستە تەجروبییەکان تاقیکاری لەهێندێك شوێنی بەرتەسك بەتەنیایی ناتوانێ بەڵگە بێ بۆ ناسین‌و دانانی یاسا بۆ هەرێمێکی پان و بەرین. لەسەر ئەم بنەمایە بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو شتانەی لەبەرچاون کاری "ڤەن لۆشان"و ئەوانیتر بەو فکرو خەیاڵەوە ناتوانێ ببێتە هۆی وەدەست کەوتنی ئەو ئاکامە کە کوردەکان بەو چەند نموونەی کە ئاماژەی پێکرا لە نژادی ژێرمەن بن یا لە ڕەچەڵەکی وایکینگەکان لە قەڵەم درێن کە بە وتەی "ئالێن" لە باکووری دەریای باڵتیکڕا چوونە رۆژهەڵات و ئەو هەردانەیان داگیر کردوەو واشی تێدا بڵاوبوونەوە کە بە درێژخایەن تێیدا بن. وەك ئاماژەی پێ‌کرا ناکۆکی لە بۆچوونەکان دا بۆتە هۆی جیاوازی زۆر لە پێوەری پێوانەو ئاکامەکان. بۆ زیاتر ئاشکرا بوونی ئەو دژایەتییە لەنووسین و وتەکانی لێکۆلەرەوەکاندا تەنیا ئەوەندە بەسە کە سەرنج بدەینە شێوەی بەیان و بەڵگەکانی کەسێکی وەك دوکتۆر حامی کە لە رێگەی سەهل و سادەی بەرئاورد کردنی وێنەکانی نیوە روخساری

11- کتێبی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ریشەی فەرهەنگی سەرەتایی ئسلاوییەکان، بە زمانی لەهێستانی(پۆلۆنی)

"بوروکی Bourouki" خەڵکی بين النهرين و "ئورنینا Ournina"ی پادشای سەردەمی زۆر کۆنی کەلدە دەگاتە ئەو قەناعەتە کە کورد لەنژادی سامین![١٢]

گەلۆ هەروەك گوتمان هەرکەس بیرو بۆچوونێکی دەربڕیوە کە هێندێکیان بۆ ئەوە دەبن پیاو خۆیان لەگەڵ ماندوو کاو هێندێکیشیان بێ بناخەن چیان لــێ شین نابێتەوە. یەکی وەك خانیکۆف Khanikoff کوردان لە نژادی ئەفغان دەزانێ بەو دەلیلەی کە وێك دەچن، یەکی دیکەی وەك ریچ Rich کوردان دەکاتە دوو بەش، بڕێکیان دەوارنشین کە نێوی Assireta "ئاسیرێتا"ی لەسەر داناونو ئەوانی دیکەشی نێو ناوە "گۆران". بە قسەی ئەو دەستەی یەکەم دمو چاویان گەورەو پانە و نێوچاوانیان زەق و روخساریان گرژە، بەڵام دەستەی دووهەم بە پێچەوانەی ئەوانن، دیارە ئەو بۆچوونە زیاتر لە خەیاڵ نزیکە نەك لە راستی. کەسانێکیش وەك "شانتر Chantre" کە ماوەیەکی زۆر لەنێو کورداندا ماوەتەوە دەنووسێ لە ١٨٥ کەس تەنیا سێ‌کەسی سەر زەردم دیوەو، لە ٣٣٢ کەس تەنیا هەشت کەسی چاوکاڵم دیتوە.[١٣] بەڵام پرۆفیسۆر "ئۆژن پیتارد O.pittard" لە بەرانبەر ئەو بۆچوونانەدا بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێش کە لە بواری نژاد ناسیندا کردوویەتی، وڵامی زۆر بەجێ و ڕێ و قەناعەت پێهێنەری بەو کەسانە داوەتەوە کە بڕوایان وایە کورد لە نژادی ژێرمەننو هاوخوێنی خەڵکی باکووری دەریای باڵتیکن. ئۆژن پیتارد لە کتێبی پڕ بایخ و ناسراوی خۆی دا بە نێوی **"ڕەگەزەکان و مێژوو** le Race EtL History" دا (هەرچەند بەڵام و ئەگەری زۆری تێدایە) دەڵێ: لە دەریای ڕەشەوە تا کەنداوی فارس خەڵکێك دەژین کە دەوارنشین بوون بەڵام تایبەتمەندی نژادی دیاری و روونی خۆیان هەبوو. چاوو موویان ڕەشەو باڵایان بەرزە، کەللەیان درێژایی زیاتر لە پانایەتی، ڕەنگی پێستیان روون و شەفافەو زۆربەیان لووتیان درێژو قەلەمییەو نووکی لووتیان تیژەو چەماوەتەوە، بەو شێوەیە کە یەك دوو هەزار ساڵ پێش زایین سەرەنجی هەیکەل تراش و پەیکەرسازەکانی راکێشابوو. ناوبراو هەروەها دەڵێ: هەرچەند ئەو تیرە و تایفانە بەهەر نێوێك بوون هەموو کات بە یەکەوە لە شەڕو شوور

12- وەرگیراو لە کتێبی ریشەی نژادی کورد، نووسینی احسان نوری، چاپی تارانن لاپەڕی ١٦و ... کە ئەو سامی بوونی نژادی کوردیش خۆی مەسەلەیەکە، هەروەك ژەنەراڵ سەرپیرسی سایکس لە کتێبی (مێژووی ئێران) وەرگێردراوی فخرداعی گیلانی، ئەوەندە بە سادە و ساکاری کوردەکان (گوتییەکان) بە نژادی سامی لە قەلەم دەدا کە ئیزن نادا هیچ کەس لەم بارەوە شکی هەبێ. مێژووی ئێران بەرگی یەکەم لاپەڕی ٨٩

13- کتێبی کوردو پەیوەست بوونی نژادی و مێژوویی ئەو، نووسینی رشید یاسمی لاپەڕی ١٠٤



دابوون، بەڵام هەر ئەوە بەس بووە کە بە وردی لیکیان روانیوە و چاویان بە یەکتر کەوتووە هەستیان بە بێگانە بوون لەگەڵ یەك نەکردووە... . چونکوو زۆر وەیەکتر چوون

پیتارد دیسان دەڵێ: ئاخۆ ئەو کوردانەی کە هی وەك "سوولاك" ئاماژەیان پێ‌دەکەن و دەڵێن ڕەنگی موویان وابووە و کەللەی سەریان درێژ بووە، لە کوێن کە ئێمە نایان بینین؟

بەو هەڵسەنگاندن و لیکدانەوەی من دوای موتاڵایەکی زۆر کە بە تایبەتی لە چەند شوێنی جۆراوجۆری وەك (بۆتان، خەرپووت و رۆژهەڵاتی کەنداوی ئەسکەندەروون، رۆژئاوای مووسڵ، لوڕستان، رۆژئاوای کرماشان، هەروەها زۆر جار لەمەڵبەندی موکریانو سنە) بە هاوکاری و هاوڕێیەتی خاوەن نەزەران لەبواری ڕەگەزناسیندا کردوومە، هاتوومە سەر ئەو بڕوایە کە یەکەم ئەو بۆچوونەی کە کوردەکان لە نژادی ژێرمەن و وایکینگەکانی دەوروبەری دەریای باڵتیك بن زۆر دوور لە راستیەو ئەو نموونانەی کە چەند کەسێك لەو پیاوە گەورانەی وەك فۆن لوشان و سولاك و ... ئاماژەیان پێکردووە لە نەختێ شوێن و هێندێك جێ دەبیندرێ، بەو مەسەلەی لە بواری تێکەڵ بوونی ڕەگەزییەوە باسمانکرد بە تایبەتی لە شوێنە سنوورییەکانی کوردستان، شتێکی ئاشکرایە، بەڵام ناتوانێ گشتی بێ.

دووهەم ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری خەڵك تا ئەو جێگایەی نووسەر موتاڵای کردووە (٨٩٪) تایبەتمەندی براکیسفالیان هەیە، واتە ڕەنگی موویان ڕەش و برۆیان پڕو پانەو لووتی هەڵۆییان هەیەو نیزیکەی (٦٧٪)یان چاوەکانیان مەڕی یا ڕەشە.

هەربۆیە بە بڕوای نووسەر کورد زیاتر لەوەی بچنەوە سەر ڕەگەزی ژێرمەن، دەچنەوە سەر نژادی کۆچەریەکانی رۆژهەڵات، یا نیشتەجێ‌یانی سەرەتایی و یەکەمینی ئەو مەڵبەندەن کە لە ژێرەوە ئاماژەی پێ‌دەکەین و بە چوونە پێشی تێکنیکی زانستی ڕەگەزناسین دۆزینەوە(دۆزراوە)تازەکان و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو کە بە هۆی کەرەستەی پێشکەوتووی زانستییەوە دەکرێن، بێگومان دەتوانین هیوامان هەبێ کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ریشەی ڕەگەزی کوردان، نەتەوەیەکی کە بە وتەی "ئاریەنس کامپێرز Ariens Kappers" نژادێکی بەڕاستی دیارن، دەردەکەوێ.[١٤] تەنانەت ئەگەر ئێمە موتاڵای خۆمان بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەنجام

14- کتێبی بەشی رۆژهەڵاتی نیزیك لە زانستی خەڵك ناسی کوردان، چەرکەسەکان و ئێرانییەکان، چاپی ئامێستردامی هولەند ١٩٤١، دەبێ ئەوەش بزانین کە "کاپێرز" سەرەڕای ئەوەی بڕوای بە روون و دیاریی بوونی نژادی کوردان هەیە، بڕواشی وایە کە لەنێو کورداندا تێکەڵاوی دەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەش بەرچاو دەکەوێ.

دراو لە دوو سەدەی رابردوو تەرخانبکەین، دیسان دووری پەیوەست بوونی کوردان لە نژادی ژێرمەن و وایکینگە هێرشکەرەکانمان بە تەواوی بۆ روون دەبێتەوە، هەرچەند کە ئەو توێژە رەوانەی لەسەر بنەمای زمانەوانی موتالاّیان کردووە بڕوایەکی زۆریشیان بە وتەکانی خۆیان هەبێ.

**٢ـ** کوردەکان نیشتەجێ و خاوەنی ئەسڵی خاکی کوردستان لە سەرەتای مێژووی ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤن.

ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئاسەوارناس و خەڵك ناس لەسەر ئەم بڕوایەن کە کوردەکان یەکەم مرۆڤەکان بوون کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە، لە دەوری (پالتولیتیك یا دێرینە بەردییەوە) بە دەرە و دۆڵەکانی باشووری ئێراندا رابردوون و بە تێکڕا بەرەو باکوورو رۆژئاوا جووڵاون و لە خڕەکانی لای سلێمانیو رەواندز ڕا هاتوونە ناو خاکی کوردستان ـ کە هێندێك ئاسەواریش دۆزراونەوە کەتەنیا لایەکیان تاشراوە.[15]

لە کۆنترین و بە بەڵگەترین ئاسەوارەکانی کە لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە لە سارگۆن (پاشای ئەکێد = ئاکاد) ڕا بۆمان ماوەتەوە. ئەو لە ساڵی **٢٥٣٠** تا **٢٤٥٧**ی پێش زایینی شا بووە و لەگەڵ کوردەکان یا بە واتەیەکی تر لەگەڵ خەڵکی کێوەکانی زاگرۆس ـ لە "کازالو، رۆژهەڵاتی دیجلە"و مەڵبەندی "بەدرە" کە لە سەردەمی کۆندا "دێر Der"یان پێگوتوە شەڕی کردووە.[(١٦)(١٧)(١٨)]

بە وتەی ئیسترابوون جوغرافیزانی دەورەی باستان خاکی "کوردوئێن = کوردستان) لە دیاربەکرەوە تا موش درێژەی هەبووە، ناوبراو هەروەها دەنووسێ: چەند قەومی جۆراوجۆر لە (کوردوئێن)دا ژیاون کە بەوتەی زۆر لە توێژەرەوەکان، باپیرە گەورەی ئەو کوردانەن کە ئەوڕۆش (سەردەمی ئیسترابوون) هەر لەو ناوچەیە دەژین. هێندێك جار وەك یەکچوونی نێوی ئەو

15- هێنری فیلدی ئەمریکایی: گۆڤاری زمانەکانی سامی بەرگی ٥١ ساڵی ١٩٣٥ لە شیکاگۆ ل ٢٠.

16- گۆڤاری رۆژهەڵاتی ئەمریکا Albright a Babylonian Geographical Treatise on saragon

17- کوردو پەیوەست بوونی نژادی و مێژووی ئەو، رشید یاسمی ص ٢٣

18- تورو دانژەن T.Danginیش لە کتێبی کۆی "ئۆرۆلۆژی" ئاماژەی بە دوو لەوحەی بەردینی نووسراو کردووە کە بۆخۆی چاوی پێکەوتووەو دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵی پێش زایین، لەو لەوحانەدا باسی وڵاتێك دەکا بە نێوی کارداکا لە باشووری وان کە خەڵکێکی بەنێوی "سوو Su" لـێ بووە.



قەومانە دەتوانێ باشترین بەڵگە بێ بۆ پێوەندی و پەیوەست بوونی کوردەکانی ئەم سەردەمە و خەڵکی ئەوکاتی کوردستان.[١٩] تەنانەت لەو جێگایەی کە زمانی جۆراوجۆر لە شێوە و شکڵی جۆراوجۆریشدا باسکرابن[20]ئەو قەومانە بەگشتی و بە شێوەی ئاسایی بەنێوی جیاوازی وەك مەنزومەی زاگرۆس یا بەشێك لە قەومەکانی میزوپۆتامیا باس کراون.

"دوکتور کۆنتێنۆ Conteneau"ی فەرەنسەوی بڕوای وایە کە نیزیك چوارهەزار ساڵ پێش زایین بەشێك لە کۆچەرەکانی هاتوونە رۆژئاوای ئێران (کوردستانی ئەمڕۆ) کە پێیان دەگوتن ئاسیایی (ئازیتیك)، ئەو قەومانەی کە بەر لە ئاریاییەکانی هیندو ئەوروپایی هاتوونە ئەو خاکەوە، لە شوێنەوارەکانی بین النهریندا بە گۆتی و کاسی ناسراون.

بە سەرنجدان بەوەی کە لە لۆغەتو وشەکانی ئەم قەومانە (گوتی و کاسیو...) بڕێك لە وشەی هیندو ئەوروپایی وەك نێوی خواکانو پاشاکان و شتە پیرۆزەکان بەرچاو دەکەون، دەتوانین بێینە سەر ئەو باوەڕە کە کۆچەرە کۆنیەکانی وەك (گۆتی و کاسی و ...)ش هەر لە ئارییە ئێرانییەکانی (مادو فارس)بوون کە دواتر لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین لە ڕێگەی قەفقازەوە هاتوونە ئێرانێ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لە هێندێك لە نووسراوەکاندا هەرچەند هی پیاوی جێی باوەڕیشن، بڕێك شتی سەیر دەبیندرێ، یەك لەوانە ئەوەیە کە پروفیسۆر مینۆرسکی لە شوێنێکدا دەنووسێ: راستە کە نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتەوە هاتوونە رۆژئاواو لە کوردستان نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەو شتە ناتەبایی لەگەڵ ئەوە نییە کە نەتەوە یا قەومی دیکەش هەر لەو کاتدا! بە نێوەکانی وەك کاردو کە لەنێوی کوردان نیزیکە لە کوردستانی ناوەندیدا ژیابن!

بە بڕوای نووسەری کتێب ئەوە ناگونجێ کە هاوکات دوو قەومی هاونێو لە دوو نژادی جیاواز لە دوو شوێنی دنیا بووبن.[٢١] کەوابوو دەبێ بڵێین ئەو نەتەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە

19- نێوەکانی وەك کوردۆئین، کوردو، گۆتی نێوی ناوچەی باسکراوە کە تەنانەت قەومەکانی بێگانەی وەك ئارامییەکان بە خاکی کوردستانی ناوەندییان گوتووە "بەس کاردو Bath Kardu و بە شاری "جزیرەی ئیبن عمر"ی ئێستایان گوتووە "گازار تادکردو Gazata .D.Kardu".

20- بۆ وێنە ئەو وشەی کوردو لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە خ لە زمانەکەیاندا بۆ جەمعو کۆ بەکار دێ، بە کوردۆخ و عەرەبەکان بە "باکاردا"یان نێو بردوە.

21- کتێبی کوردو کوردستان نووسینی محمد امین زەکی بەگ،وەرگێڕانی حبیب اللە تابانی ل ٥

دانیشتووی کوردستان بوون بەر لە هێرش و کۆچی ئاریاییە ئێرانییەکانی (فارس و ماد) لێرە بوون، بە واتایەکی تر خاوەنانی سەرەکی خاکی کوردستانن یا ئاریایین بەڵام بەر لە پارسەکان و مادەکان هاتوونە سەر ئەو خاکە، دیارە ئەگەر حاڵەتی دووهەم راست بێن ئەو بۆچوونەی کۆچی یەك بەدوای یەکی قەومەکانی ئاریایی وەڕاست دەگەڕێ.

نەتەوەکانی کە لەم خاکەدا ژیاون لە هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان و بۆچوونی جیاوازو نێوی جۆراوجۆر باسیان لـێ کراوە، هەر لێکۆڵەرەوەیەك‌و نووسەرێك و هەر مێژوو نووسێك بە گوێرەی بڕواو باوەڕی خۆی شتی لەسەر گوتوون و، لە ئاکامی ئەو جیاوازییەی لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، ئەو دەروەگیراوە کە لەسەر بۆچوونێکی تەواو زانستی و راست و دروست ساغ بنەوەو دەربڕن.

سێر سیدنی ئیسمیت S.Smith لە بابەتێك لە ژێر سەردێری (**مێژووی کۆنی کوردستان**)دا کە بە تایبەتی بۆ پرۆفیسۆر **محمد** امین زەکی بەگی نووسەری کتێبی **"مێژووی کوردو کوردستان"**ی نووسیوە، بڕوای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: بەر لە حکوومەتەکانی ناوچەیی وەك سۆمێرو ئاکادوئور کە نیزیکەی **٢٩٠٠** ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح هەبوون، لە مەڵبەندی کوردستان چەند حکوومەتێکی خودموختار هەبوون و ئەو زمانەی کە خەڵکەکەی واتە "شوبارییەکان" پێی ئاخاوتوون هیچ ئاوێتەیەکی لەگەڵ زمانی سامی و هیند و ئەروپایی و سۆمێرییەکان نەبووە.[(٢٢)(٢٣)] هەر ئەو رۆژهەلاتناسە (ئیسمیت) دیسان دەڵێ: ناوچەکانی "سیمورا Simura" لە دەوروبەری ئالتوون کوپێری یا پردی زێڕین لە تورکیە[24]، "لوللوبو Lullubu، حەلوان، ساسرو Sasru[25]و ئوربیلۆم Urbillum یا هەولێر = ئەربیل" هەموویان یەك نەتەوە بوون بەڵام یەکیەتیی پێویستیان لە نێودا نەبووە.[٢٦]

22- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤

23- زمانی قەوقازی لە لایەن زمانەوانەکانەوە بەو زمانانە گوتراوە کە قاعیدەو قانوونی تەواویان نەبووە.

24- ئالتون کوپیری ئێستا لە کوردستانی باشوور دایە و لە بەینی هەولێرو کەرکووك هەڵکەوتووە و لەژێر دەسەلاتی دەسەلاتی بەغدا دایە.و

25- لە روانگەی نووسەرەوە ئەو ناحیە دەبێ ناوچەی "سێرۆ = Sero"ی ئێستا لە سنووری ئێران و تورکیە بێ.

26- مێژووی کوردو کوردستان **محمد** امین زەکی بەگ ل ٦٥



بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئیسمیت بە گوێرەی موتاڵایەکی کە کراوە، ئەو نەتەوانە ناوچە جۆراوجۆرەکانی تێیدا نیشتەجێ بوون یەکگرتوو بوون و حکوومەتێکیان بەنێوی (مێتانی) هەبووە. هەروەها چەند حکوومەتێکی وەك کاسییەکان لە بابێل و ... هەبووە، تەنانەت خانەدانێکیش بەنێوی "خانی کالبات Khani Calbat" هەبووە کە ناوەندی حوکمڕانییەکەیان نیبیس یا نسیبەین بووە کەتوانیویانە بەسەر ئاشوور دا زاڵبن.[٢٧]

بەم شێوەیە دەبینین کە پێش پێکهاتنی دەسەلاتی مادو پارسەکان لە کوردستان چەند حکوومەت بە نێوی لێك جیاوازی وەك هیتیتەکان‌و ئوراتورییەکان یا خالدی Khaldiیەکان و نائیری Nairiیەکان، موشکییەکان یا بە قەولی رۆمیان Moshoiیەکان‌و پاپهی Paphiیەکان و کورتی = Qurtiیەکان هەبوون و دوایە لەسەردەمی "شاما ناسری پێنجەم" لە ئاشووردا مادەکان بوونی خۆیان دەرخست. هەر لەو سەردەمەشدا بووە کە "ماننائی Mannai"یەکان باشووری دەریاچەی ورمێیان لەبەر دەست دابووەو لەوێ نیشتەجێ بوون.

کەوابوو بەم رابردووە مێژووییە، کە بەڵگەی پێویستیان بۆ سەلماندن لەسەرە، بۆچوونی زۆربەی زاناکان کە دەڵێن بەنی ئادەم هیچ نەتەوەیەکی کۆنتر لە کوردان لەم مەڵبەندە ناناسێ روونتر دەکا[28]و، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: ئەم قەومانە یا نژادو ریشەی تایبەت بەخۆیان هەیە یا دەبێ لەو نەتەوانە بن کەپێش ئاریا ئێرانییەکان هاتوونە سەر ئەم خاکە.

هەڵەیەکی کە سەبارەت بە نەتەوەی کورد کراوە، ئەوەیە کە ئەو تیرانەی دوایە ناویان دەبەین جیا لە "گوتی = کورد" باسیان لەسەر کراوە و لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە "گوتی"یش وەك لۆلۆ، کاسی، میتانی و نایری و ... هەرکام بە قەومێك لە قەڵەم دەدەن. لە حالێکدا وشەی "گوتی" نێوی گشتییە و هەموو نێوەکانی دیکەش دەگرێتەوەو هەرکام لەم تیرانە بەشێك لە قەومی "گوتی" بوون. هەروەك ئێستا کورد نێوی نەتەوەیەکە کە هەموو دەستەو عەشیرەت و تیرەکانی کورد وەك موکری، بابان، ئەردەلان، کەڵهور، لوڕ، بارزانی، مەنگوڕ، دێبوکریو زازاو ... دەگرێتەوە کە بە تێکڕا نەتەوەی کورد پێکدێنن. گۆتیش لەو سەردەمەدا لەجیاتی وشەی کورد کەڵکی لـێ وەرگیراوەو لۆلۆ و کاسی و ئەوانیتر پێکهێنەری گۆتی بوون. لەوحەکان و نووسراوەکانی سەر بەرد کە لەو سەردەمەوە ماون ئەو بۆچوونە بە روونی

27- بە بڕوای نووسەر ئەونێوە دەبێ خان گالبات بێ چونکو لە کوردیدا لە جێگەی کەسرە یا دادەنێن.

28- کوردستان و کورد پرۆفیسۆر **محمد** امین زەکی بەگ وەرگێردراوی حبیب الله تابانی ل ٦٣

دەردەخەن و هەموویان یەك دەنگ دەڵێن کە هەموو مەڵبەندی زاگرۆس لە ئارارات تا "موخی" و شاخی تور عابدین و "ئەنزان = شووش" و ... دانیشتووەکانی قەومی گۆتی بوون. کەتیبەی سلم نصری هەوەل (١٢٨٠ ـ ١٢٦١ی پێش زایین)و نووسراوەی "مالاّمیر بەختیاری"و زۆر لە ئاسەواریتر سەلمێنەری ئەم مەسەلەن. "مالامیر" یا "کەل یا کولوەی فەرهاد"، "ئەشکەوتی سلێمان = Ashkawti Sulayman" هەموویان وشەی کوردین. مالامیر بە مانای ماڵی ئاغا (ئەرباب)و کل یا کولوە بە مانای گەردنە یا ملەی فەرهاد و ئەشکەوتیش هەمان غارە. دەستخەتی مالاّمیر هی سەدەکانی ١٣و ١٢ی پێش زایینە کەلە"تخینخی گوتوامارد‌ی" پادشای "حنا" جێ‌ماوە کە خۆی بە پادشای "ئەنزان = شووشیش" زانیوە و ئەوێی بەنێوی "زیزان" نووسیوە. هەمان وشەی "زیزان"ە کە بۆ "ئەنزان" کە لە کوردیدا بە مانای هەردی نەوییە (جێگایەکی کە شووشی تێدا هەڵکەوتووە، ئەگەر لەگەڵ ناوچەی شاخاوی بەختیاری بەرئاوردی بکەین راستی ئەو مانایە دەردەکەوێ. شاش خۆی لە تایفەی "ئەماردی" گۆتی دەزانێ، واتە تیرەی ئەماردی لە قەومی گۆتی بووە. دوایەش دەپرسێ من چکارەم؟ (پادشای حنا)

سلم نصریش لە کتێبەکەی دا نووسیویە[29]: (قەومی گوتی لە ئاسمانی ئەو سەردەمەدا دا وەك ئەستێرە درەوشاوەن ئەوان بە زۆرو بە ئیرادەو بە سامی ناوبانگیان دەرکردبوو کە لە نیزیك ئاراراترا تا کێوی عابدین بلاّو ببوونەوەو لەبەرانبەرمدا شکاو بەسەریاندا زاڵبووم.) "توکۆلتی ئینۆرتا"ش ئاماژە بەمە دەکاو دەنووسێ: تەواوی مەڵبەندی زاگرۆس شوێنی ژیان و مانەوەی قەومی گۆتی بووە.

ئاکامی هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و مانای ئەو کەتیبانە ئەوەیە کە گۆتییەکان لە هەموو ئەو ولاّتە بەرینەدا بلاّو بوونەوەو هەموو تایفەکانیش کە هەرکام لە شوێنێك ژیاون دەگرێتەوەو ئەو تایفانەش هەرکام نەتەوەیەك یا نژادێکی جیاوازو سەربەست نەبوون کە لە شوێنێکی دیکە ڕا هاتبن تا بە جیا لەسەریان باسبکرێ. کەوابوو لەبری ئەوەی بۆچوونە خەیالاّوییەکان پێشانی خەڵك بدەین، باشتر وایە یەك جێ هەموو گۆتییەکان بە تەواوی تیرەو تایفە جۆراوجۆرەکانیانەوە (کاسی، لۆلۆ و ...) بێنینە ژێر موتالاّو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە.

29- کوردستانو کورد پرۆفیسۆر محمد امین زەکی بەگ وەرگێردراوی حبیب الله تابانی ل ٦٣

ئێمە لە جێگەیەکیتر دێینەوە سەر ئەو باسە، بەڵام جارێ بەدوای ئەو بۆچوونو قسانەدا دەچین کە لەسەر رەچەڵەك و نژادی کورد بە شێوەیەکی دیکە هاتوونە گۆڕێ و بەشێکیان بە ڕاستی سەیرن، بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز لـێیان ئاگادار بێ بە هێندێك لەم بۆچوونانە ئاماژە دەکەین: **محمد** ئەفەندی لە کتێبی **تاج العروس** لە مەڕ رەچەڵەکی کورد دەڵێ: **(الاکراد طائفة من الجن)** واتە (کورد تیرەیەکن لە جندۆکان)!! و لەسەری دەڕواو زیاد دەکا: چونکو ئەسڵی کورد لە جنۆکانە، بۆیە هەر کوردێك کە لە دنیادا هەیە چواریەکی جندۆکەیە، بەڵگەکەشم ئەوەیە کە کورد لە (بلقیس)ی ژنی حەزرەتی سلێمان کەوتوونەتەوە کە دایکی ئەویش جندۆکە بووە!!

ابو معین نسقی لە کتێبی **"بحر الکلام"** دا نووسیویە کە: جندۆکان حەملەیان کردە (حەرەمسەرا)ی حەزرەتی سلێمان و ئەوێیان گرت. هێندێك لە ژنەکانی سلێمان پێغەمبەر لەنیزیکی لەگەڵ جندۆکان حامیلە بوون و ئەو کوردانەیان لـێ بوو!! شەرەفخانی بتلیسی لە شەرەفنامەدا دەنووسێ کە کەسانێك وا دەگێڕنەوە کە دێو لەگەڵ بنی ئادەم بوو نە ژن و مێردو لەو تێکەڵ بوونە کورد کەوتوونەتەوە!!

مسعوودی لە کتێبی **"مروج الذهب"**[30] دا دەنووسێ: کاتێك حەزرەتی سلێمان لە تاقەت کەوت، شەیتان لە شێوەی بنی (ئادەم) دا دەستی گەیشتە کەنیزەکانی ئەو، ئەوەی کە ئیمانیان بە خوا هەبوو پەنایان بۆ بردو رزگاریان بوو، بەڵام ئەوانی کافرو منافق تەسلیمی شەیتان بوون زگیان پڕ بوو، کاتێك سلێمان هاتەوە سەر حوکم بە کەنیزەکانی فەرموو: **اَکَرَدوهنّ الی الجبال** و الاودیە[31] واتە ئەوانە دوور خەنەوەو بیانبەنە کێوان و لەخڕو دۆڵاندا بەڕەڵڵایان کەن" دوایە زان و منداڵەکانیان ئەو کوردانەن!! دیسان دەنووسێ: هێندێك کەسیش دەڵێن کە کورد عەرەب بوون و لە تۆرەمەی ربیعەی کوڕی نزاری کوڕی معری کوڕی عیرفانی کوڕی بەکری کوڕی "واپل"ن کە بەهۆی نادیارەوە دەکێوان هەڵبوون و دوای پێوەندیگرتن لەگەڵ (الاعاجم و الفرس) کە هەمان غەیرە عەرەب واتە عەجەم فارسن، زمانی خۆیان لەبیر چۆتەوە. هێندێك کەسیش کوردان لە تۆرەمەی (**مضر** بن نزار) دەزانن و کەسانێکی تریش لەسەر ئەو بڕوایەن

30- مروج الذهب بەرگی سێهەم ل ٢٥١

31- بە بڕوای مامۆستای خوا لێخۆشبوو رشید یاسمی، ئەوانە بەهۆی نیزیکی و وێکچوونی شکڵیو لەفزی "کَرَد =کەرەد" عەرەبی دەگەڵ "کرد = کورد" وایان گوتووە. تاج العروس "کاردە" بە مانای واقعە هێناوە. ل ١١٠ی کتێبی کوردو پێوەندی نژادی و تاریخی ئەو، لە مامۆستا رەشید یاسمی



کەکورد ئەولادی "کوردی کوڕی مەردی کوڕی صعصعەی کوڕی هوازنو ..."ن. مسعودی هەروەها نووسیویەتی: راستترین نەزەر ئەوەیە کە کورد لە "رەبیعەی بن نزار" کەوتوونەوە. هەروەك کوردەکانی تایفەی "شوهجان" لە دینوەرو هەمەدان بۆخۆیان ئەوەیان قبووڵە[32].

**تاج العروس** لە سەر کورد تەوزیح دەداو دەنووسێ: [ **قیل جدهم کرد بن عمرو مزیقیا و هوَ لقب لعمر و لأنّه کان کل یوم یلبس حلة فاذا کان آخر النهار فرقها.** لیلاً تلبس بعدەی ] بە واتەی ئەوە کە باپیرە گەورەی ئەوان کوردی کوڕی عەمرو بووەو عەمریش لەقەبی مەزیقیای هەبووە، چونکو هەر رۆژەی بەرگێکی نوێی دەکردە بەرو شەو دەیدڕاند تا وەدەست کەسێکیتر نەکەوێ. هەر ئەو کوردەیان بە کوڕی عامری کوڕی ماو السماو"یش نووسیوە (اما بن مزیقیا عمرو و وجدی ابوە عامر ماو السماو) هەروەها لە کتێب گەلێکیتری وەك **"الجوهر المکنون فی القبایل و البگون ابن الجوانی"**و، **"فیات الاعیان و الکردی"** **محمد** افندیو ...". هەرکام لەوانە بە مەیلی خۆیان قسەیان کردوەو کوردیان بە ئەولادی حامی کوڕی نووح یا وەلەدی جنو دێوو... زانیوە[33]. سەیرتر لەوەش ئەوەیە کە لە هێندێك شوێن گوتوویانە کورد بەر لە حەزرەتی

32- مروج الذهب ل ٢٥٣ و کتێبی التنبیە و الاشراف ل ٨٨ چاپی ئەوروپا

33- نووسەری ئەم کتێبە بە پێچەوانەی زۆر کەس لەو رەگەزناسە بلیمەتانەی کە ریشەی کوردان دەبەنەوە سەر بوونەوەرەکانی وەك دێو و جندۆکەو ... دەلیلی دەروونناسی هەیە. ئەویش ئەوەیە کاتێك مرۆڤ دەستی لە هەموو شت و شوێنێك دەبڕێ و نەیتوانیوە لە بەرانبەر هێزەکانی مەوجوود دا خەبات بکاو خۆڕاگر بێ، بۆ خۆ پەڕاندنەوە لەم زەبوونیو بێتواناییە پەنا بۆ ئەفسانەو داستانی نائاسایی و سەیرو سەمەرە دەبا تا وا بنوێنن نەیانتوانیوە ئەو زۆردارانە لە خۆ دوور خەنەوەو لە ناویان بەرن. دوایەش هەموو لە بەرانبەر ئەو هێزانەدا تووشی لاوازی و زەبوونی دەبنو ئەو هێزە بە شتێکی بە تواناو نائاسایی دەزانن. لەمەڕ کوردیش هەر وابووە. چونکو لە سەرەتای مێژووەوە نەتەوەی کورد لە ناوچەی شاخاویو حاسیە دا بووەو نەیتوانیوە ژیانی خۆی بە باشی دابینبکا. هەر لەبەر ئەوەشە کەهەرکات هەلێکی دەستکەوتبێ پەلاماری دراوسێیە دەوڵەمەندەکانی داوە هەر چی بوویانە لێی گرتوون یا نابوودی کردووە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەوان خەڵکێکی زەحمەتکێشو چیانشینو قایم بوون، دراوسێیە دەستو پی سپیلکەکانیان نەیانتوانیوە لە بەرانبەریان دا خۆ ڕاگرن و ئازایەتی و دەستکەرەوەیی ئەوانیان پێ شتێکی سەیر بووە. هەربۆیە ئەوانیان بە بوونەوەری نائاسایی و سەیرو سەمەر زانیوە. ئەوەندەی خۆیان هەبوون شکست خواردووەکانیش ئەوەندەی دیکەیان پێوە ناوە. ئەوڕۆش کە باوی جندۆکە و دێو و پەری نەماوە زۆرجار حکوومەتەکان کە لە بەرانبەر هێزی گەل و خەبات و توندو تیژی ئەوان عاجز دەبن هاوار دەکەن: "ئەوانە شۆڕشگێڕن، یاغین، هێزی بێگانەیان لە پشتەو ... بەم

ئادەمیش هەبوون و بە تایفەی "بنیجام"یان لە قەڵەم داون[34] یا لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوردەکان هەر گۆتییەکانن کەنێوەکەیان لە کێوی "جوودی" وەرگیراوە کە خوا لە قورئانی پیرۆزدا لە پێوەندی لەگەڵ راوەستانی پاپۆڕی حەزرەتی نووح لە کاتی تۆفانەکەیدا ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر گۆتی بۆتە جوودی لەبەر ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبیدا پیتی "گاف" نیەو دەبێتە جیم و "ت" بۆتە دال ئەم کێوە کە لە کوردستانی عێراقە و کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی مووسڵ، نیشتمانی یەکەمی مرۆڤ دوای تووفانی نووحە.

لە کتێبە جۆراوجۆرەکانی وەك **"عیون الاخبارو ..."** نووسیویانە کە حەزرەتی نووح گوندی "بقردی" لەسەر ئەم کێوە ساز کردووەو هەشتاو هەشت کەس لە هاوڕێیەکانی لەو دێیەدا جێگیر کردووە. ئەو گوندە هەرماوەو ئێستا بە "سوق الیمانین" یا "هەشتاکان" دەناسرێ.

خوا لێخۆشبوو رەشید یاسمی نووسەری کتێبی **"کورد و پێوەندییە رەگەزی و مێژووییەکەی"**[٣٥]لە زمان **"تاج العروس"**ەوە کە ئەویش دەبێ لە کتێبی **"مناهج الفکرو مباهج العبر"**ی نووسراوەی **"ابوالیغضان"**ی وەرگرتبێ دەنووسێ [ تیرەیەك لە عەرەبان شۆڕشیان لەحەزرەتی سلێمان کردو هەلاتنە نێو عەجەمان[36]و لە رێگا تووشی چەند کەنیزێك بوون کە بۆ سلێمان پێغەمبەریان دەبردن عەرەبەکان تەجاوەزیان بەو کەنیزانە کردو کوردیان لێکەوتەوە! دیارە ئەو مەسەلە درێژەی ئەو چیرۆکەیە کە دەیگێڕنەوە و دەڵێن: لە یەمەنێ سێلاوێکی گەورە هەستا کە بە سێلاوی عەرم ناسراوە، گۆیا ئەو سێلاوە چەند رووداوێکی سەیری تێدا قەوماوە کە ئەو چیرۆکەش یەکێك لەحیکایەتەکانی ئەو سێلاوەیە.

---

شێوەیە دەگەیەنن کە وا بەزوویی‌و بە هاسانی بۆمان لەناو ناچن. سەرنجدان بە هەواڵی رادیۆکان لەم پێوەندییەدا ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەخا. هەر لەم سەردەمەش دا نووسەری کتێب لە ناوچە غەیرە کوردەکانی وەك ئازەربایجان و اصفها نو تاران و ... شتی وای لەسەر کوردان بیستوە کەمرۆڤ شاخی لێ دەڕوێ. بۆ وێنە دەڵێن کورد کلکیان هەیەو زۆر جار لە نێو لۆتی مەسلەکان دا دەڵێن هۆی بنی ئادەمی خاوەن کلك! جا ئەگەر لە ئاخری سەدەی بیستەمدا ئێمە شتی ئاوا ببیسین وای بە چەند سەدە پێشترو دنیای کۆن.

34- تاج العروس. وشەی کورد لە محمد افندی، بەرگی ٢ لاپەڕەکانی ١١٢و ١١٣

35- لاپەڕەکانی ١١٢و ١١٣

36- عەرەبەکان بە موسڵمانی غەیرە عەرەب دەڵێن عەجەم



**تاج العروس** ئاماژە بەوەش دەکا کە کوردەکان ئەولادی "کوردی کوڕی کەنعان کوڕی کووش کوڕی حام کوڕی نووحن، چوار خێڵی سۆران، گۆران کەلهوڕو لوڕ لە تیرە زۆرو جۆراوجۆرەکانی ئەولادەکانی ئەوانن."

جێگەی سەرنجە کە هێندێك لە نووسەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوردەکان عەرەبن‌و لە نژادی سامین، بۆچوونەکانیشیان هەر لەم وێکچوونانە سەرچاوە دەگرێ. سەیرتر لەوەش ئەوەیە لەکتێبێکدا دەبینین کوردیان هەم بە عەرەب و هەم بە سامی‌و هەم بە ئاریایی‌و ئێرانی باس کردووە. بۆنموونە مسعودی لە کتێبی **"التنبیه و الاشراف"**دا کوردەکان لە تۆرەمەی کوردی کوڕی ئەسفندیاری کوڕی مەنووچێر لە شایەکانی پێشدادی لە قەڵەم دەدا[37]و دەنووسێ یەکەمینیان مەنووچێری کوڕی ئێرەج بوو کە حەوت منداڵی هەبووەو زۆرینەی تیرەی فارس و بەرەی پاشاکانی لەوانن... بە دوای ئەوە دا دەنووسێ: هێندێك لە عەشیرەتەکانی کوردیش ئەمانەن: بازنجان، شوهجان، شازنجان، نشاوەر، بووزیکان، لوڕ، جورقان، جاوانیە، بارسیان، جەلالیە، مستەکان، جابارقە، جرغدان، کیکان، ماجردان، هەزبانیەو ... کە لە فارس و کرمان و سجستان (سیستان)و خوراسان‌و ئیسفەهان‌و جبال‌و هەمەدان‌و شارەزور و داراباد و صامغان و ئازەربایجان، ئەرمەنیە و ئەران و بیلقان و ئەلباب و ئەلئەبواب و هەروەها لە جزیرەو شام و پغوردا نیشتەجێن.

چاوخشاندنێك بەو شوێنە کورد نشینانەی سەردەمی مسعودی کە بۆخۆی ئاماژەیان پێدەکا، هەروەها سەرنجێك بەسەر ئەو شتانەی ئەو بۆخۆی بەچاو دیتوویە، نیشانەی بەربلاوی‌و زۆری ئەوان و نیشتمانەکەیان لەو سەردەمەدایە. هەر ئەو ورد بوونەوەیە خوێنەر دێنێتە سەر ئەو بیرە کە چ شتێك بۆتە هۆی ئەوە کە کوردەکان وردە وردە لە ناوچەکانی رۆژهەلاترا پاڵیان پێوە بندرێ و بەم شوێنانەی ئێستا لێی نیشتەجێن قەناعەت بکەن؟[38]

---

37- رەچەڵەکێك لە پاشاکانی ئێرانی کۆن کە پێش سەردەمی مێژوویی واتە بەر لە مادەکان لە ئێرانێ حوکمی پاشایەتییان هەبووە.

38- هەر ئەوە خۆی یەکێك لەو تیرە بەهێزو بە حوکمانەیە کە نیشاندەدا کوردو ئێرانی و ماد هەر یەکن و ئەگەر مادەکان دواتریش دەگەڵ باقی تیرەکانی دیکەی ئاریایی هاتبنە ئێران تەنانەت چەند بەشێك لە مادەکان کە دواتریش بۆ ئەم خاکە کۆچیان کردبێ لە هەمان مادەکانی پێشوون کە وردە وردە وەك نەتەوەی دەسەڵاتداری کوردو ماد بەسەر تەواوی ئەو خاکە و کوردستانیشدا زاڵبوون.

جگە لەو شتانەی لەسەرەوە باسکران هێندێك قسەی دیش لەسەر پەیدابوونی کوردان کراون کە زیاتر وەك گومانو بیرۆکە دەچن، یەك لەوان داستانی زوحاکی مار بە شانو خوێنخۆریی ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ کورد دا. ئەویش بریتییە لە ئەفسانەی یەکێك لە پادشا داگیرکەرەکانی مێژووی ئێران بە نێوی زوحاك کە پێنجەمین شای بنەماڵەی پێشدادیان و جێگری جەمشیدی جەم بووە (دیارە بۆچوونی گشتی ئەوەیە کە زوحاك نێوی کەسێکی دیاریی‌و بەتەنێ نییە بەڵکو ئەوە نێوی زنجیرەیەك لە فەرمانڕەوایانی دەسەڵاتدار بووە کە لەسەر بنەمای چیرۆکە کۆنەکان، قەومی زوحاك ئەو عەرەبانە بوون کەدەسەڵاتداری کەلدە و بابیل بوون و ماوەیەکی درێژیش حاکمی ناوچەی گوتییەکان بوون کە مادەکانیش هەر بەشێك لەوان بوون. لە ماوەی دەسەڵاتداریدا غەدرێکی زۆریان لە خەڵك کردووە تا لە ئاخردا بەهۆی کاوەی ئاسنگەر کە کوردێکی ماد بووە شۆڕشێك دژی ئەو زۆردارانە کراوە و پێشبەندی چەرمینی کاوەی ئاسنگەر بۆتە ئاڵای ئەو شۆڕشەو نێوی "درەفشی کاویان"ی لـێنراوەو بۆ هەمیشە ماوەتەوەو خاکی خۆیان لە چنگ ئەو داگیرکەرانە رزگار کردوە.

وەك دەڵێن لەسەر هەرکام لە شانەکانی زوحاك مارێك رواوە و بۆ ئەوەی زیان بە خۆی نەگا هەر رۆژێك دوو لاویان کردۆتە قوربانی‌و مێشکەکانیان داون بە مارەکان. وەك **"ابن قتیبە"** لە کتێبی **"المعارف"** دا باسدەکا زوحاك وەزیرێکی بە ناوی ئەرمائیل، هەبووە کە لەو غەدرەی لەم لاوانە کراوە زۆر تووڕە بووەو ئەمری کردووە هەموو رۆژێ لەو دوو لاوەی دەکرانە قوربانی هەر یەکێکیان بکوژنەوەو ئەوی دیکەی دەنارده کێوەکانی فارس. بە قسەی ئەو کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوە رزگار بووانەن[39] کە فیردەوسی لە شێوەیەکی زۆر جوانی شیعرەکانیدا هێناویەتی‌و دەڵێ:

**١ـ چنان بد کە هر شب دو مرد جوان          چە کهتر چە از تخمە‌ء پهلوان**

39- بە وتەیەکیتر ئەو پادشایە دوو وەزیری هەبووە بە ناوەکانی کرمائیل‌و ئەرمائیل کە بە دوای رزگار کردنی لاوەکاندا، ئەوانیان فێری شوانی و ئاژەڵداری دەکرد. واسیلیی نیکیتین لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو چیرۆکە لێرە رەنگی کوردی بە خۆییەوە وەرگرتووە و لە ئەفسانەی سفرەی بەهەشت و دوو مەلایکەی رزق دەر وەرگیراوە کە نێویان خورداد و مورداد (جۆزەردان و گەلاوێژ)ە و بە عەرەبی هاروت و ماروتیان پێ دەڵێن. ئەو بۆچوونەی واسیلی نیکیتین لە کتێبی کورد و کوردستان"ی ئەو وەرگیراوە کە خوالێخۆشبوو **محمد** قازی وەریگێڕاوەتەوە سەر فارسی‌و لە لاپەڕەی ٦٤ دایە. گۆیا واسیلی لە کتێبی سانتورەکان Santauresی وەرگرتووە.



هەموو شەوێ دوو لاویان          لە چینی خوارێ یا سەرێ
**٢ـ** خورشگر ببردی بە ایوان شاه          وزو ساختی راه درمان شا
لە لایە ئاشپەزەکانەوە          دەبرانە کۆشکی شا بۆ خۆراکی ماران
..........................          ........................
**٣ـ** برون کرد مغز سر گوسفند          بە **آمیخت** با مغز **آن** ارجمند
مێشکی مەڕێکیان دەردێناو          لەگەڵ هی لاوێك تێکەڵیان دەکرد
**٤ـ** چو گرد **آمدندي** از ایشان دویست          بر **آن** سان کە نشناختند کیست
لاوەکەی دیکەیان حاشار دەدا          تا رادەیان گەیشتە دووسەت کەس نەیدەناسین
**٥ـ** کنون کرد از **آن** تخمە دارد نژاد          کز **آباد** ناید بدل برش یاد
جا کوردەکان لە تۆرەمەی          لەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوەدانی چییە

لەو زاناو رۆژهەڵاتناس‌و دنیا گەڕانەی کە ئاماژەیان بەو مەسەلە کردووە دەتوانین "جێمز مووریە G.Morie" نێوبەرین کە لە ساڵی **١٨١٢**ی زایینیدا لە سەیاحەتنامەی خۆیدا دەنووسێ: لە رۆژی **٣١**ی مانگی ئووت یا "گەلاوێژ"ی هەموو ساڵێدا خەڵکی دەماوەند جێژنێکی دەگرن کە بۆخۆیان "عیدالکرد" یا جێژنی کوردی پێدەڵێن و بە جێژنی رزگاری گەل لە زوڵم و زۆری زوحاك بە رێبەرایەتیی کاوەی ئاسنگەری دادەنێن. حەکیم عومەری خەییامی نیشابووریش لە کتێبی نەورۆزنامەی خۆیدا ئەو شتە دێنێتە بەرباس و دەڵێ: فەرەیدوونی کورد فەرمانی بە ئێرانیان دا تا ئەو رۆژەی کە زوحاك بە دیل گیراو ئێران لە شەڕو کێشەی ئەو رزگار بوو بکەن بە رۆژی جێژن و شادی.

سەرنجراکێش ترین دیاردەی ئەو جێژنە کوردی بوونی ئەوە، هەروەك دەبینین بەم نێوەش بەناوبانگ بووەو لە هەموو شوێنێکی کوردستانیش بەڕێوە دەچێ. لە تورکیە ئەم جێژنە بە جێژنی تول هەڵدان یا "تێهەڵدان Tehaldan" نێوی دەرکردووە کە بە مانای تەنبێ کردن و تووڕ هەڵدانە. هەرچەندە لە دوای ئیسلامدا بۆ ئەوەی رەنگی دینی پێبدەن نێویان ناوە جێژنی خدر نەبی یا خدری زیندە کە کەس گەلێك لەسەر ئەو بڕوایەن زۆرجار دەفریای مەزلوومان دێ‌و یارمەتی خەباتکارانی دژی زوحاکیشی داوە و بە هانایانەوە هاتووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە هەموو ماڵێك تا بەیانی چرایەك دایسێ تا رێگەی خدری زیندە رووناك کەن.

هاوكات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو جێژنە لە لایەن كوردەكانەوە، ئەرمەنییەكانیش بەڕێوەی دەبەن و پێی دەڵێن "دیانەت ئەراج" بەڵام زۆربەی ئەرمەنییەكان بە "گرانداز" ناوی دەبەن و بڕوایان وایە كە جێژنی كوردە ئیزەدییەكانە كە بە هەڵە یەزیدییان پێ‌دەڵێن.[40]

بەهەر حاڵ بۆچوونەكان لەسەر ریشەی رەگەزی كورد زۆرو لێك جیاوازن و هێندێك شت لە وێنەی قسەكانی "استرابوون" جوغرافیزان و رووداو نووسی پێش زایین گوتراون و نووسراون كە دەڵێ: لاوانی فارسی وا ڕادەهێنران كە لە سەرماو گەرماو باراندا خۆراگربن بە شێوەیەك كە شەوانە لە هەوای ئازاد و لە دەرێ بە خواردنێكی كەمەوە خەریكی مەڕداری بن كەئێستا بەو لاوانە دەڵێن "كارداك Kardak"[41] كە بەمانای پیاوی شەڕكەرو دەستەوەكەر لێك دەدرێتەوە. ئەو كارداكانە بەهۆی تاڵان و برۆ دەژین و بەڕێ دەچن.(٤٢)(٤٣)(٤٤)

چاوخشاندنێك بەمێژوو دا بۆمان دەردەخا كە رێكەوتی پێكهاتنی دەسەڵاتی ئاریایی لە ئێراندا ئەگەر لە سەردەمی "ئابادیەكان یا گوڵشاییو پێشدادی و كیانیان" دابنێین لە سێ‌هەزار ساڵ بەر لەزایین تێناپەڕێ تا زوحاك بووبێتە هۆی هاتنە وجوودی كوردان، كەچی دەزانین لیلۆكان واتە تایفە جۆراوجۆرەكانی كورد زۆر بەر لەم رێكەوتە، واتە لە ۳۷۰۰ی پێش زایینی حكوومەتیان كردووەو لەو كاتدا لەگەڵ "سارگۆن"ی یەكەم شەڕیان كردووە. هەر بەم دەلیلەش نووسەری ئەم كتێبە لەسەر ئەو بڕوایەیە كە چیرۆكی بابیلییەكان و كەلدانییەكانی عەرەب لە بۆچوونی ئیسترابوون راسترە. هێندێك ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەگەر "گۆتی"یەكان بەر لە سارگۆنو نارامسینو ... هەبوون بۆ هیچ ناویان نەهاتۆتە گۆڕێ. دەلیلی ئەو كارە زۆر روونە، ئەویش ئەوەیە كەهیچ تێكهەڵچوون و پیوەندییەك لەگەڵ ئەوان نەهاتۆتە گۆڕێ تا ببێتە هۆی ئەوەی ناویان بێ و باسیان بكرێ. گۆتییەكان لە دراوسێیەتی هێندێك شوێن یا لە هێندێك وڵاتی وەك ئاشوورو كەلدەو بابێل ژیاون كە یەكجار بەهێز بوون، هەر لەبەر ئەوەشە

40- لە بەشەكانی دواتری ئەم كتێبە دا لەسەر ئیزەدییەكانو رێوڕەسمی نەورۆز درێژتر دەدوێین.

41- ئیسترابوون كتێبی ١٥، بەندی ١٧

42- حافزی خۆش كەلام لەسەر بەشمەینەتی كارداكەكان دەڵێ: مزن دم زحكمت كه در وقت مرگ
ارسطو دهد جان چو بیچاره كرد

43- مەولاناش لە دیوانی شەمسی تەورێزیدا گوتوویە: كرد دیدم كو كند دزدی ولی دزد
ما را بین كه او دزدید كرد

44- ایران باستان، مشیرالدوله پیرنیا، بەرگی دووهەم



هەتا ئەوكاتەی مەسەلەیەك نەبووبێتە هۆی شەڕو شۆر لەنێوانیاندا پێویست نەبووە نێویان بێتە گۆڕێ. بەڵام بابەتێك كە لێرەدا زۆر جێگەی سەرنج و لـێ وردبوونەوەیە، ئەوەیە كە ئەو سەردەمانەی ئێمە قسەی لەسەر دەكەین واتە شەش حەوت هەزار ساڵ بەر لەم رێكەوتە، فەرهەنگ و نووسینی وا نەبووە كە هەموو كەس دەستی وێڕا بگا بەڵكو تایبەت بووە بە پادشاو ئەمیرە گەورەكان. هەربۆیە ئەو لەوحەو نووسراوانەی لەسەر بەردو خشتیش نووسراون تەنیا لە هێندێك هەلومەرجی تایبەت و زۆر گرینگی وەك سەركەوتن لە شەڕێكی گەورە دا زۆر بە كورتی نووسراون و تەنیا ناوی رووداوە گرینگەكان و هێندێك كەس دەنووسرا كە تایبەتمەندیی خۆیان هەبووە. چاو لێكردنی ئەو لەوحە نووسراوانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن. كاتێك ۳۷۰۰ ساڵ پێش زایین سارگۆنی یەكەم باسی سەركەوتنی خۆی بەسەر گۆتییەكاندا دەكا، دەردەكەوێ كە ئەو سەركەوتنە زۆر گرینگ بووەو ئەوەش دەردەخا كە ئەو قەومەی بە سەریشی دا زاڵبووە گەورەیی تایبەتمەندیی خۆی هەبووە كە پادشایەكی وەك سارگۆن یا نامسین بەم شێوە پڕ لە شانازییە شتیان لەسەر نووسیوەو باسیان كردووە. بۆیە ئەگەر دانیش بەوە دابنێنن كە۳۷۰۰ ساڵ بەر لەزایین گۆتییەكان هێزێكی گەورە بوون و دەسەڵاتیان هەبووە لە جێی خۆی دایە، چونكو لەو لەوحانە دا دەخوێنینەوە كە: "۲۸۰۰ ساڵ بەر لەزایین گۆتییەكان و مادەكان لە بەرانبەر سارگۆن دا شكاون و ماوەی سێ‌سەدە باجیان بە دەوڵەتی بابێل داوە. ئەوەش بۆمان دەردەخا كە ئەگەر گۆتییەكان و مادەكان نەزم و نیزامێكی دەسەڵاتدارەتییان نەبووبایە نەیان دەتوانی بۆ ماوەی سێ‌سەدە ئەو بەرنامەیە بە ڕێكی بەڕێوە بەرن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا مەسەلەیەكی دیكە دێتە گۆڕێ، باشە ئەگەر مادەكان هەروەك هێندێك گوتوویانە دوای كۆچی ئارياییەكان ( لە دوو سەدەی ١٦و ١٧ی بەر لە زایین) حكوومەتیان پێكهێناوە، ئەدی ئەو مادانە كە دە سەدە بەر لەو رێكەوتە حكوومەتیان هەبووە، با ئەو دەسەڵاتە ناوچەییش بووبێ و سێ‌سەدەش باجیان بە بابێل داوە كێن؟ كە ئەوەش خۆی شك و گومان دێنێتە پێش و دەمان گەیەنێتە سەر بڕوای نووسەری ئەم كتێبەو بەشێك لەو لێكۆڵەرەوانەی وەك ا.م.دیاكۆنۆف كە بەشی سەرەكی مادەكان لە گۆتییەكان لیلۆییەكان لەسەریەك "كاسی"یەكان پێكهاتبوون كە زمانی تازە پێگەیشتووانی هیندو ئەورووپایی فێر ببوون، وانیە كە دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە بە تەواوی گۆڕدرابنو...[45].

45- مێژووی ماد، ا.م.دیاكۆنۆف ص ١٤٧ وەرگێڕانی كەریم كەشاوەرز

خاکی کوردستان بە پێچەوانەی بەشێك لە بۆچوونەکان، هەر لە سەرەتای مێژوو ڕا شوێنی نیشتەجێ بوونی گەلێك بووە کەنێوی خۆیان لەسەر داناوەو کوردستان لە هەموو وشەیەك زیاتر بە قەولی زانایان و لێکۆڵەرەوانی وەك "ئیسپایزێر" لەگەڵ ئەو ناوانەی وەك گۆتی، قردۆ، کردۆخو ... دەخوێنینەوەو یەك دەگرێتەوە کە لەو شوێنە بوون و مێژووش خەڵکێکی لەوانە کۆنتر لەو خاکە شك نابا. بەرئاورد کردنی ئەو نێوانە لەگەڵ وشەی کوردستان ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ و ئەو بەرئاوردە مەسەلەکە وەك رۆژ روون و ئاشکرا دەکا. کەوابوو باسەکە تەنیا دەبێ لەسەر بنەمای نێوو ناسنامەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو خاکە بڕواو هیچیتر، چونکو ئەو نێوانە بوون و هەن و ئەو قەومانە بەو ناوانەوە لەسەر ئەو خاکە ژیاون. دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کەئەو خاکە بەنێوی ئەو خەڵکە کراوە کە لەوێدا ژیاون یا باشتر بڵێین کوردستان خاکێکە کە کوردۆکان، کاردوخۆیەکان، کوتییەکانو گۆتییەکانی تێدا ژیاون و ئەوە عەینی راستییە. ئەوەش روونە کە وشەی کوردستان یا کوردوئین لەو نێوانە وەرگیراوە کە هەموویان ئەو پیت و ئاکسانەکانیان تێدایە کە لەنێوی قەومەکانی "گوتی، کوتی، کورتێوی و ..."یش دا هەن.

وتەی "سێر مارك سایکس" کە تا ٦٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین لەسەر مێژووی کوردەکان لە کوردستان رۆیوە چەند سەرنج راکێشە کە دەڵێ: ئەو قەومە "کوردوئین"ەکان هەر لە سەرەتای مێژوو و دنیای کۆنەوە لە نێوان ناوچەکانی دیاربەکرو سەرچاوەکانی زێیەدا ژیاون.

پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد کە دوای نیشتنەوەی تۆفانی نووح تەنیا نەتەوەیەکی لەو شوێنە ناسران، تیرە جۆراوجۆرەکانی کوردن کە جگە لەوەی نێوی خۆیان لەسەر خاکەکە داناوە ئەو کێوەشیان هەر بە نێوی خۆیان کردووە کە کەشتی حەزرەتی نووح لێی گیرساوەتەوە. ئەویش کێوی "جوودی"یە بەڵام چونکە لە عەرەبی دا پیتی (ژ)و (گ) نیەو بە ج دێنە سەرزمان وای لێ هاتووە، دەنا لە بنەڕەت ڕا نێوی ئەو کێوە ژوتی یا گوتی بووە. هەر لەسەر ئەو بەڵگانەیە کە هێندێك لە لێکۆڵەرەوان هاتوونە سەر ئەو بڕوایە کە کوردەکان هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ئەو شوێنە بوون و بە درێژایی سەردەم و سەدەکان خۆیان پاراستووە و لقەکانی قەومی "گوت"ین کە لە تیرە جۆراوجۆرەکانی لیلۆیی، کاسی، ماننائی یا مانایی، نایری، ئاماداو پارسواو ... پێك هاتوەو بە نێوی (مەنزوومەی زاگرۆس)یش ناسراون. لە ناوەندی حکوومەتە خاوەن دەسەڵات و بەتواناکانی وەك ئاشوور، ئیلام، سومێرو ئاکاد هەڵکەوتبوون کە هەمووشیان هەموو کات خەریك بوون بە زۆرەملی دەسەڵاتیان بەسەر دا پەیدا کەن، بەڵام هیچ کات لەم کارەدا سەرکەوتوو



نەبوون. بە پێچەوانە، زۆرجاریش ئەو کوردانە بەسەر هێندێك لەواندا زاڵبوون هەروەك کاسییەکان ماوەی ٦٠٠ ساڵ بابیلیان بە دەستەوە بوو و حکوومەتیان تێدا کردووە.

گەلۆ لەبەر بەربڵاوی باسەکەو زۆری بۆچوونەکانمان لەسەر بە ئەسڵ نیشتەجێ بوونی کوردان لەسەر ئەم خاکە قسە زۆرن بەڵام منی نووسەر کە مەبەستم تەنیا راگەیاندنی کورتەیەك لەو باسانە لە روانگەی خاوەن بۆچوونەکان بوو، تا هەلێکیتر دەرەخسێ کۆتایی بەم باسە دێنم.

**٣ـ** کوردەکان لە نەتەوەکانی ئارییاین و لەگەڵ تیرە جۆراوجۆرەکانی ئەوان لەپێشدا هاتوونە ئێرانو دوایەش گەیشتوونە کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بوون.

لەو بەشەدا سەرنج دەدرێتە سەر مەڵبەندێك کە مادەکان یا مادائییەکان لەسەرەتای هاتنیان بۆ ئێران لەو شوێنە نیشتەجێ بوون هەر بە نێوی ئەوان (مادستان)یان پێ گوتووە. مادستانیش نیزیك بەتەواوی بەشەکانی باکووری رۆژئاواو باکووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

بۆچوونی نووسەریش وەك زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیە کە ئەو کۆچەی ئارییەکان یا هیندو ئەوروپاییەکان و واریائییە ئێرانییەکان هێدی هێدی بووەو رەنگە هۆی کۆچ کردنیشیان لە ئاکامی هەلومەرجی ئاو و هەواو ناجوور بوونی سروشتو لەناوچوونی لەوەڕگە و ئاژەڵەکانیان بووبێ. باسی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ئەو قەومە بۆ پێیان گوتراوە ئاریایی و چلۆن هاتوونەتە ئەو شوێنە نوێیانە و بە چ شێوەیەك و لەکوێ جێگیر بوون؟ ئاخوا لەو گواستنەوەدا لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەو ناوچانەدا ژیاون تێکهەڵچوونیان هەبووە یان نا؟ ئەگەر چەند نەتەوەیەکی لێ بووە لە کوێ بوون؟ و ئەوانە بەدوای کۆچی ئاریائییەکان بۆ نیشتمانی ئەوان چییان بەسەر هاتوەو چارەنووسیان بە کوێ گەیشتووە؟

هیندییەکان لە رابردووی زۆر دووردا نێوی "ئاریا"یان لەخۆ ناوە، ئەو نێوەی کە زانایان بۆ هەموو نەتەوانە کەڵکیان لیوەرگرتووە کە بە زمانی سانسکریت کە سەرچاوەی زمانەکانی ئاریایی یا هیندو ئەوروپایی بووە ئاخاوتوون[46]. بە دوای ئەوەیدا دەرکەوت کە هیندوستان نیشتمانی راستەقینەی هیندو ئەوروپاییەکان نییە، ئەو (**اصطلاحەش**) ئیعتباری زانستی

---

46- ئا. میە (سەرەتای بەرئاورد کردنی زبانەکانی هیندو ئەوروپایی) موسکۆ لێنینگراد، ساڵی ١٩٤٨ ل ٤٤٧. دوای بڵاوبوونەوەی ئەوکتێبە لایەنی دووهەمی دەنگدارەکان یا "وکالیزم"ی سانسکریت لە نیوەی دووهەمی چەرخی نۆزدەهەم دا کەشف بوو (لاپەڕەکانی ٤٦١و ٤٦٢)

نەما.[47] بەکار هێنانی ئەو **اصطلاحەی** ئاریایە بۆ ئەو کەسانە قبووڵدەکرا کە خۆیان بە ئاریایی دەزانی وەك ئێرانییەکان (مادو پارس)و هیندووەکان، ئیسکێتەکان، ئالانەکان[48]و نەتەوەکانی ئێرانی زمانی ئاسیای نێوەڕاست.[49] بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرەوەکانی وەك ا.م. دیاکۆنۆف و م.م. دیاکۆنۆف، آ.لیۆشیتس و ... زۆریان نموونە هێناوەتەوە کە تەرکیب و تێکەڵاوێك لە وشەی ئاریان و ئەو راستییە دەسەلمێنن کە قەومەکانی هیند و ئەوروپایی بە تایبەتی لەو وشەیە کەڵکیان وەرگرتوە.[50] ئەوەش بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێ کە ئاریاییەکان و هیند و ئەوروپاییەکان بەو تیرەو تایفە جۆراوجۆرانە دەگوترێ کە زمانەکەیان هیندو ئەوروپایی بووە کە ئەویش بریتی لە هیندیو ئێرانین. هەروەك ئەوان خۆشیان بەو نێوەوە دەناسیو دەناساند.[51]

هێندێك لە رۆژهەڵات ناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە مادەکان لە تیرەکانی مەنزوومەی زاگرۆس کە لە گۆتی، کورتی، لیلۆیی کاسیو ... پێکهاتووە و ئەوانە ئاریایی نین بەڵکو دواتر کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەوان و بوون بە ئاریایی زمان. لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی یەکگرتووی تیرەکانی ماد لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام لە سەدەی ٩ی پێش زایین بە دواوە کەوتوونە ژێر کاریگەری تیرەیەکی ئاریایی کە لەنێویاندا بوون و خۆیان بە ئاریایی لە قەڵەم داو عونسوری قەومی ئێرانی هیچ موناسەبەتێکیان لەگەڵ دانیشتوانی سەرەکی خاکی ماد (زاگرۆس) نەبووە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون لە سەدەکانی نۆهەم تا حەوتەمی بەر لەزایین (بە گوێرەی وشەو زاراوەی جوغرافیایی و نێوە تایبەتییەکان) زمانی ئێرانی لە رۆژهەڵات ڕا بۆ رۆژئاوا بەرەوپێش چووە. بە واتەیەکیتر لە ناوچەکانی ئازەربایجان و ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانی ئێران لە چەرخی نۆهەم تا حەوتەمی بەر لە زایین خەڵك بە زمانی لیلۆیی گۆتی... دواون و لەو کاتدا زمانی ئێرانی لە رۆژهەڵاتی وڵاتی ماد واتە لە تاران و ئیسفەهان برەویان بووەو قسەی پێکراوە.(٥٢)(٥٣)

47- مێژووی ماد، ا.م. دیاکۆنۆف لاپەڕەکانی ١٤٢ و ١٤٣.

48- آي. ابايف زبان و فرهنگ عاميانه آستي يا آسي، مسكو و پـطروگراد ١٩٤٩، ل ١٥٦.

49- هیندییەکان لە کتێبی "ودا" داو داریوش پادشاش لە نووسراوەی نەقشی رۆستەمدا دەڵێ: من هەخامەنشی پارسم و کوڕی پارس و ئاریاییم و لە بنەماڵەی ئاریاییەکانم.

50- وەك: ئاریو بەرزەن، ئاریایی ستكو ...

51- ا.م. دیاکۆنۆف، مێژووی ماد ل ١٤٣

52- لێکۆڵینەوەی ا.م. دیاکۆنۆف لاپەڕەکانی ١٤٦، ١٤٥.



دیارە ئەو زاراوە کاتێك قبووڵدەکرێ کە ئێمە قەومەکانی مەنزوومەی زاگرۆس بە دانیشتوانی ئەسڵی ئەو خاکە واتە کوردستان بزانین. ئەگەر وانەبێ دەبێ بڵێین زمانی قەومەکانی تازە کۆچ کردووی وەك (ئاریایەکانی کە لە سەدەی دەهەم و نۆهەم بە دواوە هاتوونە ئەو ناوچانە) لە زمان و زاراوەی ئەو ئاریایانە جیاوازە کە زۆر زووتر لەوە هاتوونە ئەو ناوچانە کە ئەوەش لیلۆیەکان و کورتییەکان دەگرێتەوە، دیارە ئەو هەمەڕەنگییەی زمان و زاراوەکان ئێستاش دەنێو هیندو ئەوروپایەکانی دا هەیە.[54]

گەلۆ ئەو مەسەلە بەو چەشنەی کە پێویست بووە باسی لەسەر نەکراوە و ئەگەر لێکۆڵینەوەشی لەسەر کرابێ بەهێندێك هۆی سیاسی و نان بە نرخی رۆژ خواردن شتی لەو بابەتە بە ڕاشکاوی و روونی نەهاتۆتە گۆڕێ و وێدەچێ زەینی لێکۆڵەرەوەکانیشیان بە هەڵەبردبێ و بە نیشاندانی هێندێك بۆچوونی نازانستیانەو ڕەمەکی هەوڵیان دابێ لە جیاتی یەك لاکردنەوەی مەسەلەکە هێندێك ویستی هەستیارانەو مەسڵەحەتی خۆیان خستبێتە بەرچاوی خوێنەرانی ئەو باسانە و سەپاندبێتیان. بۆنموونە هێندێك کەس ویستوویانە ئاریایی بوونی کوردان بەخەڵك بسەلمێنن و بۆ ئەو کارە هێندێك بەڵگەیان هێناونەوە کە زۆریان ئیراد لەسەرەو لەجیاتی دۆزینەوەی دەلیل و بەڵگەی جێی باوەڕ هێندێك قسەیان کردووە کە بێحورمەتی بە کەسایەتیو تۆرەمەی کوردن و سونعەیانی پێدەشکێ.

رەشید یاسەمی دەنووسێ: گەورەترین مایەی شەرافەتی هەر کەس ئەوەیە کە باو باپیری بەنێو بانگ بێ و خزم و کەسی پایەبەرزی هەبێ. بۆیە دەبێ بنەچەکەی کوردان بگەیەنینەوە سەر ئێرانییەکان نە بە قەومەکانی کێوی دانیشتووی کوردستان وەك گوتی و کاسیو لیلۆییەکان... ئایا کوردەکان ئەولادی جەمشیدو فەرەیدون و زەردەشت و کوروش و داریوش

53- پێویستە بزانین کە ئاریاییە مادەکان بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی ماد لەتاقمو دەستەی گچکەو تیرەتیرەیی داو هێندێك جاریش بە شێوەی یەکگرتوو لە مەڵبەندەکانی هەمەدان و ئیسفەهان و تاراندا بڵاوببوونەوە.

54- هێرۆدۆت زۆر بە راشکاوی مادەکان و لکەکانیان (قەومەکانی مەنزوومەی زاگرۆس) بە ئاریایی دەزانێو باسەکەی لەسەر ئەو ئەفسانەیە دامەزراندووە کە مادەکان و تیرەکانیان بە ئەولادی ژنێکی قارەمان دەزانی کەناوی میدیا Media بووە (کتێبی VIIل ٦٢)

بژمێردرێن باشتره یا له زۆریەی "لاسیراب و تیگلات، پلایزێر و سارگۆنی ئاشووری و ئاکادی و صعصعەو..."[٥٥]

باس لەسەر ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوەیەك لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا دەبێ ئەوەی ڕاست و ڕەوایە بهێنێتە گۆڕێ نە ئەوەی خۆی پێی خۆشەو حەزی لـێدەکا. یاسەمی هەروەها دەنووسێ: [ هەروەك گوتمان هێندێك لەنووسەران دەیانەوێ کوردەکان لەگەڵ ئەو قەومانە بخەن کە لە پێش مادەکان لە کوردستان ژیاون، وەك قەومەکانی گۆتی یا کورتیو کاسیو لیلۆیی مانایەکان و هتد. بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان بە دوای روون بوونەوەی کۆنبوونی کوردان دوو شت مسۆگەر دەبێ یەکیان ئەوەیە کە کورد زۆر لەمێژینەیەو کۆنەو دووهەمیان ئەوەیە کە ئەوان بە ڕەچەڵەك ئێرانی نین، چونکو ئەو تیرەو تایفانە ئێرانیو ئاریایی نەبوون؟!] 56

ڕەشید یاسەمی بە دوای دەربڕینی ئەو روانگەیە ئەوەشی لـێ زیاد دەکا: [لەولآمی ئەواندا بە کورتی دەڵێین: یەکەم وا نییە کە هەر کات چەند تیرە بە دوای یەکتردا لەسەر خاکێك ژیابن، هەموویان لە ریشەیەك بن، بە پێچەوانە مێژوو نیشاندەدا کە پارچەکانی گۆی زەوی زۆر جار لە قەومێك ڕا بە نەتەوەیەکی دیکە گەیوە، ئەو ملك و سامانە دەست بە دەست دەگەڕێ، هیچ مێژوو نووسێك ناتوانێ بسەلمێنێ ئەو قەومانەی کە لە زنجیرە کێوی زاگرۆس ژیاون ئەو کوردانەن کە رەگەزی ئێرانیان هەیە. جگە لەوەش هیچ دەلیل و بەڵگەیەکی مێژووییش بە دەستەوە نییەکە ئێرانی بوونی ئەو تیرەو تایفە کۆنانە رەتکاتەوە.[٥٧] ]

پرۆفیسۆر فۆن مینۆرسکی کە شکی لەوە دانیە مادەکان بە گشتیو کوردەکان بە تایبەتی هیندو ئەوروپایین لە کۆنفرانسێکدا کە لە بێلژیك گرتوویە دەڵێ: کوردەکان ئەو ئاریایانەن کە لە رۆژهەڵات ڕا (بە بڕوای نووسەری ئەو کتێبە بریتییە لە ئێرانی ئەورۆ) هاتوونە کوردستان و

55- کردو پیوستگی نژادی و تاریخی او، ل ٦. مەسەلەی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە ئاخوا لاسیران و سارگون و تیگلات پلایزێر چ جیاوازییەکیان دەگەڵ داریوشو کوروشو ... هەیە؟ مەگەر هەرکام لەوانەش لە شوێنی خۆیاندا وەك جەمشید و فەرەیدون و داریوش ئەمیر و ئیمپراتور نەبوون؟ ئەگەر گەورەییو نەجیبی بە کەسایەتییە گەورەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەوانەی ئەویش بە لای خۆیەوە بە کەمیان دەگرێ خاوەن شکۆ بوون. ئەگەر وا نیە بۆچی جەمشیدو فەرەیدون و کوروش بە گەورەتر لەوان دەزانێ؟

56- ئەو مەتڵەبەش جێی سەرسوڕمانە، چونکو تا ئێرە بە تەواوی روون نەبۆتەوە کە تیرەکانی لولوییو کاسی و گۆتی و ... ئاریایین یا خێر؟ کەچی یاسەمی بە راشکاوی حاشا لە ئاریایی بوونیان دەکا.

57- کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او نووسینی رەشید یاسەمی ل ١٢



نیشتەجێ بوون، دیارە ئەو رووداوەش هیچ ناتەبایی لەگەڵ ئەوە نییە کە لەکاتی هاتنی ئەواندا دەستەیەك یا چەند تاقمی دیکە بە نێوی کاردۆ لە کوردستانی ناوەندیدا ژیابن!!؟58

بۆچوونی نووسەر ئەوەیە کە کورد بە دلنیایی کۆنترین و بگرە یەکەمین دانیشتوانی کوردستانن، جا یا مادەکان تیرەیەکن لە قەومی گوتی (کورد)و یا کوردەکان لکێکن لە قەومی ماد. بە هۆی ئەوەی مادەکان لە تیرەکانی دیکەی کورد نیزیکتر لە سەردەمی مێژوون، سەرەڕای ئەوەی کە ئاسەوارێکی کەمان لەوان لە دەست دایە لەبەر ئەوە پێوەندیی زیاتریان لەگەڵ پارسییەکان و پارتییەکان و باقی قەومە بەناوبانگەکانی سەردەمی مێژوویی هەبووە نێوبانگی زیاتریان پەیدا کردووە، بە تایبەتی بەو دەلیلانەی کە دەسەڵاتی بەهێزی ئاشووریش ئەوان رووخاندوویانەو یەکەم دەزگای دەسەڵاتی سەردەمی مێژوویان لەئێراندا پێکهێناوە، زۆربەی مێژوو نووسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دایکی قەوم و تیرەکانی دیکەی وەك گوتی یا کوردەکانن بەڵام لەسەر ئاریایی بوونو نەبوونی مادەکان و تیرە جۆراوجۆرەکانی وەك لیلۆیی کاسائی و نایری پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زیاترو دۆزینەوەی هۆکارو بەڵگەی زۆر زیاتر هەیە. پرۆفیسۆر "وادن" مامۆستای پێشووی زانستگە لەندەن فەرهەنگ یا وشەنامەیەکی هەیە بە نێوی **"سومێر ئاریان"**[(٥٩-٦٠)] و لەوێ بڕوای خۆی دەربڕیوە و دەنووسێ کە سۆمێرییەکانیش ئاریایی بوونو پرۆفیسۆر ئیسپایزێریش مسۆگەری کردووە کە لە دەسەڵاتی سومێرییەکاندا قەومی گوتیش ژیاون ـ دیارە پێشتر سەبارەت بە کۆنی و کۆن بوونی ئەو قەومە لەسەر خاکی کوردستان دواوین ـ ئێستا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییە کە

58- پێشتر ئاماژەمان بە بۆچوون و روانگەی مینۆرسکی کردووە و رەد کراوەتەوە، بەڵام دیسان وەك روانگەیەك دەیهێنینەوە بەرباس و ئەوەشی لـێ زیاد دەکەین کە مینۆرسکی هیچ ئاماژەی پێنەکردووە. ئاخر ئەگەر ئەوەی ئەو دەیڵێ راست بێ دەبێ لەو باوەڕە دابین کە دەگەڵ ئەو قەومانەی لە رابردووی دووردا کۆچیان کردوە، لەنێو ئاریایەکانی قەومی گۆتیشدا کورد وجوودی هەبووە. هەروەك لە سەدەکانی دواییشدا واتە سەد تا پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستاش هێندێك لە تیرەکانی کورد کۆچیان کردووە بۆ قەفقاز، بە دوای کۆچی یەکەم کاروان بۆ ئەم ناوچەو پاش ماوەیەك هێندێکی دیکەش لە کوردەکان هەر بۆ قەفقاز کۆچیان کردووە. تەنیا لەوەها حاڵەتێکدا قسەی مینۆرسکی وەڕاست دەگەڕێ، دەنا بوونی دوو قەوم بە رەگەزی جیاوازو تایبەتمەندی قەومی جیاجیا بە یەك نێو لە دوو مەڵبەندی جۆراوجۆر لە عەقڵدا ناگونجێ.

59- گۆڤاری ئێران کەدە ژمارە ٣٦

60- مێژووی ریشەی نژادی کورد لە نووسینی احسان نوری پاشا ل ٦ .

سومێرییەکان ٤٥٠٠ ساڵ بەر لە زایینی مەسیح خاوەنی شارستانیەتێکی گەورە بوون، بە شێوەیەك کە یاسایی "حەمورابی" بابلییەکان لە رووی یاسای سومێری دانراوەو گوتییەکانیش لەم شارستانیەتەدا بەشدار بوون (چونکو بەشێك لە ئەوان بوون) کەوابوو گوتییەکانیش لەو قەومانە بوون کە لەو خاکەدا ژیاون و پێڕەویان لە یاسای ئەوان کردوە، بێگومان هەر لە رەگەزی سومێرییەکانن، واتە ئاریایین. کەوابوو کۆچی ئارییاییەکان کەزۆربەی لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە وردە وردە و بەهێمنی جێبەجێ بووە گەلێك پێشتر لە رێکەوتێکە کە تاقمێك بڕوایان لەسەریەتیو دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەهەمی بەر لە زایین.[61]

وەدوا کەوتنی رابردووی قەومەکانی هیندو ئەوروپایی لە مەڵبەندە جۆراوجۆرەکاندا (چ لە رۆژهەڵات وەك هیندوستان و ئەفغانستان و ئێرانو چ لە رۆژئاواڕا بەرەو ئەوروپا) ئەو روانگەیە ئاشکراتر دەکا.

دوکتۆر "کۆنتینیوێ Kontinwe" دەڵێ: لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین خەڵکێك لە دەشتەکانی باشووری سیبری کۆچیان کردووە بۆ کێوەکانی زاگرۆس کە پێیان دەگوتن "ئازیاتیك یا ئاسیایی"[62]و لە هەزارەی سێهەمی بەر لە زایینیش چەند نەتەوەیی دیکە هەر لەوێڕا کۆچیان کردووە کە بە هیندو ئەوروپایی دەناسران. ئەو لێکۆڵەرەوە لە درێژەی بۆچوونی خۆیدا دەنووسێ: ئەو دوو بەشە کۆچەرانە لە زاگرۆس تێکهەڵچوون و بە یەکەوە بەشەڕ هاتن بەڵام دواتر بە یەکەوە بین النهرینیان گرتو نێوی گوتی یا کووسییان لەخۆ نا.

لەسەر ئەو باسە بۆچوونی دیکەش هەن کەلەگەڵ مێژوو یەك ناگرنەوە، هەر ئەو دوکتۆر کونتینوێیە لە زمانی "ئووژن پیتارد"و "سولاك"ەوە دەنووسێ کە دوور نییە هاتنی ئارییاییەکان بۆ ئێران و کوردستان لە ٢٥٠٠ی بەر لە زایینیدا بووبێ. بەڵام بۆ ئێمە روونە کە کوردگەل یا قەومەکانی جۆراوجۆری گۆتی وەك لیلۆییو کاسی و خالدی و کاردۆو ... و بوونیان لەسەر ئەو خاکە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوارهەزار ساڵ بەر لە زایین و پێشتریش بە درێژی باسمان لێ کردووە. پێشەوای کەلدانییەکان بە نێوی "بروس Bruss" کە لەسەر مادەکان دەدوێ، زەردەشت بە یەکەم سەرۆکی رەگەزی ماد دەزانێ کە لە بەینی ساڵەکانی ٣ تا

61- ئەوانە کۆچی ئاریایەکان دەگەڵ دەرکەوتن و بە دەسەڵات گەیشتنی مادەکان و پارسەکان لە (ئێران)دا هاوکات دەزانن و قەومەکانی کۆنتری دانیشتووی ئێران زەمین بە ئاریایی حیساب ناکەن.

62- لە مێژووی ئەدەبی کورد بڕوانە



٢٣٠٠ی بەر لە زایین لەکەلدەدا پاشایەتیان کردووە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لەو ساڵانەدا گوتییەکانی لەکەلدەدا خەریکی دەسەڵاتدارەتی بوون، دەبێ ئەو مادانەی "بروس" باسیان دەکا هەر گوتییەکانی ئەوێ بووبن، یا روونتر بێژین مادییەکان بەشێك لە گوتییەکان و گوتییەکانیش بەشێك لە مادەکان بوون. پروفیسۆر "ئیسپایزێر"یش ئەو بۆچوونە بە شێوەیەکی دیکە باسدەکا و وێرای ئەوەی مادەکان هەر بە گوتی دادەنێ و دەشسەلمێنێ کە رابردووی مادان لە زاگرۆس بۆ ٦٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.[63] مامۆستا پورداود کە لە پسپۆڕانی زمانی زەند و ئەوێستاناسی بووە، لە کتێبی "ادبیات مزدیسنا پشتها" دا گئوتمە نێوێکی بە یەکێك لە نەیارەکانی زەردەشت داناوە کە وێدەچێ هەر گئوتیو گوتی بێ کە وەك بەڵگەی مێژوویی نیشاندەدەن زەردەشتیان ناچار بە کۆچ کرد.

ئەو شاهیدو بەڵگە مێژووییانەی لەبەردەست دان بە تایبەتی ئەوانەی دەوروبەری پێکهاتنی دەوڵەتی ماد (نیزیك ٧٠٠ ساڵ بەر لە زایین) بە شێوەی ژێرەوە باسی چلۆنایەتی مادەکان دەکەن: لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێران (رۆژهەڵات و باشووری دەریاچەی ورمێ)و لەبەشی باشوور ڕا تا خەتی قەزوێن و هەمەدان کوتییەکانو لۆلۆییەکان نیشتەجێ بوون و ئەو بڵاو بوونەوەیە بەرەو رۆژئاوا تا ئەو جێگایانەی لە پێشدا باسمان کردوون (ناحیەی زاگرۆس) درێژەی هەبووە.[64] ئەوەش وا دەنوێنێ کە مادەکان هەمان گوتییەکانن، بەڵگەیەکی باشی کە لێرەدا دەستمان دەکەوێ سەرەتای مێژووی کوردە کە بریتییە لەو ساڵەی کە نەینەوای پایتەختی ئاشوور لە لایەن مادەکانەوە گیراوە و بەهۆی "هوخشەتەرە" پادشای ماد کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هاتووە.[65]

"ئیشپیگل" رۆژهەڵات ناس و زانای بەناوبانگی ئاڵمانی لە وەرگێڕدراوی "ئەوێستا"دا "گئوتمە" بە نێوی تایبەت نازانێ، بەڵکو بە کەسێك لە تیرەیەك یا خەڵکی گوندێك بە ناوی "Geldnere" مانا کردۆتەوە.[66] "بوسنی"ش لەگەڵ ئەوەی گئوتمەی بەیەکێك لە دوژمنانی

63- مێژووی ریشەی نژادی کورد، نووسینی احسان نوری پاشا ل ١٠

64- مێژووی ماد، ا.م. دیاکۆنۆف لە لاپەڕی ٢١٠ بە دواوە

65- سەرەتای مێژووی کوردان لە ساڵی ٦١٢ی بەر لەزایینەوە واتە لەو ساڵەوە دەست پێدەکا کە نەینەوا لە لایەن (هەوەخشەتەرە)ی پادشای مادەوە گیراوە و بەو حیسابەی ئەوساڵ کە ١٣٧٩ی هەتاوی و ٢٠٠٠ زایینییە دەبێتە ٢٦١٢ی کوردی.

66- مێژووی ریشەی نژادی کورد، نووسینی احسان نوری پاشا ل ١٢

"مزدیسنا ئەهورا مەزدا" دەزانێ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گئوتمە نێوی جنسە نە خاص و تایبەت.[٦٧] لەبەر ئەوەی لە سەرەتای مێژوودا جگە لە گوتییەکان هیچ تیرەیەکی دیکە دراوسێی نیشتمانی زەردەشت نەبووە دەبێ "گئوتمەی ئەوێستا" هەر گوتییەکان بن و بەس چونکو ئاشورییەکانیش "گوتیوم"یان پێ‌گوتن، ئەو وشانەو هێندێك وشەی وەك "سودهودان Sud Hodan"[٦٨] و "سید هیتا Sid Hita"و گۆتمەو گۆت و بودین و... نێوی ئارياييین و لەنێو گوتییەکانیشدا ئەو نێوانە زۆر بوون.

ئەو هەموو باس و خواسەی کە جارجار بە نۆبە دەیانهێنین بەم مەبەستەیە کە دڵنیا بین خاکی ئەسڵی کوردان کە بریتییە لە (ناوچەی زاگرۆس و مابەینی سەرچاوەکانی دوو رووباری دیجلەو فورات تا دەگاتە زێی گەورە) بەزۆر هۆو یەك لەوانەی کە دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە ئەوەیە کە هەموویان ریشەیان یەکەو ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە کەم و کووڕی بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانە بە تایبەتی لە بواری(دێرینە ناسی)و توێژینەوەی بەرین و ورد لە شارە کۆنەکان و ئاسەواریان لەم ناوچانە دا.

نوسەری کتێب بەهێندێك شت لەم بوارەدا ئاماژە دەکا و دەڵێ کە چۆن نەتەوەیەکیان لەچەند تیرەدا هێناوەتە بەر توێژینەوە و لە یەکتریان جیا کردوونەتەوە و لەسەر هەرکامیان وەك نەتەوەیەکی جیا موتالاّیان کردووە. سەرنج راکێش ئەوەیە گەرچی ئەو توێژەرەوانە شوێن و ئاسەواری کوردان لە هەموو (ئێران) دا دەبینن لەسەر بنەمای بیرو بڕوای سیاسی یا ئایینی و هێندێك تیئۆری کە لە لایەن زانایانی بیانی هاتوونە گۆڕێ، ئەوانەی شوێن ئەو لێکۆڵینەوانە دەکەون، لەسەر ئەو بۆچوونانە سوورن و ناخوازن لەمەڕ کورد بوونی هەموو یا بەشێك لە ئارياييەکان و ئێرانییە هەرە کۆنەکان بیر لەم نێوە بکەنەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەزاران بەڵگە بۆ بوونی کورد لە سەرانسەری (ئێران)دا و بە تایبەت لەنێو زنجیرە بنەماڵەکانی کە دەسەڵاتدار بوون و شایەتییان کردووە بە دەستەوەیە.

زۆربەی نیزیك بە هەموو رۆژهەڵاتناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نیشتمانی گوتییەکان تا رۆژهەڵاتی دوور درێژەی هەبووەو ئەو کوردانەی لە رۆژئاوای بانووی (فەلاتی) ئێران بوون و

67- ئەدەبیاتی مزدیستان پشت ها" (ئەدەبیاتی ئەوانەی لە پشتی مەزدەك کەوتوونەوە)و، نووسینی خوالێ‌خۆشبوو مامۆستا پورداود.

68- سودهودان و سید هیتا نێوی باوکی حەزرەتی بودا بووە.



هەن، هەر لە رۆژهەڵاتەوە چوونە ئەوێ و بە پێچەوانەی وتەی کەسگەلێك ئەو کوردانەی ئەورۆش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەژین، جگە لەوانەی کە مێژوو لە بیریەتی کە لە لایەن هێندێك لە دەسەڵاتدارەکان بە بۆنەی سیاسی و جارجاریش لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی لەنێو وڵاتدا جێگۆڕکێیان پێکراوە، هەر لە سەرەتاوە لەو مەڵبەندانەدا بوون و زۆر ئاڵوگۆڕیشیان لەو خاکەدا پێکهێناوە.

ئەردەشێری بابەکان خانەدانەکەی (ساسانیان) کورد بوون و کەسیش ناتوانێ حاشا لەو راستییە بکا. شوێنی لەدایك بوونی و مەوتەنی بنەماڵەیی کوێ بووە؟ مەگەر خەڵکی پارس واتە هەر ئەو شوێنە نەبوون کە ئەورۆ ئوستانی فارسی پێدەڵێن؟ "ئیسترابوون" جوغرافیازانی بەناوبانگ لەبەشی سێهەمی کتێبی ١٥ی خۆیدا لە قەولی "ئێراتۆستێن Eratosthenc" دەنووسێ: تایفەکانی دانیشتووی فارس بریتین لە پایشتخارەکان، هەخامەنشیان، "کورتی"یەکان و مەردەکان.[٦٩] و حەکیم و شاعیری پایەبەرز ابوالقاسم فیردەوسی لەشانامەدا لەسەر بە دەسەڵات گەیشتن و پاشایەتی ئەرەدەشیری بابەکان لەشانامەدا دەنووسێ:

سپاهی ز استخر بی مَر ببرد     بشد ساخته تا کند جنگ کرد<br>
سپایەکی بێ ئەژماری لە ئیستەخر وەڕێ خست     کە بۆ شەڕی کوردانی ئامادە کردبوو<br>
چو شاه اردشیر اندر آمد بتنگ     پــذیره شدش کرد بی مَر بجنگ<br>
کاتێك ئەردەشێر بە پەلە و بە خێرایی هات     کوردێکی بێ‌ژمار بەرەنگاری بوون<br>
یکی کار بدخوار و دشوار گشت     اباکرد کشور همه یار گشت<br>
بەسەر وەزعێکی زۆر شپرزەو ئاڵۆزدا کەوتبوو     خەڵکی وڵات بە تێکڕا بوونە لایەنگری کوردەکان<br>
یکی لشکری کرد، بد پارسی     فزونتر زکردان یکی دو بسی[70]<br>
لەشکرێکی لە پارسەکان ئامادە کرد     کە یەك دوو بەرانبەری کوردەکان بوون

فارسنامەی "ابن بلخی"[٧١] کوردەکانی پارس لەو پێنج مەڵبەندەدا جێ‌دەکاتەوە: (رم جیلویە، رم **الذیوان**، رم اللوالجان، رم الکاریانو رم البازنجان)[٧٢] هەروەها دەنووسێ: هەر رەمێك

69- رۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئاڵمانی "مارکوات" وشەی "مەرد" بە مانای بوونەوەری بەزیان و بەدفەڕ لێك دەداتەوە و دەڵێ: دوژمنانی قەومی کورتی ئەو سیفەتەیان پێ‌بەخشیون. کورد و کروتی و مەرد هەر یەکن. رەشیدی یاسەمیش لە کتێبی کوردو پێوەندی رەگەزی و مێژووییدا لە لاپەڕە ١٦٧ ئاماژە بەوە دەکا.

70- بەرگی حەوتەمی شانامەی فردوسی کە لەسەر چیرۆکی ئەردەشیری بابەکانە.

(تایفە یا عەشیرەیەك) سەت هەزار کەسی هەبووە و هەموو شکۆ و گەشەی لەشکری فارسەکان هی کوردەکان بوو.

هەروەها "مجمع الانساب شبانکارەی"[٧٣] ئاماژە بەوە دەکا کە کوردەکان لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لە فارس بوون، هەر ئەو کتێبەو "مروّج الذهب" مسعودی و هەمیش التنبیە و الاشرافی مسعودی[٧٤] بە تێکڕا دەڵێن باوکی ئەردەشیر لە تیرەی شبانکارە بووە.

ئەو زەمان کە "جوزهەر"(٧٥)(٧٦)(٧٧)ی کورد لە گەورە پیاوانی خێڵی "بازرنگی" یا بازرنجیە = بازنجان ـ کە هەموو یەك وشەن دەسەڵاتداری ئیستەخر بووە ژنێك لە بنەماڵەیەکی گەورەی هەر ئەو تیرە دەخوازێ و بابەك یا پاپەك لەو ژنە بووە و دوایە بۆتە پایەبەرزێکی سوپای ئەوکات کە "ئەرگبز Argbadk"یان پێ‌گوتووە. بابەك لە "درابگەرد" کە کریستین سێن لە مێژووی ساسانییەکاندا بە "گۆپانان"[٧٨]ناوی دەبا زۆر بە تواناو بە دەسەڵات بووە. بەم لێدوانانەی سەرەوە روون دەبێتەوە کە باوکی ئەردەشێر لە تایفەی شەبانکارەی کورد بووە و دایکیشی لە تیرەی بازرنگی بووە. کەوابوو ئەردەشێر کورد بووە و دەتوانین زۆر بەڵگەی دیکەش بۆ ئەم مەسەلەیە بێنینەوە، وەك ئەو نامەی کە ئەردەوانی پێنجەم دوایین پاشای ئەشکانی بۆ ئەردەشێری نووسیوە، یەکێك لەو بێ حورمەتیانەی لەو نامەدا پێی دەکا ئەوەیە

71- فارسنامەی ابن بلخی، ل ١٤٦ چاپی ئەوروپا

72- رَم بە مانای عەشیرەو تایفەیە.

73- شەبانکارە عەشیرەیەکی کوردن کە ئێستاش هەر لە فارس دەژین.

74- الاشرافی مسعودی ل ٨٨٠ چاپی ئەوروپا

75- مێژووی تەبەری، چاپی ئەوروپا ل ٨١٥ی چاپی مصر بەرگی دووهەم ل ٥٦

76- یون، Justi کتاب الاسماِ وشەی گوچیترا

77- کوردو پێوەندی رەگەزی و مێژوویی ئەو، رەشید یاسەمی ل ١٦٩

78- ئەوە بۆمان روون دەکاتەوە کە ناوچەکانی ناوبراو واتە قەلای بەیزاو دارابگردو دەوروبەریان بە دەست کوردانەوە بوون. وێڕای ئەوەش نووسەری کتێب بڕوای وایە کە ئەو وشەیە "گوپانان" نەبووە بەڵکو "چوپانان" بووە. لەبەر ئەوەی کە لەو ناوچانەدا ئاژەڵداری باو بووە، بە شوانانی نێو براوە. هەربۆیەش ئیلاتی ئەو ناوچانە کە هەمووشیان کورد بوون بە شوانکارە و شەبانکارە بەنێوبانگ بوون و بازرەنگییەکانیش یەکێك لەو تایفانە بوون.



کە ئەو بە کورد ناو دەباو بەوە تاوانباری دەکا کە لە چادری کورداندا پەروەردە کراوە.[٧٩] کریستین سێن دەنووسێ کە دواتر شاپووری یەکەم، کوڕی ئەردەشیر نووسەری ئەو نامەی کە مونشی ئەردەوانی پێنجەم و ناوی "دازبونداە" بووە بە تۆڵەی نووسینی ئەو نامە بە دەستی خۆی کوشتووە[80] ئیبنی خورداد و ئوستەخزاش بە درێژی لەسەر ئەم بابەتە دواون.

"ئاندرێگدا" کە وەك رەشید یاسەمی دەنووسێ سەردەمێك مودیری گشتی ئیدارەی عەنتیکەجاتی ئێرانێ بووە، لە بابەتێك لە ژێرناوی "توێژینەوەی زانستی لە ئێران دا" کە لە ساڵنامەی پارسی ساڵی ١٣١٠ی هەتاویدا چاپکراوە، نووسیویەتی: ئەو شتانەی سەردەمی باستان = دێرین کە لە لوڕستان دەست کەوتوون هی ئەو کێونشینانەیە کە لە رابردووی زۆر دووردا لە کێوەکانی خەزەردا ژیاون و دوایە لەوێ کۆچیان کردوەو نیزیکەی چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە لوڕستان بینراون، مێژوو ئەوانە بە نێوی "کاسیت پاکاسی" دەناسێنێ. هەر ئەوانەش بوون کە بابلیان گرت و ماوەی شەش سەدەش لەوێ فەرمانڕەوا بوون، دوایەش گەڕاونەوە ناوچە شاخاوییەکانی خۆیان.[٨١] هەر ئەوانە لە کتێبی پەهلەوی (شارەکانی ئێران)دا بە نێوی "کوهیارانی کوردۆ" نێو دەبرێن کە بە وتەی ملك الشعرای بهار هەر ئەو کوردانەی ئێستان.[٨٢] ئیسترابوون، جوغرافیزانی سەردەمی کۆن لە بەشی سێزدەی کتێبی یازدەهەمی خۆیدا لەمەڕ ئازەربایجان یا ئاترۆپاتێن دەنووسێ: "دێلی ئوس Dellius"ی دۆستی ئانتوان کە لە لەشکرکێشی بۆ خاکی پارت یەکێك لە فەرماندەکانی قەیسەری رۆم بووە لەسەر خاکی ئاترۆپاتێن دەڵێ: ئەو سەرزەمینە سەوزو زنوێرە، بەڵام هەموو بەشی باکووری شاخی سەخت و ئاستەمە، ئەمەردەکان، تاپوورەکان و کورتییەکان کە هەموویان لەبەر نەداری خەریکی رێگرین

79- مێژووی تەبەری و ئیبنی ئەسیریش عەینی شتیان نووسیوە کە مانای نووسراوە عەرەبییەکەیان ئاوا لێك دراوەتەوە: "ئەتۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر راکێشاوە، بۆیە مەحکووم بە مەرگی، ئەی بە رەگەز کوردی کە لە چادری کوردان دا پەروەردە بووی، کێ تۆی ئیزن دا ئەو تاجە لەسەر بنێی؟ ئەوە لە کتێبی کوردو پێوەندییە رەگەزی و مێژوویەکەی، ل ١٧١ وەرگیراوە.

80- مێژووی ساسانیان، کریستین سێن، وەرگێڕانی رەشید یاسەمی ل ٨٣

81- لە لاپەڕەکانی پێشوودا بە درێژی باسی کاسییەکانمان کردووە.

82- سبك شناسی لە نووسینی ملك الشعراء بهار بەرگی یەکەم ژێرنووسی ل ٦.

و لە زنجیرە كێوی زاگرۆس دا بڵاو بوونەوە[83] و لەگەڵ هێندێك تایفەی دیكە كە لە ئەرمەنستانو ئاترۆپاتێندا نیشتەجێن لە رەگەزێكن.

لەمەڵبەندی باكووری ئێرانیش ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین كە لەوێش ئەگەر لە ریزی قەومە زاڵەكان نەبن، رادەیەكی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێكدێنن. لەگەڵ ئەوەی هەموو ئاترۆپاتێنی باشوور و رۆژئاوا خاكی كوردان بووە و لەوێش هێندێك دەسەڵاتی وەك روادیەو فزولیەی كورد هەبوون و لە لایەن كوردەكانەوە ئەویش نە لە سەردەمێكی زۆر دووردا پێكهاتوون.

ئیسترابوون دەڵێ: دەریای قەزوین (خەزەر) وەك هیلالێك كێوەكانی باشووری لە ئامێزی خۆی گرتووە و لەو كێوانەشدا ئەوەندەی بەرەو لوتكە برۆین دەبینین كە هێندێك قەوم و تیرەی لـێ دەژین كە لەوانیش دەتوانین "گیلەك، كادوسی، ئەمەرد، كورتی و ئەنارەكی"یەكان نێو بەرین.[٨٤] ئیسترابوون دوایەش ئەوە زیاد دەكا كە میدیا لە لای رۆژهەڵات را لەگەڵ پارت و ناوچەیەكی شاخاوی هاوسنوورە كە "كۆسێئێن Cosseens یا كاسییەكانی تێدا نیشتەجێن. "نێئارك Nearque"یش نێوی چوار تیرە لەو مەڵبەندە دێنێ كە پادشاكانی پارس باجیان داونێ. ئەوانەش ئەمەردەكان، ئۆكسییەكان Uxiensو ئولومییەكان یا "ئیلامی Elymiens"یەكان و كاسییەكان كە لەگەڵ میدییەكان هاوخاكن.[٨٥]

هەروەك دەبینین كوردەكان لە ریزی ئەو خەڵكانەن كە لە سەرەتاوە دانیشتووی ئەو ئێران زەمینە بوون كە خاكی زاگرۆسیش بەشێكە لەو. بەڵام لە كەیەوە؟ ئەوە راست ئەو پرسیارەیە كە مەبەستمانە. بەم شێوە كاتێك كورد لەگەڵ ئارییایەكان دەبینینەوە، بەڵام تەنیا لە سەرخاكی كوردستان و ئەو بەشەی نێوان دوو رووباری دیجلەو فورات تا ئاخری زاگرۆس دەیانخەینە ژێر موتاڵاو لێكۆڵینەوە، ئەویش لەكاتێكدا كە زۆر پێشتر لە ئامادە بوونی ئێرانییەكان (ئارییایەكانی ئێرانی كە بە مەنزوومەی زاگرۆس یا قەومەكانی دانیشتووی میزۆپۆتامیا) بەو ئاكامە دەگەین لەسەر ئەوە سوور بین كە كوردەكان كۆنترین بنی ئادەم گەلن كە لەو مەڵبەندەدا ژیاون و مێژوو نەتەوەیەكی كۆنتر لە كوردان لە كوردستان ناناسێ.[٨٦]

83- زاگرۆسیان بە "نیفاتیس Niphatis"یش نووسراوە.

84- بەشی حەوتەم لە كتێبی یازدەهەم

85- هەمان سەرچاوە

86- هەروەك پێشتر باسمانكرد زانایانی وەك دراوێرو ئیسپایزێرو سایكسو ... بڕوایان بەم بۆچوونە هەیە.



لە لاپەڕەكانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە كرد كە كوردەكان لە هەموو ئێراندا هەبوون و لە سەرەتای مێژووەوە لەگەڵ ئێرانییەكان ژیاون. كەوابوو هەم لەوانن و هەرچی بووبن بە یەكەوە بوون. بە واتایەكیتر كوردو ماد هەر یەك بوونو هەموو ئارییایی بوون و هەركامیان لە ئارییایی بوون دابڕێن ئەوی دیكەش دەگرێتەوە. بۆ مسۆگەر كردنی ئەو مەسەلە دەتوانین زۆر شت وەك شاهید بێنینەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین هەم لە بابەتی نەتەوەیی و هەم لە بابەتی زمان كەڵك وەرگرین.

هێرتسفێلد كە زانایەكی ئاڵمانی و لێكۆڵەرەوەیەكی جێ متمانەیە دەڵێ: نێوی ئەورووپایی خەزەر، "كاسپێن"ە كە لە نێوی تیرەیەكی زۆر كۆنی بەر لەمێژوو وەرگیراوە كە لە رۆژئاواو باشووری ئەودەریایە ژیاون و بە "كووسی یا كاسووكسی ناسراون" كە لە كۆدا بۆتە "كاسپ و كەسپین"و نێوی دەریای خەزەریش لە كۆی ئەو "كاسپین" یانی كاسوها وەرگیراوە.[٨٧]

پێشتر بۆمان روون بۆتەوە كە "كاسووكان" تیرەیەكن لە "گوتییەكان" كە وەك دەزانین لەسەر مەنزوومەی زاگرۆس حیسابن لە زمانی كوردیدا زۆر وشە هەن كە بە تەواوی ئێرانین و لەباسی زماندا زیاتری لەسەر دەدوێینو لێرە دا تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە چەند شتێك دەكەین. لە مێژووی ئاشووردا چاومان بەوە كەوت كە یەكێك لە فەرماندەكانی "گوتی" كە ئەیالەتێكی بەڕێوە دەبرد نێوی "نەمر namer" بووە كە مانای جاویدانی فارسییە و وشەیەكی تەواو ئێرانییە، هەروەها لەنێو پادشاكانی (گۆتی)دا نێوەكانی وەك "شەڕ لەك Shar lak"و "تیریكان" زۆرن كە هەر دوو وشە ئێرانین، شەڕ بە مانای جەنگی فارسییە، لە دنیای پێش مێژووش دا ئێرانییەكان سەرداریان هەبوون بەنێوی "شەرمەزن Sharmazn" كە مەزن بە فارسی دەبێتە بزرگ و گەورە و بەتێكڕا مانای شەڕی گەورە یا "جنگ بزرگ" دەدا.

ئیحسان نووری پاشا دەنووسێ: مەزن لە وشەی "مەها"ی سانسكریت گیراوە كە ئەوێستا "مازا"و لە كوردی خۆماندا "مەزن"ە، لە زمانی ساسانییەكاندا بە جێژنی مانگی "تیر"ی فارسی یا پووشپەڕی كوردیان گوتووە "تیریكان"[٨٨]. لەم پێوەندییەدا دیانۆكۆف نووسیویەتی: "لە بەشی سەرووی گەلی رووباری (قزل ئوزون = رووباری سپی) را هەتا دەشتی كەویر سەرزەمینی "مادایی" ماد بووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەونێوانەی بە تایبەتی لەخەتی قەزوێن ـ

87- ئێرانی باستان "ئێرانی دێرین" لە مشیرالدولەی پیرنیا.

88- مێژووی ریشەی رەگەزی كورد ئیحسان نووری ل ١٣

هەمەدان بۆ شوێنو نەفەریان داناون دەردەکەوێ کە زمانی گوتیو لیلۆیی ڕەواج بوون و هەرچی بەرەو ڕۆژهەڵات چووبانە پێش زمانی ئێرانی زیاتر لە برەو دابووە.[٨٩]

پێکهاتەی قەومی ماد کە ئەوڕۆ بۆ ئێمە ڕوونە لەو سەردەمەدا چۆن بووە، لەهەزارەی سێهەمی بەر لە زایین، لەسەر خاکی ماد گۆتییەکان لەمەڵبەندی ڕۆژهەڵات و لیلۆییەکان لە مەڵبەندی ڕۆژئاوا ژیاون و دەشزانین کە خاکی ماد ئەو مەڵبەندە پان و بەرینە بووە کە لە دەریاچەی ورمێ ڕا تا بەشی سەرووی ڕووباری دیالەو لەوێڕا تا نیزیك ڕووباری کەرخەی گرتۆتەوە. لەنێو قەومەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەدا کاسییەکان و هۆرییەکانیش ئامادەبوون.

ئەگەر بمانەوێ ئاکامی ئەوەی لەم بوارەدا باسمان کردووە کۆکەینەوە، بەرهەمەکەی دەبێتە ئەوە کە کوردو ماد هەردوو لە یەك نەتەوە و ڕەگەزن، لە هەر شوێنێکی مێژوودا باسی ماد بێتە گۆڕێ، کوردو تیرەکانیشی لە پەنایانن و پێچەوانەکەشی هەروایە، بە شێوەیەك کە لەهەر جێگایەك باسی کوردان لەژێر نێوە جۆراوجۆرەکانی، گۆتی، لیلۆیی کاسیو ...وە بێنین لە مادەکانیش شوێنەوار بەرچاو دەکەوێ. هەروەك لە سەردەمی سارگۆنی یەکەمدا و دواتریش لە ٣٦٠٠ی بەر لە زایین لەگەڵ شوێنێك ئاشنایەتی پەیدا دەکەین کە پێی گوتراوە مادستان. پرۆفیسۆر ئیسپایزێر لە دوو کتێبی "قەومەکانی میزۆپۆتامیا"و "**مێژووی کۆن ڕۆژهەڵاتی نیزیك**"[٩٠]دا دەنووسێ: کاتێك سارگۆنی دووهەم گوتییەکانی لە بابێلستان وەدەر نا، تا وڵاتی "مادایان" ڕێیان کەوت. ئەوەش بۆمان دەردەخا کە مادەکان لە سەدەی **٢٨**ی بەر لە زایین لە شوێنێك کە بە نێوی خۆیان بووە ژیاون و لە نیزیك هەرێمی گۆتی و لیلۆیی کاسییەکان هەڵکەوتووە. تەنانەت لە شوێنەوارەکانی بەر لە ڕێکەوتی پێکهاتنی دەوڵەتی مادیش ئەوە دەخوێنینەوە کە لەساڵی **٢١٩٢**ی پێش زایین کاوەی ماد لەگەڵ مادەکانی ئیسفەهان شۆڕشیان لە زوحاك و زوحاکییەکان کردووە و وڵاتی "پێشداد"ییەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی کەلدەییەکان کە ئەوانیش هەر لەژێر دەسەڵاتدارەتی زوحاکی ماربەشان دابوون، ڕزگار کردووە.

89- مێژووی ماد ل ٢١٠، پێویستە بزانین کە یەکێك لە قەومە کۆچەرییەکانی ئاریایی "ئاریازێنت"ەکان بوون کە دواتر زمانەکەیان بە ڕیشەی زمانی هیندو ئەوروپایی و ئێرانی ناسراوە. ئەگەر ئاماژە بەوە دەکرێ کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانێ کاریگەری زیاتری لە سەر مادییەکان هەبووە، لەبەر ئەوە بووە کە ئاریازینتەکان لە ڕۆژهەڵاتی کەویر ژیابوون.

90- مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیك ل ١٨٦.



بە دوای ئەو ڕوونکردنەوەدا نادروستی وتەی هێندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەردەکەوێ کە دەڵێن قەومەکانی ئاریایی و مادەکان لە سەدەکانی ٩و ١٠ی پێش زایین هاتوونە سەر ئەو خاکەو لەسەدەی حەوتەمی بەر لە زایین دەوڵەتیان پێکهێناوە. لێرەدا مسۆگەر دەبێ کە مادەکان و لق و پۆپەکانیان (کوردەکان) چەند هەزار ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتە هەروەك پرۆفیسۆر ئیسپایزێریش ئاماژەی پێدەکا[91]، لەسەر ئەو خاكو وڵاتە بوون.

نووسەری ئەم کتێبە لەو باوەڕە دایە کە بێ هیچ گومانێك مادەکان جگە لەوەی لە "بین النهرین" حکوومەتیان هەبووە و پێشتر باسمانکردووە، لە ڕۆژهەڵاتی مادستانیش حوکمیان هەبووە و ئەو چیرۆکانەی ئێمە بەنێوی "ئەساتیر" لەسەر ڕابردووی دوور لە شانامەو ... دا دەیان خوێنینەوە، چیرۆکی خەیاڵی ئەفسانە نەبوون و پێشدادییەکان و مادەکان و مێتانییەکان و .. هەموو لەسەر مێژووی مادن، ئەگەر شکڵی مێژووشی بەخۆیەوە نەگرتووە بەو هۆیەیە کە ئەوکات مرۆڤەکان لەگەڵ نووسینو مێژوونووسی بێگانە بوون و خەت و نووسین لە قامووسی ژیانی کۆمەڵایەتیاندا نەبووە.

پرۆفیسۆر "مینۆرسکی V.Minorsky" بە دوای دەرخستنی ئەو بۆچوونە کە دەڵێ بۆ دۆزینەوەی ڕابردووی کوردەکان دەبێ لەنێو "پاختوەکان = بەختان = بهتان، بیت قردوحیان" دا بگەڕێین[92].

مینۆرسکی ئاماژە بە ڕیوایەتێکی شەرەفنامە دەکاو دەڵێ[93]: لە لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی ڕیشە و ڕەگەزی خەڵك و نەتەوە جوراوجۆرەکانی دنیا ناتوانین تەنیا بە باس لەسەر نێو و ڕیشەو ڕەچەڵەکی لوغەوی ئەوان قەناعەت بکەین، بەڵکو ئەو باسانە دەبێ لەگەڵ ڕاستییەکانی مێژوویی و جوغرافیاییش یەك بگرنەوە. هەروەها دەڵێ زمانی کوردان لەسەر بناغەو پایەیەکی قورس و قایم ڕاوەستاوە و بێ هیچ گومانێك لەبنەماڵەی زمانی لای باکووری

91- گوتوومانە کە ئیسپایزێر مادەکانی تا شەش هەزار ساڵ پێش زایین لەم مەڵبەندە ناسیوەتەوەو ناساندوونی.

92- لەمەڕ "پاختوەکان" کە چیرۆك و ئەساتیری کوردەکان زۆریان باس لەسەر کراوە (جزیرە و بۆتان) دیسان قسە دەکەین.

93- مینۆرسکی ئەو بۆچوونەی لە بیستەمین کۆنگرەی ناونەتەوەیی ڕۆژهەڵاتناسان لە ساڵی **١٩٣٧**ی ز کە لە بروکسێل پایتەختی بلژیك گیراوە بەیان کردووە.

رۆژئاوای زمانە ئارياييەكانی ئێرانييەكانەو ئەو جياوازييەی لەبەينی زمانی فارسی و كورديدا هەيە لەم جياوازييانەيە كە لە بەينی هەموو ئەو زاراوانەدا هەيە كە ريشەی هاوبەشيان هەيە[94].

جگە لەوەش مينۆرسكی ئيمانی بەوە هەيە كە زمانی كوردی لە دەورەی پێش مێژوو (دەورەی باستان = دێرين) دا پەيدا بووەو زمانی ماديش هەرچەند تەنيا چەند نێوی تايبەتمان لەبەردەست دايە لەگەڵ زمانی كوردی يەكن. ئاكامی مەسەلەكە دەبێتە ئەوە كە ريشەی كوردان تێكەڵاوێك لە تيرە كۆن و ديرينەكانی مەردەيەكان و كوردۆيەكانن كە هەر دووكيان بە زاراوەيەكی نيزيك لە مادی قسەيان كردووە[95].

بوونی پێوەندييەكی زمانی ئەوتۆ كە لێزانانی وەك مينۆرسكی لەنێوان دوو زمانی كوردیو ماديدا باسيدەكەن ديسان سەلماندنی ئەو بۆچوونەيە كە نووسەری ئەو كتێبە پێی لەسەر دادەگرێو بڕوای وايە هەردووكيان (ماد و كورد) يەك نەتەوەن، واتە ئاريايی يا هيندو ئەوروپايين.

بۆ ئەوە كە مادەكان بە ئاريايی و ئێرانی بوونی كوردەكان زۆر شاهيد هەن، بۆ وێنە لەنێو پاڵەوانان دا كەسانی بەنێوبانگ و تەنانەت لەنێو ئەوانە دا كە عاشقی مێژوون نموونەی جێگەی باس گەلێكن. هەروەك لە شەرەفنامە دا[96] هاتووە:

"پاڵەوانی فيلەتەنی ئێران، رۆستەمی زاڵ لە تايفەی كوردانە و لەبەر ئەوەی لە سيستان لە دايك بووە پێيان گوتووە رۆستەمی زابولی. بەهرامی چووبينە (دارينە)ش كە پاشاكانی كرت و غوور لە بنەچەكەی ئەون كورد بووەو تەنانەت پێشەنگی عاشقانی مەينەتبەش و كوێرەوەری

94- لە سەرەتای شەرەفنامە وەرگيراوە كە محمد عباسی نووسيويەتی ل ٣٣.

95- واسيلی نيكيتين لە كتێبی "كوردەكان و كوردستان" دا كە لە ساڵی ١٩٥٦ لە پاريس چاپيكردووە. بە باوەڕی نووسەر يەكێك لەو دەليلانەی كە لێكۆڵەرەوەكان نەيانتوانيوە جگە لە چەند وشە لە زمانی مادەكان وەدەست بخەن ئەوەيە كە نەيان ويستوە لەمەڕ مادەكان جيا لە لقەكانی ئەو (گوتييەكان، كورتیو ليلۆيیو كاسييەكان) موتالا بكەين و يا كراوەتر بڵێين نەيان ويستوە زمانێكيتر جگە لەوەی قسەيان پێكردووە و زمانی خۆيان بووە، بدۆزنەوە. وەك ئەوەيە ئێمە بۆ دۆزينەوەی زمانی ئيرانييە ديرينەكان، ئەو زمان و زاراوانەی كە تايفە جۆراوجۆرەكانی ئەو وڵاتە قسەی پێدەكەين وەلا بنێين و وەدوای زمانيكی تايبەت بە نێوی زمانی ئێرانی بكەوين.

96- شەرەفنامە، ص ٢٨ چاپی مصر



ديتوو فەرهادی كێو هەڵكۆڵێش كە لەسەردەمی خەسرەو پەرويز دا ژياوە و چيرۆكی ئەوينداری ئەو بەناوبانگە كوردە و لە تايفەی كەڵهوڕە كە لەكوردستانی ئێران و ئوستانی كوردستان (سنندج يا سنە) دەژين[97].

"ئەی عەليۆف" لە بابەتيكدا لەژێر سەردێری **"لەمەڕ كۆمەڵگای ماد IAN"** كە لە ساڵی **١٩٤٨** نووسيويەتی و لە ئازەربايجانی سۆڤيەت، سۆويەتی پێشوو چاپ بووە و دەبێ وەك زنجيرە بڵاو بوويێتەوە لە لاپەڕەكانی ژمارە ٨٦و ٩٠ی ژمارە ١٠ دا رای خۆی ئاوا دەربڕيوە: وشەی "ئاری بی" كە بەمانای عەرەبەكانی رۆژهەڵاتە، تەنيا جارێك لە نووسراوەكانی ئاشووريدا لەبارەی بەشێك لە قەومی ماد بەكار هاتووە و ئەو وشە لە دوو بەش پێك هاتوە، يەكيان "ئاری"و ئەوی دی "بی"يە كە دواگری عيلامی كۆ "بە"يە، بە واتايەكی ديكە ئارييەكان نێوی تەواوی ئەو خێڵانەيە كە بە دوو زمانی هيندیو ئێرانی دەناسرێنەوە. ناوبراو بەم ئاكامە دەگا كە مادەكان خۆيان بە ئاريايی نازانن. كەوابوو ئاريايی نەبوون و زياتر دەچنەوە سەر گوتييەكان و زمانی ئاريايی دواتر (لە سەدەی نۆی پێش زايين)ەوە چۆتە نێو ئەوانو بەر لەو كاتە هيچ بەڵگەيەك بۆ هەبوونی زمانی ئاريايی لەنێو مادەكاندا بە دەستەوە نييە. باش سەرنج بدەن يەكێك لە پرسيارەكان ئەوەيە كە لەبنەڕەتڕا مادەكان ئاريايی نين، چونكو ئەوانەی كە كوردەكان بە ئاريايی دەزانن بەو هۆيەيە كە كوردو ماد يەكن، بۆيە دەڵێن ئەگەر مادەكان ئاريايی نەبن، كوردەكانيش كە لەگەڵ ئەوان يەكن ناتوانن ئاريايی بن! راست بە پێچەوانە، هەرچەند نێوونيشانێكی ئەوتۆ لە وشە گەلێكی ئاريايی لە نێو مادەكاندا نابينين (ئەگەر هەشبێ ئەوەندە كەمە هەر بە نەبوو حيسابە) ديسانيش لەو باوەڕە داين كە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەموو كۆچەی كە وردە وردەو نۆبە بە نۆبە كراوە و لەگەڵ تێپەڕ بوونی ماوەيەكی زەمەنی زۆر بەسەر قەومەكانی ئارياييدا كورد و ماد هەر ئاريايين.

ميرزا عەباس ئيقبال ئاشتيانی لە كتێبی خۆی (مێژووی كۆنی ئێران) دا دەنووسێ: مادەكان لە سەردەمی حامورابی "**بخت النصر بابلی**" دا لە بين النهرين ناسرابوون و كەلدانييەكان ئەسپی باشيان لـێ دەكڕين[98].

97- كەڵهوڕەكان تەنيا لە ئوستانی كوردستان نيشتەجێ نين بەڵكو لە زۆر شوێنی كوردستاندا بڵاون و تەنانەت لە نێو تيرەی مەنگوڕيشدا لە دەوری مهاباد هەن و دەگەڵ ئەوانەی لای كرماشان و سنەش كەم و زۆر پێوەنديیان هەيە.و

ل.گ مۆرگانی فەرەنسەوی وێڕای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پڕبایەخ[99] ئاماژە بەو بابەتە دەکاو دەنووسێ: مادەکان دوو هەزار ساڵ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچەو لەبەر ئەوەی دەوڵەتی بەهێزی ئارارات یا ئۆرارتو لەسەر ڕێگایان بووە لە لای رۆژهەڵاتڕا هاتوونە ئێرە، دوایە بڕوای خۆی ئاوا دەردەبڕێ "**مادەکان نەوەی گوتییەکانن و چەند سەدە بەر لەم ڕێکەوتە چەند تیرەی جیاواز بە نێوەکانی کاسی یا کوسی و کاستی و ... لەو هەرێمەدا ژیاون.**"

تەوراتیش مادەکان بە کوڕی "یافپ"و لە نەوەکانی "مادائی" دەناسێنێ‌و "قامووس" کتێبی پیرۆز[100] خەریتەیەکی لە شوێنی دانیشتنی قەومەکانی دوای تۆفانی نوحی تێدایە کە لەو خەریتە دا لە باکووری دەریای سوورو رۆژهەڵاتی کەنداوی عەقەبە ناوچەیەکی بەنێوی "میدیان" دیاری کردوەو خەڵکی ئەو شوێنە بە "المیدیانین" لە ئەولادەکانی "حام" دەناسێنێ. لە نووسراوەکانی ئاشووریان دا وەك لەوحەی "تیگلات پلایزێر" شاری زاگروتی بە خاکی مادە بەهێزو گەورەکان دادەنێن‌و سەرداری میتانی کە لە یەکێك لە ڕاپەڕینە ناوخۆیەکان دا پادشای "ماننائی" بە نێوی "ئازا" کوشت بوو بە خەڵکی زاگروتی لە قەڵەم دەدا کە لەگەڵ

98- مادەکان بۆ عاملاندنی ئەسپ بەنێوبانگ بوون، هەر لەبەر ئەوە ئاشوورییەکان لەجیاتی باج و خەراج ئەسپیان لێ وەردەگرتن. لە دنیای کۆندا مادەکان بە ئەسپیان گوتووە "ئەسە ـ ئەی" دوایە لەژێر کاریگەری پارسی باستاندا "ئەسپە"یان پێ گوتووە بە وێنجەشیان گوتووە "ئەسپەست" بە مانای خواردنی ئەسپ. بۆ زانیاری زیاتر لەم بابەتەوە لەکتێبی B.Meissner.babylonische. P.Flanzemmane Z.A. VI **1891** لە لاپەڕەکانی ٢١٩و ٢٩٦ بڕوانە. پێویستە بزانین کە یەکەم جار وێنجە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شین بووەو بە وتەی دیاکۆنۆف چاندنی وێنجە دەگەڵ بەخێوکردنی ئەسپ هاتۆتە ئاراوە و تۆی ئەو گیایە لێرەوە بۆ باقی شوێنەکانی دنیا چووە. بۆ وێنە "حران تسیان" دنیاگەردی چینی لە ساڵی ١٢٦ی پێش زایین تۆوی وێنجەی لە "فەرغانە"ڕا بردۆتە چین و باکینیف (پیچورین) لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا کە بەنێوی (کۆی زانیارییەکان لەسەر قەومەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە دنیای کۆن دا) نووسیویەتی‌و لە ساڵی ١٩٥٠ لە موسکۆو لینینگراد چاپ بووە لەم بارەوە زۆر دەدوێ و دەڵێ بە وێنجەیان گوتووە گیای Madike و ئەوڕۆش پێی دەگوترێ Sativa L.Medicage.

99- کتێبی کۆمەڵگای باستانی (دێرین).

100- ئەو کتێبە نووسین و وەرگێڕانی "مێستێر هاکس"ی ئەمریکاییە.



میتانییەکان قەومێك بوون[101]. هەربۆیەشە کە هێندێك لە مێژوونووسان بڕوایان وایە وشەی "زاگرۆس" لە وشەی زاگروتی وەرگیراوە. پێویستە ئەوەش زیاد کەین کە بە قسەی سەلمانە سەرو توکۆلتی ـ ئینۆرتاو پادشاکانی دیکەی ئاشوور، خاکی زاگرۆس بە تەواوی دڵی نیشتمانی گۆتی بووە کە لە "ئورارتوی = (ئەرمەنستان) ڕا هەتا (کەموخی = کێوی طور عابدین) درێژەی هەبووە."[١٠٢]

لە هێندێك کتێبدا کە لێکۆڵینەوەکانیان سەرچاوەی زانستی هەیە و تەنیا لەسەر شك و گومان نەنووسراون[103]، هێندێك بابەت لەسەر پێکهاتەی یەکییەتییەکی دەخوێنینەوە کە لە سەدەکانی سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین لە بەینی تیرەکانی ماد دا هەبووە. هیرۆدۆت تیرەکانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە لە بەرگی یەکەمی مێژووەکەی و لە لاپەڕی ١٥١ دا ئاوا باسدەکا:

"بووسیان، پارتاکنیان، ئیستروخانیان، ئاریزانتینان، بودیان و موغەکان، کە لەوانە تەنیا پارتاکینان لە دەوری ئیسفەهان دەژیان کە ئاشکرایە ئێرانین و جیا لە مادەکانیتر دەژیان."

ئەو لێکۆڵەرەوانە دەڵێن تەنیا "ئاریزانتینان" پێناسەی روونی ئێرانیانی هەیەو دەبێ نێوەکەشیان لە وشەی ئێرانی وەرگرتبێ‌و ئاریایی بن. کاتێك زیاتر سەرنج بدەینە ئەو مەسەلە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە باقی تیرەکانی ماد ڕیشەی ئارییایان نەبووە و بەشی سەرەکی ئەوان لە گوتییەکان پێکدەهات، کاسییەکان... ئەوانیتر کە ئاماژەیان پێ‌کراوە بەر لە هەمووان زمانی نوێ و تازە داهاتوانی هیند و ئەوروپایی فێربوون کەچی وشەکانی ئامادی، مادای‌و

101- سەرنج بدەن کە پادشای ئاشوور کە دەگەڵ مادەکان و میتانییەکان (لقێك لە گوتی یا کورتی یا سادەتر بڵێین لقێك لە کوردەکانن) دەڵێ: مادەکان‌و میتانییەکان هەردوویان قەومێکن و لە یەك رەگەزن و لە ڕاستیدا ئەوە ئاماژە بەو ئەسڵەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ئەوەی باسمان کرد وتەی ئەمیرێکە کە هاوکات دەگەڵ ئەو قەومانە ژیاوە و شك لەوە دا ناهێڵێتەوە کە ماد و گوتی یەکن. باش ئەوەش لەوێ بمێنێ کە نێوی پادشای ماننائیش هەر کوردیە و "ئازا" بە مانای شجاعی فارسییە کە ئێستاش لەنێو کورداندا باوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

102- لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مێژووی کورد و کوردستان، نووسینی پرۆفیسۆر محەممەد ئەمین زەکی بەگ، وەرگێڕانی حبیب الله تابانی

103- وەك لێکۆڵینەوەی ا.م. دیاکۆنۆفو و.استروو ...

ماتای که هەموو به واتای مادەکانن زۆر زووتر لەوه لەو خاکەدا کەڵکی لێ وەردەگیرا.[104][105]

لەسەر بنەمای ئەو بۆچوون و وتوویژانەیه که هێندێك کەس هاتوونه سەر ئەو بڕوایه که ڕەنگه یەکێك له قەومەکانی یەکیەتی مادەکان له ئاریائییه کۆچەریەکانی دواتر بووبێ که به زمانی هیندو ئەورووپایی و ئێرانی ئاخاوتبن، ئەوانیش لەژێر کاریگەریی زمانی ئەو ئاریائییانەوه بووبێ که وردەورده لەرۆژهەڵاتڕا بەرەو رۆژئاوا دەسەڵاتیان پەیدا کردووەو زمانەکەشیان برەو پێداوه. ئێمەش دەبێ لەوه به ئاگا بین که زمانی مادەکان لەگەڵ زمانەکانی ئاسیای نێوەڕاست، پێوەندییەکی حاشاهەڵنەگری هەیه، یا به وتەی ا.م. دیاکۆنۆف و چەند لێکۆڵەرەوەیەکیتر، سەرچاوەی ئاریایەکانیش له ئاسیای نێوەڕاستدا بووه.[106] لێرەدا ئەو بیرو بۆچوونه دێته گۆڕێ که ئەگەر زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیه بڕۆین، دەگەینه ئەو مادانەی که ئاریایی نین و دەلیلی عەقڵیش ئەوه قبووڵ دەکا، چونکو هەموو ئەو بەڵگانەی به دەستەوەن ئەوه نیشان دەدەن که مادەکان بەر له چوار هەزاری پێش زایین له خاکی مادستان و کوردستاندا ژیاون و ئێمه ئەگەر مادەکان لەگەڵ ئەو قەومه کۆچەره ئاریایانەی خەین که له سەدەکانی نۆ تا حەوتی پێش زایین هاتوون دەبێ ئەوەش قبووڵ کەین ئەو مادانه جیا لەو مادانەن که له کۆنەوه بەپێی زۆر بەڵگه هەر لێره ژیاون. ئەوه شتێکه له وێنەی بۆچوونی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لەمەڕ کوردان که ناشێ دروستبێ[107].

هێندێك بەڵگەو شاهید هەن که له سەدەکانی ١٩و ١٨ی بەر له زایین تاقمێکی چکۆله له نژادی ئاریان یا هیندو ئێرانی له باکوور ڕا هاتوونه کوردستان و هەتا رۆژئاواش چوون و لەو ناوچانەدا جێگیر بوون. خانەدانێك لەوان حکوومەتێکیان به نێوی "مێتانی" پێکهێناوه که ناوەندەکەی له قەراغ رووباری "خاپور" بووه. ئەوه هەمان دەسەڵاتەکه بەنێوی **"کاردونیاش"**

---

104- مێژووی ماد ل ١٤٣

105- "سەرچاوەکانی ئاشووری و بابیلی له مێژووی ئورارتودا" له (ا.م.دیاکۆنۆف).

106- لێکۆڵینەوەکانی ا.م. دیاکۆنۆف. مێژووی ماد لاپەڕەکانی ١٤٥و ١٤٦.

107- له لاپەڕەکانی پێشتری ئەو کتێبەدا ئاماژەمان کرد که مینۆرسکی نووسیبووی، وێدەچێ کوردەکانی که پێشتر له کوردستان بوون جیا لەو کوردانه بن که دەگەڵ ئاریایەکان هاتوونه ئەم ناوچەیەو به رێکەوت ئەوانیش نێویان کورد بووه!!



دەناسراو یەکێك له چوار دەسەڵاتی بەتوانای ئەو سەردەمه بووه[108]. چاوخشاندنێك بەسەر ئەو بابەتانەدا نیشاندەدا که لەنێو ئاریایەکان یا کۆچەرەکانی دواتر، نەتەوەی کوردیشیان لەگەڵ بووه، ئەوەش ئەوه دەگەیەنێ که ئەگەر خەڵکی دی ئاریایی بوون، ئەو کوردانەی دەگەڵیشیان بوون هەر له نژادی ئەوان بوون. به لەبەرچاو گرتنی زمانی هەموو ئەو قەومانه که خۆی یەکێك له ڕێگەکانی جێباوەڕی سەلمێنەری گەیاندنی ئەسڵ و پەیوەست بوونی قەومەکان به یەکترەوەیه، وەك زۆر لێکۆڵەرەوه دەڵێن بۆمان روون دەبێتەوه که زمانی کوردی کۆنترین زمانی ڕەواجی ئەو خاکه بووەو زۆری ئاڵوگۆڕ بەسەردا هاتووه و بەرەو پێش چووه و له زمانی فارسی کۆن واته ئەو زمانەش که لەسەردەمی داریوشدا لەسەر بەرد پێیان نووسیوه زۆر کۆنتره[109].

دوکتۆر ئیسپایزێر له کتێبی خۆی دا دەڵێ: چوار تیرەی مەنزوومەی زاگرۆس که بریتین له (لیلۆ، گوتی، کاسی و شۆباری) هەرکام زمانی تایبەت به خۆیان هەبووه، سەرەڕای ئەوەی جیاوازییان لەبەیندا بووه لێك نیزیك بوون و کەس گەلێك هەر لەبەر ئەوه دەڵێن زمانیان ئاریایی بووه. کەچی ئێمه دەزانین ئەو زمانه ئێستا مەعلووم نەبووەو بەڵگەیەکی لەسەر نییه.

"دارمستتر"[110] دەبێژێ زمانی مادەکان هەمان زمانی ئەوێستایه، بەڵام چونکو زمانی مادی مەعلووم نییه ناتوانین لەگەڵ ئەوێستا بەرئاوردی بکەین. ئیسترابوون دەڵێ پارس و ماد زمانیان لێك نزیك بووه و بەباشی له زمانی یەکتر تێدەگەیشتن، وەك دەزانین ئەوڕۆش دوو زمانی کوردی و فارسی زۆر لێك نزیکن[111]. هەروەك ئەوڕۆ به پشتیوانی زانستی ئەتنۆگرافی، یا قەومیەت ناسی و جەدوەل و خشتەی چوارزمانەکه زۆربەی مێژوونووسان به ڕاشکاوی

---

108- سەرنج بدەنه نێوێکی بۆ حکوومەتەکەی خۆیانیان داناوه له وشەی قەومی خۆیانیان وەرگرتووه که کورده (کاردونیاش) بێگومان ئەگەر وانەبا به نێوی بنەماڵەی خۆیانیان دەکرد.

109- مێژووی ئاشوور، سێرسیدنی ئیسمیت.

110- نووسەری کتێبی لێکۆڵینەوه له ئێراندا. نووسەر لێرەشدا دەچێته سەر ئەو تەوزیحاتەی پێشتر داویەتی، بەو مانایه که زمانی مادەکان، زمانی ئەو قەومانه بووه که پێکهێنەری مادەکان واته کاسیو لولو و شوباری، بەڵام چونکو لێکۆڵەرەوان بۆ ناسینی زمانی مادەکان به دوای زمانێکی سەربەست دەگەڕێن، تا ئێستا نەیانتوانیوه له چەند وشه زیاتر بدۆزنەوه که ئەوانیش ئەگەر بڕێك ورد بینەوه وشەی کوردین.

111- جوغرافیزانی یوونانییه که له سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی ژیاوه و کتێبی ئێرانی قەدیمی نووسیوەو له ئێرانیش مردووه.

ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن زمانی مادەکان عەینی زمانی کوردی موکرییە[112] و زەند و ئەوێستاش کە بە زمانی مادی نووسراون، ئەوەندە وەك زاراوەی کوردی موکری دەچێ کە مرۆڤ دەتوانی بڵێ زمانی ئەوێستاو زەندی زەردەشت هەمان زمانی موکرییە[113].

زمانی باوی پێش ئیسلام لەئێراندا زمانی پەهلەوی بووە. ئەگەر کەسێك بخوازێ لێی حاڵی بێ ئەوە بەسە کە زبانی کوردی یا لوڕی بزانێ. ئەوانەی گوتران زیاتر لاوەکین کاتێك بە شێوەی ڕەسمی باس لە مێژووی دەوڵەتی مادو پێکهاتنی بێتە گۆڕ هەمموو شت وەك ڕۆژ ڕوونە. لە هەموو مێژووە کۆنەکان[114] دا نووسراوە "نینە" پادشای ئاشوورو کەلدە لە سەدەی ٢١ی پێش زایین لەگەڵ دەوڵەتی ماد شەڕی کردووە و ئەوی شکاندوە و دوایەش کوشتوویە. تەنانەت لە سەردەمی سارگۆنی دووهەمیش دا (٢٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین) مادەکان لە مادستان نیشتەجێ بوون.

لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەیە کە ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین مادەکان بەشێك لە تیرەکانی هاونژادی خۆیان واتە تیرە جۆراوجۆرەکانی کورد بوون و هەر لەسەرەتاوە لە لای یەکتر ژیاون و بە چەشنێك تێکەڵبوون کەجێگەی هیچ باسێکیتر ناهێڵێتەوە. بەواتایەکیتر هەرکات یەکێك لەوان هێزی وەدەست دێناو دەسەڵاتێکی بەنێوی خۆی دادەمەزراند بە قیمەت بووا یا بە هیمەت ئەوانی دیکەی دێنا ژێر ڕکێفی خۆی. مادەکان لە دەورەکانی پێشتردا هەلێکی وایان بۆ نەڕەخسابوو، سەرەڕای ئەوەش کە چەند حوکمڕانێکی بچووکی ناوچەیی وەك دەسەڵاتی "تووس یا تووسە"یان هەبووە کە یونانییەکان "دیووکس"یان پێ‌گوتووە، هەروەها لە ناوچەی چکۆلەی "بەلخ"یش سەرۆکی هێندێك لە مادەکان بووە[115]. هەتا سەدەی ٢١ی پێش زایین مادەکان لەتاقمەو دەستەی گچکەدا دەژیان و تا ئەو چەرخە (٢١ی پێش ز) هیچ ئاسەوارێك لە بەرخودان و بەرهەڵستی سیاسییان بەرچاو ناکەوێ. بەڵام لە سەردەمی بەر لە پێشدادییەکان لە دەوروبەری ٣٣٤١ی بەر لە زایین و تەنانەت بەر لەو ڕێکەوتەش واتە لە سەردەمی سارگونی

112- جوغرافیازیاتر لە کوردستانی موکری لەکتێبی "لێك دانەوەی وەزعی سروشتی،ئابووری‌و مرۆیی کوردستان" لە نووسینی نووسەری ئەو کتێبە بڕوانە.

113- نووسراوەکانی میستێر هواردو دارمستترو ... بخوێننەوە.

114- وەك مێژووی نەتەوەکانی باستانی (دێرین) ڕۆژهەڵات، جاماسب نامە، نووسینی جاماسب هەورامی، مێژووی باستانیی هەورامان، لە نووسینی مەلا شەریف قازی و مێژووەکانی یۆنان و ئاشوور.

115- پێویستە بزانرێ کە ئەو "بەلخ"ە جیا لەوەیە کە هەر بەو ناوە لە ماوراالنهری ئەورۆدا هەیە.



ئەوەڵ (٣٨٠٠ی پێش زایین) و دوای پێشدادییانیش تا سەدەی ٢١ی پێش زایین کوردەکان لە کاروباری سیاسیدا چالاکی بەرچاویان بووە و هەروەك دەزانین دەسەڵاتی جۆراوجۆریان پێك هێناوە و توانایەکی زۆریان لەو مەڵبەند و ناوچانە وەدەستهێناوە و دەوڵەت و وڵاتانی وەك سومێر و ئاکادیان تێکشکاندوە و خستوویانەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

پێشدادییەکان کە بە ڕەگەز عەرەب بوون و زوحاکی ماربەشانیش یەك لەوان بووە، وردە وردە بەرەو لاوازی چوون و مادەکان و پارسییەکان لە سەدەی ١٣ی پێش زایین ڕا بۆخۆ ڕزگار کردن لە دەستیان لە بیری چارەسەری دابوون، کەوتنە بەر هێرشی ئاشوورییەکان و بۆ ڕزگاری خۆیان لەم دۆخە پڕمەترسییە هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە فەرماندەرییەکی هاوبەش پەیدا کەن، بە وتەی "ئەکتریاس"[116] بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر باری پێشدادییەکانیش بێنە دەر، دوای مردنی "گرشاسب"ی دوایین پادشای ئەوان لە ٩٠٢ی پێش زایین لاواز ببوون، هەروەها هێزی پێویستیش بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر هێرشی پەیتا پەیتای ئاشوورییەکانیش وەدەستبێنین. ئەوە لە حاڵێك دابوو کە هیچ کام لە ئەمیرەکانی پێشدادی پشتیوانیان لە ئەفراسیاب نەدەکرد کە مرۆیەکی دڵڕەق و توندو تیژ بوو. مادییەکان و پارسییەکان "کەیقوباد"ی کوردیان بە فەرماندەی خۆیان دیاریکرد کە بۆ لێوەشاوەیی‌و کارامەیی بەنێوبانگ بوو. با ئەوەش بزانین کە ماد بوونی کەیانییەکان بە تەواوی ڕوونو ئاشکرایە.[117]

116- ئەفراسیاب کوڕی زادشم، کوڕی توور، کوڕی فەرەیدوون، کوڕی ئابتین، کوڕی جەمشید پێشدادی بوو. تووریش دەگەڵ براکەی کە سەلمی ناو بووە لە دایکێرا نەوەی زوحاکی عەرەب بوون، بەڵام براکەی دیکەیان کە ناوی ئیرەج بووە لە ئیراندوخت بووە لە نژادی تەهمورسە.

117- یۆنانییەکان بە کەیقوبادیان دەگوت "ئارباس یا ئارباکس"ی کورد. هەر لەو کاتدا بە فەرەیدوونیشیان هەر گوتووە "ئارباس" یا "أباس" بەڵام لەقەبی کوردیان نەداوەتێ، بە کەیقوبادیشیان گوتووە کورد. ئەو سەرۆکی هۆزێکی ماد بووە بەنێوی "لوس = بورز" کە لە مازەندەرانێ ژیاون، مازەندەرانیش تا ئەو دوایانە کوردنشین بووە. پێشتر ئاماژەمان پێکرد جیمز موریە Mories ساڵی ١٨١٢ی زایینی لە لاپەڕی ٣٥٧ی بەرگی دووهەمی گەشتنامەی خۆیدا نووسیویەتی: "لە ٣١ی مانگی ئووت خەڵك لە دەماوەند جێژنێکیان بۆ یاد کردنەوەی نەجاتی ئێرانییەکان لە دەستی زوحاك دەگرت کە پێیان دەگوت "عیدالکردی". هێندێك لە مێژوو نووسان وەك عەللامە محەممەد مەردووخ کوردستانی بڕوایان وایە کە نێوی "ئەلبورز" لەنێوی خێڵی "بورز" وەرگیراوە بەڵام عەرەبان دووپیتی الف و لام واتە حەرفی تەعریفیان لێ زیاد کردووەو بۆتە ئەلبورز. ئەو کێوە وەك لە ئەوێستادا هاتووە لە لای مادەکان زۆر پیرۆز بووەو دەڵێن یەکەم توێژی "ایزدان" یا خواکان

یەکەمین شەڕی ئێران و توووران لە نێوان تیرەکانی ماد لە لایەك و زابلستان و کابلستان لە لایەکی دی بە سەرکردایەتی کەیقوباد لەئێران و ئەفراسیاب لە توووران روویدا و رۆستەم پاڵەوانی بەناوبانگ کە لە مێژووی ئێرانی کۆن و شانامەدا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە هەر لەم شەڕانەدا ناوی دەرکرد کە لەگەڵ مێهراب سەرداری کابولی، قان و کشواد سەردارانی مادستان لەگەڵ توورانییەکان شەڕیان کردووە و کەیقوباد لە بەلخێرا گەڕاوەتەوە ئیسفەهان[118] و ماوەیەك ئەوێی کردوتە پایتەختو دوایەش چۆتە شاری هەنگاماتانا "هەمەدان" کە بە پێی نووسراوەی لێکۆڵەرەوان لە لایەن "شمارمی یا سمیرامیس[119]"ی شاژنی کەلدە بنیاتنراوە، دوای هێندێك دەست پێداهێنان و نوژن کردنەوەی بنەڕەتی و گرینگ ئەوێی کردۆتە پایتەختی هەمیشەیی خۆی. لە سەدەی ١٢ی بەر لەزایینیشدا شاری هەمەدان بە نێوی "هەنگمادان" بە واتە شوێنی کۆبوونەوە نێوی هاتۆتە گۆڕ، دیارە بە هەنگاماتان و هەنگاماتانە و هەنگمتانیش نێو بردراوە، یانی هێندێك خوار و خێچ کراوە، هەروەك (احمد رفیق)یش بە کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی هەخامەنشی هادای بە ماتای و ئاماتای نووسیوە[120].

لە کورتی بیبڕینەوە، برەوی قسەی قەومەکانی ئاریایی یا هێرشکەران و کۆچەرانی دوایی و شوێن دانانی لەسەر قەومەکانی مادو کوردو... کە لە خاکی ئامادای و کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەوەندە توندو بەپەلە جێی خۆی کردەوە کە زاراوەکانی پێشوو و نێوی شوێنەکان و کەسەکانی خێرا دەگۆڕانو شێوەی ئاریاییان بەخۆوە دەگرت.[١٢١]

وەك پێشتر ئاماژە کرا ئەو کاریگەری و ئاڵوگۆڕە زیاتر لەرۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا مەیسەر بوو و لەژێر کاریگەریی ئەوئاڵوگۆڕەو بەرەو پێش چوونی زمانی و فەرهەنگی و لە

---

لە لوتکەی ئەلبورزن کە بە سواری ئەسپی توندڕۆ پێش تیشکی خۆرەتاو دەکەونەوە و بەرەو ئێران دەچن. ﴿ بۆ کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە لاپەڕی ١٦٢ی بەرگی یەکەمی کتێبی کوردو کوردستان و دەوروبەری نووسینی علامە محمد مردوخ بڕوانن.﴾

118 مێژووی ئێران، سرجان مەلیکۆم ل ١٦ و مێژووی کوردستان، لەمەردوخ لاپەڕەکانی ١٦٢ ـ ١٦٣.

119- مێژووەکانی وەك کورد و کوردستانی مەردوخ، خانەدانی ئاریایەکان مظفر زنگنە و مێژووی ریشەی نژادی کورد نووسینی ئیحسان نووری پاشا.

120- مێژووی گشتی، بەرگی یەکەم، بەشی ئێران، نووسینی بوستۆن.

121- مێژووی ئێرانی باستان (دێرین) نووسینی مشیرالدولە پیرنیا لە لاپەڕی ١١ دا دەنووسێ: ئاریایەکان لە دەوری ٢٤٠٠ی بەر لەزایین زمانی هاوبەشیان هەبووە.



هەموویان زیاتر وشەی ماد و مادای و ئامادی بە پیتی (ی) نیسبەتەوە تێکەڵاوی زمان و نووسراوەکان بوو. لە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕەدا، گۆتی، مادی، کورتیو ئامادی و ... لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە. ئەو بەینە ئەوەندە زۆر بوو کە دوو لقی هاونژاد و هاوڕیشە کە بە یەك قەوم دەناسران ئەوەندە لە یەکتر دوور کەوتنەوە کە وەك دوو قەومی جیا لەیەك ناسران. دوای ئەوە بوو کە مادەکان وەك دیاردەیەکی نوێ و جیا لە قەومەکانی گوتی و کورتی (کوردەکان) کەوتنە ژێر سەرنج و توێژینەوە، کە ئەوە هەڵەیەکی تەواو بووە و ئێستاش هەڵەیە. توێژینەوەی دۆخی دواتری مادەکان و خاکی ئەوان کە لە بواری بەڵگەی حەوسەت ساڵ پێش زایین بەم لاوە، دەوڵەمەندترە ئەو روانگەیە دەسەلمێنێ. لەئاکامدا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ کە لەم سەردەمەدا کە کاتی هاتنە ئارای مێژوو و پێکهاتنی دەسەڵاتی بە تواناو دەست رۆیوی مادەکانە﴿ بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە توانی حکوومەتێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی وەك ئاشوور کە ئیمپراتۆرێکی زۆر بەهێز بوو لەناو بەرێ و بەنەهێشتنی "نەینەوا"ی پێتەختیان جگە لە نێو چیتریان بۆ نەما.﴾ خاکی ئەو مادانەش وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە ئیختیاری گوتی، لیلۆ، گلیۆ یا گیلەك، کادوسیو کاسپییەکاندا بووە کە بە تێکڕا لەگەڵ گۆتییەکان و کاسییەکان خزمایەتیو نیزیکیان هەبووە، هەروەها مەردا یا ئەمەردەکان کە تا رادەیەك سەحرانشین بوون، لەگەڵ گۆتییەکان و لیلۆییەکان هاو ڕیشە بوون و بە زمانی ئەوان قسەیان دەکرد. ئەو خەڵکە لە وڵاتی ماننناو کێوەکانی قزل بوندا Gzel Bunda (باشووری دەریاچەی ورمێ یا لە چیچست و مەڵبەندی موکریانی ئەمڕۆ و ئازەربایجان و کەنارەکانی دەریای خەزەر (کاسپین)و نیوەی خوارووی قزل ئوزون و ناوچەی رۆژئاوای ئیسفەهان کە ئەویش شوێنی هێندێك چادرنشینی نیشتەجێ کراو کە کاسی یا لوڕەکانی ئەوڕۆ بوون ژیانیان دەبردە سەر. لە تەواوی سەردەمی دێریندا فەرهەنگی زاڵ و شارستانیەت هی گەلی "ماننا"و دانیشتوانی دەوروبەری بوو.

نیزیك بە ٧٠٠ ساڵ بەر لە زایین کە وڵاتی ماد پێکهات خەڵکەکەی هەر لیلۆیی گۆتییەکان و تا رادەیەکیش ئورارتوئییەکان و هورییەکان بوون کە پێشتر باسمانکردوون. ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەو هۆزانەی زۆرجار نێویان هاتوە باشتر بناسینو شوێنی ئەوان لە مێژوودا دیاریبکەین. بۆیە بەو تەرتیبەی کە لە لاپەڕەی مێژوودا خۆیان دیوەتەوە باسیان دەکەین.

## لیلۆیی یا لیلۆییەکان:

کۆنترین ئاسەوارێك کە لەودا لەسەر ئەو قەومە دەدوێ کە یەکێك لە هۆزەبنەڕەتییەکانی کوردن و لە تایفەکانی مەنزوومەی زاگرۆس یا قەومەکانی میزۆپۆتامیان[122] ئەو شوێنەوارەیە کە ئەورۆ وەك بەڵگە بە دەستمانەوەیە، نووسراوەی "نارام سین Naram Sin"ە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵی بەر لەزایین. لەم لەوحەدا نارام سین باسی سەرکەوتنەکانی لەخاکی "لیلۆیی" دەکا کە لە دەوروبەری رووبارەکانی دیجلە و دیالە بووە، هەروەها تێکهەڵچوونی خۆی لەگەڵ هۆزەکانیتریش باس دەکا. دیارە ئەوە بەڵگەیەکی روون و زیندووە، بەڵام بەر لەو رێکەوتە واتە لە ٢٧٠٠ی بەر لەزایینیش ئاماژەیەك بەوە کراوە کە سارگۆنی یەکەمیش لەگەڵ ئەو قەومە بەشەڕ هاتووە.

ژان دومۆرگانی فەڕەنسەوی لە نووسراوەیەك[123] دا وێڕای ئاماژە بەم لەوحەی نارام سین دەڵێ: پادشای بە دەسەڵاتی ئیلام بە نێوی "شوترۆك ناحونتە Shoutrouk-Nahhunte" لە دەوری ساڵی ١٢٠٠ی پێش زایین لەو بەردە نووسراوەی کە شاری "سیپ پار" لە دەوروبەری بابێل بووە بەنیشانەی سەرکەوتن بردۆتە شاری "شووش"ی پایتەختی خۆی.

هێندێك شوێنەواری دیکەش لەو قەومە جێ‌ماون کە زۆر روونن، لەوانە دەتوانین ئاماژە بەو خریتەی "ئاننوبانینی Annoubanini" پادشای لیلۆیی بکەین کە لە خزمەت خوای ئیشتار راوەستاوە. ئەم نەقشە لە سەرپێلی زەهاوی ناوچەی کرماشانە و لە نووسراوەیەکی کە لێی هەڵقەندراوە نووسراوە: ئانتۆ بانینی پادشای خاوەن دەسەڵاتی لیلۆیی وێنەی خۆی و خوای ئیشتاری لە کێوی "باتیر Batir[124]" کێشاوەو هەر کەس ئەو نەخش و نیگارەو لەوحەی لەناوبەرێ بەر لەعنەت و بێزاری "ئانۆ" ئانوتوم و بێل، بلیت و رامان، ئیشتار و سین و شمش‌و ... کەوێ‌و، دوابراو بێ و قەت کەسی نەمێنێ.(١٢٥)(١٢٦)

122- قەومەکانی میزۆپۆتامیا، نووسینی ئیسپایزێر Speiser.

123- T.i.P 144 Memories de la Delegation en Parse(بیرەوەرییەکانی لێژنە لە ئێران)و.

124- باتیر یا پادیر نێوی قەدیمی زەهاو بووە کە بە بڕوای رەشید یاسەمی دەبێ لە وشەی مادیی "باتوور" وەرگیرابێ کە بە مانای خاکی نەوییە، چونکو زەهاو لەچاو خاکی دەوروبەری خۆی نەویترە.

125- Manuel d’Arch Ori D=G Conteau 1.p.**763**

126- کتێبی کوردو هاوپێوەندی رەگەزی‌و مێژوویی، لە رەشید یاسەمی ل ٢٦.



خاکی لیلۆییەکان وەك پروفیسۆر ئیسپایزێر نووسیویەتی بریتی بووە لە بەشێکی زۆر لە چیاو بەرزاییەکانی سەرووی دیالە تا دەگاتەوە دەریاچەی ورمێ و سەرەوەتر بەرەو باکووری رۆژئاوا. ئەو بۆچوونەی ناوبراو لە لایەن تاقمێك لە خاوەن ڕاو روانگەوە وەباڵی بۆ کێشراوە. هەروەك بەڵگەکانی سەردەمی سارگون و نارام سین و ئاکادیش دان بەوە دادەنێن و دەڵێن خاکی لیلۆ دەگەڵ کاسای و ئورانا هاوسنوور بووە[127]. ئەو مەڵبەندە بە پێی لەوحەی "ئاننوبانینی" والی لیلۆو گوتی لە ٢٨٠٠ی بەر لە زایین بریتی بووە لە ناوچەی زەهاو و یازەکان و بە قەولی عەرەبەکان "حەلوان"، شارەزوور و سلێمانی، هەروەها بەشێك لە سوریە[128]، بەڵام هیچ نیشانەیەك لە کاتی هاتنیان بۆ ئەم مەڵبەندە بەدەستەوە نییە، ئەوەش خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە کە ئەوانە هەر لە بنەڕەتڕا خەڵکی ئەم شوێنە بوون. شێخ **محمد** مەردووخ شوێنی لیلۆییەکان بە "لیلۆبوم" دەنووسێ کە لە بەینی کرماشانی ئێستا و بەغدایە دا بووە، بەڵام بە "لیلۆم" نێوبانگی دەرکردبوو[129].

هێندێك بۆچوون باسی ئەوە دەکەن چەند پادشا و ئەمیری ئاشوورییەکان لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەی پێش زاییندا لە قەومی لیلۆیی بوون.(١٣٠)(١٣١) پرۆفیسۆر ئیسپایزێر لە کتێبی **"قەومەکانی میزوپۆتامیا"** دا لەوەشی زیاتر گوتووە و دەسەلمێنێ کە لیلۆییەکان بەر لە سارگونی یەکەمیش پاشایەتیان کردوە، هەروەها دەڵێ لە سەردەمی سارگۆنی یەکەمدا پادشاکەیان پیاوێك بووە بە نێوی "لاسیراب[132]"و پێش ئەویش پادشاکەیان "ئیماشکوش

127- A. Speiser. Mesopotamian Origins. Phciadelphia 1930 قەومەکانی میزۆپۆتامیا ئیسپایزێر، فیلادلفیا، بابی چوارەم و E. R. Lacheman: nuzi Geographical Names نێوەکانی جوغرافیایی، نووسینی ای.ار.لاچمن لە لاپەڕی ٢٣ بە دواوە. B.A.S.O.R. NO. 78. 1940

128- کوردستانی باشوور، مقالەیەکە لە ساڵنامەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن پرۆفیسۆر ئیسپایزێرەوە نووسراوە.

129- مێژووی کوردو کوردستان، **محمد** مەردووخی کوردستانی ل ٦٠.

130- کتێبی قەومەکانی میزوپوتامیا، نووسراوی ئیسپایزێر Spaiser.

131- شوێنەواری دۆزراوە لەمەڵبەندی کەرکووك (دەربەندی گار ـ کێوی قەرەداغ) وەك لەوحەی نارام سین پادشای ئەکاد کە لە لایەن میجێر ئیدموندس دیتراوەتەوە و لە گۆڤاری "ژئوگرافیك ژورنال Jeografic jurnal" چاپکراوە.

132- قەومەکانی میزوپۆتامیا لە نووسینی پرۆفیسۆر ئیسپایزێر ل ٩٩.

"Immash Kush"[133] نێویێك بووه. میستێر "هول"یش له کتێبی خۆیدا که لەژێر سەردێری **"مێژووی کۆنی رۆژهەلاتی نیزیك"** نووسیویەتی کە هەر ئەو روانگەیەی هەیە.[134]

لیلۆییەکان هەر لە سەرەتاوە توانای ئەوەیان هەبووە رێگاکانی کاروان رۆی بابیل و دەوروبەر بگرن و زۆرجاریش لەسەر ئەم دەست درێژیانە دەکەوتنە بەرهێرشی ئاشووری و بابیلی و ئاکادییەکان. ئەو رێگایانەی کە ئێستاش بە کفریو کەرکووكو ئالتوون کۆپریدا تێدەپەرن.

ئیدمۆنس لە "سوسنیان Sosniyan" هەلکەوتوو لە دەربەندی "گور Gour یا گاور" دەرەی قەرەداغی بەینی سلێمانیو ربات لەوحەیەکی دۆزیوەتەوە کەلەودا سەرکەوتنی "نارام سین"ی والی ئاکادی بە سەر قەومی لیلۆ باس کراوە کە لەسەدەی ٢٨ی پێش زایین دەسەلاتی کردوە. پادشای لیلۆییەکان لەو کاتدا "تاردونی Tarduni" کوری "ئیکی Ikki" بووە کە لەوحەیەکی بە زمانو خەتی ئاکادی هەیەو لەو نووسراوەدا داوای هاریکاری لە خواکانی شمش و "ئەداد" دەکا.[135]

پرۆفیسۆر ئیسپایزێر شاری "ئارکەدی" بە ناوەندی ولاتی لیلۆ دەزانێ و دەلێ: "زیمیری Zimiri یا زاموا" نێویێکە کە بە خاکی لیلۆییەکانیان گوتووە. بابەتێکی سەرنج راکێش کە لە کتێبی پرۆفیسۆردا بەرچاو دەکەوێ، ئەویش هەلەیەکە کە لەباسی شەرەکانی ئاشوور لەگەل لیلۆیەکاندا کردوویەتی، ئەو وێرای باسێکی درێژ لەمەر سەرکەوتنەکانی ئاشوور و گرتنی شارەکانی لیلۆیی دەنووسێ: "ئامیخا Aimikha" پادشای لیلۆ، سوپای خۆی بۆ کێوەکانی چیا برد، وشەی چیا لە کوردیدا بە مانای کێوو کۆسارەن وەرگێردراوە لزگەکەی ئەو دەبێتە "ئامیخا لەشکری خۆی بردە (کێوەکانی کێو) کە ئێمە لە کوردستان و کوردیدا شتی ئاوامان نییە. بۆیە دەبێ مەبەستی بووبێ بلێ: ئامیخا کاتی پاشەکشە، لەشکری خۆی کێشابۆوە بۆ چیاکان.

---

133- کتێبی زنجیرە سەلاتینی ئیلام لە ئاوان و سیماش، کە ساڵی ١٩٣١ لە گۆڤاری ئاشوورناسی چاپی پاریسدا نوسینی شیل Sheilبلاو بۆتەوە.

134- کتێبی زنجیرە سەلاتینی ئیلام لە ئاوان و سیماش، کە ساڵی ١٩٣١ لە گۆڤاری ئاشوورناسی چاپی پاریسدا بلاو بۆتەوە.

135- کتێبی زنجیرە سەلاتینی ئیلام لە ئاوان و سیماش نوسراوی شیل Sheil لە گۆڤاری ئاشوورناسیدا بلاوبۆتەوە.



دوو کێوی کوشبورا Kew shbura"[136] و "سیکورابی Sikurabi" کە "بخت النصر Nabucho dnosar" لە ساڵی ١١٠٠ی بەر لە زایین ئاماژەی پێکردووە، لەسەرخاکی لیلۆیی بوون و دایم لەژێر هێرشی کاسییەکان و گوتییەکان و سوبارییەکان دابوون.[137]

زۆربەی ئاسەوارناس و رۆژهەلاتناسەکان لورەکانی ئەورۆ بە ئەولادی لیلۆیەکان دەزانن و پرۆفیسۆر ئیسپایزێرو المستید بە دڵنیاییەوە ئەو بۆچوونەیان مسۆگەرە. هەرچەند هێندێك مێژوونووسی وەك ئیحسان نووری دەلێن: چونکو لورستان لەسەر ئەنزان بووەو لەکۆنەوە کوسۆکانی لێ نیشتەجێ بوون کە تا سەرەتاکانی زایینیش هەر لەوێ بوون، لیلۆبوونی لورەکان وەراست ناچێ کە بە بروای نووسەر ئیحسان نووری زیاتر سەرنجی داوەتە ساڵەکانی دوای زایین.

ا.م دیاکۆنۆف لێکۆڵەرە و نووسەری مێژووی ماد دەنووسێ: لە زمانی هوریاندا لیلۆ بەوانە دەگوترا کە لە کوێستانەکان دەژیان، لە زمانی "ئورارتوئی"یشدا لیلۆ بەمانای بێگانەو دوژمنە.[138] گەلۆ "لیلۆ" نێوی تایبەتیی ئەو قەومەیەو دواگرو عەلامەتی کۆو بە تایبەتی کۆی عیلامی وەك (مە= لیلۆمە)، یا کۆی "ئاکادی" (ا و م = لواوم)ی لێ زیاد کراوە، ئەگەر ئەو نێوە لەگەل دواگری (پوم ـ بوم" بێن بە مانای خاك و ولاتە وەك لیلۆپوم یا لیلۆبوم.

دیاکۆنۆف بە بەدەستەوە بوونی لەوحەی "ئاننوبانینی Annu banini"ی سولتانی لیلۆ لە سەرپێلی زەهاو کە پێشتر باسی کرا لەسە ئەو باوەرەیە کە لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین، لیلۆیەکان دەسەلاتیان هەبووەو لە کۆمەلگایەکی چینایەتیدا ژیاون.[139]

زمانی لیلۆییەکان لقی زمانی ئیلامییە و ئەو ناوە تایبەتییانەی لەنێویاندا باو بووە بەلگەی ئەو مەسەلەن.[140] ئەوەش جگە لەو وێکچوونەیە کە لەبەینی زاراوەی ئەو زمانەو زمانی "هوری"یەکاندا هەیەو پروفیسۆر ئیسپایزێر ئاماژەی پێدەکا.

---

136- لێرەدا دیسان وشەی کێو کە بە Kew نووسراوە سەرنج راکێشە، کێو لە زمانی کوردی راست هەر مانای کوە فارسییەو لە زمانی پەهلەویشدا هەر ئەو مانایەی هەیە، ئایا کوشبورا هەمان کێوی "شبورا" نییە؟

137- شەرحی کۆڵەکەی سەرکەوتن لە شێخان نووسراوەی شیل ساڵنامەی ئاشوور نسایرا پالی دووهەم.

138- مێژووی ماد ل ١٠١.

139- هەمان سەرچاوە.

140- لێکۆڵینەوەی هولسینگ Hollising لەسەر قەومەکانی میزوپۆتامیا.

جلوبەرگی لیلۆیی تا رادەیەك وەك هی ماد و کاسییەکان بووە، وەك لە لەوحەی ئانتوبانینی و کەتیبەی نارام سین دەردەکەوێ جلوبەرگیان بریتی بووە لە بەرگێکی سووکەلەو داوێنی ریشوودارو پێستێکی بەڵەکیشیان بەسەر شانی خۆیان داداوە. سولکیان تەخت بووە. لیلۆییەکان ریشی کۆرپەو قژی درێژ و هۆنراوەیان هەبووە. دوایە مادەکان و پارسییەکانیش لاسای ئەوانیان کردۆتەوە. (ئەوەش لەسەر ئەوە سوورمان دەکا کە مادەکانیش لە هۆزە جۆراوجۆرەکانی ئەو قەومانە و هەموویان ریشەیان یەکە و یەك نەتەوە بوون.)

بە پێی ئەو بەڵگانەی هەن دەتوانین بێژین دابونەریتی لیلۆییەکان زۆر وەك دابونەریتی مادەکانی ئەو سەردەمە بووە[141] هەروەك ئاشوور ناسیرپالی پادشای ئاشوور ئاماژەی پێکردووە کە ئەوان خەڵکێکی مەدەنیو سەنعەتکارانێکی کارامە بوون، لەم بوارەدا ئەوەندە لەپێش بوون کە بۆکاری پیشەسازی لە لایی دەسەڵاتەکانی دیکە دادەمەزران.[١٤٢]

## گوتی یا کوتییەکان:

لێرەدا پێویستە باسێك کە پێشتر لەمەڕ کوتی و گوتییەکان کردمان دووپات کەینەوەو بڕوای خۆمان لەسەر ئەو هەڵەی کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان کردوویانە و گۆتییان بە یەکێك لە مەنزوومەکانی زاگرۆس یا قەومەکانی میزۆپۆتامیا لە قەڵەمداوە، دەربڕین. شتێکی کە سەرنجی منی راکێشاوە ئەوەیە کە ئەوان سەرەڕای ئەوەی شك و گومانیان پێوە دیارە لەسەر بۆچوونەکانیان پێ‌دادەگرن.

مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی کە خۆی لە لێکۆڵەرەوە خاوەن بۆچوونەکان و کوردناسێکی کوردە، لەو بوارەدا ئاماژە دەکاو دەڵێ: زۆر لە زاناو رۆژهەڵاتناسانی ئینگلیزیو فەرەنسی و ئەمریکایی لەم بابەتەوە زۆریان هەوڵداوە بەڵام ئەوەیان دەرنەخستووە کە بەر لەوەی کوردان بێنە خاکی ئەورۆی کوردستان، هێندێك کوردیتر لە نژادی ئاریا لەم ناوە بوون، کاتێك ئەم کوردانە گەیشتنە وێ دەگەڵیان تێکەڵ بوون و چونکو یەك رەگەز بوون نەتەوەیەکیان پێکهێنا.[١٤٣]

141- لە E.herzfeld: Iran in the Ancient Eas Pl. Lxx VI – SPA/IV/Pl. 90 بڕوانە.

142- هەمان سەرچاوە.

143- کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتن، لە نووسینی حسێن حوزنی موکریانی، ص ٩٠، دیارە ئاماژەیە بۆ وتەی مێنورسکی لە کتێبی "کوردەکان" وەرگێڕانی نووسەری ئەو کتێبە (حبیب الله تابانی)



ئەوە شتێکی راستە، هەروەك پرۆفیسۆر مینۆرسکی سەرەڕای ئەو هەموو موتالاو ناسیارییەی لەسەر کوردان هەیەتی، دیسان دەڵێ: دەگونجێ بەرلەوەی کوردەکان بێنە ئەو ناوچەیە، قەومێك هەر بەو ناوە لەم خاکە دا ژیاون!![١٤٤]

لە تەواوی ئەو ئاسەوارو کتێبانەی کە تا ئێستا ناومان بردوون و دیسانیش ئاماژەیان پێ‌دەکەین، وێڕای ئاماژە بە تیرە جۆراوجۆرەکانی مەنزوومەی زاگرۆس، وەك لیلۆ، کاسیو... وشەی گوتی نێوی گشتی بووە و گوتییەکان لەهەموو شوێنێکی ئەو خاکە هەبوون. وەك پێشتر باسکراوە وشەی گوتی یا کوتی یا کاردۆو ... هەموو نێوی شوێنی گشتی بوونەو تەواوی قەوم و تیرەکانی ئامادەو نیشتەجێی ئەو سەرزەمینەی گرتۆتەوە. بە واتەیەکیتر ئەو نێوە بۆ هەموویان وەك لیلۆ، کاسی، نایری، خالدی و ... گوتراوە. هەروەك ئەورۆ وشەی کورد بۆ تەواوی تیرەکانی کورد وەك زازا، گۆران، کەڵهوڕ، ئەردەلان، موکریان و ... نێوان و بە هەمووشیان دەگوترێ کورد.

ا.م. دیاکۆنۆف یش سەرەڕای ئەوەی بە لێبراوی باسی ئەم بۆچوونەی کردووە بەڵام دوو دڵی نیشاندەدا و دەڵێ: [ ... چونکو وشەی گۆتی و گوتییەکان، بە پێی داب نە تەنیا لەو سەردەمەدا بەو قەومە گوتراوە و خاکی ئەوانی دیاری کردووە، بەڵکو نێوێکی گشتی و زڕاو بووە بۆ هەموو ئەو قەومانەی لە باکووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ئاشووردا ژیاون... ] [145]

بەڵگەی هەرە سادە لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە مێژوو بوونی هەموو قەومەکانی میزوپۆتامیا کە نێویان هاتووە هاوکات لەگەڵ گوتییەکان پێشان دەدا. چاوخشاندنێك بۆمان دەردەخا کە کاتی ژینی ئەو قەومانە لە کتێبە جۆراوجۆرەکاندا یەك سەردەمە، ناگونجێ لەسەر خاکێكو هاوکات دوو حکوومەت و دوو پادشا بووبن. ئەگەر لە "ئاناتوم Anatum"ی گەورەی گوتی[146] لە سەدەی ٣١ی بەر لەزایین، لە ئاننوبانینی یا حاکمێك لە قەومی لیلۆ لە

144- کتێبی کوردو کوردستان، محمد ئەمین زەکی بەگ، وەرگێڕانی حبیب الله تابانی ل ٥٠

145- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف لاپەڕەکانی ١٠٣و ٢٦١ بە کەڵك وەرگرتن لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام نووسینی مینۆرسکی.

146- نووسەری کتێبی مێژووی قەدیمی رۆژهەڵاتی نیزیك بە نێوی میستێر هول لە لاپەڕی ٢١٠ی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکاو دەڵێ: "ئاناتۆم" کە لە گەورەپیاوانی گوتی بووە دەگەڵ ئیلامییەکان بەشەڕ هاتووە سەدەی ٣١ی پێش زایین) ئەویش بڕوای وایە ئانتوبانینی کە لە پادشاکانی لولو، خۆی گۆتییە، بێ پێچ و پەنا بۆچوونی نووسەری ئەوکتێبە دەسەلمێنێ کە لای وایە تایفەکانی "لولو، کاسیو ..." هەموویان گۆتی یا کوردن.

چەرخی ٢٨ی پێش زایین دەدوێین یا باسی پادشاکانی گوتی وەك "گوتی = کودی پاتەسی" حاکمی لاگاش لە سەدەی ٢٦و ٢٧ی بەر لە زایین دەکەین، بە بڕوسکێك وردبوونەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەراستیدا ئێمە لەسەر قەومێك دەدوێین کە بە درێژایی زەمان دەسەڵاتدارەکانی لە تیرە جۆراوجۆرەکانی خۆی بوون و خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەمێژووەکەیان زۆر دوور کەوتوونەوە، ئەوانەی موتاڵایان لەسەر کردوون ئەوانیان جیاجیا هەڵسەنگاندووە، ئەو بۆچوونە ناڕاستەش هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتووە. وەك ئەوە وایە کە ئێمە لە مێژووی ئێراندا زەندییەکان و ئەفشارییەکان و سەفەوییەکان و ... هەرکام لە قەوم و رەگەزێکی جیا لە ئێران دابنێین و لە هەڵسەنگاندنی خۆمان لەو ئاووخاکە بۆ هەرکامیان بە دوای ریشەو رەگەزێکی تایبەت و مێژوویەکی جیاواز بگەڕێین.[١٤٧]

دوای ئەو باسەی لەسەرەوە کردمان بەو ئاکامە دەگەین کە هەموو تیرەکانی باکووری میزوپۆتامیا یا مەنزوومەی زاگرۆس کە بریتین لە لیلۆ، کاسی، نایریو گوتی یا کورد هەرکام بەشێك بوون لە قەومی گوتی[148] ئەو روانگەی نووسەری کتێب لە لایەن زۆربەی رۆژهەڵاتناسو لێکۆڵەرەوەکان بەشێوەی جۆراوجۆر گوتراوە. بۆ نموونە دەتوانین "درایوێر Draiver" ناوبەرین کە دەنووسێ: کاردا، کاردۆخی، کورتوخی، کوردیای، غوردی، کارداك، کوردوئە، سیرتی، کارداژییە، کارتاوای و کاردایاو "کاردوخۆی گزنفون"و دەسەڵاتی ئوور لە دەوری سێهەم کە بە گوێرەی لەوحەی ئاراد نانار "لاگاش" کە لە سەدەی بیست و چوارەمی پێش زاییندا ژیاوەو ... هەموو نێوی یەك تیرە بوون و هەمووشیان جگە لە کوردەکانی ئەوڕۆ شتێکیتر نەبوون. یەکی دی لە لێکۆڵەرەوەکان بەنێوی "ز.ئای.یامپوسکی" دەڵێ: **نێوی "کووتیان" هەر نێوی**

147- لە سەردەمی زۆر دوور دا هەر نووسراوەیەکی وەدەست کەوتووە ئەو بۆچوونەیان سەلماندوە کە ئەو خاکەشیان بە نێوی گۆتی، گردو یا کاردو نێو بردوە. هەروەك ئارامییەکانیش دەوروبەری شاخی جوودی یا "گوتی"یان بە "بس کاردو = خاکی کاردۆ و، بە عەرزی نێوان دیجلەو فراتیان گوتوە "کارتا = کاردو". ئەرمەنییەکانیش بە ئەوێیان گوتوە "کوردۆخ". عەرەبەکانیش بە "کوردا = کوردای" ناویان بردوە. بۆ زانیاری زیاتر لە "فتوح البلدان"ی بلاذري ل ٧٦، بە زمانی عەرەبیو "کوردستانی موکریانی" نووسراوی مامۆستا حوزنی موکریانی بە زمانی کوردی لە لاپەڕی ٩٢ بە دواوە بڕوانن.

148- مێژووی ماد ا.م. دیاکۆنۆف ل ١٠٧



**ئەو قەومەیە کە لە سەرچاوەکانی دواتردا بە "ئوتیان" و "ئوئیتیان"و ئودیان و "ئودینیان"و "ئەئینان" گوتراوە و نووسراوە.**[١٤٩]

بەڵگەی دیکەش زۆرن کە ئاماژە پێکردنیان دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی باسەکە، بەڵام بێکەڵك نییە کەسەرنج بدەینە وتەی شەلمانەسەری یەکەم پادشای ئاشوور کە گوتوویە: عەشیرەتەکانی گۆتی لەتیرەو تیرەیەکی زۆر پێکدێن کە وڵاتەکەیان تا دەوروبەری "ئوراتری = ئورارتو = ئەرمەنستان" هەروەها تا "کەمخی = طور-تور عابدین" واتە تەواوی ناوچەی ناوەندی زاگرۆس، درێژەی هەیە. هەر بەم شێوە دوو لەوحەی سەردەمی "نوکۆلتی = ئینۆرتا"ی پادشایەکی دیکەی ئاشوور بە دەستەوەن کە لە یەکیاندا ئەو قەومەی بە "کورتی"و لەویتریاندا بە "گوتی" نێوبردوون. هەر لە رووی ئەو بەڵگانەوەیەکە دەبێ وشەی "کۆرتیوی Qurtioi" بە نیشتمانی کورتییەکان واتە کوردستان بناسرێ.

گەلۆ دیسان لە هەر دەرفەتێکدا بڕەخسێ لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین تا زانیاری خوێنەرانی بەڕێزی ئەو دێڕانە لەم بوارە دا زیاتر بکەین.

"ئەنریداوازیر Enridawasir" یەکەمین ئەمیری کوتیان یا گۆتییەکانە کە خۆی بە دنیای ئەوکات ناساندوە و گرینگی تایبەتی خۆی هەبووە. "یاکوبسن Yakobson"ی دانمارکی کە زۆری لەسەر "سۆمێرییەکان" موتاڵا کردووە دەنووسێ: ئەو ئەمیرە دوای سەرکەوتنو زاڵبوون بەسەر "نارام سین = نارام سۆئێن" داو گرتنی هەردی سومێرو شاری پیرۆزی ئەوان کەناوی "نیپۆر" بووە بەهۆی خۆشنووسانی ئاکادی نووسراوەیەکی لەسەر بەرد ئامادە کردووە[150] کە لەو نووسراوە دا لاسای نارام سینی کردۆتەوە و خۆی وەك شای چوار وڵاتی دنیاو شای هەموو کووتییەکان ناساندووە[151].

149- هەمان سەرچاوە.

150- ئەو سەردێرەی "شای هەموو گوتییەکان" خۆی دەلیلێکی روونە بۆ ئەو مەسەلەی پێشتر باسمانکردووە، بە واتایەکیتر ئەو بە نووسینی "هەموو گوتییەکان" لەم لەوحەدا ئەوەی راگەیاندوە کە مەبەستی لە هەموو ئەو تیرەو تایفانەیە کە پێکهێنەری قەومی گوتین و لەسەر خاکی ئەوان ژیاون. ئەوەش وا دەگەیەنێ کە گوتییەکان و کوتیانو کاردۆ و... کەهەموویان کورد بوون و هاوکات لولویی، کاسی و نایری و...ی دەگرتەوە.

151- حاشیەی SKL، لاپەڕی ١١٧ نووسینی یاکوبسۆن، هەروەها لاپەڕی ٤٥٨ لە مێژووی ماد لە ا.م. دیاکۆنۆف.

بەر لە "ئەنریداوازێر" حوکمدار گەلێك لەتایفەی گوتی = کووتی کە حکوومەتگەلی ناوچەییيان پێکهێنابوو، هەر کام لەم حاکمانە بە نێوی تایفەی خۆیانەوە حوکمڕانیان کردووە بەڵام "ئەنریداوازێر" بە ناوی کووتییانەوە حوکمداری کردووە و سۆمێرییەکانی کە یەکێك لە بەتواناترین حکوومەتەکانی ئەوکات بووە هێناوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بە وتەی دیاکۆنۆف، ئەو کارە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو حوکمڕانییە توانیویەتی یەکیەتییەکی پتەو لە نێو هەموو سەرەك هۆزەکانی کوتی، یاگوتی (کورد) پێکبێنێ. ئەو یەکگرتووییە بە شێوەیەك بووە کاتێك دواتر "شارکاری شاری" کوڕی نارام سوئێن توانیویەتی ئالۆگۆڕێك پێکبێنێ و[152] جارێکیتر بە دەسەڵات بگاتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی هەبووە ناچار بووە باجێکی گەورە بدا بە گوتییەکان و دەسەڵاتی راستەقینەش هەر بە دەست ئەوانەوە بێ. شیلیکۆ ئەو وەزعەی مسۆگەر کردووە و[153] دەڵێ: فەرماندەرەکانی وڵاتی سومێر باجێکی قورسیان بۆ گوتییەکان دەنارد.

لە رووی بەڵگەکانەوە دەردەکەوێ کە گوتییەکان بە پێی نەریتی خۆیان پادشایان نەبووەو سەرکردەکانیان هەڵبژێراو و بۆ کاتێکی دیاریکراو بووە، بەڵام گونجاوە بۆ چەند جاریش هەڵبژێردرێنەوە. خوێنەرانی بەڕێز نابێ وا بزانن کە ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەی ئەوڕۆ بووەو بە زۆربەی دەنگی جەماوەر دیاری کراون، بەڵکو سەرکردە و ریش سپی هۆزەکان کۆ دەبوونەوەو لەنێوخۆیاندا یەکێکیان بە گەورەو بەڕێوەبەر هەڵدەبژارد. ئەو کەسە زیاتر لە فەرمانداەرانی نیزامی دادەنرا تا بتوانێ لەبەرانبەر هێرشی خەڵکی بێگانەدا خۆ ڕاگرێ.[١٥٤]

یاکوبسێنی دانمارکی نووسەری ریزو نێوی پادشاکانی سومێرو هیتر، زۆرجار بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن دووپاتی کردۆتەوە کە گوتییەکان پادشایان نەبووە[155] و هەر بەو

152- مێژووی ماد ا.م. دیاکۆنۆف ل ١٠٤

153- WNSHP لە لاپەڕەی ١١١٠.

154- ئەوڕۆش لەو وڵاتانەی کە عەشیرەتگەری تێدا یا چەند ناوچە کۆبوونەوەو یەکیان گرتووە (وەك شێخ نشینە عەرەبەکان یا وڵاتانێکی وەك سەنگاپوورو ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، ئێستاش هەر بەم جۆرەیە بەڵام بە شێوەیەکی ئەوڕۆیی بەڕێوەی دەبەن.

155- یاکوبسێن جەدوەلێکی لەژێر سەردێری ریزی نێوی شایەکان ئامادە و بڵاو کردۆتەوە، کاتێك لەوێدا باسی گوتییەکان دەکا، دەڵێ: لەنێو تیرەی گۆتیان کەسێك بەنێوی شا نەبووە، ئەوەی لە نوسخە خەتییەکانی تاقمی A وەرگرتووە کە ئەسڵەکەی ئاوایە Ugnin Tu-Tiumki Lugalmr-WB (لاپەڕی ١١٧ SKL)،



هۆبەش حوکمدارانی گوتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو داندراون و دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە، یەکیتر جێگای گرتۆتەوە، جگە لەو کاتەی کەیەکێك دووبارە هەڵبژێردرابێتەوە، کە ئەو دەم ماوەی دەسەڵاتەکەی درێژتر بۆتەوە. هەروەك "ئەیار لاگاب" کە پازدە ساڵ سەڵتەنەتی کردووە[156]، یا وەك "تیریکا" کە لەجیاتی حەوت ساڵ تەنیا چل رۆژی حکوومەت کردووە.[(١٥٧)و(١٥٨)]

ئەمیرەکانی گوتی هیچ خزمایەتییەکیان بە یەکەوە نەبووە. هەروەك یاکوبسێن لەریزی شایەکاندا هێناویەتی تەنیا یەکێك لەوان دووجار هەڵبژێردراوە. هەروەها بە دەگمەن دەبینین کە لەنێو هێندێك لەم تایفانەدا بۆ وێنە شەلمانەسەری یەکەم و دووهەم یا داریووشی یەکەم و دووهەم هەن کە بنەماڵەی هەخامەنشییەکان کە لە یەك تایفە بوون و خزمایەتییان بەیەکەوە هەبووە، رەنگە نەوەو نەتیجەی یەکتر بووبن. هەروەك باسمانکرد، نێوی "یارلاگاب" کە دووپات بۆتەوە بەو هوبەیە کە جارێکی دیکەش بە ئەمیری هەڵبژێردراوەتەوە[159]. ئەو پادشایانەی گوتی کە حوکمیان بە دەست بووەو نێویان لە ریزی یەکەم لە کۆی دەقەکانی بەرگی دووهەمی چاپی ئۆکسفۆردی لەندەندا هاتوون ئەوانەی ژێرەوەن.

لە خەتی یەکەمدا دەنووسێ: "تیرەی گۆتیۆم شایان نەبووە".

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ ئیمتا | سێ ساڵ و بە روایەتێك ٥ ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Imta -١ |
| ٢ـ ئینگەشوش یا ئینگیشو | شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Ingishu -٢ |
| ٣ـ سالارگاب یا کیکی لاگاب | شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Kikilagab -٣ |
| ٤ـ شولمەو بە روایەتێك "یارلاگاش" | شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Shulme -٤ |
| ٥ـ ئیلویلویمش | شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Elulumesh -٥ |

هەروەها حاشییەکانی فەسڵی یەکەمی مێژووی ماد لە دیاکونۆف لاپەڕەکانی ٤٥٨ ـ ٤٥٩ وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز.

156- ریزی هەشتەم لە شایەکان (یاکوبسێن)

157- هەمان سەرچاوە، رەدیفی ٢٠.

158- سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشم کە گوتییەکان بریتی بوون لە هەموو تیرەکانی کورد. هەرکام لەم تایفانە مەزن و دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان هەبووە و لە دەسەڵاتی سەرانسەری قەومی کورد یا گوتیش دا بەشدار بوون.

159- نێوی پادشاکانی گوتییان لە دوو لیست دا بڵاو کردۆتەوە کە جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لەبەر ئەوەی لیستی یەکەمیان پێ راستترە ئێمەش کەڵکمان لەو وەرگرت.

| | | |
|---|---|---|
| ٦ـ ئینی ماباکش یا "ئیلی ماباکاش" | پێنج ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Elimabakash -٦ |
| ٧ـ ئینگەشوش یا "ئیکش هوش" یا "ئیگە شائۆش" شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | | Igeshaush -٧ |
| ٨ـ ئیرلگێب یا "ایارلاگاب" | پازدە ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Iralagab -٨ |
| ٩ـ ئیباتە | سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Ibate -٩ |
| ١٠ـ ئیارلاکا یا بە روایەتێك "یارلا، ئیارلانگاب" | سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Iarle -١٠ |
| ١١ـ کوروم | یەك ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Kurum -١١ |
| ١٢ـ خابیلکین | سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Khabilkin -١٢ |
| ١٣ـ لائەرابوم | دوو ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | La.E- Rabum -١٣ |
| ١٤ـ ئیراروم | دوو ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Ira-Rum -١٤ |
| ١٥ـ ئیرانوم | یەك ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Ieara-Num -١٥ |
| ١٦ـ خابلوم | دوو ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Khablum -١٦ |
| ١٧ـ یوزودر ـ سوئین | حەوت ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Pozu-der-soen -١٧ |
| ١٨ـ ایا ـ رلاگاندا | حەوت ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Iarelagand-a -١٨ |
| ١٩ـ "سی"ئوم | حەوت ساڵ سەڵتەنەتی کردووە | Sium -١٩ |
| ٢٠ـ شای ئەو ژمارەیە روون نیە. | | |
| ٢١ـ تیریگان | چل رۆژ | Tirigan -٢١ |

سەرجەم بیست و یەك پادشا ٩١ ساڵ و چل رۆژ یا بە قەولی هێندێك کەس کە لەگەڵ ئەو ژمارانە یەك ناگرێتەوە ١٢٥ ساڵ و چل رۆژ حوکمدارییان کردووە کە دیارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە چەند پادشایەکی وەك "ئینریداوایزێر" کە دەراستیدا یەکەم پادشاو دامەزرێنەری ئەو زنجیرە بووە یا "ساراتیگوبی سین" کە زۆرجار ناومان بردووە بەڵام لەم لیستەدا نین دەبێ ژمارەی دووهەم راستتر بێ. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە "پۆزۆردر ـ سوئێن" بە لاسایی کردنەوەی "نارام سوئین"ی پادشای ئاکاد لەوحەیەکی بە یادگار جێهێشتووە کە لەودا نێوی راستی خۆی "ئەریدو پیزیر" کە بەمانای شای شایانە نووسیوە.[١٦٠]

160- لە لاپەڕەی ١١١ بە دواوە Thureau-Dangin: La Fin de la Domaination gutie – yum
RA. IX 1912



بە دەسەلاَت گەیشتنی گوتییەکانو دەسەلاَت پەیداکردنی ئەوان بەسەر هەموو مەڵبەندی بین النهریندا وردە وردە جێی گرتووە. ئەو کارە لە راپەڕینی "ئینروایزێر"و کوڕانی "ئارام سوئێن" پادشای ئاکاد لە ساڵی ٢٢٠١ی بەر لە زایین دەستی پێکردووە و بە درێژەدانی شەڕی دوور و درێژ و سەخت لە سەردەمی حوکمداری "ایمتا Imta"و "اینگە شائوش Ingasgaush"و "سارلاگاب Sarlagabes"و "یارلاگاش Yarlagash"و دوای هەموان "ئیلوللومێش Elullumesh" لە ساڵەکانی (٢١٧٧-٢١٧٣ی بەر لە زایین) حوکمرانەکانی گوتی دەسەلاَتی تەواویان بەسەر مەڵبەندی دووچۆمان یا بین النهرین وەدەستکەوتووە.[١٦١]

حوکمی گوتییەکان باری قورسی سەرشانی خەڵکی ئاکادی کە زۆر بە توندی لەژێر زەختی حوکمی پادشاکانی ئاکاد دابوون سووك نەکرد، وەك نووسراوە کۆنەکان ئاماژەی پێدەکەن زەختی گوتییەکان زۆریش زیاترو ترسناك بووەو بە وێران کردنی شارەکانی بین النهرینو زەختی زۆر لەسەر خەڵك نێوێکی باشیان لەخۆیان جێنەهێشت. "ئینوخگال" پادشای شاری "ئورۆك" لە نووسراوەی خۆیدا بە گوتییەکان دەڵێ ئەوانە "ماری ژەهراوی شاخ و دەست درێژکەر بۆ حەریمی خواکانن[162]و دوژمنایەتییان بەرانبەر بە دوو چۆم کردووە و دەست درێژیان بۆ کردوون و زوڵمیان لێ کردوون.[١٦٣][١٦٤][١٦٥]

گوتییەکان دەسەلاَتیان لە چینی باڵادەستی ئاکادییەکان و خاوەن عەبدو کۆیلەکان بۆ خۆیان گوێستۆتەوە و بە وەرگرتنی باجی قورستر، لاسای کردەوەی پاشاکانی ئاکادیان کردۆتەوەو هەروەك ئەوان لەوح و نووسراویان لەخۆیان جێهێشتووە وەك لەوحەکانی "لاسیراب=لائراب"و "ئەنریداوازێر".

بابەتێکی جێگەی سەرنج کە لەم سەردەمەدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە بە دوای ئەوەیدا گۆتییەکان بەسەر ئاکادییەکاندا زاڵ بوون و خاکەکەیان گرتن، هێندێك لە ئەمیرەکانی ئاکادی

161- ا.م. دیاکۆنۆف مێژووی ماد ل ١٠٨ .

162- PA IX = Tureau-Dangin:La fin de domunation Guti-yum - P 112

163- بۆ زانیاری زیاترو وردتر لە چلۆنایەتی دەسەلاَتی گوتییەکان لە بین النهرین لە لێکۆڵینەوەکانی دیاکۆنۆك وەك مێژووی هەزارەی سێهەمی پێش زایین بروانن.

164- شیل: شەرحی ستوونی سەرکەوتن لە شێخان.

165- W.King و.کینگ (حەوت لەوحەی ئافراندن).

لێرەو لەوێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا خەریکی درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان بوون. بۆ نموونە لە شاری "لاگاش" کە لەشارە گەورەکانی سومێر بووە، لەحاڵێکا بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی گوتیاندا بووە لە ڕێگەی یەکێك لە ئەمیرەکانی ئاکادەوە ئیدارە دەکرا.

فەرمانڕەوای شاری "لاگاش" مرۆیەك بووە بە نێوی "ئوربائو یائور بائوو" کە دەوڵەمەند بووە و شاری لاگاشی زۆر ئاوەدانترو بە شکۆتر کردووە. بە دوای ئەو دا "گودیئای Gudea"ی زاوای لەبەشێکی زۆری بین النهرین کە لەژێر چاوەدێری گوتییەکاندا بووە حوکمڕەوایی کردوە.[١٦٦] پایتەختی گوتییەکان شاری "ئەرپێها" لە دەوری کەرکوك بووەو جەماعەتێکیش شاری "سوبارتۆ"یان بە پایتەختی ئەوان زانیوە، بەڵام بەشێك لە لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە دوای شکانی سومێری و ئەکادییەکان پایتەختی ئەوان واتە شاری "بابێل"یان کردۆتە پایتەختی خۆیان.[١٦٧]

گوتییەکان لەو سەردەمەدا کە بابێلیان لەژێر دەسەڵات بووە، بەرپرسایەتی ماڵیو داراییان بە ئەکادییەکان سپاردبوو و بۆخۆیان لە کشتو کاڵی خەڵك باجیان وەرگرتووە.[١٦٨] شوێنەوارێك لە "گودێئا" بەجێماوە، ناوبراو خانووبەرەی زۆری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و تەنانەت لە "ئوور"یش ساز کردبوو. "ناماخانی Nammaxani" زاواکەی دیکەی "ئوربائو"ش کە جێگری "گۆدێئا" بووە لەژێر چاوەدێری گوتییەکان درێژەی بە کارەکانی ئەو داوە.

دەسەڵاتی یەکگرتووی گوتییەکان بەهۆی "ئونوخگال" حاکمی شاری "ئوروك" لە ٢١٠٩ی بەر لەزایین بە سانایی تێکچوو. چونکو هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لە بەرزیاد تەماحیو کۆکردنەوەی ماڵ لە خەڵك دوور کەوتنەوەو سوپاکەشیان زیاتر لە بێگانەو غەیرە گوتییەکان پێك هاتبوو، لە ناو خەڵکدا خۆشەویست نەبوون، لەسەریەك لەشکرێکی ڕێك‌وپێك و شەڕکەر نەبوو.

ئاسەوارێکی زۆر لە دەورەی دەسەڵاتی گوتییەکان بە دەستەوە نییە، لەنێو ئەوانەشدا کە هەن بە وتەی لێزانان هەیکەلی "لاگاشی" کەهی دەورەی دەسەڵاتی "گودێئایە" لە هەموان بەنرخترەو یەکێك لە باشترین نموونەی هونەری ئاکادییەکانە.

---

166- لەلەوحەکانی جۆراوجۆری گوتییان بڕوانە لە Sakiو ل ٨٢ تا ٨٦ ژمارە ٢- ١٩٥٠ VDI

167- کوردو پێوەندیی نژادی و مێژوویی ئەو ل ٣١ ڕەشید یاسەمی

168- بۆ ئاگاداری زیاتر لە لاپەڕی ٥٥٥ی VNSPو مێژووی مادی دیاکۆنۆف بڕوانە.



لە هەمەدان سەرێکی مەفرەقی دۆزراوەتەوە کە پسپۆڕان پێیان وایە سەری یەکێك لە پادشاکانی گوتییە، کەبەهۆی وەستاکارەکانی ئاکادی یا ئیلامی بەشێوەیەکی جوان و زیندوو ساز کراوە. ئەو هەیکەلە ئێستا لە مووزەی "بێرمێر گالێری" ئەمریکا لە شاری نیۆیۆرکە.[١٦٩] ئەو هەیکەلە کە بە "سەری سارگۆنی دێرینە"ش ناوبانگی دەرکردووە، پیاوێکی ریشدارە کە بە باوەڕی "سیکیسۆن" لە بواری مرۆڤناسییەوە زۆر لە کوردەکانی زاگرۆس نیزیکە[170]. سەری ئەو هەیکەلە دەسرۆکەیەکی پێوەیە کە وەك پێچ و کڵاوی ئیلامییەکان دەچێ کە مووەکانی لە بنڕا دیارە[171]. لووتی زل و خڕو چاوە بادامییەکانی زۆر جوان دروست کراوەو زۆر وەك ئەو قەومانە دەچێ کە لەنەخش و نیگارە بەرجەستە و لە بەرد یا زێیەدا بەرچاو دەکەوێ.[١٧٢][١٧٣] ا.ت.یَمی مرۆڤناسی فەرەنسی دەڵێ ئەوان زیاتر وەك بنی ئادەمەکانی مەڵبەندی "شووش" لە ئازەربایجان و کاسی و قەومەکانی دیکەی دانیشتووی زاگرۆس دەچن[174].

---

169- سەبارەت بە هەیکەلی کۆن و نایابی IVTOVEلێنینگرادی دیاکۆنۆف چاپی ١٩٤٦ بڕوانە.

170- لە لاپەڕی ٣٥٦ی SPA بە دواوە و، کتێبی "ماد"ی دیاکۆنۆف ل ١١٥ بڕوانن.

171- لەو هەیکەلە وردیلە زێڕو زێوانەی مووزەی "لوڤر"ی پاریس بڕوانن کە لە شووش دۆزراونەتەوە. ئەو دەسماڵ و دەسرۆکانەی بەسەریانەوەیە لەسەردەمی هیرۆدوتیشدا بەسەر ئیلامییەکانەوە بووە.

172- La figure hamaine dars les monuments cheldeens Bull.

E.T. Hamy et mimn de la societe enthropologique de paris 21 / 111لە لاپەڕی ٢٥ بە دواوەی ١٩٠٧.

173- ئێدمۆنس Edmonds دوو ئاسەواری مێژوویی لە باشووری کوردستان، گۆڤاری جوغرافیایی ١٩٢٥.

G.Contenan Manuel-d’archeologie oriental،174- I paris 1927 ص ١٠١، و نەخشی بەردە گەورەی شێخان پیاوێکە کە تەنیا داوێنێکی لەبەردایە و مێزەرێکی وەك کڵاوی بابیلیانی لەسەرە. شتێکی هەڵاوەسراوەی لە دەوری ملی پێچاوەو تەوەرزینێکی لەبەر پشتێندی دایە، هەروا کە کەمانێکی بە دەستی چەپەوە گرتووە خەریکە تیرێك لە تیردانەکەی دەردێنی و لاقی لەسەر دوژمنی زەبوون داگرتوەو دوژمنێکیتر دەستی بەرز کردۆتەوە و داوای لێبوردن دەکا. نووسراوەی ئەو نەخشە داستانی شەڕ دەگەڵ وڵاتی "زابان = ئالتوون کوپری" لە قەراخ زێی خوارو و دەوروبەری ئالتوون کوپێری ئیمڕۆ نووسراوە. سەرکەوتووی ئەو شەڕەش "لی شیر ـ پیراینی Lishir Piraini "یە کە وێدەچێ نێوێکی ئاکادی بێ. "E.Herzfeld= هێرتفێڵد لە کتێبی خۆیدا "ئێرانییەکان لە مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵات"دا "Iranian In the ancient East" نێوی ئەم

ئاکامێکی کە ئێمە لە بینینی ئاسەواری باسکراو دەستمان دەکەوێ ئەوەیە کە گوتییەکان ویستوویانە هونەری سەربەستی خۆیان بنوێنن، چونکو بەتایبەت لە "شێخان" ئەو لەوحەی لـێیەتی پێشاندەری ناشارەزایی هەڵقەنەرەکەیەتی کە بەجوانی هەڵینەکەندوون.

گوتییەکان بە دوای دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر سومێرو ئاکاد، کۆمەڵگایەکی چینایەتییان سازکرد، کەچی لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین ئەو کۆمەڵگایە هەر بوونی نەبووە. لەم سەردەمەدا لەنێو گوتییەکان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵگادا پێکهاتووە. دروستکردنی مەفرەق بە تەواوی فێر ببوون، چەرخو کاسەو گۆزە دروستکردن ببوە باو و سازکردنی کاسەو قاپو قاچاغی جوانتر لە جاران رەواجی پەیدا کردبوو. کارکێشان لە غولام و کۆیلەکان زیاتر لەجاران بوو بە تایبەتی گوتییەکان کەیەکەم کەس بوون یەخسیری شەڕیان کردبووە کۆیلە. لە شتە گرینگەکانی کە لەم سەردەمەدا هاتنە گۆڕ دابەشکردنی کاری کۆمەڵ و پێکهاتنی دووچینی کۆمەڵگا واتە شوان و جووتیار بوو. گوتییەکان هەلسووڕانی کاروباری دەوڵەتیان نەدەزانی، هەربۆیە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتیان لە بەرانبەر باج و خەراجێکی زۆر قورسدا دەدا بە گەورە پیاوان و لێزانانی (سومێری و ئاکادی). بەوتەی لێکۆڵەرەوانی وەك توورو دانژینو ا.م دیاکۆنۆف و ... زمانی گوتییەکان زمانێکی تایبەت و سەربەست بووە، بەڵام قەومەکانی تری مەنزوومەی زاگرۆس (لیلۆییو کاسیو ...) زۆر نیزیك بووە، لەو نووسراوانەشدا کە بە زمانی ئاکادین، باسی زمانی "گو gu" یا گوتی کراوە[175] .

لە کتێبە جۆراوجۆرەکاندا سەبارەت بە گوتییەکان دوای شەڕ دەگەل "ئینۆخگال"و شکست هێنانیان لە بەرانبەر ئەودا، لێرەو لەوێ باس هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام فەرمانڕەوایانی "ئور" هەموو کات لەگەڵ تیرەکانی گوتی لە داوێنەکانی زاگرۆس لەشەڕ دابوون و بەشێوەی مێژوونووسیو زۆر بە دوورو درێژی باسی لەشکرکێشی خۆیان بۆ "سیمورم یارابان یا ئالتون کوێپری ئەمرۆ و ئوربیلۆم یا هەولێری ئێستا، هەروەها بۆ خاکی لیلۆ = کەرکوك و کیماش = هوریو ... دەکەن[176] .

شا سەرکەوتووەی بە "کامروون"و تاردوونی کوڕی ئیکی هێناوە کە دەبێ ئاکدی بێو "لیشیر پیراین" بە مانای "بەهێزبێ باوکمان"ە. کۆنی ئەو نەخشە دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار بەر لە زایین.

175- Tureau – Dangin: la Finda domunation Guti – yun P.AIX 112

176- بە وتەی ا.م دیاکۆنۆف نەسلی سێهەمی ئور ڕووداوەکانیان بە ساڵ و کاتی ئەو رووداوانە یاساڵی دواتری رووداوەکان باس دەکرد، بۆنموونە گانخاز لە بیست و پێنجەمین ساڵی شۆلکی لەناو چوو، لولوبوم و سیمورم تالان کرا. لە بیست و شەشەمین ساڵی شولگی "لوروسوشن" لە ...و ١٠٠٠ مێژووی ماد لاپەڕەکانی ٤٦٣و ٤٦٤.



لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی شایەکانی زنجیرەی سێهەمی "ئور" بەشی هەرە زۆری خاکی دەوری دیجلە لەژێر حوکمی شاری "لاگاش" دا بووە کە پێیان گوتوون "ئانێسی Anesi" کە مانای جێنشینی هەیە. وشەی پاتیسی PA.TE.SI لەم سەردەمەدا بە مانای جێگری شا بووە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەو وشە لەگەڵ ئەو زاراوانەی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسمانکردن نیزیکن و لەوێدا وەك زاراوەی گورجی ناسرابوون، کەچی ریشەی زمانی ئازەرییان هەیە.

"ئاراد خانار" حاکمی "لاگاش" کە لە لایەن پادشاکانی "ئور" داندرابوو، لە نیزیك بە تەواوی خاکی زاگرۆسدا دەسەڵاتی هەبووە. (٢٠٤٦ ـ ٢٠٣٨ی بەر لەزایین). زۆربەی ئەو شەڕانەی حوکمدارانی "ئور" لەگەڵ گوتییەکانیان کردووە بۆ ئەوەی بووە جادەی کۆیلە بەردەکانیان لەبەر دەست دابێ کە لە دوو چۆمانڕا دەرچووە "موهنجو ـ دارۆ". لەم بوارە دا هێندێك شوێنەوار بەتایبەتی لە غولامە "رەنگ روونەکان" بەدەستەوەیە.[177] لە ڕووی ئەم بەلگانەوە هێندێك کەس وەدوای روون کردنەوەی پێوەندی نێوان ئەم قەومەو خەڵکی باکووری ئەورووپا، هەروەها شوێن ئارییایی بوون و نەبوونیان کەوتوون. پروفیسۆر ئیسپایزێر بە باشی لەسەر ئەو بابەتە دواوە.[178]

زۆربەی ئەو غولامانەی کە حوکمڕان و پادشاکانی "ئور" بە دیلیان دەگرتن، خەڵکی زاگرۆس و لە تایفە جۆراوجۆرەکانی گوتی یا کوردەکان بوون، جارجار سومێری و ئاکادیشیان دەنێو دابووە، بەشی زۆریشیان خەڵکی مەڵبەندی "ئوربیلوم یا هەولێر"ی ئەمڕۆ بوون. رەفتاری "ئوور"ەکان لەگەڵ ئەو دیلانە وەك لێکۆڵەرەوان باسدەکەن زۆر زاڵمانەو ترسناك بووە. بە وتەی ا.م دیاکونۆف، ئاکادمیسیەن "دو.و.ئیستروو" بەڵگەی زۆر سەرنج راکێش بە دەستەوەیە کە زۆر شتیان لە گووتییەکان بە تالان بردووە و نێوی زۆر ژنیشی تێدایە کە هی تیرەکانی گوتی بوون[١٧٩][١٨٠]. هەروەها نێوی زۆر لە سومێری و ئاکادییەکانی تێدایە، هێندی

177- بە سەرنج دان بەوەی کە لەم وشانەدا هێندێك فەرهەنگی هیندی بەرچاو دەکەوێ کە بۆمان دەرکەوت نیشانەی ئەوەیە بەردەی هیندیشیان لەنێو دابووە و هێندێك شتومەکیشیان لە دیالەی خوارەوو و لاگاش و "ئەسمار" دۆزراوەتەوە.

178- قەومەکانی میزۆپۆتامیا بەرگی چوارەم لە لاپەڕی ١١١ بە دوا.

179- مێژووی ماد ل ١١٨.

ناویش بەرچاو دەکەون کە لەوانەیە لە لایەن بەرپرسانی ئوردوگای دیلەکانەوە بەسەریان دابڕابێ. وەك "بوور، سوئەنی دەوڵەمەند" یا نێوی سومێری وەك "گیم نینۆرا" کە بەمانای کەنیزی خوای نینۆرایە[181].

موتالا کردن لەسەر کردەوەی حوکمڕان و پاشاکانی "ئور" لەمەڵبەندی "بين النهرين = دووچۆمان" لەگەڵ تیرە جۆراوجۆرەکانی ئەم ناوەو بە تایبەتی لە ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ "گوتی"یەکان، ئاکادییەکان و سومێرییەکان"، نیشاندەری ئەوپەڕی زۆرداریو خوێنرێژی ئەوانە کە لە خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ کاری غولامداری و سەرچاوەی کۆیلەداری کەڵکیان وەرگرتوە.

## کاسیتەکان یا کاسییەکان "Kassites"

ئەو قەومە لە گرینگترینی لقەکانی گوتی یا کاردو یا کوردی دانیشتووی زاگرۆس بوون. بە دوای شکست هێنانی "گوتی"یەکان لە "ئەنوخگال"و شایەکانی "ئوور"و بەهۆی نیزیکی شوێنی دانیشتنیان لە بابێلو پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ ئەوان و دەسەڵاتی حەمووڕابی بابێل، گرینگی تایبەتی پەیدا کردو وردە وردە زۆر بەهێز بوو.

رابردووی ئەم تیرە زاگروسییە کوردە ئەوەندە لەمێژینە و کۆنە کەهیچ کەس ناتوانێ بڵێ کاسییەکان لە کەیەوە لەم شوێنە نیشتەجێن کە ئێستاش تێیدا نیشتەجێن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە نووسەری ئەم دێرانە لە نووسینەکانی پێشتری خۆشیدا وەك زۆر لێکۆڵەرەوەی دیکە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەوان خاوەنی سەرەکی ئەو خاکەن یا بە واتەیەکیتر ئەوان بە ئێرانیتر لە ئارییایەکانیش دەزانێ.

وڵاتی کاسییەکان ئەم مەڵبەندەیە کە ئەمڕۆ بە لوڕستان دەناسرێ و لانیکەم تا سێهەزار ساڵ بەر لە زایین لەمێژینە بوونی دانیشتنی ئەوان لەم دەڤەرەدا ئاشکرایە و زۆربەی رۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرەوان لوڕەکان بە پاشەواری ئەوان دەزانن. هەرچەند هێندێك کەسی وەك خوالێخۆشبوو رەشید یاسەمی بێ ئەوەی بەڵگەو درکێك نیشانبدەن بە پێچەوانەی ئەوە رایان دەربڕیوەو دەڵێن: زۆر لە بڕوا دوورە کە لەو سەردەمە دوورەدا تیرەی ناودارو بەنێوبانگی

180- کتێبی ئوردوگای ژنانی دیل لە سومێر VDI، 1952 ژمارە ٣ لە لاپەڕی ١٢ بە دوان بەڵگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ٢٠٥١ پ.ز.

181- نینۆرا نێوی خودای ناوچەیی سومێرییەکان بووە لە ئوردوگا.



کاسی لە خاکی لوڕستان بووبن، بۆیە مەجبوورین بێژین کە لە ٢٤ سەدە بەر لە زایین لە باکووری ئیلام شوێنێك هەبووە بە نێوی "کاشن"و تیرەی کاسی کە گەیشتوونە ئەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە نێوی ئەم شوێنە نێوی کاسیان بۆخۆیان داناوە.[١٨٢]؟! کە نازانین بۆ دەبێ قەومێك کە ماوەیەکی درێژ بوونی هەبووەو لە ژیاندا بووە بەڵام نێوی نەبووبێ و دوای ئەوەی گەیشتوونە کاشی وەشوێن نێودانانی دووبارە بۆخۆیان کەوتبن‌و ناوی ئەم شوێنەیان لەخۆ نابێ؟

لە لوغەتی ئاشووری و بابێلی، هەروەها لە بەڵگەنامەی بازرگانی ئابووری و تەجارەتی بابیلدا وشە و نێوگەلێکی تایبەت هەیە کە ریشەی قەومی "کاسییەکان یا کاششوکان" بە راوێژی ئاکادیەکان، یا "کووشییەکان" بە (وتەی ئینجیلو بابلییەکان) نیشاندەدا.[١٨٣]

لەسەر بنەمای بۆچوونی هێندێك کەس، کاسییەکان هیند و ئەورووپایین، هەرچەند خاوەنانی ئەم بۆچوونە زۆریش نین، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی رابردوویەکی کە لەتیرە و تایفەکانی دیکەی زاگرۆس هەمانە ئەو بۆچوونە ناتوانێ جێی باوەڕبێو شوێنێك بۆخۆی بکاتەوە.

شوێنی دانیشتنی کاسییەکان، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە، واتە بەر لە نووسینەوەی مێژوو تا کاتی هێرشی ئەسکەندەری مەقدوونی کە لەو زەماندا ئاماژەی پێکراوە بریتی بووە لەو خاکە شاخاوییەی بەشی سەرووی ئەو رووبارانەی کە خڕو دۆڵەکانیان لە دنیای کۆنی مێژوویدا وڵاتی ئیلامیان پێکدێنا و ئەمڕۆ ئەو شوێنە وەك ئاماژەمان پێکرد لوڕستانی پێ ئەوترێ.

جگە لەوەش کاسییەکان دەستیان بەسەر بەشێك لەو خاکەی کە دوایە باکووری رۆژئاوای وڵاتی مادی پێکدێنا داگرت کە بریتی بوو لە، دۆڵی رووباری زاب یا دیالە کە بەشی خوارووی لە سەردەمی زۆرکۆن (باستان) دا "ئشنوناك"ی پێوتراوەو، لەپێشدا چۆل بووە، دواتر کاسییەکان ئاوەدانیان کردووەتەوە و بە زمانی خۆیان "تۆپلیاش"یان پێگوتووە. هەروەها بەشی نێوقەدی رووبارەکەش "نامار یا ناوار"یش هەر بەم شێوەیە ئاوەدان کراوەتەوە. ئەو ناوچەی ناوار لە سی هەزار ساڵ پێش زایین بە پێی ئەو بەڵگانەی بە

182- کوردو پێوەندی نژادی و مێژوویی ئەو، رەشید یاسەمی ل ٣٧.

183- بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارە بڕوانە لە کتێبی Die Spache Elam – Brezlau لە نووسینی ج. هووسینگ G . Husing بڕوانە کە لە ١٩٠٨ دا چاپکراوە.

دەستەوەن وەك نووسراوی "تیشاری Tishari" پادشای "ئورکیش Urkish" و "ناوار Navar" بەشێك لە خاکی هۆریان بووە.[١٨٤]

کاسییەکان لە هەزارەی سێهەمی بەر لەزایین جارجار هێرشیان دەکردە سەر بابێل و "ئامی زادگا" پادشای چوارەمی حەمورابی (١٩١٧ ـ ١٩٥٦ پێش زایین) بە مەبەستی بەرگری لە هێرشەکانیان پەیمانێکی یەکیەتی لەگەڵ ئیلامییەکان بەست، بەڵام رووخانی دەسەڵاتی زنجیرەی حەمورابی لە سەردەمی پازدەهەمین پادشایاندا کە ناوی "سامسۆن ـ دیتانا" بوو بە دوای هێرشی قەومی "خاتی Khatti" یا هێتیتەکان لە ئەنادۆڵی لە لایەك و دواگری کاسییەکان بۆ ئەم مەبەستە لە (١٧٦٠ی بەر لە زایین)[١٨٥] هاتە دیء و ئەو پەیمانەی تێکدا کە لەسەرەوە باسمانکرد.

پادشاکانی کاسی لەمێژوودا بۆ ئێمە روونن. دامەزرێنەری ئەوان کەسێك بووە بە ناوی "گانداش Gandash" کە لە ١٧٤١ تا ١٧٢٦ی بەر لە زایین حوکمڕان بووە. ئەو پادشایە لە سەردەمی دەسەڵاتی "سامسوئیلونی" کوڕی بخت النصری حەمورابی و لە نۆهەمین ساڵی حاکمییەتی ئەودا پەلاماری بردە سەر بابێل کە هەر ئەو ساڵەش (١٧٤١) دەسەڵاتی کاسییەکان دەستپێدەکا. لە عیبادەتگای گەورەی بابێل بە نێوی "خوای" "ئەنلیل" لە شاری "نیپوور" نێزەیەك دۆزراوەتەوە کەنێوی "گانداش"ی لەسەر هەڵکەندراوە. "ئەئومی گەورە"، "کاشی تیلیاش"ی یەکەم، ئوشی ئەبی راتاش Abirattash، "ئورشی گوروماش Urshigurumash"و ... لە پاشاکانیتری کاسی لە بابێلن و تەنیا نیشانەیەکی لەو پادشایانە ماوەتەوە کەتیبەی "ئاگوم دوم یا کاك رێمە Kakreme"ە کە بە واتای شمشیری رەحمەت لێك دراوەتەوە.[١٨٦]

لەو کەتیبەیەدا ئاگومی دووهەم خۆی بە "کوڕی نوورانی خوا" ـ شۆکامۆننا Shokamunna ـ و پادشای کاسی و ئاکادیان و وڵاتی پان و بەرینی بابیل ناساندوە، لەوێدا دەنوسێ خەڵکێکی زۆری نیشتەجێ کردووە و "پادان Padan"و "ئالمان Alman"و پادشای گوتییان بە نەزانو ... لەقەڵەم دەداو دەڵێ: هەیکەلی خواکای لە خانا کە لە فوراتی نێوەڕاست

184- بۆ زانیاری زیاتر لە Die Sprache der Kossaer نووسینی F.delitzsch اف دلیتز بڕوانە.

185- مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتی نیزیك. مستر هۆل، لاپەڕی ١٧١و کتێبی زنجیرەی ئارییاکان بەرگی یەکەم، نووسینی سەرلەشکر مظفر زەنگەنە ل ٨٢.

186- لە لاپەڕی ١٣٠ کتێبی Aru No.16 RzoA بڕوانە لە موتاڵای ا.م دیاکۆنۆف ل ٤٧٠.



هەڵکەوتوەو هیتییەکان دوای وێرانکردنی بابێل لەوێیان دانابوون بردۆتەوە بابێل.[١٨٧] بە لەبەرچاو گرتنی ئەمە کە پادشاکانی کاسی دوای ئەو لە باشوورو رۆژهەڵاتی بابێل حکوومەتیان کردووە و بابێل هەر لە دەستی شایەکانی حەمورابی دابووە، ئەوەمان بۆ دەرناخا کە ئاگۆمی دووهەم کە لە راستیدا دامەزرێنەری زنجیرە شاکانی کاسی لە بابێل بووبێ و لە ساڵی ١٥٩٥ی بەر لە زایین بە دوای پاشەکشەی هیتیتەکان چۆتە ناو بابێل[188]و پادشاکانی کاسی لە بابێل دوای ئەو دەسەڵاتیان لە بابێل دەست کەوتووە و حوکمڕانیان کردووە.

پادشاکانی کاسی بە زۆری لە لەقەبی " yamzi یامزی" بۆخۆیان کەڵکیان وەرگرتووەو بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ئەو لەقەبە کە لەنێو لۆغەتنامە بچووکەکانی"کاسی ـ ئاکادی" دا ماوەتەوە و لە وڵاتانی دراوسێ وەك "بیت هامیان"و مەڵبەندی "ئالابری Allabri" لەباشووری دەریاچەی ورمێ و "خۆبوشکی" هەڵکەوتوو لە دۆڵی بۆتان یا بەختان لە باشووری دەریاچەی وان زۆر دەکار هێنراوە.[١٨٩-190]

187- لەنێو ریزی پادشاکانی کاسیدا هێندێك نێو وەبەرچاو دەکەون هەروەك وێدەچێ کوردێکی ئەورووپی قسە دەکا: بۆ وێنە شایەك هەبوو پێی گوتراوە "کوڕی گالزۆ" کە هاوکات بووە دەگەڵ "توتماس"ی چوارەمین فیرعەونی میسر، مێژووی کوردو کوردستان نووسینی محمد امین زەکی بەگ). کوڕ لەکوردیدا مانای روونە. ئەگەر ئێستاش کوردێك ئەو ناوە ببینێ هەر ئاوای دەخوێنێتەوە و مەعناکەشی هەر "کوڕی گالزۆ"یە. ئەوە بۆمان دەرناخا کە ١٥٠٠ ساڵ بەر لە زایینیش خەڵك هەر بەم زاراوە ئاخاوتین؟

188- مێژووەکانی رەچەڵەکی یەکەمی بابێلی، VID، 1947 لە ئاکادیمیسیەن ئیسترووە ژمارە ١٠ ل ٩ بە دوا.

189- لە لاپەڕەکانی ٤٧و ٤٨ی CS8و کتێبی Die Sprache der Kassaer نووسینی اف دلیج F.Delitysch لاپەڕەکانی ٢٩ تا ٣٦و نووسراوەی کەتیبەی شلمانسیری هەوەڵ (KAH.1 شمارە AviV) بڕوانن.

190- بە وتەی ا.م دیاکۆنۆف ناوچەی باشوورو باشووری رۆژئاوای ورمێ و وان خاکی لیلۆبییەکان، ناوچەکانی "خۆبوشکی" لەسەر خاکی هوریانو ئورارتونیان حیساب بووە. (مێژووی ماد ل ٤٧١)

لە کەتیبەی ئاگۆمی دووهەم وا دەردەکەوێ کە کاسییەکان لەسەر بەشێك لەو خاکەدا کە دواتر مادەکانی نیشتەجێ بووە خاوەن دەسەڵات بوون. ئەو خاکەش هەر ئەو شوێنەیە کە دواتر بە "کار ـ دونیاش Kardunyash" نێودێر کراوە.[١٩١-192]

ئەوەی لەسەر کاسییەکان جێگای باسە، هەرە کۆنی ئەوان و پێشینەی نیشتەجێ بوونیانە لە خاکی کوردستان واتە زاگرۆسدا. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڵێن زیاتر لەهەموو تیرەیەکی دیکەی کورد خەڵکی ئەو خاکەن و زۆر لە زانایان ئەوان بە کۆنتر لە ئارییایەکان دادەنێن یا هەروەك نووسەری ئەو کتێبە ئاماژەی پێکردووە ئەوان ئێرانیتر لە هەموو ئارییایەکانی تریشن.

زمانەوانەکان بە گشتی لەسەر ئەو بڕوایەن کە زمانی کاسییەکان قەوقازییەو مەبەستیان لە زمانی قەوقازی زمانی خەڵکی ئەسڵی مەڵبەندی زاگرۆسە، ئەوەش کە زمانی کاسی قەوقازی بێ شتێك بۆ ئێمە دەردەخا، ئەویش ئەوەیە کە کاسییەکان بەر لە هەموو تیرەو تایفەی ئارییایی کە گومانێك لە ئارییایی بوونی ئەواندا نییە لەو شوێنە نیشتەجێ بوون، بە شێوەیەك کە یەکێك لە نووسەرانی بابێلی کە ئەوکات قامووسێکی بە زمانی کاسی ـ ئاکادی نووسیوە، لەو فەرهەنگە دا قەفقازی بوونی وشەکانی کاسی بە تەواوی دەردەکەوێ.هێندێك بەڵگەش هەن کە

191- پێشتر ئاماژە کرا کە کاسییەکان بە دوای زاڵبوون بەسەر خاکی بابێل و هەموو ناوچەکانی سومێرو ئاکاد نیزیکەی سێ سەدە دەستیان لەکاروباری سیاسی ئەو ناوچانە وەرنەداو شایەکانی بابیل خۆیان ئیدراەیان دەکردو ئەمیرەکانی کاسی لە ناوچەکانی وەك سومێر، ئاکادو ... حوکمڕانیان دەکرد تا ساڵی ١٧١٠ دا یەکێك لە کاسییەکان بە نێوی "اولام بوریاشی Ulam – Buriashio لە لاوازی "ئیگامیل EaGamil"ی پادشای حەمورابی بابیل بە دوای ئەو شکستەی لە ئیلامییەکانی خوارد کەڵکی وەرگرت و بە تەواوی دەسەڵاتی بابێلی بە دەستەوە گرت و نێوی "کارـ دونیاش"ی کە هەر نێوی خۆی بوو لەسەر ڕەزامەندی خەڵك بۆ خاکی سومێرو ئاکاد دانا. بەم شێوە دەسەڵاتی کاسییەکان زیاتر لە شەش سەدە بەو پەڕی تواناوە درێژەی کێشا (ڕاست ٥٧٧ ساڵ)و ئەو خاکەی کە دوایە نێوی مادەکانی لەسەر داندرا ئەوکات بە "کار ـ دونیاش" ناسرا. بۆ زانیاری زیاتر لەکتێبی "مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیك" نوسینی میستێر هول بڕوانە.

192- ئیملای ئاکادی کار ـ دونیاش بەم شێوەیە دەنووسرێ Kar-Dun-ya-as بەشی یەکەم (Kara) لە ئاکادی بە مانای کۆچ نشینو دۆم هاتووە، بەشی دووهەم بە مانای "خودای دونیاش"ە ئەویش لە دوو بەشی Dun ئیلامی بە مانای تەسلیم کردن و yas وشەی کاسی بە مانای زەوییە، بە تێکڕا دەبێتە خوایەك کە زەوی دەدا بە مرۆڤ (حەواشی مێژووی ماد لە دیاکۆنۆف لاپەڕی ٤٧٠).



بۆمان ڕوون دەکەنەوە کاسییەکان بەرلەوەی هێرش بکەنە سەر بابێل ئەو خودایانەیان پەرستوە کە بابێلییەکانیش ئیمانیان پێ هەبوون.[١٩٣]

بە گوێرەی بەڵگەنامەی لەبەردەستدا ئەوانەی ژێرەوە لە ریزی خوداکانی ئەوکات بوون:

١- شیپاك Shipak کەهەمان "مردۆك Marduk"ی بابێلییە.

٢- سە Sah شەمەش Shamash بابێلی.

٣- هودها Hudha ئیداد بابێلی (ئەو وشە چەندە لە وشەی خودا نیزیکە).

٤- هەربە Harbe ئانلیل Anlil بابێلی.

هەرچەند بە قەولی مەرحوومی ڕەشید یاسەمی خودا گەلـێتریشیان هەبوون بەڵام سەرچاوەو مەبدەئیان دیار نییە. بۆ وێنە "کاششو Kashshu" کە کاسییەکان ناوی خۆیان لەو وەرگرتووە.[١٩٤-195]

پێشتر ئاماژەی پێکرا کە زۆربەی زانایان، لوڕەکان بە پاشەواری کاسییەکان دەزانن، هێندێکیش ئەوەیان بەلاوە پەسەند نییە و دەبێژن زاراوەی کاسیو لوڕی وەك یەك ناچن و بڕوایان وایە کە لوڕی دەچێتەوە سەر ڕاوێژی لیلۆییەکان. لێرەدایە کە پێویستە بۆچوونی نووسەری ئەو دێڕانە وەبیر بێنینەوە کە تەواوی تیرانەش ناوبراو لە قەومی گوتی بوون و ئەوەی کە لوڕ لە خاکی کاسییەکان دابووە و پێوەندی بە لیلۆکانەوە هەیە هەموو نیشاندەری ئەو بڕوایەن کە شایەکانی ئەو قەومە لە تیرە جۆراوجۆرەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردران، ئەو تایفانەش کە لە یەك قەوم بوون و لە ئاڵوگۆڕی دەورە حکوومەتەکان لەسەر دانانەوەی سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بڵاو دەبوونەوە، یا بۆ شوێنگەلـێ ئەمین کۆچیان دەکرد. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە دوایە لەناوچەیەك زاووزێیان کردوەو بوونە زۆرینە و شوێنی

193- کتێبی (کەتیبە میغییەکان لە ئاسیای ڕۆژئاوا) لە نووسینی اچ و.ڕاو لێنسۆن H.W Rawlenson بەرگی ٥ ل ٤٤و کوردو پێوەندی نژادی و مێژوویی ئەو ل ٣٨ ڕەشید یاسەمی

194- کوردو پێوەندی نژادی و مێژوویی ئەو ل ٣٧و ٣٨.

195- پێشتر ئاماژە کرا کە یاسەمی بۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە کاسییەکان نێوی خۆیان لە شارێك لە لوڕستان بە نێوی "کاشن" وەرگرتووە، دیارە ئەو بڕوا جۆراوجۆرانە زۆرن. جوور دەرنەهاتنی بۆچوونێك دەگەڵ ڕاستی لە پلە و پایەی ئەو زانایە کەم ناکاتەوە، هەموو کات هەروا بووە، ڕاستییەکان لە نێو موناقەشەو لێکۆڵینەوە لەسەریان دەردەکەوێ. بە وەدەست هێنانی بەڵگەنامەی نوێ لەسەر مەسەلەو ڕووداوەکان، وردە وردە پەردە هەڵدەداتەوە و ڕاستییەکان زیاتر دەردەخەن. دیسانیش ئێمە لەو بارەوە دەدوێین.

دانیشتنی خۆشیان هەر بەنێوی خۆیان کردووە. هەروەك ئاریاییەکان هاتوونە ئێرانێ و ئەو خاکەیان بەنێوی خۆیان کردووە، نموونەش لەم بابەتە زۆرن، هەروەك پێشتر گوتمان لوڕەکانیش کەتیرەیەکن لە کاسییەکان، خاکی کاسی یا کاشویان نێو ناوە لوڕستان.

لە تایبەتمەندییە زەقەکانی کاسییەکان یەکیان ئەوە بوو کەئەسپیان عامالاندووە و تەنانەت دەڵێن رکەبەری ئەسپ سوارانیش لەوانڕا داکەوتووە. هەرچەند لە مێژووەکاندا دەخوێنینەوە کە سومێرییەکان زووتر لە ئەوان ئەسپیان ناسیوەو پێیان گوتووە "ئانشوکور را" واتە کەری کێوی، بەڵام رام کردن و عاملاندنی ئەسپ کاری کاسییەکان نەبووە. هێندێك وێنە لەناحیەی "کانس" هەڵکەوتوو لە ئاسیای بچووك دەست کەوتوون کە لەودا ئەسپیان لە عەرەبانە خستووە. ئەم وێنە هی سەدەی بیستەمی بەر لەزایینە.[١٩٦]

پادشاکانی کاسی لە ماوەی حوکمداری خۆیاندا زۆریان برەو سانددووە و چ بە شەڕ یا هەر ڕێگەیەکی تر توانیویانە لەگەڵ وڵاتی زۆر دوور پێوەندی بگرن و شارستانییەت و فەرهەنگی خۆیان بڵاوکەنەوە و لەسەرانسەری سەردەمی حوکمڕانی کاسییەکان پیاوانی شەڕکەرو ئازا پشتیوانی شایەکانیان بوون و بە توێژی نیزامیان دەگوت کاسی.[١٩٧] لەنووسراوەیەکدا کە "ر.دوسو"نیشانیداوە باسی مەفرەقی لوڕستانی دەکا کە لە ئاسەواری بەنرخی کاسییەکانن. هەرچەند زیاتر تەماحی مرۆڤ ئەوانیشی گرتۆتەوە و قەبرەکانی لەو سەردەمەوە مابوونەوە هەڵیانکەندوونو ئەو شتانەی لە ناویان دابووە تاڵانیان کردوون. ئاسەواری مەفرەقی لوڕستانێ بە هی نێوەڕاستەکانی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی هەوەڵی بەر لەزایین دەزانن. بەشی زۆری ئەم شتانە زینو تەرلكو خرینگەو مەنگۆڵەی ئەسپ یا شتی رازاندنەوە و کەرەسەی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی، هەروەها چەك و چۆلی ئەوکاتن.

دیاکۆنۆف دەنووسێ سەرنج ڕاکێش ترین تایبەتمەندی ئەو شتانەی لە لوڕستان دەست کەوتوون، ئەو شتە رازاوە و پێچاوپێچانەن کە هی سێحرو خواکانی ئەساتیرین کە لە شێوەی بزنەکێوی، پلینگ، شێر و گاو ئەسپ و گریفۆنن (کە بەدەنی شێرو باڵ و سەری هەڵۆو گرێی ئەسپو تاجێکی وەك باڵی ماسی و ئەبوالهەولو ...)یان پێوەیە. لەو سفەتەی ئەوکاتدا هێندێك شتی سەرنجراکێش کەزۆر شتی گەلێك کۆن و ئەساتیری و ئەفسانە و کتێبە کۆنە ئێرانییەکانی وەك ئەوێستاو بە تایبەتی ئەساتیری خۆشەویستی کاسییەکان و نیشانەی ڕۆژو شکڵی رەمزی بادامی کەخۆی رەمزێك بووە دەنوێنن و دەخەنەوە بیر.

کاسییەکان لە سەرەتاوە بوتیان پەرستوەو خوای گەورەی ئەوان ئیلاهەی شەمس یا "سریاش یا شورباش" بووە، کە "ساخ"یشیان پێ‌گوتووە. لە خواکانی دیکەی ئەوان "شیمالی، ئیلاهەی چیا"و "سیبارو shibarou"و "شئوکامون یا شومو Shukamon"خوای ئاگری ژێر زەوی وێدەچێ ئەم بڕوایە لەهەڵچوونی ئاگری بورکانەکان، یا مەشخەڵی کلپەی نەوت وەرگیرابێ.[١٩٨] چەند خودایەکیتریش لە قەوم و تیرەی دیکە هاتوونە ناو بیرو باوەڕی ئەوان وەك خوای هەورە تریشقەو باران "ئوبریاش‌و بوریاش" کە لە هیتیتەکانیان وەرگرتووە یا خوای پارێزەری بنەماڵەی شای بە نێوی "ئیمیریا Imeria" هەرچەند بیرو بڕوای تیرەو تایفەکانی قەدیم زۆر جار لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە، بەڵام بوونی پێوەندی لەنێو هێندێك لەخواکانی کاسی لەگەڵ هیند و ئەورووپاییەکانی ئاریایی حاشا هەڵنەگرە و زۆرجار خواکانیان یەکتر دەگرنەوە، وەك "سوریاش"ی کاسییەکان لەگەڵ سوریای هیندی، "هلیوس یۆنانی"و هوری ئێرانی، بورباش خوای تۆفان کە لەگەڵ "بوریاس"ی یوونانی یەکن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە کاسییەکان زمانی خۆیان کە قەوقازی بووە[199] بەسەر پادشاکان و گەورە گەورەکانی هیندو ئەورووپاییدا سەپاندووە، دیارە زۆر وشەی هیند و ئەورووپاییش چۆتە نێو زاراوەی ئەوان. هەروەك بۆگاش یا بوغاش کە بە مانای خوایە کە لە زمانی فارسی کۆندا بە"بغ" هاتووە. لە سەردەمی پادشاکانی کاسیش وشەگەلێك هەن کە ریشەی ئێرانیان هەیە. وەك "ئارتاتە Artatema" یا "شوترنە Shoutarna"و "تۆشرەتە Toushratta".

لەم زانیاریانە ڕا دەردەکەوێ کە کاسییەکان خاوەنی دوو زمان بوون، یەکیان زمانی عامی‌و گشتی خەڵك کەریشەی قەوقازی هەبووەو ئەویتر زمانی ماقووڵان و دەزگای حاکمە و پاشاکان کە ئەوەیان ریشەی هیندو ئەورووپایی هەبووە.[٢٠٠] وەك دەزانین ئەو رەوشە لەزۆر شوێن باو بووە، هەروەك زمانی دەربار یا بنەماڵەکانی شا یانی ئەشکانی، یۆنانی بووە بەڵام خەڵکی ئاسایی بە زمانی ئێرانی ئاخاوتوون.

---

196ـ The pinches. The Cappodocian Tablets of Uverpol LAAAI pL. 17 . 8 کە ئەویش لە لێکۆڵینەوەکانی ا.م دیاکۆنۆف، لە لاپەڕی ٤٩ بە دواوە.

197- لە ساڵنامەکانی ئاشوور ناسیرپال IV.111 دوای .IARAB ٣٧ S. ، لە AKA بڕوانە.

198 A.Deimel.Pantheon Babyloniacu m No. 3176ە و لە لۆغەتنامەی کاسی ـ ئاکادی بڕوانە.

199- بە زمانی قەومەکانی مەڵبەندی زاگرۆسیان گوتووە قەفقازی.

200- کوردو پێوەندی نژادی و مێژوویی ئەو ل ٤٠.

لە سەدەکانی دواییش دا ڕێوڕەسمی وا هەبووە کە لەئاکامی دەسەڵاتی قەومیدا زمانی خاوەن دەسەڵات و داگیرکەر لەنێو دەزگای دەسەڵاتیدا پەرەی سەندووە، کەچی خەڵکی ئاسایی بە ڕاوێژی خۆیان دواون و بیرو بڕوای خۆیان پاراستوە، بۆ وێنە زمانی عەرەب و مەغولەکان لەو ناوچانەی گرتوویانە، یا زمانی ئینگلسی و فەرەنسی و ئیسپانیایی لەو شوێنانەی ئەفریقا و ئاسیاو ئەمریکا کە وەك کۆلۆنیال بە دەستیانەوە بووە.[201-202]

شوێنی تێکەڵ بوون و تێکبەزینی فەرهەنگی کاسی لەگەڵ فەرهەنگی هیند و ئەوروپایی مەسەلەیەکە هەموو کات جێگەی باس و دەمە تەقە بووەو بەشێکی زۆر لە شوێنەوارناس و ڕۆژهەڵات ناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لوڕستان لەم بوارەدا یەکەم شوێن بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بۆچوونە کە کۆچی نەتەوە ئارییەکان بۆ ڕۆژئاوا زۆر بە لەسەرەخۆیی‌و وردەوردە بە ئەنجام گەیوە. کەوابوو دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە هەروەك جەماعەتێك تیرەکانی گۆتیان جیا لە یەکتر هێناوەتە بەرباس و ئەو باسەش هەر ئاوا دێننە گۆڕێ، بەڵام ئەو مەسەلە لەدوو حاڵ دا خۆی دەبینێتەوە، یا کاسییەکانیش وەك تیرەکانی دیکەی زاگرۆس ئاریایی بوون و بەر لە قەومەکانی سەرکەوتووی دوایی هاتوون کە لەم حاڵەدا بێگومان تایبەتمەندی و فەرهەنگو بیرو بڕوای ئەوانیان بووە ـ هەروەك ئاماژەمان پێ‌کرد نێوی گەورە پیاوان، شاکان و خوداکانی کاسی‌و هیندو ئێرانین، ئەگەر واش نەبێ دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ کە کاسییەکان لە بنەڕەتڕا لەسەر ئەم خاکە ژیاون و وردە وردە لەگەڵ ئاریاییەکان دراوسێیەتیان هەبووە پێوەندییان پێکهێناوە و کەوتوونە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و بیرو باوەڕی ئەوان و لەئاکامدا نێوی خوداکان و پاشاکانیان لەوان وەرگرتوە. چونکو بەدرێژایی مێژوو هەر چینی سەرەوە بەر لەخەڵکی ئاسایی کەوتۆتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی خەڵکی دیکە. بە ئەزمون دەرکەوتووە کە خەڵکی ئاسایی درەنگتر لەداب و نەریت و بیر و باوەڕی خۆیان دەست هەڵدەگرن.[203] لەم

---

201- بۆ زانیاری زیاتر لە Arch .or.p.190 لە Contenau بڕوانە.

202- تەنانەت لە وڵاتێکی گەورەی وەك هیندوستان لە دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی تا ئێستا نەیانتوانیوە لە ژێر زاڵی زمانی ئینگلیسی خۆیان ڕزگار کەن.

203- لەهەلومەرجی ئێستاشدا، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا چینە تایبەت و شازەکانی کۆمەڵ زووتر دەچنە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگایەکیتر، بۆ نموونە ئەوان زووتر دەچنە شوێن فێربوونی زمانی بێگانەو زووتر مۆدی لیباسی تازە وەردەگرن.



بوارەشدا کاتێك نێوی پادشاکان و خوداکان لەنێو قەومەکانی زاگرۆس چ لیلۆ بن و چ کاسی دەبینین هەر بەو هۆیەیە کە باسمانکرد، توێژی سەرەوە کە نێویان ماوەتەوە و ئاسەواریان لـێ بەجێ ماوە لەم یاسایە بەهرەمەند بوون. ئاکامەکەی هەر دەبێتە ئەوە کە نەتەوە ئاریاییەکان یا هیندو ئەوروپاییەکان هێدی هێدی لەژێر زەختی جۆراوجۆری (سروشتی و ئینسانی‌و ...) هاتوونە ڕۆژئاوا، بە گشتی ئەوانە تێکەڵاوێك لەو قەومە کۆچەری‌و هێرشکەرو نیشتەجێیانی ئەسڵی ئەم ناوە بوون کەلەگەڵ چوونە پێشی ڕەوتی مێژوو ـ خانەخوێ و میوان ـ بە شێوەیەك تێکەڵبوون و بە یەکەوە گرێدراون کە جیاکردنەوەیان لەیەکتر زۆر زەحمەتە.

ئەو هیندو ئەوروپاییانەی کە لە باکووری دەریای خەزەرو قەوقاز یا خوراسان بەرەو ڕۆژئاوا جووڵاون بوونە دوو لقی جیاواز لەیەکتر. دەستەیەکیان ڕوویان کردە باشووری ڕۆژهەڵات و وڵاتی هیندوستان و زمانی سانسکریتیان لەوێ ڕەواجداو دەستەکەی دیکە بەرەو ڕۆژئاواو زاگرۆس ڕۆیشتن و لەگەڵ ئەو قەومانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن وەك کاسییەکان و لیلۆییەکان تێکەڵ بوون یا بوونە دراوسێ. تا ئەو جێیەی کە فەرهەنگ و بڕواو دینیان تێکەڵاو بوو، هەردوو لا شتی لە یەکتر فێر بوون، بۆ وێنە قبوولکردنی خواکانی قەومە تازە هاتووەکان لە لایەن قەومەکانی مەنزوومەی زاگرۆس، وەك خوای هەتاو یا "سوریا Surya" یا خوای تۆفان Buryaو تەنانەت وەك دەڵێن ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە ئەسپیش لەوان فێر بوون.

میستێر هول نووسەری کتێبی مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیك بڕوای وایە زمانی کاسییەکانی ئاریایی بووەو چەند نموونەیەکیشی هێناوەتەوە. هەرچەند زانیاری لەسەر زمان و شارستانیەتی کاسییەکان کەمە، بەڵام ئەوەی هەیە دەتوانێ نیشاندەری لەمێژینە بوونی قەومیەتی ئەوان بێ. قەومی ناوبراو زۆر بەر لە پێکهاتنی دەسەڵاتی بابێل لە عاملاندنی ئەسپدا پسپۆر بوون و بۆ کەڵك لـێ وەرگرتنی بابێلیان دەیان ناردنە ئەوێ، ئەوان هەروەها لەمەڕ کشت و کاڵ زۆر شارەزا بوون.

کاسییەکان دوای ٥٧٧ ساڵ حکوومەت کردن (١٧٤٩ ـ ١١٧١) لە بابێل و دەوروبەری ئاخرییەکەی بەهۆی حوکمڕانی گەورەی ئیلام (کوتیر ناخونتە Kutir Nahhounte" لە حوکم وەلا نران. لە ئاسەواری جۆراوجۆری وەك نووسراوەی بەردینی "نارام سین" هەروەها لەسەر بەردە نووسراوەی یاساکانی حەموورابی‌و... لەمەڕ تاڵانی بابێل بەهۆی ئەو حوکمڕانەی ناومان برد زۆر شت گوتراوەو نووسراوە. بە تایبەتی لەگرتنی شاری "ئاشنۆناك یائیشنۆ نوکو" کە لە

دەستی کاسییەکان دا نەبووە، کە "شیل"یش هەر باسیکردووە.[204][205][206] ئەو سەرچاوە یەکێك لە سەرچاوە هەرە بە نرخەکان لەسەر مێژووی ئەو سەردەمەیە.

کاسییەکان لەباری پێشکەوتندا بە دوو بەش هەڵدەسەنگێندرێن، یەکەم ئەوانەی زیاتر لەگەڵ بابیلییەکان پێوەندیان هەبووە کە زۆر پێشکەوتووتر بوون و زیاتر گەشەیان کردوە، دووهەم ئەوانەی کە لەنێو کێوو کێوپارەکاندا ژیاون کەمتر پێشکەوتوون.

**سۆباری و مێتانی:**

سۆباری یا سوبارو کەهەمان هۆریەکانن[207] بۆ یەکەم جار لە لەوحەیەکدا دەرکەوت کە لە "لوگال ئانی مێند و Lugal Any mendo"ی حاکمی سومێر لەگەڵ وێنەی "سوپیر Supir" لە سەدەی سێهەمی پێش زایین ماوەتەوە. ئەوەش هەمان شتە کە لە ئاسەواری بەجێماو لە "نارام سوئن = نارام سین"ی ئاشووری بەنێوی "سوبارتیم" دا نووسراوە، ئەم وشە ناوی ئەو پارچە خاکەیە کە لە سنووری باکووری ئیلام تا کێوی "ئامانووس" درێژەی هەبووە[208] و تیرەیەك هەر بەم ناوە تێیدا ژیاون کەیەکێك لە چوار دەسەڵاتی خاوەن دەسەڵاتی ئەوکات واتە (میسر ـ هیتیت، کارودنیایش و میتانی) بوون (سەدەی ١٦ی پێش زایین). سوبارو یا سوباری بە گوێرەی لێکۆڵینەوەو بێئەم لاو ئەولا نێوی تیرەیەك بووە کە لەسەر خاکی "میزوپوتامیا" یا بین النهرین و زاگرۆس و سووریەو ئانادۆلی (تورکیە) دەژیان.[209]

هێندێك لە رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە میتانییەکانیش لقێك لە سوباروکان بوون[210] هەرچەند کە هێندێکیش ئەوان بە کاسایی یا لە کاسییەکان لەقەڵەم دەدەن.[211]

204- بە بڕوای نووسەری ئەم کتێبە ئەو شارە دەگەڵ ئەوشوێنەی ئێستا شاری "اوشنویە" یا شنۆیە یەك دەگرێتەوە و هەر یەکن.

205- جەدوەلی Del en perse VH=XXIX.

206- لە هێندێك کتێبان دا کوتیر ناحونتەرا Shutruk-Naxxunte شوتروك ناحونتە نووسراوە.

207- مێژووی کوردو کوردستان نووسینی محمد ئەمین زەکی بەگ، وەرگێردراوی (حبیب الله تابانی)

208- ئەو کێوە ئەورۆ لە ئوستانی "ئەتنا"ی تورکیایەو رێگای ئاسنی حەلەب بۆ ئەتنا لەژێر ئەو کێوە دەڕوا.

209 قەومەکانی میزوپۆتامیا، پرۆفیسۆر ئیسپایزێر.

210- هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ١٢٨و ١٣٥.

211- وەك "سرکینگ" نووسەری مێژووی خاکی بابێل.



بەشی رۆژئاوای خاکی سوبارو، بە "هووری" ناسراوە،[212] رای گشتی ئەوەیە کە دوو تیرەی (میتانیو سوبارو) دوو لقی تیرەیەکن و بەڵگەنامەیەکی یەکجار زۆر ـ زیاتر لە چەند هەزار کە لە "بوغار کوی"و کەرکووك دۆزراوەتەوە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن. تەنانەت "جێنسینGensin"لەو بڕوایە دایە کە "میتانی" لەقەبی تایبەت بەبنەماڵەی شایەتی بووەو بە خەڵکی ئاساییان گوتووە سوباری.[213] هەر ئەو رۆژهەڵاتناسە خاکی میتانییەکانی بە "هانی گالبات Hani galbat" ناوبردووە و دەڵێ پێتەختی میتانییەکان شاری "واشوو گانی Washshu gani"بووە.

میسرییەکان بە میتانییەکانیان دەگوت "ناهاری" کە دوور نییە لە تەوراتیان وەرگرتبێ کە لەوێدا مێتانییەکان بە "ئارام — ناهارم" نێوبراون و[214]، بە وتەی شێخ محمد مردوخ لەبەر ئەوەی پێیان گوتوون نەهری یا ناهاری کە لە قەراغ رووباری دیجلە ژیاون.[215]

"تیگلات پلایزێری هەوەڵ (١١١٥ ـ ١١٠٠ی بەر لە زایین)" پادشای ئاشوور چەند جار هێرشی کردۆتە سەر خاکی سۆبارییەکان و جارێك شاری "شریش"ی کە لە شارە گرینگەکانی سوبار بووە گەمارۆ داوە و هەرەشەی لە حکوومەتەکەیان کردووە.[216] بەڵام هەموو جارێ خەباتکارانی سوباری و کارتی و موشکی، کە بە "ماریا" نێویان دەرکردبوو کە بە مانای پاڵەوانە،[217] پیاوانە بەرگریان دەکردو پاشەکشەیان بە ئاشوورییەکان دەکرد، بەڵام لە ئاخریدا چەند بەشێك لە خاکی سوبارییەکان کەوتە ژێر دەستی ئاشوورییەکانو دەوڵەتی سوباری هێدی هێدی بەرەو شکست و نەمان چوو.

دوای تیگلات پلایزێری هەوەڵ، ئەداد نیراری دووهەم Adad-Nirari (911 ـ ٨٩٠ی بەر لەزایین)و پاش ئەویش ئاشوور ناسر پال (٨٦٠ ـ ٨٨٥) بە دەسەڵات گەیشتوون. بە گوێرەی نووسراوەکانی ئاشووری کە سەرچاوەی گرینگی لێکۆڵەرەوانن ئاشوور ناسرپاڵ توانیبووی

212- سێر سیدنی ئیسمیت لە مەقالەیەك دا کە سەبارەت بە کورد نووسیویەتی.

213- مێژووی کوردو کوردستان لە نووسینی محمد مەردووخ ل ٦٦ بەرگی یەکەم.

214- فەسڵی ٢٤ سەفەری تەکوین، ئایەی دەهەم.

215- مێژووی کوردو کوردستان، بەرگی ١ ل ٦٧.

216- مێژووی گشتی مێژوو نووسان، نوسینی مراد بەگ، بەرگی ٢ ل ٣٨١.

217- ل ٨٨٧ لە مێژووی قەدیمی ئاشوور، Contenau arch.or 11 p.887.

هەورامان بگرێو شارێکی نوێ بە نێوی "دوو ئاشوور" لە جێگەی شاری کۆن "ئاتیلا Atlila" بنیاد بنێ.[218] لە ئاخریدا شل نەسری سێهەم لە ساڵی ٨٥٦ی بەر لە زایین یەکێك لە فەرماندەکانی زاگرۆسی بە نێوی "یانزۆ" پاش هێنانە ژێر رکێفی خۆی کردە حاکمی ناوچەی "نمری"، بەلاّم پاش بەینێك ئەو ئەمیرە یاغی بوو و دەستی کرد بە لەشکر سازدان، جگە لە ناوچەی نمری بەشێکیشی لە خاکی "ماد = مادائی) لە دەوروبەری سەقزی ئێستا گرت و وێنەی پادشای ئاشووری بۆ پەرستن لەوێ قایم کرد.[219] لە تەواوی ئەو ماوەدا ناوچەی "زاموا = شارەزوور" لەبەردەستی ئاشوورییەکان دابوو، تا دەوڵەتی Haldia = خالیدی کە لە هەرمەنستان پێکهاتبوو، دەستی بەسەر داگرت و بە خاکی خۆیەوە لکاندو بۆ یادی ئەو سەرکەوتنە بەردێکی لە ملەیەکی هەڵکەوتوو لە باشووری دەریاچەی ورمێ و ناوچەی شنۆ لە سنووری ئێستای ئێرانو عێراقو تورکیە تاشیو داینا کە ئەورۆ شوێنێکە بە نێوی ئەو بەردە واتە کێلە شین Kela shin نێوبانگی دەرکردووە.[220] لەو رێکەوتە بە دوا هەموو کات لە نێوان ئاشووری و خالیدییەکان و باقی تیرەکانی زاگرۆس و دەوڵەتە تازە پێکهاتووەکانی وەك "مانناییی" لە باشووری دەریاچەی ورمێ (ناوچەی موکریانی ئەورۆ کە بریتییە لە "مەهاباد، میاندواو، سەردەشت، سەقز، بانەو دەورو پشتیان"، هەروەها تیرەکانی کۆچەری تازە هاتوو بۆ ئەو شوێنانە تێکهەڵچوون هەبووە. ئەم بارودۆخە تا سەردەمی دەسەلاّتی سارگۆنی دووهەم (٧٢٢ ـ ٧٠٥ی بەر لەزایین) کە هەوڵی بۆ بەرین کردنەوەی خاکی ژێر دەسەلاّتی خۆی و دابینکردنی ئاسایشی هەرێمی خۆی وەك کوردستان و مانائی و خاکی مادەکان داو، شاری "کارشاروکین Karsharrukin"ی کە هەمان شاری "هارهار" بووە کردە ناوەندی مەڵبەندێك کە لە کرماشانەوە تا هەمەدانی دەگرتەوەو زۆریشی تەیار کرد. ئەو رووداوە لە نامەیەکدا کە لەم دوایانەدا دەستکەوتووە بە جوانی باسکراوە.[221]

218- مێژووی کوردو کوردستان، محمد مردوخ، بەرگی یەکەم ل ٦٦و بنەماڵەی ئاریایەکان مظفر زنگنە ل٨٤.

219- ل ٢٧١ De la porte Evolution de phumanite t VIII.

220- کێل Kel بەردێکە لەلای سەری گلکۆ دادەندرێ، چونکو بەردەکەی ئەم شوێنە سەوزە، پێیان گوتووە کێلەشین.

221- لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوار ناسی لەمەر ئێران، بێرلین ١٩٢٩.

ـ A.C.lieکەتیبەکانی سارگۆنی دووهەم بەرگی یەکەم، پاریس ١٩٢٩.

3. Haipen ABL No.126 Wateiman RCAE 1.86



سارگۆنی دووهەم لەکەتیبەیەکدا کە لە کۆشکی خۆی جێی هێشتووە، وێڕای باس لەسەر ئەو دیاریو شتە بەنرخانەی بۆی هاتووە سەبارەت بەگرتنی شاری "کیشەسیم Kishesim" وێنەی ئاریایەکانو خەڵکانی بەئەسڵ نیشتەجێی زاگرۆسیشی نەخشاندووە. ئەوانی بە ئەسڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە بوون پرچ و ریشێکی قوڵەی چینداریان هەبووە و پارچەیەکی باریکیان لـێ بەستووە، هێندێك لەوان تەقیلەیەکیان لەسەرەو دەسرۆکەیان لە دەور هاڵاندووە. مرادخانییەکی قۆڵ قوڵەیان دەبەردایە کە هەتا ئەژنۆیان هاتووە، لەسەر پێچاویانە. چەکەکەیان بریتییە لە رمێکی درێژو قەڵغانێکی چوار گۆش.[222]

بابەتێکی سەرنج راکێش کە لە ساڵنامەو نووسراوەکانی سارگۆنی دووهەمدا هەیە بریتییە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ مرۆیەك کە ئێمە ئەو باش دەناسین و نێوی "سیاکسار یا کیاسارو یا هوخشتەری یەکەم" بووە کە لە فەرمانڕەوایانی بەوەجی ماد بوو ئەو کات لە ریزی ئەمیرەکانی بارەگای "تالتای Talta"ی لە گەورە پیاوانی وڵاتی ئیلی پی بووە.

مێتانییەکان لەگەڵ میسر پێوەندی دۆستانەی باشیان هەبووە، بە شێوەیەك کە "ئارتماتە" کچی خۆی داوە بە "توئمسی چوارەم" یا فیرعەونی میسر.

هەروەك ئاماژەی پێکرا مێتانییەکان یەکێك لە چوار هێزی گەورەی سەردەمی خۆیانیان پێك هێنا، بۆیەش کە نیراری یەکەم پادشای ئاشوور لە نووسراوەی سەرکەوتنی خۆیدا خۆی وەك تێك شکێنەری شەڕوانانی بەهێزی کاسی و گوتی و لیلۆیی و شوباریان یا مێتانییەکان دەناسێنێ، شلمانەسەری هەوەڵیش لەسەدەی سێزدەی پێش زایین و نۆکۆلتی نینۆرتای هەوەڵیش خۆی بە شای دنیا، شای ئاشوور، شای چوار وڵاتی دنیا (شای کاردونیاس، شاری دەریای سەروخوار، شای لۆباریان یا مێتانیان)و سەرانسەری وڵاتی "نایری" لە قەڵەم دەدا.[223]

لەم دوایانەدا لەنێو بەڵگەکانی "ئامارنا" نامەیەك لە "توشراتا Toshratta"ی پادشای مێتانی دەستکەوتووە کە بە زمانی مێتانییە[224]و ٦٠٠ دێرە. "بورك" رۆژهەلاّتناسی بەنێوبانگ زمانی مێتانی بە تێکەلاّوێك لە زمانی قەوقازی دەزانێ.

222- تیرودانژین Thureau dangin کتێبی لەشکرکێشی سارگۆن لە جاری هەشتەمدا، پاریس ١٩١٢.

223- لە بەڵگەی KAH 1 و ١١ کە لە AVIV لە لاپەڕەی ٢٦٥ بە دواوە بڕوانە.

224- یانی زمانی کوردان، مەنزوومەی زاگرۆس.

نێوی پادشاكانی مێتانیو سوباری زۆر لەنێوەكانی هێندی نیزیكن و خواكانیشیان نێوی هیندی و ئێرانیان هەبووە. وەك "ئاندرا Andra"، "واردونە varduna"، "میترا Mithera"، "ناساتیا Nasatyas"و ... ئەو رەقەمانەی كە مێتانیو سوبارییەكان كەڵكیان لـێ وەرگرتوون "سانسكریت"ن.

دابەش بوونی چینەكانی وەك بەشی زەوی و زارو كاری ئاسنەواڵەو ... لە سەردەمی مێتانییەكاندا نیشاندەری پێشكەوتنی زیاتر بوون.[225]

## نایرییەكان "Nairi":

هەروەك تا ئێستا باسمانكردووە ئەو تیرەشیان وەك ئەوانیتر لە كتێب و بەڵگە جۆراوجۆرەكاندا بە جیا هێناوەتە بەرباس، لەحاڵێكدا نووسەری ئەم كتێبە بڕوای وایە كە لەمەڕ ئەم تیرەشەوە وەك وشەی گوتی یا كوتی بە هەڵە چوون. هەروەك پێشتر گوتمان لەو بەڵگەنامانەی بە دەستمانەوەن، میسرییەكانی كۆن بە مێتانی و سۆبارییەكانیان گوتوە "ناهاری" كەچی ئەم وشە نێوێك بووە بۆ هەموو دانیشتوانی مەڵبەندی زاگرۆس و تەنانەت لەتەوراتیشدا لە بەشی ٢٤ی سەفەری هاتنەبوون (تەكوین) هەروەها لە ئایەتی دەهەمی فەسڵی نۆزدەی كتێبی یەكەمی مێژووی رۆژگاریشدا هاتووە و بە روونی و راشكاوی هاتۆتە گۆڕێ، كەواتە دەتوانین بێژین وشەی نایریش گۆڕانێكی لەفزییە لە وشەی "ناهاری". چونكو ناهارییەكان یا خەڵكانی زاگرۆس (بە لێكدانەوەی زۆربەی حكوومەتەكانی دراوسێ) حكوومەتێكی بەتواناییان هەبووە، هێندێك كەس لەبەر دوور كەوتنەوە لە مەسەلەكەو تێپەڕ بوونی زەمان ئەوانیان جیا لە تیرەو تایفەكانی زاگرۆس و بە وێنەی تیرەیەكی سەربەست ناساندووە.

هێندێك كەسیش لەسەر ئەو بڕوایەن كە نایرییەكان یەكێك لەو تیرانەن كە مێتانی و سوبارییان پێكهێناوە و دوایە بەهێز بوون و نێویان هاتۆتە نێو نێوان و ناوبانگیان دەركردووە.[226] بە بڕوای نووسەری ئەو دێڕانە ئەو بۆچوونە ناشێ راست بێ، چونكو سەردەمی دەسەڵاتی مێتانیو سوبارییەكان ئاشكراو روونە، مەگەر بێژین لە ناوچەیەك لە

225- لە نووسراوەكانی T.Bwrton Brown و ب.ب. بیوتروسكی بەنێوی شوێنەوارناسی قەفقاز ل ٥٧ بڕوانن.

226- مێژووی كوردو كوردستان، عەللامە محمد مەردوخ بەرگی یەكەم ل ٧١.



مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا (سوباری و مێتانییەكان لە لایەن ئەوانەوە ئیدارەی حكوومەتیان پێ ئەسپێردرابێ. ئەوە زیاتر لە عەقڵ نیزیكەو رێی تێدەچێ. چونكو ئەوە دەزانین كە خەڵكی زۆربەی حكوومەتەكانی دراوسێ، هەموو قەومەكانی دانیشتووی كوردستانیان بەم شێوە ناو دەبرد.

كەواتە دەكرێ بڵێین دراوسێیەكان بە راوێژی خۆیان بە "ناهاری"یەكانیان گوتبێ "نایری"و ئەوانە لە راستیدا لە ریزی درێژەدەرانی دەسەڵاتی مێتانی و سوبارییەكانن و لە درێژەدانی حكوومەت دا لەگەڵ قەوم و دەوڵەتەكانیتر تێكهەڵچوون و شەڕو شۆڕیان بووە. بۆیە كاتێك لە دیرۆكدا دەخوێنینەوە كە تیگلات پلایزێری هەوەڵ حوكمڕانی ئاشوور گوتوویە: لە دەشتی "ملازگرد" یا لە دەڤەری "كوتموخ"ی نێوان (دیجلەو ئارارات) لەگەڵ ٢٣ والی نایری شەڕی كردوە، لە راستیدا لەگەڵ والییەكانی هەڵبژاردەی مێتانیو سوباری شەڕی كردوە كە "ناهاری و نایری"یەكانیش لە ریزی ئەواندا بوون.

بەڵام ئەوەی لێرەدا نابێ لەبیرمان بچێ ئەوەیە نایری یا ناهارییەكان تیرەیەكی مەنزوومەی زاگرۆس بوون. بەپێی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن، لە ریزی ئەوەڵین قەومەكانی سەردەمی مرۆڤایەتین كە لە تیرە جۆراوجۆرەكانیان یەكیەتییەكیان پێكهێنابوو كە نایرییەكانیشیان لەگەڵ بووەو ئیزنیان بە ئاراراتییەكان دا پایەی یەكێك لە حكوومەتە بە تواناكانی سەردەمی خۆیان دابڕێژن، كە پانایەكەی گەیشتە قەراخەكانی رۆژئاوای دەریای خەزەر "كاسپین"[227]. هەر لەبەر ئەوەشە كە زۆربەی رۆژهەڵاتناسەكان و لێكۆڵەرەوان بەو حكوومەتەیان گوتوە ئورارتویی یا نایری. ئەگەر تاقمێك لە كوردبوونی بەشێك لە ئاراراتییەكان كە خۆی ئەوان بە "بیئائینلی Biainnli"نێو دەبا. تەوراتی عەرەبی بە ئاراراتی[228]و بابێلییەكان بە "اوراشتما Urashtma"یان دەناسن، گومانیان لەوەدا نییە كە ئەوان "ناهارییەكان یا نایرییەكان" كوردن و ئەو شوێنەوارانەی كە لە شوێنی جۆراوجۆری وەك ئازەربایجان (ماد كوچك)و كوردستان، بەستام اوغلو، ئوزوپ تپە لە "ماكۆ"، بەردە نووسراوەكەی "سەقین دل" لە كێوی زاغی، رزقانی ئەهەر، رازلیقو نشتەبان لە سەرا، داش تەپەی میاندواو و كێلەشینی شنۆ كە

227- مەقالەی كەتیبەكانی ئوراتوئی، بەستام ماكوو، لە نووسینی E. V. Schuller ل١٦٧.

228- راپۆرتەكانی ئاسەوارناسی لە ئێران ل ١٦٧.

لە ٨٢٥ی بەر لەزایین هەڵقەندراوە، هەموویان لەوان بەجێ ماون و تواناو دەسەڵاتی ئەو حکوومەتە نیشاندەدەن.

بۆ شاهیدی سەلماندنی بۆچوونەکانی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە بەڵگەو پەرتووکی کۆندا باس لە تیرەیەك بەنێوی نایری نەکراوە. تەنیا لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا ئەویش لە سەردەمی تیگلات پلایزێری هەوەڵ کەمێك پێشترو دوای ئەویش نێویان هاتۆتە نێو نێوان. کتێبی زۆر بەنرخی "ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی" شوێنەواری هەمیشە زیندووی بەرهەمی پرۆفیسۆر مینۆرسکیش" ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکا. دیارە ئەگەر ئێمە لەسەر تەواوی ئەو شەڕو تێکهەڵچوونانە باسبکەین لە مەبەستی سەرەکی بنەڕەتی دوور دەکەوینەوە.[229] نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئاشوورییەکان، تەواوی دانیشتوان و عەشایرەکانی کە لە سەرچاوەکانی دوو شەتی دیجلە و فورات و وڵاتی دیاربەکر، خەرپووت و درسیمی ئێستا، لە شاخی بتلیس و توروس ژیاون بەنایری ناسیوە. ئەم هەرێمانە هەموو نیشتمانی "کوردان" بووە. لە ٤٠١ی بەر لە زایین یانی لە نێوەڕاستەکانی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکاندا[230] هەر ئەو دەڤەرەیە کە دواتر نێوی "کوردوئێن"ی بەخۆوە گرتو قەومەکانی دانیشتووش بە کاردۆخی و کاردوش، کاردوخۆیو کاردشووی نێو دەبران.

ئەو وڵاتەی کە بەنێوی نایرییەکان ناسراوە هەمان خاکی مێتانی و سوباری بووە کە لە هەرێمی زێی گەورەدا هەڵکەوتبوو، ئێستاش هێندێك دێهات و ناوچەی ئەو دەڤەرە وەك "نری" لە ناوچەی شەمزینان یا شەمدینان، یا لە سنەی ئەورۆ نێوی ئەوانیان هەر لەسەر ماوە. لە هەر حاڵ دا ئەگەر تیرەیەك بە نێوی "نایری" حکوومەتیان دامەزراندبێ هەر لە مەنزوومەی زاگرۆس و لە مێتانی و سوبارییەکان بوون و وەك باقی قەومەکانی دیکەی "میزوپۆتامیا" یا "دووچۆمان"یش لە پێشینیانی مادەکانن.

بە وتەی محمد جەوادی مەشکوور، نایرییەکان نەتەوەیەکی ئاوەدانکەرەوەو دەست ڕەنگین بوون و لە شارستانیەتی پێشکەوتووی دنیای کۆن بەهەرەمەند بوون[231] و لە ناسین و بردنە

229- بۆ ئاگاداری زیاتر لەو شەڕانە لە کتێبی مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نیزیك، نووسینی میستێر هۆل لە لاپەڕە ٤٦٢ بەدواوەو لە مێژووی ئاشوور نووسینی میستێر کینگ بڕوانن.

230- مێژووی "کوردو کوردستان"ی شێخ محمد مردوخ بەرگی یەکەم ل ٧٢.

231- مێژووی ئورارتوو بەردە نوسراوەکانی ئورارتوئی لە ئازەربایجان ل ٧.



پێشی کاروباری کشت و کاڵی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا کاریگەری بەرچاویان هەبووە.[232] لە شێوەی ئاوداشتن و هەڵکەندنی کارێزە و بەربەستدا زۆر شارەزا بوون، بە شێوەیەك کە لە ٧٠ کیلۆمیتری ڕا ئاویان گەیاندۆتە "توشیا یاوان"ی پێتەختی خۆیان، ئەو کارەشیان لەسەر نێوی سمیرامید یا "سمیرامیس"ی مەلەکەی کۆن و باستانی ئاشوور جێبەجێ کردووە.[233] تواندنەوەی ئاسنەواڵەو دروستکردنی هەمەجۆر کەرەستەی کارو خشڵ سازکردن لەم سەردەمەدا زۆر ڕەواج بووە. هەروەها شارسازی و مێعماری شاری و میچ دروستکردنی ... لە ریزی پێشکەوتنەکانی سەردەمی نایری یا ئورارتوییەکانن.[234]

زمانی نایری لە زنجیرە زمانەکانی قەوقازییەو لە دەستە زمانی هورییەکانە،[235] نووسینەکەیان دووجۆر بووە، بزماریو هیروگلیفی.[236] ڕێکخستن و بەش کردنی وڵات بە شێوەی پاریزگا یا محافیزی، هەروەها سیستەمی دەسەڵاتداریی میراتی و پشت ئەستووری بە ڕەوتی کۆیلەداریو ... لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی نایری یا ئورارتو بووە.

### کاردۆخۆیی = کوردۆئێن "Kurdoen":

لە کتێب و مێژوو کۆنەکان و نووسراوەی ڕۆژهەڵاتناساندا ئێمە چاومان بە هێندێك نێوی دیکەش دەکەوێ کە دانیشتووی کوردستان بوونو چەند حکوومەتیشیان پێکهێناوە، ئەوە ئێمە دێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ئەو کتێبە بۆ باسێکی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلانەی پێشتر لـێیان دواوین ڕابکێشین. یەك لەو تیرانەی کە بە بڕوای نووسەر هەر لەو تیرانەی پێشووی کوردەو تەنیا بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ زمان و زاراوە جۆراوجۆرەکان شێوەی پێشووی خۆی لە دەستداوە و ئەوەندە گۆڕاوە کە وەك تیرەیەکی جیاو سەربەست لە تیرە ڕەسەنەکان دەناسرێ، ئەویش تیرەیەکە کە ڕۆژهەڵاتناسان پێیان گوتوون کاردۆخویی و

232- ا.م. دیاکۆنۆف مێژووی ماد ل ٧٤.

233- مێژووی ئەرمەنستان، بەرگی یەکەم لاپەڕەکانی ٢١ و ٢٢.

234- بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارە لە کتێبەکانی مێعماری ئێران نووسینی ئارتوورپۆپ، مێژووی باستانی ئێران لەسەر بنەمای ئاسەوارناسی بە قەڵەمی هێرتسفێلد و مێژووی سەنعەتەکانی ئێران لە لاپەڕی ٥٥ بەدواوە، هەروەها کتێبی ئازەربایجان لەگەشتی مێژووی ئێران بخوێننەوە.

235- مێژووی ئەرمەنستان بەرگی ١ ل ٣١.

236- میراتی دێرین (باستانی) ئێران، فرای، ل ١١١.

کاردۆخۆیو کاردۆشیو ... نێوی ئەوانە کاتێك کەوتۆتە سەر زاران کە گزێنفۆنی سەرداری یۆنانی لە کتێبی بەناوبانگی خۆی بەنێوی "گەڕانەوەی دەهەزار کەس"دا وێڕای باسی گەڕانەوە بۆ (یۆنان) یا باشترە بڵێین وێڕای هەڵاتنەوەی لە ئێران ڕا بۆ یۆنان دەنووسێ کە چۆن هەروەك پێشتر باسمانکرد، لە دەڤەری هەکاری و ئانتی توروس و کوردستانی ئەسڵی لەگەڵ خەڵکی دەڤەرەکە تووشی تێکهەڵچوون بووە و زۆر بەڵای بەسەر هاتوەو جەماعەتێکی زۆریشی لـێ کوژراوە. هەر ئەو سەردارە یۆنانییە بە خەڵکی ئەو مەڵبەندەی گوتووە کاردۆخۆی، چونکو لە سەردەمی بەر لەمێژوو نیزیکترین زەمانە لە ئێمە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و مێژوو نووسان ئەو نێوەیان قبووڵ کردووە، بەڵام بە ئاکام لێوەرگرتنێکی نادروست. چونکو ئەو خەڵکەی لەسەر خاکی کوردستان لە گەشتی گەڕانەوەکەیدا لەگەڵ گزێنفۆن شەڕیان کردووە تەنیا بە یەك تیرەی ناساندوون و زۆریشیان تەعبیر و لێکدانەوە لەسەر نووسیون، تا ئەو جێگایەی وەك لەسەرەتای ئەم کتێبە دا لە بەشی ڕەگەزناسی ئاماژەمان پێکرد، نێویان بە شێوەی جۆراوجۆرو خەیاڵاوی هاتووە و بە هەموو شوێنێکیان بەستوونەتەوە جگە لەکوردستان.[237]

ئێمە دەزانین کە زۆر پێش پاشەکشەی گزێنفۆن بەو خەتەدا خەڵکانێك بە نێوەکانی وەك (کاردۆخوی) بریتی لە گۆتی و کوتیو ... لەسەر ئەو خاکە ژیاونو تەنانەت حکوومەتێکی بەتواناشیان بەنێوی "کاردۆنیایش" پێك هێناوە کە یەکێك لە چوار دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە بووە. بە گوێرەی بۆچوونێك کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە بە زۆر دەلیل و هۆکار، یەك لەوان جۆراوجۆری زاراوەی خەڵك و تێکەڵاوی ئەوان ئاڵوگۆڕیان بەسەر داهاتووە و لەنێو نەتەوەکانی دیکەو دراوسێیەکان دا یا لە لای کەسانێکی وەك گزێنفۆن کە بە ناچاری تێك هەڵەنگوتوون بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان کراوەو نێویان براوە. بۆ وێنە ئەرمەنی پێیان گوتوون کورچیخ و ... بێ هیچ بیر لـێکردنەوەیەك دەبێ قبووڵکەین کە تیرەیەکی جیاوازمان بە نێوی "کاردۆخی" یا "کاردۆخۆی"و کاردوشویو ..." نەبووە و ئەو نێوەش وەك گۆتی و کورتیو... نێوی گشتی بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە، بەڵام بە زاراوەی کابرایەکی یۆنانی.

هەرچەند ئەوەمان بەلاوەپەسەندە کە کورد نەتەوەیەکی ساکار نەبووەو نییە و لە تیرەی جۆراوجۆر پێك هاتووەو زۆریش لەو تیرانە هەن کە یا نێویان لە کتێبە کۆنەکان دا نییە و یا بە دەگمەن نێویان هاتۆتە گۆڕێ. بۆ نموونە تایفەی "موسری" کە بە وتەی "سرالمستید" ئەژدادی

237- بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەکانی پێشووی ئەو کتێبەو ئاماژەیەك کە بە گورجی بوونو ... کاردووخییەکانیان کردوە.



عەشیرەی "مزۆری"ین کە لە سەردەمی "سناخریب لە (٧٠٥ ـ ٦٨٢)ی پێش زایینداهەبوون و هەروەك ئێستا لە نێوان دوو لقی رووباری "خازر" دا ژیاون.[238] یا "سیرت"ەکان کە لە باکووری زاخۆ دەژین و ئەوڕۆ بە "سیرد" دەناسرێن.[239]

لەم بابەتەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نێوی گۆتی لە سەردەمی "توگولئی نیراری" پادشای ئاشوورو، "گاردای" زمان "ئاراد نانار"ی پادشای لاگاش یا کاردۆخیو کاردۆشوی "گزنفۆن" هەموویان نێوی هاوبەشن بۆ ئەو نەتەوەی کە ئەوڕۆ پێیان دەڵێن "کورد"و هەر لەو ئاخە دا دەژین کە چەند هەزار ساڵە شوێنی نیشتەجێ بوونیانە تێیدا ژیاون. ئەوەش بۆچوونێکە کە سەرەڕای ئەو هەموو تەفسیرو شوبهاندنەی کە زانایان و ڕۆژهەڵاتناسان کردوویانە، هەموویان پێی لەسەر دادەگرن و دەیسەلمێنن.[240]

ئەوەشی سەرنج ڕاکێشە کە جارجار نووسەران و مێژوو نووسان تووشی هەڵەی مێژوویی بوون و دەنووسن: دوای ئەوەی مادو پارس دەسەڵاتی لەمێژینەی خۆیان لەکیسدا، پارسەکان کەوتنە ژێر حوکمی قەومی نوێی "پارتەکان = ئەشکانییەکان" بەڵام مادەکان خۆیان کێشایەوە بۆ نێو چیاکان و لە چیاکاندا ژیاون و هەر بەم بۆنەوە مێژووەکەیان لەژێر سەردێری "کوردوان" واتە کوردەکاندا ماوەتەوە کە "گزێنفۆن" لەو دەڤەرە کە بە قەولی میجێرسۆن بریتی بووە لە لای سەرووی "ئورفە بەرەو مووسڵ"[241] کە هەر لە سەرەتای مێژوودا لەوێ نیشتەجێ بوون تووشیان هاتووە و ئەوانی بە "کاردۆخۆی" ناو بردوە"[242] کەچی ئێمە دەزانین کە گزێنفۆن لە کاتی شەڕی نێوان دوو برای هەخامەنشی (ئەردەشێرو داریوش) بەم شوێنەدا تێپەڕیوە، ئەوەش ڕوونە کە دوای پارسییەکان جێنشینەکانی ئەسکەندەری مەقدوونی (سلوکییەکان) حکوومەتیان کردووە و دوای ئەوانیش پارتییەکان یا ئەشکانییەکان هاتوونە دەسەڵاتەوە.

گەلۆ بە دوای ئەو قسە و باسانەی لەم بابەتەوە کردوومانە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە تا ئەو جێگایەی مێژوو لە بیریەتی ئەو خاکە هی خەڵکێك بووە کە بەنێوی کورد دەیان ناسین. ئەو خاکەی کە لە باشووری سنووری ئاشوور واتە رووباری "دیجلە" لە سەردەمی دەسەڵاتی "تیگلات پایزێری

238- مێژووی ئاشوور ل ٣٣٢.

239- مێژووی سێر مارك سایکس.

240- وەك دراور، سرسیدنی ئیسمیت، ئیسپایزێرو ... کە بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن لە لاپەڕەکانی ٦٧ ـ ٧٤ی مێژووی کوردو کوردستانی م.مەردووخ بڕوانن.

241- دوو شاری باکووری عێراقی ئەوڕۆ.

242- لە لاپەڕەکانی ٧٣ ـ ٧٤ی ئەم کتێبە بڕوانە.

هەوەڵ"ی ئاشووری هەڵکەوتبوو و کوردی تێدا نیشتەجێ بووە کە لە لایەن هەر قەومێك بە چەشنێك نێویان هاتووە وەك "قرند ـ کردوئێن، کاردۆخی، گۆتی، کورتی، کوتیو ... ) بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە نە خاکەکە جێ گۆڕکێی کردوەو نە خەڵك و دانیشتووەکانیش جگە لەو قەومەی ئێستا تێیدا دەژین کەسێکیتر یا تیرەیەکیتری لێ نەبووە. لەبەر ئەم ئەسڵەیە کە نووسەری ئەم کتێبە وای پێ باشترە لە جیاتی ئەوەی ئەو تیرانە یەك بە یەك بێنێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دیسانیش هەر ئەو کارە بکا کە خەڵکیتر کردوویانەو دووپاتیانکاتەوە تەنیا باسی چەند تیرەیەك بکا کە پێشتر بە مەبەستی ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ چلۆنایەتیی ئەوان بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە هەموو قەومەکانی مەنزوومەی زاگرۆس و میزۆپۆتامیا یەکن. ئیتر لەسەر تیرەکانی کورد یا گوتی یا کورتی، وەك هوری و خالیدی کە دەوڵەتی ئورارتویان پێکهێنابوو و "کێلەشین" کە گوتوومانە لە شوێنەواری ئەوانە[٢٤٣] نارِوا. بەو خوێنەرانەی حەز دەکەن زیاتر دوای ئەم مەسەلە کەون پێشنیار دەکەم لەو کتێبانە بڕوانن کە زۆر زیاترو بە دوورو درێژی لەم بوارەدا نووسیویانە وەك فەرهەنگی تیرەکانی کۆنی کورد وان.

تا ئێرە بەدوای ناسینی ئەو قەومانەی (مەنزوومەی زاگرۆس و میزۆپۆتامیا) بەو ئاکامە گەیشتین کە لە کۆنترین سەردەمەوە لەو خاکە (کوردستان) ژیاون و بۆشمان دەرکەوت کە خاکەکە بەر لە کوردان بەو نێوە جۆراوجۆرانەوە هیچ گەل و نەتەوەیەکی تری لە ئامێز نەگرتووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەش کە دەزانین لە سەردەمە هەرە کۆنەکاندا لەبەر کەمبوونی مرۆڤ بەشێکی زۆری گۆی زەوی چۆل بووە دەتوانین بڵێین دانیشتوانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لەوێ جێگیر بوون و لەراستیدا کوردەکان لە بنەڕەتدا لەسەر خاکی "کۆردۆییێن" یا کوردستان ژیاون و حاشا هەڵنەگرە کە رەسەنترین نەتەوەن کە ئەو خاکەیان ناسیوە، جا لێرەدا پرسیارێك دەکرێ کە لە پێشتریش هاتۆتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە ئاخوا هەر لە بنەڕەتەوە خەڵکی ئەوێ بوون یا کۆچیان کردووە و گەیشتوونە وێ و تێیدا ماونەتەوە؟ دیارە هەرچی بێ فەرق ناکا چونکو ئەگەر کۆچبەریش بووبن هەر ئەو قەومە دانیشتووی ئەو بەشە لە گۆی زەوی بوون و کوردەکان لە ریشەوە ئارییایین یا هیند و ئەوروپایین و هاتوون و لێرە نیشتەجێ بوون و لە کۆنیشەوە ئەوە هەر گوتراوە بەڵام لێبراوانە بۆچوونی خۆیان بە روونی دەرنەبڕیوە٢٤٤ کە ئێمە بەشی دواتری کتێبەکە بۆ باس لەسەر ئەم بابەت تەرخاندەکەین.

---

243- کوروش نامە، نووسینی گزنفون، کتێبی سێهەم، بەشی ٣ ـ ١.

244- وەك ئیسترابوون لە کتێبی یەك بەش X کەرتی ٣و کتێبی پازدە لە نووسینی مێژوونووسانی یۆنانی باستان.

## وتەیەکی کورتی وەرگێڕ

بەر لە هەمووشت خۆشحاڵیی خۆم لەوە دەردەبڕم کە لە کوردستانیش وەك زۆر وڵات ناوەندێك بە نێوی "خانەی وەرگێڕان" کراوەتەوە تا گەلەکەمان بەم شێوەیە و بە کاری نەپساوەی وەرگێڕان ڕێگە بۆ ئاگاداریی زیاتری گەلەکەمان لە ئەدەبیات و زانستی پێشکەوتووی بێگانە خۆش بکات، بە بارێکی دیکەشدا خەڵکی دنیا دەگەڵ مێژووی رابردووی ئەدەبی کوردیدا ئاشنا بکات و کاری وەرگێڕان بە شێوەیەکی دوولایەنە لە کوردی بۆ سەر زمانەکانی بێگانەو لە زمانەکانی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی پەرە پێبدات.

سوپاسی ئەو خانە تازە دامەزراوەش دەکەم کە تێی ڕادیوم و ئەو کتێبە مێژووییە پڕبەڵگە حاشاهەڵنەگرەی لە ڕێگەی مامۆستا سوارەوە بۆ ناردم تا وەریگێڕم، هیوادارم ئەرکی خۆم لەو بوارەدا بە لەباری بەڕێوە بردبێ.

زۆریش سوپاسی نووسەری کتێب کاك حبیب الله تابانی هاوشاریم دەکەم، بۆ ئەو هەموو زەحمەتەی کە بەر لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بەنرخە لە پێناو سەلماندنی هەقانیەتی نەتەوەی کوردو رابردووە پڕشانازییەکەی چەند کتێبی دیکەی بە چاپ گەیاندووە. هەرچەند دەگەڵ هەموو مەتڵەبەکانی ئەو کتێبە نیم و لە هێندێك جێ بۆچوونی خۆشم وەك وەرگێڕ لەسەر دەربڕیون، بەتایبەتی جارجار ئێرانچییەتی یەك لایەنەو زەوقی پێوە دیارە، بەڵام بە گەرمی دەستخۆشیی لـێدەکەم و سەرکەوتنی لە ڕێگەی روونکردنەوە و هەقانیەت و سەلماندنی مافی گەلی کوردی بۆ بەئاوات دەخوازم.

هەرچەند هەموو کات حکوومەتەکانی ناوەندی بە گشتی و شۆوینیستەکانی فارس هەوڵیان داوە حاشا لەو راستییانە بکەن و راستییەکانی مێژووییان لە خەڵك شاردۆتەوە، بەڵام ئەو کتێبە کە بەدوای خوێندنەوە و کەڵك وەرگرتنی **٣٩٥** سەرچاوەی رۆژهەڵاتی، کوردی و فارسی و عەرەبی و **٧٢** سەرچاوەی ئاکادیمیکیی رۆژئاوایی بە زەحمەتێکی زۆری نووسەر بەفارسی ئامادەو چاپکراوە، ئەم پیلانانەی هەموو بەرپەرچ داوەتەوەو، رەسەنایەتیو پەیامی کورد بە درێژایی مێژوو بەتایبەت لەدنیای دێریندا روون دەکاتەوە و سەدان بەڵگە، وتەو ریوایەتی ئەوتۆ دێنێتە گۆڕێ کە ئەوانەی بۆ بەرژەوەندیی پارێزیی خۆشیان چاویان لە ئاست ئەو مافە



پێشێل کراوەی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵو بەتایبەتی لە زەمانی مێژووی نووسراوو سەردەمی مودێرن بوونو زانستیانە نووسینی ئەو دانشە پڕبایەخە نووقاندوە، رادەچڵەکێنێو وەخەبەر دێنێ و ناچاریان دەکا بەخۆدابچنەوەو چیدی دوژمنایەتیی کورد نەکەنو دان بە راستییەکاندا بێنن.

کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتە زۆردار و دیکتاتۆرەکانی زەوتکەری مافی کورد و شۆوینیستەکانی داگیرکەر بەخۆیاندا دابێنەوە و چیدی کورد لە هیچ کام لە پارچەکانی کوردستان بە هاووڵاتیی پلە دوو و زۆر کەمتریش لەوە نەزانن و خۆیان دەگەڵ دنیای پێشکەوتنخوازو عەقڵی زانستی و چەمکی دێموکراسی و ئازادیخوازیی ئەم رۆژگارە رێك خەن و هەق بە هەقدار بدەن و لەوە زیاتر ئەو نەتەوە شەریف و دڵسۆز و ئاشتیخوازە نەچەوسێننەوە.

ئەزموونی دوازدە ساڵەی کوردستانی باشوور سەرەڕای هەموو گیرو گرفتەکانی بە فیتی دوژمنانو دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی خۆی بۆی پێکهات، ئەوەی مسۆگەر کردووە کە کورد زیاترو باشتر لە بەشێك لە خەڵکانی دیکە دەتوانێ خۆی بەڕێوە بەرێ و ئیتر پێویستیی بە وەسیو قەییوم نیە.

کورد ئامادەیە بە پێداچوونەوەی یەك یەکی بەڵگەنامە و سەرچاوەکان دەگەڵ هاونیشتمانان و دراوسێیەکانی کە هەتا ئێستا بۆ پێشێڵ کردنی مافی کورد لەهیچ دەرفەتێك درێغییان نەکردووە و دایم بۆ فەوتانی هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی لۆژیکی عادڵانە دانیشێو رێك کەوێ و بە هەموو توانایەوە بۆ ئاشتی و برایەتی نەك هەر لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی جیهانی و دێموکراسی لە لایەك و بۆ لەناو بردنی دیاردەی دژی مرۆڤایەتیی تێرۆریزم تێکۆشێو خەباتبکا.

لە بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەدا کە چاپە فارسییەکەی هەموو بە یەکەوە بووە، ئێمە کردوومانەتە دووبەش، پێنج بەش لە ١١ بەشیمان خستە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزو هیواشم وایە بەرگی دووهەمیشی بۆ نەورۆزی داهاتوو ئامادە بکەم و بگاتە دەستتان.

## سەرەتا . پێش وتە

نووسینی سەرەتای ئەم کتێبە خۆی بۆ نووسەر پڕبایەخ بوو، چونکو واباوە کە سەرەتا بۆ ناساندنی کتێب دەنووسن و من لەبیری ئەوەدا بووم ئەم کتێبە چۆن بناسێنم!؟ بێگومان خوێنەرانی بەڕێزی ئەم دێرانەی کتێب دەخوێنن و موتالاَ دەکەن و باش دەزانن هەموو ئەو کتێبانەی تائێستا سەبارەت بە کوردستان و کوردان نووسراون لە دوو حاڵ بەدەر نین: یا لەمەڕ تیرە و خێڵەکان و مێژووی ئەوان و ریشەی نژادی و حکوومەتەکانی ناوچەییەکانی ئەوان نووسراون، یا کتێب گەلێکن پێوەندییان بە یەك دوو سەدەی دواییەوە هەیە کە باس لە خەبات‌و راپەڕین و شەڕەکانی رزگاریخوازیی ئەم نەتەوە دەگەڵ داگیرکەران‌و ئەو دەوڵەتانە کە دیاردەی بەدیاری هێنراوی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کۆن‌و نوێن، لەو نێوەشدا راستییەکانی نەتەوەی نەتەوەیی و هاوپێوەندیی نژادی و خوێنی بەتایبەت دەگەڵ ئێرانییەکان کەمتر هاتۆتە بەرباس و بەرچاو نەگیراوە.

جگە لە هێندێك لێکۆڵەرەوە و نووسەر کە لەسەر بنەمای حەزی زانستی‌و مەیلی راستی دوورخستنی خۆیان لەم بوارەدا دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە، ئەوانیتر سەرەڕای هەموو ئەو زەحمەتەی کێشاویانە و بەشێك لە تەمەنیان لەم رێگەیە داناوەو ناکرێ بۆیان بەرچاو نەگرین، لە نووسینەکانیاندا ئامانج و سیاسەتی بەرژەوەندی خوازانەی دەوڵەتەکانی سەردەمی خۆیان جێگیر کردووە و هەوڵیانداوە سەرنجی خوێنەری نووسراوەکانیان بۆلای داخوازییەکانی ئەوان راکێشن.[1]

1- بۆ نموونە کتێبی پڕبایەخی "مێژووی ئێران"، نووسینی نووسەری ئینگلیزی "ژێنەراڵ سرپێرسی سایکس" نیزامیکارو سیاسەتوان و مێژوونووسی ئینگلیسی وەخوێنن تا لەو دا دوولایەنی زەقی ببینن: یەکیان ئەوەیە کە بۆتان دەردەکەوێ چەندی زەحمەت دەگەڵ ئەو کتێبە کێشاوە کە لەراستیدا کەمتر کتێبێك بە قەدرایە ئەو کتێبە شتی وردو روونکەرەوەی تاریکییەکانی رابردووی ئەو ئاخەی تێدایە کە وەك سەرچاوەیەکی بەکەڵکی مێژووی ئێران دەژمێردرێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە نووسەر بەو پەڕی زیرەکی و زۆر وەستایانە لەنێو نووسراوە زانستییەکانی خۆی سیاسەتی کۆلۆنیالی ئیمپراتووریی بریتانیای گەورەی بە شێوەیەك هێناوە کە ئەگەر



بێجگە لەوانەی باسکران مەسەلەی جێباسی دی بریتییە لە ناتەواوی ئەو شوێنەوارانەی لەبەردەستدان، ئەویش لەبەر ئەوەیە نەیانویستووە مەسەلەکە ئاشکرا بکەن‌و ئەو راستییە بێننە گۆڕێ کە کوردستان بەهۆی ئیمپراتوورەکانی یۆنان و رۆم، هەروەها بەهۆی عەرەبەکان و عوسمانییەکان و ئاخریەکەشی لە لایەن تورکیەو عێراقەوە دابەشکراوە. ئەو بێدەنگییەو شاردنەوەی ئەو راستییانە بۆتە هۆی ئەوە کە تەواوی ئەو کەسانەی تا ئەورۆ لەسەر کوردستان و کوردیان نووسیوە و دەینووسن تەنیا بە شێوەیەکی یەك لایەنەوە لە مەسەلەکە بڕوانن‌و بێجگە لە هێندێك شتی گشتی کە لەزۆربەیاندا وەك یەکن، ئەوپەڕی هەوڵێ کە دەیاندا ئەوە بوو کە چەند سەرچاوەو بەڵگەی تازە دەسکەتوو لە نووسراوەکانی پێشوو زیاد بکەن و کەمتر خۆیان لە هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلانە داوە کە پێوەندیی بە چلۆنایەتیی ژیان و بیرو بڕواو ئەم جۆرە شتانەی خەڵکەوە بووبێ، ئەگەر لە کتێبێکی وەکو کوردستان و کوردی نووسراوی "واسیلی نیکیتین"یشدا هاتبێ کە لە بەرانبەر کتێبەکانی پێشوودا دەوڵەمەندترە، دیسان هەر مەسەلەکەیان یەك لایەنە هێناوە و چاوی لێکۆڵەرەوانیان لەئاست زۆر مەسەلەی کوردو کوردستان و نەخشی ئەوانیان لەدنیاو شوێن دانانی ئەوانیان لەسەر فەرهەنگ و هونەری دنیا نووقاندووە. دیارە ئەو بەشەش کە لەبیر کراوە پێویست ترین بەش لە مێژووی هەموو قەوم و نەتەوەیەکە، بە واتایەکیتر ئەو شتانەیان نەهێناوەتە بەرباس کە پێوەندیی بە مرۆڤایەتی و عەقڵ‌و بیری خەڵکی کوردستانەوە هەیەو ئەو نەتەوەیە دەناسێنێ.

"دیکارت" فەیلەسووفی مەزنی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەدا گوتوویە: "من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم" تایبەتمەندیی بنەڕەتی مرۆڤ، چلۆنایەتیی بیرکردنەوەو هزری ئەوە، کەوابێ بەرەوپێش چوون و بەرەوسەر بردنی چلۆنایەتی و چەندایەتیی ژیانی مرۆڤ بە جۆری بیر و فکرو

خوێنەر شارەزای چلۆنایەتی زاتی کۆلۆنیالی‌و چەوساندنەوەی ئینگلیس نەبێ واتێدەگا کە لە گێرەو کێشەی دنیای پڕ هەرای ململانێی ئیستیعماری لە بەینی وڵاتانی لەم چەشنەی ئەوکات، وەك رووس و فەڕەنسا و ئەڵمان‌و پرتەقاڵ و ... بریتانیا بۆ ئێران تەیانی لە دایك میهرەبانتر بووەو ئەگەر ئەو نەبا ئێران سەربەخۆیی لە دەست دەداو خاکەکەی پارێزراو نەدەبوو. بە تایبەتی لەو شوێنانە کەباسی زۆرداری دەوڵتە کۆلۆنیالەکان دەکاو نەتەوەو تیرە جۆراوجۆرەکانی ئێران، یەك لەوان کوردەکان دەدوێ، هەموویان بە خائینی زگماکی بە نیشتمان و داردەستی بێگانە نێودەباو وادەگەیەنێ کە ئەوە بریتانیا بووە کە بە هۆی سیاسەتی مرۆڤدۆستانەیی و گەورەیی و کەرەمی بێخەوشی خۆی بەرانبەر بە ئێران! پێشی بە زاڵبوونی دوژمنانی ئێران بەسەر ئەو وڵاتەو قەومی ئاریا گرتووە!

نرخی بارهێنان و کۆمەڵایەتیی ئەو پەیوەستە. ئەگەر وانەبوایە چارەنووسی ئەو لەرێگەی سروشتەوە دیاریدەکراو مرۆڤیش وەك زۆر بوونەوەریتر لە بەرەوپێش چوونو گەشەکردن بێبەش دەبوو.

هەرقەوم و نەتەوەیەك چەندە لەباری فکرییەوە چووبێتە سەرو شوێنی زیاتری لە بەرەوپێش بردنی مرۆڤایەتی دانابێ بەو پێیە بایەخی کۆمەڵایەتییشی گرانتر هەڵدەسەنگێنرێ و بە شانازیی زیاترەوە لە وەزعی نەتەوەیی خۆی دەدوێ. کاتێك لە بیرو هۆش و عەقڵی ژیانی نەتەوەیەك باس نەکرێ، کەسایەتییەکەی دەچێتە ژێر پرسیار. لەمەڕ کوردو کوردستانیشەوە ئەم مەسەلە لە گۆڕێیە و لـێیان دەپرسن چتان کردووە؟

هەر لەبەر ئەو پرسیارەو هەوڵدان بۆ دانەوەی وڵامەکەی پێویست و بەجێ بوو، نووسەر کە زۆر لەمێژە خەریکی موتاڵای ئەو بەشە لە مێژووی کوردە کە تا ئەورۆ خۆیان لـێنەداوە یا بە ئاماژە پێکردنێکی کورت بازیان بەسەردا داوە ئێستا بۆ یەکەم جار دێنێتە گۆڕێ و باسی لەسەر دەکا.

یەکەم کارم لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لەم بوارەدا بە شێوەی مۆنۆگرافی (ناسینی ناوچە) لەمەڕ کوردستانی موکری بوو کە لەودا وێڕای باس و توێژینەوەی گشتی لەسەر کوردستان لە بواری جوغرافیایی و چاوخشاندنێك بەسەر باری سروشتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان ، شوێنێکی گچکەم بەناوی "ئیندرقاش" Inderghash کە لە ١٠کیلۆمەتریی مەهاباد لە کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە و هەموو تایبەتمەندییەکانی گشتیی ئەو ناوچەیەی تێدابوو وەك نموونە هەڵبژاردو دەستمکرد بەلێکۆڵینەوە و نووسین لەسەری کە پێشوازییەکی گەرمی لـێکرا. هەر ئەو ساڵەی کە بڵاوم کردەوە بە یەك دوو زمان وەرگێردراوە.

لەو کتێبەدا چۆنیەتی ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکم هێناوەو خۆشم لەسەر رۆیشتنی بێجێ و ناپێویست بواردوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەمزانی ئەو کتێبە کەم و کووڕی تێدا دەبێ، لەسەرەتاکەیدا دانم بەو کەم و کووڕییە داهێناوە.[2]

2- هەرچەند لە رۆژی بڵاوبوونەوە لە چاپەمەنییەکاندا بە باش هەڵسەنگێنراو لە گۆڤاری "ئومێدی ئێران"و رۆژنامەی کەیهانو ... دا ناسێنرابوو، بەڵام هێندێك ئامۆژگاریی بەجێشیان کردبوو کە بۆ چاپی دواتر کەڵکم لـێوەرگرتن.



دواتر کە چەند نووسراوم لە نووسەرە بیانییەکان لەم بوارەدا وەرگێڕاو بڵاوم کردنەوە، دیسان هەوڵمدا هەر ئەو شێوە کارە لەبەرچاو بگرم و ئەوانیش دەگەڵ ئەو کتێبانە جیاوازییان هەبێ کە پێشتر ئاماژەم پێکردن.

هەر لەسەر ئەم بۆچوونە بوو کە کتێبی گەلی "مێژووی کورد و کوردستان" نووسینی مامۆستا "محمد امین زکی"و "کورد" کە کارێکە لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەییو بە هۆی پروفیسۆر "فۆن مینۆرسکی" زانای رۆژهەڵاتناس و کوردناسی بە رەچەڵەك رووس نووسراوە کە زۆر شتیتریشی لەمەڕ کورد نووسیوەو سەرپەرستی ئەو تاقمە زانایانەیە کە ئەنسلکۆپێدیای ئیسلامییان نووسیوە. بەڵام هیچ کام لەو کارانە نووسەریان رازی نەدەکرد تا هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو نووسراوە و یادداشتانە ریز کەم و لێکیان گرێدەم کە لە ساڵەکانی پێشوودا بۆ نووسینی کتێبێك سەبارەت بە رەچەڵەك، رەگەز و ریشەی نەتەوەیی و نژادی کورد کۆم کردبوونەوە. لە ئەنجامی ئەو کارەدا ئەو مەبەستەشم لەبەرچاو بوو کەباسی حکوومەتەکانو ئەمیرەکانی کوردیش لە درێژایی مێژوودا بکەم. لە نیوەی رێگادا ئەو نوقسانییەم هاتە بەرچاو کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردبوو، بۆیە بڕیارم دا کورد نەتەنیا لە مەڕ ریشەی نژادی و پێوەندی نەتەوەیی مێژوویی و نیشتیمانەکەی، بەڵکو لە روانگەی پێوەندی و هاونەتەوەیی دەگەڵ ماد و فەرهەنگ و شارستانیەت، هەروەها رۆڵی ئەو لە داڕشتنی فەرهەنگ و هونەر و پێشکەوتنی مرۆڤایەتییش بخەمە ژێر توێژینەوە و موتاڵا. بە وتەیەکیتر گەرەکم بوو کارێك بکەم کە هەموو کات لە مێشکم دابوو. بەڵام بەتێڕوانین لەو کارە بە تایبەتی بەشی دووهەمی کە هیچ کەس تا ئەودەم هەنگاوی بۆ هەڵنەگرتبوو زۆر دژوار بوو دەستم پێکردو بە شوێن ئەو کوردانەدا گەڕام کە کردەوەیان بە شێوەیەك لە بەرەوپێش بردنی فەرهەنگو شارستانیەتی مرۆڤ شوێنیان داناوە. ئەوە بڕیارێك بوو دابوومو دەبوو بەرێوەی بەرم.

هەرچەند ئەو کارە گێژی دەکردم و هەتا ئەودەم هەر سەرچاوەیەکی لەسەر رابردوو بەرچاوم دەکەوت بە تایبەتی بڵاوکراوەکانی سەدەکانی دوایی لەسەریەك لەسەر کوردەکانی ئێران و عێراق و رۆژهەڵاتی تورکیە نووسرابوون، ئەویش بەو شێوەیە کە پێشتر باسمانکرد، دوور لە راستییەکانی مێژووی رابردوو و کۆنی نەتەوەیەکی دێرین بوو. بەڵام منی نووسەر دەمەویست نووسراوەکەم زۆر لەوە دەوڵەمەندتر بێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو کوردستان بەتێکڕاو بە درێژایی مێژوو بێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئاخر لە راستیدا جگە لە ماوەیەکی کورتی سەردەمی هەخامەنشییەکان و ساسانییەکان لە باقی دەورەکاندا بەشێکی زۆر لە کوردستان (رۆژئاوای دوو چۆمی دجلەو

فرات) بە تایبەتی ناوەندە فەرهەنگی، سەنعەتی و هونەرییەکانی ئەو بەشە بە ناهەق لەسەر خاکی یۆنان، رۆمو بیزانس و یا عوسمانییەکان بووە و لە سەرەتای دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامییشەوە عەرەبەکان بەسەر ئەو بەشە دا زاڵ بوون. بۆیە ناچار بووم بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەهەم بوو جگە لە سەرچاوەکانی لەبەردەستی ئێرانی و ئینگلیسی و فەڕەنسی ... وەدوای سەرچاوەکانی رۆمیو یۆنانیو تورکیو عەرەبییش کەوم. هەرچەند لەم رێگەیەشدا زۆر کەندو کۆسپی مادی و مەعنەویم بۆ هاتە پێش، بەڵام ئەو گیرو گرفتانە نەیانتوانی پێشی لێکۆڵینەوەکانم بگرن و لە ئاکامدا ئەو کتێبەی لـێکەوتەوە کە ئێستا لەبەرچاوتانە.

هەرچەند خۆم دەزانم کە کتێبەکەم نوقسانی زۆری تێدایە، وەك دەڵێن "... کاتێك بوونەوەر خۆی ناتەواوە، کەباس لە فەرهەنگ و زانستی نوقسانی ئەو دەکرێ، زۆر سروشتیو روونە کە تاریفەکەشی کەم و کوڕی تێدا دەبێ..."[3] لێرەدایە کە کەمو کورتی زانستی منی نووسەر لە لایەكو یەکەم کارم لەم بابەتە دەبنە هۆی ناتەواوی بابەتی دڵخواز و ئەویش پێویستیی بەوە هەیە کە خوێنەران بە گەورەیی و بەچاوی رەخنەگرانەی خۆیان لێی بڕوانن و کەم و کووڕییەکانم پێ رابگەیەنن بەڵکو لەسەر چاك کردن و کامڵ کردن و چاپکردنەوەی کتێبەکە شوێن دابنێ.

کۆسپی هەرە گرینگ لەم رێگەدا ئەوە بوو کە هەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دابوون لە چوارچێوەی مێژووی ئێران، یۆنان، رۆم یا عوسمانیو عەرەبەکان کوردیان هێناوەتە بەرباس و هەر بەشێك لەویان لە چوارچێوەی مێژووی ئەو وڵاتەدا هێناوە کە بەشێك لە کوردستانیان پێوە لکێندراوە. بە شێوەیەکی وا هاتوون کە لە هەموو ئەو چوارچێوە جوغرافیانەدا بە دەگمەن کوردستان بەنێوی خۆی هاتووە. هەرچەند لە مێژووی گەلەکاندا یا لە دابەشکردنی سیاسیی وڵاتەکان دا چاوت بە وشەی کوردستان دەکەوێ، بەڵام لە مێژووی شارستانیەتو فەرهەنگی نەتەوەکان و هونەری قەومەکان دا نێوێك لە کوردستان نابەنو هەرچەشنە هونەرو فەرهەنگێك کە کوردستان پێشکەشی بارەگای مرۆڤایەتیی کردوەو هەر خزمەتێکی بەباڵا کردنو پێشکەوتنی زانستەکان و تیکنیکی مرۆڤی کردووە بەنێوی دەوڵەتە خاوەن دەسەڵاتەکەوە تۆمارو زەوتکراوە.

هەربۆیەش خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لەوە تێبگا کە لێکۆڵەرەوە بۆ دۆزینەوە و ناسینی زانایەك یا مێعمارو هونەرمەند و مووسیقازانێكو ... دەبێ چەند لەنێو لاپەڕەی کتێبەکان و

3- بەئلهام وەرگرتن لە پەرتووکی "پایەکانی فەرهەنگی لە دنیای ئیسلام دا" نووسینی علی اصغر حاج سید جوادی ل ١٥.



شوێنەوارەکانی ئێرانی و رۆمی و یۆنانی و تورك و عەرەبدا بگەڕێ تا جێگەی لەدایك بوون، شارو تیرەکەی بدۆزێتەوە و بە دڵنیاییەوە ئەو کەسەی وەك زانایەك یا هۆزانوانێکی کورد بناسێنێ. دیارە ئەو کارە لەسەر بەڵگەکانی یەك دوو سەدەی دوایی داهاسانتر لە رابردووی دوورە و بەهۆی نیزیکی کات و زەمان و گۆڕانکاری کەمی جوغرافیایی و سیاسی کە بەسەر شوێنەکان دا هاتوە سادەتر بەئەنجام دەگا. بەڵام وای بەحاڵی ئەو لێکۆڵەرەوەی کە لە سەدەکانی دوورتر، بۆ نموونە لە سەردەمی ساسانییەکان و ئەشکانییەکان بکۆڵێتەوە.

دیارە ئەو کارەش تام و چێژی خۆی هەیە، کاتێك کەسێك دوای هەوڵو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کوردێك لەنێو لاپەڕەی مێژوودا دەبینێتەوە کە لەپێناوی زانست، فەرهەنگ و هونەری مرۆڤ دا تێکۆشاوە و دەتوانێ بە دڵنیاییەوە بیناسێنێ ئەو خۆشییە زیاتر خۆی دەنوێنێ. چونکو ئەوەی مایەی شانازی نەتەوەیەکە هەر ئەو خزمەتە فەرهەنگی، زانستی و هونەرییەیە کە کردوویەتی. ئەو شتەی کە ئێمە لە هیچ کام لە کتێبەکانی کۆندا نایبینین، جگە لەوەی لە هێندێك لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدیب و شاعیرەکانی ئەم دواییانەدا هاتووە، ئەوی هەشبووە بە نێوی کەسانیترەوە بە خەڵکی دنیا ناسێندراون.

مرۆڤ کاتێك نەخشی زانستی، هونەری و فەننیی کوردان لە رابردووی کۆندا دەخوێنێتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی تا ئەمڕۆ دیتراوە و گوتراوە تووشی ئاڵوگۆڕێکی رووحی و فکری توند دەبێ. بە تایبەتی کە پیاو ئەو راستییەی بۆ روونە کە "بیرو فکری مرۆڤ هەموو کات لە شکڵی دەرەکی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی ئەو لە پێشترەوە و بەرەو پێش دەڕواو بەرلەوەی شۆڕشێك لەم پێوەندییەدا هەڵایسێ، ئامانجەکان و داخوازەکان قۆناغی کامڵتری داهاتوو دیاری دەکەن. کەواتە ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێك دێنن زانست و تکنیکە کە دەتوانێ توانای جیسمی رووحیی مرۆڤ و لە ئاکامدا کۆمەڵگای بەشەری بەرزکاتەوە و بەرەو پێشی بەرێ."[4]

ئەوەش ئەرکی سەرشانی هەموو کۆمەڵگایەکە، ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەی لەم رێگەوە هێدیتر جووڵاون، بێجگە لە دواکەوتوویی فەرهەنگی و زانستیی خۆیان هەست بە خۆبەکەم زانینو نزمی دەکەن. لەمەڕ کوردستانەوە زۆر بەداخەوە ئەوانەی بەعەمد یا بە هەڵکەوت و لە رووی نەزانییەوە لە ناساندنی خزمەتکارانی فەرهەنگیی کوردو بە نێوی کوردو کوردستانەوە خۆیان بواردوە، مافی گەلی کوردیان پێشێل و غەدریان لـێکردووە و پلەی مەعنەوی ئەوانیان

4- لە کتێبی "بنەماکانی فەرهەنگی لە دنیای سێهەم دا" کەڵك وەرگیراوە.

ژێرپێ خستووە. تەنانەت لەو دوایانەش واتە لە دوو سەدەی رابردووشدا، هەرچەند بوونی کوردستان بە روونی دیار بووە، دیسان لە ناساندنی خاوەن بیرو هۆزانوانانی کوردو بە حیساب هێنانی ئەوان دەگەڵ زانایان و هونەرمەندانی ئیسلامی کەڵکی خراپیان لـێ وەرگرتووە.

هەنووکە نووسەر بێ ئەوەی لەخۆبایی بێو داوایەکی هەبێ لەژێر ناوی هاونەتەوەیی کورد و مادو بۆ سەلماندنی ئاریایی بوونی ئەم نەتەوە و پلەی فەرهەنگی، زانستی و هونەریی کوردان و رۆڵی ئەوان لە بەرزبوونەوەی شارستانیەت و فەرهەنگی جیهانی، هەنگاوی یەکەمی هەڵگرتووە و دەگەڵ ئامادە کردنی ئەم کتێبە و سووژە و بەڵگەی جۆراوجۆر لە سەر مێژووی کوردان، تا ئەو جێگایەی بۆی لوابێ لەم رێگەوە شتی نووسیوە. بە دڵنیا بوون لەوەی کە ئەم بەرهەمە کەم و کووڕی و نوقسانی زۆری هەیە، داوا لە خوێنەرانی زانای کتێبەکەم دەکەم بە ئاماژە کردنیش بووە، منی نووسەر لەو کەموکووڕی و هەڵانە ئاگادار بکەن و بەم کارە منەتباری خۆیانم کەن و یارمەتییەکی گەورەش بەمێژووی شارستانیەتی کوردستان و ناساندنی راستەقینەی ئەو ئاو و خاکەو گەلەکەیو خەڵکی دنیا بکەن.

لەبواری مێژوو و ریشەی نژادیی کوردەکانیشدا نووسەر ئەوەی بڕوای بووە دەری بڕیوەو تا ئەو جێگەی توانیویەتی بۆ سەلماندن و وەدەستهێنانی بەڵگەی پێویست تێکۆشاوە. ئەو بڕوایەش لەسەر بنەمای هاونەتەوەیی کورد و ماد داندراوە، مەبەستی ئاخریش ئەوەیە کە بڵێین "کوردەکان یەکێك لە نەتەوەکانی ئاریائین و مادەکانیش لقێکی کوردەکانن. ئەگەر ئەو بۆچوونەشمان قبووڵ نەبێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە کوردەکان زووتر لەخەڵکی دی لەسەر ئەو ئاخە بوون، دەبێ دان بەوە دابنێنن کە ئەو نەتەوە یەکەمین خەڵکانی دانیشتووی ئەو خاکەن و کەسیتر بەر لەوان لەسەر ئەم خاکە نەژیاوە. نووسەری ئەو کتێبە بۆچوونی خۆی تا ئەو جێگایەی دەسەڵاتە زانستییەکەی ئیزنی پێداوە بیروڕای خۆی دەربڕیوەو ئاکامی موتاڵاو توێژینەوەی خۆی نیشان داوەو ئەوەش هەنگاوێکە لەریزی ئەو هەنگاوانەی لە لایەن خەڵکی ترەوە لەم بوارەدا هەڵگیراون، پێویستە رێبوارانی زانست و ئۆگرانی سەلماندنی ڕەچەڵەکی نەتەوە، ئەم رێگایە ئەوەندە درێژە بدەن تا بە وتەی داروین ئالقە بازنەی ون بووی ئەم پێوەندییە قەومییە بدۆزنەوە. دیارە نووسەری ئەم کتێبە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە لەم رێگەیەدا گەیشتووینە نیزیك ئاخری خەت.

بەهەر حاڵ ئەوەی کە لەم رێگەدا بە زانستەکانی من زیاد بووە، بەرهەمی چەند ساڵ رەنج و زەحمەتو بە قەولی مەشهوور "خواردنی دووکەڵی فتیلە"ی ئەو زاناو دانایانەیە کە هەرکام



بە شێوەیەك لەم رێگەدا هەنگاویان هەڵگرتووە. دەگەڵ ئەوەی کە دەستم نەگەیشتۆتە داوێنی هێندێك کەس و نووسراوەکان و بەری لێکۆڵینەوەکەیانم دەست نەکەوتووە، لە بابەت و نووسراوەو کتێبەکانی زۆر لەو بەرێزانە کە کەوتوونە بەر دەستم کەڵکم وەرگرتوە، واهەبووە نەمتوانیوە لێکدەرەوەو یا وەرگێرەکانیشیان بناسمو هێندێکیشم بە زمانی ئەسڵی دەستکەوتووە بێ ئەوەی وەرگێڕدراوەکەم دەست کەوتبێ سوودم لـێ وەرگرتوون کە دیارە لە ژێرنووسی لاپەڕەکاندا تا ئەو جێگایەی بۆم لواوە ناوم نووسیون، بە تێکڕا سپاسی زۆریان دەکەم. بەڵام دۆستانێکیش بوون کە دارەدارەیان پێکردووم و رێنوێنییان کردووم کەناتوانم بە سانایی بەسەریاندا بازدەم، لەوانە مامۆستاو بلیمەتی رێزدار "عبیداللە ایوبیان" خەڵکی مهاباد، "شعبان روزگون" دانیشتووی شاری وان ناو دەبەم کە ئیزنیان پێدام بەڵگەو دوکومێنت و زانیارییەکی پڕبایەخی کە هەیانبووە بخوێنمەوە و سوودیان لـێ ببینم، هەروەها لە دوکتور خەلیل بەگی جاف کە منی لە گەنجینەی زانستی خۆی بەهرەمەند کردووە و لە دۆستی زانام رحیم رئیس نیا کە زۆربەی نەخشە و وێنەکانی کتێبەکە ئاکامی زەحمەتی ئەون و لە ئاخریشدا لە بنکەی چاپەمەنی "گوستەرە" سوپاس بکەم کە لەم هەلومەرجە دژوارەی کاروباری چاپ و بڵاوکردنەوەدا بەرعۆدەی مەسرەفی گرانی چاپی ئەو کتێبە بووەو زیاتر لە ئەرکی بڵاوکەرەوەیەك چۆتە پێش و پارەیەکی زۆری سەرف کردووە.

بەڕاستی یەکە یەکەی ئەو زاتە بەڕێزانە موستەحەقی ئەو سوپاسەن کە بە دڵەوە پێشکەشیان دەکەم.

رەشەمەی ١٣٧٥

حبیب اللە تابانی

# بەشی یەکەم

# روخساری جوغرافیایی کوردستان و ناسینی

## سنوورو چوارچێوەی کوردستان

بۆ نیشان دانی ئاخی کوردستان نەخشەیەکی روون و راستەقینەی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە بۆ شوێنی دیکە هەیە[5] چونکو ئەو سەرزەمینە بە درێژایی مێژوو لەبەر هەلومەرجی تایبەتیی خۆی کە هەموو کات لەسەر رێگەی سەرکەوتووانی شەڕو خاوەن دەسەلاتە هەرە بەرزەکانی سەردەم هەڵکەوتووە، زیاتر کەوتۆتە بەر گرفتی بەرتەسکبوونەوە بەربڵاو بوون، لە ئاکامدا خەتی سنووری شوێنی دانیشتنی کوردان، هەموو کات تووشی گۆڕانکاری بووە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە لە تێڕوانین و توێژینەوەی جوغرافیای کوردستان، بە گوێرەی هەلومەرجی باسکراو دەبێ بە گشتی روخسارەکەی بەرینە ژێر موتالا. هەر بۆیە ئێمەش بە گوێرەی رابردووی مێژوویی و جوغرافیایی بەشە جۆراوجۆرەکان ئەو باسە لە سێ تەوەرەی ژێرەوەدا موتالا دەکەین:


**١- ئەو ناوچانەی کە سنووری سروشتی و نەگۆڕیان بە رابردووی مێژوویی کۆنترەوە هەیە** و بریتین لەو شوێنانەی کە لە سەرەتاوە مەوتەنی کوردان و لە سەردەمە دوورو لەمێژینەکانەوە هەموو کات لەبەر دەستی کورداندا بووە.

5- دیارە لە سەدەکانی پێشوو دا بە شێوەی جۆراوجۆر باسی سنووری کوردستان کراوە، وەك لە کتێبی شەرەفنامە دا کە چوار چەرخ بەر لە ئێستا نووسراوە زۆر باسی ئەو مەسەلەیە کراوە و لە قەولی حاجی قادری کۆیی بە شێوەی هەڵبەست لە سنوورەکان و دانیشتوانی کوردستان دەدوێ:

**کوردە دەزانی لە کوێ ساکینە خزمانی تۆ — گوێ بگرە تا بۆت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ**
**کێوی تووروس و عومقی حەوزەیی ئەسکەندەروون — غەربیە تا بەحری رەش سەرحەدی بە مەیدانی تۆ**
**بەحری رەش واردهان ئاوی ئاراز لـێ بزان — حەددی شماڵە کۆچەری بێ جەولانی تۆ**
**ئەلوەندو گۆلی ورمێ تا سەری ئاوی ئاراز — سەرحەددی رۆژهەڵاتی جۆگە و مەیدانی تۆ**
**ئەهوازو کێوی حەمرین و ژەنگار و نەسیبەین — بۆ جنووبە رەوزەیی ریزوانی تۆ**
**داخڵی ئەم حدوودە ١٢ ولایەت هەیە — دەڵێن ١٢ میلیۆنە نفووسی کوردانی تۆ**
**حاجی درۆیە ئەسڵی خۆی نەنووسراوە — دەگاتە بیست میلیۆن گەر بنووسرێ قەومانی تۆ**

(شەرەفنامە، چاپی چاپەمەنی عیلمی بە سەرەتای محمد لوی عباسی ل ٥٨٧و ٥٨٨






**شوێنی نیشتەجێ بوونی تاقمە رەگەزییەکان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لە میلاد**

**٢- ئەو شوێنانە لە ئاخی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو و بەهۆی رووداوە مێژووییەکانەوە لە ئاڵوگۆڕ دابووە و بەشێکی زۆر لەو شوێنانە هەرکات بەدەست یەکێکەوە بوون.** واهەبووە کوردەکان مەجبوور بوون بەشێك لەم شوێنانەیان جێهێشتووە بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی و بە یەکجاری چۆل بێ‌و قەومێکی دیکەی تێدا نیشتەجێ بێ، کوردەکان لەو بەشانەدا هەموو کات زۆرینەیی خۆیان پاراستووە.

**٣- هێندێك شوێنن كه ورده ورده كوردیان لـێ زیاد بووه و ئاكامەكەی بۆته ئەوه كه له ڕێگەی جووڵانەوه نەتەوەییەكانی ئەوان بەتەواوی كەوتۆته ژێر دەستیان و دەسەڵاتیان لەوێڕا به دەستەوه گرتووه.** ئەو ناوچانه به بوونی زۆرینەی كورد له ناویاندا بوونه ناوچەی كوردنشینو هاتوونه چوارچێوەی نەخشەی كوردستانەوه.

له پێناو ئەم مەبەستەدا بۆ شارەزایی زیاتر وێڕای ناساندن و كێشانی خەتی دیاری بۆ هەر كام لەو ناوچانه هەوڵماندا‌وه خەریتەیەكی نه زۆر وردو راست بەڵكوو به شێوەیەكی وێچوو ئاماده بكەینو بیخەینه بەرچاوتان، رەنگە بۆ ناسینی باشتر یارمەتیمان بدا.

**١- ئەو بەشانەی له بنەڕەتڕا هی كوردان بوون و ناوەندی كوردستانن:**

ئاخی بنەڕەتی كوردنشین یا به وتەی مینۆرسكی ئەو ناوچانەی **ئەگەر** بمانەوێ لەدەستپێكدا باسی كوردان بكەین دەبێ ئەو ناوچانه بێنینه گۆڕێ و باسیان لـێ بكەین[6] كه بریتین لەو بەشه له ئاخی كوردستان كه لەنێو سنووره سروشتییەكان دا هەڵكەوتوون و له ژێرەوه ئاماژەیان پێ دەكەین.

خاڵی سەرەتایی ئەو ناوچه له باكووری رۆژهەڵات ئەو زنجیره كێوانەن كه له باكووری رۆژهەڵاتی ئاراراتەوه و لەدوایین خەتی باكووری رۆژئاوای ئێران له ئاخی توركیەڕا دەست پێدەكا و راست بەرەو باشوور بۆ لای باشووری رۆژهەڵاتدا دەكشێ، دوای ئەوەی بەرزاییەكانی قەراخی باكووری رۆژئاوای ئێران پێك دێنن بۆ لای كێوەكانی "جۆله مێرگ" دەڕۆن و لەوێڕا هەتا زێی گەوره درێژەیان هەیه.

ئەو كێوانەی كه له درێژەی كێلەشین "Kel.î.shin"دا دەڕۆن و بەرەو باشووری رۆژهەڵات لار دەبنەوه و پاش پێوانی مەودایەكی درێژ كه تا خەتی باشووری كوردستانی ئەردەلان دەچنه پێش و له كەوانێكی گەورەدا له پێشدا بەرەو رۆژئاواو دوایه بەرەو رۆژهەڵات دەڕوا تا ناوچەكانی باكووری دەشتی خووزستان دەكشێو لەوێڕا به چەند بەشی بەرانبەر به یەك بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆن و بڵاو دەبن.

ئەو زنجیره كێوانه له "جۆله مێرگ" به دواوه به زنجیره كێوی زاگرۆس نێودێر كراوه. بەڵام لەبەر ئەوەی له باشووری كێوەكانی جۆلەمێرگ و زێی گەوره به دوا، له پێكهێنانی سنوورەكانی ماكەی بنەڕەتیی كوردستاندا هیچ رۆڵێك ناگێڕن زیاتر لەوه وەدوای ناكەوین.

6- كوردەكان، نووسینی مینۆرسكی، وەرگێڕانی حبیب الله تابانی



له باكووری كێوەكانی جۆله مێرگ، زێی گەوره سنووری سرووشتی بەرەو رۆژئاوا دیاری دەكاو، دوای ئەوەی رژایه نێو دجله به درێژایی ئەم رووباره بەرەو باكووری رۆژئاوا درێژ دەبێتەوه، به شێوەیەك كه له باشووری چیای "جوودی"[7] لەرۆژئاوای دجله و له بەرانبەر جۆلەمێرگ تێدەپەڕێ و پاش رۆیشتن به ناوچەی باشووری "بۆتان" دا كه ناوەندەكەی "جزیره ابن عمر"ه به درێژایی كێوەكانی باكووری "نەسیبەین" دا راست بەرەو رۆژئاوا دەكشێ و دەچێتەوه رووباری فورات. لێره بەدواوه بەشی سەرووی رووباری فورات "ئاوی مراد" دەبێته سنووری سروشتی و له رۆژئاوای دیاربەكر و ناوچەی "خەرپووت"و باشووری ئەرزنجان بەرەو رۆژهەڵات دەگەڕێتەوه، له باكووری "ئەرزەرۆم"ڕا كێوەكانی "كاردووش" یا كورستان عۆددەداری ئەو ئەركه دەبن و تا كێوەكانی ئارارات و یەكەم سەرچاوەكانی رووباری ئاراز درێژەی هەیه. به چەشنێك كه سەرچاوەكانی ئارازو فورات لەو ناوچه هەڵكەوتوون، لێك نێزیكن و بەرانبەری یەكترن.

لەم چوارچێوەدا ناوچەكانی بۆتان، خەرپووت، دیاربەكر، بتلیس و چەند بەشی له ئاخی ئەرزەرۆم هەڵكەوتوون كه دوو شاری میافارقین و ماردین، دەگرێتەوه كەله داوێنی كێوێك هەر بەم ناوه جێگیرن. نەسیبەین، ئەرغنی، سوەرك و ئامێد له رۆژئاوای دجله تا فورات و لەرۆژهەڵاتی دجلەش شارەكانی جزیرەی ابن عمر یا جزیرو نیشابوور، سعرد، لرجكیو بۆتان و ئەرزەرۆم و بتلیس و ... هەڵكەوتوون.

هەروەك باسكرا ئەم هەرێمه ناوەندی بنەڕەتیی كوردستانەو ناوچەكانی دەوروبەریش كه كوردنشینن به درێژایی مێژوو دانیشتووەكانیان كورد بوون. ئاشكرایه دۆڵەكان و داوێنەكانی زنجیره كێوەكانی زاگرۆسیش به درێژایی دیرۆك جێگەی مانەوه و ژیانی كوردان بووه و له بەرانبەر هێرشكەرەكاندا حاشارگه و سەنگەریان بووه. هەروەك جزیرەش كه له باكووری رۆژهەڵاتی سووریەی ئێستایه هەر ئاوا بووه.

7- ئاگادار بوون له داستانی كێوی جوودی و چلۆنایەتی بەسەرهاتەكەی كه بۆ هەموو دیندارێك له هەر كام له دینەكان پێ جێگەی رێزه به پێویست دەزانم. چونكو ئەو كارەش پێویستیی به لەسەر رۆیشتنێكی زۆرو گێڕانەوەیەكی درێژ هەیه، بۆ ئەوەی كاتی خوێنەرانی بەرێزیشم نەگرتبێ به كورتی شتێكم هەر لەم بابەتەوه ئاماده كردووه كەهەر لەم كتێبەدا دەیخەمه بەرچاوتان.

**٢- ئەو هەرێمانەی کە لە درێژایی مێژوودا بەهۆی رووداوەکانەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە:**

ئەو شوێنانە زیاتر دەوروبەری کوردستانی ناوەندی پێکدێنن کە هەڵس و کەوتە مێژووییەکان و هێرشەکانی قەومە دەست درێژکەرەکان لەوێدا شوێنەواری دوور و درێژیان هەبووە. وەك پەلاماری مەغوولەکان، تەیموورییەکان و دواتریش هێرشی تورکەکانی ئاق قوینلو و قەرە قۆینلو و سەلجووقییەکانو ... لەرۆژهەڵات و هێرشی عەرەبەکان چ لەزەمانی ئیسلامدا و دواتریش لە باشوور ڕا.

هەر چەند دوای هێرشی عەرەبەکان دینی پیرۆزی ئیسلام هەموو وڵاتی گرتەوە و بوو بە ئایینێکی گەلیو کوردەکان پێشوازیی گەرمیان لەو دینە کردو بە پێچەوانەی ئایینەکانی یەهوودی و مەسیحی کەهیچ کات خەڵکی ئەم شوینانە پێشوازییان لینەکرد، دینی ئیسلام پەرەی سەند بەڵام فەرمانڕەوایی ناوچەیی عەرەبەکان سەقامگیر نەبوو، زۆر زوو ئەمیر نشینەکانی ئەو ناوچانە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە.

هەروەها لە رۆژئاواو باکووریشەوە هەر لەکۆنەوە یۆنانییەکان و رۆمییەکان هیچ کات نەیانتوانیوە دەسەڵاتی خۆیان لەکوردستاندا دەستەبەر بکەن. هەرچەند لە هەمووی ئەو هێرشانەدا خەڵکی ئەم هەرێمە لەژێر هێزو زەختی زۆردارانی دنیاگرو دنیاخۆردا بووە و زیانی یەکجار زۆریان بینیوە و وڵاتەکەیان هەموو کات مەیدانی شەڕو شووری نەیارانی دژبەیەك و بەتوانای سەردەم بووە.

**٣- ئەو بەشەی کە وردە وردە کەوتۆتە ژێر نفووزی رەگەزی و نەتەوەیی کوردەکان و تێیدا بوونە زۆرینەو خاوەن دەسەڵات:**

ئەو بەشە بریتییە لەو شوێنانەی کە بەهۆی کۆچی زۆرەملی و کەوتنە ژێر زەخت و هەلومەرجی نالەبار بۆتە شوێنی مانەوەیان و پاشانیش تێیدا بوونە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو جێگایانەو بە کردەوە بۆتە بەشێك لە خاکی کوردان.

لەسەریەك ئەو هەرێمانەی باسمانکردن کوردستانی ئەوڕۆیان لێ کەوتۆتەوە. ئەگەر ناوچەکانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و باشوورەکەی کە بە تێکڕا موکریانە، هەروەها قەراخی رۆژئاوای رووباری تەتەهووی لێ جیاکەینەوە کە هەر لە سەرەتای مێژۆوە نیشتمانی کوردان



بووەو چەند جاریش کەوتۆتە ژێر دەستی تورکەکانی ئاسیای ناوەندی، ناوچەی باکووری ئەرزەرۆم بەرەو قارس و ئەرمەنستان تا قەراخەکانی باشووری رۆژهەڵاتی بەحری رەش و چەند بەشێك لە کۆماری ئازەربایجان ـ جەوانشیر، ئارش و جەبرەئیل لەولای رووباری ئاراز کە بە دوای ساڵەکانی شەڕی رووس و عوسمانیو دواتریش لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی کە شەڕەکان بەرەو باکووری رۆژئاوا واتە بۆ لای ئەرزەنجان و سیواس، هەروەها لەناحیەی جزیرەو دیاربەکر بەرەو لای کەنداوی ئەسکەندەروون و تا دەگاتەوە مەدیتەرانە هەمووی لەسەر بەشی سێ بەحیساب دێن. هەروەك ئێستاش ئەگەر کەسێك لە ناوچەی موکریان واتە مهاباد، بۆکان، سەردەشت، سەقزو ...دا سەفەر بکا زۆر ناوی تورکی بەسەر دێهاتەکانەوە وەك قەرەموسالی، ساری قامیش... دەبینێ کە ئەوانە لە سەردەمی تورکەکانی قەرەقۆینلو ماونەتەوە کە خەڵك بە تورکەڕەش نێودێریان کردبوون. هەر بەم شێوە لە ناوچەکانی قارس و ئەردهان[8] یا لە باشووری رۆژئاوا لە ئەنتەبەو ئاخی حاشیەی ئەنتاکییە لە قەراخ کەنداوی ئەسکەندەروون هەڵکەوتووە پێ و شوێنی کوردان بەرچاوە.

چاوخشاندنێك بەسەر وتەی گەشتیارو رۆژهەڵاتناسان و ئەو مێژوو نووسانەی کە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا چاویان بە کوردستان کەوتووە و هەرکامیان بە پێی بەربڵاوی گەشتەکەیان چوارچێوەیەکیان بۆ کوردستان باسکردووە و زەینی ئێمە زیاتر لەسەر ئاڵوگۆڕی سنوورەکانی کوردستان روون دەکەنەوە و رێنوێنیی زیاترمان دەدەنێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەبەر هێندێك هۆی تایبەت وەك نەبوونی ئیمکانی گەشت و گوزاری درێژ لەرابردوو داو لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە بچنە هەموو کوردستان، هەروەها لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد زۆر بە هێواشیو وردەوردە لە دەوروبەری خۆی چۆتە پێش بۆچوونی ئەو کەسانەش کە لەسەرەوە باسمانکردن یەك چەشن نییە و ناتەباییو کەم و کووڕی تێدایە. بەڵام دیسانیش زۆربەیان لەسەر هەرێمەکان قسەیان یەکەو ئەوە بۆخۆی بە پێچەوانەی هێندێك بۆچوون نیشاندەری ئەو شوێنانەیە کە کوردی تێدا نیشتەجێن و لەسەدەکانی سەرەتای مێژوودا هەبوون. جا ئەگەر

---

8- ئەوە راست بە پێچەوانەی بۆچوونی مینۆرسکیو وتەی ئەوە. لە حاڵێکدا لە چەند دێر سەرەوەتر دەڵێ: کوردان ئەوڕۆ لە ئاخێکی بەریندا دەژین کە سنوورەکانی تورکیە و ئێران و عێراق تا ئارارات دەگرێتەوەو لە سنوورەکانی ئێمەش "مەبەست سنووری رووسیەیە بەر لە لەبەریەك بڵاوبوونی سۆڤیەت" تێدەپەڕێ و دەگاتە قەفقاز ـ بە دوای ئەوە دا دەڵێ سنووری باکووری کوردەکان لە نیزیك ئەرزەرووم بە ئاخر دەگا.

نێوی کوردستانی لەسەر نەبووبێ کە بە بڕوای نووسەر بە شێوەیەکی دیکە هەبووە ئەوە گرینگ نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە کوردستان واتە جێگەی دانیشتنی کوردان هەر هەبووە.

بە تێڕوانین لەو بۆچوونانەی مێژوونووسان لەسەر کوردستان و سنوورەکانی، مرۆڤ لێرەڕا بۆ چەندهەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئێمە هەوڵدەدەین لەو بەشەدا ئەوەندەی بلوێ ئاماژە بە پێشینە و ریشەی نژادیی نەتەوەی کورد بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە هێندێك لەو گەشتیارو مێژوو نووسانە دەکەین کە لەمەڕ کوردستان و سنوورەکانی قسەیان کردووە.

گزنفۆن سەرداری یۆنانی کە لە دەوری ٤٠٢ی پێش لە دایکبوونی مەسیح، بەدوای ئەوەی دا کە "کوروش"ی هەخامەنشی لە براکەی خۆی ئەردەشێری سێهەم شکستی خوارد، فەرماندەریی ١٠هەزار بەکرێگیراوی یۆنانی کە لە خزمەت کوروش دابوون وەعۆدە گرت و پاش بڕینی رێگایەکی دوور و درێژ گێڕانیەوە یۆنان و ئەو حەرەکەتە لە مێژوو دا بەگەڕانەوەی ١٠هەزار کەس ناسراوە.

گزنفۆن لە کتێبێکدا کە هەر بەوناوە ئامادەی کردووە بیرەوەرییەکانی ئەو گەڕانەوە مێژووییەی نووسیوە. ئەو دەنووسێ کە لەسەر رێی گەڕانەوە لە کوردستان چیان بەسەر هاتووە و چۆن دەگەڵیان تووشی تێکهەڵچوون بوون و ئەوان چۆن وەشوێن ئەو دوژمنە بێگانە کەوتوون و راویاننناون. ناوبراو وێڕای باسی چۆنیەتی زیانەکان، ئەو کویرەوەرییانەی لە کاتی هەڵاتن لە دەست کوردان کێشاویانە نووسیویەتی: "ئەو قەومە کەناویان "کاردۆشۆی" بوو هەتا نیزیك ترابوزان وەدوامان کەوتن و زیانێکی گیانی زۆریان لێ داین." ئەو مێژوونووسە دوای ئەوەی لەسەر ئازایەتیو شەڕکەری ئەوان زۆر دواوە دەڵێ سنووری ئاخی "کاردوك" هەتا بۆتان درێژەی هەیە.

دوای گزنفۆن ئەوهەرێمە پێی گوتراوە "کوردوان = کوردوئن" کە دواتر نووسەرانی دیکەش هەر بەم ناوە باسیانکردووە.[9] لە دەورەی داریوشی سێهەم کە بەر لەوەی ببێتە شا ئەمیری کوردستان بووە، سنووری کوردستان لە زێی گەورە ڕا تا سەرچاوەی رووباری دیجلە نووسراوە. "سترابوون" جوغرافیزانی سەردەمی کۆن وێڕای ئاماژە بە ئاخی کوردستان دەنووسێ: ناوەندی ئەو شارە ئامێد بووە کە خۆی ناوەندی ئەیالەتی دیاربەکر بووە و لەنێوان جیبال و موش و دیاربەکر هەڵکەوتووە.

9- کوردو کوردستان و شارەکانی، محمد مەردووخی کوردستانی ل ٣٢



حمداللە مستەوفی لە کتێبی "نزهت القلوب" دا دەنووسێ، ناوچەکانی ئەرمەن، جزیرە، هەولێر، ئامێد لەسەر هەرێمی کوردستان بوون کەناوەندەکەی شاری "بەهار" لەباکووری هەمەدان بووە و دوایە گوێزراوەتەوە بۆ "بێهستان" یا "بێستوون". شارەکانی تاق بۆستان، ماهیدەشت، دەربەندی تاج خاتوون، خەفتیان، بەهار، دینوەرو شارەزوور[10]، کرماشان (قرمسین)، کەنگاوەر، دەربەندی زەنگیو هەروەها شاری ئەلشتەر کە ئاگردانێکی زەردەشتیشی تێدا بووەو ناوی "ئاورووخەش" بووە، هەمووی لەژێر فەرمان دابوو.[11]

اولیاو چلبی لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی دەنووسێ کوردستان بریتییە لە ئەرزەرۆم، وان، حەکاری، جزیرەی ابن عمر، عیمادیە، موصل، شارەزوور، ئەردەڵان، درنە و درتەنگ تا دەگاتە بەسرە کە درێژاییەکەی حەفتا فرسەخەو پانایەکەی کەمترە.[12] "سێر مارك سایکس" پێی وایە کوردستان لەنێوان زێی گەورە رووباری دیجلەو باشووری دەریاچەی وان دایە.

"تور و دانژن" باسی دوو لەوحە دەکا کە دەگەڕێنەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین و لەم دوو بەردە نووسراوەدا نێوی وڵاتی "کارداکا" هاتووە کە دراوسێی "سوی" بووە. کتێبی شەرەفنامەش باسی قەڵایەك بەم نێوە لە بتلیس دەکا[13]. زانای خوا لێخۆشبوو **محەممەد** مەردووخی کوردستانی ئاوا باسی چوارچێوەی کوردستان دەکا:

کوردستان بە شەش وڵات "والی نشین"ی ژێرەوە دابەشکراوە.

١- وڵاتی دیاربەکر کە ناوەندەکەی شاری موسڵەو شارە گەورەکانی بریتین لە: میافارقین، ماردین، نسیبەین، ئەرغنی، سوەرگ، ئامێد، جزیرەی کوڕی عومەر یا جزیرە، نیشابوور، سوعرەد، لەرجکیو بۆتان.

10- یاقووتی حەمەوی پێی وایە زووری کوڕی زوحاك بنیاتنەری شارەزوورە.

11- حمداللە مستەوفی یەکەم نووسەرە کە دوای ئیسلام ناوی کوردستان دەبا (٧٤٠ی کۆچی).

12- سەفەرنامەی ئەولیا چەڵەبی بەرگی ٤ لاپەڕی ٧٥.

13- کتێبی "ئاتۆریولوژی" لە نووسینی تۆرۆدانژین لاپەڕی ١١٢. ئەو نووسراوەو زۆر نووسراوەیتر کە لەدەستدا ئەو راستییە دەسەلمێنن کە کوردستان زۆر بەر لە حمداللە مستەوفی کوردستانی پێوتراوە بەڵام زمانەکانی پەهلەوی، پارسی دێرین، ئاکادی و ئاشووریو... کە وشەی "کورد"یان زۆر بەڕوونی تێدا دیارە وەك: کوردوئن، کوردوان، کاردۆشۆی، کاردۆخۆی، کوردوشو ...

٢- وڵاتی مووسڵ كە ناوەندەكەی شاری دیاربەكرە و شارە گەورەكانی بریتین لە: هەولێر، سلێمانی كە كوردەكان پێیان وتووە شارباژێر = شاری بازار[١٤]، بوستان، كەركووك یا ئارانجا كە مەوتەنی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبی بووە، ژەنگار، عیمادیە، رەواندز = قەڵای گەڕۆك، كفری، صلاحیە، گولعەنبەر یا خلمار.

٣- وڵاتی سنە یا ئەردەڵان (سنندج) كە ناوەندەكەی شاری سنەیە و شارە گەورەكانی بریتین لە: بیجار، گەرووس، سەقز، بانەو هەورامان (پاوە).

٤- وڵاتی ساباڵخ = مەهاباد كە ناوەندەكەی مەهابادە و شارەكانی سەردەشت و مەهابادن (بۆكان و شنۆی نەنووسیوە).

٥- وڵاتی كرماشان كە ناوەندەكەی شاری كرماشانە بە رابردوویەكی مێژووییەوە، سونقور، كەنگاوەر، كەرەند، هاورن ئاوا، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرینو هەرسین سەر بە كرماشانن.

٦- وڵاتی لوڕستان كە بریتییە لە شارەكانی بروجرد = وریگرد، خورەم ئاوا، سیمرە، مەلایر، نەهاوەند، تویسركان. لە ئاخری هەمووان لێستێرنج لە كتێبی "هەرێمەكانی خەلافەتی رۆژهەڵاتی" دا كوردستان دەناسێنێ: "بەینی خووزستان و جبالی عێراق، دوورگەی ئەرمەن، ئاران، مۆكان = مغان و ئازەربایجان، ئەنسكلۆپێدیای ئیسلامییش لە باشووری رۆژهەڵات، لوڕستان و لە باكووری رۆژئاوا، مەلاتیەشی لێ زیاد دەكا. دیارە زۆر كەسی دیكە بڕوای جیاوازی تریان لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

بە كورتی هەركام لەم مێژوونووس و رۆژهەڵاتناسانە سنوورێكیان بۆ كوردستان داناوە، هەرچەند بۆچوونەكانیان فەرق و جیاوازی هەیە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بۆچوونی وەك یەكیان هەیەو پێیان وایە كوردستان لەو هەرێمانە پێكهاتووە كەباسیان كردووە. چونكو ئەگەر لەسەر هەمووی ئەوانە بدوێین ناگەینە مەبەستی سەرەكی خۆمان بۆ روون كردنەوەی دۆخی جوغرافیایی كوردستان، بۆیە لێرەدا كۆتایی بەم باسە دێنین. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی لەسەرەوە باسمانكردن و هەروەها لەبەر بەربڵاوی هەرێمەكانی كوردستان دەتوانین لەمەڕ درێژاییو پانایی كوردستانی ئەمڕۆ ئاوا بڵێین:

خەتێكە كە لەباكووری رۆژهەڵات لە رۆژهەڵاتی ترابوزانی توركیە، لە قەراخ دەریای رەش و ناوچەی باتوم كە دەكەوێتە (ئاخرییەكانی باشووری رۆژهەڵاتی دەریای رەش) دەست پێدەكا،

14- وشەی باژار لە راوێژی كرمانجیدا بە مانای شارەكە رەنگە هەر لە بازار وەرگیرابێ. و



بە خەتێكی قووڵی كەوانی تر بەرەو باشووری مەڵبەندی ئارارات بە هەرێمی رۆژهەڵاتی ئەردهان و جەوانشیر و ناوچەكانی جەبرەئیل و ئارش لە باشووری ئەرمەنستان و كۆماری ئازەربایجان دا تێدەپەڕێ و دەڕوا هەتا دەگاتە بەرزاییەكانی باكووری رۆژئاوای ئێران لە رۆژهەڵاتی ماكۆ. لەوێڕا بە خەتێكی راست دادەكشێ و لە قەراغی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لەو شوێنەرا كە پارچە خاكێكی باریكە و ئازەری و كورد تێكەڵ بە یەكن دەچێتەوە باكووری شارستانی ورمێ كە لەوێدا ئاوی دەریاچەكە خۆی سنووری كوردستانە و هەتا باشووری رۆژئاوای دەریاچەكە ناوچەی رۆژهەڵاتی مەهاباد درێژ دەبێتەوە.

لێرە بەولاوە بەهۆی كەوانێكی گەورە بەرەو رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات دەڕوا، بە چەشنێك كە ناوچەكانی تیكاب و گەرووس دەگرێتەوەو لەوێڕا بەرەو نەهاوەند و هەمەدانو رۆژهەڵاتی پارێزگاكانی كوردستان و كرماشان و لوڕستان دەكشێ و دوای گەیشتن بە دەشتی خووزستان دەچێتەوە ئیلام، پاش تێپەڕین لە رۆژئاوای شووش دەچێتە ناوخاكی عێراق و لەناوچەی مەدائنی قەدیم بەرەو باكوور دەخزێ و بە رۆژئاوای خانەقین و رۆژهەڵاتی بەغدادا دەڕوا، هەر كە گەیشتە ئەو جێگایەی زابی گچكە تێكەڵ بە دیجلە دەبێ، رووبارەكە خۆی دەبێتە سنووری ناوچەكانی كوردنشین و عەرەب نشینی عێراق. دوایە بە رۆژئاوای (مووسڵ)دا تێدەپەڕێ و بۆلای رۆژئاوا و باكووری رۆژئاوا دەڕواو هێندێك دوورتر لە نسیبەین و رۆژئاوای مەڵبەندی دێرسیم و روقعە خوارە پێچەكە دەكاو بە شێوەیەك دەڕوا كە ناحیەی جزیرە لە سووریەش دەگرێتەوە كە دانیشتوانی كوردن.

دوای ئەوەی گەیشتە كەنداوی ئەسكەندەروون بەرەو باكوور تا ئادانا دەچیو لەوێڕا بە باشووری رۆژهەڵات دا دەڕواو بە ناوچەی (مووش)یش دا دەچێ، دەكەوێتەوە رۆژهەڵاتی سیواس، بە لای باكووری رۆژهەڵاتدا دەچێتەوە قارس و لەوێڕا دەگاتەوە باتووم لە سیلەی باشووری رۆژهەڵاتی دەریای رەش.

لە رۆژهەڵاتی لوڕستان تا رۆژئاوای دیاربەكرو كەنداوی ئەسكەندەروون لە ٣٢ تا ٤٢ دەرەجەی هێڵی پانایی جوغرافیایی باكووری و لە هێڵی ٣٦ تا ٤٨ دەرەجەی درێژایی جوغرافیایی رۆژهەڵات هەڵكەوتووە كە بە حیسابی زانای خوالێخۆشبوو محمد مردوخ سەدو سی هەزار كیلۆمیتری چوارگۆشەیە،[١٥] بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو باریكاییەی كە لەباكووری

15- مێژووی كوردو كوردستان و شوێنەكانی ژێر دەسەڵاتی لە نووسینی محمد مردوخ ل ٥٤

ئارارات ڕا دەستپێدەکا تا قەراغی باشووری ڕۆژهەلاّتی بەحری ڕەش لەباکووری قارس و باشووری ڕۆژئاواو باشووری ئەرمەنستان و ولاّتی ئەرزەڕۆم و ئەرزەنجان تا دەوروبەری سیواس و چوارچێوەیەکی کە لە دابەشکردنی کوردستاندا باسمانکرد، ئەو پانایییە دەگاتە دووسەت هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە.

لەو خاکە دووسەت هەزار کیلۆمیترییەدا ڕوخساری زەوییەکی ناهەموارو تێکەلّ و پێکەلّ دەکەوێتە بەرچاو کە زۆربانووی بەرین و کێوی بەرز و هەلّچوو بەرەو ئاسمانی لەخۆدا جێکردۆتەوە و کێوەکانی ئاراراتیش بەو بارستایی و بەرزی و هەیبەتەوە لە ناوەندیدا بەرزبۆتەوە و سەر لەعاسمان دەسوی.

## ئاوڕێك بۆ سەر هەردناسی كوردستان

ئەو بالاّ و ڕوخسارەی کە لە کوردستانمان نیشاندا ئاکامی ئەو ئالّوگۆڕەیە کە لە ڕوانگەی هەردناسییەوە لەنێوەڕاستەکانی دەورانی سێهەمی هەردناسی لە هەرێمێکی پانو بەریندا ڕوویداوە کە ئەوکات لە ژێر دەریای هەرە گەورەی تێتیس (Thetis) هەلّکەوتبوو. دەریای تێتیس لە ئوقیانوسی بالتیك (اگلس)و دەریای مەدیتەرانە ڕا تا ئوقیانووسی هیندو ئوقیانووسی کەبیری بە شێوەیەکی چوارگۆشە دەگرتەوە. هەرێمەکانی ئاسیای بچووك و ئێران و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەندی بەشێك لەو چوارگۆشەیە بوون. ئەو ئالّوگۆڕە لە پاشماوەی دەورەی سێهەم و تەواوی دەورەی چوارەمی هەردناسیش (سینۆزۆئیك cenozoic) دا درێژەی هەبووە. گڕکانە زۆر گەورەکانو پێکهاتنی بەربلاّوی کێوەکان لەم دەرفەتو دەورەیە دا بۆتە هۆی ئەوە کە خڕو دەرەو دۆلّی زۆر قوولّ و زنجیرە کێوی زۆر بەرزی تۆرۆس و ئانتی تۆرۆس و ئارارات، زاگرۆس و سەهەند و ماینبلاّغو ... لە لایەكو لە لایەکیترەوە بانوو و گۆڕایی زۆری وەك ئەرمەنستان و دەریاچەکانیی وان و ئورمیە (ورمی) یا ئەرمەنییە پێك بێن و بخولّقێن. هەروەها بلاّوبوونەوەی گڕکان و پێکهاتە کێوییەکان دواتر بوونە هۆی دەرکەوتنی هێندێك هەردی دیکەی ژێر دەریای تێتیس کە یەك لەوان کوردستان بوو. پاشان بە دوای توانەوەی بەفرو سەهۆلّی زۆری دەورەی چوارەمی هەردناسی و هەستانی لافاو و دڕینی زەوی و کردنەوەی ڕێگا بۆخۆی و گەیشتن بە دەریاکانو قوولاّییە بەرینەکان ئەو هەموو دۆلّە قوولّ و پانانە و ئەو هەموو بەستێن و ڕووبارانەی لێ کەوتۆتەوە. پاشاوەکانیش هەر جێگایەکی حەزیان لێ بوو



لێی گیرسانەوە و ئەو دەشتە گەورە و بچووکانەی ئەمڕۆیان لێ پێکهات کە دەلّێن بەروبووی دەورانی (هێلۆسێن Helocene)ن کە بە وتەی هەردناسان دەوری بیستو پێنج هەزار سالّ پێش ئێستا دەستیپێکردوە. لەو دەورە (هێلۆسێن)ەدا وردەوردە شێی هەواو سەوزایی گۆی زەوی لە کەمیی داوە، هەربۆیە بەشێکی زۆر لەم گۆیە ئێستا ویشك و بێئاو و ڕووەکە. بەپێی ئەوەی دیتراوە و بەلّگەنامەکان بۆمان دەردەخەن ئەم شوێنانە پێشتر سەرسەوزو لێرەوار بوون و ئاوی دەریاکان و دەریاچەکانی وەك وانو ورمێش لە سەردەمی پێشوو کەمتر بووە.

لەو بگرە و بەردە و ئالّوگۆڕەی بەسەر زەویدا هاتووە، کوردستان یەکێك لەو دەگمەن بەشانەیە کە زۆرجار کەوتۆتە ژێر تەوژمی پێکهاتەی کێوو لە ئاکامی ئەو کارەدا بۆتە گلۆلّە بەنێکی ئالّۆز بە شێوەیەك کە لەناوەڕاستدا زۆر سەخت و توند خۆدەنوێنێ و باقیەکەیش کەوتۆتە بەر پێی ئەو کێوانەی لە هەموو لایەکەوە ڕێگەی خۆیان گرتۆتە بەرو تێیدا پڕش و بلاّون و بۆتە یەکێك لەو شوێنە دەگمەنانەی کە ٩٠٪ی بەزنجیرە کێوان داپۆشراوە.

## زنجیرە كێوە گرینگەكانی كوردستان

بەرزاییەکان لە لای باکووری کوردستان لە چوارگۆشەیەکی بادامیدا خۆ دەنوێنن کە لە هەر گۆشەیەکیش شوێنێکی تایبەتی لەم بابەتە هەیە، لە گۆشەی باکوور "گۆری = Gori" لە سیلەی باشوور "جوولەمێرگ = djoula.marg"لە گۆشەی ڕۆژهەلاّت "شوشا = Shousha"و لە سووچی ڕۆژئاوا "بایبۆرت = Baibourt" خۆ دەنوێنن.[١٦]

ئەو کێوانە لە حالّێکدا دەریاچەی (وان)یان لە بەرزایی ١٦٥٠ میتری هەلّخستووە، لە حاشیەی ڕۆژهەلاّتدا نزمتر لەو دەریاچەی"ورمێ"یان لە بەرزایی ١٢٢٠ میتر پێکهێناوە و هەروەها لەولاتری ڕووباری ئاراز لە درێژەی باکووری ڕۆژهەلاّتدا حەوزۆکی گویچە یا گوکچە"یان ئامادە کردووە.

16- ئەوە تەعبیری ژاك دومۆرگان زانای فەرەنساوییە کە پرۆفیسۆر مینۆرسکیش لەو باوەڕە دایەو زۆر نووسەرو توێژەرەوەی ناسراوی کوردناسیش لە تەعبیرو لێکۆلّینەوەی ئەو کەلّکیان وەرگرتووە "هەروەك واسیلی نیکیتین لە کتێبی کورد و کوردستان وەرگێڕدراوی محمد قازی، لە لاپەڕەکانی ٧٨و ٧٩ دا هێناویەتی. بۆ زانیاری زیاتر لە کتێبی "کوردەکان" لە نووسینی پرۆفیسۆر مینۆرسکی و وەرگێڕدراوی نووسەر بڕوانە.

لێرەدا دوو لقی دیاری بەرچاو دەکەون کە قوولاییی باسکراو لە سەرەوە جێدەهێڵن، هەر کام بۆ لایەك دەڕۆن:

١- لە لای ڕۆژهەڵات درێژەی بەرزاییەکانی بەشکراو بەسەر دوو دەریاچەی ورمێ و واندا کە بەرەو باشوورو دواتریش بەرەو ڕۆژهەڵات درێژەیان هەیەو لە زنجیرە کێوەکانی هاوتەریب بۆ باکووری دەشتی خووزستان دەکشێن‌و لەوێڕا دەچنەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات، لە سنووری **"کێلە شین** = Kela-chin" بەولاوە بە زنجیرە کێوی **"زاگرۆس** = Zagros" بەناوبانگە.

٢- لقەکەی دی درێژەی زنجیرە چیای **"تووروس** =Tourus"ە کە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەسکەندەروون بەرەو ڕۆژهەڵات هاتووە تا دەگاتە دەریاچەی وان، پاش ئەوەی دەورێکی بە دەریاچەکەدا لـێدا لە نیزیك ڕووباری **"قوتور** = Kqture" دەگاتە سنووری ئێران، لە ڕاستیدا ئەو زنجیرە کێوانە درێژەی کێوەکانی سووریەن کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەسکەندەروون، کە بە تایبەتی جیاوازییان دەگەڵ کێوە ئالۆزەکانی کوردستانی باکوور هەیە و درێژەی زنجیرە چیاکانی **"ئانتی تووروس** Anti tourus"ن.

ئەو زنجیرە کێوانە لە سێ زنجیرەی باکووری، ناوەندی و باشوور، هێندێك هەورازتر لە چیاکانی تووروس، لە باکووری کەنداوی ئەسکەندەروون دەستپێدەکا و گەورەترین ڕووباری ئاسیای ڕۆژئاوا واتە ڕووباری **"فورات"**یش هەر لەو زنجیرە کێوانە کە ئاوەکانی دەریای ڕەش‌و سەحرای بین النهرین و عێراقیشدا بەشدەکا سەرچاوە دەگرێ.

وەك مینۆرسکی دەنووسێ و (نیکیتین)یش ئاماژەی پێدەکا سەرچاوەی فورات کە لەو شاخانە دایە لە پێشەوەڕا دووڕووبارە:

یەکیان **"مراد چۆم"**ە کە لە نیزیك چیای ئارارات و دۆڵی **"ئالاشکۆرت** = Alachkort"ەوە دەستپێدەکا، ئەوی دیکەیان **"ئاوەڕەش یا قەرەسوو"**ە کە بە دەوروبەری ئەرزەڕۆمدا دەڕوا.[١٧]

---

17- زۆرجار ئەو ناوچەیە بە "بین گۆل Bin Goal" نێو دەبەن کە بە بڕوای من "نووسەر" ڕاست نییە، چونکو بەین لێرەدا مەعنای نییە، مەگەر وەك تورکی ئەستەنبوڵی لـێ بکەین کە دەبێتە بین بە مانای هەزار، ئەو کات دەبێتە هەزار گۆل کە لەو شوێنە شتێکی وا بوونی نیە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ناوچەکە کوردنشینەو لە کوردا "بن Bn" بە مانای ژێر، پای و لە نیزیکدا هاتووە کە دەبێتە بن گۆل ، لای گۆل، ژێر گۆلو بە لەبەرچاوگرتنی نیزیکی ئەو شوێنە لە دەریاچەی وان هەر بن گۆل ڕاستە.



بانووی **"بن گۆل** Bn – gol"یش کە لە نێوان ئەو دوو ڕووبار هەڵکەوتووە سەرچاوەی ڕووباری ئارازە. مراد چۆم و ئاوەڕەش بەرەو باشوور دەڕۆن‌و ئارازیش بەرەو باکوور دەچێ.

مرادچۆم لە نیزیك **"خەرپووت** Kharput" تێکەڵ بە ئاوەڕەش دەبێتەوە و شەتی فورات پێکدێنن کە پاش بڕینی **٢٦٧٠** کیلۆمیترو گەیشتن بە کێوی تووروس، بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕواو دەڕژێتە کەنداوی فارس.

سێ‌زنجیرە کێوی ئانتی تۆروس لە مەڵبەندی ناوەندی و ڕۆژئاوای کوردستانی باکوور دەگەڵ هێندێك کێوی بەتاق کەوتوو و بەرزاییەکانی وەك **"جۆلەمێرگ** Jolamarg"و **"جوودی** Joudi" وا تێکەوە دەپێچرێن و گرێ دەخۆن کە ئیتر دۆڵە تەنگ و قووڵەکانی نێوانیان هەرپێوە دیار نییە. لێرەدا یەکێك لە لقەکانی تووروس دەبێتە دووبەش و وەك گێرەیەکی گەورەیان لـێدێ کە بەشی سەرووی دجلەی دەئامێز دەگرێ و سەرچاوەکەشی ڕاست ئێرەیە. بەهۆی تەنگ بوونەوەی دەروەکان لە هەموو لایەکەوە وەك تاڤگە بە توندی دێتە خوارو بە وتەی واسیلیی نیکیتین ئەو نێوەی لە دنیای کۆن دا لـێیان ناوە پڕ بە پێستێتی.[١٨]

چیای جوودی لە لای چەپ و جۆلەمێرگ لە لای ڕاستی ڕووباری دجلە هەڵکەوتوون و لە سەرەوەتریش درێژی چیای **ئاگری**[١٩] کە لە ئارارات جیا دەبێتەوە و بەرەو باکوور خوشیوە،

---

18- مەبەست وشەی بابێلی "دیگلاتە" کە نێوی دیجلە موعەرەبی وییەو مانای قەراغی بڵیندە کە یۆنانییەکان مانای وییان دەگەڵ تێکرا بە مانای تیر لـێ تێك چووە. (کوردو کوردستان ل ٨٢.

19- ئاگری کە هێندێك بە هەڵە پێی دەڵێن "ئاغری" لە زمانی کوردی و فارسی کۆندا بە مانای ئاگرە. مەعلووم نییە بۆچی لە زۆربەی کتێبەکاندا یارییان بە نێوی شاخ و چۆمەکان کردووە، بۆ نموونە لە زۆر لە نووسراوەکاندا ناوێکی دیکەیان بەسەردابڕیون. هەر کەسیش تووشی ئەو نووسراوانە بووە زەحمەتی پرسینەوەو چاککردنی بەخۆی نەداوە و هەروای هێناوە. بۆ نموونە زیاد کردنی وشەی "داغ = کوە" بە زمانی تورکی لە ئاخری ناوی کێوەکان، چونکو ڕێنوێنیی گەڕۆك یا ڕۆژهەڵاتناسە کە تورك بووە ناوی کێوەکەی ئاوێتەی وشەی داغ کردووە و ئەویش نووسیویەتی دوایەش بۆتە بەڵگە. ئەوە گەلێك جار شتی سەیرو جێی پێکەنینی لـێ دەکەوێتەوە، بۆنموونە کێوێك ناوی "برایمە ڕەشان"ە بۆتە برایمە ڕەشان داغی یا "بەردە سوور"یان کردۆتە بەردەسوور داغی یا "پانەسەر"یان کردۆتە پانەسەرداغی. لەوەش سەیرتر وشەی "کەل" بە واتەی ملەیان گۆڕیوە، بۆنموونە "کەلی خان" هەڵکەوتوو لە بەینی بانەو سەقزیان کردۆتە "کەلیخان داغی". کەسانێکی وەك "هـ کریستۆف" لە خەریتەی ئاژەڵداری و کشتو کاڵی کورداندا ڕووبارەکانی کوردستانی بە "سوو" نووسیوە کە لە تورکیدا مانای ئاو دەداو لە جیاتی ڕووباری بتلیس و ڕووباری بۆتان نووسیویەتی "بتلیس سوو ـ بۆتان

ئاوێکی زۆر دەڕێژێتە دجلەوەو خێرو بێری بۆ ئەو شەتە پێوەیە. لە هەموو لایەکەوە ئاو دەڕژێتە نێو دجلە کە گرنگترینیان **"زێی گەورە و زێی بچووك"**ن کە ئاوەکانیان لە دەوروبەری مووسڵ دەگەنە وێ کە بەشی هەرە زۆری ئاوەکەشیان لە ئێران دابین دەبێ و پێشکەشی دجلەی دەکەن.

چاوخشاندنەوەیەك بەسەر ئەو شتانەی لەمەڕ کێوەکانی توررووس و ئانتی توررووس و بڵاوبوونەوەی ئەوان و هێندێك شاخی تاك و تەرا کە لەنێو ئەو چوارگۆشە بادامییەیدا کە مینۆرسکی بەخەیاڵ دایناوەو پێشتر باسمانکردووە و **"ژاگ دۆمۆرگانی فەرەنسیش"**[٢٠] هەر

سوو" و لە کوردیدا شتی وانییە. هەروەها پیتی "ك"یان کردۆتە "ق" چونکو تورکەکان کافەکان دەکەنە قاف. بۆیە زۆر پێویستە نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێز کە ئەو شتانە دەگێڕنەوە و باسی لـێدەکەن سەرنج بدەنە راستی وشەو نێوەکان.

20- ژاك دومۆرگان زاناو لێکۆڵەرەوەی شایستەی فەرەنسی کە موتالاو لێکۆڵینەوەکانی لە بواری هەردناسی و موتالای جوغرافیایی لە ئێران دایە و یەکێك لە باشترینی ئەو کەسانەیە کە ئەو کارانەیان کردووە. بە وتەی وەرگێڕی کتێبەکانی مۆرگان بەڕێز دوکتور کازم وەدیعی (لە پەنجا ساڵی رابردوو هەرکەس لەم بوارە دا هەنگاوێکی نابێ بۆ بردنەسەری بایەخی نووسراوەو لێکۆڵینەوەکانی دەستەوداوێنی ژاك دومۆرگان بووە) تەنیا نووسەران و لێکۆڵەرەوانی ئێرانی نین کە ئەم کارەیان کردبێ بەڵکو زانایانی رێزداری هاوتای پرۆفیسۆر مینۆرسکی و دواتریش واسیلی نیکیتین و بازیلو ... یش لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو زانا پایەبەرزە بە تایبەتی لەمەڕ هەردناسی و چینە ناسی و جوغرافیاوە کەڵکیان وەرگرتوە. بۆ نموونە کێشانی ئەو چوارگۆشە بادامیَ فەرزییە کە بۆ دیاریکردنی وەزعی سیاسی هەرێمی کوردستانی باکوور دیارییکردووە.

ژاك دومۆرگان لەسێزدەی مانگی ژووئەنی ساڵی ١٨٥٧ لە "هویسیۆن سورکۆسۆسۆن Houisson suur cososon " کە لە ئوستانی "لواروشێر = loiretcher"ی فەرەنسا هەڵکەوتووە هاتۆتە دنیاو وەك دەڵێن لە ساڵی ١٩٢٤ دا لە فارس کۆچی دوایی کردووە. ئەو عومرێك خەریکی خوێندن و توێژینەوە بووە و لەبەشی کانگاناسی دا لە زانستگەی پاریس خوێندنی باڵای تەواو کردووە. هەر دوای تەواوکردنی دەرسەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشدا چۆتە وڵاتانی ئەوروپایی و دوایەش چۆتە مالاکاو چینو ئێرانو تورکیەو میسرو ... .

ژاك دومۆرگان لەساڵی١٨٨٩ بە سەرۆکایەتیی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردناسی و موتالای جوغرافیایی لە رێگەی کوردستانەوە هاتە ئێرانو تا ١٨٩١ خەریکی موتالا بوو کە ئاکامەکەی پێنج کتێبە کە لە نۆ بەرگدا چاپ و بڵاو بۆتەوە. بەرگێکیان لەسەر هەردناسی و دوویان لەسەر جوغرافیان و زۆر پڕبایەخن. لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لەهەر فڕوفیلێك دوورەو هەروەك بۆخۆی دەڵێ: مەبەستی من لە ناساندنی ئاکامی سەفەرەکەم بۆ ئێران ئەوە نییە کە لەمپەر و گرێ و دەریاچەی بێئەژماری ئەو سەفەرەی خۆم



لـێیان دەدوێ، هەروەها هێندێك زنجیرەکێو کە لە چیاکانی وەك ئاگرکو و کاردۆشی و جۆلەمێرگو جوودی و ... دوور کەوتنەوە لەو ناوچەدا گرێ کوێرەیەکیان سازکردووە کە بوونە قەڵایەکی زۆر قایم و هەر شیاوی نەتەوەی ئازاو شەڕکەرو ماندوویی نەناسی کوردە. ئەگەر ئەو رووبارانە دجلە و فورات و ئاراز کە وەك رەگی حەیات وان بە وێنەی مشارێکی تیژ ئەو دیوارە ئەستوور و سەر لە ئاسمان سواوەیان نەبڕیباوە و هێندێك دەرە و دۆڵیان تێدا پێك نەهێنابان وڵاتێکی هێندە قایم دەبوو کە کەس نەیدەتوانی نفوزی تێدا بکاو پێیدا بڕوا.

لە نێوەڕاستی ئەو هەرێمە شاخاوییە تێکەڵ و پێکەڵەدا کە نزمترین شوێنی زیاتر لە دووهەزار میتر لەتەرازی دەریا بەرزترە، بانوویەك بەنێوی ئەرمەنستان هەڵکەوتووە کە دەریاچەی وانی دەباوەش گرتووە، کە ئەو دەریاچەش خۆی١٦٥٠ میتر لە تەرازی دەریا بەرزترە. جێگەی سەرنجە کە ئەو فەلاتە گەرچی لەنێوەڕاستی کوردستان جێگیر بووەو تەنیا لەگوندەکانی دەوروبەریدا هێندێك ئەرمەنی دەژین بە ئەرمەنستان نێودێر کراوە.

هەربۆیەشە کە هێندێك کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە کورد و ئەرمەنی لە رۆژگارانی دووردا بە یەکەوە لەو ئاخەدا ژیاون بەڵام دواتر گۆڕانکاریی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وەك (پاکتاوکردنی نەتەوەکانی دیکە لە لایەن عوسمانییەکانەوە و کوشتاری بە کۆمەڵی ١٩١٥ی زایینی، هەروەها رووداوی لەگوێن لێك بڵاوبوونی ئیمپراتووری عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەوانی لێك دابڕیوە.[٢١]

هەروەك گوتمان لانی کەمی بەرزایی ئەو بانووە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەریاچەی وان (١٦٥٥ میتر) بەڵام بەرزاییەکانی دەوروبەر لە ٤٠٠٠ میتر تێدەپەڕن. هەروەك لوتکەی ئارارات بە بەرزایی ٥١٥٦ میتر کە لە بەرانبەر ئاخی ئێران و تورکیە و بین النهرین (عێراق) وەك قەڵایەك دێتە بەرچاو کە لە سەر کێوێك ساز کرابێ و بەسەر بەرزی و ویقارو غرووری تەواو لە خاکی دەوروبەر دەڕوانێ.

بۆ ئێران باس کەم و لەم پێوەندییەدا بەتەواوی چاوم لەم شتانە پۆشیوەو تەنیا لەو مەسەلە زانستیو دۆزینەوانە دەدوێم کە وەدەستم کەوتوون. (وەرگیراو لە سەرەتای بەڕێز دوکتۆر کازم وەدیعی لەسەر موتالای جوغرافیایی).

21- ئەو سنوورانەی واسیلی نیکیتین بۆ ئەرمەنستانی داناوە زۆر بە زیادەوە دێتە بەرچاو، چونکو لەکتێبی کوردو کوردستاندا خۆی دەنووسێ سنووری باشووری ئەرمەنستان لەفوراترا دەستپێدەکا و دوای تێپەڕین لە سێوێراك Sewerakو ماردین دەچێتە جزیرە ابن عمرو سنووری تورکیەو عێراقیش درێژەی ئەو خەتەن. کەچی پانایی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی لە رۆژئاوادا زۆر زیاتر لەوەی کە هەیە نیشاندەدا. ل ٨٤و ٨٥

مابەینی پیدەشتی ئەرمەنستان و زنجیرە کێوی زاگرۆس شوێنێك بە نێوی هەرکی ئورامار Harkiovramar هەڵکەوتووە کە لە نەکاو درێژەی ئەو کێوانە دەگۆڕێ کە لە رۆژئاواوە رۆیون و ئەو شوێنە سەخت و پڕگرێ و دەریاچە پێکدێنێ و رێگەیان بەلای باشووردا لار دەکاتەوە. لەنێو خڕ و دۆڵەکانیدا زۆر رووباری وەك **"هوومارۆ** = Houmarou"، **"ئۆرامار"**و **"رێبواری شین** = Rebouari-chin"و **"لولا** Lola""[22]و **"شەمزینان"** کە بەناوی چیا ناسراوە، هەروەها رووباری **"لاوێن** = Laven"ی لـێدەکەوێتەوە بەدوای پێوانی رێگەیەکی زۆر لە پێشدا زێ و دوایە **"کەڵوێ"**ی پێ دەگوترێ و بەرەو **دیجلە** دەڕوا.

## زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس:[23]

لەو راستە بە دواوە ئێمە باس لەزنجیرە شاخێك دەکەین کە لە دوایین شوێنی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئەو مستەکۆڵەوە دەستپێدەکا کە پێشتر باسمانکردووە و لە سەرەتادا خۆشی هەر لەسەر ئەو حیسابەو دوایە دەبێتە باسکی مستەکۆڵەکە. ئەو زنجیرە دوایین بەشی زنجیرە چیاکانی سنووری و باکووری رۆژئاوای ئێران و درێژەی کێوەکانی ئاراراتەوە. جیاوازییەکەی لەمە دایە کە کێوەکانی ئێرە لە ئاراراتڕا تا جولەمێرگ و راست لە خاڵی بەرانبەریدا واتە **"کێلەشین** = kela-chin"ەوە دەستپێدەکا و بە رەوتێکی تایبەت لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات رێگەی خۆی درێژە دەداو تا باشووری لوڕستان دەچێ کە لە راستیدا ئاخر نوختەی سروشتی کوردستانی باشوورە.

ئەو شاخانە لەولای لوڕستانەوە بەرەو رۆژهەڵات دەچنە پێش و بە باکووری پارێزگاری فارسدا تێدەپەڕن و لە نێوەڕاستەکانی فارسڕا وردە وردە وەك سێبەری سایەی نەقاشی کەم ڕەنگ دەبنەوە و ئەو وەزعەیان نامێنێ. چیاناسان و پسپۆڕانی هەردناس زنجیرە چیای زاگرۆسیان لەچەند بەشدا هێناوەتە بەرباس[24] ، ئێمەش وەدوای ژاك دومۆرگان دەکەوین و ئاوایان دەناسێنین:

22- رەنگە مەبەستی رووباری لۆلان بێ ـ وەرگێڕ

23- لێرە بەدواوە لـە بـارەی چـیاکانی زاگـرۆس بـە تایبـەتی لـە بـواری هەردناسـی و چـلۆنایەتی هەڵکـەوتنی شاخەکان و ئاوەکانیان لە لێکۆڵینـەوەکانی ژاك دومۆرگـانی فەڕنـسەوی کـەڵك وەردەگـرین، هـەروەك واسـیلی نیکیتین لە زانیارییەکانی ئەو بەهرەی وەرگرتووە.

24- مینورسکی بڕوای وایە کە "زاگرۆس" وشەیەکی یونانییە و خەڵکی ناوچەکە ئاگایان لە ریشەی ئەم نێوە نییە.



## کێوەکانی ناوچەی موکری:

ئەو کێوانە زیاتر لەباشووری دەریاچەی ورمێن یا بە وتەی دومۆرگان لە رۆژئاوای پیدەشتی **"قزل ئوزون"**ن و لەسەر زنجیرە کێوی دەوروبەری ئێران دێنە ئەژمار. بەرزاییەکانی موکری بە شێوەی سروشتی بە دوو بەشی لێك جیاواز بەشدەکرێن. **١ـ داوێنی باکووری رۆژهەڵات** کە دوو رووباری گەورەی **"جەغەتوو"**و **"تەتەهوو"**شی تێدایە. **٢ـ داوێنی باشووری رۆژئاوا** کە رووباری **"کەڵوێ** = Kalwe" دەگرێتەوە، بە واتایەکی باشتر سنووری رۆژهەڵاتی ناوچەی شاخاوی موکری بەهۆی رووباری **"جەغەتوو"** دیاری دەکرێ کە لە کێوەکانی **"تەلخان** Talkhan" لە پارێزگای کوردستان "سنە یا سنندج"و چل چەمە لە هەرە باشووری ناحیەی موکری و سنووری بەینی کوردستان واتە سنەو موکریان ناسراو بە **"خوڕخوڕە"** سەرچاوە دەگرێ.

لە ناوچەی موکری، لە بەینی **"کێلەشین"**[25]و گوزەرەکانی **"ئالان"** چیاکان رەوتێکی سەرنج راکێشیان هەیەو دوایین نیشانەی بەرانبەر یەکی کێوەکانی باکووری رۆژئاوای ئێرانە کە بەینابەین لێرە و لەوێ، ناوچەی گڕکاناوی ئارارات و ئەرمەنستان و ناحیەی قات قاتی "سەرپێڵی زەهاو و لوڕستان دەبینرێ. لێژی ئەو کێوانە بەرەو رۆژئاوا واتە بین النهرین زۆرە، بە شێوەیەك کە **"هەولێر"** هەر ٤٣٠ میتر لە دەریا بەرزترە، کەچی بەرەو رۆژهەڵات **"ئێران"** لە هەزاریش بەرزترەو لە زۆرجێ دەگاتە سێهەزار میتریش:[26]

**١ـ کێوە ڕەش**

**٢ـ کێوە سپی**

**٣ـ کانییە قوولان** (ژاك دومۆرگان ئەو کێوەی بە "پرکانی" نووسیوە)

**٤ـ ئالاوە**

**٥ـ حاجی برایم**

**٦ـ قەندیل**

25- کێلەشین نێوی ئەو ملەیە کە لە رۆژئاوای شاری شنۆ و لە سنووری ئێران و عێراقە. ئەو نێوە لەو کێلە وەرگیراوە کەرەنگی سەوزە و مەعدەنەکەشی لە دەوروبەری دۆزراوەتەوە. لەسەر ئەو کێلە نووسراوەیەك هەڵکەندراوە کە هی زەمانی "نایرییەکان و ئوراتورەکان"ەو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر. بەڵام چونکو بەردەکە وەك کێلی قەبر لە عەرز گیراوە و سەوزیشە بە کێلەشین ناسراوە.

26- جوغرافیای رۆژئاوای ئێران، نووسینی ژاك دومۆرگان، وەرگێڕانی دوکتور کازم وەدیعی، ل ٦

**٧ـ ساوا**

**٨ـ وەزنێ**

**٩ـ باژر**

**١٠ـ کونەماڵ**

لە ڕۆژهەڵاتی ئەو کێوانە هێندێك کێوی دیکە هەن کە هەر تایبەتمەندیی کێوەکانی ڕۆژئاوایان هەیە، بەڵام کێوەکانی لای ڕۆژئاوا داوێنیان ناهەموارو لێژو تێکەڵ پێکەڵە، کەچی کێوەکانی لای ڕۆژهەڵات لە خوارەوە نەوی و هەموارو بڵاو دەبن کە گرینگترینیان ئەوانەن:

**١ـ یەعقوب ئاوا**

**٢ـ برایمە ڕەشان**

**٣ـ شوان بڕان**

**٤ـ پانەسەر**

**٥ـ کێوە ڕەنگ**

**٦ـ کەلی خان**

**٧ـ بەردەسوور (دومۆرگان و هیتریش وەك نیکیتین ئەو کێوەیان بە ناوی "بەردەسیر" نووسیوە.**

ئەو کێوانە لە ڕوانگەی هەردناسییەوە زۆر ئاڵۆزن و ئاشکەوتی سەیریان تێدایە[27] وەك ئەشکەوتی "**کەرەفتوو** Karaftou"و "**کونە کۆترو کونەماڵان**"و ئەشکەوتی **هۆرتە کەند**و ....

## کێوەکانی کوردستان (سنە = سنندج)[28]

ئەو کۆشاخە لە باشووری کێوەکانی موکری هەڵکەوتوون و دەستپێکی "**ستراتیگرافیك** Stra Tigrafique" یا چلۆنایەتی کەوتنە سەریەکی توێژەکانی زەوی لە ڕۆژئاوای ئێرانن بەشێوەیەك کە تەواوی کێوەکان لە باکووری ڕۆژئاوا ڕا بەرەو ڕۆژهەڵات درێژبوونەوە. چیای "چل چەمە" دوایین حەدی باکووری هەڵکەوتی نالەباری پێشووە.

27- بۆ زانیاری زیاتر لەو ئەشکەوتانە بڕوانە کتێبی (ناحیه شناسی کوردستان موکری) کە لە لایەن نووسەری ئەو کتێبە بە نێوی "بررسی مسائل اقتصادی و طبیعي و انسانی کردستان مکری" نووسراوە.

28- شاری سنە کورتەی "سنەدژ"ە بە هەڵە دەڵێن سنندج.



لەم بەشەدا کێوەکانی "**گرمینیان**"، "**دانی قاشان**"و **ئەشکان** و **کێلەسەر** = Kelasar"و ... زۆر ڕێك و بەرانبەری یەکن و پێکەوە بەرەو پێش چوون. کێوەکانی ئەوبەری سنووریش "**کێوی عەلی**"، "**قەرەداغ**"، "**سگرمە**"و **ئەزمیر**" کە لە خاکی عێراقدا و لە نێوان کەرکووك و سلێمانین هەر بەوشێوەن. تەنیا لە شوێنێك بەهۆی ڕووباری "**سیروان یا دیالە**" لێك جیا دەبنەوە. خوارتر لەوانەش زنجیرە شاخەکانی "**هەورامانات**" هەن کەخاڵی سەرەکی سنووری ئێران و عێراقە. لە نێوان هێندێك لەو کێو و ڕووبارانە کە لە باشووری ڕۆژئاوا بەرەو باکوور کشاون، کەمێك خوارتر لە ناوچەیەك بە نێوی "**کۆچیان**"و "**قەراتوور**" کێوەکان نزم دەبنەوەو لە بەرزایی ٢٤٠٠ میتری دەبنە پێدەشتی زۆر پان و بەرین.

## کێوەکانی زاگرۆس لە مەڵبەندی کرماشان:

شاخەکانی کرماشان دوای کێوەکانی سنە دەستپێدەکەن و هەمووشیان بەرزو ڕێکن. لە چیا بەرزەکانی ئەو ناوە دەتوانین "**لاکانی** Lakani"، "**کانی کەناری**"، "**کێوی پەڕاو** = Kewi-Parow"[29]، "**کێوی هولانە یا هێلانە** = Kewi-Hellane"، "**کێلە کێو** = Kela-kew"، "**کێوی پەڕۆ سوور** = Paro- sour" کە لە هێندێك کتێبدا "**پۆرقرمز** = Por Ghermez" نووسراوە نێو بەرین.[30]

بە دوای ئەو کێوانەدا "**دۆڵ ئاهوو** = Dol ahou"کە زیاتر بە "**داڵاهۆ**" ناسراوە، هەروەها "**بەهلوول** = Bahloull" درێژەیان هەیە، ئەوە سەیرە کە نێوی "زاگرۆس"یان لەسەر ئەم دوو کێوە (**داڵاهۆو بەهلوول**" داناوەو هەموو زنجیرە کێوەکانی ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق نێوی خۆیان لەم دوو زنجیرە شاخە وەرگرتوە.

لە ناوچەی سنووریی نێوان ئێران و عێراق، هێندێك چیای نزمتر وەك "**کیالوو** Kialou"و "**نێواکۆلی** = Neva koli"و "**سونبولە**"و "**شاکێو**"یش هەن بەڵام داڵاهۆ بەرزترین چیای مەڵبەندی کرماشانەو لوتکەکەی هەموو کات بەفری پێوەیە.

29- لەبەر ئەوەی لەم کێوەدا جگە لە گڵکۆی ناسراوی بێستوون چەند گڵکۆی جیرێزی دیکەشی تێدا هەڵکەوتووەو لە کوردستان ڕەسمە بۆ گەیشتن بە مراد دەچنە سەر گڵکۆی پیاوچاکان و پارچەی لـێگرێ دەدەن و بە ڕواڵەت ئەگەر مراد حاسڵ بوو گرێکە دەکرێتەوە، وێدەچێ هەربۆیە ئەونێوەیان لـێ نابێ.

30- وە ك واسیلی نیکیتین لە کورد و کوردستان ل ٩٦ دا هێناویەتی.

زەختی لەبارو ڕێك بۆ سەر توێژەکانی ناوەوەی ئەم مەڵبەندە بۆتە هۆی ئەوە کە کێوەکانی کرماشان سەرەڕای ڕێكوپێکییان لە یەکتریش دوور کەونەوە و لە ئاکامدا دۆڵی زۆر بەرین و پڕپیت پێکبێنن کە بە ئاوی ڕووبارەکانی**"گاماسب"**و **"قەرەسوو"** پاراو دەبن. دەشتی کرماشان یەکێك لەو دەشتانەیە کە لە بەرزایی ١٤٧٠ میتریدا جێگەی گرتووە و پڕپیت و بەرەکەتە. درێژایی ئەم دەشتە پەنجاو پانایەکەی بیست کیلۆمیترە، هەروەها دەشتی ماهیدەشت" کە کەوتۆتە بەرانبەری کرماشان زیاتر لە سەت کیلۆمیتر درێژە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەهۆی کێوەکانەوە تەنگی پێهەڵچنراوە زیاتر لە ١٢ کیلۆمیتر پانایی نییە.

### بەرزاییەکانی لوڕستان:

لوڕستان لە ڕوانگەی سروشتەوە دوو بەشە: یەکیان لوڕستانی باکوورە کە لە باشووری دۆڵی سەرووی کاروون کۆتایی دێ، ئەوی دیکەیان لوڕستانی باشوورە کە کێوەکانی قەراغ لیوارەکانی کەنداوی فارس دەگرێتەوە. بەشی یەکەم لە باکووری ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوا تا خڕی ڕووباری **"کەرخە"** دەچێ و لە باکووری ڕۆژهەڵاتیش دەگاتە ئەو کێوانەی کە دەوری مەلایرو بروجەردیان گرتووە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتیش بە دۆڵی سەرووی ڕووباری **"کاروون"** دەگاو لە باشووریش لە دەشتی خووزستان لە مەڵبەندی شووش کۆتایی دێ. ڕووباری کەرخە کە **"سیمرە"**شی پێدەڵێن ڕووباری سنووری **"پشتکوە"**ە و زنجیرە کێوەکانی لوڕستان بە شێوەی بەرانبەری یەکتر هەڵکەوتوون و دەرە و دۆڵی زۆر قووڵیان لەنێوان دایە.

گرینگترین زنجیرە کێوی لوڕستانی باکوور کێوێکە بە نێوی **"ئیشترانکوە"** کە لە بێستوون تا ڕووباری کاروون واتە لە باکووری ڕۆژئاوا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەڕواو لوتکە زەقەکانی بریتین لە **"چل نابالغان"** بە بەرزی ٤٥٠٠ میتر، **"پوونە کێو"**، **"کێوە گرِوێ"** کە ملەکانیان سێهەزار میترە، **"پاشابز"**و **"کێوە درِیو** Kewa driw"و زنجیرە کێوی **"قلیان"**. کێوی قلیان لە دالاهۆی سنووری بەینی سنە و کرماشان دەستپێدەکا و درێژ دەبێتەوە. لوتکەکانی زۆر بەرزن کە ناوی چەند لوتکەیان بریتین لە **"سیکێو** Si kew"، **"کێوەسپی"**، **"یافتە"**، **"سەگوەند"**و **"چاڵ میران** Chalmiran". دیارە لە نێوان ئەو دوو زنجیرە کێوەی باسمانکرد هێندێك کێوپارەی دیکەش جێگیرن.

گەلۆ هەروەك ئاماژەمان پێکرد لەم دوو زنجیرە کێوەی "دالاهۆ = دۆڵێئاهو"و "بەهلوول بەدەر هیچ کێوێکی دیکە نێوی زاگرۆسی لەسەر نییە، بەڵام تەواوی چیاکانی چوار هەرێمی



کوردستان (ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق) نێوی خۆیان لەو وەرگرتووە و بە زنجیرە کێوی زاگرۆس ناسراون. هەتا ئێستا دەرنەکەوتووە ئەو نێو دانانە لە کوێوە هاتووە بەڵام ئەوەی مسۆگەرە زاگرۆس هەر لەسەرەتای مێژووەوەو پێش ئەو کاتیش نیشتمانی کوردان بووە.

## ئاو و ڕووبارەکانی کوردستان

### ڕووباری فورات:

گەورەترین ڕووباری ئاسیای ڕۆژئاوا واتە ڕووباری "فورات" سەرچاوەکانی لە زنجیرە کێوی "توورووس"ە کە لە سەرەتادا دوو بەشە، یەکیان **"مراد چەم"** کە لە دەوروبەری کێوەکانی ئارارات و دۆڵی **"ئەلەشکۆرت** = Alalshkort" گیانی وەبەر دێ و ئەوی دیکەیان ڕووباری ئاوەڕەش یا **"قەرەسوو"**یە کە بە دەوروبەری ئەرزەرۆم دا دەڕواو لەنێزیك **"خەرپووت** = Kharput" هەر دوو چۆم دەگەنە یەك و ڕووباری گەورەی **فورات** پێکدێنن کە درێژاییەکەی **٢١٦٥** کیلۆمیترە.[31]

تاسیتۆس Tasitus و پلینی Pliny لە نووسەرانی دنیای کۆن ڕووباری فوراتیان بە **"ئارسینیاس فلومێن** Arsanias Fluman" ناو بردووە. "ابن سەرابیون"یش لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بە **"ئارناس"** ناوی هێناوەو "یاقووت حەمەوی"یش لە سەدەی حەوتی کۆچی هەروای نێو بردووە، بەڵام عوسمانییەکان "مرادسوو"ی پێدەڵێن. ئەو ڕووبارە لە "ترۆن" کە ڕۆمییەکان "تارۆنیتیس = Taronitis"یان پێگوتوە سەرچاوەی سەرەکی لە ئەرزەرۆمەوەیە.[32]

مۆرگان و هێندێك کەسی تر درێژایی ڕووباری فوراتیان **٢٦٧٠** کیلۆمیتر نووسیوە. ئەو ڕووبارە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو سێ وڵاتی (تورکیە، عێراق و سووریە) پاراو دەکا، کاتێك کۆ دەبێتەوە خۆ لە قەدی کێوەکانی توورووس دەداو لەوێڕا بەرەو ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەکشێ و بۆ لای کەنداوی فارس دەچێ و لە نیزیك کەنداو دەگەڵ دوو ڕووباری **دیجلە**و کاروون تێکەڵ دەبێ و شەتی گەورەی ناسراو بە **"شط العرب"** یا ئەروەندروود بە واتەی "ڕووباری

31- فەرهەنگی مێژوو و جوغرافیای عەمید ل ٦٣٤

32- ئەوە نابێ وابێ، چونکو لە سەرەوەتر سەرچاوەکەی کێوی توورووس گوتراوە و هەر لەوێدا دەڵێ ڕووباری قەرەسوو بە نیزیك ئەرەزرۆم دا تێدەپەڕێ. کەوابوو سەرچاوەکەی زۆر لە سەرەوەتری ئەرزەرۆمە. و

ئەروەند" پێکدێنن. "لسترنج" دەنووسێ: عەرەبەکان شەتی فوراتیان کە "**ئۆفێراتس** Euphrates" بووە بە "**الفرات**" نێودێر کردووە.[33]

**رووباری دیجلە:**

سەرچاوەی ئەو چۆمە راست لەو شوێنەیە کە کێوەکانی تورووس تێکدەهاڵێن و گرێ کوێرەیەك پێکدێنن، هەر لە سەرەتاوە ئاوی چاوگەکان لەبەر تەنگەبەر بوونەوەی ئەو خڕانەی ئاوەکەیان پێدا دەڕوا لە هەموو لایەکەوە وەك ئاوهەڵدێر زۆر بە تیژی تێدەپەڕن و بە وتەی هێندێك لە نووسەران ئەو نێوە کۆنەی قەدیم لـێیان نابوو بیردەخاتەوە.[34] کێوەکانی جۆلەمێرگ و جوودی و ئاگری لە هەموو لایەکەوە ئاوەکانیان بۆ **دیجلە** بەڕێ دەکەن کە گەورەترینیان دوو زێیەکان واتە زێی گەورەو چووکن کە وەك پێشتر باسکرا لە نیزیك مووسڵ بە یەك دەگەن و تێکەڵدەبنەوە. دیارە ئەو دوو زێیە بەشێکی بەرچاو لە ئاوەکەیان لە دیوی ئێران وەردەگرن و تێکەڵ بە **دیجلەی** دەکەن. جگە لەوانە زۆر رووباری دیکەش بە ئاوی زۆرەوە دەچنە ناو **دیجلە**. لەوانە دەتوانین رووباری "**هۆمارو** Houmaro"و "**رێبواری شین**"و "**لولا**"و "**لاوێن** Laven"نێو بەرین کە لاوێن دوای تێپەر بوون لەم شوێنە کەناوی دەبێتە **کەڵوێ**[35] و دوای ئەوەی لە کێوەکانی زاگرۆس لە سنووری ئێران و عێراق تێپەڕی بەنێوی زێی بچووك ناسراوە. سەرچاوەی لاوێن چیایەکی بەرزە بە نێوی "**مەیدان**" لە رۆژئاوای مهاباد کە ٢١٤٠ میتر بڵیندە. نێوی ئەو رووبارە لە سەرەتای نیزیك سەرچاوەکەی "**کەل بن** = Kel Bn"[36]و دوایە بە

33- جوغرافیای مێژوویی وڵاتانی ژێر فەرمانی خەلافەتی رۆژهەڵات لە نووسنی لسترنج و وەرگێڕانی عیرفان

34- مەبەست وشەی فارسی "تیگرا = Tigra"یە کە بە مانای تیرە و لەسەردەمی کۆنیش دا بابلییەکان "دیگلەت = Diglat"یان پێ گوتووە کە **دیجلە** عەرەبی کراوەکەیەتی‌و ئەو وشەیە بە مانای "قەراخی بەرز"ە. وادێتە بەرچاو کەیۆنانییەکان دوو وشەی دیگلەت و تیگرایان لـێ گۆڕابێ. (واسیلی نیکیتین، کوردو کوردستان ل ٨٢)

35- جوغرافیای رۆژئاوای ئێران، نووسینی ژاك دومۆرگان، لاپەڕی ٥، رووباری "کەڵوێ" لە بەرزاییەکی هەزار میترێڕا بە خڕێکی زۆر لێژدا بەرەو سەردەشت دەڕواو لە لای چەپ زۆر رووباری وەك "پەسوێ"و ماین Maynو ... هەروەها لە لای راست ڕا رووباری بانەی دێتە نێوو دوای تێپەڕین بە ناوچەی ئالان‌و کێوە سەربەرزەکانی باشووری هەولێر دەرژێتە **دیجلە**وە.

36- کەل بن Kel Bn دروست نییە. دەبێ لك بن بێ چونکو لەخوارەوەی مەیدان گوندێك بە نێوی لك بن مەوجوودە. جگە لە ئاوی مەیدان، ئاوی سەرشاخان و قەڵاتی شای، ئاوی گەدەو سپیسەنگ و مەیدان ئەستەریش هەموو دەچنەوە دە لاوێن و دەزێیە. و



نێوی "**والمانە** = **ئالمانە**" دەناسرێ. دوایە بە کەڵوێ و دواتریش بە زێ ناسراوە.[37] لسترنج هەروەها دەڵێ نێوی یەکەمی **دیجلە** "**تایگر** = **تیگریس** Tigers" بووە کە عەرەبەکان کردوویانەتە **دیجلە**و لە تەوراتیشدا هەر **دیجلە** نووسراوە.

دوو رووباری **دیجلە** و فورات لە بەغداوە مەودای **٢٥٠** کیلۆمیتر دەبڕن و لە شوێنێك بە نێوی "قرنە" دەگەنە یەك‌و لە تێ‌ڕێژێك دا کە ١٠٠ کیلۆمیتر دەبێ‌و بە **شط الحي** و رووباری مار ناسراوە تێکەڵ بە کەنداوی فارس دەبێ. تا ئەو شوێنە زۆر ئاوی دیکەشیان پێ‌دەگا کەبەنێو ناوچە پڕ ڕەڵم و زەلکاوەکاندا کە بە هوور ناسراون بڵاو دەبنەوە. بە وتەی لسترنج شوێنی پێداچوونی ئەم رووبارە لە سەردەمی ساسانییەکانەوە تا ئێرە فەرقێکی ئەوتۆی نەکردوەو ئاوەڕۆکەی کە "**بطائح**"ی پێدەڵێن لە زەمانی قوبادی ساسانی باوکی نەوشیرواندا ساز کراوە.[38 39 40]

**رووباری جەغەتوو = زێڕینە چۆم:**

ئەو رووبارە لە کێوەکانی "**تەلخان** Talkhan" لە پارێزگای کوردستان (سنە)و چیاکانی "**چل چەمە**" لە کۆتایی باشووری مەڵبەندی موکری سەرچاوە دەگرێ کە لە سەرەتادا بە "**خوڕخوڕە**" نێودێر کراوە. دوای ئەوەی ئاوەکانی "**کورە چۆم** Qora-chom"و "**سارووق**"و هەروەها "**رووباری سەقز**" کە لە چیاکانی "**بەردەسوورە**" سەرچاوە دەگرێ‌و دوای کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆر دڕژێتە ناو دەریاچەی ورمێ.

37- پێویستە خوێنەری بەڕێز بزانێ کە ئەو چۆمە لە ناوچەکانی لاجان و پیران کە ئەم بەرو ئەوبەری چۆمن بە لاوێن ناسراوە. کە گەیشتە سەرەتای ناوچەی مەنگوڕایەتی‌و لەوێ رووباری بادیناوێشی تێکەڵ دەبێتەوە تا دەگاتە نیزیك رەبەت کە رۆژئاوای سوێسنایەتی‌و رۆژهەڵاتی گەورە و کەسەر بە سەردەشتن هەر بە زی دەناسرێ و لەوێڕا تا لە سنوور تێدەپەڕێ واتە لە سەرەتای ناوچەکانی سەر بە سەردەشت دەبێتە کەڵوێ و دواتر لە خاکی کوردستانی عێراقدا دەبێتەوە زێ. لە نێوان قەڵادزێ‌و دوکاندا سەدێکی گەورەی لەبەر هەڵبەستراوە و سەررێژەکەی دەچێتەوە **دیجلە**.

38- جوغرافیای مێژوویی هەرێمی خەلافەتی رۆژهەڵات، نووسینی لسترنج، وەرگێڕانی عرفان، ل ٢٨.

39- بلاذري، مێژووی بلاذري ل ٢٦٢.

40- معجم البلدان، یاقووت حەمەوی، بەرگی ١، ل ٦٦٩.

## رووباری تەتەهوو یا "تاتائاو = Tata Aw" زێوینە چۆم:[41]

ئەو رووبارەی کە رەنگە نێوی دووهەمی راست تر بێ، دوای جەغەتوو لە هەموو ئەو رووبارانەی دەرژێنە دەریاچەی ورمێ پڕئاوترە. سەرچاوەی ئەم رووبارە دۆڵێکی قووڵە کە لەنێوان **"بەردەسوور"**و **"کێوی کرتەك** Kewi Kertak" هەڵکەوتووە. دوای ئەوەی ئاوی **"چۆم خالۆ"**ی لە لای راست و هێندێك ئاوی سەرچاوە ساردەکانی تێرژا دەچێتە ناو دەریاچەی ورمێ. ئاوی دوو رووباری جەغەتوو و تەتەهوو لەبەر ئەوەی بە شۆرەکاتدا تێناپەڕن شیرینە.

## رووباری قزل ئۆزان = سپیە چۆم:

ئەم رووبارە کە درێژترین رووباری ئێرانە لە ناوچە شاخاوییەکانی سنە سەرچاوە دەگرێ و لە تێکەڵبوونی چوار رووباری **"ساراڵ** Saral"، **"هۆبەتوو** Hobatou" لە لایەك و **"خورخورە"**و **"قەرەتۆرە"** لە لایەکیترەوە پێکدێ کە دوای پێوانی مەودایەك **"لەیلاچۆم"**یشی لێ زیاد دەبێ کە سەرچاوەکەی لە کێوەکانی **"پەنجەعەلی"** لە رۆژهەڵاتی سنەیە. قزل ئۆزەن پاش ئەوەی ناوچە گەلێکی بەرفرەوان لە کوردستان و موکریان و گەرووس ئاوەدێری دەکا بەرەو باکوورو باکووری رۆژهەڵات دەچێ و دوای چوونە خوار بە نێوان کێوەکانی "ئەلبورز" لە **"مەنجیل"** ڕا دەچێ بۆ گەیلان و لەوێ دەرژێتە ناو دەریای خەزەر = کاسپین یا مازەندەرانەوە.[42]

## رووباری دیالە یا سیروان:

رووباری سیروان کە لە هێندێك شوێن **"گاوەر یا گاوەرۆ"**[43] شی پێدەڵێن لە چیای **"شریش خان = شریشکان"**[44] کە لە نیزیك ملەی ئەسەد ئاوا هەڵکەوتوو لە رۆژئاوای کێوی ئەلوەند سەرچاوە دەگرێ دوای بڕینی رێگایەکی پڕپێچ و تەنگ لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا بە نێوان چیاکانی بەرانبەر بە یەکی سنەو کرماشان وەك **"شالو"**و **"کێلەسەر"** دەخوشێ و دەگاتە سنووری عێراق، دوایە بەرەو باشووری عێراق دادەگەڕێ و تێکەڵ بە رووباری **دیجلە** دەبێ.[45] (مۆرگان دەنووسێ تێکەڵی فورات دەبێ).

لەو رێگە درێژەدا کە زۆر رووباریتر وەك **"سنە چۆم یا میابۆروان** MiaBowrwan"، **"هەورامان"**، رەزئاو"، **"شاهریز"** کە لە تورکیەڕا دێ و لە ئاخری داو **"ئاریەل چەم"** کەئەویش بە نۆبەی خۆی هێندێك لقی وەك **"لەهلە، زمقان"**و **"زرشك"**ی هەیە، هەروەها چەندی تری لە گوێن **هۆرین، حەلوان، ئاوی ئەلوەند** کە لە گەرارو داروجان سەرچاوە دەگرن ئەرژێنە ئەم رووباری سیروان یا دیالەوە.

## رووباری گاماسب:

سەرچاوەی ئەم رووبارە کێوەکانی "دۆڵ ئاهو = دالاهۆ"یە کە بەدوای چوونە خوار بە ئەسەدئابادو نەهاوەندا، لە بەرزاییەکانی "کەنگاوەر" دەبێتە رووبارێکی گەورەو پاش تێپەڕین لە ملە وشتریەکانی قووڵی کێوەکانی **"دیهلاکانی"**و داوێنی تاشە بەردەکانی بێستوون رووباری **"دیناوەر"**یشی تێدەڕژێو دەگاتە جێگایەك کە ئاوی **"قەرەسوو"**ش دەکێشێتە نێوخۆی و دەبێتە رووبارێکی پڕئاو و بەرین. ئەو چۆمە کاتێك دەگاتە **"گلەتەنگ"** ئەوەندەی دیمەنی جوان لێ دەخولقێ کە هەردەم دەگەڵ تابلۆی جوان و جوانتری سروشت بەرەوڕووین. تا دەگاتە **"شیروان شار"** زۆر رووباری دیکەی وەك **تۆئارۆ = Toaro، مەلا رووتە، هەلیلان، بالاوارۆ، ئاوکەرند، زەهاو** و **"هەڵوان"**ی تێکەڵدەبێ. ئەو رووبارە کە لە "تەنگی چارمن" رەت بوو پێی ئەوترێ **"سیمرە"**. کاتێك گەیشتە شوێنێك بە ناوی **"پای پل یا پای پرد"** نێوی **"کەرخە"**ی وەخۆ دەگرێ و بە دەشتە بەرزەی شووشدا کە هەر ئەو چۆمەی خۆی دروستی کردووە دەڕوا تا دەگاتە رووباری کاروون.

41- لە جوغرافیای ئێراندا هەروەك بۆ جەغەتوو زێرینە روود گوتراوە بۆ تەتەهوش سیمینە روود هاتووە کە بە واتای زێڕین و زێوینن. و

42- ئەو دەریایە کە لەڕاستیدا گەورەترین دەریاچەی دنیایە و هەر بۆیە نێوی دەریایان لەسەر داناوە بە بەحری خەزەر، قەزوین و مازوندەران نێوبراوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەبەر ئەوە کانگای نەوتی تێدا دۆزرایەوەو زۆریش لەوە زیاترە کە پێشتر لە بادکووبەی پایتەختی ئازەربایجان هەڵدێنجرا گرینگییەکی زیاتری پەیدا کردووە و کێشەی زۆری لەسەرە.

43- گا لە زمانی کوردیدا بە مانای "گاو"ی فارسییەو، "وەر war"بە مانای کورتەی لەوەڕان هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەم چۆمە لە پەروەردە کردنی ئاژەڵ أو گاو گۆل لە ناوچەدا گرینگی تایبەتیی هەبووە پێیان گوتووە "گاوەر Gawar". بە بڕوای من تەعبیرەکە لاوازە. گا لەکوردیدا بە مانای "گەورە"ش هاتوەن لەبەر ئەوەی ئاوەکە زۆر بووە پێیان گوتووە "گارود" بە واتای رووباری گەورە، دوایە فارسەکان (و)یان لێ زیاد کردووە و بۆتە "گاورود".

44- بە باوەڕی نووسەر ئەو وشە دەبێ "شۆڕش خان" بێ کە لە فارسیشدا هەر ئەو مانایەی هەیە و لە کوردیدا ئەونێوە هی کوردانە.

45- لە بەینی دەربەندیخان و هەڵەبجە، لە بەشێك لە دەشتی شارەزووردا سەدێکی گەورەیان لێ هەڵبەستبوو کە جگە لە فایدەی بۆ کشت و کاڵ بەشێکی زۆر لە کارەبای عێراقیش دابیندەکا.

**رووبار دز یا دزفوول:**

ئەم رووبارە لە دوو لق پێکهاتووە یەکیان دەگەڵ بروجەردو عەلیئاواو ئەوی دیکەیان لە ناحیەی "چاپلاق" لە دەوروبەری گۆڵپایەگان دەگەنە لوڕستان و لە ناوچەی بەختیاری ئەو دوو لقە یەك دەگرنەوەو لەم شوێنە ناوی دەبێتە "چۆل قادی = چۆم قادر". هێندێك ئاوی تری وەك "**دەریاچەی قەهر**"و "**ئاوزازا**"شی دەچێتە پاڵ. لێرەدا هێندێك تاڤگەی زۆر جوانی لێ پێکدێ کە شوێنەکە بە "تۆپ قازاق یا کونە جند" ناسراوە، پاشان بە ئوشترانکۆدا دەڕواو دەگاتە دەشتی خووزستان.[٤٦]

## دەریاکان و دەریاچەکان (دەریاچەکانی) کوردستان

بەو خەریتەو ئامال نەخشەیەی کە لە کوردستانی ئەوڕۆ کێشراوە، کوردستان بە باریکایەکی کەم مەودا دا لە رێگەی ئەرمەنستان و باکووری رۆژهەڵاتی تورکیە بە بەحری رەش و لەلای باکووری رۆژئاواوە لە رێگەی کەنداوی ئەسکەندەروون دەگەڵ دەریای مەدیتەرانە، بەم شێوەیە بە دەریای ئازادەوە پەیوەستە. ئێمە بەهۆی ئەوەی زانیارییەکەمان زۆر تەواو نییە و جارێ ئەو مەسەلە لایەنی راستەقینە حقووقی بۆ کوردستان تێدا بەدی ناکرێ باسی لێوە ناکەین بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی قەومی بەسەر دەریاچەی (وان)دا بە تەواوی، بەسەر دەریاچەی (ورمێ)دا بە هاوبەشی دەگەڵ ئازەربایجان هەیەتی لێدوانی بایەخی خۆی هەیەو بەسوودە.

**دەریاچەی ورمێ:**

ئەو دەریاچە کە درێژاییەکەی ١٤٠ کیلۆمیترەو لە باکوور ڕا بەرەو باشوور رۆیوەو نێونجی پانایەکەشی ٣٩ کیلۆمیترەو پانایی گشتی دەگاتە ٥٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە، لە نیزیك باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژئاوای ئازەربایجان جێگیرە. لە شاری میاندوئاوەوە قەراخی باشووری کوردستان (باکووری شاری مهاباد) تا ٤٨ کیلۆمیتری باکوور بەرەو ورمێ واتە تا بەندەری "حەیدەر ئاوا" کوردنشینە. لە کیلۆمیتری ٤٨ بە دواوە لە نەوارێکی باریکی قەراخەکانی رۆژئاوا لە سەر ئازەربایجانی رۆژئاوایە باکوورو رۆژهەڵاتی دەریاچەکەش لە حەریمی ئازەربایجانی رۆژهەڵات دایە.

46- جوغرافیای رۆژئاوای ئێران ل ١٧٧



ئەو دەریاچە لە سەرەتا ڕا نێوی جۆراوجۆری هەبووە. جگە لەو ناوانەی وەك (دەریاچەی ورمێ کە بەنێوی شاری ورمێ) کراوەو دەریاچەی شاهی کە بەنێوی دوورگە هەرە گەورەکەی ناودەریاچەکە کراوە، هەر نەتەوەیەکیش بۆخۆی نێوێکی لێناوە. ئاشوورییەکان و ناریەکان پێیان گوتووە "**چیچێست** = Chichest" کە لە کتێبی ئەوێستاشدا وای نێو هاتووەو، بە مانای درەوشاوەو داگیرساو هاتووە. هێندێك کەسی وەك "**ئیسترابون**" جوغرافیزانی گەورەی سەدەی یەکەمی زایینی[47] پێیان گوتووە "**سپوت یا ئیسپوتا** Spouta. ئوستادپور داود لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم وشەیە دەبێ "**کپوت یا کپوتا**" بێ، چونکو پیتی سین لە ئەلف و بێی یۆنانیدا وەك کاف وایە، وێدەچێ لە بەینی ئەو دوو پیتەدا بەهەڵە چووبن.[٤٨] جێگەی سەرنجە کە لە کتێبە قەدیمییەکانیشدا ئەو دەریاچەیان بە نێوی "کەبووتان و کەبوودان" نووسیوە.[(٤٩)(٥٠)(٥١)]

ئەرمەنییەکانیش بەم دەریاچە دەڵێن "**کپۆئیت زو** = Kapuitzou". مستەوفی نووسیویەتی دەریای "**طروج**" کەبەنێوی شەهری "گسوج"ەوە دەبوو بنووسێ دەریاچەی "گسوج".[٥٢]

ئاغای رەحیم رەئیس نیا لە قەولی "**مسعودی**"یەوە دەڵێ کە ناوبراو "**دەریای سوێر**"یشی پێ گوتووە.[٥٣] جگە لەو ناوانە "**بحیرة الشراة**"[٥٤] و "**بحیرة تلا**"[٥٥]شی پێگوتراوە. گەرچی هەر کام بۆ دانانی ئەو نێوانە دەلیلی خۆیان هەیە، بەڵام نێوی "**چیچێست**" ئیعتباری زیاتری لەسەرەو لە ئاسەواری پەهلەویش وەك "**بوندی هیشۆن**"یش دا هەر بەم نێوە هاتووە.[٥٦]

لە نێوەڕاستی ئەو دەریاچەدا زیاتر لە حەفتاو پێنج دورگە هەیە کە زۆربەیان بچووکن. گەورەتر لە هەموویان "**شاهی = ئیسلامی**"یە. لەو دورگەیە هەشت گوند هەیە کە دانیشتوانی

47- مێژووی کۆنی ئێران، استرابون ل ٢٣٧

48- یسنا، بەرگی دووهەم ل ١٤٤ نووسراوی مامۆستا پورداود

49- حدود العالم ل ١٤

50- سەفەرنامەی ابن حوقەل ل ٥٨

51- مروج الذهب بەرگی یەکەم ل ٤٣ نووسراوی مسعودی

52- نزهة القلوب لاپەڕەکانی ٢٢٣ن ٢٢٤

53- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا ل ٢١

54- مسالك الممالك دخویە نووسینی اصطخري ل ١٨١

55- تقویم البلدان نووسینی ابوالفدا

56- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا بەرگی ١، ل ٢١

کەمیان لێ دەژی. ئەو دورگانە بە تایبەتی "شاهی = ئیسلامی" لە سەردەمەکانی پێشوودا، بە تایبەتی لە سەرەتای دەسەلاتی عەرەبەکان بە سەر ئێراندا ناوەندی رێگرو جەردان بووە کە لەم شوێنە بۆ خۆ حەشاردان کەڵکیان وەرگرتووە و دوای رێگری و تالان بە پاپۆر گەڕاونەوە ئەم دورگەیە.[٥٧]

ئاوی ئەم دەریاچە زۆر سوێرە بە شێوەیەك کە هیچ گیان لەبەرێکی تێدا ناژی و خەڵك لە قەراخەکانی چاڵی گەورە هەڵدەکەنن، زستانان و بەهاران کە باران زۆر دەبارێ‌و ئاو سەردەکەوێ و دەچێتە ناو ئەو چاڵانەوە، دوایە کە بەهۆی گەرما ئاوەکە ویشك دەبێ خوێیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و لە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا دەیفرۆشن. هۆی سوێری ئاوەکەش ئەوەیە کە هێندێك لەو رووبارانەی دەڕژێنە ناو ئەو دەریاچە بەشۆرەکاتدا تێدەپەڕن. بەتایبەتی رووباری "ئاجیچای = رووباری تاڵ" لە هەمووان زیاتر ئاوەکە سوێر دەکا.

ئەم دەریاچە لە کۆنەوە بە تایبەتی لە هێنان و بردنی شتوومەك موسافیر لەهەرێمەکەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. لە بەندەرە گرینگەکانی وێندەرێ دەتوانین ناوی "**شەرەفخانە**" لە قەراخی رۆژهەلات کە لە گوندێك هەر بەم ناوە و لەسەر شاری "شەبوستەر"ە، بەندەری "**گولمانخانە**" لە قەراخی رۆژئاوای دەریاچەکە و لە نیزیك ورمێ ببەین. جگە لەم دوو بەندەرە لەنگەرگاکانی "رەحمانلو"و "حەیدەرئاوا"ش ئاوەدانن و کار دەکەن.

**دەریاچەی وان:**

ئەم دەریاچە لەم شوێنە هاتۆتە دی کە دووقۆلی چیاکانی تورووس لە ئاخری رۆژهەلاتی خۆیانەوە کراونەوە و دەریاچەی وانیان لە ئامێز گرتووە. لە راستیدا پەناگایەکە بۆ ئەو ئاوانەی کە رێگەی دەرچوونیان لەنێو کێوە لەبەریەك بەزیوەکانی ئەرمەنستانیان نییە. ئەم دەریاچەیش نێوی جۆراوجۆری وەك "**دەریای ئەرجیش**"، "**دەریای تبلیس**"، "**داغ گولی**"و ... لێنراوە. ئاخریەکەی بە نێوی شاری جوانی "وان" نێودێر کراوە کەئەمرۆ بەم ناوە دەناسرێ.

لە جیاوازییەکانی دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وان و بۆتە هۆی ئەوە کە دوو جۆر ماسی چکۆلەی بە نێوەکانی "**طریح**"و "**هرینگ**"ی تێدا پەروەردە دەکرێ کە سوێری دەکەن و بۆ شارەکانی دیکەو هەندەرانی بەرێ دەکەن و داهاتێکی بەرچاوی بۆ خەڵکی قەراخ دەریاچە بەتایبەتی دانیشتوانی شاری "ئەرجیش" تێدایە.

57- معجم البلدان، یاقوت حموی بەرگی یەك ل ٥١٣



لە مەڕ ئەم دەریاچەیە زۆر ئەفسانە وتراوە، یەك لەوان ئەوەیە کە لە مێژووی "مقدسی" دا نووسراوە: کاتێك کە نمروود داوای خودایەتی دەکرد، هەموو دنیا گەڕا، هەرێمی وانی زۆر پێ‌بەرز بوو، بۆیە فەرمانیدا مێعمارو کێوکۆڵەکان لە ماوەی چل ساڵدا بەندئاوێکی نمرودییان سازکرد. ئەوەش بە زەحمەتێکی وا کە بۆ بردنەسەری بەردێك حەوت رۆژ بەرێوە دەبوون، کاتێك نمروود لە خوا وەرگەڕا، جوبرەئیل بە ئەمری خوا بە گۆشەی باڵنج لە کێوەکەی داو لە ئاکامی ئەو لێدانەدا کێو بە هەموو کرێکارو وشترەکانەوە بەخاکدا چوونە خوارو لە جێگای ئەو ئەم دەریاچە دروستبوو.[٥٨]

دەریاچەی وان ١٦٥٠ میتر لە دەریا بەرزترە، **اصطخري** لەسەری دەنووسێ: درێژایی دەریاچەی وان ٢٠ فرسەخە[59]لە نێو دەریاچەکەدا دوو دورگەی گەورە هەن بە نێوەکانی "**بەلێنیم هەیە** Blenim Haya"و "**ئاختە مار**".

گەلێك چۆم دەڕژێنە ناو ئەو دەریاچە وەك "**دۆڵە جوان**"، "**کانی کون ئاش**" لە ناحیەی حەکاری کە لە جێگەیەك بەنێوی "قوسقون قران" کە بە بڕوای نووسەر دەبێ "**قشون قڕان**" بێ تێکەڵ گۆل دەبن. هەروەها رووبارەکانی "**خۆش ئاو**"و "**کدك**" لە باکوور، "**قەرەچای**"و "**جانیك**" کە لە چیای "**بارگیر**" سەرچاوە دەگرن و رووباری "**بەند ماسی**" لە باشووری رۆژهەلات دەچنە ناو ئەم دەریاچە. وەك دەڵێن هەموو رۆژی ماسییەکی زۆر لە شوێنێکی دیارییدا کۆ دەبنەوە و مانگێکی رەبەق لە درێژایی خڕەکە تا زیارەتگای "بەند ماسی" دەڕۆن[60] و لەوێ بلاوەی دەکەن[61].

لە شتە سەیرو جوانەکانی ئەو دەریاچە بەردەکانی ئاخری جادەی "**ئاوا**"ن کە هەر کات لە خوارێڕا لێیان بڕوانی ئەوان بەشێوەی رەوە وشترێك دەبینی کە هێندێکیان بەرێز راوەستاون، چەند دانەیەکیان باریان پێوەیە و تاقمێکیشیان ئیخیان خواردووە. زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کاتێك غەزەبی خوای نازڵ بوو، ئەوانە لەو حاڵە دابوون لەپڕ ویشك هەڵاتن‌و بوون بە بەرد.

58- بە قەولی کتێبی کورد لە مێژووی دراوسێکان، لە ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕدراوی فاروق کەیخوسرەوی ل ١٣٢.

59- اصطخري، لاپەڕەکانی ١٨٨، ١٩١ مسالك الممالك نزهة القلوب مستەوفی ١٢٦، ١٦١، ١٦٤ .

60- کورد لە مێژووی دراوسێکاندا، ئەولیا چەلەبی ل ١٣٥ .

61- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦.

# بەشی سێهەم

# دەوڵەتە گەورە دێرینەکانی کورد

## دەسەڵاتیماننا "Manna"

لەساڵەکانی سەرەتای چەرخی نۆهەمی پێش زایین لە دەشتی باشووری دەریاچەی "ورمێ" لە دەڤەرێك کە ئەوڕۆ "سابلاغ یا مەهاباد"ی تێدا هەڵکەوتووە ڕێککەوتنێك لە نێوان هەموو تیرە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەڤەرە کە لە بنیادڕا هەر مادەکانی سەرەتایی وەك گوتی، لیلۆیی‌و ... بوون پێکهات[١] کە بنەماڵەی دەسەڵاتی مادی دوارۆژەو پاش ماوەیەکی کورت لەم پێك هاتە دەسەڵاتی "ماننا"شی لـێکەوتەوە.

ئەو ناوچەیە کە لەو سەردەمەدا بچووکترین ڕێکخراوی دابەشکردنی "لیلۆیی‌و گوتییەکان بوو جیا لەو تیرانە بوو کە لە ناوچەکانی باشوورو باشووری ڕۆژئاوای ئەو مەڵبەندە بە نێوی "یەکیەتیی تیرەکانی ماد" پێکهاتبوو. بە داخەوە لەمەڕ ئەوانەش کە یەکیەتیی نوێی (ماننا)یە وەك تیرەکانی دیکە زانیاریمان زۆر کەمە. ئەویش بە تایبەتی کەتیبەو سەرچاوەکانی ئاشووری و ئۆراتۆرایین" کە هێندێك زانیاری ناڕوونمان لەم بوارەوە دەدەنە دەست. لەبەر ئەوەش وشەی "ناڕوون"م هێناوە کە ئەوەش "ئاشووری و ئوراتوراریەکان" وێڕای باسی شەڕ لەگەڵ قەومەکانی دیکە و شکاندنی ئەوان نووسیویانە زۆریان بە زیادەوە هێناوە و بە کوردی پێیانەوە ناوە، سەرەڕای ئەوەش تا ڕادیەکی زۆر بۆ نیشاندانی مێژوو، شێوەی حکوومەتی و چلۆنایەتی باری فەرهەنگ و شارستانیەت و ئابووریی ئەوان بەکەڵکن.[٢]

نێوی ئەو تیرانەی کە یەکیەتیی "ماننا"یان پێکهێنابوو بۆ ئێمە روون نییە بەڵام هێندێك لە نووسراوەکان بۆ نموونە نووسراوەکانی "هێرودۆت" ئاماژە بە تیرەکانی ماد دەکەن[٣]و دەڵێن ئەو تیرانەش بریتی بوون لە: "بووسیان Bousian"، "پارتاکینواکان Partakienia"، "ئیسترۆخانیان Trokhantes"، "ئەریزانتیان Arizantai"، "بوودان Boudiai"، "موغەکان Mogoi".[٤] جا روونیش نییە کام لەوانە لە یەکیەتییەکە دابوون یا نەبوون. بە

---

1- زۆرینەی لێکۆڵەرەوان بڕوایان وایە مادی‌یەکانی کە لە ڕۆژئاوای خەتی قەزوێن ـ هەمەدان ژیاون، لە زۆر کۆنەوەو بەر لەهەزارەی یەکەمی پێش میلاد کە ئاریایە ئێرانییەکان و بەشێك لە مادییەکانیش کە یەکەم حکوومەتی مادیان ڕێکخستووە، لەو خەتە دا ژیاون‌و لەو تایفانە بوون کە بە ناوی گوتی‌و لولویی دەیانناسن.

٢- لە W.Bhenning.Gabae Asia Majos N.S.II.PT.I 1921بڕوانن.

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- بۆ زانیاری زیاتر لە نووسراوی جی. مارکوارت Marquart لەسەر دابەش کردنی تیرەکانی ماد بڕوانن.



بڕوای نووسەری ئەم کتێبە تایفەی "پارتاکێنوا" لەو شتە دوور بوون، چونکو عەقڵ نایبڕێ بە دووری ئەوان لە شوێنی ڕێکخراوی "ماننا" مەجالی ئەوەیان بووبێ بەم یەکیەتییە پەیوەست بووبن. ئاخر ئەوان لە دەوری ئیسفەهان دەژیان. هەرچەند بە لەبەرچاوگرتنی نووسراوە زۆر جیاوازەکان لەم بابەتەوە کە سنووری جۆراوجۆر بۆ پان و بەرینی خاکی "ماننا" دەنووسن دەکرێ لەگەڵ ئەم بەر و ئەوبەر کردنی تیرەکان و تێکەڵ بوونی ئەوان لەگەڵ ئەو یەکیەتییە دەگونجێ ژینگەی پارتاکینواکانیش بەم ڕێکخراوەیە لکابێ.

گەلۆ، سنووری "ماننا" کە ئاشوورییەکان بە "مونا و ماننas و ماننا Muna, mannas, Manna "ناویان بردوون و بابێلییەکان "مینی Minni"و ئورارتورییەکان بە "مێنا Mena"[٥] یان ناسیون و کتێبی پیرۆزی "ئارمیای نەبی" بە مینی "Meni"یان ناساندون، بە شێوەی ژێرەوە واتە لە لای باکووری ڕۆژهەڵات شاری تەورێزو دەریاچەی ورمێ، لە باشوور بە سنووری شاری کرماشانی ئێستا، لە باکووری ڕۆژئاوا دراوسێی ئورارتورا بووە[٦]و لە ڕۆژهەڵات تا نیزیك باشووری ڕۆژئاوای دەریای خەزەر بووە. ئەوان بە تایبەتی لە دەڤەری نێوان مەراغە و بۆکان و سەقز جێگیر بوون.[٧] بەڵام ا.م دیاکۆنۆف، دەنووسێ دەسەڵاتی ماننا بە چەند پارێزگا یا بە قەولی ئاشوورییەکان بە چەند "ناژە Nage"ی ژێرەوە دابەش کرابوو:

... "سووریکاش Surikash" یا سەقزی ئەمڕۆ، لامسی یا بەشی سەرووی ڕووباری جەغەتوو = زێڕینە چۆم، "ئوئیشدیش Uishidish" یا لای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ، ئارسیانشی Arsianshi"و "ئارشتەیانا"و هتد کە وێدەچێ هەرکامیان عایدی یەکێك لە تیرەکان بووبێ[٨]و هەموو لە زمانی یەکتر حاڵی بوون چونکو لەم یەکیەتییەدا ئەوانەی یەك زمان نەبوونایە وەرنەدەگیران.[٩-١٠] بەڵام بە باوەڕی نووسەری ئەم دێڕانە ناوەندی سەرەکی "ماننا" مەڵبەندی موکریانی ئەوڕۆی کوردستان بووە کە ئێستا لە نێوانی دوو پارێزگای ئازەربایجانی

---

٥- لە لاپەڕی ٢٨ی کتێبی Eransahr Nach Der Geographieو کتێبی پیرۆز لاپەڕی ١١٨٣ بڕوانن.

٦- مێژووی گشتی ئێران لە زەمانی پێش مێژوو و دەستپێکی مێژوو ـ نووسینی سەعید نەفیسی ل ٢٠٦.

٧- مێژووی گەلانی ئێران، نووسینی عبدالحسین زەرین کوب ل ٧٧.

٨- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف ل ١٦٧.

٩- ل.گ.مێرگان "کۆمەڵگای باستانی" چاپی لنینگراد (پـطروگراد) ساڵی ١٩٣٤ ل ٧٣.

١٠- ا.م.دیاکۆنۆف و "و.ئا.لیوشیتس" ئارشیوی "پارتەکان" لە VDI ساڵی ١٩٥٣.

رۆژئاواو کوردستان (سنه)دا بەشکراوە و بریتییە لە شارەکانی سابلاغ یا مەهاباد، شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، بۆکان، سەقز، بانە، میاندواو، نەغەدەو مەڵکەندی. دیارە سێ‌شاری ئاخر لەسەر خەتی سنووری "ماننا" بوون.[11] روانگەی جۆراوجۆر لەسەر ئەم یەکیەتییە هەیە. یەکیان ئەوەیە کە دەڵێن یەکیەتیی تیرەکانی "ماننا یا ماد" لە پێشدا لەنێو تیرەکانی غەیرە ئێرانیدا پێکهاتووە و تیرە ئێرانییەکان (ئاریائی) دوایە چوونە نێو ئەم یەکیەتییەوەو دوایە وردە وردە لە سەدەی نۆهەم تا حەوتەمی بەرلە زایین زمانی ئێرانی لە رۆژهەڵاترا هاتۆتە رۆژئاواو لەنێو مادەکاندا پەرەی سەندووە.[12]

لە بنەڕەترا دامەزرانی یەکیەتیی مادەکانو مانناپەکان لەم دەڤەرە، بە مەبەستی بەهێزبوونیان لەبەرانبەر ئاشوورییەکان دا بووە کە بە پێی ئەو نووسراوانەی بە دەستەوەن یەکەم جار لە لایەن پێشەوای هۆزی "ناسیکوی Nasiku" کە نێوی "نوور ئاداد Nur Adad" بووە هاتۆتە گۆڕێو بە دوای هێرش و پەلامارە سەرەتاییەکانی ئاشوورییەکان بۆ سەرخاکی "لیلۆییەکان" واتە "زاموا" هەڵکەوتوو لە نێوان دەریاچەی ورمێ و بەشی سەرووی رووباری"دیالە" هەر بە ئیبتکاری پێشەوای ناوبراوی سەرەوە پێکهاتووە. هۆی لێ‌گێڕانەوەی لیلۆییەکان لە "نوور ئاداد" ئەوە بووە کە لە نیەتی ئاشوورییەکان گەیبوون. ئەوانیش دەعوەتەکەیان قۆستەوە. هەر چەند ئەو یەککگرتنە نەیتوانی پێشی هێرشەکانی ئاشوورییەکان بگرێ بەڵام لە توندی هێرشەکانی کەم کردەوەو بوو بە هۆی ئەوە کە تیرەکانی وەك مادەکان بێنە سەر ئەو بڕوایە.[13]

ئەو هێرشانەی دەکرانە سەریان تایبەت بە ئاشوورییەکان نەبوو بەڵکوو ئۆرارتۆییەکان و لەسەرەوەی هەموویان ئیمپراتوری گەورەیان "مینوئا" زۆرجار هێرشی کردبووە سەر خاکی مادو ماننا‌و پەلاماری دابوون. هەرچەند خاکی ئەوان لەسەردەمی پاشایەتی ئارکیشتی هەوەڵ

١١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەڵبەندی موکریان لە کتێبی ناحیەناسی کوردستانی موکری کە لەژێر ناوی "بررسی مەسەلەکانی سروشتی، ئابووری و ئینسانی کوردستان" بڵاو بۆتەوە و لە نووسراوەکانی (حبیب اللّه تابانی)یە بڕوانە.

١٢- سەرچاوەکانی ئاشووری و بابێلی لە مێژووی ئورارتو. نووسینی ا.م.دیاکۆنۆف. ل ٣٥ لە AVIU.

١٣- لە ساڵنامەی ئاشوور ناصر پال لە AKA لە لاپەڕی ٣٠ی بە دواوەو IIو ٣٩ بە دوا I.ARAB ل ٤٥٠ بڕوانە کە لە مێژووی مادی دیاکۆنۆف وەرگیراوە.



(٨٠ ـ ٧٩٩)ی بەر لەزایین لە ژێر دەسەڵاتی ئورارتودا بووە، بەڵام دواتر لە ئاکامی ئەو یەکگرتنەی تیرەکانی ماننا توانیان بەسەر هەموو مەڵبەندی دراوسێی دەریاچەی ورمێ لە رۆژهەڵات و باشوور دەسەڵات وەدەست بێنن و توانیان بەرگری لەخۆیان بکەن و ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی مادەکان کە هەرجارە بەشێك لە خاکی خۆیان لەدەست دەردەهات و دەکەوتە دەستی ئاشووری و ئورارتوئیان بە شێوەی کاتی رزگار بێ.

شکستی ئورارتو لە ئاشوور لە ئاخریەکانی ساڵی ٧٧٣ی پێش زایین بوو بە هۆی رزگاری تەواوی ماننا لە چنگ ئورارتو و زۆر زوو ئەوەندە بەهێز بوو کە نیزیك بە تەواوی ئازەربایجانی ئەوڕۆ لە رۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ و باشوور و باشووری رۆژئاوای ئەو دەڤەرەی کەوتە ژێر دەسەڵات و دەسەڵاتی بەهێزی منانای پێکهێنا کە ناوەندی سەرەکی ئەو "زاموئا"ی باکوور بوو. وێڕای ورد بوونەوە لە پێداچوونەوە لەسەر تیرەکانی مانناییی دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە بە پێی لێکۆڵینەوەی "دیاکۆنۆف"و ئەوانیتر، مانناپەکان لە گۆتی و لیلۆییەکان بوون و روونیش کراوەتەوە کە زمانەکەشیان لە لقەکانی زبانی گوتیو لولوییەکان بووە.[14]

## رێکخستن و سیستەمی دەسەڵاتی ماننا:

دەسەڵاتی ماننا حوکمڕانی بەسەر خەڵکی ئاژەڵداردا دەکرد و سەرەڕای ئەوەی بوارەکە بۆ کشت و کاڵ زۆر ئامادە بوو، بەڵام ئەم بەشە هیچ کات وەك ئاژەڵداری گرینگی پێنەدراوە و بە وتەی ئاشوورییەکان زیاتر خەریکی بەخێو کردنی مەڕو بەرزەماڵی شاخدارو ئەسپ و کەرو تا رادەیەکیش وشتری جووت کووهان بوون."[15] دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە لە حکوومەتی "ماننا"دا کشت و کاڵ هەر نەبووە، وەك لە تەورات و لەنووسراوەکانی سارگۆنی دووهەمدا هاتووە، جۆرێك لە گەنم بە ناوی "مینیت Minnit" لە ماننادا کراوە کە زۆر باش بووەو بەنێوی خۆشیان کردوە، ئەوە دەردەخا کە بە کشت و کاڵیشەوە خەریك بوون.[16] کۆمەڵگای ماننا رێکخستنی تیرەیی خۆی پاراستبوو و لە نووسراوەکانی ئورارتوئیدا بەنێوی "وڵاتی مانا"

١٤- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف ل ٦١.

١٥- توێژینەوەی مەسەلە مێژووییەکانی پادشایی "ماننا"، "گ.ئا.ملیکیشویلی"، ژمارە ١ ساڵی ١٩٤٩ لە ل ٥٧ بەدواوە.

١٦- کتێبی حزقیال، بابی ٢٧ ئایەی ١٧ Hezy Geyal XXII.17:CP AVIU,No.84

که لەو سەردەمەدا "مانا ـ نیئابائی Mana niabai" پێ دەگوترا و ئاشوورییەکانیش پێیان دەگوت "ولاّتی تیرەکانی ماننائی" (مات ماننائی Mat mannai".[17]

لە تایبەتمەندییەکان زەقی حکوومەتی ماننا بەڕێوەبردنی سنائی بووە، بە شێوەیەك کە شا وەك جێگاکانی دیکە هەمە کارە نەبووە بەڵکوو بۆ تەواوی کارەکان لە ئەنجوومەنی پیران و گەورەپیاوان و راوێژکارەکان خزم و قەومەکانی ئیزنی وەردەگرت و راوێژکارەکانی ناوبراو وەك ئەنجوومەنی "پوولە"ی یۆنان، یا ئەنجوومەنی سەنای روم زۆر جار ئەرکیان بۆ ئیمپراتۆر دیاری دەکرد.

هەروەك "سارگۆنی دووهەم"ی پادشای ئاشوور لەم بابەتەوە دەڵێ: "شای ماننا لەگەڵ حوکمدارەکان و ئەو سەرۆکانەی کەولاّتیان بەڕێوە دەبرد بە پیرمەوە هاتن."[18-19-20] دەبێ بزانین کە جگە لە "ماننابییەکان" کە زیاتر لە تیرەکانی سەرەتایی "زاموئا" یا لیلۆبییەکانو گۆتییەکان بوون، هێندێك تیرەی دیکەش لەسەر ولاّتی ماننا حیساب دەکران کە کەتیبەکانی ئاشووری بە "تێئورلیا Te Urlia"و "مێسی سیبیەکان = Mec-ci" و "دالی ئیان Dali"و "سونبییەکان یا سونبی ئیان Sunbi"و "کۆمۆردییەکان Kumurdi"[21] ناویان بردوون.

ا.م دیاکۆنۆف دەنووسێ کوێخاکان یا خاوەنانی گوندەکان کە بە زمانی ئاشووری (بێل ئالی)یان پێ دەگوترا و دەکرێ بە کوێخای جەماعەتی "هازانو Hazanu" بزانرێن و ئەوانە لە ریزی بەڕێوەبەرییە تایبەتییەکان ماننا بە حیساب دەهاتن.[22]

---

١٧- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف ل ١٦٦.

١٨- ن.م.نیکۆلسکی "چاکسازی بنەبانی لە پین"پاشایەتی هیتی، هەواڵەکانی فەرهەنگستان، زانستەکانی بلورووسی کە لە ١٩٤٨ چاپ بووە، ژمارەی ٢ لە لاپەڕی ٥٢ بەولاوە.

١٩- یاساکانی بابێل و ئاشوورو پاشایەتی هیتییەکان ١٩٥٢VDI، ژمارە ٤ ل ٢٩١ لە لێکۆڵینەوەکانی ا.م.دیاکۆنۆف.

٢٠- هێندێك لە مەسەلەکانی مێژووی پادشایی ماننا، گ.ئا.ملیکیشویلی ل ٥٧و دواتر.

٢١- سەرنجدان بە وشەی "کوموردیان"و بەرئاورد کردنی دەگەڵ کوردیان و موکریان و ... جارێکیتر ناتەبایی لەسەر بەیان کردنی وشەی کورد لەنێو قەومە جۆراوجۆرەکانی کۆن و لە ئاکامدا یەك بوونی هەمووی ئەو زاراوانە بۆ گوتنی وشەی کورد نیشانەی جیاوازی زاراوەی جۆراوجۆری تیرەکانی کوردە نە جیاوازی کوردەکان لە یەکتر.

٢٢- لە لاپەڕی ١٦٧ی کتێبی مێژووی ماد بڕوانە. نووسەری ئەم کتێبە ئەو مەسەلەو ئەنجوومەنی پیرانی ماننا کە بەپێچەوانەی رواڵەتی هەڵخەڵەتێنەری ریشەی لە یاسا دەشتەکی و دواکەوتووەکاندا بوو، بە گرینگترین هۆی پێشوەختی دەوڵەتی ماننا دەزانێ، چونکوو ئەو کەسانەی لەو ئەنجومەنە دابوون بە هەڵبژاردن



کەسێك بەناوی "ئیرانزۆ Iranzo" کە لە دەوری ساڵەکانی ٧١٧ ـ ٧١٩ی پێش زایین دەسەلاّتی ماننای بەڕێوە دەبردو ئەمیرنشینی وەك "ئوئیش دلیش" (مەڵبەندی مەراغەی ئەمڕۆ)و "زیکرتۆ" (مەڵبەندی نێوان میانەو ئەردەوێڵی ئێستا)و "ئاندیا" (لە بەشی خوارووی دەوروبەری رووباری قزل ئوزون ڕا هەتا زنجیرە کێوی ئەلبورز)ی دەگرتەوە لەژێر چاودێری ئەو حکوومەتە دابوون. ئیرانزۆ لە پیاوە هەرە بە دیمەن و دیارەکانی ئەوکات و لە دامەزرێنەرانی سەرەکیی ماننا بووەو لە هەموو پادشاکانی ماننا بە دەسەلاّتتر بووەو دوای ئەو کەس نەیتوانی دەسەلاّتی ماننا بگەیەنێتە ئەو رادەیە.

کۆیلەتی لە کۆمەڵگای ماننادا برەوی هەبووەو خاوەن کۆیلەکان دەسەلاّتی تەواویان بەسەر ژیانو گیانیاندا هەبووە. هەرچەند کۆیلەداری ئەوکات بە شێوەیەکی سەرەتایی بووە بەلاّم دەسەلاّتی ماننا، جگە لەماوەیەکی کورت لە درێژایی تەمەنیدا نەیتوانی تیرەو تیرەکانی دەوروبەری خۆی بێنێتە ژێر چەتری پارێزگاری خۆی و ئەوان لەهێرشی ئاشوورییەکان و ئورارتورییەکان بپارێزێ. ئەو ماوە کورتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەلاّتی ئیرانزۆ، دەنا زۆربەی وەخت گۆێڕایەڵی ئورارتو بوون.

هەرچەند ماننا بە چەند ئەیالەتێك دابەش ببوو، بەلاّم دابەش بوونەکەش پێوەندی بە رادەی وەج و دەسەلاّتی تیرەکانەوە هەبوو کە لە رۆژهەلاّتیترین تا رۆژئاواییترین شوێن و هێندێك ناحیەی دیکەش لە ژێر چاودێری بەشی هەرە زۆری خاوەن دەسەلاّتی گۆتییەکان و لیلۆبییەکان و مادەکانی سەرەتایی دابوون، ئەوەش مەسەلەیەکە کە هەموو لێکۆڵەرەوەکانی خاوەن روانگەو بۆچوون ئاماژەیان پێکردووە.[23] لە مێژوونووسانی کۆنی وەك هێرودۆت، کۆتسیاس، ئیستراابوونو ... بە راشکاوی دەڵێن کە لە خاکی نیزیك دەریای قەزوین یا خەزەرو بەرەو سەرتر بۆ لای باکوور برێك تیرەی وەك گیل، کادوسی، کاسپی، ئیمرادییەکان و ساگارتییەکان کە بە خزمایەتی گەیشتوونە گوتی و کاسییەکان هێندێك پاشاگەردانی خۆیان هەبووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە پاشایەتی "دالیا Dali"و "زیکرتو"و "ئاندیا"و بە بۆچوونێك بە

---

نەچووبوونە وێ، تەنیا تایبەت بوون بە چەند بنەماڵەیەکی کە لە جیاتی ئەوەی لە فکری ئاسایشی زیاتری خەڵك دابووبن خەریکی دەوڵەمەند کردنی خۆیان بوون.

٢٣- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف لە لاپەڕی ١٦٤ بەو لاوە بخوێنەوە و تەعلیقەکانی ئەو کتێبە لە ل ٤٩٤و دوایەش مێژووی گەلانی ئێران لە لاپەڕە ٧٣ بە دواوە بخوێنەوە.

"گیزیل بوندا یا قافلانکۆ"ش بکەین. دیارە بوونی هێندێك تیرەی پارسی و ئاریاییش کە لەنێو ئەوانەدا هەبوون رەت ناکەنەوە.[٢٤]

بە سەرنجدان بەو بابەتانەی لە سەرەوە باسکران وێڕای ئەوەی بەڵگە هێنانەوەی کەسانێك لەسەر جیابی مادو تیرەکانی کورد، گوتیو لولوئی و کاسیو ... و رێکەوتی نوێتر بۆ کۆچکردنی مادەکانی ئاریایی (سەدەی دەهەم و نۆهەمی بەر لەزایین) رەتدەکرێتەوە، مێژوو سازکردنی ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ قەومەکانی دانیشتووی ئازەربایجانی ئێستای ئێرانیش کە هەر لە سەرەتاوە خاکی مادەکان بووە و بە نێوی "مادی گچکە" ناسرابوو بە شێوەیەکی جیا لە تیرەکانی خاکی کوردستان بنوێنن و ئەوان لەسەر ئەو تیرانەی بەستراوە بەمادەکانی رۆژهەڵات واتە کۆچەرییەکانی دوایی لە قەڵەم دەن بەرپەرچ دەداتەوە. لەوەش گرینگتر ئەو راستییەش دەردەخا کە مانا بەشێك لە رێکخستنی حکوومەتی و عەشیرەتی لیلویی و گۆتی بووە و ئەو تیرانەی دانیشتووی ئەو شوێنە بوون کە دوایە حکوومەتی ماننای تێدا پێکهاتووە، بەشێك لەخەڵك و دەڤەری دەوەری نێوبراو واتە دەڤەری (لیلوییو گوتییەکان و باشتر بڵێین کوردستان) بوون.

لەبەر ئەوەی مەڵبەندی "ماننا" سروشتێکی سازگارتر وخاکێکی بەپیتزترو بە بەهرەتر لە مەڵبەندی هاورەگەزو هاو زمانەکانی دیکەی خۆیان بووە، بە تایبەتی پێوەندی راستەوخۆی لیلۆییەکان لەگەڵ ئورارتوییەکان و خەڵکی میزوپۆتامیا (دووچۆمان)و وەرگرتنی شارستانیەتی پێشکەوتووتری ئەوان و کەڵك وەرگرتن لە زانیاری ئەوان، چلۆنایەتی ژیانی بۆ ئەو خەڵکە و نەتەوەکانی دانیشتووی "ماننا" خۆشتر کردووە و کەرەستەی بەرهەم هێنانی بەرەو پێشتر بردوون.

پێشتر باسمانکردووە کە ماننا هەموو کات یەکێك لە ئامانجەکانی ئۆرارتۆییو بە تایبەتی ئاشوورییەکان بۆ هێرش کردن بووە، وەك نووسیویانە لە نێوان ساڵەکانی ٨١٠ تا ٧٤٤ی پێش زایین واتە لە ماوەی ٣٦ ساڵاندا ١٤ جاری پەلامار بردۆتە سەریان.[٢٥] کاتێك بەرەنگاریی ئاشوورو ئۆرارتۆ بەو پەڕی خۆی گەیشت و مەننا توانی لە هێرش نەکردنی هێزی دەرەکی بۆسەریان دڵنیا بێو لەخۆی رادی خۆ نیشاندا، بەهیوای هێزو توانایەکی زۆری کە پەیدای کردبوو، ئەوکات کە تیگلات پلاسێری سێهەم "سارودووری" پادشای ئۆرارتۆی لە ساڵی ٧٤٣ی بەر لە زایین بە تەواوی تێکشکاندا، شایستەترین کەسی ماننا بەنێوی "ئیرانزۆ" لەو

---

٢٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٨١، ١٨٣و ٨٢.

٢٥- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف و ئازەربایجان لەگەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا ل ١٩٨.

دەرفەتەی بۆی ڕەخسابوو کەڵکی وەرگرتو لەسەر ڕازی بوون و پشتیوانی لـێکردنی ئاشووری "ماننا"ی سەربەست کردو دوای مردنی ئەو لە ساڵی ٧١٧ی پێش زایین کوڕەکەی "ئازا" درێژە بە ڕێگەی باوکیدا.[٢٦] هەرچەند بە دوای ئەوەیدا براکانی لێی ڕاست بوونەوەو شۆڕشیان لە دژی وەڕێ خست کوژرا[٢٧]، کوڕەکەی دیکەی "ئیرانزۆ" بەنێوی "ئۆللۆسۆنۆ" بەپشتیوانی سارگۆنی دووهەم پادشای ئاشوور بوو بە شا.

سەردەمی سەڵتەنەتی ئیرانزۆ دەوری بەهێزی و شکۆداری و سەربەخۆیی ماننا بووە و لەم زەمانەدا ماننا بوو بە وڵاتێکی پلەیەك. لە سەردەمی "ئوللوسونو" ڕووداوی هەرە گرینگ لە وڵاتەکەیدا، هەشتەمین لەشکرکێشی "سارگۆنی دووهەم" پادشای ئاشوور بۆ ماننناو ئۆرارتۆ بوو. باشترین سەرچاوەش بۆ ئاگادار بوونی زیاتر لەم ڕووداوە گرینگەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین کتێبی "ئێدوین ڕایت"ی ئەمریکاییە[٢٨] کە تەواوی خەتی حەرەکەتی ئەم کارەی سارگۆنی لە "کالا، نیمرودی ئەمڕۆ" کە پایتەختی ئاشوور بووەو لە نیزیك شاری مووسڵی ئێستای عێراق هەڵکەوتبوو دەستی پێکردووە، لە خاکی لیلوی (زاموا)کە نیزیك شارەکانی سلێمانیو شارەژوور یا شارەزووری عێراقی ئیمڕۆ بۆخۆی هاتووە و پێیدا تێپەڕیوە و لە ڕێگەی دۆڵی زێی گچك (کەڵوێ)ی سەردەشت (خانێ = پیرانشار)، پەسوێ، "سابڵاغ = مهاباد" ناوچەی شاروێران هەڵکەوتوو لەنێوان مهابادو میاندووئاو و داش "تەپە"ی میاندووئاوی (لەو شوێنە لەوحەیەکی سارگۆنیش دۆزراوەتەوە) بڕیوە و چۆتە مەراغە، بە سەهەنددا دەوری لـێداوە و لە خەتی دوو ڕووباری جەغەتوو و تەتەهوو ڕا گەڕاوەتەوە. "کالا" "ڕایت" ئەو خەتەی لە ڕووی مەتنی ڕاپۆرتی سارگۆنی دووهەم دیاریکردووە کە لێکۆڵەرەوانی جۆراوجۆریش هەروایان زانیوەو خەتی ئاماژە پێکراو لە لایەن "ڕایت"یان پشت ڕاست کردۆتەوە.[٢٩]

---

٢٦- هەرچەند هیچ گومانێك لە کورد بوونی ماننادا نییە، بەڵام ئەوەش خۆی دەلیلێکی ڕوونە کە "ئازا" کە لە کوردیدا مانای نەترسی هەیە بۆ کوڕی "ئیرانزۆ" بۆتە نێو.

٢٧- ویلیام کالیکان، کتێبی مادەکان و پارسییەکان.

٢٨- مێژووی ئازەربایجان، نووسینی ئەدوین ڕایت مامۆستای زانستگەی کۆلۆمبیا.

٢٩- ڕاپۆرتی سارگۆنی دووهەم بەهۆی "د.لۆکنێبیل D.Lucknebil"، بە ئینگلیسی کە لە لایەن "تی دانگین Th. Dangin" کراوەتە فەرەنسی، بە وتەی ڕەحیم ڕەئیس نیا لە کتێبی "ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا" لە ل ٢٠٢، هەروەها، هێرتسفێڵدو ئالمستێدو... بۆ ناسینی خەت و شوێنی گەشتەکەی تێکۆشاون.



"ئوللوسونو" لە ڕێگەی پەسوێ ـ مهاباد بە خزمەت سارگۆن گەیوەو، وێڕای ئەوەی ئیتاعەی خۆی ڕاگەیاندووە ڕەوە ئەسپێکی بە دیاری پێشکێشی سارگۆن کردووە و بەم شێوەیە مانناى لە هەڵکوتانە سەرو تاڵان و برۆ ڕزگار کرد، جگە لەوەش داوای لـێکرد ئەو خاکەی ئۆرارتۆییەکان بە غەدر لە مانناىان گرتووە بۆی وەرگرێتەوە. ئەویش داخوازەکەی لـێ قبووڵکرد. دیارە ئەو کارەی "ئۆللۆسۆنۆ" گەورەترین خزمەتێك بووە کە ئەمیرێك دەیتوانی لە هەلومەرجێکی ئاوادا بە وڵاتی خۆی بکا. چونکو ئوردووی سارگۆن بە هەر جێگایەکدا ڕۆیشتبان دنیایان وێران و خەڵکیان دەکوشت و تاڵانیان دەکرد. بۆ ئەوەی تەنیا لە گۆشەیەك لەم کارانە ئاگادار بین ئەوەندە بەسە کە بەشێك لە نووسراوی "پیۆترۆفسکی" کە بە کەڵك وەرگرتن لە ڕاپۆرتی سارگۆنی دووهەم نووسیویەتی بخوێنینەوە، ئەو دەنووسێ: [ئاشوورییەکان هەموو شتی سەر ڕێی خۆیان و تەنانەت دیوارە گەورەکانی شارەکان و ماڵی خەڵك و کۆشکەکانی پادشاکانیشیان کە خەڵك چۆلیان کردبوو و لە ترسان پەنایان بۆ کێوەکان دەبرد، وێران دەکرد. بە تایبەتی لە ناوچەی "کۆنەشار یا سەڵماسی ئەوڕۆ" کە ئورارتوییەکان سەدەیەك دەسەڵاتی ئەوێیان بە دەستەوە بووە و کردبوویانە یەکێك لە ئاوەدانترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵات[٣٠] بە تەواوی خاپوور کردو لەناویان برد ـ لەم لەشکرکێشییەدا هەرچی وەدەستیان کەوت و بەکار دەهات وەك کۆڵەکە گەورەکانی کە لە داری سیدر ساز کرابوون، عەنبارەکانی دانەوێڵە شەرابخانەکانیان بە تاڵان بردە ئاشوور. لە هەموو شوێنێك دەنگی تەوری ئاسنی ئەوان بە گوێ دەگەیشت و مووچە و مەزراکان وێران کران کە هیچیان لـێ نەماو ... ]

وەك لەسەرەوە باسکرا دەبینین کە "ئۆللۆسۆنۆ" بە تەکبیرو هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆی لە ڕێگەی فەرمانبەردارییەکی سادە بۆ سارگۆنی دووهەم جگە لەوەی توانی وڵاتەکەی لە وێرانی و لەناوچوون ڕزگار بکات، بەڵکوو بە پێی کەتیبەکانی ئاشوور توانی ٢٢ قەڵای کە پێشتر "ڕئوسای یەکەم" شای ئورارتو لە ساڵی٧١٦ی پێش زایین لە مانناى گرتبوو، بەهۆی سارگۆنی دووهەم وەرگرێتەوە. لەوەش گرینگتر دوو قەڵای قایمی "ئوشکایا"[٣١] و "ئایتاشتانیا"ش بگرێ و بەم شێوەیە بەسەر تەواوی خاکی نێوان ڕووباری "ئاراز"و دەریاچەی

---

٣٠- مێژووی ئورارتو و بەردە نووسراوەکانی ئورارتویی لە ئازەربایجاندا، نوسینی پیۆتروفسکی ل ٤٨

٣١- ئوشکایا، بە گوێرەی تەئییدی لێکۆڵەرەوان هەمان ئوسکووی نیزیك تەورێزە.

ورمێدا زاڵبێ و گرینگتر لە هەمووی ئەوانەش ئەوە بوو کە توانی سەربەستی تەواوی ماننا ڕێك بخا.[32]

ماننا لەسەردەمی "ئوللوسونو" گەیشتە ئەوبەری خۆی و هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە توانی لە بەرانبەر ئۆرارتۆ و ئاشووردا ڕاوەستێ و تەنانەت هێندێك خاکی دیکەش بخاتە سەرخاکی خۆی.[33] ئەوکات کە قەومی تازە هاتووی سەکایی لە مەیدان دابوو توانایەکیشی هەبوو، ماننا لە سەردەمی پاشایەتی "ئاخشتەر"یدا لە ئەوان و هاونژادەکانیشی کە "کیمۆ"ییەکان بوون بۆ شەڕ لەگەڵ ئاشوور یارمەتی وەرگرت.

لەو سەردەمەدا سنوورەکانی ماننا گەیشتبووە لای سەرووی زێی گەورە، لە باشووریش تا سنووری کرماشان‌و ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ (شنۆ)و ورمێ و سابلاغ تا ئەو شوێنە چووبوو کە ئەورۆ سنووری ئێرانە لەگەڵ دراوسێیەکانی ڕۆژئاوای. لە ڕۆژهەڵاتیش سنووری گەیبووە قافلانکو (گیزیل بوندا یا گزل بوندا) کە هاوسنووری تیرەکانی ماد بوو.

ئەو سەردەمە لە عەینی کاتدا دوایین خاڵی گەشانەوەی ئەستێرەی بەختی مانناش بووە، چونکو بە دوای دەست درێژی ئاشوور لەمەڵبەندی سنووری "ئاخشری" ویستی بەرەنگاری بکا، بەڵام لە بەرانبەر شای ئاشوور، "ئاشوور بانی پال" بە سەختی شکا، وێڕای پاشەکشە، پێتەختەکەی خۆشی (ئیزیرتو)ی جێهێشت و خۆی گەیاندە "ورمت Ormete" یا ورمێی ئێستا (٥٩ ـ ٦٦٠ی پێش زایین)و لێرەدا سەیرو سەمەرەترین ڕووداوی مێژوو کە تائەوکات ڕووی نەدابوو، ڕوویدا. ئەویش ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی پرەنسیپی سەرەکی ئەو سەردەمە، کۆمەڵانی خەڵك واتە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا کە لە شکانی "ئاخشری" تووڕەو ناڕاحەت بوون، لە پڕڕا ڕاپەڕین و بە دژی دەزگای حاکم و لە سەرووی هەمووانەوە پادشاکەیان هەستان و نیزیك بە تەواوی بەرپرسان و سەرکردەکانی دەسەڵاتدارەتییان کە بەشی هەرە زۆریان لە چینی دەوڵەمەند و سەرەوەی کۆمەڵ بوون لەناو بردو تەرمی شا (ئاخشری)یشیان دوای کوشتن لە گەڕەك و کۆڵانان فڕێدا.[34]

٣٢- ئورارتو، هەمان سەرچاوە... مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف، ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا کە لە زمان مێژووی ماد دەگێڕێتەوە.

٣٣- ئورارتو بەردە نووسراوەکانی ئورارتویی.

٣٤- مێژووی ئازەربایجان، لە ئیدوین رایت ل ٢٤.



ا.م دیاکۆنۆف کە سەری لەم ڕووداوەی ئەو کات سووڕمابوو، دەنووسێ: هەڵکردنی ئاڵای ڕاپەڕین بە دژی زۆرداران و زاڵمانی ناوخۆ نیشانەی ئەو تێکۆشانە کۆمەڵایەتی و هاوکارییە ناوخۆییە جەماوەرییەیە کە لەنێو قەومەکانی دیکەدا لەبەر هێندێك هەلومەرجی مێژوویی کۆمەڵگای کۆیلەداری لە ڕۆژهەڵات ئەو هەست و بیرە لە گۆڕێ نەبوو.[35] دیارە نووسەری کتێبێك بە نێوی "لە تاریکایی هەزارەکاندا" بۆ هۆی ئەو ڕووداوە دەنووسێ: "ناکۆکی‌و ناتەبایی لە نێو دەوڵەمەند و نەجیب زادەکان لە لایەك و خەڵکی بەرهەم هێنەر واتە زەحمەتکێشەکان لە ئاکامی غەدری ڕۆژ لەرۆژ زیاتری چینی دەسەڵاتدار ڕۆیشتن بەرەو کۆمەڵگای چینایەتی و سەرەڕۆیی دەسەڵات بەدرێژایی سەدەی حەوتەمی بەر لەزایین، توندترو زیاتر ببوو، هەر ئەوە بوو بەهۆی ڕاپەڕین بەدژی زۆردارانی چینی دەسەڵاتدار شا کە نوێنەری ئەو چینە بوو."[36]

هەر چۆنێکی لێك بدەینەوە ئەو ڕاپەڕینە نەتەوەیی بێوێنەی ئەو سەردەمە بە وتەی دیاکۆنۆف بەرهەمی پایە نەگرتن و لەرزۆکی شارستانیەتیی کۆیلەداری لەنێو خەڵك دابووە، بەڵام ئاکامەکەی بۆ خەڵکی ماننا چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ئاشوور جارێکیتر بەسەر مانناد‌ا زاڵبوو، سەرەڕای ئەوەی "ئوئاللی Ualli"یەکێك لە کوڕەکانی "ئاخشری" خۆی دەماڵە ئاشوور بانی پال هاویشت و بۆ وەدەست هێنانەوەی تاج و تەختی لەدەست چوو داوای یارمەتی لێ کردو کچی خۆشی پێشکەشکرد، بەڵام بەبێ ئاکام مایەوەو ماننا نەیتوانی دەسەڵاتی لەدەست چوو وەدەست خاتەوە، خۆرەتاوی تواناو دەسەڵاتی ئاوا بوو و لە کۆتاییدا بە بەدەسەڵات گەیشتنی یەکیەتیی تیرەکانی مادو زاڵبوونی بەسەر خاکی ماننادا نێوی ئەو دەوڵەتە لە لاپەڕەی مێژوودا نەما.

### فەرهەنگ و شارستانیەتی ماننا:

نووسەری ئەو کتێبە تا ئێرە چەند جارێ ئاماژە بەوە کردوە کە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی نەزانینی زانیاری لەسەر قەومەکان و حکوومەتەکانی دنیای کۆن لە مەڵبەندەکانی کوردستان ئەوەیە کە لەو ناوەدا کە ناوەندی شارستانیەتی کوردستانە، لێژنەی

٣٥- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف لاپەڕەکانی ٢١و ١٤٥ تا ٣٥٠، وەرگێراو لە ئازەربایجان لەگەشتی مێژووی ئێراندا، لە ڕەحیم ڕەئیس نیا ل ٢١١.

٣٦- لەتاریکایی هەزارەکاندا، لاپەڕەکانی ٢٨ تا ٢٢٦ لە ا.ئەسکەندەری.

زانستی و شوێنەوارناسی، توێژینەوەیان نەکردوەو ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە لێکۆڵەرەوان سەرچاوەکانیان هەر لە گێڕانەوە، بۆچوون و وتەی رووداو نووسانی کۆن و نوێ یا لەو ساڵنامەو کەتیبانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە لای دراوسێیێکانی وەك ئاشوور، ئورارتو، سومێرو ئاکاد وەدەست کەوتوونو لە هەر شوێنێك بە هەڵکەوت یا بەئەنقەست وەدوادا کەوتنێك و لێ پرسینەوەیەك هاتبێتە گۆڕێ، مرۆڤایەتی دنیایەك شوێنەوارو یادگاری شارستانیەتی ئەوکاتی ئەو ناوچە دەوڵەمەندەی دەست کەوتووە.

بۆ وێنە هەر لە ناوچەی موکریانی کوردستاندا کە ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتی ماننا بووە، بەهەڵکەوت!! دوو سەرچاوەی مەزنی پڕ لە شتوومەك و ئاسەواری باستانی دۆزراوەتەوە کە لەگەڵ ئەوەی زانیارییەکی زۆری خستۆتە بەردەست لێکۆڵەرەوان، پەردەی لەسەر شارستانیەت و فەرهەنگی باستانی (دێرین)و بەشکۆی ئەو خاکە کۆنەش کە بەرهەمی یەکیەتیو تێکەڵ بوونی تیرەکانی قەومێکی زۆر کۆن و دانیشتوانی سەرەتایی ئەو ناوچەیەن لاداوە.

ئەوەی لەو دەڤەرەدا دۆزراوەتەوە، جیهانێکی سەیرو سەمەرەیە بەرانبەر بە زەمان و دراوسێیەکان،، ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا ئەم دەست و ئەو دەست پێکردنی لەنێوان ئاشوورو ئورارتو، بۆتە هۆی ئەوەی هەر جارێك شتێکی تازە بدۆزرێتەوەو ئیمتیازو ئیمکانێکی باشتر دەست کەوێ و "ئورارتو و ئاشوور" کەڵکیان لێ وەرگرن، بۆتە هۆی وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە لایەن خەڵك خۆیەوەو وردە وردە ئەو ئەڵماسە تازە ناسراوە سافو پەرداخ کرێ، ببێتە برلیانێکی بەنرخ کە شارستانیەتو فەرهەنگیش ئەوی کردە هاوشانی "ئورارتو"و "ئاشوور" بەڵکوو بە وتەی هێندێك لە هێندێك بواردا لەوانیش لەپێشتر بوو. تەنانەت دوای هەڵوەشانی دەسەڵاتی ماننا و ئەوکات کە کەوتە سەر ئیمپراتوری ماد، ئاش ئاخی کوردستانی ناوەندی و بابێل، بنکەی سەرەکی ئابووری و فەرهەنگ و شارستانیەتی ئیمپراتوری "ماننا" بوو. ئەو شوێنە ناوەندی ئاژەڵداری و کشت و کاڵ بوو، هەروەك لە وتەو نووسراوەو ئاسەواری ئاشوورو ئورارتو وەك کەتیبەی "شلمانسەر"ی سێهەم و "ئاشوور ناسر پالی دووهەم" دەردەکەوێ، گەورەترین ناوەندی ئاژەڵداری و بەڕێکردنی زیندەوەر بە تایبەتی ئەسپو گا و گۆل و مەڕ بۆ شوێنیتر بووە کە زۆر جار لە جیاتی باجیش بە سەرکەوتووەکانی شەڕیان داوە.[37] هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لەبواری ئاو ڕاکێشان و ئاو داشتن و کشت و کاڵ بە تایبەتی

٣٧- جورج کامرون لە کتێبی "ئێران لە بەرەبەیانی مێژوودا" زۆر لەسەر ئەو مەسەلە دواوە.



ئۆرارتۆییەکان لەم بوارەدا زۆر پێش کەوتبوون. جگە لەوەش هەروەك لە کەتیبەکانی سەردەمی "سارگۆنی دووهەم"[38] دەردەکەوێ، باغی رەزو گەنم کردن لە لای "ماننا"یەکان ئەوەندە زۆر بووە کە پێویستی لەشکری سارگۆنیان لە لەشکرکێشییە مێژووییەکانیدا لە بابەت ئاردو شەڕابەوە دابین کردووە. جگە لەوەی گوترا، کانی مس و زێڕیان هەبووە، هەربۆیەش سەنعەتی فلزکاری لەم خاکەدا برەوی پەیدا کردبوو. بە تایبەتی ئەو شتانەی لە گەنجینەی "زێوە"[39]و تەپۆڵکەی "حسنلوو" دۆزراونەوە، ناسێنەری وەستاکارانی شارەزای سەردەمی "ماننا"ن، ئێمە بۆ ئاگاداری زیاتری خوێنەرانی ئەم نووسینانە، چاوێك بە چلۆنایەتیو چەندایەتی ئەو گەنجینانەدا دەگێڕین و بە کورتی باسیان دەکەین.

## گەنجینەی "زێوە Zewa"

لە یەکێك لە رۆژەکانی دوای رووداوی مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی[٤٠(م)] لە چل کیلۆمیتریی شاری "سەقز" کە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی "موکری"یەو لەسەر پارێزگای

٣٨- سەرنج بدە کتێبی "ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران" نووسینی رەحیم رەئیس نیا.

٣٩- بە کوردی بەو شوێنە دەگوترێ "Zewa زێوە" بە مانایی زێوین بەڵام لەهەموو ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە باسی ئەو شوێنەیان کردوە، تەنانەت هێندێك لە نووسەرە کوردەکانیش (زیوەو زیویە)یان نووسیوە کە هەڵەیە.

٤- (تێبینییەك لە وەرگێڕ)١ـ لە سەرەتای ئەو باسەدا نووسەر دەنووسێ لە یەکێك لە رۆژەکانی دوای خەرمانانی ١٣٢٠... ئەو کاتە دەبوو دیاری بکرێ چونکو لەو کاتەوە تا ئەو دەم کە بۆکاری جیددی لەسەری ئیقدامیان کردوە نیزیکەی ٥ ـ ٦ ساڵەو تەنانەت مانگەکەشی دیاری نەکراوە.

٢ـ هاوپەیمانان نەیاندەویست ئێران لەنێو خۆیاندا بەشکەن چونکو دەگەڵ ئەوەی هێزیان لە ئێران پیادە کردبوو و رەزاخانیان بۆ ئەفریقا دوور خستەوەو هەتا مردنیش لەوێ، محمد رەزایان وەك شا لە جێگەی باوکی قبووڵکرد، بەر لەویش کۆنفڕانسی تاران ببەستن، بە یەکەوە بڕیاریان دابوو کە شەڕ تەواو بوو ئێران جێبهێڵن و هەر واشیان کرد.

٣ـ لە دەوری کۆماردا زێوە لەبەر دەستی کۆماری کوردستاندا نەبووە تا پێشی کەڵك وەرگرتن لەو گەنجینەیە بگرن بەڵکو لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندی دابووە، بەڵام هیچی بۆ توێژینەوەی نەکردووە. ٣٠ جار لەسەر دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و هەروەها لە سەر پێشەواو پیشەوەری تا رادەیەك بێحورمەتی داوە، لە حاڵێکدا ئەو دوو کۆمارەو سەرکۆمارەکانیان بە تایبەتی بەو کارانەی لەو ماوە کورتەدا جێبەجێیان کردن ئێستاش وەك نموونەی کاری چاك دەژمێردرێن و سەردەمێکی تازەیان لە ژیانی ئەو دوو نەتەوەدا دەست پێکردووە کە جێگەی شانازی هەموو هاونیشتمانانی دڵسۆزی غەیرە کوردو ئازەریشە.

کوردستانی ئێرانە، بەهەڵکەوت کورێژگەیەکی شوان کە لەسەر تەپۆڵکەیەك خەریکی حەیوان لەوەڕاندن بوو شتێکی وەك "وانی حەمام = تەشتی گەورە دەبینێتەوە کە گەنجینەیەکی پڕبایەخی تێدابوو، دەست بەجێ هەرچی تێیدابوو بەتاڵان دەچێو تەشتەکەش دەشکێندرێ.

دیارە بە پێچەوانەی هێندێك نووسراوە، دوای خەرمانانی ١٣٢٠ دەوڵەت لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ پێشی تاڵانکردنی ئەو گەنجینە بەنرخە لە لایەن خەڵکی قازانج ویست دواکەوتوو بگرێ. چونکو لەو کاتدا بە دوای هێرشی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران لەشەڕی دووهەمی جیهانی (لە سێهەمی خەرمانانی ١٣٢٠)و بە دەستەوەبوونی پیلانی دابەش کردنی ئێران لە بەینی خۆیاندا، بە تایبەتی "سۆڤیەتی جاران" لە ئازەربایجانو کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی موکری کە شاری "سابلاغ = مەهاباد" ناوەندیەتی، ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی لەگرێژە نەچووبوون و دوو کۆماری دێموکرات لە ئازەربایجان و کوردستان بە ڕێبەرایەتی "سەید جەعفەری پیشەوەری" لە ئازەربایجان و "قازی محەمەد" لە کوردستان دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، چونکو ئەو دوو حکوومەتە هیچ چەشنە ڕێکخراو و توانایەکی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانن ئەو کارانە جێبەجێ بکەن، هەروەك دەزانین بە دوای گرتنەوەی ئەو هەرێمانە بەهۆی سوپای ئێران و کەوتنەوە سەرخاکی وڵات (پاش ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٦ی هەتاوی) کە دەوڵەت توانی ئەو گەنجینە بخاتەوە ژێر چاوەدێری خۆی و خەریکی توێژینەوەی بێ (نیزیك بە دوو ساڵ دوای دۆزینەوەی گەنجینەکە.)

"ئاندرە گودار" شوێنەوار ناسی فەرانسەوی لەو سەردەمەدا بەرپرسی شوێنەوارناسی ئێران بوو. ناوبراو بە هەوڵێکی زۆر توانی بەشێك لەو شتانەی بەتاڵان چووبوو بدۆزێتەوە و بیان نێرێ بۆ مووزەی ئێرانی دێرین، بەڵام بەشی زۆری ئەو شتانە چوونە سەر کلکسیۆنی تایبەتیو شەخسی یا لە مووزەخانەکانی وڵاتانی دیکە خۆیان دیتەوە. بە داخەوە دوای ئەوەی گەنجینەکە کەوتە دەست دەوڵەتیش ئەو جۆرەی پێویست بوو توێژینەوەی لەسەر نەکراو تەنیا لێژنەیەکی هاوبەشی ئێرانی و ئەمریکایی بە سەرۆکایەتی "رابێرت دایسۆن" بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ خەریك بوونو لێکۆڵینەوەیان کردو دوایەش هیچ توێژینەوەیەکیتری لێ نەکرا.[41]

بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی بە دەستەوەن بە تایبەتی بە باوەڕی پروفیسۆر "گیرشمەن"[42] ئەو گەنجینە هی سێ سەدە پێش ئێستا واتە دەگەڕێتەوە بۆ (ئاخرییەکانی هەزارەی دووهەمی

٤١- شوێنەوارناسی ئێران، ئەندرە گدار ل ٢٨ چاپی هارلێم

42- Roman.Ghirshman:parse proto-iraniane Medes,Achemenides paris 1963 (مادەکانو هەخامەنشییەکانو پارتییەکانی ئێران).



بەر لە زایین)و تێکەڵاوێکە لە هونەرە جوانەکانی ماد، ماننا، سەکاییو کیمێریو ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن کە هونەرمەندەکانی دنیای کۆن شارەزاییەکی تەواویان لە فلزکاری و دروستکردنی قاب و قاچاغ و ڕازاندنەوەیاندا هەبووە و هەرچی لەوێ دەستیان کەوتووە دیاردەیەکن لە بەهرەمەندی و هونەر نوێنیی ئەو سەنعەتکارانە.[43] ئەو جامە زێڕینانەی شەراب و ڕازاوە بە نەخش و وێنەی زۆر جوانی حەیوانات، هەروەها سینەرێزی یەکجار زەریف و نایاب دەست کەوتوو لە زێوە کە هێندێك کەس پێیان وایە تایبەتییەو هی شاژنی وڵاتەو بەشی زۆریشیان لە سەنعەتەکانی ئاشوورەوە وەرگیراون.[44]

لە دوولاوە لەسەر گەنجینەی زێوە لێکۆڵینەوە کراوە، لە لایەك لەسەر بینای قەڵای زێوە کە شوێنی دانیشتنی خاوەنەکانی گەنجینە بووە، لە لایەکی دیکەوە لەسەر شتەکانی دیکەو خشڵەکانی کە لەوێ دۆزراونەتەوە. لە هەر دووبواردا مرۆڤایەتی چاوی بە یەکێك لە سەر سوورهێنەرترین دیاردەکانی سێهەزار ساڵ بەر لە زایین دەکەوێ.

لە بابەت بیناکەوە "زێوە" کۆیەکی پێکهاتووە لە حەوت بەش (لێرەدا دیسان لە ڕەقەمی حەوت کەڵکیان وەرگرتوە کە لە ئایینی کوردو ئاریایەکاندا ڕەقەمێکی پیرۆزەو لە تەواوی بیر و بۆچوونیاندا ئەو ڕەقەمە ئەرکانی یەکەم بە حیساب دێ، وەك حەوت فرشتە، حەوت ئاسمان، حەوت هەسارەو حەوت هەرێمو ...) نەفسی بیناکەی زێوەش حەوت قەڵای لەخۆ گرتووە کە هەموویان لە یەکتر جیاوازن و هەرکامیشیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

### ١ـ قەڵای یەکەم:

بە وتەی لێکۆڵەرەوەکانی قەڵا[45]، ئەو بەشە شوێنی عیبادەت و ئەو کەل و پەلەیە کە پێوەندییان بەم کارەوە هەیە، لە داوێنی تەپولکەیەك هەڵکەوتووەو خانووبەرەیەکی لەسەرە تا هەموو کەس دەستی وێڕابگا. ئەو بەشە بە تەواوی وێران نەکراوەو هێشتا چەند بەشێك لە دیوارەکانی ماوە.

### ٢ـ قەڵای دووهەم

لە لای ڕۆژهەڵاتی تەپۆلکەی زێوەیە و هێندێك لەسەرووی بورجی یەکەمە. ئەو بەشە شوێنی دانیشتن بووە و شوێنەواری لەسێ چیندا بەرچاو دەکەوێ. بیناکە لە بەردو خشت و

٤٣- محمد محمدلوی عباس، سەرەتای شەرەفنامە ل٧٧.

٤٤- ئێران، مادەکان، پارسیەکان و پارتییەکان ل ٣٢٥ بە دوا، نووسینی رۆمێن گیرشمەن.

٤٥- "رابێرت دایسۆن"و ئاندرێ گودارو رۆمێن گیرشمەنو ... لەم بابەتە زۆرتر دواون.

چیمەنتۆ سازکراوە. هۆدەکانی یەك لەنێو یەك دان و بۆیە کراون، بینایەك لەسەر سەکۆیەکی سێبەر بە شێوەیەکی جوانو سەنگ چن ساز کراوە کە بەشێکی ئێستاش ماوە، وا دەردەکەوێ کە بەرێوبەرایەتی نووسینگە بووبێ.[46] لەو هۆدانەدا قاب و قاچاغی زۆری کاشی (سەفالی) بەرچاو دەکەوێ و یەکێك لە هۆدەکانی پڕ بووە لە تیروکەوان و رەم و تیر یا پەیکانی مەفرەقی کە نموونەیان لە مووزەی ئێرانی دێرین لە تاران زۆرە.

رێگەی سەرەکی چوونە ژوور بۆ قەلایەك لەو بەشەدا بووە، حەڤدە پلیکانی بەردینی تا ئێستاش هەر لە شوێنی خۆیانن. شوێنەواری دەروازەیەکی گەورە کە نەخشی گیاو گوڵ و شکڵی هەندەسی لـێ هەڵقەندراوە هەرماوەتەوە. نووسەری سەردەمی بێخەبەری دەنووسێ: کاتێك پارچە قورسەکانی دەرگاکەیان لەژێر خاك دەردێنا، خۆم لەوێ بووم[47]، بە تایبەتی نەخشی دوو گوڵە لاولاو کە لەسەر دوو لینگەی دەرگا بە پێچەوانەی یەکتر هەڵقەندرا بوون، شاکارێك بوو.

توێژینەوە لەو دوو بەشەدا لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٢٩ی هەتاوی کراوە، لەو ساڵانەدا زۆر لەو هۆدانەی کە سپی کرابوونەوە دەرکەوتن و حەوزۆکێکی جوانی کە لە کاشی دروستکرابوو لەو شوێنە دۆزراوە کە بە شێوەیەکی جوان نەقاشی کرابوو. چەند پارچەیەکیان لەو کاشییە بۆ مووزەی ئێرانی دیرین لە تاران بەرێ کرد.

### ٣ـ قەلای سێهەم:

ئەو بەشە لەسەر گۆڕایی تەپۆڵکەی "زێوە" هەڵکەوتووەو بینایەکی زۆر سەرنج راکێشتر لە بینای یەکەمەو شکڵی چوار گۆشەیە. رەنگ کاری هۆدەکان برەویکی تایبەتی هەیەو شتەکانی نێو ئەو هودانە دەڵێی دەستی لـێ نەدراوەو تا رادەیەك وەك خۆی ماوەتەوە، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە مۆبڵ و کورسی و سەندەڵی تێدایە (کە لەچاو ئەو سەردەمە ئەم کەرەستانە سەیرن) بە گوێرەی نووسینی پرۆفیسۆر گودار[48] ئەو (قەنەفە) لە "زێوە" دۆزراونەوە رازاوەن و رووکێشێك لەعاج دەستە مەفرەقییەکانی داگرتووە. ئەو شتانەی لەسەریان هەڵقەندراون

٤٦- دەورانی بێخەبەری ل ٥٥.

٤٧- هەمان سەرچاوە لە لاپەڕی ٥٦ بە دواوە.

٤٨- شوێنەوارناسی ئێران نووسینی ئاندرێ گودار.



شارەزایەکی زۆری پێوە دیارەو ئاخری پایەکانیشی لەوێنەی سەری حەیوانێکە کە زیاتر وەك شێر دەچێ، سەرنج راکێش ئەوەیە کە سەنعەتکارانی گۆتی دروستیان کردون.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕە دان کە ئەو خانووبەرەیە شوێنی کاری کەسانی بەوەج و بەرپرسانی زۆر پایەبەرز بووە. لەو شتانەی لەوێ دۆزراوەتەوە پاشماوەی جەنازەیەکی زۆر کە لەو هۆدانە دابوون، وا وێدەچێ کە بە دوای رووداوێکی سروشتی وەك بوومەلەرزە وێران بووبێ‌و ئەو کەسانەی لەوێ بوونە دەرفەتیان نەبووە راکەن و لەژێر وێرانەکەیدا ماونەوە.

لە ریزی ئەو شتانەی باسمانکردن بە تایبەتی لوولەکێشی ئاوە لەو خانووەدا، کە ئەوە خۆی بەڵگەی پێشکەوتوویی شارستانیەتی زێدە گرینگی ئەوکاتی ئەو قەومانەیە کە ئەژدادی کوردەکانی ئەورۆن و هی ولاتی ماننایە کە لەو سەردەمەدا لە کەرەستەی ئاوا کەلکیان وەگرتووە.

### ٤ـ قەلای چوارەم:

ئەو بینایە لەسەر ترۆپکی "زێوە" دروستکراوە و هەر ئەوکات دەوری بە دیوارێکی تێکەلاو لە خشتی کاڵ و خشتی سوورو کاشی گیراوەو بەشێکی لە باشووری رۆژهەلات لـێ ماوەتەوە. دەردەکەوێ کە دیوارەکە بەکاشی رەنگاورەنگ رووکێش کراوە و دەروازەیەکی نەخش لـێ هەڵقەندراوی زۆر جوانی هەبووە کە دەورەکەی بە زەریفی و رێکی و هونەرێکی تایبەت کاشیکاری کرابوو کە بە بۆچوونی "پرۆفیسۆر گودار" دەرگای سەرەکی ئەو خانووە لە لوتکەی شاخ بووە.[49]

نووسەری کتێبی "سەردەمی بێخەبەری" کە بەهۆی ئەوەی زۆرینەی کات لە شوێنی توێژینەوەکە بووە دەڵێ: ئەو شوێنە دوو هۆڵی گەورەی تێدابووە کە ئەو بەشانەی دۆزراونەتەوە مرۆڤ بە چاوپێکەوتنیان سەری سوور دەمێنێ، بە داخەوە ئێستاش روون نەبۆتەوە ئەو دوو هۆڵە جوانەیان بۆ وێران کردوە. وەك دەگێڕنەوە یەکەم کەس کە یەکەم قولێنگی بۆ وێرانکردن لە دیواری هۆڵەکان داوە کەسێك بە ناوی "عبداللە اویسی" بووە کە خۆی بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و نوێنەری شوێنەوارناسی ئەوکاتی سەقز بووە.[50] خانمی "ئیدیت پرادا" کە خۆی لەو شوێنەوارناسە

٤٩- گەنجینەی زێڕی "زێوە" لە کوردستان، نووسینی پرۆفیسۆر ئاندرێ گودار.

٥٠- نووسەری کتێبی "سەردەمی بێخەبەری" کە بۆخۆی لە وردە مالکەکانی گوندی "زێوە"یەو لەهێندێك هەڵس‌وکەوتی ئەوێدا دەستی بووە لەو کتێبەیدا کە نووسیویەتی خوێنەر وا لـێدەکا زیاتر ورد بێتەوە، بەتایبەتی کەڵکی لە وشەگەلێکی مۆدی رۆژ وەرگرتووە کە زیاتر مرۆڤ تووشی لارێی دەکاو لەزمانی کرێکارێکەوە کە نێوی

تێکۆشەرانە بووە کە ئاگاداری وەزعی گەنجینەی "زێوە" بووە، ئاماژە بەو هۆدانە دەکا کە تا ئیمڕۆ چی وایان لـێ نەماوە. جگە لەو هۆدانە هەیوانێکی زۆر جوان لەو بەشە دابووە کە ١٢ کۆڵەکەی هەبووە کە ئێستا تەنیا دوویان ماون و چەند دالاّن و هۆدەی زۆریشی تێدا بووە، بە تایبەتی لولەکێشی ئاوێ لە بەرزایی ١٨٣٥ میتری کێوی "زێوە" کە شوێنی عەمباری ئاوەکەی و فەوارەکانی ئێستاش هەر ماون، هەموویان دیاردەی سەرنج ڕاکێش و پێشکەوتووی فەرهەنگ و مەدەنیەتی ماناو خەڵکی ئەو مەڵبەندەن. چەند وێنەیەك لەو فەوارانە لە کتێبەکانی جۆراوجۆری شوێنەوارناسیدا چاپکراون.[51]

## ٥- قەڵای پێنجەم:

ئەمەش بریتییە لە شوێنی عیبادەت و موغبەرەیەك کە هەر لە زێوە دایەو بیناکەی لە شوێنێکی لێژی کێوەکە دروستکراوە و دەورەکەیان بە دیوارێکی خشتی سووری زۆر ساف گرتووە. ئەو خشتانە زۆر بوون و لە زۆربەی ماڵە دێهاتییەکانی دەوروبەر یەك دوو دانە لەو خشتانەی لـێ بوو کە بۆ ژێر سەماوەرو ... کەڵکیان لـێ وەردەگرت. بە گوێرەی نووسراوی کتێبی "سەردەمی بێخەبەری" خوالێخۆشبوو حەسەنی فەیزبەگی کە مالیکی یەکێك لە

اسد الله یە قسەگەلێك دەگێڕێتەوە کە بنی ئادەم وا بیر دەکاتەوە ئەو کابرایە هەمەکارە بووە و هەرچی ویستوویەتی و خۆشی دەستی دەگەڵ سەهیونیستەکان تێکەڵ بووە و لە پرۆفیسۆر گریشمەن ڕا بگرە تا اسد الله کە کارگەر بووە و بەرپرسی ئیدارەی شوێنەوار ناسیو... هەموویان دێنێتە ژێر پرسیارو بوختانیان پێدەکا. نووسراوەکانی زیاتر وەك حیکایەت و دەنگۆ بڵاوکردنەوە دەچێ، هەتا ئاخری فەسڵی گەنجینەی "زێوە" هەوڵدەدا ئاماژەیان پێبکا. بۆنموونە دەنووسێ: پرۆفیسۆر گودار لە کتێبەکەیدا باسێکی پیلانگێڕانە دێنێتە گۆڕێ و لەمەڕ هۆڵەکان و کاری اسدالله بێدەنگە (لاپەڕی ٦٩ی سەردەمی بێخەبەری) یا ئاغای عبدالله اویسی بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و نوێنەری شوێنەوارناسی سەقز، بە هەموو هێزی خۆی قولێنگی لە دیوار داو ئەو شاکارەی تێکرووخاند.(ل٦٩) گەلۆ، هەرچەند نووسەری کتێب ناتوانێ وتەکانی نووسەری "سەردەمی بێخەبەری" قبووڵ بکا بەڵام تەنیا بۆ قەزاوەتی خوێنەری بەڕێز و ئاگاداری لە بیرو بۆچوونی هێندێك کەس کە بە عەمد یا بە ئاگادارییەوە دەبنە هۆی بەدنێو کردنی هێندێك کەس کە زەحمەتیان کێشاوە، یا هێندێك جار تووشی بۆچوونی ناڕەوا لەسەر قەومێك دەبن، دەستم دا نووسینی ئەو چەند رستەئاماژەم پێکرد.

٥١- کتێبەکانی پرۆفیسۆر رۆمێن گیرشمەن، کتێبی شازادەکانی سەکائی لە "زێوە"، دەورانی بێخەبەری نووسینی رەشید کەیخوسرەوی، گەنجینەی زێڕی "زێوە" نووسینی ئەندرێ گودار، باسێکی درێژی لەم بوارەدا چاپو بڵاو کردۆتەوە.



گوندەکانی نیزیك وێ ناسراو بە "بالاّقولوو" بووە، زۆری لەو خشتە سوورانە بە عاربانە هێناوەتە گوندەکەی و لە حەوشەدا حەوزی پێ ساز کردوە.[52]

ئەو قەبرانە لەوێ دۆزراونەوە بە کەم و زیادەوە باسیان لـێ کراوە بەڵام ئەوەی روونە لانی کەم ٦٥ گڵکۆ لەوێ دیارن. حەوت کووپەی زۆر گەورەش کە پڕ لە ئێسك و پروسکی حەیوان و دانەوێڵە بووە، لەنێو موغبەرەکەدا دۆزراونەتەوە. گریشمەن دەنووسێ: چوار دەرزیلەی زێڕینی سادەو چوار قفڵ کە ئەوانیش هەر زێڕن لە نێو هەشت گۆڕدا دۆزراوەتەوە. هەروەها حەوت مجری مەفرەقی کە رووکەشەکەیان ئاوەزێر کرابوو و پڕبوون لە جەواهێراتی زێڕینی وەك زین و یەراقی ئەسپ کە زۆر جوان و رازاوە بوون لەو شتانە بوون کە لەم گۆڕستانەدا دۆزرابوونەوە. نووسراوەیەك لە یەکێك لەو مجریانەدا بووە کە ئێستا لە مووزەی بەناوبانگی "لووڤر"ی پاریسە، لەو نووسراوەدا وێڕای باس لەسەر چلۆنایەتی گرتنی قەڵای "کەرەفتوو"[53] تێیدا نووسراوە "بەهەزار زەحمەت توانیمان قەڵای کەرەفتوو بگرین. ئیزیبیە."

مجریەکانی دیکەش چەند تۆپ پارچە و چەند پارچە عەقیقی وردو درشتی عابیڕەنگ و هەیکەلێکی هەڵۆی زێڕینی تێدابوو کە لە مووزەخانەی ئێرانی دێرین لە تاران داندرابوون.

## ٦ـ قەڵای شەشەم:

ئەو قەڵایە کە ئاورگە بووە، لە رۆژئاوای خانووەکانی "زێوە"و لە نیزیك سەرچاوەی رۆژئاوا هەڵکەوتووە. هێندێك لە ئاسەواری ئەو خانوانە ماونەتەوە کە دەورەکەی بە دیوارێك لە خشتی سوور گیراوە و نێوی خشتەکانیش بە مەلاتێکی زۆر سەخت پڕکراوەتەوە. هەموو دیوارەکان کونگرەیان لەسەر بووە کە نموونەیان لە مووزەی ئێرانی دێریندا هەیە. خۆڵێکی سوور دەوروبەری ئەو بەشەی داپۆشیوە، هەر ئەو خۆڵەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئاتەشگا لەو شوێنە بووە. هێندێك کەسیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو شوێنە کوورەی خشتە بووبێ.

٥٢- سەردەمی بێخەبەری، رەشید کەیخوسرەوی ل ٧١.

٥٣- ئەو قەڵایە کە لە پەنا ئەشکەوتێك کە نێوی "کەرەفتوو"ەو لە دەوروبەری سەقزە هەڵکەوتووە. ئەوە خۆی یەکێك لە شوێنەوارەکانی دنیای کۆنە کە نووسەری ئەم کتێبە چاوپێکەوتنی خۆی لەم شوێنە لەکتێبی ناوچەناسی کوردستانی موکری کە لە ژێر سەردێری "توێژینەوەی وەزعی سروشتی و ئابووری و ئینسانیی کوردستان" نووسیوەو لە چاپی داوەو بڵاوی کردۆتەوە.

### ٧ـ قەڵای حەوتەم

ئەو بەشە دیوارێکی سەرەکییە کە دەورادەوری کێوی "زێوە"و دامەزراوەکانی ئەوێی گرتووە و هێندێك لە ئاسەواریشی ماوە. یەکێك لە پیرەمێردەکانی خەڵکی ئەوێ لە زمان باوکیەوە دەیگێڕاوە کە بەرزایی ئەو دیوارە تابەینی ١٢٠ تا ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر میترێك بووە و بە گوێرەی وتەی ئەوانەی خۆیان دیویانە، زەنگێکی گەورەی بە قەدرایە بەرمیلێك (بۆشکەیەك) کە جنسەکەی لە مەفرەق بووە و زەنگوڵەی چکۆلە چکۆلەشی[٥٤] بە دەورەوە هەڵاوەسراوە لە پەنای ئەو دیوارە بووە.

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە هەتا ئێستا بە شێوەی زانستی توێژینەوە لەسەر ئەو سامانە نەتەوەییە پڕ بایەخە بەو شێوەی کە شیاوی خۆیەتی نەکراوە. جگە لە یەك دوو جار کاری ڕەمەکی لەسەر ئەو جێگایە کارێکی ئەوتۆ نەکراوە و بە قەزاو قەدەر سپێردراوە کە دەیتوانی شوێنی چاوپێکەوتنی توریست و سەییاحان بێ و سەرچاوەیەکیش بێ بۆ داهاتی نەتەوەیی.

سەرەڕای ئەو باسە درێژەی لەسەر قەڵای "زێوە" کردمان، دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە ئەو شوێنەو شاری دێرین و کۆنی "زیبییە یا ئیزیبیە" کە لە کەتیبەکانی سارگۆنی دووهەمدا ئاماژەی پێکراوە هەر بەیەك شوێن دەزانن. سارگۆن لەو کەتیبەدا دەڵێ: "ئیزیرتو" پێتەختی وڵاتی ماننام ئاور تێبەردا و شارەکانی "زیبییەو ئامایید"یشم گرت و ئاگرم دان.[٥٥]

ئەو شتانەی کە لەو قەڵایەی ماننایی دەست کەوتوون هەموو دەستکردی وەستاکارەکانی ئاشووری، سەکائی، ئۆرارتۆئی و ماننایین، بە تایبەتی سینەبەندی گەورەی زێڕین بە دووریز وێنەی حەیواناتی ئەفسانەییو ... هەروەها گەردن بەندی عالەقە عالەقەو زین و بەرگی ڕازاوە بە زێڕو زەنبەر، هەموو لە شوێنەواری هەبوو لەو وڵاتە وەرگیراون.[٥٦] پرۆفیسۆر گیرشمەنیش وێڕای باس لەسەر ئەو شتانەی لە زێوە دۆزراونەتەوە، لەگەڵ دابەشکردنی بەشە جیاوازەکانی[٥٧] لەمەڕ قەڵای "زێوە"و قەومێکی ئەوێی بنیات ناوە، وەك هێندێك لە لێکۆڵەرەوەکان کە قسەی جۆراجۆری لەسەر دەکەن و بۆچوونی لێك جیاوازیان هەیە، ئەو شوێنە بە جێگەی یەکێك لە

٥٤- دەورانی بێخەبەری لە ڕەشید کەیخوسرەوی.

٥٥- لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران ل ٢١٥ وەرگیراوە.

٥٦- میراتی کۆنی ئێران، نووسینی ریچارد، فرای ل١٠٤.

٥٧- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام ل١٠٩.



شازادەکانی سەکایی خاوەن دەسەڵات دەزانێ.[٥٨] "ئەندرێ گۆدار" ئەو گەنجینە بە شت گەلێکی عەنتیکە لە قەڵەم دەدا کە بەهۆی یەکێك لە شازادە یا دەسەڵاتدارەکانی ماننایی کۆ کراوەتەوەو بە دوای هێرشی دوژمن لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین لەم شوێنە حاشار دراون[٥٩] کە دیارە ئەو بۆچوونە ناتوانێ ڕاست بێ، چونکو ئەو شتوومەکە لە شوێنێك نەشێردراونەتەوە و ژێرخاك نەکراون، بەڵکو بە شێوەیەکی بڵاو و هەرشتە لە شوێنێك دیتراوەتەوە، هەر ئەو قەڵا گەورەش ناشاردرێتەوە. گودار هەروەها دەنووسێ کە دەسەڵاتداری قەڵای "زێوە" فەرمانبەرداری دەسەڵاتی ماد بووە، کەچی ئێمە ئەوکات دەوڵەتێکی ئەوتۆ بە دەسەڵاتی مادمان نەبووە، کە لە ناوەندی ماننا حاکم نشینی هەبووبێ.[٦٠] بەڵام خانمی "ئیدات پرادا" دەڵێ: ئەو قەڵایە لە لایەن ماننایەکانەوە سازکراوە و گومانی بۆ ئەوە دەچێ کە سەکایەکان ئەوێیان وێران کردبێ.[٦١] "ڕابێرت دایسۆن و کرافۆرد"یش کە بۆخۆیان لەم شوێنە خەریکی توێژینەوە بوون (١٩٦٤ی زایینی) لەسەر ئەو باوەڕەن کە "سەکایەکان" کە تاڵانچیو بێڕەوش و تەرتیب بوون بوونەتە هۆی وێرانیی ئەم قەڵایە.[٦٢] بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە بە بڕوای نووسەر بۆچوونی "ئیدات پرادا" زیاتر لەهی ئەوانیتر لەگەڵ لۆجیکە و عەقڵ دەگونجێ، جگە لەوەش لەسەر وێران بوونی قەڵای زێوە دەبێ ڕوودانی بەڵا سروشتییەکانی وەك بومەلەرزەش بخەینە بەرچاو کە زیاتر لە شتی دیکە وەڕاست دەچێ، چونکو ئەگەر ئەو قەڵایە لە ئاکامی هێرشی دوژمندا وێران بکرایە شوێنە گرینگ و تایبەتییەکان لەناو دەچوون، هەروەها ئەگەر وابوایە شتە بەنرخ و پڕبایەخەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کاتێك سارگۆنی دووهەم دەستی دایە هەشتەمین لەشکرکێشی خۆی، هەرچی بەکاری دەهات و بایخێکی هەبوو لە دانەوێڵە و مەڕو ماڵات و تەنانەت کۆڵەکەکانی بنیاکانیش لەگەڵ خۆی بۆ ئاشوور برد، ئەی چۆن قەڵایەکی وەك "زێوە" کەوتبێتە

٥٨- هونەری ئێران لە سەردەمی مادو هەخامەنشی لە ٩٩.

٥٩- هونەری ئێرانی کۆن ل١٠٤.

٦٠- هونەری ئێرانی کۆن ل ١٠٤ کە ئەویش لە ل ١١٧ی کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران وەریگرتووە.

٦١- هەمان سەرچاوە ل١٧٢.

٦٢- هەمان سەرچاوە ل ١٧٣.

دەست دوژمن و ئەو هەموو شتە پڕبایەخەو بەنرخە هەر ئاوا مابێتەوەو لەگەڵ خۆیان نەیان بردبێ، یا ئەو تەرمانەی لەوێ بوون هەروا لە دیوەکان کەوتوونو نەشێردراونەتەوە، دیارە ئەگەر مردوو بە شێوەی ئاسایی مردبێ، تەرمەکەی بە پێی دابونەریتی وەخت دەنێژرێ، ئەویش نە لە وەتاغ داو چەند مردوو لە یەك شوێن و بێ سەرەوبەرە، بەڵکو لە شوێنێکی تایبەتی جێی ناشتنی مردوان لە تابوت یا شتێکی دیکەدا دەپێچرانەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەهۆی دوژمن بکوژرانایە دەبوو جێبرینی شیرو خەنجەر یا تیروکەمان لەسەر بەدەنیان یا لەسەر جەستەیان دیاربووایە. تەرمی مردوویەك لەخەوداو لەنێو پێخەف دا چۆن دەتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین؟ ئایا ئەو کەسانە، ژن و مێرد لەو هات و هاوارەدا وەخەبەر نەهاتوون؟ بەڵکو بتوانن هەڵێن دەرباز بن. کەوابوو گومانی وێچوو لەسەر هاتنی بوومەلەرزەیەك دیوار و میچەکانی وێران کردوە و لەگەڵ زەوی تەختی کردوە و دوایەش تۆزو خۆڵ دای پۆشیوەو مەودای هەڵاتنو خۆ دەربازکردنی بە دانیشتوانی قەڵاکە نەداوە و بێ ئەوەی مەودایەك بدا کوشتوونی، بە شێوەیەك کە بە وتەی لێکۆڵەرەوان "هێندێك لە مردووەکان هەوڵیانداوە بێنەدەر، بەڵام هاتنە خوارێ ئاوارو وێران بوون مۆڵەتی پێنەداون.

"رۆمێن گریشمەن" زۆر تێکۆشاوە ئەوە بسەلمێنێ کە قەڵاکە هی سەکایەکان بووەو ئەوەی ماوەیشەتەوە هەر هی ئەوانە،[٦٣] بەڵام لە روانگەی نوسەرەوە، هەرچەند هێندێك ئاسەواری هونەری سەکایەکان لەم قەڵایەدا هەن بەڵام ئەوە تەنیا ئاسەوارێکی کەمە، چونکو سەکایەکان ئەوەندەیان دەرفەت نەبووە قەڵاو دام و دەزگایەکی ئاوا سازکەن و شوێنەوارێکی ئاوا بخولقێنن. ئاخر بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژوویییەکان، سەکاکان تەنیا ٢٨ ساڵ لە ئاسیادا دەسەڵاتدارییان کردووە و دوایە هەر بەو توندیەی کە هاتبوون ئاواش لەناو چوون، ئەو ئاسەوارە هونەرییەی لێشیان ماوەتەوە زیاتر هی خەڵکە وەریان گرتووە و بە دەستی خەڵکیتر یا ئەو کەسانەی دواتر لەم شوێنە نیشتەجێ بوون دروست کراون، لەوەها بارودۆخێکدا سەکایەکان نەیاندەتوانی ببنە خاوەنی ئەو قەڵاو بورجانە. دیسانیش بە وتەی "لووئی واند بنێرگ" هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی لەم بوارە داو لەسەر لاساکردنەوەی هونەری ئەو قەومانە لەیەکتر بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆمان دەربڕین.[٦٤]

---

٦٣- هونەری ئێران لە دەورەی مادو هەخامەنشی ل ٩٩.

٦٤- شوێنەواری ناسی ئێرانی کۆن ل ١١٣.



بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەو قەڵایە هیماننایەکانەو ئەگەر بەڵگەو شتی نوێتر دەست کەوێ و بدۆزرێتەوە ئەو مەسەلە بە تەواوی روون دەبێتەوە، چونکو ئەو شوێنەوارانەی لە ماننایەکان جێماون ئەو راستییە ئاشکرا دەکەن، هەروەك بە وتەی "دیاکۆنۆف" ئەو شوێنەوارانەی لە "زێوە" دەست کەوتوون بەشی زۆریان دەستکردی سەنعەتکارانی خۆماڵیو خەڵکی ئەو ناوچەی کوردستانن، کاتێك لەگەڵ کەلو پەلی دەستکەوتوو لە رۆژئاوای ماننا پێکەوە هەڵیان سەنگێنین ئەم بۆچوونە زیاتر روون دەبێتەوە.

دیاکۆنۆف دەڵێ: "سەرچاوەی هەموو ئەو کەلوپەلە هونەرییانەی گەنجینەی سەقز هەر ناوچەی سەقزە و کاری هونەری دانیشتوانی سەرەکی زنجیرە شاخی زاگرۆس و بە تایبەتی هی مەڵبەندی ماننایە.[٦٥] ئەوە قسەیەکی زۆر بەجێیە و بۆ سەلماندنیشی هەر ئەوەندە بەسە کە زەین بدەینە جامی زێڕینی تەپۆڵکەی "حەسەنلوو"و باقی ئەو شتانەی لەوێ دۆزراونەتەوە، چونکو بۆچوونی هەموو لێکۆڵەرەوەکان لێرەدا ئەوەیە کە قەڵاکە و کەلوپەلی دەستکەوتوو هی ماننایەکان بووە.

نوقسانی لێکۆڵینەوەی هێندێك کەس لەوەدایە کە کاتێك لەسەر شتێك موتاڵا دەکەن تەنیا ئەو بابەتە دەبینن و لە لایەنەکانی دیکە غافڵن. بۆ نموونە یەکێك دەخوازێ لەسەر مادەکان لێکۆڵینەوە بکا یا بابەتێك لەسەر شوێنێك و خاکێك بنووسێ، هەر نووسراوە و کتێبێك لەو بابەتەوە دوابێ، نووسراوەکانی دەردێنێ و بەو بابەتە یا بەو شوێنەوارەی دەلکێنێ، بێ ئەوەی دووری و نیزیکی شوێنەکە یا پێشینە و رابردووی ئەو مەسەلە و بابەتەو بە تایبەتی خەڵکی ئەو خاکەو چلۆنایەتی پێوەندییان لەگەڵ قەومەکان و دەوروبەریان بەرچاو بگرێ. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە کە تاقمێك هەوڵیانداوە گەنجینەی "زێوە" بە هی مادەکان لەقەڵەم بدەن، وەك "ئار.ئو.بارنێت R.O.Barnettt" مووزەداری بریتانیایی لە لەندەن کە دەنووسێ: ئەوەی لە "زێوە" دەستکەوتووە، دەبێ وەك تایبەتمەندی هونەریی مادەکان چاولێبکری![٦٦] و یا "لووئی واندنبێرگ" کە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بێنێتەوە بە هی مادەکانی دەناسێنێ.[٦٧] جا بۆ ئاوا دەڕواننە بابەتەکە؟ هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئاسەوارە لە خاکێك دابووە کە مادەکان لەوێدا

---

٦٥- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف ل ٣٠٧و ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران دا.

٦٦- هونەری ئێرانی باستان ل ١٨٩.

٦٧- دێرینەناسی ئێرانی کۆن لاپەڕەکانی ٣٥و ١٣٤.

نیشتەجێ بوون و دیارە ئێمەش مادەکان لە تیرەکانی قەومەکانی "میزوپۆتامیا یا مەنزوومەی زاگرۆس" دەزانین و بە تایبەتی ئەوان لە تیرەکانی لیلویی و گۆتی، یا کورد دەناسین، بەڵام نابێ ئەوان بە شێوەیەکی ساکارو جیا لە ریشەی سەرەکی نەتەوەییان بێنینە بەرتوێژینەوە. ئەوەش راستییەکی ئاشکرایە کە هۆی پێوەندی ئەو قەومانە و شارستانیەتیان لەگەڵ قەومەکانی دیکەی رۆژهەڵات مادەکان بوون.

## تەپۆڵکەی "حەسەنلوو Hasan-lou"

لە شوێنەوارەکانی دیکەی سەردەمی "موکری =ماننا" کە لەسەردەمی دێرین ماونەتەوە، ئەو شوێنەوارانەن کە لە تەپۆڵکەی "حەسەنلوو" دۆزراونەتەوە. ئەو شوێنە لە دەکیلۆمیتری باکووری رۆژهەڵاتی نەغەدە و باشووری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لە پەنای گوندێك بە نێوی "حەسەنلوو" هەڵکەوتووە، هەر لەبەر ئەوەش بەتەپۆڵکەی "حەسەنلوو" نێودێر کراوە. رووباری "گادەر" کە هێندێك بە هەڵە دەنووسن "گودار" بە قەراخ ئەو تەپۆڵکەدا دەڕوا.[68]

ئەوەی بە رواڵەت دیارە، بۆمان دەردەخا کە ئەو شوێنە شارێك بووە کە تەپۆڵکەی "حەسەنلوو" لەنێوەڕاستی شارەکەدا بووە و چەند تەپۆڵکەی دیکەش کە لە دەوری ئەو هەڵکەوتبوون و شوێنەواریان دیارە باقی شارەکەیان پێکهێناوە کە وەك قەڵا بوونە. چونکو یەکێك لە قەڵا هەرە ناسراوەکانی ئەو دەوەرە "قەڵای دم دم" بووە کە هەر لەو شێوە بووەو، قەڵای ناوەندی دوایین پەناگەی خەڵکی شار لەکاتی هێرشی دوژمندا بووە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی بە دوای ئەوەیدا کە کارمەندێکی دایرەی دوخانییەی ورمێ کە بۆ چاوپێکەوتنی مووچە و مەزرای توتنەوانانی ئەو ناوچەیە چوو بوو، وێڕای گفتوگۆ دەگەڵیان، لـێیان دەبیسێ کە شوێنێکی ئاوا هەیە، ئەویش کە لە بایەخو گرینگی ئەو شوێنە حاڵی دەبێ، ئیزن لەوەزارەتی فەرهەنگ کە ئەوکات شوێنەوارناسیشی لەژێر چاوەدێری دابووە وەردەگرێ و خەریکی توێژینەوە دەبێو هێندێك شتیش دەدۆزێتەوە. دوو ساڵ دواتر "سراورل ئیستین"ی ئینگلیزیش بە دوای لێکۆڵینەوە لەو شوێنە هێندێك شت دەدۆزێتەوە. لە ساڵەکانی "١٣٢٦ ـ ١٣٢٨ی هەتاوی)دا محمودیراد لەگەڵ کەسێکیتر بە ناوی

٦٨- ئەو رووبارە لە شوێنێکە کە "گادەر"ی پێدەگوترێ، بەڵام لە ئەسڵی خۆیدا Ga-drr بە مانای گاکوژە هەروەك لە سەرەوە باسمانکرد لە هێندێك کتێبدا بە هەڵە "گودار"یان نووسیوە.



"علی حاکمی" بۆ جارێکیتر خەریکی توێژینەوەی ئەو شوێنە دەبێ[69] و ئاخریەکەی لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا لیژنەیەکی هاوبەشی ئێرانیو ئەمریکایی بە سەرۆکایەتیی "رابێرت دایسۆن" مامۆستای زانستگەی پەنسیلوانیای ئەمریکا، دەستبەکار دەبن کە ئاکامی زەحمەتی ئەوان لە شێوەی ئێستای تەپۆڵکەی "حەسەنلوو" دا خۆ دەبینێتەوە.[70]

چلۆنایەتی بینای تەپۆڵکەی "حەسەنلوو" بەم شێوەیە کە لە ژێرەوە ئاماژەی پێدەکەین:

لەنێو قەڵاکەدا حەوشەیەکی ٣٠×٢٠ میتر سازکراوە کە خانووەکان لە دەورادەوری ئەودان. لە لای باکووری ئەو حەوشە بینایەك هەڵکەوتووە کە دەرکەوتووە شوێنی ژیانی ژنان بووە، چونکو زۆری قوتوولەی تایبەتی خۆجوان کردنی ژنان، کلچۆك و کلدانی لە ئێسك سازکراوی لـێ دۆزراوەتەوە. لە یەکێك لە هۆدەکانی ئەو خانوەش ئێسکبەندی ١١ ژن و منداڵ دۆزراوەتەوە کە بە شێوەیەکی نارێك و پێك مابوونەوەو یەکێك لەوان دەستی خۆی بۆ ئێسکوپروسکی منداڵێك درێژ کردبوو، لەسەر ئەو باوەڕەن کە دایکێك بووەو ویستوویە منداڵەکەی دەباوەش بگرێ. لە هۆدەیەکی دیکەدا جەندەکی ژن و پیاوێك دۆزراوەتەوە کە وادەنوێنێ پێش رووداوەکە لە خەودابوون.[71] هەر بەم شێوە ئێسك و پرووسکی هێندێك بنیئادەم و حەیوان لە بڕێك شوێنی دیکەی قەڵاکە دۆزراونەتەوە. خاتوو "ئیدات پرادا" رادەی ئێسکبەندییە دەستکەوتووەکانی قەڵای چل دانە نووسیوە. ئەو مەسەلە نیشان دەدا کە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بەسەر ئەو قەڵایەدا هاتووەو هەموو شتی لەناو بردووە و تۆزی رۆژگاریشی لـێ نیشتووە. گومانی ئەوەی لـێ دەکرێ کە لە ئاکامی ئاگر تێبەربووندا وای بەسەر هاتبێ، گویا کاتی ئەو ئاورتێبەردانەش لەنێوان ساڵەکانی ٨١٥و ٧٩٠ی بەر لەزایین

٦٩- ئەو دوو کەسە ئاکامی کاری خۆیان لە گۆڤاری راپۆرتەکانی باستان ناسی (دێرینناسیدا لە ساڵی ١٣٢٩ دا) چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

٧٠- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەپۆڵکەی "حەسەنلوو" لە گۆڤاری "هونەرو گەل" ژمارە ١٦٣ لاپەڕەکانی ٥٣ـ٣٣ و باستانشناسی ئێران لاپەڕەکانی ٢٨و ٢٧و هەروەها شوێنەواری باستانیو بیناکانی ئازەربایجان، نووسینی احمد دیباج لاپەڕەکانی ٧ ـ ١٦و کاسەی زێڕینی سێهەزار ساڵە لە حەسەنلوو، نووسینی سید محمد تقی مصطفوی لە گۆڤاری نەخشو نیگاردا لاپەڕەکانی ٥ ـ ٤٤، هەروەها کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا لە نووسینی دۆستی زانام رەحیم رەئیس نیا کە بۆخۆشم کەڵکم لـێ وەرگرتووە، بڕوانن.

٧١- هونەری ئێرانی دێرین، ل ١٥٤ رابێرت دایسۆن.

بووه[٧٢]، کارەکەش بەهۆی سەربازەکانی "ئۆرارتوئی"[٧٣] یا ئاشووری ئەنجامدراوە. لە لای باشووری حەوشەکە چەند بینایەك هەن، لە ریزی ئەواندا هۆلێکی گەورەش هەیە کە چەند هۆدەی بەسەرەوەیە. توێژەرەوان دەڵێن ئەو هۆڵە پەرستگە بووە و چەند کۆڵەکەی داریشی هەبووە. درێژایی ئەو هۆڵەیان ٢٤/٣٠ میترو پانایییەکەیان ١٨/٥میتر بەرئاورد کردوە، گرینگتر لەوەش میچە دارینەکەیەتی کە حەوت میتر بڵێند بووە. چەند سەکۆو چەند ئاتەشگاو جێگەی تایبەتی بۆ رێورەسمی ئایینی و ئەنباری چەكو چۆلی هەبووە کە گەلێکی شمشێر و سەرەرمی ئاسن و ئەو جۆرە کەل و پەلە تێدابووە.

لای رۆژئاوای حەوشەکە لە روانگەی دێریننناسییەوە گرینگترین شوێن بوو، چونکو کاسە زێرینە نایاب و زۆر بەنرخەکەی لە یەکێك لە پازدە هۆدەکەی ئەو بەشە دۆزراوەتەوە. ئەو جامە کەهی ماننایییەکان بووە،٢١ سانتیمیتر بەرزایی بووە، دەوری زارکەکەی ٦٠ سانتیمیترو گرانایی ٥٩٠ گرام زێری نایابو خالسە.[٧٤] "ئیندرێ گودار"ی فەرانسەوی لەسەر ئەو جامە نووسیویەتی: "زۆر عالی و سەرسوورهێنەرە و بە زۆر دیمەنی ئەفسانەیی رازاوەتەوەو پرپرە لە لەتافەت و جوانی هونەری جۆراوجۆرو بێوێنە."[٧٥]

گۆڤاری لایفی ئەمریکا دوای وتووێژێك کە لەگەڵ"رابێرت دایسۆن"ی سەرۆکی لێژنەی توێژینەوەی هاوبەشی ئێران و ئەمریکا کردی لەژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٥٩ی زایینی لە راپۆرتێکی وێنەداردا کە لەژێر سەردێری "لە نهێنییەکانی جامی زێریندا فەرهەنگێکی نادیار دەرکەوت" نووسیویەتی:

"ئەو بایانەی لە ماوەی ٢٨٠٠ ساڵدا دەهاتن و هەموو دەشتایی ویشکی باکووری رۆژئاوای ئێرانی دەگرتەوە، بارستایی ئەو خاك و خۆڵەی زیاتر ئەستوورتر دەکرد کە کاسەی زێرینی لە دڵی خۆیدا حەشار دابوو... تا چەند مانگ لەمەوپێش هەیئەتی هاوبەشی زانایانی

٧٢- مادییەکان و پارسییەکان نووسینی کالیکان، لاپەڕەکانی ٣١ ـ ٣٠.

٧٣- لەبەر ئەوەی ئەو رێکەوتە لەگەڵ سەردەمی حکوومەتی "ئیشپوئینی"و "مینوئای" کوڕی لە ئورارتو هاوکاتەو لەگەڵ کاتی هێرشی ئەوان بۆ ماننا یەك دەگرێتەوە، ئەو ئاورتێبەردانە بە کاری ئەوان دەزانێ.

٧٤- گۆڤاری وێنەداری هەواڵەکانی لەندەن Illustrated London News، ژمارە ٢٧ ساڵی ١٩٥٨ی میلادی.

٧٥- هونەری ئێرانی باستان (دێرین) ل ١٥٤.



ئێرانی و ئەمریکایی، یەکێك لە گەورەترین دۆزینەوەکانی دێرینەناسیان بەئەنجام گەیاند، ئەوەتا لە رووی ئەو دیمەنە ئەفسانەیانەی کە لەسەر کاسەیەکی زێڕین نەخشاون دەتوانین لەسەر ئەو خەڵکانەی دروستیان کردوە زانیاری وەدەست بێنین و لەژیان و بیرو باوەڕیان بگەین."[٧٦]

ئەو کاسە لەگەڵ جەندەکی سێ‌سەرباز هێنراونەتە دەر کە وادەنوێنێ ئەو سەربازانە ویستوویانە ئەو جامەی لە سووتان لەنێو ئاگردا رزگار کەن. وا وێدەچێ کە سەربازەکان بۆ بەخاوەن کردنی جامەکە ئاوقەی یەکتر بووبن‌و بەشەڕ هاتبن، چونکو یەکێك لەوان بە شێوەیەك کەوتۆتە سەرخاك کە خەنجەرێکی لە پشت چەقیوەو کاسەکەشی لە مشتی گرتووە.[٧٧]

لەسەر نەخش و نیگاری سەر ئەو جامە "**غلامري معصومي**" لەو بڕوایە دایە کە لە حیکایەتە کۆنەکانی فارسی وەك "مهر فراخ دشت" کە سواری عارەبانە دەبێ و لەگەڵ هاوڕێیەکان دەچێتە شەڕی دوژمن، یا سەرکەوتنی فەرەیدوونی پێشدادی بەسەر زوحاکی ماردووش" ئیلهامیان وەرگرتووە. بەڵام "ئیدات پرادا" پێی وایە بۆ سازکردنی ئەو نەخش‌و نیگارانە لە حەماسەی "هۆریانییەکان" ئیلهام وەرگیراوە کە لەودا خەڵکانێك لە قەوقاز ڕا هاتبوونە ئاسیای نیزیك و لە هەزارەی سێی پێش زایین لەبێن النهرین و سووریەو فەلەستین ژیابوون، دوایە بەرەو رۆژئاواو بۆلای دەریاچەی ورمێ هاتوونەو لەوێ بە "ماتی ئێن" ناسراون و قارەمانی ئەوان بە "کۆماری بی" نێودێر کرابوو. هەروەها دەڵێ کە هێندێك شکڵی وەك پێشکەش کردنی منداڵ بە باوك شەڕ لەگەڵ نمای چیایەك (کە نیوەی سەرەوە بنی ئادەمەو خوارەوەشی لە نەخشی کێوێکدا خۆی دەبینێتەوە کە دەوری داوە)و ... لەگەڵ ئەو حەماسە یەك دەگرێتەوە.[٧٨]

"گیرشمەن" ئەو جامەی بە دەسکردی هۆزانوانانی خۆماڵی ماننا دەزانێ کە نەخشەکانی هی رێورەسمی ئایینی و هێندێك شتیترن کە زۆر لەو ئاسەوارانە دەچن کە لە ناوچەکانی نێوان "ئەناتۆلی یا ئەنادۆڵ"ی رۆژهەڵات و سووریەی باکوور تا کێوەکانی زاگرۆس واتە ئەو خاکەی کە بە وتەی مینۆرسکی هەر لە ئەزەلەوە نیشتمانی کوردان بووە دۆزراونەتەوە و هی ئاخریەکانی هەزارەی دووهەم تا هەزارەی یەکەمی بەرلەزایین ـن.[٧٩-٨٠]

٧٦- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا. رەحیم رەئیس نیا.

٧٧- مادەکان و پارسەکان، ویلیام کالیکان لاپەڕەکانی ٣١و ٣٠.

٧٨- هونەری ئێران لە سەردەمی مادو هەخامەنشی، رۆمن گیرشمەن ل٢٩.

٧٩- هەمان سەرچاوە.

وێڕای ئەوەی سەرنج دەدەینە وتەی گیرشمەن، ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەیە بە وتەی بەشی زۆری لێکۆڵەرەوەکان بە ڕوانین لە شوێنەوارەکانی تەختی جەمشید کە هی سەردەمی هەخامەنشین و وەك یەك چوونیان لەگەڵ نەخشەکانی جامی زێڕینی "حەسەنلوو"و ئاسەواری دیکەو بە لەبەرچاو گرتنی مەودای سەردەمی لە بەینی ماننناو هەخامەنشییەکان، مەدەنیەت و فەرهەنگی مانناکان بەتەواوی ڕەخنەی لە ژیانی هەخامەنشییەکان دا کردوە. بە تایبەتی ئەو شوێن دانانە، لەبەرد تراشی تەختی جەمشید دا دەردەکەوێ، بە فەرمایشی مامۆستا سەعید نەفیسی نەخش و نیگاری کاسەی حەسەنلوو زۆر لەو نەخش و نیگارە زێڕینە دەچێ کە لە ساڵی ١٣١٥ لە کلاردەشتی مازەندەران دەست کەوتوون. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کلاردەشت لە مازەندەران هەڵکەوتووە، دەردەکەوێ شارستانیەتی ماننا لەرۆژهەڵاتیش تا مازەندەرانی ئەوکات چوویێتە پێش.[٨١] ئەوە شتێکە کە سید محمد تەقی مستەفەویش ئاماژەی پێکردووە و لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەك لە نێوان ئاسەواری دەست کەوتوو لە "حەسەنلوو" و "زێوە" دەبینێ، زانیارییان لەسەر دەداو دەنووسێ: هۆزانوانانی مانناییش کە دوایە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی مادەکانو لە ئاخریشدا وایان لێ هات کەوتنە ژێر سەیتەرەی هەخامەنشییەکان و لەساز کردنی ساختومانی تەختی جەمشید دا بەشدار بوون.[٨٢]

لە ڕۆژهەڵاتی حەوشەی قەڵای "حەسەنلوو" پاشەواری چەند ئەنبارو تەویلەیەکی ئەسپ دەکەوێتە بەرچاو، یەکێك لەعەنبارەکان پڕبوو لە کووپەی گەورە کە گومانی ئەوەی لێدەکرا بۆ ئاو ڕاگرتن کەڵکیان لێ وەرگیرابێ، هەر لەو بەشەدا پاشماوەی کەمێك ترێی تولێخاوە و ئێسك و پروسکی ژن و پیاوێك کە لەباوەشی یەکتردا ئارامیان گرتوەو هەر بەو حاڵە گیانیان لەدەستداوە، دەبیندرێ.[٨٣]

٨٠- ئەو وتەی گیرشمەن جارێکیتر بخوێننەوە تا لەو ڕاستییە بەئاگا بن کە ئەو جامە زۆر لەو شوێنەوارانە دەچێ کە لە ناوچەکانی ئاماژە پێکراو کە لە ڕوانگەی ئەو لە باری جوغرافیاییەوە هەر کوردستانەو بە قەولی مینۆرسکی هەر لە سەرەتاوە نیشتمانی کوردان بووە دۆزراونەتەوە.

٨١- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران لە دەورەی بەر لە مێژوو... ل ٢١٩ نووسینی مامۆستا سەعید نەفیسی.

٨٢- گۆڤاری نەخش و نیگار ل ٥٨.

٨٣- هونەری ئێرانی باستان = دێرین، ل ١٥٤ "ئیدات پرادا" لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێکی زۆر پێویست بکەین، ئەویش ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، زانایان ڕایان گەیاند کە لەم دەوەرە لە کووپەیەکی



لەو شتانەیتر کە لەو قەڵایەدا دەست کەوتوون، گڵکۆیەك بووە کە مردوویەکی تێدا بووەو لەتەنیشت ئەویش ئێسك و پروسکی سێ ئەسپ و هێندێك شڕ و شاڵاتی دیکەی لێیە، چونکو قوربانیکردنی ئەسپ لە لای سەکایەکان لەکاتی بەخاك ئەسپاردنی مردوودا باو بووە، لەوانەیە ئەو گڵکۆیە هی یەکێك لە سەکایەکان بێ، بە تایبەتی ڕازاوەیی زین و بەرگی ئەسپ و هەبوونی لغاوێکی لە برۆنز (زەرد)ی کە بە میلەیەکی بادراوە سازکراوە، پێشتریش ئەو چەشنە لغاوە لەگۆڕی سەکایەکاندا لە ناحیەی "کووبان" دۆزراوەتەوە[٨٤] ئەو بۆچوونە وەڕاست دەگێڕێ.

گریشمەن لەوەش زیاتر دەدوێ و دەڵێ: "لە حەسەنلوو، لە پەنا لاشەیەکی مرۆڤ لەوحێکی زەرد هەبووە کە سەرە ئاسکێکی لێ هەڵقەندرا بوو." با ئەوەش بزانین کە سەرە ئاسك نیشانەی دیاری قەومی سەکایە. ئەو لەو بڕوایە دایە کە ئەو لەوحە سینەبەندێك بووە کە ئورارتوویەکان بوویانە و پیاوەکانیان لە ملیان دەکردو سەکایەکانیش لاسایان کردوونەتەوە.[٨٥] چونکو سینەبەندە زێڕینەکانی "زێوە"ش هەر لەم چەشنەن، ئەو گومانە زیاتر دەبێ کە بەوتەی گریشمەن گڵکۆکەی "حەسەنلوو"ش هەر هیئەوان بێ.

لە کۆتایی باس لەسەر ماننا، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخریەکەی دەسەڵاتی ماننا بەهۆی کام هێز ڕووخا دەسکەوتی ئەو ڕووخانە چ بووە؟ تا ئێرە دوو هێزا لە ڕووخاندنی حکوومەتی ماننادا بە شوێن دانەر دەزانن، بڕێك لە لێکۆڵەرەوان سەکایەکان یا ئێسکیتەکان یا سیتەکانو تاقمێکیش مادەکان بەهۆی لەناوبردنی ماننا دەزانن. ئەوەی گومانی تێدا نییە، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی تەواوی مادەکان لەخاکی ماننا دایە، چونکو دوای دامەزرانی حکوومەتی ماد لە خاکی ئەواندا ئیتر نێوی ماننا نەهاتەوە گۆڕێ و ئەستێرەی بەختیان ئاوا بوو. بەڵام ئەو پرسیارە کە ئایا سکایا سیتەکانیش هێرشیان کردۆتە سەرخاکی مانناو ئەوێیان گرتووە و حکوومەتێکیان بەنێوی خۆیان پێکهێناوە؟ و ئەگەر هەرەس هێنانی حکوومەتی ماننا بەهۆی سەکاکانەوە بووە، لەو کاتەوە ئەوان دەستیان بەسەر داگرتووە هەتا ئەو کاتی بەهۆی مادەکان لەناوچوون مانناییەکان چیان بەسەر هاتووە؟

دێریندا کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش زایین، گەردی شیرەی ترێیان دیوەتەوە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کات شەرابسازی هەبووە.

٨٤- هونەری ئێران لە سەردەمی ماد و هەخامەنشیدا، ڕۆمەن گیرشمەن ل ٢٨.

٨٥- هەمان سەرچاوە.

وڵامی نووسەری کتێب بۆ ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە مانناییەکان بە دوای شکانی پاشاکەیان "ئاخشر" لە "ئاشوور بانیپال" لە ساڵەکانی ٥٩ ـ ٦٦٠ی بەرلە زایین، دەستیان بە راپەڕین بە دژی دەزگای حاکم کردو پادشایان کوشت و تەرمەکەیان لە کووچە و کۆڵانی شاری "ئورمێت ج ئورووميە = ورمێ" دا فڕێداو، بەدوای ئەو راپەڕینە دا نائارامی بێسەرەوبەرەیی پەیدابوو، دەسەڵاتی ئاشوور هەلەکەی قۆستەوە و وڵاتی مانناکانی کردە باجدەری خۆی و لەراستیدا ئەو خاکە بوو بە کۆلۆنیایی ئاشوورو بە یەکجاری سەربەستی خۆی لەدەستدا. هەر لەو سەردەمەدا شەپۆلی ترسناکی "سەکایی" لە سنووری ماننا نیزیك بۆوە، لێرە بە دواوەیە کە مێژوو روونی نەکردۆتەوەو مێژوونانانیش هەریەکە قسەیەکی لێدەکەن، لەوحاڵەدا کە هێندێك بڕوایان وایە سەکایەکان خاکی مانناییەکانیان گرتووە و لەوێ جێگیر بوون، بڕێکیتر وەك ا.م.دیاکۆنۆف، لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین و دەڵێن سەکاییەکان لەگەڵ مانناییەکان دژی ئاشوور یەکیان گرتووە و بۆ ماوەیەك لەماننا ماونەتەوە. ئەوەش راستە چونکو ماوەیەك لە وڵاتی ماننا دابوون.[86] بەڵام من وەك نووسەری ئەم کتێبە لە لایەنگرانی دیاکۆنۆف دەپرسم، ئەدی سەکاکان لەکوێ بوون؟ لەچ شوێنێك نیشتەجێ بوون و ناوەندیان کوێ بووە؟ ئایا بە رەنگە دەبێ و دەتوانین مەسەلەکە روون کەینەوەو وڵامێك بۆ پرسیارەکەی سەرەوە بدۆزینەوە؟

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئێسکیتەکان یا سەکایەکان لە خاکی مانناکاندا ماونەتەوە و نێوی ئەو قەومە ترسی دەخستە دڵی خەڵکی سەر رێگایان و تەنانەت خوێندنەوەی تاڵان و بڕۆی ئەوان لە کتێباندا، هەر ئێستاش مرۆڤ دەترسێنێ. لە وڵاتێکی وەك ماننا ئەویش لە سەردەمی لاوازی و بێسەرپەرستیدا (پێشتر گوتمان ئاخشری پادشای ماننا کوژراو ئەو وڵاتە بوو بە باج دەری ئاشوور...) چۆن حیزو سڵامەت دادەنیشێ و جووڵە ناکا؟ لەزۆر کتێبی جۆراوجۆردا دەخوێنینەوە کە هیچ تێکهەڵچوونێك لەنێو ئەوان و مانناییەکان نەبووە،[87] ئەوەش ناگونجێ مەگەر سەکایەکان بێ هیچ زەحمەتێك و خۆڕاگری مانناییەکان چووبنە ئەوێ و کردبێتیانە وڵاتی خۆیان. هەرچەند ئاشوور بانیپال و بەر لەویش سارگۆنی دووهەم لە وڵاتی ئێسکیتەکان یا سەکاکان دەدوێن، بەڵام هەر لەبەر ئەو ئەگەرو مەگەرانە تا ئەورۆ هیچ کەس نەیتوانیوە بە ڕوونی ئەو پاشایەتییەی کەپاشاکانی دیکە باسیان کردوون دیارییکا. ئەو

٨٦- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف ل ٢٣٠ بەدواوە.

٨٧- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، رەئیس نیا، مێژووی ماد لە دیاکۆنۆفو ... .



سەرچاوانەی بەدەستەوەن لایان وایە تەنیا شوێنێکی ئەوانی لێ ماوەتەوە هەر وڵاتی مانناپە. ئاکامی باسەکە دەبێتە ئەوە کە قەومی سەکا کاتێك لەهێرش و تاڵان و بڕی خۆیاندا گەیشتوونە خاکی ماننا هیچ بەرگرییەکیان لەپێش نەبووە، بەسانایی لەوێ نیشتەجێ بوون و لەوێوە هێرشی خۆیان بۆسەر ئورارتو و ئاشوورو ماد درێژە داوە، هەر لەو بارودۆخەشدا بووە کە لەلایەن مادەکانەوە پێشنیاری یەکبوونیان بۆ کراوە تا بەیەکەوە لەبەرانبەر ئاشوور دا راوەستن، ئەو یەکیەتییەش سەری گرتووە، بەڵام کاتێك مادەکانیان ئاوا بە ساکاری لەبەر دەستی خۆیاندا دیت، ڕایان گۆڕاو لەگەڵ ئاشوور کەوتنە کەینو بەین سازکردن و دواتریش ئاشکرایە کە لەمیوانداری بەشکۆی مادەکاندا گەورەکانی سەکایی هەموو کوژرانو... .
کەوابوو دەتوانین لەسەر یەك بەو ئاکامە بگەین کە مانناى شکست خواردوو لە ئاشوورو پڕلە نائارامی، کەوتۆتە بەر هێرشی سوارەکانی شەڕکەری سەکایی یا سیتەکان، چونکو کەس نەبوو بەرەنگارییان بکا لەگەڵ سەرۆکەکانی قەوم کە بە پێی نەریت لە شوورای دەسەڵاتدارەتیدا دەستیان هەبووە، بە رێککەوتن گەیشتوون و خاکی ماننا بۆتە شوێنی مانەوەی ئیسکیت و سیتەکان و لەم شوێنەدا لەگەڵ مادەکان رێککەوتوون و لەگەڵ هێزی پرشو بڵاوی مانناییدا دەستیان دا بەربەرەکانی بە دژی ئاشوور. لەو بەینەشدا گۆشە و کەناری خاکەکەیانو قەڵاکانی سنووریی ماننا وردەوردە هەر لەو کاتەوە کە "ئاخشری" شکستی خوارد و کوژرا و کەوتە بەردەستی ئۆرارتۆریەکان و وردە پاشاو ئاشوورییەکان لە خاکی ماننا جیا کراوەو دەکەوتە سەرخاکی ئەوانیتر. بەم شێوە ماننا سەرەڕای ئەو هەموو توانایەی وەدەستی هێنابوو، بەهێدی و هێمنی لەناو چوو، وەك دەڵێن بەخۆشیو بەهاسانی پێگەیی، بەڵام دەوامی نەبوو و فەوتا. چونکو بە زۆر هۆو یەك لەوان ناڕێکوپێکی و ڕەمەکی بوونی پێکهاتەی رێکخراوەیی لەو حکوومەتەدا (وەك دەست تێوەردانی مەزنەکان لە کاروباری وڵات)، هەرچەند دەیتوانی وەك دەسەڵاتی ماد ببێتە ئیمپراتوورییەکی سەقامگیر، بەڵام نەیتوانیو بۆیان نەکراو ببێ دەنگی لەنێو قەوم و حکوومەتەکانی دیکەدا تواوە. سەکایەکان بەسەریاندا زاڵبوون و پاش ماوەیەکی کورت کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو ئەوانیش کەوتنە ژێر دەستی مادەکان، لە ماوەی مانەوەی سەکایەکان یا سیتەکان هێندێك ئاسەواری وا دەبینین کە هیچ کات لەناو ناچن و نموونەی سەردەمی ئەوان ئێستاش بەرچاو دەکەون. ئاماژە بە یەکێك لە شتەکانی سەردەمی ئەوان دەکەین:

"هەر ئێستا لە بەینی مهاباد و میاندوئاو و بۆکان لە قەراغ رووباری تەتەهوو کە ١٥ کیلۆمیتر لە میاندووئاو دوورە، گوندێك هەیە بە نێوی "قەڵای رەسووڵی سیت" لەبەڵگەنامەیەکی نووسراوی

بنەماڵەییدا کە لە لای نووسەری ئەو کتێبەیە (دروستبوونی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ هەشت پشت بەرەو پێشی نووسەری کتێب واتە چوارسەد ساڵ پێش کاتی نووسینی کتێبەکە. هێندێك تیرەی تازە لە بنەماڵەی سەکایەکان چەند سەدە دواتر لەم دەوروبەرە بڵاو بوونەوە. مەدحی ژنی یەکێك لە باپیرە گەورەکان دەکەن کە ژنێکی زۆر لێزان و بلیمەت بووە کە چەند سەدە دواترو هەتا ئێستاش تەکبیرو ئامۆژگارییەکانی ئەو سینگ بەسینگ دەگوترێتەوە. ئەو ژنە لەتەواوی مەڵبەندەکەدا مەشوەرەت و پرس‌و ڕای پێکراوە و ئەوڕۆش هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەگەر بیانهەوێ ژنێکی تاریف بکەن‌و ئەوی وەك ئافرەتێکی ژیرو وریا بناسێنن، خەڵکی دەڤەری موکریان (کە ڕاست مەڵبەندی ماننا بووە) پێی دەڵێن "سەرسپی سیتان Sar spi sittan" یا دەیشوبێنن و دەڵێن "دەڵێی سەرسپی سیتانە" واتە وەك ژیرە ژنی سیتانە.[٨٨] وەك باس کرا ئەگەر توێژینەوەی زانستی لەم مەڵبەندانە بکرێ لە داهاتوودا زۆر بابەتی روونترمان لە سەکایەکان و مانناییەکان دێتە دەست.

**مادەکان:**

مادەکانیش یەکێك لەقەومەکانی میزوپۆتامیا یا مەنزوومەی زاگرۆس یا راشکاوانەتر بڵێین یەکێك لە تیرەکانی کوردانن، وەك هەموو ئەو تیرانەی لەسەریان دواوین موتالایان لەسەر دەکرێ. بەلام ئەگەر وەك هێندێك لایان وایە جیا لەو قەومانەن‌و بەستراوە بە قەومەکانی کۆچەری دواترن (کەوانیە)و لەسەر ئارياییە کۆچەرییەکان دێنە حیساب، ئیتر باسکردن لەسەر مادەکان لە چوارچێوەی باسی ئێمەدا ناگونجێ.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە بەشی زۆری لێکۆڵەرەوەکان، قەومەکانی کوردیان (لیلۆیی، کاسی، کۆتی‌و ...)یان بە دانیشتوانی بنەڕەتی خاکی ماد (مادی رۆژئاواو باکووری بین النهرین تا ئاخری جزیرە لە باکووری خاکی سووریەی ئێستا) دەزانن و بە راستیش لە سەردەمی زۆر دێرینەوە واتە لە عەسری بەردین (عصر حجر = **پالئۆلیت**) کە شوێن شوێنەواری بنیئادەم لەو دەڤەرە کەوتوون، جگە لەو قەومانە، بنیئادەمیتر لێرانە نەناسراوە. هەروەك ئەو ڕۆژانە ـ رەزبەری **١٣٧٤**ی هەتاوی ـ زاناکانی ئەمریکایی جەندەکی ژنێکیان لە دەوروبەری "زاخۆ"ی کوردستانی عێراق

٨٨- لە زمانی کوردیدا مانای مەجازی "سەرسپی"، "ژنی دنیادیتوو، ژیرو کارئامەیە" ئەوە یەکەم جاریشە کە بە تایبەتی دوای ئیسلام باسی سەکاکان دێتە گۆڕێ و لە بوونیان لە ماننا (موکریان) دەدوێن و گوندێکیش بەنێوی سیت یا قەلای سیت هەیە.



دۆزیوەتەوە کە هی پێنج هەزار ساڵ پێش زایینە و لە شوباری خەڵکی ئەو مەڵبەندە دایە.[٨٩] هەر لەو سەردەمانەدا (لانیکەم لە هەزارەی سێهەمی بەر لەزایین) وێڕای باس لەگەڵ ئەو قەومانە باسی مادەکانیش لە شوێنی زۆر دوورتر لەو سەردەمەی باسمانکرد باسی مادەکانیش کراوە.[٩٠-٩١] جا هەر بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئێمە مادەکان بە یەکێك لە لقەکانی مەنزوومەی زاگرۆس و بەشێك لە خەڵکی خاکی کوردستان دەزانین، باس لەم بوارەو لەم بەشەدا بە پێویست دەزانین.

موتالا لەسەر قەومی ماد لە روانگەی مێژووییەوە، لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەوڕۆیی، بە گوێرەی وتەی "ا.م.دیاکۆنۆف" هەروەك بۆچوونی "لێنۆرمان" دەبێ لە دوو فاکتۆری جیاوازدا ئەنجامبدەین. ١ـ لەسەر بنەمای نووسراوە کۆنەکان کە بە شێوەی ئاسایی لێکدانەوەو نووسراوەکانی "کتسیاس"، "هیرۆدۆت"، "تەورات"و ... بەرئاورد کردنی ئەوان لەگەڵ یەکتر جێبەجێ دەبێ، ٢ـ لەسەر بنەمای کەڵك وەرگرتن لە نووسراوە میخییەکانی بە دەستەوەن کە بەشی دووهەمی کەتیبەکانی هەخامەنشیان بە زمانی مادی دەزانی، لەو بۆچوونە دابوون کە دەتوانن بۆ دەرکی راستییەکان و چلۆنایەتی مێژووی ماد کەڵك وەربگرن.[٩٢] کەچی دوایە دەرکەوت کە بەشی دووهەمی کەتیبەکان بە زمانی عیلامین.

یەکەم پێشەنگی ئەو بۆچوونە کە هەر خۆشی دەستی دایە بەڕێوەبردنی گەلالەکە "فرانسو النورمان h.lenormant"[٩٣] بوو. مەوزووعێکی زۆر سەرنجراکێش کە بە دوای ئەم ڕاو بۆچوونە هاتە گۆڕێ ئەوە بوو کە زیاتر دەیانگوت "هیند و ئەوروپاییەکانی" مادی خواروو،

٨٩- بەپێی هەواڵە رادیوییە جۆراوجۆرەکان لە رۆژی ١٣٧٤/٧/٦ یەك لەوان رادیۆ لەندەن‌و ... .

٩٠- لە لاپەڕەکانی ١٠٢ تا ١٠٦ی ئەم کتێبەی بەردەستتان بڕوانن.

٩١- تەورات کتێبی پیرۆزو قامووس لە نەخشەیەکدا کە شوێنی دانیشتنی قەومەکانی دوای تۆفانی نوح لە باکووری دەریای سوورو رۆژهەلاتی کەنداوی عەقەبە بە دەستەوەیە مەڵبەندێکی بەنێوی مادەکان تێدا دیاری کراوەو لەوێدا "المدیانین"یان پێدەڵێن کە لە ئەولادی حامی کوڕی نوح بوونە. کتێبی قامووسیش لە لایەن "مستێر هاکس"ی ئەمریکایی بە ئینگلیسی وەرگێڕدراوە.

٩٢- لە سەرەتایەك بۆ لێپرسینەوەی مێژووی ماد لە ا.م.دیاکۆنۆف لاپەڕەی ٦٩ بەدواوە و لاپەڕی ٤٤١ بەدوا بڕوانن.

93- H. Lenormant: Letters assyriologiques sur L'Historie et les antiquites de L' asie - ant'erieure paris 1871, Premiere Lettre: Sur La monarchie des Medes. T.I.

لە سەردەمەکانی پێشووترەوە ببوونە هیندو ئەوروپاییی![٩٤] لەوەش سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە وێڕای بێدەنگی لەوشتەی کە کۆچبەرەکانی تازە هاتوو لە کۆچبەرە کۆنەکان کە دەبێ بڵێین دانیشتوانی سەرەکیو لەمێژینەی ئەو خاکەبوون و بە دوای نیشتەجێ بوونی چەند سەدە لەو شوێنە بوونە خاوەنی فەرهەنگ و شارستانیەتی تایبەت بە خۆیان کە ئێمە پێشتر بە هێندێك لەو شتانە ئاماژەمان کردوە (لە تەواوی ئەو قسانەدا خوێنەر دەبێ سەرنج بداتە ئەو دێڕانەی کە تێیان دا زۆربەی مێژوونووسان، ئەوانە بە مادە سەرەکی و خاوەن فەرهەنگ دەناسن و بایەخیان بۆ دادەنێن کە لە هەزارەی یەکەمی بەر لەزایین هاتوونەتە سەر ئەو خاکە) ئەو بیرو هزرەیشیان وا بردۆتە نێو مێشکی خەڵکەوە کە ئاریایە تازەکان دانیشتوانی سەرەکیو پێشووی خۆجێیان کە شیاوی ژیانێکی مێژوویی سەربەست نەبوون وەپاش داوە.[٩٥] دیاریش نییە کە ئەو کەسانە بۆ لەخۆیان پرسیار نەکردووە، کاتێك ئەو قەومە توانیویەتی چەند چەرخ بەسەر یەکێك لە گەورەترین ناوەندەکانی مەدەنیەت (بابیلو سۆمێرو ئاکاد) دەسەڵات پەیدا کەنو زاڵبن چۆن دەبێ ئەو شتانەیان لەسەر بڵێین؟ ئەی چۆن ئەوکات کە زاڵبوون شیاوی ئەو ژیانە مێژوویی و سەربەستە بوون؟ ئەی "پراشك"و "مارکوارت"و ... کە لە خاوەنانی ئەو بۆچوونەن، چۆن تەنانەت ئازەربایجان یا ئاترۆ پاتین کە لە دابەش بوونی ئیمپراتوری هەخامەنشی "مادی بچووکی"ی پێ‌گوتراوە، لەسەر مادستان حیساب ناکەن، لە حاڵێکا ئەو شوێنە بەنێوی مادی بچووك خۆی ساتراپ یا پارێزگارییەکی بچووك بووە.[٩٦] بەهەرحاڵ ئەو ئاماژە پێکردنە بۆ هەڵە بوونی هێندێك لەم ڕاو بۆچوونانە بەسەو، ئەو دەستە لە لێکۆڵەرەوان و لایەنگرانیان کە لە بۆچوونی "النورمان" بایخ بەو شتە خۆماڵیو ناوچەییانە نادەن، بە وتەی ا.م.دیاکۆنۆف تەنیا ئەگەر سەیری سەرچاوەکانی ئاشووریو نێوی تایبەتی مادی بکەن کە زۆریان بەسەر وشەی زمانی ناوچەیی لە خاکی ڕۆژئاوا و ناوەندی و باکوور هەیە، پێ لەهەڵەی خۆیان دەنێن.[٩٧]

---

٩٤- وەك ا.م.دیاکۆنۆف، ج ڕاولنسۆن و ... لە هەموویان گرینگتر "ا.میر" کە لە لاپەڕی ١٤ بەدواوەی:
E.Meyer. Die altesen dateierten zeugnisse der Lranischen Sprache Kuhn's Z.T Vgl. Spr. XL11.1908

٩٥- پراشك و ریسالە ڕاستیییەکانی
j.vPrachek: Geschichte der Meder und perser 1. Gotha. 1906.

٩٦- هەر ئەو سەرچاوە بەرگی ١ ل ٩ (پراشك و رسالە...)

٩٧- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف ل ٧٢.



گەلۆ، بەرەوپێش چوونی بنیادەمی چەرخی بەردین لە خاکی ماد، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەسەر ڕێگاو شوێنی حەرەکەتی سەهۆڵبەنداندا نەبوون، وەك یەکن،[٩٨] بەڵام لەسەر سەردەمی بەردو مس (ئەنئولیت) دۆخەکە ڕوونترە و بە بڕوای (هێرتسفیلد) کە بۆخۆی دۆزەرەوەی شوێنە ئاوەدانەکانو جێ‌دانیشتنی ئەو دەورو سەردەمە لە خاکی پارس (تەختی جەمشیدو ئیستەخرو...) بووەو ئەو ژیانە هیخوارترین ڕادەی عەسری حەجەرو مسەو دەتوانێ سەرچاوەی هەڵسەنگاندنی چوونەپێشی کۆمەڵایەتی خاکی ماد لەوکات دابێ.[٩٩] ئەو توێژینەوانەی کە لە تەپۆڵکەکانی "حصار" لە دامغان و "تەپۆڵکەی گیان" لە نەهاوەند و تەپۆڵکەی "سیلك" لە دەوروبەری کاشان، بە تایبەتی دە "گوێکتەپە" دا کە لە قەراخی لای ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ کراون، ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن.[١٠٠] ئەو ئاسەوارەی لەو توێژینەوانەدا دۆزراونەوە هی کۆتاییەکانی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێهەمی بەر لە زایینە (سەرنج بدەنە مێژووی مادەکان و کۆچی ئاریایە نوێکان)

بەڕواڵەت، بوونی مادەکان لەچوار هەزار ساڵ پێش زایین لەو دەڤەرە، هیچ شتێك ناگۆڕێ، تەنیا ڕێکەوتی کۆچی ئارییاییەکان گۆڕانی بەسەر دادێ، وێڕای ئاماژەی هێندێك کەس بە کۆچی ئارییاییەکان تا دوو هەزار ساڵ بەر لەزایین، بەشێکیتر لەوان ئەو ڕێکەوتە تا پێنج هەزار ساڵ دەبەنە دواوە.[١٠١] ئەوەی کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ جیاکردنەوەی مادەکان لە قەومەکانیتری ئەو ئاوخاکە و تەواوی ئەو شتانەن کە بەر لەم کۆچ کردنە لەو دەڤەرە دیتوومانە. خوێندنەوەی ئەم شتانە و موتاڵا لەم بوارەدا زۆر جار مرۆڤ تووشی سەرەگێژە دەکا. بۆ وێنە سەعید نەفیسی دەنووسێ: "بەر لە هاتنی ئارییاییەکان بۆ ئێرانی ئەورۆ، هێندێك تیرە بە شارستانیەتێکی لاوازترەوە ژیاون کە کۆسپی هاتنیان بۆ ئێران بوون، ئەژدادمان دوای چەند ساڵ شەڕ لەگەڵیان، ئەوانیان شکاندووە و بڕێك لەو تیرانەشیان دوابڕاو کردوە. بە گوێرەی ئەم وتانە دەبێ "هۆنەکان، تاتارەکان و مەغوولەکانو..." کە هێرشیان کردە سەر ڕۆم و ئێران، بە کورتی هەر

---

٩٨- هەمان سەرچاوە ل ٩٦ ـ ٩٥.

99- A.Getze. Historical Allusions in old Balylonian omen texts. jCS.1.319 بە ٢٥٣١ دواوە

١٠٠- هیرسفلد لە ل ٣٣ بە دواوە.

١٠١- سەعید نەفیسی لە کتێبی مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران لە دەورەی بەر لەمێژوو داو ... ل ١٧.

قەومێك كە هێرشی بردە سەرخاكێكو ئەوێی دەست بەسەر داگرت، لە خەڵكی ئەو وڵاتەی داگیریان كردووە پێشكەوتووترن؟![102]

دوای ئەو چەند رستەی كە بۆ ئاگاداری گوتمان دەبێ ئەوە بزانین كە مادەكان لەریزی ئەو قەومانە دان كە هەر لەبنیادەوە دانیشتووی ئاخی مادای گەورە واتە "ئێرانی ناوەندی تا ئەوپەڕی كوردستان بوون كە لە لای رۆژئاواشڕا تا دەوری دیاربەكرو مووسڵو ... دەگرێتەوە." هەرچەند لەزۆر شوێن ئاسەواری ئەوان دیتراوەو بیسراوە، بەڵام بنكەی سەرەكی ئەوان لە سەرزەمینی مانناو رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئەو دەڤەرە واتە ئازەربایجانی ناوەندی و باشووری بووە. بە پێچەوانەی وتەی هێندێك كەسی وەك "كلمان هوار" كە رابردووی ئەوان زیاتر لە ١١٠٠ ساڵی پێش زایین نابینێ[103] كەچی ئەوان لە دێرزەمانەوەو زۆر بەر لەو رێكەوتەی ئەو دەڵێ دانیشتووی ئەو خاكە بوون، چونكو پێشتریش لەم بابەتەوە دواوین زیاتر لەوە لەسەری ناڕۆین، چونكو هەر خاوەن بۆچوون و لێكۆڵەرەوانی وەك دیاكۆنۆف و ریچارد فراترو ... ئەوە دەسەلمێنن و پێی لەسەر دادەگرن كە جەماوەری سەرەكی مادەكان لە گوتییەكان و تیرەكانی كاسپی پێكهاتوون و زیاتر لە ناوە تایبەتییەكانی مادەكان كە لە سەدەكانی نۆهەم و هەشتەمی زایینیڕا بۆ ئێمە ماونەتەوە، زۆر زەحمەتە بتوانین ریشەی ئەو نێوانە بگەیەنینەوە سەرزمانی ئاری.[104] كە ئەو كاتەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی كە دوایین دەستەكانی قەومەكانی ئارییایی كۆچەر كە پێشتر لە ژێر كاریگەریی زمانی (هیندو ئەوروپایی) دابوون.

كەوابوو بە وەبیرهێنانەوەی پێكهاتنی یەكیەتی نێو تیرە جۆراوجۆرەكانی ماد لە سەرەتاكانی هەزارەی یەكەمی بەر لە زایینو رزگار بوونیان لە ژێردەسەڵاتی عێل سالاری و رێنوێنیی ئەو قەومە بەرەو دەسەڵاتی سیاسیو پێكهێنانی رێبەرایەتی گشتی یا دەسەڵاتی خۆییو ... باس لەسەر مادەكان درێژە دەدەین.

١٠٢- مێژووی كۆمەڵایەتیی ئێرانی پێش مێژوو، دەستپێكی مێژوو، سەعید نەفیسی لاپەڕەكانی ١٦ تا ١٥. كەچی ئەورۆ هەر نیشانەیەكی لە زێوە و حەسەنلوو... دەبینین، هەموو هی قەومەكانی نا ئارییایی‌و ئەوانەن كە پێشتر لەوێ بوون.

١٠٣- ئێران و شارستانیەتی ئێرانی ل ٢٦، كۆلمان هوار.

١٠٤- بۆ نموونە مێژووی ماد نووسینی ا.م.دیاكۆنۆف لاپەڕەكانی ٩١ تا ١٨٨.



## پێكهێنانی دەسەڵاتی ماد:

وەك پێشتر باسمانكرد یەكیەتیی تیرەكانی ماد سەرچاوەو هۆی سەرەكی پێكهاتنی دەسەڵاتی ماد بوو، لەم بابەتەشەوە قسە زۆر كراوەو هەر كەسە بۆچوونێكی دەربڕیوە كە بە ناوبانگترینیان روانگەی هیرۆدۆت مێژوونووسی نێوداری یۆنانی كۆنە. ناوبراو كەسێك بە نێوی "دیۆك یا دیاكۆ = دیۆكس یا دیائۆكۆ" بە مایەی سەرەكی یەكگرتوویی تیرەكانی مادو یەكەم پێكهێنەری دەسەڵاتی ماد ناساندووە. ئاشكراشە كە دیائۆكۆ لە پێشدا سەركردەی یەكێك لەهۆزەكانی یەكگرتووی ماد بووەو بە قەولی كوتوان لەسەردەمی هێرشی سارگۆنی دووهەمی پادشای ئاشوور بۆ سەر مانناو ماد، بەدیل گیراوەو بۆ سووریە دوور خراوەتەوە.[105]

هەرچەند ئەو داستانەی "هیرۆدۆت"كە بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی "دیائۆكۆ" دەیگێڕێتەوە بە رواڵەت وەك شتێكی سادە و ساكار دێتە بەرچاو و زیاتر وەك حیكایەتی منداڵان دەچێ، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو كات و سەردەمە ژیانی دەشتەكی خەڵك و رادەی زانیاری و ئاستی ئەو كاتی خەڵك زیاتر لە گێرانەوەكانی دیكە دێتە قبوولكردن. حیكایەتەكەش بەمجۆرەیە:[106] دیائۆكۆ كەلەنێو هۆزی خۆیدا جێگەی رێز بووەو لەژیریو لێزانیدا بەناوبانگ بووە و زۆربەی خەڵكی هۆزەكەی خۆی و بگرە خەڵكی لاوەكیش بۆ كردنەوەی گرێی گرفتەكانیان دەچوونە لایو هێدی هێدی قەدرو رێزی لەنێو هۆزەكەی خۆی و خەڵكدا ئەوەندە بەرز بۆوە كە وایان بیر دەكردەوە بەبێ ئەو هیچ گیروگرفتێك چارەسەر نابێ. لەهەلومەرجێكی ئاوا دابووكە كەوتە بیری كەڵك وەرگرتن لەم دۆخە. وای لێهات كە بیرۆكەی "ئەگەر دیائۆكۆ نەبێ وڵات دەشێوێ" بە شێوەیەكی سروشتی و لە رێگەی لایەنگرانی پەروەردە كراوی خۆی لەنێو خەڵكدا جێگەی گرت و بێ غەرەزی و دڵپاكی و دادپەروەری و عەدالەتی دیائۆكۆ خۆشی ئەو شتەی بە تەواوی وەڕاست گێڕا، لە نەكاو هەر بۆخۆی رای گەیاند كە بەهۆی ماندوویەتیو كاری زۆری خۆی، توانای پێڕاگەیشتن بە كاروباری خەڵكیو درێژەدانی ئەو ئەركەی نییە و خۆی لە خەڵك دوور خستەوە.

خۆ كێشانەوەی "دیائۆكۆ" بووبە هۆی پەرەسەندنی دزی و كاری خراپ لەنێو خەڵك و ئەو ئاڵۆزییە بوو بە هۆی ئەوەی پیاوماقووڵانی هۆز لە كۆبوونەواندا ئەو مەسەلەیە بێننە گۆڕێ. لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی داڕشتنی پلان لە لایەن "دیائۆكۆ" خۆیەوە، لایەنگرەكانی لەم جۆرە

١٠٥- م.م.دیاكۆنوف مێژووی میراتی ئێران ل ١١٧.

١٠٦- مێژووەكانی هیرۆدۆت ل ٧٦.

کۆبوونەوانەدا قسەکەری سەرەکی بوون و هەموو کات قسەکانیان دێناوە سەر ئەوە کە بێ وەرگرتن لە زیرەکیو لێهاتوویی دیائۆکۆ ئەو نائارامیو ئالۆزییە درێژەی دەبێ و رۆژلەگەڵ رۆژ خراپتر دەبێ. کاریگەری ئەو قسانە بووبە هۆی ئەوەی کە ریش سپیەکانی هۆزو خەڵکی ئاسایی هاتنە سەر ئەو باوەڕە رێبەرێك بۆخۆیان دابنێن تا کارو بارەکانیان بۆ جێبەجێ بکاو کۆتایی بەم هەڵلاو بەزمە بێنێ، چونکو بەپێی بەرنامەی دارێژراو هەموو باسی لێهاتوویيو کارئامەیی دیائۆکۆیان دەکرد، کاتێك هاتنە سەر هەڵبژاردنی کەسێك بۆ رێبەری قەوم، هەموو یەك دەنگ دیائۆکۆیان هەڵبژارد.

هیرۆدۆت دەنووسێ: یەکەم کاری "دیائۆکۆ"ئەوە بوو کە کۆشکێکی بە خەڵك ساز کاو چەند پارێزەرێکیشی بۆ گرت، دوایەش فەرمانی دا لە دەوری کۆشکەکەی شارێکی گەورە دروستکەن تا ببێتە ناوەندی دەسەڵات و گەلی ماد لەهەموو شوێنێك بۆ کاروبارو گیرو گرفتەکانیان بێنە ئەو شارە. کۆشك و شار بە دڵی دیائۆکۆ لە شوێنی ئەوڕۆی "هەمەدان" دروستکراو نێویان نا "هەنگماتانە، هەگماتان یا ئەکباتان" بە مانای شوێنی کۆبوونەوە. دیائۆکۆ داب و نەریتێکی دەسەڵاتدارەتی ئەوتۆی لە بارەگای خۆی دامەزراند کە خەڵك بەهاسانی دەستیان ویی ڕانەگا، پێویست بوو ئەوەش بەرچاو بگرن کە هەر کەمتەرخەمییەك بە رێبەر بە تاوان لەقەڵەم دەدرا. بەڵام لەعەینی کاتدا هەر ئەو بێغەرەزی و عەداڵەتی کە لەپێشدا دەیکرد درێژەی دەدا. ئەو لەماوەی **٥٣** ساڵ پاشایەتی خۆیدا قەومەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی یەکگرتوو کرد و دەسەڵاتی ریش سپیانی هەڵگرت و هیچ کات لە حەولی ئەوە نەکەوت کە خاکی خەڵکی دیکە داگیر بکاو هەموو کۆششی خۆی بۆ ئەوە وەگەڕدەخست کە بناخەی دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێ و بنیادی ئەو دەسەڵاتەی کە ئیتر بەناوی "ماد" دەناسرا بەهێزتر بکا. دیارە دوای ئەو کوڕەکەی "فرەئۆرتیش یا خشتریتە"کەوتە بیری داگیر کردنی خاکی خەڵکیترو گەورە کردنەوەی ولاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی.[١٠٧]

"ئەسکەندەری" بەسەرنج دان بە قسەکانی هیرۆدۆت و لێکدانەوە و ئاکام وەرگرتن لە لایەن کەسانێکی وەك "ا.م. دیاکۆنۆف" بۆچوونەکانی کۆکردۆتەوە، هەرچەندە دەربڕینی بۆچوونی خۆیەتی بەڵام جێگەی سەرنجە.

ئەو دەنووسێ: یەکەم ئەوەیە کە مادەکان لە "کۆمێ Kome"یەکانی خودموختار دادەنیشتن، دووهەم لەم ناوچانەدا هێندێك ئەمیر بە یارمەتی نەجیب زادە و چینەباڵادەستەکان

١٠٧- مێژووەکانی هێرودۆت لاپەڕەکانی ٦١ تا ٥٩.



حکوومەتیان دەکرد، سێهەم هەر ئەو ئەمیرو چینەباڵادەستانە غەدریان لە چین و توێژەکانی ئاسایی کۆمەڵگا دەکرد. بێ یاسایی سەرچاوە گرتوو لەم وەزعە پێویستی دامەزرانی دەسەڵاتێکی ناوەندی دەهێنا گۆڕێ، ئەوانە بەتێکڕا ئەو پێویستییەیان بەهێز دەکرد کە کوزیلەیەکی تایبەت لەو کارگێڕانە پێکبێ کە بڕوایان بە دەسەڵاتێکی ناوەندی خاوەن دەسەڵات هەبوو.[١٠٨]

ا.م. دیاکۆنۆف لەم بڕوایە دایە کە پادشایەتی "دیۆك = دیائۆکۆ" لە ساڵەکانی دەوری **٧٨٨** و **٧٤٥**ی پێش زایین بووە کە سەرچاوەکانی ئاشووریش ئەوەیان تەئید کردوە. کارەکانی بنەڕەتی "دیائۆکۆ" تا ڕادەیەك گۆڕینی کۆمەڵگای ماد لە دەوری دەشتەکیڕا بۆ دەوری کۆیلەتی و دەستپێکی خاك داگیرکردن لەسەر بنەمای بەڕێوە بردنی ولات (کشورداری)، هەروەها ئالوگۆڕو ریفۆرم لە دەسەڵاتی نیزامی تایفەیی، بە شێوەیەك کە دەسەڵاتدارە سەرەکییەکان سەرۆك عەشیرەو سەرهۆزەکان بوون، وەپێش خست. لە لایەکی دیکەشەوە شەڕو تێك هەڵچوونی نێوان تیرەکان، چەوساندنەوەی هەژاران لە لایەن دەوڵەمەندەکان و هەڕەشەی دەرەکیو بەردەوام و زۆر شتی لەو بابەتە بووبە هۆی یەکبوونی هۆزەکانی ماد و سەرئەنجام بووبە هۆی دامەزرانی یەکێك لە ناوەندەکانی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندی لە دنیای ئەو سەردەم و پێکهێنانی ئیمپراتۆری مادو یەکەم دەسەڵاتی راستەقینەو سەربەخۆ لەم دەڤەرەی ئێراندا.[١٠٩]

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە هەرچی دەسەڵاتی ئاشوور بەسەر مادا زیاتر دەبوو، زەمینەی خۆڕاگری و بەرگری و بیری خۆ رزگار کردن لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لەنێو خەڵکدا زیاتر دەبوو، لە سەدەی حەوتی بەر لەزایین خۆڕاگریو خەبات بەوپەڕی خۆی گەیشت، کە بە بەدەستەوە گرتنی رێبەرییەکەی لەلایەن دەسەڵاتداری ئەیالەتی مادی ـ ئاشووری "پیت

١٠٨- لە تاریکایی هەزارەکاندا لاپەڕەکانی ٢٢٨و ٢٢٧ بە کورتکراوەیی و کەڵك وەرگرتن لە ئازەربایجان لەگەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا.

١٠٩- لەو بوارەدا لە مێژووی ماد بڕوانە و کەڵکی زۆری لـێ وەرگرە.

کاردی" بە نێوی "گشتگریتی" زۆر شێلگیرتر لە پێشوو بوو.[١١٠] ئەو کات کە قەومە هێرشکەرەکانی سەکائیو کیمری گەیشتنە ئەو هەرێمەو لەگەڵ دەسەڵاتیماننا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئاشوور دەستی برایەتییان دا دەست یەکتر، دەورەی لاواز بوونی ئاشوور دەستی پێکرد، خاکێکی زۆر کە پێشتر ئاشوورییەکان لە ماننا و مادیان گرتبوو، گرتیانەوەو کەوتەوە دەستی خاوەنانی سەرەکی خۆی، بە شێوەیەك کە جگە لە ناوەکانی "زاموا"و "پارسوا"[١١١] لەباکووری ماننا هەموو ئەو شوێنانەی ئاشوور لە باکوورو باکووری رۆژهەڵاتی وڵات گرتبوو لە دەستی دەرهێنرایەوە. بەڵام سەرهەڵدانی ناکۆکیو ناتەبایی لەنێو ئەو هێزە یەکگرتووانەدا کە بەهۆی ئاشوورییەکانەوە پێکهاتبوو ـ گەیشتە جێگایەك کە پادشای ئاشوور کچەکەی دا بە پادشای سەکایەکان تا ئەو لەو یەکگرتنەوە لەگەڵ مادەکان پەشیمان کاتەوە ـ کۆتاییان بەم سەرکەوتنانە هێناو بۆ ماوەیەکی خەیاڵی ئاشوورییەکانی دڵنیا کرد، هەرچەند دەبێ ئەو راپەڕینە بە گەورەترین هەنگاو لە وەدەستهێنانی سەربەستی مادەکان بزانین.

پێویستە "خشتریتە یا فەرائۆرتیس"ی کوڕی دیائۆکۆ دوای باوکی بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆری ماد بزانین کە بە وتەی "هیرۆدۆت" ئەویان بە کوڕی دیائۆکۆ زانیوە، چونکو مێژوو نووسانی نوێ لەم بوارەدا گومانیان هەیە، کەچی هیچ بەڵگەیەکیشیان بۆ رەتکردنەوەی ئەم مەسەلە نییە.[١١٢]

١١٠- پیت کاردی کە ناوەندەکەی قەڵای "کار ـ کاشی" بەمانای شەرگەی کاسییەکان بوو، لە دەوری هەمەدانێ بووە، ئەوە خۆی یەکێك لە هۆیەکانی پێوەندی روونی ماد و کوردەو کاسییەکان کە کورد بوون حاکمەکەیان لە مادەکان بووە کە نێویشی کوردی بووە.

١١١- "پارسوا"ی بە یەکەم شوێنی دانیشتنی پارسییەکان دوای کۆچیان بۆ ئێران دادەنێن و بڕوایان وایە کە پارسییەکان دواتر وردە وردە بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی زاگرۆس چوون و دواییش سەریان لە خووزستان دەرهێنا. ئەو بۆچوونە کەوتۆتە بەرئیرادی کەسانێکی وەك دیاکۆنۆف کەدەڵێ "پارسوا" بە نێو پارسیان نەکراوە بەڵکو پارسوا لە زمانی ئاشووریدا بە واتەی سنوورە و لەبەر ئەوەی ئەو ناوچە لە حدوود بووە پێیان گوتووە پارسوا. چونکو ئەو باسە لە چوارچێوەی کاری ئێمەدا نییە، پێویست ناکا لەمە زیاتر لەسەری بڕۆین، هەربۆیەشە کە ئەوانەی حەز لە بابەتەکە دەکەن دەبێ لە لاپەڕەکانی ٩و ١٨٨ی مێژووی ماد، نووسینی دیاکۆنۆف بڕوانن.

١١٢- مێژووەکانی هیرودۆت ل ٥٨.



گەلۆ "فەراوەرتیش" کوڕ یا نەوەی "دیائۆکۆ" بە زیاد کردنی خاکی ئەو ئەمیرنشینە بچووکانەی کە لە دەوروبەری خاکی خۆی بوون، چەند هەنگاو لە پێکهێنانی دەوڵەتی ماد نیزیکتر بۆوەو، وردە وردە ئەو پاشاگەردانییە بچووکانەی تریشی کە لێی نیزیك بوون لەگەڵ خۆی خست.[١١٣] لێرە دەرفەتێکی دی هاتە پێش کە یەکبوونی مادو گۆتی دووپات کردۆتەوە، دەتوانین بڵێین مادەکان یەکێك لە تیرەکانی کورد بوون، چونکو لەو کاتەدا لەبەر بەتوانا بوونی مادەکان، دراوسێیەکان خۆفیان رێ نیشتبوو، ئاماژە بەو مەسەلە دەکاو دەنووسێ "گۆتی = گوتیۆم"ەکان دەستیان بە سەرکێشی کردووە و... دەبێ ئەوە بزانین کە ئاشوورییەکان و ئاکادییەکانو ... بە هەموو قەومەکانی مادو ماننایان گوتووە "گۆتی یا گۆتیۆم" هەروەك لەکەتیبەی ئاشوور "بانی پال"ی پادشای ئاشووریشدا ماد بە گۆتیۆم یا گۆتی نێوبراوەو لەوێدا دەنووسێ: "... ئەم "شاما مۆگین"ەی برای بێوەفا سوێندەکەی بۆی خواردبووم بەهێندی نەگرت[١١٤] و خەڵکی "ئەکادو کەلدانییەکان"و خەڵکی قەراغ دەریاو "ئومانیگاشا" دەزانن ئەو پێی شاهانەی منی ماچ کردو منیش ئەوم کردە پاشای عیلام هەروەك پاشاکانی گوتیۆم و ئامورر و ملووخا... ئەوانیترم دانابوو."[١١٥-١١٦] و ئەوە هەر ئەو مەسەلەیە کە "ئۆلمێستێر"یش بە هەڵە گوتوویە پارس، مەبەست هەر مادە.[١١٧]

بەهەر حاڵ "فەراوەرتیش یا خشتریتە" دوای **٢٢** ساڵ دەسەڵاتدارەتی کردن بەسەر خەڵکی ماد دا، بە وتەی "هیرۆدۆت"[١١٨] لە شەڕێکدا کە لەگەڵ ئاشوورییەکانی کرد، لە ساڵی **٦٥٢** یا **٦٥٣**ی بەر لە زایین کوژراو لەشوێنێك کە لە ١٠ کیلۆمیتری شاری سابڵاخ یا مەهابادی

١١٣- مێژووی ماد ل ٣٣٤.

١١٤- شاماشو مۆگین برای ئاشوور بانیپال بوو کە بە دژی براکەی راپەڕیو ئەوانی نێوی بردوون دەگەڵ خۆی رێك خستوون و بە دژی براکەی راستی کردوونەوە.

115- CCXGIII و دوایە Assurbanipal I لەوحەکانی ئاشوور وەرگیراو لە مێژووی ماد.

١١٦- دوایین ساڵەکانی دەوڵەتی ئورارتو ل ٣٥ نووسینی ا.م.دیاکۆنۆف.

١١٧- مێژووی ئێران ا.تی.ای اولمستید چاپی شیکاگۆ، A.T.E.olmstead.Hstory of the persian Empire Chicago 1948.

١١٨- مێژووەکانی هیرۆدۆت بەرگی ١ ل ١٠٢.

ئێستاو لە باشووری دەریاچەی ورمێ لە نیزیك گوندێك بەنێوی "ئیندرقاش" نێژراوە.[119] ئەو موغبەرەیە (گڵکۆیە) هەروەك گڵکۆی شایەکانی دیکەی ئەوکات لە نێوقەدی کێوێك دروستکراوە کە فەقرەقای نێوە، لە هێندێك کتێب بە ئاماژە بەئەوینی شیرین‌و فەرهادی نیزامی گەنجەوی، کە لەسەردەمی خوسرەو پەرویزی شاهەنشای ساسانی (فەرهادگای) پێ‌گوتراوە کە گۆیا دەبێ فەرهاد هەڵیکەندبێ (دیارە ناتوانێ راست بێ). ئەو کێوە لە لای باشوور ڕا وەك دیوارێکی ساف لەبەرد داتاشراوەو گڵکۆکەیان لە بەرزایی ١٢ میتری تێدا هەڵکەندووە. لەنێو ئەو ئەشکەوتە دەستکردەدا کە شکڵی چوارگۆشەی هەیە، درێژایی تەختەکەی کە ڕوو بە دەرگای ئەوشکەوتەکەیە ٢٠ سانتیمیتری نارێکی هەیە. بەشی ناوەوە سێ تابووتی بەردین هەڵکەوتووە کەئەوی لای چەپیان لە دووەکەی دیکە کە قەرینەی یەکترن گەورەترە. میچی بەردینی ئەو غارە چوار کۆڵەکەی بەردینی تاشراوی لە بنە کە دوویان لە ژوورێدان و بەرزتر لە دوو ستوونی بەر زارکی غارەکەن. بەرزایی هەر کۆڵەکەیەك ٢٢٠ سانتیمیترو دەوریان ١٧٦ سانتیمیترە. سەروبنی هەرکام لە کۆڵەکەکان بەردێکی تایبەتیان لێ هاتۆتە پێشەوە. هەر کام لەتابووتە بەردینەکان مەیتێکی تێدایە. وەزعی ئێستا وا نیشاندەدا یەکێك لە مردووەکان گەورە و دوویان بچووك بوون. "ژاك دومۆرگان" لە زمان "راولینسۆن" دەنووسێ: "لایەکی دیوارەکانی ئەشکەوتەکە بە کێتیبەیەك کە بە نووسینی پەهلەوی نووسراوە داپۆشراوەو بە جەوهەرێك نووسراوە کە پاك بوونەوەی بۆ نییە." بەڵام ئێستا کە ١١٠ ساڵ لە لێکۆڵینەوەکەی مۆرگان تێدەپەڕێ، زۆر لەپیتەکانی پاك بۆتەوەو ناخوێندرێتەوە.[120]

لەسەر ئەو موغەبەرە کە دەڵێن گڵکۆی "خشتریتە یا فراوەرتیش"ەو نووسەریش هەر لەسەر ئەو بڕوایەیە بابەتێکی دیکە زیاتر روون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە "کیاکسار = هوەخشەتەرە" کوڕی "فەراوەرتیش" نەبووە، بەڵکو نەوەی بووە، چونکو لەو موغەبەرە دا

١١٩- لە هێندێك لەو کتێبانەدا ئەو موغەبەرەیان "فەخریك" نووسیوەو شوێنەکەیان لەنیزیك میاندوئاو دیاریکردووە کە هەڵەیە وەك لە کتێبی "هیرتسفیلد"و مێژووی ا.م.دیاکۆنۆف ل ٣٧٤و لە ل ٢٠١ی E.Hersfeld.Iran in the Anciont East لەسەر ئەو گوندەو ئەو موغەبەرە لە کتێبێك بەنێوی ناحیەناسی کوردستانی موکری نووسەری کتێب بە ئەندازەی پێویست دواوە، ئەوانەی حەز دەکەن باشتر لەم مەسەلە ئاگادار بن با لە کتێبی (لێکدانەوەی مەسەلە سروشتی، ئابووری و مرۆڤییەکانی کوردستان) بڕوانن.

١٢٠- جوغرافیای رۆژئاوای ئێران، نووسینی ژاك دومورگان، وەرگێڕانی دوکتور کازم وەدیعی ل ٤٤، دیارە ئێستا هیچ نیشانەیەك لەم نووسراوانە نەماوە.



فەراوەرتیش و کوڕەکانی نێژراون، کەوابوو گومانی ئەو دەستە لە لێکۆڵەرەوەکانی وەك ا.م.دیاکۆنۆف وەڕاست دەگەڕێ. لەو موغبەرەیەدا رمێکییش لەسەر دیوار بە شێوەی بەرجەستە هەڵقەندراوە کە چەند بەشێکی لێ ماوەتەوە، بەو نیشانانەی لە سەری ماوەتەوە وێدەچێ ڕمی ئیسکێتی یا سەکایی بێ کە دەتوانێ ئەو راستییە دەرخا کە "فەراوەرتیش یا خشترتیە" بە هاندانی ئاشوورییەکان لە لایەن ئیسکێتەکان یا سەکایەکان‌و هاوپەیمانەکانی مانناییەکان کوژرابن و ئەو رمەیان بۆ بیرخستنەوەی ئەو رووداوە لەوێ هەڵکەندووە. ئەگەر ئەو بۆچوونە پەسەند بکەین، ئەوکات لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی "کیاکسار یا هەوەخشەتەرەش" کە لە ساڵەکانی ٦٢٤ تا ٥٨٥ی بەر لە زایین بووە یەکدەگرێتەوە، تەنیا ئەو ناکۆکییەی تێدا دەبینرێ کە بە وتەی دیاکۆنۆف هەوەخشەتەرە هەر بە منداڵی بۆتە شا.[121]

ئەو شەڕەو سەرکەوتنی سەکاکان بەسەر مادو ماننادا سەرەتای دەسەڵاتی بیست و چەند ساڵەی ئەوان بەسەر ئاسیا دابووە،[122] بەڵام لە پەنای ئەو حاکمیەتە دا هێندێك حکوومەتی ژێر چاوەدێری ئەوان کە باج و خەراجیان بە سەکایەکان دەدا، خۆیان پاراست، لەو بەینەدا مادەکانیش لە ئاکامی کاریگەری و وریایی "هەوەخشەتەرە = کیاکسار" و دەزگای حاکمەی خۆی و کەڵك وەرگرتن لە شەڕکەری و لێزانی سەربازیی ئێسکێتەکان یا سەکاکان، خەریکی بەهێزکردنی هێزی جەنگاوەرانی خۆیان بوون، بە شێوەیەك کە بە وتەی "هیرۆدۆت" هەوەخشەتەر بە کوشتنی بە کۆمەڵی سەرکردەکانی سەکا، کۆتایی بە سەروەری ئەوان هێناو لە بواری سەربازیدا هیچ کەم و کوڕییەکی نەبوو.

١٢١- مێژووی ماد، لە ٣٦٥و دواتر.

١٢٢- بە گوێرەی بەڵگەی لەبەردەستدا، ناوەندی سەرەکی سەکایەکانیش وەك هی مانناییەکانی کوردستانی موکری بووەو شاری سەقز کە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی موکرییە و لە نێوان شارەکانی مەهاباد، بانە، بۆکان و بیجار هەڵکەوتووە، یەکێك لە یادگارییەکانی سەکایەکانە و ئەو نێوەش هەر لە ناوی ئەوان وەرگیراوەو دوایە بۆتە سەکز، سەگزو سەقز. ئەو قەومە کە سەکاکانی رۆژئاواشیان پێ‌دەڵێن (وەك سەکاکانی رۆژهەڵات لە سیستان یا سەکستان بوون) سەکەکانی رۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای قەرنی حەوتەمی پێش زایین، باشووری دەریاچەی ورمێ یا ماننایان گرت و شوێنی سەقزیان وەك پایتەخت هەڵبژاردو نێوی خۆیان لەسەر دانا. (بۆ زانیاری زیاتر کتێبەکانی ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام نووسینی "رۆمەن گیرشمەن"و وەرگێڕانی محمد معین ص ١١٠و مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران لە سەردەمی بەر لەمێژوو و دەستپێکی مێژوو نووسینی سەعید نەفیسی، ل ٢٢٧ بە دواوەو فەرهەنگی موعین بەرگی پێنجەم بڕوانە.

یەکێك لە ئاکامە گرینگیەکانی حکوومەتی چەندین ساڵەی سەکایەکان لە مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی مادەکان دا برەوپەیکردنی و بڵاوبوونەوەی زمانی ئێرانی سەکا لەنێو تیرەکانی ماددا بووە، هەروەك ئەو لێکۆڵەرەوانەی لەم بوارەدا موتاڵایان کردوە دەڵێن زمانی ئێرانی ئیسکێیەکان کە زۆر لە زمانی ئێرانی (مادەکانی ئێرانی) نیزیك بووەو زۆری یارمەتی داوە بە پێکهێنانی پێوەندی تیرەکانی مادو ئیسکێتی. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە شتێك بکەین یا باشترە بڵێین دووپاتی بکەینەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ـ ئیسترابوون جوغرافی زانی هاوچەرخی حەزرەتی مەسیحیش لەسەر وەك یەکچوونی زمانی سەکایەکان و مادەکان زۆر دواوە، هێندێك لە زاناکانیش هەر لەسەر ئەو قسە دەنووسن: لەو سەردەمەدا واتە (دەستپێکی سەدەی یەکەمی زایینی) زمانی پارسی بۆتە زمانێکی تەواو سەربەخۆ. دیارە ئەوە شتێکی روونە (چونکو ماوەیەکی زۆر لە شکست هێنانی مادەکان تێپەڕیبوو و مەودایەکیش لە دامەزراندنی هەخامەنشینەکان و سلووکییەکان و بگرە لەخۆگرتنیشیان بەسەر چووبوو، تەنانەت مەودایەکیش بەسەر دامەزراندنی ئەشکانییەکاندا تێپەڕیبوو.) وێڕای ئەوەی لەنێوان مادەکان و تیرەکانی دیکەی ئێرانی ئەو سەردەمە بە تەواوی لەناو نەچووبوو و ئێستا شتێکی لێ مابوو...[123]، بەڵام تا ئەو جێگایەی بۆ ئێمە ئاشکرایە تێکەڵاوی مێژوویی سەکایەکان لەگەڵ مادو لەنێوخاکی مادەکاندا لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینرا دەستپێدەکا، لەو کاتەوە ئەوان لە دەشتەکانی کۆرا یا کۆر نیشتەجێ دەبن و تێکەڵ بە دانیشتوانی ئەو خاکە دەبن. (هێندێك لەنووسەرانی ئازەربایجانی زۆریان هەوڵداوە ئەوان بەتورك زمان بناسێنن، کەچی زۆرینەی بۆچوونەکان لەسەر ئێرانی بوونی ئەوان و نیزیك بوونیان لە مادەکان سوورن.) یەکێك لەوانەی بەتوندی لەسەر بۆچوونی تورك بوونی سەکایەکان سوورە (زەکی وەلیدی تۆقان)ە کە بە وتەی رحیم رئیس نیا بێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەك هێنانی سەرچاوەیەکی وردو بەڵگەی جێپەسند دەنووسێ: ... لەسەر ئەو باوەڕەم کە چینی حاکم بەسەر ئەو قەومەدا تورك بوون.[124]

دەبێ ئەوەش بڵێین کە نفووزکردنی زمانی ئێرانی (ئیسکێتەکان) لەم مەڵبەندەدا تا جێگەیەك بەرەو پێش چوو کە تەنانەت لە مەڵبەندی ماناو ناوچەکانی "کاسپی"زمانیش

---

١٢٣- مێژووی زمانی ئەدەبی ئازەربایجان، نووسینی تۆفیق حاجی ئۆف ل ٢٧ بە دواوە.

١٢٤- سەرەتایەك لەسەر مێژووی گشتیی تورك ل ٣٤، کە لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێرانێدا ل ٢٥٠ی بەرگی یەکی وەرگرتووە.



برەوی پەیدا کردبوو. هەرچەند زۆربەی مادەکان بە زمانی ئێرانی (پارسی کۆن) قسەیان نەدەکرد، چونکو ئەو زمانە تازە بۆ هەموو قەومەکانی ژێردەسەڵاتی ماد وەك زمانی رەسمی چاوی لـێدەکرا، یارمەتیان بە بڵاوبوونەوەی داو منداڵەکانی خۆشیان بۆ فێربوونی زمانی ئیسکێتی یا سەکایی دەنارده لای ئەوان.[125]

لەسەرتاسەری سەردەمی حاکمییەتی "سەکایەکان ، سیتەکان یا ئیسکێیەکان"[126] هەوەخشەتەرە لە پلانی گەیشتن بە سەربەخۆیی و پان و بەرینتر کردنی مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی خۆی غافڵ نەبوو، لەساڵی ٦٢٥ی بەر لەزایین کاتێك دەستی سەکایەکانی لە دەسەڵات کورت کردەوە، هێزێکی چەکداری بە رێکخستنێکی تازەو چەك و چۆڵی تایبەتی ئەوکاتو پێشکەوتووترین تەعلیماتی سەربازی، پێکهێنا و هێندێك ئەمارەتی بچووکیش کە "فەراوەرتیش" نەیتوانیبوو یا دەرفەتی بۆ نەڕەخسابوو وەسەر خاکی مادیان گێڕێ، خستییە سەر وڵاتی خۆی و هەر کە لە کاری سەکاکان تەواو بوو کەوتە بیری پێکهێنانی کەلوپەلی پێویست بۆ هەڵکوتانە سەر ئاشوورو گرتنی وڵاتەکەیان. بەجێیە کە لێرەدا گوێ بۆ داستانی هیرۆدۆت لەسەر چلۆنایەتی لەناوبردنی سەکایەکان شل کەین.[127] ئەو دەڵێ: کیاکسار یا هەوەخشەتەرە بە پێی پیلانی داڕێژراوی پێشوو گەورەکانی سەکایی بانگهێشتن کردو بە مەکرو فێڵ لەو میوانییەدا خواردنەوەیەکی زۆری دەرخوارددان و وای لـێ کردن کە ئاگایان لەخۆ نەما، دوایە هەموویانی قەتلوعام کردو سەکایەکان کە ئیتر فەرماندەیەکیان نەمابوو، نەیانتوانی بەربەرەکانێی لەگەڵ بکەنو بەم ساکارییە شەڕی سەکایەکانی لەخاکی ماد لەکۆڵ کردەوە.

لەسەر ئەم رووداوەو چارەنووسی سەکایەکان، قسەی زۆر کراوە، بۆ وێنە لە کتێبی "ئەرمیای نەبیدا" هاتووە: لە دەیەی نۆیەمی سەدەی شەشەمی بەر لەزایین، ئیسکێتەکان لە

---

١٢٥- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف ل ٢٦٦ و کتێبی ئیرانویج، لاپەڕەکانی ٢٨ تا ٢٥.

١٢٦- مێژووەکانی هیرۆدۆت بەرگی یەکەم لە ل ١٠٦ بە دوا. دەبێ لێرە ئەوەش زیاد کەین کە داریووش لە کەتیبەی خۆیدا، سەکایەکانی بە "سەك و سەکا" نووسیوە کە هەردووکیان دروستن و بەپێی بەڵگەی لەبەردەست، ئەوانە لە ئێرانییەکانی باکوور بوونەو زمانیشیان ئێرانی بووە. بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن کەتیبەکانی "ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا" نووسینی پرۆفیسۆر کریستەن سێن و، وەرگێڕانی رەشید یاسەمی و لاپەڕەی ١٠ی حاشیەنووسی ئێرانی دێرین کە لە لایەن مشیرالدولەی پیرنیا نووسراوە بخوێننەوە.

١٢٧- مێژووەکان بەرگی ٤ لە ل ١٠٦ بە دواوە.

مەڵبەندی ئازەربایجان پاشایەتیان دەکرد.[128] هیرۆدۆتیش وێڕای پێداگرتن لەسەر ئەو بابەتە دەنووسێ: بەخاتری ئیسکێتەکان لەنێوان مادو لیدیدا شەڕێك ساز بوو کە ماوەیەکی زۆری خایاند (لە ٥٩٠ی بەر لەزایین).[129]

گەلۆ هەروەك لە بەشی پێوەندیدار بەماننا، نووسەری ئەم کتێبە ئاماژەی پێکردوە، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە پاشماوەیەکی زۆر لە سەکایەکان کە بە "ئورتوکور پانتی یا تیزخودان" بەنێوبانگ بوون لەسەر خاکی مادو کوردستاندا ماوەنەتەوە، دیارە بەشێکیان گەڕانەوە خاکی خۆیان واتە باشووری رووسیە. لەسەر نیشتمانی بنەڕەتی ئیسکێتەکانیش ناتەبایی بۆچوون و روانگە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە لێی دەگەڕێین.

لە بەرنامەی نەهێشتنی حکوومەتی ئاشوور "هەوەخشەتەرە یا کیاکسار" کەڵك وەرگرتن لەهاوپەیمانانی پڕبایەخی پێ لەسەرەوەی هەموو شتێك بوو. لەم رێگەیەشدا وێڕای کەڵك وەرگرتن لە جەماوەری ئەو شوێنانەی هێدی هێدی دەیگرتن و دەیخستنە سەرخاکی خۆی، هەروەك لەگەڵ "ماننایی و سەکایەکانیشی" کرد، یەکگرتن لەگەڵ بابێلی بەتواناشی زۆر بۆ گرینگ بوو کە لەوکاتدا "نبوپیلیسر یا نبوئاپیلۆسوور" پاشای ئەوێ بوو. "برووس" مێژوونووسی بابێلی لەسەر ئەو پادشایە دەنووسێ: ئەو لە لایەن "ساراك" دوایین پادشای ئاشوور، بۆ سەرکوتی دوژمنانی ئاشوور، چووە بابێل و بۆ رووخاندنی حکوومەتی "ساراك" لەوێندەرێ هێزو توانایەکی زۆری پەیدا کردو بە وتەی مێژوونووسەکە ئەو لەلایەن "ساراك"ەوە کرابووە حاکمداری بابێل.[130] گەلۆ "نبوپیلیستر" کە پێش شەڕ لەو هاوپەیمانە دەگەڕا، لەسەر

١٢٨- کتێبی ئیرمیای نەبی، بەرگی ٥ لاپەڕەکانی ١٨ تا ١٥و بەرگی ٦ لاپەڕەکانی ٢٥ تا ٢٢ [خوا دەفەرموێ ئەی خانەدانی ئیسرائیل ئەوەتا من لە دوورەوە ئۆمەتێکتان بۆ دێنم...]

١٢٩- مێووەکانی هیرۆدۆت بەرگی چوارەم لاپەڕەکانی ٢ تا ٤، هەروەها هیرۆدۆت لە حیکایەتێکی وەك ئەفسانەدا دەنووسێ کە چۆن ژنەکانی ئێسکێتی لە دوای نەمانی پیاوەکانیاندا مێردیان بە کۆیلەکانیان کردەوە و (هەمان سەرچاوە و مێژووی مادی ا.م.دیاکۆنۆف ل ٢٦٧) لەسەر چارەنووسی ئیسکیتەکان یا سەکایەکان لە نووسراوەکانی "ب.ب.پیوتروفکی"و هیرۆدۆت (مێژووەکان بەرگی ١تا ٤و ١١٨ تا ١١٩و دواتر بە تایبەتی لە کتێبی "سولیمیرسکی T.Sulimirski" بڕوانن.

١٣٠- وەرگیراو لە مێژووی مادی دیاکۆنۆف ل ٢٧٦و خەبەری "یوسووی" بەرگی ١ لاپەڕەکانی ٣٦ تا ٣٧و ١٠ تا ٢٨، کە بەهۆی "ئەلیکساندر کیستوور" لە برووس وەرگیراوە.



بنەمای دۆستایەتییەکی کە لەگەڵ هەوەخشەتەرە هەیبوو،[131] رووی لـێناو، دوایەش مادەکان لە زاگرۆس تێپەڕین و لەداوێنی رۆژئاوای زاگرۆس لە دیجلەش پەڕینەوە، دیواری دەوری ئاشووریان تێك ڕووخاند و شاری پیرۆزی "ئاشوور"یان گرت کە هەموو دەسکەوتی ئاشووری تێدابوو، ئەوەی لە تالان و بڕۆی چەند سەدەی وڵاتانی دراوسێ کۆیان کردبۆوە هەمووی لەوێدابوو.[132]

نووسەری "مێژووی رووداوەکانی گێد" کە نێوی گێد و خەڵکی بابێل بووە، هەروەها "کتسیاس" مێژوونووسی تری یۆنانی، رێکەوتی گەمارۆدانی "نەینەوا"ی پایتەختی بەشکۆی گەورەی ئاشووری ساڵی "٦١٣"زایینیو هێندێکیش وەك "نائۆم یا ناحۆم" رێکەوتی ئەو رووداوە بە ٦١٢ی بەر لەزایین دەنووسن.[133] بەڵام ئەوەی کە تا ئەوڕۆ روونو دیارە ئەوەیە کە رووخانی "نەینەوا" لە مانگی ئووتی ساڵی ٦١٢ی بەرلەزاییندا بووە و هەر ئەوەش بۆتە سەرەتای مێژووی کوردان.

بەهەرحاڵ گرتنی ئەو شارە کە چەندین چەرخ ناوەندی دەسەڵاتداریەتی هەموو ئاسیای رۆژئاواو پایتەختی زاڵمانەترین حکوومەتەکانی دنیا بوو، لەرێگەی رووخاندنی بەربەستی رووباری "خوشوو" کە لە نیزیك شار هەڵکەوتبوو،[134] هەروەها بەدوای لەناو بردن و تێکدانی دیوارە گلێژ کراوەکانی دەوری شار دەستی پێکردوو هێرشکەران توانیان بچنە ناو نینەواو تازە ئەو کات شەڕی نێوشار هەنگاو بەهەنگاو لەنێوان پەلاماردەران و پارێزەران دەستیپێکرد: [... وای بەحاڵی شارێك کە پر لە تەڵەکەو تالان و تایبەتمەندیی دڕندەیی لـێ دوور ناکەوێتەوە. شەقەی شەللاق و گڕەی تایەی عارەبانان و تەپەتەپی سمی ئەو ئەسپانەی تاو دەدرێن، گوێی فەلەك کەڕ دەکەن. بریقەی شمشێران دەدرەوشێن و نووکە ڕمان تروسکەیان دێ، هەر ئێستا

١٣١- هەوەخشەتەرەو بنوپلیسێر بە دوای وتووێژێکدا کە بە یەکەوە بوویانە، بوونە هاوپەیمان و کچی هەوەخشەتەرە بە نێوی "ئەمێئی ئیدا"شیان داوە بە "نبوکدنەسر"ی کوڕی نبۆپلیسێر.

١٣٢- مێژووی مادو A. Keldewoy: Des Wieder erslehende Balylen Leipzing 1913 لە لاپەڕی ٩٠ بە دواوە.

١٣٣- کتێبی "ناحوم" بەرگی دووهەم لاپەڕەکانی ٥ تا ٦.

١٣٤- وەرگیراو لە کتێبی ئەرمیای نەبی L1. ل٤٢ [دەریا هاتۆتە پێشوازی بابێلو ...] لە نووسینی دیۆدۆر Diod – 11 ٢٦ تا ٢٧ کە لە زمان دوو کەسەوە بە نێوەکانی "أئنی"و "ئەمنیت" (C.XIII ل ٥٢١)و بە تایبەتی کتێبی "ئاناباسیس = گەڕانەوەی دەهەزار کەس" نووسینی گزنفۆن، بەرگی ٣ لاپەڕەکانی ٤و ١٢و ٧١.

کوژراو یەکجار زۆرن و تەپۆڵکەی تەرمان بەرچاو دەکەوێ، بە واتایەکیتر لە جەنازەی کوژراوان تەپۆڵکە ساز بووە. هات و هاوار بڕانەوەیە... ئاو وەسەر ئاخ گەڕاوە و کەنیزەکان بە دیل گیراون و هەرکەس دەتوانایی دابووە چەك هەڵگرێ کوژراوە و ئەوانی دیکەش کران بەکۆیلەو...][135] داگیرکەرانی ئاشوور نینەوایان وا وێران کرد کە لەسەر گۆی زەوی نەماو هەموو سەروەت و سامانی ئەو شارەیان بۆ ئەکباتان (هەمەدان) ناردو بەم شێوەیە نینەوا بۆ هەمیشە لەناوچوو.[136-137] شای ئاشوور کە فەرمانڕەوای دنیایەك بوو کۆشکی ئیمپراتۆری ئاور تێبەرداو خۆی و بنەماڵەکەی لەنێو گڕی ئاگر دا سووتان. ئەگەر چی شەڕ لە ئاشووردا تا ساڵی ٦٠٩ی بەر لەزایین بە شێوەی پەراگەندە، بە تایبەتی لەلایەن "نبوپلیسێر"ی پادشای بابێل هەر درێژەی هەبوو... دوایەش ئیتر لەسەر ئاشوور باسێك نەهاتە گۆڕێ.[138]

لێرەدا دیسان بەڵگەیەکی دیکە بۆ یەکبوونی مادو کورد باس دەکەینو ئەویش ئەوەیە کە ئەوڕۆش دەستپێکی مێژووی کوردان هەر ساڵی گرتنی نەینەوایە. ساڵی زایینی کە ئێستا ١٩٩٦ی زایینە دەبێتە ساڵی ٢٦٠٨ی کوردی.[139]

"هەوەخشەتەرە" لەنێوان ساڵەکانی ٦٠٩ تا ٦١٥ی بەر لەزایین، وڵاتەکانی ماننناو ئورارتۆرای گرت، لە کۆتاییدا لە ڕێگای ڕۆژئاواوە دیواری بەرگری "لوودیەیالیدی" کەوتە سەرڕێ و بەهۆی بەرەنگار بوونەوەیان ڕاوەستا، دوای ئەوەی پێنج ساڵ شەڕی لەگەڵ ئەو وڵاتە کردو نەیتوانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ[140] بەهۆی نێوبژیگەری پادشای بابێل ڕێك کەوتن و پەیمانێکیان پێکەوە بەست کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامە ڕووباری (هالیس یا قزل ئیرماق) وەك سنووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆری مادو سنووری هاوبەشی دوو وڵات لە لایەن لیدیاوە بە ڕەسمی ناسرا، ئەوە لە حاڵێك دابوو کە لە لای ڕۆژهەڵاترا سنوورێکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی ماد نەبوو، "جۆرج کامێرۆن" شاری "ڕەی" بەسنووری ڕۆژهەڵاتی مادو ئیسفەهان بە سنووری باشوورو ئاترۆپاتێن یا ئازەربایجانیش بە حەددی باکووری ئەو وڵاتە نووسیوە،[141] لەگەڵ ئەوەشدا کە پارس یا پارسوما"یش لەژێر فەرمانی ماد دابوو. لەمەڕ سنووری ڕۆژئاوا دەبێ بڵێین، چونکو لە لای ڕۆژهەڵات هیچ خۆڕاگرییەك لە بەرانبەر حکوومەتی ماد دا نەکرا، سنوورەکەی گەیشتە "ڕۆژئاواوی جەیحوون" کە بە "توووران" ناسراوبوو و دەگەیشتە "بەشێك لە ماوراءالنهر"[142] هەرچەند بە وتەی ا.م.دیاکۆنۆف، لە باکووری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، سنووەرکانیماد خەتێکی دیارو ڕوونیان نەبوو.[143]

لێرەدا پێویستە ئەوە باس بکەین کە لە هێندێك لە نووسراوەکاندا بێ ئەوەی سەرنج بدەنە تەواوی ئەم ڕاستییە مێژووییانەو پێوەندی "ماننا"و ماد، هەروەها قەومەکانی میزۆپۆتامیا یا مەنزوومەی زاگرۆس و ماد و یەکبوونی ئەوان، جگە لە جیاوازی تیرەیی (واتە هەموو قەومێك بوون بەڵام تیرەکان لێك جیاواز بوون بۆ نموونە وەك قەومەکانی کورد کە تیرەکانی موکری، کەڵهوڕ، زەنگەنەو جاف بەشێك لەوانن یا قەومی ئازەری کە تیرەکانی شاسەوەن و قەرەپەپاغ لقێکن لەو قەومە) بەعزە کەسێك هێندێك بابەتیان نووسیوە کە بەپێچەوانەی نووسراوەکانی خۆشیانە. بۆ وێنە ا.م. دیاکۆنۆف دەنووسێ: "ئەو شەڕانە گرینگییەکی دیکەشیان هەبوو، بەو واتایە کە لە ئاڵوگۆڕی ڕەگەزیشدا کاریگەریان هەبووە!... بەم شێوە ماننایییەکان بەجارێك لەناو چوون و لەگەڵ مادەکان تێکەڵاو بوون،١٤٤ لە حاڵێکدا دەزانین کە ڕەگەز شتێك نییە لەناو بچێ، بە تایبەتی لەماوەیەکی کورتدا، تا ئەو کاتەی قەومێك خۆی

---

١٣٥- کتێبی نائوم یا ناحوم، بەرگی ١ ل ١٤، بەرگی ٢ لاپەڕەکانی ٣ تا ٩, بەرگی ٣ لاپەڕەکانی ١ تا ٦و ١٠و ٧٨و ... .

١٣٦- کوتسیاس مێژوونووسی یۆنانیو ل ٢٦ی بەرگی ٢ی Diod (دیودۆر).

١٣٧- (و.ای.ل) کۆی نووسراوەکان بەرگی ٣١ ل ٢٧١.

١٣٨- "مێژووی ڕووداوەکانی گید" و تورو دانژین F.Thureau-Dangin.La fin de la’Empire Assyrienne RA.XXIII.

١٣٩- بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە سەرنج بدەنە ئەو شتانەی لەم بوارەدا هەر لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دا نووسراوە.

١٤٠- شەڕی مادو لیدی بە شەڕی "کسووف" نێوبانگی دەرکردووە (٥٨٥ی بەر لەمیلاد) بووە. چونکو دوای ئەوەی زیاتر لە پێنج ساڵی کێشاو ڕۆژیش گیرا، هەردووك لا لە شەڕ وەڕەزو ماندوو ببوون، ئەو ڕۆژگیرانەیان بە غەزەبی خوا داناو، دواییش بە نێوبژیکەری شای بابێل سوڵحیان کرد و کیاکسار کچی خۆی پێشکەشی کوڕی پاشای لیدی کرد.

١٤١- ئێران لە بەرەبەیانی مێژوو دا ل ١٦٥ لە جۆرج کامرۆن.

١٤٢- ئێرانی باستان ل٨٠.

١٤٣- مێژووی ئێرانی باستان. م.م.دیاکۆنۆف.

١٤٤- مێژووی ئێرانی باستان م.م.دیاکۆنوف ل ٨٣.

بوونی هەیەو خاوەنی رەگەزی خۆیەتی، بە قسەی ئەم و ئەو یا بێدەنگە لـێکردن و لـێنەدوانی، ئەو قەومە لەنێو ناچێ. جگە لەو راستییەش کە لە بەڵگەکانی بینایەی داریووش لە"شووش"یش ماننایییەکانیان لەسەر ماد بەحیساب هێناوەو بە شێوەی رەسمی ناوێکیان لە ماننایییەکان نەهێناوەتە گۆڕێ.

لە حاڵێکدا بەم شێوە ئاماژەیان پێکراوە: "لەنێو مانایەکاندا خەڵکێك هەبوون خەریکی کشتو کاڵ، زێڕنگەری، بەردتاشین و هەیکەل سازکردن بوون. چونکو ئەوکات لەنێو مادەکاندا ئەم تەرزە کارو پسپۆرییە باو نەبووە، دەبێ **مەبەستی ماننایەکان بووبێ!**..."[١٤٥] هەروەك زۆرجار گوتوومانە بە ئاماژەو گومانەوە شتەکانیان باس کردووە. ئەوەش روونە کاتێك وڵاتێك حکوومەتێکی سەقامگرتووی هەبێ کە باسی رووداوەکانی دەکرێ هەر نێوی ئەو حکوومەتە دێتە گۆڕێ و کاریان بە نێوی قەوم و تیرەکانی دیکە نییە، با هەر لەو وڵاتەشدا بژی. ئەگەر پێکهێنانی ئیمپراتوری مادیش تەنیا نێوی دەسەڵاتی ماد هاتۆتە بەرباس، هەر بەم هۆیەوە بووە، چونکو حکوومەتی تیرەیی وردە شایەکانی هۆزی لەناو چووبوون و لە سەردەمی زنجیرە پادشایەتییەکانی دوای مادەکانیش ئەم دۆخە هەر بەردەوام بووە.

### دەسەڵاتی ئیخ تۆویگۆ (ئاستیاگ)و کۆتایی خێرایی دەسەڵاتی ماد

"هەوەخشەتەر یا کیاسار" هەرساڵی کۆتایی شەڕی مادو لیدی (٥٨٥ی بەر لە زایین) لە حاڵێکدا کە بەهێزترین وڵاتی ئەو سەردەمی بەجێ هێشت مردو کوڕەکەی "ئیخ تۆویگۆ" کە یۆنانییەکان ئاستیاکس و بابێلییەکان "ئاژدیهاگ"یان پێدەگوت لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئیمپراتووریی ماد دانیشت. مێژوونووسانی دنیای باستان وەك "هیرۆدۆت"، "کوتسیاس"، "گزینفۆن"، "دیۆدۆر"، "نیکۆی دیمشقی"و "فۆتیوس" هەر هەموویان لەسەر دەسەڵاتی "ئاژیدهاگ" زیاتر لەوەی کە دەبوو لەسەر رووداوەکان بڕۆن حیکایەتیان نووسیوە،[١٤٦] وەکو کتسیاس دەڵێ کوروش کوڕی پیاوێکی ئاسایی بووەو بەهاندانی کۆیلەیەکی هەڵاتوو، دژی

---

١٤٥- مێژووی ماد لاپەڕەکانی ٢٠١و ٣٩٠ نووسینی ا.م.دیاکۆنۆف وەرگێراو لە ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا.

146- C.Muler clesiae ١ تا ٥و لاپەڕی ١٠٦ photus.cod Lxxi نووسینی "هیرۆدۆت"و کوروش نامە نووسینی گزنفۆن.



ئاژیدهاگ راپەڕیوەو... لەسەریەك نووسراوەکانی بابێلین کە تا رادەیەك دەوری ئاژیدهاگ و خۆی زانیاریمان دەدەنە دەست. لە هەموو ئەو شتانەدا کە نووسەری ئەم کتێبە موتالای کردون بەو ئاکامە گەیشتووە کە "ئاژیدهاگ" پیاوێکی سەلیمو لایەنگری جەماوەر بووە، ئەو بڕوایەشی لە ئاکامی تێکەڵی لەگەڵ موغەکانی زەردەشتی لەودا بەهێز بوو کە ئەو کات لەبەر تازە بوونی بیرو بڕواکەیان زیاتر خەڵکی ئاساییان بە پاڵپشتی خۆیان زانیوە و دژی زوڵم و زۆری کۆیلەدارەکان زۆرداران تێدەکۆشان، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە ئاکامی شکستی ئاشوور، دەوڵەمەندتر بوونی دەوڵەمەندەکان و کۆیلەدارەکانی مادی بوو، بێگومان پشتیوانی "ئاژیدهاگ" لە بەردەکان و چینی خوارووی کۆمەڵگا بەزیانی ئەو گەورە پیاوانە و کاربەدەستانی مادی بوو کە سەروەت و سامان و دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو. چونکو ئەو خاوەن دەسەڵاتانە نەیان دەتوانی راستەوخۆ دژی ئاژیدهاگ راوەستنو دەستیان دا بە پیلانگێڕانێکی نەهێنی. لەسەرەوەی هەموو ئەو گەورە کاربەدەستانەشدا وەزیری ئاژیدهاگ بوو کە "هارپاکی" نێو بووە و زۆر بە زیرەکی و نیبەتی خراپە و لە بنەوە ئەو پیلانگێڕانەی رێبەری دەکرد. ئاژیدهاگیش کە ماوەیەکی دوورو درێژ بێ شەڕ ژیابوو، دەستو پێسپیلکە ببوو، زۆرینەی کاتی خۆی بە راو و شکارو رابواردن و عەیش و نۆش تێپەڕ دەکرد، بەتەواوی لە پیلانگێڕی دەستو پێوەندی خۆی غافڵ بوو.

بەڵام لەسەر بەرامبەرەکەی ئەو (کوروش) کە رابردووەکەی وەك رابردووی زۆربەی گەورە پیاوانی مێژوو پڕە لە چیرۆکی ئەفسانەیی بە دوو ریوایەت باسکراوە. یەکیان ئەوەیە کە کوروش کچەزای "ئاژیدهاگ یا ئیخ تۆویگۆ" بووە و لەکچی دووهەمی بە نێوی ماندانا بووە. رۆژێك ئاژیدهاگ لەخەودا دەبینێ کە دارێك لە زگی کچەکەیدا شین بووە کە هەموو ئاسیای داگرتووە، کاتێك لەگەڵ تەعبیرچییان باس دەکا، پێی دەڵێن کە ماندانا کوڕێکی دەبێ کەدەست بەسەر هەموو ئاسیادا دەگرێ پاشایەتی خۆشت دەگرێتەوە.

"ئیخ تۆویگۆ" کاتێك لێکدانەوەی خەونەوەکەی بیست، بۆ ئەوەی مەترسی ئەم خەونە لەخۆی دوور خاتەوە ماندانای پێشکێش بە کوڕە ئەمیرێکی بێ ناوو نیشانی وڵاتی پارس کرد کە نێوی "کەمبوجیە" بوو، دوایە کە کوڕێکیان لـێ پەیدا بوو ئەمری بە "هارپاك"ی وەزیر کرد کە ئەو کوڕە ساوایە لەناو بەرێ، بەڵام هارپاك کە نەیدەویست دەستی بە کوشتنی ئەو کوریژگە خوێناوی بێ کە هەمان کوروش بوو (تەسلیم بە شوانێکی کرد تا لەجیاتی ئەو کارەکە بکا، بە هەڵکەوت ژنی شوانەکە منداڵێکی بە مردوویی ببوو، هەر کە لەو کارە ئاگادار بوو کە

به مێردەکەی سپێردرا بوو، کوروشی به کوڕی خۆی وەرگرت و منداڵە مردوەکەی له جێگەی ئەو نیشاندا.

داستانەکەی دی که به هی "کوتسیاس" مێژوونووسی یۆنانی ناسراوە بریتییە لەوە که به پێچەوانەی چیرۆکی پێشوو له خانەدانی پادشایی نەبووە، بەڵکو له سپادا زۆری لیاقەت و کیفایەت لەخۆی نیشانداوە و به هاندانی پیاوێك که به نێوی "ئیبار" ناساندوویانەو خۆی کۆپلەیەك بووە که له تەویلەی ئەسپەکانی یەکێك له کۆیلەدارەکان خەریکی مەیتەری بووە، به دوای غەدرێکی زۆر که له لایەن ئەربابەکەیەوە لێی کراوە هەڵاتووە و لەگەڵ کوروش دۆستایەتی پەیدا کردوەو ئەوی هانداوە که لەگەڵ مادەکان شەڕێ بکا.

دیارە لەمێژووی بابێلدا هێندێك بەڵگە لەسەر ئەوە هەن که پیاوێك به نێوی "ئوگبار" هەیەو نبوونید لەسەری دواوەو ئەوی به یەکێك له سەردارەکانی کوروش له کاتی گرتنی بابێل ناساندووە،[147] بەڵام قبوولکردنی ئەو وتەی کوتسیاس زەحمەتە.[148]

هەرچۆنێك بێ راستی هەرکام لەم دوو چیرۆکە جیاوازییەکی ئەوتۆ له سەرەکی مەسەلەکەدا پێش ناهێنێ و کوروش که بەهۆی هارپاك کەوتە نێو جەرگەی ئەوانەی دژی ئاژیدهاك بوون، دوای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی که بۆچوونی لای پێشەوای کادۆسیان پێی سپێردرابوو، روخسەتی خواست تا بچێتە لای باوکی له پارس، که گەیشتە ئەوێ دەستیکرد به ئامادەکاری شەڕ، به دوای سێ ساڵ شەڕ لەگەڵ ئاژیدهاك، سەرەنجام بەسەریدا زاڵبوو، ئیمپراتووری ماد به دەستی کوروش له خانەدانی هەخامەنشی لەناو چوو. هیرۆدۆت لەبارەی شەڕەکانی کوروش لەگەڵ ئاژیدهاك ریوایاتی جێ پەسندی هەیە که هەر چەند به وتەی دیاکۆنۆف زۆر به کورتی نووسراون بەڵام له راستی ئەواندا نابێ گومانمان هەبێ.[149]

---

١٤٧- مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف ل ٣٨٧.

١٤٨- نووسەر وا بیر دەکاتەوە که دوور نییە لەسەر بنەمای داستانی کوتسیاس، کوروش که له سەرەتادا بێ ناوونیشان بووەو بەنێوی کوری دایك و باوکێکی شوان دەژیا، چووبێتە ناو ئیشی سوپاو له ئاکامی هەلومەرجی شیاوی جیسمی و فکرییەوە توانیبیەتی به پلەی بەرزی سپایی بگا و کاتێك له بەسەرهاتی خۆی ئاگادار بووبێ، بڕیاری تۆڵە سەندنەوە و لێخستنی باپیر و هێنانە خواری له دەسەڵات دەداو لەم نێوەدا سەرو کەللەی "ئیبار = ئوگبار"یش دێتە ناو کایەکە و بۆ گەیشتن به ئامانج هانی دەدا.

١٤٩- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٨و ٣٨٨.



لەهەر حاڵدا شەڕی مادو پارس له ٥٥٠ی پێش زایین به لەناوچوونی حکوومەتی مادەکان تەواو بوو، ئەوەی مسۆگەرە ئەوەیە، ئەگەر خیانەتی گەورە گەورەکانی ماد، به تایبەتی "هارپاك"ی وەزیرو هاوکاری ئەوان لەگەڵ کوروش نەبووایە ـ به لەبەرچاو گرتنی ئەوەی له رۆژەکانی ئاخردا هارپاك فەرماندەی گشتی سوپای مادی به دەستەوە گرتبوو و سوپاکەی خستە ئیختیاری کوروشەوە، ئیمکانی تێکشکاندنی مادو سەرکەوتنی کوروش وەدی نەدەهات.

## شارستانیەتو فەرهەنگی مادەکان:

هەروەك له نێو ئەو قسەو نووسراوانەی خۆماندا ئاماژەکان پێکردووە، شوێنەوارێکی به قەدرایە ئەوانی ئیمپراتوورییەکانی هەخامەنشی و ساسانی لەمادەکان بەجێ نەماوەو ئەگەر هەش بێ ئێستا هەر لەژێر خاکدا ماوەتەوە و دەرنەهێنراوە و به پێچەوانەی زۆر له لێکۆڵەرەوەکان و خاوەن بۆچوونان، هۆی بنەڕەتی ئەو کارەش، کورت بوونی ماوەی سەقامگیری مادەکان و گرفتاری و شەڕو شۆڕ له تەواوی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو دایە، چونکو هەروەك دەزانین له کاتی شکستی ئاشوور ڕا تا لەناو چوونی دەسەڵاتی ماد نیزیکەی ٥٣ ساڵی کێشاوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانە دەتوانین مەدەنیەت و فەرهەنگی مادەکان له دوو قۆناغدا بخەینە بەرباس، یەکیان بەر له پێکهینانی حکوومەتی پادشایی ماد و ئەوی دیکەش لەو کات به دواوە. ئەوەی پێوەندی به دەورەی هەوەڵەوە هەیە سەدەکانی پێش سەدەی شەشەمی بەر لەزایینەو زۆر کەمە. میعماریی یان بیناسازی قۆناغی یەکەم که بێگومان لەقۆناغی دوایەش وەدوای کەوتوون و تەکمیل تر کراوە، زۆر سادەو ساکار بووە و له خانووی یەك قات و چوار گۆشە تێنەپەڕیوەو زۆرجار بانەکەشی ساف بووە[150] که به وتەی حوسێنی سوڵتانزادە، هۆیەکەی کەم هێزیماڵیو نەبوونی ئیمکانات بۆ دروستکردنی بیناو شوێنی دانیشتنی باش و شارستانانە بووە،[151] بەڵام هەرچۆنێك بووە به قسەی "ریچارد فرای"، شاهەنشایی ماد ناوەندی فەرهەنگیو دینی ئێران بووە و له هەموو شوێنێکدا رەخنەی کردووە و بڵاو بۆتەوە.[152] بەڵام له بواری ئوسوولی بیناسازی دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە که ئاو و

---

١٥٠- مێژووی ماد، فەسڵی شەشەم لاپەڕەکانی ٣٢٥ تا ٣٢٧.

١٥١- مێژووی شارو شارنشینی له ئێران ل ١١.

١٥٢- میراتی دێرینی ئێران، ریچارد فرای ل ١٢٦.

هەوای هەر شوێنێك ئاڵوگۆڕێكی بەسەر چۆنیەتی بیناسازیدا دێنا، هەروەك لەهێندێك شوێن بۆ بەرگری لە دزەی ئاو و باران و بەفر یا بوونی سێبەر لە ناوچە گەرمەسێرییەکان، شوێنی حەیوانەكانیان بە كۆڵەكەی دارو بەرد لە خانووەكان زیاد دەكرد. ئەوەی كە لە توێژینەوەكاندا دەستكەوتووە لەگەڵ خانووەكانی سەدەیەك پێشی لادێ فەرقێكی وایان نەبووە.[153] لە لایەكی دیكە ژیانی ئەوان لە رۆژئاوای زاگرۆس، زیاتر لەژێر كاریگەریی داب و نەریتی بابێلییەكاندا بووە، چونكو جل و بەرگیان وەك هی لیلۆبییەكان لە هەزارەی سێهەمی بەر لەزایینیدابووە.

ئەو بینایانەی كە لەمادەكان ماونەوە وەك موغبەرەی "فەقرەقا Fagaraga" لە دەوری مهاباد = سابلاغ كە لەپێشدا باسمانكرد،[154] ئەشكەوتی"گارنی Garny-yaregh" لە سەڵماس و كونەپردی "ئیوان فەرهاد" لە نیزیك ماكۆو "دووكان داوود" لە سەرپێلی زەهاو"، كونە بەردی "كوڕو كچ Kur ve kach" لە شارەزوور"[155] بەشی هەرە زۆریان لە بەرد ساز كراون و خانووی قورینەش هەن كە لە توێژینەوەی دێرینەناسەكاندا دۆزراونەوە بەڵام زۆر كەمن. ا.م.دیاكۆنۆف هونەری بیناسازی مادەكان بە بەرهەمی كاری تیرەكانی دیكەی كورد وەك "لیلۆبییەكان"و گوتییەكان دەزانێ[156] كە ئێمەش پێمان وایە بەرهەمی كاری تیرەكانی رۆژئاوای مادن. سەنعەتكارەكانی تیرە جۆراوجۆرەكانی ماد كاریگەریی زۆریان لەسەر وڵاتانی دراوسێ هەبووە و ئەو كونەبەردانەی ئێستا ماون ئەو شتەمان بۆ روون دەكەنەوە. ئەوانە نمایەكیان هەیە كە وەك دەرگای چوونە ژوور وایە، میچەكانیشیان لەسەر چەند كۆڵەكەی بەردین راوەستاون.[157] خانمی "ئیدات پرادا" بەهۆی نەبوونی رێكەوت بە گومانەوە لەوە دەڕوانێ كە ئەوانە هی سەردەمی ماد بن.[158]

١٥٣- لە كتێبی هێرتسفێلد E.Herz Feld.Archaeological History of iran.London بەرگی ١ لە ٣٠٥ بە دواوە بەرگی دووهەم بەنێوی iran in the Ancient East.London 1941 بە دوا بڕوانە.

١٥٤- لە هێندێك لە كتێبەكانی وەك نووسراوەی هێرتسفێلد یا مێژووی مادی دیاكۆنۆف كە لێكۆڵەرەوە تازەكانی وەك رەحیم رەئیس نیا نووسەری ئازەربایجان لە گەشتی ئێراندا بە هەڵە بەو موغبەرەیە دەڵێن "مەخریك"و شوێنەكەیان لە نیزیك میاندوئاو نووسیوە.

١٥٥- بە هۆی نەزانین، نێوەكەشیان بە مانای ئەو "كۆچیخ" نووسیوە.

١٥٦- مێژووی ماد لاپەڕەكانی ٥٠٤ تا ٥٠٥.

١٥٧- هونەری ئێران لە دەورەكانی مادو هەخامەنشی، رۆمەن گێرشمەن ل ٨٧ تا ٩٠.

١٥٨- هونەری ئێرانی دێرین (باستان) ئیدات پرادا لاپەڕەكانی ١٩٣و ١٩٤.



## رێكخستنی ئیداری و دۆخی ئابووری مادەكان:

لە رووی ئەو شتانەی بەجێ ماون دەردەكەوێ كە رێكخستنی ئیداری ئیمپراتووریی ماد تا رادەیەك وەك هی دەزگای ئیداری ئاشوورو ئۆرارتۆ بووە، بەڵام هێندێك لەهی ئەوان كامڵتر بووە. هەروەك بە وتەی دیاكۆنۆف دوایە پارسەكانیش وەك وانیان كردوە.[159] "ساتراپ"ەكان یا ئوستانداران = پارێزەران لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەكاندا وەك والییەكانی ئاشووری كاروباری ماڵی و دادگەری و سەرباز گرتنیان لە ئەستۆ بووە، بەو جیاوازییە كە "ساتراپ"ەكان یا پاریزگاكانی ماد زۆر پان و بەرینتر لە ئەیالەتەكانی ئاشووری و ئورارتوئی بووە و دەسەڵاتی پاریزگارەكان كە پێیان گوتراوە "خەشتەرە پێئان" زۆر زیاتر بووە. بە بڕوای نوسەری كتێب ئەو وشە دەبێ بە مانای نوێنەری "هەوەخشەتەرە" بووبێ كە ئەو شێوە دابەشكردنەش هەر لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا جێبەجێ بووە.

ژێرخانی كاركردنی مادییەكان، ئاژەڵداری و كشت و كاڵ بووە كە بەهۆی پڕبەرهەمەمیو بە پیت و بەرەكەت بوونی خاك و پان و بەرین بوونی زەوییەكانی كشت و كاڵ بە بەرئاورد لەگەڵ خاكی ئاشوورو ئۆرارتوو، رەونەقێكی زۆر زیاتری پەیدا كردوە. چەقاندنی دارو ساز كردنی باغ بەشێكی زۆر لەخاكی مادی گرتبۆوە، هەر بەم هۆیەوە لە لەوحەكانی سارگۆنی دووهەم بە بەرهەمی زۆری ترێ و گەنم ئاماژە كراوە.

كەڵك وەرگرتن لە گاسن و ئاوەدێری لە رێگەی كێشانی جۆگە و جۆبار كە لە هەزارەی سێهەمی بەر لە زایین باو بووە لە وڵاتی مادەكاندا داكەوتووە، هەروەها چونكو نەفتیش هەر لەم خاكە پەیدا بووە پێیان دەگوت "رۆنی مادی".[160]

سات و سەوداو بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە كارەكانی ئاسایی خەڵكی ماد بووەو دوای گرتنی "نینەوا"و رووخانی دەسەڵاتی ئاشوور سەروەتی گشتی و تا رادەیەك سامانی گەورەو دەوڵەمەندەكان و خاوەن كۆیلەكانی مادی روو لەزیادی بوو. هەرچەند بە پێچەوانەی وتەی هیرۆدۆت ئەكباتان ئەو شارە سەیرو ئەفسانەیە نەبوو[161] بەڵام بە وتەی "هێرتسفێلد" ئەو تاریف و پێهەڵگوتنە زیاتر لەسەر بابێل راستە.[162]

١٥٩- مێژووی ماد ل ٣٣٢.

١٦٠- ئازەربایجان لە گەشتی مێژوی ئێراندا، كە لە مێژووی ماد ل ٤٥٠ وەرگیراوە.

١٦١- مێژووەكان ل ٦٠.

١٦٢- مێژووی كۆنی ئێران لەسەر بنەمای دێرینەناسی ل ٤٩.

هەر ئەو لێکۆڵەرەوە، لە زمان "پلی بیوس" مێژوو نووسی یۆنانی دەنووسێ: قەڵای دەسەڵاتداریەتی شار زۆر قایم بوو، کۆشکی ناوەوەی زیاتر لە کیلۆمیترێی جێگرتبوو، تەواوی بەشەکانی دارینی ئەو کۆشکە لە داری سیدر یا سەر و بوون و دارەکانی میچیو داری سەر دەرگا دالانەکان بە وەرەقی زێڕین رووپۆش کرابوون،[١٦٣] کە ئەوانەی شاریان گرت زێڕو زێوەکانیان تواندەوە و سکەیان پێ لـێدا.[١٦٤]

## هونەرەکانی جوانکاری و مێعماری:

یەکێك لەهۆیەکانی بنەڕەتی گەشە کردنی هونەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا، چوونە سەری باری ژیانو دارایی ئەو کۆمەڵگایەیە. چونکو ئەوەی کە هونەرمەند بۆ خولڤاندنی بەرهەمێکی زۆر بە کەڵك و نایاب هاندەدا، هونەردۆستی تاکەکانی کۆمەڵگاو داخوازی لە لایەن ئەوانەوەیە، دیارە ئەوانیش ئەگەر ئیمکانی ماڵیان نەبێ ناتوانن خوازیارو کڕیاری شتێکی ئاوا بن. هۆزانوانێکیش کە خوازیاری بۆ بەرهەمەکەی نەبێ، بۆ ئەوەی بژی دەست بۆ کارێکی دیکە دەباو بەم شێوە کارە هونەرییەکەی دەخەوێو لەئاخریشدا لەناو دەچێ. تێڕژانی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی لە ئاکامی سەرکەوتنەکانی ئیمپراتووری ماد و پێکهاتنی حکوومەتی شاهەنشایی وەك لە پێش دا باسمان کرد چینی دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵگای مادی لە داراییو دەوڵەمەندیدا نوقمکرد و ببوونە خاوەنی هەموو شتێك و بوو بە هۆی ئەوەی کە بارو سەلیقەی ژیان بگۆڕدرێ و بۆ رازاندنەوە کەڵك لە هونەری جوانکاری وەرگرن، لە ئاکامدا دەرگا بۆ مەیدانی تێکۆشانی هونەرمەندەکان کرایەوە و مەیدانەکە فرەوانتر بوو و بە وتەی "گیرشمەن" وەستاکارەکانی جەواهێرسازەکانی ماد نێوبانگێکی یەکجار زۆریان پەیدا کردو تا ئەو جێگایە چوونە پێش کە داریووش بۆ رازاندنەوەی کۆشکی نوێی خۆی داوای یارمەتی لـێ کردن، ئەو وەستایانەی لە مەکتەبی ئاشووری و ماننایی و ئۆرارتوویی دا کاریان کردبوو[١٦٥] راهاتبوون بۆ خولڤاندنی بەرهەمی زەڤترو بەرچاوتر لە کۆشکەکانی چینی حاکمدا کە لەهەرچی

١٦٣- مێژووی ماد ل ٥٠٨.

١٦٤- مێژووی پیشەسازییەکانی ئێران، کیستی ویلسن ل ٥٦ کە قەولی لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران باسیدەکا.

١٦٥- هونەری ئێرانی دێرین لە سەردەمەکانی مادو هەخامەنشی، رۆمەن گیرشمەن.



بەشکۆتر کردنی کۆشکەکانیاندا رکەبەریان لەگەڵ یەکتر دەکرد و کەوتبوونە مەیدانێکی پان و بەرینی هەوڵدان.

لە سازکردنی چەکو چۆلیشدا گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر مادەکان دا هات و هونەرمەندان بە کەڵك وەرگرتن لە شمشێرو سوپەری سەکایەکان و ئاشوورییەکان، هەورەها بۆ سازکردنی زینو لغاو، ئەوەی لەتوانایاندا بوو کردیان. لەمەڕ هونەری مادەکانەوە دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە هەر زانیارییەکی لەم بارەوە بە دەستمانەوەیە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پێش پێکهاتنی ئیمپراتووری ماد، وەك شوێنەواری تەپۆڵکەی "گیان"و گۆڕستانی B لە تەپۆڵکەی سیلك و گەنجینەی "زێوە". کەڵك وەرگرتن لە حەیوانات بۆ هونەری جوانکاری و رازاندنەوەیان بە شکڵی جۆراوجۆر کە پێی دەگوترێ "سەبکی حەیوانی" تایبەتی وڵاتی ماد بووە.[١٦٦]

## زمان و نووسینی مادەکان:

زانیاری ئێمە لەسەر زمان و نووسینی مادەکانیش زۆری کەم و کووڕی تێدایەو هەرچی تا ئەورۆ گوتراوە لەسەر گۆترە و گومانەوەیە. ئەوەی مسۆگەرەو بە گوێرەی ئەو شتانەی لە دەوروبەری مادەکان دا هەبووە و بۆمان دەردەخەن کە ئەوان بەر لە پێکهێنانی ئیمپراتووری شیوەی نووسینی خۆیان هەبووە و لەسەر زمانەکەشیان گومانێك نییە. بە لەبەرچاو گرتنی پێشینەی دینی زەردەشت و کتێبی ئەو، دەبێ زمانی ئەوێستا بە زمانی ماد بزانین و، ئەوەی لەئەوێستادا هەیە و ئەورۆ بەدەستمانەوەیە تا رادەیەك هەمان زمانی کوردییە کە لە بەشی زمانو ئەدەبیاتی کوردەکاندا باسمان کردوەو ئەوەی کەهێندێك لێکۆڵەرەوە پێی گەیشتوون ئەوەیە کە زمان و نووسینی مادەکان هەر ئەو نووسینی"دێرینی پارسی یا خەتی هەخامەنشی ریزی هەوەڵە[١٦٧]" ئەو کەلوپەلانەی بە دەستەوەشن ئەوە نیشاندەدەن کە جیاوازییەکیان وەك

١٦٦- گەنجینەی زێوە لە ئەندرێ گودار ل ٢٧١.

١٦٧- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف ل ٣٢و کەتیبەکانی کورووشی دووهەم لە -A.kent.old persian Text Lexicon New لاپەڕەکانی ١٢و ١١٦و ئاکادمیسیەت دوو.و ئیستروودە لە ل ٧ بە دواوە A.Meillet et E.Benveniste Grammaire du Vieux parse paris 1931و هێرتسفێڵد E.Herzfeld.Die Magna charta von Susa Ami، لاپەڕەی 93 ـ 3. ١١١.

جیاوازی نێوان نووسینی بزماری پارسی لەگەڵ نووسینی مێخی عیلامییە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی پارسییەکان نووسینی بزمارییان لە مادەکان وەرگرتووە.

لە لایەکی دیکەوە مسۆگەر بووە کە کەتیبەکانی هەخامەنشی وشەگەلی زۆری مادیان تێدایە[١٦٨]، جگە لەمەش وشەکانی باکووری رۆژئاوای ماد، لە زمانی فارسیدا زۆر بەرچاو دەکەوێ،[١٦٩] بۆ وێنە وشەگەلی وەك "مێترا" کە پارسییەکان پێیان دەگوت "میشا"و مێترا وشەیەکی تەواو مادییە و زۆر وشەی دیکە لە پارسی دێریندا هەبووە و کە لەگەڵ مادی هاوبەش بوون.[١٧٠]

بەهەر حاڵ ئەوەی روونە ئەوەیە هەروەك گوترا زمانی نووسین لەنێو مادەکاندا هەبووە و لەم نووسینەشدا زمانی ئەدەبیش هەبووە، هەروەك کەتیبەکانی هەخامەنشی بە زمانی ئەدەبی پێشکەوتووی ماد دەزانن، لە حاڵێکدا نووسینی هەخامەنشییەکان ئارامیو عیلامی بوو،[١٧١] هەروەك گوتراو هەموو وا بیردەکەنەوە کە ئەگەر ئەم نووسراوانە دەست کەون (لەباری نووسینی زمانەوە وەك زمانی کەتیبەکانی شایانی هەخامەنشیو وەك زمانی کەتیبەکانی شایانی پارس دەچن.[١٧٢] هەروەها مادەکان نامەو عەریزە نووسینیشیان هەبووە، هەروەك مێژوو نووسانی کۆنی وەك هیرۆدۆت ئاماژەیان پێکردووە و دەڵێن شکایەت و داخوازییەکانی خەڵك بە نووسراوە پێشکەشی "دیائۆکۆ" کراوە.[١٧٣]

١٦٨- مێژووی ماد ل ٣٤٠.

١٦٩- لە نووسینی جۆرج کامرۆن بە ناوی G.Gcameron:the Persepolis treasury Tobrlets chicago 1948 pL.3و سەرچاوەیەکی باشە بۆ موتالاّ لەم بوارەدا.

١٧٠- ئێستیگ ویکاندری سوئێدیش لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی سەرنج راکێشی هەیە، لە کتێبی Stig Wikander:Mithra en vieux-perse orientala.

١٧١- بۆ کەڵك وەرگرتنی باشتر لە کتێبی چاکسازی نووسین لە سەردەمی داریووشی یەکەمدا، نووسراوی ئاکادمیسیەن و.و.استروا VDI، بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٥١، ژمارە ٣ ل ١٨٦، هەروەها یادداشتەکانی ا.م.دیاکۆنۆف و م.م.دیاکۆنۆف و ئالبۆشیتس، لە بەڵگەکانی باستانی و دوزینەوە لێکدانەوەی بەڵگەکان، "یوتاکە UTAKE" بەشی دووهەم ل ٥٣ بە دوا کەڵك وەرگرە.

١٧٢- کۆی مێژووی مەدەنیەتی ئێرانی بەر لە ئیسلام "نولدکە" ل ٣٨ بە دوا.

١٧٣- مێژووەکان ل ٦٠.



ئێمە تا ئێرە چەند جار گوتوومانە زمانی مادەکان هەمان زمانی ئەوێستایە کە ئەویش زمانی کوردان بووە، هەر بەم هۆیەشە کە کاتی موتالاّ ناتوانین ئەوان لێك جیاکەینەوە، دیارە ئەو بابەتە لە لایەن کەسانی تریشەوە گوتراوە، بەڵام نە زۆر بە روونیو راشکاوی.[١٧٤] پرۆفیسۆر "مینۆرسکی" لەم بارەوە بۆچوونێکی سەرنج راکێشی هەیە کە دەڵێ: بە سەرنج دان بەو راستییە مێژووییو جوغرافیاییە دوور نییە کوردەکان لە تێکەڵبوونی دوو قەومی "ماردۆئی"و "کۆرتیوی" کە هەردووك بە راوێژی زۆر پێچەوانەی مادی بە یەکەوە قسەیان کردوە، پێکهاتبێ. هەروەها کوردەکان لە چوونە پێش و پەرە پێدانی نفووزی خۆیان لە رۆژئاوادا هەوڵیان داوەو لەم پێناوەدا زۆر لە شتی خۆماڵی ناوچەیی کە غەیرە ئارییایی بوون و بەرواڵەت ئاسیایی یا یافتی بوون لەگەڵ خۆ تێکەڵ کردووە و لە خۆیاندا تواندوویاننەوە.[١٧٥] پێشتریش لەم نووسراوانە کەڵکمان وەرگرتووە، بەم جیاوازییە کە بە پێچەوانەی ئەوانەی ریشەی نژادی کوردان بە مادی دەزانن. وەك وتەی (مینۆرسکی و ئاکام وەرگرتنی واسیلی نیکیتین) نووسەری کتێب لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مادو کوردەکان هەموو لە تیرە و تایفە جۆراوجۆرەکانی قەومێك و نژادێك پێکهاتوون و زمان و نووسینێکی هاوبەش کە نووسینی هەمووشیان هەر یەك بووە، ئەگەر بە وتەی هێندێك کەس کوردو ماد دانیشتووی سەرەکی-خۆماڵی نەبن،[١٧٦] دەبێ ئەوان بە کۆچەریەکانی کۆنی ئارییایی بزانین کە لە رۆژهەڵاترا هاتوونە رۆژئاواو وردە وردە بە هۆی ئیستراتژیکیو ئاوو هەوا زیاتر بەرەو رۆژئاوا پاڵیان پێوە ناون و لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێ بوون.

١٧٤- سەبك ناسی یا رەوشت ناسی، ملك الشعرای بەهار بەرگی ١ ل ٥، کوردو کوردستان، واسیلی نیکیتین، ل ٤٧.

١٧٥- کۆنفرانسی مینورسکی لە بیستەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی رۆژهەڵاتناسان لە ساڵی ١٩٣٨ لە بروکسێل پایتەختی بلژیك کە لە لایەن نووسەری ئەم کتێبەوە وەرگێردراوەتە سەرفارسی و لەوانەیە تا ئێستا چاپ کرابێ.

١٧٦- کوردو کوردستان، واسیلی نیکیتین، وەرگێردراوی محمد قازی ل ٥٤ و لیبێرگ لە کتێبی "دینەکانی ئێرانی کۆن"دا، ل ٣٣٥و ٣٣٤و "ئەرانسکی" لە سەرەتای فقەاللغەی ئێرانی ل ٥٨.

# بەشی چوارەم

## کوردستان و کوردەکان لە دوای مادەکان

## له سەردەمی هەخامەنشییەکاندا:

به دوای رووخانی بەپەلەو بێ ئالۆگۆڕ ئیمپراتووریی مادو به دەسەڵات گەیشتنی کوروش له سەرەوەی هەخامەنشییەکان، نیزیك به تەواوی خاکی ژێر دەسەڵاتی مادیش کەوتە دەستی ئەو و هەرچی هی مادەکان بوو بەبێدەنگی کەوتە ژێر فەرمانی ئەوان. که گوتمان بێ ئالۆگۆڕ مەبەستمان ئەوە بوو که له راستیدا دەسەڵات له بنەماڵەیەکدا، له دەست یەکێك له ئەندامانی بنەماڵەکە دەرهات‌و کەوتە دەستی یەکێتر لەئەندامانی هەر ئەو بنەماڵە بەتایبەتی بەوتەی مێژوونووسانی کۆنی وەك هیرۆدۆت و تایبەتیتر لەویش "گزنفۆن" کوروش سەردەمی منداڵی خۆشی لەنێو مادەکان و له خاکی ئەواندا (له ناحیەی ئاترۆپاتکان و لەنێو "کادۆسیان"و "دالیان" که هەمان ئەرسبارانی ئەورۆی ئێرانە) بەسەر بردووە[1-2]. تەنانەت ناوی ئەو ژنەش که گەورەی کردبوو، له ناوەکانی "کاسپی" واتە کوردەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاترۆپاتێن بوو که له راستیدا لقێك له مادەکانە. "ئێدوین رایت" ئەو ژنەی به "ئەسپاکۆ" ناو بردووە و دەڵێ ئەوە وشەیەکی مادییە،[3] و له زمانی "تاتی" دا که زمانی دێرینی ئازەربایجانییە به مانای "سەگ" هاتووە.[4-5]

هەرچۆنێك بێ حکوومەتی کوروش که بێ بەرەنگار بوونەوەی گشتی جێی خۆی گرت، لەخاکی مادو کوردستانیشدا دژکردەوەیەکی به دواوە نەبوو، بەتایبەتی سەرنج و گرینگییەکی که کوروش بەرانبەر به مادەکان لەخۆی نیشاندا و هەر ئەوکات که سەرکەوت خۆی به پادشای ماد له قەڵەم دا نه شای پارس، هەروەها بەشێکی زۆری له گەورە پیاوانی ماد لەنێو دام و دەزگای خۆیدا جێکردەوە و بەرپرسایەتی گەورەی پێئەسپاردن، به شێوەیەك که "هارپاك"ی وەزیری کردە فەرماندەی گشتی سوپا "سوپاسالار"و دوایەش حکوومەتی "لیدی" پێئەسپاردو تا کۆتایی تەمەنی هەر لەو بەرپرسایەتییەدا مابۆوە[6]، هەر لەم پۆستە دابوو که

١- مێژووەکانی هیرۆدۆت، وەرگێڕان و پەراوێزنززسی ع.وەحید مازەندەرانی.

٢- کوروش نامەی گزینفۆن، وەرگێڕانی موهەندیس رەزا مەشایخی.

٣- ئازەربایجان، نووسینی ئیدوین میلتۆن رایت.

٤- تاتی و هیرزنی دوو راوێژی زمانی کۆنی ئازەربایجانی، نووسینی عبدالعلی کارەنگ.

٥- زمانی دێرینی ئازەربایجان، نووسینی دوکتۆر مەنووچێری مورتەزەوی (منوچهر مرتضوي)

٦- مێژووی ماد، ا.م.دیاکۆنۆف ل ٣٩١ وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز.



به فەرمانی کوروش "یونیە"شی گرت و سەروەت و سامانێکی زۆری وەسەریەك نا.[7-8]

هەروەها کوردەکانی "ئامی تیدا"ی کچی "ئاژیدهاك"و پووری کوروش که دوایەش بوو به ژنی کوروش، به نێوەکانی "سپتیاك"و "مهابێرن" هەردووکیان به دەرەجەی ئوستانداری "پارێزەری" گەیشتن. جێی سەرنجە که دوای کوروش، داریووشی یەکەمیش ئەو رەوشتەی درێژە داو له بەردە نووسراوەکەی بێستوونیشدا ناوی هێندێك له گەورەکانی مادی هێناوە. بەکورتی هەمووی ئەو رەفتارو ئاکارەی کوروش بووبە هۆی ئەوە که هەتا بۆ خۆی مابوو لەهیچ شوێنێکی ئێران به تایبەتی له مەڵبەندی ماد دا هیچ شۆڕشێك سەر هەڵنەدا، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە که کوروش لەدەرەوەش دوژمنایەتی لەگەڵ نەکراوە، چونکو هێشتا لەسەر تەختی پاشایەتی رۆ نەنیشتبوو که دوژمن و بەرهەڵستکاری گەورەی لێ پەیدا بوون‌و بەم هیوایە بوون تا خۆی نەگرتووە له نوتفەدا خەفەی کەن و هەربۆیە دەستیان کرد به دەستەبەندی و پیلان گێڕان.

گەورەترینی ئەو ناحەزانە، حوکمڕانی ولاتی "لوودیە یا لیدی" بوو به ناوی "کرازووس" که به دوای باوکیدا له جێگەی ئەو دانیشتبوو و به پاڵپشتی سەربازە بەکرێگیراوەکانی یۆنانی خۆی و داراییەکی زۆر که هەیبوو، بڕیاریدا به دژی کوروش دەست بەکار بێ و لەم پێناوەدا هێزەکانی هەتا "هالیس یا قزل ئیرماق" هەڵکەوتوو لەکوردستانی باکوور چوونە پێش و جێگە و شوێنی خۆی لەم دەڤەرە قایم کردو دوایە چەند باڵوێزێکی بۆ لای "بنۆنید" ی پادشای بابێل و "ئامازیس"ی فیرعەونی میسری نارد تا داوایان لێ بکا لەگەڵی ببنە هاوپەیمان، ئەو دوو پادشایە که به رووخانی حکوومەتی ماد زۆر سەغڵەت بوون به گەرمی پێشوازییان له پێشنیارەکەی کرد.

"کرازوس" بەدوای ناردنی باڵوێزەکاندا، سەردارێکی سوپای به پارەیەکی زۆرەوە بۆ بەکرێگرتنی بەکرێگیراوی زیاتر بۆ یۆنان بەرێ کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی که ئەو سەردارە لەگەڵ کرازوس پاك نەبوو، به پارەکانی که دابوویانێ چووە ئێران و بەم شێوەیە کوروش پێشوەخت بەو

٧- لاپەڕی ٦٢ به دواوە j.Friedrich. kleinasiatische Sprachdenkmaler: Berlin 1932
A.Dharbaijan to the Greak. Latin and Muslin Geographers Edvin Milton wright 1942 According

٨- کەتیبەی مێژوویی ژمارە ٤٤ ـ نێوەکانی هارپاکیان دەقەکانی ژمارە ١٨٠و b١٠٤، ٢b٧٧، ٧، ٢٩، ٣، ١١، ١٠٣ وەرگیراو له مێژووی ماد ٤٤a.

کەین و بەینەی پشت پەردەی زانی کە بە دژی خۆی لەگۆڕێ دابوو،[9] بێ مەحتەلی وەخۆکەوت و یەکێك لە شاکارەکانی شەڕی لەخۆ نیشاندا، ئەویش ئەوەبوو کە بەر لەوەی خەبەری خەیانەتی سەردارەکە بە کرازوس بگاتەوە و مەجالی ئەوەی هەبێ هێرشی بکاتە سەر، کوروش وەخۆ کەوت و هێرشی کردە سەر ئەو و بۆ ئەم کارەش لەسەر رێگا، لەشکرێکی لە "گۆتییەکان"و "ئەموردەکان"و "کاسییەکان"و "لیلۆیەکان" و مادەکانی لەگەڵ خۆی برد کە شارەزاییان لە شەڕی شاخ و گرتنی قەڵایاندا هەبوو. ئەو بڕیارەی کوروش زۆر بەجێ بوو، هەروەك هۆی سەرەکی گرتنی شاری "سارد"ی پایتەختی زۆر قایمی لیدی چەند کەس لەو سەربازە کوردانەی (کورتیوی) لە تایفەی "ئەمرد"ەکان بوون و هیرۆدۆت لەم بابەتەوە دەنووسێ: یەکێك لە سەربازەکانی لیدی کڵاوەکەی لە سەری دەپەڕێ بۆ دەرەوەی قەڵا، سەربازی "ئەمرەد"ی کە بەوە دەزانێ دەبینێ کە بۆ هەڵگرتنەوەی کڵاوەکەی دێتە دەرەوە، سەربازە هۆشیارەکە بێ راوەستان لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیەکانی دوای دەکەون و بە ڕێگەی نهێنیدا دەچنە ناو قەڵاکە و غافڵگیریان دەکەن و هاوکات دەرگای قەڵا بۆ سوپای کوروش دەکەنەوە. کوروش وێڕای ئەوەی خەریکی شەڕە، بە پەلە پەیامێك بۆ "بنۆنید"ی پادشای بابێل دەنێرێ و پێی ڕادەگەیەنێ کە خۆ تێکەڵی شەڕی ئەو و کرازووس نەکا.

لە شەڕی بابێلیش کە دوایە پێش هات، کوروش بەکوردستاندا تێپەڕی و بابێلی گرت و یەکێك لە گەورەترین حەماسەکانی خۆش نێوی بە ئازاد کردنی قەومی یەهوود بەنێوی خۆی تۆمار کرد، بەڵام چونکو پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە وازی لێ دێنین.[10-11]

---

٩- ژێنەراڵ سایکس لە مێژووی ئێراندا، لە لاپەڕی ١٨٦ بەدواوە دەنووسێ: نەدەگونجا کوروش لە پێشدا لەم رووداوە ئاگادار نەبا، هەرچەند بەهۆی پێوەندییەکانی ئەوکات و تێکهەڵچوونی توندی کوروش لەگەڵ مادەکان زۆر دوور لە عەقڵە.

١٠- کتێبەکانی دائرة المعارفی ئایین و ئەخلاق "ك.د.ادوموس‌و مەنزوومەی Baechylides لە ٥٠٧ی بەر لەمیلادو کتێبی Adonis Attis: osiris نووسینی ژ.ج.فریزر، لاپەڕی ٨٩ بەدوا.

١١- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم شەڕە، هەروەها گرتنی بابێل لە کتێبەکانی "نوورێك لە ڕۆژهەڵات Light trom the east" نووسینی "بال، Ball"و بابی ٤٥ی کتێبی ئەشعیا نەبی، بابی ١٤و ئایەتەکانی ٦و ٧و کتێبی پێنج سەلاتین‌و کوروش نووسینی هارۆلد کۆمپ، هەروەها مێژووەکانی هیرۆدۆت، وەرگێڕانی وەحید مازەندەرانی، لە مێژووی کۆتسیاس بڕوانن.



گەلۆ دواترو سەرەتاکانی دەسەڵاتی داریووشی هەوەڵ و پاش "گئوماتە یا بیردیای درۆزنە" لە مادی رۆژئاوا (کوردستان) شۆڕشێك بە ڕێبەرایەتی "فەراوەرتیش" کە خۆی بەنێوی "خەشتەریەی دووهەم"و لە نەوەکانی هەوەخشەتەرە لە قەڵەم دەدا سەری هەڵدا کە دانیشتوانی مادو پارت و هەرکاتە و ئەرمەنستان بێیەك و دوو لێ کردن پێی پەیوەست بوون.

داریووش کە لەو کاتدا لە بابێل خەریکی دامرکاندنی شۆڕشی وێ بوو "ویدارنە"و دوایەش باوکی خۆی "ویشتاسب" کە "ئوستاندار = پارێزەری پارت" بوو، بۆ شەڕ لەگەڵ "فەراوەرتیش" ناردنیە کوردستان و مادی رۆژئاوا، لە چەند شەڕی یەك لە دوای یەك کە کردیان سەرکەوتنێکیان نەبوو، تا دواییەکەی داریووش بۆخۆی بۆ هاریکاری ئەوان چوو و لە (٥٢١ی پ.ز) لە "رغەیاری" کە لەو پەڕی سنووری رۆژهەڵاتی خاکی ژێر حوکمی "فەراوەرتیش" بوو شکاندی‌و بەسەریدا زاڵبوو. ئەو سەرکەوتنە تەنیا ئاکامی کارئامەیی تێك شکێنەری هێزی ئەو لە چاو هێزی "فەراوەرتیش" بوو، هەرچەند زۆرینەی شەڕەکان لە مادی رۆژئاوا (کوردوئێن) کران.

داریووش لەگەڵ سەرداری تێکشکاو بەوپەڕی بێبەزەیی جووڵاوە، هەروەك بۆخۆی لە بەردە نووسراوەکەی بێستووندا دەنووسێ: "... من لووت و گوێ و زمانیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێناو دوایەش زنجیریان کردو لە بارەگای من رایانگرتو ... پاشان فەرمانم دا لە "ئەکباتان" بە رمیانەوە کردو ئەو کەسانەی لایەنگریشیان لێ کردبوو، لە قەڵادا لە داریم دان...".[12]

شۆڕشی مادەکان هەر بەوەندە تەواو نەبوو، بەڵکو خاکی ئەسڵی ماد، لە مەڵبەندی رۆژئاوای (کوردستان) بە ڕێبەری کەسێك بە ناوی "چیتران توخمە" درێژەی کێشا، ئاخریەکەی داریووش لەوێش سەرکەوت و لە شوێنێك بە ناوی "ئاربێل یا هەولێر = ئەربیل" لە کوردستانی ئەمڕۆی عێراق "چیتران توخمە"ی گرت و ئەویشی بەڕمەوە کرد. مێژوو نووسان ئەو سەرکەوتنانەی داریووشیان بە ئاکامی پەرش و بڵاوی و یەك نەگرتوویی دوژمنەکانی‌و هاوکاری نەکردنی گەورەکانی ماد داناوە کە لەهاتنە سەرکاری بنەماڵەی دیائۆکۆو پشتیوانی نەکردنی خەڵك دەترسان. دیارە دەبێ بەهرەمەندی بەشی زۆری خەڵکی پارسیش لە داهات و دەستکەوتی سەرکەوتنی هەخامەنشییەکانیش لەوە زیاد کەین کە بەگشتی ئاکامی شێوەی

---

١٢- بەردە نووسراوەی بێستوون وەرگێڕدراوی "راولینسۆن" وەرگیراو لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی و.و.ئێسترووە، هەروەها مێژووی ماد ا.م.دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ل ٣ ـ ٤.

بەرهەم هێنانی کۆیلەداری و بردنە سەری رادەی بنیادە ئابووری و کۆیلەدارییەکان و بەهێز بوونی دابەشکردنی کار بوو.[13]

مادەکان بە دوای راپەڕینی "فەراوەرتیش" بۆ ماوەیەك قەدرو رێزیان لە لای هەخامەنشییەکان لەدەست چوو، بەڵام نیزیك بە تەواوی ماوەی حکوومەتی هەخامەنشییەکان تایفە و قەومەکانی "میزوپۆتامیا" کە مادەکانیش دەگرێتەوە بڕبڕەی پشتی سوپای ئەو حکوومەتەیان پێکدێناو لەتەواوی شەڕو کێشەی هەخامەنشییەکان لەگەڵ دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەتوندو تۆڵی بەشدار بوون. بۆوێنە لە شەڕی ئێران لەگەڵ ئاتێنییەکان لەماراتون لە ساڵی (٤٠٩ی ب.ز) فەرماندەی سەرەکی ئێران "داتیس Datis" مادی بووە و "گەرمە میترە Garmamitra"و "تیتێی Titei" کە کوڕانی ئەو بوون لە ریزی فەرماندە گەورەکانی خەشایارشا لە لەشکرکێشی ئەو بۆ یۆنان بوون،[14-15] و هەموو کات سپایە ئازاکانی تیرەکانی رۆژئاوایی واتە (کوردەکان و کورتیوییەکان) کە بەهۆی نێوبانگی مێژوویی مادەکان بەوانیشیان هەر دەگوت مادی لە ریزی باشترین جەنگاوەرانی سپای هەخامەنشی دەهاتنە ئەژمارو، ئەوە پیاوانی شەڕکەری ئەو قەومانە واتە (مادو کیسی یا کاسییەکان) بوون کە لە تەنیشت پارسییەکان شەڕە ترسناکەکانی دەریایی و ویشکاییان لە "تیرمۆپۆلیس"، "ئیسۆس"، هەروەها شەڕ لەگەڵ فەرماندە "لێئۆنیداس"یان بەڕێوە دەبردو فەرماندەییان دەکردن.[16-17] لە سەردەمی پاشایەتی ئەردەشیری دووهەم، ساتراپی مادی بەناوی "هارپاگە" یەکێك لە سیما ناسراوەکانی شەڕی ئەو لەگەڵ براکەی خۆی کوروش بوو.[18] ئەو

١٣- بە گوێرەی بۆچوونی ا.م.دیاکۆنۆف شێوە ئابووریی ئاخریەکانی مادو سەرەتای دەسەڵاتی هەخامەنشیان کە لە مێژووی ماد ل ٤٠٤و هێرتسفێلد بەرگی ٣ ل ٩٧.

١٤- چاوخشاندنێك بەسەر ئەم ناوانەدا دەردەخا کە ئەوانە کوردی و مادین ـ بۆ ئەو کەسانەی وەدوای زمان و شوێنەواری تایبەتیی ماد دا دەگەڕێن پێویستە بزانن کە لە کوردیدا بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان لەقەبی "تیتی" بۆ هێندێك کەس بەکار دێ وەك سمایل تیتی، حەسەن تیتیو ...

١٥- مێژووی ماد ل ٤٠٥.

١٦- هەمان سەرچاوە.

١٧- خەشایارشاو کتێبی ئانا بازیس = گەڕانەوەی دەهەزار کەس، گزنفۆن.

١٨- ئیسترابوون لە X.I8.8:plin. Nat History. VI/15 بە بەڵگە وەرگرتن لە ئەراستوفن و پلین VI، ل ١٨ بەدواوە.



کاتیش ناوەندی شەڕەکان هەر کوردستان و مادی رۆژئاوا بوو و ئەوەش یەکێك لە بەدبەختییەکانی ئەو مەڵبەندەیە کە لەسەرەتای ئەو کتێبە دا ئاماژەمان پێکرد و گوتمان لەبەر هەڵکەوتی جوغرافیاییو ئیستراتیژیکی زۆر تایبەت و عاستەم، تەنانەت ئەمڕۆش وەك دەبینین چوار رێی رووداوەکانەو تەواوی شەڕو شۆڕی پێوەندیدار بە ناوچەکە لەو شوێنە سەر هەڵدەدا.

سەرهەڵدانی هەخامەنشییەکان و بەربڵاو بوونی رەخنە کردنیان لە رۆژئاوا دا، قەوم و حکوومەتەکانی کە لە سەرهەڵدانی ئەم غوولە لە ناوچەدا مەترسیان لێ پەیدا ببوو هێنا سەر ئەو باوەڕە کە هەرکام بەشێوەیەك دەستبەکار بن و دژکردەوەکەی بوو بە هۆی ئەوە کە لەسەر ئەو خاکە لێکدان و پێکدادان رووبدا، هەروەها هێزگەلێ ناچار بوون بەوێدا تێپەڕن کە بۆ وەدەستهێنانی پێویستییەکانی خۆیان درێخیان لە زۆروێژی و دەست درێژی نەدەکرد، خەڵکی خۆڕاگرو خەباتکاریش کە نەیان دەتوانی بەهاسانی تەسلیم بن و کڕنۆش بکەن، تووشی تێکهەڵچوون دەبوون و ئاکامی شەڕیش دیارە.

لە درێژایی پاشایەتی داریووش و ئەردەشیری درێژدەستدا... زۆرجار لەشکری ئێران بۆ شەڕ لەگەڵ بابێل و سەرکوتی یاغییەکانی ناوچەکانی ژێردەستیان لە ئاسیای بچووك، هەروەها یۆنانییەکانو ... لەم رێگەوە رۆیشتنو دەستپێکردنی زۆربەی شەڕەکانیش لە کوردستان رووی دەدا کە باس کردنیان دەبێتەی هۆی درێژ بوونەوەی بابەتەکە. بەڵام چەند رووداوێك لەو بوارەدا تا رادەیەکی بەرچاو لە چارەنووسی حکوومەتەکانی وڵاتەکەو خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی لەسەر مێژووی کوردان و کارنامەی مێژووییان کاریگەر بووە کە ناکرێ بەسەریاندا تێپەڕین. یەك لەوان راپەڕینی کوروشی بچووك بە دژی براکەی (ئەردەشێری دووهەم) بوو، کە پاش باوکی (داریووشی دووهەم) (ئوخوس کە دوای باوکی کە ئەردەشێری درێژدەست لە ئێراندا ببوو بە خاوەن دەسەڵات و بە شێوەیەك سەرۆکایەتی ئیمپراتۆری پارسی بە دەستەوە گرتبوو. لە روانگەی خاوەن بۆچوونەکانەوە هیچ کام لە شەڕەکانی ئاسیای رۆژئاوا بارتەقای لەشکرکێشی کوروشی بچووك، کاریگەری قووڵی لەسەر چارەنووسی پارس و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی نەبوو.[19] راپەڕینی کوروشی بچووك لە هەوەڵ هەتا ئاخر لەسەر خاکی کوردستان بوو، رەنگدانەوەی مێژووییشی یەکجار زۆرو بەربڵاو بوو.

١٩- مێژووی ئێران، ژەنەرال سێرپرسی سایکس ل ٢٩٢و پلوتارك ژیاننامەی ئەردەشیر.

## راپەڕینی کوروشی بچووك و کاریگەریی لەسەر کوردستان:

کوروشی بچووك کوڕی دووهەمی داریووش بوو کە لە کاتی مردنی بابی لە پۆستی نایب السلطنة واتە جێگری باوکی لە کوردستان (مادی رۆژئاوا یا کوردستانی باکوور و ناوەندی)و ئاسیای بچووك بوو و حکوومەتی دەکرد. هەر بۆیە براکەی "ئیرساسس" یا بە وتەی ئەرمەنییەکان "ئیرشاك"و بە قەولی یۆنانییەکان "ئارتاگز کر دوم" بەکەڵك وەرگرتن لە ئامادەدا نەبوونی براکەی زۆر بە سانایی بەنێوی ئەردەشێری دووهەم گەیشتە حوکم و دەسەڵات.[٢٠-٢١]

کوروشی لاو هەر لە سەرەتاوە لەبیری گەیشتن بە دەسەڵاتدا بووە و بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو نیەتەی خۆی، بە شارەزاییەکی کە لەسەر باشی و وریایی سەربازەکانی یۆنانی هەیبووە، زۆر لەوانی بە فەرماندەیی "کل ئارخ" راگرت و پاش کۆکردنەوەی لەشکرێکی کارلێهاتوو[٢٢] و یەك گرتن لەگەڵ ئیسپارت، لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایین، لە شاری "سارد"ی پایتەختی "لوودیە" لە رێگەی باکووری رۆژئاواوە بەتێپەڕین لە کوردستان خۆی گەیاندە باشووری رۆژهەڵات و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بۆ بەهەڵەبردنی زەینی دەربارییەکانی پارس نیەتی خۆی لە هەموو کەس دەشاردەوە، ئەو رێگایەشی بۆیە هەڵبژاردبوو کە وا بنوێنێ دەیهەوێ قەومەکانی "پیسیدی"و "کاردوخۆیی" بێنێتە ژێر رکێفی خۆی.

ئەو لەو رۆیشتنەدا رێگەی کەوتە ئامیدیا کە ئاماسیەشی پێدەگوترا و بارەگای فەرماندەیی "سیبن نەزیس" فەرماندەی سپایەکانی پارسیش راست لەو دەڤەرە بوو، ئەو توانی ئەوان لەگەڵ خۆی رێکخا، وێڕای ئەوەی پارەیەکی زۆری لە "ئیپاکسا"ی هاوسەری "سیبن نە زیس" وەرگرت، ئەو سەردارەشی رازی کرد تا سەربازەکانی خۆی کە هەموو لوتکە شاخ و

---

٢٠- خوێنەری خۆشەویستی ئەم دێڕانە سەرنجیان داوە کەهێندێك جار کەسێك بە چەند جۆر ناو دەبردرێ، کە جاری وایە وێکیش ناچن، قەومو تایفەیەکیش زۆرجار دەکەوێتە سەرزاران و هەر کەسە بەجۆرێك ناوی دەباو جاری وایە بە گوێرەی شك و گومان دەگوترێ. هەروەك کورد لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە بە "کورچیخ" لە لایەن عەرەبەکانەوە بە جۆردو ناسراوە یا بابێلییەکان گوتی، یۆنانییەکان کورتیوی‌وکاردوخۆیی‌و دراوسێکان بە قردۆ، خالدی‌و... نێودەبرێن و دوایەش لە لایەن هەرکەس بەشوێنێك و بە قەومێکی بەستوونەوە.

٢١- ژیاننامەی ئەردەشیر نووسینی پلوتارك کە بەدرێژی لەم بابەتە قەڵەمی گێڕاوە.

٢٢- لەشکری کوروشی گچکەیان بە ١٣ هەزار یۆنانی‌و یەك سەت هەزار ئاسیایی نرخاندووە.



دەروەکانیان گرتبوو و بە بوونی ئەوان لەم شوێنانە تێپەڕین ئیمکانی نەبوو فەرمان بدا لەسەر رێگای ئەو لاچن‌و پێشی نەگرن.[٢٣]

کوروش بەم شێوە لەرووباری فورات پەڕیەوەو لە ئاخریدا لە شوێنێك بە نێوی "کوناکسا" بەرەنگاری لەشکری براکەی خۆی واتە ئەردەشێر بوو. لەشەڕێکدا کە کوروش زۆر ئازایانەو هەڵمەت بەرانە شەڕیکرد، لە کاتێکدا ئەردەشێری خست بوو خەریك بوو بە تەواوی زاڵ دەبوو، لە ناکاو تیرێکی ژاراوی وەچاوی کەوت‌و لەجێ کوشتی و لەگەڵ ئاواتەکانی ماڵئاوایی کرد. بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و کەسەر بۆ ئێرانییەکان و هۆی دڵخۆشی دوژمنانی پارس بوو پێویستە ئاماژەی پێبکرێ پاشەکشەو گەڕانەوەی ئەو یۆنانییانە بوو کە لە خزمەت کوروشی بچووك دابوون. ئەو پاشەکشەو هەڵاتنە بە فەرمانی سەردارو مێژوونووسی یۆنانی "گزینفۆن" لە روانگەی نیزامییەوە ئەوەندە سەرسوڕهێنەر بوو کە وێڕای ئەوەی هاتە نێو ریزی ئەساتیری یۆنانی، وەك پەردەیەکیش بوو کە لەسەر بێ‌کیفایەتی‌و ئامادە نەبوونی سپای ئێران هەڵدرایەوە کە لە ئاکامی ماوەیەکی دووری خۆ خۆشەویستی و ناشایستەبوون و بەخۆڕاگەیشتنی فەرماندەکانیان پێکهاتبوو. ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەو شوێنانەی گرتبوویان و لەژێر دەسەڵاتی پارسییەکان دابوو لەو بارودۆخە ئاگادار بن و وەغیرەت کەون. هەر کە ئاگاداری لاوازیی دەوڵەتی ناوەندیی ئیمپراتووری هەخامەنشی بوون هەرکەس لە لایەك دەستی بە بادانەوەو نافەرمانی لە ئەوان کرد، کار گەیشتە جێگایەك کە ئەسکەندەری مەقدوونی کاریترین زەبری کە بۆخۆشی جێی باوەڕ نەبوو، لێ‌وەشاندن و ئەو ئیمپراتوورییە زەبەلاحەی لەبەریەك بڵاو کرد. دیارە ئەو رووداوە زۆری پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە و ئەوەی ئێمە بەو باسەوە پەیوەست دەکا، پاشەکشەی یۆنانییە بەکرێگیراوەکان لەرێگەی کوردستانەوەیە و ئەو شەڕو شۆڕەیە کە لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە لێیان قەوماوە، چونکو هەر ئەوەندەی پاشەکشەی یۆنانییەکان لە روانگەی خۆیانەوە جێگەی لەخۆبایی بوون بووە، بەرەنگار بوونەوەی کوردەکان و راوەستانیان لە بەرانبەریاندا و ئەو زەبرانەی ئەوان لە کاتی پاشەکشەی یۆنانییەکاندا لێیان وەشاندن بۆ کوردان جێگەی شانازی‌و شەرەفێکی گەورەیە. وا باشترە کە ئەو داستانە لە زمانی خودی

---

٢٣- ئاناباریس = گەڕانەوەی ١٠هەزارکەس، نووسینی "گزنفۆن" کە لە لایەن "ویلر"ەوە کراوەتە ئینگلیزی، لاپەڕەکانی ١ ـ ٢ـ ٢١، جگە لەوەش "دیوید فریزیر" لە کتێبی خۆی دا بەناوی the short cut india ئەو شوێنانەی پێیدا چوون دیاریی کردوون و لەسەر هەرکام بە درێژی دواوە.

گزینفۆن لە کتێبێکدا بە نێوی "گەڕانەوەی دەهەزار کەس" یا "ئانا بازیسس" نووسیویەتی ببیسین. هەرچەند گزینفۆن لە سەر ئازایەتی یۆنانییەکان زۆری پێوەناوە و رادەی کوژراوەکانی خۆیانی لە کوردستان زۆر لەوە کەمتر نووسیوە کەبووە، دەبێ ئەوەش بزانین یەکێك لە گرینگترین هۆیەکانی شکستی کوروشی لاویش هەر ئەوان بوون.[٢٤]

بە دوای کوژرانی کوروشی لاو داو چەند جار وتووێژ، ئاخریەکەی زۆربەی فەرماندەکانی یۆنانی، یەك لەوان "کل ئارخ" بەهۆی "تیسافێرن" فەرماندەی سوپای ئەردەشێری دووهەم گیران و بە پێچەوانەی ئەو وتانە کە زۆرتر وەك دروشم دەچن و لەهێندێك کتێبی وەك مێژووی ئێران، نووسینی سێر پێرسی سایکس[٢٥] دەیانخوێنینەوە، ئەوە تیسافێرن بوو کە دوای فەرماندەکانی وەك "کل ئارخ" ئیزنی بە لەشکریەکانی یۆنانی دا بگەڕێنەوە نیشتیمانی خۆیان، ئەگەر نا لە شوێنێکی عاستەمی کە ئەوانی لە گەمارۆ دابوون و فەرماندەکانی دەگرتن دەیتوانی یەك جێ هەموو ئەو سەربازە بێ سەردارانە لێك بڵاو بکاو لەناویان بەرێ. هەرچی بووەو رابردووە با لێرە بەدوا لە زمان گزینفۆن خۆی ببیسین، وێڕای ئەوەش پێویستە بزانین کە ئەو نووسراوە کۆنترین شوێنەوارە کە لەوێدا بە ڕاشکاوی باسی کوردان هاتۆتە گۆڕێ و بە دەستمانەوەیە:

کاتێك سەربازانی یۆنانی گەیشتنە شوێنێك کە لایەکی کوێستانێکی گەورە و لایەکیتری رووباری دیجلە بوو، بڕیار درا لەرێگەی چوارەم (باکوور) ڕا بچینە نێو کێوەکانی "کوردۆك".[٢٦-٢٧]

٢٤- لە کتێبە جۆراوجۆرەکاندا کە ئەو حیکایەتەیان گێراوەتەوە هاتووە کە کوروشی لاو بە "کل ئارخ" فەرماندەی یۆنانییەکانی فەرمان داوە کە لەنێوقەدی لەشکری ئەردەشیر بدەن کە بەشێوەی ئاسایی هەموو کات لەوێ دەبوو و خۆیان بەو بگەیەنن، بەڵام "کل ئارخ" بە وتەی گزینفۆن بە پێچەوانەی ئەو فەرمانە لەترسی ئەوەی مەبادا هەردوولای بەتاڵ بێ پەنای بردە بەرروورباری فورات و لەوێ دەستی کرد بەشەڕ، بۆیە کوروش ناچار بوو لە دڵی سپای براکەی داو هەروەك گوتمان توانیشی ئەردەشیر لەعەرزێدا، بەڵام بەهۆی کەمی شەڕکەر دەورووبەری خاڵی ماوە و کەوتە بەرتیری سەربازەکانی ئەردەشێرو لەجێ کوژرا.

٢٥- مێژووی ئێران، ژێنەراڵ سێرپێرسی سایکس، وەرگێڕدراوی فەخرداعی گیلانی ل ٢٩٧ بەدواوە.

٢٦- فەسڵی ٥ لە کتێبی سێهەمی "ئەنابازیس یا گەڕانەوەی دەهەزار کەس" نووسینی گزێنفۆن.



"کوردوان" کە لە دەڤەرێکی پڕ شاخ و کێودا دەژین، خەڵکێکی شەڕکەرو ئازان کەتەنانەت لە شاش فەرمان نابەن. دوای ئەو بڕیارە یۆنانییەکان ئەو دیلانەی شارەزای رێگاکە بوون جیایان کردنەوە بێ ئەوەی لە نیەتی خۆیان ئاگاداریان کەن... لەم شوێنە رووباری دیجلە ئەوەندە زۆرو خوڕێن و تیژە کە هیچ کەس ناتوانێ لێی بداو بپەڕێتەوە، داوێنی کێوگەلی "کوردۆك"یش راست دێتە خوارو دەگاتە رووبارەکە... ئێستا شەوی مابوو کە لەشکریانی یۆنانی وەڕێ کەوتن و بەری بەیانی گەیشتنە چیا. "گیریسۆف یا Chirisoph" فەرماندەی پێشەوەو "گزینفۆن" فەرماندەی دواوە بوون... رۆیشتن تا گەیشتنە گوندێك کە لە بنەبانی دۆڵەکە دابوو. کوردۆکەکان لە ماڵان دەرکەوتبوون و ژن و منداڵیان وەکێوی خستبوو... یۆنانییەکان نە هیچیان لە گوندەکە هەڵگرت و نە شوێنیان کەوتن، هیوایان وابوو بەم شێوە هاریکاریان بکەن و ئیزنیان بدەن تێپەڕن، بەڵام کوردۆکەکان رووی خۆشیان نیشان نەداو کاتێك پاشی یۆنانییەکان لەکێو هاتنە خوار و گەیشتنە ناو ئاوەدانی کۆ کوردۆ لەپاشڕا هەڵیان کوتانە سەر، هێندێکیان کوشتن و بەشێکیشیان بە بەردو تیر بریندار کردن.

لەبەر ئەوەی لەشکری یۆنانییەکان ناغافڵ هاتبوونە نێو خاکی کوردۆکان، تاقمێکی کەمیان لەوێ بوون، بەڵام ئەگەر لەپێشدا ئاگادار بوونایە و خۆیان ئامادە کردبا بەشێکی زۆر لەیۆنانییەکان لەناو دەچوون... یۆنانییەکان لەبەر ئەوەی نابەڵەد بوون و نەیاندەتوانی باری خۆیان قورس کەن بەشێکی زۆر لە دەسکەوت و ئەو چوارپێیانەی پێیان بوو بەجێیان هێشتن و تەنانەت دیلەکانیشیان بەڕەڵڵا کرد تا نەبنە هۆی دواکەوتن لە دەرباز بوونیان.[٢٨] دوای شەو و رۆژێك ئازووقەشیان لێ برا.

کوردۆکان کەوتنە سەریان، رێگاش تەنگ بوو، هەنگاو بە هەنگاو تووشی شەڕ دەبوون و دەبوایە بەرگری لەخۆیان بکەن. جارێکیان "گیریسۆف" فەرماندەی پێشەوە، فەرمانی دا بە توندی بەرەو پێش بڕۆن کە زیاتر وەك هەڵاتن دەچوو، بەڕاستی ئێمەیان وا خستبووە تەنگانەوە

٢٧- بە وتەی رەشید یاسەمی لە کتێبی (کوردو پەیوەست بوونی مێژوویی و نژادیی ئەو) ل١٤٨، ئەو نێوە لە ئەسڵدا "کوردۆ"یەو گزینفۆن ئەوەی لە ئەرمەنییەك بیستووە، چونکو لە زمانی ئەوان دا "ك" لە ئاخری ناودا مانای "کۆ" دەدا.

٢٨- گزیفۆن هەوڵیداوە لەهەموو نووسینەکانیدا کەمتر باسی کوردەکان بکاو لە بایخی کاری ئەوان کەم کاتەوە. هەروەك دەبینین لێرەش دەگەڵ ئەوەی هیچیان پێنەماوە لەسەر دیلەکانو ئازادکردنیان ئاوا دەدوێ.

که مەجالی بیرکردنەوەمان نەبوو... تاقمێك لە سەربازو فەرماندەکان یەك لەوان "کلەئارك" که تیرێکی وەخالگەی کەوتبوو کوژران، کاتێك سەرکۆنەی "گریسۆف"یان کرد وتی: لەو کێوانە بڕوانن، ئێمە قەت ناتوانین بگەینە ئەو چیا بەرزانەو تەنیا یەك ڕێگەمان لەبەرەو هیچیتر... کوردۆکان ئەو ڕێگایەشیان لـێ گرتووین‌و تەنیا ڕێگەی نەجاتی ئێمەشیان بەستووە... دوایە دوو کەس لە دیلەکانیان هێنان و دوور لە یەکتر رایان گرتن، ڕێگەی دەرباز بوونیان بە جیا لە هەرکام پرسی، یەکیان سەرەڕای ئەو ئازارو ئەشکەنجەی دیتبووی هیچی نەگوت، بۆیە لەپێش چاوی ئاواڵەکەی سەریان بڕی. دیلەکەیتر گوتی برادەرەکەم لەبەر ئەوە هیچی نەگوت و ڕێگەی پێ نیشان نەدان کەتازە کچێکی ناوزەد کردووە کەلەسەر ڕێگەی دەرچوونی ئێوەیەو نەیدەویست ئێوە بەسەر ئەو ناوچەدا زاڵبن[29]و ... .

وایان بڕیاردا شەوێ دوو هەزار کەس بچنە بەرزاییەکان و بەیانی شەبیوور لـێدەن، بەڵام هێشتا دوایی لەشکر نەگەیشتبوە کوردۆکان (گزینفۆن لێرەدا بە خاریجی ناویان دەبا Barlare" لەسەر شاخەکانڕا بەردی گەورە بە قەدرایە عارەبانەیەکیان بەسەردا جاڵە کردنەوە، کاتێك ئەو بەردانە وەبەردەکانی سەختی قەدی کێو دەکەوتن، بڵاو دەبوون‌و وەك بەردی قۆچەقانی یۆنانییەکانیان دەکوتا. ئەو کارەی کوردۆکان تەواوی شەوێ درێژەی هەبوو و زۆریان لـێ کوشتین... کوردۆکان بێئەوەی شەڕ بکەن دەڕۆیشتن و شوێنی خۆیان بەجێ دەهێشت. لێرەدا ئێمە تووشی ئەو خەیاڵە بووین کە ئەوە لە ترسان ڕادەکەن، بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە ئێمە بە هەڵەچووین و ئەو جێ گۆڕکێیە هی ترس نییە. لەو کاتەدا هەواڵمان پێگەیشت کە دوژمن چۆتە سەر تەپکەکان و بەشێك لەدلێرانی یۆنانی کوشتووە. ئەوەتا لەسەر چیای بەرانبەریشمان ئامادەن و چاوەڕوانی ئێمەن... گزینفۆن پێشنیاری وتووێژی پێکردن‌و داوای لـێکردن تەرمی یۆنانییەکانیان بدەنەوە... کوردۆکان قبووڵیان کردو ... کەچی لەنەکاو هێزی ئەوان وێکڕا هێرشیان کردینێ‌و لە بەرزایی چیاکانڕا بەردی زۆر گەورەیان بەرەو ئێمە جاڵە کردەوەو... بەڵام ئاخری دیلەکانمانیان ئازاد کردو تەرمەکانیشیان لەگەڵ گۆڕینەوە. لە هەر شوێنێك ڕێگەمان لـێ تەنگ باوە ڕێگەیان لـێ دەگرتین‌و لەشەڕدا ئەوەندە خۆیان خۆڕاگرت کە ئێمەیان وەتەنگ هەڵێناو تا ئەو کاتی ئەوان لەسەر ڕێگا بان ڕۆینمان نەدەکرا.

٢٩- بەشی یەکەم لە کتێبی چوارەمی "ئەنابازیس" نووسراوی گزینفۆن.



توندو تۆڵی‌و چالاکییان سەیرو سەمەرە بوو، هیچ کەس تۆزێ نەدەشکاندن، هەرچەند لەنیزیك ئێمە تێدەپەڕین کەس نەیدەتوانی بیانگرێ. سەیرتر لە هەموو شت ئەوە بوو کە ئەوان جگە لە کەمان و قۆچەقانی هیچ چەکی دیکەیان نەبوو... زۆر تیرئەندازی چاك بوون، کەمانەکانیان سێ زەرع درێژ بوو، زیاتر لە دوو تیریشیان دەردەکرد، زێی کەمانەکانیان بەرەو خوارێ کەمانەکە دەکێشاو لاقی چەپیان بۆ دەکردە پاڵپشت. تیرەکانیان بە راحەتی جۆشەن‌و سپەری یۆنانییەکان دەسمی‌و ... یۆنانییەکان بەبەستنی تەسمە لە جیاتی رمب لەو تیرانە کەڵکیان وەردەگرت.[30]

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ماوەی حەوت شەو و ڕۆژاندا کە سەربازەکانی ئێمە بە وڵاتی کوردۆکاندا دەڕۆیشتن، هەموو کات لە شەڕو لێکدان دابووین و ئەوەندەمان ڕەنج و کوێرەوەری لە دەست کێشان کە قەت ئەوەمان بە دەست شاو لە "تیسافێرن Tissaphrene"ەوە نەکێشابوو.[31]

گەلۆ، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرد هەموو ڕووداوەکانی دوای ئەردەشیری درێژدەست بە تێکڕا لە مێژووی ئێران دا بوونە هۆی جەسووری و ترس شکانی خەڵکانی ئەو شوێنانەی لە دوورو نیزیك لەبەر دەستی ئەو ئیمپراتوورییە دابوون، دیارە گەڕانەوەی ئەو دەهەزار یۆنانییەش هەرچەند واش نییە کە لەنووسراوەکانی گزینفۆن و یۆنانییەکان و ئەروپایەکاندا دەخوێندرێنەوەو زۆریشیان گەورە کردۆتەوەو بەچەند لایەنەوە بەدنیایان نیشان داوە، بەڵام لێك بڵاوبوونی شیرازەی حکوومەتی هەخامەنشیەکانی دەرخست، کار گەیشتە جێگایەك کە ئەسکەندەری مەقدوونی کە لەسەرەتادا بۆ سەربەستی وڵاتەکەی راپەڕی و شۆڕشی کرد، کاتێك لە بێکیفایەتی داریووشی سێهەم و سپاکەی گەیشت، ئەو شتەی هاتە مێشکەوە کە تا ئەو دەم هیچ کەس بە خەونیش نەیدەدی، جا کە دیتی پیادەکردنی ئەو بۆچوونە دەگونجێ و ڕێگەی بە والایی هاتە بەرچاو، ڕێگایەکی دوورو درێژی پێواو هەروەك ئاشکرایە کوردستان بووبە مەیدانی هاتووچۆو جەولەی هێزەکانی ئێران و یۆنان.

ئەسکەندەر لە ڕێگەی صورو سووریەوە هاتە ناو دەشتەبەری بین النهرین و لەوێوە بەرەو مەڵبەندی "هەولێر Hav-ler" یا بە وتەی خەڵکیتر "ئەربیل" هات و لە دەوری هەولێر بوو

٣٠- فەسڵی دووهەم لە کتێبی چوارەمی "ئەنابازیس" نووسراوی گزینفۆن.

٣١- ئانابازیس کتێبی چوارەم فەسڵی ٣.

که ژیانی داریووش گۆڕانی بەسەرداهات. لە شەڕێکی نابەرانبەر بۆ یۆنانییەکان، لەحالێکدا کە سپاییەکانی چەك قورسی مەقدوونی نەیاندەتوانی وەك سپای چەك سووکی گورجو گۆڵی ئێرانی هەڵسووڕێن، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا ئەسکەندەر بشکێ، بێکیفایەتی و ترسی بێجێی داریووش، ئاکامی شەڕی گۆڕی، کاتێك سوپای ئەسکەندەر لە بەر بێهومێدی پەنای بردە سەر دڵی سپای داریووش و لێی چووە پێش، داریووش بەو پەڕی ترسەنۆکییەوە لەبەری هەڵات و بەرەو هەولێر رایکرد. سوپای ئێران کە سەرداری خۆی بەو حاڵە دی بە سەر شۆڕی بەزی و بەرەو هەولێر هەڵات. بەم شێوە شکانەی لەشەڕی هەولێر روویدا ئیمپراتووری بەرینی هەخامەنشی لەبەریەك بڵاو بوو.

## کوردستان لە سەردەمی حکومەتی سلووکیو ئەشکانییدا:

بەدوای مردنی ئەسکەندەر، وێرای دابەشکردنی وڵاتی زۆرپان و بەرینی ژێر دەسەڵاتی لە لایەن میراتگران و سەردارەکان لە بەینی خۆیاندا، کە هەر کەس لەو سفرە پڕلە نێعمەتە بەشی خۆی دابڕی، گەورەترین بەش بە دوای ئاڵوگۆڕی پشتی پەردە بە سەرداری گەورە "سولوکس" گەیشت کە خاکی ئێرانو بین النهرینو سووریەش لەسەر ئەو بەشە بوون. "سولوکس" بۆ ئەوەی چاوێکیشی لە مەقدوونیە بێ، لە پێش دا "بابێل" دوایە "سلووکیە"و لە ئاخریدا "ئەنتاکیە"ی لە سووریە کردە ناوەندی حکوومەتی خۆی. دواتر "ئانتۆکۆس برای سولوکس" پاشماوەی خاکی ژێر دەستی ئیمپراتووری بە هێندێك لە نیزیکان و سەردارەکانی سپارد کە دەتوانین لە ریزی ئەوانەدا ئاماژە بە ساتراپی ماد بکەین کە بە سەرداری خۆی "مۆلون"ی سپارد. لەو بەینەدا بەهۆی شەڕ لەسەر دابەش کردنو ئەو شەڕانەی بەم بۆنەوە لە نێوان سەردارەکان و کەسانی سەر بە ئەسکەندەر روویدەدا، کوردستان زۆر جار لەژێر پێی ئەو شەڕکەرانەدا لەرزی و زۆر جاریش بەرەنگاری و بەرگری خەڵکی ئەو خاکە دڵی دوژمنی لەرزاندووە، تا ئەو کات کە بەرپرسایەتی کاروبارەکان کەوتە دەست "ئانتیوخۆس"ی سێهەم. ئەو بە مەبەستی سەرکوتی یاخییەکان چووە سلووکییەی قەراغ دیجلە، لەوێوە چووە زاگرۆسو مەڵبەندی "کاردوخۆیی یا کورتی Cyurtii" لە مادی رۆژئاواو لەوێوە هاتە "ئاترۆپاتین یا مادی بچووك واتە ئازەربایجان"و حوکمڕانی ئەو شوێنەی خستە ژێر فەرمانی خۆیو بەم شێوە خەیاڵی "ئانتیوخوس"ی سێهەم لەمەڕ ماد ئاسوودە بوو.



بابەتێکی دیکە کە جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە کوردەکان لەتەواوی سەردەمی دەسەڵاتی ئەسکەندەرو سلووکییەکان دەستیان لە بەرەنگار بوونەوە هەڵنەگرت و بە شێوەی جۆراوجۆر بە دژی ئەوان کە داگیرکەری خاکیان بوون، هەرچی بۆیان کرا کردیان و ئەگەر داریووش کە بەر لە دەسەڵات حوکمڕانی کوردستان و کوردان بووە و بەهیوای ئەوان هەولێری بۆ مەیدانی شەڕ لەگەڵ ئەسکەندەر هەڵبژارد، ئەگەر لەبەر ئەسکەندەر هەڵنەهاتباو کاتی هەڵاتن چووبا نێوکوردان لەنێو شاخ و داخی بەرزو سەر لە ئاسمان کوردستان، لەوانەبوو مێژوو جوورێکی دیکەی لەسەر نووسیباو وەرەق گۆڕابا.[٣٢-٣٣]

کوردان بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان کە دەرکردنی سلووکییەکان بوو، "مولۆن" ئەو سەردارەی پێشتر باسمانکرد و ساتراپی مادیان بۆ راپەڕین لە دژی شای سلووکی هاندا و بۆخۆشیان هاوکاری و هاوڕێیان کردن، ئەوە لە ساڵی ٢٠٢ی بەر لە زایین بوو. بە وتەی رەشید یاسەمی وا جوانترە چلۆنایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە زمانی "پۆلیب" مێژوونووسی یۆنانی ببیسین، چونکو بیستنی راستییەکان لە زمان دوژمنەوە سەرنج راکێش ترە.[٣٤] پۆلیپ لەم بارەوە دەنووسێ:[٣٥]

"دوای کوشتنی "سولوکس" کە لە "ماوەراتورۆس"[٣٦]" روویدا، "ئانتیۆکوس"ی برای کە حوکمڕانی ئاسیا بوو، هاتە پایتەخت و لەسەر تەختی پادشایی دانیشت، دوایە سەرداری خۆی "مولون"ی کە زۆری یارمەتی دابوو کردە حوکمڕانی ماد. بەڵام "مولۆن" یاغی بوو و وڵاتی بابێلی گرت و بۆ ماوەیەکی درێژ هەر سوپایەکی "ئانتیوکۆس" دەیناردە شەڕی ئەو، دەشکا. سەرئەنجام ئانتیوکۆس لەگەڵ لەشکرێکی زۆر بەرەو "مولۆن" چوو. کاتێك گەیشتە رووباری فورات لەشکرەکەی کردە سێکەرت و بە هەشت رۆژان لە چیای "حەمرین Orion = جبل حمرین" تێپەڕیو گەیشتە وڵاتی "ئاپۆلۆنی".[٣٧]

---

٣٢- ئیسترابوون، کتێبی ١١ بەرگەی ٩.

٣٣- ئەنابازیس نووسینی گزنفۆن و ژوستەن، کتێبی ٤١، بەرگەی ٥.

٣٤- کوردو پێوەندی رەگەزی و مێژوویی ئەو، رەشید یاسەمی لاپەڕەکانی ١٨٥ تا ١٥٩و دواتر... .

٣٥- کتێبی (Xli) لە پۆلیب ل ١٤٨ بەدوا.

٣٦- مەبەست لە زنجیر شاخی توروسی تورکیەی ئەوڕۆیە کە بەشی زۆری لە کوردستانی تورکیە دایە.

٣٧- ئەو ئەیالەتە لەگەڵ خاکی بابێلەو لە باشووری چۆمی دیالە هەڵکەوتووەو دراوسێی مادی رۆژئاوا بووە.

"مولۆن" لەخەڵکی خووزستان و بابێل دڵنیا نەبوو، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەی تەنیا پشتی بە قەومی "کورتی = کورد" بەست بوو کە قۆچەقانی هاوێژی زۆر شارەزا بوون.[38-39] لێرەدا پێویستە بەوە ئاماژە بکەین کە تەنیا پۆلیپ یا گزینفۆن نین کە باسی کوردانیان کردووە و بە ڕاشکاوی ناویان بردوون، بەڵکو زۆر کەسیتر وەك "ئیسترابوون" مێژوو زان و جوغرافیازانی بەناوبانگی سەدەی یەکەمی زایینی، باسی کوردیان کردووەو "کورتی"یان پێ‌گوتوون و کورد و مادیان بە یەك زانیوە. ئەو مێژوو زانە بڕوای وایە کە هیچ بەڵگەیەکی جێ‌باوەڕی ئەوتۆ نییە کە نیشانبدا کورد و ماد لەیەکتر جیان.[40] دوایەش لەوە زیاد دەکاو دەڵێ: مێد (ماد) دووبەشی دیارییە، یەکەمیان مادی گەورە کە "ئەکباتان یا هەگمەتانە" پایتەختی بووە و ئەویتریان مادی بچووك یا "ئاتروپاتێن" کە لە نێوی یەکەمی ساتراپی (ئوستاندار یا پارێزگار)ی ئەوێ وەرگیراوە کە "ئاترۆپاتیس" بووە. هەر ئەو پارێزگارە بووە کە پێشگیری لەوە کردووە کە ئەو دەڤەرە بکەوێتە دەستی مەقدوونییەکان و لە بەرانبەر ئەو کارە گەورەدا نێوی پاشایی وەرگرت... بەوتەی "ئاپۆلونیدس" هێزی سەربازی ئەو ئەیالەتە زۆر بەرچاو و کارئامە بووەو دەریاچەیەکی تێدا هەڵکەوتووە بەنێوی "کاپۆتا" کە خوێی لـێ دەکەوێتەوە.[41]

بە پێی گێڕانەوەی "دێلیووس Dellius" دۆستی سەردار "ئانتوان"ی ڕۆمی لە دەڤەری باکووری ئاترۆپاتێن تیرەکانی کادۆسی، ئەمرەدەکان، تاپورەکان و کورتییەکان دەژین کە هەر

---

٣٨- لە شەڕی کوردان لەگەڵ پادشای "پیرگام" بە ریوایەتی "تیت لیو" کە لە ل ٩٧ی کتێبی کوردو پێوەندیی رەگەزیو مێژووییان لە رەشید یاسەمی، هەروەها بە کتێبی گەڕانەوەی دەهەزار کەس لە گزینفۆن کە لە فەلاخون هاوێژی کورتیویان = کوردان و شارەزاییان لەم بابەتەوە بڕوانن. پێویستە بزانین کە لە ساڵی ١٤٠ی بەر لەزایین و فەلاخون هاوێژانە لە سوپای ئانتیوکوسدا دامەزراون.

٣٩- ئەوەش جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە "پۆلیب" یەکەم مێژوونووسە کە بە ڕاشکاوی لە دەوری ساڵی ١٧٢ی پێش زاییندا نێوی "کورتی"ی هێناوە. دیارە ئەوە بۆ ئەو کەسانەش کە دەڵێن بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا نێوی کوردو کوردستان هاتۆتە گۆڕێ سەرنج راکێشە.

٤٠- کتێبی یازدەهەم، بەشی سێزدەهەم، کتێبی ئیسترابوون و کوردو پێوەندی رەگەزی و مێژوویی ئەوان لە رەشید یاسەمی ل ١٦٠.

٤١- لە زۆر لە مێژووەکانی وەك مێژووی تەبەریو ... ئەو دەریاچەیان بە دەریاچەی ورمێ زانیوە، کە کەبوودانیشی پێ‌دەڵێن.



خەریکی ڕێگرین... ئەو تیرانە لە کێوەکانی زاگرۆس و "نیفاتس Niphatis" دا بڵاون و هەموویان لە یەك رەگەزن، هەروەك لە وەزعی جیسمیو بەدەنیشیان ئەوە دەردەکەوێ.

ئیسترابوون لە شوێنێکی دیکە لەسەر خەڵکی قەراخەکانی دەریای خەزەر (کاسپین) دەنووسێ: لەوێ گیلەکەکان، کادۆسییەکان، ئەمرەدییەکان، کورتییەکان و ئەناریکەکان و چەند تیرەی دیکە دەژین...[42] لێی زیاد دەکاو دەنووسێ: کاسییەکان یەکێك لەتیرەکانی کۆرتیۆن کە لەگەڵ مادەکان هاوخاکن. جگە لەو باجەی بۆیان دیاریکراوە زۆر کات پادشاکان، لە هاوین دا دێنە ئەکباتان و لەوێ دەژین یا دەچنە بابێل دیاریو شتی زۆر پێشکەشی کاسییەکان دەکەن.

وەختێك ئەسکەندەر ویستی ئەوان تەنبێ بکا، لە زستاندا هێرشی بردە سەر ئەو مەڵبەندە بەڵام سەرنەکەوت.[43] سنووری لای باشووری ماد بریتییە لە "ئاپۆلۆنیاتید Apoloniatide"و بەشێك لە زاگرۆسو...[44] ئەو هەرێمە لەگەڵ مەرگی ئەسکەندەر لەژێر دەستی سلووکییەکان هاتە دەرو هەروەك گوتمان، هەموو کات سەردارە سلووکییەکان لەگەڵ خەڵکی کوردوئێن (کوردستان) خەریکی شەڕ بوون.

ئەوکات کە تیرداد بناغەی حکوومەتی ئەشکانی (پارت)ی داڕشت و دەستی یۆنانی و مەقدوونییەکان لەئێران و کوردستان کەم بۆوە، لە بەشێکی ئامالّ دورگەی ئیتالیای ئەمڕۆ هێزێکی نوێ بە نێوی رۆم لە دایك بوو کە دوایە ئیمپراتوورییەکی گەورەی پێکهێنا. ئیمپراتوورەکانی ئەو وڵاتە بۆ بردنە پێشی دەسەڵاتی خۆیان و بۆ ئەوەی هێزە گەورەکانی تری ئەو سەردەمە و یەك لەوان ئێران بخاتە ژێر فەرمانی خۆی چەند سەدە لەگەڵ ئیمپراتووریی پارت (ئەشکانی)و ساسانی لەشەڕ دابوو و دیسان کوردستان وەك هەموو کات خاکێك بوو کە لەو شەڕانە دابوو بە پێ‌خوستی جەولەی لەشکرەکانی هەر دوولاو گەورەترین شەڕەکانی ئەو دوو ئیمپراتوورییە هەر لە کوردستان کران. زۆر بە کەمی هەڵدەکەوت کە وەك سەردەمی "ئوردئەشکی سێزدەهەم" سوڵتانی بەتوانای ئەشکانی کە لە شەڕەکاندا لە هێزی کوردانیش کەڵکی وەردەگرت و هەوڵیدەدا خاکی دوژمن ببێتە مەیدانی شەڕ، لە هێزی کورد یارمەتی بخوازنو لە شەڕەکاندا بەشداریان کەن. وای لـێهات کە هێندێك جار وەك سەردەمی پاشایەتی

---

٤٢- کتێبی یازدەهەم، لە ئیسترابوون، بەشی حەوتەم.

٤٣- کتێبی یازدەهەم بەشی سێزدەهەم لە ئیسترابوون.

٤٤- هەمان سەرچاوە.

کوڕەکەی ئوردئەشکی سێزدەهەم کە بە "فەرهادی چوارم" ناسراوە و پیاوێکی بەکیفایەت نەبوو، رۆمییەکان ئەوەندە جەسوور ببوون کە لە رێگەی ئەرمەنستانەوە خۆیان گەیاندە "مادی بچووك یا ئاترۆپاتێن"و دەوروبەری پایتەختەکەی کە "پراسپا Praspa" بوو.[45] هەرچەند ئەو لەشکرکێشییە بۆ "مارك ئانتۆنی" ئیمپراتووری رۆم و لەشکرەکەی جگە لە شکست و ئابڕوو چوون چیدی تێدا بەستە نەبوو، تەنیا لە دەوری قەلاّی "وان"و کوردستانی ناوەندی زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە سەربازەکانی رۆمی کوژران. دوای ئەم رووداوە لەو شوێنە لەسەر دەستکەوتی شەڕ لەنێوان ساتراپی مادو فەرهادی چوارەم ناتەباییەکی توند پەیدا بوو، ئەو ناکۆکییە گەیشتە جێیەك کە پارێزگار بە نهێنی "مارك ئانتۆنی" هاندا کە لەگەلّ ئێران شەڕی دووبارە بکاتەوە، ئیمپراتووری رۆم کە هێشتا تامی تالّی شکستی پێشووی لە زاری دابوو، فریوی خواردو جارێکی دیکە خۆی تووشی شکان و کوژرانێکی قورس کرد، ساتراپ کە نهێنیکارییەکی ئاشکرا ببوو بە هۆی فەرهادی چوارەم گیراو کوژرا.

لە شوێنەواری ئەشکانییەکان لە کوردستان عیبادەتگای "ئاناهیتا = ئیلاهەی ئاناهیتا" هەلّکەوتوو لە کەنگاوەری کوردستانی ئێران و لە پارێزگاری کرماشانە کە هی سەرەتاکانی پارتەو "م.دیۆلافێر" ئەویّی بە عیبادەتگای ئارتمیدا لە کۆن پار یا کەنگاوەر نووسیوە.[46] هەروەها شاری ئاشوور یا لاباناو، شاری "الحضرة یا هاترا" لەبەینی دوو رووباری دیجلە و فورات و لەنێوەڕاستی کوردستانی ناوەندی (کوردوئێن)، هەروەها کۆشکەکانی دەسەلاّتداریەتی ئەویّ کە نیشانەری گرینگییەکی زۆرە کە حکوومەت بەو مەلّبەندەی داوە.[47] بینای کۆشکەکانی پاشا بریتییە لە حەوت هۆلّی گەورە کە گەورەترینیان ٤٠×٩٠و چکۆلەترینیان ٢٠×٣٠ پی بووە. تەلارە گەورەکەی بێ کۆلّەکە سازکراوەو یەکێك لەجوانترین کۆشکەکانی

٤٥- پراسپا پایتەختی مادی بچووك هەمان "تەختی سلێمانە" کە لەنێوان میاندووئاو و تکاب هەلّکەوتووە و وێرانەکانی ماونەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە کتێبی "ئێرانی رابردوو و ئێستا" نووسینی ویلیام جێکسێن و ئیسترابوون، کتێبی ١١ بەشی سێزدە و کتێبی شەرحی مارك ئانتونی، نووسینی پلوتارك، هەروەها کتێبی هەلّوەشان و رووخان بە قەلّەمی "گیبۆن Gibbon" بەرگی یەکەم ل ٣٣٨ بەدوا بڕوانن.

٤٦- وەرگیراو لە ئەشکانییەکان، نووسینی م.م.دیاکۆنۆف ل ١٢٢.

٤٧- لە مێژووی ئێران، نووسینی ژێنەرالّ سێر پێرسی سایکس، وەرگێڕدراوی محمدتقی فخرداعی گلانی وەرگیراوە.



شاهانە بووە،[48] بە شێوەیەك کە ناکرێ لەگەلّ هیچ نەخشەو گەلاّلەیەکی بیناسازی بەرئاوردی بکەی و چ بینای لەوێ رێکتر و جوانتر نەبووە. لەسەر دەرگای لای رۆژهەلاّتی کۆشکەکە بە زنجیرە کۆلّەکەیەك سازکراوە کە لەنیوەی دیوار ڕا بە سەردەرانەکەوە لکاون، ئەوە جوانییەکی تایبەتی پێبەخشیوەو درێژایەکەی کە ٣٠٠ پییە بە کەللەی بنیئادەم و شکلّی جوانی ئافرەتان کە لە بەرد داتاشراون رازاوەتەوە.

گرینگییەکی کە شایەکانی ئێران و نەیارەکانیان بۆ ماد (بە رۆژهەلاّت و رۆژئاواوە بەتایبەتی بە مادی رۆژئاوایان دەدا کە هەمان کوردستانە، ئەوەندە بوو کە هەموو کات شازادە دەرەجە یەکەمەکان بۆ حاکمییەتی ئەوێ هەلّدەبژێردران، دەیان سالّ لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەلاّت لەم شوێنە لەگەلّ یەکتر شەڕیان دەکردو تەنانەت کاتێك خەلّکی ئێران بە دژی فەرهاد وەك کوڕی فەرهادی چوارەم و "ئورودی دووهەم" راپەڕین و "وئێن" کوڕە گەورەی فەرهادی چوارەم کە لە رۆم گەورە ببوو لەسەر تەختی شایەتی دانیشت[49] ئەویشیان قبوولّ نەکردو لە ئەردەوانیان گێڕاوە کە خۆی لە شازادەکانی ئەشکانیی و حوکمڕانی مادی رۆژئاوا (کوردستان و ئاترۆپاتێن یا مادی بچووك یا ئازەربایجان) بوو تا لەسەر تەختی شایی دانیشێ، ئەو توانی "وئێن" کوڕە گەورەی فەرهادی چوارەم کە دایکی رۆمی بوو و بۆخۆشی لە رۆم گەورە ببوو و بە شێوەی ئەوان پەروەردە کرابوو، هەروەها بەشێکی زۆر لە رۆمییەکانی لە پۆستی گەورەو کاری پڕ لە بەرپرسایەتی دامەزراندبوو، بۆخۆشی لە عەیش و نۆش و بلەوەزیدا نوقم ببوو، بە تایبەتی ئەو کابرایە لە ڕاو بێزار بوو کە لە لای ئێرانییەکان بەتایبەتی ئەشکانییەکان کارێکی پیرۆز بوو و بۆ پاشاکانیش بە واجب دەزاندرا، بەڕاستی لەبەر ئەو کارانە خەلّك لێی بێزار ببوون، ئەردەوانیش کاتێك ئەو وەزعەی دیت کەلّکی لە دەرفەت وەرگرت و سەرئەنجام لە پاشایەتی خست، دوایە کە چووە ئەرمەنستان و لەوێ ببوو بە پادشاش دەستی هەر لێ

٤٨- میس "گێرترۆد بێل Miss Gertrude Bell" لە کتێبێکدا بەنێوی پاشەواری ئەشکانییەکان و "ئەندرە" لە نووسراوەی "هاترا" کە لە بلاّوکراوە زانستییەکانی ئەنجوومەنی رۆژهەلاّتی ئالّمان داو لە سالّی ١٩٠٨و لە ژمارە ٩دا چاپ بووە بە درێژی لەم بوارەدا شتی نووسیوە.

٤٩- فەرهادی چوارەم بە دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەلّ رۆم، بەڕوالّەت بۆ ئەوەی نیەت پاکیی خۆی سەلماندبێ، بەلاّم لە راستیدا بۆ ئەوەی لە پیلان پارێزراو بێ، کوڕەکانی برای خۆی نارده رۆم تا لەوێ لەژێر حیمایەتی ئیمپراتووری رۆم دابن و وئێن کە دایکیشی رۆمی بوو لە کێشەو هەللاّو بەزمی نێوان براکانی کەلّکی ورگرت و لەسەر تەختی پادشایی دانیشت.

هەڵنەگرت و ناچاری کرد لەویش هەڵێ‌و بچێتە سووریە کە ئەوکات لەژێر چاودێری ڕۆمییەکان دابوو و سەرئەنجام ئەردەوان بەنێوی "ئەردەوانی سێهەم" بۆخۆی لەسەر تەخت دانیشت و بوو بە شای ئێران.

یەکێك لە دواین ڕووداوەکانی کوردستان لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، هێرشەکانی چەند جارەی "تراژان" ئیمپراتۆری ڕۆم بوو بۆ ئەرمەنستانی گەورەو بچووك (لەو سەردەمەدا بەمەڵبەندەکانی باشوورو ڕۆژئاوای دەریاچەی وانیان دەگوت ئەرمەنستانی بچووك، کە لە ڕاستیدا خاکی کوردستانی باکوور بوو) ئاخریەکەی لە ساڵی ١١٦ی زایینیدا شاری "هاترایا الحضرە"ی گرت و لەوێوە بەرەو بابێل و تیسفوون چوو و ئەو ناوچانەشی گرت و هەتا قەراغ کەنداوی فارس چووە پێش، بەڵام کاتێك ناچار بە پاشەکشە بوو تەنیا شوێنێکی بە توندی لە بەرانبەری ڕاوەستا هەر "هاترا = الحضرە" بوو کە تراژانی سەرخۆشی سەرکەوتنە یەك بەدوای یەکەکانی تووشی مسیبەت و بەڵایەکی گەورە کرد. خەڵکی ئەو دەڤەرەکە لە تیرە جۆراوجۆرەکانی کۆرتیوی بوون ئەویان مەجبوور بە پاشەکشەو بەجێ هێشتنی ئەو شوێنانە کرد کە گرتبوونی.[٥٠]

لە هەورامان کە مەڵبەندێکی کوردستانی ئێران و سەر بە کرماشانە هێندێك نووسراوەی چەرمین دەست کەوتوون کە دابەشکردنی وڵاتیان تێدا نووسراوە. بە پێی ئەو نووسراوانە هەر ساتراپ (ئوستانێك) چەند هیپارخی = شارستانو هەر هیپارخی بە چەند ئیستاتمان = دێهستان دابەشکرابوو. بە گوێرەی ئەو نووسراوانە، دابەشبوونی کوردستانی باشوورو ناوەندی کە بەنێوی "ئوسێرۆئینا" نێودێر کراون حکوومەتی سەربەخۆیان هەبووە. پاشاکەیان کەسێك بووە بەنێوی "ئابکار" کە لەگەڵ کراسووسی ڕۆمی هاوپەیمان بووە و دواتر لە شوێنێك بەنێوی "حەڕان" کراسووس کەوتە گەمارۆی سپای پارتی کە هۆکاری ئەم گەمارۆیەیان بە حیسێبی کەماندارو سوارەکانی کۆرتێوی لە سپای پارت زانیوە. ئەو خاڵەی کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا خەڵکی باکوورو باشووری بین النهرین بەپێچەوانەی بۆچوونی پادشاکانی پارت لە داب و نەریت و زمانی کۆن و لەمێژینەی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت و لە شارەکانیاندا بەڵگەی ڕەسمی بە زمانی ئارامیو سریانی ڕێك دەخران و دەنووسران.[٥١]

٥٠- کتێبی ئاریان، مێژوونووسی سەدەی یەکەم و دووهەمی زایینیو کتێبی مێژووی ئێران نووسینی سێرپێرسی سایکس ل ٥١٩.

٥١- مێژووی ئەشکانییەکان لە م.م.دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ل ١١٧.



ئەوەی کە پێویستە لە ئاخری ئەو بەشەدا باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە مادی ڕۆژئاوا بەتایبەتی کوردستان و خەڵکەکەی، هەموو کات بەهێزترین و کارئامەترین هێزی سەربازییان خستۆتە بەردەست حکوومەتی ئەشکانی، جگە لەو کاتانەی کە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ناکۆکیان لێ پەیدا دەبوو ئەو هێزانە وەخت و بێوەخت گەورەترین هێزی بەرگری لە پێش هێرشەکانی ئەو هێرشکەرە بەهێزانەدا بوون بۆ پاراستنی خاکی ئێران و لەبەر هێندێك هۆی تایبەتیو بنەڕەتی وەك تێکەڵاوی ڕەگەزی و قەومی و ... بە درێژایی مێژوو، هەر لەسەردەمی ئەشکانییەکانیشدا کوردەکان و کوردستان زۆر جار بوونە سپەری بەڵا بۆ ئێران و ئێرانییەکان.

## کوردستان لە سەردەمی ساسانییەکاندا:

لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا بەهۆی درێژەی شەڕەکانی ئێران و ڕۆم نیزیك بە حەوت سەدە ـ کوردستان یەکێك لە ناوەندەکانی شەڕو ڕمبازێنی ئەو دوو لایەنە بووە، بەڵام لایەنی زۆر جیاوازی ئەو سەردەمانە لەگەڵ سەردەمی ئەشکانییەکان ئەوەیە کە دامەزرێنەرو پادشاکانی ئەو خانەدانە دەگەڕێتەوە سەر کوردانو باسی کوردبوونیان کراوە. هەروەك لە پێشداو لە لاپەڕەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە دایك و باوکی ئەردەشێری پاپەکان یا بابەکان لە کوردانی شوانکارەو دانیشتووی دەڤەری پارس بوون، ئەو باسە لە گومان دەرچووە و ڕاستییەکی تەواوە. زۆر لە لێکۆڵەرەوان ئەو ڕاستییەیان بە مسۆگەر زانیوە. بۆ وێنە یەکەم جار "گزینفۆن" سەرداری یۆنانی و فەرماندەی دەهەزار یۆنانی لەگەڕانەوەیاندا لە ئێران و "ئیسترابوون" جوغرافی زانی بەنێوبانگ لەسەر کوردەکانی دانیشتووی پارس دواون.[٥٢] ئیسترابوون لە زمان "ئیراتۆستێنی Eratosthene" دەگێڕێتەوە و دەنووسێ: تیرەکانی جۆراوجۆری پارس بریتین لە کورتییەکان و مەردەکان و ... کە ئەو دوو تیرانە(کورتییەکان و مەردەکان) ئەوەندە لە یەکتر نیزیك و تێکەڵن کە بە وتەی بەتلەمیووس و ئوراتستێن هەردووکیان یەکنو لەهێندێك لە نووسراوەکاندا کوردیان بە کوڕی مەرد نووسیوە.[٥٣]

٥٢- کتێبی ١٥، بەشی سێ، ئیسترابوون، حەوتەمین دەوڵەتی گەورەی ڕۆژهەڵات "ج.ڕاولینسۆن"و ئەنابازیسی گزینفۆن.

٥٣- نسا ابن الجوانی لەکتێبی مسعودی کە لە (مروج الذهب)ی وەرگرتوە و سیاحەتنامەی مووریە لە ساڵی ١٨١٣ ل ٣٥٧و بابەتی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام، وشەی کورد.

خوێندنەوەی شانامە[٥٤]و کتێبە کۆنەکان و بۆمان روون دەکەنەوە کە ژمارەی کوردەکان لە پارس یەکجار زۆر بووە، هەروەك "مارکوارت" دەنووسێ: ئەردەشێر لە دەست پێکردنی کار لەگەڵ خزمانی خۆی لە بازرەنگیو شوانکارە خەریکی شەڕو شۆڕ بووە[٥٥-٥٦]، هەروەها لە مجمع الانسابی شوانکارەییدا دەنووسێ: تیرەی شوانکارە لە اسباگی "ئەردەشیر"ن، بۆیە پێیان دەڵێن شوانکارە کە ساسان موئبدی عیبادەتگەی ناهید لەشاری "ئیستەخر" کە باپیری بووە، کاتێك هەڵاتووە لە فارس خەریکی ئاژەڵداری بووە.[٥٧]

لەهەر حاڵدا ئەردەشێر بە پێی نووسینی رەشید یاسەمی، لە ساڵی ٢١٢ی زایینی بە دواوە چەند کەس لە مەلیکەکانی پارسی شکاندوەو هاوکات باوکیشی (بابەك) شۆڕشی کە "گووچیڕشا"ی بازرەنگی کە خزمی خۆشی بووە کردووە و ئەوی کوشتووە و لە قەڵای سپی کە شوێنی "گوچیڕشا" بووە دەستی بە حوکمڕانی کردووە.[٥٨] ئەو قەڵایە هەمان "نسایك"ە کە بەر لە ئیسلام هەبووەو عەرەبەکان پێیان گوتووە قەڵای **بیضي** = بەیزا".[٥٩]

بەگوێرەی ئەو هەموو سەرچاوە نووسراوانە، ئەردەشیر لە دایك و بابەوە کورد بووەو هەرچەند نووسەری کتێب نەیتوانی نێوی دایکی ئەردەشێر بدۆزێتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەو کچی یەکێك لە سەرهۆزەکانی کوردی بازرەنگی فارس بووە و دایکیشی خێزانی "ساسان"ی باپیری ئەو ئەردەشێرە بووە کە"دەنگۆ"یان پێ‌گوتووە. ئەو وشە کورد بوونی ئەو بە تەواوی دەسەلمێنێ، چونکو دەنگ لە کوردیدا مانای ئاواز و سەدای فارسی دەداو لە چەند سەدەی دواییشدا چاپەمەنی زۆر لە لایەن کوردانەوە بەم نێوە بڵاو بوونەوە.

---

٥٤- بەرگی حەوتەمی شانامەی فیردەوسی، چیرۆکی ئەردەشیری پاپکان.

55- کوردو پێوەندیی رەگەزی و مێژوویی ئەو، خواڵێخۆشبوو رەشید یاسەمی، ل ١٢٧.

٥٦- ابن البلخی، بەشی ئەحواڵی شبانکارەو کوردو فارس، ل ١٤٦ بەدوا.

٥٧- کتێبی کوردو پێوەندیی رەگەزیو مێژوویی ئەو، لە رەشید یاسەمی و مروج الذهب و التنبیه والاشراف لە نووسینی مەسعوودی، چاپی ئوروویا، ل ٨٦ بەدوا.

٥٨- مێژووی ساسانییەکان، نووسینی ئارتۆر کریستن سێن، وەرگێڕانی رەشید یاسەمی، ل ١٠٦ بەدوا.

٥٩- فارسنامەی ناصری، وتاری دووهەم، ل ١٨٢و ابن خردادبە ل ٤٦، معجم البلدان لە نووسینی یاقووتی حەمەوی ل ٢٨٣ بەدوا.



مێژووی تەبەری دەنووسێ: ئەردەوانی پێنجەمیش ئەو بێ‌حورمەتییەی بە ئەردەشێر دەکاو بەو دەڵێ: "ایها الکردي المربي في خیام الاکراد..."[٦٠] (ئەی ئەو کوڕە کوردەی لە خێوەتی کورداندا پەروەردە بووی). دوایەش بەهرامی چووبین = دارین کاتێك یاغی بوو، بەرەو رووی خوسرەو پەرویز بوو، پێی وت "المربي في خیام الاکراد".٦١ بەپێی نووسینی مێژوو زانان ئەردەشێر عەتفی بۆ کوردان زۆر بووە، بۆ وێنە کاتێك مەداینی کردە شارێکی ئاوەدان، یەکێك لەگەڕەکەکانی ئەوێی نێو نا "کوردئافاز یا کورد ئاوا" هەروەها لە جێگەی مووسڵ (لە شارەکانی ئەوڕۆی کوردستانی عێراق) شارێکی ساز کرد و نێوی "بوزئەردەشێر"ی لەسەر دانا.[٦٢-٦٣] بەیهەقی دەنووسێ کوردەکان لە فارس ئەوەندە زۆرن کە ئەوانیشیان بە فارس نێو دەبرد.[٦٤ -٦٥]

سەردەمی پاشایەتی شاپووری یەکەم پڕە لە شەڕو شۆر لەگەڵ رۆمییەکان و لە رووداوەکانی گەورەی ئەو سەردەمە بە دیل گرتنی "والریانووس" ئیمپراتووری رۆم بە دەستی شاپووری هەوەڵە کە لە ٢٦٠ی زایینیدا روویداوە و ئەو ئیمپراتوورە بەدبەختە کەبە لاوی بە دیل گیرا تا کاتی پیری و مردن هەر بە دیلی مایەوەو زۆریان ئەشکەنجەو ئازار دا.

لە هەموو ماوەی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا، قەومەکانی "گیل"و "کورتی"و "کادۆسی"و "کاسی" واتە تیرە جۆراوجۆرەکانی کورد بڕبڕەی پشتی هێزی سەربازیی ئێران لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ رۆمییەکان بوون[٦٦] بەڵام بەین بەین لەبەر بێ‌موبالاتی فەرمانڕەواکان و لەخۆبایی بوونی بێ‌جێیان، هەر ئەو قەومانە، بە تایبەتی مادەکانی دانیشتووی چیا (کوردەکان) بە دژی حکوومەتی ناوەندی شۆڕشیان دەکرد، بە شێوەیەك کە شاپووری هەوەڵ لە

---

٦٠- ... ئەی بەرەگەز کور کە لە چادری کورداندا پەروەردە بوویو... .

٦١- مێژووی تەبەری، چاپی میسر بەرگی ٢ ل ١٣٨ بەدوا.

٦٢- جوغرافیای مێژوویی خاکی خەلافەتی رۆژهەڵات، نووسینی لسترەنج، وەرگێڕانی محمود عیرفان.

٦٣- معجم البلدان، بەرگی حەوتەم ل ٤١٣، نووسینی یاقووت حەمەوی، یاقووت نێوی موسڵی (نواردشیر) نووسیوە کە هەڵەیە.

٦٤- مێژووی بەیهەقی ل ٢٨ چاپکراوی مامۆستا بەهمەنیار.

٦٥- مێژووی سیستان، چاپی تاران، لە ملك الشعرای بەهار ل ٩ تا ٢٢٨.

٦٦- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، پرۆفیسۆر ئارتور کریستەن سێن، وەرگێر رەشید یاسەمی ل ٢٣٥ بەدواوەو، هەروەها "ئاگاتیاس" لە "نلدکە" لە مێژووی تەبەری ل ٤٧١ بەدوا. مێژوی هەولێر لە نووسینی "مارگوارت"و ئامیانووس، کتێبی ٢٥و ١٩و ٢٠، بەرگەکانی ١و٢و ٦ لە جێگەی جۆراوجۆر.

سەرەتای پاشایەتی خۆیدا ناچاربوو شەڕیان لەگەڵ بکاو بە زۆری بیان هێنێتە ژێر فەرمانی خۆی.[٦٧] لە سەردەمی ساسانییەکاندا بیانووی گرینگ بۆ شەڕی نێوان ئێران و ڕۆم، ئەرمەنستان بوو،[٦٨] چونکو پادشاکانی ساسانی بۆ ئەوەی لە شەڕەکاندا لەگەڵ مادەکانی کێونشین تووشی کێشە نەبن و خۆ بپارێزن (لەو دەم دا بە خەڵك دەگوترا کە لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ڕۆژئاواو باکووری پارێزگای کوردستان لە ئێراندا دەستی پێدەکرد و لە ڕۆژئاواشڕا هەتا دەوری ماردین و ئەرزەرۆم دەچوو و لە لای باشوور ڕا تا زێی گەورەی دەگرتەوە) دڵنەوایی لەگەڵ دەکردن و دەیلاواندنەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی درێژی شاپووری دووهەم "**ذوالاکتاف**" کە بە وتەی "کریستین سێن" لە بواری جەلال‌و جەبەرووت، بە تایبەتی فەزڵ و زانیارییەوە لە هەموو باب و باپیرانی لەپێشتر بووە.[٦٩] لەو هەموو شەڕەی کە لەگەڵ ڕۆمییەکان کراوە، بەشی زۆریان لەو خاکەدا رووی داوە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە شەڕی "ئامێد یا ئامیدیا" بکەین کەهەمان دیاربەکری ئێستایە، ئەو شەڕە ئاخریەکەی بە ڕێککەوتنێك تەواو بوو کە لە مێژوودا بە ئاشتی سەد ساڵە بەنێوبانگە و ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە ناوچەکانی باکووری کوردستان و ناوەندی (نصیبەین، سەنجار، میافارقین، ماردین‌و بەشی ئەرمەنستانی بچووك) بوو بەهی ئێران. شوێنەوارێك لەو سەردەمە لە میافارقین ـ لە قەڵای "بشاتی کوردان" ـ لە لایەن پرۆفیسۆر "لەهەمان هاوپت" دۆزراوەتەوە کە یەك لە شتەکانی کەتیبەیەکە لەسەر تەختە بەردێك نووسراوە.[٧٠-٧١] سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە لە هێندێك کتێبی لێکۆڵەرەواندا بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر بە روونی "قەڵای بەشارەتی کوردان" نووسراوە، ئەوان بەنێوی ئەرمەنستانیان لە قەڵەم داوە.[٧٢]

"ئامیانۆس مارسلینۆس" کە ئەفسەرێکی بەڕەگەز یۆنانی بووەو خۆی لەم شەڕەدا بەشدار بووە دەنووسێ: "لە (کوردوئێن Kurduen) کە لەوڵاتی ئەرمەنستانە، ئێرانییەك بەنێوی

٦٧- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا ٢٥ بەدواوە، هەروەها مێژووی ئازەربایجان نووسراوی "مارکوارت".

٦٨- فقەاللغەی ئێرانی، نووسینی یوستی، بەرگی ٢ لە ٥٢٤ بەداوە.

٦٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٢ بەدواوە.

٧٠- ئەرمەنستان لەهمان هاوپت، بەرگی یەکەم، فەسڵی ١٣و لاپەڕەکانی ٢٠ تا ٤١٩.

٧١- لە مارکوارت untersuchungen 3 Geschichte irans بەرگی هەوەڵ ل ٤٤ بەدوا.

٧٢- ئێران لەسەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی کریستەن سێن ل ٢٦٦.



"Joinien ژوئێنیەن" لەوێ حکوومەتی دەکرد. لەمن و یەکێك لە یووزباشییەکانی ڕۆمی کە بۆ مەئمووریەتێك چووبووینە لای پێشوازی کردو لە بەڕێوە بردنی کارەکەماندا کە وەرگرتنی خەبەر لە جم و جۆڵی سپای ئێران بوو زۆری هاوکاری کردین. پیاوێکی شارەزای لەگەڵ خستین تا ئێمە بگەیەنێتە ئەو شوێنەی ئێرانییەکانی لێ بوون. ڕۆژی سێهەم نیزیك تاوهەڵاتن گەیشتینە شوێنێك کە هەموو سوپای ئێرانییەکانی لێوە دیار بوو... پادشای ئێران جل‌و بەرگێکی رازاوەی لەبەر دابوو و لەپێش هەموویانەوە بە سواری ئەسپ دەڕۆیشت و "گومباتس Geunbates" پادشای تازەی "خیونییەکان" کە پیاوێکی کزەڵە بەڵام زۆر بەهۆش و وریا بوو و لە چەند کارو شەڕدا باشی بە دەستەوە هاتبوو و چەند سەرکەوتنی وەدەستهێنابوو لەلای چەپی ئەو دەڕۆیشت و لە دەستە راستیشی پادشای ئابانی دەڕۆیشت. بە پەلەو بەتوندی گەڕاینەوەو ئەو زانیارییانەی خۆمانمان بە فەرماندەی سوپاکانی ڕۆم ڕاگەیاند. ڕۆمییەکان زۆر بەپەلە بەرەو "سامۆزات Samosate"ی پایتەختی "کماژن" وەڕێکەوتن تا لە شەت بپەڕنەوە، بەڵام لە ترسان لەوە ئاگادار نەبوون کە دوو کەس لە سەردارەکانی ئێرانی بە نێوەکانی "نۆهەم شاپوور و نخوزار Nakhouadhar" لەو هەڵەی بۆیان رەخسابوو کەڵکیان وەرگرتووە و بەهەزار سەربازەوە هاتوونە نیزیك "ئامیدا یا ئامید"و لەوێ خۆیان مەڵاس داوەو ... کاتێك من (ئامیانووس) زۆر بە پەلە خۆم گەیاندە شاری "ئامیدا" دەنگی هات و هاوارو پاڕانەوەی سەربازەکانی ڕۆمیم بە گوێ گەیشت٦ ئەوە کاتێك بوو کە پادشای ئێران داوای لەخەڵکی شاری "ئامێدا" دەکرد کە بۆ پێش گرتن لە خوێنڕێژی خۆ بە دەستەوە بدەن و تەسلیم بن. لەپڕ کوڕی پادشای "خیونی" کوژراو لەسەر ئەوە قەرار درا شارەکەی بکەن بە خۆڵەمێش‌و... هەم ئەوانەی چەکدار بوون و هەم ئەوانەی بێ‌چەك بوون بە ژن و پیاوەوە بێ جیاوازی وەك حەیوانات بە کۆمەڵ کوژران."[٧٣]

لەو نووسراوەدا دوو بابەت جێگەی سەرنج‌و باسن: یەکیان نێوی "کوردوئێن یا کوردستان"و هەبوونی لەو سەردەمەداو واش نیشاندەدا کوردستان سەربەخۆ بووە... و بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە تا سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجووقی دیان بە خاکێك بەنێوی کوردستان داناهێنن‌و ئینکاری بوونی کورد لە دنیای کۆندا دەکەن و حاشا لەو هەموو بەڵگەو شاهیدە دەکەن. دووهەم ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کوردستان چۆن هەموو کات ناوەندی

٧٣- کتێبی ١٨، بەرگەی ٨ ل ٢٧١ بەدوا.

شەڕو کێشە بووەو چ کوێرەوەرییەکی کێشاوە، بەڵام دەستی لە شوێنە ستراتیژیك و عاستەمە جوغرافیاییەکە نەکێشاوەتەوەو جێی نەهێشتووە.

نیزیك بە تەواوی شوێنەواری شایەکانی ساسانی لە کوردستانن و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران، دیارە لە کوردستانی تورکیەو عێراق و لە جزیرەش (سووریە) هێندێك بابەت هەن، بەڵام مەڵبەندی کرماشان ناوەندی ئەو شتانەیە و تاق بوستان خاوەنی زۆرترین بەشی شوێنەواری ساسانییەکانە.[٧٤] سەردەمی پاشایەتی نەوشیروان، سەردەمی ئارامی ئاسایش و خۆشی کوردستانە، ئەگەر چاو لەشەڕی ژەنگار (سەنجار) بپۆشین‌و لە کاولکردنی ئەوێ چاو بنووقێنین، باقی ساڵەکانی حکوومەتی نەوشیروان ئەو خاکە لەشەڕو وێرانکاری، توند و تیژی و کوشتاری درندانە دوور بووەو ئەو دۆخە تا نێوەڕاستەکانی پاشایەتی خوسرەو پەرویز درێژەی هەبووە. لەو سەردەمەدا بوو کە "هراکلیوس" ئیمپراتووری رۆم لەگەڵ ئێران دەستی بە شەڕ کردوو. ئەگەر هێندێك رووداو بە پێچەوانەی داخوازی ئەو نەهاتبانە گۆڕێ، لەوانەبوو ئەو ئیمپراتوورەیش بۆ ئێران ببێتە ئەسکەندرێکی ترو جێگەی داخ و کەسەرێکی دیکە لە مێژووی ئێران زیاد ببوایە.[٧٥]

هەرچۆنێك بێ وەك ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین سەردەمی ساسانییەکان بە سەردەمی دەسەڵاتی کوردانیش نێو ببەین، بەوتەی "تەبەری" دەبێ زنجیرەی ساسانییەکان بە زنجیرەی شاهەنشایی کورد نێو بەرین. هەروەك گوترا دامەزرێنەری ئەو خانەدانە و زنجیرە پاشایەتییەکەیان کورد بوون و سەردارانی گەورەی وەك "ویستاهم Vistahm" کە خاڵی خوسرەو پەرویزیش بووە، کورد بووە و هەر ئەو سەردارە بە خاتری براکەی "وەندۆئی Vindóê" کە خاڵی خوسرەو پەرویزیش بووە، لەگەڵ هورموزی دووهەم ناکۆکی لـێ پەیدا

٧٤- بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەوە لە کتێبەکانی ئێران لەسەردەمی ساسانییەکاندا ، نووسینی پرۆفیسۆر ئارتۆر کریستەن سێن، وەرگێڕدراوی مامۆستا رەشید یاسەمی لە دیۆلافوا بەرگی ٥ ل ٩٥بەدواو هەروەها لە "مەئمووریەتی زانستی لە ئێراندا" لە نووسینی ژاك دومۆرگانی فەرەنسوی، بەرگی چوارەم ل ٣٠٢ بەدواو لە دەروازەی ئاسیا نووسینی هێرتسفێلد، ل ٥٧بەدوا بڕوانن.

٧٥- خوێندنەوەی کتێبەکانی هەیئەتی زانستی ژاك دومێرگان بەرگی چوارەم ل ٣٤١ بەدوا، زارەو نەخشە بەرجەستەکان لە هێرتسفێلد ل ٢٣٧ بە دوا، مێژووی باستان، ل ٨٨ بەدوا لە نووسینی ئەردمان بەنێوی ئاتەشگا ل ٥٠، مێژووی سەنعەتەکانی پوپ (رویتر) بەرگی هەوەڵ لاپەڕی ٥٥٢و سەفەری دێرین ناسی هێرتسفێلد لە لاپەڕی ٨٩ بەدوا، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر شتە وردەکان ئەوکات بەکەڵکن.



بوو، ئەوی کوێر کردو لە پاشایەتی خست و بوو بەهۆی گەیشتنی خوسرەو پەرویز بە دەسەڵات کە تا ئەودەم لە مادی بچووك (ئازەربایجان) دا حکوومەتی دەکرد. ئەو بوو بە پادشایەك کە لەبۆ جەلال و شکۆو جوان پەرستی‌و ماڵ کۆکردنەوە وێنەی نەبوو و بۆتە سەرچاوەی زۆر لەو چیرۆکانەی کە لەمێژووی ئەدەبیاتی عامیانەی ئێرانییەکاندا هەیەو خوێندنەوەیان حاڵ و هەوای تایبەتیی گەرەکە.[٧٦]

پادشاکانی ساسانی دوای نەوشیروان، لەبەر ئەوەی لە کوردستان، بەتایبەتی لەنێوان تیسفوون و حەلوان هەستیان بە ئەمن و ئاسایشی زیاتر دەکردو لەبەر هێندێك مەسڵەحەت پارێزیتریش زیاتر لەو نێوە دادەنیشتن و هەر بەم هۆیەش کۆشك و تەلاری زۆریان لەو ناوە ساز کردووە، چونکو کەرەستەکەیان زیاتر لە دار بووە، ئەمڕۆ شوێنەوارێکیان لـێ‌نەماوە، لەوانەی کە ماون دەتوانین ئاماژە بە قەڵای "دەستگرد یا دەستگردی خوسرەو"بکەین کە عەرەبەکان پێیان گوتووە "**الدسکرة** الملك" ئەو قەڵایە لە قەراغ شارێی سەربازیی نێوان بەغداو هەمەدان و لە نیزیك ١٠٧ کیلۆمیتری باکووری رۆژهەڵاتی پایتەخت هەڵکەوتبوو.[٧٧]

هیرتسفیلد دەڵێ: ئەوڕۆ جگە لە دیوارێکی ٥٠٠ میتر، ١٢ بورجی ساغ و چوار بورجی وێران لەو ناوچە کە بە "زیندان" ناوبانگی دەرکردووە هیچ شتێك نەماوە.[٧٨] بە باوەڕی ئەو لێکۆڵەرەوە، حەساری دەستگرد قایمترین حەساری خشتییە کە لەقەدیمەوە لە ئاسیای رۆژئاوا دا ماوەتەوە. کۆشکەکانی دەستگرد شکۆیەکی زۆریان هەبووەو هەربۆیەش خوسرەو پەرویز نوێنەرانی دەوڵەتەکانی دیکەی لەو کۆشکەدا چاوپێکەوت.[٧٩]

لە رێگەی خانەقین ـ حەلوانی ئەوڕۆدا وێرانەکانی "کۆشکی شیرین" لە شارێك هەر بەم نێوە هەیە کە دەڵێن ئەو قەسرەی بۆ خۆشەویستەکەی "شیرین" دروستکردووە.

٧٦- لەسەر ئەو پادشایەو چیرۆکەکانی کە لەسەریان گوتووە لە کتێبەکانی مێژووی تەبەری، لاپەڕەکانی ٩ تا ١٠٠٨ ونلدکە و بەیهەقی و کتێبی شەڕەکانی مۆریکیوس‌و ئێرانییەکان.

The persian war of the Emperor و هێرتسفێلدو مەئمووریەتی عیلمی مێرگان لە ئێران و بەشی دووهەم نووسینی Maurice Higgins ئەردەمان کتێبی ئاتەشگا، هەروەها سەنعەتەکانی پوپ (رویتر) بڕوانن.

٧٧- هێرتسفێلد، سەفەرنامەی دێرینەناسی، بەرگی ٢، ل ٧٦بەدوا.

٧٨- هێرتسفێلد، نەقشە بەرجەستەکان ل ٢٣٧و سەفەرنامەی دێرینەناسی ل ٨٩ بەدوا.

٧٩- ئێران لەسەردەمی ساسانییەکاندا، ئارتور کریستەن سێن ل ٤٨٥.

کۆشکی شیرن قەڵایەکی چوارگۆشەیە کە بە قەڵای خوسرەویش بەنێوبانگە. "کریستەن سێن" لەو بابەتەوە دەنووسێ: ئەو قەڵایە چەند بورجی هەیە کە خەندەقێکی بەدەوریدا لێدراوە، لەسەر خەندەقەکە پردێك بە تاق لێدراوە، کۆشکێکی زۆر جوان و رازاوە کە ئیمڕۆ پێی دەڵێن "حاجی قەلعەسی"هەروەها خانووبەرەیەکی گەورە بەنێوی "چوارقاپۆ" واتە چوار دەرگای لێیە کە لەوانەیە ئاتەشگا بووبێ، ئەوەش لە ریزی شوێنەوارەکانی کۆشکی شیرینن.[٨٠]

## فەرهەنگ و شارستانیەتی ساسانییەکان و کاریگەریی لە کوردستاندا:

یەکێك لە زەقترین دیاردەکانی زنجیرەی ساسانییەکان کە هەر لە سەرەتای حکوومەتەکەیاندا دەرکەوت بە ناوەندی کردنی حکوومەت بوو، شتێکی کە لە سەردەمی ٤٧٦ساڵەی حکوومەتی ئەشکانییەکاندا بەهۆی نیزامی تایفەگەری، پێوەندیی نێوان ساتراپەکان (ئوستانەکان و مەڵبەندەکان) بە تەواوی لەبەریەك بڵاو ببوو و حکوومەتی ناوەندیی یەکجار لاواز کردبوو. دیارە نابێ وا بیربکەینەوە کە وەدەستهێنانی ئەو بەناوەندی کردنە هەروا بە سووك و هاسانی جێبەجێ بووە. چیها شەڕو لێکدان و تێکهەڵچوون لە لایەن ئەردەشیرەوە لەگەڵ تایفەگەری و عەشیرەتبازی کراوە کە زۆربەشیان بە دەستی ئەندامانی بنەماڵەی شایەکانی ئەشکانی هەڵایساون، چیها شۆڕشی چاوەڕوان نەکراو لێرەو لەوێ سەریان هەڵدەدا. ئێستا ئەردەشێر لە شەڕێك تەواو نەدەبوو شەڕێکی دیکە هەڵدایسا. تەنانەت زۆرجار ئەو بەربەرەکانیانە دەبوونە هۆی پاشەکشەی ئەو و دەیگەیاندە رادەی بێهیواو هومێدی. هەروەك لە ئەرمەنستان لەگەڵ "تیردادی دووهەم"ی ئەشکانی کە یەکیەتییەکی لەگەڵ تیرەکانی قەوقاز، ئالانەکان و هێندێك لە حوکمدارانی وڵات پێکی هێنابوو، وەزعێکی وەهای بۆ هاتە پێش، تیرداد بە کەڵك وەرگرتن لە "ئارتاباز"ی کوڕی ئەردەوانی پێنجەم دوایین پادشای ئەشکانی کە داوای تاج و تەختی دەکردو لەگەڵ ئەم یەکیەتییە کەوتبوو و لە ئازەربایجان حکوومەتی دەکرد، توانی دووجار ئەردەشێری پاپکان بشکێنێ[٨١] و بووبە هۆی ئەوە کە ئەردەشێر نەتوانێ تا ساڵی ٢٣٠ی زایینی دەسەڵات بەسەر ئەو هەرێمە دا پەیدابکا.[٨٢ -٨٣-٨٤]

٨٠- هەمان سەرچاوە ل ٧ تا ٤٧٦.

٨١- مێژووی ئێرانییەکان و عەرەبەکان لەسەردەمی ساسانییەکاندا، "نوالد" ل ٤٧ بەدوا.

٨٢- مێژووی ئەرمەنستان، دامەزراوەی خورناسی، لاپەڕەکانی ٧٤ تا ١٧٢.



هەرچۆنێك بووە، بە وتەی "پیکۆلۆسکایا"[٨٥]: "ئەردەشیر توانی بە یارمەتیو هاوکاری چین و توێژی رووحانی و مەزنەکان و فەرماندە سەربازییەکان کە پشتیوانی راستەقینەی بوون، یەکپارچەیی و تواناو هێزی پێویست و حکوومەتی ناوەندی وەدیبێنێ...، هەرچەند دەبێ وردە شایەکانی ئەشکانی لەو تاقمەی باسمانکردن هەڵاوێرین. چونکو گەڵاڵەی لەناوبردنی شا بچووکەکان تەنانەت دوای ئەردەشیریش بەهۆی شاپووری کوڕی هەر درێژەی هەبوو و لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیەوە سیاسەتی دواکەوتن و تەنبێ کردن و ئەدەب کردنی گرتە پێش. هەروەك لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیشیدا، هێرشی کردە سەر کوردەکان و هاوڕێ مادەکانیان و شکاندنی.[٨٦]

بەهەر شێوەیەك بووە، هۆکارە لەبارەکانی پێکهاتنی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز، لەمەزنە پیاوان و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بە وتەی "لوکونین" شارستانییەکانی کە پێویستیان بە ئابوورییەکی رێك و پێك هەبوو[٨٧] دەستیاندا دەستی یەك و بوونە ئامرازی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی شایەکانی ساسانیو پێکهاتنی هێزێکی بەتوانای ناوەندی. دەزگای ئیداری رێكوپێك و بێوێنە تا ئەوکات، سپای بە تواناو بە تایبەتی راگەیاندنی ئایینو بیری زەردەشت وەك دینی رەسمی وڵات، درێژەی ئەو دەسەڵاتە و حکوومەتی بەهێزی ناوەندی بوون، ئەگەرچی بە وتەی "رەئیس نیا" قبووڵکردنی دینی زەردەشت بە رەسمی بووبە هۆی پان و بەرینی دەزگای رووحانیەت و دەسەڵات پەیدا کردن لە بەرانبەر هێزی پاشایەتیداو بەربەرەکانیی نهێنیو

٨٣- کورتە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، نووسینی سید احمد کەسرەوی ل ٦١.

٨٤- سازکردنی ئەرك (بورجی) شاری تەورێز لە لایەن بەشێك لەمێژوونووسانی وەك "واردان" بەکاری (تیردادی دووهەم) دەزانن‌و سەرنجراکێش ئەوەیە کە لەو کتێبانەدا ئەو شوێنەیان بە لەفزی کوردی "Tav-Rez = تەورێز" نووسیووە، بۆیە ئێمە دەڵێین کە سازکردنی ئەو شارە لە لایەن کێ بووە، بە تایبەتی لە کتێبێك دا کە لەم بابەتەوە نووسراوە ئەوەندەی پێویستە لەسەری نووسراوە.

٨٥- شارەکانی ئێران لە رۆژگاری پارتی و ساسانییەکان، "ن پیکولوسکایا" وەرگێڕانی عنایت الله رەزا ل ٢١٧.

٨٦- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا ل ٢٤٥.

٨٧- شارستانیەتی ئێرانی لەسەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی ولادیمیر گریگورویچ لۆکۆنین وەرگێڕانی دوکتور عنایت الله رەزا ل ٥٨.

ئاشكرای ئەو دووانە لە هەموو سەردەمی ساسانییەكاندا.[88] خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیەو پێویستە بیزانین كە جاری وا هەبووە دەسەڵاتی رووحانیەت ئەوەندە زۆر بووە كە پادشا نەیتوانیوە جێگر بۆخۆی دیاریبكا، هەروەك لەنێوان پاشایەتی شاپووری هەوەڵ و شاپووری دووهەمدا هەشت كەس بوونەتە شاو ئەو دۆخە حاڵەتی تەقینەوەی لـێ پەیدا بوو. كاتێك ئازەر نەرسی لە ساڵی ۳۱۰ی زایینی چووە سەرتەختی شایەتی، لەبەرئەوەی بایەخی پێویستی بە رووحانیەت نەدەدا، نەیتوانی درێژە بە پاشایەتی خۆی بدا. برایەكیان كوێر كردو برای دیكەشی گیراو لە بەندیخانە كرا. بۆ ئەوەی ئەرخەیان بن و نیگەرانیان نەمێنێ، شاپووری دووهەمیان كە لە زگی دایكی دابوو، هێشتا نەهاتبووە سەر دنیا بۆ پادشایەتی دیاریكرد.[89] لە هەموو ئەو ماوەدا تا شاپووری دووهەم گەیشتە تەمەنی ۲۰ ساڵی دەسەڵات بە دەست موغەكان و دەوڵەمەندەكانی سەر بەئەوان بوو. دوای مردنی شاپووری دووهەمیش ئەو وەزعە توندتر بوو. هەروەك نووسراوە شاپووری سێهەم و بەهرامی چوارەم و یەزدگوردی هەوەڵیش لەلایەن ئەوانەوە لـێ خران و ئەم بارودۆخە تا هاتنە سەركاری نەوشیروان درێژەی هەبوو.

دەركەوتنی موزدەك رووداوێك بوو كە بە فریای نەوشیروان گەیشت. چینەكانی كۆمەڵ بە راپەڕینێكی گەورە دەسەڵاتی رووحانیەت و نەجیبزادەكانی تێك رووخاند و مەیدانی دا بە نەوشیروان تا لەم رووداوە كەڵك وەرگرێ و دەسەڵاتی موغەكان و دەوڵەمەندەكانی لایەنگریان كەم كاتەوە. هەرچەند بە قەرەبوو كردنەوەی زیانێك كە لەم پێوەندییەدا بەرنەجیبزادەكان كەوتبوو ژیانێكی نوێی بۆ ئەوان پێك هێنا،[90] بەڵام نە بە شێوەی پێشوو بە دەسەڵاتی رابردووەوە كاتێك نەوشیروان كۆچی دوایی كرد و هورموزی چوارەم لەجێی دانیشت، ئەو دەوڵەمەندانەی كە خەریك بوون دەست لەكارو باری وەردەن زۆر بەتوندی سەركوتكردن، هەر ئەو كارە بووبە هۆی ئەوەی وەك دەڵێن: [... دنیا پڕبوو لە دادپەروەریو... لە خاكی عەجەمدا هیچ كات پادشایەكی وەك هورموز دادپەروەرو بە ئینساف نەبووە...و هەر لەبەر ئەوە بوو كە هەژاران دۆستی بوون و گەورەكانیش دوژمنایەتییان دەكرد.][91]

۸۸- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران دا ل ٤٤٧.

۸۹- ئێران لەسەردەمی ساسانییەكاندا، ئارتور كریستەن سێن ل ۲۵۹.

۹۰- مێژووی گەلی ئێران نووسینی دوكتور عبدالحسین زەرین كوب بەرگی ۱ ل ٥٠٦.

۹۱- وەرگێڕدراوی مێژووی تەبەری لە لایەن محمد جواد مشكور لاپەڕەكانی ۷۷ تا ۱۷٦.



هەرچەند سیاسەتبازی شاهانی ساسانی ئەمڕۆ تا رادەیەك سادە دێتە بەرچاو، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی سەردەمەكە كردەوەی هێندێك لەوان زۆر سەرنج راكێشە، هەر ئەم هورموزی چوارەمە كاتێك لە رێوڕەسمی تاج لەسەرناندا قسە بۆ خەڵك دەكا، دەڵێ: "هیچ كات نابێ مرۆیەكی بەهێزی لە ئێوە، بێهێزێك قووتدا و نابێ كابرای بێتواناو هەژاریش فرت و فێڵ لە بەهێزێك بكاو هیچ زۆردارێك نابێ خۆی لە هەژارێك بەرزترو زیاتر بزانێ كە ئەوە دەبێتە هۆی بێحورمەتی بە ئێمە و مەقامی شا، با هیچ ژێردەستێك بیر لەوە نەكاتەوە ببێتە باڵادەست، ئەوەش دەبێتە هۆی نەمانی نەزمو نەگەیشتن بە ئاواتە راست و دروستەكان..."[92] ئەو وتانە نیشاندەری راستییەكن كە بە پێچەوانەی ئەوەی عەوام و ساویلكە بیر دەكەنەوە، ئەو یاوەرو پارێزگاری چینە لاوازەكانی كۆمەڵگا نەبووەو بە وتەی "كۆلسنیكۆف": نیگەرانی ئەو دۆخە بووە كە بۆی هاتبووە گۆڕێ... ئەو خەریكە لەنێوان دوو جەمسەری دژ بە یەكتر لەكۆمەڵگادا ئاشتیو رێك كەوتن پێكبێنێ. ئەو باڵادەستەكان لە بێعەدالەتی لەگەڵ ژێر دەستانی خۆیان دەپرینگێنێتەوە چونكو ئەو غەدر كردنە دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەوڵەت... ئەو پیاوە زاناو فێڵزانە وەك سیاسەتوانێكی لێوەشاوە تووڕەیی چینەكانی خوارێ كە پێڕەوی موزدەك بوون رووبەڕووی ئەو گەورانە دەكا كە خۆشی نەدەویستن و لەم رێگەوە روخساری دۆستانەی لەنێو خەڵك وەدەستهێنا...)[93] دیسانیش بەقەولی "كولسنیكۆف" ئەو پیاوە وریاو مەكربازە زۆر بە راشكاوی بە خەڵك دەڵێ فكر لە چوونەسەری پلە و پایەتان مەكەنەوە، ئەو پلەو پایانە هی گەورە پیاوانێكن كە سەر بە كاربەدەستان بارەگای شان: (هیچ ژێردەستێك ئاوات بەوە نەخوازێ كە سەركەوێ! بۆچ؟ چونكو دەبێتە هۆی تێكچوونی نەزم و نەگەیشتن بە ئاواتە دڵخوازو راستەكانیان).

بێگومان خوێندنەوەی ئەو وشانە خوێنەر بێزار دەكا، بەڵام ئەوە خەڵكی ساویلكەن كە وەك هەموو كات بێ لـێ وردبوونەوە و بیركردنەوە لەم وتارە زیانبارانە هەر لەبەر ئەوەی لە زمان گەورانەوە گوتراوە وەریدەگرنو "... بەهەر حاڵ ئەو سیاسەتە شاهانە گەرچی بۆ هێندێكیان پڕخێرو بێرو بۆ هێندێكیتر خراپ و بێفەڕ بووە، بەڵام لە بنەمای حكوومەتی ساسانیو

۹۲- ئەخبار الطوال، ابوحنیفەی احمد بن داود دینەوەری، وەرگێڕدراوی دوكتور محمود مهدوی دامغانی ل ۱۰٤.

۹۳- ئێران لە دەستپێكی هێرشی عەرەبەكان "ئا.ای.كۆلسینكۆف" وەرگێڕدراوی م.یحیائی لاپەڕەكانی ۱۱۰ تا ۱۱۲.

ئەركانی دەوڵەتەكەیاندا زەمینەی بۆ هێندێك ئاڵوگۆڕ ئامادە دەكرد كە كاریگەری لەسەر درێژەدان بە دەسەلاتەكەی هەبوو.

بەهەرحاڵ سەرەڕۆیی و یەك لایەنە روانینی پادشاكان هەموو كات دەبووە هۆی هێندێك رووداو كە سەرچاوەیان لە دژكردەوەی دەست و پێوەندی خۆیان بوو كە بە جێبەجێ بوونی بۆچوونەكانی شا زیانیان پێدەگەیشت، وێڕای ئەوەی لەم هەنگاوانەدا كەسانێك سوودیان دەبرد، هێندێك سەردەكەوتن و هێندێكیتر شكستیان دەخوارد هەروەك هورموزی چوارەمیش كەوتە بەر پیلان و فرت و فێڵی دژەكانی دەوروبەری خۆی. كاتێك بەهرامی داریین لە بەرانبەر روومیەكاندا شكا كەوتە بەر سووكایەتی پێكردنی شا، گوڵمەزەكە خۆش بوو، هەموو گەورەكان كۆبوونەوەو... روویان لەكۆشكی شا كردو لە سەرتەخت هێنایانە خوارو هەر دووچاویان دەرهێنا، ناردیان بە دوای خوسرەو پەرویزدا كە لە ئازەربایجان[٩٤] بوو، بانگیان كردەوە و كردیانە شای ئێران..."[٩٥].

با ئەوەشی لێ زیاد كەین كە زۆربەی موئبدان و گەورەكان لەگەڵ پاشایەتی بەهرامی داریین دژ بوون، هەر بەم هیوایەش دەسەلاتیان بە خوسرەو پەرویزی لاو و كەم تەمەن ئەسپارد و پشتیان گرت پێیان وابوو دەتوانن بە مەیلی خۆیان هەڵیسووڕێنن. هەربۆیەش لەسەر پێشنیاری ئەوان بە تایبەت موئبیدەكان [سنووردارانی ئازەربایجان، كە ناوەندی دەسەلاتی موغەكان و موئبیدەكان بوو لەگەڵ هێندێك لەفەرماندەی سوپاكان و سنوورووانانی دیكە بە تایبەتی "سورا ئەسپە" سنووردارانی كوردۆئین[٩٦] بۆ پاراستنی گیانی خوسرەو پەرویز تەرخانكران كە ناوبراو زۆریشی لەم پێناوەدا هەوڵداو ...][٩٧-٩٨] و هەموویان پشتیوانی خۆیان

٩٤- چونكو خوسرەو پەرویز بەدوای پیلانی گەورەكان بە رێبەرایەتیی بەهرامی داریین و سكە لێدان بەنێوی ئەو بە ئاگابوونی هورموزو لەم رووداوە لە ترسی سزادان چووبوو بۆ ئازەربایجان كە ناوەندی دەسەلاتی موغەكان و شوێنی ئاتەشگای ئازەرگوشاسب بوو و لەوێ خەریكی پەیدا كردنی هاودەست و هێز بوو.

٩٥- مێژووی بەلعەمی، ساغكردنەوەی ملك الشعرای بەهار ل ١٠٨١.

٩٦- ئێران لەسەردەمی ساسانییەكاندا، بە گێرانەوە لە ثعالبي و تەبەری لە "نولدكە"، ل ٣٩١ بەدوا.

٩٧- ئێران لە سەرەتای شۆڕشی تازییەكان "ئا.ای.كولسینكۆف" وەرگێڕانی یەحیایی.

٩٨- مێژووی ئێرانییەكان و عەرەبەكان لە سەردەمی ساسانییەكاندا لە "تیئۆدۆر نۆلدكە" وەرگێڕانی عەباس زەریاب خۆیی، وەرگیراو لە مێژووی تەبەری.



لەخوسرەو پەرویز دەربڕی‌و بەڵێنیان پێدا، هەروەك فیردەوسی لە شانامەدا ئاماژەی پێدەكاو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| بدیشان چنین گفت خسرو كە من | پراز بیم از شاه از انجمن |
| خوسرەو پەرویز پێی گوتن | من زۆر لە شاو گەورە سەردارەكان دەترسم |
| اگر پیش آذر گشسب این سران | بیایندو سوگندهای گران |
| ئەگەر بێتو ئەم سەردارانە | لە بەرانبەر ئازەر گوشەسب دا سوێندم |
| خورندو مرا یكسر ایمن كنند | كە پیمان من زین سپس نشكنند |
| بۆبخۆن و بە تەواوی دڵنیام كەن | كە لەمە بەدوا پەیمان شكێنیم لەگەڵ ناكەن |
| بباشیم بدین مرز با ایمنی | نترسم ز تیمار اهریمنی |
| لەم خاكەدا هەست بە ئەمینی بكەم | لە چارەسەری ئەهریمەنیش ناترسێم |
| بخوردند سوگندهائی كە خواست | كە مهر تو با دیده داریم راست[٩٩] |
| ئەوانیش سوێندی دڵخوازیان بۆ خوارد | بەڵێنیان دا كە بە گیان‌و دڵ لەگەڵی بن |

"نولدكە" لەسەر ئەو باوەڕەیە[١٠٠] كە خوسرەو هەموو كات پێوەندی بە پیلانگێڕان لە پایتەخت هەبووە. بە دوای ئەوەدا كە لە ئاكامی كارەكانیان ئاگادار بۆوە كە رەئیس نیا بە دروستی نێوی كوودتای لەسەر داناوە،[١٠١] بە هاندانی "بەندووی" بە پەلە خۆی گەیاندۆتە تیسفوون و دەستی خۆی پێش دەستی بارامی داریین خستووە، بەلاَم بارام كەهەوایەكی دیی لەكەللە دابووە بەلەشكرەوە چۆتە پایتەخت و خوسرەو پەرویز كە نەیتوانیوە لە بەرامبەری دا خۆڕاگری رایكردووەو ئەوجار بۆ ئەوەی پارێزراو بێ رووی لەكوردستان كردووە و لە مووسڵێ لە لایەن سنووردار‌ی كوردستانەوە پێشوازی لێكراوە. بەلاَم چونكو لە سەركەوتنی خۆی دڵنیا نەبووە لە "ماوریكپووس، مووریق یا مویسیوس"ی ئیمپراتووری رۆمی رۆژهەلاَت (بیزانس) داوای یارمەتی كردووە كە چل هەزار سەربازی بۆ ناردووە تا هاریكاری بكەن. خوسرەویش لە

٩٩- شانامەی فیردەوسی، ژول مول، بەرگی شەشەم ل ٤٢٠ كە لە كتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران وەریگرتووە. ل ٤٥٤و... .

١٠٠- مێژووی ئێرانییەكان و عەرەبەكان لەسەردەمی ساسانییەكاندا، نووسینی "نۆلدكە" ل ٣٤٨ بەدوا، وەرگێڕانی دوكتور عباس زریاب خۆیی.

١٠١- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا بەرگی هەوەڵ لاپەڕەكانی ٦ تا ٤٥٥.

بەرانبەردا ئیمتیازێکی بەربلاوی دا بە رۆم کە دەتوانین ئاماژە بە بەخشینی تەواوی ئەرمەنستان و بەشێك لە گورجستان و بەشێکی گرینگ لە بین النهرینی باکوور (کوردستان) بکەین.

خوسرەو پەرویز دوای ئەو کارانە لەگەڵ لەشکری رۆمیان و کەسانێك کە لێکدا لێکدا لە لایەن لایەنگرانیەوە دەچوونە پاڵ ئەو، لە رێگەی ئەرمەنستانەوە هاتە ((ئازەربایجان)) بارام دارینیش بەرلەوە خوسرەو پەرویز بگاتە ئازەربایجان لەدەڤەری "کاردۆشی رۆژهەڵات یا کوردستانی رۆژهەڵات" کە دەکەوێتە کێوەکانی دەوری بانەی ئیمڕۆ پێشی پێگرت و دوای شەڕو کێشەیەکی کە لەنێوانیاندا قەوما، لە نیزیك "گنزك"و لە دەشتێکی بچووك بە نێوی "دێناو Denaw" کە لە مێژووی تەبەریدا "دەنەق" نووسراوە[102] و فیردەوسی بە "دبۆك"ی ناو دەبا هەر دوو لەشکر گەیشتنە یەك. خوسرەو پەرویز لێرەدا کارێکی سەرنجراکێشی کرد، ئەویش ئەوە بوو کە رۆژی یەکەم شەڕەکەی بەرێوە بردو شەوێ فەرمانیدا جارچییەکان بە سوپای بارام کە بەچل هەزار لە قەڵەم دراون رابگەیەنن: هەرکەس خۆی لەسوپای بارام جیاکاتەوە ئەگەر نەیەتە نێو سوپای شاش دەبەخشرێ[103] و فیردەوسیش ئاماژە بەو مەسەلە دەکاو دەڵێ:

بە تیرە شبان چون برآمد خروش — نهادند هرکس بە آواز گوش
کاتێك لە شەوی تاریکدا هەرا هەستا — هەموو کەس گوێ قوڵاغ بوو
همە نامداران بهرامیان — بە رفتن ببستند یك یك میان
تەواوی پاڵەوانەکانی لەشکری بارام — خۆیان بۆ ڕاکردن ئامادە کرد
چوبرزد سر از کوه گیتی فروز — زمین را بە ملحم بیاراست روز
کاتێك خۆرەتاو لە پشت کێو دەرکەوت — دنیا سپیو ڕووناك بوو
بدان خیمەها درندیدند کس — بەجز ویژە یاران بهرام و بس
لە خێوەتەکاندا کەس نەبیندرا — جگە لە یارانی تایبەتی بارام
بە یاران چنین گفت کاکنون گریز — بە آید ز آرام بارستخیز[104]

102ئی هەوەڵێ دەبێ راستتر بێ، چونکو عیبارەتەکە کوردییە و بەمانای "نێودێ"یە.

103ئازەربایجان، لە ئیدوین رایت ل ٦٨ بەدوا.

١٠٤- ژوول موول ل ٤٢٤.



بارامیش ئەو کات بە هاوڕێیەکانی گوت — ئێستا خۆ قوتار کردن لە مانەوە بە ئومێدی قیامەت باشترە

لە ئاخریدا بارامی داریین وەك زۆر لەو کەسانەی لە دنیای ئەورۆدا لەناو دەچن، بە دوای ئەوەیدا کە هەڵات و پەنای بۆ بارەگای خاقانی تورك برد، بەهۆی یەکێك لە بەکرێگیراوانی خوسرەو پەرویز تێرۆر کراو بە وتەی "کۆلسینکۆف" بووبە فیدای پیلانێك کە لە لایەن دیپلۆماسی ساسانییەکانەوە بە وردی دارێژرابوو.[105] بۆیەش خوسرەو پەرویز تا ماوەیەك زۆر بە ئاسوودەیی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتو پاڵیدا.

ئەگەرچی راپەڕینی بارام دەسپێكو سەرەتای زۆر لەم چەشنە راپەڕینانە بوو کە ماوەی ٢٠٠ ساڵ درێژەیان هەبوو و سەرئەنجام بوو بە هۆی لەناو چوونی زنجیرەی ساسانییەکان و لەم رێگەوە لە ماوەیەکی کەمدا ١٢ پادشا بوونە قوربانی کە بە وتەی "رۆملێن گریشمەن" تاجیان لەسەر دەنا تا چەند مانگ دواتر بکوژرێن[106] و هەموو جارێ بە وەلاتانی هەرکام لەوانە کوشتارێکی زۆر لە گەورەپیاوان و خەڵکی بێتاوان دەکرا، دوایە هەڵاو بەزم و نائارامی یەك لە دوای یەك کە لەبەر کەڵکی خراپ وەرگرتنی نەجیبزادەکان، سالارەکان و موئبیدەکان کەسانیتری گێرەشێوێن روویان دەدا و شیرازەی کارەکانی تێك دەدا. سەرەڕای ئەم دۆخە هۆی بنەڕەتی لەناوچوون و رووخانی ئەم بنەماڵەش هەروەك بنەماڵەکانی دیکە دەبێ لەئاکامی کارو کردەوەی مەزنترین کەسی ئەوان یا باشترە بڵێین لە هی گەورەترین پادشاکانی ئەواندا بدۆزینەوە، چونکو درێژەدانی لایەنی سلبیو خراپی ئەو کردەوانە هێدی هێدی دەبووە هۆی لاوازی و بێهێزی و لە کۆتاییش دەبووە هۆی بێدەسەڵاتی و لەنێوچوونی پادشاکان و بێبڕوایی خەڵك بە شایەکانی دواتر. بۆنموونە لەهەر کەس پرسیار بکرێ گەورەترین پادشای خانەدانی سەفەوی کێ بوو، ولام دەدرێتەوە "شاعەبباسی مەزن". کەچی هەر ئەو مەزنە باوکی خۆی کوشتبوو... بۆ ئەوەی وەلیعاد لەژێر چاوەدێری خۆی دابێ و نەکا ئەویش باوکی خۆی بکوژێ، فەرمانیدا لەمە بەدواوە جێگری شا دەبێ لە بارەگای شادا وەمێنێ و لەژێر چاودێری شا دا پەروەردە بکرێ. ئەو بڕیارە کە زۆر ساکار دەهاتە بەرچاو، لەکردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە جێنشینەکانی شا کە پێشتر لە یەکێك لەپارێزگاری وڵات و لەژێر رێنوێنی مامۆستایان و سەردارانی کارئامەدا پەروەردە دەکران و کاروباری ئەو پارێزگاریەیان

١٠٥- ئێران لە کاتی پەلاماری عەرەباندا، نووسینی "کولسینکۆف" وەرگێڕانی یحیایی ل١٦.

١٠٦- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام، رۆمەن گریشمەن وەرگێڕدراوی محمد معین ل ٣٦٩.

رادەپەڕاند، کاتێك دەبوونە فەرمانڕەوا پیاوی بەکارو ئەمەگناس دەبوون. لەو فەرمانە بەدواوە لە حەرەمسەراو لەژێر چاوەدێری خواجەکان و لەنێو ژنانی حەرەم سەرا دا لەعەیش و نۆش دا گەورە دەبوون و دەبوونە کەسانێکی بێکارەو نوقم لە فەساد و گاڵتە و قومار و ئەوەیان بەسەر دەهات کە بەسەریان هات. کاتێك ئەفغانەکان گەیشتنە بەردەروازەی ئیسفەهان شا سوڵتان حوسێن کە لە هەموو شت بێخەبەر بوو، فالگرو رەمڵ هاوێژەکانی کۆکردبۆوە تا پێی بڵێن لەگەڵ ئەفغانییەکان شەڕ بکا یا نە؟[١٠٧]

ئەردەشێر و ئەنەوشیروان، فەرمانده سوپاکانیان لە یەکەوە کردە چوار، هەروەها چوار جێگریشیان بە نێوی سنووروان لە چوار هەرێمی وڵات داناو هەرکام لە ئەوانیان کە چواریەکی وڵاتیان بە دەستەوە بوو کردە خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ کە دواتر پادشاکان بۆ بەرگری لە سەرکێشیو سەرپێچی ئەوان کەهەرێمی خۆیان بە تیوولی خۆدەزانی و هەر بە دوای ئەوەوە بوون کە دەسەڵات و سەربەستی خۆیان زیاتر کەن، ناچار دەبوون بەشێکی زۆر لەهێزی وڵات بۆ سەرکوت و پاشەکشە پێکردنی ئەوان وەگەڕ خەن و بەم شێوە رۆژ لەگەڵ رۆژ حوکمی ناوەندی لاوازترو بێهێزتر دەبوو و زۆر شتیتر....

کاتێك هورموزدی چوارەم بە دوای شاپووری دووهەمدا دەستی دایە کوشتارو پاکسازی خویناویی گەورەگەورەکان[١٠٨] و سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت خەڵکی ئاساییو جەماوەری خۆشحاڵ کرد، بەڵام بەشێك لە پیاوە کارزان و مودیری کۆمەڵگاو هێندێك لە موئبیدانی تەواو تەمەن و ئەو وەزیرانەی کە نەوشیروان هەڵکێشابوونە سەرو کەڵکی لێ وەردەگرتن، لەناو بردو بەم جۆرە بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە لەکاتی پێویست و تەنگانەدا بەفریای وڵات دەهاتن و بە لێزانی خۆیان خزمەتیان دەکرد، وەك هەموو شۆڕش و ئاڵوگۆڕی نەخوازراو تەنیا بە گومانی دژایەتی لەگەڵ شا یا بە تۆمەتی کار کردن لەگەڵ شای پێشوو لەناوبردن و وڵاتیان لەو مرۆڤە شیاوانەی کە لەوانەبوو بتوانن لە دوارۆژ دا لە بەرانبەر پەلاماری عەرەبەکان و خەڵکانیتر پێش بە لەناوچوونی دەوڵەت و وڵات بگرن چۆڵکرد و لە راستیدا کاروباری وڵات کەوتە دەست کەسانێك کە ئەوەی نەیان دەزانی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بوو. ئەو کورت بینی و هەڵانە هەمووکات لەپێناو خۆ بەزل زانی و هەڵەباشی پادشا دیکتاتۆرەکان بە شێوەی جۆراوجۆر سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر جارجار زۆر

١٠٧- رۆستەم التواریخ، رستم الحکما ل ١٣٢.

١٠٨- وەرگێڕدراوی مێژووی تەبەری بە هاوکاریی محمد جواد مەشکوور.



بەرین و گشتی بووە، هێندێك جاریش بەرۆکی گەورە پیاوی وەك بزورگمێهری حەکیمی بەتەنیایی گرتووە، بزورگمێهر کە لە خانەدانی "بەختەگان" و زانایەکی زۆرزان و سیاسەتوانێکی وریای سەردەمی خۆی بووە، لەپێشدا وەك مامۆستای جێنشینی پاشا چۆتە بارەگای شاو دوایی توانی سەرنجی شا بۆلای خۆی رابکێشێ و بە پلەی شایستەی خۆی وەزیری هەرە گەورە یا بە واتەی ئەورۆ بە پایەی سەرۆك وەزیران گەیشت. لەسەر ئەو پیاوە پاك و زانایە چیرۆکی زۆر کەوتوونە سەرزاران و هێندێك کەسیش ئەو و "برزوویە"ی پزیشکی بەنێوبانگی سەردەمی ساسانییەکان کە کتێبی کلیلە و دیمنەی لە زمانی هیندییەوە وەرگێڕاوەتە سەرفارسی و لە حەکیمە زۆر زاناکان و دوکتورێکی بە توانا بووە بەیەك کەس لە قەڵەم دەدەن.

وەك دەڵێن بزورگمێهر زۆر کتێبی نووسیوە و لەسیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا یەکجار بەتواناو لێزان بووە. بەڵام بە گوێرەی رەسمی سەردەم و رەفتاری ئەو فەرمانڕەوایانەی لەگەڵ زانست بێگانە بوون[١٠٩] هەروەها کورت بینی پادشا ناحاڵی و بەخیلەکان کەچاویان راستییەکانیان نەدەدی و بەرایی نەدەدا کەسێك لەجێگەی شیاوی خۆیدا ببینن، لە پێشدا نەوشیروان و دوایە خوسرەو پەرویز کە خۆی بە مرۆیەکی نەمر لە ریزی خودایان، ئەویش خوایەکی وا گەورە دەزانی کە لەگەڵ تیشکی خۆرەتاو بەرانبەرەو...[١١٠] بەقسەی خەڵکی خراپ بێلوتفیان لەگەڵ بزورگمێهر کرد. نەوشیروان بە تاوانی خیانەت ئەوی خستە زیندان و خوسرەو پەرویزیش بە تاوانی زەندەقە (لەدین وەرگەڕاو)و نافەرمانی لەپێشدا ئەوی زیندانی کردو دوایەش سەری بڕی.

فیردەوسی دەڵێ:

کاتێك نەوشیروان لە بەندیخانەدا لە ئەحواڵی دەپرسی، بزورگمێهر لە وڵامدا دەڵێ: رۆژگارم لە رۆژگاری نەوشیروان باشترە، چونکو

زسختی گـذر کردن آسان بود          دل تاجداران هراسان بود[١١١]

١٠٩- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا ل ٤٥٩، چیرۆکی بزرگمێهریش چیرۆکی رۆشەنبیرانی رۆژگارەکانی رەش و پڕ لە بەدبەختییە، کە چاریان بێچارە و دەرکەوتووە کە خزمەتی دڵڕەشانی خاوەن دەسەڵات، لە حالێکدا ناتوانن بۆ هەتا هەتایە چاو لە راستییەکانی کە ویژدان ئازار دەدەن بپۆشن و راستییەکان بشارنەوە و زمانی خۆیان گرێدەن، کەوابوو زوو یا درەنگ خۆ ئاشکرا دەکەن و سەریان بە فەتەرات دەدەن.

١١٠- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا.

١١١- شانامەی فیردەوسی.

تێپەڕین لە سەختیو نارەحەتی هاسانە          ئەوە خاوەن تاجەکانن کە دڵیان دەترسێ

بە قەولی برزوویەی تەبیب رۆژگارێك کە رەوتی سەردەمەکە بەرەو نەهامەتی دەڕوا، وای لـێدێ کە کاری خێرو باش لەنێو خەڵکدا نەمێنێ، کردەوەی باش و ئەخلاقی پەسند لەباو دەکەوێ، رێگەی راستو دروست دەبەسترێو خەتی گومرابوون دەکرێتەوە، عەدل و داد لەناو دەچێ و زۆرداری جێگەی دەگرێتەوە، زانست وازی لـێ دەهێندرێ و لەبیر دەچێتەوە، نەزانی پەسند و دەس قونجاو خوێڕیگەریەتی زاڵدەبێ، شەڕفرۆشەکان بەحورمەت دەبن و فرت و فێڵ زۆرو وەفاو ئازادەگی لەبیر دەچنەوە، مەزلوومو خاوەن ماف زەلیل و زاڵمی بێفەر خۆشەویست دەبێو...[112] جا لە کەش و هەوایەکی ئاوادا ئەو پیاوە زاناو بلیمەتە نەیتوانی لەژێر زەختی کەڵەوەی ئەو بیرە تەسك و نەخۆشەی هەرە گەورەکان و ناپاکی هاوڕێیانی بێمێشك و فیلاوی ئەوان رزگار بێ. پاش ئەوەی **١٣** ساڵ لە خزمەت خوسرەو پەرویز دابوو، بە تۆمەتی ئەوەی بیرو باوەڕی بە "دوئالیسم Dualisme" واتە بیری سەنەویەتی هەیەو دوو مەبدەئییە، خرایە بەندیخانەوە و رۆژێك خوسرەو پەرویز بانگی کردە لای خۆی و ئەمری کرد هەر لەوێ دم و لووتیان شکاند.[113] بزورگمێهر گوتی: دەم و لەوسی من دەبوو لەوەش خراپتری لـێ بکرێ. خوسرەو پەرویزیش پرسی: ئەی دوژمنی دژ بە خوا بۆچی؟! وڵامی داوە، لەبەر ئەوەی کە من لە لای خۆ و بێگانە ئەوەندەم تاریف دەکردی و شتی وام بە چاکە لەسەر تۆ دەگوت کە لەتۆدا بوونیان نەبوو، بەم هۆیە تۆم کردە خۆشەویستی ئەوان و لەسەر کارچاکی تۆ زۆر شتم دەگوت کەوانەبوو، تۆیەك کە لە هەموو پادشاکان خراپترو نیەت پیسترو دژرەفتارتری. پەرویز کە ئەوانەی بیست ئەمری کرد لەسەریاندا!

بیروباوەڕی زاڵ بەسەر شاو چینی حاکم لە سەردەمی ساسانییەکاندا، وەك زۆر لە قۆناغە مێژووییەکان یەکێك لەو هۆیانە بوو کە خەڵك بە تێکڕا بەرانبەر بە چارەنووسی وڵاتو رووداوەکانی دوارۆژ و بە تایبەتی لەسەر ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵگادا ساردو بێمەیل بن، بە تایبەتی بەرانبەر بە چینی بەرهەم هێنەری کۆمەڵگاو جووتیارەکان بێموبالات بن. بۆ ئەوەی لە نموونەیەك لەوانە حاڵی بین زەین بدەنە وەسیەتنامەی ئەردەشێری بابەکان: لە گۆڕینی سینفێك بۆ سنفێکی دیکە پشتگیری بکەن و ئاڵوگۆڕ لە پلەو پایەکاندا مەکەن، چونکو ئاڵوگۆڕی پایەکانی ئەوان لە پایەیەك ڕا بۆ

---

١١٢- کلیلە و دیمنە، بە کۆششی مینەوی لاپەڕەکانی ٦ تا ٥٥ وەرگیراو لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتێك لە ئێراندا.

١١٣- مروج **الذهب**، ابوالحسن علی ابن الحسین مەسعوودی بەرگی ١ لاپەڕەکانی ٢٧٠ تا ٢٧١ وەرگێڕدراوی ابوالقاسم پایەندە.



پایەیەکیتر دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زۆر زووی شایەکانیش! جا بە لێخستن بێ یا بە کوشتن، لەبەر ئەوەی نابێ لەهیچ شتێك لەوە زیاتر بترسن کە "یەکێك لە سەرەوە بێتە خوار یا یەکێك لە خوارەوە بێتەسەر" چونکە ئاڵوگۆڕی حاڵی خەڵك لە دۆخێك بۆ دۆخێکیتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەس بە پلەی خۆی رازی نەبێ و هەموو کەس بیرو هۆشی لەسەر ئەوە دەبێ کە پایەکەی وا بچێتە سەر کە شیاوی ئەو نییە. ئەگەر پایەکەشیان چووە سەرتر دەگەنە جێگایەك کە بیر لە پاشایەتیش بکەنەوەو بیانهەوێ ببنە جێگری ئەو.[114]

بە کورتی بە پێی ئەو فەرمایشتانە هیچ کەس بۆی نییە پێشکەوێ و پلەو پایەی بچێتە سەرو ئەو پایەبەرزو بەرپرسایەتییانە تایبەتی ئەو کەسانەن کە تێیدانو خەڵکی دی ئەرکیان ئەوەیە بە دەوری خۆیاندا بخولێنەوەو ئەگەر هەوای چوونە سەری پایەیان کەوتە مێشکەوە دەبێ لەسەریان درێ!... ئەردەشێر بۆ جیا کردنەوەی چینی سەرێ و نەجیبزادەکان لە خەڵکی ئاساییو جەماوەر، ئەوەی لە توانای دابوو کردی و تەنانەت لە تێکەڵبوونی خوێنی ئەم دووچینە لە رێگەی ژن و ژنخوازیش پێشگیری دەکردو نێوی گەورە پیاوەکان و نەجیب زادەکان لە دەفتەرێکی تایبەتدا دەنووسراو رادەگیرا. ئەوە کارێك بوو کە بۆ یەکەم جار داریووشی گەورە دایهێنا.[115] سەیر ئەوە بوو کە هێندێك جار شاش مافی ئەوەی نەبوو کە کاری تایبەتی چینێك بدا بە کەسانێك لە چینەکەی تر.[116]

سەرهەڵدانی موزدەك و ئایینە تۆفانییەکەی بوو بەهۆی ئەوەی ئەم ئیمتیازە چینایەتییانەو ناتەبایی لە ناو بچێ. بەڵام دوای سەرکوتی پەیڕەوانی ئەو لە لایەن نەوشیروانی عادڵەوە نامەی تەنسور هەر بۆ ئەم مەبەستە نووسرا تا ئەو نەریتە چینایەتی و ئەو ئیمتیازاتەی بنەماڵە نەجیبزادەکان بێتەوە جێی خۆی.[117]

ئەگەر برێك ورد بینەوە پاشماوەی ئەو کردەوانە هەتا ئێستاش بە شێوەی دیکە بەرۆکی زۆربەی ئەم ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئەو سەردەمی ساسانییەکانی بەرنەداوە و کاریگەری ژەهراوی نیزامی

---

١١٤- نامەی تەنسوور، وەرگیراو لە مێژووی کۆمەڵگەی ئێران بەرگی ١ ل ٥ تا ٤٥٥ لە مورتەزا راوەندی.

١١٥- نامەی تەنسوور، وەرگێڕانی ابن مقفع، لە زمانی پەهلەوی بۆ عەرەبی.

١١٦- هەروەکا نەوشیروان لە لەشکرکێشی بۆ رۆم پێویستیی بە پارە بوو، پیاوێکی کەوشدروو حازربوو پوولێکی زۆری بداتێ بەو مەرجەی کوڕەکەی دوای تەواو کردنی خوێندن بە دەرەجەی دەبیری بگا، بەڵام شا پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد (شانامەی فیردەوسی چیرۆکی نەوشیروان).

١١٧- مێژوی کۆمەڵایەتی ئێران، بەرگی یەك ل ٦ تا ٤٥٥.

دەرەبەگایەتی و خانخانی، بە تایبەتی لە کوردستان تا ئەم دوایانەش لەژێر نیزامی عەشیرەتگەری و داب و نەریتی خان سالاری بەردەوام بوو، کە ئەوە بە درێژایی مێژوو هۆی دواکەوتن و نەچوونە پێش بووەو لەنێو کۆمەڵگادا رەگی کوتاوە. بۆ ئەوەی باشتر لەو بارودۆخە بگەین دەبێ سەرنج بدەینە مێژووی دووسێ سەدە لەمەوبەری ئەو مەڵبەندانە، بە تایبەتی کوردستان. ئەوکات بۆمان روون دەبێتەوە کە تەواوی راپەڕین و هەوڵەکانی چاکسازی خەڵکی ئەم دەڤەرە بەهۆی لێکیتر لەئەوان کە لەژێر ئەمری درەبەگێکی دیکە دابوون و تەنیا قازانجی خۆیان لەبەرچاو بووە سەرکوت کراوە.[118]

لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئێران دووبەش بوو، بەشێکیان خاکی ئەسڵی ئێرانێ بوو کە پێیان دەگوت "ئێرانشار"، بەشەکەی دی ئەو خاکە بوو کە دوایە کەوتۆتە ژێر دەستی ئێرانییەکانەوە کە پێیان گوتووە "ئەنیران یا جیا لە ئێران". خوالێخۆشبوو سەعیدی نەفیسی بڕوای وابووە کە حکوومەتی سەردەمی ساسانی جۆرە کۆنفدراسیونێك یا حکوومەتێکی فیدراڵ بووە، بە شێوەیەك لە هێندێك مەڵبەند حوکمڕانی سەربەست هەبووە و جاری وابووە حکوومەتەکەش بەمیرات بۆ میراتگرانیان بەجێ ماوە[119] و لەهێندێك شوێنی تایبەت حوکمڕانەکان نێوی شایان لەسەر بووەو هەر لەبەر ئەوەش بە شای ساسانییەکان گوتووە شاهەنشا یا شای شایان. لەریزی ئەو حوکمڕانانە دەتوانین "گیلانشاە"و "میشانشاە یا دەشتی میشان" و "گووتیانشا" و "ئەرمەنشا" نێوبەرین، جگە لەوەش ساسانییەکان حەوت خانەدانی سەردەمی هەخامەنشییەکانیان دووبارە ژیاندۆتەوە کە هەرکام لەوان خاوەن دەسەلاتی روکنێك لە روکنەکانی ولات بووە، بۆ نموونە یەکیان بەرپرسی دادپەروەری، یەکیتریان بەرپرسی کاروباری سەربازی و ئەویتر بەرپرسی کاروباری ناوخۆ بووە... باقی چینەکان تا ئەو جێگە لاواز دەبوون کە سەرئەنجام جووتیارەکان بوونە سێرف، واتە مرۆی بەستراوە بەو زەویە بوون کە کاریان تێدا دەکرد. پرۆفیسۆر رۆمن گیرشمەن دەنووسێ: جووتیارەکان هەرچەند بە پێی یاسا ئازاد بوون بەڵام بەکردەوە کۆیلەی بەستراوە بەهەرد بوون کە لەگەڵ لادێییەکان و زەوییەکانی ئەو دێیانە

١١٨- چاوخشاندنێك بە رووداوەکانی دوو سێ سەدەی دوایی بە تایبەتی لە پێوەندیی کورد دەگەڵ ولاتانی داگیرکەرو سەرکوتی پیاوماقووڵانی ئەو نەتەوە بەهۆی خان سالارە لەخۆباییەکانی تەماحکارو نەزانی خۆیان، زۆر بە سانایی دروستی ئەو بۆچوونەمان بۆ روون دەکاتەوە.

١١٩- مێژووی شارستانیەتی ئێرانی ساسانی لە سەعید نەفیسی ل ٢٩٦.



دەفرۆشران و ملکی گەورە خاوەنی جووتبەندە، نەجار، ئاسنگەر، تەونکەر، نانەوا، ئاشەوان و رۆن گری تایبەتی خۆیان بوون.[120]

جێگەی سەرنج ئەوەیە کە هیچ کەس لە گەورە و بچووك مافی قسەکردن لەگەڵ شای نەبووە و داخوازییەکان لە رێگەی کەسانی تایبەتەوە بە گوێی شا دەگەیەندران، لادان لەو رێ‌و شوێنە سزای مردن بوو. وەك دەنووسن: لەیەکێك لە جێژنەکان دا نەوشیروان رووی لە گەورە پیاوان کردو دوو جار داوای لـێکردن کە بۆچوونی خۆیان لەسەر بڕیارەکانی کە پەسند کرابوون باسبکەن. لە جاری سێهەمدا یەکێك لە ئامادەبووان پرسیاری لە شای کرد ئاخوا شا باوەڕی ئەوەیە ئەو ماڵیاتەی داندراوە بۆ هەمیشە دەمێننەوە؟... شا بێ‌ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە گوتی: ئەی مەلعوونی جەسوور ئەتۆ لە کام چینی؟ پیاوە گوتی لە چینی دەبیرانم، شا ئەمری کرد ئەوەندەیان بە جەوهەردان لەسەریدا تا مرد، ئەو فەرمانە بۆ ئەوەی بەرێوەچوو تا کەس نەتوانێ بڵێ نەوشیروان عادڵ نەبوو![121]

بە سەرنجدان بە گەڵاڵەی گشتی جۆری بەڕێوەبردنی حکوومەت لە ئێراندا و بە تایبەتی لەسەردەمی ساسانییەکاندا کە بێ ئەوەی بچینە ناو وردە شتەکانەوە باسمانکرد، بە باشی دەزانین چاوێکیش بە ئیمپراتووری رۆم و جۆری بەرێوەبردنی ئەو ئیمپراتوورییەدا بخشێنین تا لەگەڵ جۆری بەرێوەبردنی کوردستانیش ئاشنا بین کە بە داخەوە هەمووکات بەهۆی هەڵکەوتی زۆر تایبەتی لە بواری جوغرافیایی‌و سیاسییەوە بارودۆخێکی دوولایەنەی هەبووە، واتە جارێك لە دەست ئەم دابووەو جارێکیتر کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی یەکیتر، یا چەند بەشێکی هی ئەم‌و چەند بەشێکیتری هی ئەو بووە و بە ناچاری بەهۆی ئەم دوو نیزامەوە و لەژێر حوکمی ئەو دوو ئیمپراتوورییە بەرێوە دەچوو. هەرچەند بە وتەی مینۆرسکی: هیچ کات نەبۆتە فەرمانبەرداری دەوڵەتە گەورەکان و داگیرکەران و لـێ‌نەگەڕاوە بە سانایی فەرمانڕەوایی لە خاکەکەیاندا بکەن....[122]

١٢٠- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام لە رۆمێن گیرشمەن، وەرگێڕانی محمد معین، بەرگی ٢ ل ١٧٦. ئەو رەوشە تا ئەو دوایانە و کاتی بەرێوە چوونی یاسای چاکسازیی زەوی، لە هێندێك شوێنی خان نشین بەرێوە دەچوو.

١٢١- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، بەرگی هەوەڵ، ل ٤٦٥ نووسینی مرتضي راوندي.

١٢٢- کورد، دقی وتاری پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە کۆنگرەی رۆژهەڵاتناسەکان لە بروکسێل، بێلژیك ١٩١٥.

# بەشی پێنجەم

# ڕێکخستنی ئیداری و ئورگانیی ڕۆم

## جۆری بەڕێوەبردنی ناوچە داگیرکراوەکان:

لەدایك بوونی ئەو ئیمپراتوورییە هەر لە سەرەتاوە موشکیلە خولقێن بووە، چونکوو جگە لە هەڵکەوتەیەکی جوغرافیایی زۆر باش بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز، دەسەڵات پەیدا کردنی ئەو دەوڵەتە بە نرخی نەلە نێوچوون و نەمانی دەوڵەتەکانی ئاتێن و ئیسپارت و مەقدوونییە لە یۆنان وەڕاست گەڕا،[1] هەر کە ئەو وڵاتانەی خستە سەر خاکی خۆی، ئەو خاکەی لە ئاسیای بچووکیشدا گرتبووی بە گێرە و کێشەیەکی کەم خۆیان لەگەڵ ئەو حکوومەتە تازە پێکهاتووە خست و بەم شێوە خاکی ژێر دەسەڵاتی ئەوەندە لەبەر یەك کشاوە کە پاڵی وەخاکی ئیمپراتووری پان و بەرینی پارت (ئەشکانی)و دوایەش ساسانییەکان داو هەر لەو سەردەمیشەوە ناتەباییو شەڕ لەنێوان دوو غوولەکەی دنیای ئەو کات دەستی پێکردو

١- دەبێ بڵێین کە جۆری لەدایکبوونی ئەو ئیمپراتوورییە دەبێ لە لاپەڕەکانی مێژووی وڵاتانی یۆنان، واتە ئاتێن و ئیسپارت و مەقدوونییەدا بدۆزینەوە کە ئەویش بەدوای لەناوچوونی زانست و زانایاندا پێکهات. بەم شێوەیە کاتێك لە سەدەکانی ٢و ٣ی بەرلەزایین زانست بەوپەڕی گەشەکردنی خۆی گەیشت و بە وتەی مرتضی راوندی (مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران بەرگی ١ ل ٣١٨) [و ئەرشمیدۆس لەو بەرەوپێش چوونەدا نیشانەی لووتکە و خاڵی ئەوج بوو.] دەڕاستیدا بە کۆچی دوایی ئەرشمیدۆس سەردەمی مەرگ و لەناوچوونی یۆنان دەستی پێکرد و کاتێك کە خەڵکی شاری "سیراکۆز" قەڵاچۆ کران و شار بە جارێك وێران بوو، لەدایکبوون و گەورەبوونی شاری رۆم دەستی پێکرد و رۆمییەکان زۆر زوو فووت و فەننی بەکردەوەیان لە جێگەی زانستی رووت (موتڵەق) داناو لەجیاتی ئەوەی تەنیا فکرو عەقڵ بەکار بەرن روویان کردە چەك و چۆل و هۆگەلی کوشتوبڕ، بە جۆرێك کە سەدەیەك دوای ئەرشمیدۆس، یۆنانی نوقمی شانازی و سەربەرزی سەرچاوەگرتوو لە زانست و زانیارییەکانی رۆژلەرۆژ زیاترو زاناگەورەکانی خۆی بوو، کەوتە داوی وەسواسی کیمیاگەری و کۆنەپەرستی و سەرگەردانی و شتی لەو بابەتە. هەر لەو حاڵەدا کە باری یۆنان کەوتە لێژی، هێزی دڕندە و زەبەلاحی رۆم بێهیچ کۆسپ و تەگەرەیەك رێگەی پێگەیشتن و بەربڵاوبوونی دەپێواو بە وتەی دوکتور (مووسای جەوان) کە لە کتێبی بناغەکانی حقووق (مافناسی) دا هێناویەتی "لەجیاتی بەهرە وەرگرتن لە لۆجیکی زانست و وتووێژ، هەوڵیاندەدا لە شەمشیر وەشاندن و خەدەنگ هاویشتن دا شارەزا بن و ... بەم شێوە زۆری پێنەچوو کە دەنگی پێی چەکمە لەپێیانی رۆمی کووچە و کۆڵانی ئاتێنی پڕکرد و گوێی عالەمی کەڕ دەکرد." باشتر وایە بە ڕوونی بڵێین رۆم لە ئاکامی کەمترخەمی، چەوت بیری و بێخەیاڵیی سەرچاوەگرتوو لە بڕوا بە زانستی رووتی دوور لە ئەزموون کردەوەی یۆنانییەکاندا پێکهات.



کوردستان کە نیزیك بە تەواوی سنوورەکانی رۆژئاوای ناوەندی ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەندی رۆمی دەگرتەوە، وەك هەمیشە بوو بە ناوەندی شەڕی نێوان ئەو دوو ئیمپراتوورییە.

بیانووی دەستپێکردنی ناکۆکی و تێك هەڵچوون لەنێو ئەو دوو وڵاتەدا، ئەرمەنستان لە لای رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە گەڵێك ساڵ پێشترەوە لەژێر فەرمانی حکوومەتی لقێك لە خانەدانی پارت یا ئەشکانییەکان دابوو.[2] بە وتەی کریستێن سێن[3] "ئەو دەڤەرەشاخاوییە کە لە لایەك دەگاتە گۆشەی باشووری بەحری رەشو لە لایەکیترەوە دەچێتەوە ئەو شوێنەی کە زێی گەورە و دیجلە دەگەنە یەك، دیارە ئەوە سنوورێکی سروشتی و قورس و قایم لەنێوان ئێرانییەکانو رۆمییەکاندا نەبوو. هەر ئەم هەڵکەوتەجوغرافیاییە هۆی پێکهاتنی شەڕو کێشەی دایمی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە بوو.. سەرۆکی تیرەکانی ئەرمەنستانیش هەمیشە ئامادەی راپەڕین بوون و لایەنگرانی ئێران و رۆمیش هەموو کات لە قرەو کێشە دابوون..."

دەبێ ئەوەش لە نووسراوەکانی "کریستێن سێن" زیاد کەین کە هەموو کات دەستی نادیاری ئێران یا رۆم لەم شۆڕش و نائارامییانەی ئەرمەنستاندا هەبووە، هەروەك لە راپەڕینی ئەردەشێری باپکان دا یەکیەتییەك لە دژەکانی ئەو بە رێبەری "خوسرەو، ناسراو بە تیردادی دووهەم" پادشای ئەرمەنستان لەوێ پێکهات کە رۆمیش لە بنەوە پشتیوانیی لێ دەکردو سەرئەنجام شکانی ئەو یەکیەتییە بوو بەهۆی ئەوە دەوڵەتی رۆم راستەوخۆ بێتە نێو مەسەلەکەو هەڵایسانی دووبارەی شەڕەکانی حەوسەت ساڵەی ئێران و رۆمی لێ کەوتەوە کە بە مەبەستی بە دەستەوە گرتنی جادەی ئاوریشم و رێگا بازرگانییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوو کە بەشی زۆریان لە لای سەرووی بین‌النهرین و ئەرمەنستان بەرەو باکوور درێژەیان هەبوو. ئەو رێگایانە بۆ ئەو کەسەی بە دەستیەوە بان زۆر گرینگ بوو. هەروەك ئەو کات کە ئیمپراتووری ئیسلام زنجیرەی خانەدانی ساسانی لەناوبرد، بۆ ماوەیەکی درێژ بوو بە میراتگری تەواوی ئەو رێگە و بانە و داهاتی یەکجار زۆری گومرگیان. هەر کە خەلیفەکانی عەبباسی لاوازو کەم دەسەڵات بوون ئەورووپایەکان جێنشینی ئیمپراتووری رۆمی لێك بڵاو بوو بوون و هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو ئاواتە لەمێژینەیە بێننە دی، بەڵام لە پێشدا ئیمپراتووری سەلجووقییەکان

٢- لە دەوری ساڵی ٦٢ی زایینی.

٣- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا [...] ل ٢٤٤.

و دوایەش هێزی تازە پێکهاتووی عوسمانی دیوارێکی ئاسنینیان لە بەرانبەر ئەواندا ساز کرد کە هەر ئەوە بوو بەهۆی زنجیرە شەڕو گۆڕانکارییەکی پشتی پەردە و پێکهاتنی هیندێك یەکیەتی بۆ دژایەتی لەگەڵ عوسمانییەکان کە هەمووی ئەوانە لە مێژوودا بە نێوی "مەسەلەی ڕۆژهەڵات" نێوبانگی دەرکردوە.

باش دەزانین کە خاکی کوردستان دەرگای هاتنبوو بۆ ئەو ڕێگایانە کە هەموو شەڕەکان تا سەردەمی عوسمانییەکان لەوێوە دەستیپێدەکرد یا لەوێ تەواو دەبوون، ئەگەر بۆ سەرەتاکانی بگەڕێینەوە و باسیان لێوە بکەین، کاتێك "ئەلکساندر سووررووس" ئیمپراتووری ڕۆم بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەردەشێری پاپکان لەشکرەکانی سوپای ڕۆمی بەرەو ئێران هێنا، ئەو بەشەی بۆ ئازەربایجان [ئاترۆپاتین = مادی بچووك کە بەشی هەرەزۆری خاکی ئەوێش لەسەر کوردستان بوو] نارد سەرەڕای ئەوەی لەپێشدا هێندێك سەرکەوتنی وەدەستهێنا، دەگەڕانەوە دا یا باشترە بڵێین لە پاشەکشە دا تووشی سەرمای سەختی ناوچە شاخاوییەکانی ئازەربایجان و کوردستان هات و گرفتاری شەڕی قورسی تاقمە سوارچاك و ئازاو چابوکەکانی ئەو دەوەرە بوون کە بە پێی نووسینەوەی ژەنەراڵ سێرپێرسی سایکسی ئینگلیزی نووسەری کتێبی مێژووی ئێران، ژمارەیەکی زۆریان لـێ کوژراو لەئاکامدا ئیمپراتووری ڕۆم لەگەڵ شکانێکی سەرشۆرانە بەرەوڕوو بوو.[4] هەر لەو شەڕە دابوو کاتێك تیردادی ئەشکانی فەرمانڕەوای ئەرمەنستان تەنیا ماوە، بە پیلانی ئەردەشیر، بێشەڕ، بەهۆی کەسێك بەنێوی "ئاناك" کە ئەویش ئەشکانی بوو کوژراو[5] [... ئەردەشێر بێئەوەی نرخێکی ئەوتۆ بداتە دەستی بەسەر ئەرمەنستان داگرت...][6]

هێندێك لە لێکۆڵەرەوانی وەك "کورپۆرتیر"، "فلاندن"، "کۆست"، "دومیرکان"، "لۆلمان هۆپت"و...[7] نەخش و نیگارە بەرچاوەکانی"سوورەت داغی" هەڵکەوتوو لە گوندی "خان تەختی" لە ٣٠ کیلۆمیتری شاری "سەڵماس"[8] بەهی ئەو ڕووداوە دەزانن.[9]

---

٤- مێژووی ئێران، سێر پێرسی سایکس، بەرگی دووهەم ل ٥٣٩.

٥- کارێك کە ئێستا لە دنیادا باوە و خاوەن دەسەڵاتەکان لە وڵاتانی وەك عێراق و [ئێران] و... موخالیفەکانی خۆیان لەناو دەبەن.

٦- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران دا، ڕەحیم ڕەئیس نیا ل ٤٦٧.

7. R.Kerporter. E.hlonden. P. coste,j.De Morgan, c.h.Lehmann.Haupt.

٨- باستانشناسی (دێرینەناسی ئێرانی دێرین) لوونی واندنبێرگ، وەرگێڕدراوی عیسی بهنام ل ١١٨ کە ئەویش لە ئازەربایجان لە گەشتی... وەرگرتووە.



**دامەزراوە حکومییەکان:**

وڵاتی ڕۆم بەدوای نەمانی حکوومەتی پاشایەتیدا بە شێوەی "کۆماری Republique" بەڕێوە دەچوو کە لەو جۆرە دامەزراوەدا حکوومەت لە دەست ئیمپراتوورەکان دەرهاتبوو و کەوتبووە دەستی دەوڵەمەند و نەجیبزادەکان، بەڵام دیسانیش چینەکانی خوارێ یا "پرۆلێتێرەکان"(ڕەنجبەران)[10] هیچ مافێکیان لەحکوومەتدا نەبوو. نوێنەرانی مەجلیسی پیران (سەنا) کە ٣٠٠ کەس بوون لە لایەن نەجیبزادەکانەوە دیاریدەکران. لەو دامەزراوە کۆمارییەدا باڵادەست ترین ئۆرگانی نەتەوەیی، ئەنجوومەنی گشتی بوو کە هەموو هاووڵاتیانی ڕۆمی لەسەروخوار دەیانتوانی بەشداری تێدا بکەن، مۆرەکانی پایەبەرزی حکومەتیش لە لایەن ئەو ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردران.[11]

بەرزترین کەسانی دەزگای بەڕێوەبەری و کارگێڕی "کۆنسوول"ی پێ دەگوترا کە تەنیا دوو کەس بوون و بۆ ماوەی ساڵێك لە لایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە هەڵدەبژێردران، هەرکات یەکێك لەم دوو کۆنسوولە لەگەڵ کردەوەی ئەویتر هاودەنگ نەبووایە دەیتوانی لە مافی "وێتۆ" کەڵك وەرگرێ کە لەو حاڵەتەدا بڕیاری دراو لە لایەن ئەویترەوە بەڕێوە نەدەچوو.[12] سوپاش لەژێر چاوەدێری کۆنسوولەکاندا ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد، مەگەر لە هەلومەرجێکی تایبەت و زۆر پێویستدا کە ئەوسا لە ژێر ڕێنوێنیی مەجلیسی پیراندا کۆنسوولەکان دەسەڵاتی ئەو بەشەیان بۆ ماوەی شەش مانگ بە کەسێکێتر دەسپارد. بەو کەسەش کە بۆ ئەم ئەرکە دیاری دەکرا دەگوترا دیکتاتۆر. فەرماندەرەکانی ئەیالەتەکانیش لە لایەن ئەو دوو کۆنسوولەوە دیاری

---

٩- سەفەرنامەی جێکسێن لێکۆڵەرەوەی ئەمریکایی و هونەری ئێرانی کۆن، لە نووسینی "ئیدات پرادا"و کتێبی ئێران لەسەردەمی ساسانییەکاندا زۆرشتی بەکەڵکی لەم بابەتەی تێدایە.

١٠- پرۆلێتێر بە مانای ڕەنجبەرو زەحمەتکێش هاتووە (فەرهەنگی عمید) [بەڵام بە بڕوای مارکسیستەکان کرێکارانی سەنعەتین. و]

١١- مێژووی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەرگی ١ ل ٥١ بەدوا لە مرتضی ڕاوەندی.

١٢- مافی وێتۆ ئەوڕۆ لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئیمتیازێکە بۆ پێنج ئەندامی ئەسڵیو هەمیشەیی ئەنجوومەن (ئەمریکا، ڕووسیە، ئینگلیس، فەڕەنسا و چین) لەگۆڕێ دایە، ئەگەر یەك لەوان لەگەڵ بڕیارێك کە باقی ئەندامانی هەمیشەیی ناهەمیشەیی بیدەن دژایەتی هەبێ، لەو مافە کەڵك وەردەگرێو پێش بە بەڕێوەچوونی بڕیارەکە دەگرێ.

دەکران. بەڵام ئەو فەرماندارانەی بۆ ئەیالەتەکانی داگیرکراو دادەنران نەدەبوو خەڵکی ئەوێ بن، بەڵکوو دەبوو لەنەجیبزادەکانی رۆم دابندرێن.

بە دوای رێککەوتننامەی ساڵی ٢٩٨ی زایینی کە لە نێوان ئێران و رۆمدا بەستراوە و بە رێککەوتننامەی "نەسیبەین" بەناوبانگە، خاکی کوردستان لە نێو ئەو دوو وڵاتە دا بەشکرا و هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا بوو بەیەکێك لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی ئاڵۆزی و تێکهەڵچوونی خەڵکی کوردستان و زۆرشۆڕش و بەرخۆدانی لە بەرانبەر خاوەن دەسەڵاتەکانی رۆم بە دواوە بوو. بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە ئێران دەستی لە ئەرمەنستان و بەشی سەرووی بین النهرین واتە کوردستان و چەند بەش لە ئازەربایجان، هەڵگرتو بەرێوە چوونی ئەو رێککەوتننامەیە بووبە هۆی ئەوە کە ئەو هەرێمە (ئازەربایجان)و لە هەمووان گرینگتر "تیسفوون و مەداین"ی پایتەختی ئێران بێهیچ کۆسپێك بکەوێتە مەترسی و دەست وێڕا گەیشتنی رۆمییەکان.[١٣] جگە لەوەش بەدیاری کردنی قەڵای "زینتا" لە ئاترۆپاتێن وەك سنووری ئەرمەنستان کە ئیتر بەشێك بوو لە ئیمپراتووری رۆم، بەشی هەرە زۆری ئەو دەڤەرە کەوتە سەر ئەرمەنستان[١٤]، ئەو دۆخە جوغرافیاییە تا کاتی پاشایەتی شاپووری دووهەم (٣٣٧ی م) بەردەوام بوو.[١٥]

دابەشکردنی کوردستان بە دوو بەشی ئێرانی و رۆمی، بەگشتی گرفتارییەکی زۆری بۆ خەڵکی ئەوێ پێکهێنا، بەڵام نائارامی ئاڵۆزی کوردستانی رۆژهەڵات (رۆژهەڵاتی دیجلە) سەرچاوەکەی لە تێکەڵ پێکەڵی و نارێکی دەرباری ساسانییەکان و لێك بڵاوبوونی شیرازەی کاروبارو لاوازی و بێتوانایی پادشاکان و کارشکێنی نەجیب زادەکان و موئبیدەکاندا بوو. پێویستە ئەوەش بزانین کە ژیانی خەڵکی ئەو بەشەی لەژێر دەستی رۆمییەکان دابوو باشتر لەخەڵکی بەشەکەیتر بوو، چونکو یاساکان دوای کۆماری دووهەم لە رۆم و لە سەردەمی ئیمپراتووریدا ( لە ١٢٢ی زایینی)بە دوا جۆرێك بوون کە ئیمپراتوورەکان دەوروبەری شارەکانیان گچکەتر کرد، لەحاڵێکدا دەسەڵاتی فەرماندارەکان لە ئەیالەتەکاندا زیاتر ببوو. بۆ نموونە "دیۆگلنین" لە جێگەی ٤٥ شارستان کە رۆمیان لێ پێکهاتبوو وڵاتی کردە ١٠١

١٣- مێژووی ساسانییەکان، نووسینی محمد جواد مەشکوور ل ٢٧٦.

١٤- هەمان سەرچاوە.

١٥- مێژووی ئازەربایجان، نووسینی ئێدوین میلتۆن رایت ل ٦٢.

According to the creet Latin and muslim Geogsapher Edvin Milton.



شارستان، ئەویش بە شێوەیەك کە هەرکام لەوان بەڕێوەبەری و رێکخستنی سەربەست و تایبەت بە خۆیان هەبوو،[١٦] بۆ ماوەی دوو سەدە ئاشتیو ئاسایشێك کە بە سەردەمی "ئاشتی رۆم = Pax-Rommana"[١٧] بەناوبانگە بەردەوام بوو و ئەوە بووبە هۆی ئەوە خودموختاری زاڵمانەی والییەکان و شێوەی وەرگرتنی ماڵیات تا رادەیەکی زۆر تەواو بێ و لەهێندێك هەلومەرجی پێویستو تایبەتیدا بە خەڵکی پارێزگاکان دەسەلاتی حکوومەتی ناوخۆیی دەدراو کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبرد. لە ئاکام دا مافی شارستانیەت و مەدەنی و کۆمەڵایەتی ئەوەندە بەربڵاو بوو کە هەموو چین و توێژێك بە یەکسانی لێی بەهرەمەند دەبوون. دنیا وای لێ هاتبوو [... کەسێکی رۆمی دەیتوانی بێ ئەوەی هەست بە بێگانە بوون بکا، لە لەندەنڕا بێتە مارسێی و لەوێوە بچێتە ئەسکەندەریە و سەفەری بابێل بکاو لەو شارستانیەتەی رۆمییەکان بە دنیایان بەخشیبوو بەهرە وەرگرێ.][١٨]

رێگاو بان ئەوەندە بەربڵاو و خۆش ببوو کە رێبوارێك (موسافیرێك) دەیتوانی بە هەژدە رۆژ لە رۆمڕا بگاتە ئیسکاتلەند لە باکووری ئینگلستان. لەسەر بنەمای ئەو پێوەندیو یاسایانە، ئەو بەشەی کوردستان کە لەگەڵ رۆم بوو لە خۆشگوزەرانیو هاسانکارییەکی باشتردا بوون و لە هێندێك جێگەی ئەو بەشەش وەك "نەسیبەین"و "ئامێدی = دیاربەکر" کە لە خەتی سنووری رۆم دوور بوون، حکوومەتی ناوچەییو خودموختار پێکهاتبوو، یاساو رێسایەك کە "پرانتۆر Prantor"یان پێ دەگوت لە رێگەی هێندێك کارزانی یاسا کە دوایە بەنێوی "پارێزەرە کارزانەکان" دەناسران و بە شێوەی رەسمی دادەمەزران و پێیان دەگوتن "خوبرەگانی قانوون = یاسا زانان" لە شوێنگەلی تایبەتدا هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دەکراو لەو هەرێمانەدا بەرێوە دەچوون و بەم شێوە [... یارمەتیان بە پەرەسەندنی دادوەری دەکرد][١٩]

لەو شوێنەوارانەدا کە ماون هێندێك شت وامان بۆ دەردەخەن کە رۆمییەکان چەند حاکمێکیان بەنێوی "کۆنسوول"وەك کەسانێکی غەیرە رۆمی لە ئیتالیا ڕا ناردۆتە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان تا دەعوا گرینگەکان بەپێی نەریتی ئەوشوێنانە چارەسەر بکەن. لەبەر

١٦- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، نووسینی مرتضی راوندی بەرگی ١ ل ٣٠٧.

١٧- مێژووی مەدەنیەتی رۆژئاوا، وەرگێڕدراوی پەرویز داریوش ل ٤٦١ بەدوا.

١٨- هەمان سەرچاوە.

١٩- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، مرتضی راوندی بەرگی یەکەم ل ٣١٥.

ئەوە دەتوانین بلێین لەبەرێوە بردنی یاساکانی مافپەروەریی ڕۆمدا یاسا و ڕێساکانی ئەو شوێنانەش وەبەرچاو گیراون کەپێیان گوتووە "Jusjentium" واتە یاسای هەموو نەتەوەکان.[20] هەروەك لەنوسخەی ئەسڵی "مەعریفەتی پیری شەهریار یا شالیار" دا کە لەگەورەکانی زەردەشتی کوردستان لە کاتی هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران بووە، ئاماژە بەوە کراوەو بەنێوی "مارفەتورۆمی = معرفت رومی" هاتووە.[21]

لە سەردەمی "ژوستی‌نین"ی ئیمپراتووری ڕۆم کە لەگەڵ ئاشکرابوونی ئیسلام (سەدەی شەشی زایینی هاوکات بووە و هەموو یاساکانی ڕۆمیان کۆکردۆتەوە، وەك نووسیویانە بۆتە "دووهەزار بەرگ و سێ ملیۆن دێر" دوای گرتنی ئەسکەندەریە لەلایەن موسڵمانەکانەوە کە پێوەندی لە نێوان زانایانی ئیسلامیو مافناسە ڕۆمییەکان پەیدا بووە، ئەو یاسایانە چوونە نێو فیقهی ئیسلامی و شاهیدی ئەو بۆچوونەش نووسراوەی "پیری شاریار یا شالیارە"و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەئەو یاسایانە بەر لە ئیسلام لە کوردستان بەڕێوە چوون.

یاساکانی کۆنی ڕۆم ئەوەندە بەرەو پێش چوون کە لەم ڕۆژگارەش لە هێندێك وڵاتی دنیای سێهەمدا هەر بەشێوەی ئەو سەردەمەی ڕۆمییەکان بەڕێوە دەچن. بۆ وێنە [ئەگەر لەبەرێوەبردنی "قصاص" دا مەترسی مەرگ بێتە گۆڕێ بەناچاری بە دانی دیە جێبەجێ دەکرێ] و یا [ ... مرۆی شێت و منداڵ ئەگەر بە تاوانباریش بناسرێن سزا نادرێن...][22]

## خۆشگوزەرانی نەجیبزادەکان و چینە باڵادەستەکانی ڕۆم و جۆری ئەو کارە:

لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕۆمدا چینی خاوەن ئیمتیاز بە تایبەتی بە دوای وەدەستهێنانی بارێکی باشی ئابووری، بۆ تێپەڕ کردنی کاتی بێکاریی خۆیان وەدوای هێندێك کار دەکەوتن تا بتوانن دڵی خۆیان ڕازی کەن و لەو پێناوەدا دەستیان دەدایە کارگەلێکی

٢٠- هەمان سەرچاوە.

٢١- وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا ئەو نووسراوە هی یەکێك لە موغەکانی زەردەشتی کوردستان بووە کە بە پیری شەهریار یا پیری شالیار ناسراوە، نووسراوەکەش کە "مارفەتوو پیری شالیارە" بەندەکانی "موسەجەع"ە بۆ کەڵك لێوەرگرتن لە کتێبی کوردو پێوەندیی ڕەگەزی و مێژوویی، نووسینی خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمی بڕوانە.

٢٢- کتێبی بنەماکانی مافناسی، نووسینی دوکتور موسی جوان کە ئەویش لە مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، بەرگی یەکەمی مرتضی راوندی وەرگرتووە.



نالەبارو زۆر ترسناکی ئەوتۆ کە بۆ خەڵکی ئاسایی تا ڕادەی لەناوچوون زەجرهێنەربوو. بۆ نموونە نەجیبزادە ڕۆمییەکان هۆڵی زۆر گەورەی خڕی بە قەدرایە مەیدانی فووتباڵیان. دروستدەکرد و دەور تا دەور بۆ دانیشتن پلیکانیان لێ هەڵدەبەست و لەنێوەڕاستیدا جێگایەکیان بۆ یاری و بەڕێوە چوونی بەرنامە دەهێشتەوە.[23] لەو شوێنە هێندێك کاری دوور لە حەیاو ئەخلاق بەڕێوە دەچوو. هەروەها کۆیلەو دیلە بێچارەکانیان دەخستە بەردەم دڕندەکانی وەك شێر و بەبر و پڵینگ، کاتێك لەشی ئەو بێچارانە دەکەوتە بەرچنگ و کەڵپی ئەو دڕندە وەحشیانە و هاواریان دەگەیشتە فەلەك، ڕاست ئەو کات بانگی خۆشی و فیکەی شادی لە دەروونی ڕەشو بێڕەحمی شێتانەی بینەران بەرز دەبۆوە و دنیای دادەگرت. هەروەها گەورە پیاوانی ڕۆمی کۆمەڵێك لە کۆیلە و دیلەکانیان بە نێوی "گلادیاتۆر" کە لەپێشدا ڕایان دەهێنان بە شمشێر و چەکی کوژەری ترەوە لەگیانی یەکتر بەردەداو لە هەڵدڕان و لەت لەت بوونی لەشی ئەوان بەو شمشێر و چەکە تیژانەی وەك بیورو رمو... خۆشحاڵ دەبوون. وەك ئەوەی [... ترایانووس، دوای گەڕانەوە لە شەڕەکانی دانووب، دەهەزار دیلی کە لەگەڵ خۆی هێنابوونی، لە ١٣٣ کۆبوونەوەی شانۆییدا بۆ ڕابواردنی خۆی و نەجیبزادەکان لە گیانی یەکی بەردانو...][24]

لەو ئاهەنگانەدا نیزیك بە تەواوی قوربانییەکان ـ ژن و مێرد" لە دەڤەرە داگیرکراوەکان هەڵدەبژێردران و ئەو بەرنامە پڕ لە شەرم و شوورەییانە تا ڕاپەڕینی کۆیلەکان بە ڕێبەری "ئیسپارتاکوس"و ئەوانیتر درێژەی هەبوو. دواتر بە دانانی هێندێك یاسا پێش بەوجۆرە ڕێورەسمانە گیراو بە تایبەتی پاش وەرگرتنی دینی مەسیح وەك دینی ڕەسمی ئیمپراتووری ڕۆم لە لایەن "کوستانتین = قسطنطین"ی ئیمپراتوورەوە لە ساڵی ٣١٢ی زایینیدا، ئۆگری رووحی خەڵکی ئەو ئیمپراتوورییە بە هەموو چین و توێژێکەوە بەم ئایینەو سەرنجدان بە تەعلیماتی نەفسی ئەم ئایینە، لایەنی حەیوانیو وەحشیگەرییە توندڕەوەکانی خەڵك و دەزگای حاکمەی تا ڕادەیەك هێور کردەوە و دایمرکاند و فەرهەنگی کۆمەڵگا بەرەو مرۆڤایەتیو ئوسوول چوو.

دوای دەسەڵاتی شاپووری دووهەم زەخت لەسەر مەسیحییەکان کەم بۆوەو پادشاکان هێندێك جار بۆ لاواز کردنی برەوی نەجیبزادە باڵادەستەکان هەوڵیان دەدا بە هێندێك کردەوە

٢٣- جێگەی وشەی ئامفی تێئاترو حاشیەکەم گۆڕیوە. و

٢٤- مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران لە مرتضی راوندی ل ٣١٠ بەرگی ١.

مەسیحییەکان بۆلای خۆیان راکێشن و لەم رێگەوە دڵ و ڕای ئیمپراتووری رۆمیش وەدەست بێنن، کار گەیشتە جێگایەك کە تاقمێك لە دەرباریییەکانیش بە شێوەی رەسمی بوون بە مەسیحی. سیمای دیارو ئاشکرای ئەم سیاسەتە خوسرەو پەرویز بوو، بە شێوەیەك کە لە سەردەمی ئەودا مەسیحییەکان لە زۆر لە شارەکانی ئێران کلێسایان ساز کردو بە سەربەستی لە ئێراندا هاتووچۆیان دەکرد. ئەو کارە، واتە دانی ئازادی بە مەسیحییەکان لە لایەن خوسرەو پەرویزەوە بووبە هۆی ئەوە لە نووسراوە سریانییەکاندا ئەو بە "عیسەوی پەنا" و "عیسەوی رەحیم"و پیرۆزترین پادشا نێوبەرن، هەر لەو کاتدا موئبیدەکان ئەویان بە گوناحبار دەزانی.[٢٥]

ئەرمەنستان کە بە رێبەری "تیردادی سێهەم" ئایینی مەسیحی لە پێش دا بە مەبەستی یەکیەتیی وڵات و دوایەش بە هومێدی دۆستایەتی لەگەڵ رۆم[٢٦] قبوولکردبوو و برەویشی پێدەدا، بێئەوەی بۆخۆی پێبزانێ، دانی پەڕوباڵی بە خاوەنانی کلیسا گەیاندە شوێنێك کە لە سەدەی پێنجەمدا ببوو بە گەورەترین خاوەنی مڵك و زەوی و دەسەڵاتی شوێن دانەر لە ئەرمەنستان داو بە وتەی نووسەری مێژووی ئەرمەنستان، بەشی هەرە زۆری مەدەنیەت و فەرهەنگی ئەرمەنستانی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان ناکۆکی هەبوو، لەناو برد.[٢٧]

لە ساڵی **٣٢٣**ی زایینیدا کە "یولیانووس"ی ئیمپراتووری رۆم لەشکرکێشی کرد، کوردستان کەوتە بەرهێرشو پەلاماری توندو تیژی سوپا ئەرمەنییەکان ئەرمەنی کە شەڕکەرانی "هۆن"و "ئالان"یش لەگەڵیان بوون. وەك نووسیویانە بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دەریاچەی ورمێ ئەوەندە ئاوەدان و قەرەباڵغ بوون کە هێرشکەران سەریان سووڕماو ناوی ئەو ناوچەیان نا "چیلیا کوموس" یا هەزار ئاوایی. ئەوەی روونە لەو شەڕو کێشەیەدا کوردستان و ئازەربایجان کەوتنە بەر تاڵان و برۆیەکی قورس.[٢٨] ئەگەر چی بە

٢٥- شارستانیەتی ساسانی بەرگی ١ ل ٢٤١.

٢٦- ئەرمەنستانیش وەك رۆم بە وتەی "ویلدۆرانت کە لە بەرگی ٩ی مێژووی شارستانیەتدا ئاماژەی پێکردووە، کاریان گۆڕینی راست و دروستیی ئایین یا کردەوەیەك نەبووە کە فڕی بە بڕوای ئایینییەوە هەبێ، بەڵکو لەبیری ئەوە دابوون کە ناکۆکیی نێوانیان لە بەرژەوەندی یەکپارچەیی ئیمپراتووری دابێ، چونکو مەسیحیەت بۆ ئەو هۆو کەرەستە بوونە ئامانجو ...

٢٧- مێژووی ئەرمەنستان، کە لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا "رەحیم رەئیس نیا" وەریگێڕاوە.

٢٨- مێژووی ئازەربایجان سەنباط زادە لە ڕچەی مێژووی ئێراندا لە رەحیم رەئیس نیا.



کوژرانی "یۆلیانووس" وەرق گۆڕاو ئەو پێگە گەورانەی ئێران پێشتر لەدەستی دابوون گیرانەوە، بەڵام وێرانکارییەکە قەرەبوو نەکراو بوو.

ئەم شەڕو ئاشتیانە لە نێوان دوو ئیمپراتووریدا بارێکی سەقامگیرو بەردەوامی نەبوو. هەروەك لەنووسراوەکانی دەستخەتێکدا کە لە ناوچەی "حلوان" وەدەست کەوتووە و هی سەدەی چوارەمی کۆچییە،[٢٩] وێڕای ئاماژە بە هەمموو ئەوکوشت و کوشتار و ئاشتییەی کە لە ئاکامی هاندانی کلێسا مەسیحییەکان و عیبادەتگا زەردەشتییەکان و ئەو هەمموو هەڵس و کەوتەی لەنێوان دوو ئیمپراتووری ئێرانو رۆمدا روویداوە دەنووسێ: یەکێك لە هۆیەکانی وەرنەگرتنی ئایینی مەسیح لە کوردستان، رەفتار و کردەوەی توند و تیژی کلێسا بوو کە لەبەر دراوسییەتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ رۆم بە شێوەیەکی بەربڵاو لەم دەڤەرەدا بەرچاو دەکەوت. دیارە ئەو جینایەتانەی کە مەسیحییەکان لە درێژەی ١٢٠ ساڵەی شەڕە سەلیبییەکاندا کردوویانە پێویستی بەنووسینی چەند کتێبی جیاواز هەیە. بۆ وێنە بەیەك دوو کردەوەیان کە لە زمان خۆیانەوە گوتراوە ئاماژە دەکەین:

"میل Mile" دەنووسێ: "لە گەمارۆی ئەنتاکییەدا سەلیبییەکان سەری دەهەزار تورك و کوردیان پەڕاند"و "میشوو" دەڵێ ئەو قەومە وەحشییە (سەلیبییەکان) زگی منداڵانیان لە باوەشی دایکەکانیاندا هەڵدڕی.[٣٠] موسڵمانەکانیان لە کۆڵانو ماڵەکانی خۆیاندا قەڵاچۆ دەکرد. مێژووی عەرەب و ئیسلام لە زمانی یەکێك لە مێژوو نووسانەوە دەنووسێ: لە هەیوانی مزگەوتی عومەر رووباری خوێن هەستابوو، ئەوەندەش قووڵبوو دەگەیشتە ئەژنۆیان یا دەگەیشتە جڵەوی سواران.[٣١] یەکێك لە بەرپرسانی ئێعلامی شەڕەکانی سەلیبیش لە نامەیەکدا کە لە رێکەوتی ٦ی جۆزەردانی ١٠٩٩ی زایینی بۆ پاپی نووسیوە، مزگێنی دەداتێ و دەڵێ: "... پیاوەکانی ئێمە لە رەواقی سلێمان لە پێش مزگەوتێ لە خوێنی موسڵماناندا رەمبازیان

٢٩- دۆستی خۆشەویستم "شعبان دوزگون" کە لە باژێری وان لەتورکیە دەژی و خۆی خەڵکی ناوچەی حەلوان بوو، ئەو نووسراوەی دا بە من کە چلۆنیەتی خوێندنەوەکەی خۆی چیرۆکێکی جیایە. بەجێیە دیسان سوپاسی خۆم پێشکەش بەو بکەم. نووسراوەکە بە زمانونووسراوەی کوردییە، هەربۆیە خوێندنەوەکەی کارێکی چەتوون بوو و دوو کەس لە دۆستانی شەعبان، لەم بوارەدا هاریکاریان کردین.

٣٠- مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، بەرگی دووهەم، مرتضی راوندی ل ٣١٨.

٣١- هەمان سەرچاوە.

دەکردو... دەهەزار موسڵمان قەڵاچۆ کراوەو هەرکەس بەوێدا تێپەڕیبایە تا مەچەکی بەخوێن دەبوو و لەو کافرانە کەس نەجاتی نەبوو، تەنانەت ژن و منداڵی وردیش رزگار نەبوون..."[32-33]

چونکو مەبەستی ئێمە باس لە بارودۆخی کوردستانەو تەنیا لەم رووداوە مێژووییانە دەدوێین کە پێوەندیان بە کوردستانەوە هەیە، لە درێژەدان بە باسی پێوەندی مەسیحی و موسڵمانەکان لە جەنگەی شەڕەکانی سەلیبی بە گشتی خۆ دەبوێرینو بە رەنگدانەوەی ئەو رووداوە (بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح و هاتنە گۆڕی شەڕە درێژخایەنەکانی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان) لە کوردستان دەدوێین.

## ئەرمەنستان و دەوری لە (ناتەبایییەکانی ئێران و رۆمدا):

لێکدان و دوژمنایەتی ئیسلام و مەسیحیەت بە دوای زیاتر لە یەك سەدە دوژمنکاری و شەڕە سەلیبییەکان کە هەموو دنیای مەسیحیەت و ئیسلامیدا گرتبوو، کوردستان و ئەمیرەکانیشی لەو کێشە و هەراو شەڕو شۆڕەدا گرتبۆوە. لەم دەڤەرەشدا کە لەهەموو شوێنێکی کوردستان نیزیکتر بوو لەو شوێنەی مەسیحییەکان لێی دادەنیشتن، بەهۆی گرینگییەکی تایبەت کە بۆ ئێران و رۆمی هەبوو و سەرنجی راکێشابوون، ئەرمەنستان و خەڵکە تازە ئیمان هێناوەکەی بە مەسیحیەت بوو. ئەو پارچە لە گۆی زەوی (ئەرمەنستان)و کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەهۆی تایبەتمەندی و هەڵکەوتەیی خۆ لەبواری پێوەندیو رێگاکانی بازرگانی هەموو کات سەرنج راکێش بووە. لە سەردەمی دامەزرانی ئیمپراتووری رۆم و بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دینی مەسیح لە رۆمدا بووبە دینی رەسمی کە سی ساڵ بەر لەو رووداوەش لە ئەرمەنستان ببوو بە دینی رەسمی، بە بیانووی پارێزگاری لە مەسیحیەت ببوو بەهۆی هەرە گرینگی ناتەبایی نێوان دوو ئیمپراتووری ئێران و رۆم و هەرکام لەو دووانە بۆ زیاتر چوونە نێوو شوێن دانان لەوێداو دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر رێگا بازرگانییەکانی ئەوێ هەرچی بۆیان بکرایە دەیانکرد[34]، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بانووی ئەرمەنستان بەشێك لە

٣٢- مێژووی شەڕی سەلیبی نووسینی ویل ئاردوئێن "wileh Ardouin".

٣٣- مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، مرتضی راوندی ل ٣٢٤ بەدوا.

٣٤- شارەکانی ئێران لە رۆژگاری پارتییەکان و ساسانییەکان نووسینی پیکولوسکایا، وەرگێڕدراوی عنایت الله رضا ل ٢٣١.



خاکی کوردستانە، ئەو خاکە هەموو کات بۆتە پێخوستی گێرە و کێشەی ئەو دوو ئیمپراتووریەو لەم پێناوەدا زۆری مەینەت و کوێرەوەری و کارەسات بەسەر هاتووە.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەو تێکهەڵچوونانە زیاتر بوون و بە تایبەتی دوای شکان و کوژرانی "گۆردیانووس"ی ئیمپراتوورو بەستنی رێکەوتننامەی ٢٤٤ی زایینی لە لایەن "فلیپ عەرەب"ی جێنشینی ئەو و شاپووری هەوەڵ کە بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە چوارچێوەی حکوومەتی ئەرمەنستان هاتە سەرئێران،[35] رۆم کە نەیدەتوانی بە هاسانی لە ئەرمەنستانو لە دەسەڵاتی خۆی بەسەر رێگا بازرگانییەکانی واز بێنێ و رێگە بدا ئێران دەستی بەدەریای رەش رابگا، خەریکی تێهەڵێنانەوە بوو. ئێرانیش کە بە هیچ شێوەیەك نەیدەویست ئەوەی دەستی کەوتووە لەکیسی بچێ. هەربۆیە ئەو تێکهەڵچوونانە بەرەو زیاد بوون چوون[36] و شاپوور بەدانانی کوڕی خۆی "هورموز داردشێر" بەپادشای ئەرمەنستان و لەسەرکار لابردنی "خوسرەو ئارشاکیدی"، بە شێوەی رەسمی ئەو خاکەو ئازەربایجانی کە هێندێکی لەسەر ئازەربایجان بوو خستە سەرخاکی ئێران.[37]

لە سەردەمی شاپووری هەوەڵ دا رۆم هەرچی کردی و کراندی نەیتوانی بەسەر ئێران دا زاڵبێ. تەنانەت سوپای ئێران ئیمپراتوورەکەی دیکەی رۆمیشی وەك "والریانووس" شکاندو بە حەفتا هەزار رۆمییەوە بەدیلی گرت و هەر لەسەردەمی دیلییەتیشدا مرد.

سەرەڕای ئەو هەموو دەسکەوتانە شاپوور نەیتوانی ئەو جۆرەی شیاو بوو لەم هەموو سەرکەوتنانە بەهرە وەرگرێ. چونکو بەپێچەوانەی رۆم کە سوپای هەمیشەیيو رێك و پێکی هەبوو، ئێران خاوەنی سوپایەکی ناڕێکی پارێزانی و کاتی بوو کە هەرکام لە تاکەکان بۆخۆی و بە ویستی خۆی هاتبوو کە دوای هەر شەڕێك هەر کەس لەبیری ئەوە دابوو بەو دەسکەوتەوە کە لە شەڕ پچڕیبوو بگەڕێتەوە و بچێتەوە لای بنەماڵەی خۆی.[38] ئەوەش بووبە هۆی ئەوە کە

٣٥- ئێران لەسەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی کریستەن سێن و وەرگێڕانی رەشید یاسەمی ل ٢٤٤ بەدوا.

٣٦- ئێران لەسەردەمی هێرشی عەرەبەکاندا، لە نووسینی کۆلسینکۆف، وەرگێڕانی م.ر.یەحیایی ل ١١٦ بەدوا.

٣٧- ئێران شار، نووسینی مارکوارت ل ١١٢ لە دایرة المعارفی گەورەی ئیسلام ل ١٩٦.

٣٨- ئێران لەسەردەمی دێرین تا ئەمڕۆ، نووسینی ١.ئا.گرانتوفسکی، م.ئا.دانامایوفو ... وەرگێڕانی خوسرەو کەشاوەرز ل ١٦٣ بەدوا.

ئێران لەو شوێنانەی دەیگرتن زۆر بە کەمی دەیتوانی پێگە دابمەزرێنێ، بۆیە کاتێك رۆمییەکان بووژانەوە و هێزیان پەیدا کرد، تیردادی سێهەم کوڕی خوسرەوی هەوەڵ کە زۆر لەمێژبوو دوور خرابۆوە و وەك دوورخراوەیەك لە رۆم دەژیا، لەگەڵ "دیۆکلینانووس" ئیمپراتووری رۆم گەڕاوە ئەرمەنستان، خەڵکی ئەوێ کە لە دەسەڵاتی ئێران بەسەر خاکەکەیاندا بێزار بوون زۆر بە گەرمی پێشوازییان لـێکرد و بە دژی بنکە و بنیادەکانی سپای ئێران راپەڕین و ئاکامەکەشی بەوە گەیشت کەبێ ئەوەی سوپای رۆم هێرشێکی ئەوتۆ بکا ئەرمەنستانی کەوتە ژێر دەسەڵات. تیردادی سێهەم دوای ماوەیەك دەسەڵاتداری لە ئەرمەنستان، لە ئاخریەکانی سەدەی سێهەمی زایینی هەلومەرجی رۆمییەکانی قۆستەوەو بە یارمەتی ئەوان بە پێچەوانەی رابردوو کە بە توندی دژایەتی دینی مەسیحی دەکردو لە مەسیحییە کوژە ناودارەکان بوو، گۆڕانی بەسەردا هات و دینی مەسیحی لەئەرمەنستان کردە دینی رەسمیو ئەوجار ئەو ئەرمەنیانەی دەکوشت کە نەدەبوونە پێڕەوی دینی مەسیح و ئاتەشگایەکی زۆریشی کردە کلێسا. راگەیاندنی تیرداد ئەوەندە بەهێز بوو کە گورجستان و ئاڵبانی (قەوقاز)یش مەسیحیەتیان کردە دینی رەسمی، هەرچەند لەکوردستان ئەو دینە پێشوازی لـێنەکرا.

دواترو پاش ئەوەی هۆی ناکۆکیو نیفاق گەیشتە ئەو خاکە (بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتووری رۆم)و بەدوای ئەوەیدا "کۆستانتین" ئیمپراتووری رۆم دینی مەسیحی وەك ئایینی رەسمی رۆم ناسی (ساڵی **٣١٣**ی زایینی واتە سی ساڵ دوای ئەوەی ئەرمەنستان قبووڵی کردبوو) شەڕەکانی دینی و ئایینی، کوردستانیشی گرتەوەو، یەکێك لەو حکوومەتانەی لەو کارە وەردرا حکوومەتی کوردی "راوەندیە" بوو کە لە کوردستان و ئازەربایجاندا حوکمی دەکرد. ئەو حکوومەتە لە لایەن "حسێن کوڕی محمد ناسراو بە ابوالهیجا" دامەزرابوو و جێنشینەکانی بۆ ماوەی ٧٤ ساڵ درێژەیان بەو حکوومەتە دا.

"ابوالهیجا" دوای ئەوەی "برایم بەگ" دووهەمین حاکمی "سالاریە"ی[٣٩] ئازەربایجانی تێك شکاند، بوو بە حوکمداری ئازەربایجان و کوردستان (٣٧١ی کۆچی) ئەرمەنستانیش کە

٣٩- سالاریەکان وەلەدی سالاری سنووروان لە سەردارانی دەیلەمی بوون کە لە ساڵی ٣٤٠ی کۆچی حوکمڕانیی ئازەربایجانیان بەدەست بوو، دوای مردنی سالار، کوڕەکان و براکانی، ئەو فەرمانڕەواییەیان تا ٣٧١ درێژە دا تا کۆتاییدا حوسێنی کوڕی محمد لە کوردەکانی راوەندییە دەسەڵاتی لـێ ئەستاندن و حکوومەتی زنجیرەی "راوەندییە"یان لە کوردستان دامەزراند و دەیلەمییەکان بۆ هەمیشە ئەو ناوچەیان بەجێهێشت.



نەیدەتوانی حکوومەتێکی بەهێز لە دراوسێیەتیی خۆیدا ببینێ، بە هاندانی "ابودولف" کە خۆی لە سالاریەکانو حاکمی دیاری گەنجە بوو بە دژی ابوالهیجا کەوتە کار. بەڵام بە وتەی "ئاسۆغیك" مێژوونووسی ئەرمەنی، لەساڵی **٣٧٧**ی کۆچیدا، "ابوالهیجا" [تەواوی شارەکانی باشووری ئەرمەنستانی یەك بە دوای یەکدا گرت و کردنی بە باج دەری خۆی.] هەر ئەو مێژوونووسە نووسیویەتی: پاشای ئەرمەنستان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ابوالهیجا فەرمانی جیهادی دەرکردو شەڕی دوو حکوومەتەکەی کردە شەڕی ئایینی.[٤٠]

پاش ابوالهیجاش ئەم شەڕو تیکهەڵچوونە، بە تایبەتی لە سەردەمی کورەکەی "مەملان" درێژەی کێشا. ئەحمەدی کەسرەوی دەنووسێ: مەملان نێوی راستی خۆی محمد بووە کە لە "کوردی زەری" دا لە خۆشەویستیان "مەمل"یان پێگوتووە و ئەو الف و نوونەشیان لـێ زیاد کردووە.[٤١] بەهەر حاڵ شەڕی راوەندییە و ئەرمەنستان درێژەی هەبووە، لەبەر ئەوەی کە رۆمییەکان پشتیوانیان لە ئەرمەنستان دەکرد و بیانووشیان مەسیحی بوونی خەڵکی ئەرمەنستان بوو، هەربۆیە جارجار لەم لایەشەوە شەڕەکان بە جیهاد لەقەڵەم دەدران. هەروەك ئەو کاتەی "داوید = داود"ی والی ئەرمەنستان لە ساڵی **٣٨٤**ی کۆچیدا شارو قەڵای مەلازگردی گەمارۆ دا، رایگەیاند بە مەرجی تەسلیم بوونی خەڵکی شار ئەمانیان دەدا، کاتێکیش تەسلیم بوون و خۆیان بە دەستەوە دا، هەموو خەڵکەکەی لە شار وەدەرناو شاری خستە ژێر دەستی مەسیحییەکان. موسڵمانەکان کاتێك وایان دی لە هەموو لاوە لە دەوری مەملان کۆبوونەوە. لەولاشەوە حوکمڕانەکانی گورجستان و شوێنە مەسیحییە نشینەکانی دیکە چوونە یاریدەی "داود"و لە شاری "ئالاشگرد" ئەو دوو هێزە بەرەنگاری یەکتر بوون و کوشتارێکی زۆریان لێك کردو تا ماوەیەکی درێژ ناوچەکە بوو بە شوێنی هێرشو پەلامار و حەماسەت.[٤٢]

٤٠- کتێبی مێژووی "ئاسوغیك = ئاسۆئەك" مێژوونووسی هەرمەنی، لە کتێبی ئاترۆپاتەن یا کوردستانی موکریان، نووسینی حوسێنی حوزنی موکریانی ل ٢٤٠ بەدوا وەریگرتووە.

٤١- شهریاران گمنام (پاشا گومناوەکان) نووسینی سید احمد کسروی، بەشی راوەندییە، دیارە ئێمە دەزانین کە مەمل = مەمەل، مەمەلی یا مەملان تورکی ئازەرییە، خەڵکی ئاسایی ئەگەر کەسێك یا منداڵێکیان محمدی ناوبێو زۆریان خۆش بوێ مەمەلی یا مەملی یا مەملانی پێدەڵێن، خوالێخۆشبوو کەسرەوی لێرەدا هەڵەی کردووە کە لەفزی کوردیی "زەرزا"ی بە رازری نووسیوە.

٤٢- ئاترۆپاتەن یا کوردستانی موکریان، نووسینی حسێن حوزنی موکریانی ل ٢٤٥ بەدوا.

لە شاری "بەرگری = Bargry"ش کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان هەڵکەوتبوو تا ماوەیەکی زۆر شەڕی ئیسلام‌و مەسیحی لە گۆڕێ دابوو. ئەو شارە لە سەردەمی زوودا بە دەست کوردانەوە بووە، دوایە سوپای ڕۆم و یۆنانییەکان هاتوون گرتوویانەو کەسێکیان بە نێوی "خریسلیوس = نیکوغووس = تاورسیلاس" کە یۆنانی بووە کردۆتە حاکمی ئەو شارەو خدریق ناسراو بە "ابوالهیجا"یان کە لە کوردەکانی هەزبانی‌و حاکمی ئەو شارە بووە گرتووە و خستوویانەتە بەندیخانەوە. (بە بڕوای نووسەری کتێب ئەو نێوە دەبێ "خدریق = حدریك" یا هەر خضر بێ کە بە کوردی خۆمان دەبێتە خدرو ئەرمەنی یا و کافیان لێ زیاد کردوەو کردوویانەتە "خدریق = خدریك‌و یۆنانییەکانیش هەر لەوانیان وەرگرتووە.)

سەید ئەحمەد کەسرەوی دەنووسێ: ئەو "خدریق"ە کە بە ابوالهیجا دەناسرا[43] لە بەندیخانەوە وەڵامیدا بە حوکمڕانەکانی دەوروبەرو داوای لێکردن یارمەتی بدەن. ئەوانیش بە دەنگییەوە هاتن، شاری "بەرگری" گرت و "خدریق = ابوالهیجا"یان لە بەندیخانە رزگار کردو بە نێوی جیهاد کوشتارێکی زۆریان لە ئەرمەنی و مەسیحییەکان کرد. ساڵێ دواتر ئیمپراتووری ڕۆم دیسان لەشکری ناردو "بەرگری"یان لە کوردان ئەستاندەوە و ئەو کوشتارە دووپات بۆوە[44]و دیسان "وەهسودان" و ابوالهیجا (کە ئەوە لە دامەزرێنەری زنجیرەی راوەندی جیایە)ی خوشکەزای لە ساڵەکانی ٤٣٠ ـ ٤٣١ی کۆچیدا شاری "بەرگری"یان لە ڕۆمییەکان ئەستاندەوەو ئەو کوشتارە هەر درێژەی هەبوو.

قەترانی تەورێزی شاعیری نێوداری ئێرانی کە مەدح بێژی ئەمیر "وەهسوودان"و خانەدانی ئەو بوو، دوای ئەو شەڕەو چوونی بۆ گەنجە لە ساڵی ٤٣٢ی کۆچی ئەو هەڵبەستەی ژێرەوەی گوتوە:

| | |
|---|---|
| مهی کە سجدە برد پیش او گردون | بە نیکوئی بر او نیکوان دیگردون |
| گەورە سالارێك کە گەردون کڕنۆشی بۆ دەبا | لە ڕاست جوانی ئەو دا جوانی خەڵك نزمە |
| بدان دو لالە مصقول دل کند مقتول | بدان دو سنبل مفتول دل کند مفتون |
| بەو دوو لالە درەوشاوانە دڵ دەتاوێنێ | بە دوو زولفی بادراو دڵ شەیدا دەکا |
| اگر نوان و نگونست زلف او چە عجب | کە صدهزار دل است اندرو نوان و نگون |

43شەهریارانی گومناو (پادشایانی گوم نێو) بەرگی دووهەم، نووسینی سید احمد کسروی ل ٨٤.

44مێژووی چامچیان، بەرگی دووهەم لاپەڕەکانی ٩١٧ تا ٩١٨.



| | |
|---|---|
| ئەگەر زولفەکانی لوولە سەیر نییە | چونکو سەت هەزاری دڵ لەو پێچ‌و لوولانەدا بەندە |
| ................. | ...................... |
| کنون کە گشت دو خسرو بیکدیگر موصول | کنون کە گشت دو کوکب بیکدیگر مقرون |
| ئێستا کە دوو پادشا کە بە یەك گەیونەتەوە | ئێستا کە دوو ئەستێرە بەرانبەر یەك بوونەتەوە |
| .............. | .................. |
| امیر ابوالحسن و شهریار ابو منصور | کە نصرت آیدو احسان از آن‌و این بیرون |
| ئەمیر ابوالحسن‌و شاریار ئەبوو مەنسوور | سەرکەوتن دێتە گۆڕێ و خێرو خۆشیتان لێ دەبارێ |
| ..................... | ......................... |
| یکی بگیرد چندان کە داشتی مملان | یکی بگیرد چندان کە داشتی فضلون[45-46] |
| یەکیان بە قەدرایە وڵاتی مەملانی دەگرت | ئەوی تر بە قەدرایە وڵاتی فەزلوون |

زۆر بەجێیە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو بوومەلەرزە ترسناکەی لە ساڵی ٤٣٤دا شاری تەورێزی وێران کرد لە سەردەمی حکوومەتی ئەمیر وەهسۆدانی راوەندیدا بووەو، هەروەك حمدالله مستەوفی‌و قازی رکن الدین و قەترانی تەورێزی لەسەری دواون،[47] ئەمیر وەهسۆدان بەم بۆنەوە نیزیکەی چوار ساڵ پێشی شادی و خۆشی گرتووە و لە تەواوی ئەو ماوەدا خەریکی ساز کردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی ئەو شارە وێرانە بووە. ناسر خوسرەو کە دواتر لە ساڵی ٤٣٨ دا چۆتە تەورێز ئەوێی بە شارێکی گەورە و ئاوەدان دیوە[48]و قەترانیش لەم بارەوە ئەو هەڵبەستەی گوتوە:

| | |
|---|---|
| نبود شهر در آفاق خوشتر از تبریز | بە ایمنی‌و بمال و بەنیکوئی‌و جمال |
| لە دنیا دا شار لە تەورێز خۆشتر نەبووە | لە بواری ئاسایش‌و سەروەت‌و جوانیدا |
| .............. | ...................... |

٤٥- شهریاران گمنام (پادشایانی گوم نێو) نووسینی سید احمد کسروی ل ٨٦، بەرگی دووهەم و ابن اثیر وەرگێراو لە کوردستانی موکریان.

٤٦- ئاماژەیە بۆ خانەدانی دوو ئەمیر کە یەکیان امیر ابوالحسن علی لە خانەدانی روادی شەدادیە کە لە ساڵی ٤٢٥ فەرمانڕەوای ئەڕان بووەو ئەویتریان "وەهسۆدان" لە خانەدانی "فضلوئیان"ی کوردی رەوادی بوو کە بە ئەبوومەنسوور ناسرابوو.

٤٧- دیوانی قەترانی تەورێزی.

٤٨- پادشاکانی گوم نێو، نووسینی سید احمد کسروی، بەرگی دووهەم ل ١٣٨.

خدا پدید نیاورد شهر بهتر از این    فلك به نعمت این شهر برگماشت زوال

خوا شاری لەوە جوانتری دروست نەکردووە    ڕۆژگار بە نێعمەتی زانی ئەو شارەی بۆ وێران بوون هەڵبژارد

.....................    .....................

فراز گشت نشیبو نشیب گشت فراز    رمال گشت جبالو جبال گشت رمال

بەرزایی نزم و نزمایی بەرز بۆوە    خیزەڵان بوو بە کێو و کێو بوو بە خیزەڵان

.............    .............

از آن درخت نمانده کنون مگر آثار    از آن سرای نمانده کنون مگر اطلال

لە دارەکان جگە لە ئاسەوار نەماوە    لە کۆشکەکان جگە لە تەپۆلکە (ئاسەوار) شتێك نەماوە

.........................    .........................

دوایە لە شێعرێکی دیکەدا دەنووسێ:

زمین نگشتی لرزان اگر نسب کُردی    بحلم شاه ستوده دلی و زدوده خصال

مەملان چرای شایەکانە کە لەبواری ئازایەتیدا    کە شایەکی نەرم و نیان و ڕەوشت بەرزە

چراغ شاهان "مملان" کە پیش تیغ و کفش    یکی است شیرو شکال و یکی است سیم و سفال[49]

بوومەلەرزەش نەدەهات مەگەر ئەم پادشا کوردە نەبوایە    شێری پێ چەقەڵە و بۆ بەخشەندەییش زێرو زیوی پێ سواڵەتە

دیسان قەتران لە تاریفی کوردی مەملان کە نێوی "وەهسۆدان" بووە و لەم پێناوەدا تێکۆشاوە و دەڵێ:

بدولت تو همه کار ملك نیکو کرد    نشاط مبانت فرزند مهترت مملان

لە سێبەری بەرەکەتی وجوودی تو ئەی مەملان    کوڕی گەورەت هەموو کاروباری وڵاتی سەرو سامان پێدا

پسر چنین بود انرا تو پدر باشی    گهر نخیزد نیکو مگر ز نیکوکان

باوکی وەك تۆ هەردەبێ کوڕی وای هەبێ    بەڵێ گەوهەری ئەسڵ لە کانگای ئەسڵیدا پەیدا دەبێ

49- وەرگیراو لە ئاتروپاتێن یا کوردستانی موکری نووسینی گیوی موکریانی ل ٢٩٠.



پێویستە بزانین کە "تۆغرێل"ی سەلجووقی لە ساڵی ٤٥٠ی کۆچیدا پێی لەسەر ئەمارەتی "مەملان" لەجێگەی باوکی "وەهسۆدان" لە ئازەربایجان و کوردستان داگرتووە و قەتران بە مەبەستی دەربڕینی شادیی خۆی لەم بوارەدا دەڵێ:

تا حشر بقای پسر و جد و پسر باد    کز هر سه جهان را شرف و مفتخر آمد

یاخوا تا ڕۆژی حەشر ئەم کوڕو باب و باپیرە بمێنن    کە فەخر و شانازی دنیاش لە سێبەری ئەم سێکەسەوەیە.

# بەشی شەشەم

# دیاردەکانی شارستانییەت لە کوردستان
# تا سەرەتای ئیسلام

ئاڵوگۆڕی پێکهاتووی نێوان زلهێزەکانی جیهانی بەر لە ئیسلام و وڵاتانی وەك ئێران و یۆنان و رۆم، بەهۆی تایبەتمەندی و حاستەم بوونی هەلومەرجی جوغرافیاییو سیاسیی کوردستان لە هەموو بوارێکدا، کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو. ئاکامەکانی ئەو شوێندانانە لە هەر بابەت و بەتایبەتی لە بواری فەرهەنگی و شارستانیەتەوە هەروەك شوێندانانی حکوومەتو شەڕ و لایەنیتر لەو خاکەدا بەرچاو کەوت. ئەم پێشکەوتنانەو ئاڵوگۆڕێك کە لە مەدەنیەتو فەرهەنگی ئەو ئێمپراتوورییانە لەسەر جیهان دەهاتە گۆڕ، کاتێك لە کوردستان دەردەکەوت، دەبوو بە تێکەڵاوێك لە تێك ئاڵقانی شارستانیەتی نوێ لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانیەتی زۆر کۆنی ئەو خاکەو خەڵکەکەی. ئاکامێك کە لەو پێوەندییەدا لە رێگەی لێکۆڵینەوەی راستەوخۆی نووسەری کتێب و وەدواکەوتن و توێژینەوەی بەربڵاوی لێکۆڵەرانیتر لەم کوردستانەدا دەستکەوتووە، ئەوەیە کە کاریگەری فەرهەنگی ئێران بەهۆی هاوخوێنی و هاوڕەگەزی ئەوان لەگەڵ کوردان هەموو کات زیاتر لە هی ئیمپراتوورییەکانی رۆژئاوایی بووە. دیارە ئاسەواری بەجێماو لەو کات و سەردەمانە زۆر کەمن، بەڵام ئەوانەی هەن بۆچوونی سەرەوە دەسەلمێنن. زیندووترین شوێنەواری میعماریو هونەرە جوانەکانیو...ئێران لە سەرەتای قۆناغی مێژوویی ئەو وڵاتە، پاش کۆشکەکانی تەختی جەمشید (پێرس پۆلیس) لە کوردستان هەڵکەوتوون کە هەر کام دنیایەك هونەرو جوانییان تێدا بەدی دەکرێ و بینەرانی خۆیان مات و سەرسام دەکەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئاسەوارو ئەو چەشنە نموونانە کە بۆ دەسەڵاتدارو حاکمانی ئەو حیکایەتانەش ساز کراون، لە هەموو شوێنێك زیاتر لە ژێر کاریگەریی هونەری ئێراندان و تەنانەت شێوازی ئیداری و ملکداری و بەشێکی دیکە لە کاروباری ژیان و چارەنووسی خەڵك لە کوردستاندا لە یاساو پێڕەوی حاکم بەسەر خەڵکی ئێران وەرگیراوە. هەروەك دوایە باسی دەکەین لەو بەشانەی کوردستانیشدا کە لە ژێر حوکمی رومییەکان و بەر لەویش لە ژێر دەستی یۆنانییەکاندا بووە، کاروباری ژیان زیاتر لەسەر بنەمای ژیانی ئەوسای ئێرانییەکان بووە. سەرەنجڕاکێشتر لەوەش ئەوەیە کە هەر ئاڵوگۆڕێك کە لە شێوەی ژیانی گشتی یا تاکەکەسی خەڵکی ئێراندا بهاتایە گۆڕێ، کوردستان دوایین شوێن بوو کە دەکەوتە ژێر شەپۆلی ئەو ئاڵوگۆڕەو لە سیستمی پێشووی دوور دەکەوتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی هەرێمی خۆیان.



## نیزامی پێش ئیسلام لە کوردستان:

پێشتر لە نیزامەکانی سەردەمەکانی بەر لە مێژوو لە کوردستاندا دواوین و لەبەر ئەوەی زانیاری لەسەر ئەو سەردەمە زۆر کەمە، ئێمەش زۆر بە کورتی قسەمان لەسەر کردوون و بە ئاماژە پێکردنیان قەناعەتمان کردووە: بەڵام لە سەردەمی ئەشکانییەکان و دوایەش لە سەردەمی ساسانییەکاندا، زانیاری زۆرو جێگەی سەرنجە. هەرچەند بەنێوی راستەوخۆی کورستانیش شت کەمە، دیسانیش چونکو کاتێك لەسەر ئێران و سەردەمێك لەسەر رۆم بووە زانیاری زۆرە، ئێمەش بە وەرگرتنی زانیاری و پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان ئەو شتانەدا کە لە دوو ئیمپراتووری ئێران و رۆم ماونەتەوەو ئەوانەی لە خودی کوردستان کۆمان کردوونەتەوە، توانیومانە زانیارییەکی زۆر بخەینە بەرچاو. هەر بەو پێیەو بە کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لە نیزامی بەر لە ئیسلام لە کوردستاندا هەبووە، لەوە ئاگادار بووین کە هیچ کات نیزامی کۆیلەداری بەو شێوەی کە لە شوێنی دیکە هەبووە، لە کوردستان نەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە چەند سەدە خەڵکی ئەو وڵاتەیان بەدیل گرتووە و بەنێوی کۆیلە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشیدا دەیانفرۆشتن، خۆیان لەو بازاڕەو خێرەکەی چیان دەست نەدەکەوت و لەم خاکەدا کۆیلەداری تەنیا بەشێوەیەکی سەرەتایی وەك کرێکارێکی ئەورووپایی، بەڵام بە هەلومەرجێکی دوژوارترەوە هەبووە. بەدوای هەرەسهێنانی بنەماڵەی ئەشکانی، نیزامی کۆیلەداریش لێك بڵاو بوو، نیزامی فیئودالی (دەرەبەگایەتی) پەرەی سەندو ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ژیانی کۆمەڵگاو بنەمای ئابووری پێکهێنا.

وێڕای ئەوەی خەباتی ئاشکراو خۆبواردنی کۆیلەکان لە کار، رادەی بەرهەمی هێنا خوارو لە هەموو شوێنێك چینی خاوەن بەهرەو دەسەڵاتدار، هەم لەنێو دامودەزگای حکوومەتداو هەم لە بواری کشتوکاڵ و ملکداریی گەورە و چووك و تەنانەت گوندییە ئازادەکانیش بۆ وەدەستهێنانی بەرهەمی زیاتر زۆریان هەوڵدا و ئەو کارە بەڕادەیەك بوو کە توێژێك تێدا چوون. لە کوردستاندا سیستمی دەرەبەگایەتی کە لەگەڵ خۆو خدەی خۆیان یەکی دەگرتەوە، بێهیچ گیروگرفتێکی گرینگو شێوێنەر جێگیر بوو، چینی زەحمەتکێش و بەرهەمهێنەر بە هێندێك جێگۆڕکێ لە وەزعی کۆیلەداری و وەلانانی شێوەی پێشوو، درێژەیان بە کارو بەرنامەی ژیانی خۆیان دا. لێرەدا وردە خاوەن ملکەکان تا ڕادەیەك لەناو چوون و زەوییەکانی خۆیاندا بە دەرەبەگە گەورەکان و دەگەڵ کۆیلەکان کەوتن کە "بەندەك یا رسیك"یان پێ دەکوتن و وێڕای هەموو بەرهەمێهنەرەکانی دیکە بوونە رەعیەتی ئەوان، ئەوانەی لە کاری کشتوکاڵیشدا نەبوون بۆ ئەنجامی خزمەتی پێسپێردراو لە ماڵ و ناوەندەکانی پێویست دامەزران.

یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو ئاڵوگۆڕەو بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا لە بواری کۆمەڵایەتیو ئابووریدا جگە لە پەیدابوونی چینی تازە، مافی ئەو کۆیلانەش کە ببوون بە رەعیەت زیاتر بوو، بە وتەی نووسەری کتێبی "بەرەوپێش چوونی فیۆدالیسم (دەرەبەگایەتی) لە ئێراندا" ئەوان دەیانتوانی برێك لەو بەرهەمەی رەنێویان هێنابوو بۆ خۆیان هەڵگرن و دوایەش وەك میرات بۆ منداڵەکانیانی جێ بهێڵن[1] کە ئوسوولی یاسایی ئەوکاتی دەتوانین لە پەرتووکەکانی وەك "ماتیکان یا هەزارداستان"دا ببینین.[٢]

ئەو یاسایانە لە کوردستان باشتر بوون و بەهۆی خزمایەتیو لێك نزیکی خەڵکی ئاوایەکان زۆر بە هاسانی ئەو رادەو میزانانەی وەك دەیەك یا چواریەكو... جێ دەکەوتن.[٣]

هەرچەند لە شوێنەگەلیتردا باسمان لەوە کردووە کە هەڵکەوتووە کۆیلەیەك هی دوو کۆیلەدار بووە، بەڵام لەسەر یەك زانیاری ئێمە لەبارەی کۆیلەکانی کوردستان کە دوایە ببوون بە رەعیەت زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەبەر خووی عەشیرەتی، وەزعی کۆیلەکانی کوردستان بەتایبەتی لەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی رۆمییەکاندا بوون (وەك ئامێدو دیاربەکرو نسیبەین) زۆر باشتر لە هی ئەو شوێنانە بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بزووتنەوەی مەزدەکییە زەبرێکی زۆر قورسی لە سیستمی کۆیلەداری لە ئێران داو ئەو جووڵانەوەیە لەسەر باشبوونی وەزعی کۆیلەکان لە ئێراندا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، زۆریشی یارمەتی بە گۆڕانی سیستمی کۆیلەداری بە سیستمی ئەرباب و رەعیەتی لەو وڵاتەدا کردووە.

لە سەردەمی زاڵبوونی ئیسلامدا شوێنەوارێك لە کۆیلەو کۆیلەداری لە کوردستانی ناوەندی و باکووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی کوردستان نەمابوو، لە نووسراوەیەکدا کە "مەلا عەبدولقادری کوڕی وەلیدی کوڕی محەمەد جووتیار"[٤] لە ساڵی ٢٧٦ی کۆچی بەرانبەر

١- گەشەکردن و هەڵدان(تکامل)ی دەرەبەگایەتی لە ئێراندا، نووسینی فەرهاد نعمانی، لە لاپەڕەی ٢٣٩ بەدوا

٢- کۆ یاسایەکە کە لە کۆتاییەکانی حکوومەتی ساسانییەکاندا نووسراوە.

٣- لەو شوێنەوارو دۆزراوانە بڕوانن کە لە کەرکووك دۆزراونەتەوە لە "لەوحەکانی هەولێر" بڕوانن کە لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەیان پێکراوە.

٤juotet وشەی جوێتر کوردییە.



١١٢١ی زایینی نووسیویەتی دەڵێ: دێهاتییەکانی کوردستان یەکەمین گوندییەکان بوون کە لە سەردەمی رەعیەتیدا لە ئەربابەکانی خۆیان رازی بوون و خاکیان بە ئیجارە گرتووە و بوونە ئیجارەدار یا رەعیەتی بەستراوە بە ئاغا "دەستیکرد"[٥]و دەنووسێ: "الحمدالله و المنەکار خودیکا و خووێخاد خوزاد مستی ئاغای بیکورتاو ئیسلام داگرت انشاالله..."

دیارە دەبێ بزانین کە تا سەدەی شەشەمی زایینی (کاتی ئاشکرابوونی ئیسلام و بیعسەتی حەزرەتی **محەمەد** (ص)و تەنانەت دوای ئەو کاتیش سیستمی بەرەوپێشچوو و جێگیربووی دەرەبەگایەتی نەیتوانیبوو نیزامی کۆیلەداری لە ناوچەکانیتر بفەوتێنێ و خۆی جێگای بگرێتەوە، بەڵکو کۆیلەتی نێوماڵ و زۆر دابی سەرەتایی و عەشیرەییو باوك سالاری، هەرچەند تارادەیەك لە کورتییان دابوو، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتر لە جاران لە قەراغ نیزامی ئەرباب و رەعیەتیدا درێژەی هەبوو[٦]، بەڵام ئەو رەوشە هیچکات وەك فئۆدالیسم ئەوروپایی نەبووە و هیچکات رەعیەتەکان یا کۆیلەکان لەو خاکەدا وەك جووتیارانی بەستراوە بە زەوی رووسیاو ئورووپا بە زەوییەوە نەبەسترابوونەوەو هەروەك رەئیسنیا ئاماژەی پێکردووە، لێرە رەعیەتەکان وەك وڵاتانی دراوسێ کە بە فیڵو تەلەکە وەك قەرزارێکی هەمیشەیی بێئاغا، بە زەوییەوە نەدەبەسترانەوە.[٧]

## چینەکانی کۆمەڵگا:

کۆمەڵگای ژێر حوکمی ساسانییەکان لە دوو چین پێکدەهات: ١ـ بەهرەگیر کە بریتیبوون لە مالیکەکانو خاوەن زەوییەکان و گەورەکان، ٢ـ چینی بەهرەدەر کە کرێکارو رەعیەتەکانی دەگرتەوەو دەسکەوتی رەنج و کوێرەوەرییەکانیان لەلایەن چینی یەکەمەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. دیارە ئەو دوو چینە بنەڕەتییە زۆری لق و پۆپ لێ دەبووەوە کە بەشێوەی سوننەتی لێك جیا دەبوونەوە، ئەو داب و عورفانەی بەرێوە دەچوون زۆریان لەو داب و رەسمانە بوون کە جیل بەدوای جیل بەرێوەیان بردووە و پادشاکان و والییەکانیش و هەروەها خاوەن مڵکەکان

٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆیلە و رەعیەت و چلۆنایەتی ئەو کارە لە کتێبی "تکامل فئودالیسم" نووسینی، "فرهاد نعمانی" بڕوانە کە سەرچاوەیەکی باشە.

٦- ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا. بەرگی دووهەم، ل. ٦٣٢

٧- هەمان سەرچاوە

بەڕێوەبردنیان بە ئەرکێکی نەگۆڕ دەزانی، هەروەك ئەردەشیری پابەکان کە خۆی یەکێك لە لایەنگرانی توندوتیژی ئەو شێوە چینایەتییە و نەگۆڕانی بووە. بەڕێوەبردنیانی بە پێداگرتنێکی زۆر لەسەری لە جێنیشین و نوێنەرەکانی داوا دەکرد. بۆ نموونە لە "پەندنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: ... هەرکەس لە ئێوە کە دوای من دەبێتە فەرمانڕەوا، دەبێ نەگۆڕینی تاقمێك بۆ تاقمێکیتر بە قەدرایە پاشایەتییەکەی خۆی گرینگی پێبدا، چونکو جێگۆڕکێی پێگەی خەڵك لەسەر لەدەستچوونی پاشایەتییەکەی شوێن دادەنێ، جا لە ڕێگەی کوشتنەوە بێ یا لێخستنیو... چونکو خەڵك کە پێگەی خۆیان گۆڕی، هەوڵدەدەن بچنە سەرتر، کەسانێك کە لە دوای شا دەستیان دەڕوا، دەکەونە بیری پاشایەتیو ئەوەش یەکەم فکری لەناوچوونی پاشایەتییە... [8]

لە "نامەی تەنسوور"[9] یشدا کە پێشتر باسی کراوەو لە ئاسەواری سەردەمی ساسانییەکانە، ئاوا نووسراوە: ... شای شایان لەنێو ئەوانەدا کە خاوەن پلەو پایەن، فەرقو جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، لە وڵاغی سواری جلوبەرگ و ماڵ و باغو ژن و خزمەتکار، دوایە لەناو ئەوانی خوارەوەتریش هەروا بە جلوبەرگو خشڵ فەرقو جیاوازی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی هەیە. بەشێوەیەك کە هیچ کەسێکی ئاسایی لە خۆشی ئەواندا بەشداری نەکا... هەروەها من بوومە هۆی ئەوە کە هیچ نەجیبزادەیەك مافی ئەوەی نەبێ ژنی ئاسایی بێنێ، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی پەیدا نەبێ، ئەگەر کەسانێکیش ئەو کارە بکەن، میراتگریم بۆ ئەوان حەرام کردو حوکمم دەرکرد تا خەڵکی ئاسایی مڵکی گەوران نەکڕن و لەوەدا توند بووم، بۆ ئەوەی هەرکەس لە دەرەجەی خۆیدا بمێنێ و لە کتێب و دیوانەکاندا بنووسرێن... .

"ابن مقفع" وەرگێڕی نامەی تونسوور بە زمانی عەرەبی لەم بابەتەوە نەقڵێك دەکاو دەڵێ:... ئەسکەندەر داوای لە ئەرەستوو کرد کە دوای گرتنی ئێران بۆ پاراستن یا نەهێشتنی گەورەکانی ئەو وڵاتە ڕێنوێنی بکا، لەولامدا کوتی ئەگەر ئەوان بکوژی هێندێك کەسی گەورەی کە روکنی فەزیلەتن لەناو دەبەیو ئەگەر ئەوانیش نەمێنن مەجبوور دەبێ کە کەسانی

8- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆیلە و رەعیەت و چلۆنایەتی ئەو کارە لە کتێبی "تکامل فئودالیسم" نووسینی، "فرهاد نعمانی" بڕوانە کە سەرچاوەیەکی باشە.

9- ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا. بەرگی دووهەم، ل. ٦٣٢



بێمایە لە جێگەی ئەوان دابنێی، راستیش ئەوەیە کە لە دنیادا هیچ بەڵاو شەڕو فیتنەیەك لەوە ترسناکتر نییە کە پیاوی بێمایە لە جێگەی گەورەکان دانیشێ.[10]

گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە راستییەکی زۆر ترسناك لە مێژوودا لە وەدیهاتنی ئەو بۆچوونەی ئەرەستوو لە دنیاو ئێران وەبیر دێنێتەوە، ئەو راستییەش بۆ ئێمە دەسەلمێنێ کە بەڕێوەبەرانی زەنجیری ساسانی، بە قەولی "کریستەن سێن" بۆ پاراستنی ئەسڵی چینایەتی دڵخوازی خۆیان مڵكداریو خوێنیان لە سەروی بەرنامەکانی خۆیان داناوە.[11] وەزعی مڵکداری روونە، بەڵام خوێن بریتی لەوە بوو کە دەبوایە هەموو هەوڵی هەیئەتی حاکمەو دامو دەزگای حکوومەتی لەسەر ئەو بنەمایە بێ کە پێش بە تێکەڵبوونی خوێنی نەجیبزادەو گەورەکان لەگەڵ کەسانی بێمایە لە ڕێگەی نەهێشتنی ژنو ژنخوازیی چینەکانی لەسەرەوە باس کران، بگرن کە ئاکامەکەی دەبووە ئەوە کە لەگەڵ خزمو نزیکانی مەحرەمی خۆیان ئیزدواج بکەن.[12]

بەهەر حاڵ لە سەردەمی ساسانییەکاندا، هەلومەرجی ژیانی گشتیو ئیداری وڵاتی ئێران گیرۆدەی گەشەکردنی سەرسووڕهێنەر بوو کە بناغە دانەرەکەشی هەر دامەزرێنەری ئەو زنجیرە واتە "ئەردەشیر" بوو. چینەکانی کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای ئەوێستای نوێ[13] بە سێ چین دابەش کرابوون "روحانیەکان یا ئاشرەوان"، "سپاییەکان یا شەڕکەرەکان = رەس ئیشتر Rathaeshter"و وەرزێران یا واستریو خشونیت (Vastryo Fshuynt) دابەش دەکرێن.[14] لەم سەردەمەدا بوو بە چوار چین کە ئەوی زیاد بوو "دەبیران یا Dihhefim" بوون. ئەو چینە

١٠- هەمان سەرچاوە، ل. ٤٦ لە روانگەی ئەرەستۆوە

١١- وەڕاست گەڕانی ئەو مەسەلە لە بۆچوونی ئەرەستوو لە شوێنگەلی جۆراوجۆری دنیاو لە شۆڕشەکانو ئاڵوگۆڕە قووڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەشدا بەدی دەکرێ، دەتوانین بڵێین هەڵگرتنی پیاوماقووڵان کە دەکرێ لێرەدا وەك کەسایەتییەکانی خاوەن ئەسڵ و کارزان و ماهیر و لێزان هەڵسەنگێندرێن کە هەڵگرتنیان لەسەر پسپۆری و کاری خۆیان دەبێتە هۆی لەناوچوون و رووخانی کۆمەڵگاو لێك بڵاوبوونی شیرازەی کارەکان بۆ ماوەیەکی درێژ.

١٢- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی کریستەن سێن، وەرگێڕدراوی، رەشید یاسەمی، ل. ٣٣٩ ژن لە مافناسی ساسانییەکاندا، لاپەڕەکانی ٥٠ ـ ٤٧

١٣- مەبەست لە ئەوێستای نوێ، ئەو ئەوێستایە کە بە دەستووری ئەردەشێری پایەکان بەهۆی موغەکانەوە کۆ کراوەتەوە و نووسراوەتەوە.

١٤- بابەتی بەنوونیت، بەنێوی چینەکانی کۆمەڵگا لە رەوایەتەکانی ئەوێستاییدا، گۆڤاری ئاسیایی، ساڵی ١٩٣٢، ل. ١١٧ بەدوا.

له ریزی سێهەمدا جێگەی گرتبوو، جووتیارانو سەنعەتکاران چوونە ریزی چوارەم کە بە زمانی پەهلەوی ئاوایان پێ دەکوتن: ئاسەوان Atheuvan = روحانیان". "شەڕکەران یا ئەرتیشتاران Arteshtaran". "دەبیران Dieberan"و دێهاتیان یا واستریوشان Vastryoshan"و سنعەتکاران و شارنشینان = هوتوخشان Hutukhshan"[15]

له پێشدا ئاماژه بەوە کرا کە هەرکام لەو چینانەی کۆمەڵگا چەند لقی جۆراوجۆریان لێ دەبۆوە، بۆ وێنە رووحانییەکان بە تاقمەکانی قازییەکان، موغەکان، موئبیدان، هیربزان، دەستووران یا مامۆستایان کە (موغانی ئەندر زبز)یان پێ دەکوتن، دابەش کرابوون.[16] گەورەی تەواوی رووحانییەکانیش بە "موئبزانی موئبز"و سەرۆکی تەواوی دەبیرانیش "دەبیراد مەهیشت، گەورە ئەرتیشتاران "ئیسپابزو سەرۆکی چینی چوارەمیش" واستریوشان سالارو ئەستریوشبز یا هتخشبز"ی پێ دەکوترا[17].

بە پێی کەتیبەی حاجی ئاوا، یەکەکانی چینی یەکەمی هەیئەتی حاکمەیان بە شا ناودەبرد، هەربۆیەش بە پادشایان کوتوە "شاهەنشا"، بە واتایەکیتر حاکمەکانی ئەیالەتەکان و ویلایەتەکان و شاگچکەکانی کە خاکیان لە قەراغ وڵاتی ئێراندا بووە، خۆیان سەر بە شای ئێران زانیوە. یا با باشتر بڵێین، هەروەك لە نامەی تەنسووردا نووسراوە، فەرمانی ئەردەشیریان بەجێ گەیاندبوو: ﴾ هەر کە بە اطاعت پیش ما ئ‌ید، تا بر جادە مطاوعت مستقیم باشد، نام شاهی از او نیفکنیم﴿[18]

(هەرکەس بۆ فەرمانبردن بێتە لامان و مەبەستی ئەوە بێ لەژێر حوکماندا بێ، نازناوی پاشایەتی لێ وەرناگرینەوە.)

ئەمیرەکانی حیرە یا بە قەولی "ئامیا نووس" کوردوئین = کوردستان و ئاڵبانیو "حەنیونیان " لە ریزی ئەم شا گچکانە بوون[19]، بەڵام کریستێن سێن دەنووسێ: لە سەرەتای

---

١٥- دار مستتر لە نامەی تونسووریدا ل ٢١٤و کتێبی التنبیە، نووسینی مەسعوودی ل ١٠٣و کتێبی التاج لە جاحڤ، چاپی قاهیرە، ل، ٢٥

١٦- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە نووسینی کریستێن سێن. وەرگێڕدراوی رەشید یاسەمی، ل. ١١٧ بەدوا.

١٧- خوێندنەوەی ژێرنووسی ژمارە ١ی کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا لە ل ١٢٠، لەم بابەتەوە زۆر بە کەڵکە.

١٨- نامەی تەنسوور، نووسینی دارمستتر، لاپەڕەکانی ٢١٠ و ٥١٣

١٩- ئامیانوس، کتێبی ١٨ بەندی ٦ لزگەی ٢٢



سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوە، بە فەرمان فەرمایانی ئەم ئەیالەتانەیان دەکوت "مەرزبان".[20]

له سەردەمی ساسانییەکاندا حەوت بنەماڵە لە سەرووی هەموو نزیکانیتری بنەماڵەی شا بوون و ئەوانیش بۆ خۆیان لەسەرووی هەموو ئەوانەوە بوون، لە دوای خۆیان بەڕیز بنەماڵەکانی "کارن پەهلەو"، "سۆران پەهلەو"، "ئیسیا هند پەهلەو"، "ئیسیەند یاز"و جێهران پەهلەو" بوون، خانەدانی "کارن پەهلەو " لە خاکی مادو کوردو ئیندا، دەسەڵاتدار بوون، کە ئەمەش ئەو راستییە نیشاندەدا کە ئەو هەرێمە چەندە بۆ ساسانییەکان پڕبایەخ بووە.

له کەتیبەی "پەرستشگای زەردەشت" کە نازناوی ئەمیری مەڵبەندەکانی نووسیوە، ئەو فەرمانڕەوایانەی بە تێکەڵاوێك لە وشەی شاو شوێنی فەرمانڕەواییەکەیان هێناوە، وەك: ئەرمینان شاە، کوردو ئین شاە، مادان شاە، کرمانشاە، سکانشاە (سەکستان یا سیستان).[21]

مەسەلەی جێگای سەرنج و پێویست بە ئاماژەکردن ئەوەیە کە لە زۆر شوێنەواری کۆندا مادو کوردۆئینیان پێکەوە هێناون.

له تایبەتمەندیی ئەم ئەمیرو فەرمانڕەوایانەی ساسانی، خاوەن بوونی مڵك و هەردی زۆرو سەروەت و سامانی زۆرو زەوەندیانە. پێویست بە کوتنە کە ئەوان تەنیا لەو شوێنانەی خۆیان لێی دەبوون، خاوەن مڵك نەبوون، بەڵکو زۆر لە ئەوان (شا گچکەکان و سنووروانان)[22] لە ویلایەتەکانی دیکەش خاوەنی مڵكو هەردی زۆر بوون.[23] بەشێوەیەك کە ئەگەر شوێنی کاریان گوێزایەوە جێگەییەکیتر، لەوێش خاك و شوێنی خۆیان هەبێ، هەرچەند ئەو مڵك و هەردەیان زۆر جار لەبەر ئەوەی دەستیان وێڕانەدەگەیشت، بێ کەڵك و بێسوود دەمایەوە و وێران دەبوو. ئەوەی کە لە زۆر کتێباندا و لە شوێنەواری دەورەکانی پێشوودا دەخوێنینەوە، زۆر

---

٢٠- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ل ١٢٣

٢١- وشەکانی پایکوولی لە هیرتسفلد، ژمارە ٦٣٢ی نیایشگای زەردەشت، دێڕی ٢٣ ـ ٢٢، لە هەنینگ لە بۆڵەنی رۆژئاوایی، بەرگی ٩، ل ٨٤٦ بەدواو ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکان، ل، ١٢٣ بەدوا

٢٢ـ مەرزبان (سنووروان) لەقەبێك بووە کە لە جێگەی شارەوان هاتوەو پێشتر نەکوتراوەو لە کەتیبەکانی سەرەتای ساسانیانییەکان و تەنانەت لە کەتیبەی میشیگا (شوێنی پاڕانەوەی زەردەشت)یش خەبەرێك لەم لەقەبە نییە و کریستێن سێن لە لاپەڕەی ١٥٧ی کتێبەکەیدا دەنووسێ کە ئەو لەقەبە لە سەردەمی بارامی پێنجەم بۆتە باو. مارکوارتیش لە کتێبی ئێرانشاردا لاپەڕە ٥٢ بەدوا باسی ئەم بابەتە دەکا.

٢٣- ئاغاو رەعیەت لە ئێران. نووسینی ا. ك س لمتون، وەرگێڕانی مەنووچێر ئەمیری

شوێن کە ئێستا لە ئێراندا ناکێڵدرێ و کەڵکی لێوەرناگیرێ یا بووەتە کەویرو شورەکات، رۆژێك ناوچەگەلێ سەر سەوزو ئاوەدان و پڕبەرهەم بوون، هەر لەبەر بەخاوەن نەکردن و بە عەمەل نەهێنان وایان بەسەر هاتووە.[٢٤]

مەسعوودی لەم بابەتەوە دەنووسێ: لە نێوەڕاستی حکوومەتی ساسانییەکان واتە لە سەردەمی پاشایەتی "قوبادی دووهەم"دا، هەزاران گوندی لە سەرتاسەری ئێراندا لەبەر نەبوونی مووددیریەت و پێڕانەگەیشتنی پێویست و سپاردنی ملکەکان بە تویولی ئەربابەکان بەرەو وێرانی دەچوون[٥]، چونکو فئۆدالەکان و بەرپرسانی خاوەن ملك بۆ خۆیان مەودای بەعەمەلهێنانیان نەبوو، ئەوانەی هەردەکەشیان پێ دەسپێردرا، کەتویولیان پێ دەگوتن یا ئیمکانی رەنێوهێنانیان نەبوو یا دڵسۆزیان نەبووو بێ مۆبالات بوون، ئەو وێرانییە شوێنەوارێکی وای دانا کە چەند سەدە دواتریش بەشی زۆری ئەو ناوچانە کەڵکی لێوەرنەگیراو بوونە خاکێکی بێفەڕو ویشك و بەرەهووت و هەروا مانەوە.

کاتێك سەرەڕای ئەو بێکیفایەتیو بێموبالاتییەی بەرپرسان، بەتایبەتی غەفڵەت و کەمتەرخەمیی پادشاکانیشی تێکەڵ بێ، دەبێتە نووری عەلا نوور! هەروەك مەسعوودی لە چیرۆکێکدا لە باسی کەمتەرخەمی دەوری پاشایەتی قوبادی دووهەمدا دەڵێ: قوبادی دووهەم کە لە سەرەتای پاشایەتیی خۆیدا کاتی بە خۆشیو رابواردن، ڕاوو جەفەنگ تێپەڕ کرد، بیری لە کاری ملك و وڵات نەکردەوە و گوێی لە کاروباری رەعیەتان نەدا، لە ئاکامدا وڵات بەرەو وێرانی چوو، ئاوەدانکردنەوە لە کەمییدا، زەخیرەی خەزێنە کەم بۆوە، سەربازە بەهێزەکان لاواز بوون و لاوازەکان مردن. لە حاڵێکدا کە وەزع ئاوا پەرێشان بوو، رۆژێك قوباد لەگەڵ موئبیدێك کە دەیگوت زمانی حەیوانات دەزانێ، بە گوندێکی وێراندا رابردن. گوێیان لە دەنگی دوو کوندان بوو، شا لێی پرسی ئەوانە دەڵێن چی؟ موئبید وەڵامی داوە، کوندی مێ دەڵێ بەو مەرجە تەسلیمت دەبم کە وێرانەی بیست دێی گەورەم پێ ببەخشی کە لە زەمانی ئەو شا خوشبەختەدا وێران بووبێ، نێرەکەش وەڵامی داوە ئەگەر تەمەنی ئەو شایە درێژ بێ، لەو ملکانەی کە وێران دەبن، هەزار گوندت دەدەمێ.[٢٥]

لەمەڕ رادەی سامان و ملکی فەرمانڕەواکانی ناوچەکان و گەورە خاوەن ملکەکان زۆریان چیرۆکی سەیرو سەمەرە کوتوە، جار هەبووە کە گەورەترین خاوەن ملکیش لە بیستنیان

---

٢٤- مروج الذهب. بەرگی ١، نووسینی مەسعوودی، لاپەڕەکانی ٤٨ هەتا ٢٤٦

٢٥- سیرالمولك، ل ٤٤، لە خواجە نظام الملك کە لە مروج الذهب سعودی را نەقڵ دەکا.



سەرسام بوو. یەك لەو چیرۆکانە ئەوەیە کە "خواجە نڤامالملك" لە کتێبی سیاسەتنامەو لە بەشی "سیرالملوك = رەوشی پادشایان"دا دەیگێڕێتەوە و دەنووسێ: نەوشیروان پرسی "فلانەکەس کە ئەمیری ئازەربایجانە چەندی زێڕو نەغدینە هەیە؟ وەڵامیان داوە دووجار هەزار هەزاری دیناری هەیە کە کاری پێ ناکاو خەواندوویەتی. دیسان پرسی چی دیکەی هەیە؟ کوتیان بایە پێنج سەد هەزاری زێڕو زێو هەیە. پرسیی لە جەواهیرات چی هەیە؟ کوتیان، بایە شەش سەد هەزار دیناری هەیە. پرسی ئەی فەرشو شتی جوان؟ کوتیان بایە سێ هەزار دینار. کوتی ئەدی ملكو ملکی ئیجارەییو ئاوو زەوی؟ کوتیان لە خوراسان و عێراقو فارس و ئازەربایجاندا ناوچەو شارێك نییە کە حەوت هەشت دێ، ملكو خانووو کاروانسەراو حەمام و ئاشی ئەوی لێ نەبێ. گوتی ئەدی ئێستر و ئەسپ؟ وەڵامیان داوە سێ هەزار سەری هەیە. ئەدی مەڕ؟ دووسەد هەزار سەر. چەند وشتری هەیە؟ بیست هەزار. پرسی چەند بەندەی زێڕ خریدی هەیە؟ وتیان هەزارو حەوسەد غوڵامی هەیە کە تورکو رۆمی و حەبەشین و چوارسەد کەنیزی زۆر جوانیشی هەیە.[٢٦]

لەو رۆژگارە سەختوساڵە پڕ مەینەت و خەفەقانەدا، کوردستان دەستە و یەخەی مەینەتی زۆر بوو، چونکو خاکەکەی لەبەر شاخاویبوون، ئیمکانی ئەوەی نەبوو جێگەی کشتوکاڵ بەربڵاوتر بێ، کەمترین زەبر وەزعیەت زۆر خراپتر دەکاو لە دنیایەکی ئاوادا کە باسمان کرد، چینی چوارەمی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر لە پێشوو لە هەژاری و بێهومێدی و کوێرەوەریدا گیریان کردبوو، ئەو چینە هەر دەهات و زیاتر دەبوو. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ساسانییەکاندا، هەرچەند فئۆدالیتە، بەهۆی بوونی سیستمی ژیانی عەشیرەیی کوردان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی نەهاتە پێش، بەڵام ئەو توند و شلییەی لە ئاکامی شەڕدا کێشەی سێ چینی ئەودەمدا کە بەتایبەتی لە بەینی چینی یەك و دوودا روویدەدا ــ ئاخر رووحانییەکانیش لە ریزی خاوەن زەویە دەوڵەمەندەکاندا بوون ــ ئەو لێکدانانە جگە لە خۆیان خەڵکیتریشی دەگرتەوە، تەنانەت هێندێك جار پێکەوەش رێك دەکەوتن تا بەهرەی زیاتر بەرن و لە ئاخریدا هۆی چەوساندنەوەی چینی بەدبەختی کۆمەڵگایان ئامادە دەکرد. ئەو کارانە کوردستانیان لەگەڵ چارەڕەشیی گەورە بەرەوڕوو دەکرد، لەو چەشنە ئاڵوگۆڕە سلبیانەدا بوو کە ئەو بەشە لە کوردستان کە لە ژێر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی رۆم بوو، زیاتر شانازییان بەو نیعمەتە دەکرد کە

---

٢٦ - سیاسەتنامە (سیرالملوك)، خواجە نظام الملك بە هەوڵ و کوششی هیوبیرت دارك. لاپەڕەکانی ٤٦ تا ٥٥

لێی بەهرەمەند بوو. پێشێلکرانی ماف لەلایەن زۆردارانەوەو زوڵمی حاکمەکان و داگیرکردنی ماڵی ئەو کەسانەی کە لاواز بوون لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە کاری هەموو کاتیان بوو، هەروەك ئەورۆش شتیوا هەیە[٢٧] ئەوەش بۆخۆی لە بەدبەختییەکانی زیادە بوو. لەو نێوەدا کارەکانی موغان کە "مەگوان Magvan" یا "مەگۆکان agvan"یشیان پێ دەکوتن.[٢٨] وەزع و کردەوەکانیان جێگای سەرنج بوو. چونکو ئەو چینە کە خۆیان بە مەئمووری خواو بەڕێوەبەری فەرمانەکانی زەردەشت دەزانی، لە داگیرکردنی زەوی و ترساندنی رەعیەتەکان، بە پێی عورف دەستێوەردانی زۆرەملێ لە ژیانی خەڵکدا خۆیان نەدەپاراست، بەزاهیر خەڵك کە هیچ شتێکی بەیاسایی نەدەزانی تا لەلایەن موغێکەوە وەباڵی بۆ نەکێشرابا.[٢٩ و ٥] ئەوان لە جیاتی پارێزگاری لە مافی خەڵك بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و مڵکی خەڵك لەگەڵ رووحانییەکان کێبەرکێیان دەکرد. هەروەك "هۆکاری توانایی و دەسەڵاتی رووحانییەکانیش، تەنیا بوونی مافی قەزاوەت نەبوو کە لەلایەن حکوومەت و ئایینەوە پێیان سپێردرابوو، بەڵکو هۆیەکەی خاوەن بوونی مڵکی زۆر و ئاو و خاك و سامانێکی زۆر بوو کە لە رێگەی سزا دینییەکانو دەیەكو خێرات پێیان دەگەیشت...دەتوانین بڵێین دەوڵەتیان لەنێو دەوڵەتدا پێکهێنابوو... ."[٦]

٢٧ - چیرۆکی نەوشیروان و پیرێ ژن کە هەر لەو حاکمەی ئازەربایجان شکایەتی کرابوو، یەکێك لەو نموونانەیەو نووسەری ئەم کتێبەی بیر پیرێژنێکی ئەوتۆ خستەوە کە لە مازەندەران لەلایەن بەکرێگیراوانی رەزا شا غەدری لێکرابوو. پیرێژن کە ماڵەکەی لە گەڕەکێك بوو کە رەزا شا دەستی بەسەردا گرتبوو، شکایەت دەکاو وەك دەڵێن پەروەندەکەی لە بەشێکی دادگادا دەبێ بۆ پێڕاگەیشتن بووە کە سەید ئەحمەد کەسرەوی بەرپرسایەتییەکەی لەسەر شان بووە، کەسرەوی رەزا شاو بەکرێگیراوەکانی مەحکووم دەکا، کاتێك هەواڵەکەی بە وەزیری داد دەگا، بۆ ئەوەی پاپیووسی خۆی بە رەزا شا نیشاندابێ، ئەوی لەسەر کارەکەی لا دەباو هەڵی دەپەسێرێ. دەڵێن کاتێك بەیانی خزمەتکارەکەی کە حوکمەکەی پێ ڕادەگەیەنێ، گوتی: خزمەت دەبێ چاوەڕوانی من بێ، نە من چاوەڕوانی خزمەت...

٢٨ - هیرتیسفلد لە نووسراوەی پایکولی، لاپەڕەکانی ٧٩ تا ٨٢

٢٩ - ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا، ل، ١٣٧

٥- ئاکاتیاس، کتێبی دووهەم، بڕگەی ٢٦ کە لە کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا وەریگرتووە.

٦- ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا. ل، ١٣٨



کوردستانیش لە سەردەمی ساسانییەکاندا تووشی بەدبەختی ببوو، چونکو خاکی مادی بچووكو کوردۆئین تا دەوری دەریاچەی "وان"و ماردین، ـ کە تاڕادەیەك ئازەربایجان بەتایبەت ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستانی تورکیەی ئەورۆ دەگرێتەوە ـ ناوچەی نفووزی ئاورگەی ئازەرو گوشب و موغەکانی بووە، بەشێوەیەك کە بە وڵاتی موغان نێو دەبراو[٣٠] هەربە و هۆیەوە خەڵکی ئەو شوێنە لەنێو بەرداشی دەسەڵاتی چینی حاکم واتە لە بەینی گەورەکان و موغاندا بەشی هەرە زۆری زەختی لە چاو رەعیەتەکانی مەڵبەندەکانی دیکەی ئێرانیان لەسەر بوو. کاریگەریی فەرمانڕەوایی موغەکان لە تەواوی کاروباری خەڵکی ئەو هەرێمە بەرچاو بوو، لە رێوڕەسمێکدا کە ئێستاش کوردان لە رێوڕەسمی نەورۆزیدا بەنێوی ئەمیر نەورۆزی یا "میری نەورۆزی" لە زۆر شوێن بەڕێوەی دەبەن، یا لە بەرنامەیەکدا بەناوی تێهەڵدان نیشانیدەدەن، هەر هی ئەو کاتەیەکە ماوەتەوە، ئەویش تەمبێیەك بووە کە بۆ ئەو کەسانەی ئاویان پیس دەکردو بە ئاوی گەرم حەمامیان دەکرد "رب دین عالم دینی بەشێوەی زەردەشتیان سزایان دەدا، ئەو کەسانەی کە تەنبێ دەکران، زیاتریان دەوڵەمەند بوون تا بتوانن لە جیاتی تێهەڵدان جەریمەیان بکەن و پارەیان لێ وەرگرن. دوای جەریمەکەش "میری نەورۆزی"رایدەگەیاند منیش لەو سزادانەدا بەشم هەیە کە بەشێوەی ئاسایی لێیاندەدان. هەر بۆیەش بەو رێوڕەسمەیان گوتووە "تێهەڵدان"[٣١]

٧- ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا. ل ١٣٨

٣١ - رێوڕەسمی میری نەورۆزی (میر میرێن) تا ئەو دوایانە لە تەواوی شوێنە کوردنشینەکان، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێرانو ناوچەی موکریان، هەموو ساڵی لە تەواوی رۆژەکانی نەورۆز کە ٧ تا ١٠ رۆژ دەکێشێ بەڕێوە دەچوو، لەم رێوڕەسمەدا کەسێك کە دەیتوانی لە بەرامبەر ئیشکەرن، یارییەکان و کاری سەیرو جێ پێکەنین خۆڕاگرێ و پێ نەکەنێ (ئەگەر پێ بکەنێ لە میری دەکەوێ و تەنبێ دەکرێ) بە نێوی میر هەڵدەبژێردرا، کە چەند رۆژ حاکمی ناوچەکە بوو تەنانەت قائێمقام و حوکمدارانی خۆ وڵاتیش لە بەرامبەر ئەودا ئیختیاریان نەبوو. ئەو میرە کە بۆ خۆشی خەڵك کە زۆرترینیشیان تۆڵە ئەستاندنەوە لە کاربەدەستانی دژی گەلیو بە رەنگی سیاسییەوە کاری سەیری دەکرد، لە هەموو ئەو ماوەدا کە ئیشکەرەکان بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵیاندەدا میر وەپێکەنین خەن، بەڵکو خۆشی لە لێدان بێنسیب نەبێ. یەکێك لە بەرنامەکانی میر هەر ئەو "تێهەڵدانە بوو. بۆ زانیاری زیاتر لەو رێوڕەسمە کتێبی جۆراوجۆر هەیە. وەك کتێبی "میری نەورۆزی" نووسینی مامۆستا عبیداللە ایوبیان بخوێننەوە، هەروەك لە ئاخری ئەو کتێبەشدا لەسەر ئەو بابەتە دەدوێین.

"زروانی هیربز" کە یەکێك لە عالمەکانی گەورەی دینیو خەڵکی "بیت ئاژبادە" لە شارەکانی کوردۆئێن لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی "وان"و لە خزمەتی ئاورگەی ئازەرو گشب بووە، لە ریزی ئەو موغە دەگمەنانە بووە کە لەقەبی "هەمەگ دین"ی هەبووە، واتە کەسێك بووە کە هەموو حوکم و ڕەوشتی دینی دەزانیو فتوای زۆر گرنگی دەدا. تەنسوور کە بۆخۆی لە هیربزانی گەورە بووو یاسای چینایەتی ساسانییەکانی نووسیوەو لە پێکهاتەی دینی ڕەسمی زەردەشتی، یارمەتی بە ئەردەشیری بابەکان کردو لە یارانی نزیکی "زروان" دەژمێردرا.[٣٢]

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە سەردەدەمی ساسانییەکاندا، چینەکان هەرکام دەبوونە چەند بەش و یەکێك لە لقەکان کە بەشێوەی ئاسایی دوای نەجیبزادەکان لە سەرەوەی هەموویان بوو، ناویان "ئازادان" بوو کە دەکرێ بڵێین نەجیبە پلە دووەکان بوون. ئەوانە لە جووتیارانێك بوون کە لە سەرانسەری وڵات وجوودیان هەبوو. لە ڕێگەی ئەوانەی کە وردە مالکیش بوون، ماڵیاتیان کۆ دەکردەوە و باجیان لەو چینەی کە دەبوو ماڵیات بدەن، وەردەگرت و هۆی پێوەندیی نێوان ئەوان و چینی ممتاز و سەرەوە بوون، ئەوانە دوای سەردەمی ساسانییەکانیش کارگێری گرینگی چینی حاکم بوون و ئامرازی جێگیربوونی نفووزی ئەوان بەسەر کۆمەڵانی گشتی کۆمەڵگاوە بوون. ئەو خەڵکە عەوامەی کە زیاتر لە جووتیاران و کرێکارانی مووچە و مەزرا پێکدەهات، لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەیشتنە ئەوپەڕی بەدبەختیی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك کە "ڕۆمەن گریشمەن" بە حەق ئەوانەی بە "کۆیلەکانی بەستراوە بە هەرد" نێو دەبردو دەڵێ: لە تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی وەك پەروەردەو فێرکردن بێبەش بوون، جگە لە هێندێك وەرزێری کە بۆ دەزگاکانی دەوڵەتی وەك پەرستگەکانو ئاتەشگاکان کاریان دەکرد، باقییەکەیان هیچ چەشنە سەربەستییەکیان نەبوو.[٣٣]

تەواوی قورسایی کۆمەڵگا لەسەر شانی ئەو چینە گوندی و وەرزێرانە بوو. بۆ نموونە بۆ بەشداریی لە سۆپاشدا ئەوانیان و لە ڕاستیدا ناوزەدی بێڕەقیبی مەرگو قوربانی لە بەرانبەر هێرشی دوژمناندا بوون، دەستە دەستە لەو گوندیانە بە پێیان بە دوای لەشکرەوە بوون. وا

٣٢ - مێژووی تەبەری ل ٨٦٩ بەدواو نلدکە ل ١١٠، مروج الذهب بەرگی ٢، ل ١٥٦، نامەی تەنسوور، کابەی زەردەشت و مەفاتیح العلوم، چاپی خان فلوتن، ل ١١٦ بەدوا، گۆڤاری کاما، لاپەڕەکانی ٤ تا ١٣

٣٣ - ئێران لە سەرەتارا هەتا ئیسلام لە روومین گریشمەن، وەرگێڕانی محەممەد معین لە ل، ٤١١ بەدوا.



وێدەچوو کە تا هەتایە مەحکووم بە عەبەدایەتین. بێ ئەوەی هیچ پاداشێکیان بدەنێ،[٣٤] جگە لەوەی دەبوونە قوربانی، مووچەو مەزراو ماڵەکانیشیان لەژێر پێی ئێسترەکانی دوژمن و لەشکری خۆماڵی لە ناو دەچوون و "...زۆرویژی زۆرداران هیچ کات لە کوتان و چەوساندنەوەی گوندییەکان ڕانەدەوەستان.[٣٥]

## ماڵیات (زەریبە)و باج لە سەردەمی ساسانییەکاندا و چلۆنایەتی کاریگەرییەکەی لە کوردستان:

جۆری ئەو باجانەش کە خەڵکی ئاسایی لەوپەڕی نەداریشدا دەبوو بیدا، خۆی چیرۆکێکی تایبەتە. نەوشیروان بە لێزانییەکەی کە لە ئیدارەی وڵاتدا هەیبوو، یاسایەکی دانا کە پێیان دەکوت خەراج. بنەمای ئەو یاسایە لەسەر گەورەو چووکەیی زەوی و چەشنی بەرهەم داندرابوو. بۆ نموونە بۆ هەر گەنم و جۆ درهەمێك و بۆ ڕەز هەشت درهەم و بۆ هەر چوارینە خورما چوار درهەمی وەردەگرت، ماڵیاتی سەرانەش کە "گزیت"یان پێ دەگوت، بەو شێوەیە وەردەگیرا: هەر مرۆیەکی تەمەن ٢٠ تا ٥٠ساڵ دەبوو بە گوێرەی توانای خۆی لە چوار تا دوازدە درهەم لە ساڵێدا بدا بە خەزێنەی حکوومەت. دانی ئەو بڕە پارەیەش ئیجباری بوو، هیچ کەس نەیدەتوانی لە ژێری دەرچێ و نەیدا.[٢و٣] جگە لەوانەش ئەوانی چینو توێژی خوارەوە دەبوو بێگاریش بۆ ئەوانی سەرەوە بکەن و جگە لە حکوومەت دەبوو بەشێوەی جۆراوجۆر دیاریو پێشکێش بدەن بە چینی مومتازو ڕووحانییەکان.

سەرەڕای ئەو هەموو مەسەلانەی باس کران، لەسەر یەك لە سەردەمی ساسانییەکاندا کشتوکاڵ و کەرەستەکانی بەرەوپێشچوون، بەتایبەتی کەڵك وەرگرتن لە ئاسن بۆ ئەم کەرەستانەی وەك پێمەڕەو قۆڵینگ و پاچ و داس و...کشتوکاڵی بەرەو گەشەکردن برد، وەك هێندێك جار کوتوویانە، کاتی ویشکەساڵیو بێئاوی، دەوڵەت بەشێوەی جۆراوجۆر وەك

٣٤ - ئەمین مارسلێن، مێژوونووسی دێرینی ڕۆمو وەرگیراو لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژوودا. ل ٤٤١

٣٥ - ئاغاو ڕەعیەت لە ئێراندا، نووسینی "ا.ك.س، لمبتون". وەرگێڕانی منوچێهر ئەمیری، ل ٢٢٤

٢- میراتی دێرینی ئێران، نووسینی: ریچارد. ن. فرای"، وەرگێڕانی مەسعوود ڕەجەب نیا، ل، ٣٦٥ بەدوا

٣- مێژووی بەلعەمی، نووسینی ابوعلی محمد بلعمی، وەرگێڕان و پەراوێزنووسی مێژووی تەبەری. بەڕاستکردنەوەی محمد تقی بەهار (ملك‌الشعرا)

بەخشینی ماڵیات و یارمەتی جنسی و مەواد، دەستی جووتیارانی دەگرت. هەروەك فێردەوسی لەم بوارەدا بۆ ئەردەشێری پاپەکان دەڵێ:

فرستاده بودی به گرد جهان ... خردمندو بیدار کارآگهان
بۆ دەوری دنیای ناردبوون ... زاناو وریاو کارزانان
که جایی که بودی زمینی خراب ... وگر تنگ بودی به رود اندر آب
هەتا ئەگەر زەوییەکی خراپ هەبێ ... یا ئەگەر کەمئاوی هەبێ
خراج اندر آن بوم برداشتی ... زمین کسانخوار نگذاشتی
باج و خەراجی لەسەر هەڵدەگرتن ... نەیدەهێشت زەوی کەس بێقدری بێ
بدادی زگنج آلت و چارپای ... نماندی که پایش برفتی زجای[٣٦]
لە خەزێنە کەرەستەو وڵاخی دەدایە ... کاری کەس بە لەنگ و لۆڕی نەدەماوە

کوردستان کە لە بنەڕەتدا هەرێمێکی کشتوکاڵیو ئاژەڵداری بووە، هەرچەند بەهۆی شاخاویبوون و هەوای زۆر ساردو کوێستانی و زۆریی دەرەو دۆڵی تەنگی نێو شاخەکان زەوی پڕپیتی کەمەو لەم بارەوە بەرەوپێش نەچووە. بەڵام دیسانیش لەبواری کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان تا رادەیەك بەرەوپێش چووەو ئابووری گوندیی لە پەنا چوونەپێشی ئابووری کشتوکاڵی پێشکەوتنێکی ڕێژەیی بە خۆوە دیبوو، هەروەك بەپێی هێندێك بەڵگەی کە بە دەستەوەنو لێکۆڵینەوەیەك کە کراوە[٢] جگە لە چاندنی گەنمو جۆ کە بەرهەمی بنەڕەتیی کشتوکاڵی ئێران بوون، دارچەقاندنو پەروەردەکردنی ڕەز لەو شوێنانە باو بووە. هەروەك لە توێژینەوەی دێرینەناسی دەرکەوتووە لە هێندێك میوەی ئەمرۆییش کەڵکیان وەرگرتووە، بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور پەرەسەندنی کشتوکاڵ زیاتر لە شوێنەکانیتر بووە. لە بواری ئاژەڵداریشدا بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ و ئێستریش کە هەر لە سەرەتاوە بۆ سواری و بارهەڵگرتن لەگەڵ ژیانی کوردان تێکەڵاو بووە زۆر بەرەوپێش چووبوون و بەخێوکردنی گاو گۆڵ و مەڕو بزنیش زۆر برەوی هەبووە و هێدی هێدی بەهۆی باشی ئاوو هەواو هەلومەرجی موناسب زیاتر لە کشتوکاڵ سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاو پەرەی ساند.

---

٣٦-٤ مێژووی تەبەری، مێژووی ئێرانییەکان و عەبەرەکان. تیئۆدورنولدکە، وەرگێڕانی دوکتور عەبباس زریاب، شانامەی فیردەوسی

٥- مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆن (باستان) تا ئەمڕۆ. نووسینی، "ا. أ گرنوفسکی و مزێ دانتامایف"، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز. ص ١١٧ بە بعد



لەلایەکی دیکەشەوە مووچەو مەزرای کەمی کوردستان بەهۆی شەڕو شۆڕی بێ پایانی ئێران و ڕۆم لە ژێر پەل و سمی ئێستری نیزامیانی خۆو بێگانە دەفەوتا، بەڵام زیانێکی لەم ڕێگەوە بە ئاژەڵداری دەگەیشت کەمتر بوو.

## سنعەتو پیشەسازی لە سەردەمی ساسانییەکاندا:

لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە ئاکامی زنجیرە تێکۆشانێکی کە لە سەردەمەکانی پێشتر، بەتایبەتی لە سەردەمی پاشایەتی (ئورود ــ ئەشکی سیزدەهەم) پادشای ئەشکانی دەستی پێکردو گەشەی سەند، سنعەت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چوو، بەتایبەتی سوودوەرگرتن لە هونەرمەندانی بێگانە کە وەك دیل لە سەردەمەکانی پێشتردا هێنرابوونە ئێران و لە شوێنگەلی باش جێگیرکرابوون، شوێنی کاریگەری لەم پێشکەوتنەدا هەبوو. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەو پیشانەی لە سەردەمی ساسانییەکاندا هەبوون، لەچوارچێوەی تەنگی ڕێساو یاسای چینایەتی قەتیس مابوو، سنعەتکارەکانیش لە گوندەکان و دەری شار لە ژێر دەسەڵاتی گەورەکان و گەورە خاوەن مڵکەکان و کاهینەکان و لە شارەکانیش لەژێر فەرمانی دەوڵەت و کاربەدەستانیدا بوون و بەشێوەی جۆراوجۆر بەوان بەستراوەبوونەتەوە و هیچ بەڵگەیەك کە نیشاندەری سەربەستی ئەوان بێ، بە دەستەوە نییە.[٣٧]

سنعەت لە سەردەمی پاشایەتیی شاپووری دووهەم (ژوالاکتاف)دا لە ئێران زۆر بەرەو سەر چوو بەتایبەتی فەرمانی دەرکرد کە کرێکارانی ڕۆمی بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی سنعەتی ئەو ڕۆژگارە، وەك چنینو تەنین هێنایە ئێران و لە ئاکامدا پیشەسازیی ئێران زۆر چووە پێش، هەروەك مەسعوودی ئاماژەی پێکردووە. سنعەتکارە ئێرانییەکان هێزی خۆشیان تێکەڵ بە لێزانیو پسپۆڕیی ئەوان کرد[٣٨] بە چەشنێك کە "ئەتلەسو پەردەو تافتەو فەرشەکانی ئێرانی ئەوکات لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات خوازیاری زۆری هەبوو، ئێران یەکێك لە گەورە بەرێکەرەکانی پارچەی ئاوریشمیو پەشمیو زیربافت و قولابدووزی لە سەدەکانی چوارو پێنجی زایینیدا بوو."[٣٩]

---

٣٧ - مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆن (دێرین) تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، نووسینی: پیگولوسکایاو ێ. یر. یاکوبوسکی، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز، بەرگی ١، ل ١٤١ بەدوای

٣٨ - مروج الذهب، بەرگی ١، ل٢٥٤ بەدوا

٣٩ - مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، مرتضي راوەندی، بەرگی ١، ل ٥٣٥

هەر ئێستا نزیك بە ٦٠ پارچە کوتاڵی نایابی ئەو سەردەمە لە مووزە گرنگەکانی دینا وەك مووزەکانی "ئارمیتاژی لینینگراد"و "بێرلین"و "ئالبیێرت و ویکتۆریا" لە لەندەن هەن کە لە ریزی ئەو پارچە دەگمەن و پڕبایەخەن کە بەرەسمی ئەو سەردەمە، دیاری و پێشکەشی شایەکانی ئێران بۆ شایەکان و ئیمپراتورەکانی ولاّتانیتر لەمانەوە دەپێچانەوە. بەلاّم جێگەی سەرنج و ئاماژەپێکردنە کە کوردوئێن یا کوردستان یەکێك لە ناوەندی گەورەی سنعەت بەتایبەتی پیشەی تەنین و چنینی ئەوکات بووە، هەروەك "ئامید یا دیاربەکر"و "نسیبەین" لەو سەردەمەدا زۆر بەنێوبانگ بوون و ئەوکات کە ئەو ناوچانە لەژێر دەستی رۆمدا بوون، شاپووری دووهەم لەو شارانەڕا بەتایبەتی لە ئامێد هێندێك دیلی هێنان و ئەوانی لە بەینی شوش‌و شوشتەرو شوێنگەلیتری خوزستانی ئەمڕۆ نیشتەجی کرد و جێگە و رێگەی دانیّو بە وتەی لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان، ئەو کارەش بوو بە هۆی برەو پەیداکردنی هەموو جۆرە سنعەتێکی ئاوریشم چنین‌و زێر دروون و...لە ئێراندا.[٤٠]

فەرش‌و بەرەکردن و هەموو جۆرە کردێکی خوری وەك جاجم و پەردەی جۆراوجۆر تایبەتی کوردستان بوون و یا وا باشترە بڵێین ئەو ناوچانە هەر لە سەرەتاوە سەرچاوەی ئەم سنعەتانە، واتە پیشەسازی گرینگی سەردەمی ساسانییەکان[٤١] بووە.

مەسعوودی لەم بابەتەوە دەنووسێ: کردنی فەرش و پەردە لە ناوچەی نسیبەین، برەوێکی زۆری هەبوو...ئێستاش کە سەدەی چوارەمی کۆچییە ئەو کارە لەم سەردەمەدا هەر باوە[٤٢]...و هەر لە سێبەری بوونی ئەم ناوچەیەدا سنعەتی چنینی ئێران لە تەواوی ولاّتانی دنیا لەپێشتر بوو.[٤٣]

لە یەکێك لە کتێبە کۆنەکان کە لە تورکیە بەهۆی "م. ت کاولی" بلاّو کراوەتەوە و شتێکی باشی لەسەر نووسیوەو دەڵێ: لە ئامێد یا دیاربەکر لە سەدەی پێنجی زایینی، ٢٧ کارگەی چنین‌و ٣١ کارگەی تایبەتی دروستکردنی فەرش هەبووە.[٤٤]

---

٤٠ - هەمان سەرچاوە، بەرگی ١، ل، ٥٣٧

٤١ - ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ل ١٤٧

٤٢ - مروج الذهب، بەرگی ١، ل ٢٥٤ بەدوا

٤٣ - مێژووی سنعەتە ئێرانییەکان، ل ١١٦، نووسینی: "ج کریستی ویلسن، وەرگێڕ عەبدوڵلا فەریاد

٤٤ - مێژووی دیاربەکر Dyerhxd rin Tcrihi M.T. Kalh ،1956



گەشەکردنی چنین بەتایبەتی چنینی ئاوریشم لە ئێران، بازاڕی حکوومەتی بیزانس کە یەکێك لە گەورەترین بنێرانی ئەو رۆژگارە بووە تووشی وەها نیگەرانییەك کردبوو کە کلیسا بەکارهێنان و کەڵك وەرگرتنی پارچەی بە نەخش و نیگاری ئاوریشمی حەرام کرد.[٤٥] جێگای سەرنج ئەوەیە کە چینییەکان کە بۆ خۆیان وەستای چنینی پارچەی ئاوریشمی بوون، ئەوەندەیان دڵ چووبووە پارچە ئاوریشمییەکانی ئێران کە دەیانکڕیو دەیانبردەوە چین و لە نەخش و نیگارەکەیان کەڵك وەردەگرت و لێیان هەڵدەگرتەوە کە نموونەیەکی هەر ئێستا لە مووزەی "تۆکیۆ" مەوجوودە. ئەو پەردە دەستکردی هونەرمەندێکی چینییە کە لەودا راوی شێری بەشێوەی ئێرانی رەسم کردووە.[٣و ٤]

جگە لە پارچەی ئاوریشم و زیرباف، سنعەتی فەرش کردنیش لە ئێران کە لە راستیدا پیشەیەکی نەتەوەیی ئەو ولاّتەیە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە برەوی ساند، بەتایبەتی فەرشە ئاوریشمییەکانی ئێران لە دنیادا بێوێنە بوون. نموونەی فەرشەکانی ئەوکاتی ئێران ئەورۆ لە مووزە جۆراوجۆرەکانی دنیا هەن، بەلاّم ئەوەی کە لەسەر فەرشی بەهارستان دەینووسن، دەبێتە جێگەی سەرسووڕمانی هەموو مرۆیەك. "کاراباسك"ی ئالمانی رووبەری ئەو فەرشە بە ٦٠ میتری چوارگۆش دێنێ کە وەك دەڵێن بۆ کۆشکی مەداین‌و بە فەرمانی نەوشیروان دروستکراوە. بەلعەمی لەم بابەتەوە دەنووسێ: فەرشی بەهارستان بە ئاوریشم چندراوەو بە زێڕو زیوو گەوهەری جۆراوجۆر نەخشاوە، هەروەها دەڵێ لە زستانێدا کە گوڵ و چیمەن و شیناوەرد لە گۆڕێدا نەدەما، پادشاکان لەسەر ئەو فەرشە دادەنیشتن.[٥]

---

٤٥ - هونەری ئێران لە سەردەمی پارتی و ساسانیدا، دوکتۆر رومەن گیرشمەن، وەرگێڕ دوکتور بەهرام فەرەوەشی، ل ٢٢٦

٣- مێژووی شارستانیەتی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی سەعید نەفیسی، ل، ١٩٣

٤ـ شارستانیەتی ساسانی، علی سامی، بەرگی ١، ل ٣١٥

٥ـ مێژووی تەبەری، پێداچوونەوەو حاشیەنووسی: محەممەد رەوشەن، ل ٤٦٦ بەدوا

٦ـ مێژووی پیشەسازیی ئێران، ج کریستی ویلسن، وەرگێڕانی عبداللە فریاد، ل ١١٢و سنعەتەکانی ئێرانی کۆن، "زارە" کە لە کتێبی "ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان"دا وەرگرتووە.

٧- لە سنعەتەکانی ئێرانی کۆن، "زارە" لە کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ل ١٠٥

٨- مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆن تا سەدەی ١٨، "پیکولوسکایا"و...وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز، ل ١١٢

٩- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا "گریستەن سێن" ل، ٥٠١

جگە لە فەرشی بەهارستان، ئاسەواری هونەری دیکەش باسیان لێوە کراوە. یەك لەوان "تەختی تاقدیسە" کە "ثعالبی" لە بارەیەوە دەڵێ: تەختێکی پادشایەتی بوو کە لە عاج و ساج دروستکرابوو کە حاشیە و نەردەکانی لە زێڕو زێو بوون، ١٨٠ زراع درێژایی و ١٣٠ زراع پانایی بوو کە روەکەیان بە داررەشی ئابنووسی زێرکفت کراو داپۆشیبوو. لە زێڕو لاجوەردو شکڵی فەلەکیات و ئەستێرە و بورجی لە ئاسمانی تێدا بوو، حەوت وڵات و وێنەی حەوت پاشاشی لە حاڵێکدا کە خەریکی بەزم و رەزم و راون، لێ هەڵقەندرابوو، شتێکی تێدا بوو کە کاتی رۆژی پێ دیاریدەکرا. چوار قاڵی ئاوریشمی بە یاقوت و مرواری رازاوە لەم تەختەدا راخرابوون کە هەر کامیان وەرزێك لە چوار وەرزی ساڵیان تێدابوو.

لە زۆر بەشی سنعەتیی دیکەشدا ساسانییەکان گەلێك بەرەوپێش چووبوون، لەوانە دروستکردنی قاب و قاچاخی فلزی و شووشەیی، کارکردن لەسەر زێڕو زیو، بەتایبەتی نوقرەکاری یەکجار لە پێش بوو و نموونەکانی کە ئەورۆ لەم بابەتە بە دەستەوەن، ئەو شتە دەسەلمێنن.(٦)

نەخشەکانی ئەو قابانەش زیاتر ڕاوو شکاری شایەکان نیشاندەدەن کە بەگوێرەی نووسراوەی لێکۆڵەرەوان زیاتریان لە کارگەکانی سەڵتەنەتیو بارەگای شایەکاندا ساز دەکران و پادشاکان لەوانەیان بە دیاریدەدا بە شایەکانی وڵاتانیتر.(٧) "پیکولوسکایا" دەنووسێ: پێشکەوتووترین و نایابترین تاقمی زێوینی سەردەمی ساسانی ئێستا لە مووزەی "ئارمیتاژی لێنینگراد"ە کە جێگای شانازیی مووزەکەیە.(٨) دیارە ئەو یادگارانەی مایەی شانازیی خەڵکیترن، خاوەنەکانیان بەهرەی لێ نابینن و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاڵان و برۆیەی کە ئێران تووشیان هاتووە.(٩) هەرچەند بێتوانایی حاکم و فەرمانڕەواکانی رابردوو لەلایەك و خیانەت و خوێڕیگەریی هێندێك کەس لەو تاڵانەدا کاریگەریی خۆی هەبووەو دیارە سات و سەوداو بازرگانیش لە گواستنەوەیاندا کاریگەریی خۆی هەبووە.(٤٦) ئۆکراین لەمەڕ شوێنەواری دێرینی (باستانی) ساسانییەکاندا زیاترین بەشی هەیە. وەك دەنووسن: لە تەپکەیەکی رەڵمین لە دەوری "پۆڵتاوا" چەند شوانێك پازدە دەفری زێرینیی سەردەمی ساسانییەکانیان دۆزیبۆوە.(٤٧) لە

---

٤٦ - شارستانیەتی ئێرانی، ئاندرە گدار، ٢٠٤، وەرگێڕانی د. بەهرووز حەبیبی و ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئیراندا

٤٧ - مێژووی سنعەتەکانی ئێران، ج. کرستین ویلسن، وەرگێڕانی عبداللە فریاد "دیارە ئەوە بۆچوونی ناوبراوە، رەنگە ئێستا وا نەبێ."



دەڤەری کوردستان لە نزیك "ماردین"و "نسیبەین"و چەند ناوچەیەکی دیاربەکر، هێندێك قاب و قاچاخی شووشەیی و سوالەت بەتایبەتی لە نسیبەین کە بەشێوەی رۆمی دروستکراون، بینراونەتەوە کە هی سەردەمی ساسانییەکانە، "رۆمەن گریشمەن" ئاماژەی پێکردوون و دەنووسێ هونەرمەندانی ساسانی بە دەگمەن زێڕ، بەڵکو زیاتر لە زیو پیاڵەو قابی ئەوەندە جوانیان ساز دەکرد کە خەڵکی شوێنگەلیتر لاساییان کردوونەتەوە و لە زەردو شووشەو تەنانەت لە نەوعێك سێرامیك شتی وەك هی ئەوانیان ساز دەکرد کە ئەمڕۆ لە مووزەکانی ئەوروپاییدا نموونەیان هەیە، بەتایبەتی شووشە قووڵو تراشراوەکانیان سەرنج راکێشە.(٤٨)

پەیدابوون و گەشەکردنی سنعەت لەم سەردەمەدا تەنیا تایبەت بە چنین و فەرش دروستکردن نەبوو، بەڵکو ئەو پێشکەوتنە لە پیشەکانی شووشەسازیو سواڵەت و کاری دەستیتریشدا هەبووەو زۆریش بەرچاو بووە. لە بەشی چەكو چۆڵ دروستکردندا سازکردنی چەك و چۆڵ و زۆر جۆرە مەنجەنیق و خشت هاوێژو قەلاکوتی تازەو سازو بەرگی شەڕو کڵاو خوودو قەڵغانو... لەو شتانە بوون کە ساسانییەکان زۆریان بەرەوپێش بردو کاملیان کردن.(٤٩) کوردستان وەك زۆر هەر لەو کتێبەدا ئاماژەمان پێکردووە، ناوەندی بەشی زۆری شەڕەکانی ئێران لەگەڵ یۆنان یا رۆم بووە، داهێنەری زۆر شێوە لە شەڕو هێرش و دژە هێرشی بووە کە خەڵکیتر کەڵکیان لێوەرگرتووە، هەروەك "پرۆکوپیوس" مێژووزانی رۆمی زۆر نموونەی لەوانە لە نووسراوەی خۆیدا هێناوە کە ئێمە بە یەکێك لەمانە ئاماژە دەکەین: قوباد پادشای ساسان لە شەڕ دەگەڵ "ئامێد دیاربەکر" چەند جۆر مەنجەنیقی تازەی بۆ رووخاندنی دیواری حەوشەکان و شوێنە قایمەکان هێنابوو. خەڵکی ئامێد لەسەر بورجەکانڕا، تەختەی گەورەیان بە مەنجەنیقەکاندا دەدا کە ئەوەش دەرهێنانێکی نوێ بوو، بەم هۆیە زۆریان لە سوپاییەکانی قوباد کوشت. قوباد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی کە لەو هێرشەدا هەیبوو، فەرمانیدا تا تەپکێکی گەورە لە نزیك شار بە توربەرێژ ئامادە بکەن تا مەنجەنیقەکان لەسەر ئەو تەپۆڵکەوە هێرش بکەنە سەر شار... . خەڵکی شاری ئامێد لەنێو شار تا بن تەپۆڵکەکە نەغمیان لێدا وردە وردە خۆڵی بن تەپکەیان کێشانەوە، بەشێوەیەك کە تەپکەکە بە تەواوی هڵۆڵ بوو، تەنیا

---

٤٨ - هونەری ئێران لە سەردەمی پارتیو ساسانی، رۆمن گیرشمن. لاپەڕەکانی ٢٣٨ و ٢٨٤، وەرگێڕانی بارام فەرەوەشی

٤٩ - لەم بوارەدا موتاڵای کتێبی "مێژووی شەڕەکانی ئێرانو رۆم" لە نووسینی "پرۆکۆپیوس Procopus" کە بۆ خۆی لە چاوەدێرانی راستەوخۆی ئەو کات بووە، گەلێك بە کەڵکە.

بروسکه خاکێکی به بەرەوە ما... . ئێرانییەکان بە خەیاڵێکی ئاسوودە بەرەو لوتکەی تەپۆڵکەکە رایانکرد تا لەوێڕا خەڵکی شاری بەر مەنجەنیقان بدەن، بەڵام هەر کە قورسایی سوپاییەکانی قوباد شا گوشاری خستە سەر تەپۆلکەکە، خاکی تەپۆڵکەکە تابوشتی نەهێناو لە نەکاو تێك رووخاو ئەو لەشکریانەی گەیبوونە سەر تەپۆڵکەکە، بەسەر یەکدا کەوتن و گیانیان لەدەستدا. ئەم شێوەکارە چەند جار لە درێژایی شەڕە جۆراوجۆرەکاندا یەك لەوان شەڕی رۆمییەکان لەگەڵ "هەیاتلە"کان کە شاریان گەمارۆ دابوو، بە چەشنێکیتر لەلایەن رۆمییەکانەوە کەڵکی لێوەرگیرا.[٥٠]

سەرەڕای هەمو ئەو ناتەواوی و کەموکوڕی و بێ بەشیانەی خەڵك لە نیعمەتی مەوجوود لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا نموونەی زۆر کە نیشاندرەی وەستاییو لێزانی سنعەتکارانی ئێرانی ئەوکاتە دەبیندرێ کە هەر کامیان دنیایەك لە جوانیو گەورەیین. "دەوڵەمەندی و گەورەیی شارستانیەتی ماددی سەردەمی ساسانیو جەلالو شکۆی دەرباری و ئەعیان و ئەشراف تاریف ناکرێو زیاتر وەك ئەفسانە دەچێ. پیاڵەی زارك تەنگی خواردنەوە، قاب و قاچاغ، پیاڵەی تایبەتیی شەرابخواردنەوە، گۆزەلەو مقەڵیو ئاگردان و کەشەف و چراکانیان لە جوانیدا بێوێنەن."[٥١]

ئەوەی لە نووسینی ئەم کتێبەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە باس لەمەڕ فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان هەموو هەرێمەکانی ئێران و دییارەکانی کە گرتوویانەو لەژێر دەستیاندا بووە، دەگرێتەوە. ئێمەش ئەگەر لەسەر کوردستان (کوردو ئین) ئەوها بیر دەکەینەوە، هەر لەسەر ئەو بنەما فکرییە، بەڵام لەو باسەی ئابووری و سنعەت و پیشەسازیدا، هەروەها باس لەسەر هونەر وەك دوایە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە، ئەوە کوردستانە ئەوەی هەیەتی دەیدا بە تەواوی هەرێمەکانی ئێران، چونکو لەو کات و سەردەمەدا بە زۆر هۆ کوردستان یەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی سنعەت و بازرگانی و هۆنەرو جوانی بووەو زۆری ئەو نیعمەتانە لەوێڕا بۆ نێو دەرکردن و نێوبانگ پەیداکردنی ئێران لە دنیادا کاریگەرییەکی

٥٠ - مێژووی شەڕەکانی ئێران و رۆم، نووسراوی، پرۆکۆپیۆسو...

٥١ - مێژووی ئێران لە سەردەمە کۆنەکانەوە تا کۆتایی سەدەی ١٨، ن. و. پیگولوسکایا، یاکۆبۆسکیو... وەرگێرانی کەریم کەشاوەرز.



یەکجار زۆری بووە، ئەوانەی لەم بوارەدا حاشاهەڵنەگرن، بریتین لەوانە لە ژێرەوە باسیان دەکەین:

١ـ دراوسێتی کوردو ئین (کوردستان) لەگەڵ ئیمپراتووری رۆم و دواتریش رۆمی رۆژهەڵات (بیزانس)و وڵاتەکانی کە گرتوویەو لە ژێر دەستیدا بووە و هەروەها ئەو هەرێمە خاوەن شارستانیەتانەی سەردەم، وەك میسرو فینیقییە (لوبنانو...)و پاشانیش پێوەندییان لەگەڵ ئەو سەردەمە دوورانەی وەك رۆمی رۆژئاواو ئورووپا کە هێدی هێدی شکڵێکی نوێ بە خۆیەوە دەبینێ، هەروەها دەورووبەری دەریای مەدیتەرانە.

٢ـ هەبوونی کانگای زۆرو زەوەندی مادەکانی پێویست بۆ سنعەتەکانی ناوبراوو بێنیازبوون لە هێنانی ئەو مادانە لە دەرەوەڕا کە ئەوە خۆی لەو کاتەدا گرینگییەکی تایبەتی هەبووە. هەروەها بوونی سنعەتکاری زۆر وریاو لێزان لەو خاکەدا، بێجگە لەوەی خۆی هەیبوو، دەستیشی بە ئیمکاناتی وڵاتانی وەك بیزانس (رۆمی رۆژهەڵات)و فینیقییەو... ڕادەگەیشت و دەیتوانی هۆزانوانان و سنعەتکارانی ئەو دەڤەرانە بە هاسانی بۆ لای خۆی رابکێشێ.

٣ـ گرینگتر لە هەمووی ئەوانەش، هەڵکەوتنی خاکی کوردوئین لە ناوەندی رێگاکانی بازرگانیی رۆژئاواو رۆژهەڵات، بەتایبەتی شارێی بەناوبانگ و گرینگی ئاوریشم بوو، کە ئێستاش بایەخی تایبەتیی هەر ماوە. ئەو هەڵکەوتە ببوو بەهۆی ئەوە کە لە هەموو ئیمکاناتی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو تەواوی ئەو وڵات و خاکانەی کە خاوەنی رێگەی بازرگانی بوون، هەر لەوسەری ئاسیاوە تا رۆژئاوای ئورووپا، واتە لە چینەوە تا ئیسپانیاو پرتەقاڵو ئینگلیس بەهرەمەند بێ و بتوانێ لە برەو پەیداکردن و گەشەکردنیان کەڵك وەرگرێ.

دیارە ئەوانەی لە سەرەوە باسمانکردنو زۆر هۆی وردو درشتیتر کە بەداخەوە بە بوونی ئەو هەموو کەرەسەو ئیمکاناتەوە، هەر بەو هۆیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چونکو تەنیا لە ئیختیاری هێندێك ئەرباب و کارفەرمای لەخۆباییو زاڵمی وەك گەورە ملکدارەکان (فیئۆداڵەکان)و حوکمدارو ئەمیرەکانی دەوڵەتیدا بوو. بە وتەی دوکتور "گیرشمەن" بەدبەختییەکی گەورە کە داوێنی هەرە زۆری میللەتی گرتبوو کە بەرهەمهێنەرانی سەرەکی بوون، ئەوەشی پێشی بەوە دەگرت کە بیر بکەنەوەو نەبوونی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا هەست پێ بکەن و فکرێك لە حاڵی خۆیان بکەنەوە... .[٥٢] لە ئاکامدا، تەواوی ئەو ئیمکانات و قازانج و داهاتەی کە دەبوو بۆ خۆشیو خۆشگوزەرانی خەڵك و بەرەوپێشچوونی کاروباری

٥٢ - ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام، پرۆفیسۆر "رۆمەن گیرشمەن"، وەرگێڕانی، دوکتور محەممەد معین، ل ٣٥٣

وڵات سەرف بکرێ، لەنێو هەواو هەوەس و خوێڕیگەریەتی و لەخۆباییبوونی ئەو کەمایەتییە دەسەڵاتدارەدا دەخوراو ون دەبوو.

برزوویەی تەبیب، فەیلەسووف و تەبیب و زاناو هزریاری سەردەمی نەوشیروان لەسەر وەزعی خەڵکی ئێران لەو سەردەمەدا دەنووسێ: "لەو رۆژگارە رەشەدا کە خێرات بە جارێك لەناو چووبوو، خەڵك هیمەتیان بۆ لای چاکە رووی لە کزی بوو، دەماندی کە کاری رۆژگار بەرەو بێبەختیو نەگبەت دەچوو، چاکە ماڵئاوایی کردبوو، کاری باشو قەولی راست و دروست کۆن ببوو، دادپەروەری و ئینساف نەمابوو، زوڵم و زۆر ئاشکراو خەسیسی و بێغیرەتی زاڵبوو، پیاوەتیو وەفا باری کردبوو، دۆستایەتی لاواز و دوژمنایەتی بەهێز بوون، پیاو چاکەکان بیمار و زەلیلو پیاو خراپ و بەتفەڕان ئازاد بوون و حورمەتیان دەگیرا، مەکرو فێڵ باوو وەفاو جوانمێری خەوتبوو، درۆ کاریگەرو بەسوودو راستی ناپەسندو دوورکەوتوو، حەق مەحکووم و باتڵ حاکم، مەزڵوومی خاوەن ماف زەلیل و زاڵمی بێخێر ئازیز بوو، تەماع غاڵب و قەناعەت مەغلووب، حاکم غەدری دەکردو زاهید فێڵباز."[٢] بە بڕوای زۆرینەی لێکۆڵەرەوانو توێژەرەوانی خاوەن ڕا، یەکێك لە گەورەترین هۆی شکستی ئیمپراتووری ساسانی لە بەرامبەر عەرەبی بێسازو بەرگ، هەر ناڕازیبوونی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك لە زوڵم و زۆری فەرمانڕەواو رزیویی وەزعی ئیدارەی ناوخۆو ناتەبایی توندی چینایەتی و پەرێشانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیمپراتووری ساسانی بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی ئەو خەڵکە لە بەرانبەر هێرشی عەرەبەکاندا بێخەم بنو هیچ چەشنە هەستێکی بەرپرسایەتی لەخۆ نەنوێنن.

## بازرگانی و رێگاکانی لە سەردەمی ساسانییەکاندا:

ئەو سات و سەودایانەی کە لە پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکانو نەتەوەکاندا دەکرێو پێشی دەگوترێ بازرگانیو تیجارەت، لەسەر بنەماو چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەڕێوە دەچێ کە مەرجی ئەم کارەن. لەم بوارەدا بەشێوەی ئاسایی هەرکەس یا هەر تاقم و کۆمەڵگایەك ئەوەی هەیەتی یا بەرهەمی دێنێ، ئەگەر لە خۆی زیاد بێ یا دەیگۆڕێتەوە یا دەیفرۆشێ. لە هەلومەرجێکی وەها دایە کە خەڵك لە رابردوودا ئەوەی لە خۆی زیاد بووە بەشێکی گۆڕیوەتەوە کە پێویستی بووە و مەبەست لەم باسە ئەوەیە کە بازرگانی لەسەر بناغەیەکی دروست یەکێك لە هۆکارەکانی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی هەر نەتەوەیەك بووە و ژێرخانی ژیان و ریفاهی ئەو نەتەوەیە. بە واتایەکیتر بەهەر رادەیەك ئیمکاناتی قەومێك زۆرتر و شتی زیاتری هەبێ،



رادەی پێداویستی خەڵکەکەی کەمتر دەبێ، هەر لە بنیادەوە بەرهەمی باشترو زیاترو کەرەسەی بڵاوکرانەوەی رەحەتتر، پێوەندیی راستەوخۆی دەگەڵ گەشەسەندنی باری ئابووری نەتەوەکەی هەیە. بۆیە بەو باسەی پێشتر کردمان، لە ئێرانی سەردەمی ساسانییەکاندا بازاڕەکانی ئێران داخوازییەکی زیاتریان بووە، لە ئاکامدا بازرگانی ئەم وڵاتە زۆر بەرەوپێش چوو. لەلایەکی دیکەوە چونکو بەرهەمهێنان و توانای بڵاوکردنەوەش پێوەندیی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە، کەوابوو بۆ گەشەکردنی بازرگانی، و بەتایبەتی بازرگانی دەرەوە، بوونی رێگەو بانی باش، پێویستییەکی بێئەملاو ئەولا بوو کە بەختەوەرانە ئێرانییەکان هەر لە سەرەتاوە زۆریان حەز لە سازکردنی رێگەو بان و ئاسایش لەو رێگایانەدا کردووە، هەروەك کێشانی رێگاو بانی زۆرو رێکخستنی پێوەندی لەنێوان پێتەخت و هەرێمەکانی لێك جیاوازی وڵات، یەکێك لە کارە سەرەتاییەکانی داریوشی هەوەڵ پادشای هەخامەنەشی بووە. کێشانی رێگەی شایی کە پێتەختی ئێرانی دەگەڵ "ساردی" پێتەختی وڵاتی لیدی یا لوودیە تێکەڵ دەکردەوەو ١٥٠٠ واتە ٢٤٠٠ کیلۆمیتر درێژایی بوو، بە شاکاری رێگەسازیی ئەوکات دەژمێردرا.

ئەو رێگایە دوای تێپەڕین لە "حەلوان"و "کەنگاوەر"و "هەمەدان" لە کوردستان، رێگەیتریشی لێدەبنەوە کە هێندێك مەڵبەندی دیکەشی دەگەیاندە پێتەخت، وەك رێگەی هەمەدان بۆ خووزستان و کەنداوی فارس، رێگەی هەمەدان بەشاری رەیو دەریای خەزەر، رێگەیەکیش لە خوراسانەوە بۆ کابول و هیندستان، رێگایەکیش لە تورکستانەوە بۆ چین. ئەو کارەی رێگە دروستکردن دواتریش درێژە درا، دەوڵەتەکان بۆ دابینکردنی ئاسایش و راحەتی کاروانەکانی بازرگانی، خەریکی سازکردنی کاروانسەراو پرد، هەروەها عەنبار ئاوو چاپارخانە بوون. لەو بەینەدا بازرگانەکانیش کە گەشەکردن و بەربڵاویی سات و سەودا بۆ ئەوانیش هەروەك بۆ دەوڵەت گرینگیی تایبەتی هەبوو، بۆ پێکهێنانی ئەمنیەت و هێزی ناوەندی لە بەرانبەر چینی نەجیبزادەو خاوەن مڵکە گەورەکان هەموو کات لایەنی شایان دەگرتو یارمەتییاندەدا.

دیارە نابێ لە بیرمان بچێ کە ئامانجی پاشاکان لە دروستکردنی رێگا زیاتر پێکهێنانی ئیمکان بۆ هاتوچۆو گواستنەوەی هۆگەلی سەربازی و سەربازەکان بووە و بەهیچ شێوەیەك مەبەستیان لایەنی بازرگانی نەبووە و بەدوای ئەوەیدا کە پیشەسازی و بەرهەمهێنان، هەروەها پێویستی بە ئاڵوگۆڕی کاڵا لەگەڵ خەڵکیترو تەنانەت دوای ئەوەش کە خەڵکانێکی کە خوازیاری بەرهەمەکانی ئێران بوون، روویان لەو بەرو بوومانە دەکرد، جا حوکمڕانە

ساسانییەکان لە گرنگیی ئەو بەشە بوون و بە مەبەستی قازانجی زیاترو ئالۆگۆڕی توندترو ساناتری بەرو بووم، ناچار بوون لەم پێناوەدا زیاتر تێبکۆشن.

مەسەلەیەکی دیکەی جێگەی سەرنج ئەوە بوو کە ئێران تەنیا لە بیری کشتووکاڵدا بوو، هەر خەریکی ئەو بەشە بوو، بۆیەش بۆ بەرێکردنی بەرهەم هەر لەو شتانەی کەڵکی وەردەگرت کە لەم دوایانە ئەو شتانەی بەڕێ دەکرد کە سابیقەیەکی دێرینیان هەبوو، بەڵام جارێکی دیکەش برەویان پەیدا کردبۆوە و کەرەستەی بەرهەمهێنانیان یەکجار زۆر ببوو، هەروەها بەشێك لەو سنعەتانەی کە لەم دواییانەدا بایەخی زیاتریان پێدەدا، زیاتر ئەو شتانە بەڕێ دەکران کە پڕبایەخ بوون و زیاتر خەڵکە دەوڵەمەندەکە خوازیاری بوو. وەك لە پێشدا باسکرا، لەبەر زۆربوونی باغی توو کرمی ئاوریشم زیاتر ببوو، دورستکردنی قوماشی ئاوریشمو بەرێکردنی بۆ دەرەوە بەتەواوی کەوتبووە دەست ئێران، بەرێکردنی ئەو بەرهەمە ئەوەندە بەرەوپێش چوو کە بوو بەهۆی توندوتۆڵی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانیترو کاریگەرییەکی بەرچاوی لە وەزعەکەدا هەبووو دەوڵەتیش داهاتێکی زۆری دەستدەکەوت. کوردستانیش بەهۆی هەڵکەوتەیەکی مومتاز کە هەیبوو، لەسەر شار ڕێگەکانی بازرگانیی ئاوریشم و پێرس پۆلیس ـ ساردۆ... بوو لەو بەربڵاوییە تیجارییە سوودێکی زۆرو بەرچاوی دەستکەوت و لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی جۆراوجۆری وەك چینیو هیندی تا قەفقازو ئیرەوان، هەروەها لەگەڵ رۆمی رۆژهەڵات واتە (بیزانس)و نەتەوەکانی ئەوێ هەتا شام و میسرو...لە بواری بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن لە وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر بەهرەمەند بوو. هەڵکەوتەی تایبەتی و جیاوازی کوردستان جۆرێك بوو کە خەڵکی دنیای ناسراوی ئەو سەردەم بۆ پێوەندیگرتن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە یەکەوە، دەبوو هەر لە خاکی کوردستان تێپەڕنو کاڵا بازرگانییەکانیشیان هەر دەبوو بەوێدا بڕوا کە ئەوەش لە ڕێگەی وەرگرتنی باجی تێپەڕین داهاتێکی بەرچاوی بۆیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتانەی کە لە کوردستان دروستدەکران و خوازیاریشیان لە نێو کاروانیو سەرقافڵەکاندا زۆر بوو، برەوی بە کاروباری بازرگانی دەدا، هەرچەند بەو هۆیانەی باسمانکردن، ئەو داهاتە زۆرو نەگۆڕە لە کوردو ئینو بەشێك لە مادی بچووك چین و توێژەکانی بێبەش و هەژاری کۆمەڵگای نەدەگرتەوە، بەڵام بەهەر حاڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە بەرەوباشچوون و ریفاهی ئەودا هەبوو، هەروەك گەشەکردنی وەزعی ئابووری ببوو بە یەکێك لە هۆیەکانی ئاوەدانی و برەو پەیداکردنی شارەکان و بەربڵاوبوونی ئاوەدانییەکان و



دروستبوونی زۆر شارو ئاوایی نوێ[٥٣] کە لە ریزی ئەوانە دەتوانین بە بەرینتربوون و پێشکەوتنی شارەکانی "نیسیبەین"و "ئامێد"و "میافارقین"و "رەها"، هەروەها بە شارەکانی وەك "قرمسین یا کرماشاهانو...لە ڕێگەی شاهی" ئاماژە بکەین.

لە زۆر شوێنی کوردستان، سکەگەلێ فرەی سەردەمی ساسانی لە قەبارەو شێوەی هەمە بابەت دەستکەوتووە کە زۆربوونیان خۆی هۆیەکی روونە لە بەرەوپێشچوونی ئابووریی ئەو سەردەمەدا. بە لەبەرەچاوگرتنی ئەوەش کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە ژێر دەسەڵاتی رۆمییەکاندا بووە[٥٤] بوونی ئەو هەموو سکانە لەو هەرێمانەدا بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پارەی ئێرانی لەو وڵاتەدا زۆر برەوی هەبووە، هەر لەو نموونانە بە زۆری لە جێگای زۆر دووری ئاسیا تا سنووری چینو هەروەها لە وڵاتانی قەفقازو تەنانەت لە هەرێمەکانی باکووری "دەریای رەش"یش دۆزراونەتەوە، بەم جۆرە دەرکەوتووە کە دوای زنجیرەی "ساسانییەکان"یش لەو شوێنانە بە برەو بوون.[٥٥]

مامۆستا سەعید نەفیسی دەنووسێ: لە سەردەمی ساسانییەکاندا پارەی ئێران بە برەوترین و باوەڕپێکراوترین پارە بووە، ئەو پووڵە لە قەراخ چۆمی دیجلە تا قەراخ چۆمی سەندو لە بیابانەکانی عەرەبستانەوە تا سنووری چین رەواج بووەو لەو قەرارە رەواجترین پارەی دنیا بووە.[56] پارەی ئێران لە سەردەمی ساسانیدا لە زێڕو زیوو مسو مەفرەق ساز کراون و سکەی زێڕ (دینار) لە چاو ئەوانیتر کەمتر لێدەدرا، دیارە سەنگیان یەك نەبووەو هەروەك نووسیویانە لە بەینی ٢/٤ تا ٣/٦٥و ٣/٩٤ گرەمدا دەگۆڕدران.[57] "لوئی واندتبێرگ" دەنووسێ: بەشێوەی ئاسایی لە روویەکی سکەکە وێنەی پادشایەك کە لە سەردەمی ئەودا لێدراوە، رەسم دەکراو لە روەکەی دیکەی وێنەی عیبادەتگە یا ئاتەشگایەکی کە بایەخدارو گرینگ بووە، لە سکەکە دەدرا.[58]

---

٥٣ - ئازەربایجان، ئیدوین رایت، لە ل، ٢٢ بەدوا.

٥٤ - هەر ئەوە یەکێك لە گەورەترینی ئەو هۆیانەیە کە لە شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمە و دواتریش ئاماژە بە کوردستان نەکراوە، لەحاڵێکدا لە کتێبەکانی مێژووی رابردووی رۆم زۆر زیاتر لە ئێران چاومان بە نێوی کوردوئین و مەسەلەکانی پێوەندیدار بەو خاکە و خەڵکەکەی دەکەوێ.

٥٥ - مێژووی شارستانییەتی ئێرانی ساسانی، سەعید نەفیسی

٥٦ - هەمان سەرچاوە، ل، ٣٢ بەدوا

٥٧ - ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، ل ٦٥٦ بەدوا

٥٨ - باستانشناسی ئێرانی دێرین، لوئی واندنبێرگ، وەرگێڕانی، عیسا بێهنام، ل ٢٢٤

ئەو سکانەی کە هی سەردەمی ساسانییەکانن لەوانەی دوای سەردەمی شاپووری دووهەم باشترن کە ئەوەش بۆخۆی دەلیلێکە کە گەشە کردنی ئابووری و برەوی سەوداو بازرگانی ئێران هێدی هێدی بەرەو پێش چووەو لەئاکامدا پارەی زیاتر پێویست بووە. هەر بۆیەش سکەیان زیاتر لێداوە و لە چلۆنایەتیەکەشی کەمبۆتەوە، لە سەر ئەو بنەمایە ئەو لێکۆڵەرەوانەی سکەکانی دوایەیان دیوە و زۆر جار لە بورای هونەرییەوە بێبایەخیان نرخاندوون[٥٩] رەئیس نیا لەو باوەڕەدایە کە بە دوای مردنی هەر پاشایەك داو بە دەسەلات گەیشتنی پاشایەکیتر ئەو سکانەی لە خەزێنە دابوون بردوویانەتە سکەخانە تواندوویانەتەوەو جارێکیتر بە وێنەی شای تازە سکەیان لیداوەتەوە، ئەوەش بە هۆی کەمبوونەوەی چلۆنایەتی دەزانێ[٦٠]

دوکتور "گیرشمەن" دەنووسێ". . . ئەو سەردەمی پەیدا بوونی بەراتە . . . کە بێگومان لەهەزارەی دووهەمی پێش زاییندا ناسرابوو . . . لە سەردەمی ساسانییەکاندا وەك بەڵگەی ملکایەتی ناسراو بە شێوەی رەسمی هاتەگۆڕێو . . . بانکەکانی شاهنشایی کە لە لایەن ئێرانییەکان یا جووەکانەوە ئیدارە کران، ئاڵوگۆڕی پارەیان لە رێگەی نووسراوەوە بە زۆری جێبەجێ دەکرد. . . ئەوەی کەم کەس لێی ئاگادارە ئەوەیە کە دەستەبەرکردنی بەڵگە (چەکی بانکی) لە زمانی پەهلەوییەوە چۆتە نێو زمانەکانیتر . . .[٦١]

ئێران لەو سەردەمەدا لەگەڵ شوێنە هەرە دوورەکانی دنیای ئەو کات وەك چین خەریکی سات و سەودا بووەو، ئەو شتانەی بۆ دەرەوەی بەڕێ دەکردن بریتی بوون لە زێڕوزیو، مەرجان، عەنبەر، مرواری زۆر باش، شتی شووشەو بلوور، ئەڵماس، مس، شەنجەرف و جیوەو . . . کە "سیرپێرسی کاکس، حەریری گوڵدار، گوڵدۆزی و مەلیلەدووزی بە تایبەتی بەرهەمەکانی "ئامێد و دیاربەکر" لە کوردستان و فەرش و پەردەی قولابدوزی کراوی بە پڕبایەخترین شتەکانی ئێران لە ساڵەکانی ٤٤٥ تا ٥٣١ی زایینی داناوە[٦٢-٦٣]

٥٩- پرۆفیسۆر ئاندرەگودار، هونەری ئێران، وەرگێڕانی دوکتور بیەهروزی حەبیبی ل ٣٠٥ بەدوا.

٦٠- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێران ـ بەرگی دووهەم ل ٦٥٧.

٦١- هەمان سەرچاوەو هونەری ئێران لە سەردەمی پارتیو ساسانی، رۆمین گیرشمەن.

٦٢- لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی یەکەم، نووسینی مورتەزا راوەندی ل ٥٣٨ وەرگیراوە.

٦٣- زانستی ئابووری، نووسینی دوکتور تەقی نەسر.



مەبەست لە ئاماژە کردن بەم بۆچوونانە ئەوەیە کە سەرنجی ئەو کەسانە رابکێشن کە دەیڵێن و دەیڵێنەوە کە کوردستان لە فلان رێکەوت تا فلان رێکەوت نێوی نەبووە، هەر وەك ئەورۆش کە ئەو خاکە لە بەر هەڵکەوتەی تایبەتیو شازیی جوغرافیایی و ستراتیژیکی بە هۆی سنووری دەستکرد بە سەر چەند وڵاتی دیکەدا دابەشکراوە، لەو سەردەمەشدا بە دوای پەیماننامەی سەدساڵەو . . بەشێکی زۆرو پرخێرو بێری درابوو بە رۆم و . . . هەر بۆیەشە لە ماوەیەکی دوورو درێژدا ئێمە لە نێوی کوردستان و ئاڵ و گۆڕی ئەو خاکە بێخەبەر دەبین، چونکە ئەوێمان بە بەشێك لە رۆم زانیوەو هیچ باسێکیشی لێوە ناکەین، تەنانەت دواتریش واتە بە دوای پەیدابوونی ئیسلام و دابەشبوون و لەناوچوونی رۆم و پێکهاتنی ئیمپراتووری عوسمانی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی جۆرێك راستەو پاستە کراو بە شێوەیەك تێکخرانەوە کە ئەو سنوورانە بوونە وەحی ئاسمانیو مانەوە. هەرکات بە دوای شەڕو شۆڕشەکان و تێکهەڵچوونەکاندا پەیماننامەیەك لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و رۆم یا ئێران و بێزانس یا ئێران و عوسمانی دەبەسترا، دیسانیش ئەو سنوورانە کە بە هەزارو یەك دەلیل دەبوو بکشێنەوە و کوردستانی یەك پارچە ساغبێتەوە و یا لانیکەم لە ئیمپراتوورییە رۆژئاواییەکان جیا بێتەوە، هەر بێ ئاڵوگۆڕ وەك خۆی دەمایەوە، هەرچەند زۆر جاریش دەکرا بە زۆرو زەخت وەك سەردەمی نادر شای ئەفشار کە بەهێزو توانای هەرچی زیاتر عوسمانییەکانی تێکشکاند و هەر بڕیارێك کە ویستبای دەیتوانی بەسەریاندا بسەپێنێ، ئەو کارە بکرێ، بەڵام دیسان بە هۆی بیروڕای ناڕاستی حاکم بەسەر کۆمەڵگای ئێرانو قازانج خوازان و ویشك بیرانێکی کورت بین کە هەموو کات کۆسپ و تەگەرەیان دێنایە سەر رێگەی نادرشاو دڵنیا نەبوونی نادرشا، ئەو ئامانجە نەپێکرا. دواتریش کە قەمەری وەزیر[٦٤] پەیدا بوو واتە ئیستیعمارچییەکانی وەك تەیانی لە دایك مێهرەبانتری ئینگلیس و فەرەنسا و رووسیە وەك زۆر جێ گەیشتنێو مەیدانی چەوساندنەوەی نەتەوەکانیان گرت و زۆر وڵاتیان کردە کۆلۆنی و خاکی وڵاتیان کردە گۆشتی قوربانیو دابەشیان کردو هەر پارچەیەك کەوتە ژێر چنگی یەکێك لەو کولونیالیستانەو کەوتنە

٦٤- ئەوە کینایەیەکی رەواجە لە نێو ئێرانیاندا کە هەر کات کەسێکی نەویستراوو نەخوازراو لە کۆڕێکدا لەپڕ ئامادە دەبێو بۆخۆشی خراپ و فیتنەگێر بێ، ئەو رستەیەی پێدەڵێن، رستەکەش لە چیرۆکی ئەمیر ئەرسەلانی بەنێوبانگ وەرگیراوە، لە چیرۆکەکەدا قەمەری وەزیر یەکێك لە وەزیرەکانی بووە کە پیاوێکی خراپو بەدنیەت بووە.

زنجیری دیلیەتی، ئیمپراتووری عوسمانیش بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، گرفتاری ئەو بەڵایە بوو، خاکی ژێر دەستی پارچە پارچە کراو هەر قولانجێکی بوو بە وڵاتێك. هەرکام لەو وڵاتە بچووکانەش بۆ ئەوەی ببنە شتێك هەوڵیاندا لێرەو لەوێ پارچەی خاکێك بپچڕنو خۆیانی پێگەورە بکەنەوە. لەسەر ئەم کارە زۆرجار قەییومەکانیشیان پێك هەڵدەپڕژانو لە ئاکامدا ئەو بەشە لە خاکی کوردستانیش کە لە ئێران دابڕابوو خرابووە سەر خاکی عوسمانی، لەبەر بێکیفایەتی بەڕێوەبەرانی کە ببوونە نۆکەری وڵاتە کولونیالیستەکان لەم پێناوەدا زیاتر لە هەمووان بوو بە قوربانی.

## هونەری مێعماری لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا:

درێژەی هونەر لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا وەك زۆر لە دیاردەو هۆکارەکانی شارستانیەت هی سەردەمی پێشوو بووو لەم دەورەشدا زۆری گەشە کردو بەرەوپێش چوو بە شێوەیەك کە لە ژیانی نەتەوەکانیتر بە تایبەتی ئەوانەی دراوسێی خاکی ساسانی بوون زۆری کاریگەری هەبوو، ئەو کاریگەرییە ئەوەندە زەق بوو کە دەتوانین هونەری ساسانی تارادەیەکی زۆر بەربڵاو لە ئیمپراتووری ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزانس) دا ببینین، ئاشکرایە کە هۆزانوانانی ڕۆمی لە کاری خۆیان دا بەهرەیان لێوەرگرتووە[٦٥-١] وەك دەڵێن ئێرانی ساسانی وەك پردێك وابووە کە هونەرەکان و لکەکانی شارستانەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەکەوە گرێدەدا، هونەرەکانی بیزانس، بگرە دوورتریش بۆ ئاسیای ناوەندی و هیندوستان و بە پێچەوانەش هونەری ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕۆژئاوا دەگوازتەوە[٢-٣] دیارە ئەو باسە ئەو راستییەش دەردەخا کە ئێرانیش لەو بەرەوپێشچوونەی شارستانیەت و گواستنەوەی هونەری خەڵکیتر بەهرەی وەرگرتووە و ئەوانیش کاریگەری خۆیان لەسەر ئێران هەبووە، هەر لەو سەردەمەدا بووە کە

٦٥- تالبوت رایس لە کتێبی "میراتی ئێران"دا کە لە ژێر چاوەدێری "ا ج ئاربری"و چەند ڕۆژهەڵاتناس نووسراوە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئیمپراتووری ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی ئەرمەنستانەوە فەرهەنگ و هونەری ساسانی وەرگرتووە، هەروەها دەڵێ: بێگومان هێندێك لە ئەندازیارو مێعمارەکانی "یوستی نیانوس" ئیمپراتۆری:

١- پرۆفیسۆر ئاندرەگودار، هونەری ئێران، وەرگێڕانی دوکتۆر بەهروزی حەبیبی ل ٣٠٥ بەدوا.

٢ ـ مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی یەکەم ل ٥٢٤ بەدوا.

٣ ـ مێژووی شارستانیەت، ویل دورانت بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی احمد ئارام ل ٥٤٩ بەدوا.



ئێرانی ساسانی بێجگە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیو ئابووری لەگەڵ هیندوستان دەستی داوەتە کاری ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیو هونەری پڕبایەخ و هیندووەکان بە یارمەتی و هاریکاری ئێرانییەکان دەستیان وەسەرچاوەکانی فەرهەنگی یونانییەکان لە بواری پزیشکی، نجوم، هەندەسەو مەنتق ڕاگەیشتووە[٦٦] دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هونەری ئێرانییەکان لە هەموو سەردەمەکانداو بە وتەی پروفیسۆر دۆرانت: " . . . لە سەردەمی داریوشی گەورەو پێرسپۆلیس تا سەردەمی شاعەبباسو ئیسفەهان هەمووی بۆ ئێمە سەرنجراکێشە و جێگەی سەرسووڕمانە.[٦٧]

لەو هەموو مێعمارییەی ساسانییەکان بەو هەموو نێوبانگەی کە هەیبووە، بەداخەوە تەنیا شکڵی ڕواڵەتیو زۆر بەهەیبەتی ماوەتەوە[٦٨] ڕازاوەییو جوانییەکانی وەك گێچ بوریو . . . زۆر لە مێژە لەناو چووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە مێژوونووسانێك کە لە دەورەکانی کۆنتردا بۆخۆیان ئەو شوێنانەیان دیوە گوتوویانە ئەو گێچ بوریانەی سەردەمی ساسانی یەکجار پێشکەوتوو بوون[٦٩] هونەرمەندەکان جگە لە دروستکردنی گەڵاو گوڵی جۆراوجۆر، هەموو جۆرە باڵندەو گیانلەبەرێك و سەری دڕندان و ئەو حەیوانانەی ڕاو دەکرێن بە وەستایەتێکی تەواو لە گێچ دەکێشاو دەردێنا کە هێندێك جار داستان و چیرۆکی وەك ڕاو و شکاری بارامی گۆریان لەسەر گێچ دابەزاندووە. بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون ئەو هونەرمەندانە بۆ بەردەوام بوونی گێچکاری بەنرخی خۆیان هێندێك ماددەی وەك کەتیرەو نیشاستەو شیر یا سرکەیان لە دەسکردەکانی خۆیان هەڵدەسوو، ئەوان زۆریان کەڵك لەو شتانە وەرگرتووە.

لە شوێنەواری مێعماری ساسانییەکان دەتوانین ئاماژە بە کۆشکی الحچرای قەسری شیرینو شارێك هەر بەم ناوە بکەین کە لە کوردستان هەڵکەوتووە، بەڵام سەرنجراکێشترین ئاسەواری مێعماری ساسانییەکان کۆشکەکانی سەڵتەنەتی "تیسفون یا مەدائینە" بەرزایی سێ دیواری لە سەرپێماوی ئەو کۆشکە ١٠٥ میترە کە نمای ئاسۆیی ئەو دیوارانە لە پێنج ریزدا بە

٦٦- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی یەکەم ل ٥٢٤ بەدوا.

٦٧- مێژووی شارستانیەت، ویل دۆرانت، بەرگی دەیەم، بەشی یەکەم، سەردەمی ئیمان، وەرگێڕانی ابوطالب سارمی ل ٣٥١.

٦٨- هەمان سەرچاوە.

٦٩- وەك مەسعوودی و ئیستەخری کە لە سەردەمی ساسانییەکان نیزیك بوون گوتوویانەو لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئاماژەیان پێدەکەین.

کەمانەی کووڕ دابەشکراون. کەمانەی ناوەندی کە هەشتاو پێنج پێ بەرزو حەفتاو پێنج پێش پانە، بەرزترین و پانترین کەمانەی هێلکەییە کە تا ئەورۆ ناسراوە. ئەو قەوسە بە میچی تالارێك کۆتایی دەهات کە درێژایی یەك سەدو پازدە پێو پانایییەکەی حەفتاوپێنج پێ بووە.[٧٠]

چەند کەسێك لەسەر ئەو باوەڕن کە ئەو کۆشکە لە ساڵی ٦٣٨ی زایینی بە هۆی ئەو سەنعەتکارو مێعمارە ڕۆمیانە ساز کراوە کە" چۆستی نیانووس"ی ئیمپراتووری ڕۆم لەگەڵ بەردی مەڕمەڕی یۆنانی بۆ نوشیروانی ناردبوو.[٧١]

بەهەرحاڵ کۆشکی مەدائین لە ساڵی ١٨٨٨ی میلادی خراپ بوو، بەڵام هەر ئەوەی لێی ماوەتەوە دەتوانێ گەورەیی و شازبوون و پلەی بەرزی ئەو کۆشکە لە بواری مێعمارییەوە بنوێنێ.

جگە لەو هەموو کۆشك و خانووبەرانەی لە سەردەمی ساسانییەکان ماونەوە، بەردەنووسراوێکی زۆریش لەو زنجیرە ماوەتەوە کە نەخش و نگاریان بەڕاستی جوان و سەرسووڕهێنەرن، کوردستانیش پڕە لەم چەشنە بەردەنووسراوانە. کۆنترینیشیان ئەو نەخشو نگارە لەسەر بەرد نووسراوەیە کە ئەردەشێری پاپکان لە حاڵێکدا نیشاندەدا کە پێی لەسەر پشتی یەکێك لە دوژمنەکانی داناوە، لەو چەشنە بەردەنووسراوانەی ساسانییەکان لە کوردستاندا، دەتوانین بە بەردە نووسراوەکانی تاق بوستان لە نیزیك کرماشان ئاماژە بکەین کە لەودا دوو قەوسی کە پاڵیان وەستوونێك داوە، لە قووڵاییدا لەبەرد دابڕاون و سیمای بەرجەستەی شاپووری دووهەم و خوسرەو پەرویز لە حاڵی ڕاودا نیشاندەدەن. ئەو حەیوانانەی لە سەر ئەو بەردە نەخش کراون وەك فیلو بەراز، ئەوەندە قۆزو جوان ڕەسم کراون کە وابزانە زیندوون. گەڵاو لقو پۆپی داران و سەری کۆڵەکەکان، بەڕاستی جوان و سیحراوین، وەك گیرشمەن ئاماژەی پێکردووە، وێدەچێ ئەو نەخش و نیگارە ڕەنگ کرابن.

لەمەڕ تایبەتمەندی مێعماری سەردەمی ساسانییەکان، ڕەئیس نیا لە سێ حاڵەتی تایبەتیدا باسدەکا کە دەڵێن:

١ـ بڕەوی تاقەکانی نێو دایرەو شێلمین، بە زارکی زۆر گەورەوە کە کونگرەیان لەسەرن، بۆ نموونە تاقی کەسرا بەو زارکە گەورەیەوە ئێستاش جێگەی گوتنی ئافەرینە.

---

٧٠- پروفیسۆر ڕۆمەن گیرشمەن. کە لە "مێژووی کۆمەڵایەتی ئێرانی" مرتضي راوەندی وەرگرتووە ل٢٥٣.

٧١- هەمان سەرچاوە.



٢ـ کۆشکەکان و ساختومانەکان بە شێوەی ئاسایی لە ژوورەوەو دەرەوە بە گێچ بوریەکی جوان دەرازانەوە کە ئەو کارە یەکێك لە دیاردەکانی هونەری نگارکێشی ئەو سەردەمەیە.

٣ـ سازکردنی دیواری ئەستوور لەبەردی تراش یا لە خشت و گێچ[٧٢]

یەکێك لە تایبەتمەندی مێعماری ساسانی دانانی گومبەز لە سەر چوارپایە بووە کە چوار تاق بەیەکەوە دەبەسترانەوە. ئەوە هونەرێك بووە کە ڕۆمییەکان نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن، ئەوان ئەوەیان دەزانی کە گومبەزەکان لە سەر هەشت بەر یا هەشت پایە دانێن، زۆربەی توێژەرەوەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕۆمییەکان ئوسوولی بنەڕەتی ساختومانی گومبەزی لە ساسانییەکان فێربوون[٧٣] و تەنانەت ئەوانەی کە زۆر بە تێبینیو ئیحتیاتەوە لەم بوارەدا بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن دەڵێن ". .. ئێران لە مێعماری ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزانس) کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان هەبووە. . . تاقە هێلکەیی شکڵەکان، کەمانەکانی گێچین لە رازاندنەوەی نمای خانووەکاندا، هیلالی سێگۆش لەسەر پایەی خڕی گومبەزو زیادکرانی ئاوێزەیەك بە شێوەی چوارگۆشو دەرهێنانی بە شکڵی خاچی یۆنانی هەر هەموویان سەرچاوەکەیان ئێرانە.[٧٤] تەنانەت سعید نەفیسی دەنووسێ: توانای سەنعەتی سەردەمی ساسانی ئەوەندەی برەو ساندبوو کە تا چەند سەدە دواتریش لە وڵاتانی دراوسێو وڵاتانی دووریشدا کاریگەرییەکەی هەر مابوو، تەنانەت لە دروستکرانی مزگەوت و تەکیەکاندا هەر ئەورۆش بەرچاو دەکەون ئەو کاریگەرییە تەنیا لە بواری مێعماریدا نەبوو، بەڵکوو هەموو بابەتەکانی پیشەسازی دەگرتەوە. نەفیسی هەروەها دەڵێ بەتایبەتی ئەو شوێنەوارەی مێعماری ساسانییەکان لە شەبستانەکان و چل ستوونەکانی مزگەوتە گەورەکانی ئێران هەر ماوەتەوەو ئێستاش بەڕاستی هەر زیندوە و ماوە، هەر بۆیە ئەگەر سەنعەتەکانی ئێران لە سەردەمی ئیسلامیدا بە درێژەی پیشەسازی سەنعەتی سەردەمی ساسانی نەزانین، بەڕاشکاوی دەکرێ مێعماری سەردەمی ئیسلامی ئێران بە دوای مێعماری سەردەمی ساسانی بزانین.[٧٥]

---

72- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، بەرگی دووهەم ل ٦٦٤.

٧٣- میراتی ئێران، ئستێرزیگوفسکی" لە کتێبێك بەم ناوە کە بە هۆی سێزدە ڕۆژهەڵاتناسەوە لە ژێر چاوەدێری "اوج. ئاربیری" نووسراوەو "محمد موعینی" وەریگێڕاوە ل٧٧بەدوا.

٧٤- مێژووی ئێرانی ساسانی، سعید نەفیسی لاپەڕەکانی ٥ تا ٢٢٤.

٧٥- مێژووی ئێرانی ساسانی، سعید نەفیسی لاپەرەکانی ٥ تا ٢٢٤.

بە وتەی رۆمەن گیرشمەن، کاریگەری هونەری ساسانی لە سەر هونەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە چینرا تا ئەقیانووسی ئاتلانتیك[٧٦] ئەوەندە بەرین بوو کە کەم جێگا هەیە شوێنەواری لێ جێنەمابێ، ئەوەش ئاکامی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئێران بوو، لەبەر ئەوەی بە وتەی "ئینوسترانتسییف" لە سەر دووڕێیانی نێوان دنیای رۆم و یۆنان لە لایەك و چین و هیند لە لایەکیترەوە هەڵکەوتبوو.[٧٧]

ویل دورانت زۆر بەجوانی ئەوەی شیاوی مەسەلەکەیە وتوویەتی: هونەری ساسانی بە بڵاوکرانەوەی شکڵو هۆکاری هونەری خۆی لە رۆژهەڵات لە هیندوستان، تورکستان و چین، هەروەها لە سوریە ئاسیای بچووك و قوستەنتەنییە، باڵکان، میسرو ئیسپانیا ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووەو بۆتە هۆی ئەوە هونەری یۆنانی لە شێوەی کلاسیك بەرەو رەوشی جوانکاری بچێو هونەری مەسیحیەتی لاتین لە میچەکانی دارینەوە ببێ بە گومبەزگەلی خشتین یا بەردینو ئەو گومبەزە گەورانەی تایبەتی ساسانییەکان بگوازرێنەوە بۆ مزگەوتەکانی ئیسلامیو کۆشکەکان و عیبادەتگاکان.[٧٨]

## شێوەکاریو هونەرە جوانەکان لە زەمانی ساسانیاندا:

بە گوێرەی ئەو ئاسەوارانەی بە دەستەوەن و ئاماژە پێکردنی کتێب گەلی جۆراوجۆر، یەکێك لە لقەکانی هونەر کە لەو زەماندا زۆر بەرەوپێش چوو، هونەری شێوەکاری بوو، ئەو بەشە لە هونەر ئەوەندەی پێشڕەفت کرد کە بوو بە نوێنگەی سەرەکی بۆیە بەرێوەبەردنی هەموو ئەو هونەرانەیتر کە دەیانتوانی لە پەنا شێوەکاریدا خۆبگونجێنن. دەگەڵ بەرەوپێشچوونی هونەری شێوەکاری کەرەستەی پێویست بۆ ئەم بەشە لە هونەریش بە شێوەی زۆر باش سازدەکرا، ئامادە کردنی کتێب، کاغەزو زۆر پارچەی پێویست لەو شتانە بوون و بەتایبەتی سازکردنی رەنگو قەڵەم (پێنووس) زۆریان برەو پەیدا کرد. بە پێی نووسراوەکانی توێژەرەوانی رابردوو کە زۆرجار بۆخۆشیان دیویانە، شێوەکارانی لێزان و پسپۆر دوای ئەوەی بەردتراش و

٧٦- هونەری ئێران لە سەردەمی پارتیو ساسانیدا رۆمەن گیرشمەن.

٧٧- لێکۆڵینەوە لە سەر ساسانییەکان، نووسینی "کۆنستانیتی، ئینوسترانستیف.

٧٨- سەردەمی ئیمان، بەرگی یەکەم، لە کۆی مێژووی ویل دورانت ل ٢٥٦ چاپی ١٣٤٢، وەرگێڕان ابو طالب صارمی



هەیکەل سازەکان کاری خۆیان تەواو کرد، دەستکاری ئەوانیان رەنگکاری دەکرد کە ئەو کارەیان جوانیو رازاوەییەکی زۆر زیاتری بە سەنعەت و کارەکانیان دەبەخشی.[٧٩] ئەوەندەی دەست کەوتوون ئەوە نیشاندەدەن کە رەنگەکان چلۆنایەتێکی زۆر بەرزیان هەبووە، بە تایبەت رەنگەکانی زەردو شین و سەوزو ئەوانە لەو مایەدا بوون گەلێك بەرەو پێش چووبوون، لە جێیەك کە هونەرمەند بتوانێ لەسەر بەردو سواڵەت شتی ئاوا جوان و سەرنجراکێش دروستبکەن، دەردەکەوێ کە قەڵەمە موویینیەکانیان توانیویەتی چ شتگەلی سەرنجراکێشو سەیرو سەمەرە بخولقێنن. هونەری شێوەکاری و شێوەکارانی شارەزا لە لای خاوەن دەسەڵاتەکان بایەخی زۆری پێدراوە. هەر پادشایەك کە کۆچی دوایی کردووە، زۆر زوو بە شێوەکارە پایە یەکەمەکان دەسپێردرا کە وێنەی تەواوی پادشای کۆچ کردوو بکێشن. یەکەم وێنە کە بەم شێوە ئامادە کراوە هی ئەردەشێری پاپکان بووە کە لە سەر زەمینەیەکی سووری گەش بە بەرگی شینی ئاسمانییەوە لە حاڵێکا کێشراوە کە تاجێکی سەوزی زێرئاژۆی لەسەرەو نێزەیەکیشی بە دەستەوەیەو بە پێوە راوەستاوە. کتێبێکی کە ئەو رەسمەی تێدابووە، وێنەی هەموو پادشاکانیتریشی تێدایەو لە ئاخری هەموانیش وێنەی یەزدگوردی کوڕی شاریاری کوڕی خوسرەو پەرویزی تێدا رەسم کرابوو. رەسمی ئەو لە زەمینەیەکی سەوزی رازاوە بە بەرگی شینی ئاسمانی لە حاڵێکا کێشراوە کە تاجێکی سووری لەسەرەو نێزەیەکیشی بە دەستەوەیە و خۆی هاویشتۆتە سەر شمشێرەکەی. رەنگەکان زۆر سەیرن، بە شێوەیەك کە لەم رۆژگارەدا نموونەیان نییە، چونکە رەنگەکەیان لەگەڵ زێڕو زیو تێکەڵکردووە. ئەوەی لە سەری کێشراوە رەنگێکی شەپۆلاوی ئەوەندە سەیرە کە لەبەر جوانیو زەریفییان نەمزانی کاغەزە یا پێستە[٨٠]. دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە شوێنی دۆزینەوەی ئەو کتێبەیان لە "شیز" هەڵکەوتوو لە ئازەربایجان نووسیوە، کەچی مەسعوودی لە ساڵی ٣٠٣ی کۆچی (١١١٢) ساڵ بەر لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە، کتێبی ناوبراوی سەرەوەی لە شاری "ئیستەخری" فارس چاوپێکەوتووە کە وێنەی ٢٧ پادشای ساسانی تێدا بووە.[٨١]

٧٩- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، بەرگی یەکەم ل٥٣٥ بەدوا.

٨٠- التنبیە ولاشراف، نووسینی ابوالحسن علی بن الحسینی مسعودی لاپەرەکانی ٩٩ ـ ١٠٠.

٨١- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا ل ٦٦٦.

بەداخەوە ئەو کتێبە جگە لە نووسراوەی ابوالحسن مسعودی هیچیتر نەماوە کە بێگومان ئەو کتێبە هەبووە، چونکە هەر ئەو کتێبە لە سەردەمی بەنی ئومەییە بە هۆی کەسێك بە نێوی "حیله بن سالم" بە عەرەبی وەرگێڕدراوەو لە زۆر کتێبی دیکەی وەك "مجمل التواريخ و القصص" بە نێوی جۆراوجۆری وەك "کتێبی ئالی ساسان" یا "کتاب الصور، هەروەها "کتێبی وێنەگەل پادشای کوڕی ساسان" باسیکراوە. [٨٢]

بێجگە لەم کتێبە " لە شوێنەوارەکانی مانیش باسکراوە کە کۆی ئەوان بە "ئەرژەنگ یا ئەرتەنگ" بەنێوبانگە و ئەوەش دەزانین کە مانی بیروبۆچوونی خۆی بە رەسمو وێنە بەیان کردووە. شێوەکارێك بووە کە لە رێگەی بەشێك لە رەسمەکانی کە پێوەندییان بە تاوان و خراپە و گوناحەوە هەبووە بە چەشنێك بوون کە بینەر بێزی هەڵدەستاو بێزارو تووڕە دەبوو، بە هۆی ئەوانەش کە چاکە و بیری باش و کردەوەی جوانیان دەنواند، ئەوەندە دلڕفێن بوون وەك فریشتەو پەری ئەوەی لێیان دەڕوانی بەرەو کردەوەی باش هانیدەدان، مانی سیمای ترسناکی کوڕانی زوڵمەت و تاریکی وا کێشابوەوەو رەنگاندبووی کە دەیتوانی هەستی بێزاری لە بینەرێکدا پێك بێنێ. [٨٣]

لە ئەشکەوتی "خوچویتورقان"دا کە لە تورکستانی چین هەڵکەوتووە، هێندێك شوێنەواری شێوەکاری دۆزراونەتەوە کە پێیان وایە هی مانین کە لە لای ماننایەکان نوێنگەی گرینگی ئەو هونەرە [٨٤] و برێك لە لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەکارهێنانو کەڵك وەرگرتن لەم وێنانە لەگەڵ نووسراوەی جۆراوجۆر بۆ یەکەم جار لە لایەن مانییەوە ئەنجامدراوە. [٨٥] ئەو باوەڕە لەلایەن علی نقی وەزیریش تەئیید کراوە کە دەڵێ "مانەوییە بەدی هێنەری شێوەی مینیاتۆر یا فەننیو دەرهێنەری کتێبی خەتتی لە ئێرانن و کتێبەکانی وێنەداری مانویە تا سەدەی سێهەمی هیجریش خوێنەری هەبووە و شێوەی شێوەکاری مریدانی مانی، درێژەی هونەری شێوەکاری ساسانییە. [٨٦]

٨٢- مجمع التواريخ والقصص، چاك کراوی ملك الشعرای بەهار .

٨٣-

٨٤- ئێرانو شارستانیەتی ئێرانی، نووسینی "کۆلان هوار" وەرگێڕدراوی حسن انوشە لاپەڕەکانی ١٦ تا ١١٥.

٨٥- مێژووی ئێران لە سەردەمی کۆن (دێرین) ڕا تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، "ن.و. پیگولۆسکایا" وەرگێڕدراوی کەریم کە شاوەرەز، بەرگی یەکەم ل ٩٧.

٨٦- مێژووی گشتی هونەرەکانی وێنەیی بەر لە ئیسلام، لە عەلی نەقی وەزیری ل ١٣٣.



کوردستان دوای پارێزگاری فارس گەورەترین شوێن بۆ نیشاندانی شاکارەکانی هونەری شێوەکاریو بەردبڕی ساسانییەکانە کە لە جێگەی جۆراوجۆری وەك "سوورەت داغی" لە رۆژهەڵاتی سەلماس، کۆشکی الخچراو نسیبەین و ئامێد، و بە تایبەتی کرماشان (تاق بوستان) کێشراون یا لە بەرد هەڵقەندراون، باشترین و جوانترینیان وا لە سەر ئەو خاکەی کوردستانن، دوو تابلۆی بەردینی تاق بوستان یەکیان ڕاوە ئاسك و ئەویتر ڕاوە بەرازە کە لە شاکارەکانی بێئەملاو ئەولا دەژمێردرێن، بە تایبەتی تابلۆی ڕاوە بەرازەکە سەرسووڕهێنەرەو ئەوەندەی کار لە سەر کراوە کە بە وتەی "کریستین سێن" . . . هیچ شوێنێکی بێ نەخشی تێدا نابینی، نەخش و نیگاری پارچەی جلەکان، سەروچاوی گیانلەبەرەکان و بەتایبەتی سیمای فیلەکان ئەوەندە بە وردی و سەرنجەوە کێشاوە کە بینەر سەرسام دەکا . . . [٨٧] "هیرتسفیلد"یش وەکو زۆر کەسیتر لەو باوەڕەدایە کە ئەو تابلۆیانەش وەك زۆر لە نەخشە بەردینەکانی سەردەمی ساسانییەکان بە رەنگی جۆراوجۆر رەنگ کاری کراون. [٨٨]

ئەو وێنانەی سەر بەرد کە لە داوێنی بەردینی کێوەکان دەکێشرانەوە، هەموویان هۆکاری مێژووییان تێدا بوو، وەك سەرکەوتنێك یا ڕووداوێکی دیکەی وەك تاج دانانی شایەکان . [٨٩] دیارە هێندێکیشیان لە بەزمو رەزمی شایەکان دەدوان، هەروەك دوو وێنەی تاق بوستان کە ڕاوە ئاسكو ڕاوە بەرازی شاو هاوڕێکانی نیشاندەدا [٩٠-٩١] و زیاتریش وێنەی بارامی گوورە کە سواری ئەسپ بووە و بە تیروکەمان لە نێچیر دەدا.

پێویستە بوترێ کە لە هیچ کام لەو شێوەکاریو نەقاشییانەی هەڵقەندراو لە بەرد، نیشانەیەك لەمە نابیندرێ کە غەیرە ئێرانی کاریان لەسەر کردین، هەر چەند رۆمیو یۆنانی زۆریش لە شوێنگەلی جۆراوجۆری ئێران نیشتەجێ بوون و دەتوانێ دەلیل بێ بۆ ئەوەی لە

٨٧- ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، کریستین سێن ل ٤٩٣

٨٨- مێژووی دێرینی ئێران لە سەربنەمای دێرین ناسی، لە "ئێر نیست هیرتسفیلد" وەرگێڕانی علی اصغر حکمت

٨٩- رادەی ئەم وێنانەی لەبەرد هەڵقەندراون دەگاتە سی تابلۆ کە بە وتەی "ئێرسێرئاپهام پۆپ" هەموویان لە سەر شاڕێیەکان هەڵکەوتوون.

٩٠- شاکارەکانی هونەریی ئێران "نووسینی ئاپهام پۆپ" وەرگێڕدراوی پەرویزی ناتل خانلەری ل ٥٦ بەدوا.

٩١- کورتە مێژووی رامیاری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی ئێران لە سەرەتا تا کۆتایی سەردەمی سەفەوی، نووسینی دوکتۆر ذبح‌الله صفا ل ٥٠ بەدوا

سەبکی ئەوان کەڵك وەرگیرابێ، بەڵام هیچ نیشانەیەك بەدی ناکرێ کە ئەو کارانە لە ژێر کاریگەری خەڵکیتری غەیرە ئێرانیدا بێ.[٩٢]

نموونەیتر لە هونەری بێوێنەی نەقاشی سەردەمی ساسانییەکان لەسەر پارچە ـ قوماشو فەرش و قاپ و قاچاغ زۆرن کە هەر کام لەم شتانە شاکارێکی بێهاوتان. دوو دەرزەن لە پارچەکانی سەردەمی ساسانی کە پارێزراون لە میسرەوە تا ژاپۆن (یابان) بێوێنە بوون ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن. "فەرشی زستانی خوسرەو پەرویز کە دیمەنەکانی بەهارو هاوینیشی تێدا بوو، زۆر میوە و گوڵ کە بە یاقووت و ئەڵماس لە قەراغ شەقامە زێوینەکان و جۆبارگەلو مراوی هۆنرابوونەوەو لە زەمینەیەکی زێڕیندا کێشرابوونەوە بۆ هەموو کەس جێگەی سەرسووڕمان بوو"[٩٣] ئەو قابە سێرامیکییە زۆرانەی کە زیاتریان لە دەوری شارەکانی سلیمانیو هەولێر دۆزراونەوە کە لوعابکاری و میناکاری کراون و دوایەش هونەرمەندانی سوریاییو بیزانسییەکان لێیان هەڵگرتوونەوە لەو شتە سەرنجراکێشانەی ئەو سەردەمەن. ئەو جامەی کە بە "جامی خوسرەو" نێوبانگی دەرکردووە و لە کتێبخانەی میللی پاریس پارێزراوە، هەروەها ئەو میدالانەی کە لە شووشەی کریستاڵ سازکراون و لە قابی زێڕین گیراون و وەك دەڵێن هارون الرشید پێشکەش بە "شارلمانی" کردووە.

لە مووزەکانی هونەری"میترۆپۆلیتەن"ی نیویۆرك " ئارمیتاژی لینینگراد"، کتێبخانەی میللی پاریس" زۆر ئاسەواری ئەوهای لێیە کە وێنەی شایەکان و ئەسڵ زادەکان لە حاڵی ڕاوو شکار لەگەڵ وێنەی گیانلەبەرگەلێ نیشاندەدەن کە بە مەیل و رەغبەتێکی زۆرەوە کێشراون و ئامادە کراون. هەروەها سکەیەکی زۆری سەردەمی ساسانییەکان و مێزی بە گەوهەر ڕازاوەی خوسرەوی هەوەڵ و مێزی کارەبایی پایە زێڕینی خوسرەوەی دووهەم کە بۆ ئیمپراتووری بیزانس (مۆریس)ی بە دیاری ناردووە .[٩٤]

---

٩٢- کریستی ویلسن لە کتێبی "مێژووی پیشەسازی ئێرانداو ئیرنیست هیرتسفیلد لە "مێژووی دێرینی ئێران لە سەر بنەمای دێرینە ناسی"و "شاکارەکانی هونەریی ئێران" نووسینی "ئاپهام پۆپ" هەموو لەم مەسەلە دواون.

٩٣- "مێژووی شارستانیەت" لە ویلدۆرانت، هونەری ساسانییەکان بەرگی یەکەم، سەردەمی ئیمان لاپەرەکانی ٥و ٢٥٤.

٩٤- هەمان سەرچاوە ل ٢٥٦.



لە نسیبەین و ئامێد و لە کۆشکی الخچراو هەروەها لە شارەکانی کوردستانی ناوەندی لەو ئاسەوارانە کە ناسێنەری باشترین شێوەی شێوەکاری ئەو سەردەمەن، هەروەها سکەگەلو قاپی زێوین و مۆرە گەلێك کە لە سەر یاقووت و لەعل و لاجوەرد و یاقیق زۆر بە وەستایی و لەوپەڕی جوانیدا هەڵقەندراون دۆزراونەتەوە کە هەموویان نیشاندەری هونەری سەردەمی ساسانییەکانن. وەك گیرشمەن دەڵێ: "هونەری ساسانی کە گەرەکی بوو بە شێوەی میللی وەمێنێ، کۆو وێنەیەکی بە شێوەی ماندوویی نەناسانە، بە بارستاییەکی گەورەو زەبەلاح لە سەر تاشە بەردەکان و گچکەتریش لە سەر دیواری کۆشك و رووی کاسە و مۆرەی بەردین خۆدەنوێنن کە دەکرێ وێنەی لێ هەڵگریەوە، ڕێورەسمی تاج دانان، بە دەستی ئاهورموزدا، شەڕو شکارو جێژن لە تایبەتمەندی مەوزوعی شازی هونەری ساسانی بوون.[٩٥]

---

٩٥- هونەری ئێران لە سەردەمی پارتیو ساسانی، لە رومەن گیرشمەن، ل ٢٤٦.

# بەشی حەوتەم

## کاریگەری کوردستان لە بەرینتر بوون و بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ و شارستانیەتی جیهانی

له لاپەرەكانی پێشووی ئەم كتێبەدا ئاماژە كرا كە لە بەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری خاكی كوردستان، بە پێچەوانەی مافی هاورەگەزی ـ ئەوەی وا لە ژێر دەسەلاّتی رۆمییەكاندا بووە ـ لە پێشدا لە ژێر سەیتەرەی رۆمی گەورە و دوای دابەش بوونیشی لە زەمانی كوستانتین یا قوستەنتین، بەشێك لە خاكی ژێر دەسەلاتی رۆمی رۆژهەلاّت یا بیزانس بووە، بەر لە ئەوانیش لە بەر دەستی ئەسكەندەرو جێ نیشینەكانیدا بووە. دوای ئیسلامیش بۆ شوێن زالّ بوونی سەلجوقییەكان بە سەر ئاسیای گچك(بیزانس) داو ناوەندەكانی شارستانییەتی ئیمپراتووری رۆم، كورانی عوسمان پاشای سەرداری سەلجووقیو بە تایبەتی سولتان محمدی فاتح [1]كە میراتگرانی ئیمپراتووری سەلجووقی بوون. ئەم دەورەو ئەو بەشە لە كوردستانیشیان كە بە دوای پەیمانی سەد سالّەی نێوان رۆم و ئێرانی ساسانیدا كەوتبووە ژێر دەستی رۆمییەكان، لە خاكی سەر خۆیان حیساب كردبووو حكوومەتیان تێدا كرد. لەو ماوە دوورو درێژەداو بگرە دوای ئەو كاتیش، هەر چەند زۆر جار ئەو هەل و دەرفەتە رەخساوە كە یەك بگرێتەوە (بەوتەر نووسەری كتێب بكەوێتە وە سەر ئێران) لە بەر هۆكاری زۆر كە خۆی جێگەی لێ كۆلینەوەو پێداچوونەوەیە و باسێكی درێژ و جیاوازە، ئەو كارە جێبەجێ نەبوو، سیاسەت بازی و دەغەلّكاری ئیستعمارچییە نوێیەكانی تازە بە دەورەگەیشتووش پاش شەڕی یەكەمی جیهانی و لە بەریەك بلاّوبوونی ئیمپراتوری عوسمانی نەتەنیا پێشی وەدی هاتنی ئەو داخوازییە و گەیشتن بەو مافەرەوایەیان گرت تەنانەت بۆ یەك گرتنەوەو یەك بوونەوەش بوونە لەمپەرو، وێڕای گێرەو كێشەیەكی زۆر بۆ وەدەست هێنانی بەشێكی زیاتر لەو خاكەی ئیمپراتووری عوسمانی كوردستانیشیان وا لە نێو خۆیاندا بەشكرد كە هەر پارچەیەكی كەوتە سەر خاكێكی ترو بە یەكێك لە میراتخۆرانی ئیستعمار گەیشت. لە هەمموو ئەو سەردەمە درێژەدا كوردستان كە خۆی لە ناوەندی تەواوی هەلسو كەوت و رووداوەكانی نێوان ئیمپراتووریەكان و ئاكامەكانی لـێیان دەكەوتەوە هەلّكەوتبوو، سەرەڕای ئەو گیر و گرفتانە نەخشێكی زۆر بەرچاوی لە شكل گرتنی شارستانیەت لە دوو ئیمپراتووری ئێران و رۆمدا و بە گشتی لە دنیادا هەبووە، بە تایبەتی ئەو بەشەی كوردستان كە لە ژێر سەیتەرەی رۆمدا بووە لە تەواوی بوارەكانی رێكخستن، فەرهەنگو

---

١- بە دوای پەرە گرتنی دەسەلاّتی كوڕانی عوسمان پاشادا، سولتان محمد توانی قوستەنتەنییە ( ئەستەمبوول) پایتەختی ئیمپراتووری رۆژ هەلاّت (بیزانس) بگرێ، لە وێرا بـە محـمدی فـاتح (سـەركەوتوو) نێـودێر كـرا. لـەو رێكەوتەوە دەستی رۆمیان بۆ هەتا هەتایە لە ئاسیای گچك بڕاو ئیمپراتووری بیزانس رووخا.

مەدەنیەتدا بە شێکی بەرچاوی هەبووە، هەر وەك ئەو کاتی کە "ژۆستی نیان" بە دوای پێشنیاری راهیبەکانی نەستووریی ئاسیای گچك لە ساڵی ٥٥٢ی زایینیدا بۆ ئامادە کردنی سەرچاوەیەکی جیاوازی بەرهەم هێنانی ئاوریشم دەست بە کار بوو. [٢] یەکێك لە ناوەندە گرینگەکانی چنینی کوتاڵی ئاوریشم ناوچەکانی ئورفەو نسیبەین بوو کە لە دێڕەکانی دواتردا باسی لێوەدەکەین. ئەو ناوچانەی کوردستان " Edessa= ئورفە" و نسیبەین بە گوێرەی تەئییدی لێکولەرەوان، لە ناوەندەکانی زۆر پێشکەوتووی فەرهەنگ و هونەری ئەو کات بوون بە شێوەیەك کە ئێرانی، ئەرمەنی، کاپادۆکیو سووریان تێکەل کرد بوو، بە هۆی بازرگانانو سنعەتکاران بۆ ئەنتاکییە، ئەسکەندەریە، ئەفەسوس و قوستەنتەنییە و "راوناو رۆم" گویزرانەوە.[٣]

هونەرمەند و میعمار و سنعەتککارەکانی ئەو ناوچانەی کوردستان، بێجگە لەوەی لە کاری خۆیاندا زۆر شارەزا بوون، زۆر هونەری تازەشیان دەرهیناوە کە چاوپیکەوتنی ئاسەواری کارەکانیان ئەو روانگە بە تەواوی دەسەلمێنێ. بینا سازی شاری ئامێدیا کە هەمان دیاربەکری ئیستایەو لەو ئاسەوارانەیە کە ئاماژەی پێ دەکرێ، ئەو شارەکە خۆی لە خۆیدا بە شاکاری شار سازی دێرین دەژمێردرێ بە هۆی میعمارەکان و پسپۆرانی کوردی خەلکی هەر ئەم ناوچە سازکراوە، کە چەند سەدە دواتریش هەر بێ هاوتابووە. بۆ روون بوونەوەی زیاتر لەم نووسراوانەی ژێرەوە بروانن:

موقەدەسی دەنووسێ: " شاریان لە سەر بەردی رەش بینا کردووە. مزگەوتێکی کە لە پێشدا کلێسا بووە، پێنج دەرگای هەیە بە ناوەکانی ١ـ دەرگای ئاو (باب الماء) ٢ـ باب الجبل (دەرگای چیا) ٣ـ دەرگای رۆم (باب الروم) ٤ـ باب التل (دەرگای تەپۆلکە) ٥ـ باب السر (دەرگای نهێنی) یا دەرگایەك کە تایبەتی کاتی شەر بووە. لەم رۆژگارەدا شارێکی قایمتر لەو شارە قەلآیەکی گرینگتر لەویم لە بەرانبەر رومییەکاندا پێ شك نایە".[٤] ناسر خوسرەو کە

٢- هونەری بیزانسی، نووسین سینی أ.م دالتۆن لە ل ٥٠ بە دوا کە لە پروفیسۆر ویل دورانت کە ئەویش لە مێژووی سەردەمی ئیماندا لە لاپەڕەکانی ٩ ـ ١٩٨ی وەرگرتووە.

٣- ویل دۆرانت ، سەردەمی ئیمان بەرگی یەکم ل ٢١٦و، ئیستر جئیسترزیگووسکی لە کتێبی بناغەی هونەر لە کلێساکانی مەسیحی " لاپەڕەکانی ٤تا ٦ بە زمانی ئینگلیزی"

٤- سەفەر نامەی مەقەدەسی ل ١٤٠



لەساڵی ٤٣٨ی کۆچی بەو شارەدا چووە دەڵێ:" ئەو شارە بە شێوەیەکی سەیر لە سەر تەختە بەردێك بینا کراوە کە درێژایی شارەکە دوو هەزار هەنگاوو پانایەکەشی زۆرە کە بەدەوریدا دیوارێك لە بەردی رەش کێشراوە کە بە شێوەی چوار گۆش بڕاون کە کێشی هەکامیان لە سەت مەن را تا هەزار مەن دەبن، زۆربەی ئەو بەردانە وا بە یەکەوە لکاون کە هیچ قورو گێچیان لە نێواندا نییە. دیوارەکانی بیست ئەرەش (نیزیك بە دەمیتر) پانەو لە هەر سەت گەز قەلایەکیان ساز کردووە کە هەشتا گەز قەفی کەوانەکەیەتی و کۆنگرەکەشی لە بەرد ساز کرازوە... ئەمن زۆرم شارو قەلآدیون لە زۆر ولاتی دنیا و لە نێو عەرەب و عەجەم و هێند و تورکدا بەلآم لەهیچ شوێنێك شاری وەك ئامێدم نەدیوەو لە کەسیشم نەبیستووە کە لە گۆێ زەویدا شوێنێکی ئاوا هەبێ. مزگەوتی جامعەکەشی هەر لەو بەردە رەشەیەو یەکجار راست و دروست و قایمە.. وەك دەڵێن لە پێشدا کلیسا بووە. لە نێو مزگەتی جامیعەدا دوو سەت و چەند کۆلەکەی بەردین هەیە کە هەموویان یەك پارچەن و سەری کۆلەکانیش ملە وشترویەکی کەندەکاریکراو. کلێسایەکی زۆر گەورەشی لێیە کە هەر لە بەردی رەش ساز کراوە ... دەرگایەکی ئاسنی کون کونم دی کە لە هیچ شوینێك ئاوام نەدیبوو.[٥]

لە سەر شارەکانی تری کوردستانیش کە لەو تەرزە بینا کەم وێنەو عەنتیکانەیان تێدا باسکراوە کە هەر کام ناسێنەری شارەزایی میعمارەکان و لێزانی سنعەتکارانی ئەو مەلبەندەن، هەر بۆیە ناصر خوسرەو لە سەر" میافارقین" کە لە ساڵی ٤٣٨ لە دیاربەکرڕا چووە و دیتوویەتی دەنووسێ:" قەلآیەکی زۆر گەورەی لێبوو کە لە بەردی سپی ساز کراوەو هەر بەردێك پێنج سەد مەنی کێشەو پەنجا گەزیش درێژە. بورجێکی گەورەش هەر لەو بەردە سپییە سازکراوە، لە سەر هەر بورجێشکیش کۆنگرەیەك داندراوە. ئەوندە خاوێن و جوانن کە دەلێێ هەر ئێستا وەستا تەواوی کردووەو... مزگەوتێکی جومعەی هەیە کە هەر لەو بەردە سازکراوە و دووسەت ساڵی تەمەنە کە ئەگەر بمانەوێ باسی بکەین زۆر دەکێشێ.[٦] دیارە یاقووتی حەمەوی و قەزوێنی و هێندیك کەسی تریش زۆریان لە سەر گەلیك لە کلێساکانان کە زۆر کۆنن دواونو هەروەها باسی بورجەکان و هەش دەروازەی زێدە قەدیمیان بە درێژی کردووە.

٥- سەفەر نامەی ناصر خوسرەو ل ٨

٦- سەفەر نامەی ناصر خوسرەو مستەوفی ل ١٦٥و کتێبی " خاکی خەلافەتی رۆژهەلات" نووسینی گ . لسترنج لاپەرەکانی ١٨ تا ١١٧

یاقووت حەمەوی لە هەوەڵەوە ناوی ئەو شارەی بە زمانی یۆنانی " مێروروسایا یاشاری شەهیدان"[7] [8] نووسیوەو ڕێکەوتی دروستبوونی دەباتەوە زەمانی "تێئو دسیوس."

لە سەرەوەی بورجی ڕۆژئاوای کلێسایەکی کە دەلێن لە زەمانی حەزەرتی مەسیح دروستکراوە خاچێکی گەورە چەقاوە کە رووی لە بیت المقدس بوو. بە وتەی ئەو مێژوو نووسانەی کە لە زمان سەرچاوەکۆنەکانەوە دەگێرنەوە دەبێ ئەو خاچەش هەمان کەس دروستی کردبێ کە خاچی گەورەی بورجی کلێسای " قیامەت"ی بیت المقدسی دروستکردووە. هەر رووبەکی ئەو خاچانە شکل و شێوەیەکی هەیەو جێگەی سەر سوورمان و ئافەرین گوتنی ئەو کەسانەیە کە چاویان پێی دەکەوێ. لە گەرەکی جوولەکەکانی میافارقین حەوزێکی لێبووە کە بە بەردی رەش ساز کرا بوو، لە نێو حەوزەکەدا سندوقێکی شووشەیان دانابوو کە کەمێکی خوێن لە نێودا بوو، دەیانگوت ئەوە خوێنی حەزرەتی "یوشەع بن نوون"ە. نەخۆشان بۆ چاك بوونەوەو عیلاج دەچوون دەستیان لەو سندوقچە شووشەیەدەدا. [9]

بە گوێرەی ئەو شتانەی باسمانکردن و زۆر شاهیدی تر کە بە دەستەوەن، میعمارەکانی کورد بە نێوەکانی کورتیوی، گوردوو، کاردۆخیو...لە مۆرە ئەسلییەکانی بینا سازی لە دنیای ناسراوی ئەو رۆژگاردا بە تایبەتی لە ئێران و رۆم بوون و تەنانەت تاقمەکانی ساختومانیش لە نێوی ئەوان وەرگیراوە. زیاتر لەوەش کە لە مەڕ وەستاکارانی معماری کورد لە بیناسازی رۆم، بە تایبەتی بنیادنانی کلێسا هەرە گەورەکانیان باس دەکەین، دەستەو تاقمی جیا جیای کارگێرانی کارە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی ئەو کوردانەی لە بەشی بیناسازیدا کاریان دەکرد لە ئێرانیشدا گرینگی و نێو بانگیان هەبووە، هەر وەك لە ساز کردنی کۆشکە هەر ە گەورەکانی تەختی جەمشیدیشدا دەستیان هەبووە و لە بواری بناغەی میعماری ئەو بینا زەبەلاحەدا میعمارەکان و کرێکارانی کورد روکنی ئەسلیان پێکدێنا، بە شێوەیەك کە تاقمەکانی هەمە جۆر بریتی لە کرێکار، میعمار، بەردتراش، نەجار مسگەر بە دەستەی سەت کەس زیاتر یا

7- بە بیری لسترنج کە لە لاپەرەکانی ١٧و ١٨ی سرابیونی وەرگرتووە، میافارقین لار کراوە وشەی "میفرکیست"ی زمانی ئارامیو"موفرگن"ی زمانی ئەرمەنییە کە یۆنانییەکان"مارتیرۆپولیس Martisapolis" یان پێ گوتووە.

8- یاقووتی حەمەوی، بەرگی چوارەم لاپەرەکانی ٨٧ تا ٧٣٣و قەزوینی بەرگی دووهەم ل ٣٧٩

9- خاکی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی رۆژهەڵاتی، لسترنج ل ١٢١ وەرگیراو لە ابن حوقەل لاپەری ١٥١



کەمتر دابەش دەکران، چونکە زیاتریان لە کورتی یا کۆرتیویەکان (کوردەکان) بوون، بەوانیان دەگوت"کورتاش Kortash" و "مووچە کەشیان" بە شەکیل یا سیکل" دەدانێ ـ ئولمستد باوەری وایە کە "شەکیل" دروستترە کە هەر دانەیەکی بایە ٥ سکەی زیوی بابلی بووە. پێویستە لێرەدا ئەوە بلێین کە دیسان وەك هەمیشە لەم نێوەدا بە هەڵ[10]ەچوون، هەر وەك " تێورین وای زانیوە کە "کۆرتاش" لە جێگەی وشەی کرێکار کەلکی لێ وەرگیراوە،[11] کەچی تەنیا ورد بوونەوە لەو شەکە کە نێوی کۆرتێوییەکان بووەو بۆ ئەوان دەکار هاتووە، ئەو بۆچوونەی نووسەری ئەم کتێبە دەسەڵمێنیو هەڵە بوونی وتەی "تیۆرین"و کەسانی هاو باوەڕی دەردەخا.

هەر چۆنێك بێ بە لەر بەر چاو گرتنی ئەم هەموو شتەی نووسیمان و زۆر مەتلەبی تریش ئەو راستییەمان بۆ مستۆگەر دەکەن کە هونەری میعماری لە کوردستانی ئەو رۆژگارە دا لە مستەوایەکی زۆر پێشکەوتووو بەرزدا بووە. هەر بەم شێوە کە میعمار گەلی گەورەی وەك " ئیسیدۆر" دەگەل وەستایانی وەك "ئانتێمویس Anthemius" لە بینا کردنی کلیسای گەورەی " سینت سۆفیا" کە لەو زەمانەدا یەکێك لە موعجیزەکانی ساختومانی دێتە ئەژمار، لە لایەن ئیمپراتووری رۆم" ژوستێنی" بۆ قوستەنتەنییە بانگهێشت کران و ئەو کلێسەیان دروستکرد. بۆ ئەوەی بە بایخو گەرورەیی ئەم کارە و ئەم میعمارو وەستایانەی ئەوەیان دروستکردووە حاڵی بین بە یەکەوە نووسراوەی " و. نیکمان" دەخوێنینەوە.

" کلێسای سێنت سۆفیا" بە شکلی خاچێکی یۆنانی دروستکراوە کە درێژایی خاکەکەی ٢٥٠و پانایيشی ٢٢٥ پایە. لە دوو لای بیناکەوە گومبەزێکی گچکەی هەیە و گومبەزێکی سەرەکیشی چوار کۆشی (١٠٠ x١٠٠)ە، پایە کە لە وێك کەوتنەوەی دوو باسك لە راستای خاچەکەدا سازکراوە. ترۆپکی گومبەزەکە تا زەوی ١٨٠ پا بوو. قوترەکەی ١٠٠ پایەو کە ٣٢ پا لە گۆمبەزی پانتئونی رۆم کەمتر بوو، ئەم گونبەزە لە کۆنکرێتێکی یەك پارچە پێکهاتبوو.[12] مومتازی گومبەزی سوفیا لە بارستایی ئەو دا نەبوو، بەڵکو لە پایەکان و هەلیخەکانی ئەو

١٠- مێژوو شاهنشای هەخامەنشی، لولمستە وەرگێرانی دوکتور محمد موقەددەم

١١- و "١" تێورین لە مێژووی ماد لاپەرەکانی ٤٥٠ تا ٤٩٨

١٢- ویلدورانت دەنووسێ: لە زەلزلەی سالی ٥٥٨ی زاینیدا نیوەی گومبەزەکە چرژی داوە کە ئیسیدۆری کوری ئیسیدۆری گەورە کە لە سازکردنی کلێسا کە دا بەشدار بووە ئەو گۆمبەزەی لە سەر را سازکردەوە و بەر

دابوو كە لە سەر چەند تاقی چەپ و راست و چەند کەمانێك راوەستا بوو كە لـە نێـو تـۆقێكی بازنەییو پایەیەکی چوار گوشدا جێی گرتبوو."

" پرۆکۆپیوس" ئـاوا باسـی گومبـەزی سـەرەوە دەكـا. " كـارێكی جێگـەی سـوپاس و لـە عەینی کاتدا ترسێنەرە كە وا بەر چاو دەکەوێ کە لە سەر تاقەكانی ژێـر خـۆی رانەوەسـتا بـێ، بەڵکو وادێتە بەر چاو کە بە زەنجیری زێرین لەو پەری ئاسمان هەڵواسرابێ. [13] [13]نێو كلێـساكە پڕە لە جوانكاری یەكجار رازاوەو بەردی مەرمەری رەنگاورەنگ و كاشـی لـێ هەڵقەنـدراووە و زۆر شـتی جـوانی وەك چـل چـرای زیـوین، كـە هـەموویان نیـشاندەری ئـەو پـەری جـوانی ئـەو بینایەكجار پـڕ شـكۆیە بـوون، هـەر ئـەوەش بـوو كـە ژوسـتینین"ی والـێ كـرد كـە لـە كـاتی كردنەوەیدا بڵـێ: ماشاالله لە جەلال و گەورەی خـوا كـە مـنی بـۆ بـەجێ گەیانـدنی ئـەو كـارە گەورە بە شایستە زانیوە ! ئەی سلێمان من تۆم شكست داوە" [14][15]توركـەكان پـاش گـرتنی قوستەنتەنییە چوار منارەی جوانیان كە دەگەڵ دیمەنی گومبەزەكـە دیتـەوە لـێ زیـاد كـرد كـە هەتا ئێستاش ماون.

هونەرمەنـدانی كوردسـتانی لـەو سـەردەمدا لـە چـەند شـاری وەك "ئورفـە = Edessa" نیسیبەین، میافارقین ناوەندی ئامیدیا یا دیاربەكرو موسڵ دا كۆ ببونەوە و ناوەنـدێكیان پێـك هێنابوو، بە تێكۆشانی هونەرە جیاجیاكان نەردی هونەریان بردەوەو بەرەو پێش چـوون، بێجگـە

هەڵێخە خاڵكانی بە هێز كردو بیست و چوار پاشی بلیندتر كردوو ئەو قەلشانەی تێیاندا پەیدا بـووە نیـشانەی ئەوەیە كە وەزعی گومبەزەكە تەواو نییە و دەمەترسی دایە( ئەو پەری گەشەی بیـزانس وەرگێڕانـی ابـو طالـب صارمی ل٢٢٠

١٣- مێژووی هونەرەكانی دێرین، جێ.وینكمان، بەرگی یەكەم ل ٣٦٠

١٣- یۆنان لە ژێر دەسەڵاتی رۆمییەكاندا، ج.فنیلای.ل ١٩٥، وەرگیراو لە ویڵ دۆرانت

١٤- سەردەمی ئیمان بەرگی یەكەم لە كۆی مێژووی مەدەنیەت لە ویلدورانت ل ٢٢٠

١٥- گیرانی قوستەنتە نییە لە لایان سولتان محمدی فاتح بۆ هیندیكان ببوو بە مادی مێژوو، چونكە گـەورەیی ئەو كارە و رووخانی رۆم لـە روانگـەی خەڵكـەوە مـوعجیزە بـوو. لـە سـالی ١٤٥٣ كـە كوتـایی رۆنیسانـسە، كلێسای گەورەی سێنت سوفیە كرا بە مزگەوت و بە مزگەوتی سـۆفێنە نیـو بـانگی دەركـرد. لـە سـەربنەمالی هێندێك بۆچوونی فكری مادەیەكیان لەو وێنە جوانانەی سەر كاشییەكانی هەڵسووو دایان پۆشی، دە سـاڵەكانی دواییدا توركیە ئیزنیدا بنیادی (بیزانس بۆستۆن) ئەو مادە لەو شاكارانە بكەنەوە و خاوێنیان كەنەوە لـە سـالی ١٩٣٥ ئەو شوینە بوو بە موززەی ئەیا سوفیە.



لە میعمارەكان كە نێوبانگیان بۆ هەمـوو شوێنێك چووبوو لـە هونـەری جوانكـاری و وردەكـاری جۆراوجۆریشدا وەستا كاری بێ وێنەیان هەبوو. هەر چەند ئەوانیان لە چوارچـێوەی بیزانتـدا بـە نێوەی هونەرمەندانی بیزانتی دەناسی، لـێ لـە نێـو نووسـراوەكان و شـوێنەواری مێـژووزانان و نووسـەراندا، وێـڕای ئامـاژە كـردن بـەو شـارانەی تێیـدا ژیـاون و لـە ژیاننامـەیان دا، هـەر وەهاناساندنی ناوەندی هونەرەكانی هەمە بابەتدا، لـێكۆلەرەوان و توێژەرەوان بە شـوێنی ژیـان و جێگەی لە دایكبوونیان دەزانن و بۆیان روون دەبێتەوە. بۆ نموونە وێڕای خویندنـەوەی كتـێبی "پایەكانی هونەر لە كلیساكانی مەسیحیان" بە قەلەمی ئیسترزیگۆسكی كـە لـە هونـەرەكانی بیزانتی دواوە و بە ئاڵ و گۆری هونەرەكان لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژ ئاوا و بە پێـچەوانەوە دواوە، دەخوینینـەوە " ... ئودیـسا Edessa ئورفەونـسیبەینو رەهاومـاردین و ئـەربیل = هـەولێر Hawler لـەو سـەردەمدا، لـە ناوەنـدە پێـشكەتووەكانی ئاسـیای گـچكە و میزۆپۆتامیـا بوون". [16] یـا م.م.دیـاكۆنوف رۆژهـەلاتناس و ئێراننـاسی زانـای روس دەنووسـێ:" ئەگەرچـی هەرێمی فارس ناوەندی حكوومەتی هەخامەننشینان بوو بەلام ناوەنـدی ئـابووری و فەرهـەنگی ئەو حكوومەت میزوپرتامیای (بـاكوورو باشـوور)و مـادی (گـەورە و بـچووك) و ئـیلام بـووە. [17]بە سەرنجدان بەوەی كە بەشێك لەو ناوەندانەی نێومان بردن، لە سەر ناوچەكانی كوردستانو لەم چوار چێوەیەدا هەلكەوتوون ئەوراستیەمان بۆ دەردەكەوێ كە كوردستان لە شارسـتانیەت و بلاو بوونەوەی ئەو مەدەنیەتەدا چ رۆلێكی هەبووە. كاتێك بەرەو پێش چوونی سنعەتی چینی و هوندنەوە، بە تایبەتی لە پاواندابوونی كوتاڵی كە تانی لە مووسڵ دەخوێنینەوە یا بە هـەبوونی كتێبخانەی گشتیی لە سەردەمی هەزارویەك سەت سـاڵ پێـشتر (٩٥٠ ی زاییـنی بەرانبـەر بـە ٣٢٩ی كۆچـی) لـە شـارەكانی وەك مووسـل لـە كوردسـتان دەگـەینو دەخوێنینـەوە كـە لـەو كتێبخانانەدا جگە لە دانی كتێب بۆ خوێندنەوە كاغەزی پێویستیشیان بە خـۆرایی داونـێ، بـە بەربلاوی شارستانیەت و پێشكەوتویی فەرهەنگی لە نێو خـەلكی ئـەو هەرێمـە لـەو سـەردەمە دووراندا كە بەشی هەرە زۆری خەلكی دنیـا لـە تـاریكیو نـەزانی یـا كـەم زانیـدا ژیـاون پـەی

١٦- ئیتر زیگوسكی مێژوو زانی ئوتریشی(نەمساوی) پایەكانی هونەر لـە كلێـساكانی مەسـیحیان بـە زمـانی ئینگلیزی

١٧- كورتەیەك لە مێژووی ئێرانی(دێرین) نووسینی م.م. دیاكۆنۆف ل ٢٨٧و مێـژووی كۆمەڵایـەتی ئێـران لـە مرتچ رەواندی بەرگی حەوتەم ل ٥٣٦

دەبەین.[اون] پەی دەبەین.(ێك لە هەوەڵین ناوەندەكان كە سەرنجی زۆریان بە پاك و خاوێنی و جوانی داوە، "رقە" لە یەكەمین شوێنەكانی ناسراوە كە باشترین چەشنی سابوون و مادەی كەف كەری لێ دروستكراوە، دەگەڵ ئەوەشدا كە ناوەندی كارگەكانی بەرهەم هێنانی رۆن زەیتوونیش بووە.[19]

لەو بەشەدا كە پێوەندی بە "ماننا"و مادەوە هەبووە، وێرای ئاماژە بە توێژینەوەی " زێوە Zeva" و تەپكی حەسەنلوو" لە نێوان سەقز و تكاب و بۆكان و هەروەها لە سنووری ئێران و توركییە ئاماژەمان بەو پەری پێشكەوتوویی هونەرەكانی فلزكاری وەك زێرینگەری كرد و گوتمان مووزەكان و سەرجەم شوێنەواری هونەری كە ئەو شتانەیان لێ وەدەست كەوتووە مایەی شانازی مووزەكانن و بە لە خۆبایی بوونەوە لێیان دەدوێن‌و فەخر بە خاوەن بوونی ئەو شتانەوە دەكەن. لێرەدا دەبێ ئەوەش زیاد كەین، هەر چەند بە هۆی پێكهاتنی ئیمكاناتی زۆر و كاتی پێویست بۆ هەخامەنشییەكان، دوایەش لە دەورەكانی ئەشكانی و ساسانیان دا، زۆر شتی تازە سازكراوی وەك بیناكان زیاتر لە دەورەی كورتی فەرمانڕەوایی مادەكان هاتنە وجوود، سەرەڕای ئەوەش رۆڵی چاك سازیو ساز كردنی تایفە جۆراوجۆرەكانی كورد، لەوانە مادەكان و مانابییەكان و لە هەمووی ئەوان زیاتر بووە و بە شاهیدی مێژوو لەو سەردەمەدا كە هەخامەنشییەكان و دوای ئەوەش رۆمییەكان لە زۆر بواری هونەری و خولقاندندا زۆریان گەشە نەكردبوو، شاكارەكانی "زێوە" و حەسەنلوو"و نسیبەبین"و رەها"و میافارقین"و مووسڵ و خابوور لە كوردستان خولقابوون‌و دوایەش بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ ئەو سەنعەت و تێكنیكانە، لەو وڵاتەدا لە برەودابوون، لەم بابەتەوە"تەبەری" مێژوونووس"و جوغرافی زانی بە ناو، بانگ دەنووسێ: لە بینا كردنی شاری بەغدادا، عەبباسییەكان لە سووریە و مووسل و ئامێدیا را كرێكارو میعماریان هێنابوون[20]و بۆ رازاندنەوەی كۆشكەكانی سەلتەنەتی‌و باقی بیناكانی دەوڵەتی، لەجوانكاری و هونەری بیزانس و ساسانی بە پاراستنی ناوی ئەو شوێنانە ـ لە پەنایەكتریان دادەنان و كەڵكیان لێ وەردەگرتن. یەكێك لە بەرزترین نموونەكانی بەرد تاشی دەورەی ئەشكانیان ئەمرۆ لە مووزەی "مێتروپۆلیتەن"ی نیویۆرك مەوجوودە كە هی

١٨- ژیان و كار لە رۆژگاری بەر لە مێژوو.ج. رینارد Renard.G.Life and Work in Prehistotic Time.p.113

١٩- مێژووی ئابووری دنیای رۆژئاوا Barnes .H.E:Economic History of the Western World،

٢٠- مێژووی تەبەری وەرگیراو لە مێژووی كومەڵایەتی ئێران بەرگی حەوتەم



سەری دەرگای بەردینی كۆشكی الخضرایە كە بەر لە ئێستا باسمان لێوە كردووە و گوتمان كە لە میعمارەكان و كرێكارانی خەلكی وێ ورەهاو نیسیبەبین كەڵك وەرگیراوە ... "دوكتۆر دیماند"یش ئاماژە بە رۆمی بوونی ئەو شێوەكارە كردووە.[21] مەوزووعی جێ سەرنج و شایانی باس لەم بوارەدا ئەوەیە كە بێجگە لە میعماری، لە زەمینەی پیشەسازیشدا بە وتەی"پروفیسۆر د. بیرت ئەندامی مووزەی بریتانیا [22]"هونەرەگچكەكان" یان پێ وتوون، وەك قالی چنین، پارچە دروستكردن و كاشی ساز كردن و وێنە كێشان، لەكتێبانیشدا ئەو بەشە لە دنیای پێشكەوتووی ئەو زەمان دەوری بەرچاویان هەبووە، بە چەشنێك كە لە بواری ئاوریشم دۆزیو چنینیی هەموو جۆرە كووتاڵێكی زەری و كەتانی لە باشترین شوێنەكان بووە، بە تایبەتی بە دوای ئەوەیدا كە چلۆنایەتی فەننی پەروەردە كردنی كرمی ئاوریشم لە چینرا بۆ دنیای دەرەوە، چووە ئەو هەرێمانە بوونە گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی ئاوریشم، هێندێك دەورەی وەك "رأس العین یار سائانیای رۆمییەكان" بەهۆی سازگاریی سروشت تایبەتمەندیەكی پسپۆرانەیان هەبووە.

لە كتێبە قەدیمییە جۆراوجۆرەكاندا زۆر لە سەر سروشت و كەش و هەوای ئەم هەرێمانە دواون، بۆ نموونە كوتوویانە "نسیبەینی رۆمییەكان" كە بە وتەی مقدسی لە مووسڵ گەورەتر بووە و بە پێی نووسینی ئەو و كەسانی تریش چل هەزار باغی هەبووە و گوڵ گەلێكی سپی رەنێو دەهات كە جوانی‌و عەترە كەی بی وێنە بووە. [23]ابن حوقەل كە لە ساڵی ٣٥٨ی كۆچی چاوی بەو شارە كەوتووە دەنوسێ: جوانترین شوێن ناوچەی جزیرەیەو دەغل‌و دانەوێلە و میوەی زۆری هەیە. حمداله مستەوفی دەڵێ: دەوری قەڵاكەی شەش هەزار و پێنج سەت هەنگاوە. ئاوەكەی لەچۆمی "هێرماس" دابیندەبێ و میوە و ترێیەكی زۆری هەیە[24]و گوڵەكانیشی باشترین گوڵن،[25] لە سەر "رأس العین" دەنووسێ: ئەو شارە سێ سەت و شێست كانی هەیە

٢١- رێنوویینی پیشە سازی ئیسلامی دوكتۆر دای موند وەرگێڕانی ع.فریاد.ل٢٧ بەدوا

٢٢- هونەرە جوانەكانی ئێرانی دێرین.د. بیرت ل ١٩٧ ئینگلیسی

٢٣- كتێبەكانی اصطخري ابن حوقە ل٣تا ١٤٠ مقدسی ل ١٤٠ یاقوت حەمەوی بەرگی یەك دوو و چوار ٧٢ تا ٤٢٢و ٧٩ ٥٥٢،١٤٤ وابن بەتوتە بەرگی دووهەم ل ١٣٩ حمداله مستەوفی ل ١٦٧

٢٤- ابن حووقەل لاپەڕی ١٤٢

٢٥- حمدالله مستەوفی ل ١٦٧

که دوای یەگرتنەوەیان ، ئاوەکەیان باغاتێکی زۆری کە بە دوای یەکتردا ریزن ئاودێری دەکاو یەکێك لەو سەرچاوانە کە بە کانی "زاهیر" ناسراوە ئەوەندە پڕ ئاو و قوول و گەرورەیە کە بنی دیرانییەو خەڵك بەولوتکانەی کە تێیداون، دەچنە نێو باغەکانی خۆیان. ابن حوقەلیش دەنووسێ: "رأس العین یا رئاسانیا " بیست فرسەخ زەوی و زاری هەیە کە لە پشت مالانو خانوو بەرەکانی شارن.[٢٦] ماردین کە ئەمرۆش لە گوندەکانی گرینگی کوردستانی ناوەندەییە و لە ئاخی تورکیەدایە. بە قسەی گەڕیدەکان ناوەندی گەورەی پەشم چنین بووە و فەرش و پارچەی پەشمی ئەو شارە بە نێو بانگ بووە.[٢٧] هەر وەك بەرهەمی پارچە و کوتاڵی مووسڵ زۆر بە نێو بانگ بووە.

## بەشی کوردستان لە بڵاو بوونەوەی هونەرەکانی تر:

ئەوەی تا ئێستا کوتوومانە رۆڵی کوردستان لەسنعەت و باقی فەننەکانی فورمی بەر لە ئیسلام بوو و کە ئەو تەنیا نەخشی خەڵك لە گەشەکردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی بە شەری نییە، ئەو کوردستانە لە هەموو بەشەکانی دیکەی مەدەنیەت، دا بەشداری چالاکانەی هەبووە، بۆ نموونە لە جورها زانستو ئەدەبدا سیمای زۆر بەرچاوی بە خەڵکی دنیا ناساندووە. ئانتیوس ئامیدیایی Antius of Amida دیاربەکری ئەمرۆ" لە بە ناوباگترین پزیشکەکانی زەمانی خۆی بووەو هەر وەك لە ناوەندەکەیرا دەردەکەوێ خەڵکی ئامێدیا دیاربەکری ئەمرۆ بووە لەم زانستەدا گەیوەتە جێگایەك کە بۆتە دوکتۆری تایبەتی دەرباری ئیمپراتووری "ژوستی نیانووس". ئەم دوکتۆرە کە بە یەکێك لە چەند پزیشکی گەورەی مێژووی پزیشکی دنیا ناسراوە، قامووسێکی لەزانستی پزیشکی و تەبابەتدا نووسیبوو کە ... باشترین لێکدانەوەی لە مەڕ نەخۆشییەکانی چاو، گوێ، زارو ددان تێدا بووە و چەند بەشێکی سەرنجراکێشی لە "گواتر"و "هاری"و زنجیرەیەك نەشتەرگەری یا جەرراحی لەوزەکان هەتا مایەسیری تێدا نووسیبوو.

باکتریو کرمە وردەڵەکانی رێخۆلەو ئالۆزیی دەزگای هازیمەی بەوردی تاریف کردبووو بەوردی و سەرنجێکی بێ وێنە و بە درێژی باسی ناسینیو عیلاجی نەخۆشییەکانی سی کردووە. کتێبی دەرسی ئەو لە بابەت دەرك و زانینی نەخۆشییەکانی ناوەکی و باتنیو عیلاجیان بە

---

٢٦- ابن حوقەل کە ئەویش لە کتێبی سەرزەمینەکانی خەلافەتی رۆژهەڵاتی.گسترنج ل ١٠٣ی وەرگرتووە.

٢٧- حمداللە مستەوفی لاپەرەکانی٢١٩و٢٠٥، کە ئەویش هەر لە کتیبەکەی سەرەوە لاپەڕی١٤٢ بەولاوەی ابن بە گوگەی وەرگرتووی.



زمانەکانی "سوریانی" ، "عەرەبی"، "عیبری" ، "لاتین" وەرگێردراوە و لە دنیای مەسیحیەتدا بە چەشنێك جێگەی خۆی کردۆتەوە کە تەنیا لە بوقرات و جالینووس و سۆرانوس بەرەژێرتر بووە.[٢٨] [٢٩][٣٠]

## ئەدەبیات لەکوردستاندا:

لە بواری ئەدەبیاتدا، کوردستان زۆر دەولەمەندە و پڕە لە چیرۆکی ئەفسانەیی دنیاگیر، خەلکی ئەو خاکە لە بەرهەڵکەوتەیی تایبەتی جوغرافیایی خۆی، هەر لە هەوەڵێرا لە ژێر بیرو ئەندێشەی خەیاڵانوویدا نوقم بووە، کە زۆر لەوان چوارچێوەو قەوارەی خۆیان وردەوردە لە قالبێکی رێك و پێکی داستان و ئەفسانەدا دارشتووە و بە شێوەیەکی ئەبەدیی لە بیر و خەیالی نەتەوەکانی ترو ئەو قەومانەی لە ژێر کاریگەری خۆیاندا بوون جێگەی خۆیان کردۆتەوە.[٣١]

---

28- Acastiglione: History ot Medicine. P.252،=.H.garrison : History of Medecinep.132

٢٩- ئەو پەری پیشکەوتنی بیزانس لە کۆی میژووی شارستەنیەتی ویلدۆرانت، سەردەمی ئیمان. بەرگی یەکەم ل ٤تا ٢٠٣

٣٠- لەو زەماندا کۆنەپەرستی و جادووگەری هێدی هێدی بە دوای زیاتر بوونی رەخنە کردنی کلێسا لە زانستەکانی پزشکی دەبووە باو و بیروکە و پاوەری سەیروسەمەرە پێشانی خەڵك دەدرا، بۆ نموونە دەلێن هەر ئەو ئاتیتووس ئامیدیایە دەیکوت، بۆ پێشگرتن لە حامیلە بوون، ژن دەبێ ددانێکی منداڵ لە نیزیك پاشەلی خۆی هەڵاوەسێ:

Himes p.95، thorndike L: History of magic and Experimental scince،1، 147

لە مێژووی رەخنە گرانی کۆنەپەرستیو سیحرو جادوو لە زانستە تەجرەبییەکان بروانن.

٣١- مەڵبەندەکانی شاخاوی کە هاتووچوویان تێدا زۆر بە زەحمەتەو ئەو جێگایانەی هەڵکەوتەکەیان ئاوایە خەڵکەکە گیرو گرفتەکانی خۆیانیان بە سانایی بۆ جێ بە جێ نابێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکەی دنیا زیاتر وەك بیرۆکەی خەیاڵی ببینن، لە درێژەی زەماندا کە هۆگەلی میدیای پێوەندی گشتی بە شێوەی ئەمرۆ دەگۆڕێ دانەبووە، کاریگەری گرینگ و چارەنووس سازی لە سەر بیرو ئەندێشەی خەڵکی ئەم شوێنانە هەبووە.

لەم گەشتەدا دەتوانین بەو چیرۆکە زۆر جوانو نەمرانەی "ئافەرینش و دونیای خیلقەت"و هەڵخەڵەتانی حەزرەتی ئادەم و "تۆفانی نووح" کە ریشەیان بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە میلادو کۆنتریش دەگەڕێتەوە ئاماژە بکەین و هەر چەند بە گومانی هێندیك کەس ئەوانە دەدەنە پاڵ قەومی تری وەك یەهوودییەکانی بابیل[٣٢]. لێ هەموویان لە سەر ئەوەی کە سەرچاوەی ئەوانە "بین النهرین"ە قسەیان یەکە، دیاریشە کە ئەو بین النهرینە ناتوانێ هیچ شوێنێك جگە لە بین النهرینی باکوور واتە (کوردستان) بێ کە بە وتەی مینۆرسکی :"مرۆڤ هیچ قەومێکی کۆنتر لە کوردان نانسێ کە لەو خاکەدا بووبن". [٣٣]چونکە هۆکاری بەدی هێنەری ئەو چیرۆکانەش وەك کێوی جوودی = گروودی= کورتی هەر لەوێ هەڵکەوتوون. هەر چەند لە وەستانەوەی کەشتی نووح و پاڵپشت بۆ ئەو وەستانەوە چەند کێوی تریش باس دەکرێن بەڵام کێوی کووتی یا بە زاراوەی عەرەبان جوودی لە زەنجیرە کێوەکانی "جۆلە مێرگ" لە باکووری زێی گچکە زیاتر جەختی لە سەر کراوە، لە کتێبە پیرۆزەکانی وەك تەوراتیش ئاماژە بەو کراوە. دیارە لە هەبوونی ئاسەواری زۆر لەو هەرێمە باس دەکرێ، یەك لەوان ئەوەیە کە خەتو نووسینیان بە زمانی پەهلەوی بووە بەڵام هیچی بۆ ئەوڕۆلی نەماوەتەوە. هەر چەندجار جار لێرەو لەوێ لە هێندێك لە هونەرەکانی شانۆیيو لقەکانی کە پێوەندییان بەمەوە هەیە هێندێك نووسراوە دەست کەوتوون، بەڵام دۆزینەوەیان لە نێو کتێب و نووسراوە کۆنەکاندا کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە نووسراوەکانی کە پێوەندیان بەم ناوچەوە هەیە، بەشێك لە مێژوویا فەرهەنگی وڵاتانی ئێران و رۆمو وڵاتانی تری دەوروبەر بە حیساب هاتووەو بە نێوی ئەوانە، هەر بۆیە وەدوا کەوتنۆ دیتنەوەی زاناو سنعەتگەرو هۆزانوانەکانی کوردستان بە تایبەتی لە دنیای بەر لە ئیسلامدا، پێویستی بە توێژەرەوەی شارەزاو حەوسەلەیەکی زۆری ئەو هەیە. لە ریزی هونەرەکانی شانۆیی، لاساکردنەوەی دەنگ و حەرەکەتەکانی هونەرمەندە. ئەوانەی ئەو هونەرەیان هەبووە خاوەنی زیرەکی و زەوقی تایبەتیو بەرز بوون، ئەوانە دەچوونە نێو چینەکانی هەرە سەرووی کۆمەڵگاو تەنانەت دەگەیشتنە بارەگای پادشاکان و دام و دەزگای میریش.

٣٢- رۆژهەڵات لانکی شارستانیەت، مێژووی شارستانیەتی ویل دۆرانت وەرگێڕانی احمدی ئارام، ل ٤٨٧

٣٣- کورد لەروانگەی پروفیسۆر مینۆرسکییەوە، وەرگێڕانی نووسەری ئەم کتێبە.



هەڵبەت لە رابردوودا بەم جۆرە هونەرمەندانەیان کوتووە دەلقەك و مێژووی میللەتانیش پڕە لەو تەرزە هۆزانوانانە کە بۆ نموونە ئێمە یەك لەوان بە نێوی" مازیار" دەناسێینین کە بە هۆی لێهاتوویی یەکجار زۆری لە لای خوسرەو پەرویز شاهنشاهی ساسانی زاهنشاهی ساسانی زب بوو. ئەو کەسە کە خەڵکی هەولێری کوردستانی باشوور بووە، لە قسە خۆشیو تەنز کوتندا دەستێکی باڵای هەبووە و بە تایبەتی دەنگی حەیواناتی جۆراوجۆری دەردێناو لە لاسایی کردنەوەی حەرەکاتی حەیوانو ئینساندا زۆر ماهیر بووە. مازیار لە بارەگای خوسرەو پەرویزدا پایەی دەلقەکی هەبووە و دەڵێن خوسرەو پەرویز زۆری خۆش ویستووە، بە جۆرێك کە گەورەکانی دەربار بۆ جێ بە جێ بوونیدا خاوزیەکانیان لەلای خوسرەو پەرویز دەست و داوێنی ئەو دەبوون.

بە وتەی "جاحظ" مازیار بەینێك کەوتە بەر غەزەبو خوسرەو پەرویز بە هیچ شێوەیەك وەرینەدەگرت، هەتا رۆژێك لەکاتێکدا کە خوسرەو لە خەودا بووە لە سووچێکی کۆشك راوەستاوەو دەنگی حەیواناتی جۆراجۆر بە تایبەتی دەنگی سەگ و کەری دەردێنا. شا کە ئاگای لەو راستییە نەبوو، ئەمری کرد ئەو حەیوانانە بدۆزنەوە. وەدوا کەوتن و گەڕانی پارێزەرەکان لە ئاخریدا بوو بە هۆی دۆزینەوەی مازیار. کاتێك مازیار بە تووڕەیی لێی پرسی بۆ چ وای کردووە، وڵامی داوە: ئەو رۆژەی کە شاهنشا لە من لا لووت بوو، خواش منی مەسخ کردو کردمی بەسەگ و گورگ و کەر... و دەستیکرد بە چاپلووسی و قسەی خۆش. مازایار ئەو قسانەی بە چەشنێك بەیانکرد کە خوسرەو پەرویز نە تەنیا لێی خۆشبوو، ئەمری کرد خەلاتیشی کەن.[٣٤][٣٥][٣٦]

## فەرهەنگ و شارستانیەت و هونەر لە کوردستانی دوای ئیسلامدا:

پاش دەسلات پەیدا کردنی ئیسلام لە هەرێمە جۆراوجۆرەکانی ئاسیای رۆژئاوا (یەك لەوان کوردستان) وەك ئەربابانی دینە جۆراوجۆرەکان و کردەوەی رێبەرانی سیاسی ئەم ئایینەش بە دوای حەزرەتی محمدو چوار خەلیفەی راشدین دا بوو بە هۆی ئەوە کە وردە وردە زانستو هونەر لە کوردستانیش بەرەو لاوازیو نەمان بچێ، ئەوە لە حالێکا بووە کە رێبەری پایەربەرزی

٣٤- کتاب التاج ، جاحظ ، ل ١٦٥ وەگیراو لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی حەوتەم ل ٦٣١

٣٥- روچە الصفا بەرگی ٣ ل ٥٢٧.

٣٦- مازیار، بالوولی سەردەمی ساسانیان، احمد قاسم حسن، بە زمانی کوردی نووسیویەتی ل ٢٥١

ئیسلام یەکەم پێشەوای دینی بووە کە خەڵکی بۆ فێر بوونی زانستو فەنهانداوە و دەیفەرموو : طلب العلم من المهد الی اللحد" هەر لە بێشکەوە هەتا مردن خەریکی فێر بوونی عیلم و زانست بە" یا "جەوهەری زانایان هاوکێشی خوێنی شەهیدانە"و "جەوهەری زانایان بەرزتر لە خوێنی شەهیدانە".(۳۷)(۳۸)

لە سەر هونەری میعماریو میعمارانی گەورە کە کوردستانی بەر لە ئیسلام بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناساندون پێشتر برێك دواوینو لە درێژەی ئەو باسەدا لە مەڕ هونەرو ئەو میعمار گەلە هونەرمەندەی کوردستانی دوای ئیسلام ئەوە زیاد دەکەین کە بە درێژایی مێژوو کوردستان ئەومیعمارانەی بە دنیا ناساندووە کە خولقێنەری ئاسەواری ئەوەندە بەرجەستەو جێ سەرنج بوون کە پاش چەند سەدە گەروەیی و شکۆیان ئێستاش جێگەی سەر سوڕمانەو شاگردەکانیشیان کە درێژەدەری شێوە کارو سەبکی میعمارەکانی مامۆستای خۆیان بوون، لە پێشکەش کردنی شتی نوێ بە دنیا بەردەوام بوون.

احمد رۆمی لە میعمارە بە ناوبانگەکانی دوای یئیسلامە کە لە سەردەمی تەیموورییەکاندا ژیاوە. ئەو کوردێکی خەڵکی میافارقین بووە کە ناوی احمدی کوری هاشم بووە، چونکو ماوەیەکی زۆر بۆ سازکردنی کۆشکی زۆر گەورە لە رۆم مابۆوە بە احمد رۆمی نێوبانگی دەر کردبوو. کاتێك تەیمووری لەنگ بریاریدا کە سمەرقەندی پایتەختی خۆی بکا بە جوانترین شاری دنیا، لە هەموو میعمارو هونەرمەندانی سەرتاسەری دنیای گێراوە کە یەك لەوانیش احمد رۆمی بوو.(۳۹)

لێرەدا پێویستە بگوترێ ئەو شوێنەوارانەی کە لە شارەکان کوردستان ماونەتەوە خۆیان نیشانەی پلەی بەرزی میعماری کوردستانی، بیناسەرانسەر بەردینەکانی "ئامید = دیاربەکر=" و میافارقین"و ... نموونەی ئەو تەرزە بینایانەن، یا ئاشی بە شەپۆلی مووسڵ کە لەزەمانی خۆیدا شتێکی زۆر سەرنجراکێش بووە. "ابن حوقەل" لە سەدەی دەهەمی کۆچیدا لەو ئاشە دواوەو دەنووسێ: ئەو ئاشە لە قەراغ دجلە، لە سەر تەختە دارێکی جیگرتوو دامەزراوە کە بە

37- In Ameer Ali: spirit of Islam

۳۸- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران ، مرتضي راوەندی ل ۱۷۵ بەرگی ۲

۳۹- ظفرنامەی تەیموریی شرف الدین یەزدی جوغرافیای مێژووی دنیای ئیسلام



هۆی دوو زنجیر لە دووبەری چۆمەکە خراوە، بەرداشەکانی کە ئەوەندە گەورە بوون کە بە گەڕانی خۆیان دەیانتوانی رۆژێ پەنجا تۆن دان لێبکەن.(۴۰)

کەرەستەی پێویستی میعماریش پێ بە پێی هونەری بیناسازی، بەرەو پێش دەچوو، لە هەرێم و ناوچەکانی پێشکەوتووی تریش کەلکی لێ وەردەگیرا، هەر وەك کاشی ساز کردنو سێرامیك سازکردنی مووسڵ زۆر بە نێو بانگ بووە. لەم باباتەشەوە دەنووسن: مووسڵ ناوەندی ئامادەکردنی قاب و قاچاغی سادەو بێ لوعاب بووە کە نموونە گەلی زۆر لەوان لە موزەکانی پاریس لەندەن، برلین و نیویورك مەوجودن.(۴۱)(۴۲) هەروەها مووسڵ ببووە ناوەندی گردبوونەوەی کرێکاران و سنعەتکارانی ماهیرو لێزان، ئەوشارە لە ریزی ئەو چەند شارە پیشەسازی و سنعەتییەی ئەو دەورە بوو کە لەم ئیمتیازە بەهرەمەند بوون.(۴۳) کاتێکیش کە شاهروخی تەیمووری بۆ دروستکردنی بازاری هەرات و خانووبەرەکانی ئەو شارە پێویستی بە بەرد تاشان هەبوو سێ وەستای لە ئامیدو میافارقینرا کە بێ وێنە بوون هێنا بۆ هەرات و ئەرکی ساز کردنی بازاڕەکەی پێ سپاردن.(۴۴) دەبێ ئەوەش زیاد کەین کە شاری ئامێدیا = دیاربەکر کە چەند سەد سال بەر لە ئیسلام هەبووە هەموو کات بۆ جوانی و قایم و قۆڵی بە نێو بانگ بووە و بینا بەردینەکانی وەك پێناسەی ئەو شارە وا بوون.

## رۆڵی کوردستان لە بڵاوبوونەوەی زانست و فەننەکان و فەرهەنگی جیهان:

هەر وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد، تەیمووری لەنگ کاتێك بۆ بەرەو پێش بردنی پایتەختەکەی "سەمەرقەند" سنعەتکارو هونەرمەندەکانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانیرا بۆ ئەو شارە بانگهێشت کردن، وێرای بانگ کرانی میعمارەکان و وەستاکاری بەشە جیاجیاکانیشی، تاقمیك لە سەنعەتکارانی کوردیش گیراو لێرە کە لەو سەردەم شارەزای کاری چەك سازی بوون

۴۰- ابن حوقول، وەرگیراو لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی سێهەم ل ۱۶۷

۴۱- جوغرافیای مێژووی خاکی خەلافەتی رۆژهەڵات، لسترنج

۴۲- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی سێهەم ل ۸۵و مێژووی پیشەسازی و دەرهێنانەکانی ئەم بابەتە پیرۆکۆ، وەرگێڕانی سارمی

۴۳- ژیانی رۆژانە لە چیندا بەر لە هێرشی مەغوول، ژاك ژێرنە، وەرگێڕانی دوکتور ئیزە پەنا

۴۴- حافظ ئەبروو، عبدالرزاق سەمەرقەندی، کتێبی السعد بن، وێبی السعد بن، ورداوی تورکی ئەستەمبۆلی الغ بیگو زمانی ئەو نووسین پرفیسور بارتولد P.W.Barthold وەرگێڕانی محمد چاکرئۆغلوو

و نێوبانگیان هەبوو لە شارەکانی نسیبەین، ماردین، دیاربەکر و هەولێری کە بە پێی ئەو نووسراوانەی بە دەستەوە ماون باشترین تفەنگ و تۆپی سەردەمی خۆیانیان لە سەمەرقەند دروستکرد.(٤٥) بە گشتی ئەوەی کە لە نووسراوە کۆنەکان دەردەکەوێ، هەر کام لەشارەکانی گرینگی کوردستان لە بابەتێکەوە نێو بانگی هەبووە. شاری کوردنشینی "اخلاط" کە لە شارە ناودارەکانی ئەرمەنستان لە وزەماندا بووە، یەکێك لە ناوەندە گرینگەکانی بازرگانی ناونەتەوەیی بووە (سەدەکانی ٩ و ١٠) هەر بەو بۆنەشەوە خەڵکی ئەوێ زۆربەیان زمانەکانی فارسی، عەرەبی و ئەرمەنیو یونانیان دەزانی، ناسر خوسرەو لە سەفەرنامەی خۆیدا دەنوسێ: لە رێکەوتی هەشتەمی مانگی جمادی الاول ٦٣٨ی کۆچی لە شاری اخلاط کە لە سەر کوردستانە سات و سەودا بە پارە دەکرێ و "رطل"ی ئەوان سێ سەت دەرهەمە. بێجگە لەوەش لە ناوچەکانی شاخاوی زاگروسی کوردستان، هەروەها لە دەوەری "گنزك" (شیزیاشیزگان) لە نیزیك مەراغە زێری سووری زۆر باش لە کانگا دیننە دەر کە بە ملقمە دەیشۆنەوە" هەروەها دەنووسێ: شاری بتلیس لە قەراغ چۆمی دجلە، لە کوردستانیش، لە بابەت بازرگان و سەودا و معاملە بە قەدرایە "اخلاط" بە نێو بانگ بووە.(٤٦)

شاری مووسل کە خۆی ناوەندێکی گرینگی پیشە سازیو بازرگانی ئەو رۆژگارە بوو، هێندێك تایبەتمەندی خۆی هەبوو ، لەو زەماندا کە پاك و خاوێنی زۆری سەرنج نەدەدرایە لەو شارەدا ئاوی جۆگەلەکانیان دەخستە سەر مەباڵەکانی گشتیو ماڵەکانی ناو شارو زۆر بە رارایەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شاریشیان دەکێشا، هەتا لە بلاو بوونەوەی نەخۆشی پێشگیری بکەنو(٤٧) ئەوە کارێك بوو کە دواتر لەشارەکانی تردا لاسایانکردەوە و تەنانەت ئەمڕۆش لە هیندێك ناوچە، بۆ نموونە لە شارەکانی کوردستان درێژەی هەیەو مەباڵە گشتییەکان بە تایبەتی هینەکانی مزگەوتەکان بەم شێوە خاوێن رادەگرن.

مووسل هەروەها لەسەدەکانی سەرەتای ئیسلام دا یەکێك لە ناوەندەکانی سنعەتی وردو زەریف بووە و ئوستورلابگەل، راستەو گۆدارو تەرازووی زۆر چاك و دەقیق و چەکو چۆڵ و بەرگی شەڕێ وەك خوودو زرێیان لە مسێك کە هەر لەوێ دەردە هێنرا دروست دەکردو لە

٤٥- سەفەرنامەی کولاوەیخۆ، بالوێزی ئیسپانیا لە بارەگای تەیموور، بە زمانی ئینگلیزی

٤٦- خاکی خەلافەتی رۆژهەلاتی نووسینی لسترنج.

٤٧- ابن جەبیر هەمان سەرچاوە، ابن بەتوتە



درێژایی سەدەکانی ١٢ و ١٣ زۆر کارخانەی گەورەیان لە مووسڵ و دیاربەکر و هەولێر دامەزراند، چاوەدێرانی دەوڵەتی سی هەزار جۆر شتی جۆراو جۆرو پڕ بایەخ و تایبەت بەوێ نێو دەبەن کە بە هەمە بابەت فلزی گرانقیمەت دروستدەکران.(٤٨)

شاری موسڵ لە زەمانی سەلجووقییەکان و ئەیبوبییەکاندا دەگەڵ چەند شاری تری کوردستان وەك نسیبەین و هەرران و ئامیدیا لە دەگمەن شارەکانی دنیای ئەوکات بوون و لە بابەت جوانی و فەرهەنگەوە لە سەرەوەی هەموویان بوون.(٤٩) لە بواری هێندیك سنعەتی وەك موتەلاکاری. نەقاشی ورازندنەوە و ئامادە کرانی کتێبی وینە دارو ئاسەواری پربایخ و نایاب لە ریزی شارەکانی وەك نسیبەین و ماردین و میافارقین و کووفە و بەسرە و بەغدا بووە.(٥٠) جگە لەوانەش زانکۆی موسڵ لە یەکەمین زانستگەکانی دوای ئیسلام بووە کە لە لایان خواجە نظام الملك ((دەگەل)) ((نظامیة))ی بەغدا دامەزراوە و هێندێك سوقووفەشی بۆ خەرجەکەی دیاریی کردووە. کەسانیك لەو زانستگەدا دەیانتوانی بخۆینن کە سەرەتای زانستەکانیان پێشتر خویند بوو، زیاتر لە دوو هەزار خویندکار لەو زانکۆیە دەرسیان دەخویند و بەدرێژایی ژیانی نظام الملك و ماوەیەکی زۆر دوای ئەویش زانکۆی مووسڵ رەونەقێکی زۆری هەبووە.(٥١)

لە شارەکانی تری کوردستان کە لە بواری تێکنیکی زەمانی خۆیەوە و خزمەتەکانی بۆ بەرەو پێش بردنی زانستی فەننی جیگەی سەرنج بوون شاری نسیبەین کە لە زەمانی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان و لەو کاتدا کە لە زۆر شۆین جێگەو بیرۆکەیەك بۆ ساز کردنی خوێندنگەی زانستی غەیرە ئایینی نەبووە، ئەو شارە خوێندنگەی زۆر تەیاری هەبووە و زۆر کتێبی بنەرەتی زانست و فەلسەفەی لێ کوتراوەتەوە کە زۆربەیان بە زەمانی سوریانی بوون و

٤٨- ژیانی رۆژانەی موسلمانیان لە سەدەکانی ناوەراستدا، دوکتۆر مەزاهیری و هورموزنامە لە نووسینی مامۆستا پووورداود و مێژووی کۆمەلایەتی ئێران هی مرتضي راوەندی بەرگی سێهەم ل ٥٣ بە دواوە.

49- Thompson .j.W:Economic and Social History. P.391 و Arnold: Preaching p.91 و روحی ئیسلام ئەمیر علی کە ئەویش لە بەرگی ١١ی لە سەردەمی ئیمانی مێژووی شارستانیەت"یویلد دۆرانتی وەرگرتووە.

٥٠- مێژووی هۆزانوانان، سیرو ویلیام ئورین، وەرگێرانی احمد سوپیهری خۆراسانی و زەکی محمد حسن لە کتیبی سنعەتەکانی ئێرانی دوای ئیسلام و رێنوینی سنعەتەکانی ئێرانی و شارەکانی هونەری ئێران، نووسینی((پوپ)) وەرگێڕانی دوکتور پەرویزی ناتڵ خانلەری.

٥١- تجارب السلف (تەجرەبەکانی پێشینان) ولێکۆلینەوەی مامۆستا سعید نەفیسی لە گۆڤاری میهردا.

زاناكانی ویندەیَ زۆر بە باشی ئەو كتێبانـەیان دەپاراسـتو ببـووە ناوەنـدی زیـاد كـردن و بـلاو كردنەوەی كتێبەكانی زانستی و فەلسەفی.[٥٢]

خەڵك لە شارەكانی كوردستان بەو خوێندنگایانەیان دەكـوت((ئیـسكۆڵ))ئـەوە نێوێكـە كـە ئەمرۆ ئینگلیسی زمانەكان لە هەموو دنیادا بۆ خویندنگەیەك بە كاری دیـنن و بـە مەدەرسـە دەڵێن ئیسكول. لە روانگەی نووسەری ئەم كتێبـەوە بۆیەكـەم جـار خویندنگـە دروسـتكران بـەم شـێوە كـە باسـكرا لێـرەرا دا كـەوتوە و لێـرەوە بـۆ شـوینەكانی تر،یـەك لـەوان ئینگلـستان گویزراوەتەوە. لەو شوینانەدا سەرنجەدرا بە زانستی غەیرە ئـایینی وەك وانـەكانی نەحو،بـەیانو مەعان فەلسەفە و پزیشكی، موسیقا و بیركاری و نجووم دەكوترایەوە و لە لایـەن ئەفلاتوونییـە نۆییەكانەوە سەرنج بە فێركرانی زانستی پزیشكی دەدرا كە تایبەت بە نووسراوەكانی بـوقراط و جالینووس[٥٣][٥٤] بوون.

تاقمیك لە ئێرانییـە زاناكـان بـۆ یەكـەم جـار لـە رەهـاو نـسیبەین بـە كـەڵك وەرگـرتن لـە عەقلانیـەت و ئیبتكـاری خـەڵكی كوردسـتان[٥٥] دەسـتیان كـرد بـە دامەزرانـدنی هێنـدێك خویندنگە بەو مەبەستە كە لە زانیاری و زانستی خەلكی ئـەو ناوچـە بـەهرە وەرگـرن و لەوانـە دەكریَ زانایانی وەك پولصی ئێرانی، ئاكاسیوس بارسوما كە دە گەڵ زانست و زانیـاری یۆنـانی هـەر لـەو مەدەرسـانەدا ئاشـنا ببـوون نێـو بـەرین كـە لـە شـوێنگەلی جیاجیـا دەسـتیان دایـە دامەزراندنی ناوەندی پەروەردە كردن و راهینانی گرینگ و بۆ رەواجی زانـست و زانیارییـەكانی ئەو سەردەم زۆریان هەوڵ داو بۆ دەرس كوتنەوە لە زانایانی خویندنگەكانی نسیبەین و ئامێدیا و رەهاو حەررانیش كەلكیان وەرگرت، بۆ نموونە لە گوندی شاپوور( جندی شاپور) كـە هـەر لـە سەرتاوە ببوو بە ناوەندێكی زانستی و وەرگیرانی زۆر لە كتێبەكانی زانایانی یۆنـانی و هینـدی لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا بە زمانی پەهلەوی و سەركەوتنی زۆریش لەم بوارەدا وەدەستهێنا. لەم ناوەند زانستییەدا بە هاندانی شاپوور و خوسرەوی یەكەم و نەوشیروان، زۆرێـك لـە حـەكیمان و

٥٢- سەردەمی ئیمان،بەشی دووهەم، شارستانیەتی ئێـسلامی، مێـژووی شارسـتانیەت، وەرگیرانـی ابوالقاسـم پاینده ل٧تا ١٤٦و دواتر

٥٣- میژووی ئەدەبی ئێران، ئیدوارد براون، بەرگی یەكەم، وەرگێڕانی علی پاشا سالح

٥٤- میژووی زانستەكانی هزری لە شارستانیەتی ئیسلامیدا نووسینی دوكتۆر زەبیحالله صفا

٥٥- میژووی زانستەكانی هزری شارستانیەتی ئیسلامی



پزشكانی پلە بەرزی ئێرانی و یۆنانی و هیندی كـۆ بوونـەوە و خـەریكی چارسـەری نەخوشـان و موتالاّی پزشكی بوون.[٥٦][٥٧] دوای هێرشی عـەرەبانیش، زانكۆی پزشكی گوندی شاپوور پلـە و پایەی خۆی هەر پاراست و لە سالی ١٤٨ی كوچی كە نەخۆشی خەلیفە( مـەنسوور دەوانقی) بـە هۆی "جورجیس" چارەسەركرا، دیسانیش پایـەی چـوە سـەرتر. . بـەلاّم لـە سـەدەی سـیهەمی كوچیدا كە بەغدا لە بواری زانستییەوە زۆر بەرەو پیش چوو بوو بە هۆی ئەوە كە پایـە و بـایخی جوندی شاپوور بێتە خـوار.[٥٨] دوای ئیـسلام لـە خویندنگـەكانی نـسیبەین ئـەو كتێبانـەی بـە زمانی سورِیانیوپەهلەوی بوون لە لایەن كەسانیكی وەك ابن المقفع و كورەكەیـەوە وەرگێردرانـە سەر زمانی عـەربی  لەم رێگەوە خەڵكی ئەم شارە كوردنیشینە توانیویانە كاریگەری مەعنەوی و ئەخلاقی خۆیان لە شارستانیەت و فەرهەنگی دنیا نیشان بدەن.

لە شارەكانی تری كوردستان كـە كاریگـەرییان لـە فەرهـەنگ و زانـستی دنیـادا هـەبووە و پێشتریش ئاماژەمان پی كردووە." حەرران"ە. مرتضي راوەنـدی دەنووسـیَ: ئـەو شـارە كـە لـە راستیدا شاری مورتە دان بوو، زۆربەی خەلكەكەی لە فیرقەی صائبی بوون و لـە هـەر شـوێنیك كە سەرنج بە زانستەكانی نائاینی دەدرا بە و ناوەیان نێو دەبرد، ببووە ناوەندێكی زانستیو كـۆ زانایەكی ئاشنا دە گەڵ هەیئەت و نجووم و ئەخلاقی خڕبوونەوە.[٥٩] لێرەدا پێوستە بكوتریَ لـە دوای بـە رەسمـی ناسـینی دیـنی مەسـیح لـە لایـەن ئیمپراتـووری رۆم، زۆری هەوڵـدا كـە حەررانییەكان لە باوەڕی خۆیان وەرگیریَ و بیان هێنیتـە سـەر دیـنی مەسـیح، بـەلاّم ئـەوان بـە توندی راوەستان، بە شێوەیەك كە رۆمییەكان حەررانیان بە شاری بوت پەرستان نێـو دێـر كـرد، بـەلاّم لـە پێوەنـدی وشـەی سـابئین دەگـەڵ خـەلكی شـار دەبـیَ بلّـێین لـە زەمـانی حـوكمرانی

٥٦- دیسان پێویـستە بگـوتریَ ئـەو شـارانە كـە ئیمـە بـە شـارەكانی كوردسـتانیان بـاس دەكـەین و لـە سـەر كوردستانیش لە كتێبگەلی جۆراجۆردا بە هیَ ئێران یا رۆمیان ناو دەبردن و ئێمە بۆ دیاریكردنی ئـەو خاكـە و فەهەنگو زانستەكانی بە نێوی راستی خۆی دەیهێنن، ئەەش زیاد دەكەین كـە ئـەم شـارانە هـەر لـە سـەرەتای مێژوودا بیَ پسانەوە كورد نشین بوون.

٥٧- مێژووی كۆمەلاّیەتی ئێران، بەرگی سیهەم،ل ٢٢٥

٥٨- مێژووی كۆمەلاّیەتی ئێران، مرتضي راوەندی، بەرگی سێهەم ل ٢٢٥ بـەدوا، لێـرەدا دەبـیَ ئـەوە بێـژین كـە یەكیك لە دەلیلەكانی پەیوەست بوونی كوردەكان و ئێرانییـەكان زمـانی ئەوانـە وەك بیسنی وشـەی ((گونـد)) لـە زمانی پەهلەویدا بە واتای ئاوەدانی هاتووە كە لە كوردی ئەمڕۆشدا هەر بەو مانایە هاتووە و بەدیَ دەلێن گوند.

٥٩- میژووی زانستەكانی عەقلی، دوكتور زبیح اللەسفاو و مێژووی كۆمەلایەتی

عەبباسییەکاندا زانایانی ئەو شارە کە بە توندی خەریکی وەرگێران و پەروەردە کردن و بە عەرەب کردنی کتێبە یونانییەکان بوون. تا کاتی حوکمداریی مەئموون و زۆر بەراحەتی ولە ئاسایشی تەواودا دەژیان، بەڵام کاتێك مەئموون بە مەبەستی چوون بۆ شاری مەشهەد بەو شارەدا تێپەری و لە بێ موبلاتی خەلکی شار بە ئایینەکان ئاگادار بوو، هەرەشە لێکردن و کوتی: ئەگەر تا گەرانەوەم بۆ ئەو شارە مڵ بۆ یەکێك لەو دوو مەرجەی بۆتان دادەنێم رانەکێشن هەمووتان دەکووژم![٦٠] ئەو دوو مەرجەش بریتیی بوون لە: یادێنە سەر دینی ئیسلام یا یەکێك لەو دینانەی کەئیسلام بە رەسمیان دەناسێ قبوولبکەین پیرێکی خاوەن زانستی ئەو شارە کە پەی بەرادەی ژهراوی بوونی بیری مەئموون و هەڵەی ئەو بردبوو،بە هاو شارییەکانی خۆی پێشنیار کرد کاتێك خەلیفە گەراوە. پیێ بڵێن کە ئیمە ((سابی))ین و ئەو مەزە بە لە قورئانی پیروزدا باسیکراوە. خەلکیش ئەو پێشنیارەیان قبوولکرد. بەڵام مەئموون بەر لە گەرانەوە بۆ حەرران مردو مۆرکی((سابئین)) لە سەر خەلکی ئەو شارە مایەوە.[٦١][٦٢] حەرران لە زۆر کۆنەوە پێشنیەی ناوەندیەتی زانستی هەبوو، هەروەك لە زەمانی ئەسکەندەری مەقدوونی دا یونانییەکان پێیان دەکوت:"ئالنوپۆلیس" هلنوپۆلیس"هەروەها(( هاران)) یشی

٦٠- هەمان سەرچاوەی پیشوو

٦١- فەرهەنگ یا"وشەنامە"ی مێژوویی جوغرافیای عەمید، نووسینی حەسەن عەمید ل ٥٦١

٦٢- سابئینی یا صابئە نێوی گرووپیکی ئایینییە کە بەبوت پەرستو موشریك دەناسرێن و هینـدێك کەسیش ئەو بەشیك لە بەینی جوولەکە و مەسیحیان دادەنێن و ئادابو رەسمی ئەوانیش تیکەڵاوێکە لە یەهوودیگەری و مەسیحیەت.باوەری سابئینی لە کەلدەی کۆن دا هاتۆتە وجوودو، دوو فرقە بەو نێوە بەناوبانگن. یەکیان صابئینی راستن کە ماندائیان و موغتەسیلەشیان پێ کوتون و زۆربەی کات خەریکی ئادابیشوستن بوون، هەر ئەوانەن کە لە کەلدوسریان هەلداوە. تاقمی دیکەیان ئەوانە بوون کە لە زەمانی مەئموندا بۆنەجات دانی خۆیان لە کوژران. خۆیان بە فیرقەی سابئین ناساندوە. زانا گەلی زۆر لە حەرران هەلکەوتوون کە زانستەکانی یۆنانیان فێری موسلمانان کردووە.

ماندائییەکان کتێبێکی تایبەتی خۆیان هەیە بە نێوی "سیدرلربا Sidra- Rebba" یا "گینزە Ginza" کە بە زمانی ئارامی نووسراوە لە شوشتەرو دیز فوولیش هێندێك لە وانە دەژین کە سبی یا سابیان پی دەگوترا لە رابردوودا زۆر بوون و وردە وردە کەم بوونەوە لە عیراقی عەرەبیش هێندێك هەن کە کوڕان خەتەنە ناکەنو لە ژنێك زیاتر ناهێنن هەر وەك کاتۆلیکییەکان تەلاقدان بی ئیزنی حاکم و حوکمی ئەو بە جایز نانزانن، زۆریان ئاوی جاری خۆش دەوێ و رێ و رەسمی ئائینی خۆشیان لە قەراخ ئاوی رەوان بەئەنجام دەگەیەنن.



پێ دەوترا[٦٣]. دوای ئیسلامیش هەروەك باسکرا تێکۆشانی زانستی و فەرهەنگی زۆر بەرچاوی هەبووە. شاری"رقەش" لە جزیرەی((کوردستانی سووریە)) لەو شارانەیە کە لە کوردستاندا هەڵکەوتەیەکی مێژوویی و فەرهەنگی گرینگی هەیە. ئەو شارە لە قەراغی رۆژئاوای چۆمی فورات هەڵکەوتووە و لە زەمانی هارون الرشیدی گەورە خەلیفەی عەبباسیدا هاوینە هەواری رەسمی ئەو بووە ولێی ماوەتەوە.

ئەبو عبداله تەبانی "٣١٧هەتا٢٣٦"ی کۆچی کە دەبێتە"٩٢٩هەتا٨٥٠"ی زایینی کە لە ئوورپا بە ئەلبەتیوسalbatiynus بە نێوبانگە لە زانایان و داهێنەرانی گەورەی زانستی بیرکاری و هەیئەتەو لە کوردەکانی شاری رقەیە. ئەو کەسێکە کە زانستی ژمێریاری "مپلپات" ی لە سەردەمی "هشار خۆی و بتلمیوس" زۆر بەرەو پیشتر بردوەو لە مثلثات لە جێی چوار گوش یا (مربعات) بۆحەللی مەسەلان دەکار هێناوەو " جەیبیزاویە"ی لە جیاتی قەوسی "هشارخۆی" یۆنانی هێناوە. هەر ئەو زاتە بوو کە لە حیسێبی مثلثات نیسبەتەکانی تا رادەیەکی زۆر بەم شێوەیە رێکخست کە ئەمرۆ کەلکی لێ وەردەگیرێ و دەکاردێ.[٦٤][٦٥]

تەبانی لە زانستی هەیئەت دا لە فرغانیش بە نێوبانگ ترەو ماوەی چلو یەك ساڵ لە کاری رێکخستنی ئەو رەسەدانەی کە لە بابەت لێوردبوونەوە و سەرنجدان نێو بانگی دەرکردبوو کاتی سەرفکرد و لە ئاکامدا بەوە گەیشت کە بە شێوەیەکی سەر سوڕ هێنەر لەگەڵ ئاکامەکانی رۆژگاری ئێمە نیزیکە، یەك لەوان رەوتی ئیعتدالەین (اعتدالین لەساڵدا ٥٤/٥ دەرەجە و مەیلی ئیستوای فەلەکی ٢٣/٥٥ دەرەجەی دیاریکردبوو.[٦٦] هەیئەتناسان لە راگەیشتن بە کاری رەسەدی ئەستێرەکانی عاسمانیو نووسینیان، و هەر وەها لێکۆلینەوەی هەیئەتی بتلمیوس و موتالا لە سەر پەلەکانی رۆژ لە زەمانی مەئموونی عەبباسیداو، بە مسۆگەر زانینی خربوونی گۆی زەوی، دۆزینەوەو ئەندازە گرتنی دەرەجەی جوغرافیایی بە هۆی

٦٣- هەر ئەو سەرچاوانەی پێشوو بە بروای نووسەری ئەم کتێبە تەنیا کوتنی ح بە ە بۆتە هۆی سازبوونی وشەی "هاران"

64- F.T.Carter:The invention of printing in china introduction، p 85

65- Barnes economic History، p،113

٦٦- Sarton.i.602 و سەردەمی ئیمان بەرگی دووهەم شارستانیەتی ئیسلامی لە کۆی مێژووی شارستانیەت، ویل دوراست، وەرگێرانی ابولقاسم پاینده

رەسەد کردنی خۆرەتاو لە " سەنجار = ژەنگار" یەکێك لە شارۆچکەکانی کوردستان بە کەڵك وەرگرتن لە روانگەی "تەبانی"[٦٧] لە گەورە زانایانی تری کوردستان دەتوانین لە ابن واضح (احمد بن یعقوب)ی جوغرافی زان یاد بکەین کە لە ساڵی ٢٤٨ی کۆچیدا وەفاتی کردووە، ئەو کە خەڵکی (اخلاط)، لە کوردستانی ناوەندییە، نووسراوەکانی لە بواری جوغرافیا دا بایخ و گرینگێکی زۆریان بووە. لەکتێبەکانی ئەو دەتوانین اخبار الامم السالحە، اسماو البلدان، التاریخ الکبیر، مشاکلە الناس لزمانهم نێو بەرین کە تاقمیك بە هەڵە ئەویان بە هەرمەنیو خەڵکی ئەرمەنستان لە قەڵەم داوە. [٦٨]

لە زانستی (نەحو)یشدا یەکێك لە زاناکانی کورد کە خەڵکی شارەزوور بووە، ناوداری زەمانی خۆی بووە. ئەو کە ناوی "بشکست Bosh-kast" بووە لە ئاخریەکانی سەدەی یەکەمی کۆچیدا ژیاوەو هەر لە سەرتای لاوەتیەوە وەدوای فێربوونی زانست لە لای مامۆستایانی پلە یەك کەوتوەو چۆتە مەدینەی منەوەرەو لە وێ خەریکی کوتنەوەی دەرسی نەحو بووە. ناوبراو لە راپەڕینی "خوارج" بە رێبەری " ابوهەمزە" دا چالاکانە بەشدار بووەو لە ئاکامدا مریدانی مەروان ئەویان گرتووە و کوشتوویانە.

بە پێی ئەوەی کە بە ناوی زانستەکانی عەقلیش لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا دەبیینین بەرهەمی تێکەڵبوونی زانیاری و ئاسەواری زانستی چەند قەومو تێکەڵاوی شارستانیەتی یۆنانی و ئێرانی و عەرەبی و هیندینو لەم بابەتەوە لە هەمووان زیاتر تاقمێك لە وەرگێران و کۆیرەرەوانی مەسیحیو سابئی لە خەلکی حەررانی کوردستان و هیندی وقیبتی بەشدار بوون کە دەکری بە داهێنەرانی زانستە عەقلییەکانیان بزانین. [٦٩]

کوردستان بیجگەلە زانایانی ناوبراوی سەرەوە"لیکولەرەوە و زانایانی زۆری بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناساندووە کە هەر کام لەوان بۆ خۆیان پلە و دەرەجەیەکی بەرزیان هەبووە و

٦٧- Arnold and Gucl Laume: De Vaux 11.396 وەرگیراو لە مێژووی شارستانیەت، ویلدورانت شارستانیەتی ئیسلامی

٦٨- فەرهەنگی مێژوو و جوغرافیای عمید، مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، مرتضي راوەندی، بەرگی سێهەم، ل ٢٢٠، مێژووی ئەدەبیاتی ئیدوارد براون، وەرگێرانی علی پاشا صالح

٦٩- Thomr son sis .E.M: Intsoducion Gseek and Tatin palaecyaphy ناسینو خوێندنەوەی خەت و نووسراوەکانی دێرینی یۆنانی ولاتینی نووسینی ای . ام تامپسۆن.



کەسانێکی وەك ئەبو حەنیفەی دینوەری و ئامێدیو ئیسحاق مووسڵی وابن قەتیبەی دینوەری لە شارەکانی کوردستانی عیراق و ئێران لە بەشی پسپۆری خۆیاندا بێ وێنە بوون. ئاسەواری بەجێ ماوی ئەو نووسراوانەی ئاماژەیان پێکراوە کە بە داخەوە نەماون هەموو پێنیشاندەری دێرینە بوونی فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردستان و هەڵکەوتەی شاز و دەگمەنی ئەو خاکەیە.

ئیمپراتووری رۆم(هیراکلیوس) لە زەمانی هێرشی خۆیدا بۆ سەر ئێران وێڕای سەرکەوتنەکانی ئاماژە بە گرتنی "گنزك" لە دەورو بەری تکاب لە ساڵی٦٢٣ی زایینی دەکاو دەڵی!...دوای گنزك بەرەو باشووری گۆلی ورمێ رۆیشتم ولە ساڵی ٦٢٤خاکی ئەو دەورەم گرت..."زیاد دەکا و دەڵی لەم دەوەرەدا عیبادە تگایەکی پاشایانم دیت کە وەك"ئەیا سوفیەی" رۆم ساز کرا بوو.هەیکلەلی هورمزو وێنەی خوسرەوی لە حالێکدا کە کە لە سەر تەختی پاشایی دانیشتبوو لە میچ کێشرابۆوە. هەر وەها وێنەی رۆژو مانگی ئەستێران دەگەڵ ئەو بوت پەرستانەی کە وەك خوا دەیانپەرستن لە میچی ئەو عیبادەتگایەدا کێشرابوون و فریشتە گەلی موقەررەب . واتە "ئیمشاسپندان" یشیان لە تەنیشت کێشابوونەوە کە گۆچانیان بەدەستەوە بوون " لە دوای ئەو مەتلەبەدا زیاد کراوە کە دەزگایەکی میکانیکیان بۆ باراندنی باران و ئامرازێکیان ئامادە کردبوو کە دەنگی لە گوێن دەنگی هەورەتریشقەی لێدەهات، ئەو دەزگایە کە رۆمییەکان سەریان لی دەرنەچووە، لە راستیدا سەعاتێکی گەورە بووە کە ئەدگاری عاسمانی تێدا دەنواند.[٧٠]

بەرێز مرتضي راوەندی وێرای باس لە سەر ئەو مەسەلەی لە سەرەوە لێی دواین، هیچ ئاماژەیەکی بە کتێب و نوسەرێك نەکردووە کە ئەو شتەی نووسیوە، هەر بەو چەشنەی نووسیوە کە ئێمە هێناومانە. بەڵام لە باشووری گۆلی چیچست (ورمێ) کە محالی شارویران"ی پێ دەگوترێ، شارەکانی مەهابادو بۆکانو نەغەدەو میاندوئاو و لە ئاخریشدا سەقزو سەردەشت لە کوردستانی ئێران ئەمرۆکەیە و بە کوردستانی موکری دەناسرێ، هەڵکەوتوون. تەپکی حەسەنلوو، ناوچەی دێرینی " باستانی" زێوەکە شاکاری زۆری رابردوویان لێ دۆزیوەتەوە لەو دەوەرەدان. بە سەرنج دان بەو شوێنەی کە هیراکلیوس دیاری کردووە (باشووری گۆلی ورمێ) نووسەری کتێب پاش لێ پرسینەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشت کە ئەو

٧٠- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، بەرگی سیهەم، ل ٢٠٢و بەرگی حەوتەم ل ٥٧٢

و - پیرانشاریش کە جاران گوندێك بووە بە ناوی "خانێ" ئێستا بۆتە شار، هەر لە سەر ئەو ناوچەی موکریانە

عیبادەتگایە لە شاری"داریاز یا داریاس"بووە کە ئێستا لە پێنج کیلۆمەتری مەهابادەو وێرانەکانی لە گوندێك هەر بەم ناوە "دریاز Dsyas" هەڵکەوتووە. لە بەر ئەوەی هیچ توێژینەوەیەك لە وێرانەکانی ئەو شارە دێرینە (باستانییە) نەکراوە ئاسەوارێکی لێ دەست نەکوتووە و لە ژێر هەرد ماوەتەوە، ئەو ناوچەیەش هەر بەو بۆنەوە بە "شارۆێران shar-veran" نێو دێر کراوە.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە جگە لە تەختی سولیمان هەڵکەوتوو لە نێوان میاندئاویە تکاب و بۆکان کە لەو زەماندا لە سەر "گنزگ" بووە، شوێنەواری شارێکی دێرین نابیندرێ کە ئەو هەل و مەرجەی تێدابێ‌و بەپێ داگرتنی هیراکلیوس لە سەر باشووری گۆلی ورمێ، تەنیا داریاز یا دریاز دەتوانێ ئەو عیبادەتگایەی تێدا بووبێ و وجوودی موغبەرەی "فەقرەقا Fagh Ragha" ش کە بەرانبەریەتی دەتوانێ جۆرێك دان پێداهێنان بە بوونی عیبادتگای سولتانەکانی ئاماژە پێکراو لە لایەن هیراکلیوس بێ،(۷۱) واتە دەتوانین بلێین عیبادەتگایەکی ئاواتە نیا لەو شارە باستانییە بووبێ کە بە داخەوە بە تەواوی کەوتۆتە ژێر خاك و هیچ چەشنە توێژینەوەیەکیشی لە لایەن دێرینە ناسانەوە لە سەر نەکراوە تا شوێنەواری رابردووی ئەو شوێنەمان بۆ دەربخا. دیارە شوێنەواری ئاوا لە کوردستان زۆرەو هەر کام زیندوو کەرەوەی بەشێك لە مێژووی خەڵکی ئەو هەرێمەیە، هەر وەك کۆنترین تاقی نالّی شکل لە سەنعەتی میعماری دێرین کە لە سەدەی دووهەمی بەر لە میلاد لە هیندوستان سازکراوە بۆ کوردستان گوێزراوەتەوەو لە تاقی کلێسای نسیبیەبن لە کوردستان کەڵکی لێ وەرگیراوەو چلۆنایەتی هێنانەکەشی خۆی مێژووەکە.(۷۲) کوردستان لە هێندیك سەنعەتدا داهێنەر بووە، یەك لەوان سازکردنی فەرشێکی تایبەت بوو کە لە شارەکانی ئامێدیا و نسیبیەین و میافارقین و دەوروبەری هەولێرو مووسڵ و کەرکووك دروستدەکرا. ئەو فەرشانەیان گولدۆزی دەکرد، هەر چەند دوایە دروستکردنی ئەو فەرشانە لە شوێنەکانی دیکەی وەك رۆژهەڵاتی ئێرانیش گوێزرایەوە و بوو بە باو بەڵام داهێنەرەکانی ئەو شارانە بوون کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن بە تایبەتی ئەو جۆرانەی کە خوری وشتر یا جۆرێك لە بزن واتە بزنە مەرەز سازدەکران و ئێستاش ئەو

۷۱- بۆ زانیاری زیاتر لە ناحیە ناسی کوردستانی موکری، نووسینی حبیب الله تابانی بروانە

۷۲- سەردەمی ئیمان لە کۆی مێژووی شارستانیەت، بەشی دووهەمی مەدەنیەتی ئیسلامی، وەرگێرانی ابوالقاسم پایندە، لاپەرەکانی ۳۱ تا ۱۳۰



جۆرە پەشمە هەر بە مەرەز "Maraz" نێو دەبرێ و خوازیاری یەکجار زۆر بوو. ئانتیوس کە چاوی بە کارگەکانی فەرش چنینی ئامیدیا و چەند شاری تری کوردستان کەوتووە دەنووسێ:

"کارگەکانی فەرش بە زۆری لە گوندەکاندا دەندرێن و کرێکارەکانیش زیاتر ژن و منداڵی کەم تەمەنن کە بە جلو بەرگی رەنگاورەنگی خۆیانەوە لەبەرانبەر تەونبەستەکاندا دیمەنێکی جوانیان هەیە. کاری قالی چنین چاوەدێری وەستایەکدا بەرێوە دەچێ کە بە لەحنێکی خۆش کاری هەر کام لە کرێکارەکان رادەگەیەنێ، کاری ئەو کرێکارانەو تەنانەت هی منداڵەکانیش لە بواری شارەزایی‌و تەردەستییەوە سەر سورهێنەرە. ئەو چەشنە فەرشانە دەگەڵ قالییەکانی کرمان و ئیسفەهان کە لە باشترین جۆری فەرشن بەرانبەر دێنەوە.(۷۳) پارچە زەرییەکان و بە قولاپەدرواوی ئەو ناوچەش لە ریزی باشترین چەشنی پارچەکانی دنیا بوون. کلاویخولە سەفەرنامەی خۆیدا بە درێژی لەم بارەوە نووسیویەتی.(۷٤)(۷۵)

سەر باقی هەموو ئەو مەتلەبانەی کە سەبارەت بە شارەکانی کوردستان لە سەدەکانی یەکەم تا شەشەم و حەوتەمی کۆچی، کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی تایبەت و حوکمرانە دڵسۆزەکانی کە هەیبووە، زۆربەی کات حەشارگەی زانانیان و گەنجینەیەك بووە بۆ لێ کۆڵەرەوەکان و ئەهلی موتالا، هەر وەك یاقووتی حەمەوی کە بە نێوی (شێخ شهاب الدین ابو عبدالله یاقوت الحموی) بە نێو بانگە، لە خێوە کەو تەبەر هێرشی مەغوولەکان کە پەلامار دان بۆ سەر ئێرانیان دەستپێکرد بوو، کەم مابوو بە دیل بگیرێ و بێتە کوشتن کە بە پەشۆکاوی و بێ جل و بەرگ بەڵام بە کتێبەکانییەوە رایکرد. چونکە نێوو نێو بانگی ناوەندی زانستی کوردستانی بیستبوو هاتە ئەو دەوەرە و رووی کردە شاری مووسڵ و لەو پەری هەژاریدا پەنای بۆ زانستگەی مووسڵ بردو لەوێ خەریکی پاکنووس کردنی کتێبی خۆی (معجم البلدان) بوو کە فەرهەنگێکی درێژی جوغرافیایی‌و کۆگایەك لە زانیارییەکان لە مەڕ مەسەلەکانی نجوومی، زانستەکانی سروشت و دێرینە ناسی و جوغرافیای مرۆڤی و مێژوویی بوو هەر لەوێش تەواوی کرد. (۷٦) (۷۷)

۷۳- ژیانی رۆژانەی موسڵمانان لە سەدەکانی نێوەراستدا، دوکتور مەزاهیری، کە لە لاپەرەکانی ۹ تا ۱۸۸ی مێژووی کۆمەڵایەتی ئێرانی وەرگرتووە.

۷٤- سەفەرنامەی کلاویخۆ، وەرگیرانی مسعودی رەجەب نیا لە ل ۲٤۱ بە دوا

۷۵- سەرەتای ابن خلدون بەرگی ۱ ل ۵۲۸ بە دوا

۷٦- مێژووی مەغوول، نووسینی عباسی ئیقباڵ- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، مرتضی راوەندی، مێژووی شارستانیەت ویلدۆراست بەرگی
وەرگێرانی ابوالقاسم پایندە و Garrison. 136.

## مۆسیقا و رابردووەکەی لە کوردستان:

مۆسیقا لە کوردستان رابردوویەکی لە مێژینەی هەیەو ئاهەنگە تایبەتییەکانی وەك ((حەیڕان)) کە جۆرە مەقامێکە بە کۆنترین دەزگاکانی مۆسیقا دەزانرێ، هەل و مەرجی جوغرافیاییو سروشتی ئەو خاكو وەلاتە وەهایە کە لە چلۆنایەتی سەلامەتی و جوودیاندا و ساغیو خۆشی دەنگیان دا کاریگەری هەیەو و هەر لەبەر ئەوەشە کە هۆزانوانەکانی ئەو خاکە هەموو کات نێو بە دەرەوە بوونو هەن، هەر وەك ئەو رۆش مەقام بێژانی کورد لە گەورەترین گۆرانی بێژەکانی تورکیەو عێراق و ئێران، بە تایبەتی لە تورکیەو سورییە و عیراق باشترینیانن.

هەر وەك گوترا ئەو هونەرە زیاتر دەگەریتەوە سەر هەلومەرجی جوغرافیایی کوردستان، ئەگەر لە شوێن و ولاتانیتر و لە هەر سەت کەس کەسێکی دەنگ خۆش هەبێ بەڕاشکاوی دەتوانین بلێین لە کوردستان لە هەر چل کەس یەك کەس لەو نیعمەتەی خوا بەهرەمەندە و لە قەدیمەوە، بەر لە ئیسلامیش هەروا بووە. نوسیویشیانە کە دوای ئیسلامیش پیاوی زۆر گەورەیان لەم بوارەدا بە دنیا ناساندوە، یەك لەوان ئیبراهیم مووسڵی بووە کە گەورەترین مێری مۆسیقا بووە بە تایبەتی وێژەری بارەگای هاروون الرشید بووە. وەك دەنووسن بۆ ئەوەی رازی بکا کە بێتە بارەگای ئەو، بڕی ١٥٠٠٠٠ درهەم کە ٧٥٠٠٠٠ دولاری ئەمرۆ دەگرێتەوە بەخششی دەداتێ و مانگانە بڕی ١٠٠٠٠ درهمیشی بۆ بریبووە. هەروەها دەنووسن کە جارێك هاروون بۆ گۆرانێکی کە بۆی گوتبوو و زۆری پێ خۆش ببوو، سەت هەزار درهەمی خەلات کرد بوو. لە بارەگای هاروون دا قسە هەر قسەی برایم مووسڵی بوو، چوونکو هاروون هیچ کات قسەی ئەوی نەدەشکاند. وەك دەلێن والی خوراسانی کە لە بارەگای هاروون‌دا زۆر دەست رۆیو بووە و زۆر لە کارگێڕانی (دارالخلافە) برادەری بوون، دەکەوێتە بەر غەەبی هاروون و هەموو دەرباریەکان ئەوەندی توانیان هەولیاندا لیێ ببوورێ بەلام سوودی نەبوو، ئاخریەکەی برایم لە بەرانبەر دیاریەکی زۆر بایخدار و رەجای دەرباریەکان لە دەرفەتێکی باش دا ئەو کارەگرانەی بە سانایی جێبەجێ کرد.

باوکی برایم کەوشدروێکی ساکاری موسلی بە نێوی ماهان بووە کە ماوەیەك لە کووفە ژیاوە، کاتێك برایم گەیشتە تەمەنی تازە لاوی گەڕاوە مووسڵ. برایم نەدیمی مووسلیشی پێ

77- Arnold and Guillaume p. 93



کوتراوە[٧٨] ئەو مۆسیقا لە ماموستایانی ئێرانی فێر بووە[٧٩][٨٠][٨١] لە گۆرانی کوتن و ژەنینی عوود ماموستایەکی تەواو بووە و لەو بارەگای مەهدی و هادی عەبباسی پلەیەکی بەرزی هەبووە و دوای هادی بۆ ماوەیەکی لە بارەگانە ماوە، بەلام هەروەك باسکرا هارون الرشید بە مەرجێکی زۆر ئەوی رازی کرد کە دووبارە بگەڕێتەوە دەربار، ساڵ و نیوێك کۆچی دوایی برایم مووسڵییان ١٨٨ی کۆچی لە شاری بەغدا نووسیوە.

ئیسحاق مووسڵی کوڕی برایمیش لە موسیقادا مامۆستا و لە کوتێشدا بێ هاوتا بووە، ئەویش لە نیزیکانی بارەگای (هارون الرشید) و مەئموون و موعتەسەم عباسی بووە و لە ساڵی ٢٣٥ی کۆچی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

"مخارق" کە شاگردی برایم مووسلی و لە مۆسیقا زانانی گەورەی زەمانی خۆی بووە، لە منداڵییەوە لە خزمەت ماموستاکەی دابووە و هەروەها لە دەرباری هارون الرشیدیش ئامادە بووە.[٨٢]

لە هەر دەور و زەمانیکدا هونەرمەندانی ویژەری کوردستان لە دەگمەنەکانی زەمانی خۆیان بوون، هەر وەك لەو دوایانەدا کە دەگەڵ یەکێك لە هۆزانوانە گەورەکان لە لایەن یەك لە رادێوکانەوە وتووێژ دەکرا، سەید علی ئەسغەری کوردستانی بە خاوەنی بەرزترین دەنگ لە ئاوازی ئێرانی ناساند و گوتی تەنیا یەك کەس دەناسم کە دەنگی لە دەنگی من بەهێزترە کە چاویشم پێی نەکەوتووە ئەویش سید علی ئەسغەری کوردستانییە[٨٣] لە سەر سید علی پێوستە بگوترێ کە ئەو میعمارێکی زۆر شارەزاش بووە، بە جۆرێك ئەو کات کە رەزاشای پەهلەوی لە تارانێ کۆشکی مەرمەڕێ دروستدەکرد، سەید علی ئەسغەر یەکێك لەو میعمارانە بووە کە دەستی لەو کارەدابووە. ئەو هونەرمەندە خۆی بۆ باوکی منی نووسەری باسکرد بوو کە ئەگەر لە کاتی کار کردنا گۆرانیم نەچڕیبا نەمدەتوانی کار بکەم، رەزا شا کە هەر موو رۆژێ بۆ سەردانی کۆشکەکە دەهاتە ئەوێ، بەوەی زانی کە کارەکەم زۆر نەچۆتە پێش بە تۆرەیی پرسی، بە ترسەوە هۆیەکەم بۆ باسکرد، رەزا

78- Ibid.p61، Farmer.H.G:History of Arabian Music. P.6-12

٧٩- شارستانی ئیسلامی، مێژووی شارستانیەت، وەرگێڕانی ابوالقاسم پایندە لاپەڕەکانی١٨تا٢١٦

80- Encyclopaedia Britannica XV.Plo54

٨١- فەرهەنگی مێژووو جوغرافیای عمید ل پەڕەکانی ٥٦و ٨ تا ١٤٧

٨٢- هەمان سەرچاوە

٨٣- بەرێز شەجەریان مامۆستای ئاوازی ئەمڕۆیی ئێران لەوتوویژ، لەگەڵ دەنگی ئالمان.

شا بە بزەیەك كە حوكمی ئیزن دانی منی بۆ چرینی گۆرانی لە كاتی كار كردندا وڵامی دامەوە. هێشتا چەند هەنگاوێك دوور نەكەوتبووەكە من پەردەیەكم گوت، زۆری پێ خۆش بوو و هەر لەوێ فەرمانی دا كە بۆ پر كردنەوەی سەفحەی گرامافون "قەوان"[٨٤] بمنێرن بۆ هیندوستان لە نووسراوەكانی بە جێ ماورا دەردەكەوێ كە هێندێك ئەمیرو حاكمەكان زیاتر لە رادەی ئاسایی خەریكی كاری زانستی و مووسیقا بوون و جاربووە بۆ راكێشانی زانایەك یا هونەرمەندێك بۆ بارەگای خۆیان خەرجێكی زۆریان دەكرد و لەم پێناوەدا زۆر جار رووداوی سەرنجراكێشیش دەهاتە پێش. خۆینەرانی بەرێز بێگومان ئاگادارن كە "عمادالدین زەنگی" كە لە غولامانی خوشەویستی مەلكشای سەلجووقی بووە كورد و دامەزرێنەری زنجیرەی ئەتابەكانی زەنگی بووە و دوای سەربەخۆیی میزۆپووتامیا بە توندی دەگەڵ سەلیبییەكان بە شەڕهات و كۆڕەكەشی (نورالدین محمود) كە لە سالی ٥٤١تا٥٦٩كۆچی بەرانبەری ١١٤٦تا ١١٧٣ی میلادی سەلتەنەتی كردووە، شامی گرت و دیمشقی كردە پایتەختی خۆی و بە دادپەروەری و عەقڵ حكوومەتی كرد و هەر كە مسری لە خەلیفەكانی بەرەو نەمان چووی فاتمی گرت، ئەو كارەشی بە هۆی دوو سەرداری ئازادو هۆشیاری خۆی بە نێوەكانی "شێركۆ"و نجم الدین ایوب" كە هەردووكیان كوردو برای یەكتریش بوون بەئەنجام گەیاندو تەواو كەرەكە "سلطان الملك الناصر صلاح الدین ایوبی بن نجم الدین ایوب" بوو كە دامەزرێنەری زنجیرەی ئەیووبی بوو، ئەو سەردارو سولتانە بەرێزو گەورەی كورد توانی بە سەركەوتنەوە یەكیك لە گەورەترین ئیمپراتوورییەكانی دنیا پێك بێنێ كە لە تۆنسو لیبی تا سنوورەكانی ئەمڕۆی ئێران و عێراق و دەریای رەش تا دەریای سوورو ئوقیانوسی هیندو تەواوی نیمچە جزیرەی عەرەبستانی دەگرتەوە. وێڕای ئەوە ی سولتان (صلاح الدین) بە رزگاركەری ئیسلام و بۆ گەورەترین سەرداری دنیای ئیسلام دەزانن، بەشی هەرە زۆری نێو بانگەكەشی هەر لە رێگەی وەدەستهێنانی سەركەوتنە گەروەو بێ وێنەكانی وەدەستهێناوە كە لە شەڕەكانی سەلیبیدا زۆر جار لە بەرانبەر پادشاكان و سەرداره گەورەكانی ئورووپاو سەلیبییەكانی وەك ریچاردی شێردڵ ئیمپراتووری بریتانیاو... دا راوەستاوە و بە سەریان دا زاڵ بووە، یا ئەوەی كە قودسی شەریفی بۆ هەمیشە لە بەردەستی سەلیبییەكان دەرهێناو دەستی ئەوانی لە خاكی ئیسلام كورت كردەوە، كە لە بەشەكانی داهاتوودا باسی لێدەكرێ.

٨٤- لەو كاتەدا هۆی پر كردنەوەی سەفحە((قەوان)) لە ئێران نەبووە و هونەرمەندەكان بۆ ئەو كارە دەبوو بچنە هیندوستان.



بە هەر حاڵ ، هەر ئەو (نورالدین محمد) زەنگییە خۆی یەكێك لە پشتیوانەكانی گەورەی زانایان و ئەدیبان و هونەرمەندان بووە و لەم پێناوە دا زۆریشی زێدەڕۆیی كردووە، وەك عبداللطیف بەغدایی دەنووسێ: نورالدین ئەوەندەی حەز لە زانست و فەرهەنگ بەتایبەتی كیمیا (شیمی) كردووەو ئەوەندە لە خاوەن زانست و هونەر پشتیوانی دەكرد كە هێندێك موشكلەشی بۆ ساز بوو. وەك دەڵێن كاتێك یەك لە شیمی زانەكان هاتە بارەگاكەی و گوتی ئامادەیە ناوەندێكی گەورە لە كیمیا زانان لە بارەگای ئەودا پێكبێنێ و بۆ ئەو كارە پارەیەكی زۆری لێ وەرگرت، لە ئاخریشدا رایكرد و پارەكەی رفاند. پیاوێكی قۆشمە كە ئاگاداری ئەم رووداوە بوو ریزی هێندێك نەزان و ئەبلەی نووسی كە نێوی سوڵتان نورالدین محمد لە سەرەوەی هەموان بوو و نووسیبووشی ئەگەر كابرای هەڵاتوو هاتەوە، ناوی ئەو لە جێگەی ناوی سولتان نورالدین دەنووسێ، چونكە ئەگەر لەو بێ عەقل تر بێ دەگەڕێتەوە بارەگای نورالدین. سەرنجراكێش ئەوەیە كە نورالدین لە كاری ئەم قۆشمە ئاگادار بوو بەڵام لێی خۆشبوو حەقی پێداو هیچ زیانێكی پێ نەگایاند. [٨٥] [٨٦]

جێی خۆیەتی ئەوەش زیاد كەین كە سوڵتان نورالدین محمد زەنگی لە ساڵی ٥٥٦ی كۆچی بەرانبەر ١١٦٠ زایینی نەخۆشخانەیەكی لە بەغدا دروستكرد كە لە تەیارترین نەخۆشخانەكانی زەمانی خۆی بوو، بۆ ماوەی سێ سەدەی تەواو نەخۆشەكانیان بە خۆرایی عیلاج دەكردو دەرمانیشی هەر بە خۆرایی دەدانێ. بەوتەی مێژوو زانان ئاگردانی ئەم نەخۆشخانە لە ماوەی ٦٧ سال بێ پسانەوە ئایساوە و نەكوژاوەتەوە. ابن جبیر كە ساڵی ٥٨٠ی كۆچی (١١٦٠ زایینی) چووبووە بەغدا كە چاوی بەو نەخۆشخانە گەورەیەی شار كەوتبوو كە وەك كۆشكی سەلتەنەتی لە قەراغ دیجلە هەڵچوو بوو، نەخۆشەكانی نان دەداو دەرمانی بێ مقابلی دەدانێ سەری سوڕ مابوو.[٨٧]

٨٥- مێژووی شارستانیەت، شارستانیەتی ئیسلامی، وەرگێڕانی ابولقاسم پایندە ل ٢٩٨

86- Margoliouth Cariro . P.220، Lane poole Cairo. P.34

٨٧- Garrison.p.136 و بەغدا نووسینی لیسترانج Lestrang . Baghdad.p104 و سەفەر نامەی ابن جەبیر

## کوردستان و ڕێگا بازرگانییەکانی لە دوای ئیسلام:

دوای ئیسلام، کوردستان لە خەتی ئەسلی تەواوی ڕێگاگرینگەکانی بازرگـانی هەڵکـەوتبوو کە یەکێك لە گرینگترینیان ڕێگـەی مووسـڵ بـۆ دیـمشق بـووو لەوێـشەوە دەچـۆوە قەرخـەکانی دەریایی مودیترانە. پربایەخی ئەم ڕێگە لەو بابەتەوە بوو کە یەك بـوونی دیـنو حکوومـەت لـە ناوچەکانی دەوروپشتی ئەو خەتە، هاتوچۆی ڕاحەتترو هاسانتر دەکرد. (٨٨)

لە ڕێگە گرینگەکانیتر بە تایبـەتی لـە دەورەی مەغولـدا، ڕێگایـەك بـوو کەلـە باسـرە رادە چووە بەغداو لە وێرا بە هەولێرداو بە کێوەکـانی کوردسـتاندا، بـە دوای تێپـەرین بەمەراغـەدا دەگەیشتە تەورێز، ڕێگەی ئەرمەنستانی گچکەش بە ڕێگە شـاخاویەکانی کوردسـتاندا دەچـۆوە ئەرزە رۆم و سیواس و یا لە ڕێگەی وان و دیاربەکر یـا ئامێـدیا دەگەیـشتەوە بەنـدەری "لاژاز Lagaz" لە کەنداوی ئەسکەندەروون، کە ناوەندی بازرگانی گەورەی ئیتالیـاییو فەرەنـسی و ئیسپانیایی بوو.(٨٩)

لەم سەردەمەدا، گەڕانی گەمییە لە دەوەری میزوپۆتامیاش لە ڕێگەی چۆمەکانی دیجلـەو فوراتەوە رۆلی گرینگی هەبوو. شەتی دیجلە هـەر لـە هەوەڵـەوە کـەڵکی بازرگـانی زۆر بـووە و بەرهەمەکانی ئەو هەرێمە لە بەر هـەرزانی کرێـی گواسـتنەوە لـە هەرمنـستان و کوردسـتان و شوێنگەلی تر بۆ بەغداو شارەکانی تری بین النهرین بەم رووبارەدا دەگوێزراوە.(٩٠) بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە سەرچاوەی ئاوی دیجلە لە بانووی ئەرمەنستانەوە دەستپێدەکا، زۆر بـە تونـدی دەڕواو هەر بۆیەش پێی " دەڵێن" تیکریت یا قەراخە بلینـدەکان" قەراخـە بـەرزەکان مـەجالی هاتوچۆی گەمیەوانی نەهێشتۆتەوە، ئەو کارە لە باشـووری ئەرمەنـستان واتـە لـە کوردسـتانی باشوور را دەگونجێ، بە تایبەتی لـە نیزیـك مووسـڵرا بـە هـۆی تێکـەڵ بوونـەوەی هێنـدێك لـە لقەکانی دیکەی زێ، گەمێوانی راحەت تر و بە سانابیتر دەکرا.

---

٨٨- مێژووی شارستانیەت، شارستانیەتی ئیسلامی، وەرگێرانی ئەبوالقاسم پاینده ل ٣٠٢ بە دوا

٨٩- مێژووی مەغوول نووسینی عەبباسی ئیقبال و مێژووی کۆمەڵایەتی، مرتضي راوەندی بەرگی سێهەم ل ١٥٢

٩٠- ژیانی رۆژانەی موسلمانان لە چەرخەکانی نێوەراستدا، دوکتور مەزاهیری

# بەشی هەشتەم

# شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان

لە كۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە كردن بە هێندێك لە شوێنەوارە مێژووییەكانی كوردستان پێویستە، هەربۆیە لەژێرەوە لەسەر ژمارەیەك لەوانەی كە لە روانگەی كۆنبوونی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی، هەروەها لە حكومەتەكانی كە لە درێژایی مێژووداو لەم هەرێمەدا گرینگییان هەیە، دەدوێین.

هەڵكەوتەی مومتازی كوردستان بۆتە هۆی ئەوە كە هەردەم جێگەی سەرنجی سەركەوتوان و ئیمپراتۆران بێ و وەزعی شازی كوردستان چ لەباری جوغرافیاییو چ لەبواری پێوەندییەوە كە بە تایبەتی زۆر گرینگ بووە و ئێستاش هەر ئەو گرینگییەی هەیە، بەم جۆرەش لەبابەت ستراتیژیی نیزامیەوە بەتایبەتی دەروازەی گرتنی ئێران بۆ دنیاگرانی یۆنان و رۆمی بووە و بە پێچەوانەش شوێنی دەسپێكی ئەو دنیاگرە ئێرانییانە بوە كە لە رۆژهەڵاتی دوور را بۆ دەسەڵات پەیدا كردن بەسەر ئیمپراتۆرییەكانی رۆم و یۆنان و میسرو... ئەسپەیەرغەو توندەكانی خۆیان تاو دەدا. هەرچەند وەزعی سروشتی كوردستان وابوو كە دەست وێڕاگەیشتنی زۆر دژوار بووو هێندێك جار هەر نەدەگونجا، بەڵام ئەو چڕییە ببوە هۆی ئەوەی كە بەتەواوی دەورو زەمانی مێژوویيدا ئەو خاكە ببێتە خاڵی ئەسڵی گێرەوكێشە و تەوەری سەرەنجراكێشی هەرە زۆرداەركانی سەردەم. هەر لەبەر ئەوەش بووەكە ئیمپڕاتورەكانی ئێران و خاوەن دەسەڵاتانی دەست رۆیوی دنیای ئەوكات كە لە هەلومەرجی هەرێمەكە ئاگادار بوون، خانوبەرەو شوێنەواری خۆیان وەك فەتحنامەكان و تابلۆ مەدەنی و نیزامیو...یەكانی خۆیان لەو هەرێمەدا ساز كردووە، چونكە دڵنیا بوون كە بەهۆی گرینگ بوونی وڵاتەكەو هاتوچۆیەكی تێیدا هەیە دەكەوێتە بەر سەرنجو چاوی خەڵك و دوایەش بە هۆی حاسیە بوونی ناوچەكان ئەو ئاسەوارانە زیاتر دەمێننەوە، لەلایەكی دیكەشەوە ئامادە بوون و شارەزایی كرێكارانی فەننی كوردستانو بەتایبەتی بەردبڕو بەردتاشەكان و ئەوانەی شتی بەردینییان لەو ناوچە كە پێشتر هەر لەو كتێبەدا ئاماژەی پێكراوە سازدەكرد، ئەو بوارەی دەرەخساند كە لە سینگی ساف و پان و بەرینی كێوەكانی بەرەو ئاسمان هەڵچوودا ئاسەواری تازەو نوێتر بخولقێنن.لەسەر ئەو بنەمایەی پادشاكانی هەخامەنشی و ساسانی و تەنانەت سەركەوتوانی ئورارتویی و ئاشووریش بەكەڵك وەرگرتن لەو ئیمكانات و هەلومەرجە، تابلۆگەلێك لە خۆیان بۆ یادگار بەجێ بهێڵن كە هەركامیان خۆی بێ وێنە و جێگەی شانازین.

لێرەدا ئەوەش بێفایدە نییە كە بڵێین ئاسەواری بەردینی كێوەكانو غارگەلی كوردستان تەنیا تایبەتی بیرەوەری پادشاكان و ئیمپراتۆورەكان و خاوەن فەتحان نییە، بەڵكو زۆر ئاسەواری



تریش هەن، وەك غاری لەبەرد هەڵكەندراوی "گانەدوك Gand-Duk"و "شیروان"، "هۆرتەكەند"و "موكری قران"و "كەرەفتوو"و "زاخۆ"، هەروەها بەردتاشی مەوجوود لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی دیاربەكرو هەولێر بەتایبەتی ئەوانەی كەركوك رووداوێكی هونەری هۆزانوانانی ئەو جێگایانەن كە هەركام لە مێژووی خەڵكی ئەو خاكە دەورێكیان بینیوە، چونكە گوزارشی تەواوی ئەوان پێویستی بە باس و خواسێكی زۆر هەیەو بە قەولی مەشهوور حەفتا مەن كاغەزی گەرەكە، لەبەر ئەوە نووسەری ئەم كتێبە بە شێوەی بڵاو و پەراگەندە و بە گوێرەی بایەخ و گرینگییەكی كە هەیانە چەند دانەیەكیان وەك نموونە یا بەو هۆیەوە كە لە مێژوو و شانازییەكانی رابردووی ئەو خاكەدا گرینگن، باسدەكا.

## شوێنەواری تاق بوستان:

ئەو دیاردە هونەریو مێژووییە یەكێك لە دیاردە زۆر گرینگ و سەرنج راكێشەكانی كوردستانە كە بە هۆی شایەكانی ساسانی خولقاوە، لەبەر ئەوە لە شوێنێك بە ناوی تاق بوستان كە لە شەش كیلۆمیتری باكووری رۆژهەڵاتی كرماشان و لە كوردستانی ئێران، لە قەراغ جادەی دێرینی بەغدا ـ هەمەدان هەڵكەوتووە و بە تاق بوستان بەنێوبانگە.

تاق بوستان بە پێچەوانەی ئاسەواری هەخامنشیان كە لە ناوچەی پارس دان، لە خاكی مادەكاندا هەڵكەوتووە كە "هێرتسفێلد" پێی دەڵێ: "دەروازەی ئاسیا"[1]و لە زەمانی دێریندا ناوەندی ستایشی "ئاناهیتا"ی خوای خۆر بووە.

تاق بوستان شوێنێكی زۆر خۆشە كە لە قەراغ گۆڵاوێكی سروشتی هەڵكەوتووە و ئاوەكەشی هی كانیگەلی گەورەیە كە لە قەڵشتی كێو هەڵدەقوڵێ. لەلای چەپ وێنەیەكی تاج دانانی ئەردەشێری دووهەم هەڵقەندراوە و لەلای راستیشی ئاهورا مەزدا دەبینرێ كە تاجێكی كۆنگرەداری لەسەرەو رووی دەشا كردووە و ئەڵقەی سەڵتەنەتی پێشكێش دەكا. كریستەن سێن دەنووسێ: پادشاو خودا بەرگێكیان لەبەردایە كە تا ئەژنۆیان هاتووە، داوێنی جلكی شا كەمانییە، هەردووكیان چەشنە پانتۆڵێكیان لەبەر دایە كە لە خوارەوە چینی هەیەو بە هۆی بەندێكەوە بە قولاپەی قاچیەوە نووساوە، هەركام كەمەربەند و گەردن بەندو دەسبەندیشیان

1- هێرتسفیلد، دەروازەی ئاسیا، ل ٥٧ بەدوا كە ئەویش لە لاپەڕی ٢٧٩ی كتێبی ئێران لە زەمانی ساسانیانی وەرگرتووە.

پێوەیە. لە پشت سەری شا وێنەی بەسەر پێوەی ئیلاهەیەك دیارە کە بەرگەکەی وەکی ئاهورا مەزدا دەچێو نووری لەسەر بەرز دەبێتەوەو چەپکێك نەباتی تایبەتی ڕێورەسمی ئایینی کە "برسم"ی پێدەگوترێ لەدەست دایە، پارسییەکانی دەورەی تازە وا بیر دەکەنەوە کە ئەو شکڵەی نووری لێ هەڵدەستێ وێنەی دروستی زەردەشتە، بەڵام دەبێ بزانین کە لە راستیدا سیمای مێهرە کە لە دوو شوێنی تریش دەبینرێنو زۆر بە راشکاویش ناسێندراوە، یەك لەوان لە موغبەرەی "ئانتیوخوس کماژن"و ئەویتریان لە سکەکانی زەردەشتی پاشاکانی "تروشکایا Turshka"، لەژێر پێی پادشاو ئاهور موزد (ئاهورموزدا) وێنەی دوژمنی لەبەر هەڵقەندراوە کە کەوتۆتە سەر خاك و مێهر (خۆر) لەسەر گوڵی سیدر راوەستاوە.[٢ ٣ ٤]

لە تەنیشتی چەپی ئەو نەخشە، دوو غاری دەستکرد هەن کە یەکیان لەویتر گەورەترە، ئەشکەوتە گچکەکە بە فەرمانی شاپووری سێهەم هەڵقەندراوە کە وێنەی خۆشی دەگەڵ وێنەی شاپووری دووهەم کە باوکی بووە لەوێدا لە بەرد تاشراوە کە نیوەی روخساریان لەیەکەو لەیەکتر دەفکرن، نووسراوەیەکی لە بەرد هەڵقەندراویش بە زمانی پەهلەوی لەپەنایەتی. شەڵواری چین دارو گەردنبەندو نەوار، بە بسکی فرفری و ریشێکی نووك باریك کە لە ئاڵقەیەك تێپەڕیوە، لە تایبەتمەندی ئەو شوێنەوارەن و هەردوو شا دەستیان لەسەر دەسکی شمشێر و کالانەکانیان داناوەو تاجێکیشیان لەسەرە کە لە هی شاپووری یەکەم هەڵگیراوەتەوە. هێرتسفیلد دەنووسێ: هەیئەتی ئەو دوو کەسە لە وێنەی شمشێر بەدەستەکان و هێندێك شکڵێتر دەچێ کە لە غارەکانی تورکستانی چین دەبیندرێن، هەروەها شوباری وێنەی سەلیبییەکان و نەجیب زادەکان و ئۆسقۆفەکانی ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست دەدەن.[٥]

بەڵام ئەشکەوتێکی دیکەی کە شاکارێکی ئەم چەشنە ئەشکەوتانەیەوزۆریش گەورەتر لە غاری شاپووری سێهەمە، بە فەرمانی خوسرەو پەرویز ساز کراوە، لەبەر دەرگای چوونە ژوور تاقێکیان لێداوە کە بە شێوەی دەرگای کۆشکەکانی سەڵتەنەتی ساز نەخش و نگاری زۆر جوانی لێکێشراوە. پایەکانی ئەو تاقمە لەسەر دوو کۆڵەکە داندراون و درێژەی نەخشو نگاری

2- ئێران لە زەمانی ساسانیاندا لاپەڕی ٢٨٠

3- هێرتسفیلد ل ٥٩ بەدواو ل ٦٦ بەدوا

4- مێژووی سەنعەتەکان (پیشەسازی، پۆپA.IV ١٦٠.

5- دەروازەی ئاسیا، هێرتسفیلد ل ٦٨



تاقەکە دارێکی پڕ لقوپۆپ و گەڵایە کە لە دەوری ستوونەکان هاڵاوە و گەڵاکانی وەك گەڵای "کەنگر" دەچێ کە یەکێك لە گیاو گوڵی بەهاری کوردستانەو لەئاخریدا بە گوڵێکی جوان دێتە کۆتایی. هێرتسفێلد ئەو دارە بە نموونەی ژیان دەزانێ کە لە ئەفسانە قەدیمییەکانی ئێراندا بە شفاهێنەری هەموو دەردێك دەزانرا.[٦ - ٧] لە سەرەوەی کۆڵەکەکە کە دوولای سەرەکەی نەوارێکی بەچین دەبینرێ کە بەشێك لە بەرگی رەسمی پادشاکانی ساسانییە، لە سەرەوەی ئەو نەوارە لە تەنیشت کەوانەی تاقەکە وێنەی دوو ئیلاهەی سەرکەوتن یا "نیکە"بەرچاو دکەوێ کە هەرکام لەلایەکەوە تاجی شانازی بە نەوارێکی شەپۆلاوییەوە بەرەو یەکتری رادەدێرن.

راست لەنێوەڕاستی تاقەکەدا شکڵێکی هیلالیان ساز کردووە کە جەمسەرەکانی بەرەو سەرن.[٨ - ٩] دیواری پشتەوەی ئەشکەوتەکە چوارگۆشە و دوو نەخشی بەرجەستەی تێدایە کە لە دووقاتدا جێیان گرتووە. لە دوولای نەخشەکە، دوو کۆڵەکەی بەردین هاتوونەدەر کە خشتەیەکی قوولی لەسەر رەسم کراوە. سەری کۆڵەکەکانیش هەر ئەو نەخشەی لەسەرە کە لە دارەکانی بەردەرگای ئەشکەوتەکە سازکراون.[١٠] هێرتسفێلد کۆڵەکەدارینەکانی ئەوڕۆی ناوچەکانی کوردستان بە درێژەی هەمان سەبکی میعماری کۆڵەکەبەندی دێهاتیانەی قەدیم دەزانێ.[١١]

لەم غارەدا دوو نەخش یەکیان لە سەرەوە و ئەویتریان لە خوارەوە کێشراون، لەوی سەرەوەدا رێ و رەسمی تاج دانانی شا نیشاندەدا، بە شێوەیەك کە لەنێوەڕاستێ راوەستاوەو بە دەستی راست تاجێك لە ئاهورامەزدا کە لەلای چەپی راوەستاوە وەردەگرێ، لەلای دی "ئیلاهە" ئاناهید یا ئاناهیتاش خەریکە تاجی دەداتێ. ئەو قیتکەی کە لەسەر تاجەکەیە لەنێو دووباڵی هەڵۆیەکدا جێگیرە و ئەو هیلالەی کە خۆرەکەی تێدا کێشراوەتەوە لەسەر ئەوە. بەرگی شاشەڵوارو روو پۆشێکی درێژە کە نوقمی جەواهیراتەو نەخشی رووپۆشەکەی وەك مرواری

٦- دەروازەی ئاسیا، هێرتسفێلد.

٧- مێژووی تاق بوستان، ئەردمان، بڵاوکی Azs- islamica لاپەڕەکانی ٩٧ تا ٧٩.

٨- هەمان سەرچاوە ژمارە ١ ل ١٠٨ بەدوا.

٩- مێژووی سنعەتەکان بەرگی ٤ پوپ، لاپەڕەکانی ٦٧ تا ١٥٩.

١٠- ژاك دومورگان، بەرگی چوارەم، ل ٣٣٣ بەدوا.

١١- هێرتسفێلد، دەروازەی ئاسیا ل ١٠٤ بەدوا.

دەچێ. ژنێکیش لەلای راستی خوسرەو پەرویز راوەستاوە کە نیشاندەری ئاوەکانی ئاسمان و سەرچاوەی بەرەکەتی هەڵڕژاو بۆ سەر زەوی و بەرهەم هێنەری خاك یا هەمان ئاناهیدە.[١٢] بەڵام لە نەخشی خوارەوەدا خوسرەو پەرویز بە سواری و چەکەوە نیشاندەدا کە کلاوخوودێکی لەسەر ناوە و جەوشەنێکی ئاسنینی دەبەر دایە و نێزەیەکیشی بەدەستی راستەوە، بەدەستی چەپیش قەڵخانێکی هەڵگرتووە، کەمەربەند و تیردانێکی پڕ لە تیریشی بە بەرەوەیە. هەمووی ئەو شتانە بە روونی دیارن. ئەسپەکەی هێدییەو سینەبەندێکی گوڵێنگەداری بە بەرەوە و زین و بەرگێکی رازاوە و جوانی لە پشتە کە "شەبدیز"یان پێ‌گوتووە. لەو نەخشەدا ئەوەندە سەلیقە بەکار هاتووە کە بەڕاستی شاکارەو پێویستە بە خولقێنەرەکەی کە کەسێك بووە بە ناوی "قتووس کوڕی سینیمار Sinimmar" ئافەرین بوترێ.[١٣]

لە دیواری راستی تاقەکەدا تابلۆیەکی راوی نێریە کێوی کێشراوە کە راوچییەکان لە حاڵێکدا نیشاندەدا کە وەدوای نێریەکان دەکەون و ئەوانیش تۆقیوو هەراسان لە دەربیجەیەکەوە دەچنە نێو حەوشە. لەم تابلۆیەدا پادشا بە سواری لە سێ شوێن نیشاندەدا کە لەلای سەرەوە ئەسپی شا خەریکی بازدانەو ژنێك چەترێکی لەسەر هەڵداوەو لە پشت سەری ئەویش ریزێك ژن دیارن کە خەریکی خۆنواندنن و شەیپوور و تەنبوور لێدەدەن. لە بن ئەو بەشەشدا شا دیارە کە بەتیرو کەمانی ئامادەوە حەیوانان راو دەنێ. لە تابلۆی هەرە خوارێشدا، شا دیارە کە یەرغە بە ئەسپەکەی دەکا وادەنوێنێ کە تیردانی بە دەستەوەیەو لە راو دەگەڕێتەوە و لەلای چەپی تابلۆکە چەند وشترەکێوی راوکراو بەرچاو دەکەون.

لە دیواری چەپی ئەشکەوتی خوسرەو پەرویز، تابلۆی راوە بەراز کێشراوە کە یەکجار بە وردی کاری لەسەر کراوەو کۆ خەڵکێك و چەند جانەوەرێك نیشاندەدا کە لە شوێنێکی قامیشەڵان و زۆنگ دان و ماسی و مراوییەکی زۆر، هەروەها پێنج ریز فیل لەلای راستیان دەبیندرێن کە لەسەر پشتی هەرکامیان دوو فیلەوان دوو پشتەکی سوار بوونو خەریکی راوە بەرازن، بەرازەکانیش بە ترسەوە بەرەو قامیشەڵانەکە رادەکەن. ژنانیش لە لۆتکاندا خەریکی سەوڵە لێدانن و دوو کەرەجی کە ئەوانیش هەر ژنان لێی دەخورن لە دوو جێگە بەرچاو دەکەون. لەنێوەڕاستێدا وێنەی شا بە قەڵافەتێکی زۆر سروشتییەوە لەبەردەکە هەڵقەندراوە لە

١٢- ئێران لە زەمانی ساسانیاندا ل ٤٨١.

١٣- مێژووی تەبەری ل ٨٥ بەدوا، وەرگێراو لە ابن الفقیه الهمدانی.



حاڵێکدا کە لە لوتکەی یەکەمدا راوەستاوە و کەمانی ئامادەی تیرهاویشتن کردووە، لەلای چەپیشی ژنێك راوەستاوە خەریکە تیری وێدەدا. لە لوتکێکیتردا دیسان ژنان خەریکی لێدانی چەنگ و رابواردنن، لە شوێنێکی دی شا دوو بەرازی بە تیر ئەنگاوتووە، ئاخرییەکەی لەیەکێك لەلۆتکەکانداشا کەمانەکەی بەدەستەوە گرتووە و وانیشاندەدرێ کە لە راوێ بۆتەوە و راو بەتاڵە، هەر لەو نیزیکانە دەبینی کە فیلەکان بە خرتوم خەریکی کۆکردنەوەی لاشەی ئەو گیانلەبەرانەن کە راو کراون.

کریستەن سێن دەنووسێ: "ئەو دوو تابلۆیە، بەتایبەتی تابلۆی راوە بەراز، ئەوەندە بە وردی کاری تێدا کراوە کە هەموو شتێکی لەگەڵ یەکتر دەخوێنێتەوە و هیچی زیادی تێدا بەرچاو ناکەوێ".[١٤] بەرگ و پۆشاك، سەروسیمای گیانلەبەرەکان و بەتایبەتی هی فیلەکان و هەموو نەخش و نیگارەکان ئەوەندە بە جوانی و سەرنجەوە لەبەرد داتاشراون کە بە راشکاوی دەتوانین بڵێین لەشاکارەکانی بێوێنەی لەبەرد هەڵقەندراوی دنیایە، بە شێوەیەك کە بینەر مات و سەرسام دەکا. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەو بەردتراشییە بە تایبەتی کە رەنگیشیان دەکردن لە تابلۆکانی سەرپەردەی نیگارکێشانی زۆر شارەزاش بە دیمەن ترن کە بە وتەی یاقووتی حەمەوی احمد بن الفقیه کە پاشماوەی رەنگەکانی لە تاق بوستان دیتون،[١٥] دەتوانین زەریفیو جوانی ئەوتابلۆیانە جوانتر لەوەش کە ئێستا هەن بێنینە بەرچاوی خۆمان، بە وتەی هێندێك کەس ئەگەر خەرمانەی دەوری سەری شا لە چەند وێنەدا نابیندرێ لەبەر ئەوەیە کە کاتی خۆی رەنگ کاری کراون بەڵام بە هۆی درێژی تەمەن پاك بوونەوە.[١٦]

بەرگی پادشاو ئەوانی دیکەش ئەوەندە جوان و روون لەو تەختە بەردە داتاشراوە کە بینەر بە ئاسانی دەتوانێ دەگەڵ ئەو پارچەی کە لە مووزەی حیرفە هونەرییەکانی برلینە[١٧] و هەر هی

١٤- ئێران لە زەمانی ساسانیاندا، ئارتور کریستەن سێن، وەرگێڕانی رەشیدی یاسەمی لاپەڕەکان ٣٦ تا ٤٩
21زارە نیگارە بەرجەستەکان، لاپەڕەکانی ١٢ تا ٢٠٦و هێرتسفێلد لە دەروازەی ئاسیا لە ٩٤ بەدواوە،
یاقووت کەکتێبی ئێران لە زەمانی ساسانیانی وەرگرتووە.

١٥- زارە نیگارە بەرجەستەکان، لاپەڕەکانی ١٢ تا ٢٠٦و هێرتسفێلد لە دەروازەی ئاسیا لە ٩٤ بەدواوە،
یاقووت کەکتێبی ئێران لە زەمانی ساسانیانی وەرگرتووە.

١٦- مێژووی سەنعەتەکان "پیشەسازی" پۆپ بەرگی ٤ ـ ١٦٣B و A

17- Kumatgewerle Museam

ئەو زەمانیشە بەراوردی بکا،[18] هەروەها جلوبەرگی شا کە لە یەکێك لە وێنەکاندا شکڵی هەژدیهای پێوەیە، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن "سیمورغ"و نموونەیەك لە پارچەکەی ئێستاش لە مووزەی "ساو ـ کین سینگتۆن"ی چین (Sauth Kensingten)دا مەوجوودە.[19]

لە گۆشەیەك لە قایقێکدا لە نزیك ئەو ژنانەی چەنگ لێدەدەن، پارچە فەرشێك بەرچاو دەکەوێ کە نەخشەکەی لەنێوان دوو زنجیرە مرواریدا جێی گرتووە کە بریتییە لە لاولاوێك کە دوای پێچاوپێچ کردنێکی زۆر، دەگاتە خونچەیەك، هێرتسفێلد بە "قاڵی گرێدار"ی ناو دەباو دەڵێ: دوای ئیسلامیش چنینی فەرشی گرێدار باو بووە.[20] لەکۆتایی ئەم باسەدا دەبێ بڵێین کە تابلۆی راوە بەراز بەڕاستی موعجیزەیەکە لە هونەری بەردتاشیو شاکارێکی بەتەواو مانایە.

## ئەشکەوتی گەندووك و بەردتاشی لەوێندەرێ:

گەندووك ناوی گوندێکە لە باکووری رۆژهەلاتی عێراق و لەسەر شاری ئاکرێ "عقرە = ئاکرێ"ی کوردستانەو ساڵی ١٩٤٧ی زایینی بە دوای راپۆرتێکی سەرەتایی، لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی "ئیستۆن لێوید Ston-Lioyd لەو شوێنە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون و ئەو ئەشکەوتەی گندووکیان خستە بەرموتالاَ.

بەردتراشی ئەو ئەشکەوتە لەبواری کۆنییەوە، زۆر قەدیمییەو دەگەڕێتەوە بۆ دەورو زەمانی زۆر دوور "سر.ای.اچ.لیبارد" کە لە پێش ئەو لێژنەیە لە ساڵی ١٨٥٠دا ئەو غارەی دیوە، لە لاپەڕی ٣٦٨ی کتێبەکەیدا کە ناوی "نینەوا و بابێل"ە نووسیویەتی: بەردتراشی ئەو غارە هی دەورەکانی سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتیو ئەژدادی ئەو خەڵکە (کوردانەیە) کە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستادەگەڕێتەوە.[21] نەخش و نیگاری ئەو ئەشکەوتە، لە زارکی غارێکی زۆر گەورەی سروشتییە کە لە دووبەش پێك هاتووە، یەکیان بەشی سەرەوەیە کە دیمەنی راوە نێریە کێویەك لەلایەن پیاوێك کە چەکەکەی تووڕ هەڵداوەو بە دەستی چەپ لەنگەری خۆی رادەگرێ و نێریەکە بە شاخە قەفقەفەکەی و باقی ئەندامەکانی بە روونی دیارە، بەشێتری ئەو بەردبڕییە

١٨- ئێران لە زەمانی ساسانیاندا ل ٤٩٤.

١٩- ژاك دومورگان، بەرگی چوارەم، ل ٣٣٣ بەدواو مێژووی سنعەتەکان، پۆپ بەرگی ٤ ل ١٦٦

٢٠- دەروازەی ئاسیا، هێرتسفێلد، ل ١٣٧ بەدواو ل ٦٩٩

٢١- بەردتاشی غاری گەندووك لە کوردستان، نووسینی پرۆفیسور تۆفیق وەهبی، وەرگێڕانی محمد صمدی ل ١٠.



کە لە خوارەوەی ئەو تابلۆیەی کە باسمان کرد جێیگرتووە، وێنەگەلێك لەژنان و پیاوگەلێك نیشاندەدا کە خەریکی کاری ئاساییەن، هەروەها دوو کەس لەلای راست خەریکی لەت و کوت کردنی نێچیرن و ژنێکیش دەفرێکی لەسەر سەریە و دەیبا. دوو کەس کە یەکیان پیاوێکی بێڕیشەو ئەویتریان ژنێکی ئاساییە کە لەلای چەپ جێگیرن و لە منداڵێك دەفکرن کە خەریکی خواردنە، لە پشت سەری ئەوان دوو کەسی تر بەرچاو دەکەون کە منداڵیان لە باوەش دایە.[22]

بەگوێرەی بۆچوونی ئەو وەفدەی لێ وردبوونەوەیان کردووە، ئەو تابلۆیانەی لەو بەردە هەڵقەندراون هی زەمانێکە کە مرۆڤ هێشتا لە رێگەی راوەوە ژیانی خۆی دابیندەکرد و کشتوکاڵ رەونەقی نەبووە و لە بەرئەوەی ئەو ناوچە لە ژێر دەستی ئاشووریەکاندا بووە، ئەو بەردانەشیان بە زمانی ئاشووری هەڵقەندووە، بەڵام لە سەر بنەمای ئەو موتالایەی بە هۆی دێرینە ناسانی ترەوە کراوە، رەنگە ئەو شوێنەوارە پێوەندی بە ئاشوورەوە هەبێ، بەڵام شێوەو رووخساری ئەو یەکانەی لە بەرد هەڵقەندراون زۆر بە ئاشکرایی نیشاندەدەن کە ئەوانە لە قەومەکانی نیشتەجێی ئەوێ و ئەژدادی کوردەکان(کۆرتیویەکان)ن کە بە وتەی ئەو لێکۆڵەرەوانە حاشا هەڵنەگرە[23]و لە سەر یەك هەموو ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە موتالای ئەوێیان کردووە، رابردووی ئەو شوێنەوارە دەگاتە نزیکەی سێ هەزار ساڵ بەر لە دایك بوونی مەسیح.

## کەتیبە="نووسراوەی بەردین"ی وان:

لە شوێنەواری زۆر بە نرخی بەردە نووسراوەی"وان"ە کە لە قەڵای شاری وانەو ئەمڕۆ تورکەکان"ئۆرتاقاپو" یا دەرگای نێوانی پێدەڵێن، لە زەوی چەقێندراوە. نووسراوەکەیان زۆر جوانو وەستایانە ساف و پەرداخ کردووە و زۆر لێ زانانە هەڵیانقەندووە، هی خەشایار شای، شای شایانی هەخامەنشییە کە لە یەکێك لە ئۆردوو کێشییەکانی خۆیدا بە جێی هێشتووە. لەم نووسراوەدا دوای سوپاسی ئاهور موزدا، خۆی دەناسێنێو دەنووسێ:"داریۆش زۆر کاری جوانی کرد، یەك لەو کارانە ئەوە بوو کە فەرمانیدا ئەو بەردە بسوونەوەو سافی کەن، بەڵام هیچی لە سەر نەنووسی، دوای ئەو من فەرمانمدا ئەو نووسراوەی لە سەر هەڵکەنن".[24]

22– هەمان سەرچاوە ل ١٢

23– سەبك ناسی، "ملك الشعراء بهار"، بەرگی یەك ل ٣٦

24– "سبك شناسى ملك الشعراء بهار" بەرگی ١ ل ٣٦

## کۆشکی الحضرا= الحضر= حەترا:

پێشتر لە مەڕ ئەو کۆشکە کە رومییەکان"حەترا"یان پێدەگوت دواوین، کۆشکی الحچرا کە زۆر بەرینەو وەك شار دەچێ، ئەشکانیەکان"پارتییەکان" لە شاری"سەنجار" سازیان کردوە، گوایە ناوی ئەو شارەیان بە ناوی سوڵتان سەنجەری سەلجووقی کردوە کە لە پاشا گەورەکانی سەلجووقیانەو دامەزرێنەری یەکێك لە گەورەترین ئیمپراتورییەکانی دنیای ئیسلام بووە، لە بەر ئەوەی سوڵتان سەنجەر لەم شارە دا لە دایك بوە نێویان ناوە سەنجار.

لە زەمانی ساسانیەکان دا لە رەونەقی ئەو کاخە زیادکراوە. بنیاتنەری الحچرایان کەسێك بە ناوی"ساگرول"نووسیویە کە لە بنەڕەت را بە تەختەبەردی چوارگوش دروستی کردبوو.[٢٥]

لە نێو ئەو کۆشکە دا، بە پێی نووسراوەی "ئیستەخری" خانووی زۆرو جوانی تێدابوە، کە دەرگاو پێچی هەموویان لە بەردی تراش بوە.[٢٦] ئەو کۆشکە شێست بورجی گەورەی هەبوەو لە نێوان هەر دوودانە لە وان ٩ بورجی چکۆلەیان ساز کردبوو، لە بەرامبەر هەر بورجێك دا کۆشکێك هەبوە[27] کە بە داخەوە لەبەر نەپاراستنو بێموبالاتی بەشی زۆری ئەو خانوە لە ناو چووە، بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە لە دار دروست کرابوون.

## کلێسای شاری "ئێدێسا" رەهایا ئورفە EDESSA:

سەرنجڕاکێش ترین شوێنەواری مەوجود لە کوردستان کلێسای شاری"ئێدێسا"یە کە بە رەهاو ئورفەشیان نووسیوە. ساز بوونی ئەو کلێسایە دەبەنەوە سەدەی دووهەمی زایینیو زۆر

25– ابن سرابیون، لاپەڕە ١٨ تا ١٢. لێرەدا پێویستە زەینی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە دەکەن ڕاکێشین بۆ ئەوەی کە بەردتاشی یەکێك لە هونەرە هەرە بەرزەکانی بەشی میعماری کوردستان بوو، هەروەك تا ئێرە چەندجارمان هەر لەم کتێبەدا ئاماژە پێکردووە و لێرەشدا لەسەری دواوین. معمارییەکانی گەورەی کورد لە بەشی زۆری ئەو ساختومانانەی دروستیان کردوون بۆ کارەکانیان مادەی ئەسڵییان بەرد بووە، شارەکانی گەورەی وەك میافارقین و ئامێد و دیاربەکر و خانووەکانی و شوێنەکانی تر نموونەی دروستیی ئەم ڕوانگەن. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە مۆرەی ئەسڵی سازکردنی خوڵقەێنەری تاقەکان و خانووەکان لەم هەرێمەدا میعمارەکان و بەردتاشانی کورد بوون.

26– ئیستەخری لاپەڕەکانی ٤ تا ٧٣

27– جوغرافیای مێژوویی خاکی خەلافەتی ڕۆژهەڵات لاپەڕەکانی ٧ تا ١٠٦



لە مێژووناسان و جوغرافی زانان، ئەوی بە یەکێك لە عەجاییباتی چوارینەی دنیا دەزانن[28]و دەنووسن کە مزگەوتی "الاقصی"یان لە بیت المقدس (ماڵی پیرۆز) لە سەر سەبکی ئەو دروستکردووە.[٢٩] گومبەزی ئەو کلێسایەیان لە موزائیکێکی زۆر جوان ساز کردووە کە لەو زەمان دا کەم وێنە بووە. لەبن ئەو گومبەزە هۆڵی کلێسا هەڵکەوتوە کە درێژاییو پانایییەکەی ٥٠ گەز بووە و تەختەکەشیان بە بەردی گەورەی کە ٢ گەز درێژو ١/٥ گەز پان بووە فەرش کردبوو، تەواوی ئەو بەردانە وێنەی گەڵاو گوڵیان بە شێوەیەکی جوان لێ هەڵقەندرابوو.

ئەو کلێسایە وێنەی کلێسایەك بوو کە لە شاری ئامێد یا دیاربەکر هەبوو کە شوێنەواری بەجێ ماوی گەورەییو جوانیو هەیبەتی ئەونیشاندەدەن. هەردی کلێسا بە بەردی مەڕمەڕ فەڕشکراوە، بە نەخش و نیگار و گومبەزەکەی سەرییەوە کە جێگەی عیبادەتی تەرسایانە، دەرگایەکی ئاسنی کونکونی تێدایە کە لەهیچ شوێنێك نەمدیبوو.[٣٠]

## کلێسای میافارقین:

لە "میافارقین"یش کلێسایەك هەیە کە هی زەمانی حەزرەتی عیسایەو لەسەر بورجی باشووری رۆژئاوای، خاجێکی گەورە دەبینرا کە رووی لە "بیت المقدس" بوو، ئەو سەلیبەش هەر ئەو کەسە دروستی کردووە کە خاچی گەورەی کلێسای قیامەتی لە "بیت المقدس" ساز کردبوو و وەستایی و شارەزاییو زەریف کارییەکی وای تێدا بەکارهێنابوو کە دەبووە هۆی سەرسوڕمان و ئافەرین گوتنی بینەران.[٣١]

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە شارەکانی کوردستان، بەتایبەت لەو بەشانەدا کە لەژێر حوکمی رۆم دابوون کلێسای زۆر دروستکراون کە هێندێك لە ئەوان وەك گوترا شاکارێك لە هونەری میعماری بوون، هەروەك حەمدوڵڵا مستەوفیش بۆ شاری ئەرزەرۆم دەنووسێ:

28– مقدس = موقەددەس لاپەڕەکانی ٧ تا١٤٢

29– حمدوڵڵا مستەوفی لاپەڕە ١٦٦ و یاقووت حەمەوی بەرگی دووهەم ٢٣١

30– ناسر خوسرەوی قوبادیانی ل ٨و یاقووت حەمەوی بەرگی ١ لاپەڕە ٦٦و ابن حوقەل، لاپەڕە ٧ تا ١٥٤، کە ئەو نوسخەیەی ابن حوقەل ئەمڕۆ لە مووزەی لوڤری پاریسە.

31– ابن حوقەل، لاپەڕە ١٥١، موقەددەسی، ١٤٠و یاقووت حەمەوی بەرگی چوارەم، لاپەڕەکانی ٧ تا ٧٠٣ وەرگیراو لە جوغرافیای مێژوویی خاکی خەلافەتی ڕۆژهەڵاتی لاپەڕە ٢٢ تا ١٢٠

"کلێسایەکی لێیە کە لە شکۆداریو جوانیدا باشتر لەو خانوبەرەیەك لەو ملکەدا نییە. گومبەزێکی ئەوەندە شازی تێدایە کە پەنجا گەزەو هێندێك لە تاقەکانی لە شەوی لەدایك بوونی حەزرەتی رەسوولدا تێکقرما و رووخا، هەرکات دەیانەوێ دروستی کەنەوە، قبوولی ساختومان و سازکردنەوە ناکاو دەڕووخێتەوە."[32]

## پردی سنجە = سنگز:

لە شوێنەواری دیکەی کوردستان کە خۆی پێناسەی شارەزایی یەکجار زۆری کوردانە لە سنعەتی میعماریداو پێشتر لەم بابەتە دواوین، پردێکە لەسەر چۆمی "سنجە" یا بە قەولی رۆمییەکان "سنگز" لە شارۆچکەی "سنجە"لە قەراخ لقەکانی دوو چۆمی لای راستی فورات بە ناوەکانی سنجەو کیسووم، لە نیزیك قەلای "بهسنا" کە لە زەمانی حەیاتی ابوالفداش هەر مابۆوە لێدراوە. چۆمی سنجە ئەمڕۆ "چەمی بۆلەم Bolam"ی پێدەکوترێ و تێکەڵ چۆمی "کاختە" دەبێ و لە سەرەوەی سیمسات دەڕژێتە نێو فورات. ئەو پردەی کە "ابن حوقەل"[33] و "ابوالفدا"و کەسانیتر ئاوای لەسەر دەنووسن: "ئەو پردە تەنیا یەك کلی هەیە کە لە بەردی تراشە، لەو پردەی گەورەترو سەیرتر پرد نییە و بە یەکێك لە شتە سەیرەکانی دنیا دەژمێردرێ." یاقووت دەنووسێ: "ئەو پردە عەزیمە لەراستیدا تاقێکە کە پایەکی لەم قەراخەو ئەویتری لەوبەرییە، زارکی ئەو تاقە دووسەد شەقاوەو لەبەردی تراشی گەورە سازکراوە کە درێژیی هەرکام لەم تەختە بەردانە دە زەرع و بڵێندایییەکەی ٥ میترە. دەڵێن ئەو پردەیان بە یارمەتی تەلسمیك سازو ئامادە کردووە، یاقووت باسی ئەستوورایی بەردەکانی نەکردووە.[34]

پێویستە بزانین کە پردی سنجە هەمووکات وەك یەکێك لە عەجایباتی چوارینەی دنیا، دەگەڵ کلێسای رەها، منارەی ئەسکەندەرییە و مزگەوتی دیمەشق، هاتۆتە گۆڕێو نێوی براوە.

32– حەمدوڵلا مستەوفی، لاپەڕە ٢٦٢ وەرگیراو لە لسترەنج ـ لاپەڕە ١٢٦

33– ابن حوقەل، لاپەڕە ١٢٠و ابوالفیدا، ٦٩ تا ٢٦٥و بلازری لاپەڕە ١٩٣، یاقووت حەمەوی بەرگی ١ لاپەڕە ٧٧٠و بەرگی دووهەم لاپەڕە ٢٧٨

34– یاقووت حەمەوی، بەرگی دووهەم لاپەڕەکانی ٥٩١ و ١٤٧. موقەددەس، وەرگیراو لە کتێبی لیسرەنج، جوغرافیای مێژوویی خاکی خەلافەتی ڕۆژهەلاتی لاپەڕە ٣٢ تا ١٣٢. لێرەشدا سەرنجی خوێنەر بۆ کەلك وەرگرتن لە میعماریدا ڕادەکێشین.



ئەم پردە ئێستاش هەروا ماوەو لە شتە سەیرەکانی دنیا دەژمێردرێ. دەنووسن کە ئەو پردە بە فەرمانی "ویسپاسیان Vespacian" سازکراوە، کە نووسەری کتێب لە ناسینی ئەو کەسەدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە، تەنیا وای بۆ دەچێ کە دەبێ حاکمی ناوچە بووبێ، دیارە خوێنەری ئەو دێڕانە هۆی سەیر بوونی ئەو پردەیان بۆ دەرکەوتووە، ئەویش یەك تاق بوون یا یەك کڵ بوونی پردەکەیە کە ١١٢ هەنگاو درێژە. ئەو میعمارەی دروستیکردووە خەڵکی میافارقین بووە. بە لەبەرچاو گرتنی زەمانی سازکردن و نەبوونی کەرەسەی فەننی ئەمڕۆیی، ئەو کارە، بە راستی لە کارە سەیرو سەمەرەکانی میعمارییە. بەتایبەتی ئەگەر ساختومانی پردی تازەی ئەستەنبوڵ کە کاری یابانییەکان یان ژاپۆنییەکانەو زۆریش تاریف لە میعمارییەکەی دەکرێ بە یەکەوە بەراوردی بکەینو هەڵیان سەنگێنین، ئەوەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

وێنەی پردی سنجە لە لاپەڕی ٣٢٣ی گۆڤاری جوغرافیایی " Geographical Journal"دا لە ساڵی ١٨٩٦دا هاتووە، وێڕای باسێکی درێژ کە "هیومان Human" نووسیویەتی، "پوش ئیستین Puch- Stein"یش لە کتێبی Reisen in kleinasien""دا هەر لەسەری نووسیوە، سەرنج بدەنە لەوحەکانی ٤١، ٤٢ و ٤٣ی ئەو کتێبە.[35]

35– خاکی خەلافەتی ڕۆژهەلاتی لاپەڕە ١٣٣.

# بەشی نۆهەم

## دین، ئایین و بیروبڕوای لاوەکی لە کوردستاندا

واسیلی نیکیتین V. Nikitine لە کتێبی کوردو کوردستاندا دەنووسێ: هەروەك لە زۆر بواری دیکەدا لێکۆڵینەوەمان کردووە، کورد لە بواری ئایینیشەوە تاکێکی دیارە یا بە واتەیەکیتر کەسایەتی دیارو بەرچاوی خۆی پاراستووە.[١] ئێمەش بە درێژایی نووسراوەکانی ئەم کتێبە چەندجار ئاماژەمان پێکردووە کە لەسەر پێداگرتنی زۆربەی لێکۆڵەرەوەو نووسەران، کوردان لە دەگمەن قەومگەلێکن کە بە درێژایی مێژوو و سەرەڕای ئەو هەموو کەندو کۆسپ و تەگەرە و هەورازو لێژەی لە ڕابردوودا هاتۆتە سەریان توانیویانە کەسایەتی دیارو بەرچاوی نەتەوەیی و قەومی خۆیان بپارێزن و ئەم وەزعە کاتێك گرینگایەتیەکەی دەردەکەوێ کە لەوە ئاگادارنین کوردەکان لە درێژایی مێژوودا حکومەتێکی گشتیو تایبەت بە خۆیان هەبووبێ. هەر لەو دۆخەشدا تەنانەت لەبواری دینو ئایینی خۆشیانەوە سەربەستی خۆیان پاراستوەو حورمەتی بیرو بڕوای خۆیان ڕاگرتووە.

ئیسلام تەنیا دینێکە کە دەوری بەرچاوی لە ژیانی کورداندا گێڕاوە. هەروەك نیکیتین نووسیویەتی: دوای ئەوەی بە گەرمیو توندوتۆڵی لەبەرامبەر سوپای ئیسلامدا ڕاوەستاون و بەرگریان کرد، هەر ئاواش لەژێر کاریگەریی سەرۆك عەشیرەتەکانیان، بە پاراستنی عادەت و سوننەتەکانی خۆیان ئیمانیان بە دینی ئیسلام هێناو دەگەڵی بوونە هاوپەیمان، هەروەك باسی لێ دەکەین لە تەواوی مێژووی سەرەتایی ئیسلامدا خزمەتیان بەرەواجی دینی ئیسلام کرد.

لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ئایینی کوردان، بە دڵەوە پێڕەوی کردنو نواندنی ئیخلاسە کە بۆتە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئەوان. خووخدەی عەشیرەتیو دواکەوتن و بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێسای عەشیرەیی و فەرمان بردن لەسەرداری ئێل و گەورەی تایفە و قبووڵ کردنی بێئەم لاو ئەولای فەرمانی ئەوان لەسەدان سەدە پێش ئێستا واتە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەك دەرەگ و ڕیشەیان مردووە و کە بۆتە خوو خدەیەکی تایبەت و وای جێ گرتووە کە لە دینو ئایینی ئەوانیشدا گاریگەریی خۆی هەیەو بەڕێوەبردنی فەرمانی پێشەوایانی دینیش بۆتە بەشێك لە سروشتیان و هەروەك ئامادەن لەپێناو بۆچوونی سەرۆك تایفەکەیاندا گیانبازی بکەن و بۆ پێشەوایانی ئایینیش زۆر جیددیترو بە ئیمانەوە ئامادەی گیانبەخت کردنن.

١- کوردو کوردستان، واسیلیی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قاضي، ل ٤٤٠.



ڕابردووی زۆر دووری کوردەکان لە بواری باوەڕی ئایینییەوە زۆر تاریك و نادیارە و لەو کاتەوە کە لە سەر نیشتیمانی ئێستایانن ئەگەر سەیریان بکەین ڕوونترین پەرستگەشیان ئاهور مەزداو ئەوین بە ڕۆشناییو نووربووە.

پێوستە بزانرێ کە بیروبڕوای هەموو بەنی ئادەمێك بە تایبەتی لە سەردەمە لە مێژینەکاندا لە سەر بنەمای فامو زانستی ئەوان لە ژیانو ژینگەیان پێکهاتووە، بە شێوەیەك کە هەرچی کاریگەری باشو بەکەڵکی لە ژیانی ئەوان دا بووبێ بە باشو بە پێچەوانەش هەرچی بووبێتە هۆی ترس و نارەحەتیان و مایەی زەحمەت و کوێرەوەریان و شتی مەنفی لەواندا پێکهێنابێ بە خراپ و ناحەزیان زانیوە. هەر وەك لە ڕۆژگاری زۆر قەدیمدا نووریان لە بەر ئەوەی کە هۆی ڕووناکیو دیتنی ژینگە و گیانلەبەران بووە، بە خێرو باش هەڵسەنگاندووە و ڕۆژیشیان وەك میهر و بە نموونە و دیاردەی ڕاستی و ڕووناکایی زانیوە، هەر بۆیە پەرستوویانە و سوپاسیان کردووە. بە پێچەوانەش، تاریکی کە بەر چاویانی گرتووەو هەموو شتی لێ ون کردوون و بۆتە هۆی ترس و نیگەرانیان بە سەرچاوەی هەموو خراپەیەکیان زانیوەو لە بەری هەڵدەهاتن. دوایەش لە باڵ خۆیدا، ئەو دوانەی واتە(ئەهور مەزداو ئەهریمەن)ی لە بەرانبەر یەکتردا دادەناو بڕوایان وابوو کە هەمووکات لە بەینی چاکە و خراپە و دیاردەکانی ئەوان یانی نوورو تاریکیدا شەڕو ناکۆکی بەردەوامە.

کوردەکانیش وەك هەموو مرۆڤەکانی تر ئاگرو نووریان پێ وەك دیاردەی ڕاستیو ڕووناکی بووەو دەیان پەرست، هەر بۆیەش بە ڕۆژ پەرستیان لە قەڵەم داون[2]. ئەوان ئاوریشیان کە وەك سەرچاوەی ڕووناکی بووە و هەیە، بە هۆکارێك بۆ"شیری شیران" (ڕووناکی) دەزانی کە بە مانای نووری نووران یا ڕووناکییەکانەو، هوورو ئاهووریشیان کە بە مانای ئاورە بە خولقێنەرو پەروەردگاری کائینات زانیوە(الله نورالسماوات و الارض)و ئاهورامەزداشیان بە پەروەردگاری توانا ناوبردووە.[٣]

2– مێژووی کلێسای کۆن، ل ٣٠١

3– مەزد بە مانای تواناو بە هێزەو ئاگر دیاردەی ڕاستی تواناییە کە کوردان بە پیرۆزیان زانیوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەو مەسەلە حاڵی بن لە لاپەڕە ٤٥ی بە دوای مێژووی کورد و کوردستان و دەوروبەری، نووسینی محەمەد مەردووخی کوردستانی بڕوانن.

برەو پێدەری ئەو بیروباوەڕەش "زەردەشت"ە کە خۆی چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە پێی نووسراوەکان و مێژووەکان، چەند زەردەشت هەبووە و تائەو جێگایەی ڕوونیان کردۆتەوە، زەردەشتەکان کە هەمووشیان پڕۆپاگاندچی بیرو بۆچوونی لە سەرەوە باسکراون و ئایینی ئەهوڕایان هەبووە سێ کەسن. زەردەشتی هەوەڵ نووسەری کتێبی "زەند"ەو نیزیك بە سێ هەزار ساڵ بەر لە میلاد بووە و وەك ئەساتیر دەڵێن، حەزرەتی نووح لە زەمانی ئەودا کۆچی دوایی کردووە. زەردەشتی دووهەمیشیان بە "فەرەیدوون" نووسیوە کە بە سەر زوحاکی عەرەبدا زاڵبووە و ڕێکەوتی ژیانی گەیوەتە ٢٢٠٠ ساڵ بەر لە میلاد. بەڵام ئاخرین زەردەشت کورد بوەوبە"زەردەشتی کورد" ناسراوە. ئەم زەردەشتە لە زەمانی "گی گشتاسب"دا ژیاوەو لە ناوچەی"ورمێی" ئەمرۆدا سەری هەڵداوەو ئاشکرابووە ـ فیردەوسی شاعیریش لە سەر ڕەچەڵەکی ئەو دەڵێ:

### *نهم پشت زردشت پیشین بداو مه آباد پیغمبر راستگو*

کتێبی ئەوێستاش ئەو زەردەشتە نووسیویەتی،[٤] وەك"ئالبرسیو" دەنووسێ: ئەوێستا ٣١ سوورە بووە کە جگە لە سوورەیەك و چەند ئایە هیچی دیکەی لێ نەماوەتەوە. ئەو نووسەرە هەروەها دەڵێ کاتی نووسینی ئەوێستا سەردەمی ساسانییەکانە، بەڵام سەردەمی نووسینی ئەوێستا دەبێ زۆر پێشتر بووبێ، ئاخر وەك دەزانین ئەردەشێری پاپکان، دامەزرێنەری ساسانیانە کە دینی زەردەشتی کردۆتە دینی ڕەسمی، ئەوە دەردەخات کە زەردەشت بەر لەو بووەو ئەوێستاش پێش سەڵتەنەتی ئەردەشێر نووسراوە، ئەو ئەمری کردووە کە سوورەکانی ئەوێستا کۆکەنەوە و هەر بە فەرمانی ئەو کردوویانەتە یەك کتێبولە پەرش‌و بڵاوی ڕزگاری بوەو هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دینی زەردەشت بناغەیەکی قایم وەدەست بێنێ‌و هێرشکەرانی ئیسلامیش ئەو زەمانی کە ئێرانیان گرتووە دەگەڵ ئێرانییەکان وەك ئەوانە جووڵاونەتەوە کە ئەهلی کتێبن واتە ئەوێستایان بە کتێبی ئاسمانی ناسیوەو بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕاستییەش دەکرێ بە حەدیسی"سنوابهم سنه اهل الکتاب"* ئاماژە بکەین کە بە ریوایەتی سوننییەکان بە عومەری کوڕی خەتتاب، خەلیفەی دووهەم لە خەلیفەکانی ڕاشیدین گوتراوە.

---

4– یەکێك لە دەلیلە ئاشکراکانی کورد بوونی زەددەشتی سێهەم کتێبەکەیەتی، چونکە ئەوێستای بە زمانی مادی یا باشتر وایە بڵێین بە کوردی نووسیوە کە زمانی دایکی بوەو ئەوڕۆش خوێندنەوەکەی ئەوە دەسەلمێنی.

* "فجر السلام"، الجزا الاول ل١٧٠.



میستر جاکسن A.V.W. JACKSON ، پسپۆڕی ئایینی زەردەشت دەڵێ: زەردەشت لە نیوەی دووهەمی سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین هاتۆتە دنیاو لە نیوەی هەوەڵی سەدەی شەشەمیش کۆچی دوایی کردووە، ئەوە شتێکە کە زۆربەی مێژوونووسان، مەسعوودی، حەمەوی، قەزوینی‌و هەمزەی ئیسفەهانی، ابوالفداو ابن الفقیە، بلازەری و خوردادبە دانیان پێدا هێناوەو لە ورمێ لە دایکبوونەکەشیان قبووڵ کردووە. بەڵام مێژووی گوشتاسب لە"تقویم التواریخ"دا ساڵی لە دایك بوونی ٦٦٨ی بەر لە زایین نووسیوە.[٥]

هێندێك لە زانایان هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای بەرئاوردەکانی زمانناسی، ڕووداوەکانی مێژوویی‌و حیساباتی نجوومی، ڕێکەوتی لە دایك بوون‌و سەردەمی ژیانی زەردەشت بقەبڵێنن کە زۆرینەیان بە وتەی دوکتور"فەرهەنگی مێهر" هی دوو سەدەی دوایین[6]، دەبێ بڵێین کە جگە لەوانە کەسانێکی تریش لە دەورەکانی پێشوودا لە سەر ئەو باوەڕە بوون. هەر وەك "تێسیاس TESIAS" لە سەدەی پێنجی بەر لە میلادو"سیفالینی CEPHALIN" و"ژوستیان JUSTIAN" لە سەدەی دووهەم، هەروەها "ئوێسێبوس EUSEBIUS" لە سەدەی چوارەم‌و "بۆلوس BAULUS"و "ئوروسلیوس" لە سەدەی شەشەم، هەر هەموویان لە دایکبوونی زەردەشت دەگێڕنەوە ساڵی ٢٢٠٠ی بەر لە میلاد. بەڵام ئاخرییەکەی بە لە بەر چاوگرتنی ئەوانەی سەرەوە ڕێکەوتی لە دایکبوونی زەردەشت بەینی ٢٠٠٠تا ١٠٠٠ی بەر لە میلاد دەنووسن و زانا گەلێکی وەك کیلگر، ئیشپیگل، جەکسۆن، شاپووری شابازی، زێلۆن، کتزریاس، زبیح الله بهروز، علی اکبر جعفری‌و عسکراف هەموو پێ لە سەر ئەوە دادەگرن، بە تایبەتی جەکسۆن ئاماژە بە کۆچکردنی تاقمێك زەردەشتی لە ساڵی ٦٠٠ی بەرلە زایین بۆ چین دەکاو سوورە لە سەر ئەوەی کە لە دایکبوونی زەدەشت نابێ زووتر لە هەزار ساڵ بەر لە میلاد بووبێ.

لە کوردستان دا عیبادەت و پەرستنی ئاهورامەزدا لە ئەستۆی گەورەکانی بنەماڵەکان بووە کە پێیان دەگوتن "پیر"و چونکە زەردەشتی کورد لەبەرانبەر کۆنەپەرەستی‌و سیحرو جادووگەری راوەستا کە لە ڕێگەی "پیرە"کانەوە هاتبوە نێو ئایینی ئاهورایی، پیران دژایەتیان

---

5– بۆ موتالای زیاتر لەم بوارەدا بە هەموو کیتبەکانی کۆن‌و نوێی وەك مێژوویی کوردو کوردستان و دەورووبەری محمد مردوخ کوردستانی لاپەڕەکانی ٥ تا ٤٧ بڕوانە

6– ڕوانگەی نوێ لە دینێکی کۆن، نووسینی دکتۆر فەرهەنگی مێهر لاپەڕە ١٢٥

کردو لەبەرامبەریدا ڕاوەستان، ئەو دژایەتییە ئەوەندە توند بوو کە ئەو لەکوردستانڕا چووە شاری "بەلخ" هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵات، بەڵام دوایە گەڕایەوە ورمێ‌و هەرلەوێ کۆچی دوایی کردو لە ئاورگەی "ئازەرگوشسب" کە ناوەندی تەبلیغاتیی خۆی بوو بە خاك ئەسپێردرا. جیاوازیی ڕاوبۆچوون لەم بوارەدا یەکجار زۆرە، وەك لە ئەوێستادا شوێنی لەدایك بوونی زەردەشت قەراخ چۆمی "دارجا" لە ئێران و ئیجە نووسراوە کە شوێنی دروستی جوغرافیایی ڕوون نییە.

کەسانێکی وەك بارتولد، جیکسون، گولدزو هێرتسفێلدو هیرقێل، زۆر بە ڕوونی دەڵێن ئەو ڕووداوە لەباکووری ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای ئێران بووە و هێندێکیش وەك نیبێرگ، سۆمل، مری بۆیس زهیز و شابازی، پێیان وایە زەردەشت لە ئاسیای ناوەندی (خوارەزمو...) بووە، ئەوەش لە حاڵێك دایە کە کەسانێکی وەك موڵتون هومباخو میلز ئەوی بەهی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەزانن. بەڕێز دوکتۆر فەرهەنگی میهریش تا ڕادەیەك ئەوە دەسەلمێنێ‌و دڵێ: "اشوزەرتشت، لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانو قەراخ چۆمی سەیحوون لەدایك بووە و ئاماژەی ئەوێستا بە چۆمی "دارجا"ش هەمان سەیحوونە.[7]

بەڵام بۆچوونی نووسەر بەپێچەوانەی ئەو قسەیەو ئەوە دەسەلمێنێ کە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و دەوروبەری گۆلی ورمێ (چیچست) شوێنی لەدایك بوونی زەرتشتە، چونکە هەروەك ئاماژەمان پێکرد، کۆچی ئەو بۆ ڕۆژهەڵات، دیاردە و نیشانەی زۆری هەیە. جا بەهەر هۆیەکی وەك دژایەتی پیرەکان و گەورەکانی دینی دیکە یا بیروبۆچوونی ئەو یا هەر بیانوویەکی دیکە بووبێ. بەڵام لە کوردستان هەرچی لە ماریفەت و پیرلاشیار یا زانیاری پیری شاریار" یا بیروبۆچوونی خەڵکیتر کە بەدەستەوەن هەموو لەسەر ئەو قەولەن کە پەرستنی خواکان لە ئەستۆی گەورەکان و پیرەکانی بنەماڵەکان بووە کە پێش زەرتشتیش خواخەیاڵییەکان هەر لەلایەن پیرەکانەوە بە خەڵك دەناسێندران، لەبەر ئەوەی کە بڕوای زەردەشت دژایەتی دەگەڵ وتەو بەرژەوەندی ئەوان هەبوو زیاتر کەوتە بەر لۆمەو تووڕەییان، هەتا مەجبوور بوو خاکی خۆی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران "ویج" یا کوردستان (ماد) جێبهێڵێ و بچێتە ڕۆژهەڵات و لە ئاکامدا بگاتە بەڵخ، چونکە لەوێ "کەی گوشتاسب" پشتیوانی لێکرد و کەوتە تەبلیغات و پڕۆپاگەندە و دوایەش کە هەستی بە متمانەو ئاسایش کردو لەتوانای خۆی ڕادی

7– ڕوانگەی نوێ لە دینێکی کۆن، نووسینی دوکتۆر فەرهەنگی میهر ل ١٢٥



لەڕۆژهەڵاتڕا گەڕایەوە زێدی خۆی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران "ویج" دوای مردنیشی کە زۆربەی خاوەن نەزەران پێیان وایە لە تەمەنی ٧٠ تا ٨٠ساڵیدا بووە لە ئاورگەی شایەکان (ئازەرگوشسب) نێژرا.

بابەتێك کە خۆی دەتوانێ دەلیلی چەسپاندنی ئەو ئیددیعایە بێ ئەوەیە کە ئاشو زەردەشت بە توندی دژی موغەکان (پەیڕەوان و ڕاهیبانی ئایینی خواخەیاڵی) بووە و بەخۆی دەگوت "زائۆتار Zaotar" واتە ڕووحانی و قەت ناوی موغەکانی بە زاریدا نەدەهات و پێی دەگوتن "کارپا Karpan" کە وشەیەکی تەواو کوردی و پەهلەوییە[8]، بەڵام بە هۆی ئەوەی بنەغەی کاری ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ئێران واتە ویج و بەلخ بووە گومانی ڕۆژهەڵاتی بوونی زیاترو بەهێزتر بووە، بە پێچەوانەی وتەی هێندێکیان زەردەشت بەدەستی "توربراتور، یا کەسێکیتر نەکوژراوە[9]، بە بڕوای زۆربەی لێکۆلەرەوان، گەڕاوەتەوە ڕۆژئاواو دوای مردنی ئاسایی و سروشتی لە ئاورگەی "ئازەر گشسپ" لەشیز نێژراوە[10]. هەرچەند هێندێك کەسی وەك مێستێر هۆل گوتویانە: "زەردەشت لەشەڕ دەگەڵ هیونەکان "هونەکان" لە باکووری ڕۆژئاوا کوژراوە.[11]

هەرچی بێ، کوژران یا مردنی سروشتی زەردەشت هیچ کاریگەریەکی لە ئەسڵی مەتەڵەبەکەدا نییە، هەرچەند بە وتەی "خواندمیر" جیاوازی بیروڕاکانیش لەم بابەتە زۆر بێ[12] بەڵام هەروەك گوتراو زیاتری بۆچوونەکان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئەوە دەگەیەنن کە زەردەشت لە باکووری ڕۆژئاوا یا ڕاست لە ڕۆژئاوا لەدایك بووە. زانایانی خاوەن بۆچوون وەك "پلینوس"

8– ٥ بەرگ لە زنجیرە کتێبەکانی پیرۆزی ڕۆژهەڵات، نوسینی W. Westو ئوستوورەی ژیانی زەرتشت نووسینی خانمی ژالە ئاموزگارو ئەحمەد تەفەزوولی‌و ستوت پسەن و گاتەکانی زەردەتشت و ئەو هەڵبەستانەی پێوەندییان پێوەیەتی، نووسینی علی اکبر جعفری، چاپی ١٣٥٩، لەسەر ئەم بابەتە کە شتی زۆر بە کەڵکیان تێدایە، ئەگەر لە باسەکاندا دەڵێین زمانی کوردی هەمان زمانی پەهلەوییە، بەو مانایەیە کە تەواوی وشەی کوردیی قەدیم یا پەهلەوی هەر کوردی ئەمڕۆن و ئەگەر "کرپان" بەوشەی ئەمڕۆی کوردی لێك دەدەینەوە هەر بەو دەلیلەیە.

9– نووسینی فەرهەنگی میهر لە کتێبی ڕوانگەی نوێ لە دینێکی کۆن ل ١٢٨دا بخوێننەوە.

10– پێویستە نووسراوەکانی هیرتسفێلد، هیرقێل و سەفەرنامەی ویلیامز جکسنو ئێران لە ڕابردوو و ئێستادا، وەرگێڕانی منوچهر امیری‌و فریدون بدری بخوێنینەوە.

11– وەرگیراو لە کتێبی ئێرانی دێرین (باستان) نووسینی شیرالدولەی پیرنیا لاپەڕەکانی ٥٥ تا ٢٥٤

12– حبیب السیر، غیاس الدین بن همام الدین الحسینی ناسراو بە خواندمیر ل ٢٠٠

له قەولی "هیرمیپیوس" فەیلسوفی یۆنانی سەدەی سێهەمی پێش زایین و یا هێرۆدۆت لە سەدەی پێنجەمی بەر لە میلادو "پلینووس" بۆخۆی لە سەدەی یەکەمی زایینی زەردەشتیان بە مادی ناو بردووە و لەوانەی دواییش ابن خوردادبە، شاری ورمێشی بە شاری زەردەشت نێو بردووە.[١٣] "بلازری" دەنوسێ: "مەجووسییەکان (زەرتشتییەکان)ورمێ بە شوێنی لەدایك بوونی زەردەشت دزانن.[١٤] کەسانێکی تریش شوێنگەلی دیکەیان جگە لەوانەی کوتراون بە جێگەی لەدایك بوونی ئەو داناوە، بەڵام هەموویان لەسەر ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوا کۆکن، بۆ نموونە ڕەزا قولی هیدایەت دەڵێ: زەردەشت لە شاری ئەردەبیلو "سەبەلان" بوەو لە شوێنێك بەنێوی شیز یان شیر کە لەنێوان مەراغە و زەنگان هەڵکەوتووە بەربۆتەوە، دوایە چۆتە "رەی"و لەوێڕا چۆتە بارەگای لهراسب و گوشتاسب کە جێگەکەیان بە "ئێرانشار" ناسرابوو.[١٥] هەروەها ویلیام جیکس دەڵێ: بە باوەڕی من دەبێ "سەبەلان" بەوکێوە بزانین کە دوو هاودەمی پیرۆز کە لە ئەوێستادا هاتووە، واتە زەردەشت و ئاهورا مەزادا لەوێ پێکەوە ڕازو نیازیان کردووە[16]. یا بە وتەی مامۆستا پوور داود: "هێندێك کەس ئەو کێوەو "کێوی تووری سینا" کە حەزرەتی مووسا لەوێ دەگەڵ خودای خۆی ڕازونیازی دەکردو دە فەرمانیش هەر لەو شوێنە بە مووسا ئیلهام کرا بە یەك دەزانن." بە بڕوای نووسەریش هەر لەبەر ئەوە ئەو کێوانە گڕکانی بوونو هێندێك شتی جوانی وك ئاوریان لێ دەرپەڕیوە و پیرۆز بوونە و بوونە جێگەی پەرستنو خۆشەویستی خەڵکی دەوەرەکە. ئێمە ئەمڕۆ دەستمان ناگاتە ئەو مێژووەو ڕۆژگارەی کە لە سینگی ئەو کێوە بەرەو ئاسمان هەڵچووبوو، ئاوری سوورو گڕی لێ هەڵدەستاو پۆلوو دەکەوتنە خوارێ، بەڵام لوتکە و زارکەکانیان شاهیدی گڕکانی کۆنی ئەوانە[17]و ئەو مەتڵبە حەدیسێکی پێغەمبەریشی لەسەرە، بۆیە حەمدوڵڵا مستەوفی دەنووسێ: "گوتیان یا رسول الله، سەبەلان

13– المسالك و الممالك، دخویە البولقاسم عبداله بن عبید الله بە خوردادبە بەنێوبانگە، بە کوشتنی دخویە، لە ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێرانی وەرگرتووە.

14– فتوح البلدان، احمد بن یحیی بن جابر بلازری، وەرگێڕانی دوکتۆر محمد توکل

15– وەرگیراو لە "مزدیستاو ادب پارسی، دکتۆر محمد معین، بەرگی یەکەم ل ٨٢

16– سەفەرنامەی جاکسن، لاپەڕەکانی ٦٩ تا ٧٠ و کتێبێکی دیکە بەناوی زەرتشت پەیامبەری ئێرانی باستان (دێرین)

17– یسنا بەرگی دووهەم ل ٥٨، راپۆرتی ئیبراهیم پوور داود، بە هەوڵی بەهرام فەرەوەشی



چییە؟ فەرمووی کێوێکە لەنێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی بەهەشتیشی لێیە و گڵکۆی یەکێك لە ئەنبیاش هەر لەوێیە[18].

دیارە نەتەنیا سەبەلان بەڵکو هەر شوێنێك کە بەرزو جوانە کەسایەتییەکی گەورەی دین و دنیای وەك زەردەشت بەهرەی وەگرتووە و کێوی سەهەندیش لەو نیعمەتە بەشی بەر کەوتووە، بۆیەش غارێکی کە بە شێوەی تاق لەوێدا هەڵکەوتوە، بە غاری زەردەشتی دەزانن[19].

بەڵام هەروەك ئاماژەی پێکرا بۆچوونەکان زیاتر بەرەو رۆژئاوای گۆلی ورمێ و باشوورەکەی دەچن کە راستتر لە جێگاکانی دیکەیە و نیشانەی زیاتر لەم بابەتەوە بەدەستەوەن، وەك موغبەرەیەکی کە لە گوندی "ئەمبێ" کە لە دەوروبەری ورمێ هەڵکەوتووە و خەڵك لە گڵکۆی دایکی زەردەشتی دەزانن[20] و بە وتەی "جێکسۆن" نیشتیمان و جێگەی لە دایکبوونی زەردەشت نابێ لەم دەوروبەرە دوور بێ.[٢١] کێوی تەختی "بلقیس"یش کە لە بیست کیلۆمیتریی تەختی سلێمان (ئاتەشگای ئازەرگوشسب) بە وتەی حەسەن ئەنوەری دەتوانێ لە کێوەکانی دیکە پێوەندیی زیاتری بەم مەتڵەبەوە هەبێ.[٢٢] هەرچەند لەم ناوچەش هەرکەس جێگەی لەدایکبوونی بۆ لایەکی دەکێشێ، یەکێك ئەوی بە ئازەربایجانی، یەکیتر ئەو بە کوردستانیو واش هەیە ئەوی بە ئەرمەنستانی نێو دەبەن، بەڵام لە باکووری رۆژئاوای ئێران ویج بوونی جێی لە دایکبوونی زەردەشتو مادی (کورد) بوونی بە بڕوای نووسەری کتێب نابێ گومانمان هەبێ.[٢٣] ئەوەش هەر کەس زەردەشت لەخۆی دەزانێ ئەوە تایبەتمەندی گشتی قەومەکانە،

18– نزهتە القلوب، حمدوڵڵا مستەوفی، بە کۆششی محمد دبیرسیاقی ل ١٩٦

19– یسنا، راپۆرتی پوور داود، بە هەوڵی بەهرام فەرەوەشی لاپەڕەکانی ٥٢ تا ١٥١، وەرگیراو لە ئازەربایجان لەگەشتی مێژووی ئێراندا

20- خاکی زەردەشت. (ورمێ)، نووسینی علی دهقان، ل ٣٥٨.

21- سەفەرنامەی جاکسۆن، ل ٧٥.

22- ئاتەشگای ئازەرگشسب، حسن انوری ل ٤٤.

23- لێرەدا دیسان سەرنجدان بە بەشی یەکەمی "وندیداد". خوێنەر دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە بیر بکاتەوە. ئەو دەنووسێ: کاتێك مادەکان و کوردەکان زەردەشتی بوون، پارسییەکان ئایینی جیایان هەبووە، چونکو پارسییەکان لە رۆژهەڵات بوون. چونکو ناوەندی ئەو ئاینەی زەردەشت رۆژئاوا یا باکووری رۆژئاوا، واتە خاکی کوردەکان و مادەکان بووە. کەوابوو گومان لەوەدا نامێنێ کە زەردەشت خۆشی دەبێ هی ئەو هەرێمە بووبێ. دیارە چونکو منی نووسەری کتێب کوردو ماد بە یەك دەزانمو بە باوەڕی من هەرکام بەشێك لە ئەویترن، بە

سەرنجدان بە ئەو هەموو ئیمام زادەی کە لە تەواوی کوێرەدێیەکان و شارو شارۆچکەکان، بە تایبەتی لە ئاسیای رۆژئاوا و بە تایبەت لە ئێراندا بێجگە لە هێندێك لەوان کە ناسراون، باقییەکەیان بێ ناوونیشانن و نەناسراون، ئەوە زیاتر ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن. هەموو هەوڵ دەدەن خۆیان و ناوچەکەیان بە کەسایەتییەکی ئایینیو جێسەرنجی خەڵك ببەستنەوە، ئەگەر دەستیشیان بە خۆیان ڕانەگەیشت هەوڵدەدەن سەمبولێك دابنێن و ئەم پێوەندییە ناڕاستە پێکبێنن.

خاکی مادی گچك (ئازەربایجان و کوردستانی باکووری رۆژهەڵات) هەر لە سەرەتاوە ناوەندی زەقبوونەوەی بیروڕای رووحانی عیرفانی بووە، چاوخشاندنێك بەسەر مێژوو و رابردووی ئەو خاکە دەردەخا کە کەسانی مومتازی دینی، خاوەنی سەنگی سیاسیو برەوێکی یەکجار زۆر بوونو بە وتەی رەحیم رەئیس نیا (ئەو موغانەی کە بە ئەسڵ ماد بوون) حوکمڕانی سەرەکیی خەڵکانی ئەو دەوەرە بوون. هەروەها ئیبراهیم پورداود لەم بابەتەوە دەنووسێ: مادی گچك هەموو کات لە مێژووی دینی مەزدیسنا بە پیرۆز ناسراوەو لە هەر بوارێکدا دەتوانین ئەوێ دەگەڵ خاکی پێغەمبەر لێ پەیدابووی فەلەستین و دەوروبەرەکەی هەڵسەنگێنین. کێوی سەبەلان یا سەوەلان[24] لە جیاتی تووری سینایەو گۆلی "چیچست"ی ئەوێستا بە جێی "بحرالمیت"ی فەلەستینو شاری گنجك کە لە نووسراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دا بە "شێز" ناوبراوەو پێگەی ئاتەشگای شاهەنشاهی ئازەرگشب بووە لە جیاتی شاری بیت المقدس "ئورشلیم"ە کە لە رۆژگاری زۆر کۆندا خاکی موغان یا پێشەوایانی دینی زەردەشت بووە.[25] پێویستە بگوترێ کە زەردەشت باسی موغانی نەکردووە. دیسان پێویستە ئەوە دووپات کەینەوە کە ناتەبایی بۆچوونەکان لەسەر زێدی زەردەشت نەتەنیا زۆرە بەڵکو هێندێجار دەبێتە هۆی قسەی زۆر لە یەك دوور و ناتەباو ناڕێك، هەروەك (هاشم رەزمی) بردنی زێدی زەردەشت بۆ رۆژئاوا بە پیلانێکی تایبەت لە لایەن زەردەشتییەکانی رۆژئاوای ئێران دەزانێ و دەڵێ: "بەڵایەکیان بەسەر مێژوو و جوغرافیای زەردەشتی رۆژهەڵات هێناوە کە زۆری سەرگەردانی وا

واتایەکیتر یا ماد تایفەیەکە لە کورتیوی، یا کورتیوی تایفەیەکە لە ماد. هەر لەبەر ئەوەش وشەی کوردی لێرەدا هێناوە.

24- لە جێی خۆیدا "ساوارلان"یشی پێدەڵێن.

25- ئاناهیتا، کۆ مەقالەی مامۆستا پورداود، بە هەوڵی گورجی ل ٢٩٠.



لێ کەوتۆتەوە کە هەر بۆ باسکردن نابن، موغەکانی ماد بە دەمارگرژی زۆری خۆیان و ... ئەو کارەیان کردوەو ... لەم رێگەوە سەرلێشێواوییەکی زۆر هاتۆتە ئاراوە کە ماوەیەکی دوورو درێژ پەشێوی لەمێژووی ئێراندا پێکهێنا. زێدی زەردەشت "ئەئێرنیم و ئیجە ... ئاترۆپاتێن بوو... زەردەشت لە شیزی قەراخ گۆلی ورمێ لەدایك بووەو باوکیشی خەڵکی وێ بووە، بەڵام ری ... دایکی پێغەمبەریش دەبێ هەر خەڵکی ئەو شوێنە بێ."[٢٦]

ئێمە کارمان بەم چەشنە دەربڕینانە نەداوە و ئەوەی بە وتەی رەئیس نیا کە دەبێ ئەو قسانەی هاشم **رضی** بێئەوەی باسی سەرچاوە بکا، لە زمان کتێبی "دینەکانی ئێرانی باستان یا دێرین" نووسینی "نیبیێرگ"ەوە گێڕاوێتیەوەو[27] لە نەتیجەی وەرگرتنی دوژمنانەی ئەو دا، کەسانێك کە ئەمڕۆ مێژووی پایەی ئایینی زەردەشتی پەیوەست بە دینی زەرەدەشتی لە رۆژئاوادا دا دەزانن، تەواوکەری بیرو ئەندێشەی موغانی زەردەشتین و لە هەموو بارێکەوە بە قەولی خۆیان دوایین موغەکانن،[٢٨] بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێین مێژووی خاکی مادی گچکەو پێوەندیی ئەو دەگەڵ زەردەشت شتێکی وا نییە کە مرۆڤ بکارێ وا بە سووكو هاسانی شیرازەی تێکدا و گرینگتر لە هەمووان ئەوەیە کە بە هەر بارێکدا لەو هەرێمە بفکرین، زەردەشت پێوەندییەکی قووڵی دەگەڵی هەیەو ڕایەڵ و پۆی ئەو پێوەندییە ئەوەندەی زۆرن کە بە بڕینی یەکێك لەوان زیانێك بە قایمیەکەی ناگات. هەروەك وتەکانی کەسایەتییە زانستییەکانی دیکەی وێنەی "ئارانسکی"و "هنینگ"یش تەنیا وەك دەربڕینی بیروڕایەك نێودەبرێن، چونکو کاتێك بۆ وێنە "هنینگ" دەڵێ "بێپایە بوون و پووچی قسەی ئەو کەسانەی کە زێدی زەردەشت بە رۆژئاوا دەزانن... کاتێك ئاشکرا دەبێ کە ناوی ئەو شوێنانەی لە ئەوێستادا هاتوون، هەموویان لە چوارچێوەی جوغرافیایی رۆژهەڵات دان، بەڵام لە تەواوی ئەوێستادا جارێك ناوی ماد نەهاتووە. ناوبراو هەروەها دەڵێ: "پێوەندیی ئەو دەقە حەماسیانەی ئەوێستا بە رۆژهەڵات و هێندێك تایبەتمەندی زمانی ئەوێستا (راوێژی گا**ثا**کان)[٢٩] یا کۆنترین بەشەکانی ئەوێستا لە

26- ئەوێستا، هاشم رضي لاپەڕەکانی ٣٥ تا ٣٤٤.

27- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، بەرگی دووهەم ل ٧٧١.

28- دینەکانی ئێرانی باستان (دێرین) هێنریك ساموئێل نیبیێرگ، وەرگێڕانی سیف الدین نجم ئابادی لاپەڕەکانی ٣ تا ٤٠٢.

29- زەردەشت سیاسەتوان یا سێحرباز، والتر پرونو هنینگ، وەرگێڕانی کامران فانی، ل ٨٥.

پێش سەدەکانی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین نیزیکترنو ئەوکاتە زمانی ئێرانی لەماددا رەواجی نەبووەو...".[٣٠] دەبوو سەرنج بدرێتە ئەمە کە زۆرینە ئەوێستا ئەو کات کە موغەکان و پیرەکان ئەویان ناچار کرد زێدی خۆیان جێبهێڵن، لە رۆژهەڵات نووسراون، واتە ئەوکات کە زەردەشت مەجالی نووسین و دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی لەبۆ رەخساوە، ئەو زەمانەی دەساڵ بوو لە رۆژهەڵات دەژیاو لە "کەی گشتاسب" زۆر نیزیك بۆوە، هەربۆیە دەبێ نموونەکانی لە ناوەندی جوغرافیایی بێو دەقە حەماسییەکانیش لەگەڵ ئەو مەڵبەندە بخوێنیتەوە، لە لایەکی دیکەوە "بلێسکی" کە دوای موتاڵای تەواوی ئەو دەلیلە روون و راستانەی کەسانێك کە دەگەڵ رۆژهەڵاتی بوونی زەردەشتن دەنووسێ: سەرەڕای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی بەرینی دێرینەناسی، لە ئاسیای ناوەندیدا هیچ شوێن عیبادەتێك نەدۆزراوەتەوە کە بە ڕاشکاوی بتوانین بلێین ئاتەشگا بووە، کەچی شوێن عیبادەتی دینەکانیتر بەرچاو کەوتوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە پێوەندی زەمانەکانی ئاسیای ناوەندی دەگەڵ ئایینی زەردەشت دەست نەکەوتووە و روون بۆتەوە کە ئایینی زەردەشت ئایینی زاڵ بەسەر هەرێمی رۆژهەڵاتدا نەبووە".[٣١] جگە لەوەش وەك نووسراوەی "ئاناهیتا" لە راپۆرتی مامۆستا پورداود دەنووسێ زەردەشت پاش ئاوارە بوونی خۆی دەڵێ: "وەك دەڵێی کەس لە شاری خۆی پێغەمبەری لێ دەرناچێ..." ئاخر زەردەشت هەموو خواکانی ئاریایی وەك "ئیندرا"و "وارونا"و ... لە کورسی خوای خستە خوارەوەو ... خوای بێهاوتای خۆی بە "مەزدا ئەهورا" نێودێر کردو جگە لەو، خوایەکی تری شیاوی مەدح و پەرستن نەزانی.[٣٢] زۆر لە نووسراوە کۆنەکانی لە گوێن "مجمل التواریخ و القصص" لە سەدەی ٦ی کۆچی، هەروەها زانا گەلێکی وەك "هێرتسفێلد"و دارمستترو فردیناند یوستی ئاماژەیان بە رێکەوتی لە دایکبوونی زەردەشت کردووە، میستر هوڵ لەم بابەتەوە دەنووسێ: بە گوێرەی ریوایاتی کۆن، زەردەشت لە ٥٩٩ی پێش زایین هاتۆتە دنیا. ئەو کوڕی "پواشست یا بیوراسب" بووەو لە تەمەنی بیست ساڵیدا چۆتە دە سلووكو لە سیساڵیدا

30- خوراسان و ماوراوالنهر (ئاسیای ناوەڕاست)، ئا،بلینتسکی، وەرگێڕانی پەرویز وەرجاوەند، لاپەڕەکانی ٥٦ تا ٢٥٤.

31- خوراسان و ماوراوالنهر (ئاسیای ناوەڕاست) ێ، بلینتسکی، وەرگێڕانی پەروەیز وەرجاوەند، لاپەڕەکانی ٥٦ تا ٢٥٤.

32- ئاناهیتا، کۆی مەقالەکا ل ٢٩١.



لە قەراخ چۆمی "دائیتییا" کە هێندێك کە بە چۆمی ئەرەس یا ئارازی نێو دەبەن، خەڵکی بۆ خواپەرستی جاڕداو چونکو موغەکان پێشیان پێگرت بە فەرمانی ئەهورمزدا چووە لای "کیویشتاسب"ی فەرمانڕەوای رۆژئاوا.[٣٣]

زەردەشت پاش دوو ساڵ هەوڵدان ویشتاسبی هێنا سەردینی خۆی، هەر بەم بۆنەوە چووە "مەکیشما" کە لە دەوروبەری "ترشیز"ی باشووری رۆژئاوای مەشهەدو داری ناوداری سەرووی خۆی لەوێ چەقاند، ئەو دارە هەتا زەمانی فەرمانڕەوایی "المتوکل علی الله" خەلیفەی عەبباسی (ساڵی ٨٦١ ی زایینی) هەرمابۆوە، ئەم خەلیفە لە ساڵی ٨٩١ فەرمانیدا ئەو دارەی ببڕن و لە خانووبەرەی نوێیەکەیدا کە لە "سامرا" بووە کەڵکی لێ وەرگرن.[٣٤] بە وتەی میستێر هۆل و نووسراویتری زەردەشت لە ئاخریەکاندا بە پیری لە شەڕێکدا کە دەگەڵ هیونی یا هونییەکان بە فەرمانداری "ئەرجاسب" کردی، کوژرا.[٣٥]

ئەو کتێبانە سەردەمی عەقیق کە لە ٣٧ سەدەی بەر لەمیلادن، وردە وردە بایەخی تەواوی خۆیان لەمەڕ زۆر لە رووداوەکان، یەك لەوان مەسەلەی زەردەشت دەردەخەن، لە کتێبە قەدیمەکاندا دەنووسن، عەرەبان لە دەورەی هێرشی هێزی ئیسلام بۆ کوردستان "هورمزدگە"کانیان وێران کرد، پێویستە بزانین کە بە کوردی بە "ئاتەشگا"یان کوتووە مزدگە، هەر وەها مزدگە بە مانای سوالکەرخانەی هورمزد یا شوێنی کۆبوونەوەی هەژارانی "هورمزد"یش هاتووە.

لە سلێمانی شاری کوردان لە کوردستانی عێراق پارچە چەرمێك دۆزراوەتەوە کە ئەو دەقەی لەسەر نووسراوە: "هورمزدگە وێرانکرا، ئاورەکان کوژاونەتەوە، گەورەی گەوران خۆی حەشار داوە، عەرەبی زۆردار گوندەکانی تا دەشتی شارەزوور وێران کرد، ژنان و کیژان بە دیلی گیراون و براون، دلێران لە خوێنی خۆیان گەوزیون، ئایینی زەردەشتی بێخاوەن ما. ئاهور مەزدا بە کەس رەحم ناکا".[٣٦] ئەو دەقە بە زمانی پەهلەوی (کوردی) نووسراوە کە ئێمە عەینی دەقەکەیمان لەژێرنووس دا هێناوە.

33- مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتی نیزیك، میستێر هۆل ل٥٥٥.

34- هەمان سەرچاوە، ل ٥٥٧.

35- ئێرانی باستان (دێرین) مشیرالدوله، لاپەڕەکانی ٥٥ تا ٢٥٤.

36- هورمزگان رمان، ئاتیران کوژران = ویشان شاردەوە گەورەی گەوران = رەوشتی زەردەشت مانەوە بێکەس، زۆر کار ئەرەب کردنە خاپوور = گنای پالەی هەتا شارەزوور = بزیکانیکا هورمز هیوچکس. شنووکنیکان و

لـەو کتێبـە قەدیمیانـەدا هـەروەها دەنووسـن: یـەکێك لـە گـەورەترین ئاتەشـگاکانی زەردەشتییەکان، لە کوردستان و لە شاری پـاوە بـووە[37]. هـەروەها ئـەورۆش هێنـدێك ئەسـاتیر لەنێو خەڵکدا بە نێوی "بەیت"[٣٨] بەیان دەکرێ و بە ئاهەنگێ دەگوترێ کە لـە گـەورە پیـاوانی زەردەشتی دەدوێ، وەك چیرۆکی "ماریفەتو پیری شالیار یا مەعریفەتی پیری شەهریار" کە لـە هەورامان[39] وێردی زمانانەو کتێبێك هەر لەو زاتە زەردەشتییە بەناوی "ماریفەتو پیری شالیار یا مەعریفەتی پیری شەهریار" هەیە کە لەلای خەڵکی ئەو دەوەرە زۆر بـە حورمەتـە و نایدەنـە دەست بێگانان.ئەم کتێبە لەچەند بەندی "مسجع" پێکهاتووە کە سەربەندەکەی ئەوەیە:

گوشت چەداتە پیر شالیار بۆ هۆشت چەکیاستە زانای سیمیار بۆ کە ماناکەی ئەوەیە: گـوێ بدە پیری شەهریار، هۆش و هزرت بدە بە نووسراوەی دانای سیمیار (زەردەشت).[٤٠]

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەم کتێبە بەلارێدا چووە و لەدەست خەڵکی هەورامان دایەو دەڵێن پیاوێکی دیکەش بەم ناوە هەبووە کە لە ئاخریەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی و لـەزەمانی "شـێخ عبـدالقادری گێلانی"دا بووە و پێوەندیشی لەگەڵ ئەو زاتەدا هەبووە، ئەو مرۆڤە بە پیری شـاریاری دووهـەم نـاودێر کراوە. ئەو ئیددیعای ئەوەی کردوە کە حەزرەتی محمدی لە خەودا دیـوەو ئیمـانی بـە ئیـسلام هێنـاوەو نێوی خۆشی نابوو مستەفا. بەهەرحاڵ وەك دەڵێن هۆکاری بەلارێدا بردنـی کتـێبی مەعریفـەتی پـیری

---

دیل بشینا میرد ئازاتلیو روی هونیا. وەرگیراو لە کتـێبی کـوردو سەرچـاوەی نـژادیو مێـژوویی ئـەو، رەشـید یاسەمی ل ١١١، ئەو شیعرەش مێژووزان و زانای تری کورد مامۆستا حوسـێن حـوزنی موکریـانی لـە کتـێبی کوردستانی موکریانی یا ئاترۆپاتەن، لە لاپەڕەکانی ٣٤ تا ١٣٣ ئاوای نووسیوە:

هورمزگان رەمان، ئاتیران کوژران　　　هوشان شاردەوە کەفرە گەفرەکان

زوکرنە عرب کوردی نەخاپور　　　گەنانە پالە مەش شارەزوور

ژن و کەنیکان وەدیل پەشینان　　　مەرد ئازا، تلین ژروی هەوی نان

رەوشی زەردوشت مایەوە بێ دەس　　　بەزیکانا کاهورمز وەهیچ کەس

37– لە شارەکانی کوردستانی ئێران کە لە ئوستان "محافظە"ی کرماشان دایە

38– بەیت لە کوردیدا تەرزە هەڵبەستێکە کـە چـیرۆکی نەتـەوەییو قـەومی خـەڵکی بـاس دەکـاو یـەکێك لـە شانازییە گەورەکانی کورد ئەوە بووە کە "بەیت بێژ"ی خۆیان هەبووە کە شـەوانە کـاتی خـەوتن بـە هەوایـەکی تایبەت ئەو بەیتانەیان بۆ دەکوتن تا خەویان لـێ بکەوێ.

39- لە شارەکانی کوردستانی ئێران هەڵکەوتوو لە کرماشان

40– کوردو پێوەندیی ڕەگەزی و مێژوویی ئەو ل ١٢١



شەهریاریش هەر ئەو کابرایە بووە[41]، ئەمڕۆ زانیاری پێویست لەسەر ئایینی زەردەشت لەدەسـت دایـە کە دەردەخا لەکوردستاندا ئەو دینە زۆر بە توندی لەلایەن خەڵکەوە قبووڵکراوە.

لە نوسخەی ئەسڵی کتێبی مەعریفەتی پیری شاریار بەم شێوەیە لەسـەر ئـایینی زەردەشـت باسکراوە:

دنیـا لەسـەر پایـەی دوو هێـز دامـەزراوە: یەکـەم روونـاکی، دووهـەم تـاریکی، ئـەم دوو هێـزە هەمووکات بەیەکەوە لەشەڕ دان[42]. فەرماندەری سوپای ڕوونـاکی کـە خولقێنـەری رۆشنایەکانیـشە "ئاهور مزدا" یا "هورمز"ەو سەرداری سوپای تاریکیش "ئەهریمـەن یـا ئـەنگرمینو"یـە. ئـاهورا مـەزدا شەش یاریدەدەری مەحرەمی هەیە بە ناوی "ئەمشا سپەندان یا ئەبەدییەکانی پـیرۆز"[٤٣] کـە هەمووکات گوێ بەفەرمانی ئاهورا مەزدان و کاروباری دنیاش بە هاوکاری ئەوان دەگێڕیو، ئەمـشا سپەندان هـەرکام پـشتیوانیی لـە شـتێك دەکـەن، بـۆ نموونـە وەك گـۆی زەوی لەلایـەن "ئەسـپەندار مـەزدا"و ئاگر لەلایەن "بەهمەن"ەوە پشتیوانیو پارێزگاریان لـێ دەکرێ.

بێجگە لەم ئەبەدییە پیرۆزانە، هێندێك گیانلەبەری موجەررەدی دیکەش هەن بە ناوی"یـەزد یـا ئیزەد" کە ژمارەیـان زۆرە. نـاودارتر لەهـەموویان سـێ دانـەیان کـە بـۆ هـەرکامیان ڕۆژو مـانگی تایبەتی هەیە. ئەم ئیزەدانە دوو بەشـن. بەشـێك ئیـزەدی ئاسمـانی، بەشـەکەی تـر ئیزەدانـی زەوی. باشترین ئیزەدی ئاسمانی، ئاهورامەزدایـە کـە لـە سـەرووترین چـینی ئاسمـان دادەنیـشێ و باشـترین ئیزەدی هەردیش"زەردەشت"ە. ئەهریمەن یا ئەنگرەمینووش سپاییگەلێکی هەن کە"دێو یا دیـۆ"ی پێ دەڵێن. لە بەرامبەر شەش ئەبەدیی پیرۆزدا شەش دێو هەن کە عیفریتیان پێ دەگوترێ.

ئاهۆرمـەزدا ژیانی هێناوەتە وجوودو ئەهریمەنیش مەرگ، ئەفراندنی دنیای وجوود لە لایـەن ئاهورمەزداوە شەش هەزار ساڵی خایاندووە و مرۆڤـ مـەخلووقی دەورەی شەشـەمە. خولقـانی زەردەشت بووە بە هۆی لاوازی ئەهریمەن لە شەڕ لـە گـەڵ ئاهورمـەزدا. بـە بـاوەڕی زەردەشـت، ڕووح لە ناوناچێ و دوای مردن دیسانیش لە پێش پردی"هینـوت Hinutt" لـە بەرامبـەر سـێ قازیدا محاکەمە دەکرێ و دوایی بە سەر پردێکدا دەڕوات کە لـە قوللـەی کێـوی ئـەلبورزەوە تـا

---

41– هەمان سەرچاوە

42– ئوسـوولێك کـە زۆربـەی ئایینـەکانی فیرقـەیی دوای ئیـسلام، لەلابـەلای ئوسـوولی ئیـسلامی خۆیانـدا گونجاندوویانە.

43– لە ڕاستیدا تەوزیحێکە لەسەر تەوزیحی ژمار ٢ کە لە ئایینی ئەهلی حەقیشدا ئەو مەسەلەیە بەرچاوە.

دەریای"داشیتیا" درێژە، بە بڕوای نووسەری کتێب ئەو دەریایە هەمان گۆلی ورمێیە کە پێشتر"چی چستی" پێ دەگوترا. دیارە ئەگەر ئەو مرۆڤە کارو کردەوەی باشی زیاترلە خراپەکانی بێ ئەو پردە پان دەبێ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە بێ، ئەوەندە بەر تەسك دەبێتەوە کە ڕووح ناتوانێ بە سەریدا تێپەڕێ و دەکەوێتە بنەڕتی تاریکایی.[٤٤]

مرۆیەکی کە سێ تایبەتمەندی(کردەوەی باش،وتەی باش و بیرو فکری باشی) هەبێ،ڕووحی دەچێتە ئەو جێگایەی کە پیێ دەگوترێ"بەهەشت یا ئنهوهیشت" ئەگەر واش نەبێ دەچێتە جەهەندەمێ. لە نێوان بەهەشت و جەهەننەمێدا شوێنێك هەیە پێی دەڵێن"همستگان" ئەو ڕووحانەی چاکە و خراپەیان بەرامبەرە لەوێ کۆدەبنەوە و هەتا قیامەتێ چاوەڕوان دەبن کاتێك قیامەت نیزیك بۆوە زاتێك بە نێوی"ساوشیان" کە ڕزگاری دەری عالەمە،هەموو ڕووحەکان زیندوو دەکاتەوەو مەحکەمەیان دەکا، لەو کاتە دایە کە ئاهورامەزدا بە شێوەیەکی تەواو بەسەر ئەهریمەندا زاڵدەبێ بۆ ئەوەی دوای مردن بە بەختەوەری بگەی دەبێ هاریکاری ئاهورامەزدا بکەیو ئەو هاریکاریەش لەو سێ شتەدا خۆی دەنوێنێ:(کردەوەی باش،وتەی باشو بیرو فکری باش).[٤٥-٤٦]

لە دینی زەردەشتدا، ئاوو هەواو ئاگر و خاك، چوار عونسووری پیرۆزن کە نابێ پیس و چەپەڵ بنو هەر بەم دەلیلەشە کە مردوان لەخاکدا دەنێژن، هەر ئەم کارە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی وەك وتەی"ئالبرسیون"ە کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە و گوتراوە"ئەوێستاو دینی زەردەشت هی دەوری ساسانیانن" مسۆگەر دەکا، چونکو لە دەورەی هەخامەنشییەکان و پێش لەو سەردەمیش مردووەکانیان لەخاکدا دەناشت، هەر وەك دەزانین پادشاکان و مرۆ گەورەکانیان لە تابوتی بەردین و لە دەرەوەی خاك ڕادەگرت. زەردەشتییەکان بڕوایان وایە کە"ئاهور مەزدا" دەگەڵ زەردەشت "دەئاخاوت و وەحی بۆ دەنارد.[٤٧]

---

44– ورد بوونەوە ئەوە پێشاندەدا کە بەنی ئادەم سیستمی حکوومەتی دنیای ئەوکاتیش لە نیزامی حکوومەتی ئێستادا دەردەخاو هەموو مۆرەکانی دوای مەرگ دەگەل کارگێڕانی ئەو دنیایە بەرامبەر دەزانێ.

45– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن لە لاپەڕەکانی ٥٨تا ٢٥٢ی کتێبی" مێژووی ئێرانی دێرین" نووسینی مشیر الدولەی پیرنیاو کتێبەکەی دیکە لەم بابەتە بڕوانن.

46– بە زمانی ئەوێستا بەو سی ئەسڵە دەڵێن هومتە. هووەختە. وەرشتە.

47– کتێبی فجر الاسلام.



ڕووحانییەکانی بەر لە زەردەشت لەنێو ئارياييیەکان و هێندوەکاندا برەوێکی زۆریان هەبوو، بێ ئامادە بوونی بەرهەمن یا موغ Mogus مافی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی قوربانی کردنیان نەبوو، لەنێو کوردەکانیشدا دوایە ئەو ئەرکە بە پیرانی قەوم ئەسپێردرابوو.

هەروەك لە کەتیبەکانی "تیگلات پلاسری سێهەمو شامشی ئاداد"ی ئاشووریدا نووسراوە، خوداکانی مادی و کوردەکان (ماننا) کە بە "Itani" نێو دەبردران، دەگەڵ خواکانی هۆرییەکان و تا ڕادەیەکیش هی ئاشووریەکان بەراورد دەکران.[٤٨] بەم شێوە کە شکڵی بوتەکانی مادو مانناییەکان کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە و هەروەها ئەونەخش و نیگارانەی لە دەستکردەکانی ئەوان لە "زێوە"دۆزراونەتەوەو وادەنوێنن کە شکڵی ئەو خوادایانە وەك ئایینی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر وەك هی هۆریەکان و کەمێکیش وەك هی ئاشووریەکان دەچن و وێنەی ئەوشتە سەیرو سەمەرانەی کە نیوەیان حەیوانە و نیوەکەی دیکەیان بەنی ئادەم و هەروەها ابوالهەولە باڵدارەکان یا گیانلەبەرە سەیرو خەیاڵاوییەکان کە ئەندامی شێرو باڵی هەڵۆ و سەری شێر یا شەهێنیان پێوەیە، لەنێو ئەساتیری هۆریەکاندا زۆر رەواج بووە، دوایەش هەر ئەو جانەوەرانەو بەو شکڵە جۆراوجۆرانە لە نەخشە بەرجەستەکانی هەخامەنشیاندا بەنێوی "دێو" ناسێندراون.[٤٩]

ئەومەتەڵانەی لەسەر ئایینی زەردەشت باسکران، کورتەی ئەو نووسراوانەن کە لە ماریفەتی پیری شاریار "ماریفەتو پیرشالیار"دا هاتووە، بەڵام ئەوەی لەبارەی ئایینی زەردەشت کوتوویانە و هەیە، یەکجار درێژەو، ئەمڕۆ بەڵگەنامەی زۆرو زەوەند لە هزرو ئەندێشەکانی زەردەشت بەدەستەوەیە کە لە کتێبە پسپۆرییەکانی ئەم بابەتە، بە درێژی شتیان نووسیوە، بەڵام ئێمە بە ئەرکمان زانی لەو کتێبەدا تا ئەو شوێنەی کە خوێنەری بەڕێز لە کورتەیەك لە بۆچوونەکانی زەردەشت ئاگادار بێ، زۆر بە کورتی چاوێکی پێدابخشێنین.

---

48– KBV بەرگی یەکەم لاپەڕە ١٧٨و بەرگی ٢ لاپەڕە ٢٨ شامشی ئەداد KTP ل ٨و دێڕەکانی ٣٩ تا ٤١، تیگلات بلاسیر سێهەم، لەسەر بنەمای بڕوای نووسەری کتێب بە یەکبوونی کوردو ماد، کوردمان لەگەڵ ماد هێناوە.

49– کەتیبەی پلاسیری سێهەم، KTP ل ٨و دێڕەکانی ٣٩ تا ٤١و مێژووی ماد ل ٥٩٠، حاشییەکانی بەشی شەشەم ٢٠١و لاپەڕە ٣٤٢ لە مێژوی ماد، نووسینە م. دیاکونۆف.

## ١. خوا له روانگەی زەردەشتەوە:

له روانگەی زەردەشتەوە "ئاهو" یا گەوهەری وجوود یەكتایە، دنیایی (عالەمی)و گشتییەو لە هەموو شوێنێك و لە وجوودی هەموو زیندووەكانی ئەمشاسپەندان واتە (فرشتەكانی باڵاتر)و بەنی ئادەمەكاندا هەیەو ناش بیندرێ و ئەو هەیكەلەی لێیان ساز كردوە خەیاڵییە. ئاهورا مەزدا گشتی و موتڵەقەو دنیا جوزئیو ڕێژەییە. گشتییە چونكە جوزئی لێ نابێتەوە، لەبەر ئەوەی كە فرشتەكانی نیزیكی (ئەمشاسپەدان)و سینتامینوبدەری هەموو باشییەكان)ە وجوودی بە ئاهورا مەزداوە بەندەو هەروەك خۆی بێقەراغ و بێسنوورە، كەوابوو موتڵەقە بێدەسپێك و بێئاخرە[50]. بۆیە سپەنتامینو یا گەوهەری وجوود، ئاهورا مەزدا تاك و یەك دانەیە و ئافەراندن و زیادكردن شیاوی زاتی ئاهورا مەزدایە[51]و مەزدا بەشی دووهەمی نێوەكەی بە مانای گەوهەرو بدەری هێز و عەقڵە و ناسینی وجوود تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوە دەگونجێ، زەردەشتیش هەر لە ڕێگەی هزرەوە خوای ناسی و "گات ها" یا كتێبی پیرۆزی نووسی كە هێزی خولقاندن ئاهورا مەزدای بە واژەی "داتار"و "تەشا" كە لە ڕیشەكانی "دا = دان"و "تەش"، شكڵ پیران و خولقێنەر بەیان دەكا و بە پێچەوانەی بۆچوونی (حەزرەتی ئیبراهیم) كە دەڵێ: "خوا هەمووشتێكی لە هیچ ڕا خولقاندووە" زەردەشت دەڵێ: "ئاهورا مەزدا، بوونەوەرەكان دێنێتە وجوود". واتە لە ئایینی زەردەشتدا ئاهورا مەزدا، باشیو دادی موتەڵەق و بێگرێ وگوڵ و هەلومەرجە[52]و خراپە لەبارەگای ئەودا ڕێگەی نییە، ڕق ئەستوورو تۆڵەئەستێن نییە[53].

زەردەشت خوا بە هی هەموو دنیا دەزانێ واتە (خوا لە هەموو شوێنێك هەیە، هەروەها خوا بە Immancence "نامەحدوودە" واتە (خوا لە هەموو شوێنێكدا خۆ دەنوێنێ و هەیە، ئەو بە ئاهورایی دەزانێ واتە ئەندام و لەشی نییە بەڵام لە ڕێگەی فرشتەكانییەوە كە یەكجار

50– یسنای ٨ تا ٣١

51– یسناكانی ٥١/٧/٤٤/٥/٤/٣ وەرگیراو لە دیدی نەوازی دیینی كۆن لە نووسینی دوكتۆر فەرهەنگی مێهر ل ١٢

52– یسناكانی ٣ تا ٤٤، ٦/٧ ـ ل ٤، ٤٦ ـ ٩ و كتێبی دیانەتی زەردەشتی نووسینی ئاسموس كاتی بارو میری توسن، وەرگێراوی فەرەیدوون وەهمەن.

53– لە هەموو دینەكانی خوا جگە لە زانائی، توانایی، بیناییو ڕەحمەت، جەببارو قەهاریشە (كتێبەكانی پیرۆزی زەردەشت، دینەكانی حەزرەتی ئیبراهیم، یەهوودو ئیسلام) وەرگیراوە لە دیدی نەواز دینی كۆن ل ١٤.



باشن ئاگادار دەكرێ و دەزانێ، دەگەڵ ئەو كەسانەی بخوازێ پێوەندی دەگرێ) لە ئایینی زەردەشتدا بە پێچەوانەی دینەكانی دیكەی وەك دینی ئیبراهیم، پێغەمبەرەكان دەگەڵ خوا بەرەوڕوو نابن. زەردەشت لەڕێگەی ویژدان و هزری خۆیەوە دەگەڵ خوا ئەدوێ و پەیامەكانی لێ وەردەگرێ.

## ٢. فرشتە لە دینی زەردەشتدا:

جگە لە شەش هزری پیرۆز یا فروزە بە ناوەكانی ١ـ وهەیشتامن، ڕێبەندان = بەهمەن Vahishtaman ٢ـ ئەشاویشتا = بانەمەڕ = اردیبهشت Ashavahishta ٣ـ خستراوایریا= خەرمانان= شەهریوەر Khsra Vairya ٤ـ سپێنتائاورمەنی= ڕەشەمە= ئیسفەند Spenta Avsaratin ٥ـ هاوروتات= جۆزەردان= خورداد Havrvatat ٦ـ ئامێرتات= گەلاوێژ= ئەمورداد Amertat بە واتەی نەمریی، كە هەموویان خوای بە گەوهەرو بدەری چاكە دەناسێنن، فرشتە یا ئیزەدی دەدیش هەن كە زەردەشت ڕاستەوخۆ باسی لێوە نەكردوون، كە تەنیا دوای گاتەكان لەقەبی فرشتە یا ئیزەدیان پێدراوە و تاقمێك لە زانایان ژمارەی ئەوانە لە هەزار زیاتر دەنرخێنن و دەڵێن فرشتە لە ئایینی زەردەشت ڕا چۆتە نێو دینەكانیتر. دیارە هێندێكیش بەشێكی جیاوازیان بەناوی فرشتە ناسی بۆ كردوونەوە.

لە تایبەتمەندییەكانی دینی زەردەشت، كورت بوونەوەی دەستی موغەكان لە پرۆپاگەندەی خوایانی خەیاڵییە كە ژمارەیان تا دوازدە نووسراوە. زەردەشت نوور بە نیشانەی ئاهورا مەزدا دەزانێ و بە زەردەشتییەكانی دەكوت كە كاتی عیبادەت تەماشای ڕۆژ، مانگ یا ئاگر بكەنو لە هاویشتنی شتی چەپەڵ بۆ نێو ئاگر خۆبپارێزن، هەروەك كوتمان كتێبی زەردەشت "ئەویستایە" كە یاساو ڕێسای دینەكەی لەوێدا بەدرێژی هێناوەو پێنج بەشی گرینگ لەخۆ دەگرێ كە لەژێرەوە ناویان دێ:

١ـ یەسنا كە ئاگاتاكان یا هۆنراوەكانی زەردەشت بەشێك لەوانن ٢ـ ویسپرد ٣ـ لایشتەكان، ٤ـ وندیداد ٥ـ خردە ئەویستا.

لە زەمانی ساسانیشدا ئەوێستایان دووبارە ساغكردۆتەوە و تەفسیرێكیشی بە زمانی پەهلەوی لەسەر نووسیوە كە بە "زەند" بە ناوبانگەو شەرحێكیشی لە سەر نووسراوە كە پێی دەڵێن "پازەند" ئەو كتێبە چەند تایبەتمەندییەكی خۆی هەیە، یەكیان ئەوەیە كە سەرەڕای باس لەسەر ئوسوولی دینەكە، مەسەلەكانی فەرهەنگی و شێوە ژیانی ڕۆژانەو كاروباری ئابووریو

زۆر مەسەلەیدیکەش دێنێتە بەر باسو لێکدانەوە لەسەر دەکا.[٥٤] ئەوە لە حاڵێکایە کە لە هەموو دینەکان و بیرو باوەڕەکانی بەر لە خۆی نکوولی دەکاو هێندێجار لە خواکان و بیرو باوەڕەکانیتر وەك میتراوئیوو (با) ئایر"ئاگر" ئیندرا، ناستیا، واروناو... لە بەرگی فریشتەی (ئەمشا سپەند)و هاوکارەکانی تری ئاهورمەزدادا دەناسێنێ، سەرەڕای ئەوەش کە رێز گرتنی خواکانی سروشت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نێو خەڵکدا باو بوو بە پێچەوانە راسپاردەی زەردەشت خواکانی باستان (دیرین) هەر وەك خوا گەورەکان دەپەرستران.[٥٥]لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین کە بە وتەی هێندێك لە لێکۆلەرەوان چەند بەشێك لە ئەوێستا کە لە زەمانی ساسانیاندا ساغکراوە، گۆڕاوەو بەشێك لە سفەتە ئەسڵییەکانی ئەهور مەزدا هاتوونە سەر شێوەی ئیزەد یا فریشتەی هاوکاری و ئەمشاسپەندانی ئەهوراو[56] برێکی تر لە ئەوان وەك خواکانی ئاو، با، خاك و ئاگریش وەك ئەهوور مەزدا کە هەر دەپەرستران بەهۆی نووسەرانی ئەوێستا بە ناچاری لە زەمانی ساسانیاندا دیسان ساغکراونەتەوە.[٥٧]

یەکی دیکە لەو مەتڵەبانەی کە دوای زەردەشت هاتە نێو ریزی تایبەتمەندییەکانی ئایینی ئەو، ئاور پەرستن بوو، ئەو شتە وای لێهات کە زەردەشتییەکان هەتا ئێستاش لە نێو خەڵکی دواکەوتوودا ئاگر پەرستیان پێ دەوترێ. دیارە هێندێك کەس بە هێزی ئەو هۆگرییە لە "ئازەری" کوری زەردەشت دەزانن و بە ئەویەوە دەلکێنن و[58] دەڵێن سازکردنی ئاتەشگاکان و شوێنی فێرکردنی کاری ئاتەشگایی لەوڕا داکەوتووە.

گوتمان ئەوێستا سەرەڕای باس لە ئوسوولی ئایینی، چلۆنایەتی ژیانی مرۆڤەکانیش لە روانگە جۆراوجۆرەکان پێشاندەدا، یەك لەو شتانەی باسی لێدەکا ئەوەیە کە لەو دەورو زەمانەدا سەردەمی ئاسن دەستی پێ نەکردبوو، هەرچەند کەسانێکی وەك "بەهرام پاتاوالا" زانای پاریسی "مێری رستگاست"و "پرۆفسۆر شەهریار چیدادا"، "باهای بەهارجە"و

---

٥٤- فەرهەنگی مەعنەوی گەلی ئازەر بایجان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، محمد دانشزادە ل ٢٨، وەرگیراو لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی ئێراندا ل ٧٨٩

٥٥- سەرەتای فقە اللغەی ئێرانی، ای.م. ئەرانسکی، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ل ٨٣

٥٦- دیانەتی زەردەشتی، ئاسمۆسکاییارومری بۆیس، وەرگێڕانی فەرەیدوون وەهمەن ل ١٠٥ بەدوا

٥٧- مێژووی گەلانی ئێران، دوکتۆر عبدالحسین زرین کوب ل ٥٧ بەدوا

٥٨- مێژووی ماد، ا.م. دیاکۆنف ل ٤٨٩، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز



"دوکتور فەرهەنگی مێهر" هەن کە ئەوەیان قەبووڵ نییەو وشەی "ئاگا" بە مانای فلز یا زەرد (برۆنز) کە لە گاتەکاندا هاتووە بە دەلیلی بوونی ئاسن دەزانن.[٥٩]

لە سات و سەوداکاندا، پارە هیچ نەخشێکی نەبووە و ژیان لەسەر بنەڕەتی کۆچەریو ئاژەڵ ڕاوەستا بووو ئەو مەسەلە لەگاتاکاندا زۆر بە روونی هاتووە، چونکو زەردەشت خەڵکی بۆ نیشتەجێ بوونو کاری کشتو کاڵ هاندەداو[60]لە خوا "ئاهور مەزدا" داوادەکا کە جووتیاران شادو سەرکەوتو بکا، هەروەها بێزاری خۆی بەرامبەر بە دیئێ یا ئەو دیئۆیانە دەردەبڕی کە ئەو گیان لەبەرانە لە ناو دەبەن کە بۆ کشت و کاڵ کەڵکیان لی وەردەگیرێ[61].

زەردەشت فەرمانەکانی مانترای خودایی (ئەهورایی) لەگاتەکاندا بە شێوەیەکی زۆر جوان و فێرکەرانەو دڵرفێن بەیان کردووە و زانایان یەکەم بانگی ئازادی و مرۆڤایەتیو مافی مرۆڤ لە نێو ئەواندا دەدۆزنەوە، ئەو شتە ئەوەندە بەرجەستەیە کە لە گاتەکاندا مرۆڤ وەك هاوکاری خوا ناسراوە نەوەك کۆیلەو ڕۆڵەی خوا.[٦٢]

مێری رستگاست دەڵێ: ئایینی زەردەشت شۆڕشێکی فکریو بڕوا کۆمەڵایەتیو ماددی لە خاکی ئێرانویجدا پێکهێنا کە لە ئاکامیئە و شۆڕشەدا خەڵك خواکانی خەیاڵیان وەلاناو ژیانی ماڵ بە کۆڵییان تەرخ کردو روویان کردە درووستکردن، کار، کۆششو هاریکاری.[٦٣]

بە گوێرەی بنەمای بۆچوونی زەردەشت تەمەنی دنیا چوار دەورەی سێ هەزارساڵییە کە "مسعودی و بیرونی"یش لە زمان "بەندهشن" گێراویانەتەوە و گوتوویانە ئەو مێژووە سوننەتییەی دوازدە هەزار ساڵە لە رووی دوازدە بورجەکە دەستکەوتووە. هەرکام لەم سەردەمانە بەریز بەم ناوە رووحانیانە "مینوی"، "کەیومەرسوگا" کە دنیا شکڵێکی فەلەکی

---

٥٩- کتێبەکانی ئەفلاتوون، سەردەمەکانی بەر لە مێژوو لە ٥ تا ١٠ هەزار ساڵ پێش زایین لە ئەستورەی باستان ناسیدا، ڕوانگەی نوێ لە دینێکی کۆن ل ١٢١

٦٠- ئەوێستا کۆنترین هەڵبەستەکانی ئێرانیان، نووسینی جەلیل دوستخواە، لەسەر ڕاپۆرتی مامۆستا پوورداود ل٤٣ بەدوا

٦١- هەمان سەرچاوە لاپەرەکانی ٣٥و ٧٢ بەدوا

٦٢- دیدی نوێ لە دینێکی کۆن ل ٣٦ Hinnels:R john،the thaory and practice Of- Human Right

63- Mary Restgayst: Plato، prehistorian:10000 to 5000 BC. Inmythologg and Archeology.

به خۆیەوە دەگرێ، سێهەم دەورەی ئافراندنی بەنی ئادەم و دەستپێکی هەزارەی حەوتەم و سەرەتای بلاّو بوونەوەی خراپە بەهۆی ئەهریمەن "ئەنگرە مینۆ"[٦٤]

لەم دەورەدا هێندێك پاشای ئوستوورەیی، پاشایەتیان کردو لە هەزارەی هەشتەمدا زوحاکی مار بەشان بۆتە پادشا. لەسەرەتای هەزارەی نۆهەمدا فەرەیدوون بە سەر زوحاکدا زاڵ بوو، لە دەستپێکی هەزارەی دەهەمیشدا "ئەشۆ زەرتشت" خۆی دەرخست. بەلاّم "دینکورد" ئاشکرا بوونی زەردەشتی هەزارەی دووهەم نووسیوە، ئەو ناردرایە دنیای مادی گیتا، بۆندیهێشن Bonde Heshn لە ئاخرییەکانی دەورەی ساسانیان و دینکورد سێ سەدە دوای زاڵبوونی دەسەلاّتی عەرەبان نووسراوە.

دیارە ئەو روانگەی هەزارەیی‌و مێژووی سوونەتی، بە وتەی دوکتۆر فەرهەنگی مێهر تەنیا شتێکی بە ئەمانەت وەرگیراو و ڕەمزیە. زانایانی وەك پووردواد، ئیدوارد مایر، کلی نێر، کریستەن سین،نێگێر، بارتۆڵد، نومڵ و میری بۆیس ئەوەی رەت دەکەنەوە[65]، ئاگاتیاس مێژووزانی یونانیش وێڕای رەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەنووسێ: کاتی ئاشکرا بوونی زەردەشت و تەبلیغی دینەکەی بەتەواوی روون نەبۆتەوە.[٦٦]

زەردەشت بێجگە لە ستایشی ئەهورمەزدا: "ئەی خوای گیانبەخش و هێزدەر بە سوپاس و خۆبەکەم زانینەوە، سوجدەت بۆ دەبەم و دەستەکانمت بۆ درێژ دەکەم و دەپارێمەوە و داوات لێدەکەم کە یارمەتیم بدەی تا بە عەقڵ و رەفتاری باش (هومن)[٦٧]بۆ ئاوەدان کردنەوەی دنیاو دڵخۆش کردنی خەڵکی جیهان، هەوڵبدەمو تێبکۆشم..." فەرمانەکانی زەردەشت پڕ لە خزمەت بە دنیاو خەڵکە کە هەوڵدان و تێکۆشان لە پێناو ئاوەدانی دنیاو شادیی مرۆڤ ئەرکی هەر زەردەشتییەکە، دینی زەردەشت ئایینی کارو کۆششە، دینی دادو داد پەروەری و

---

٦٤- دیدی نوێ لە دینێکی کۆن ل ١٢٤

65- Martin Haug Essays in the Sacred Language Writing and Religion Of the parsit Agathias

٦٦- مقالەیەك لە مەر زمانەکانی‌و نووسراوەکانی پیرۆزو ئایینی‌و لێکدانەوەی، نووسینی مارتین هاوگ

٦٧- فیردەوسی ئەو مەتلەبە ئاوا بەیاندەکا:

بنام خداوند جان و خرد    کزاین برتر اندیش بر نگزرد.

بەناوی خوداوەندی گیاندەرو عەقل هێنەر    کە هیچ بیرو هیزرێك لەو بالاّتر نییە.



ڕاستییە، لەبەرچاوگرتنی وتەی باش، کردەوەی باش و بیریباش ئەرکی هەنووکەیی هەرزەردەشتییەکەو ئەنجامی کاری باش نابێ لە بەرانبەر پاداشدا بەرێوە بچی.[٦٨]،[٦٩]

لە کۆتاییدا دەبی بڵێین کە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ئەوێستایی وەك حورمەتدانان بۆ سەگ کە پێشتر لە نێو قەومەکانی کاسبی‌و ئاڵبانی (قەفقازی)دا باو بووە لە نێو کوردانیشدا هەبووە، کوردەکانیش وەك زۆر لە قەومەکانی دێرنی دراوسێی خۆیان، تەرمی مردووەکانی خۆیان لە پێش باڵندەکان دادەنا تا خاك پیس نەبێ، هەر ئەو ڕەسمە دواتر ببوو بە بەشێك لە ئاداب و نەریتی لی بڕاوانەی زەردەشتییەکان.

## "مانەویەت" یا "مانەویگەری":

دوای ئایینی زەردەشت، ئاینێك کە لە کوردستان زۆری پەرە سەند بیروباوەڕی "مانی" بوو کە لەبەر عیرفانی بوونی ئیدئۆلۆژییەکەی، شوێنێکی زۆری لەسەر رووح و دەروونی خەڵکی هەست ناسکی ئەو خاکە دانا. مانی لە بابێلی واتە (بین النهرین) هاتۆتە دنیا، بۆ خۆی دەڵێ: "سەرەنجام من کە مانیم و پێغەمبەری خوام کرامە مەئموور تا حەقیقەت و ڕاستی لە خاکی بابێلدا بلاّو کەمەوە"[٧٠] بەلاّم ساڵی لەدایك بوونی مانی بەتەواوی روون نییە و زیاتر ساڵی ٢١٦ی زایینی بە ساڵی لەدایك بوونی دادەنێن.

باوکی مانی پیاوێکی خەڵکی هەمەدان بوو بەناوی "فاتەك" کە بۆ گوندێکی ناوچەی مێشانی بابێل کۆچی کردبوو. دایکیشی لە ئەشکانییەکانی سەربە بنەماڵەی پاشایەتی دەزانن، دیارە بەڵگەیەکی روون بۆ ئەم ئیدیعایە نییە و زیاتر نەریتێکی قەدیمییە کە گەورەکان، بەتایبەتی حوکمداران و بەرپرسانی دین خۆیان بە بنەماڵەی شاوە گرێدەن و ئەوەش زیاتر کاری ئەوانە بوو کە مرید و مەنسووبیانن.

---

٦٨- زۆر بە کورتی لە گاتەکان لە کتێبی ئەوێستا کۆنترین هەڵبەستەکانی ئێرانیان، نووسینی جەلیلی دۆستخواز وەرگێراوە.

٦٩- چونکو بلاّوکردنەوەی ئامانجەکانی دینی زەردەشت لە ئەرکی ئەم کتێبە بەدەرە، موتالا کردنی کتێبەکانی "دیدی نوێ لە دینێکی کۆن" نووسینی دکتۆر فەرهەنگی مێهر، "ئەوێستا کۆنترین هەڵبەستەکانی ئێرانیان" نووسینی جلیل دۆستخوازو تەواوی نووسراوەکانی مامۆستا پووورداود کە لەم بابەتەوە زۆر زانستیانەو وردو بەکەڵکن بە پێویست دەزانم

٧٠- آثار الباقیە، ابوریحانی بیرونی، ل ٢٠٧، سەرەتای کتێبی مانی ناسراو بە شاپوورەکان

مانی بەشێك لە تەمەنی خۆی لە بینالنهرین تێپەر کرد کە جێگەی بەیەك گەیشتنی ئایینو مەزهەبەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا بوو، ئەو ماوەش تەمەنی لاوەتی مانی بوە. هەر لەو سەردەمەدا دەگەڵ مەکتەبەکانی فەلسەفی و عیرفانی و ئایینی خودایی ئاشنایەتی پەیدا کرد و خەریکی موتالایان بوو، لە زۆر لە شارە گەورەکانی کانگای فەرهەنگی وەك هەولێرو مووسڵ ماوەتەوەو بیرو باوەڕی ئەوانی وەرگرتبوو، پاشان دەگەڵ ئاکام وەرگرتنی خۆی لێکیدان و بناغەی دینەکەی خۆی لەسەر داڕشت. دوایەش بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاترو ناسینی بڕواو بیری مەزهەبی و ئایینی نەتەوەکانیترو تەکمیل کردنی زانیاری خۆی ، بەرەو خاکی رۆژهەلات بە تایبەتی هیندوستان چوو. دوای ئەوەی کە چوارچێوەی ئایینەکەی خۆی بە تێکەڵ کردنی چەند بەشی دڵخواز لە دینەکانی مەسیحیەتو یەهوودیەت و زەردەشتی و بیرۆکەکانی دیکەی کە لە میزوپۆتامیاو هیندوستان و فیرقەکانی عیرفانیو فەلسەفەی یۆنان بە شێوەیەکی تایبەت داڕشت.[٧١] بە بیستنی هەواڵی مردنی ئەردەشێری بابەکان (سەرۆکی زنجیرەی ساسانیان) گەڕاوە ئێران و رێگەی گەیشتن و چوون بۆ بارەگای شاپووری یەکەم لە خوزستان، دەستی کرد بە نیشاندانی ئایینی خۆی بە ناوی دینێکی نوێ و لەلای شاپوریش حورمەتێکی پەیدا کرد. مانی خۆی لەم بابەتەوە دەڵێ: چوومە پێشگای، زۆری رێز گرتم و ئیزنیدام لە ئیقلیمی ژێر دەسەلاتی ئەو بگەرێم و وشەی ژیان رابگەیەنمو تێبگەیەنم.[٧٢]

کریستین سێن لە زمان ابن الندیمەوە دەنووسێ: یەکەمین خوتبەی مانی لە رۆژی بوونی شاپوور بەشا واتە رۆژی یەك شەممۆ، یەکەمی نیسان (بیستی مارس)ی٢٤٢ی میلادی کە رۆژ لە بورجی حەمەلدا جێی گرتبوو، خوێندرایەوە،[٧٣] لە کتێبی کفالایە یا کفلایەدا هاتووە کە بەر لە مردنی ئەردەشێر، دوو کوڕی ئەو بە ناوەکانی (مێهر شا حاکمی ولاتی مێشان و پیرۆز)

٧١- مانیو دینەکەی، ل ٣٦، سەیدحەسەن تەقی زادە، کۆ کراوەی ئەحمەدی ئەفشار شیرازی.

٧٢- خەبەرەکانی مێژوویی لە شوێنەواری مانیگەریدا، بلاۆکی زانستگەی ئەدەبیات و زانستگەکانی مرۆیی تەوریز کە لەلایەن بەهمەن سەرکارانی وەرگیراوە لە کتێبی "کفالایا" لە نووسراوەکانی جێ باوەڕی مانی. لە سەدەی چوارەمی میلادی بە زمانی قبطی نووسرا بوو، لە کتێبی ئازەر بایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، ل ٨٠٩

٧٣- ئێران لە زمانی ساسانیاندا ل ٥ تا ٢٠٤



ئیمانیان بە مانی هێنا بوو[74]و دەڵێن: رۆژێك میهر شا، مانی بۆ باغێکی زۆر جوان و گەورە بانگهێشت کردو لێی پرسی لەو بەهەشتەدا کە خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکەی باغێکی وەك ئەو باغەی منی تێدایە؟ مانی پێغەمبەر بە توانای خۆی "بەهەشتی نووری" بە هەموو ئیزەدەکانەوە (فرشتەکان)و گیانلەبەرانی خواو هەموو بەختەوەری و جوانیو بەهەشتی بەو نیشاندا، شازادە کە وەهۆش هاتەوە خۆی بەسەر قاچی داداو دەستی ڕاستی لە دەستی خۆی گرت.[٧٥]،[٧٦] هەروەها ابن الندیم دەنووسێ کە فیرووز، مانی بە بارەگای براکەی شاپووری هەوەڵ ناساندو[77]شاپوور ماوەیەکی زۆر رێزی تەواوی لێگرت، تا ئەو جێیە کە مانی یەکێك لە کتێبەکانی بە ناوی (شاپوورەکان) بە ناوی ئەو کردووە و لە کتێبێکی دیکەش"کفالایە"دا نووسیویەتی لە خزمەت ئەودا (شاپوور) زۆر سالان لە ئێران و ولاتی پارت تا "تأدیب یا ئایدین"و لەو ولاتانەی کە جیرانی دەولەتی رۆمن، سەفەرم کرد.[٧٨] دیارە ئەو حورمەتە زۆری نەخایاند و دوای دەساڵ بە ئەمری شاپوور کە بە باوەڕی هێندێك کەس پێشتر هاتبووە سەر دینی مانی[79]و لە تێکۆشانی مانی و لایەنگرانی پێشگیری کردو مانی بە ناچاری ئیقلیمی ساسانیانی بەجێ هێشت و سالانێکی درێژ لە رێگەی دوورەوە بە تایبەتی لە مەڵبەندە

٧٤- کەشفی شوێنەواری مانیگەری لە مسر Ein Mani Funds in Egypten وەرگێردراو لە زمانی قبطي را بەهۆی کاری اسمیت و پۆلۆتسکی. H.j polotsky

٧٥- پاشماوەی شوێنەواری خەتی لە "مۆلێر" بەرگی ٢ ل ٨٢ لە کتێبی "ئێران لە زەمانی ساسانیاندا"ی وەرگرتووە

٧٦- چیرۆکی ئافراندن لەلای مانەوییەکان، نووسینی جێکسۆن لە ژێر سەردێری The secnd Evocation in the manichean system of cosmogong لە پاشکۆی گۆڤاری پاشایەتی ١٩٢٤،ل ١٣٧ بەدواو کتێبی لێکۆڵینەوە لە سەر مانیگەری هەر لەم نووسەرە ل ٢٧١

٧٧- الفهرست= پێرست ابن الندیم

٧٨- کەشفی شوێنەواری مانەویگەری لە مسر، ئیشمیت و پۆلۆتسکی، ل ٤٧ بەدواو کتێبی "لە بابەت ئەو پروپاگەندە چیانەی دەیناردن" نووسینی ئەندر ئاس و هنینگ بەرگی ٢ ل ٣٠١

٧٩- مێژووی ژیانی ئابووری گوندییان و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران لە دەورەکانی بەر لە مێژوو تا ئاخری ساسانییەکان، نووسینی غولام رەزا ئینساف پوور ل ٣٧٠و مێژووی شارستانیەتی ویلدۆرانت، قەیسەرو مەسیح، بەشی سێهەم، وەرگێرانی علی اصغری سرووش ل٢٥٧

جۆراوجۆرەکانی ئاسیای ناوەندی، بە نووسینی نامە و جوزوە، لایەنگرەکانی خۆی ڕێنوێنی و ئیرشاد دەکرد.[٨٠]

جێگرەکانی شاپووری هەوەڵیش کارەکانی ئەویان درێژەدا، هورموز زۆری هەوڵدا کە ئەو بگرێ بەڵام سەر نەکەوت،[٨١] مانی هەروەك خۆی دەنووسێ بە نهێنی دەژیاو ماوەی چەند ساڵ نەیدەتوانی لە کووچە و کۆڵانان خۆ پیشانداو هەروەك دیلێك لە نێو نیگابانانداا لە شوێنگەل جۆراوجۆری دنیادا دەخولاوە... تا بارامی هەوەڵ بە فێڵ دەگیری خست.[٨٢]

ڕەئیس نیا دەنووسێ: نووح زادەك کە هەم وەرگێڕی زمانی فارسی بۆ مانی بووە و هەم لە یارانی نیزیکیشی بووە کە لە دوایین ڕۆژەکانی گرفتاریی مانیدا لەگەڵی بووە راپۆرتێکی سەرنج ڕاکێش لە یەکەم چاوپیچکەوتنی شا دەگەڵ مانی لە خۆی بەجی هێشتووە. ئەم گوزاریشە لە یەکێك لە پارچە نووسراوەکاندا نووسراوە کە لە "تورفان"دۆزراوەتەوە. بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە کاتێ مانی دەگاتە دەربار، بەهرام لەسەر سفرە بوەو ماوەیەك بە چاوەڕوانی دەیهێڵێتەوە، کاتێك هاتەلای پێیدەڵێ بەخێر نەیەی، مانی وڵام دەداتەوە بۆچ تاوانێك لە من ڕوویداوە؟ شا گوتی سوێندم خواردووە نەهێڵم بگەیە سەر ئەو خاکەو زۆر بە تووڕەیی وای بە مانی گوت: ئەی بەکاری چ دێی، تۆ کە نەدەچی بۆ شەڕو نە بۆ شکار، بەڵکو شیاوی ئەوەبی کاری دوکتۆرو دەرمان بکەی، ئەو کارەش ناکەی![٨٣]

فارسنامە دەنووسێ، بەهرام بۆ ئەوەی مانی لەکۆڵ کاتەوەو حاڵەتێکی دادپەروەرانەشی هەبێ، بە حاکمە زەردەشتییەکانی ڕاگەیاند و گوتی کۆ بنەوە و دەمەتیقەی دەگەڵ بکەن و مەحکوومی کەن.[٨٤]

مانی زنجیر دەکەن و بەو حاڵە لە مەجلیس ئامادە دەکەن‌و موئبیدی موئبیدان کەبۆ قسەکردن لایەنی بەرانبەری مانی بووو لە عەینی کاتدا قازیی مەحکەمەکەش بوو دەگەڵی

---

٨٠- مێژووی ئێرانی باستان م.م. دیاکۆنۆف وەرگێڕانی ڕووحی ئەرباب ل ٤٤٠ بەدوا

٨١- فارسنامە ابن بەلخی ل ٦٣٠

٨٢- مانی‌و دینی ئەو سەید حسن تقیزادە ل٦١و مروج الذهب، بەرگی هەوەڵ ل ٢٤٤

٨٣- هەواڵەکانی مێژوویی لە شوێنەوارەکانی مانیگەری، بەهمەن سەر کاراتی، لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا ل ٢٤٤.

٨٤- فارسنامە ابن بەلخیل٦٤.



دەست دەکا بە باسکردن، باسێك کە ئاکامەکەی لە سەرەتاوە دیار بووو دەبێ موغەکان، هیربودەکان‌و ئەوانەش کە بە ئاگر ڕادەگەیشتن خۆشحاڵ بن.[٨٥]

"لوکونین" ناوی ئەو موئبیدەی موئبیدان بە "کرتیر" دەنووسێ بە هۆی ئەوەی پارەو هێزو ئاتەشگاکانی لەدەستدا بوو، شا بۆخۆی‌و هەموو ڕێ‌و ڕەسەت و دەست و پێوەندی ئەو کات پشتیوانی بوون[86]بە هەر حاڵ زاهیر پارێزراو مانی مەحکووم کراو ئەوەندەیان لە بەندیخانەدا ئەشکەنجە کرد تا وەفاتی کرد.[٨٧]

مانی لە ساڵی ٢٤٠ی زایینی پێغەمبەرایەتی خۆی ڕاگەیاند[88]دەبینین لە سەر چلۆنایەتی کوژرانی و چلۆنایەتی ژیان و تێکۆشانی قسە زۆرن بەڵام بۆ ئێمە تا ئێرە بەسە.

## ئاییینی مانی‌و بیروڕای ئەو:

بە پێی ئاییینی مانی، سەرچاوەی دەستپێکی ئافراندن لەسەر دوو ئەسل ڕاوەستاوە کە بریتی بوون لە چاکەو خراپە، بەوتەی ئەو دووانە خواو هەیوولا بوون، ئەو ڕۆشناییەکان بە چاکەو تاریکییەکان بە خراپە دادەنێ. یەکەم مرۆڤ یا باوك "گەورەیی= شرو شاو " Sroshar بووکە "زروان"ی پێ ئەکوترا. مانی ئەیوت: زروان لە زەمینەی نووردا جێی گرتووە کە "اپیر نوور" دەوری داوە و ڕووحی ئەعزەم لەودا ڕەخنە دەکاو پێنج "ئەئون= تەجەلا باوك" کە بریتین لە ١- ئیدراك ٢- عەقڵ ٣- فکر ٤- تأمل ٥- ئیرادەکە هەموو کات دەگەڵنی. زوڵمەتیش واتە تاریکایی پێنج "مادەی تاریکی هەیە کە لە سەر یەکن- مانی ئەو بیرۆکەی لەو بیرو بڕوایەی کە لە بین النهرینی هەبوو وەرگرتبوو، کە پێنج زانای سوڵتانی تاریکاییان پێکدێناو بە نێوەکانی: دخال یامە، ئاوری تێکدەر، بای بە هیلاكدەر، ئاوی شلوێ، تاریکایی، چاکە یا گەورەیی نێودێر کرابوون.

---

٨٥- هەواڵەکانی مێژوویی... بڵاۆکی کۆلیجی ئەدەبیاتی تەورێز زستانی ١٣٥٤.

٨٦- شارستانیەتی ئێرانی ساسانی،ولادیمیر گریگوویچ لوکونین، وەرگێڕانی دکتۆر عنایەت الله رضا ل١١٣

٨٧- بە پێی هێندێك لە نووسراوەکان کە لە مانی و دینەکەی وەرگیراوە، ئەو ٢٦ ڕۆژ لە بەند دا بووەو دەشڵێن کەوڵی مانییان بە مەشکە دەر هێناوە پڕیان کردووە لە کاو لە دەروازەی شاری "گوندی شاپوور" هەڵیانواسیوەو ناوی دەروازەی مانیان لێ نابوو، فەرهەنگ و جوغرافیای عەمید ٧٧٤ پێش م.

٨٨- مێژووی زەردەشت، نووسینی سید حسن تقیزادە لە گۆڤاری یادگاردا چاپ بووە.

بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ تاریکایی، یەکەم بوونەوەری ئافراند کە پێیان گوتووە "دایکیژیان= دایکی ئەوانەی لە ژیان دان"و جارجاریش پێی دەڵێ "رامراتۆخ."Ram ratukh ئەو مرۆی یەکەمینیش ئۆهور Ohrmizd میزد یا ئەهۆر مەزدە Ohrmazd کهتپلیپ یا سێیانەی یەکەمن کە بریتین لە باوك و دایك و عەولاد،[89]لەبەر ئەوەی باوکی یەکەم لاواز بوو "ئوبانی اعظم= روح الحیات یا رووحی ژینی" خوڵقاند کە مانەویگەڵSpiritus Vivens یا "میهر یەزد" یا "مەعزب" یان پێ گوتووە.

ئەو پێنج منداڵی بوو بە ناوەکانی زینەت، شکۆ، پادشاه شەرافەت، ئادەم نوورانی و پادشای شانازی کە هەڵگری(Omophoros)=ەو ئەوانەش "تهپلیپی دووهەمن" مانی دەیگوت لە وجوودی ژندا پریشکێکی نوورانی هەیە بەڵام شاکاری شەیتان مەجبوور کردنی مرۆڤە بە گوناح و تاوانکردن، ئەگەر پیاوێك لە پێوەندی جنسی و بوت پەرستی خۆ بپارێزێ و ژیانێکی زاهیدانەی هەبێ بەخشراوو رزگار بووە[90].

دایکی ژیان بە پێنج منداڵەوە چووە بۆ شەڕی تاریکی، ئەرکانی دەوڵەتی تاریکیان کوشت، لە گۆشتی ئەوان خاك و لە پێستی ئەوانیش ئاسمانەکان و لە ئێسقانەکانیان کێوەکانیان هێنا وجوود.[91] دوایەش هەیئەتی هەڵخەڵەتێنەری خۆی بە منداڵەکانی تاریکی نیشاندا کە لەواندا هەوەسی شەهەوانی دروستبوو و دەستیان لە بەشێك لەو نوورەی کە خواردبوویان هەڵگرت و خۆرەتاو و ئەستێرەکان دروستبوون[92]،[93].

لە سەر یەك دەبێ بڵێین دینی مانی دوو خوڵقێنەری قەبووڵن کە هی خێرو شەڕن و خاوەنی بیرو هزرێکی عارفانەیە تا لەم رێگەوە رووح بەرز کاتەوەو نەفس پاك کاتەوە، زۆر خەریکی

٨٩- بە بروای عارفان یاگنۆستیکەکان و دینە گەورەکان ئەو یەکەم مرۆڤە بە حەزرەتی ئادەم دەزانێ

٩٠- مرۆی یەکەمین، کریستەن سین، بەرگی یەکەم ل ٣٤ بەدوا

٩١- هەمان سەرچاوە ل٢١٠ بەدوا

٩٢- بۆ زانیاری پێویست لە مانی و بیرو باوەڕی ئەو لە کتێبەکانی مانیو تەعلیمات و ئاسەوارەکانی، نووسینی "فلوگل" لێکۆڵینەوە لە سەر مانیگەری، نووسینی "کۆمن"و کەشفی شوێنەواری مانیگەری لە مسر نووسینی کارل اشمیتو پۆلۆتسکی، آثار الباقیەی ابو ریحانی بیرونی، مانیو دینی ئەو نووسینی سید حسن تقیزادە، هەروەها کتێبی "هەواڵەکانی مێژوویی لە شوێنەوارەکانی مانیگەری" نووسینی بهمن سەر کاراتی... بروانە

٩٣- شارستانیەتی ئێرانی ساسانی، ولادیمیر گریگۆویچ لوکۆنین، وەرگێردراوی عنایت الله رە زا ل١٣٠



عیبادەت و سلووك بوو، هەربۆیەش کەسانێکی لە گوێن "کولۆکونین" ئەو تایبەتمەندییە بە رەش بینیو گۆشە گیری تەعبیر دەکەن.

دینی مانی دنیای ماددی بە پێچەوانەی دینی زەردەشت بە خوڵقاوی شەڕ و تاریکی دەزانێو کوشتنی نەفس بە رێگەی دەرباز بوون لەو شەڕە دەزانی[94]، هەر ئەو رێگەیەی کە سۆفییەکانو عارفەکان بە تێپەڕین لە حەوت شاری ئەوین دەیبڕن و ئاخریەکەشی دەگەنە فنافیالله. رەئیس نیا، بە گێڕانەوە لە زمانی "پیکۆ لۆسکایا" دەلیلی رەشبینی مانەوییەکان بە رەنگدانەوەی نارازی بوونی جەماوەری خەڵکی زۆرو زەوەندی ئێران لە سەردەمی قەیرانی هەڵسو کەوتی کۆیلەداری دەزانێ[95].

لە راستیدا مانی گەرەکی بوو تێکەڵاوێك لە هەموو دینەکان پێکبێنێ و بانگی حەق لە هەموو دنیادا بڵاوکاتەوە، ئەو خۆی بە "فارقلیگ" دەزانی، واتە ئەو کەسەی کە عیسای مەسیح موژدەی دەرکەوتن و زاهیر بوونی دابوو.[96]هەڵبژێراوانی دینی مانی وەك کاتۆلیکەکانی رەهبان، لە ژن هێنانو پێك هێنانی بنەماڵە مەحرووم و بێبەش بوون و گۆشتیان نەدەخواردو ئازووقەی لە یەك رۆژ زیاترو پۆشاکی لە یەك ساڵ زیاتریان بە خۆوە نەدەدی. کۆمەڵگای مانەوی لە پێنج چینی دیار پێکدەهات، ١-دوازدە رەسووڵ، ٢-١٧٢ اسقف، ٣-٣٦٠پیر، ٤-هەلبژێردراوان، ٥-سەماعیون یا بیسەران کە رادەی کەسانی ئەوان بێسنوور بووو لە راستیدا هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە ئیمانیان بە مانی هێنابوو.

حیکمەتی بەکردەوەی فیرقەی مانەوی لە سەر بناغە و ئوسولێك دامەزرابوو، یەك لەوانە حەوت مۆری پێوەندیدار بە کاروباری برواو رەفتار و کردەوەی تاکەکان بوو، لەو حەوتانەش مۆری دەم بریتیبوو لە پاراستن لە وتەی خراپ و کفراوی، مۆری دەست، خۆ پاراستن لە کاری خراپ، مۆریدڵ، خۆلادان لە کاری شەهوانیو ئارەزووە پیسەکانە، هەڵبژێردراوان نابێ دەست بدەنە کارێك کە زیان بگەیەنێ و نابێ دوای سەروەت و سامان و ئاسایشی مادی بکەون. پێویستە بۆ بڵاو کردنەوەی پاکی بۆ هەموو شوێنی دنیا سەفەر بکەن. لە حاڵێکا بیسەران لەم

٩٤- مێژووی گەلانی ئێران، دوکتۆر عبدالحسین زرین کوب ل٤٤٢

٩٥- شارەکانی ئێران لە رۆژگاری پارتییەکانو ساسانییەکاندا، نیپگۆ لوسکایا، وەرگێڕانی عنایەت اللە رەزا ل ٤٧٤ کە لە کتێبی ئازەر بایجان لە گەشتێ مێژووی ئێران ی وەرگرتووە، رەحیم رەئیس نیا بەرگی ٢ ل ٨١٣

٩٦- الفهرست، ابن الندیم ل ٥٨٤

یاسا سەختانەی وەك ژن نەهێنان و... معاف بوون و دەیانتوانی ژن بخوازن و ژیانی سادەو ئاسایی خۆیان بکەن، بەلاّم نەدەبوو دڵ بە خۆشی دنیایی ببەستن. مانەوییەکان هەرمانگەی حەوت رۆژوویان دەگرت و لە شەوورۆژێکدا دوای دەستنوێژ گرتن چوار جاریان نوێژ دەکرد و ئەگەر ئاویش نەبووبا تەیەمومیان دەکرد. لە نوێژێکدا ١٢جاریان سوجدە دەبرد. مانەوییەکان ئەوکارانەیان بە واجبی خۆیان دەزانی، دووری لە بوت پەرستی، درۆنەکردن، بەخیلی نەبردن،نەگوشتن، زیناح نەکردن، دزی نەکردن، فریو نەدان و خۆپاراستن لە سیحر و جادوو خۆپاراستن لە شك کردن لەدیندا و خۆ بواردن لە کاری دینی.[٩٧]لە تایبەتمەندییەکانیدا هێندێك کردەوەی نا ئاساییش نووسراون، وەك دەڵێن: کراسێکی هەبوو، هەرکات کردوویەتە بەری لەبەرچاوان ون بووە، کە دایدەکەند دەردەکەوتەوە، شتی ئاوایتر هەبوون کە لەسەر رۆیشتنیان مەتلەبەکەمان درێژ دەکاتەوە.

## ئایینی مانیگەری دوای نەمانی خۆی:

ئایینی مانەویگەری کە ئایینێکی جیهان نیشتمانی بوو[98]بە مەرگی مانی لە ناو نەچوو، رێکخستنێکی وردی کە مانی لەکاتی دوور خستنەوەیخۆی یا هەلاّتنی خۆی بۆ ئاسیای ناوەندی کردبووی، بوو بە هۆی ئەوە کە لایەنگرەکانی، زۆر بە شارەزایی تەبلیغاتی خۆیان بە شێوەی نەهێنی درێژە پێ بدەن و بەتایبەتی لایەنی عیرفانیو ماریفەت پەیدا کردنی Conosticisen وەك ئەوەی "ئەوەی دەوڵەمەندە فەقیر دەبێ و دەست دەداتە سواڵ و بە ئێش و ئازاری دایم گرفتار دەبێ"[٩٩]بە هۆگرێکی زۆر کە لە نێو توێژەکانی هەژاری کۆمەڵگادا پەیدای دەکرد، رۆژ لە رۆژ زیاتر ئایینی مانی برەوی پێ دەدراو بە وتەی مانی خۆی ئایینی من لە هەر وڵاتێك و بە هەر زمانێکی روون و ئاشکرایەو لە وڵاتانی دووریش رەواج پەیدا دەکاو،[١٠٠] بەراستیش لە وڵاتانی دوور باش بلاّو بۆوە و لە ئاسیای نێوەراست و چیندا ناوەندییەتی وەدەستهێناو لە ساڵی٨٣١ی زایینی ئایینی مانی لە ژمارەی دینە رەسمییەکان قبوولکراو خاقانی چین خۆی

٩٧- مێژووی کۆمەلاّیەتی ئێران، بەرگی یەکەم. لاپەڕەکانی ٨٠تا ٤٧٩

٩٨- مێژووی هەڵبژێردراو،حمدالله مستەفەوی، بە کۆششی عبدالحسین نەوایی ل٩تا١٠

٩٩- ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا بەرگی ٢ ل ٨١٧

١٠٠- الفهرست، ابن الندیم، ل٦٠٠



قبوولیکردو ئیمانی پێ هێنا،[١٠١]تا ئەو جێگایە بەرەو پێش چوو کە لە زەمانی خەلیفە موقتەدایدا والی سەمەرقەند نزیك بە ٥٠٠ مانەوی کۆکردەوە و دەیەویست بیانکوژێ. پادشای چین "تەغەزغوز" کە لە تورکەکان بوو کاتێك ئاگاداری ئەم مەسەلە ببوو، باڵیۆزێکی ناردە لای والی سەمەرقەند تا لەلایەن ئەوەوە پێی بڵێ: لە وڵاتی مندا موسڵمان گەلێك هەن کە چەند قاتی ئەوانەن کە لە سەر دینی ئێمەن و لە وڵاتی تۆ دەژین، سوێند دەخۆم ئەگەر یەکێك لەوان بکوژرێ، هەموویان دەکووژم و مزگەوتەکانیان وێران دەکەم. والی سەمەرقەند کە وای زانی لە نیەتی خۆی پاشگەز بۆوە و تەنیا جزیەی لی وەرگرتن.[١٠٢]لە رۆژئاوادا ئایینی مانی زۆر بەربلاّو ببووو چەند ساڵ فکری فەرمانرەواکانی لە رۆم و باکووری ئەفریقا هەتا ئیسپانیاو فەرەنسا و ئیتالیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. مانەوییەکان تا سەردەمی چەنگیزی مەغوول درێژەیان بە ژیانی خۆیان دەداو[103]بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی هێندێك کەس، مانەویەت لەو کاتەوە هەر لە بەرگی تەسەوفوعیرفاندا ژیانی خۆی درێژە پێداو بە فەرمایشی ملك الشعرای بەهار "بەشێوەی تەسەوفێکی موسبەت و تێکەلاّو دەگەڵ کۆشش و هەوڵدان و پاك کردنەوەی دنیا لە خراپەو تاریکی خۆی نواند.[١٠٤]دیارە ئەو کارە بە سووك و هاسانی جێبەجێ نەبوو بەڵکو توند و تیژێکی زۆری مافپاریزی، کۆمەلاّیەتی و مرۆڤایەتی بە دواوە بووە. هەر وەك "والنتیا نووس"ی هەوەڵ، مافەکانی کۆمەلاّیەتی لی وەرگرتنەوە و تیئۆدۆسیوسی هەوەڵ بە فرمانێك ئەوانی لە مافی شاهیدیدان لە دادگاو مەحکەمان، میرات گرتن مەحرووم و بێبەش کرد. "سێنت لئۆن" فەرمانیدا شوێنەواری مانەویەکان بسووتێنن و "ژوستی نین" بۆ ئەو کەسانەی ئیمانیان بە مانیگەری هەبوو حوکمی ئیعدامی دیاری کرد (٥٢٠ی زایینی). لە بەرانبەر ئەو توندو تیژیانەدا لە ساڵی ٧٦٣ی زایینیدا لە وڵاتی تورك نژادی "ئێیپیفوور" دینی مانی بە دینی رەسمی دیاریکراو لە ئاخریەکانی سەدەی حەوتەمی میلادیدا چووە نێو چینیش و مافی مانەوە لەم وڵاتەشیان درایەو دینی مانی هاتە ریزی دینە رەسمییەکان[105].

١٠١- هەمان سەرچاوە.

١٠٢- ویل دۆرانت مێژووی شارستانیەت، (قیصر و مەسیح) بەشی سێهەم ل ٢٥٧.

١٠٣- ژیانی مانی، ملك الشعراء محمد تقی بەهار ل٢١.

١٠٤- هەمان سەرچاوە.

١٠٥- مانیو دینەکەی ل ٩ تا ١٨.

مانی شێوەکارێکی زۆر بەتوانا بووە، هەر بۆیەشە لە کتێبی نیگارکاری ئەو بەناوی "ئەرژەنگ یا ئەرتەنگ" بە موعجیزەی مانی نێو دەبەن. فیردۆسی لەم بابەتەوە دەڵێ: زەمانە هیچکات شێوەکارێکی وەك مانی بە خۆیەوە نابینێ، هەر بۆیە مانەوییەکان زۆریان دڵ بە هونەری شێوەکاری هەبووە و ئەو تابلۆیانەی کە لە "تورفان خۆجۆ" دۆزراونەوە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن[106].

حەوت کتێبان بە هی مانی دەزانن کە یەك لەوان "شاپوورەکان" بوو کە بە ناوی شاپووری هەوەڵ پادشای ساسانی نووسیووە، هەروەها "کفالایا، سفرالجبابرە، زەبوور،سفرالاسرارو فرقما گینا"ش لەو حەوت کتێبەن، مانی لە خەت و مۆسیقاش زۆری خۆش هاتووە، وای بۆ دەچن کە خەتێکی نوێی دۆزیبێتەوە و کتێبە دینییەکانی بەو خەتە دەنووسییەوە کە خەتەکەشی لە سووریانی و فارسی وەرگرتبوو،[١٠٧] ئەو هەڵانەشی تێدا نەبوو کە شوباری پیتەکانی پەهلەویدا دەهاتە گۆڕێ، بەوتەی کریستیەن سێن بە شێوەی زۆر شارەزایان توانی ئەلف و بێی سوریانی دەگەڵ زمانی فاسی رێکخاو بیکاتە شێوە خەتێك و وای بەکار بێنێ کە دەنگ و لەفزەکانی دەگەڵ یەك بێتەوە.[١٠٨] هەر ئەو نووسەرە زیاد دەکا و دەنووسێ کە پەیرەوەکانی مانی لە سووغدی، ئەو خەتەیان قبووڵکرد و هێدی هێدی قەومەکانی ئاسیای ناوەندیش ئەو خەتەیان بە کار دێنا،بە باوەڕی لێکۆلەرەوان یەکێك لە باشییەکانی ئەو خەتە ئەوە بوو کە زۆر لەو وشانەی کە لە خەتی بە نێوبانگی پەهلەویدا سەخت و جێ شك بوون کاتێك بەو خەتە دەنووسرێن روونن و خەوشیان تێدا نییە و هەڵەی تێدا ناکرێ و بە تەواوی دەخوێندرێتەوە، ئەوکارە یارمەتی باشی بە بەرەو پێش چوونی زانیاری، لە سەر زمانە قەدیمییەکانی ئێرانی کردووە[109].

رەئیس نیا لە قەولی ئیگۆستین دەنووسێ: ئیگۆستین لە خەت خۆشیو نایابی کاغەزی کتێبگەل مانەوییەکان وا دەدوێ کە زەوقی شاعیریشی تێخستبوو، ئەوان بە ئەدبیات و بە تایبەتی چیرۆك و شانۆگەری زۆر دڵخۆش بوون[110].

١٠٦- الفهرست ابن الندیم ل ٥٨١

١٠٧- مانیو دینەکەی ل١٧

١٠٨- ئێران لە زەمانی ساسانیان ل ٢٢٣

١٠٩- مانیو دینەکەی

١١٠- مێژووی ئەدەبیاتی ئێران، رێپکا ل١٠٩، وەرگیراو لە ئازەربایجان لە گەشتی مێژوودا ل ٨٢١



سێنت ئیگۆستین کە دوژمنی مانەویەکان بوو، شاهیدی بۆ ئەو ئەخلاق و خووی بێ عەیبی مانەوییەکان دەداو کەسانێکی وەك محمد زەکریای رازی و ابن المقفع، شیفتەی بیرو ڕاو تەعلیماتی ئەو جەماعەتە بوون و ئەخلاقی ئەوان زۆر عالیو تێکەڵاو دەگەڵ پاکیو سەفا هەڵدەسەنگێنن[111].

دوای مانی "سیس" کە مانی خۆی ئەوی بە جێگری خۆی دانابوو، پاش ئەوەی لە دار درا یا چوار میخیان کێشا "ئەینایوس" نێوێك لە بابێل لە جێگەی دانیشت.

مانی لە ئیدیسا = Edessa ئورفەو باردزان Bardesane مەڵبەندگەلێك لە کوردستان، لە سەدەی سێهەمی میلادی، (تصعیدەکان)ی ئیلاهی و ئیونەکانی سەدەکانی شکڵ گرتووی، بە شیعر و بە رەوان نووسی و زمانی ئەدەبی سوریانی هێناوەتە وجوود.

عاریفانە بوونی مەکتەبی مانی کە هێندێك کەس ئەو مەکتەبە بەریشەی تەسەوف و بە وتەیەکیتر بەسۆفی گەری بە مانیگەری ئاڵوگۆڕ کراو دەزانن، بوو بە هۆی ئەوەی کە لە بیرۆکەی سۆفیگەریو عیرفانیدا بە تەواوی رەخنە بکاو مریدانی ئەم جۆرە مەکتەبانە (تەسەوف و عیرفان Gaosticyn) زۆرینەی ناودارو ناسراوان و هەروەها زۆر لە تاکەکانی خەڵکی ئاسایی هەروا شوێنی کەوتوون و قبووڵیان کردووە و پەیرەوی لی دەکەنو ئەو کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون زیاتر هۆکاری پەرە سەندنی ئەو راو بۆچوونە لە نێو خەڵکدا بووە، بۆیە هێندێك لە نووسەران و لیکۆلەرەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو کتێبانە شوێنەواری مانەوین، یەك لەو کەسانە موحسین فەرزانەیە کە "الفهرست"ی ابن الندیم و مرزبان نامەی کە هەردووکیشیان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا نووسراون، بە شوێنەواری مانەوییەکانیان دەزانێ.

بەهەرحاڵ بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسەرانەی کە لە سەر ئەم باوەڕەن کە مانیگەری لە کوردستان پێشوازی لێنەکراوە، بیروباوەڕی ئەو لە بەرگی تەسەوف و مەکتەبی عارفەکان لە نێو خەلکی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو وەرگیراوە و بەزەین دان بە شکڵ گرتنی سۆفیگەریو دەروێشی لەم هەرێمە دا، تەکیەکانوخانەقاگەل بوونە ناوەندێك بۆ تەبلیغو فێرکردنی ئەو بەشانە لە تەعلیماتی مانی کە دژایەتی دەگەڵ ئایینی ئیسلام نییە، بەلەبەر چاوگرتنی وێکچوونێك کە لە نێوان هێندێك لە مەسەلەکانی مانیگەری و ئیسلامدا هەیە، ئوسوولی ئەو ئایینە زیاتر کەوتۆتە بەردڵی خەڵك، هەروەك مانی لەسەر حەزرەتی مەسیح بڕوای وا بووکە

١١١- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، مرتضی راوەندی، بەرگی یەکەم لاپەرەکانی ٨١ تا ٤٨٠

مەسیحی راستی رووحی مەحز بووەو جیسمی نەبووە و ئەو کەسەی کە لە جێگەی وی لە سەلیب درا یەکێك لە دژەکانی مەسیح و کوڕی بێوە ژنێك بووە، ئیسلامیش لەم بابەتەوە هەر وا بۆ مەسەلەکە دەچێ، سەرنجدان بەئایەتی ١٥٦ لە سوورەی ٤ کە دەفەرموێ: "وقولهم انا قتلنا المسیح عیسی بن مریم، رسول الله و ما قتلوه و ما صلبوه ولکن شبههم". ئەم شتە روون دەکاتەوە .

لێرەدا ئاماژە کردن بەو مەتڵەبە بە کەڵك دەبی کە سەرەڕای بوونی ئایینەکانی زەردەشتیو مانەوی بیرۆکە و ئەندێشەی تریش بەناوی دین لە درێژایی مێژوودا لە هەرێمەکەدا و لە کوردستانیش هەبوون و هەرکام بە گوێرەی تێکۆشان و ئیمکاناتی خۆیان لە نێو خەڵکدا بلاۆبوونەوە کە بیرۆکەی مەزدەك یەك لەو نموونانەیە .بەڵام ئەوەی مسۆگەرە هەر دینی زەردەشتیو تا رادەیەکیش ئایینی مانی لە کوردستان پەیرەویان هەبووە، باقی دینەکان برەویان نەگرت وتا هاتنە گۆڕێ دینی ئیسلام دە گەڵ ئەوەی بیروبروای جۆراوجۆری وەك بۆت پەرەستی وخۆرپەرەستی یا پەرەستنی دارودرەخت هەبوە، ئایینی زەردەشت غالب بووە و تەنانەت ئایینی مەسیحیش دەگەڵ ئەو ئالۆگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو هەموو هەولە زۆرەی بۆ رەواج پێدانی دراوە جێپێیەکی قورسی پەیدا نەکردووەو بە زەحمەت لێرەو لەوی تاقمی گچکە گچکەی بۆ پەیدا بووە، وەك میستێر هۆفمان لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بوونی مەسیحیان لە "::ئۆرفەی ئۆدیسا": و ": شاهکورد ": لە سەدەی سێی میلادی دەکا کە لە نێوان هەولێرو "داکۆکا" هەڵکەوتووە، ئەو دەڵێ : ئەمانە داریان پەرستووە و هەروەها کەشیشێك بەناوی "مارسایا" دەنووسێ: تاقمێك لە کوردەکانی هێناوەتە سەر دینی مەسیح کە لە پێشدا خۆرپەرست بوون.کەشیشێکیدیش بە ناوی "ئیشۆشاپ" لەنیزیك "دورگەیا بن عمر" هیندێك جنۆکە پەرست هەبوون کەهێنراونەتە سەر ئایینی مەسیح .

سێرمارك سایکس هەروەها لە خشتەی بەناوبانگی کتێبەکەیدا لە گەڵ عەشیرەتەکانی کورد، هێندێك وەك مەسیحی ناو دەبا[112] کە دەکری بڵێین ئەوانە هەموو کورد نین بەڵکو خەڵکی بە ئایین مەسیحی، نا کوردی دانیشتووی کوردستان بوون، هەر وەك ئێستاش ئاشوورییەکان لەم هەرێمەدا بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا بە بەربڵاوی نیشتەجێن[113] و ژیانیان دەگەڵ ژینی کوردان وا تێکەڵ بووە کە ناکری لێکیان جیاکەیەوە، بەڵام دەزانین کە کورد نین و بە زمانی خۆیان قساندەکەن.

١١٢- کۆتایی میراتگرانی خەلیفەکان ل ٤٨ تا A

١١٣- ئەوانەی نەوەکانی زۆر دواتری هەمان ئاشوورییەکانی باستانین و ماوەی ئیمپراتۆری ئاشوورن



دوای ئەوەی کوردەکان بوونە موسلمان، هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد، بە هەموو وجوودەوە ئیمانیان هێناو زۆر جار تەنیا بۆخۆیان هەوڵیان داوە لە لاواز بوونی حکوومەت و ئایینی ئیسلام بەرگری بکەن و بێ یارمەتی لایەنێکیتر شکستیان بە دوژمن هێناوەو شوێنە پیرۆزەکانی موسلمانانیان لە دوژمن گرتۆتەوە و پاراستوویانە، زەقترین نموونەشی ئەو خەبات و بەربەرەکانیانەن کە بۆ رزگارکردنی بیت المقدس ومسجدالاقصی، قیبلەی یەکەمی موسلمانانی دنیا کردوویانە، کە کوردەکان و سەرداری بی وێنەیان "**سلطان** صلاح الدین ایوبی" هەر خۆیان بە ئەنجامیان گەیاندو لە بەرانبەر هەموو هێزەکانی زۆرداری و داگیرکەری ئەوکات، وەك ئیمپراتوورییەکانی ئینگلیس، فەرەنسا، ئالمان، ئیتالیا(رۆم) راوەستان و ئەوانیان شکاندو سولتان (صلاح الدین) بە چەنگ و ددان "بیت المقدس"ی لەچەنگ دەسەلاتی کەسێکی وەك "ریچاردی شێردڵ" رزگارکرد و دەستی مەسیحیەتی لەتەواوی خاکی ئیسلامیی رۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا بڕی، جگە لەسولتان (صلاح الدین)، حکوومەتەگەلی کوردی دیکەش وەك مەروانییەکان و شەدادییەکان لە بلاوبوونەوە و پەرەسەندنی دینی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامیدا بەشداری چالاکانەیان هەبوە.

پاش ئەوەی کوردەکان دینی ئیسلامیان قەبووڵکرد، هەر چەند کتێبە پیرۆزەکان دەکەوتنە بەر توێژینەوە و لێکدانەوەی توێژی خوێندەوار و زانایانی دینی، بەڵام چینی ئاسایی و نەخوێندەواری کۆمەڵگا لە عەینی کاتدا کە لە قسەو ئەمری گەورەکانی خۆیان دەرنەدەچوون دڵیان لەو پایە کۆنو قەدیمیانەی داب و نەریتی قەومی کە لە کۆنەوە، نەوە بەدوای نەوەدا پێیان گەیبوو نەدەبڕی، بەقەولی واسیلی نیکیتین لەو ئەندێشانەی لە دڵ و گیانیان گەڕابوو و ریشەی داکوتابوو بەحورمەتەوە پارێزگاریان دەکردو لە دڵی خۆیاندا ڕایان دەگرت .[114]

کوردان تایبەتمەندییەکی زۆر ئاشکراو زەقیان هەیە کە بوونی ئەو تایبەتمەندییە بۆ هەر کۆو کۆمەڵگایەك جێگەی شانازییە، ئەویش پێبەندی و بە دەربەست بوونی زۆر توندی تێکەڵاو بە ئیمانێکی قایمەو بە بیروباوەری خۆیان، دەتوانین زۆر نموونە لە خۆبەخشی و گیانبازی ئەوان لە پێناو بیروبروایاندا ببینینەوە کەجیهاد لە رێی ئیسلامدا لەلایەن کوردانەوە یەك لەوانە. ئەوەندە بە باوەڕو ئیمانن کە زۆرجار کەسانی هەڵپەرەست و قازانجخواز تەنانەت لە ئایین و دینیشدا

١١٤- کوردو کوردستان ل٤٤١

کەڵکی خراپیان لەو ئیمان توندییەو لە هەستی خاوێنی کوردان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان کەڵکیان وەردەگرتووە.

لە نێو کورداندا زۆر تاك هەبوون کە تەنانەت حکوومەتیان فیدای ئیسلام و ئایینی خۆیان کردووە و بە پێچەوانەی زۆرکەس بۆ تواناو هێزی دنیا خۆیان تووشی شەرمەزاری قیامەت نەکردووە. مظفرالدین کە حوکماتی "هەولێر"ی کوردستانی عێراقی ئەمڕۆی بەمیرات پێ گەیبوو، لە ریزی ئەو کەسانەیە،[115] وێڕای ئەوەش کوردەکان پیاوی ئایینی و زانای بەدینی زۆریان پێشکەش بە دنیای ئیسلام کردووە کە هەر کامیان مرۆیەکی پایەبەرزی دینیو کۆمەڵایەتین.

(صلاح الدین) کاتێك کۆچی دوایی کرد، سەرەرای ئەو هەمموو هێزو گەورەییو دەسەڵاتەی هەیبوو تەنیا ٤٧ درەمی زێوی لە خەزێنەی تایبەتی خۆیدا هەبوو، لەحاڵێکا خزمەتە دینیو فەرهەنگییەکەی دنیایەك شانازی بۆ ئەو پێوە بوو. ئەو پیاوە مەزنە تەنیا لە قاهیرەدا چەندین مەکتەب، خانەقاو نەخۆشخانەی سازکردووە کە دەتوانین مەدرەسەکانی "قرافه صفرا" لەنزیك گلکۆی ئیمامی شافعی و مەکتەبی "معزیه" لە پەنای گلکۆیەك کە بە هی ئیمامی حسێنی دەزانن و مەدرەسەی "زین التجاری شافعیان" مەدرەسەی "مالکیان"و مەدرەسەی "حنفیان" کە لەلای کۆشکی "عباس ابن سالار"، هەروەها خانەقای کۆشکی "سعیدالسعدا"ی خەلیفەی ئیسماعیلیو... . ناوبەرین.

خزمەتەکانی بنەماڵە گەورەکانی لە گوێن خانەدانی بتلیسی، خۆی جێگەی باس و بیرهێنانەوەیە، وەك دانانی مەدرەسە لە ئیخلاسییە لە شوێنی دەرس کوتنەوەی زاناو گەورە پیاوانی ئایینی وەك (شمس الدین مولانا محمد شیرانشی) مونەجیم و گەورە مەولای ناسراو، مامۆستا مەولانا محمد رزقی، مەولانا عبدالله رەشەك Rashek، ناسراو بە مەلای رەش، مەولانا خدر نەبیو (شمس‌الدین بتلیسی) کە لە عیبادەت و تقوادا بە ناوبانگ بووەو بە قەولی واسیلی نیکتین یەکێك بووە وەك (سین فرانسوا سیز)[116]ی عارفی مەسیحی لەمەڕ (شمس الدین بتلیسی) دەڵێن

١١٥- کوردستان و کورد محمد امین زکی بەگ وەرگێڕدراوی تابانی

١١٦- کوردستان و کورد، واسیلی نیکتین، وەگێڕدراوی محمد قازی ل ٤٤٣و کوردو کوردستانی محمد امین زەکی بەگ.



کاتێك دەست نوێژی هەڵدەگرت باڵندە و گیانلەبەرە کێوییەکان دەهاتنو لە لەپی دەستیدا ئاویان دەخواردەوە.[117]

پێویستە بگوترێ کە ئەو نوورە ئیسلامییانە تەنیا تایبەت بە ناوچەیەك نەبوون بەڵکو هەموو شوێنێکی کوردستان شانازی بوونی ئەم چەشنە کەسانەی هەبووە. هەر وەك جەزیرە لە رۆژئاوای عێراقو باکووری رۆژهەڵاتی سووریە پیاوی ئایینی زۆر مەزنی لا هەڵکەوتووە کە ئەمیری وەك "بەدر بەگی کوری شاعەلی بەگ" پشتیوانی لێدەکردن[118]یەك لەم گەورە پیاوە ئایینیانە مەولانا (محمد) بەگی سوورچییە، کە نکیتین سەر بە عەشیرەتی "سوورچی" دانیشتووی هەکاری دەناسێ[119]و زۆر کەسیتر کە ئەمڕۆ نووسراوەکانیان لە ریزی کتێبە هەرە موعتەبەرو جێی باوەڕەکانی ئیسلامی بەتایبەت لەلایەن کوردانەوە دەناسرێن. هەروەها زۆر زاناو عالمی گەورە لەو دەورانەدا هەبوون کە لەلایەن گەورە و فەرمانرەوایانی ئەوکات بۆ بەهرە وەرگرتن لە زانستیان دەعوەت دەکران، هەروەك مەولانا محی الدین اخلاطي کە لەلایەن خواجە (نصیرالدین) گوسی بۆ مەراغە بانگهێشت کراوە و بۆ دامەزراندنی رەسەدخانەی مەراغە داوای هاریکاری لێکردووە،[120] یا (محمد بن غیب الله) بەگ کە زاوای شا تەهماسبی سەفەوی بوەو مەدرەسەیەك و مزگەوتێکی جومعەی لە پلنگان دروستکردووە.[121]

زانستگەی "الازهر"ی قاهیرە کە لە گەورەترین ناوەندەکانی ئیسلامییە، زۆر مامۆستای کوردی هەبووە کە دەکری عبدالسلام ماردینیو سیدعبدالرحیم الحسینی ناسراو بە مەولەوی کەبە "مروعی کوردی سنە"ش بەنێوبانگ بووە و لەو ئاخریانەشدا ماموستا تورجانیزادە زاناو ئیسلام ناسی کورد ناو بەرین کە لەم دوایانەدا لەوێ دەرسی کوتۆتەوە، دوایەش لە زانستگای بەغداو لەو ئاخریەکانیش لە تاران و دوای هەموان لە زانستگەی تەورێز دەرسی کوتۆتەوەو لە سەرەتای شۆرشدا هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە.

١١٧- شەرەفنامەی شرف الدینی بتلیسی چاپی قاهیرە لاپەرەکانی ٤٤٥ تا ٤٩١.

١١٨- هەمان سەرچاوە ل ١٧١.

١١٩- کوردو کوردستان، واسیلی نکیتین، وەرگێردراوی محمد قازی ل ١٤٣ کە نووسەری ئەم کتێبە لەو باسەدا زۆری کەڵك لی وەرگرتووە.

١٢٠- شەرەفنامەی شەرەف الدین بتلیسی ل ٤٠٩.

١٢١- واسیلی نکیتین لە کۆنگرەی ناو نەتەوەیی خەڵك ناسی برۆکسێلدا لە ساڵی ١٩٣٥ راپۆرتێکی درێژی لەم بابەتەوە پێشکێش کردووە.

بەهەرحاڵ ئەو چەند نموونە ئەوراستییە دەسەلمێنن کە کوردان لە ناساندنی ئیسلام بە خەڵکی دنیادا شوێنیکی بەرزیان هەیە و زۆر لە کۆنگرەو کۆنفرانسە زانستیو ئابووریوکۆمەڵایەتییەکانی دنیا ئەو راستییە دەردەخەن،

شەرەفنامە دەنووسێ تەواوی کوردەکان موسڵمان، سونیو شافعین، دیارە ئەوە راست نییە، چونکو بەشێکی بەر چاو لە خەڵکی کورد لە مەزهەبەکانی جەعفەری و اهلی حق و ئیزەدین کە ئاماژەی کورت بۆ زانیاری زیاتر لەسەریان پێویستە.

ئەو فرقانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن وەك علی اللهی یا ئەهلی حق و یەزیدییەکان و سارلی، هەروەها شەبەكو بجوران، زۆر لە داب و نەریتی دێرینی خۆیان پاراستووە، ئێستاش لە عیمادییە تایفەیەك هەن بە نێوی بێهدینیان کە نیشاندەدا کە بەر لە ئیسلام دینی "بە" یا باشیان هەبووە. هەروەك گوتمان لە خاکی کوردستان لە شوێنێك بە ناوی تەختی سلێمان "شیریاگەنجەك"واتە ئاورگەی گەورەی ئێران یائازەرگوشەسب هەزار ساڵ ئایساوەو پییان دەگوت ئاگری پادشاکان. [١٢٢]

## تایفەی سارلی:

ئەو تایفەیە لە باشووری مووسڵ دەژین و بیروباوەڕ و عیبادەتێکی سەیریان هەیەو دەڵێن کتێبیان بەزمانی فارسییە،ئەوانە خۆیان لە تۆرەمەی عەشیرەی "کاکە Kaka"دەزانن کە لە کەرکوك را بۆ باشووری مووسڵ کۆچیان کردووە، ئێمە دەزانین لە زمانی کوردیدا کاکە بەمانای براکەورەیە یا بڵێین لەجیاتی ئاغا یا جەنابوداداشی فارسی بە کار دی،دەڵێن بۆیە وایان نێو لێناوە کە پیاوە ئایینییەکانی سارلی بەهەشتیان بەتاکەکانی تایفە دەفرۆشت، چونکو کەسێك پارەی دابایە دەبووە بەهەشتی دەیگوت"صارت لی جنتە"واتە بەهەشت بووبە هی من. [١٢٣]

## شەبەکەکان:

ئەوانیش تایفەیەکی دیکەن کە زۆرکەمن و خۆیان لە وجوودی عەلیدا حەل کردووە و بە حەزرەتی عەلی دەڵێن "عەلیرەش.علیسیاه" کوتنی رەش بە کەسێك نیشانەی خۆشەویستیو حورمەتە. دەکرێ بڵێین شەبەکەکان فەرعێکن لە ئەهلی هەق بەڵام بە بڕوایەکی توندترەوە.

١٢٢- کوردوپێوەندی نژادی و مێژوویەکەی، رەشید یاسەمی ل ١٢٤

١٢٣- هەمان سەرچاوە ل ١٢٥



## بجورانەکان:

بجورانەکانیش کە لە سنووری ئێران و تورکیادا نیشتەجێن نیزیك لە باوەری علیاللهی یا ئەهلی هەقەکانن زۆریان باس لە سەر کراوەو لێکدانەوەشی زۆر پێویستە، بۆیە هەوڵدەدەم بەکورتی لەسەر بڕواو بۆچوونیان کە زیاترلە بەرگی سۆفیگەریدان و ریشەی بڕوایان لە بیرورا دیرینەکان دایە بدوێم و لێکی دەمەوە، بەرلە هەموویان دەچمە سەر ئایینی ئیزەدییەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی زۆر دووری ئێرانیو کوردەکان، وێڕای بەیانی ئەو بابەتە باوەڕی قووڵی کوردان بە دین، بڕوای ئەوان لە کۆنەوە بەو مەسەلە رووندەکاتەوە.

## یەزیدییەکان یا ئیزەدییەکان و ناوگەلیتر:

رەنگە خوێنەرانی ئازیزی ئەم دێرانە لە بەکارهێنانی ئەم چەند وشەی (ناوگەلی تر) سەریان سووڕ بمێنیو بۆیان ببێتە پرسیارێکی بێ وڵام، بەڵام مەتڵەبەکە زۆر روونە، چونکو ئەو فیرقە لە کتێب و نووسراوە مێژووییەکاندا بە ناوی جۆراوجۆر باسکراون، ئەوانیان بە شەیتان پەرست، رۆژ پەرست، پەرستەری یەزیدی کوری معاویە، تەنانەت بە بوت پەرستیش ناو بردووە، چونکو کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو دینانەی لە بابێلو ئاشووردا هەبوون و هەروەها دینە تازەترەکانی وەك یەهوودو نەساراو ئیسلامیش کاریگەری خۆیان هەبووە و لە هەر کامیان بە شێوەیەك کەڵکیان وەرگرتووە و زۆریش بۆ چوونە ژێر کاریگەری ئەوان ئامادەییان هەبووە، بەڵام بناغەی دیانەتەکەیان لەسەر خوا پەرستییە، ئەوە لەحاڵێکایە کە لە نێو تایفەکانی کوردستانی ئەمڕۆدا جگە لە یەزیدییەکان نموونەی زۆر کەم لە ئاین و شوێنەواری زەردەشتیان ماوەتەوە، کەسێك خوازیاری ئەوە بێ لەمەڕ دین و ئایینی خاکی دێرینی زاگرۆس بکۆڵێتەوە و زانیاری تەواوی دەست کەوێ، دەبێ بەر لە هەموو شت بەلێکۆڵینەوە لە بابەت ئایینی ئەو جەماعەتەوە دەست پێبکا[124]،[١٢٥]

بەشی هەرە زۆری یەزیدییەکان لەدەوری شاری مووسڵو ناوچەی شێخان یا شێخیان لە باکووری عێراق دەژین کە لانکی دەوڵەتی ئاشووری قەدیمە، بەڵام یەزیدییەکانی "سەنجار" لە رۆژئاوای مووسڵ، لەسەر ئایینی خۆیان رشدترن.[١٢٦]بێجگە لەو شوێنانە، دیاربەکر یا ئامێدی

١٢٤- شەرەفنامە بەسەرەتاو تەعلیقی محمد عباسی ل٥٧.

١٢٥- هەمان سەرچاوە.

١٢٦- سەرەتای کتێبی شەرەفنامەو کوردو کوردستان، نووسینی بازیل نیکیتین چاپی پاریس ١٩٥٦، لاپەرەکانی ٨تا١٢.

قەدیم و حەڵەب و ئەرمەنستان (قارص‌و ئیرەوان)، هەروەها دەوری تفلیس پایتەختی گورجستان کە پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە بیستەمین کۆنگرەی رۆژهەڵاتناسانی برۆکسێل، ئەو هەرێمەو بە تایبەتی "کارتویلی" بە خاکی دێرینی کوردان لەقەڵەم داوە،بەو شوێنانەیان لە قەڵەم دەدا کە یەزیدی لیێ نیشتەجێن.[١٢٧]

لەو شتە سەیرانەی کە لەسەر یەزیدیانی دەڵێن ئەوەیە کە ئەوان بە یەزیدی کوری معاویە، دووهەمین خەلیفەی زنجیرەی ئەمەوی دەلکێنن، کە ئەگەر سەرنج بدەینە هۆی ئەم پێوە نووساندنە، وێدەچێ بێزاری توندی ئێرانییەکان بە تایبەتی شیعەی ئێرانی سەبارەت بە ناحەزترین خەلیفەی ئەمەوی کە ریشەی مەزهەبی شیعەش هەر لەوێدایە و ئاکامی شەری دەشتی کەربەلاو شەهید بوونی حەزرەتی حسێنی کوری عەلی و نەوەی پێغەمبەری گەورەی خوا دەلیلی ئەو پێوە لکاندنە بێ‌و ئیمە دەزانین کە لە مێژوودا ئەم جۆرە قەزاوەت کردنانە زۆرن، کەچی نە ئەو بۆچوونە راستەو نە یەزیدییەکانیش بە ئەسڵ عەرەبن، باشتر وایە هەمووکات پێیان بڵێین ئیزەدی.

"پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی زاناو نووسەری گەورەی کورد، بروای وایە کە بوونی پێوەندی یەزیدی کوری معاویە یا یەزیدی کوری ئەنیسەو کەسانێکی وەك ئەوان ئیمکانی هەیەو دەگونجێ، واتە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەو دینە سەرچاوەکەی زۆر بەر لە هاتنە گۆڕێ ئیسلامە، دوور نییە کە ئەو تاکانەی وەك یەزیدی کوری معاویە یا یەزیدی کوری ئەنیسەش خۆشیان لەو ئایینە هاتبێ‌و تەنانەت نابێ قبوولکردنی ئەم ئایینەش لەلایەن ئەوانەوە بە محاڵ بزانین.[١٢٨]

یەزیدییەکان ناتەبایی بیروباوەڕی زۆریان دەگەڵ ئایینەکانی تری وەك ئیسلام هەیە، هەر ئەوە بۆ خۆی دەلیلە بۆ دێرینەتر بوونی مێژووی ئەوان،سەرەڕای وێکچوونی زۆریان لەگەڵ بیروڕای زەردەشتی و مانەوەی ئەو گومانە بەهێزتر دەبێ‌و زۆر لە ڕای هێندێك کەس لە پێوەندی ئەوان دەگەڵ باوەڕی سۆفیگەری و بروای خواروخێچ کراوی تری ئیسلامی رەت دەکەنەوە[129]دیارە ئێمە لە لاپەرەکانی دواییدا ئاماژە بەو بابەتە دەکەین. وێدەچێ لە بەر نەبوونی کتێب یا کەم هیممەتی پێشەواکانیان کە باوەریان دەگەڵ هێندێك روایەت و قسە و چیرۆك تێکەڵاو بووە، بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو ئایین و بۆچوونە دەستی لی کۆلەرەوانی وێرا نەگەیشتبێ.

من بە باوەڕی خۆم پێم وایە وەپاڵدانی ئەو ئایینە بە سۆفیگەرییەوە، کەڵك لی وەرگرتنی زیرەکانەی بەشێك لە سۆفییە گەورەکانە بە تایبەت ئەوانەی وەك حەللاجییەکان کە برێك بۆچوونی هاوبەشیان دەگەڵ یەزیدییەکان هەیەو لە عەینی کاتدا لە ئایینی ئیسلامیش زۆر شارەزان و فەلسەفەکانی یۆنانی و ئەفلاتوونیشیان لە تەفسیرو لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان بەشێوەی خۆیان کەڵك لی وەرگرتووە.[١٣٠]

واسیلی نێکیتین دەڵێ: دوایین نوێنەرانی فیرقەی هەللاجییە (پەیرەوانی مەنسووری هەللاج) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە بازنەی دەروێشەکانی قادریدا توانەوەو ئێمە دەزانین کە عەبدلقادری گەیلانی، مەنسوری هەللاج، ئیبن عەرەبی و ئەحمەد غەزالی کە هەموو لە گەورەکانی سۆفیگەرین لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەرپێچی شەیتان لە بەرێوەبردنی فەرمانی خودا، سوجدەبردن بۆ حەزرەتی ئادەم بووە. هەر وەك سوجدەیان بۆ خوای گەورە دەبرد، ئەو مل بادانەش تەنیاو تەنیا لەبەر زۆری ئیرادەت و ئەوینێکی توندی شەیتان لە بارەگای خوا بووە، هەر بۆیەش لەو بڕوایەدا بوون کە لە جێی ناردنی لەعنەت بۆ شەیتان و بێزاری لەو، دەبێ رێزی

١٢٧- وەرگێڕی شەرەفنامە زۆری ئاماژە بە چلۆنایەتی قەزاوەت کردووە کە لـە روون کردنـەوەدا زۆر بەکەڵکـە ل٥٩ لە سەرەتای شەرەفنامە.

١٢٨- یەزیدی کوری ئەنیسەش لە ریزی ئەو کەسانەیە کە یەزیـدیان بـە هاورێیـانی ئـەو دەزانـن، هـەروەك لـە کتێبی "مللو نحل" لە نووسینی شارستانی ل١٤٣، چاپی میسردا هاتووە کە یەزیدی کـوری ئەنیـسە بـاوەڕی وابوو کە خودا پێغەمبەرێك لە ئێران دەنێرێ کە کتێبی عاسمانی هەیە، بۆی نازڵ بووە. ئـەو پێغـەمبـەرە دیـنی محمد تەرخ دەکاو وازی لی دێنێ

١٢٩- رێزدار محمدی محمد لووی عباسـی لـە سـەرەتای کتـێبی شـەرەفنامەی بتلیـسیدا بـە شـێوەیەکی سـەرنج راکێش لە شوێنێکدا بۆچوونیی خۆی نووسیوەو دەڵێ: بەبڕوای من سەرچاوەی باوەڕی یەزیدییەکان دەبێ لە بیرو باوەری سۆفیەی ئێران- مەکتەبی هەللاج و (عین القضات)دا وەدۆزین کـە هـەردووکیان لـە رێبـەرانی گـەورەی ئیدئۆلۆژی سۆفیگەرین و وەك دەزانین بە دەلیلی تایبەتی خۆیان پلەو مـەقامێکی بـەرز بـۆ شـەیتان دادەنـێن. هەر ئەو نووسەرە خوێنەرانی نووسـراوەی خـۆی بانگهێـشت دەکـا کـە سـەرەتای مقامـاتی هـەللاج نووسـینی، سینیۆن کراوس چاپی پاریس‌و تەمهیداتی (عین القضات) چاپی تاران بخوێننەوە.

١٣٠- کتێبی "یەزیدییەکان شەیتان پەرست نـین" یـا "لـیێ روانینێکـی کـورت لەسـەر ئایینـەکانی کـوردان" نووسینی پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی وەرگێڕانی جمال الدین حسینی موتالا بکەن

لێ بگیرێ و بەو هۆیەشەوە لەلای هێندێك لە یەزیدییەكان ناویەنسووری هەللاج بە یەكێك لە حەوت مەلائیكەتی نزیكی خوا ناو دەبرێ.[۱۳۱]

"لاریا" رۆژهەلاتناسی بە نێوبانگ لە سەر پێوەندی ئایینی یەزیدییەكان دەگەڵ ئایینی مانی دەنووسێ: یەزیدییەكان دەستپێكی مێژووی خۆیان ۲۹۰ی زایینی دێننە حیساب كە دەگەڵ كوژرانی مانی (۳۷٦ی زایینی) تا رادەیەك لێك نزیكەو جگە لەوەش باوەڕی ئایینی وان بەشێكی وەك دینی مانی دەزانێ. "ئیسپرۆ Spiro" رۆژهەلاتناسی تریش لەسەر بۆچوونی مانەوی بوونی بڕوای یەزیدییەكان دەنووسێ: ئایینی یەزیدی پاشماوەی دینی مانییە كە پاشەواری شەریعەتەكانی ئاشووری و زەردەشتی، عیسەوی و ئیسلامیشی تێ مردووە، بەلاّم ماكەی ئێرانی لە هەمووان زیاتر تێدایە، لەوەدەچێ بناغەی ئایینی یەزیدی لە دینەكانی كە لە ئێراندا ڕەواجیان هەبووە وەرگیرابێ.[۱۳۲]

ئایینی یەزیدی دەگەڵ ئەوەی كە رابردوویەكی زۆر درێژو لەمێژینەی هەیە، بە هۆی كەسێك بە ناوی "عەدای كوری موسافیر A da ibn Musafir " كە ساڵی ۱۱٥٤ی زایینی كۆچی دوایی كردووە، شێوەیەكی تازەی بە خۆیەوە گرت، هەر بۆیە ئەو ئایین و ئەندێشەیە بە "مەسلەكی عەدەوی Adavi" یش ناو دەبەن و كوردان بەم كەسە (عەدای كوری موسافیر) دەڵێن هادی.

یەزیدییەكان دوو كتێبیان هەیە كە یەكێك لەوان "جلوە"و ئەویتر "مصحفا رەش"ی ناوە. كتێبی جلوە كە بە مانای "دەركەوتن و ئاشكرا بوونە Manifest Ation". لە راوێژی سۆفیاندا سروشت Nature"و دنیا Univers " یان پێ دەڵێن. بە گشتی لەسەر كەسایەتی "رب النوع"ێكی كە ئەوان ستایشی دەكەن "مەلەك تاووس، یا (فەرمانڕەوای فریشتان"ە دەدوێ و لە توانا، رادەی هێزو فرمانەكان، خراپەكان، هۆشدارەكان و وەعدەكان و هەڕەشەكانی ئەو باس دەكا، ئەو كتێبە تەواوكەری كتێبی "قەسیدە Gasida "یە كە نووسەرەكەی شێخ عەدایە.

۱۳۱- لە دووسێ كتێبی لێكۆڵینەوە لەسەر یەزیدییەكانی سووریەو سنجارو كتێبی "كوردو كوردستانی" واسیلی نیكیتین ل٤٧٥ و شارستانیەتی قفقاز، نووسینی ئابیهان A. Byhon لە ل ۲۳ بەدوا لە مەڕ كوردەكانی دانیشتووی قفقاز یا الوسیتەكان بڕوانن.

۱۳۲- كوردو پێوەندی رەگەزیی‌و مێژوویی ئەو ل۱۲۸.



كتێبیتری یەزیدییان "مەسحەفا رەش M shafa Rash"ی ناوە پێشتر ئاماژەمان پێكرد كە رەنگی ڕەش لە نێو كورداندا نیشاندەری گەورەیەو كتێبی رەش تەعبیر لەكتێبی گەورەو بە نرخو حاكمە، وێڕای ئەوەش دەزانین وشەی "مەسحەف" بە واتای قورئانی پیرۆزیش بەكار دێ كە لە ڕاستیدا كتێبی دینی یەزیدییانەو تا ئەو ڕادەیەش لەلایان حورمەتی هەیە.

پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی كە خاوەنی موتالایەكی بەرین لەسەر یەزیدییەكانەو دەڵێ: وشەی رەش بە مانای "رەشەبا"ش دێ[133] كەخۆی لە كوردیدا بۆ هێزو توندوتیژی بەكاردێ، هەروەها بەبای زۆر توندیش دەگوترێ. ئەم تەفسیرەش وادەنوێنێ كە نووسراوەكانی ئەم كتێبە توندەو حوكمەكانی ئەمرۆ نەهێن و دەبێ بێ ئەملاو ئەولا بەرێوە بچن.

موتالا كردنی نووسراوەكانی یەزیدیان ئەم راستییە دەسەلمێنن كە زۆر شت لە دینەكانی دیكە چۆتە نێو بیرو باوەڕی ئەوان و وەریشیان گرتووە كە بە كورتی دەتوانین بەم خالاّنەی ژێرەوە ئاماژە بكەین:

١- بیروباوەری بوت پەرستەكانی سەردەمی عەتیق

٢- شوێنەواری مەسیحیەت، بەتایبەتی بڕوای نەستوورییەكان كە زۆریان لێ نزیك بوون، وەك غوسلّی تەعمید، نانی پیرۆز، زیارەتی كلێساو شەراب خواردنەوە.

٣- شوێنەوارێك لە ئایینی یەهوود وەك حەلاّل و حەرام لە هێندێك لە چێشتەكاندا

٤- بڕوا بە دووئیەت (پهنەویەت) كە بەشێك لە باوەڕی مانەوییەكانە.

٥- شت گەلێك لە ئیسلام وەك رۆژوو، قوربانیكردن، زیارەت، نووسینی كێل و بەردی سەر گلكۆكان و هەڵقەندن لەو كێلە بەردانە.[۱۳٤]

٦- نیشانە گەلێك لە دینی "صابئە" وەك تەناسوخ و حلوول

٧- شوێنەوارێك لە سۆفیگەری و شیعەگەری وەك شاردنەوەی عیبادەت و بڕوا تەقیە، خەلسە، پەرستنی جەمعێكی زۆر لە شێخەكانی سۆفیە[135]

۱۳۳- یەزیدییەكان شەیتان پەرست نین ل٥٦

۱۳٤- دیسان بۆ زانینی زیاتری مەتلەب لە كتێبی "رۆژەلسكۆ" لیكۆڵینەوە لەسەر یەزیدییانی سووریەو جەبەل سەنجار، بەتایبەتی بەرگی چوارەم بخوێننەوە.

۱۳٥- كتێبی "یەزیدیان شەیتان پەرست نین، پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی، وەرگێڕدراوی جمال الدین حسینی ل ۷.

"هۆرتن" یەکێك لە رۆژهەڵاتناسان دەنووسێ: ئایینی یەزیدییەکان نوور پەرستییە کە سەرچاوەکەشی ئایینی مانییە و برِوایان بە دووئیەت "پـەنەویەت" هەیە. یەزیدیان بروایان وایە کە ئاخریەکەی رۆژێك دێ کە نوور بەسەر ئەهریمەندا زاڵ دەبێ و دەتوانن ئەم بابەتە لە کتێبی جلوەدا ببینن. کتێبەکانی جلوەو مەسحەفی رەشی یەزیدیان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٥ی زایینی بە هۆی "ئیدوارد براون" رۆژهەلاتناسی بە نێوبانگی ئینگلیسی وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیسی. لە ساڵی ١٩٠٩ هەردوو کتێب لەلایەن مامۆستا عیسی یوسف بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێردراونەتەوە و لە گۆڤارێکی ئەمریکایی بە ناوی "لغات و ئادابی عالی"دا بلاو بوونەوە و لەساڵی ١٩١١دا "ا.ك.ئەنستاس کرملی Ansestas Kramly ئەو کتێبانەی کردۆتە کوردی و دواتریش هەردووك بەتەواوی یا بە نیوەچڵی بە زمانی جۆراوجۆر بلاو بوونەوە کە دەتوانین لە بلاۆکی "الفرقان"دا کە بە هۆی مامۆستا علی الشرقی، هەروەها لە رۆژهەلاتناسی ئیتالیایی "فرلائی" کە ئەو دووکتێبەی بە زمانی ئیتالیایی وەرگێڕاوەو بلاوی کردۆتەوە، لە گۆڤاری "هاوار یا فریاد"ی کوردی کە لەلایەن "کامران بەدرخانی" کوردەوە چەند بەش لە مەسحەفی رەش لە دیمشق بلاو کراوەتەوە، هەروەها مامۆستا غەزاوی لەساڵی ١٩٣٥ هەردوو کتێبی بە زمانی عەرەبی لەژێر سەردێری "تاریخ الیزیدیه و اصل عقیدتهم" ناوبەرین.

بەهەرحاڵ لەم دوو کتێبەدا ئوسوولی ئایینی یەزیدیان یا ئیزەدییە، نووسراوەو هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، بە خوێندنەوەیان خوێنەر بەها و شوباری ئەو دینە دەگەڵ ئایینەکانی ترو کەڵك وەرگرتنیان لەباقی دینەکان بۆ دەردەکەوێ، هەروەك لەبارەی هاتنە وجوودی حەوت مەلایکەتەکە بە برِوای ئیزەدییەکان و یەکبوونیان دەگەڵ باوەری زەردەشتییەکان لەم بوارەدا بۆ روون دەبێتەوە، چونکو زەردەشتییەکان دوای خودا برِوایان بە وجوودی "عەقڵی پیرۆز یا ئیسپنتا مینو" هەیە کە بە یەکەمین مەوجوودی دەناسن و دوای ئەو شەش "ئەمشا سپەند" بوونیان هەیەو مەوجوودن، جاری واشە ئیسپنتا مینو دەبێتە جوزوی ئەو شەش ئەمشا سپندە.

مەلەکە تاووسی یەزیدیان هاوتای ئەهریمەن نییە، بەڵکو دیاربوون و دیاریکەری ئەسڵی شەرِە کە بە درێژەی شەرِ دێتە حیساب، واتە مەلەکە تاوس هەم لە روکنەکانی ئەفراندنەو هەم لە پێویستییەکانی خێر، بەواتایەکیتر لە راستیدا نەخێرە و نەشەرِ.ئیزەدییەکان، شەیتانی بە دووژمنی خوا ناناسن، بەڵکو مەلەکە گاووس یا شەیتان مەلائیکەیەکە کە سەرەرِای ئەوەی بە هۆی یاغی بوون و سەرکێشی خوا غەزەبی لێگرتو کەوتە جەحەندەم، بەلاّم ماوەی حەوت



هەزار ساڵ ئەوەندە گریا کە حەوت کووپەی پر لە فرمێسك کرد، ئینجا خوا لێی خۆشبوو. بۆیە یەزیدییەکان هەر بەو دەلیلە برِوایان بە عەزابی ئەبەدی نییە و شەریش بە ئەبەدی نازانن[136]و پێیان وایە دوای ٩٠٠٠ ساڵ ئەهورمەزدا بە سەر ئەهریمەندا زاڵدەبێ.[١٣٧]

"پرۆفیسۆر ن.مار." لەسەر ئەو باوەرەیە هەرچەند مەسیحیەتو ئیسلام لێ براوانە بەسەر بیروڕای ئاسیای دێریندا زاڵ بوون، بەلاّم هیچکات ئایینی دێرین (باستان) لەنێوخەڵکدا بەتایبەتی لەنێو کورداندا لە ناو نەچووەو لەسەر خاکی زۆر دەوڵەمەندی کوردستان کە ناوەندی تێکەڵاوی بەهێزی ئایینەکانی دێرینە هەر ماون.

بەباوەری نووسەری ئەم کتێبە، شێخ عەدا بۆ بەرگری لە لەناو چوونی ئایینی باستانیو دێرینی ئێزەدی کە بە برِوای زۆر کەس ئایینی بەر لە ئیسلامی کوردان بووە، تەنیا کارێکی کە کردوویەتی ئەم ئایینەی دەگەڵ بیروباوەری ئیسلامی لێکداوەو بەکەڵك وەرگرتن لە بیرۆکەی دینەکانیتر کەسایەتیو شێوەیەکی نوێی کە ئەمرِۆ دەیبینین، بەم ئایینە کە هەمان ئایینی ئیزەدییە بەخشیوەو بە هەڵەش پێیان گوتووە یەزیدی. بەتەواوی دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی کوردان و بەتایبەتی خووخدەی عەشیرەیی وەك باوەرِ بە سەروەری و مەشیەتی ئیلاهی لەسەر دەسترۆیشتنی گەورەپیاوان و نەجیبان دێتەوە. هەروەك پرۆفیسۆر" ن.مار." یش ئاماژە بە واژەی "چەلّبی یا چەلّەب" دەکا کە لە زمانی یافسیدا[138] بەمانای خوداو خودایی‌و نەجیب زادەو ئەرباب و تەنانەت بۆ خوێندەوار، گۆرانیبێژ و رێبەریش هاتووە و دەلّێ: نەتەوەیەك کە ئەو واژەی ئافراندووە نیشاندەدا کە لە دنیای کۆندا رێکخراوی کۆمەلاّیەتی تایبەت بە خۆی هەبووە و بۆ ئەو دەستە لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کە خاوەنی تایبەتمەندی وشەی "چەلّەبی" بوون بایەخ و گرینگی تایبەت قایل بووە. هەر ئەوەش کە دواتر (سەدەی چواری میلادی) ئەم وشەی بردۆتە نێو زمانی سەلجوقییەکان و هیتر، خۆی ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە ئەم نەتەوە خاوەنی مێژوویەکی درێژو شارستانیەتێکی لەمێژینە بووە.[١٣٩]

١٣٦- بۆچوونی ئیسلامی بوونی یەزیدییەکان، لە میشل ئانجیلۆ گیدی "Michel Angello Gaidi"

١٣٧- رۆژە لسکۆ، لیکۆلینەوە لەسەر یەزیدییەکانی سووریەو ژەنگار ل ٢٦٨

١٣٨- یافسی بەو زمانانـە دەگـوترێ کـە خـاوەنی پایـەو بونیـادێکی موحکـەم و بـە قاعیـدە و قـانوون نـین، زمانەکانی قەفقازی و ئیسپانیۆلی لەم جۆرەن.

١٣٩- ن.مار. برِوای وایە کە وشەی "چەلەبی"لە سەرەتای سەدەی ١٤ی زایینی لە نێو تورکـە سـەلجوقییەکان پەیدا بووەو ئەوان ئەو واژەیان لە کوردان وەرگرتووە کە ئەوانیش لە ئارامییەکانی سـەردەمی باسـتان (دێـرین)

بەو تەوزیحاتەی دامان یەزیدییەکان باوەڕیان بە خودایەك هەیە کە خێر خوازو کارسازێکی تەواوو کەماڵەو هیچ دەستێوەردانێك لەکاری دنیادا ناکا، ئەوە مەلائیکەتەکان، جێگرانی ئەون کە کاروباری دنیا رادەپەڕێنن. ئەو باوەڕە زۆر وەك بڕواو بۆچوونی ئایینی "زروانی" دەچێ کە یەکێك لە مەزەبەکانی ئێرانییە.

زروانییەکانیش خودای بە (زروان ئەنارەك= ئەزەلیو ئەبەدی) دەزانن کە زروان خۆی بەمانای جیهان هاتووە. زروان دوو منالّی بووە یەکیان اوهەرمزد یا ئەهوور مزدە دووهەمیان ئەهریمەن یا ئەنگرە مینوە.

لەسەر حەوت مەلائیکەی یەزیدیان ناتەبایی بڕوا هەیە، بەشێوەیەك کە هەرچەند رادەی مەلائیکەکان نابێ لە حەوت زیاتر بێ، بەلاّم دەکردەوەدا زیاترەو بەبڕوای ئەوان ئەو ناتەباییە لە حلولی رووحی گەورەکان بە کۆن و نوێوە سەرچاوەدەگرێ.

یەزیدییەکان وەك زەردەشتیان باوەڕیان بەوە هەیە کە عیبادەت بۆ دووخودا واجبە، یەکیان رۆژ یا ئەهورمەزداو ئەوی دیکەیان شەیتانە کە هۆکاری زەرەدو زیانەو بە "ئیلاهی شەڕی" دەناسنو بۆ ئەوەی زیان بە مرۆڤ نەگەیەنێ دەبێ عیبادەتی بکەی. دەلیلەکەشی ئەوەیە چونکو خوای گەورە زۆری لوتف و مەرحەمەت سەبارەت بە مەخلووقاتی خۆی هەیەو سالّح و پاکە و زیان بە خەلّك ناگەیەنێ، بەلاّم شەیتان بە تەبیعەت شەڕانی و زیانبارە بۆ ئەوەی لە شەڕی ئاسوودەبی پێویستە خۆشەویستی ئەو بۆلای خۆت راکێشی، چونکو هەر ئەهریمەنە کە مرۆڤ تووشی بەلاّ دەکا، بۆیە ئەو مەلایکە بەهێزە، هەر لەبەر ئەوەی ئاوا بە توانایە شیاوی عیبادەتە[140].

یەزیدییەکان بە رێبەری دینی خۆیان دەلّێن: "بابا شێخ" کە سەرۆکی قەومیو ئایینی لە بنەماڵەی ئەودا میراتییە و عیبادەتی خۆیان لە دووکاتی هەلاّتن و ئاوابوونی رۆژدا بەجێ دێنن.[141] لە ئایینی یەزیدیاندا ژن هێنان و مێرد کردن دەگەلّ کەسێکی غەیرە دین بە گوناهی

یان وەرگرتووە کە بە شێوەی تەسلیم تەسلیما"Taslem" Taslema و بەواتای وێنەو تەسویر هاتووە، واسیلی نیکیتین ئایینی یەزیدی لە روانگەی پرۆفیسۆر "مار"ەوە ل ٤٨٠.

١٤٠- کوردستان و کورد، پرۆفیسۆر محمد امین زەکی ل ٢٩٦.

١٤١- ئەمیر کامران بەدرخان لەم بابەتەوە زۆر شاعیرانە ئاماژە دەکاو دەنووسێ: خاوەن ئیمانانی توندرۆی یەزیدی نووری هەتاوی بەیانیان کە لە قەدی داران دەدا ماچدەکەن، وتارێك سەبارەت بە ئایینی رۆژ پەرستی یەزیدیان، نووسینی واسیلی نیکیتین ل ٦و٤٨٥.



گەورە دەژمێردرێ و هیچ کات بەو کەسانەی مەزهەبیتریان هەیە نالّێن برا.[142] بارلێنان لە ئەسپ و ماین جایز نازانن و هەرکەس ئەم کارە بکا سزا دەدرێ. لەرەنگی سەوزو هەرچی سەوز رەنگ بێ بێزارن. رۆژانی زۆری وەك جێژن و شادیان هەیە. بۆنموونە هەموو رۆژانی چوار شەممۆی مانگی نیسان بە دەفە و زوڕناوە دەچنە گۆرستان و شادی دەکەن. رۆژانی پێنج شەممۆو جومعەش لە زیارەتگای خۆیان بە نێوی "بەعشەیقە" خەریکی جێژن و شادین و سالّی سێرۆژیش بەرۆژوو دەبن.[143] یەزیدییەکان لە بەرامبەر هەیکەلی بالّندەیەکی گچکە کە "تاووس

١٤٢- موتالاکانی خانم "زوریتا فوریس".

١٤٣- لەمەڕ سێ رۆژووی سالّیانەی یەزیدیان و بەراوردی دەگەلّ سێ رۆژووی هەرمەنییەکان پێویست دەکا لە ژێرەوە روونکردنەوەیەکمان هەبێ: یەکێك لەوشتانەی کە لە سەر یەزیدیان باسکراوە، لکاندنیان بە فیرقەی مەسیحیانە، هەر وەك بە قەولی م.واگنێر لەلاپەڕی ٢٥٩ی کتێبی رایس ئاماژەی پێ کردووە و نووسەرانی ئەرمەنی وەك "ئابویان" دەلّێن: یەزیدیان کافرانێکن کە لە کلێسای ئەرمەنییان جیا بوونەتەوە. ئەو دەلیلانەی کە بۆ ئەو ئیدیعایە دەیهێننەوە هەر ئەو سێ رۆژووی یەزیدیان و مەسیحیان (ئەرمەنییەکان) واتە "ئەرەجەووارتس"ە ئەو کەسانەی پەیرەوی ئەو بیرۆکەن دەلّێن عەدا کە کوردە یەزیدییەکان هادی پێ دەلّێن بەر لەوەی بەغدا جێ بهێلّێ چۆتە هەکاریو لە کاولی سەومعەیەکی مەسیحیان کە لە "لالەش" Lalash هەلّکەوتبوو دامەزراوەو زۆری ریازەت کێشاوەو نوێژو رۆژوو موعجیزەکانی نوێنییەکانی بوو بە هۆی ئەوە کە لە تەواوی دەورەکەدا تواناو دەسەلاّتێکی رووحانی زۆر بەهێز پەیدا بکا. دوای مردنی ئەو بە ماوەیەکی کەم دوودەستەیی توند لە نێو مریدەکانی روویدا کە رکەبەرییان دەگەلّ یەکتر دەکرد: بەشێکیان موسولّمانانی دەمار گرژو ئەوانیتر مولحیدەکان بوون کە لە کەمایەتیدا بوون، دوای سەدەیەك بەربەرەکانی ناوخۆیی، ئاخریەکەی تاقمی دووهەم لە کوردستان و دەستەی یەکەم لە میسرو سووریە سەرکەوتن و لە ئاخری سەدەی سێزدەهەمی میلادیدا بوو کە شەریعەتی یەزیدی شکلّی گرت، بەلاّم بەوتەی واسیلی نیکیتین لە کتێبی کوردوکوردستان ل٤٧٦ دا دەنووسێ کەچی سەرەرای ئەوەش لە پروپاگەندەی خۆیاندا لە پەرستنی شەیتان نەدەدوان، ئەو کارە زۆر دواتر ئاشکرا بوو. ئەو تەرزە بۆچوونەو ئاکامێکی کە لە پەنابردنی شێخ عەدا بۆ دێری ئەرمەنییەکان وەدەست دەکەوێ بۆتە هۆی ئەوە کە لە نێوانیاندا موجادەلەیەك پێکبێ، یەك لەوان ئەوەیەکە شێخ عەدا لە مەسیحییەت ئیلهامی وەرگرتووە و گرتنی سێ رۆژوو لەسالّدا یەك لەم شتە وەرگیراوانەیە.

"مەلەك"ی پێ دەڵێن[144]سوجدە دەبەن و بروایان بە بوونی جەهەندەم و جندۆكە نییە و رووحە شەرانییەكان وەك نەخۆشی زۆرگران و هیلاك، گرانی و مردن بە ئافەتی سروشت دەزانن[145].

یەزیدی شێخ "عەدا"یان دەگەڵ مەلەكە تاووس پێ بەرانبەرەو لە مێژووی ئەواندا دووشێخ هەر بەم ناوە هەبوون، یەكیان خەڵكی "بەیت قارە" لە دێهاتی دەوروبەری "بەعلبەك" بووە كەهاتۆتە شاخەكانی هەكاری و مریدێكی زۆری هەبووە و لە ساڵی ١٦٠ی زایینی‌و لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە[146]ئەو مەتڵەبە بۆتە هۆی ئەوە نووسەری كتێب بێتە سەر ئەو باوەڕە كە زۆر دواتر یەزیدی كوڕی معاویە بەرەو ئەو ئایینە چووبێ‌و گەورەكانی دینی بە شانازی ئەو بەیعەتەی یەزیدەوە ئایینی خۆیان بە ناوی ئەو كردبێ، كە دیارە ئەو بۆچوونە پێویستی بە لێكۆڵینەوەیەكی زۆر هەیە تا بە سبووت بگا، ئەوەش كاتی پێویستە.

بەڵام دووهەمیان شێخ "عەدا" پیاوێك بووە بەناوی ابولفاخر عەدای" كوڕی البركات كە ساڵی ١٢٢٣ی زایینی بە هۆی ئەمیری مەغوول كوژراوە[147].

لە هەر حالدا سەرچاوەی ئەم ئایینە هەروەك ئاماژەی پێكرا جێگەی پرسیارەو ئەوە مسۆگەرە پێشینەیەكی دووری لە نێو مێژوودا هەیە بەڵام بە بڕوای نووسەر بە درێژایی مێژوو و تەمەنی درێژی خۆی، ئەو دینە لە ئاین و مەزەبی تر كاریگەریی وەرگرتووە و گەورەكانی ئەم ئاینە لە هەر بیروباوەڕێك شتێكیان وەرگرتووە، هەروەك لە میترائیسم یا ئایینی پەرستنی خواوەندی هەتاو، دەتوانین زۆر نموونە بێنینەوە كە یەزیدییەكان لە ئەوانیان وەرگرتووە.[١٤٨]

لێكۆڵینەوەو وەدووكەوتنی ئاغای فوئاد سەفەرfuad safar لە دەورەی "هاترا" لە عێراق كە ئاكامەكەی لە مووزەی بەغدا هەیەو لێپرسینەوە و دواكەوتنی "پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی"،

١٤٤- وشەی تاووس لە وشەگەلی یونانی (تینۆس)ە كە بە مانای خودایەو مەسیحییەكانیش هەر بەو مانایە بەكاریان بردووە.

١٤٥- كوردو كوردستان محمد امین زەكی ل ٢٩٩.

١٤٦- ئەم شێخ عەدای كوری موسافیری ئەمەوی بەقەولێك لە ٥٥٧ی كۆچی بەرانبەر بە ١١٧١ی زایینی كۆچی كردووە و دامەزرێنەری فیرقەی عەدەویە بوو كە دوایە یەزیدیان پێ گوترا.

١٤٧- لە مێژووی موسڵ و نووسراوەكانی راهبی مەسیحی "شیوع" رێكەوتی كوژرانی عەدای كوری ابوالبركاتیان ١٤٥٢ی زایینی نووسیوە.

148- ل، كراژە وسكی kraje wski لە نووسینەكەیدا بەناوی "ئاینیی شەیتان" كە لە گۆڤاری میركوير دوفرانس ( ١٥ی نەوامبری ١٩٣٢) دەنوسی" یەزیدی هیچ كات نوێژ ناكا مەگەر بۆ ڕۆژ. لەو كاتەدا كەڕۆژ هەڵدێ لە بەرانبەری دا سوجدە دەكاو ئەو جێگایە ماچدەكا كە یەكەم تیشكە خۆری لێدەدا.



ئەو مەسەلەی بە تەواوی روون كردۆتەوە[149-١٥٠]، بە تایبەتی توێژینەوەكانی ژێر خاك دەردەخەن كە بەشێك لەو عیبادەتەش یەزیدیان دەیكەن، لە هاترا بە هۆی میهر پەرستان بەڕێوە دەچوو.[١٥١] نووسراوەكانی یەكێك لە ڕۆژهەلاتناسەكان بە ناوی"كویمانت cumant و ئەو وێنانەی لە هاترا گیراون جارێكی تر ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.[١٥٢]

ئەوەی جێداخە ئەوەیەكە سەرەڕای ئەوەی یەزیدیسم لە مێژینەیە، هێندێك كەس دیسان ئەو ئایینەی دەو سەردەمانەی دوایی ڕەخنەوە، تەنانەت پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی دەنووسێ: ئایینی ئیسماعیلییە كە چەند سەدە بەر لە ئایینی یەزیدی ڕاستی پەیدا بووە،[١٥٣] كە ئەمن خۆم هەرچەند بیرم لێكردەوە نەمزانی یەزیدی ڕاستی و ناڕاست كامانەن؟ بەڵام چونكو مەبەستی ئێمە لەم كتێبەدا تەنیا ناساندنی دینگەل و ئایینەكانی ڕەواجی نێو كوردانە، لەمە زیاتر لەم بابەتە نادوێین.

جگە لە میترائیسم، دینی زەردەشتیش جێگەی سەرەنجی یەزیدیان بووە. بۆ نموونە حەوت خودایەكەی یەزیدیان و چلۆنایەتی هاتنە وجوودی ئەوان لە زاتی پەروەردگار و لەیەكتر، لە دینی زەردەشت وەرگیراوە، هەروەها ئەفراندنی ئاسمانی و فڕینی حەوت خواكە بۆ ئاسمانەكان.

یەزیدییەكان بۆ چوار ماكەی (هەوا، ئاگر، ئاو خاك) حورمەتیان هەیە، ئەم بەشە لەئایینی "سابیان sabian" یا ئەستێرە پەرەستان وەرگیراوە كە لە كتێبە پیرۆزەكەیان "ئیسكاندۆلا skandola "دا نووسراوە.

یەزیدییەكان، هەروەها باوەڕیان بە چوار زەمان هەیە و بۆ هەركام لەو زەمانانە بەشێوەی ڕەسمی جێژن دەگرن، چونكە عەوام وەدەزانن كە شەیتان لە بن هەردیدا دەژی.[١٥٤]

149- توێژینوەكانی هاتراو ڕاپۆرتی فوئاد سەفەر لە مووزەی بەغدا

150- پێداچوونەوەیەك لەسەر مێژووی دینەكانی كوردان، پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبیی، وەرگێرانی جماالدین حسینی

151- میهر هەمان میترایە كە لە لای ئێرانییە دێرینەكان ئیلاهی ڕۆژ و ڕوناكاییەكان بوو، لە یەكم ڕۆژی دوای میلادی مەسیح وشەی میترا بوو بەمیهر و هەر ئەو میهرە بەوتەی پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبیی دوای بوونی دەسەڵاتی ئیسلامیش بە مانای چاكەو ئیمان هەرماوە، یەزیدییەكان شەیتان پەرەست نین، تۆفیق وەهبی.

152- ئەم وێنانە لە گۆڤاری "ئیلوا ستراتدی لەندن نیوزillustrated london news " لە نوامبەری ١٩٥١ لە چەند ژمارەدا بلاو كراوەتەوە

153- یەزیدییەكان شەیتان پەرەست نین لە پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی ل ٤٩

154- بۆ دەركی فەلسەفەی ئایینی یەزیدییەكان و ئاشنایەتی زانستی دەگەڵی، خوێندنەوەی نووسراوەكانی پرۆفیسۆر"ن.مار" بەتایبەتی، هەروەها ڕۆژەلسكۆ و كتێبی یەزیدییەكان شەیتان پەرەستن نین واجبە.

## سۆفیگەری و عیرفان لە کوردستاندا و چلۆنایەتیو کاتی سەر هەڵدانی:

سۆفی لە ڕیشەی سەوفی عەرەبییەوە هاتووە بەمانای خوری، بەڵام لە زاراوەدا هەروەك لە فەرهەنگە جۆراو جۆرەکانی وەك فەرهەنگی عەمید دا نووسراوە، سۆفی بەکەسێك دەڵێن کە پەیڕەوی ڕێبازی تەسەوف بێ و سۆفییە بەشێك لە موسڵمانان کە ڕێگەو مەسلەکیان خۆپاراستن لە داخوازەکانی نەفسانی و دوور لەوشتەیە کە خوا پێی ناخۆشە بێ.[١٥٥]

کورد بۆ خۆیان بە تەسەوەف دەڵێن تەریقەت، هێندێك لە سەر ئەو باوەڕەن کە وشەی سۆفی لە واژەی "سۆفیست sofphfiste "ی یۆنانی وەرگیراوە کە بەمانای زاناو ئەهلی زانستە، هەروەها دەڵێن لە فەلسەفەی "سۆفسگایی"یان وەرگرتووە کە حەکیمانی ئیسلام بە "سۆفیستائیە" ناویان دەبەن[156]، هەروەها ئێژن کە هێندێك کەس ئەهلی تەقوا و زانست بوون کە هەموو کات جل و بەرگی پەشمیان لە بەر دەکرد کە پێیان کووتون سۆفی یا پەشمینە پۆش.

بەڵام لەبابەت سەرهەڵدانی تەسەوەفدا کەسانێك لە لـێکۆڵەرەوان باوەڕیان وایە کە ئەو بیرۆکە دیاردەیەکی نا ئیسلامییە و لە مەسیحیەت سەرچاوە دەگرێ و ڕیشەکەی لە فەلسەفەی نوێ ئەفلاتوونی دایە، کەسانێکش شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە تەسەوف تەعلیماتی ئایینیی زەردەشت ومانییە، بەشێکیش قوولتر دەڕوانن و پێیان وایە لەژێر کاریگەری ئایینیی بوداو و عیرفانی هیندوەکان و تەقواو ریازەتکێشانی ئەوان دا هاتۆتە وجوود و لە ڕێگەی ئێرانیانەوە هاتۆتە نێو کۆمەڵگای ئیسلامییەوە.[١٥٧-158]

بەڵام بۆچوونی دووکەس لە ڕۆژهەڵاتناسان بە ناوەکانی " نیکۆلسۆن R.A.nicholson " ماسینۆن massiynon l. " لەوانە جیایە، ئەوان دەڵێن: تەسەوف بیروباوەڕێکی تەواو ئیسلامییە و ئاکامی لایەنگری زاهیدەکانە لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە کە ئەوکات لە

155- فەرهەنگی عەمید ل ٧٠٤، چاپی بنکەی بڵاوکردنەوەی ئەمیر کەبیر ١٣٥٧

156- لە فەرهەنگی عەمیددا هاتووە کە سوفستاییان، کاتی باسکردن لەسەر مەسەلە فەلسەفی و ئـەخلاقی و سیاسییەکان لە ڕێگەی مفالەتە و سەفسەتە "سۆفیسم" ەوە بۆی دەچوون و بڕوایـان وابـوو کـە ڕاسـتی وجـوود ئەسڵیی نییە. ئەو ئایینە لە سەدەی پێنجی بەرلە میلاد لە یۆنان پەیدا بووە و لە بەناو بانگترین حەکیمـەکانی سۆفستایی دەتوانن" پرۆتاغۆرس ناوبەرین کە گوتوویەتی "مرۆڤ هۆی هەڵـسەنگاندنی هەمووشـتێکە" کـە بـە شێوەی ڕاستەقینە وجوودی نییە. فەرهەنگی عەمید ل ٦٣٣

157- ئیسلام دە ئێراندا، پیترۆ شفسکی، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز ل ٣٣.

158- توحفەی ناسری، مەقالەی پێنجەم دوکتۆر حیشمت اللەتەبیبی ل ٥٣.



کۆمەڵگای ئیسلامیدا پەیدا ببوو.[١٥٩] سۆفییەکان بۆ خۆیان لە سەر ئەو باوەڕەن کە تەواوی پێغەمبەرەکان هەر لە ئادەمەوە تا حەزرەتی محەمەد لە ڕیزی سۆفیان دان، ئیمام محەممەد غەزالی، دەڵێ عیسای مەسیح سۆفی و مەرجەعی تەقلیدی کاملە.[١٦٠]

هەموو تەریقەتەکانی تەسەوف چ شیعە چ سونی ئیمداد لە حەزرەتی رەسولی ئەکرەم و حەزرەتی عەلی دەخوازن و هاواری ئەوان دەکەن و ناوی هێندێك لە ئەسحابە گەورەکانی وەك ئەبوبەکری سەدیق، سەلمانی فارسی، ئەبوزەری غەفاری، عیمار یاسرو بیلالی حەبەشیدەبەن و ئەوان بە زاهیدانی پارێزگار و سۆفیەکانی یەکەمینی ئیسلام ناودەبەن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ چوونگەلـێ لە مەڕ سەرهەڵدانی تەسەوف نیشاندراون، یەك لەوان نەداری و هەژاری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا و ناهومێدی و بێتوانایی چینە بێ بەشەکان لە بەرانبەر دەوڵەمەندەکان و زۆردارانی خودان سەرەوەت باس دەکرێ، کە ئەم بۆچوونانەش لە ڕوانگەی هێندێك لە زانایانەوە جێگەی ئیرادن. لە هەر حاڵدا دوورترین زەمانی دەرکەوتنی تەسەوف ئەوکات دەزانن کە لەلایەن حەسەن بەسرییەوە هاتۆتە گۆڕێ، ئەویش لە ٥٣ی کۆچی لە دایك بووە ولە ١١٠ی کۆچی مانگیش وەفاتی کردووە. بە دوای ئەودا کەسانیتر وەك ئیبراهیم کوڕی ئەدهەمی بەلخی (کۆچکردووی ١٦٢ کۆچی) و رابیعەی عەدەوی یا عەدەویەی خەڵکی بەسرە و سیفان سەوری و مارف کەرخی بوونە هۆی بڵاو بوونەوەی ئەم بیرو بڕوایە لە دنیایی ئیسلام، بەتایبەتیی لە ئێران و کوردستاندا.[١٦١]

مەتڵەبێك کە پێویستە بوترێ ئەوەیەکە تەسەوف لە ڕاستیدا شێوە بەربەرەکانیەك دەگەڵ عیرفان بوو، چونکە لەبەرانبەر توندرەوی عارفاندا و بە تایبەتی خۆ دەرهاویشتنی ئەوان لە تەوحید (یەکەپەرەستی ) و بڕوا بوون بە وەحدەتی وجوود، ئیعتیدال و میانەرەوی سۆفیان وەك بەرگرێك دەهاتە حیسابەوە[162] بەقەولی پتروسفسکی سۆفییەکان حوکمەکانی خودایان بەتەواوی بەڕێوە دەبرد.[١٦٣]

159- ئیسلام لە ئێراندا، پیترۆ شفسکی ل ٣٣٣.

160- توحفەی ناصری سەرەتای مقالەی پێنجەم ل ٥٣ .

161- مێژوو و جۆغرافیای کوردستان، سەرەتای مەقالەی پێنجەم، ل ٥٣ لە دکتۆر حشمت الله تەبیبی

162- وەك ئاماژەی پێکرا یەکێك لە دەلیلەکانی برەو سەندنی ئـەم بـیرو بـاوەرە لـە ئێرانـدا، دەسـەڵات پەیـدا کردنی عەرەبەکان لەو زەماندا و زەختێکی زۆر بوو کە لە پێناو رزگاری لـە دەسـەڵاتی عەرەبـەکان رووبـەرووی ئێرانییەکان ببووەوە، تەسەوەفیش یەکێك لە ڕێگاکان بۆ ئەم مەبەستەبوو.

163- ئیسلام لە ئێراندا، پیترۆ شفسکی ل ٣٣٩.

له نێوان سۆفیەکاندا چەند دەستەیی هەیە. یەك لەوان ئەوەیە کە هێندێکیان زیکری " نادیار "و بێدەنگیان بە جایز دەزانی و بە پێچەوانەی ئەوانی تر "زکری جەلی" یا بە لێدانی مۆسیقا "سماع"[١٦٤] و سەماو حاڵەت گرتنیان پێ باشە.

ئەوانەی کە زۆر سادە و دەمار گرژ و ویشك بوون ڕێگەی تەریقەتی یەکەمیان دەگرت، بەڵام ئەوانەی بەرچاو ڕوونتر بوون تێگەیشتنی زیاتر و مەنتقیان هەبوو تەریقەتی دووهەمیان دەگرت کە چەشنە بەربەرەکانێك دەگەڵ دەستەی یەکەم بوو.

بە هەر حاڵ تا ئەمڕۆ چلۆنایەتی تەسەوف بە شێوەی زانستی و تەواو نەنوسراوە و بەوتەی " ئارچێر ئاربێر"" A.ARBERY "ڕۆژ هەڵات ناسی ئینگلیسی، لە هەل ومەرجی ئێستادا لـێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر تەسەوف ئیمکانی نییە.[١٦٥]

هەرچەندە کە "ا.مرکس"، "ئیدواردبراون"، "د.ب.ماکدۆناڵد"، "م.اسین پالاسیوس"، "ا.بن زتیك"، "لاف.بن مارج" و "مارگرێت ئیسمیت"و کەسانی تریش سەرچاوەی تەسەوەف لە عیرفان و تەقوای مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و فەلسەفەی نوێی ئەفلاتونی دەزانن کە بە هۆی ڕاهیبەکانی سووری دەستکاری کراوە و دەگەڵ مەسیحیەت ڕێککەوتووە، بەتایبەتی " ئاسینی پلاتۆس" کاریگەری مەسیحیەتی زۆر بە ڕاشکاوی باسکردووە.[١٦٦]

"ر. دوزی" سەرچاوەکانی سۆفیگەری لە دەڵاندنی فکریی ئێران (زەردەشتیگەری و مانیگەری) و ردالفعلی ئاریایەکانی ئێرانی بە دژایەتی دەگەڵ عەرەبیەت و ئیسلام کە دینی عەرەبەکانی سامی بووە دەزانێ و " کارادۆش وێڕای قبووڵی ئەم بۆچوونە، فەلسەفەی ئیشرافی سۆفییان بە گومانێکی بە هێزەوە بە کردەوەی مانەویەکان دەزانی.لە نێو ئەم ڕوانگانەدا کە هەرکەس بە بۆچوونی خۆیەوە باسیکردووە، ڕوانگەیەکی تریش هەیە کە تاڕادەیەکی زۆر جێگەی تەوجیهە، ئەویش بڕوای لێکۆڵەرەوانی وەك " ریچارد هارتمان" و" مارکس هۆرن"ە کە دەڵێن : تەسەوەف لەبیرو باوەڕی هیندوەکان و فەلسەفەی "دانتا" و"بوودا" وەرگیراوە ڕاستی ئەو مەسەلەش لە هەڵکەوتەی ئیستراتیژیکی مەڵبەندەکە و پێوەندی بەرینی ئاینەکانی بوودا و ئیسلام و زەردەشتیگەری لەم ناوچەدا دەزانن کە لە ئاکامدا عیرفانی هیندوەکان و زوهد و

١٦٤- لێرە دا ئێمە وشەی (سەماع) مان هەر بە ع نووسی، لە حاڵێکا وشەی "سما" کە وشەیەکی ئەویستایی و کوردییە درووستە و کوردەکانی ئەمڕۆش بەرەقص دەڵێن سەما.

165- an introoduction ot the history of sufism A.j. Arberry pp 58-.

166- acin palasiuse: el islam crist ianu zade 1931



ریازەتکێشی ئەوان، لە ڕێگەی ئێرانیانەوە لە ئیسلامی عەرەبیدا ڕەخنەی کردووە." و.ا. گاردلموسکی" زانای رووسی هەر لەسەر ئەو بۆچوونەیەو لێشی زیاددەکا کە ڕەگەز پەرەستی ئاریایی بە دژی عەربیسم، لێرەدا بەتەواوی بەرچاو دەکەوێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو ڕوانگە، بەتایبەتی خۆ تێوەردان و سازگاری تەقوای مەسیحیەت، عیرفانی و بوودایی لە سۆفیگەریدا لە لایەن زۆربەی لێکۆڵەرەوان پەسەند کراوە. بێجگە لەو زانایانەی ناومان بردن زانا گەلێکی وەك "ا.فۆن کرامێر" و "ماسینۆن" کە گومانی لەودا هەیە بوودا لە تەسەوەفدا کاریگەری هەبووبێ.[١٦٧]

بە هەر حاڵ ئەوەی تا ئێستا گوتوومانە هەمووی ڕوانگە و بۆچوونن و بە بڕوای من "نووسەری کتێب" هەموو ئەوانە پێویستیان بە کات و موتاڵا و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەرینی زانستی هەیە تامسۆگەر بن و بە سبووت بگەن. هەرکەسیش بیهەوێ لەم ڕێگەدا هەنگاو هەڵگرێ پێویستی بە توێژینەوەی ورد و بەدەلیل هەروەها بەسبوت گەیاندن و ڕەتکردنەوەی بۆچونەکانی دیکە بە پێی بەڵگەنامەی مێژوویی جێ باوەڕ هەیە.

لە بواری کاتی مێژووییەوە، موتاڵای سۆفیگەری نزیك بە مێژووی ئیسلامە، هەروەك لەنێو بەشێك لە سەرۆکانی ئیسلام لە وێنەی "ئەبوهورەیرە" دەتوانین بیر و باوەڕی سۆفیگەری و زاهیدی ببینین و "حەسەنی بصری" کە پێشتر ناومان برد (٥٣ ـ ١١٠) کۆچی مانگی ـ کوڕی یەکێك لە دیلەکانی مەسیحی بوو کە لە مەدینە ئیمانی بە دینی ئیسلام هێنا و ئازایانە بە دژی خەلیفەکانی ئەمەوی، یەزید و عبدالملك یا حەجاجی کوڕی یوسف قسەی کرد.[١٦٨]

" ای. گولدتسهیر" دەڵێ: ئەم خاڵە جێگەی سەرەنجە کە لەئینجیلدا هاتووە و لەسەر باڵندەکانی حەوا دەڵێ: نە دەچێنن و نەدەدروونەوە و نە لە عەنباراندا زەخیرە دەکەن، بەڵکو باوکی ئاسمانی، ئەوان پێ دەگەیەنێ تائەوەی نزیك بەتەوای وشە بە وشەی لە لایەن سۆفیانەوە دەگوترێتەوە و "تەوەکول" لە لای ئەوان گرینگترین پایەی هەیە.[١٦٩-170-171]

167- l.massiynon essai sus-la

١٦٨- ئیسلام لە ئێراندا، پترۆشفسکی ل٣٣٦

١٦٩- ئینجیلی مەتا، بابی ٦، ٣٤، ٣٥ و ئینجیلی لۆقا، بابی ١٢ ـ ٢٢ـ تا ٣٠

١٧٠- دەرسگەلێك لە بواری ئیسلامدا، ای.گولەتسهیر، ل١٤٠، ١٤١

171- d.b.macdonald.arelopment at muslem theology

بە هەر حاڵ زوهد و عیرفان لە تەسەوفدا بناغەو پایە بوو، واهەبوو زێدەڕۆی لەوەدا دەبووە هۆی گۆشەگیری و دانیشتن لە حوجرە و تەنیا مانەوە و هێدی هێدی شکڵ گەلێکی ناحەزی وەك ڕەواجی سواڵ و بێ کاری لــێ شین دەبووەوە. هەروەك گەورەکانی لە گوێن "شێخ سری السقطي" یان بە مریدەکانی خۆی دەگوت: بەهار هات و دارو درەخت بەرگیان پۆشی و ئێوەش دەبێ بڕۆن لە دنیادا سەیرکەن و بگەڕێن. هەر لە سەرەتاشەوە سەدەقە و خێراتیان وەرگرت و خەریکی سواڵێ بوون، دیارە تەنیا بە ئەندازەی پێویستی تاقە ڕۆژێك.

لە ئاکامی فەرمانی جەنابی شێخ رووحی بێ تەفاوەتی و بێ ئیمتنایی هێندێك لە سۆفییەکاندا پەیدا بوو، بۆ بەڕێوە بردنی شەریعەت بایەخیان دانەدەناو ئەوەیان بە ئەرکی دەروێشان و واجبی سەر شانیان نەدەزانی، هەروەك بایزیدی بەستامی کە لە کەسایەتییە گەورەکانی دنیای عیرفانی بوو، یا گەورە کەسایەتییەکانی وەك قوشەیری جەلالی، هەجویری، غەزالی عەتتاری نیشابووری، و جامی پێڕەوی ئەو بوون و مەنسوری حەلاج کە لە لای سۆفییەکان ڕێزێکی زۆری هەیە لەم ڕێگایەدا گیانی خۆی بەخت کرد و موعتەزیلەکان ئەویان بە مورتەددا لە قەڵەم دا.[172]

لە سەدەی پێنجەمی کۆچی شوورو حاڵێکی تر لە دنیای تەسەوەفدا بەدیهات، گەشەکردنی رەمز و ئەسرار، بۆچوونی ئیشراقی زەوقی، شادی و حاڵەتی عیرفانی و پەیدا بوونی واژەگەل و تەعبیر گەل و ئیستبارە و کینایەتیی سۆفیگەری لە شیعرو شاعریدا، تایبەتمەندییەکانی ئەم سەدە لەمێژووی تەسەوف دایە. سەدەی شەشەمی هیجری لە گرینگترین دەورەکانی تەسەوف، بەتایبەت لە ئێران دایەکە دوو تایبەتمەندی خۆشی هەیە، یەکیان دەمارگرژی ئایینی و توندڕەوی خاوەنانی مەزهەبەکان، بڕواو تەکفیر و بۆچوونی خاوەن دڵان و شەڕوکێشەی نێوخۆ کە بووە هۆی هەڵ بە زینەوەی کەسگەلــێ خاوەن شوورو حاڵ و لە ژێر سەردێڕی "ئاشتی گشتی" و "یەکبوونی ئایینەکان" یا بەوتەی حافظ شاعیری شیرین قسەی ئێرانی لە ناوبردی شەڕی حەفتاد و دوو میللەت،[173] زیاتر لە پێشوو تەسەوفیان

١٧٢- ئیسلام دە ئێراندا، پیترۆ شفسکی ل ٣٤٠

١٧٣- لێرەدا ئاماژە بەو هەڵبەستە پڕ نێوەرۆکەی حافزە: جنگ هفتاد و دوملت همــرا عذربنــه چــون نەدیــدن حقیقت رە افسانە زدند " شــەڕی حــەفتاد و دوو نەتــەوە ولابــنێ، چــونکە ڕاستییەکانی نەدۆزیــەوە ڕێگــەی ئەفسانەیان گرتەبەر.



وەك مەزهەبی ئەویندارى و خۆشەویستی ناساند، بەڵام تایبەتمەندی دووهەم ئەوە بوو کە ڕوانگەی فەلسەفی وبڕوا بە عیلمی کەلام وردە وردە خزیە نێو عیرفان و تەسەوف.[174]

هەرچەند لەم بوارەدا راڤە و باسی زۆر درێژتر پێویستە، بەڵام چونکە چوونە ناو قووڵایی بیرۆکە و ئەندێشەی سۆفیان و بۆچوونە جۆراو جۆرەکانیان کە یەکجار زۆریشن، دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی باسەکە و لە مەبەستی ئەو کتێبە بەدەرە، ئاماژەیەکی کورتی پێدەکەین و بەتاریف و راڤەیەکی کورت قەناعەت دەکەین.

## سۆفیگەری ولقەکانی لە کوردستان دا:

واسیلی نیکتینی دەڵێ: بیرۆکەی تەسەوف تەنیا فکری مەزهەبییە کە لای کوردان بە کردەوە بەڕێوە دەچێ و ئەوان بۆ خۆشیان بە شێوەیەکی تەواو سەرەتایی خەریکی لێکدانەوەینی.[175] ئەوە مەتڵەبێك کە پرۆفیسۆر مینۆرسکیش لە کتێبی "کوردەکان" دا جەختی لە سەر کردەوە.[176]

سۆفیگەری لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە نێو کورداندا جێگەی خۆی بە باشی کردۆتەوە، چونکە دەگەڵ جوغرافیایی عەشایر باش ڕێك دەکەوێ، لە خاڵە زۆر دیارەکانی سۆفیگەری کوردی، هێز و وەجی شێخانە کە دەگەڵ سیستیمی ژیانی عەشیرەتی کوردان و حکوومەتی خەوانین و دەرەبەگەکانی ئەو دەورە لە هەردوو بواری ئایینی و سیاسییەوە دەخوێنیتەوە.

ئەوەی کە لەو ڕێکخراوە سیاسی ـ مەزهەبییەدا سەرەنج ڕاکێشە ئەوەیە کە سۆفییە کوردەکان وێڕای پروپاگەندەی ئیسلامی، دیوارێکی بەرزو بەرینیش بۆ چوونە نێو هەربێگانەیەك بۆ نێو چوارچێوەی دەسەڵاتی شێخەکانیان دەکێشن. هەر ئەو شێخانەش بە درێژایی مێژوو ڕێبەری ڕاپەڕین و خەباتی زۆریان لە عۆدە بووە کە ئەوە لە باسی ئێمە بەدوورە.

کورد بە تەسەوف دەڵێن تەریقەت و ئەومەکتەبە لەکوردستاندا هەرچەند لق و پۆپی زۆری هەیە، بەڵام هەنووکە دوو بەشی دیار و ناسراوی هەیە کە مریدی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆ

١٧٤- مێژوو و جوغرافیای کوردستان، میرزا شوکروالله سنەندەجی، حاشیەو سەرەتایی دوکتۆر حشمت الله طبیبی.

١٧٥- کورد و کوردستان، واسیلی نیکتین، وەرگێڕانی محەمەدی قازی ل ٤٤٨.

١٧٦- کوردەکان، پرۆفیسۆر مینۆ رسکی، چاپی پیترو گراد، ساڵی ١٩١٥، وەرگێڕدراوی ح تابـانی ( نوســەری ئەوکتێبە).

کردۆتەوە، ئەم دوو تەریقەتەش بریتین لە قادری و نەقشبەندی کە ئێمە ئەوانەی لە کوردستانی دا هەبوون و هەتا ئێستاش لە وڵاتی تر مەوجودن بە کورتی دەناسێنین و دوایەش درێژتر لە سەر ئەو دوو تەریقەتە دەدوێین.

لقەکانی ئەسڵی سۆفیگەری بریتین لە : چەشتییە، سوهرەوەردییە، کوبرەوییە، مەولەوییە، بەکتاشیە، مەلامەتیە، تیفوورییە، رفاعییە، شازلییە، جەلالییە، نیعمت اللهییە، خاکسارییە و لە ئاخریشدا قادرییە و نەقشبەندییە.

**١ـ چەشتییە:**

پێشەوای ئەم تەریقەتە کەسێك بوو بە ناوی خواجە معین الدین چەشتی سەنجەری ئەجمیری لە گوندی چەشت لە دەوری هیرات و بە ئەسڵ سیستانی، لە دایك بووی ٥٣٧ی کۆچییە و لە ٦٣٤یشدا کۆچی دواییکردووە. ئەو لە گەورانی سۆفییە بووە، وەك دەڵێن لە دوای سەید عەلی کوری عوسمان هەجویری، خاوەنی کەشف المحجوب گەورەترین و گرینگترین کەسایەتی ئیسلامییە کە تەریقەتی عیرفانی لە ئامال قارە "ئامال کیشوەری هیند و پاکستان" دامەزراند[177] و زۆر لە قەبیشی لەم بابەتە هەیە، وەك سوڵتان الهند، ولی الهیند، هیندالنبی فی الهند، خواجەی خواجەگان، خواجە ئەجمیری و خواجەی غەریب نەواز. خواجە معین الدین بە پێنج پشت دەگاتە حەزرەتی رەزا، ئەو کە بە هۆی دەروێش" ئیبراهیم قندوزی" بەرەو دنیای زوهدی و عیرفان رێنوێنی کرا، دوای سەفەر کردنی زۆر و پاش خوێندنی زانستەکان لە سەمەر قەند و بین النهرین، لە شارە دێی هارون لە دەوری نیشابوور بە خزمەت شێخ عوسمانی هاروونی گەیشت و بوو بەمریدی و دوایەش خەرقەی خەلافەتی وەرگرت،[178] وای لە دڵی مورشیدی خۆیدا جێ کردەوە کە شێخ عوسمان هاروونی دەیفەرموو، معین الدینی ئێمە خۆشەویستیی خوایە و شانازی دەکەم کە موریدێکی ئاوام هەیە.

معین الدین سەفەری زۆری بۆ زۆر شوێنی ئێران و بین النهرین کرد و لە بەغدا گەورە شێخانی تەسەوفی وەك شێخ عبدالقادری گەیلانی، شێخ شهاب الدین عمر سوهرەوەردی و شێخ نجم الدین کبرای چاو پێ‌کەوتووە کە هەرکامیان قوتبێك بوون، دوایە چووەتە هیندوستان و پاش فێر بوونی زمانی هیندی لە سوڵتان، لە پێشدا چوەتە دهلی دوای چووەتە ئەجمیر و لەوێ

177- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، محمدرئوف توکلی ل ٥٤.

178- لە عالەمی تەسەوفدا کەسێك لە لایەن شێخەوە ئیزنی تەبلیغاتی پێ دەدرێ پێی دەڵێن خەلیفە.



خەریکی رەواج دانی ئیسلام بووە ئاخریەکەی لە ساڵی ٦٣٣ی کۆچی مانگی هەر لەوێ وەفاتی کردووە. ئاسەواری زۆری لە پاش بەجێ ماوە کە دەتوانین ئاماژە بە "ئەنیس الارواح"، "حدیس المعارف. .. "، "دلیل العارفینی"، ریسالەیەك لە سەر تەسەوف "، رسا لەی وجوودیە"، "کشف الاسرار" و" صور المراج" کە بە خەتی خواجە خۆی لە کتێبخانەی بەنگالی کەلکەتەدا مەوجودە و هێندێك شوێنەواری تری بکەین.

لە مریدە بەناوبانگەکانی خواجە پێویستە لە ئەمیر خوسرەوی دەهلەوی و خواجە قوطب الدین بە ختیاری ئوشی کاکی نێوبەرین.

**٢ـ مەولەوییە:**

تەریقەتێکی سوونییە و دامەزرێنەرەکەشی مەولانا جەلالدین رۆمی هەڵبەستوانی پایە بەرزی ئێرانییە. ئەو لە لای باوکییەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی ئەبووبەکری صدیق خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان و لەبەرەی دایکیشی را کچە زای سوڵتان علاالدین محمد خوارەزمشایە. لە شاری بەڵخ لە رێکەوتی شەشەمی "ربیع الاول" ی ساڵی ٦٠٣ی هیجری مانگی هاتۆتە دنیاو خوێندنی سەرەتای لە بەشی زانستەکان و سلوکی عیرفان لە باوکی فێربوو، دوایەش لە خزمەت خەلیفەی باوکی سەید بورهان الدین لێکۆڵەرەوەی تورمزی خەریکی تەکمیل کردنی زانستەکان بوو، پاشان چووە شامێ و لە کۆزیلەی زانست و عیرفان سەرمایەی خۆی زیاتر کرد، وای لـێهات کە لە هەمە جۆر زانستدا ناوبانگی دەرکرد و لە شاری قونیەدا بە گوتنەوەی دەرسی نەقلی و عەقڵییەوە خەریك بوو. تا ئەوکاتی لە ساڵی ٦٤٢ی کۆچی شمس الدین محمد تەوریزی گەیشتە لای و لەوێرا مەولانا دەستی بەگوتنی شیعر و سماع و فەلسەفە کرد و دەستی دایە تەبلیغ بۆ مەکتەبی یەکبوونی وجوود. ئەو کارە گەیشتە جێگایەك کە دەروێشەکانی لەبەر زیادە رۆیی لە بۆچوونی خۆیان ـ بە قەولی دژەکانی لە لایەن شا تەهماسبەوە ترۆ کران.

سۆفییەکانی ئەم شێوە تەریقەتە "زکری ئاشکرا" بە مۆسیقا و "سماع" و سەماوە دەکەن و بە قەولی پترۆشفسکی هەربۆیەش لە ئوروپا پێیان دەڵێن " دەروێشەکانی هەڵسوور" یا سەما کەر"[179] هەڵس و کەوتی باشیان دەگەڵ مەسیحی و جوولەکەکان، یەکێك لە سفەتە باشەکانی مەولەویانە، سۆفییەکانی مەولەویە کلاوی درێژی دەروێشی لە سەر دەکەن.

179- ئیسلام لە ئێران دا ل ٣٦٥.

ئەفلاکی لەم بابەتەوە دەڵێ: لە زەمانی ژیانی مەولانادا دەروێشەکانی ئەو تەریقەتە زیاتر کاسبکارن و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بوون.[180] مەولانا جەلا الدین محمد کە دەگەڵ خەڵك بە زمانێکی سادە دەدوا. هەموو کات خەڵکی بۆ یەکیەتیی و برایەتی ڕادەکێشا.[181] لە شوێنەواری زۆر بەنرخی مەولانا دەتوانین لە دیوانی گەورەی ئەو کە ٣٦٠٢٣ شیعر و ١٧٦٥ چوارینەیە و لە نووسراوەکانی کە چواریان بە شیعرن و رووی خیتابی دە شەمس الدین تەوریزیە کە لە دیمەشق بووە، وە یەکیشیان لە سەر صلاح الدینی زەرکوبە، هەروەها لە مجالس سبعە، یا حەوت مەجلیس و لە کتێبی "فیه ما فیه" کە نووسراو گەلێکن بە هۆی کورەکەی خۆی بەها الدین احمد ناسراو بە سوڵتان وەلەد "٦٢٤ ـ ٧١٢" و حسام الدین چەلەبی کراوەنە کتێب ناوبەرین.[182] دیوانی شەمسی تەوریزی و مەسنەویی مەولەوی لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی فارسییە.

**٣. شازلیە:**

دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە شازلی مەغربی بووە کە لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی مانگی وەفاتی کردووە. ئەو تەریقەتە لە ئێرانیشدا لایەنگری هەبوون.

**٤. رفاعیە:**

دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە سید احمد رفاعی خەڵکی بەسرەی عێراقە کە بەتەریقەتی دەروێشەکانی سواڵکەر و ماڵ بەکۆڵ ناویان دەرکردووە، لە ئاسیای رۆژئاواو ئێران زۆری مرید هەبووە.

**٥. تیفوریە:**

مورشیدی ئەم رێگە بایزید تیفوری بەسگامییە، کە نەسەبی دەگەرێتەوە بۆ ئیمام زین العابدین عەلی ئیمامی چوارەمی شێعەکان، لە نێو سوونی و شێعەدا مریدی هەبووە کە ئەمڕۆ چیان لی نەماوەتەوە.

180- عناقب العارفین ئەفلاکی ل ١١٧.

181- شتێکی کە ئیسلام لەسەری سوورە "انا خلقناکم من ذکر و انثي و جعلناکم شعوبا و قبائل لیتعـارفو ان اکرمکم عندالله اتقاکم".

182- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، محمد رئوف توکلی.



**٦. سوهرە وەردییە:**

ئەوان پەیرەوی شیخ ابوحفض عمر بن محمد شهاب الدین سوهرەوەردین (٥٣٩ ـ ٦٣٢) نابێ ئەم شێخەمان دەگەڵ شێخ یحیی سوهرەوەردی کە دامەزرێنەری مەکتەبی ئیشراقیەیە لێ بگۆری کە لە سەر باوەڕی خۆی بە فەرمان سلاح الدین ئەیوبی ئیعدام کراو بە شێخی مەقتول(کوژراو) ناسراوە، شێخ ابو حفض خەڵکی سوهرەوەردی شاری کوردنشینی نزیك زەنگان بووە. عارفێکی گەورەو مەقامێکی بەرزی هەبووە، بەشێوەیەك کە خەلیفە الناسرلدین الله زۆری خۆش ویستووە و زۆرجار بە نوێنەرایەتیخۆی دەینارده لای پاشاکان و ئەمیرەکانی زەمان و لە بەغدایە میوانخانەیەکی بۆ سازکردبوو و سەرپەرشتی خانەقاکانی سۆفیانی بەو سپاردبوو. کتێبی عەوارف المعارف لە نووسراوەکانی شێخ شهاب الدین سوهرەوەردییە.

**٧. بەکتاشیە:**

دامەزرێنەری ئەو مەکتەبە کەسێك بووە بەناوی حاجی بەکتاش کە بە ئەسڵ ئێرانییە، بەڵام موریدەکانی ئەم مەکتەبە زیاتر لە عوسمانییەکان بوون و بە هۆی نزیکی زۆر، پێوەندی لە گەڵ سوپاییەکانی "یەینی چەری" چڕو پڕ بووە و نێوبانگی تایبەتی هەیە حاجی بەکتاش وەك مەوجودێکی نیوە ئەفسانەیی ناوی زریوەو بیرو ڕای وەك غەلاتی شیعە و حرووفی یەدەچی و دەڵێن پلە و پایەی هەموو دینەکان وەك یەکە و بایەخێکی ئەوتۆیان بە رێورەسمی ئاینی نەداوە، بۆ نموونە هێندێك سۆفی هەن کە زکری ناکەن. لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان ئەوە بوو کە بەرگی سپیان دەپۆشی و کلاوی سپیشیان لە سەر دەنا. کەسانێکی وەك "ژاکوب "بڕوایان وایە دامەزرێنەری ئەو مەکتەبە پیاوێك بووە بە ناوی "بالم بابا" یان "بالام بابا".[183] ناوەندی بەکتاشیە دوای هەڵوەشانی سوپای یەنی چەری لە ئەستەمبوڵەوە گوێزرایەوە بۆ ئالبانی.

**٨ ـ سەفەوییە:**

مەکتەبێکە تایبەت بە شیعەکان، هەرچەند بە گوێرەی ریوایەت دامەزرێنەرەکەی سوننی بووە، ئەو مورشیدە باپیرە گەورەی پادشاکانی سەفەوییە، ناوی شێخ سەفی الدین اسحاقی ئەردەوێلی بووە، ئەو موریدی خەزوورەی خۆی شێخ تاج الدین زاهیدی گیلانی بوو.لە سەر

183- ئیسلام لە ئێراندا، ای.پ، پیترۆ شفسکی ل ٣٦٦

رەچەلەکی شێخ سەفی الدین زۆر شت گوتراوە، ئەوان خۆیان بە رەچەڵەك بە عەرەب دەزانن و دەڵێن لە تۆرەمەی ئیمام موسای کازم ئیمامی حەوتەمی شیعەکانن، بە پێچەوانەش هێندێك لە لێکۆڵەرەوانی وەك سەید ئەحمەدی کەسرەوی و زەکی وەلید تۆغان مێژووزانی تورك ئەوی بە تورك دەناسن، کە عەولادەکانی بە هۆی مانەوەی زۆر لە ئەردەوێل، بوونە تورك زمان.

### ٩ ـ حەیدەرییە:

رێبەری ئەو تەریقەتە کەسێك بوو بە ناوی شێخ حەیدەر کە مەزهەبەکەی شیعە بوو، ابن بطوطة لە بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا دەنووسی:حەییدەرییەکان لە تەقوادا زۆر توندرۆ بوون و دەروێشەکانیان مافی ژن هێنانیان نەبووە.[١٨٤]

### ١٠ ـ نعمت اللەهییە

ئەهلی ئەو تەریقەتەش شیعە بوون و مورشیدەکەیان سۆفی و شاعیری ناوداری ئێرانی"شا نعمت الله وەلی"کرمانییە. ئەویش خۆی لە پاشەواری ئیمامی حەوتەم حەزرەتیی ئیمام موسای کازم دەناساند، شاعیرێکی پایەبەرز بووەو ماوەیەکی زۆر لە سەمەرقەند و هەرات و یەزد ژیاوە و ئاخریەکەی خانەقای خۆی لە ماهانی نیزیك کرمان دروستکرد. شاروخ شای تەیموری و ئەحمەدشای هەوەڵ پاشای"دەکەن"پشتیوانی بوون.

دوای سەرکەوتنی مەزهەبی شیعە لە ئێران دوو مەکتەبی حەیدەری و نیعمەتیی زۆریان برەو پەیداکرد و لە زۆر شاری ئێران لایەنگرانی ئەم دوو دەستە دژایەتیی یەکتریان دەکرد و تا ئەم دواییانەش ئەم بەربەرەکانییە هەر درێژەی هەبوو کە زۆر جاریش خوێناوی دەبوو.[١٨٥]

گڵکۆی شا نیعمەت اللەی وەلی لە ماهانی کرمانەو زیارەتگای مریدانیەتیی.

184- مێژووی ابن بطوطة، بەرگی سێهەم، لاپەرەکانی ٧٩، ٨٠

185- منی نووسەری کتێب لە ساڵەکانی ١٣٢٠تا١٣٢٧ی هەتاوی لە شاری مەراغە بووم، زۆر جار شاهیدی ئەو بەربەرەکانییە بووم. مەراغە لە روانگەی ئەوانەوە کرابووە دووبەش، هەرکام لەم دووبەشە لە ژێر رکێفی یەکێك لەم دوو لایەنە دابوو.بە تایبەتیی لە کاتیی محەرەم دا، ئەو دەم کە دەستەی عەزاگێری هەردوولا لە شوێنێك دەگەیشتنە یەك، هەرکامیان گەرەکیان بوو بەر لەوی تر تێپەرن، هەر ئەوەندە بەس بوو کە یەکیان بکەونە لاساری، ئیدی لێدان و کوتان دەستی پیدەکرد و شەرێکی خوێناوی لێدەکەوتەوە.



### ١١ـ جەلالییە یا خاکسارییە:

ئەم تەریقەتەش لە سەر بنەمای شیعەگەری بووە و دەروێشەکانی ماڵ بە کۆڵ و سواڵکەر بوون، مورشیدەکەیان ناوی شێخ جەلالەالدینی بوخاری بووە، کە بە وتەی پیترۆفسکی ئەویان زیاتر بە "شێخ جەلال" یا" خزمەتکاری خەڵکی دنیا" ناو دەبرد.[١٨٦]

ئەهلی ئەو مەکتەبە زۆر لە سەر یاساکانی شەریعەت سوور نەبوون، لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان ئەوەیە کە پەتکۆکێکی لەمل خۆیان دەکەن و ریشوسمێڵی کورت دەهێڵنەوە.[١٨٧]

### ١٢ـ کوبرەوییە:

ابوالجناب احمد بن عمر عبدالله الصوفی الخیوقی خوارزەمی ناسراو بە نجم الدین کوبرا(کبری)مورشیدی ئەم تەریقەتە، دەڵێن لەبەرئەوەی لە فێربوون و وەرگرتنی زانستەکان پێشەنگ بووە پێیان گوتووە "گامە و کوبرا"و.....لەقەبی کوبراشی هەبووە. دەگێرنەوە کە گۆیا لەخەودا حەزرەتی محمد دەبینی کە پێی دەڵی"جەناب"بۆیە بە "جەناب"یش ناسراوە، هەروەها "شێخ وەلی تراش"یشی پیگوتراوە.

لە هەمەدان زاهید بوو، چوە میسر و لە گەڕانەوەدا چووە خانەقای شێخ ئیسماعیلی قەسیر و لەوی نەخۆش کەوت و ماوەیەك مایەوە، پاش چاك بوونەوە بوو بە مریدی شێخ.[١٨٨] دوای ماوەیەك چووە خزمەت "شێخ عەمماری یاسر"ئینجا چووە خزمەت روزبەهانی میسر و چووە دەسلوکەوە،[١٨٩] کاتێك گەڕاوە ئێران بە خزمەت شێخ عەمماری یاسر گەیشتەوە، کاتێك گەیشتە کەمال واتە ئیزنی شێخایەتیی پێدرا چوو بۆ خوارەزم و دەستی کرد بە ئیرشاد. دەڵێن بە درێژایی تەمەنی شێخایەتیی ١٢کەسی بە مورید وەرگرتووە و تۆبەی داداون کە بهاالدینی وەلەد باوکی مەولانا جلال الدینی رۆمی(مەولەوی) و شێخ مجدالدین بەغدایی و نجم الدین رازی نووسەری کتێبی"مرصاد العباد"لە ریزی ئەم ١٢ کەسە دا بوون.

186- ئیسلام لە ئێراندا، پیترۆفسکی ل ٣٦٧.

187- هەمان سەرچاوە.

188- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، محمد رەئوف تەوەکولی، ل ٥٨ ٢ ـ هەمان سەرچاوە.

189- هەمان سەرچاوە.

شێخ نجم الدین کوبرا له ڕووداوی هێرشی مەغۆلدا له شاری جۆرجانیه، له کاتی بەربەرەکانی له بەرانبەریان دا له ساڵی ٦١٨ی کۆچی مانگی شەهید بووه و مەولانا جلالالدینی ڕۆمی"مەولەوی"لەم بابەتەوە دەفەرموێ:

ما از ان محتشمانیم که ساغرگرند نه ازیٚن مفلسگان که بز لاغر گیرند
ئێمه لەو تورانەین که پیاڵه هەڵدەگرن لەو موفلیسانه نین که بزنی لاواز دەگرن
به یکی دست می خالص ایمان نوشند به یکی دست اگر پرچم کافر گیرند
به دەستێك مەی تۆخی ئیمان دەخۆنەوه به دەستەکەی دیکه ئاڵای کافر هەڵدەگەرن[190]

کتێبی"فوائح الجمال و فوات الجلال"له لایەن شێخ نجم الدین کوبراوه نووسراوه که له ساڵی ١٩٥٧ی زایینی له ئاڵمان چاپکراوه.

١٣ـتەریقەتی قادرییه:ئەوتەریقەته له کۆنترین تەریقەکانه کەبه هوی(قطب الاعضم) شێخ عبدالقادری گەیلانی که وەك ئاشکرایه له ئەسل دا خەلکی گیلانی ئێرانه دامەزراوه و ئەمڕۆش پەیرەوەکانی ئەم تەریقەتەیه کەسانێکن که پارێزەری مەرقەدی پیرۆزی شێخ و بەرێوەبەری خانەقای ئەسلی ئەون.کوردان شێخ عبدالقادری گەیلانی ـ که کوردیش بووه ـ بەلەقەبەکانی (غەوسی گەیلانی) و(غەوسی اعظم) ناودەبەن شێخ عبدالقادرکه کونیەکەی (محی الدین ابومحد) ە کوری صاڵحی موسالی زەنگی دۆست یا جەنگی دۆسته که ئەویش کوڕی یەحیا گەیلانی به لەقەبی محی الدین له ساداتی حەسەنیه و به حەوت پشتان دەگاته ئیمامی حەسەن[191]و له سەر ئەم بنەمایه ڕەنگی سەوز(ڕەنگی سەیدان)مۆرکی تەریقەتیی قادرییه.

شێخ عبدالقادری گەیلانی له دایك بووی ساڵی ٤٧٠ و له ڕووی هێندێك نووسراوەش له دایك بووی ٤٩٠ ی کۆچی مانگییه و له ساڵی ٥٦١ وەفاتی کردووه، مەرقەدی له بەغدایه و زیارەتگەی دەروێشان و خاوەن بڕوایانه، ئەو شەقامەی که گڵکۆی شێخی تێدایه به "باب الشیخ"ناسراوه.له تەمەنی ١٨ ساڵیدا به دوای خوێندنی زمنی عەرەبی له لای ئەبو زەکەریای

190- مجالس المؤمنین، قازی نورالله شووشتەری، لاپەرەکانی ٢٨٦ـ ٢٨٧ چاپی ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی مانگی.

191- زنجیرەی تۆرەمەی شێخ بەم شێوه بووه: الزاهید، محمد، موسا، عبدالله، موساالجون، عبدالمخلص، حەسەن موسەننا(حەزرەتی ئیمام حەسەنی موجتەبا ئیمامی دووهەمی شیعەکان) کوری حەزرەتی عەلی کوری ئەبو تالب، بۆ زانیاری زیاتر له کتێبی"تاریخ سلیمانیه و انحائها"ی محمد زەکی وەرگێڕدراوی محمد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، چاپی بەغدا، ١٩٥١ی زایینی له ٢١١ بڕوانه.



تەورێزی، چووه بەغداو[192] فیقهی شافعی و حەنبەلی لەوی خوێند.[١٩٣] له بارەگای مامۆستتا گەلێکی وەك هیبەالدین مبارك و ابی ناصر محمد البنا دەرسی خوێند[194]و دوایەش له خزمەت ابی الخیر محمد بن مسلم الدیابس، چووه ریزی سۆفیان و لەم بوارەدا مقامێکی وای وەدەستهێنا که به "بازالاشهب "یا "بازی سپی "ناوی دەرکرد و له لایەن قازی "ابو السعید المبارك المخرمی"خەرقەی دەروێشی کرا بەرو به قەولێك ماوەیەکی زۆر پەردەداری مەرقەدی ئیمام ابی حەنیفه دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی یەکێك له چوار مەزهەبەکەی ئەهلی تەسەنون بووه.

زیاتر لەوەش که له سەرەوه له بارەی زنجیرەی بنەچەکەی شێخ عبدالقادری گەیلانی کوتراوه، له ڕێگەیەکی ترەوه ڕەچەڵەکی ئەو دەگەیەننەوه حەزرەتی محمد(ص)و وەك له ریسالەی خەتی"مراه الحق" نووسینی سەیید تاهیری هاشمی له سەر مەشایخی قادری شەجەرەنامەکه به شێوەیەی ژێرەوەیه

ئەمیری موئمینان علی علیه السلام

حەزرەتی ئیمام حسێن

حەزرەتی ئیمام محمد باقرشێخ حەسەنی بصري

" " " ئیمام موسا کازم

ئیمام جەعفەری سادق — شێخ حەبیب عەجەمی

حەزرەتی ئیمام علی زین العابدین

"" " ئیمام علی ڕەزا — شێخ داود الطائی

شێخ مەعروف کەرخی

شێخ سری سەقەتی

192 فەرهەنگی دهخدا، که ئەویش له قاموسی الاعلام دەگێڕێتەوه.

193 له تەسەنوندا چوار مەزهەب هەیه که بریتین له حەنەفی، حەنبەلی، شافعی و مالکی.

194 مێژووی سلێمانی، ئەمین زەکی ل ٢١٣ ٤ ـ هەمان سەرچاوه ل ٢١٩

دەڵێن شێخ چل ونۆ عەولادی هەبووە کە یازدە کوڕی مزگێنی دەری تەریقەتیی ئەو لە شوێنگەی جۆراوجۆر بوون.

شێخ لە مەدرەسەی پیرۆزی المخرمی بەغدا کە لەبەر ئەو گەورەکرابۆوە خەریکی مەوعیزە و ئیرشاد دەبوو، لەئوسولدا هەڵگری بیروباوەری ابی الحسن الاشعری و لە فرووعدا پەیرەوی لە ئیمامی شافیعی و ئیمام ئەحمەدی حەنبەلی کردوە. غەوس لە لای سۆفییەکانی ولاتی تورکیە و عێراق و هیندوستان پلەوپایەیەکی یەکجار بەرزی هەبووە.[195]

تەریقەتیی قادری هەر لە سەرەتاوە لە کوردستان پێشوازی لێکراوە و بە تایبەتیی قبوولکردنی لە لایەن ساداتی بەرزەنجەوە کە لە بنەماڵە جێ ڕێزەکانی کوردستان بوون بۆتە هۆی پەرەگرتنی زیاتری، سەید سمایل قازانقایی یەکەم کەسی ئەم خانەدانە بوو کە تەریقەتیی قادری لە شێخ ئەحمەدی ئیحسانی وەرگرت. ئەو کوڕی سەید محەمەد نۆدهی بوو کە بە کبریەت الاحمەر بە ناوبانگ بووەو[196] تاکەکانی ئەم خانەدانە وەك شێخ مەعروفی نۆدهی لە مەڵبەندی سلێمانی خەریکی ئیرشاد بووە.لە هێندێك کتێبدا تۆرەمەی خانەدانی بەرزنجە دەبەنەوە سەر بابا تاهیری عوریان......یەك لەو کتێبانە "مێژووی سلێمانی و دەوروبەریەتیی"[197] کە سەید محەممەد نووربەخشی بەرزنجە کە دامەزرێنەری تەریقەتیی نووربەخشییە لە ساڵی ٨٦٠ی کۆچی لە زەمانی باوکیان باباعەلی هەمەدانی برای باباتاهیری هەمەدانی هاتۆتە بەرزنجە.بەڵام لە

---

195- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٩.

196- مێژووی سلێمانی، ئەمین زەکی.

197- ئیدوارد براون دەنووسێ: لە کتێبی راحە الصدور کە خەتییە و لە ساڵی ٦٠٠ی کۆچی یا ١٢٠١ میلادی نووسراوە و لە کتێبخانەی پاریسدا هەیە لە لاپەڕی ٤٣ دا ئاماژە بەوە دەکا کە:بیستم کاتێك کە توغرولی سەلجوقی هاتە هەمەدان سێ کەس لە شێخانی صۆفیە بە ناوەکانی بابا تاهیر، بابا جەعفەر و شێخ حەمشار لە کێوی خچر لە نیزیك دەروازەی هەمەدان نیشتەجێ بوون، ئەو دەم کە تۆغرول دەگەڵ وەزیرەکەی و ابو النصر الکندری گەیشتە وی، لە ئەسپ دابەزی و چووە لایان و دەستەکانی ماچ کردن.باباتاهیر لە توغرولی پرسی، تورکە! دەگەڵ بەندەگەل خوا چ دەکەی؟ توغرول وتی: هەرچی تۆ بفەرمووی، بابا تاهیر کوتی:ئەوەی بکە کە خوا فەرموویەتیی"ان اللە یامر بالعدل و الاحسان(خوا ئەمر بە دادپەروەری وچاکە دەدا) تۆغرول کە ئەوەی بیست گریاو کوتیی :انشاللە وادەکەم.ئەوەش لە کتێبی "الشیخ معروف نۆدهی"نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ چاپی بەغدا ل ٧١ وەرگیراوە



لێکۆڵەرەوان وەك نووسەری کتێبی"الشیخ معروف نۆدهی برزنجی"تێك خستنەوەی ساداتیی بەرزنجە دەگەڵ بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی کە کوردی لوڕ بووە بە دوور دەزانن و بۆ سبوتی ئەو وتەیەی خۆیان قسەی"ئیدوارد براون" نووسەری مێژووی ئەدەبیاتی ئێران بە بەڵگە دێنێتەوە کە لەبارەی چاوپێکەوتنی توغرێلی سەلجوقی و بابا تاهیر نووسیویەتیی.براون دەنووسی:ئەو چاوپێکەوتنەیان لە ساڵی ٤٤٧یا٤٥٠ی کۆچی بووە و ئەوەش دەگەڵ رێکەوتیی سەرەوە٨٦٠ کۆچی نایەتەوە.

ئەمڕۆ تەریقەتی قادری لە تەوای کوردستانی(ئێران، تورکیە، عێراق) مریدی زۆرەو گەلێکی خانەقا هەن.شێخ عبدالقادر"جگە لە ئیرشاد و عیرفان"زانایی و کەماڵی زۆر بووە و زۆریشی کتێب نووسیون کە دەتوانین بەوانەی ژێرەوە ئاماژە بکەین:

١ـ فتوح الغیب، کە٧٨ مەوعیزەی ئەوی تێدایە و کوڕی شێخ عبدالرەزاق کۆی کردوونەوە، هەر لەگەڵ ئەو کتێبە کۆمەڵێك شیعرو روانگەی ئەو زاتەی لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی لە قاهیرە چاپبووە.

٢ـ الفتح الربانی کە ئەویش ٦٢خوتبەی تری شێخە.

٣ـ الفنیە الطالب گریق الحق، چاپی قاهیرە لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی مانگی.

٤ـ حرب بشائر الخیرات کە بریتییە لە دوعاو وێرد گەلن.

٥ـ الفیوظات الربانیة في الادوار القدیسة.کۆموناجاتێکە، هەروەها ئاسەواری تر.

لە تەلقیناتی شێخ عبدالقادر دەتوانین بە چەند شت ئاماژە بکەین، یەك لەوان ئەوەیە کە بەکوڕەکەی دەڵی:

دەگەڵ خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەندان بە نەفس بەرزی تێکەڵاوی بکە و دەگەڵ هەژارانیش بە خۆ بەکەم زانینەوە، لە هەموو کارێکدا هیواتان بە خوا بێ و سێ ئەسڵ دەگەڵ لاوازان و هەژاران لە بیر مەکە، شکستە نەفسی و خۆ بەزۆرنەگرتن، بە ئەدەب جووڵانەوە و بەخشش و لێبووردن.نەفسی خۆت بکوژە تا بژیتەوە، توندوتیژی لەگەڵ کەسێك کە لە تۆ لاوازترە، زەعفەو هێرش و بە توندی جووڵانەوە دەگەڵ باڵادەست تر لە خۆت شانازی و فەخرە.

زیکری دەروێشانی قادری زیکری ئاشکرایە، چوونە نێو جەرگەی دەروێشانی قادری کە "بەیعەت"ی پێ دەڵێن و لە ناو خەڵك دا"تۆبە"ی ناودەبەن رێورەسمی تایبەتیی خۆی هەیە کە لە ژێرەوە دی:

کەسی کە دەیهەوێ تۆبە بکاو ببێتە دەروێش، لە سەر هەردوو ئەژنۆ چۆك دادەدا و بەرامبەر بە شێخ یا خەلیفە رۆدەنیشێ و دوای ئەوەی دەستی راستی خۆی دەداتە دەستیی مورشید لە تەواوی ئەو کارە خراپانەی کردوویەتیی تۆبە دەکا و شێخیش دوای هێنانی ناوی خواو پێغەمبەرو پیرانی تەریقەت داوای لێ دەکا کە هەموو پیرانی تەریقەت بە شاهید بگرن و لە سەردەستیی ئەوان بەڵێنی بدا کە لە رێگەی راست و تەریقەتیی خۆی لانەدا، بە ئینساف و عادل و پاك و خاوێن بی و مووی سەری نەتاشی. دوای ئەم رێ و رەسمەش سێ رۆژ بە رۆژوو دەبێ و هەشتا هەزار بار دەڵێ"لا اله الا الله"و دوای هەر نوێژێك سەدجار دەڵێ"استغفرالله".دوای تۆبە ئەگەر مورید مایەی تێدابێ"دەتوانێ لە شێخ داوا بکا کە ئیزنی بدا لە کاتی زیکردا کاری سەیر و گەورەبکا.[198]

## زیکری دەروێشەکانی قادری:

بە پێچەوانەی سۆفی و تۆبەکارەکانی نەقشبەندی کە زیکرەکەیان نهێنی یا"خفی"ە، زیکری قادریەکان جەلا یا ئاشکرایە و بە دوو شێوەی هەستان و دانیشتن یا "سماع"و "تەلیلە"ئەنجام دەدرێ.لە تەلیلەدا دەروێشەکان بە دەور دادەنیشن و بە فەرمانی کەسێك کە سەر هەلقەیانە، دووسەد جار "لاالله الا الله"دەڵێن و دوایە بە پێوە"سیماع"دەکەن، لەو زیکرەدا دەروێشەکان پرچ prch یان دەکەنەوە، بە دەور رادەوستن و بە تەپڵ و دەفە"بەزمی خۆیان بە"های هوو"دەستپێدەکەن کە ئەو هاوهووە بە رێگەی گەیشتن بە حەقیقەت دەزانن و لەزەتیی رووحی لێوەردەگرن.

زیکری جەلا کە بە ئامادەبوونی پیری تەریقەت"ئوستاد"یا خەلیفەکەی دەکرێ، هەشت لەحنی جۆراوجۆرە کە بە دەفە لێ دەدرێ:

١ـ الله الله حی(حەی) الله ٢ـ سێ لەحنی تایبەت بۆ تاریف کردن(وەسفی)پێغەمبەر،
٣ـ ئاهەنگی تایبەتیی یار عەلی، مەولا عەلی ٤ـ لەحنی حوسێنی و حەسەنی،
٥ـ ئاهەنگی مەدەد یا غەوسی گەیلانی ٦ـ ئاهەنگ بۆ پیرو ئوستادی خۆیان،
٧و٨ـ لەحنەکانی کۆتایی زیکر.[199]

198- شەرحی گوڵستان، دکتۆر محمەد خەزائیلی، بنکەی بڵاوکردنەوەی عیلمی، تاران١٣٣٤ی هەتاوی ل ٣٤٩.

199- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، رەئووف تەوەکولی و بایخی میراتی سۆفیە، وەرگیراو لە توحفەی ناسری.



بە درێژایی لێدانی دەفە و زیکر بەم لەحنە ئاهەنگینە دەروێشەکان سەر و ملی خۆیان لە بەراو لە سەرەخۆ و دوایە توندتر دەجولێنن کە پێی دەڵێن"زیکر"و واباوە کە سەرهەلقە رێبەری زیکرەکەی بە عۆدەیەکە "کۆریزیکری"پێ دەگوترێ، سەرهەلقە ئەو دەروێشەی کە لە زیکرەکەدا بێ وازن دەخاتە سەرزەوق و دوای ئەوەی هاتنە سەر حاڵ و شۆریان تێدا پێکهات، لەو حاڵەدا دەست دەدەنە کاری نائاسایی وەك خواردنی شووشە چراو خەنجەر لە خۆدان و زەرگ لەخۆدان، بێ ئەوەی خوێنیان لێبێ. لێرەدا هوییەیان بە پیرانی خۆیان وەك "غەوسی گەیلانی"یا"سەیدا مەرفاعی"یە بۆ ئەوەی زیانیان پێنەگا، پاش ئەم زیکرو حاڵەت گرتنە، فاتیحا دەخوێنن و ئوستاد یا خەلیفە بە کوتنی رستەی "مەستی خامۆش"یا"مەست بەسە"دەروێشەکان وەهۆش دێنێتەوە و دەیانهێنێتە سەرخۆ. نیزیك بە تەواوی دەروێشەکانی ئەو شێخانە کە زیاتر لە دێهاتدا پەراکەندەن، بە وەرگرتنی ئیزنی ئوستاد ئەو کارە نائاساییانە ئەنجام دەدەن، کەچی لەحاڵی عادیدا ناتوانن ئەم کارانە بکەن.

نووسەری کتێب زۆر کاری لە گەلێك شوێن و زۆر خانەقا بەم دەروێشانەوە دیوە کە هەرکام لەوان زۆر سەیرو سەمەرن و جێیی باوەر نایەنە بەرچاو، بەڵام هەرچی بێ خۆم دیومەو حاشا هەڵنەگرە، بۆ وینە لە کاتی لاوەتیمدا لە مەهاباد لە شوێنێك بە ناوی (تەکیەی بابا خەلیفە) کە خەڵکێکی زۆر کۆببۆوە، یەکێك لە بەرپرسی ئیدارەکان کە ئێستا ناوەکەییم لە بیر نییە وابزانم بەرپرسی پۆلیسخانە یان هی سوپا بوو، کاری ئەو دەروێشانەی بە سێحر و جادوو و چاوبەستن لە قەڵەم دابوو، ئەوەش ببووە هۆی نارەحەتیی و دڵ ئێشی دەروێشەکان، رۆژێك دواتر لە لایەن تەکیە(خانەقا)[200] لەو بەرپرسە و خەڵکی شاریان گێرابۆوە تا لەوێ ئامادەبن و بۆ کابرا مسۆگەر بکەن کە ئەو کارانەیان لە رووی ئیمان و باوەڕ بە خودا بوون و پیری تەرییقەتیانە و چاوبەست و جادوو ئەوانە نییە، من کە دەگەڵ باوکم لە شوێنێکی شیاو وەستا بووین، بە چاوی خۆم دەمدیت کە دەروێشەکان هەموو ئەو رێ و رەسمانەی کە پێشتر باسم کردبوون بەرێوەبرد و لەوکاتەدا کە حالەتیان گرتبوو، دەروێشێك شمشیری هەر ئەو ئەفسەرەی کە ئەوکات باو بوو لە قەدیان دەبەست، بە حەرەکەی توند لە کالان دەرهێناو و لەحاڵێکدا

200- لێرەدا نووسەر تەکیە و خانەقای وەك یەك داناوە، لە حاڵێکدا ئەو دوو شوێنە جیاوازن، ئەو شوێنەی جێگەی زیکرو عیبادەتیی قادریەکانە کە مریدەکانیان"دەروێش"یان پێ دەگوترێ"تەکیە"ی ناوە، ئەوەی نەقشبەندیش شوێنەکەیان"خانەقا"ی پێ دەکوترێ و مریدەکانیش سۆفین.وەرگێڕ.

كراسەكەی لەبەر خۆی دادڕی و بە شمشێرەكەی هەرچەند كە ئەو شمشێرانە زیاتر تەشریفاتی و كوول بوون، وئەوەندە تیژ نەبوو كە هاسان ببڕێ، لە پێش چاوی هەمووان بە زەحمەت زگی خۆی پێ هەڵدڕێ و مەعیدە و ریخۆڵەكانی دەركەوتن و هەڵڕژانە سەرزەوی، لەو حاڵەدا خەلیفە (بابا خەلیفە) هاتە پێش و دوای ئەوەی ئەوانەی هەڵڕژابوون هەڵیگرتنەوە و خستنیەوە ناو زكی، وێرای ئەوەی دوعای دەكرد و دەگریا، بەرماڵی بەسەرداكێشا و درێژەی بە دوعا و وێرد خوێندن كرد، دەروێشەكان كە بە گەرمەی حاڵەت گرتن گەیبوون، لە دەوری دەروێشە زگ دڕاوەكە درێژەیان بەزیكردا، هەموو خەڵكەكە سەرسام بوون و جگە لە دەنگی دەف و دەروێشان كەس فزەی لێنەدەهات، دوایە بیستمەوە كە ئەفسەرە زۆر ترساوە و لە تەكیە دەركەوتووە مەبادا ئازاری پێبگەیەنن. لە پرێك لە ناو ئەو شوورو شەوقەی دەروێشانەدا، دەروێشی ورگ دڕاو وەجووڵە كەوت و لە جێی خۆی دانیشت و دەگەڵ دەروێشەكانی تر بێ ئەوەی شوێنێك لە برین لە زگی داوەمێنێ دەستی كرد بە زیكر كردن.

یەكێ لە نووسەران دەنووسێ:[201] لە حاجی سەید تاهیری هاشمی كە خۆی لە گەورە شێخەكانی قادریە پرسیم كە ئایا ئەو كارانە چاوبەست و سێحر نییە؟ لە وڵامدا كوتی:قەت ئیشی وانییە ئەو دەروێشانەی كاری ئاوا دەكەن، پیاوگەلی نەخوێندەوارو نەزانن و ئەو كارانە لە رووی بڕوا بە خوا ئەنجامدەدەن و پێم كارێكی باش نییە و من خۆم "شێخ سەید تاهیری هاشمی"بەوە رازی نیم، بەڵام چونكە زۆر پێ دادەگرن و جەخت دەكەن، ناچار دەبم ئیزنیان پێبدەم ئەو كارانە بكەن.[202]

هەروەك لە پێشدا ئاماژەی پێدرا خانەدانی نوربەخشی بەرزنجە لە یەكەمین رەواجدەرانی تەریقەتیی قادری لە كوردستان دان.لەم برایانە (شێخ محمد و شێخ عیسا و شێخ مووسا) هەروەك كوتمان شێخ محمد كۆچی كردووە بۆ هیدایەت، شێخ عیسا لە بەرزنجە لە ناوچەی ئاغجەلەر ئیرشادی خەڵكی كردووە و هەرلەوێ كوژراوە و هەر لەوێش نێژراوە، شێخ عیسا دوای كوژرانی براكەی ژنەكەی ئەوی خوشكی حاجی شێخ خالید مورشیدی ئەو ناوچەیە بووە

201- مێژوو و جوغرافیای كوردستان، سەرەتا دوكتۆر حشمت اللەی تەبیبی ل ٨٠.

202- شێخ محمود تەنیا بۆ وەدەرنانی ئینگلیسەكان لە سلێمانی لەگەڵیان بە شەڕ نەهات، مەبەستی سەربەستیی كوردستان بوو.زۆر دوور لە سلێمانی واتە لە دەربەندی بازیان لە شەڕدا بریندار بوو بەدیل گیرا، جێ سەنگەرەكەش بە بەردەقارەمان ناوبانگی دەركردووە.



خوازتۆتەوەو دوازدە كوڕیان بووە كە لە پارێزگای سلێمانی بڵاوبوونەوە و خەریكی شێخایەتیی بوون.سەیدەكانی گوندی كونەكۆتر ئەبی عوبەیدە و ساداتی كاكەسووری و پیرحەسەنی سادات نۆدە، سەیدەكانی قەڵاگا و قرگەروو، هەموو لە عەولادانی ئەم دوازدە كوڕەن.

نادرشای ئەفشار كاتێك هێرشی كردۆتە سەر مەڵبەندی سلێمانی لە ساڵی ١١٥٦، نامەیەكی بۆ شێخ حەسەنی گڵەزەردە كە كوڕی شێخ محمدی نۆدە بوو نووسی و داوای لێكرد كە شێخ محمد بچێتە لای، بەڵام شێخ محەمەد نەچوو، پاساوی بۆ هێناوە ئامۆژگاری كرد كە لە شەڕ دەگەڵ پادشاكانی عوسمانی و هێرش بۆ سلێمانی خۆ بپارێزن.نامەی نادر شا كە بە حورمەتێكی زۆرەوە نووسرابوو ئاوای دەست پێ دەكرد:

لە من را بۆ عالمی زاناو شەریفی مەعنەوی، خاوەن ئەسڵ، خۆپارێز و خاوەنی كردەوەی باش، بە سڵاو و دروودی موخلیسانە!

ئەمڕۆ زۆر خانەدان هەن كە هێشتا لە شوێنی جۆراوجۆری كوردستان رێبەری تەریقەتیی قادریان لە عۆدەیە و خەڵكیان ئیرشاد كردووە و دەیكەن.لە خوارەوە ئاماژە بە ژمارێك لەوانە دەكەین، پێویستە بزانرێ كە رەنگی سەوز نیشانی تایبەتیی دەروێشەكانی قادرییە.

## خانەدانی شێخ محمدی نۆدهی:

١ـ حاجی كاك ئەحمەدی شێخ:كە لە شەڕەكانی رووس و عوسمانی دا(١٢٩٢ـ١٢٩٣)كۆچی، هێزێكی زۆری بە فەرماندەی شێخ سەعیدی نەوەی خۆی بە ناوی غەزا بۆ هاریكاری عوسمانییەكان نارد، كاك ئەحمەدی شێخ زیاتر لە یەكسەدو بیست ریسالەی لە زانستە جۆروجۆرەكانی وەك تەفسیرو حدیپ و فقە بە زمانی فارسی نووسیوە، لە ریزی ئەو كەسانە بوو كە زۆر بە سەختی تۆبەی دادەدا و مریدی دەگرت.

٢ـ شێخ سەعیدی كوری حاجی كاك ئەحمەدی شێخ

٣ـ شێخ محمودی حفید زادە كوری شێخ سەعید كە بۆ وەدەرنانی ئینگلیس لە سلێمانی، شەڕی دەگەڵ كردن و لە رێكەوتی٩\٦\١٩١٩ بریندا بوو بەدیل گیرا، هەرچەندە بە ئیعدام مەحكوم كرا بەڵام لە ترسی راپەرینی موریدەكانی رەوانەی هیندستان كرا، بەڵام كوردان شۆڕشیان دەست پێكرد و ئاخری ئینگلیسەكانیان ناچار كرد ئەوەی وەك حوكمرانی سلیمانی بگێرنەوە. شێخ مەحمود دەنێو خەلك دا زۆر خوشەویست بوو بە تایبەتی لە نێو عێراقدا و هەر بۆیەپێی دەڵێن شێخ مەحمودی نەمر. ٤ ـ شێخ عبدلكریم، كە مورشیدی ئێستای تەریقەتی

قادرییە و بە یازدەپشت دەگاتە حەزرەتی عبدالعظیم و بە ١٩ پشت دەگاتە حەزرەتی عەلی.

خانەدانی شەمزنیان یا شمس الدنیان: ئەو بنەماڵەی بەو دەلیلە کە کاتی خوی دانیشتووی گوندی نەهرێیە کە ناوەندی ناحیەی شەمزنیان بوو "ساداتی نەهری" یان پێ دەڵێن و لە ئەسلدا لە کوردستانی تورکیە دەژیان، شەجەرەیان دەچێتەوە سەر شێخ عبدالقادری گەیلانی (غەوسی بەغدا) کوتراوە کەدوایین کەسانیان (لە زەمانی مەلا صالح) را بوونە نەقشبەندی.[٢٠٣]

خانەدانی شێخ عەلی تالەبانی، لە مەڵبەندی کەرکوك نیشتەجێن وشێخەکانی ئەو بنەماڵە وەك شێخ محمد و شێخ عبدالرحمان زۆر بە وەج بوون، هەر وەك موریدەکانی شێخ عبدالرحمانیان بە پەنجا هەزار کەس نوسیووە.[٢٠٤]

خانەدانی شێخ نورەالدین بزمکی :کە لە "عیمادیە"ی عێراق سەر بە پارێزگای موسڵ دەژین.

خانەدانی شێخ محمد کفراوی" وەك شێخ بەهالدین کە لە ناوچەی تبلیس و وان لە کوردستانی تورکیە نیشتەجێن.[٢٠٥]

خانەدانی شێخ فەهیم ئەوراسی" وەك شێخ عبدالکریمی کوری شێخ تەها کەلە باشقەلای دەوری حەکاری دەژین.

خانەدانی "سیدی زەنبیل"، زەنبیل دێیەکی سەر بە بۆکانە و لە بەینی سەقز و بۆکان و مەهاباد دایە، ناوەندی ئەم خانەوادە ئەوێیە، لە گەورەکانیان دەتوانین سەید محەمەدی نوورانی ناو بەرین کە هەم قادری و هەم نەقشبەندی بووە.

خانەدانی شێخ بابا:لە گوندی غەوسابادی نێوان مەهاباد و بۆکان دەژین.

خانەدانی حاجی شێخ مستەفای کۆکە:لە گوندی "قزل قەڵا"لە نێوان مەهاباد و میاندوئاودا دەژین.

خانەدانی شێخ عەلی گاشێخانی، لە دەوروبەری بانە نیشتەجێن.

203- الاکراد، باسیل نیکتین، ل٢٠٠ـ٢٠٣ ئەم نووسەرە شەجەرەنامەیەکی لە ساداتی نەهری نووسیوە.

204- لەو کتێبە باشانەی کە دەکرێ زانیاری و زانستی و توێژینەوەی باش سەبارەت بە تەریقەتی قادری وەرگرین، کۆی کەسایەتییە گەورەکانی رۆژهەڵاتە، کە لە ژێر سەردێری"شێخ عبدالقادری گەیلانی یەکێك لە پیاوە پیرۆزەکانی ئیسلام، م.ا.عەینی و. ف.ژ.تیمور منیر نووسیویانە لە ١٩٣٨ لە پاریس چاپ بووە.

205- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، محەمەد رەئوف تەوەکولی، ل ٨١.



خانەدانی بەرزەنجە لە کوردستانی عێراق دەژین.

خانەدانی حاجی سەید هادی، لە ناوچەی (دۆڵاو)ن.

خانەدانی سندۆڵان، ناوەندی ئەو خانەوادەیە دێیەکە لە پشدەری کوردستانی عێراق، گەورەیان شێخ عبدالعزیزە.[٢٠٦]

پێویستە بزانین کە تەریقەتی قادری تەنیا تایبەت بە کوردستان و ئێران و دەوروبەری نییە و لە هەموو شوێنی دنیا مورید و مەنسوبیان زۆرن، بە تایبەتی لە نێو هیندوەکان کە لەوێ تەسەوف لە ئاینی بوداشدا مەوجوودە، هەربۆیە بەشی زۆر هیندوەکان زیاتر بەرەو تەسەوف وتەریقەتیی قادرین، لە وڵاتی ئەفریقای باشووردا کە لە مێژ نییە سیستمی ئاپارتایدی لێ هەڵگیراوە، بەشێکی زۆر لە هیندوەکانی کۆچەری لێدەژین....وبرایانی هیوادار"امیدوار"کە دنیاگەرد و گەشت وگوزارچی بەناوبانگی ئێرانین لە بیرەوەریەکانی سەفەر بۆ ئەفریقیای باشوور دەنووسن: کاتێك گەیشتنە "کیپ تاون"ی پایتەختی ئەفریقیای باشوور، لە لایەن خەڵکەوە بە تایبەتیی مالایی و هیندوستانییەکانی دانیشتووی ئەوێ پێشوازی گەرمیان لێکرا، کاتێك چووینە زیارەتی خەلیفەی تەریقەتیی قادری زۆرمان رێز لێگیرا و پاش راوێژکاری بە دوای ئەوەیدا ئێمە حەزمان دەکرد بەرنامەی دەروێشان ببینین، بریاریاندا ئەو بەرنامە لە سەر گڵکۆی یەکێك لە شێخەکانی سۆفیەی مالاییکە لە بەرزایی هەڵکەوتبوو لە ٦٠ کیلۆمیتری کیپ تاون بوو بەرێوەبەرن، گڵکۆی ئەو پیرە کە دووسەد ساڵ پێشتر کۆچی دوایی کردووە لە جێگایەك نێژراوە کە دەروانێتە سەر گۆلێکی زۆر جوان و ئەمرۆ زیارەتگەی موسوڵمانانی ئەفریقای باشوورە.پێش بەرێوەبردنی شانۆکە کەرەسەی پێویستی کارەکانیان وەك شیشەی چەنگال دار، سوژن بۆ لێو دوورین، خەنجەری نووك تیژ، شمشێر و چەکوچ و بەرد، هێندێك هەلقەی وەدەفەیان ئامادەکردبوو، خەلیفە کە زیاتر وەك ئاسنگەرێك دەچوو لەمیحرابێدا رۆنیشتبوو، چل و پێنج کەس لە دەروێشەکان بە شێوەیەکی کەمانی لە پێش خەلیفە دانیشتبوون.

دوای نوێژی جەماعەت لە حالێکدا بۆنی عەنبەر هەموو وڵاتی داگرتبوو، خوێندنەوەی وێرد و زیکرو دوعا دەستی پێکرد و تەپڵ ژەنێك کە زۆر ماهیر و بەتوانا بوو تەپڵەکەی کوتا، چەند دەف ژەنێکیش کە لە پێشی بوون دەستیان بە دەف لێدان کرد، هەموو شت لە سەماو شوور دابوو، دەروێشەکانی وەباژۆر خست، ئێمە لە ماوەی ساڵ ونیوێك گەڕان لە ئەفریقادا گوێمان

206- مەنزوومەی کوردی شێخی سەنعان، وەرگێڕانی قادر فەتاح قازی بە فارسی.

دەگەڵ هەموو دەنگێکی تەپڵ راهاتبوو، بەڵام ریتمی بزوێنەری ئەم جارە شتێکی تر بوو، دەنگی تەپڵی ئەوان بە پێچەوانەی دەنگی تەپڵی رەشەکانی تر، جۆرێك بوو کە دەتکوت لە گەڵ قووڵایی دەروونی مرۆڤ قسە دەکا و لە گەڵ مرۆ رازونیازی دەکرد و لەو کاتەدا کە زیکری خوایان دەکرد، ئێمەی تووشی حاڵەتێك کردبوو کە وەزعی ئاسایی بەهێزترین پاڵەوانانی تووڕەشی تێکدەدا، تەنیا ئەهلی دڵ و پیاوانی خوان کە لەم شوور و شەوق و جەزبە دەگەن.

دوای کاتژمێرێك دوو کوریژگە کە قەدوباڵایان وەك یەك بوو و بەرگی سپیان دەبەرکردبوو لەحالێکدا کە دوو زەرگی نووك تیژیان بە دەستەوە بوو، دەگەڵ دەروێشەکان لە هات و چۆ دابوون، زەرگەکانیان بە توندی لە سینگی خۆیان رۆ کرد، بێ ئەوەی دڵۆپێك خوێنیان لێ بێ، دوایەش گەورەکان هەروا کە خەریکی ئیزن وەرگرتن لە خەلیفە بوون، دوو شمشێری تیژ کە بە دەستیەوە بوو لێیان وەرگرت، لەو کاتەدا دەنگی خوێندنەوەی ئایاتی قورئان و وێرد ودوعاو زیکر بەرزتر دەبوو. ئەو شمشێرە تیژانەیان ئەوەندە توند لە باسکی رووتی خۆیان دەدا کە ژنان نەیاندەتوانی چاوی لێبکەن و رووی خۆیان وەردەگێڕا.دواتر دیتم کە نووکی ئەو دوو شمشێرەیان لە چاوی خۆیان رۆ کرد و بە هەموو هێزی خۆیان قودەرەتیان دەدایە، ئێمە کە چاوەڕوانی کوێربوونیان بووین، یەکیان رووی دەبراکەم کرد و وتی:بەو کارەی چاوەکانی ئێمە دەتوانن لە پشت شتی ترەوە ببین و شتومەك لێك جیا بکەنەوە، بە دوای کوتنی ئەم قسەیە دا دەستیکرد بە ژماردن و هەڵدانی ئەو شتانەی کە لە گیرفانی براکەم دابوون، پێشتر هیچ ئاگای لە بوونی ئەو شتانە نەبوو، بەڵێ ئەوان کارگەلێکیان کرد کە بێ بوونی ئیمانێکی بە هێز ئەنجامدانیان ناگونجێ.

یەکی تر لە حالێکدا شمشێرێکی بە دەستەوەیە، نووکی تیژی زەرگێکی لە روومەتی راستی خۆی راکرد و لە لای چەپ دەری هێناوەو لە تەختەیەکی کوتاو پاشان ئەو کابرایەیان لە زەوی بزمارکوت کرد و دەیانویست سەری ببڕن، بەڵام هەرچەند قوەتیان دەدایە کاریگەری لە سەرملی نەبوو، هەر لەو حاڵەدا راستەوەبو و تێکەڵ بەوانی دیکە بوو، لەو حاڵەدا من وا لەو دنیایەدا نوقم بووبم کە ئیمانی پێویستم لە خۆمدا هەستپێکرد و هەر ئەوەندەم دی کە کراسەکەم داکەند و زەرگێکم لە خەلیفە وەرگرت و بە هەموو هێزمەوە لە زگی خۆم راکرد، بە شێوەیەك کە جارێکیان نەمتوانی دەری بێنمەوە خەلیفە بۆی دەرکێشام دوایە بە شیشە گەلێك کە ٣٥سم درێژ بوو، لێوەکانی منی دروو، سەرەکانیشی لە گۆشتی دم و چاوم رۆکرد، کاتێك کەوتمەوە هۆش خۆم، دەتگوت لە پشت پەنجەرەیەکی دەڕوانمە دەرێ کە میلەی لە پێش دراوە.بە دەنگی



تەپڵی تەپڵچییەکە دەستم بە چەقلە سەما کرد، بەڵام چونکە جایز نەبوو ئەم شیشانە ماوەیەکی درێژ لە گۆشت و پێستی مندا بمێننەوە، لە خەلیفەم داوا کرد کە دەریان کێشێتەوە، لە پڕێك بە پێچەوانەی عادەت لە جێگەی یەکێك لە شیشەکان خوێن فیچقەی کرد، خەلیفە گوتی کوڕم دیتت ئەو ئیمانەی بۆ ئەو کارە پێویستە هێشتا لە تۆدا پێك نەهاتووە.چونکە نیگەرانیم دەربڕی وتی نیگەران مەبە و دوایە هەروا قامکی شادەی تەڕدەکرد و لە جێگەی شیشەکەی هەڵ دەسوو، خوێنەکە ویشك بوو، هەموو ئەوانە کە لە دەوروبەر بوون ودەیانروانی مات مان، ئەو کات خەلیفە لە حالێکدا دوو سەری شمشێرێکی تیژی کە تاقیمان کردبۆوە، دایە دەست من و دۆستەکەم تا بە توندی بیگرین، خۆی بە پێی پەتی چووە سەر شمشێرەکە و دەستی کرد بە هەڵپەڕ داپەڕ، بێ ئەوەی پێی ببڕێ، دوایەش کاتێك لەشی رووتی خۆی پێ هەڵدەواسی هەروەك جاری پێشوو هیچ رووی نەدا و هیچ شوێنەوارێکی لە سەر جەستەی ئەو دانەنا، کەچی ئێمە کەلەمێکی گەورەمان خستە سەر شمشێرەکە لە نێوەڕاسترا لەتی کرد، دواتر خەلیفە لە حالێکدا دەم ولەوسی خۆی دەبردە نێو ئاگرەکە، زاری کردەوە گڕی ئاگری دەبردە نێو زاری خۆی و لە سەر ئاگرەکە پیاسەی دەکرد، بێ ئەوەی هەست بە سوتانەوەیەك بکات و پێی دەگوتم، ئەی لاوی ئێرانی ئێستاش رادەی ئیمانت بە سەنگەرنمایی ئیلهام نەگەیوە، باوکانی ئێوە لە ئێران دنیایەك ئیمان بوون، من شیفتەی کەسایەتیی"مەولەوی"ئێوەم.[٢٠٧]

دیارە زۆر بیرەوەری دیکە لە کەسانی وەك "ابن بطوطە"دنیا گەردی بەناوبانگی رۆژئاوایی (١٣٠٤ـ١٣٧٨) کاونەتەوە، بۆ نموونە ئەو لە شاری واسیطي بەینی بەسرەو کوفە، بە نیازی زیارەتی ئەبوالعباس رفاعی نەوەی شێخ عبدالقادری گەیلانی و دارێژەری تەریقەتی رەفاعیە[208] لە گوندی ئوم"عوبەیدە"بوو، لە رواق تووشی گەلێك دەروێش دەبێ کە بۆ پێشوازی شێخ ئەحمەد قوچکەسی، نەوەی ابوالعباس هاتبەن، دەگێرێتەوە کە چۆن دارێکی زۆریان ئاور تێبەردابوو و دەروێشەکان لە نێو ئەو ئاگرەدا هەڵدەپەڕین و داریان بە گڕەوە لە زاری خۆ رۆ دەکرد، یا لە "ئەفغان پوور"ی سەر

207- بیرەوەریەکانی سەفەری عیسا و عبداللە امیدوار، بلاوکراوەی سالی ١٣٤٩ی هەتاوی، لاپەرەکانی٤٠٦ـ٤٢٥.

208- ئەو تەریقەتە لە میسردا پەیرەوی زۆرە و شێخ ابوالعباس بۆخۆشی لە تەنتاوی میسردا نێژراوە کە لە ١٦٢٩ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

بە دهیلی لە قەراغ چۆمی"بەندالسرور"دەروێشەکانی حەیدەری چاوپێکەوتبوو کە ئەو کارانەیان کردبوو.[٢٠٩]

بە هەرحاڵ چونکە ئامانجی ئێمە زۆر قسەکردن لەسەر کاری دەروێشان نییە و تەنیا دەمانەوێ ئاماژە بە گۆشەیەك لە کارەکانیان بکەین تا چلۆنایەتیی تەریقەتیی قادری لە کوردستان روون بێتەوە و لێرەدا کۆتایی بەم باسە دێنین.

## تەریقەتی نەقشبەندی:

پیر و مورشید و دامەزرێنەری ئەو تەریقەتە مەولانا بهالدین محەمەدی نەقشبەندی بوخارییە، کە کابرایەکی شارەزا لە زانستەکانی خوداییو پلەیەکی بەرزی بووە.ئەو لە مانگی محەرەمی **٧١٧**ی کۆچی مانگی لە گوندی"کۆشکی عاریفان" کە پێشتر کۆشکی هیندووەکان"کە هەمان کۆشکی ئەویندارى پێ دەکوترا و لە یەك فرسەخی بوخارا هەڵکەوتووە هاتۆتە دنیا.[٢١٠]

وەك لە هێندێك کتێبدا هاتووە، مەولانا بهاالدین لە ساداتی حوسێنییە[211]و رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر ئیمام جەعفەری سادق، باوکی بە "بابە ساحێبی سەرمەست"بە ناوبانگ بووە کە ئەویش وەك باوکی خۆی موریدی خواجە محەمەدی بابە سەماسی لە شێخەکانی سۆفیانی خواجەکان بوەکاتی لە دایك بوونی مەولانا بهالدین محمد، خواجە محەمەد بابە سەماسی گەورەیی دەگەڵ کرد و بە کوڕی خۆی قبوولکرد و کوتی:ئەو رۆڵەی ئێمەیە و دەبێتە قوتبی زەمان.[٢١٢]

مەولانا بەهالدین ماوەیەکی زۆر لە خزمەت بابە سەماسی فەیزی دابوو و دوایە لە لای"ئەمیر کەلال"ی جێگری بابا سەماسیدا خوێندی و هەتا ژیا هەردەم خەریکی بردنە سەری رادەی زانیاری و کەڵك وەرگرتن لە زانستی ئەو بوو، ماوەیەکی درێژیش(نیزیك١٢ساڵ) لە خزمەت سولتان خەلیل دابوو، دوای لێکەوتنی ئەو چووە گوندی(زوارتون)ی بوخارا[213-214] و تا لە سالی **٧٩١**ی کۆچی

209- سەفەرنامەی ابن بطوطە، وەرگێرانی محمد علی موحد، ل ١٥٧ـ١٧٣.

210- مێژووی سلێمانی، محەمەدئەمین زەکی. ل٢١٥.

211- کتێبەکانی وەك روضة الاسلام، نووسینی شرف الدین محەمەد نەقشبەندی و خرینە الاصفیاو و کتێبی "قدیسە"نووسینی خواجە محمد ئەحمەد تاهیری عێراقی.

212- قودسیە، نوسینی خواجە محەمەد احمەد تاهیری عێراقی، ل٤ کە لە "انیس الطالبین"ی وەرگرتووە.

213- ابن بطوطە سولتان خەلیل بە سولتانێکی خاوەن دەسەڵات لـە سەمەرقەند دەنووسێ و دەڵێ ٧٤٧ی کۆچی مانگی لە لایەن دژەکانی لێخراو مێژووی سلێمانی٢١٧٥.



مانگی کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان هەر لە "کۆشکی عاریفان"دا بەخاك سپارد و مادە تاریخەکەش هەربوو بە "کۆشکی عاریفان"

رفت شاه نقشبند، آن خواجه دنیاودین  آنکه بودی شاهراه دین ودولت وملتش
ئەو خواجەی دنیاودین، شای نەقشبەند کۆچی کرد کە شارێی دین و دەولەتی گەلەکەی بوو
مسکن ماوای او چون بود"قصر عارفان" "عارفان"هم زین سبب آمد حساب رحلتش
چونکە جێگەی ئەو کۆشکی عارفان بوو بۆیە هەر کۆشکی عارفانیش بوو بە رێکەوتی کۆچەکەی

لە سەر دەلیلی هەڵبژاردنی وشەی نەقشبەند، روایاتی جۆراوجۆر هەیە، وەك ئەوە چونکو مەولانا بهالدین لە زیکروهێنانی ناوی الله دا زۆری زیادەرۆیی دەکرد، دەتکوت لە دڵیدا نەقشی بەستبوو:

ای برادر درطریق نقشبند ذکر حق را در دل خود نقشبند[215]
برا گیان لە تەریقەتی نەقشبەندیدا زیکری خوای لە دڵتدا بکە نەخش

بەڵام ئەوەی کە زیاتر وەراست دەچێ ئەوەیە کە لەو زەماندا کەسانێك هەبوون کە لەسەر پارچە نەخش و نیگاریان دەکێشا و ئەو نەخشانەیان بە زێرکفت کاری و رەنگ کاری دەرازاندەوە، بەو کەسانەیان دەکوت نەقشبەند، نووسەری کتێب هەروەك بڕوای وایە بە گریمانێکی بە هێزەوە خۆی یا بنەماڵەکەی دەبێ ئەو کارەیان کردبێ، لە ئاکامدا بە نەقشبەندی ناوبانگیان دەرکردووە، هەروەك کەسانێکی وەك غیاث الدین نەقشبەندی یەزدی یا سیف الدین محمودی نەقشبەندی و قوتب الدین نەقشبەندی یەزدی هەبوون، چونکە ئەو کارەیان کردووە بەو ناوبانگە ناسراون.

مەولانا بهاالدینی بە پیاوێکی هێدی و هێمن تاریف دەکەن، هەر بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندییە بە پێچەوانەی بابە سەماسی و ئەوانی تر کە زیکری"لاالەالاالله"یان بە دەنگی بەرز کردووە، ئەو بڕوای وابووە کە تەریقەتی "شێخ علاوالدولە ی گوجدوانی" باشترە کە بەلەسەرخۆیی ئەو زیکرانەی کردووە و بۆ کەڵك وەرگرتن لەو رەوشتەش لە بەڵگەی ئیمامی شافیعی کە لە کتێبی"ئالام"داهاتووە کەڵکی وەرگرتووە، ئەویش لە سەر بنەمای فەرمایشی خوای گەورە کە لە ئایەی پیرۆزی"و لا تجهر بصلاتك و لا تخافت بهاو اتبع بین **ذلك** سبیلا"[٢١٦] بە مانای، وانوێژ بخوێنە کە دەنگت نەبەرز بێ و نە نزم بەڵکو نێونجی بێ باشە.

214- کتێبی قودسیە ل ٤٤.

215- تحفە ناسری، مەقالەی پێنجەم، دکتر حشمت الله طیبی.

216- آیە شریفە ١١٠ لە سورەی موبارەکی کهف.

محمد رەئوف تەوەکولی[217] حەدیسگەلێك لەو مایەدا لە کتێبی"مێژووی تەسەوف لە کوردستان"دەگێڕێتەوە:

کنامع النبی (ص) **فکناذا** اشرفنا علی واد هللنا و کبرنا وارتفعت اصواتنا، فقال النبی (ص) یا ایها الناس اربعو علی انفسکم فانکم لاتدعون اصما و لا غائب **انه** حکیم، سمیع، قریب..."بەو مانایە کە دە خزمەت پێغەمبەر دابووین، کاتێك کەوتینە رووکاری خرێك تەلیلە و تەکبیرمان دەست پێکرد، پێغەمبەر فەرمووی خەڵکینە بە سەر نەفسی خۆتاندا زاڵبن، هێدی بن ئێوە هاواری کەسێکی کەڕ یا دوور و غایب ناکەن، چونکە خوا زانا و گوێ سووك و نیزیکە.

مەولانا بهاالدین محمد لە کاتی لاوەتیدا(١٧ـ١٨) ساڵیدا ژنی هێنا و تەنیا کوڕێکی هەبووە، هێندێك دەگێڕنەوە کە شێخ دوای لە دایك بوونی تەنیا کوری، بێ ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدا وەك خوشکێك دەگەڵیێ ژیاوە و هۆی ئەوەش کە تەنیا ئەو کوڕەی بووە هەر ئەوەیە.[٢١٨]

ماکەی تەریقەتی نەقشبەندی هەروەك مەولانا بۆخۆی کوتویەتیی، پەیرەو کردنی حەزرەتی رەسولی ئەکرەم(ص)و ئیقتدا کردن بە ئاسەواری سەحابە رێزدارەکانە ئەو بۆخۆی بەو تەریقەتەی کوتوە"عروة الوثقی".لەم تەریقەتەدا کردەوەیەکی کەم دەرگای زۆرت لێ دەکاتەوە بەڵام بەرچاوگرتن و بەرێوەبردنی سونەت کارێکی گەورەیە، هەرکەس روو لەو رێگەیەی ئێمە وەرگێڕێ دینی لە مەترسی دەکەوێ، لە سەر ئەم تەریقەتە کەسانێکی پایە بەرز قسەیان کردووە، کە بە بەشێك لەوانە ئاماژە دەکەین:

شێخ عبدالەدەهلەوی دەڵێ: دەسکەوتی ئەو تەریقەتە شەریفە، دەوامی ئامادەیی و زانیارییە سەبارەت بە زاتی خوای گەورە و پابەند بوون بە بڕوای راست و تەواوی ئەهلی سونەت و جەماعەت و پەیرەوانی سونەتی نەبەوی[219] لەم روانگە وادەردەکەوێ کە رێ رەوانی تەریقەتی نەقشبەندی زۆر پابەند بە حوکم و فەرمانەکانی شەرعی پیرۆزە نەبەوی و هەروەها گەورەیی مرۆڤ بوون و ئامال دەوێش بە واتای هەژاری و ساکاریی بوون، هەروەك عبدالرحمن حاجی لە بابەت نەقشبەندییەوە دەڵێ:

نقشبند عجب قافله سالارانند که برند از ره پنهان به حرم قافله را

نەقشبەندییەکان سەرقافڵە گەلێکن کە لە رێگەی نهێنییەوە قافلە دەگەیەننە هەرەم

217- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، ل ١٠٣وەرگیراو لە مێژووی سلێمانی ل ٢١٦.

218- مێژوو و جوغرافیای کوردستان، بە شەرحی دکتۆر حشمت الله تەبیبی ل ٦١.

219- تحفه ناسری، له الضاح الطریقة لە قودسیە، ل ٥١.



از دل سالك ره جاذبه صحبتشان می برد وسوسه خلوت و فکر چله را[220]

خۆشی و سەرنجراکێش و وتەکانیان وەسواسی خەلوەت و کری چلە لە بیر دەباتەوە

خواجە علاالدین عەتار دەڵێ:تەریقەتی حەزرەتی خواجەی ئێمە ئیختیار کردنی هەژاری و برِین لە دنیاو وازهێنان لە هەواو هەوەس و ماڵ بوو، هەروەها نەفسی پیرۆزی ئەو بۆ بەسبووتی هەژاری و خۆشەویستی هەژاران بوو.[٢٢١]

عبدالرحمن حاجی، تەریقەتی بهالدین نەقشبەندی بروای ئەهلی سوننە و جەماعەتە بۆ بەرێوەبردنی حوکمەکانی شەریعەت.[٢٢٢]

لە سەر یازدە وشەی فارسی دامەزراوە کە لە دەقەکانی عەرەبی و تورکیشدا هەر بەم شێوەیە لەکار هێندراوە، ئەویش ئەوانەن هۆشیاری بە وەخت، چاولێکردنی بەرپێ، سەفەر لە نیشتماندا، خەلوەت و دووری لە جەمع و کۆ، بیرهێنانەوە، گەڕانەوە، خۆپارێزی، بەزەیی ئەسپاردن، وقوف عددی، ئاگاداری زەمانی، ئاگادار بە دڵ دەڵێن:

هەشت وشەی ئەوەڵێ هی خواجە عبدالخالق عجدوانییە و سێ وشەی دواتریش هی خواجە بهاالدین نەقشبەندین.[٢٢٣] لە تەریقەتی نەقشبەندیدا بێجگە لەو ئوسولانەی لە مەکتەبەکانی دیکەدا هەن، راهێنانی دیکەش هەن کە بە دوو شێوەی"راهێنانی جەستەیی"و"راهێنانی روحی و نەفسی"ناونراون، پەروەردەی جەستەیی ئەو کاتە کە مورشید لای شێخی گەورەی زەمانی خۆی خەریکی وەرگرتنی فەیزە و لە ***بواری نەفسییەوە*** بەو شێخەوە دەبەسرێتەوە، بەڵام لە پەروەردەی روحیدا مورشید بێ لە بەرچاوگرتنی کات وشوێن خۆی نوقمی ئەندێشەی یەکێك لە گەورە گەورەکانی تەسەوف یا ئاینی دەکا، هەروەك مەولانا بهاالدین نەقشبەندی لە بواری رەوانیدا لە ژێر کاریگەری خواجە عبدالخالق عجدوانیدا بوو، لە عەینی کاتدا کاریگەری ئەو سۆفی و عارفە میانەرۆیەی بوو، تەریقەتی نەقشبەندی دامەزراند.[٢٢٤-225]

مشایخی تەریقەتی نەقشبەندی سەندی تەریقەتی خۆیان لە سێ رێگەوە بە پێغەمبەری خوا، حەزرەتی محمد دەگەیەنن، بە شێوەیەك کە بهاالدین نەقشبەندی لە لایەك بە هۆی سەلمانی فارسی

220- چلە بە مەبەستی چل رۆژەی سلوکە و پاك کرانەوەی نەفس و دەروونە.

221- قدسیە لە انیس المطالبین دەگێڕێتەوە ل ٥١


222- نفحات الانس ل ٦١٢

223- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم وشانە لە کتێبی"قودسیە"ل ٥٥ بەدوا بخوێنەوە

224- قودسیەی خواجە محمد ل٣ بەرگی یەکەم ل ٩٥

225- رشحاه عین الحیوه نووسینی علی بن حسین، بە هیممەتی ئەصغر اهنیان

ڕەچەڵەك دەباتەوە سەر ئەبووبەکری سەدیق لەوێرا بۆ پێغەمبەر(ص)[٢٢٦] و لە دوو ڕێگەی تریشەوە بە هـۆی حـەزرەتی حـسێن کـوری علـی و حەسـەنی بەسـری بـە حـەزرەتی عـەلی و لـەوێرا بـە پێغەمبەر(ص)دەگەیەنێ بە کەڵك وەرگرتن لە ریسالەی خەتی"مراه الحق" نووسـینی سـەید محمـد تاهیری هاشمی کە خۆی لە شێخانی تەریقەتی قادرییە، کە لە ژێرەوە دەیبینین.[٢٢٧]




نیشانەی دیاری دەروێشەکانی نەقشبەندی، عەبایەکی زەردو بۆرە کە دەیکەنە بەریان.

226- وەرگیراو لە تحفەی ناصری و سەرەتای دکتۆر حشمت الله تەبیبی.

227- فـون هـامر، مێـژووی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی(سلـسله الـذهب)یـا زنجـیرەی زێـڕین و کتـێبی وامـبری vambery لە ژێر سەردێری"اخلاق و اداب مشرق زمین"چاپی ١٨٧٦ برلین.



هەروەك ئاماژەی پێکرا شوێنی لە دایکبوونی مەولانا بهاوالدین نەقشبەندی خاکی بوخـارا بوو، بۆیەشە ئەو مەکتەبە لەپێشدا لەوێ بڵاو بۆوەو دوایە لە شارە جۆراوجۆرەکانی خوراسـان و پاشانیش لە ماوراالنهرو مەڵبەندو هەرێمەکانیتر برەوی سەند. ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیـە کە هەر لە مەولانا خۆیڕا هەتا هەموو جێنشین و خەلیفەکانی لە ڕێگـەی کـارکردنی خۆیانـەوە ژیانیان دابـین دەبـوو، تەنانـەت دەڵـێن مـەولانا نـە ملّکـی هـەبوەو نـە خزمـەتکارو دەسـت و پێوەندی[(١)] بەڵام دوایە چینی خاوەن ئیمتیازو ئەمیرو دەرەبەگ هاتوونـە نێـو ئـەو تایفـەو، لـە سەدەی نۆهەمی کۆچی مانگی بەدوا توانایەکی وەدەستهێناوە و خۆیـان لـە زۆر پێـشهاتەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو شەڕو شووڕەکان وەردەدا.

## تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا:

بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیا و سووریا ئاکامی تێکۆشانی عارفی گەورەو سۆفی بەناوبانگ"چیاوالدین ابوالبها و مەولانا خالید ذوالجناحین"ە ئەم ڕێزدارە لە ساڵی ١١٩٧و بە قەولیك١١٩٣ی کۆچی لە گوندی قەرەداغ سەر بە سلێمانی لە دایك بووە[228] باوکی احمد حسینی یا احمد ابن حسێنی[229] لە کوڕانی پیر میکایلی شەش قامك (شەشە) لە تایفەی جافە و دایکیشی لە تۆرەمی سەید محمد زاهید، ناسراو بە "پیرخضرشاهۆیی" دەنووسن.[٢٣٠]

مەولانا خالید خویندنی خۆی لە لای باوکی و زانایانی ئایینیتر وەك سەید عبدالرحیم بەرزەنجی و سەیدعبدالکریم بەرزەنجیو مەلاسالح نژمار و شێخ محمدقەسیم سنەیی تەواو کردوە، دوایە لە شاری سولەیمانی خەریکی دەرس کوتنەوە بووە.

واسیلی نیکتین لە زمان ماموستای دەرسی کوردی خۆیەوە دەڵێ، مەلا سەعید دەگێڕێتەوە کە شیخ خالید شەوێك شێخ عبدالله دەهلەوی عارفی ناودار لە خەودا دەبینی کە داوای لی دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانج و حاسڵبوونی مرادی دەڵی خۆی بچێتە زیارەتی ماڵی خواو زیاد

٢٢٨- خلاصه الکردو کوردستان محمد امین زەکی بەگ لە بەرگی هەوەڵ ل٣٦٩ سـاڵی ١١٩٧و نوسـراوی تـری ئەو کتێبی تاریخ السلیمانیه لە لاپەڕەی ٢٢٥ ساڵی ١١٩٣ی کۆچی مانگیدا نووسیویەتی.

٢٢٩- گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٣-٦ چا ١٩٤٢ی زایینی لە بەغدا بەقەڵەمی مەلا موحسین.

٢٣٠- مێژووی ناوداری کورد ل ٢٩٧ .

دەکاو دەڵێ لەوێ دەروێشێکی وەك من دەبینی کە لیباسی خۆی دەدۆزی، بە پەلە پچۆ لای داوێنی عەباکەی ماچ کە، ئەو تۆ بە مرادی خۆ دەگەێنی.[231]

شێخ خالید خەونەکەی لە بیردەچێتەوە و دواتر کە دەچێتە مەککە دەروێشێك بەو سەرو سیمایەوە دەبینی لە حالێکدا کە لە بەر چاوی خەڵك خەریکی خۆدۆزینە، لێی تووڕە دەبێ، بەڵام دەروێشەکە زۆر بە لە سەرخۆیی دەڵێ، چما خەونەکەت لە بیر چۆتەوە؟ بۆ گەیشتن بە پلەی بەرزت لێرەوە پچۆ بۆ دێهلی. شێخ خالید سەری سوڕ دەمێنی، دەگەڕێتەوە سلێمانی و لە وێڕا دەچێتە دێهلیو لە ڕێگەدا سەیدعبدالله شەمزینان کە پێشتر باسمان کردووە لە ئامانجی شێخ خالید ئاگادار دەبی، دەگەڵی دەکەوی و بەرەو دێهلی دەڕۆن.

بەم شێوەش باسی ئەو هاوسەفەرییە دەکەن، کە لە پێشدا سەید عبدالله هەوڵیدا کە نەهێڵی شێخ خالید پچێتە هیند، بەڵام دوای ئەوەی خەونەکەی بۆ گێڕاوە و وتی ئەو کات کە لە مەدینە بووم شیعرێکم لە وەسفی پێغەمبەردا گوتووە و خویندمەوە، لەو حاڵەدا لە مەرقەدی بەشکۆی حەزرەتی رەسوڵەوە، دەنگێك بە گوێم گەیشت و کوتی بۆ دیتنەوەی مورشیدی راستی پچۆ هیندوستان، بۆیە دەگەڵی کەوت و چووە هیندوستانی.

شیعرەکەی مەولاناخالید لە تاریفی پێغەمبەری ئەکرەم حەزرەتی محمد بەم شێوە دەست پیدەکا:

سرور عالم، من دلداده حیران تواموالهو سرگشته سودای هجران توام
سەروەری دنیا، منی دڵ دۆراو حەیرانی تۆم دڵدارو پەرێشانی سەودای تۆم
شاه تخت قاب قوسینی تو، من کمتر گداکه بود یارای آن کویم که مهمان توام
تۆ شای سەر تەختی و من کەمترین سوالکەرم کوا دەتوانم یاری گەڕەکی ئێوە بم، من میوانم
دیگران بهر طواف کعبة میآیندو منکو به کو افتاده کوەو بیابان توام
خەڵك بۆ تەوافی کەعبە دێن و من کۆبەکۆ کەوتوومە شوێنت و لە کێوو سەحرات دەگەڕێم
دوش در خوابم نهادند افسرشا پی به پسر گوئیا پای مینهد بر فرق، دربان توام[232]
دوی شەو لە خەودا تاجی شایان نا سەرم وابزانە دەرکەوانی تۆمو پێت لە بان سەرمە

بەهەرحال مەولانا خالید لە ڕێی تاران و خۆراسان و هیندوستان و لە مەشەدی شیعرێکی بە هێز بۆ ئیمام رەزا دەڵێ کە ئاوا دەست پێ دەکا:

٢٣١- مێژووی کوردو کوردستان، واسیلی نیکتین لاپەرەکانی ٤٥١و٤٥٢.

٢٣٢- مێژووی تەسەوف لە کوردستاندا محمدرئوف توکلی ل ١٠٥.



این بارگاه کیست که ازعــرش برتر استو زنور گنــبدش همه عـــالم منور است
ئەوە بارەگای کێیە کە لە عەرش بەرزترەلە نووری گومبەزەکەی هەموو دنیا رووناکە
برگرد حاجیا به سوی شهــــــدش دوانکانجــا توقفی نه چو صــد حج اکبر است
ئەی حاجی بە غار وەگەری بۆ شوێنی شەهید بوونێکە راوەستانێك لەوێ بە سەت حەجی ئەکبەر نابی
پیکی فرست بهر من بینوا به هند پیش کسی که خاك درش مشكو عنبر است[233]
قاسیدێك بۆ خاتری منی بێ نەوا بنێرە هیندبۆ دەرگای کەسێك کە خاکی دەرگای مەسیك و عەنبەرە

بەهەرحال کاتێك مەولاناخالید گەیشتە دیهلی، چۆ خزمەت شا عبدالله دەهلەوی پیری تەریقەت و لە خزمەتیدا خەریکی عیبادەت و ریازەت بوو.دوای وەرگرتنی ئیزنی ئیرشاد گەڕاوە شاری سنەو دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندییە، خەڵکێکی زۆر یەك لەوان مامۆستاکەی شیخ محمدقەسیم ڕێگەی وی گرتە بەر.

شێخ خالید پاش ماوەیەك لە سنەرا بەرەو سلیمانی رۆیشت(١٢٢٦ی کۆچی مانگی بەرانبەر بە ١٨١١ی زایینی [234]لە سلیمانی کەوتە بەر رق و تووڕەیی شێخانی قادری یەك لەوان شێخ مارفی نودهێ و مەلا محمدی باڵەکان، وا دیار بوو پلە و پایەی خۆیان بەبوونی ئەو لە مەترسیدا دەدی، ئەم تووڕەییە گەیشتە جێگەیەك کە پێیانکوت"خالیدی کەززاب"و ئەمیر بابانیان ئەوەندە بە دژی ئەو هاندا کە خەریك بوو بیکوژێ، بەم نێوەش ئەویان نێڵ دابوو کە ئەگەر پیاوێکی باشیش بێ کاتێك توانا و هێزی لە کوردستان پەیدا کرد بۆ تۆ جێگەی مەترسییە، ئەگەر خراپیش بێ بۆ لە نێوبردنی، دەست بردن بۆ کارێکی خراپتر واجبە.

شێخ خالید لە بەر ئەوە دەرەقەتیان نەدەهات، چونکو تەریقەتی قادری زۆر لە مێژ بوو کە لە کوردستاندا پێگەی سازکردبوو، و شێخەکانی قادری زۆر بە توانا بوون، ناچار بوو بچێتە بەغداو پەنا بەرێتە بەر داود پاشای والی بەغدا. داود پاشا داکۆکی لێ کرد و مەدرەسەی "الاحسائیە"ی بۆ تەعمیر کرد و ناوی نا "تەکیەی خالیدیە"و بۆ دەرس کوتنەوە خستییە ئیختیار مەولانا.

هەرچەند دواتر لە سەر گێڕانەوەی محمود پاشا حاکمی بابان لە سلێمانی گەڕاوە ئەو شارە بەڵام هەستی بەوە کرد کە پێرەوانی تەریقەتی قادری واز لە غەرەزو دوژمنایەتێ ناهێنن، دوای ماوەیەك شێخ مارفی نۆدهی کە بۆ خۆی پیاوێکی گۆشەنشین بوو، حاڵی بوو کە هەوڵدانی ئەو بۆ دژایەتی

٢٣٣- مێژووی تەسەوف لەکوردستاندا، محمدرئوف توکلی ل ١٠٥ .

٢٣٤- تاریخ سلیمانیه ل ٢٢٦.

شێخ خالید کارێکی نابە جێبووە لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆوەو بۆ ئەوەی دڵداری بداتەوە، نامەیەکی بۆ نووسی و لە نامەکەدا وێڕای دەربڕینی پەشیمانی لە کردەوەی خۆی، داوای لێکرد دەگەڵی ئاشت بێتەوە و بۆ ئەوەی نامەکەی کاریگەرتر بێ بە دوو کەس لە نیزیکانی خۆی واتە"مەلاحسێن قازی ناسراو بە ابن مەلاجامیو سەیدئیسماعیل بەرزەنجی"دا بۆ نارد. مەولانا خالید لە وڵامدا نامەییکی بۆ نووسیوە و لە نامەکەدا، چاوپۆشی لەکارەکانی رابردووی ئەو کرد، و لێی خۆشبوو، بەم شێوە رێککەوتن.

ماوەیەك دواتر، خەڵکی شام تکایان لە مەولانا خالید کردکە سەفەریان بۆلا بکاو ئەویش قبوولی کرد و لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی گەیشتەدیمشق، پاشان چووە فەلەستین و لە مسجدالاقصی زیارەتی کرد. ماوەیەك دواتر بۆ جاری دووهەم چۆوە زیارەتی ماڵی خوا، لە گەڕانەوە بۆ شام لە ساڵحیەی سەربە دیمشق شەوی هەینی ٢٨ی شەوالی ١٢٤٦ بە نەخۆشی تاعوون وەفاتی کردو هەر لەوێش بە خاك ئەسپێردرا کە ئەمڕۆ زیارەتگای ئەویندارانی رێگاکەیەتی. نووسەری کتیبی"الشیخ معروف نۆدهی" ئەم رێکەوتەی ١٤ی ذیقعدەی١٣٤٢و مادەی تاریخی وەفاتیشی "مغرب" نووسیوە.[٢٣٥]

دوای کۆچی دوایی مەولانا خالید ناوەندی تەریقەتی نەقشبەندی بە هەوڵ و کۆششی شاگردو مریدەکانی لە رۆژهەڵاتەوە چووە رۆژئاوا، واتە لە بوخارا را گوێزرایەوە بۆ کوردستانو لەقەبی "موشکل گوشایان" بە مەولانا بهئ الدین نەقشبەندی دامەزرێنەری تەریقەت بەخشی، هەروەك مەولانا خالیدی ذوالجناحین (دووباڵ) لە وەسفی ئەودا گوتوویە:

به بی نقشی چو کردی سر بلندشنهـــادی نـام شاه نقشبنـــدش
زبس از وی گره از کـــــار واشدخگابش خواجه موشکل گشا شد[236]

مەولانا خالید مرۆیەکی زاناو شاعیرێکی پایەبەرز بووە و نووسراوە و شوێنەواری زۆری بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی هەیە کە دەتوانین تەعلیقاتێك لەسەر "خیاڵیوعبدالحکیم خیالی لە زانستی کلام العقدا الجوهری" شەرحێك لە سەر"مەقاماتی حەریری" بە زمانی فارسی، شەرحێك لە سەر"اطباق الذهب" بەزمانی فارسی، جلاو الاکدار والسیف البتار، الساور المسجدیه

٢٣٥- مێژووی تەسەوف لە کوردستاندا.

٢٣٦- مقالەی پێنجەم دوکتۆر حشمت الله تەیبی لە مێژوو جوغرافیای کوردستان ل ٦٦.



فی المأثر الخالدیه، و "نورالهدایه" و "العرفان فی سرا الرابطه و التوجه و ختم الخواجگان"و زۆر شتیتر ناوبەرین.

بەهەرحاڵ دوای مەولاناخالید خەلیفەگەل و شێخگەلی نەقشبەندی لە هەموو شوێنی کوردستان تەکیە و خانەقایان ساز کردن و خەریکی ئێرشادی خەڵك بوون. دەڵێن مەولاناخالید چوارسەد خەلیفەی هەبووە کە گرنگترینی ئەوان، شیخ عوسمانی تەوێڵە[237]،[٢٣٨]ناسراوبە سراجالدین و شیخ محمدی تەوێڵە ناسراو بە بهاالدین کە شیعریشی بە زمانەکانی فارسی و کوردی و عەرەبی هەیە، هەروەها شیخ محمد علی حسامالدین و شێخ عوسمان سراجالدینی دووهەم دوایین مورشیدی نەقشبەندییەکان و شێخچیاوالدین مورشیدی هاوچەرخ کە لە گوندی بیارە هەڵکەوتوو لە نیزیك شارۆچکەی تەوێڵە خانەقای هەیە ناوبەرین.

بە مریدەکانی نەقشبەندی دەڵێن سۆفی، سۆفییەکان ریش ناتاشن کە پێی دەڵێن قەلەم.[٢٣٩]سۆفییەکان لە کاتی تەنگانە و توشبوونی گیروگرفت و نەخۆشی داوای هاریکاری لە رووحی پیرانی خۆیان دەکەن، پێشکەش کردنی دیاری، پارە و جەواهیر بەشێخەکان بە واجبی خۆیان دەزانن.[٢٤٠]بە زیکری سۆفییەکان دەڵێن"ختم"،ختمی ئەوان بەم شێوەیە کە لە سەر هەردوو چۆکیان بە دەوری یەکترداوە بە حەڵقە دادەنیشنو چاویان دەقوچێنن و لە مەڕ مەرگ و قیامەت و چارەنووس و سزاو قەبر و چلۆنایەتی پەنابردنە بەرخوای گەورە بیر دەکەنەوەو لە سەر ئەو بڕوایەن کە: تفکر ساعه خیر من عباده الف سنه، واتە سەعاتێك بیرکردنەوەو دە فکرەوە رۆچوون، خێری لە عیبادەتی ساڵێك زیاترە.

سۆفییەکان لە کاتی لە بیرەوەچووندا لە گەڵ مورشیدی خۆیان غەرقی بیرۆکە دەبن کە بەوە دەڵێن "رابگە= پێوەندی"، چونکو وا بیر دەکەنەوە کە مورشید دەگەڵ حەقیقەت پێوەندی هەیە و پیر هەر کەسێکی موحتاج بە ئێرشادی بزانی دڵو زەینی خۆی دەداتە ئەو و، ئامۆژگاری رووحی دەکا، بەو کارەش دەڵێن "تەوجوە"لەم حالەتەدایە کە هێندێك کات "تەوجوە" هەر کاریگەر دەبێ و سۆفی دەلەرزی و هاوار دەکا، بەوەش دەڵێن "حاڵ یان جەزبە" هەمووی ئەو کردەوانە بە تێکرا "ختم یان زیکر"ی پێدەگوترێ.

٢٣٧- تەوێڵە سەربە شاری هەڵەبجەیە لە کوردستانی عێراق، مانای ئەم وشەیە هەر "نێوچاوانە".

٢٣٨- مواهبالسرمدیه ل ٢٨١.

٢٣٩- مواهب السرمدیه ل ٢٨١.

٢٤٠- هەمان سەرچاوە.

ختم له شەوانی سیشەمۆو هەینی دەکرێ. له شەوی هەینیدا دوو ختم هەیە، له ختمی یەکەمدا سەد جار "سلاّواتی، صلی الله علی النبی محمد و اله و صحبه و سلم"و پێنج سەد جار"رباني مسني الضر وانت ارحم الراحمين" دەڵێن، دووبارە سەد جاری دی سلاّوات لێ دەدەن و پاشان فاتیحه دەخوێنن. ختمی دووهەم له پێشدا سەد جار سلاّوات و پێنج سەد جار "لاحول ولاقوه الابالله" دەڵێن دوایەش دیسان سەد سلاّوات لێ دەدەن و فاتیحه دەخوێنن و ئینجا دوای هێنانی ناوی تەواوی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بە ریز له هەوەڵەوە تا ئاخر بێ ئەوەی یەکیان له بیر بچێ، دواتریش قورئان دەخوێندرێ و پاشانیش تەلیله دەکەنو تەواو دەبێ بەڵام له شەوی سێشەمەدا ختمی یەکەم سەد سلاّوات و پینج سەد جار "رب اغفر وارحم وانت خير الراحمين" دەڵێن و پاشان سەد سلاّوات و دوایەش فاتیحەیە، ختمی دووهەمیش هەر وەك ختمی دووهەمی شەوی جومعەیە کە پێشتر باسکرا.[٢٤١]،[٢٤٢] تەریقەتی نەقشبەندی پیرو شێخی دیکەشی هەن کە دەتوانین ئاماژە بە خانەدانی نەهری لە کوردستانی تورکیە،[٢٤٣] خانەدانی شێخی بورهان لە خانەقای بورهان لە بەینی شاری مەهابادو بۆکان، خانەدانی تەوێڵە لە هەورامانی عێراق، خانەدانی شیخعبیداللە،

٢٤١- مێژووی تەسەوف لە کوردستاندا، محمد رئوف توکلیو مقالەی پێنجەم لە سەرەتای تحفەی ناسری میرزا شکراللە سنەیی ل ٦٨.

٢٤٢- لەم بارەوە تەوزیحێکی درێژتر پێویستە، بەڵام چونکو ئەم کتێبە مەبەستیتری هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لە نووسراوەکانی واسیلی نیکتین لە کتیبی "کوردەکان" بە وتەی خۆیانو بە تایبەتی لە نووسراوەی لوئی ماسینێولی فەرەنسی و کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەو بەناوی "شوور و عشق حسین بن منصور حلاج" بڕوانن.

٢٤٣- خانەدانی ساداتی نەهری لە دوای گرتنو دوایە ئیعدامکردنی شیخعبالقادرو حاجیسەید محمدی کوڕی لە تورکیە بە دەستی ئاتاتورکو دەستەکەی، لە تورکیە شیخی ئیرشادیان نەماو کۆچیان کرد بۆ عێراق، دوایەش بەشێکیان لە عێراق مانەوە و بەشێکیشیان لە ئێران و زیاتر لە ناوچەی مەرگەوەڕ مانەوە، شیخی ئیرشادیان حاجیسەید عبداللە گیلانیزادە ناسراو بە ئەفەندی بوو لە گوندی دزە دادەنیشت و ئێستاش گڵکۆی لەوییە، دوو کوڕی بە ناوەکانی سەید عەزیزگیلانیزادە سیاسەتوان و ئەفسەری ئەرتەشی عێراق بوو کە دەگەڵ باقی ئەفسەرەکانی حیزبی هیوا هاتەوە ئێران و دوایەش لە کۆماری کوردستاندا بە ڕێ کرا بۆ سۆڤیەت بۆ درێژەدانی خوێندن، دوایەش دەگەڵ مەلا مستەفا گەڕاوەو دکتۆرای لە مێژوودا هەبوو و ماوەیەك ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی بوو، کتێبێکی مێژوویشی بە ناوی....کە تێزی دکتۆرای بووە و بە زمانی رووسی نووسیویتیو دوایە کراوە بە کوردی. ئەو ئیرشادی نەکردووە، بەڵام برا چووکەی کە سەیدعبدالقادر بوو دوای بابی خەریکی ئیرشاد بوو، ئێستاش مریدو منسوومیان لە ئێران زۆرەو سەید فاروق دوای سەید عبدالقادر ئیرشاد دەکا.



خانەدانی مەلاشێخ قادر لە "چەمپاراو" سەر بە شاری بانە، خانەدانی سیری لە سیوەیل لە کوردستانی عیراق، و شیخەکانی ئاکری و زێبار و خانەدانی شێخ عبدالسلام بارزانی بکەین.[٢٤٤]

لە خانەدانی بارزانی دەتوانین لە مەلا مستەفا بارزانی رێبەری هاوچەرخی ئەم خانەدانە ناو بەرین کە زیاتر لە نیو سەدە دەگەڵ زۆرداران و دەسەڵاتی ئینگلیز و گوی لە مستەکانی[245] لە عێراقدا خەباتی کردووە و لەو ماوەدا زۆرجار رووداویشی لە ئێراندا قەوماندووە، کارەکانی ئەو لە زەمانی حکوومەتی یەك ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێبەری قازی محمد دایە. دوایەش ئەوکاتی کە محمدرەزاشا پەهلەوی دەگەڵ سەددامحوسێن رێبەری ئێستای عیراق لە کۆنفرانسی وڵاتان یئیسلامی لە الجزایر بەشدار بوون، بە نێوبژیکەری بۆمدین سەرکۆماری ئەوکاتی الجزایر لە ساڵی١٩٧٥دا ناکۆکی خۆیان لە بیر کردو رێککەوتن، حەمە رەزاشای پەهلەوی کە خۆی بە پشتیوان و رزگاردەری کوردەکان ناساندبوو، خەیانەتی بە مەلامستەفا کرد و هەموو مرید و خەباتکار و پێشمەرگەکانی ئاوارەی هەندەران کرد، ئەمڕۆش کوڕانی ئەم مرۆڤە پایە بەرزە بۆ رزگاربوونی کورد لە دەستی ئیستبداد زۆرداری سەددام حوسێنی دیکتاتۆری عیراق خەبات دەکەن.

واباشە لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەوەش زیادکەین کە لەقەبگەلی زنجیرەی نەقشبەندی لە سەدەکانی جۆراوجۆردا جیاوازی هەبووە، هەروەك حەزرەتی ئەبوبەکر تا شیخ تیفوری بن عیسی ابی یەزید (بایەزید بەستامی) "صدیقیە" بوون و لە شیخ تیفور تا خواجەکان و شیخ عبدالخالق گوجدەوانی "تیفورییەیان پی گوتراوەو لە شیخ عبدالخالق تا شیخ بهاالدین محمد اویسی بخاری بە "خواجەگانییە" بەناو بانگ بوونو لە شیخ بهاالدین تاشیخ عبیداللە(احرار) بە نەقشبەندییە مەشهوور بوون.هەروەها بە سۆفییەکانی نەقشبەندی دەڵێن "خواجەکانی عەزیزان."[٢٤٦]

٢٤٤- شێخی دیکەش زۆرن کە لێرەدا باس نەکراون بۆ نموونە خانەدانی شێخ کەماڵی کە پێشتر خەلیفەی نەهری بووە و دوایەش بۆتە شیخی ئیرشاد، کورەکەی ئەو شێخ علاالدین کە بە شیخی زینوێی گەرمێنی ناسرابوو ئێستا سەید تەهای کوڕی لە ورمێ خانەقای هەیە و دوای بابی ئیرشاد دەکا.

٢٤٥- دیارە شێخایەتی لە نێو بارزانیاندا زیاتر لە عۆدەی شێخ ئەحمەدی براگەورەی مەلا مستەفا بووە، ئێستاش شیخ خالیدی کوڕیو هەروەها شیخ ئەدهەم رەنگی شێخایەتیان پێوەیە. مەلا مستەفای نەمر قەت ئیرشادی نەکردووە زیاتر وەك زەعیم و رێبەری سیاسی و ژینراڵێکی نیزامی ناسراوە، لە باس لە سەر ئەو رێبەرە بە دەیان و سەدان مەقالەی لە سەر نووسراوە و بەڕێوەبەری درێژترینو گەورەترین شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق بووە. کۆبوونەوەی الجزایریش هی وڵاتانی ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو ئیجلاسی وڵاتانی خاوەن نەوت واتە "ئۆپێك"بووە، کەشاو سەدام لەوێ لە سەر کەوڵی کوردو لە ناو بردنی شۆڕشەکەی رێککەوتن.

٢٤٦- مێژووی ئیمپراتۆری عوسمانی، فون هامر. بەرگی هەوەڵ ل ١٣٨

## ئەهلی هەق یا علیواللەیەکان:

علیواللەیەکان یا ئەهلی هەق، پیڕەوی لە مەکتەبێك دەکەن کە بە قەولێك لە ڕێگەی ناساندنی حەزرەتی علیدا زیادەڕۆیی دەکەن و مەقامی ئەو دەگەیننە دەرەجەی خودایی، بە وتەی واسیلینیکیتین بەشێکی بەر چاو لە خەلکی کوردستان لە خۆدەگرن[247]و پەیرەوی لەم مەکتەبە دەکەن. لە ئێران تایفەکانی کەلهوڕو سنجابیو ماکەی ئەسڵی ئێلی گۆران[248]و لە ترکیەو سوریە عەلەوییەکان و لە کوردستانی عێراقیش زۆرن کە لە سەرئەو ئایینەن.

واباشە لە پێشدا بزانین کە ئەوان دەڵێن: خوای گەورە لە شێوەی بنیئادەمدا دەردەکەوی و دوایە لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکیتر دەگۆڕی و شوباری تەواو و بینوقسانی ئەو "علی"یە، کاتێك لەوە حالّی بوو،تەکلیفی لە سەر نامێنی.[٢٤٩]مەسلەکی ئەهلی حەق، پێك هاتەیەکی تێکەلاّوە لە کۆی ڕوانگە و بڕواگەلێکی تایبەت کە لە ڕاو ئەندێشەی زەردەشتی، مەسیحی، مانەوی دەگەڵ بۆچوونی فەلسەفی افراگیون (زێدە ڕۆیان) و لە ئاکامدا هەرچەن ئەوانە خۆیان بە موسلمانو شیعە دەزانن و وەك شیعان بڕوایان بە ئەئیمەی اطهار (دوازدە ئیمام) هەیە واتە شیعەی ئیمامیەن، بەلاّم حالەتێکی تایبەتیو غەیرە ئیسلامی هەیەو لەهەموو مەزهەبەکانی ئیسلام جیا دەبێتەوە.

پرۆفیسۆر مینۆرسکی ڕۆژهەلاّتناسو سەرپەرستی لێژنەی نووسەرانی "دایرە المعارفی ئیسلامی یا ئەنسکلۆپیدیای ولاّتانی ئیسلام"، دەڵێ: ئەو مەزهەبە لەسەر بنەمای بۆچوونی توندرەوانی شیعە دامەزراوە و تێکەلاّوێك لە مەزهەبی تەناسوخ و تەسەوفە کە شکلّی ئایینێکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە.[٢٥٠]

دەبێ بلّێین ئەهلی حەق چەشنە تەسەوف یا بڕوایەکی زیادە ڕۆیانەیە، بە ڕابردوویەکی مێژوویی هاوتەمەن دەگەڵ ئیسلام کە لە قبوولّکردنی حەزرەتی عەلیو پایەی ئەو دەگەڵ شیعان یەك دەگرنەوە، بەلاّم لەحالّی ئاسایی چۆتە دەرو ڕێگەی تونرۆییو ئیفراتی گرتۆتە بەر.

٢٤٧- کوردو کوردستان واسیلی نیکتین، ل ٥٠٥ وەرگیراو لە ن.مار

٢٤٨- لەبەر ئەوەی کە عێلی گۆران لەسەر ئەو ئایینەن لە کوردستاندا بە گشتی بە ئەهلی حەق دەڵێن گۆران

٢٤٩- طریق الحقایق، ملانظرعلي طالقاني بەرگی دووهەم ل ١٠٩

٢٥٠- لە وشەی ئیسلام E.Syclo pedie de Lislam- Ahl- e Haqq



پرۆفیسۆر مینۆرسکی کە لە دوو کتێبی خۆیدا[251]لە مەڕ ئەم ئایینە لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێشی خۆی باس کردووە، دەڵێ: تەنیا ئەوە نییە کە خەلیفەی چوارەم بە خوا بزانین، بەلّکو بە پێی ئوسوولی ئەم ئایینە، خوا لە حەوت جیسمدا حلولی کردووە (تەناسوخ) کە یەکێك لەوان عەلی بووە و ئەوان دەڵێن هەرکات خودا بۆ حلول لە جسمێکدا هاتۆتە سەر زەوی، چوار فریشتەی دەگەڵ بووە کەهەر کامیان ناسێنەری سفەتێکی خودایی بووە. کەوابو "وەحی ئەسرار" ناگەڕێتەوە زەمانی حەزرەتی عەلی، بەلّکو لە زەمانی "بابا خوشین Baba khoshin"و ئاغا چحاك Sohak"دا بووە.

ئەگەرچی بڕوای علیواللەیی تایبەتی قەومێك نییەو لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا هەن، دیسانیش دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە بە ناوەکانی "کەلامیسەرئەنجام" و "کەلامیخەزانە" کە بە شێوەی مەنزوومو بە ڕاوێژی کوردی "هەورامی" و "گۆران" ین.

لەتایبەتمەندی ئەهلی هەق، بڕوابوونو ئیمان بە سی ئەسڵی جێ بڕوای زەردەشتییەکانەو ئەو سییەش بریتین لە (کردەوەی باش، بیروئەندیشەی باش، وتاری باش) کە لە کتێبی "کەلامیسەرئەنجام" بە زمانی کوردی، ئەم سی ئەسڵە ئاوایان باس لێ دەکرێ. یاریچارچیون، باوەڕیو جا، پاکیو ڕاستی، نیستیوردا" بەواتەیەکیتر یاری چوار شتن، بەپاکی و ڕاستی ڕەفتاربکەن و نیستی و یاری، لێرەدا یاری بەمانای دۆستیو هاوڕییەتییەو مەبەست ئەوەیە کەئەوەی ئیمانی بە ڕێبازی ئەهلی هەق هەبێ دەبێ دیندار بێ و زیکریجەلی یەکێك لە پایەکانیەتی. مەبەست لە پاکی خۆپاراستن لەهەر چەشنە ناپاکی و ناخاوێنییە بە هەر ڕەنگێك و بەهەر شکلێك بێ، یا سادەتر بلّێین دووری لە هەر چەشنە ناپاکییەك لە وتارو کردەوەو بیرو فکر. بەلاّم مەبەست لە وشەی نیستی، خۆ دوور ڕاگرتن لە هەر تەماح و خۆشەویستییەکی دنیایی، هەروەها لە خۆبڕینو خۆلە بیرکردن تا بتوانی بگەیە مەقامی "فنا فی اللەوبە حق بگەی."[٢٥٢]

٢٥١- کەرەسەی پێویست بۆ لێکۆلینەوە لەسەر ئایینی ئەهلی حەق بە زمانی رووسی و یادداشت گەلێك لەسەر تەریقەتی ئەهلی حەق بە زمانی فەرەنسا. پاریس ١٩٢١ لە گۆڤاری R.M.M، هەروەها مقالەیەك هەر لەژێر ئەم سەردێڕەدا، لە دایرەالمعارفی ئیسلامی.

٢٥٢- بۆ ئەم بەشە لە بڕوای سۆفییە کەلّك وەرگیراوە کەشێخ عەتتار و هیتر ئاماژەیان پێکردوە و بۆ گەیشتن بە خودا دەبێ حەوت دەورە کە ببینیو وئاخریش لە مەرحەلەی حەوتەم لە خودا دا تباوێتەوە. (فنا في الله)

هفت شهر عشق را عطار گشت     ما هنوز اندر خم يك كوچەایم   (مەولەوی)

شێخ عەتتار حەوت شاری ئەوینی کرد     ئێمە هێشتا هەر لە خوارەکەی کۆلاّنێك داین.

بەڵام هەروەك گوتمان ئەهلی هەق یا علیواللهی بە تەناسوخ واتە حلوولی رەوان لە مردوویەکەوە بۆ زیندوویەك بڕوایان هەیە، مستۆگەریشە کە ئەوەیان لە هیندوەکان وەرگرتووەو بە باوەڕی ئەوان ئافراندن لە پێنج وەجبە جیبەجی بووە، بەم شێوە کە خودا لە گەڵ حەوت فرشتەکان هاتۆتە سەرشکلی بنی ئادەم و هاتۆتە خوارێ، لە جاری یەکەم خودا بە "دوون[253]"یا دەرکەوتووە، لە دەوری دووهەمدا بە شکلی علی هاتۆتەدەر، دوایە لە سەر شێوەی "شاە خۆشین"، دەوری چوارم بە شکلی "بابانادووس"و ئاخریش بە فۆرمی "سولتان ئیسحاق" ناسراوە بە "خاوەنکەرەم" هاتۆتە خوار بەو حاڵەتە واتە حلوولی رووحی لە گیانێك دەڵێن "دونادوون."

سەرنجدان بەم و تانەی سەرەوە، دەورەکانی پێنجینەی حلوول بریتییە لە: دەورەی ئافراندن، دەورەی علی، دەورەی لورستانی یا شاخوشین کە دەگەڵ ئاخریەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی دەخوێنیتەوە، دەورەی سرکەت و ئاخریەکەش دەورەی "پردیوری" کە دەگەڵ سەدەی حەوتەمی کۆچی هاوزەمانە.[٢٥٤] بەڵام یەکەمین حلوول یا تجلی تەواو کەماڵی زاتی پەروەردگار تجلی بە علییە و دوای حەزرەتی عەلی تجلی تەواوی زاتی خوا لە سولتان ئیسحاق دایە، هەر لەبەر ئەوە علیو سوڵتان ئیسحاق لە روانگەی ئەهلی حەق بەرانبەرو یەکسانن و سولتان ئیسحاقدوون یا مەزهەر حەزرەتی علییە.[٢٥٥]و ئەم سولتان ئیسحاق "ی کوری شێخ عیسا بەرزەنجییە" کە لە ساداتی بەرزەنجە بووە.[٢٥٦]ئەوەش خۆی یەکێك لە دەلیلەکانی کوردی بوونی ئەم بیرو باوەرەیە، چونکو دەستگرتن بە خانەدانێکی کورد(بەرزەنجە) دەتوانی لە ئەسڵدا کورد بێ. رێز و پلەباڵای سوڵتان ئیسحاق لە پێکهێنانی ئەو رەوشت و نیزامەیە کەبە ئەهلی هەقی بەخشیوە و ئەوانی کە تا زەمانی ئەو بڵاو و بێ سەر و سامان بوون، لە دەوری یەکی کۆ کردونەوە و ئەم ئایینەی پەرە پێداوە. دامەزراندنی خانەدانی حەقیقەت و رێ و رەسمی پی سپاردن و "چون سر شکستن"و "هەڵبژاردنی پیرو رێنوێن"و ئەرکەکانی ئەوان و پێکهێنانی خانەقا کە بۆ خۆیان "جەم خانە"ی پیدەڵێن،

٢٥٣- دوون بە مانای مەزهەرە

٢٥٤- پیترو شخسكي نووسەری کتێبی ئیسلام لە ئێراندا، ئەم حاڵەتی حلوولە بە "صدوریا فیضان" متواتری خوای گەورە ناودەبا ل ٣٢٦

٢٥٥- غەلاتی شیعە، دوکتۆر گوڵشەن ئیبراهیمی ل ٢٦٩

٢٥٦- مەقالەی ئەهلی هەق و مەقالەی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی بیرو باوەری ئەهلی هەق، لە دوکتۆر حشمتالله طبیبي، لە گۆڤاری لێکۆلینەوەکانی مێژوویی ساڵی حەوتەم، ژمارە ٥و دە گۆڤاری وەحیدی لە ژمارەکانی ٩ تا ١٢دا چاپکراوە.



هەروەها "رۆژووی سیرۆژە"و "قوربانیو خزمەت"و "نەزرو نیاز" لەم یاساو رێسا گەلەن کە بە هۆی سولتان ئیسحاق بەپەیرەوانی ئەم ئایینە راگەیەندراوە و دوای ئەوەش هەتا ئەمڕۆ هەر بەو شێوە درێژەی هەیە.[٢٥٧_٢٥٨]

علیواللهییەکان سەبارەت بە تەناسوخ روانگەگەلێکیان هەیە کە بە کورتی دەتوانین ئاوای باس بکەین: مرۆڤ دوای مردن بە پەلە. رووحەکەی دەچێتە ناو جەستەیەکی وەكخۆی، بە شیوەیەك کە ئەگەر ئەوەی دەمرێ پیاوێکی باش و خێرخواز بێ، رووحەکەشی بۆ کەسێکی ئاوادەبێ و ئەگەر بە پێچەوانەش کابرا خراپ بێ رووحەکەشی دەچی بۆ ناو جەستەیەکی خراپ.لە کتێبی الملل و النحلدا هاتووە کە هیچ دەرەجە و پلەیەك لە هی پێغەمبەر یا بە واتەیەك لە هی مەلایکەتان بەرزتر نییەو، هیچ پایەکیش خوارتر لەهی "درکە حیە"یا "دەرکەی شەیتان" نییە.[٢٥٩] هەروەها دەڵێن: لە زاتی بنی ئادەمدا زەڕڕەیەك لە زاتی خوا وجوودی هەیە، ڤهوری رەبانی لە ڤهوری جیسمانیدا-کە هەمووکات لە لای پاکان و گەوران لە سەیر و گەڕان دایە-مظهر بە مظهر، ئەگەرجەستە، جەستەیەکی تەواو بی، خوا لەویدا تەجەلی دەکا، هەر وەکو هەق و هەقیقەت لە عەلیدا تجلی کردووە و علی بە شیوەیەکی رێكو دووپاتو چەند پات نە تەنیا لە ئادەمو نووحو ئیبراهیمو موسا و عیسا و محمددا تجسمی کردووە یا خۆی دیوەتەوە، بەڵکو لە وجوودی هەموو ئەنبیاو ئیمامانداا حلوول کردووە.[٢٦٠]

حلوولی رووح وێرای شکڵی یەك لە دوای یەك یا حەوت فرشتەی موقەررەب لە جەستەی خاکیدا جێبە جێ دەبێ و ئەو حلوولە وەك جلو بەرگ پۆشین وایە کە پێی دەڵێن "جامە یا دوون". رێبوارانی ئەم ریگایە بڕوایان بە گەڕانەوەی رووحیش هەیەو ئێژن خاوەنی رووحێك کە سەفا و راستی تێدا بێ دەتوانێ رەجا بکا کە رووحی ئەو بە شێوەیەکی تەواوتر بگەڕێتەوە سەر ئەم دنیایە، ئەگەر خوا راست بێنی، ئامادەبوونەوەی ئەو لە دنیادا دەگونجێ و بۆ ئەم کارە چوار فرشتەی موقەررەب - جبرئیل، میکائیل، عزرائیلو اسرافیل - لە روخساری چوار دەروێشدا کۆدەبنەوەو دوای ظهور بڵاو دەبن. علی تجلیو مڤهری تەواو و کەماڵی زاتیخودایەو ئەوە کە لە هەردەورو زەمانێکدا لە جەستەی پاکانو پیرۆزەکانی ئەهلی هەقدا خۆ دەنوێنی.

٢٥٧- مەقالەی ئەهلی هەق لە هەمان نووسەرو گۆڤار، کە ئەم رێ و رەسمەی بە درێژی لە ژمارە ١١دا شەرح داوە.

٢٥٨- الملل و النحل شارستانی ل ٢٠٠.

٢٥٩- درکە هەمان دەرکە یا دەرگای کوردییە.

٢٦٠- ئیسلام لە ئێراندا لە پیتروشفسکی. ل ٣٢٦

ئەهلی حەق دەڵێن بۆ گەیشتن بە خودا مرۆڤ دەبێ چەند قۆناغ ببڕی، یەك بەرێوەبەرانی ئاداب و سوننەتەكانی شەرعی، دووهەم بەریوەبردنی رێ و رەسمی عیرفانی و ئاخریش گەیشتن بە حەقیقەت یا خودا. ئەهلی هەق بڕوایان وایە كە خوا ئەسرارگەلێكی بە پێغەمبەران گوتووە كە حەزرەتی محمدیش بە حەزرەتی علی گوتووە و ئەویش بە ئیمامەكان و موقەدەسین (پیرۆزەكانی) كە جگە لەوان كەسیتر ناتوانێ ئەو نهێنیانە ببینی.

وردبوونەوە لە ئایینی ئەهلی هەق وەك زۆر لە تاقمە ئایینییەكانی ئیسلام، ئەوە دەردەخا كە هەوڵیان داوە ئایین و بیر و باوەڕی باستانی ئێران بە شێوەیەك لە ئایینی ئیسلام و لقەكانیدا جێ كەنەوە. بۆ نموونە لەم ئایینەدا تا رادەیەك سەرنج دراوەتە هەبوونی " سەردارەكانی نوورانی"و "سەردارەكانی زوڵمانی" واتە سەردارەكانی رۆشنایی‌و تاریكی، یا لە هەمان شەڕیی دایمی نوورو تاریكییە كە لە دینی زەردەشتدا هەبووە.

ئەهلی هەق بە ناوی جۆراوجۆری وەك ئەهلی سەریاسان، ئەهلی تایفەو تایفەسان، نەسیری‌و علیواللهی دەناسرێن، كە هەر كام لەوانیش بە چەند فیرقە دابەش دەبن. وەك قزلباش،[٢٦١] قەرەقوینلو كە فیرقەی ناوبراو لە نێو ئێلدا هاتۆتە وجوود.[٢٦٢]

هەروەها گویزانلەر Gozanlar، كە وشەیەكی توركیە بە مانای بێنەرانو لە دەوری ورمێ بە ناوی "ئیبدال بینی" كە دیسان وشەیەكی توركییە بە واتەی "خان ئیبدالەكان"ەو لە قەزوینیش بەناوی "كاكاوەند"و لە مازەندەران بە ناوی "خوجە" دەناسرێن. ئاكامەكەی دەبێتە ئەوە كە لە هەر مەڵبەندێك بە ناوی ئێل و تایفەیەك لە هەڵگرانی ئەم بڕوایەن بە ناو بانگن.[٢٦٣]وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد، لە كوردستانو ئازەربایجان چونكو زۆربەی ئێلی گۆران كە لقێكی گەورەی كوردەكانی دانیشتووی ئێرانو عیراقنو خاوەنی ئەم ئایینەن بە هەموو علیو اللهییە كان دەڵێن گۆران.

ئەهلی هەق زیاتر بە نهێنی خەریكی عیبادەتنو زۆربەیان خۆیان بە شیعەی ئیمامییە دەزانن، بە درێژایی مێژوو زیاتر قزلباشەكان بەرانبەر عوسمانییەكان و سوننییەكاندا یاریدەدەری

٢٦١- لەبەرئەوەش بوو كە لە درێژەی شەڕەكانی ئێران و عوسمانی هەلگرانی باوەری علیواللهی زیاتر لایەنی ئێرانیان دەگرت.

٢٦٢- ئیسلام لە ئێراندا، پیتروشفسكی ل ٣٢٥

٢٦٣- هەمان سەرچاوە.



سەفەویەكانیان دەدا. ناوەندی هەرە گەورەی ئەهلی هەق كرماشان لە كوردستانی ئێرانە و لە هێندێك جێگەیتریش دەژینو وەك گوترا لە توركیە بە ناوی عەلەویانو قزلباشان لە ناوچەی "دەرسیم" ناسراونو لە شارەكانی دیكەی وەك تاران، ئازەربایجانو كوردستانی ئێرانو عیراقیش رادەیان كەم نییە.

ناوەندی سەرەكی هەڵگرانی ئەم بیرو باوەڕە تا سەدەی حەوتەمی كۆچی لوڕستان بوو، دوایە بوو بە كرماشان، نیزیك بە تەواوی تایفەكانی گۆران، قەلخانی‌و سەنجابی و كەلهور و زەنگەنەو عوسمانوەند و جەلالوەندو ژمارەیەك لە دانیشتوانی رۆژئاوای ئێران وەك قەسری شیرن، سەرپولی زەهاو كەرەندو سەكانەو هەلیلال، لە لوڕستان خەڵكی دلفانو پشتكۆەو لەك‌و سەگوەند، خاوەنی ئەو بڕوایەن. لە تەورێزو مەراغە و قەزوینو كەلاردەشتیش هەلگرانی ئەم بیرو باوەڕەی لێن. لە تەوریزو دەورووبەریشی ناوەندیان لە شارۆچكەی ئیلخچی لە سیكیلومیتری تەورێزە كە گەورەترین جێگەی بەرهەم هێنانی پیواز نە هەر لە ئازەربایجان بەڵكو لە هەموو ئێران دایە، نیزیك بە تەواوی خەلكی ئەم شارە لە سەر ئەم بیرو باوەڕەنو زیارەتگەیەكیشیان لە سەر تەپكێكی بە شارەوەلكیاو هەیە كە هەمووكات زیارەتگەی هەڵگرانی ئەم بیرو باوەریە. هەروەها شارەكانی سلێمانی‌وكەركووك و موسڵ و خانەقین لە كوردستانی عیراقیش خاوەنانی ئەم بڕوایەی لییە.

بە باوەڕی لێكولەرەوانی رووسی وەك و.ف.مینۆرسكی،ئەهلی هەق بەشێك لە تەعلیماتی ئیسماعیلیەیان پاراستوە و دوایین كەسیش كە علیوالله حلوولی تێدا دەكا حەزرەتی مەهدی ئیمامی دوازدەهەمە.[٢٦٤]

و.ا.گاردلوسكی دەڵێ: بابەتی بنەڕەتی ئەو فیرقەیە بریتییە لە ناسینی بێ پسانەوەی اولوهیەتی علی و هاتو چۆی ئەو بۆ زەوی و علی نە تەنیا خۆی خوایە بەڵكوو دەستپێكی ئیلاهیشەو[265]ژیانی دوای مردن بوونی نییەو دوو سەرچاوە هەمووكات لە بەربەرەكانی دان كە بریتین لە هزرو نەفس یا شعورو هەست. فرە ژنی رەت دەكەنەوەو تەڵاقدانیش بە جایز نازاندرێ. پایەی پیرو مورشیدەكانیان میراتییە.

لە دانیشتنە نهێنییەكاندا قوربانی دەكەن كە لە سەر سفرەی گشتی دادەندرێ، بەر لە راخستنی سفرەی گشتی، سەما یا سیماع دەكەنو جەزم دەبن، كە دەگەڵ بانگكردنو هاوار لە عەلی‌و حەق

٢٦٤- ئیسلام لە ئێراندا،پیتروشوفسكی ل ٣٢٦.

٢٦٥- قەرەقوینلوو نووسینی و.ا. گاردلوسكی ل ١٥.

تێکەڵاوە و مۆسیقای تایبەتیش هاوڕێیەتی دەکا.[٢٦٦]برە برواو باوەڕێکیش لە نێو ئەهلی حەقدا هەیە کە زۆر سەیرە، وەك بیروڕای قزڵباشەکانی "درسیم" کە دەڵێن حەزرەتی عەلی شمشێری داوە بە رووسیە کە بەو شمشێرە دەگەڵ تورکان بەشەر دێنو ئەوان شکست دەدا.[٢٦٧] یا دەڵێن بابا یادگار کەسێکە کە رووحی ئیمام حسێنی دە رووحی ئەویدا حلوولی کردوە.[٢٦٨]

لە رێ و رەسمی مەزهەبی ئەم تەریقەتە، لە نێو ئامادە بووانْدا نانو گۆشتی کوڵاو دەبەشرێتەوە و لەو حاڵەدا بە وتەی سیرراولسۆن Rawelsen، پیری تەریقەت کە چاوەدێری خێر و قوربانیەکەی کردووە دەسکێك لە شووی دارە "موژدوبیر" بەدەستەوە دەگرێ، رێ و ڕەسمی "سەر پێ سپاردنیش" لە ڕێو ڕەسمە سەرنج راکێشەکانی ئەهلی حەقەو ئەویش بەم شێوە جێبەجێ دەبێ: گوێزێکی لە نێوەڕاستدا لەتدەکەن، نیوێکی مورشیدەکە کە دەبێ مریدێك لە نهێنییەکان ئاگادار کا، بۆ خۆی ڕادەگرێ و ئەوی دیکەش مرید لە کڵاوەکەیدا بە ناوی نوشتە دەیشارێتەوە، سکێکی زێوینو دەسرێکی هاوریشمین لەکار دەنێن. هێندێك لایەنی هاوبەشیان هەیە.[٢٦٩] ئەهلی حەق رۆژوو گرتنیان زۆر لەلا گرینگە و جێژنی بەناوبانگی "بەرخ بڕانBarkh Bran" واتە بەرخ کوشتنەوەش دەگەڵ رۆژوو لێك گرێدەدەن. ئەهلی حەق ئەجری خێرو پاداشی هەروەك پێشتر گوترا لە تەناسوخ دا دەتوێننەوە و دەڵێن: بەنی ئادەم لەبەر ئەو گوناهانەی کردوویەتی لە وەزعێکی نالەبارترا دێتەوە سەر دنیا، بەڵام رووحی لە خوا ترسانی پیاوچاك کە گەیشتوونە پیری تەریقەت دەگەڕێنەوە ناوەندی مەلەکووتی. بە باوەری کەسانی ئەهلی حەق شوێنی لی پرسینەوە لە رۆژی قیامەتدا بریتییە لە شارەکانی قەزوێن و زەنگان لە ئێرانو شارەزوور لە عێراق.[٢٧٠]

"فرێدریك کۆمەن" دەڵێ: لەو داب و نەریتەی کە لەلایەن حەقەکانەوە بەڕێوە دەچێ، رێ و رەسمێك هی دەورەکانی زۆر کۆنن کە ئەو کات بوت پەرستی هەر مابوو،[٢٧١]وەك "حاجی

٢٦٦- بۆ زانیاری زیاتر لە نووسراوەکانی مار بەتایبەتی کتێبی"سیماع فرقە اهل حق" لاپەرەکانی ٢٤٨ تا ٢٥٤- بروانە.

٢٦٧- دایەرەی المعارفی ئیسلامی، پرۆفیسۆر مینۆرسکی.

٢٦٨- گلکۆی بابا یادگار لە ناوچەی گۆرانی سەر بەسەر پلی زەهاوە، کە پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە کتێبی "کوردەکان"دا ئاماژەی پێ کردووە.

٢٦٩- کوردستان و کورد واسیلی نیکتین ل ٥٠٧

٢٧٠- سێ ساڵ لە ئاسیادا، گنت گو بینۆ Gante de Go bineu کوردستانو کورد ل ٥٠٨

٢٧١- راپۆرتی سووریە چاپی ١٩٢٢ لاپەڕەکانی ٦٣ تا ٢٦٢



موگوئیوف" لە نێو شەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) لە سنوورەکانی ئێران و تورکیە لە نیزیکەوە شوێنی قوربانی کردنی لە چادرێکدا دیوە کە کوردەکانی ئەهلی حەق بۆ خواوەند گەلێکی نەناسراو قوربانیان دەکردن.[٢٧٢]وەك زۆر لە ئایینەکانی تر قسە لەسەر ئەم مەزهەبەش زۆرە، بەڵام زیاتر لەسەری ناڕۆین.

## سائیبییەکان یا سابییەکان:

یەك لەو بیرو بڕوایانەی کە دەبێ بڵێن بە ڕابردووەکانی بەر لە ئیسلام پەیوەستە، بیرو ڕای ژمارەیەك لە خەڵکی حەررانە. ئەم بڕوایە شتێکە لە نێوان یەهوودیگەری و مەسیحیەتدا. هەر وەك برێك لە بیرو باوەڕو داب و نەریتی کۆن و نوێشی تێکەڵاوە. بۆ نموونە سائیبییەکان کوڕەکانیان خەتەنە ناکەن- وەك مەسیحیان لە ژنێك زیاتر ناخوازن، تەڵاق دانیش نییە مەگەر بە حوکمی حاکم. کتێبەکەیان بە ناوی "سەردار با" یا "گنزە" ناسراوە. رێ و ڕەسمی خۆیان لە قەراخ ئاوی ڕەوان کە زۆریان لا جێ ڕێزە بەرێوە دەبەن. هەڵگرانی ئەو بڕوایە لە دیزفوول و شووشتەری ئێران و چەند بەشێك لە عێراق هەن.

٢٧٢- بەرەو قەراخەکانی دیجلە، حاجی موگوئیوف ل ١١٣.

# بەشی دەیەم

## خەت‌و زمان لە ئەدەبیاتی کوردی داو بەسەرهاتی مێژووییان

زمانگەلی کە ئەمڕۆ لەدەست ئێمەدان و کەڵکیان لێوەردەگیرێ، لە سەرەتاوە بەم شکڵو شێوە نەبوون، هەروەك قەوم و نەتەوەکان بۆ گەیشتن بەم ئاستە کە ئێستا تێیدان بە زۆر دەورە گەلی پڕتەنگ و چەڵەمەدا تێپەڕیون و زۆر کەند و کۆسپیان بڕیوە، زمانیش بۆ گەیشتن بەم هەڵومەرجانەی ئیستا بە هەوراز و لێژی زۆردا تێپەریوە و دەگەڵ ئاڵۆزی و ناهەمواری زۆر دەستەو یەخە بووە تا توانیویەتی بگاتە رێكو پێکیو شکڵی ئەمڕۆیی خۆی. واهەبوە زمانەکانی چەند ناوچە تێکەڵاو بوون و دوای گێرە و کێشەیەکی زۆر، تێکەڵاوێکیان لێ پێك هاتووە، دوایە لە پڕ کەوتۆتە بەر هێرشی قەومگەلی بەهێزتر، زمانەکەشیان کەوتۆتە ژێر تەوژمی زمانی قەومی سەرکەوتوو کە بە هیچ شێوەیەك وەك ئەو زمانەی خۆیان نەچوە کە پێشتر قسەیان پێدەکرد. کەواتە تێکهەڵچوون و کێشە دەستی پێکردووە، لە ئاخریشدا ئەو لایەنە کە فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندتر بوە، زمانەکەی دیکەی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی، وێرای ئەوەی کە وشەگەلی دیکە بێ ئەوەی لە رووی بەرنامەی داڕێژراوەوە بێ، تەنیا لەسەر بنەمای پێویستیو لە ئاکامی پێوەندی دەگەڵ یەکتردا هاتوونە نێوی و زمانێکی گۆردڕاو هاتۆتە ئاراوە و هێندێك جار ئەم ئاڵ و گۆڕە ریشەیی بووە و بۆتە هۆی ئەوە کە زمانی یەکلایەنەکان بەتەواوی لەناوبچێ.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەمە کە زمان یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی یەکبوونی نەتەوەییو قەومییە، بوونی روخساری هاوبەشیتر لە بواری فەرهەنگی و مادی و مەعنەویدا تەنیا بۆ وەڕاست گەڕان و مسۆگەر بوونی یەکیەتیی میللیو نەتەوەییە، هەروەك لەزۆر شوێن و یەك لەوان لەسەر قەومی کوردیش، سەرەڕای ئەوەی زۆر هۆکاری تێکدەرو وێرانکەر بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد لە گۆڕێدا بووە و تەنانەت لێکدابڕینی سیاسیو... ش هیچکام نەیانتوانیوە کە لە یەکبوونی نەتەوەی کورد بەرگری بکەن.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، باس لە زمانی کوردی پێویستی بە لەبەرچاو گرتنی چەند ئەسڵ هەیە، کە یەکەم و بنەڕەتییان دۆزینەوەی ریشەی ئەم زمانەیە، وێرای ئەوەی رابردووی ئەم زمانە زۆر دوورەو بە قەوم و تایفەگەلی زۆرکۆن بەستراوەتەوە، ئەم کارە زۆر دژوارەو پێویستی بە لیکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر پڕزەحمەت و لیزانانە هەیە، زۆر مرۆی خاوەن ڕاو روانگەو پسپۆڕ هەیە، هەر بۆیەش ئەم کارە تا ئێستا بە شێوەی شیاوی خۆی تا ئەمڕۆ جێبەجێ نەکراوەو ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستیش دان کەمن.



دیارە ئەم وتەیەی من بەم مانایە نییە کە تا ئێستا کارێك لەم بوارەدا نەکراوەو لیکۆڵینەوە نەبوەو هەڵوێست نەگیراوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەم تاریکایەی بە سەر مێژووی ئەم نەتەوەیەدا کشاوەو دەست تێوەردانی ئەملاو ئەولا لەم بوارەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستەکە ناتەواو بێ، هەر بۆیەش بۆ گەیشتن بە ئامانجی پێویست تێکۆشان و هەوڵی زۆری پێویستە. دیارە بۆ کەسێك کە مەبەستی بێ لەسەر زمانی کوردی لیکۆڵینەوە بکا جگە لە دۆزینەوەی ریشەی ئەم زمانەو باس و خواس لەسەر چلۆنایەتی وەزعی ئێستای، دەبێ تا ئەو شوێنەی دەکرێ دەلیل بێنێتەوە و گەڕانەوە بۆ رابردووی ئەم زمانەش ئەوەندەی بکرێ سوود دەگەیەنێ.

ئیتنۆ گرافی یا زانستی نەتەوایەتی، لەسەر بنەمای قانوونمەندی خۆی زمانی کوردی دەگەڵ زمانی مادی بەیەك زمان دادەنێ و زمانی ئەوێستاش هەر بەم زمانە (کوردی) دەزانێو بەتایبەتی بە کوردی موکری M okre ناوی دەبا. هەرچەند جگە لە چەند وشە لە زمانی مادیی تۆخمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام زاناگەلی وەك "دار مستتر"ی رۆژهەڵاتناسو نووسەری کتێبی "لی کۆڵینەوە لەسەر ئێران"[1] و دوکتور ئیسپایزێرو هوارت ئەم بۆچوونەیان سەلماندوەو زمانی کوردی و مادی بەیەك دادەنێن، نووسەری ئەم کتێبەش هەر لەسەر ئەم بڕوایەیەو پێی وایە ئەگەر زمانی مادی ئەمڕۆ بەو شێوە کە زاناکان دەیهێننە گۆڕێ، شوێنەوارێکی لەخۆ جێ نەهێشتوە، لەبەر ئەوەیە کە ئەم زمانە ئەمڕۆ بەم شێوە پان و بەرینە درێژە بە ژیانی خۆی ئەداووەك فارس دەڵێن: اب در کوزه و ما تشنه لبان میگردیم= ئاو لەگۆزە دایەو لە بەردەستمانە کەچی ئێمە بە تینوویی وێڵین.

هەر چەند زمانی ماددی بە هەموو توانایەوە دە زمانی کوردیدا بوونی هەیە، زانایان لە شوێنەکانیتر بە دوایدا دەگەڕێن، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەزانین مادیو پارسیش زۆر لە یەکتر نیزیك بوون،[2] کەوابوو لەراستیدا ئەو شوێنەوارانەی کە ئێمە تەنیا بە فارسیان تێدەگەین مادیشن و ئەوە باسێکە کە ئیسترابۆن، جوغرافی زانی یۆنانی هێناوێتە گۆڕێ.[3] کەوابوو زمانی

---

1- Dar mesteter; Era

٢- کتێبی ئێرانی کۆن، ئیسترابۆن، کەلە ل ٣ی وەرگرتووە ئاماژەی بە وێکچوونی زمانەکانی مادییو پارسی کردوە، دەبێ ئەوەش زیاد کەین کە ئیسترابۆن لە سەدەی یەکەمی میلادی مەسیح واتە لە زەمانی ئەشکانییەکاندا ژیاوە و زۆر لە مادەکان و پارسەکان نیزیك بووە.

٣- سەبك ناسی، مامۆستا محمد تەقی بەهار (ملك الشعرا ) بەرگی ١ لاپەڕەکانی ٣و٤ بەدوا

مادیی کە ئێمە بە زمانی ئەوێستای دەزانین، راست زمانی کوردیەو هەر وەك لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێکرد، کورد و ماد یەکن و دەگەڵ فارسەکانیش جیاوازیان زۆر کەمە.

خوا لێخۆشبوو مامۆستا ملك الشعرای بەهار لە ئاماژە بە زمانی مادیی کە بە زمانێکی جیای دادەنێ‌و لە دابەشکردنی زمانەکاندا زمانی مادیی جیا لە زمانی پارسی سەیر دەکا دەنووسێ: کۆنترین یادگار لە ژیانی باپیرانی دێرینمان ماوەتەوە "نوسکەکانی ئەوێستا"ن کە پێکهاتەیەکە لە سروودە دینییەکان‌و فەرمانگەل ئایینی ئەژدادەکان‌و برێك لە مێژووی تێدایە کە شانامەی فیردۆسیش‌دا تا ئەو کات کە دەگاتە زەمانی زەردەشت سێ پیتمان نموونەی دیارە.[٤]

ئەم وتارە پێشان دەری ئەو راستێیە کە پێوەندی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی ئێران هیچ کات نەپساوەتەوە و گاسەی زەردەشت نموونەی کۆنترینی ئەو زمانانەیە. بەڵام لە سەر نیزیکی زمانەکانی پارسی و مادی، بە هیچ شێوەیەك نابێ گومانمان هەبێ، چونکو بەوتەی مامۆستا بەهار: ئەگەر هاتباو زمانی مادەکان کە بەشێکی گەورە لە ئێرانییەکان و شار نشینانی ئاریایی ئەو کات بوون جیاوازی دەگەڵ زمانی فارسی هەخامەنشی هەبایە، کورش و داریوش و... لە کەتیبەکانی خۆیاندا کە بە سێ زمانی فارسی، ئاشووری و عیلامین، بە زمانی مادیش دەیان نووسین تا بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەی لە تێگەیشتنی ئەم کەتیبانە بێ‌بەش نەکردبا، لێرەڕا دەردەکەوێ کە زمانی مادی هەمان زمانی فارسی دێرینە، یا لەو نیزیکەو یەکێك لە زاراوەکانی بووە، لە ناوی پادشاکانی ماد لەگوێن "فرا ئاوەرت"و "خشیترین"و... کە بە ئارت دەستپێدەکا.[٥] دیارە نووسەری ئەم کتێبە بڕوای وایە کە زمانی مادی زاراوەیەك لە پارسی نەبوە، بە پێچەوانە پارسی لقێك لە زمانی میللی مادی بووە کە بەر لەو لە سەرانسەری ئێراندا زمانی زاڵبووە.

پێشتر بۆ وەبیر هێنانەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە کوردەکان لە هەموو شوێنی ئێراندا بڵاو بوونەوەو بەشێك لە رۆژهەڵاتناسان بڕوایان وایە کە کوردەکان لە رۆژ هەڵات ڕا بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە کە دیارە ئەمە ناتوانێ هەڵکەوتێکی تایبەت یا هیرپگەری تێدا بێ. کوردەکان بەشێك لەخەڵکی ئێران بوون و دوایە لە سەدەکانی زۆر دووردا بە هۆگەلێك کە پێشتر هێمای

٤- هەمان سەرچاوە

٥- هەمان سەرچاوە.



پێکراوە و پێشی دەکرێ، ئەوان لە ناوچەی بنەڕەتی خۆیان جێگیر بوون کە ئەویش بریتییە لە هەرێمەکانی رۆژئاوا- ئازەربایجان، هەمەدان و ئیسفەهان- بەرەو رۆژئاوا چوونەتە پێش کە ئەویش هەر لە ناوکی ئەو جێگەیە بووە کە ناوەندی جێگیر بوونیانە. ملك الشعرای بەهار لەم بابەتەوە دەڵێ: بێگومان تایفەکانی کورد لەو خەڵکانەن کە لە رۆژگاری زۆر کۆنەوە لە خاکی خۆیاندا کە بەشێك لە ئێرانە نیشتەجێ بوون، زۆرجار بەدوای لەوەڕگەدا، چادرو تاوڵەکانیان گواستۆتەوە بۆ دەشتەکانی لوڕستان و شاخەکانی ئیسفەهان و کوەکیلویە و تەنانەت گەیشتوونە قەراخەکانی کەنداوی فارسیش، زمان و داب و نەریتیان یەکێك لە کۆنترین زمانەکان و داب و نەریتەکانی ئێرانییە و شیعری کوردی کە بەشێك لە بەشەکانی پێنج هیجایی کۆنە، وشە و زمانی ئەم قەومە یەکێك لە لقەکانی زمانی ئێرانییە.[٦]

هەر لەم بابەتەوە گزنیفۆن سەردارو مێژوونووسی یۆنانیی سەردەمی هەخامەنشیەکانیش لە کتێبی ئاناباز یا گەڕانەوەی دەهەزارکەس هێندێك شتی نووسیوەو[7] زۆر زانای تریش ڕای خۆیان لەم بوارەدا دەربڕیوەو گوتوویانە گاسەی زەردەشت بە زمانی کوردییە کە یەکێك لە لقەکانی زمانی ئێرانییە،[٨]کەوابوو زمانێکی کە مادەکان پێی دەدوان نەیدەتوانی زمانێکی جیا لە زمانی قەومەکانی دیکە لەم مەڵبەندە بێ. زمانی ئەوێستایی، زمانی وتوێژی خەڵك بە تایبەتی رۆژئاواو باکووری رۆژئاوای ئێران (کوردستان) بووە و ئەو بەشە لە وشەگەلی مادیش کە لە کەتیبە جۆراوجۆرەکاندا ماوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنن، لەلایەکی دیکەش گوتمان کە هێندێك کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە زەردەشتی خاوەن ئەوێستا خۆشی کورد بووە، کەسانێکیش هەن کە دەڵێن زەردەشت ماد بووە و لە بنەماڵەی "سێپتیامە"یە.[٩]پلینیۆسیش کە لە ٢٣-٧٩ی زایینیدا ژیاوە لە کتێبەکەی خۆی (مێژووی سروشتی)دا زەردەشتی بە مادیی ناساندووە و[10]ئەوەش لە هەل و مەرجێك دایە کە زەردەشت بە پێچەوانەی زۆر لە وتەکان لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زاییندا ژیاوە- لە ٦٦٠ی پێش میلاد لەدایك بووە و ٥٨٣ وەفاتی

٦- سەبك ناسی، بەرگی یەکەم پەراوێزی ل ٥

٧- ئانا باسیز یا گەڕانەوەی دەهەزار کەس، گزنفۆن ل ٣٠٧ بەدوا

٨- مێژووی وشەگەلی سامی، نووسینی دوکتۆر ئیسرائیل، چاپی میسر، ل٦ تا ٤٥

٩- مەزدیسناو ئەدەبی پارسی، دوکتۆر محمد معینی بەرگی١ ل ٨٠

١٠-

کردووە- دیارە ئامانجی ئێمە مێژوو وتن نییە بەڵکو ئاماژە بەو مەسەلەیە کە لە مێـژووەکاندا لە هەر جێگایەك لە شتێك یا لە کەسێك باس کرابێ‌و بە مادییان ناو بردبێ، بێگومان لە چەند جێگەی دیکەش بە کوردیان ناو بردوە یا لە قەومەکانی کوردی هەرە کۆنی وەك لۆلۆ، کاسایی، میتانی ناویمان هێناوەتە گۆڕێ، ئەوەش ناتوانێ لەوە بەدەر بێ کە کوردو

ماد یەك بوون و جیاوازیان تەنیا لە تایفەی بەستراوە بەو بوە.

| فارسی ئەمرۆ | ئەوێستایی | کوردی ئەمڕۆ | فارسی ئەمڕۆ | ئەوێستایی | کوردی ئەمڕۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| شد | بوت | بوو | زود باش | زوت بوی | زووبە |
| دختر | کنیژك | کەنیشك | ماهی | ماسیا | ماسی[11] |

کاتێك زەردەشت مادیی یا کوردە، زمانەکەشی یەکێك لەم دوانـە دەبـێ، چـونکو ئەوانـەش هەردوویان یەکن، لەئاکامدا کورد یا مادیی بووە، کە زۆربەی بۆچوونەکانیش بڕوایـان وایـە کـە هەردوو یەکن و بۆ سەلماندنی ئەم وتەش ئەوەندە بەسە کە چاوێك لە وشەکانی ئەوێـستا کـەین‌و دەگەڵ هاوتای کوردی خۆی بەرئاوردی بکەین و پێکەوە هەڵیان سەنگێنین، بۆوێنە لەم یەك دوو وشەی خوارێ بڕوانن:

دیـارە زۆر لـە زانـاو رۆژهەڵاتناسـەکان ئـەو بۆچـوونەیان سـەلماندوە کـە دەتـوانین لـە "ئەرنۆلدکە"و "دار میستتر" ناوبەرین.[١٢،١٣] ئەوان باوەڕیان ئەوەیە کە زمانی کوردی پاشماوەی زمانی مادییە، تەنانەت ئەگەر خوێنەری بەڕێز لەگەڵ زمانی کوردیی بەتایبەت ناوچەی سابلاغ (مـەهاباد) لـە کوردسـتانی ئێـران ئاشـنایەتی هـەبێ و کتـێبی زەنـد و ئەوێـستا بخوێنێتـەوە تاڕادەیەکی زۆر دەتوانن تێیان بگەن و ئەم شـتە وا دەگـەڵ بـڕوای کوردەکـان و لـە هـەموانیش زیاتر دەگەڵ کوردەکانی ئێرانی تێکەڵاو بووە کە دەڵێن: ئەگـەر زمـانی فارسـیش بـە یـەکجاری لەناو بچێ دەتوانین لە رووی وشە تۆخەکانی ئێرانی کە هەمان زمانی کوردییە دووبارە زیندووی کەینەوە.

١١- کار نامەی ئەردەشێری بابەکان، نووسینی احمد کەسرەوی ل ١٩

١٢-

١٣- کتاب راڤەگەل ئێران و زمانی مادەکان نووسینی دار مستتر



ئیبنی خەلەکان لە زمانی کوردی نووسـیویەتی: ئینـزان ئەگـەر بـزوێنی بـۆ دابنێـی دەبێتـە ئینسان، چونکو لە عەرەبیدا پیتی ز هێندێك جار دەبێتە س[14] و ئەمڕۆش لە هەورامان بە مرۆڤ دەڵێن "ئینزان"و بە ئەسەد (شێر) دەڵێن "ئەزەد"[١٥] زمانی کوردی بەشێکە لە زمـانی ئینزانـی کە زمان ناسەکان ئەو زمانە بە ریشەی بنەڕەتی زمانی ئێرانی- ئارياييو بـە بناغـەی تـەواوی زمانەکانی مادی و هیندی و پارسی و ئیلامی دەزانن،[١٦] زمانی مادی کە رۆژهەڵاتناسـەکان و لێکۆلەرەوان بەتێکرا ئەو زمانە بە زمانی ئەوێستا دەزانن، دیارە ئەویش لە بەرامبەر بە زمانی کوردی هەر بە کوردی دادەنێن. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەتـوانین بەمـە بگـەین لەبـەر ئـەوەی زمانی کوردی و فارسی زۆر لێك نیزیکن زۆر بە باشی لە یـەکتر تێدەگـەن. بـۆ سـەلماندنی ئـەم بیرۆکە دەتوانین زۆر دەلیل بێنینەوە، یـەك لـەم دەلیلانـە ئەوەیـە کـە لەسـەر رێوشـوێنی زمـان ناسی‌و بۆچوونی زمان ناسان، بـۆ دیـاریکردنی نێـوانی دوو زمـان و دیـاری بـوونی سەربەسـتی ئەوان دەڵێن، هەرکات دووکەس بۆ تێگەیشتن لە یەکترو حاڵی بوون لە قـسەی یـەك پێویـستیان بە وەرگێڕ هەبێ دەتوانین بڵێین لە دوو زمانی جیاواز کەڵك وەردەگرن.[١٧]

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە مادەکان و پارسەکان کـە سـاڵهای سـاڵ پێکـەوەو لـە نیزیـك یەکترو لە چوارچێوەیەکدا ژیـاون، بێگومـان پێوەنـدی بەیەکـەوە ئاخاوتنیـشیان هـەبووە و لـە هەلومەرجێکی وەهادا یا دەبێ زمانێکی هاوبەشیان بووبێ تا بەو زمانە مەبەسـتی خۆیـان لـە یەکتر حالی کەن و یا هەرکەسێك وەرگێڕێکی دەگەڵ بێ تا لەقسەی لایەنەکەی دی حـالّی بـێ. دیارە بەشی دووهەم بەکردەوە ناگونجێ، کەوابێ دەبێ شقی یەکەم بووبێ، هەروەك ئەمڕۆ ئەگەر کوردێکوو تورکێك بکەونە یەك بۆ یەکتر حاڵی کـردن لـە زمـانی فارسـی کـەڵك وەردەگـرن کـە زمانی رەسمی وڵاتەکەیە، ئەگەر ئەوکاتیش وابووبێ سێهەمیان کامە بووە؟ وێڕای ئەوەی دەزانین شتی وا نەبووە، ئەگەر بشبووبێ زمانی هاوبـەش مـادی بـووە، چـونکو مادەکـان فـەرمانرەوای ئێران بوون و خەڵکی ئێران و یەك لەوان گەلی فارسیش هەر بووە و سەدە و نیوێك ئـەم وەزعـە درێژەی هەبووە و زمانیشیان زمانی زاڵی خەڵکی ئێران بووە، وێڕای ئەوەی ئەوە مـسۆگەرە کـە

١٤- ئیبنی خەلەکان، بەرگی هەوەڵ ل ٣١٧

١٥- ئیبنی خەلەکان، وەرگێرانی مەهلەبی کوری ئەبی سەفرە ل ٢٨٥

١٦- کوردو کوردستان و شوێنەکانی سەر بە کوردستان، محمد مەردوخ کوردستانی ل ٤٢

١٧- مێژووی زمانی فارسی دوکتۆر پەرویز ناتل خانلەری بەرگی هەوەڵ ل ١٤٥

له هەر ولاتێك هەمووكات راوێژی زمانی قەومی زاڵ دەبێتە زمانی رەسمی ولاتەکە. بەم وتەیە لەهەردوو حاڵەتدا مەبەستی ئێمە دابین دەبێ، ئەگەر لە زمانی یەکتر تێدەگەیشتن و یا زمانێك بە دوو راوێژی جیاواز بووە بەڵام لەیەکتر حاڵی بوون کە ئەم بۆچوونە لە راستی نیزیکترە دیسانیش مەبەستی ئێمە دابینە و ئەگەر زمانی مادی زمانی رەسمی ولات بوە کە لەم حاڵەتەدا خەڵك ناچار بوون فێری بن تا بتوانن کاروباری رۆژانەیان جێبەجێ بکەن. لێرەشدا مەبەستی ئێمە کە بریتییە لەوەی پارسی و مادی لە زمانی یەکتر گەیشتوون دابینبووە.

ئێستا لەسەر کوردو مادیش هەر شتێکی ئاوایە، بەم جیاوازییە کە (کوردوماد) هەنگاوێك لە پارسیو مادیی لەپێشتر بوون، چونکو ئەودوانە یەکن و لەدەوەرێکدا بوون، هەر وەك زۆربەی لێکۆلەرەوانی وەك ملك الشعرای بەهارو دار مستتر بەو ئاکامە گەیشتوون کە کورد و ماد دوو تایفە لەیەك نەتەوەن. تا جییەك کە "ئەرانسکی"و هێندێکیتر کە باسمان کردوون و لەدوایەش ئاماژەیان پێ دەکرێتەوە، زمانی کوردی بە تەواوی بە زمانی ئەوێستاییو مادیی دەزانن.[18] لەلایەکی تر ئێمە دەزانین کە زمانی دەورەی دێرینی ئێران، هەتا هەرەس هێنانی هەخامەنشیەکان بریتی بووە لە مادیی و پارسیی دێرین و لە سەدەکانی نێوەراستیشدا دوای سلووکییەکان واتە لە دەورەی ئەشکانی و ساسانییەکاندا زمانی ئێرانیان زمانی پەهلەوی بووە کە دەگەڵ زمانی مادەکان، کوردەکان و قەومە گچکەکانی ئەو دەورە و زمانی ئەوێستایی یەك بووە.

زمانی کورد ئەمرۆکە هەمان زمانی مادییە، هەمان زمانی پەهلەوی سەردەمی پارتیو ساسانییە، کە دەڵێن جێگەی زمانی مادی گرتۆتەوە. نووسەری کتێب بە لەبەرچاو گرتنی ئەم راستیانە بێ راوەستان بەدوای وشەی مادیا، مادیی وشەی کوردو کوردیشی لی زیاد دەکا، چونکو لە رابردووی دووردا هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە، ماد بریتی بووە لە یەکیەتی کۆی تایفەگەلێك کە هەرکام لە بەرپرسی تایفەکان رێبەری ئەم یەکەتیەیان لە عۆدە بووە و حکوومەتیش لە کاتی بەرێوەبەری هەر تایفەیەك لەلایەن ئەم تایفەوە پێکدەهات.[19] روونیشە کە ناکرێ چەن تایفە یەکگرتووبن و حکوومەتی هاوبەشیان هەبێو چەند سەدە بەیەکەوە ژیابن، بەڵام زمانی جیا لە یەکتریان بووبێ و لە زمانی یەکتر حاڵی نەبووبن. هەرچەند وێدەچی

١٨- سەرەتای فقه اللغەی ئێرانی ای.م. ئەرانسکی, وەرگێرانی کەریم کەشاوەرز ل ١٦٠ بەدوا

١٩- مێژووی زمانی ئەدەبی ئازەربایجان. تۆفیق حاجیف ل ٢٠ تا ٢١



راوێژیان بەیەکەوە برووسکە جیاوازییەکیان بووبێ، هەر وەك لە نێو زاراوەکانی زمانی کوردیش یا لە نێو زاراوەکانی ئەمرۆی ئازەربایجانیشدا بەرچاو دەکەوێ، بێجگە لەم تایفەگەلە کە ولاتەکەشیان بەربلاوییەکی ئەوتۆی نەبووە کە هەل و مەرجێکی وا پێکبێنێ و لەسەر پارچە خاکێکی چکۆلەدا ژیاون، ئەم حاڵەتە چاوەڕوان ناکرێ، بەڵام لەوەش کە ئەم زمانە بەم بەرتەسکییە، هی زمانە ئێرانییەکانە گومان نییە.[20]

ئاکامێکی دیکەی کە نووسەری کتێب گیری کەوتووە ئەوەیە کە ئەو زمانەی لە سەرەتارا ئەوێستایان پێ نووسیوە هەر ئەم زمانە پەهلەوی یا پەهلە=فەهلەیە کە زمان و راوێژی مادیش بوە، کە بەدوای لەناو چوونی حکوومەتی مادو بەدەسەلات گەیشتنی پارسییەکان لەباو کەوت و زمانی فارسی جێی ئەوی گرتەوە، لێرەدا ئەگەر نووسەر لەوشەی زاراوە کەڵك وەردەگرێ لەبەر ئەوەیە کە بڕوای وایە مادی و پارسی یەك زمان بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگوتنیاندا نەبووە، چونکو هەر وەك گوتمان، ناگونجێ لە پارچە خاکێکدا، قەومی بالادەست (ماد) بۆ خەڵکی ئەو ناوچە نا ئاشناو غەریبە بێ و لە قسەی ئەوان حاڵی نەبن. دواتر لە سەردەمی ساسانییەکاندا هەروەك دەزانین، ئەردەشێری بابەکان بۆ ئەوەی کە زمانی ئێرانیان کە لە زەمانی ئەشکانییەکاندا شپرزە ببوو وشە و زمانی یۆنانی رەخنەیەکی زۆری تێدا کردبوو هەروەك لە بارەگای گەورە پیاواندا زمانی باو یۆنانی بوە،بڕیاریدا بۆ پاك کردنەوەی زمانیی ئێرانیو یەك دەنگ کردنی ئەو دەست بەکار بێو چونکو لە رابردووی دووردا هەمووشت دەچۆوە سەر دینو ئایینو فەرهەنگو کاروباری مەعنەویو پەروەردە و فێرکردنیش لەژێر دەزگای ئایینیدا بوو، بۆیە جێبەجێ کردنی ئەو کارەشی بەئەوان سپارد، بەتایبەتی گرینگێکی تایبەتی کە ئەردەشێر بە یەکبوونی دین و رەسمیەتدان بە ئایینی زەردەشتی بوو، ئەوە بوو کە هەردووك کار بەیەکەوە دەستپێکراو بە سەر لە نوێ نووسینەوەی ئەوێستاو کۆکردنەوەی ئەوو حاشیە نووسی لەسەر زەند و پازەند بە زمانی پەهلەویو... بەوتەیەکی تر بەتیرێك دوونیشانەی ئەنگاوتن، وێرای تازەکرانەوەی ژیانی ئایینی زەردەشت، نووسینی کتێبگەل ئایینی بە زمانی پەهلەوی بەرێوە چوو، لە راستیدا زاراوەی جۆراوجۆر کە هاتبوونە نێوو ئەو وشەگەلە بیانی کە وەك زمانی یۆنانی هاتبوونە نێو زمانەکە دووریان خستنەوە، هەروەك حاڵەتی رەسمی پەیداکردنی زمانی پەهلەوی، هەموو خەڵکی هەوڵی فێربوونیان دەدا زەختێکی نادیاری لێ کەوتبۆوە.

٢٠- سەرەتای فقه اللغەی ئێرانی، ای.م. ئەرانسکی ل ٥٨

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە زمانی پەهلەوی زمانی مادستان بووە کە بەو دەورەیان فەهلە یا پەهلە گوتووە، ئەو ناوچەش بریتی بووە لە مەڵبەندەکانی "اصفهان، رەی، هەمەدان، ئازەربایجان و کوردستان، دیارە کوردستانی ئەسڵی کە بەشێك بووە لە باکووری رۆژئاوا و رۆژئاوای ئێران و چەند بەشێك لە دەوەری بەهتان و ناوچە گەلێکیش لە نێوان زێی گەورە و چووك واتە پەهلەوی لە راستیدا دوایە بۆتە پەهلەوییە و لەراستیدا پەهلەوی هەمان زمانی مادی بووە.[٢١]

زمانی پەهلەوی لەلایەن هەرکەسەو بە شێوەیەك لێك دراوەتەوە و بۆلایەك راکێشراوە، بەڵام ئەوەی کە دەبێ بیلێین ئەوەیە کە ئەم زمانە زمانی مادەکان بووە، جا هەرکەس چۆنی بۆ دەچێو (ئەم لێکدانەوانە کامیان راستە، باسێکی جیاوازە و پێویستی بە لێدوانێکی زیاتر هەیە) هۆی ئەم لێکدانەوە جۆراوجۆرانەش روونە. چونکو ئەمرۆ لەخاکی مادەکاندا نەتەوە و تایفەی لێك جیا دەژین کە بە درێژایی چەند سەدەی درێژ و جێ گۆرینی قەومی و کۆچە جۆراوجۆرەکان گەیشتوونە ئەم مەڵبەندەو دەگەڵ خەڵکی وێ تێکەڵ بوونو لە ئاکامدا هەرکەس هەوڵدەدا خۆی بە خاوەنی مافێکی زیاتر بنوێنێ و ئەم دەوەرە بەخاکی باو باپیرانی خۆی لەقەڵەمدا کە بە وتەی ئاغای رەئیس نیا هەمووی ئەم داوایانە لە نەبوونی بەڵگەی پێویست لە سەردەمەکانی بەر لە ئیسلام لە نێو لێکۆڵینەوەکانی لیکۆلەرەوان سەرچاوە دەگرێ.[٢٢]

لەکۆتاییدا بە سەرنجدان بەم دەلیلانەی پێشتر هێناومانەوە، تا ئەوکاتەی لێکۆلەرەوەکان، بەتایبەتی توێژەرەوەکانی ئێرانی، وەدوای ئەگەرو مەگەری دووبارەو چەند بارە دەکەون، سەرەرای ئەوەی بەڵگەی زیندووی وەك ئەوێستاو ئەو کتێبانەی بە زمانی پەهلەوی نووسراون کە بە ددان پێدا هێنانی هەمووی ئەوان و هی دیکەش دەگەڵ زمانی کوردی دێتەوە،[٢٣] دیسانیش بەدوای لێکۆلینەوەی نابەجێ یا ئاسەواری زمانی مادییدا عەودالن، هیچ ئاکامێکی ئەوتۆ دەستناکەوێ. بە بەراورد کردنی زمانی پەهلەوی و کوردی، دەردەکەوێ کە زمانێکی تا ئەمرۆ بەپەتیو تۆخی ماوەتەوە هەر زمانی کوردییەو هەروەك "ئیسترابون" باس

٢١- الفهرست محمد کوڕی ئیسحاق الندیم، وەرگێڕانی محمد رزا تجدد ل ٢٢ بەدواو دکتۆر پەرویز ناتل خانلەری بەرگی یەکەم ل ٢٤٧

٢٢- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، رەحیم رەئیس نیا، بەرگی دووهەم ل ٨٥٥

٢٣- وەك ملك الشعرای بەهارو ئەوانیتر کە لەم کتێبەدا نموونەی زۆرمان لی هێناونەوە



دەکا زمانی پەهلەوی زمانی وتووێژو ئاخاوتنی گەل و پارسی دێرین، زمانی ئەدەبی سەردەمەکانی بەر لە ئیسلام بووە کە بۆ نووسینی فەرمانەکانی دەوڵەتیو نووسین کەڵکی لێ وەردەگیرا.[٢٤]

شتی جێگەی سەرنج بەتایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ وتەکەی ئیسترابون، بریتییە لەوەی کە تەواوی کتێبەکانی سەردەمەکانی بەر لە ئیسلام کە ئەمڕۆ بەدەستەوەن، دوای ئیسلام سەر لە نوێ نووسراونەتەوە یا نووسراون، هەموویان بە زمانی پەهلەوین و ئەوە خۆی دەلیلە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی خەریکی زیندوو کردنەوەی ئاسەواری بەر لە ئیسلام بوون، لە زمانی وتووێژ کە خۆشیان زانیویانە کەڵکیان وەرگرتووە.

هەروەك بەڵگەیەکی زۆر کۆنی کە لە "فیوم"ی میسر دەستکەوتووە بەزمانی پەهلەوییە و میستێر ویست" پسپۆری زمانی پەهلەوی دەڵێ ئەم بەڵگە هی سەدەی دووهەمی کۆچییە و جگە لە ئەوێستا تەواوی ئەو کتێبانەی بە پەهلەوی نووسراون دەگەڕێنەوە بۆ دوای سەردەمی ساسانی،[٢٥] دەورەیەك کە ئێرانییەکان ماوەیەکی زۆر دواتر کەوتنە بیری ژیاندنەوەی زمان و سەربەستی خۆیان. بەڵام لەجیاتی راڤە لەسەر ئەو شتەی هەمانە، وەدوای ئەوە دەکەوین کە نیمانەو چاوەروانین یەکێك بێ و لە سەردەمە کۆنەکاندا بەڵگە بداتە دەستمان و بڵێ: ئەوەی ئێوە بە شوێنیدا دەگەڕێن ئەوەیە!

بەڵام ئەوەی هەمانە، زمانێکە کە قسەی پێ دەکەین و هەر ئەوەندە بەسە زمانی پەهلەوی و زمانی کوردی لە پەنا یەك دابنێین و وێکچوونی زۆرو زەوەندی ئەوان بە یەکەوە هەڵسەنگێنین، لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا باشترین نموونە لە زاراوەکانی کوردی، زاراوەی لوڕییە کە لە تێکەڵی دەگەڵ بیانیان پارێزراوە. دوای ئەو زاراوەی "کەلهوڕی kalhary"یەو پاشانیش "گۆران (Goran"و "هەورامی Avrami"و "گیلی"و "کرمانجی" واتە تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردی.

سێر سیدنی ئیسمیت دەڵێ: زمانی کوردی خاوەنی ئاڵوگۆڕو بەرەو پێش چوونی ڕاستیو قەدیمییەو لە زمانی "فارسگەلی قەدیم" (زمانی لەوحەی داریوش)یش زۆر کۆنترە، بە شێوەیەك کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە میلاد کە هێشتا زمانی پەهلەوی هەر مابوو، زمانی

٢٤- مێژووی قەدیمی ئێران، ئیسترا بوون، بەرگی پێنجەم ل ٦٧

٢٥- کوردو کوردستان و شوێنەکانی سەر بەو، محمد مەردووخ ل ٤٤

کوردیش هەبووە[٢٦] خوێنەری بەڕێز ناچارە بۆ ئەوەی ئەم مەتڵەبە باش حاڵی بێ جارێکیتر ئەمە بخوێنێتەوە.

بۆ وەدوا کەوتن و دۆزینەوەی ڕیشەی زمانی کورد هێندێك کەس دەست بە کار بوون و زۆر مەسەلەو مەتڵەبیان بۆ ڕوون بۆتەوە، هەر وەك: "یَ . شودزکو"[٢٧] کە خۆی لە پێوەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە[٢٨] الف و بێی زمانەکانی کوردی و فارسی بە یەك دەزانێ و پرۆفیسۆر "سایکس Saykce" بە خوشحاڵی و دڵنیایی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەڵێ: مادەکان یەکێك لە عەشایری کورد بوون کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاشوور لە خاکێکدا دەژیان کە هەتا باشووری دەریای مازندەران "کاسپین" درێژەی هەبوو، زمانەکەشیان وەك هی هەموو کوردەکان ئاریائیە.[٢٩] دومۆرگان دەنووسێ: زمانی کوردی یەکێك لە لقەکانی هێند و ئێرانییە و جگە لە یەك دوو بابەت نەبێ فەرقێکی ئەوتۆی دەگەڵ فارسی نییە، زاراوەی خەڵکی موکریان (ساباڵاغ یا مەهاباد) تۆخترینی زاراوەکانە.[٣٠]

میجێرسۆن Mijirsonیش لە سەر ئەو باوەڕەیە کە زمانی کوردی خاوێنترینی زمانەکانی ئاسیایە لە بواری تێکەڵی دەگەڵ زمانی عەرەبی[٣١] و ئەو زانایە کە بە قەدرایە کوردێك کوردی دەزانێ و زیاتر لە زانایەکی کورد لە سەر زمانی کوردی زانیاری هەبووە، درێژە دەداو دەڵێ: زمانی کوردی بێ ئەملاو ئەولا لە زمانی فارسی قەدیم نێزیکترە لە نێزیکی زمانی فارسی ئەمڕۆ لە زمانی فارسی کۆن و ئەو زەمانەی کە مێژووی ڕاست و درووستی ئێران بۆتە بیروڕاو بۆچوونی ئەم و ئەو لە ناو چووە، زمانی کوردی کە ئاریایی ڕاست و ڕەوان و ڕەسەنە تا ئەمڕۆش لە نێو شاخە بەرەو ئاسمان هەڵچووەکانی کوردستان پارێزراوە[٣٢].

---

٢٦- مێژووی ئاشوور، سیر سیدنی ئیسمیت ل ١٩٥

٢٧- A . Chodzyko کتێبێکە کە لە سەر زاراوەی سلێمانی لێکۆڵینەوەی کردووە.

٢٨- ئەم کەسە کە کونسولی ڕووس بووە، کتێبێکی لێکۆڵینەوەی لە سەر زاراوەی کوردی سلێمانی بە زمانی فەرەنسە نوسیوە کە لە ڕۆژنامەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ئاسیاییدا لە ساڵی ١٨٥٧ بڵاو بۆتەوە.

٢٩- مێژووی گشتی مێژوو نووسان لە پرۆفیسۆر سایس، ل ٢٥٣

٣٠- Jam de morgan: mission saenti frgue vol 2 p.b

٣١- ڕاپۆرتی سلێمانی ١٩١٨ ل ٨٥

٣٢- مێژووی کوردو کوردستان، پرۆفیسۆر محەممەدئەمین زەکی ل ١٣٢



بۆ سەلماندنی ئەم وتە و بۆچوونانە دەتوانین زۆر نموونە بێنینەوە کە یەکێك لەوانە هەر وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکردووە وشەگەلێکی فرەیە کە لە ڕاستیدا هەر وشەی ئاوێستایین و ئەمڕۆش لە کوردیدا بە تەواوی بە کار دەهێندرێن کەچی لە فارسی ئەمڕۆییدا نین. سەرنج بدەنە ئەو چەند نموونانەی کە لە ژێرەوە دەیانهێنین:

١) ئەمە، Ama ئاماژە بە نێزیك ئەمە،

٢) ئەوە، Ava ئاماژە بە دوور ئەو،

٣) نیمەڕۆ، Nimaro نیوەڕۆ،

٤) ئەوبەر، Avbar ئەوبەر.

ژمارەکانی یەك و دوو ڕاست وەك خۆیان لە یەکێك لە لەوحە زێڕینەکاندا کە لە تەختی جەمشید دۆزراوەتەوەو هی سەردەمی هەخامەنشییەکانە، نووسراون، ئەم لەوحە لە مووزەی ئێرانی باستاندا مەوجوودە[٣٣] و زۆر وشەی تری وەك مزگەوت Mzgavt، دەرزی Darzi، دەرزیگەر Darzigar، بەرگدروو، خەوتن Khavtn کە هەموویان لە ئەوێستادا هەن و لە کوردی ئەمڕۆشدا زۆر باون، لە حاڵێکدا کە لە فارسی ئەمڕۆدا هەر نین، دیسانیش بۆ زیاتر ئاگادار بوون و بەرئاورد کردن، سەرنج بدەنە ئەم وشانەی ژێرەوە:

| کوردی | ئەوێستایی | فارسی ئەمڕۆ |
|---|---|---|
| بەرخ | وراخا | برّە |
| هاوین | هامین | تابستان |
| گرتن | گرتن | گرفتن |
| لێستن | لێستن | لیسیدن |
| نەیهێشت | نەیهێشت | نگزاشت |
| هەموویان | هەمووین | همەشان ـ تمامشان |
| وشتر | وشترا | شتر |
| مەڕ | مەی | گوسفند[٣٤] |

---

٣٣- جوغرافیای کوردستان، ناصر محسنی ل ٩ تا ٥٨

٣٤- کارنامەی اردشیر بابکان، احمد کسروی لاپەڕە جۆراوجۆرەکان.

بەم شاهیدانەوە لەم یەقینە نێزیك دەبینەوە کە نووسراوەکانی زەندو ئەوێستا، نێزیکترین زاراوە لە زاراوەی کوردی و بە تایبەتی زاراوەی موکرییە و هەر وەك مسۆگەرە کە ئەسڵ زمانی موکرییەو زمانی پارسی ئەو سەردەمیش هەر ئەم زمانە بووەو شوێنەواری مەوجوودە لە ئیستەخر (پرسپولیس)یش پشتیوانی ئەم بۆچوونەیە. نووسینی ئەم زمانەش وەك تەواوی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نێزیك کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی عەرەبان، چوونە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی، ئەلف و بێیەکەیان لە عەرەبی وەرگرتووە و زاراوەکانی کوردیش بە ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسرێن. زۆر بە داخەوە تاقمێك لە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکە بڕیار دراوەی هەر وەك لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێ کرد ئیراد لەم کارە باشە (نووسین بە ئەلفو بێی کوردی) دەگرن و بە کارێکی خراپی دەزانن و قسەی خراپی وەك ئەم کارە ئەسالەتی کوردان وەردەگرێتەوە، سەیرتر لەوەش ئەم قسە بێ جێیانە بە دوای لزگەیەك مەتڵەبی دیکەدا دێنن کە نیشاندەری ئەوەن زمانی کوردی زمانی ئارياييیەو نیشانەی ئاریایی بوون و ئێرانی بوونی ئەوانە، واتە دوای ئەوەی بە وتەی خۆیان سەلماندیان کە زمانی کوردی، دایکی زمانەکانی ئێرانی ـ فارسی قەدیم و پەهلەوی یا زمانی زەندو ئەوێستایە، دەنووسن: زمانەکانی کوردان سەرەڕای ئەوەی ناتەبایی‌و شێواوی زۆریان پێوە دیارە، هەموو لقی زمانی ئێرانین و ناکۆکی کوردی و ئێرانی زاتی و بونیادیی نییە، بەڵکو دوایە هاتۆتە گۆڕێ و سەلماندنی ئەم بۆچوونەش پێویست بە بەیانی دەلیل ناکا. ئەو مێژووانەش کە زانایانی کورد نووسیویانە وەك شەرەفنامە، بە زمانی فارسی نووسراون و هەتا ئێستاش پیاوانی پیری خوێندەوار نامەکانی خۆیان بە فارسی دەنووسن. لە ساڵی ١٩٢١ڕا هەوڵدراوە زمانی کوردی بکەنە زمانی قەڵەم و لە جێگەی زمانی فارسی دابنێن، دوایەش بۆ دەستپێکی ئەم بۆچوونە چەند بەیتێکی وەك "میهرو وەفایان" لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی بە فارسی و کوردی لە تەورێز چاپ کردووە و کەوتۆتە بەرچاوی خوێنەران تا بزانن چۆن لە ژێر پەردەی زمانی قەومیدا، زمانی ئەدەبی‌و نووسراویی نەتەوەیەك دەشێوێنن(٣٥-٣٦)

٣٥- ئەو بەیتە لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی بە هیمەتی ئاغای قادر فەتتاحی قازی بە هۆی چاپەمەنی زانکۆی تەورێز چاپکراوە و بڵاو بۆتەوە.

٣٦- خەت و زمانی کوردی لە ساڵی ١٣٢١ڕا لە کوردستانی عێراق هاتۆتە گۆڕێ و لەو کاتەوە تا کاتی ڕاپەڕین نە هەر لە قوتابخانەکان بەڵکو لە هێندێك لە زانکۆکانیش باو بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بە دوا کۆڕی زانیاری کورد بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوە لە بەغدا داندرا بوو کە ئەدیبی زۆر بە ناو



ئەم چەشنە نووسراوانە ئەگەر لە لایەن کەسانێکی نەخوێندەوار بڵاو کرابانەوە، جێگەی ئیراد نەبوو، بەڵام بە داخەوە کاتێك دەبینین کەسانێکی خوێندەوارو خاوەن خامەو تەنانەت زاناشن، ئەو کات کە بیری خوێنەران بە لاڕێدا دەکێشرێ مرۆڤ تووشی کەسەر دەبێ، ئاخر خاوەن بوونی زمانێك لە سەر بنەمای زانستی‌و لە مێژینەو نووسینی بەڕێگە ورەسەت بۆ هەر قەومێك‌و نەتەوەیەکەو جێگەی شانازی‌و سەربەرزییە، جا ئەم زمانە لە هەر بنەماڵەیەکی زمانی بێ.

کاتێك نەتەوەیەك بە زمانێك دەدوێ مافی خۆیەتی پێشی بنووسێ، زمان‌و خەت‌و نووسینی هەر قەومێك نە تەنیا کەسایەتی ئەو قەومە ناشێوێنێ بەڵکوو بە ناسنامەی کەسایەتی‌و پلەی بەرزی ئەو نەتەوەش دەژمێردرێ. بەیتێکی کە بەشێك لە ئەدەبیات‌و فولکلوری نەتەوەیەك جێگەی شانازی مێژووەکەیەتی‌و بە زمانی ئەو قەومەشە، دەبێ هەر بەو زمانەش بنووسرێ تا بتوانن چۆنایەتی دەرخەن. بەدبەختی قەومێك لەمە دایە کە بۆ نووسینی فولکلورو ئەدەبیاتی خۆی خەت و ڕێنووسێکی نەبێ و لە ئەلفبای خەڵك کەڵك وەرگرێ. ڕەئیس نیا، چ جوان دەڵێ:

بانگی تێدا بوو، دەیان و بگرە سەدان بابەتیان بە شێوەی زۆر لەبارو جوان بڵاوکردۆتەوە. لە ڕاستیدا نووسینی کوردی لە کوردستانی عێراق دەیان ساڵە جێی خۆی گرتوە. ئەگەر لە زەمانی شای ئێران و ئاخووندەکانیش لە کوردستانی ئێران ئەم کارە ساغ بوو. بەڵام هەر لە زەمانی کۆمەڵەی (ژ ـ ك)و دواتریش لە حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستاندا هەوڵی زۆر بۆ نووسینی کوردی دراوە، هەر چەند خەتێکی ئیستاندارد نەبووە بەڵام گۆڤاری نیشتمان و ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی هاواری نیشتمان، هەڵاڵە، گڕو گاڵی منداڵان لەو سەردەمەدا زۆریان لەو بابەتەوە خزمەت کردوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەموویان بە کوردی بڵاوۆکیان هەبوەو حیزبی دێمۆکرات لە سەرەوەی هەموویان و لە پێش هەمواندا کلاسی زمانی کوردی داناو بڵاوۆکیان بە کوردی زۆر بووەو لە کاتی شۆڕشی چەکداریشدا لە هەموو مەکتەبەکانی کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون لە قوتابخانەکان بە کوردی دەرس دەگوتراوە. ئەگەر دواتریش لە بنکەی سەلاحەدین لە ورمێ دانراو گۆڤاری سروەی دەرکرد، خەڵك هەر لە چاوی هێزە سیاسییەکانی دەزانی و هەر ئێستاکە زیاتر لە ١٠ گۆڤارو ڕۆژنامە هاوکات بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بە نهێنی‌و نیوە ئاشکراو تاق و لۆقیان بە ئیزنی کۆماری ئیسلامیش دەردەچن. یارمەتییەکی باشیان بە برەو پێدانی خوێندن و نووسینی کوردی لە نێو کیژو کوڕانی کورددا داوە و لە زۆر شوێنیش خەڵك بە هیمەتی ڕۆشنبیران بۆ خۆیان کلاسی کوردییان داناوە و بە پێی توانا لە خزمەت پەرە پێدانی ئەدەب‌و فۆلکلۆری کورد دان. (وەرگێڕ)

زمان پڕ بەهاترین سامانە کە پاسەوانی لە بایەخەکانی مەعنەوی گەل دەکا. بۆ موتالای قانوونمەندیو گەشە کردن و بەرەو پێش چوونی زمانێك، پێویستە سەرچاوەو هەوڵەکانی نەتەوەیی لە شکلّ پێدانی ئەو گەلەی کە خاوەنی زمانەکەیە بە شێوەیەکی هەمە لایەنە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بکرێ[37].

لە هەموو شت گرینگتر ئەوەیە کە بزانین زمان بێ نووسین پایەو بناغەی نییە و وەك مرۆڤێك دەچێ کە ڕۆحیان کێشابێ و لە سەر جیسمەکەی ڕاو بکەن، دیارە گیانی بێ ڕۆحیش جگە لە مردوو چیتر نییە. زمانی بێ نووسینیش بێ جووڵەو مردوەو لە ماوەیەکی کورتدا لە ناو دەچێو لە بیر دەچێتەوە.زمانی کوردی زمانێکی زیندوە و هەر لە هەوەڵەوە خەت و نووسینی هەبووە و خەتی پەهلەوی خەتی کوردی بووە و وەك پێشتر باسکراوە زۆربەی لێکۆڵەرەوان گاتەکانی زەردەشت بە کوردی دەزانن‌و هەر لە زۆر کۆنەوە زمانی پەهلەوی و نووسینەکەی زیاتر خراونەتە پاڵ کوردان. لێکۆڵینەوەکان و دۆزینەوەکانی ئەوان لە ناحیەی "تورکان" ئەو نایەکبوونیو جیاوازی ڕایەکان کە لەم بوارەدا هەبووە لە ناو بردو سەلماندی کە بە پێچەوانەی هێندێك بۆچوون کە زمانی ئەوێستاییان بە زمانی ڕۆژهەڵاتی ئێران دەزانی، دەرکەوت کە زمانی ئەوێستا دەگەڵ زمانی ڕۆژهەڵاتی ئێران جیاوازی زۆریان هەیە[38]، بەڵکو زمانی ئەوێستا بە تەواوی زمانی ڕۆژئاوای ئێرانە[39].

سەید ئەحمەد کەسرەوی زمانی مادی بە زمانی زاڵی هەرێمەکە دەزانێ و زمانەکانی وەك ئازەری بە نیوە زمان دادەنێ و زمانی پەهلەوی بە ناوکی بنەڕەتی نیوە زمانەکان دادەنێ یا بە واتایەکیتر ئەوانە بە زمانی ناوچەیی حیساب دەکا[40]. بە هەمووی ئەم دەلیل و بەڵگانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەگەر ماوەیەك بە هۆگەلێك و کاریگەری هێندێك هۆکار، خەڵك نەیانتوانیبێ بە زمانی خۆیان بنووسن کەمتەرخەمیان کردووە. ئێستاش لە هەر شوێنێك و بە هەر هۆیەك دەست بە نووسین بکەن و زانستی نووسین دەگەڵ زاراوەی خۆیان پێکەوە گرێبدەن وریاییو هۆشیاری خۆیان دەنوێنن و زۆریش جێگای شانازییە. ڕاست بە پێچەوانەی ئەم

---

٣٧- ئازەربایجان لە گەشتی مێژووی ئێراندا، ڕەحیم ڕەئیس نیا بەرگی دووهەم، لاپەڕەکانی ٤٠ تا ٨٣٩

٣٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٨٥٣

٣٩- گاتاکان، ڕاپۆرتی پور داود، ل ٤٩

٤٠- کاروەند کەسرەوی ل ٣٣٨ بە دوا



بیرۆکەی لە سەرەوە هات، هەر وەك ئەو لە سەر پێوەندی ڕیشەیی زمانی کوردی و فارسی قەدیمو پەهلەوی نووسیویەتی کە هیچ پێویستی بە دەلیل نییە، ئەو وتەی ئێمەش بەو ئەندازە ڕوونە، چۆنکوو ئەو دەستە لە زمانەکان کە ڕیشەی ئارپاییان هەیە زۆرن و دەشزانین هەموویان وێڕای ئەوەی زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، خەت و نووسینی تایبەت بە خۆشیان هەیەو ئەگەر لە نێو ئەواندا چەند قەومێکی وەك ژێرمەن و ئەنگلۆ ساکسۆن لە پیتی لاتین کەڵك وەردەگرن و زاراوەی خۆیان بەم پیتانە دێننە سەر کاغەز هیچ ئیرادی تێدا نییە، چونکو گرینگ دەربڕینی مەبەستی هەر کەسێك لە قەومێکە بە زاراوەی هەر ئەو نەتەوە و حاڵی کردنی مەتڵەبی خۆی بە یەکتر. ئێستا با لە خۆمان بپرسین ئەو نەتەوە جیاوازانەی ئورووپا و ئەمریکا و ئوقیانووسییە کە بە پیتی لاتین (گۆشەیەك لە ئیتالیا) دەنووسن و زاراوەی خۆیان دێننە سەر کاغەز کەمن، حورمەتی زۆریشم بۆیان هەیەو تا ئێرە زۆرم کەڵك لە نووسینەکانیان وەرگرتوە، وێدەچێ تووشی هەڵەیەك بووبن، ئەویش ئەوەیە کە وایان بیر کردۆتەوە هەر نەتەوەیەك دەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە زمانەکەیان لە یەك ڕیشە بێ مافی ئەوەی نییە خاوەنی خەت و نووسینی جیاو تایبەت بە خۆی بێ. بە تایبەت ئەگەر ئەلفبای کوردی وەك هی فارسی بچێو هەر دووکیان لە زمانێکی زاڵ (عەرەبی) بۆ نووسینی کەڵکیان وەرگرتبێ.

جیاوازی وتەی نووسەر دەگەڵ فەرمایشتەکانی ئاغای کەسرەوی ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین کوردەکان لە هەموو ئێرانییەك ئارپاییترن و ئەگەر گوڵە سەر و نموونەی ئارپاییەکان نەبن، هەر نەبێ یەکێك لە پاکترینو تۆخترینیانن، بەڵام کوردەکان زمانیان کوردی واتە زمانی ئەوێستاو زەندە و زمانی مادو پارسی کۆنە. کەوابوو ئەمانەش دەبێ هەر بەم زمان و خەتە قسە بکەن و بنووسن کە ئەو کارەش دەکەن و ئەگەر جیاوازیشی دەگەڵ فارسی ئەمڕۆ هەیە، ئەوە فارسییەکە گۆڕانی بە سەردا هاتوە نە کوردی. ئەگەر کوردیش بە زمانی خۆیان دەنووسن، یەکەم ئەو کارە تەنیا لە ١٩٢١ بەم لاوە دەستی پێ نەکراوە بەڵکو بۆ دوای ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆ ٩٠٠ ساڵ پێش ئێستاو دووهەمیش ئەوەیە کە ئەم کارە بە هیچ شێوەیەك لە ژێر کاریگەری بیانیاندا نییە. کوردان نە تەنیا بۆ ئەم کارە نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری بێگانان، بەڵکو خۆیان لە هەموو ئێرانییەکان بە ئارپاییتر دەزانن‌و ئەگەر تا ساڵی ١٩٢١ ـ کە زۆر لەوە پێشتر ئەو نووسینە هەبووە ـ نووسینی کوردی زۆر سەرنج ڕاکێش نەبووە، نەخوێندەواری یەکجار زۆر لە نێو ئێل و تایفە زۆر و زەوەندەکانی کوردان لە سەردەمەکانی دووری ڕابردووو زاڵبوونی حکوومەتەکانی ئیستعماری بە سەر ئەم خاکەدا وێڕای بێ ئاگاهیو

بێ خەبەری ئەم قەومە لە بزووتنەوە گەورەکانی زانستیو تێکنولوژی و بەرەو پێش چوونی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی دونیا لە سەردەمی ڕونسانس بەم لاوە بوو کە سێبەری مەزنی خان خانیو پێرە و کردنی تەواوو کەماڵی یاسای عەشیرەیی (فئودالیتە)یش بوو بە هۆی تاریکی ڕووح و دەروونی کوردان کە ئەویش هۆی زۆر پڕ کۆسپ و تەگەرە لەم بوارەدا بوو، بە شێوەیەك کە بە دوای ئەوەیدا پرۆفیسۆر مینۆرسکی ماوەیەکی زۆر لە نێو کوردانـدا خەریکی گەشت و گوزار و لێکۆڵینەوە بووە، گەورەترین هۆکاری دواکەوتوویی کورد لە نەخوێندەواری و دووری لە زانستدا دەبینێتەوەو کاتێك دەیان ساڵ دواتر لە ٢٠ەمین کونگرەی ڕۆژهەڵاتناساندا تاقمێك لێکۆڵەرەوەی کوردی چاو پێ کەوت گوتی: لەمە بە دوا دەکرێ هیوامان بە داهاتووی کورد هەبێ[٤١].

لە هەر حاڵدا هەر وەك گوترا ئەلفبای کوردی وەك هی فارسی لە عەرەبی وەرگیراوە، بەم تەوفیرە کە لە خەتی کوردیدا وەك فارسیو عەرەبی بزوێن جیا لە وشە نین، بەڵکو لە نێو وشەگەل و پیتەکاندایە و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی نووسراوەی کوردی بە ساناتر بخوێندرێتەوە، هەر چەند بە وتەی هێندێکان ئەم کارە لە ژێر یاساو ڕەوشتێکی تەواودا بەڕێوە ناچێ[٤٢] کە دیارە ئەوەش لە ئاکامی ئەم گیرو گرفتانە دایە کە لە سەرەوە باسمانکردن و هەروەها بە هۆی نەبوونی کارناسو پسپۆڕانی خاوەن ڕا لەم بابەتە گرینگەدا بووە، بەڵام لە عەینی کاتدا بەرچاو گرتنی زۆربەی ڕێزمانی فارسی کۆن و پەهلەوی هەر بەو شێوە کە لە کوردیدا بایەخی زۆرتر بەم بابەتە دەدەن بەڕێوە دەچێ، بۆ نموونە پیتی (و) کە لە فارسی ئەمڕۆدا بۆتە (ب) لە کوردیدا هەر بە شێوەی قەدیم و بنەڕەتی خۆی دێتە گوتن وەك وشەی (ئاب) لە فارسیدا کە پێشتر (ئاو) بووە، کورد ئەمڕۆش هەر دەڵێن ئاو، یا (تابستان) کە کوردان (تاوسان)ی پێ دەڵێن. نموونەیەکیتر دەتوانین لە (باو)ی چەفت بێنینەوە کە لە زمانی پەهلەویدا بە (بی) هاتۆتە گوتن بەڵام لە فارسی ئەمڕۆییدا (ی) پەڕیوە وەك "بخورم" لە فارسیدا کە لە پەهلەوی و کوردیدا (بیخۆ) دەگوترێ و (بکن) لە فارسی ئەمڕۆدا کە لە پەهلەوی و فارسی قەدیمدا (بیکە) بووەو ئەمڕۆش لە کوردیدا هەر (بیکە) دەگوترێ.

---

٤١- ڕساڵەی کوردان، پرۆفیسۆر مینورسکی

٤٢- جوغرافیای کوردستان، نووسینی ناسر محسنی، ل ٦٥ چاپی ١٤٢٧.



لە ئیمتیازەکانی زمانی کوردی لە بەرامبەر فارسی ئەمڕۆدا هەبوونی هێندێك دەنگە کە لە زمانی پەهلەوی و فارسی قەدیمدا بووە بەڵام لە فارسی ئەمڕۆدا نییە. بۆ نموونە دەنگێك کە لە نێوان (واو)و (یا)دا هەبووەو نێزیك بە (ve) بووە وەك (کوێر)و (گوێچکە)[٤٣]. بە هەر حاڵ وەك زۆر جار گوتوومانە درێژەدانی ئەم باسە گونجاوە بەڵام لە ئامانجی ئەم کتێبە بە دەرە.

## زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی:

زمانی کوردیش وەك تەواوی زمانەکانی دیکە، خۆی خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرە کە بە گوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەرەوان و زانایان، چوار لقی ئەو بە تەواوی ڕوون و لێك جیاوازن و بریتین لە: **١ـ کرمانجی ٢ـ گۆرانیو هەورامی ٣ـ لوری ٤ـ کەلهوڕی یا کرماشانی.** بەڵام ئەم چوار زاراوەش هەر کام چەند چڵی گچکەتری لێ دەبێتەوە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

### الف ـ گۆرانی یا هەورامی:

ئەم زاراوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وەك هەورامان، ژاوەرۆ، کەندۆلە، پاوەو جوانڕۆو لە تورکیەش وەك درسیم، ئەرزنجان، وان، ئەرزرۆم و چەند بەشی گچکەی کوردستانی عێراق ڕەواجی هەیەو بەشەکانی ئەم زاراوە بریتین لە:

١- زاراوەی زازا کە زیاتر زاراوەی کوردەکانی تورکیە، بە تایبەتی خەڵکی ناوچەی درسیمو ئەرزەنجانە.

٢- زاراوەی هەورامی، زمانی خەڵکی ناوچەکانی هەورامانی تەختو لهۆنە.

٣- زاراوەی ژاوەرۆ تایبەتی خەڵکی ئەم ناوچەیە.

٤- زاراوەی پاوەو جوانڕۆ، لەم ناوچانەدا باوە.

٥- زاراوەی گۆرانی قەدیم، کە بە تایبەتی لە نێو ئەهلی حەقدا بە زاراوی نووسین ناسراوە کە لقێك لەم زاراوە بە ناوی "ماچۆ ماچۆ" بە ناوبانگە کە تایبەتی ئەهلی حەقەو لە نێو ئەوانیش بە هی ساداتو پیرەکانیان ناسراوەو لە زیکری ئایینیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

٦- زاراوەی کەندولە و باجەڵان: زاراوەی باجەڵانی تایبەتە بە خەڵکی سنوورنشینی عێراق لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران. بە وتەی کەسانێ کە بەم زمانە قسە دەکەن، هەروەها بە پێی وتەی هێندێك لە نووسەران و لێکۆڵەرەوان، قەدیمیتر لە هەموو زاراوەکانی گۆرانی، بەشی

---

٤٣- هەمان سەرچاوەو دەستووری زمانی کوردی لە مستەفا کەیوان.

گۆرانی قەدیمە. شوێنەواری ئەدەبیو ئایینی زۆر بەم زاراوە هەن کە ڕابردوویان تا پێنج سەدە بەر لە ئێستا ڕوونە[٤٤]و شتێك کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان، گۆرانی باو لە ناو خەڵکا، هەروەها لەحنە لەتیف و سەرنج ڕاکێشەکان بە گۆرانی ناو دەبرێن و لە سەر بنەمای زەمزەمە کردنی ئەو شیعر و گۆرانییە فۆلکلۆرانە، مۆسیقای کوردی دەوڵەمەند بووەو خەڵکیش بەم خۆش خوێنییەی گوتووە گۆرانی.

٧- زاراوەکانی بێشکەیی، کورەجوئی، بیونچیو قەڵاگەل قەدیم، زاراوەی گۆرانەکان و خەڵکی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی "ئاندیس" زاراوەی زازا لە زمانی دەیلەمییە قەدیمییەکان جیا بۆتەوە کە بە وتەی هەورامییەکان کە دەبێ ڕاستیش بێ[٤٥]و "أ. مان"یش جەختی لە سەر دەکاو دەڵێ: زمانی گۆرانی یا زاراوەی گۆرانی یا زاراوەی زازا کوپییەکە لە زاراوەی هەورامی[٤٦]

**ب ـ زاراوەی لوری:**

وێکچوونی زمانی فارسی و زاراوەی لوری بۆتە هۆی ئەوەی کە هێندێك کەس ئەوان بە کورد زمان نەزانن، کەچی وا نییەو ئەم ڕوانگە لە لایەن مێژووناسان و ڕۆژهەڵاتناسانەوە سەرنجی نەدراوەتێ، چونکو کورد بوونی لورەکان شتێك نییە کە گومانی تێدا بێ.

مێژووی هەڵبژێردراو کە زانیارییەکی زۆر باشی لە سەر کوردستانی کۆن تێدایە دەڵێ: لوڕەکان لە دۆڵی "مان رود" لە نێزیك شارێك بە ناوی "لوریا اللورنا" نیشتەجێنو هەر بە ناوی ئەم شارەشەوە ناوی "لوڕیان" لە سەر دانراوە. هەر وەك "ئیستەخری"یش لە سەر ئەم باوەڕەیە[٤٧].

یاقووت حەمەویش بە ڕاشکاوی لەم بوارەدا دەنووسێ: لوڕەکان لە خزمەکانی کوردن و لە نێوان خووزستانو ئیسفەهان دادەنیشن و زمانیان کوردییە و خۆشیان بە کورد دەزانن و

٤٤- سەرەتای مێژووو جوغرافیای کوردستان، شکرالله سنەیی، دکتر حشمت الله طبیبي ل ٢٤

٤٥- کوردو کوردستان، محەممەدئەمین زەکی، ل ٣١٤

٤٦- تەبدیل سیماکان لە کوردستان و ئەلجەزیرە، میجیرسۆن، ل ٣٨٢

٤٧- ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی محەممەد ئیستەخری لە ساڵی ٣٠٧ی کۆچی واتە نێزیك بە ١١٠٧ ساڵ بەر لە ئێستا کتێبی (الاقلیم)ی نووسیوە.



خاکەکەشیان بە لوڕستان ناودێر کراوە[٤٨]. هێندێك دەڵێن لە بەر ئەوە زاراوەیان لە فارسی نێزیکترە، وێ دەچێ فارس بن.

دیارە ئەوە گومانەو دەگەڵ ئەگەر تێکەڵاوە، چۆنکو "لەك"ەکان کە لقی سەرەکی لوڕەکانن زمانیان کوردییە و خۆشیان بە کورد دەزانن و جیاوازی بەیان لە نێو لوڕەکان و کوردی سلێمانی یا کرمانجی، هەر بە قەدەر تۆفیری کوردی کرمانجیو کوردی بادینییە[٤٩].

دوکتۆر فریچ کە لەم بابەتەوە لێکۆڵینەوەی کردووە دەنووسێ[٥٠]: لۆڕەکان کوردی ئێرانین و کوردەکانی ئێران لە باری بەیانەوە دوو بەشن، ١- کوردی زمان و ٢- لوڕی زمان، دیارە ڕۆژهەڵاتناسانو لێکۆڵەوەرانی وەك "سرجان ملکم"، "لوریە"، "هاسل"و "ادوارد براون" ئەوەیان قبوولکردووە و گاڵتە دەکەن بە وانەی لە کورد بوونی لوڕەکاندا گومان دەکەن.

"محەممەدئەمین زەکی" دەڵێ: لە ساڵی ١٩١٦ بە بۆنەی مەئموریەتێکی ڕەسمی چووبوومە لوڕستان، دەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی کە لە سەر مەسەلەی نەتەوەییو کۆمەڵایەتیم کرد، زیاترە بەزمانی کوردی قسەم دەکرد، وێڕای ئەوەی لە قسەی وان حاڵی دەبووم مەبەستی خۆشم تێدەگەیاندنو بەم ئاکامە گەیشتم کە جیاوازی لوڕی و زاراوەی کرمانجی ڕۆژهەڵات زیاتر لە تۆفیری نێوان کرمانجی ڕۆژهەڵات و کرمانجی ڕۆژئاوا نییەو زۆربەی ئەو وشانەی کە لوڕەکان هەیانە دەگەڵ وشەگەلی خەڵکی سلێمانی نێزیکترە تا فارسی ئەمڕۆیی[٥١].

بە هەر حاڵ لوڕ بە چوار لق دابەش کراوە: ١ـ لوڕی گچکە یا فەیلی ٢ـ مامەسەنی (مەمەسەنی) ٣ـ کۆکیلویی (کۆگەلوویی) ٤ـ بەختیاری. بەڵام بۆ ئەوەی وێچوون و نێزیکی ئەم زاراوانە دەگەڵ فارسی و کوردی بزانین و ئەوەی کە زیاتر لە کامیان نێزیکن، سەرنج بدەنە ئەم چەند نموونەی ژێرەوەو بزانن وشەگەلی لوڕی زیاتر لە هی کوردی دەچن یا لە هی فارسی؟و ئەگەر وشەگەلێکی وەك "خانە"ی فارسی کە لە لوڕیدا "خونا"ی پێ دەڵێن، یا لوڕەکان بە

٤٨- ئەبو عەبدوڵڵا شەهابەدین یاقووت حەمەوی لە دایك بووی ٥٦٤ی کۆچیو خاوەنی کتێبی "معجم البلدان"ە.

٤٩- ئەنسکلوپیدی ئیسلام (دایرة المعارف اسلامي) مینۆرسکی.

٥٠- کتێبی کوردو لوڕ کە لە پێشدا لە لایەن مەجمەعی زانستی ڕۆژهەڵات لە بێرلین چاپکراوە و دوایەش مەکتەبی مودیریەتی کۆچبەرانی تورکیە وەریان گێڕاوەو لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی بە ناوی کوردلەر = کوردەکان بڵاوی کردۆتەوە.

٥١- مێژووی کوردو کوردستان، محەممەدئەمین زەکی، لاپەڕەکانی ٣٢٢و ٣٢٣.

مرۆڤ "ئـادەم" دەڵـێن "ئـادوم"و بـە "میـدهم" (دەیـدەم) دەڵـێن (ئیدهـەم) زیـاتر بـە هـۆی تێکەڵاوییەکە کە لە دراوسێەتیدا پێکهاتووە.

| لوڕی | کوردی | فارسی | لوڕی | کوردی | فارسی |
|---|---|---|---|---|---|
| بچو | بچۆ | برو | ئەلس | هەڵسە | برخیز |
| نازانم | نازانم | نمیدانم | ئەسپ | ئەسپ | اسب |
| مێوژ | مێوژ | مویز | بان | سەروو | بالا |
| مەی | مەڕ | گوسفند | یوناگوت | ئەمیگرت | این را گرفت |
| ئەمروود[٥٢] | هەرمێ | گلابی | ایگال | ئەوان | ێنها |
| ئەیدەم | ئەیدەم | میدهم | ئەیخرم | ئەیکڕم | میخرم |
| شامی | شووتی | هندوانه | | | |

**ج ـ زاراوەی کرمانجی:**

ئەم زاراوەیەش بە دوو لق دابەش دەبێ: ١ـ کرمانجی ڕۆژهەڵاتیو باشووری
٢ـ کرمانجی ڕۆژئاواییو باکووری.

١ـ کرمانجی ڕۆژهەڵاتیو باشووری، ئەم زاراوە لە ناوچەکانی نێوان زێی گەورەو دەورو بەری سـیروان، هـەروەها لەمەڵبەنـدی موکریـدا ڕەواجـی هەیـە، زاراوەیـەکی سـاف و ڕەوان و زۆر دەوڵەمەندو تا ڕادەیەك زمانی گشتی کوردانە. ئەو ناوچانەی بەم زاراوە قسە دەکەن بـریتین لـە شارەکانی باشـوور، باشـووری ڕۆژئـاوای گـۆلی ورمـێ لـە ئێـران تـا ڕۆژئـاوای کرماشـان و لـە عێراقیش شارەکانی سلێمانی، کەرکووك، هەولێر، مووسڵ، ڕەواندوز، شارەزوور. ئەو زاراوانەی کە لێی جیا دەبنەوە بریتین لە کرمانجی عێراق، کرمانجی موکری، کرمانجی سنە[٥٣-٥٤].

٢ــ کرمـانجی ڕۆژئـاواییو بـاکووری، ئـەم زاراوە بـە کرمـانجی ئەسـڵی دەزانـنو خـەڵکی ناوچەکانی بۆتان، توورعابدین، شەمزینان و باروکلی، دەوروبەری ئارارات، ماردین، دیاربـەکر،

٥٢- ئەمروود تورکییەو هەر بە مانای هەرمێیە کە لە ئاکامی تێکەڵاویدا چۆتە ناو لوڕەکان.

٥٣- دەبێ بڵێین کوردەکانی موکری لە بابانەکانی سلێمانی کوردستانی عێراق یا فەیزوڵڵا بەگییـەکانی ئـەوێن کە بۆ ئەم مەڵبەندە کۆچیان کردووە.

54- etudes philologique surle langue kurde: kudouzok 1857



بادینان، هەکاری، ورمێ، ئەرزرۆم، مەریوان و ئەنەتۆل یا ئەنەدۆل و کوردەکانی خوراسـان بـەم زاراوە دەئاخەون. جگە لەم ناوچانە تایفەکانی هەرکی، شکاك، جەلالی، میلانی، حەیدەریو. . .لە ئێـران و کوردەکـانی ئەرمەنـستان، ئازەربایجـان و سـووریە، هـەروەها کوردەکـانی ئـاکرێ، عمادیە، دهۆك، زاخۆ سەرەنجام بەم زاراوە دەدوێن[٥٥-٥٦].

**زاراوەی کەلهوڕی یا کرماشانی:**

ئـەم زاراوە تایبەتـە بـە زۆرینـەی خـەڵکی دەوەری کرماشـان و زیـاتر بـە زاراوەی کـەلهوڕو زەنگەنە ناوبانگی دەر کردووە. عەشیرەتگەلی ئەم مەڵبەندە کە زیاتریـان هـەڵگری بـیرو بـڕوای ئەهلی حەق و شیعەشن بەم زاراوە دەدوێن. ئەوانە گۆران، کـەلهوڕ، سـەنجاویو خـەڵکی ئـیلام، ڕەوانسەرو کەنگاوەرو قەسـری شـیرینن. ئـەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیـە کـە لـە ئاواییـەکانی ڕۆژئاوای کرماشان ئەوانەی سونین بە زاراوەی کرمانجی و شیعەکانیش بـە زاراوەی کـەلهوڕی یـا کرماشانی قسە دەکەن[٥٧]. ئەم زاراوانەی کە لە لقی کەلهوڕی دەبنەوە بریتین لە: ١ـ گۆرانی ٢ــ سـەنجاوی ٣ــ کـەلهوڕی ٤ــ کولیـایی ٥ــ سـەحنەو هەرسـینی. پێویـستە بڵـێین ژمارەیـەك لـە لێکۆڵەرەوان بە شێوەگەلێکی دیکە زمـانی کوردییـان دابـەش کـردووە کـە دەکـرێ ئامـاژە بـە دابەش کردنەکەی دنیاگەردی ناودار "اولیا چلبی" بکەین. ناوبراو زمـانی کـوردی کردۆتـە ١٥ بەش بەم شیوەیە: زازا، لۆلۆ، هەکاری، عوەنەیکی، مەحموودی، شـیروانی، جزیریـی، پـسیانی، سەنجاری، ئەردەڵانی، سۆرانی، خالتی، چکوانی، عمادیو ڕۆزیکی.

لەم دابەش کردنەدا ئەوەی کە سـەرنج ڕاکێـشە بـوونی لقـەکانی لۆلـۆو خالتییـە کـە خـۆی پەیوەست بوونی تەواوی ئـەمان بـە قەومـەکانی دێـرینی دانیـشتووی ئـەم دەوەرە (لۆلۆیـەکانو خالدییەکان) دەسـەلمێنێ، ئـەوەش وەڵامێکـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە بڕوایـان وایـە کـوردان لـە سەرەتای ساڵەکانی لە دایك بوونی مەسیح هاتوونەتە ئەم وڵاتـە[٥٨]، ئـەوەش مـسۆگەر بـوونی پارێزراوی زمانی دێرینی ئەوانە.

55- dialect of sulaimaniya collected in paris 1807

56- die mundart der mukri – kurden: o. mun berlin 1906.

٥٧- سەرەتای جوغرافیا و مێژووی کوردستان، دوکتۆر حشمت الله طیبي ـ شکرالله سنندجی ل ٢٣.

٥٨- لە بەشی ڕەگەزناسی ئەم کتێبە بڕوانە.

لە ساڵانی دواییدا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە سەر زمانی کوردی کراوە، زۆربەی ئەو ڕوانگانەی کە لە ڕابردوودا بە شێوەی نادروست هاتبوونە گۆڕێ ناڕاست بوونیان دەر کەوتوەو ڕەت کراونەوە. یەکێك لەم بۆچوونە ڕەت کراوانە نەناسین و نەزانینی کوردەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان لە گەڵ زاراوەی یەکترو لە یەکتر حاڵی نەبوونیانە. چۆنکە بە تەواوی دەر کەوتوە کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی یا یەکێ مەهابادی ـ موکریانی بە باشی لە زمانی کرمانجی باکوورو زاراوەیەکی ئیلامی یا دیاربەکری حاڵی دەبێ.

"سرجان ملکم" دەنووسێ: ئەم عەشیرەتانەی کە لە دەوەرەکانی کرمان و فارس، یا عێراق و کوردستان نیشتەجێن گەورەترین هۆ کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە زمانەکەیانە کە زاراوەیەکی ڕەوانی پەهلەوییەو هەر چەند زاراوەکانیان جیاوازیان لە گەڵ یەکتردا هەیە بەڵام نەیتوانیوە ببێتە هۆی لە یەکتر تێنەگەیشتنیان[٥٩].

چاوخشاندێك بە سەر پاشەواری زمانی پەهلەویدا کە هەشتاو دوو کتێب و ڕیسالەیە دەتوانێ سەلمێنەری ئەم پێوەندییە بێ، بە تایبەت خوێنەر کاتێك ناوەکانیان دەخوێنێتەوە دەزانێ کە ئەوە کوردییە. بۆ نموونە سەرنج بدە ناوی یەکێك لە کتێبەکانی "دین کریت" بۆ کەسێ کە کوردی دەزانێ ماناکەی بە تەواوی ڕوونە کە لە دوو بەشی ١ـ دین ٢ـ کریت، کریتو پێکهاتووە کە دین کوردە، دین کریت کە دەقەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووو ئەدەب و مەسەلەی ئایینی زەردەشت لە سەدەی سێهەمی کۆچی بە زمانی پەهلەوی نووسراوە.

تاقمێك وێڕای دەربڕینی وەك یەك چوونی زمانەکانی کوردیو پەهلەوی (ئەوێستایی، زەند) ڕادەگەیەنن چۆنکو کۆنترین ئاسەوارێك کە لە کوردی بە دەستەوە ماوە لە گەڵ ئاسەواری زمانی ئەوێستایی یا پەهلەوی ماوەیەکی زۆریان بەینە ناتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو ماوەدا بە سەر زمانی کوردی هاتوون تا گەیوەتە وەزعی ئەمڕۆ. موتالا بکەین[٦٠] ئەم وتەیە دیسان ئەو هەڵەی پێشتر ئاماژەیان پێکرد دووپات دەکاتەوە، واتە بەم ئەسڵە نازانن کە زمانی کوردی زمانێکی جیا لە زمانی پەهلەوی یا ئەوێستایی نییە، ئەگەر بمانهەوێ گەشتی گەشە کردنێك کە زمانی کوردی لەم ماوەدا بە خۆیەوە دیوە ڕاڤە بکەین دەبێ هەمان زمانی پەهلەوی یا ئەوێستایی موتالا بکەین چۆنکە کوردی هەر زمانی پەهلەوی یا فارسی قەدیمە،

٥٩- مێژووی ئێران، سرجان ملکم، بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٥ تا ٦١.

٦٠- سەرەتای کتێبی جوغرافیا و مێژووی کوردستان، شکرالله سنەیی و دوکتۆر حشمت الله طبیبی لاپەڕەی ٢٠.



درێژەی ماوەو تێکەڵاوی لە گەڵ قەومگەلی دیکە و وەرگرتن و تێك کردنەوەی وشە و پیتگەلێك لە زمانەکانی قەومگەلی هێرشبەر یا دراوسێیەکان هێندێك ئاڵوگۆڕی تێدا پێك هێناوە و بۆتە زمانی ئەمڕۆیی. ئەگەر ئێمە لە بەراورد کردنی تەواو و تێر و تەسەلی کەماڵی زمانی کوردی لە گەڵ زمانی کوردی پێشوو یا پەهلەوی و ئەوێستایی و یا زەندو فارسیی قەدیم و. . .جیاوازیمان بەرچاو دەکەوێ، هەر بەو دەلیلەیە کە لە سەرەوە باسکراو هیچی دی[٦١]. دەنا بە گوێرەی موتالاو ڕاڤەگەلێ کە کراوە ئێمە بە چەند نموونەیەك لەوان ئاماژەمان کردووە، زمانی کوردی لە بواری شکڵو فۆرمی بنەڕەتی زمان، سەرفو شکڵی فعلەکانەوە، لە گەڵ هەموو زمانەکانی ئارییایی نێزیکەو شوبارییان دەدا، ناتەبایی جۆری فعلو مەسدەرو سەرفەکەیان لە گەڵ زمانەکانی پەهلەوی و فارسی قەدیم ئەوەندە کەمە کە هیچ کەس ناتوانێ ئەم زمانە لە زمانەکانی پەهلەوی و ئەوێستایی و فارسی ئەمڕۆ جیا کاتەوەو حاشا لە نێزیکی زۆرو خزمایەتیان بکا[٦٢]. هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەم نووسراوانە بکەین کە بەم دواییانە لە کوردستاندا بە زمان و خەتی پەهلەوی دۆزراونەوە[٦٣] کە باشترین دەلیل بۆ نەبوونی ناتەبایی و جیاوازی لە نێوان زمانەکانی کوردی و پەهلەوی و فارسی قەدیمن. لە ژێرەوە سەیری یەکێك لەوان بکەن:

**دەقی کوردی نووسراوەی سەردەمی هێرشی سوپای عەرەبە موسڵمانەکان بۆ سەر ئێران**

| | |
|---|---|
| هورمزگان ڕمان ئاتران کژان | ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان |
| زۆرکاری ئەرەب کردنە خاپوور | گنای پالە هەتا شارەزوور |
| شنۆو کنیکان و دیل بشینا | میرد ئازاتلی‌و ڕووی هوینا |
| زەوشت زەردشتر مانەوە بێکەس | بزیکا نیکا هورمزو هیوچەکس |

٦١- نووسەر زۆر لەمەو پێش هێندێك ڕاڤەی لە سەر زمانی کوردیو ڕیشەیی ئەم زمانە دەست پێ کردووە و بۆ ئەم مەبەستە لە کەسانی لێزان و کارناس لە زمان ناسی یارمەتی دەخوازم و هیوادارم ببێتە کتێبێکی بە سوود کە ئەگەر بگاتە چاپ وەڵامی بەشێك لەم پرسیارانە کە لە گۆڕی دان دەداتەوە.

٦٢- زاراوەکانی ڕۆژئاوای ئێران، نووسینی دوکتۆر محمد موکری، لاپەڕە ٥٠ تا ٥٣

٦٣- لە ڕیزی ئەم ئاسەوارەی دۆزراونەتەوە پارچە پێستێکە کە لە سەردەمانی هێرشی عەرەبان لە سەرەتای ئاشکرا بوونی ئیسلام کە شیعرگەلێك بە زمان و خەتی پەهلەوی لە سەری نووسراوە. ئەو پارچە پێستە لە سلێمانی کوردستانی باشوور دۆزراوەتەوە.

پێویسته سەرنج بدەینە وشەکانی ئەم شیعرە کە هەموویان لە کوردی ئەمڕۆشدا هەن بەڵام ئەوانەی وەك ئاتران یا ئاگران کوژان، کوشتە، گەورە گەورەکان لە فارسی دانین.

ئەگەر ئەو کەسانەی کتێبیان بە زمان و خەتی پەهلەوی لە بەر دەست دایە ئەم بەڵگەیە کە تەواو کوردی ئیمڕۆیە لە گەڵ دەقی ئەوان بەراورد بکەن لە ڕوانگەی ئێمە حاڵی دەبن. (نووسراوەی ناوبراو هی ئاخریەکانی سەردەمی ساسانیان و سەرەتای ئاشکرا بوونی ئیسلامە، واتە هی ١٤٠٠ ساڵ لەمەو بەرە کە دەزانین ئەو کات خەت و زمانی خەڵکی ئێران پەهلەوی بووەو وەك ڕوونو ئاشکرایە لە گەڵ کوردیی ئەمڕۆ هیچ جیاوازییەکی نییە.)

## ئەدەبی کوردو شوێنەواری نووسەران و شاعێرانی کورد:

پێشتر ئاماژەمان کرد کە لە نێوان چوار زاراوە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا زاراوەی کرمانجی باشوور و بە تایبەتی زاراوەی کرمانجی موکری ـ سابڵاغ یا مەهاباد ـ زمانی گشتیو لە عەینی کاتدا زمانی ئەدەبیاتیشەو لێکۆڵەرەوە ڕۆژهەڵاتناسو زاناگەلێکی زۆری وەك مورگان، سون، أدمان، شیندلر، ئیکیازاروف، مینورسکی، کارزونی، هارتمان، ب نیکیتین ئەم وتەیان سەلماندووە.

شوێنەوارو کتێبێکی زۆر لە زانایان و نووسەرانی کورد لە دەست دایە کە هەر کام لەوان شتێکی کەم وێنەن و زمانەکانی جۆراوجۆر بە تایبەتی زمانەکانی فارسی، کوردیو عەرەبی لە سەر بابەتەکانی وەك مێژوو، زانست و شیعر و. . .نووسراون کە بە گوێرەی ڕابردوویان بە چەند دانەیەکیان ئاماژە دەکەین.

١) **دیوانی "ابوالحسن علی ابن محمدالغزالی اللوکری"**[٦٤]: ئەم شاعیرە زانایە زۆر لە بەر دڵی "ابوالحسن عبیدالله" کوڕی "احمد العوتەبی" وەزیری سامانی بووەو بە فەرمانی ئەو لە "لوکەر"ڕا چووەتە پایتەختی سامانیان و لە خزمەت وەزیر بووە کە چەند شیعری ژێرەوەی کە لە قەسیدەیەکی ئەو وەرگیراوە بۆ وەزیری نووسیوەو داوای لێ کردووە ئیزنی پێ بدا بگەڕێتەوە.

عبیدللا بن احمد وزیر شاه سامانی همی    تابد شعاع داد از یان پر نور پیشانی

٦٥- کوردو پێوەندی نژادی و مێژووی ئەو (یاسەمی لاپەڕە ١٣٧)، لوکیر یەکێك لە ئاوەدانییەکانی ئەفغانستانە.



عەبیدوڵڵا کوڕی ئەحمەد وەزیری شای سامانی    لە نێو چاوانی تیشکی دادو عەداڵەت هەڵدەستێ
به صورت ادمی امد به معنی نور صبحانی    خدایا چشم بد خواهم کزان صورت بگردانی
بە زاهێر بەنی ئادەم بەڵام لە ڕاستیدا نووری خوایە    خوایە لە چاوی پیسی ناحەزانی بپارێزی
بخارا خوشتر از لوکر خداوندا همی دانی    ولیکن کرد نشکیبد از دوغ بیابانی
خداوەندا تۆ ئاگاداری کە بوخارا لە لوکر خۆشترە    بەڵام کوردیش ناتوانێ لە دۆی بیابانی خۆی ببوێرێ

عەونی لە "لباب الباب"دا ئەو لە ڕیزی زانایان و شاعیرانی جێگای ڕێز دەناسێنێو قەسیدەیەکی لە کتێبەکەیدا هێناوە کە لەو قەسیدەیەدا مەدحی ئەمیر رچی ابوالقاسم نوح بن منصور سامانی دەکا کە لە ساڵی **٣٦٥** تا **٣٨٧**ی کۆچی پادشا بووە کە بەم شیعرە دەست پێدەکا.

نگار من یان کرد گوهر پسر    که زیب استو حسن از قدم تا بسر
ئەو کوڕە کوردە وەك گەوهەر نگاری منە    کە سەرتاپای وجوودی چاکەو جوانییە

٢) **مێژووی شەرەفنامە**، نووسینی ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی کە خۆی لە خانەدانی بتلیس و لەو لێکۆڵەرەوە پڕ بایەخانەیە کە کتێبەکەی یەکێ لە باشترین سەرچاوەکانە بۆ ئەو کەسانەی کە بیانهەوێ لە سەر مێژووی ئەمیرانی کورد موتاڵاو لێکۆڵینەوە بکەن. بتلیسی ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی واتە ٤١٠ ساڵ بەر لە نووسینی ئەم کتێبەی لە بەر دەستتان دایە بە زمانی فارسی نووسیوە و بە زۆر زمانیش وەر گێڕدراوەتەوە. کتێبی شەرەفنامە مێژووی کوردانەو لە سەر زمان و قەومیەتی کوردان نووسراوە. بە شێوەیەك کە ئەو کات لێکۆڵەرەوان و مێژوو نووسانی بیانی لە بوونی ئەم کتێبە ئاگادار بوون، بۆ ئەوەی دەستیان وێڕا بگا لە گەڵ یەکتر کەوتنە پێشبڕکێ. کاتێك ژنراڵ "سورشیتلین" لە ساڵی **١٣٢٨**دا ئەردەوێڵی گرتو کتێبخانەی سەفەوی بە تاڵان برد نوسخەی چاك کراوی شەرەفنامەی بە ئیمزای نووسەرەکەیەوە کە لە ڕێکەوتی **١٥٩٩**ی زایینی لە ئاخری کتێبەکەی کردبووی لە گەڵ زۆر کتێبی دیکەی وەدەستکەوت. ئاکادمیسیەن "ولیامینوف ترزموف" بێ ڕاوەستان فارسییەکەی چاپکرد و دوایەش ف . شارموا[٦٦] وەری گێڕایەوە سەر زمانی فەرەنسی و لە چوار بەرگدا بڵاوی کردەوە[٦٧]. دواتر بە زمانەکانی زیندووی دنیا وەرگێڕدرا.

٣) مێژووی کوردستان لە نووسینی مەلا محەممەدشەریفی قازی لە ساڵی ١٢١٤ی کۆچی مانگیدا.

٦٦- کوردو پێوەندی نژادی ئەو، نووسینی یاسەمی لاپەڕە ١٣٨.

٦٧- کوردو کوردستان، واسیلی نیکیتین، لاپەڕە ١٠٣.

٤) لوب التواريخ، نووسینی خوسرەوی کوڕی محەممەد کوڕی مەنووچێهری ئەردەڵان لە ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی مانگی

٥) کوردستان، لە نووسینی ژنە شاعیری پایەبەرزی گەلی کورد مەستوورەی کوردستانی لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی مانگی.

هەروەها زۆر کتێبی دیکە کە لە نێو ئەواندا دەتوانین بە کتێبە دینیو ئایینییەکانی وەك مەولوودنامە، دەلایل، معراج نامەو کتێبی "نامەی دوایی" کە بیرو بڕوا و داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمو حوکم و فەرمانەکانی ئەهلی حەقی تێدا نووسراوە و کتێبگەلیتر کە لە سەر ئەم کتێبە نووسراون و هەروەها بە کتێبی "فەرمایشی خەزانە" کە سەبارەت بەم دوو کتێبە نووسراوە ئاماژە بکەین. دیارە دەکرێ لە کتێبە لاوەکییەکانی سەردەمی بابا سەرهەنگ، سەردەمی شاخ و شین، بابا ناوس، پیر عالی، دەفتەری پەزدیوەر، دەفتەری ساوا، دەفتەری دیوانی گەورە، فەرمایشی ئیل بەیگی، فەرمایشی خان ئەڵماس، فەرمایشی زولفەقار، کەلامی نەورۆز، فەرمایشی حەیدەری، فەرمایشی دەروێش قولیو معرفت و پیر شهریار (مارەفەتی پیر شالیار) باس بکەین کە هەر کام پێناسەی سەردەمێکن یا ئاسەوارێکی زێڕینی مێژووی ئەهلی حەقنو هەر کام لەوانەش چەند بەشێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. وەك نامەی ئاخر (سەرەنجام) کە خۆی ٦ بەشە بەم ناوانە: وردە سەرەنجام، سەردەمی عابدین، سەردەمی چل تەن، گلیم وەم کۆڵ، سەردەمی حەوتەوانەو بارگە بارگە.

بە هەر حاڵ ئەگەر بمانهەوێ ناوی ئەو کتێبە دینیو ئایینییانەی کە بە زمانی کوردی نووسراون بەرین زۆرن، هەر ئەوندە بەسە کە بڵێین نێزیك بە تەواوی کتێبەکانی ئەهلی حەق بە کوردی نووسراون کە لە ١٠٠ بەرگ تێدەپەڕن و هەر کامیان بە زاراوەیەك نووسراون (٦٨،٦٩).

---

٦٨- کتێبەکانی فەرهەنگی ماد، ناودارانی ئەهلی حەق، نووسینی سدیق سەفیزادە (بۆرەکەیی) سەرچاوەیەکی باشە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەم بابەتەوە. هەروەها کتێبەکانی پرۆفیسۆر تۆقیق وەهبی وەك فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیسی ئاکسفۆرد بڵاو کراوەی ١٩٦٠، هەروەها فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسی ژاپا، لەم دواییانەشدا کتێبێکی بە نرخ لە لایەن مامۆستای ڕێزدار عبیداللە ئەیوبیان چاپکراوە کە زۆر شتی بە کەڵکی تێدایە.

٦٩- لە بەشی ئایین و بڕوای کوردەکانیشدا ئاماژە بە نووسراوەکانی لێکۆڵەرانی دینیو مەلاو مامۆستاکانی دەرس وێژی کورد کراوە کە خوێندنەوەی دووبارەیان پێویستە.



لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕاستییەك کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بکەین، ئەویش ئەوەیە کە خاڵی هەرەبەرزو سەرووی نووسراوەکانی کوردی، لە شیعر و هەڵبەست بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی عامیانەو خەڵکی ئاسایی دایە کە بە وتەی "ویلچفسکی" ئەم گەشە کرانەی لە ئەندازە بە دەرو دەوڵەمەندی بەرچاوی فولکلور لە زمانی کوردیدا سەرچاوە لە نەخوێندەواری بەرینو نائاشنایی ئەو خەڵکەیە دەگەڵ زمانی ئەدەبی دایك(٧٠،٧١،٧٢). ئەوە دەتوانێ یەکێك لە هۆکارەکانی سەرەکی بێ بەڵام هۆکاری زۆرتریش هەن کە بوونە هۆی نەخوێندەواری کوردان.

گەلۆ، ئەگەر فۆلکلۆری کوردی لە بابەت ڕەنگاو ڕەنگییەوە زۆر دەوڵەمەندە، لە شیعری باشو سەرکەوتووو بە نرخیشدا زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندەو شاعیری زۆر گەورەی هەیە کە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی هەڵبەستیان هەیە و دیوانەکانیان لە ڕیزی ئاسەواری

---

٧٠- یەکەمین کونفرانسی کوردناسی و کورد و کوردستانی واسیلی نیکیتین ل ٥٣٢ سەرچاوەی زۆر باشن.

٧١- دیارە ئەم وتەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥ی میلادی واتە زیاتر لە ٨٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بێ گومان لەم ماوەدا ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە لە بواری پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواریدا هاتۆتە گۆڕێ، خوێندەواری زۆر چۆتە پێش، بە شێوەیەك لە کوردستاندا جگە لە مەکتەبی یەکجار زۆر سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی لە شارە گەورەکانی کوردستانی عێراق زانکۆ هەن و بە کوردیش دەرس دەخوێننو دەنووسن. گەرچی لە هێندێك شوێنیش خوێندن بە کوردی نییە، بەڵام بێگومان بۆتە هۆی بردنە سەری ڕادەی خوێندەوارو خوێندەواری. لە ئێرانیش دوای شۆرشی گەلان بە چەند ساڵێك ئیزن درا گۆڤاری سروە بە کوردی بڵاو بێتەوە و جارجار کتێبیش نە بە شێوەی ڕەسمی بە کوردی چاپ دەکرا، بەڵام خوێندنی زمانی کوردی تا ئێستاش هەر نییە، لە هێندێك لە شارەکانی کوردستانی ئێرانیش زانکۆی ئازاد دانراون.

(٧٢) تەواوی لێکۆڵەرەوان ئەحمەدی خانی بە یەکێك لە گەورەترین شاعیرانی خاوەنی مەکتەبی کورد دەزانن کە نە تەنیا لە نێو کوردانیدا بەڵکو لە دنیاشدا لە ڕیزی شاعیرانی کەم وێنەیە. واسیلی نیکیتین. مارو ئوسکارمان ئەو بە فیردەوسی کورد ناو دەبەن. چۆنکە لە گەیاندنی هەستی نەتەوەیی کوردو هاندانی کورد بۆ ئەم ڕێگا کەم وێنەیە. ئەو لە هەکاریو لە ساڵی ١٥٩١ لە دایك بووە، بەرزترین هۆنراوەی حەماسی کورد واتە "مەمو زین"ی داناوەو لە بواری زانستی شێعرو سەنعەتی شێعری (عەروز و قافیە ـ زمان ناسی)شەوە مامۆستای بێ ئەم لاو ئەو لای شیعری کوردییەو، ئەوانە هەموو بە بێ گەردی دەروونو ڕەفتاری خەڵك پەسندی بوونە هۆی ئەوە کە بە خۆشەویستترین شاعیری کوردبناسرێ و مەکتەبەکەشی ببێتە سەر مەشقی هەموو شاعیرە گەورەکانی دوای خۆی.

دەگمەن و گەورە دان، لەم بوارەدا دەتوانین لە شاعیرگەلی مەزنی وەك ئەحمەدی خانی[٧٣]، فەقێ تەیران، مەلا ئەحمەد جزیری، شەرەفخان، جۆلە مێرگی، مەولەوی هەورامانی تاوگۆزی، شێخ ڕەزا تاڵەبانی[٧٤]، عەبدوڵڵا بەگی مصباح الدیوان، نالی، مەستوورەی کوردستانیو حاجی قادری کۆیی ناو بەرین.

دەوڵەمەندی لە ڕادە بە دەری ئەدەبیاتی عامیانەی کوردی، لە ئەخلاق و کەسایەتی گەلی کورد، بە تایبەتی خەڵکی عادی و کووچە و کۆڵان و بازاڕییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە وتەی "ویلچفسکی"بۆتە هۆی ئەوەی وەك کەرەستەیەك لە لایەن دەرەبەگ و خانەکانەوە کەڵکی لێ وەرگیرێ.

## لاوژە یا بەیتو باوەکانی کوردی:

ئەدەبیاتی عامیانەی کورد زیاتر لە سەر پایەی لاوژەو بەیت و باوەکانی کوردییە کە کۆیەك لە باشترین وشەگەلی ئەویندارانەو چیرۆکگەلی عاتفی یا ئەفسانەو چیرۆکگەلی حماسیو پاڵاوانەتین و، هەر کام لەوانیش یەکێك لە ئەساتیرە پاڵەوانانەی مێژووییمان بۆ دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی هونراوەو نووسراوە سینگ بە سینگ ئەگەڕێو لە یەك دوو سەدەی دواییدا هێندێکیشیان لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە لەم چیرۆکگەلە ئەویندارانەشدا لەحنی پاڵەوانانەو شەڕ بەرچاو دەکەوێ و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ڕووداوی سیاسیش لە نێو خەیاڵو ئەندێشەی شاعێرانە بە شێوەی لاوژ و چیرۆکی عامیانە دەردەکەوێ. بە چەشنێ زۆر لە گرێ بەستی سیاسیو نیزامی کە ئاکامی تێکهەڵچوونێکی نیزامی دەگەڵ خۆ یا بێگانە ڕووی داوە و کراوەتە یەکێك لەم لاوژو بەیتانە.

وەك گوتمان ئەم بیرو ئەندێشە شاعیرانەیە هەستی زۆر ناسکیشی تێدایە و کوردستان لانکەی بەشی زۆری هونەرەکانی شفاییو هەستیارییە. هەر ئەوەندە بەسە کە خوێنەری ئازیز موتاڵایەکی خێرا لەم بوارەدا بکا تا بۆی دەر دەکەوێ گەورەترین گۆرانی بێژان و خۆشەویستترینیان لەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە وەك (تورکیە، ئێران،

٧٣- شێخ گەورەترین هەجوویژی کوردە کە دوکتۆر محەمەد موکری نووسەرو لێکۆڵەرەوەی کورد زمان و نووسراوەکانی س. جی ئیدمۆند بۆ ناساندنی ئەو هەوڵی زۆریان داوە.

٧٤-



عێراق، سووریە و هەروەها ڕووسیە) کوردەکانن و سۆز و خۆشی دەنگیان لەم وڵاتانەدا بێ وێنەیەو لە بواری هێزو توانای هەستی شایەریدا مرۆڤ سەرسام دەکەن. بە شێوەیەك کە لە زۆربەی مەڵبەندەکان ئەم شایەرو گۆرانی بێژانە لە شاییو جێژناندا وێڕای داوەت گێڕان بە بووك و زاواو میوانان هەڵدەڵێن کە زۆر جار زیاتر لە سەعاتێك بەو بەندانە بە خەڵك هەڵدەڵێن بێ ئەوەی دووپاتیان کەنەوە، جێگەی سەرنجە کە زۆربەی ئەوانە هەر خوێندەوارییان نییە، بۆیەش ئەم لاوژو بەیتانە بە پێچەوانەی شێعرگەلی فارسی و عەرەبی کە لە سەر بناغەیەکی قورس دانراون پەیرەوی لە قاعیدە و یاسای شیعری ناکەن، دڵگیرییەکشیان هەر لەوە دایە کە لە هەر چەشنە لاسا کردنەوەیەکی بێگانە دوورن[٧٥].

ئەم بەیت و لاوژانە بەو ئەندازەی کە گشتیو خەڵکین، ئەوەندەش لە لای خەڵك خۆشەویستن و پێشوازییان لێدەکرێ. کاتێك بەیتی "قەڵای دم دم"، "حەوت هەیکەڵ"، "بیژەن و مەنیژە"[٧٦] و بە تایبەتی ئەوانەی بە دەنگ دەگوترێن[٧٧] وەك خورشیدی خەرامان، بارام و گوڵەندام و بەبری بەیان دەگوترێ مرۆڤ نوقمی ئەندێشەو خەیاڵ دەبێ.

جگە لەوانەی باسکران، چیرۆکی زۆریش بە زمان و خەتی کوردی بە شێوەی هەڵبەست بە دەستەوەن کە زیاتریان لایەنی ئەویندارىو حماسییان هەیەو پێیان دەگوترێ چریکە و کوردان زۆری حەز لێدەکەن و پێیان خۆشن. زۆری وا هەیە شەوانی زستان یا شەوانی مانگی ڕەمەزان خەڵك لە شوێنگەلی تایبەت و قاوەخانان کۆ دەبنەوەو بە دڵەوە گوێ بۆ ئەو لاوژەو چریکانە شل دەکەن. بە وێژەری ئەم چیرۆکانە کە دەنگیان خۆش و بلاوێنە و لە کوتندا زۆر شارەزان دەڵێن بەیت بێژو گۆرانی بێژ.

٧٥- وتەی "ئوسکارمان "ی ئاڵمانی لەم بابەتەوە سەرنجڕاکێشە کە گوتوویە کتێبەکانی زاراوەی موکری و ڕێزمانی کوردی و زمانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ خوێندنەوە زۆر خۆشن.

٧٦- بیژەن و مەنیژە لە ساڵی ١٣٦٦ لە لایەن دوکتۆر محەمەد موکری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە پاریس لە چاپدراوە.

٧٧- لە سەرەتای کتێبی مێژووو جوغرافیای کوردستان لە نووسینی میرزا شکرالله سنەییو سەرەتای دوکتۆر حشمت الله طیبي وەرگیراوە.

له سەردەمانی ڕابردوودا خانەکان و گەورەکان بەیت بێژی تایبەتیان هەبووە کە هەر کات ویستبایان بخەون بەیت بێژەکان حکایەتیان بۆ دەکردن تا ئەو دەمەی خەویان لێ دەکەوت[٧٨].

جگە لە بەیت گوتن شانامە خوێندنەوەش باو بووە، کەسانێك کە لە کەمەند هاوێژیو لاساکردنەوەی قارەماناندا شارەزا بوون و دەنگی لە گوێیان خۆش و بەهێزیان هەبووە ئەم کارەیان دەکرد. جار هەبووە شانامە خوێن لە خەوانینەکان خۆشیان هەڵکەوتووە و لە دانیشتنەکانیاندا وێڕای خوێندنەوەی داستانەکانی شانامە لە هێندێك کەرەستەش کەڵکیان وەرگرتووە و زۆر جاریش ڕووداوی نالەباری لێ دەکەوتەوە[٧٩].

ئەم بەیت وێژییەی کە باسمانکرد بە تایبەتی لە ناوچەکانی موکریان زۆر باو بووە، ژن و پیاو هەن هەر لەم ناوچانەدا کە ئەم چیرۆکانەیان لە سینگ دایەو بەو پەڕی ئەوینەوە بۆ یەکتری دەڵێنەوە. بە تایبەتی بەیتەکانی لاس و خەزاڵ، فرشتە، کاکۆ، بابیکۆ، بلەئەگری، سەیدەوان، شاریار، یای ئەستێ، یای گوڵ، لورو سۆران، کوردستان بەبری بەیان، گۆرانشا، خوسرەوو شیرین، خەج و سیامەند، قەڵای دمدم[٨٠]، کرمانجی کەویار، یوسف و زولەیخا، هاوینە، بەهاری کوردی، ئاشکۆڵە، شێرکۆ، گۆران، مەمو زینو پیرۆزە.

٧٨- خاڵێك کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە نووسەرو بوێژی هیچ کام لەو بەیتانەی کە بە هونراوەیی یا بە ڕەوانی نووسراون ڕوون نین، بەڵام بە وتەی دوکتۆر مەنووچێهر مورتەزەوی مامۆستاو سەرۆکی پێشووی کۆلیج "دانشکەدەی ئادابی تەورێز" کە لە سەرەتای "شوور مەحموود مەرینگاندا نووسیویەتی یا سدێق سەفیزادە (بۆرەکەیی) لە بەرگی یەکەمی فەرهەنگی ماد ل ٤٦دا ئاماژەی پێ کردووە. رووحی گشتی بەیتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە خۆزگەو هیواکان، لە تاڵیو سوێرییەکان و لە ئاهو ناڵەی گەلی کورد دەدوێ.

٧٩- باوکی نووسەری ئەم کتێبە کە زەمانێك لە خەوانین بووە دەیگێڕاوە کە لەم دانیشتنانەدا کەسانێك کە نێوانیان بە یەکەوە خۆش نەبوو لە پێشدا شانامە خوێنەکانیان چاو پێدەکەوت و بەرتیل و دیارییان دەدانێ تا لە کاتی خوێندنەوەی شانامەدا لەو شوێنەی کە دەبوو کەمەند بهاوێژرێ، کەمەندەکەی بخاتە دەست و باڵی لایەنی دژیو ئەو کە بێ خەبەر لە پیلانەکە بوو لە کەمەندەکە کە داگیری دەکردو جووڵەی لێ دەبڕا. جگە لەوە ئەم کارە دەبوویە هۆی پێکەنینی ئامادە بووان، زۆر جار شەڕو شۆڕی لێ دەکەوتەوەو دەبوو بە مایەی مشت و مڕ لە نێو تایفەکاندا، هەشبووە کە شانامە خوێن خۆشی هەر لەو مەجلیسەدا گیانی لەدەستداوە. بە دوای ئەم قسانەدا نموونەی دێناوە کە چۆن ڕووداوی ئاوا لە فلانە شوێن ڕوویداوە و بۆتە هۆی شەڕو کێشەی تایفە گەری.

٨٠- قەڵای دمدم dm dm قەڵایەك بووە لە دەوری ورمێ کە زەمانی شا عەبباسی یەکەم بە شوێن بیانوو گرتنێکی زۆر بە شێوەیەکی دوور لە ئینساف و نابەرانبەر کەوتە ژێر هێرشی قزڵباشان. پارێزەرانی قەڵا لە



لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا ژمارێك لە شاعیرە کوردەکان هێندێك لەو کتێبانەی کە بە شێوەیەکی بلاو لە دەست یا لە سینگی خەڵکدا بوون، بە شێوەی شیعری هیجایی هەڵیان بەستن کە ئەم بەیتانەشیان دەگەڵ بوو. بۆ نموونە دەتوانین بە خوسرەوو شیرین، شەماڵ و زەلان ـ زۆر جار بە زریانی دێنینە زمان کە هەر لە هەوەڵەوە ناوی دوو بای بەناوبانگی کوردستانن ـ هەروەها چیرۆکەکانی خورشیدو خاوەر، عاسمان و زەوی، بارام و گوڵەندام، برزوو و فەرامەرز، بەهمەن و فەرامەرز، شەترەنج نامەو دارازم، نۆ ڕەزم، یازدە رزم، بیژەنو مەنیژەو ئەرجەو شێرۆ ئاماژە بکەین.

هەمووی ئەم چیرۆکانە گەنجینەیەکی پڕ بایەخ و ڕاستەقینەن لە ژیانی کوردان کە بە داخەوە هێشتا بۆ ناسینی رووح و دەروونی ئەم خەڵکە بەس نییە، دەگەڵ ئەوەشدا باشترین کۆی فولکلوری کوردی هی ئوسکارمانە کە بە قەوڵی واسیلی نیکیتین باشترین پارچەشی "مەم و زین"ە کە لە لاپەڕە ٤٠ تا ١٣٥ چاپ کراوە[٨١].

**٣) بەرەو پێش چوونی فەرهەنگیو زمانناسی کوردان ل سەدەی بیستەمدا:** بەرەو پێش چوونی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا توندتر بووەو لە هەموو بوارەکاندا جگە لە ئەدەبیاتی عامیانە کە وەك باسمانکرد بۆ کۆ کردنەوە دەگەڵ ئەو بەرەو پێش چوونە هاوڕێ بوون، گەشەی کردووەو بەرەو پێش چوون. دیارە ئەم گەشە کردن و پێشڕەفتە چەند هۆکارێکی هەیە کە لە ژێرەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

- ➢ نیشتەجێ بوونی عەشایەری کورد لە وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق، سووریە و بە تایبەتی ڕووسیە. ئەو جێگیر بوونەو دامەزرانی ئەوان بوو بە هۆی گەورە بوونی شارەکان، دانانی مەدرەسەو فێربوونی خوێندن و نووسین و بردنە سەری ڕادەی خوێندەواری.
- ➢ بڵاو بوونەوەی زۆری میدیاو هۆی پێکهاتنی پێوەندی وەك ڕادیۆ، تلویزیۆنو چاپەمەنی کە بوو بە هۆی وەرگرتنی مەتڵەبی زانستیو ئەدەبی، ڕاکێشانی توێژی لاوانی دەرس

حاڵێکدا قاچ و قولیان بە زنجیر بە یەکەوە بەستبۆوە ئازایانە تا دوایین کەس خۆیان ڕاگرت و شەڕیان دەگەڵ کردن. ئەو ئازایەتییە بۆتە بەشێك لە ئەساتیری کوردو لە ئەدەبیاتی گەلیدا بە شێوەیەکی شکۆدار باسی کراوە.

٨١- کوردو کوردستان، واسیلی نیکیتین، ل ٥٦٦.

خوێندوو بۆ لای ئەم ئامرازانەو بەشدار بوونیان لە کارو باری زانستیو خوێندنو پەروەردە بوونی مەکتەبەکانی ئەدەبی.

➢ بڵاوبوونەوەی هۆی پێککگەیشتن وەك جادەو ڕێگەو بان، ڕێگەی ئاسنو ڕێگەی هەواییو دەریایی و دۆزینەوە و کەشفی یەك لە دوای یەکی کەرستەی پێویست بۆ هاسانکاری ئەم بەرنامانە، وەك فڕۆکە و لۆکۆمۆتیو، ئوتووبووس، سەییارەو گەمێی توندڕۆ کە بوونە هۆی هاموشوێ ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری نێونەتەوەییو ئاشنا بوون دەگەڵ زانست و فەننی خەڵکانیترو گۆڕینەوەیان دەگەڵ یەکتر.

ڕاستە کە نەتەوەی کورد ئاسەواری زۆر بە نرخی لە ڕابردووی زۆر دوور هەیەو وتەی واسیلی نیکیتین "عەلی حەریری" لە شەمزینان لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی میلادی ـ ٩٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە زمانی کوردی شتی دەنووسیو هەر چەند دیوانەکەی دەست نووسەو دوای ئەویش شاعیرو نووسەرانی کەم وێنەی وەك "ملا احمد جزیری"، "فەقێ تەیران"[82] و "مەلا باتە"ی خەڵکی هەکاری[83] و هیترو لە ئاخریا ئەحمەدی خانی (١٥٩١ ـ ١٦٥٢) هەڵبەستوانی چریکەی میلییو حەماسی "مەم و زین" هاتنە وجوود کە شیعرە غەناییەکانیان لە ڕیزی باشترین شیعرەکانی شاعیرانی ناوچەکەو بگرە دنیاش. تەنانەت زۆر کەس شیعرەکانی خانی بە بەرزترین شیعری غەنایی دنیا دەزانن و لە ڕیزی غەزەلەکانی مەولانا جەلالەدینی مەولەوی دێننە ئەژمار[84]. بەڵام لە سەدەی بیستەم ڕەونەقی زمان و ئەدەبی کوردی حاڵەتێکی گشتی بە خۆیەوە دی، شاعیران و نووسەران و لێکۆڵەرەوانی گەورەی هێنایە وجوود کە لە ژێرەوە ئاماژە بە گۆشەیەکی ئەم گەشە کردنە ئەکەین:

ویلچفسکی دەنووسێ بزووتنەوەی ئەدەبی نوێ، هەڵبەست و ئەدەبیاتی کوردی لە ئاخریەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە دەرکەوتنو ئاشکرا بوونی شاعیران و نووسەرانی وەك "نالی"، "حاجی قادری کۆیی"و "عبداللە بەگی مصباح الدیوان" کە ناوی شیعریی "ئەدەب" بووە دەستپێدەکا و بە دوای ئەم سەردەمەدا دەتوانین ڕیزێکی درێژ لە ناوی ڕێبوارانی ئەم کاروانە دەرخەین کە هەر کام بە شێوەیەك لە لاپەڕەکانی گۆڤارو

٨٢- چیرۆك یا چریکەی هەڵبەستراوی ئەسپی ڕەش هی ئەم شاعیرەیە.

٨٣- چیرۆکی بە ناو بانگ و نەمری قەڵای دمدم هی ئەو زاتەیە.

٨٤- واسیلی نیکیتین، هەمان سەرچاوە.



چاپەمەنییەکانی وەك "هاوار" کە لە دیمشق چاپدەکراو بڵاودەبووەوە. ئەوەش خۆی ئەم ڕاستییە دەردەخا کە کورد ئەدەبیاتی جێگرتووی هەیەو پێویست ناکا لەوەش زیاتر لە سەری بڕۆین. بەڵام ڕاستییەکەش ئەوەیە کە دوو برای ڕێزداری کورد ئەمیر جەلادەت بەدرخان و ئەمیر عەلی کامران بەدرخان کە گۆڤاری "هاوار"یان بە دوو زمانی کوردی و فەرەنسایی وەك بڵاوکێکی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە بڵاو دەکردەوە کە یەکەم ژمارەی لە ١٥ی مانگی مای ١٩٣٢دا چاپو بڵاو کراوەتەوە و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کراوە و کەسایەتی جۆراوجۆری وەك "هویندە سووری" دوکتور ئەحمەد نافیز و شاعیری ناوداری کورد "جگەر خوێن"و کەسگەلێ لە سەرۆك عەشیرەتەکان لە هیچ یارمەتییەك درێغیان نەکردووە، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە لەم ڕێگەدا ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی ناکۆك و ناتەباش بوون، ناکۆکی خۆیان لە بیر بردەوە. بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "هاوار" بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەی بە سوودی فەرهەنگی خۆیان لە پێناو بردنە پێشی فێرکردنی زمانی کوردیو پێکهێنانی ئامرازی پێویست لقو دەفتەریان لە شوێنگەلی جۆراوجۆر دامەزراند کە هەر کام لەو شوێنانەش بەشێك لە ئەرکەکانی لە گوێن، ساغ کردنەوەی ئەلفو بێی زمانی کوردی، بەشی پەروەردە کردنی منداڵان و تازە لاوانیان بەڕێوە دەبرد، ئەو بەشەی دوایی کتێبی شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵان ئامادە دەکرد و بڵاوی دەکردەوە. ئەمیر کامران بەدرخان و دۆستەکانی ساڵی ١٩٣٣ لە بەیرووت، دەستیان دا فێرکردنی ئەلفبای کوردی بە پیتی لاتین کە ئەم کارەش زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا و ساڵەکانی دواتر دەقگەلێکیان لە وانە جۆراوجۆرەکان بە زمانی کوردی ئامادە دەکرد، هەر چەند بە داخەوە دواتر بە هێندێك هۆی سیاسی ئەم کارە ڕاگیرا، بەڵام بناغەیەکی باش بوو بۆ تێکۆشانی جیلەکانی دواترو ئیمڕۆ سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی هەن گەشە کردنی زمان و ئەدەبی کوردی لە سووریە جێگەی سەرنجە.

هەر لە سەرەتاوە کوردان نووسەرو وەرگێڕی گەورەیان هەبووەو هەیانە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا دیارن، دەکرێ باسی ڕێزدارانی ژێرەوە بکەین: دوکتۆر محمد موکری کە بە ڕاستی بایەخی کارە ئەدەبییەکانی حاشا هەڵنەگرە ـ بە تایبەتی لە کوردناسیو ئەدەبیاتی کوردیدا ـ مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمی نووسەرو وەرگێڕ کە نووسراو و وەرگێڕدراوەکانی دەریایەك نرخیان هەیە، هەروەها بلیمەت محەمەد مەردۆخی کوردستانی کە مێژووی کوردو کوردستانی نووسیوەو یەکێك لە ڕووحانییە زاناکان و گەورەترین سەرچاوەی دەوڵەمەندی کوردناسییە. برایم یونسی نووسەرو وەرگێڕی پایەبەرز، هەروەها خوالێخۆشبوو محەمەد قازی

وەرگێڕی گەورەی ئێران کە لە ڕاستیدا دەکرێ بە گەورەترین و باشترین وەرگێڕی هاوچەرخی بزانین و ئەوە بۆ ئەم وەرگێڕە باشترین سفەتە کە هەموو شارەزایانی هونەری وەرگێڕان قبوولێیانە. عەلی محەممەدی ئەفغانی نووسەری "مێردی ئاهوو خانم"و "شادکامانی دۆڵی قەرەسوو" کە خاوەن ڕایان لەم بوارەدا ئەو بە گەورەترین ڕۆمان نووسی هاوچەرخ دەزانن. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی هەڵبەستوان، وەرگێڕ، لێکۆڵەر و نووسەری گەورەی کورد "هەژار" کە فەرهەنگی کوردی ـ فارسییەکەی کە بە ناوی "هەنبانە بۆرینە" چاپ و بڵاو بۆتەوە خۆی شاکارێکە. هەروەها محمدامین شێخ الاسلامی ناسراو بە "هێمن" شاعیرو نووسەرو وەرگێڕی خۆشەویست.

لە تورکیەش نووسەرانی پایەبەرزی وەك (یاشار کەماڵ)مان هەیە، هەر چەند بە ڕەگەز کوردە بەو هۆیانەی پێشتر باسمانکرد بە تورکی نووسیویەتی و لە ڕیزی گەورەترین نووسەرانی تورکیەدایەو دۆستی بە زەوقم ڕەحیمی ڕەئیس نیا زۆری لە نووسراوەکانی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، ئەم دەردە یەخەی کوردەکانی عێراق و ڕووسیەی نەگرتۆتەوە. لە عێراق دوای ئەزموونێکی کە دەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی هەیانبوو بە پێی ئەو قەرارەی درا بوو خودموختارییەك بە کوردەکانی وێ درا، بە تایبەتی لە چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبو ڕۆژنامەو بڵاوۆکی دیکە بە زمان و خەتی کوردی تا ڕادەیەك ئازادییان دەستکەوت و لە خوێندنگاکانی ناوچە کورد نشینەکان پەروەردەو فێرکردن بە شێوەی ڕەسمی بوو بە کوردی و ئەمڕۆش ئەم یاسایە بەڕێوە دەچێ. بە دوای ئەم قەرارەدا بڵاوکەرەوان هیمەتیان کردو لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنی دیکە بە زمانی کوردی ئەوەندەی بۆیان کرا هەوڵیاندا و لەم ڕێگایەدا مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی شاری مەهاباد بوو بەڵام بەرەو عێراق کۆچی کردبووو لەوێ دەستی بە دامەزراندنی چاپخانە کردو نووسراوەکانی خۆی و خەڵکی دێ لە وێ چاپو بڵاو دەکردەوە کە تەنیا بۆ خۆی ١١ کتێبی بە نرخی مێژووی نووسیوە یا وەری گێڕاون و چاپ و بڵاوی کردوونەوە کە هەموویان بایەخی زانستیو ئەدەبی بەرزیان هەبووەو باشترین سەرچاوە بۆ ئەو کەسانەیە کە لێکۆڵینەوە دەکەن. ئێستا بێجگە لە مەکتەبەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی چەند زانکۆش دامەزراون کە بە زمانی کوردی دەرسیان لێ دەخوێندرێ. لە شارە گەورەکانی کوردستانی عێراق وەك هەولێرو سلێمانی و کەرکووك و مووسڵ خەڵکێکی زۆر خەریکی خوێندن و تێکۆشانن و نووسەری گەورەشیان دەنێو دان کە وانەکانیان تەواو کردووە و خەریکی دەرس گوتنەوەنو کاری



نووسەریش دەکەن. لەوانی پێشووش دەتوانین ناوی "گیوی موکریانی"، مامۆستایان محەممەدئەمین زەکی نووسەری کتێبی نایابی "لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی کوردو کوردستان و پرۆفیسۆر توفێق وەهبی، هەروەها کچی شایستەی گیوی موکریانی بە ناوی کوردستان موکریانی، هەروەها لە بەدرخان عەلی سەیدەو دوکتور ئەحمەد نافیز لە سووریەو زۆریتریش ناو بەرین.

چەند بە جێییە کە لە لێکۆڵەرەوەو زانای پایەبەرز "سی، جی ئێدموند"و شوێنەواری زۆر بە نرخی ئەو بە ناوی "پێرستی چاپەمەنی کوردی کوردستانی باشوور" ناو بەرین کە لە ڕۆژنامەی ئەنجومەنی سەڵتەنەتی ئاسیای ناوەندی بەرگی ٤ لە ساڵی ١٩٣٧دا بڵاو بۆتەوەو لە بەر ئەو هەموو زەحمەتەی کە کێشاویەتی قەدری بزانین و سوپاسی بکەین، جگە لەوانەش لە بواری زمانو ئەلف و بێی و دەستووری زمانی کوردی هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە. دەبێ ئەم ڕاستییە بڵێین کە ئەمڕۆ کوردستانی عێراق ناوەندی گەشەو پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە کە باس و ڕاوێژ لە سەری، پێویستی بە کتێبێکی جیاواز هەیەو لە بڵاوکردنەوەی نووسینو شوێنەواری خەڵکیتریشدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیەو بۆ نموونە ئاماژە بە کتێبی مێژووی ئەدەبی کورد لە نووسینی "پ، ت، بوا" پێویستە. بەڵام لە بواری زمان شناسی کوردیدا، تێکۆشان لە ڕووسیە بە شێوەیەکی دیکەیە. لە وێ بەرنامەیەکی ڕێكو پێكو زانستیانە داڕێژراوەو "ویلچفسکی" کە لەم بابەتەوە بە تەواوی کۆڵیویەتەوەو دەڵێ: لە جاری یەکەمدا هەوڵدرا ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی بەم شێوەیە کە لە ناو خەڵکدا باوە بێتە دابەزاندن و لە سەر ئەم بنەمایە لە پێشدا لە ئەدەبیاتی ڕەواج لە نێو کوردەکانی ئەرمەنستان هاتە وجوود، دوایە بۆ کوردەکانی گورجستانو نەخجەوان کە زاراوەکانیان لە یەك نێزیك بوو، دواتریش کتێبگەلێ بە زاراوەی ئەو کوردانەی کە لە ئازەربایجان بوون چاپ و بڵاوکراوە.

ئاخرەکەی لە ساڵی ١٩٣٣ هەوڵێکی زۆر درا تا کوردەکانی دانیشتووی تورکمەنستانیش بگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کە لە ساڵی ١٩٣٢ خوێندن و خوێندەوار کردن و فێربوون و فێرکردن لەم ناوچانەی کوردی لێی نیشتەجێی بوو، ببوە گشتی. دوایە کاتێك لە ساڵی ١٩٣٤ لە ئیرەواندا کونگرەیەك بەسترا کە ئامانجی سەرەکی ئەم کونگرەیە پێکهێنانی ڕەوشتێکی پەسند کراوی زمانو ئەدەبی کوردو دابینکردنی پێوەندی دەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردەکانی ئەو لای سنوورەکانی سۆڤیەت بوو، وێڕای ئەوەش لە ئەدەبیاتی کلاسیکی سەبکی ئەحمەدی خانیو سەبکی ئەو وەك یادگارێکی سەردەمانێکی پێشووی کوردان کەڵکی لێ وەرگیرا تا بەم

شێوە کوردەکانی ڕووسییە کە لە پاشکەوتووترین بەشی کوردان بوون، ببنە پێشاهەنگی کورد، سەرەڕای ئەوەش بە وتەی ویلچفسکی ئەم زمانە ئەدەبییەی کوردەکانی ڕووسییە دەبێ لە گەشە کردنی بێ ئەملاو ئەولای کوردەکانی دەرەوە لە بواری فەننیو دەوڵەمەندی وشەو سەبك کەڵك وەرگرێ. پێویستە نموونەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە جێ ماو لە سەردەمی دەرەبەگایەتی جێگەی خۆیەتی ئاسەواری فۆلکلۆریش بکاتە سەرە مەشق.

**داخوازییەکانی کونگرەی ١٩٣٤ی ئیرەوان:**

کونگرەی ١٩٣٤ی ئیرەوان جگە لە بەرنامەی جۆراوجۆر کە بۆ تێکۆشانی خۆی لە ڕووسییە جێ بە جێی دەکرد یا دەیکردە پرۆگرامی کاری خۆی، لە کۆتایی کاری خۆیدا خوازیاری ئەوە بوو بۆ ئەم کارانەی ژێرەوەش هەوڵبدا.

١) ڕێکوپێك کردنی بەرنامەیەك بۆ جێ بە جێ کردنی زاراوەو وشە ساغ کردنەوە بە پێی ئوسوولی جێ پەسند بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانێکی نێونەتەوەیی،

٢) لە پەنا ئەم کارەی سەرەوەدا پێویستە تایبەتمەندی ناوچەیی زمانی کوردیش بەرچاو بگیرێ.

٣) ئامادە کردن و بە پەسند گەیاندنی هەرچی زووتری ڕێزمانێکی زانستیو شیاوی بە کار هێنان بۆ زمانی ئەدەبی کوردیو ڕاپۆرت نووسین لە لایەن لێژنەیەکەوە بۆ کونگرەی دووهەمی کوردناسی کە بڕیار بوو پێکبێ.

٤) خۆ پاراستن لە گۆڕینی ڕەمەکی ئەلفو بێو بە کار هێنانی شێوەی ئەو کات (کاتی کونگرەی یەکەم) تا ئەو دەمەی لێژنەی هەڵبژێردراو راپۆرت دەدا.

دیارە لەم کونگرەدا لە قسەی پرۆلتاریاییو بە کارهێنانی ڕەستەگەلێ وەك زمانی ئەدەبی کرێکارانی کوردیش زۆر کەڵك وەرگیرا، بەڵام بە لە بەر چاوگرتنی ئەم بیرۆکە وەك یەکەمین هەنگاو لەم بوارەداو جێ بە جێ کردنی هێندێ کاری لاوەکی لەم کونگرەداو ئاکامی دەستکەوتوو زۆر گرینگی لە گوێن تایبەتمەندێتی سیستمێکی فێرکردن بۆ کوردەکانی سۆڤیەت وەك کردنەوەی خوێندنگەی تایبەت بۆ ئەوەی منداڵانی کورد بە زمانی کوردی لە ڕووی کتێبی کوردی دەرس بخوێنن، هەروەها نووسین و وەرگێڕانو بڵاوکردنەوەی زۆر کتێب بە زمانی کوردی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە، دەگەڵ هەموو عەیب و کەموکۆڕیەکانی کە هەیبوو دەبێ ئەم کونگرە زۆر پڕ مایەو بە نرخ بزانین.



لە کەموکۆڕییەکانی کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەر چەند لەم کونگرەدا سەرنجیان دا بە بەشێك لە کەسایەتییەکانی ناوداری ئەدەبیاتی کورد وەك ئەحمەدی خانیو سەبکی ئەو، بەڵام تەرخان کردنی هەنگاوەکان تەنیا بۆ کوردەکانی سۆڤیەت، هەر چەند لە بواری ئیمکاناتی گونجاوەوە چارەیەکی دیکەیان نەبوو ـ بەڵام پیشان نەدانی ڕێگەی جۆراوجۆر بە هەموو خاکی کوردستان لە بواری ئەدەب و زمانی کوردی و بە ئاخر نەگەیاندنی ئەرکی خۆی سەبارەت بە ساغ کردنەوەی ئەلف و بێیەکی کوردی پەسند لە ڕوانگەی زانستییەوە بە تایبەتی لە نووسیندا ـ خاڵی لاوازی دیکەشی تێدا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە هیواو هومێدەکانی چاوەڕوان کراوی جێ بە جێی نەکرد.

هەر چی بێ بەم باسە درێژەی کردمان دەگەیینە سەر ئەم وتە کە سەدەی بیستەم چەرخی ئاڵوگۆڕو بەرەو پێش چوونێکی بەربڵاو بۆ کوردو کوردستان بوو، لە پەنا ئەم ئاڵوگۆڕانەی وەك ڕزگاری لە ژیانی عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی و خان خانی، دوور کەوتنەوە لە چادر نشینیو دامەزرانیان لە شارەکانو دێهاتدا، دانانی مەکتەب و خوێندەوار بوون و پەرەسەندنی لە هەموو شوێنێك و پێگەیشتنی مرۆڤی ڕووناکبیر و خوێندەوار و زانا لە نێو کوردان کە ڕەنگی دایەوە، زمان و ئەدەبی کوردیش زۆری گەشە کرد، بە تایبەتی نووسەران و لێکۆڵەوەرانی کورد دەستیان دایە موتاڵاو ورد بوونەوەو لێکۆڵەرەوانی. بە دوای ئەوەدا نووسین و ئاسەوارەکانیان بە هۆی ڕاست و درووست بوونی نێوەڕۆکی وتەو نووسینەکانیان، سەرنج و زەینی خەڵکی کوردو ئەو مەڵبەندانەی ڕاکێشا کە هەموو کات زانیاریان لەم بوارەدا کەم بووو تینووی ئەم مەتڵەبانە بوون.

# بەشی یازدەهەم

## داب و نەریت، جێژنەکان و
## ڕێوڕەسمەکانی دیکە لە کوردستان

باسکردن لەم بابەتە خۆی پێویستی بە نووسینی کتێبگەلێکی جیاجیاو زۆر قەببە هەیە، بەڵام بۆ تەواو کردنی باسی ئایین و بیروبڕوای کوردان، پێویستە بە چەند گۆشەیەك لە داب و نەریت و جێژنەکانیان ئاماژە بکرێ، هەر بۆیەش لەو بەشەدا لەو ڕێوڕەسم و داب و نەریتانە دەدوێین کە لەنێو نەتەوەی کورددا گرینگی مێژووییان هەیە، دیارە ناتوانێ هەمووی بێ، بەڵام بێگومان ئاماژە بەوانە دەکرێ کە تا رادەیەکی زۆر پێوەندی بە باوەڕی ئەم قەومە کۆن و لەمێژینەوە هەیە. چونکە نەریتە رەسەنەکانی میللەتان، پێوەندی نەپساوەیان دەگەڵ هەست و بیرو هزری تاکەکانی ئەو نەتەوانەوە هەیە، بەشێوەیەك کە "ریشەیان لە قووڵایی رووح و گیانی جیلەکاندا شاراوەیە و بە درێژایی سەدە و سەردەمەکان گەورەترین هۆکاری یەکگرتوویی و پەیوەست بوونی هزری و رووحی لەنێو چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی خاك و وڵات دان[1] وێڕای ئەوەی گرینگی و نرخی ئەم نەریتانەی لەنێو گەلاندا باون، بە تەواوی پێوەندیان بە رابردووی مێژوویی و شارستانییەتی رابردوویانەوە هەیە. بە هیچ هێزو وزەیەك ناکرێ ئەو داب و نەریتانە لەنێو نەتەوەیەکدا لەناو بەرێ، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین زۆر نموونە بێنینەوە کە زەقترینیان نەتەوەی کوردە، سەرەڕای ئەوەی چەند هەزار ساڵ لەژێر زەخت و چەڵەمەی هێزەکانی بە توانای ئیمپراتووریە گەورەکاندا بووە و جاری وا بووە گەیوەتە هەڵدێری نەمان، بەڵام هیچ کات تایبەتمەندییە مەعنەویو نەریتە میللی و نەتەوەیییەکانی خۆی کە هەر ئەوانەی ئاریایی ئێرانین لەبیر نەکردووە و گومانیش لەوەدا نییە کە هەر ئەوە گەورەترین هۆکاری مانەوەو نەمری کورد بووە و هەیە.

1- وتەیەك لە ئاغای مستەفا کەیوان



## ڕێوڕەسمی نەورۆز لە کوردستان:[2]

آدمي نیست که عاشق نشود وقت بهار     هر گیاهی که به نوروز نجنبد حطب است[3]

مرۆڤێك نییە کە بەهاران عاشق نەبێ     هەر روەکێك کە نەورۆزان نەجوڵێ و شین نەبێتەوە داری سووتانە

جێژنی نەورۆز، بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێرانی ئاشنایە کە بە رابردوێکی زۆر کۆنەوە بەشێکە لە فەرهەنگ و مەعنەویاتی گەلی کوردو بەگوێرەی ئەم ئاماژەگەلەی کە لە کتێبە دێرینەکان دا دەبیندرێ، یەکێك لە سەرەکیترین جێژنەکانی کوردان بە درێژایی مێژووە کە بە شێوەی ئاسایی لە سەرەتای هاویندا بەڕێوە دەچوو[4]. پێویستە ئەوەشی لێ زیاد کەین کە لە سەردەمی دێرین (باستان) دا، ساڵ لە ئێرانێ بە دوو بەش دابەش کراوە، سەرەتای ساڵ لە هەوەڵی هاوینەوە واتە مانگی "پووشپەڕ" دەستی پێ دەکردو نەورۆزیش لە دەستپێکی هاویندا بووە،[5] بەڵام چونکو باس لەسەر ئەم مەسەلە لە بابەتی ئەم کتێبە بەدەرە، هەر ئەوەندە

2- لەو باسەدا، لەسەر سەرچاوە و دەلیلی بنەڕەتی ڕێوڕەسمی ئێستا لە نووسینی مستەفا کەیوان لە کتێبی "نەورۆز لە کوردستان" و مقالەیەك بەم ناوە کە لە ژمارەی رەشەمەی ساڵی ١٣٤٥ی گۆڤاری یەغمادا چاپ بووە بەهرەم وەرگرتووە.

3- شیعری شێخی سەعدییە

4- گاه ژماری لاپەڕەکانی ٥٣ـ٥٤

5- مقالەی مستەفا کەیوان لە ژمارەی رەشەمەی ١٣٤٥ی گۆڤاری یەغمادا. دەبێ بڵێم بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن. لە سەردەمی دێریندا لە کاتژمێرە زۆرەکانی ئەوکات ئەو رۆژە زیادییەی کە بەپێچەوانەی ئەمڕۆ کە هەر چوار ساڵ جارێك مانگی رەشەمە دەبێتە سی رۆژو شەش مانگی هەوەڵی ساڵیش سیویەك رۆژن، لەو رۆژگاردا لە سەرجەمی سەت و بیست ساڵان مانگێکیان لە ساڵ زیاد دەکرد و بەم چەشنە ساڵی گۆڕین دەبوو بە سێزدە مانگ کە پێیان گوتووە "بهیزك". هەروەك باسمانکرد لە سەردەمی پاشایەتی مەلکشای سەلجوقیدا، فەیلەسووف و حەکیمی گەورەی ئەوکات ، "عومەر خەییامی نیشابووری"و تاقمێکی دی لەو زانایانەی ناومان هێنان، لەسەر بنەمای زانستی نجوم تەقویمی ئەمڕۆیان داناو هەر چوار ساڵ جارێك رۆژێك لە رۆژانی ساڵ زیاد دەبوو بەو ساڵەشیان دەگوت ساڵی کەبیسە یا پڕ. بەڵام لەسەر وشەی "بهیزك" مامۆستا جەلالی هومایی لە ژێرنووسی لاپەڕی ٢٢٢ی کتێبی "التفهیم"ی ابوریحانی بیرونی دەنووسێ: نووسەر ئەگەری ئەمە دەدا کە وێدەچێ لە گۆڕانی پیتی "ب" بە "واو"یش هاتبێ بووبێتە "وهیزك" لە ریشەی (بە) بە مانای باش و چاك وەکوو "پاکیزە" لە پاومانگی کەبیسەی کە لە ڕێوڕەسمی هیندوەکان و ئێرانییەکانی کۆن بە واتای

دەڵێین کە دواتر ئەم جێژنە ـ نیزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ـ بەهۆی تاقمێك لە ئەستێرەناس و مونەجیمەکانەوە یەك لەوان حەکیم عومەری خەییامی نیشابووری[6] لە یەکەمی مانگی حەمەل (خاکەلێوە)دا جێگیر بوو.[٧]

لەسەر دەلیلی بەرێوەچوونی جێژنی نەورۆزیش قسە زۆر کراوە و زۆر ریوایات هەیە، بەڵام ئەوەی کە لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دێتە گۆڕ ئەوەیە کە پێشینەی ئەم جێژنە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی پیشدادییەکان و جەمشیدی جەم بە بنیاد دانەری ئەم جێژنە دەزانن، وەك شاعیر دەڵێ:

| | |
|---|---|
| همه کردنیها چو آمد پدید | بەگیتی جز از خویشتن کس ندید |
| ئەوکات کە هەموو کارەکان جێبەجێ بوون | لە دنیادا جگە لە خۆی کەسیتر دیار نەبوو |
| جهان انجمن شد بر بخت او | فرومانده از فرء بخت او |
| دنیا لە بەختی ئەورا کۆبۆوە | هەموو سەریان لە ئیقباڵ و گەورەیی ئەو سوڕمابوو |
| سر سال نو هرمزو فروردین | بریَسوده از رنج تن دل زکین |
| سەریساڵی نوێ لە مانگی خاکەلێوەدا | دنیا لە کوێرەوەری رزگارو دڵ لە رق پاکەوە بوو |
| چنین روز فرخ از آن روزگار | بماندە از آن خسروان یادگار (شانامەی فیردەوسی) |
| ئەو رۆژە پڕ لە خێرو خۆشییە | لەوکاتەوە لەو پاشایە بە یادگار ماوەتەوە |

ابوریحانی بیروونیش لەم بابەتە دواوە و دەڵێ، لە دەورەی گهمووری، صابیئەکان[8] ئاشکرا بوون و هەر کە جەمشید بوو بە شاو دینی خۆی تازە کردەوە، ئەم کارە زۆر گەورەتر نرخێندراو ئەو رۆژە بە رۆژێکی نوێ لە قەڵەم درا، هەرچەند پێش ئەوکاتیش نەورۆز هەر بە گەورە دەزاندرا،[٩] ئەبوریحان لە کتێبێکی دیکەدا دەنووسێ: یەکەم رۆژ لە مانگی فەروەردین (خاکەلێوە)یە، بۆیە پێیان گوتووە نەورۆز، سەرەتای ساڵی نوێیە، فارسەکان، پارسەکان پێیان وایە کە یەکەم رۆژی سەردەمە و بە دوو فەلەك دەستپێدەکا.[١٠] ئێرانییەکان بەشێوەیەکی دیکەش لەسەر ئەم رۆژە دواون، هەروەك بەلعەمی دەنووسێ: یەکەم رۆژ کە جەمشید بۆ دادخوازی خەڵك دانیشت، رۆژی هورموز پێنج شەمۆ بوو لە مانگی خاکەلێوە، لەوکاتەوە ناوی نەورۆزیان لەسەر دانا[11] هەروەها لە دین کەرد یا دین کورد دا هاتوە: هەر پادشایەك لەم رۆژە پیرۆزەدا شادیو شایی دەکرد و لەم جێژنەدا ئەوانەی لە رۆژی ئاساییدا کاریان کردووە، دەستیان لە کار دەکێشاوە و خەریکی پشوودان دەبوون و شادمانیان دەکرد.[١٢]

ئەوەی ئاشکراو روونە ئەم جێژنە جێژنی نەتەوەییە و پێوەندی بە ئاڵ و گۆڕێکی سەرچاوەگرتوو لە بزووتنەوەیەکی نوێ و دابەشکردنی ساڵ و دەستپێکردنی ساڵی تازەیە کە بۆ نوێ بوونەوەی ساڵ دەیانکردە جێژن و شادی، هەروەك لە دەستپێکردنی نیوەی دووهەمی ساڵیش جێژنی "میهرەگان"یان هەبووە. پێویستە بگوترێ کە ئەو جێژنە، جێژنی ئێرانیان و نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست بووە و بە درێژایی مێژوو قەومە ئێرانییەکان لەپاراستنیدا شێلگیر بوون و هەرچەند زۆر جاریش لەلایەن بێگانان و بێگانە پەرستانەوە کارگەلێ کراوە کە ئەم نەریتە میللی و دێرینە لاواز کەن بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن، لەسەردەمی هەخامەنشیان، لە تەختی جەمشید جێژنی نەورۆز بە شکۆ و رێ و رەسمی تایبەتییەوە بەرێوە دەچوو، پادشاکان میوانداری گشتیان دەکرد و دیارییان ئاڵوگۆڕ کردووە. هەروەها لە رووی نەخشە بەردینەکانی کۆشکی ئاپادانا، لە زەمانی هەخامەنشی نوێنەرانی ٢٣ نەتەوە لە مادی و پارتی و بابێلی و هیندی و میسری، باشترین دیاری گونجاویان پێشکەش بە پادشای ئێران دەکرد و بە وتەی "دوکتور گیرشمەن"

پاکیزە=خاوێن و رێزدار هاتووە. تەقیزادەش لە کتێبی "گاە ژماری" خۆیدا لە لاپەڕی ١٥ بە پیرۆزو موبارەکی نووسیوە کە دەگەڵ لایەنی پیرۆزی ئایینی بووە. تەنیا یەك کتێبی بێناوی فارسی ئەم وشەی بە "وەهیزە" نووسیوە و بەمانای کەبیسەی هێناوە. بەڵام بە بڕوای نووسەر ئەوانەی کە زمانی پەهلەوی و کوردی دەزانن، ئەگەر برێك سەرنج بدەن تێدەگەن کە "وهیزك" هەمان وشەی "هێز Hez و بەهێزە Bahez"ە کە لە کوردیدا بەمانای توانا ئێستاش بەکار دێ. چونکە ئەوساڵەی سێزدەهەم واتە ئەوەی مانگێکی پاش ١٢ ساڵان زیاد بووە پێیان گوتووە ساڵی بەهێز کە ئەوەش خۆی نیشاندەری یەك بوونی زمانی کوردی و پەهلەوی و مادییە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکرا.

6- وەك ابوالمظفر الفرازی، مەیموونی کوری نەجیب واستی، حەکیم لوکری، عبدالرحمن خازنی.

7- گۆڤاری خووشە، ژمارە ٥٧٥ ساڵی ٤٥.

8- صائبە ناوی یەکێك لە تایفەکانی باستانی (دێرین)ە کە بۆخۆیان خاوەنی بیروباوەڕی تایبەتی بوون و ئەمڕۆش هەروەك لە بەشی بیروباوەڕدا ئاماژەمان پێکرد تاقمێك لە کوردستان بەم ناوە هەر ماون.

9- آثار الباقیە، ئەبوریحان بیروونی، وەرگێڕانی ئەکبەری دانا سروشت، لاپەڕەکانی ٣ تا ٢٤٢.

10- التفهیم، بە راست کردنەوە و سەرەتا و حاشییەنووسی جلال الدین هومایی ل ٥٣.

11- مێژووی بەلعەمی بە پێداچوونەوەی ملك الشعرای بەهار و پەرویزی گەرم ئاوایی، ل١٣١.

12- وەرگیراو لە کتێبی دینکورد کە ئەوی بە دینی کورد دەزانین و لە کتێبە کۆنەکانی زمانی پەهلەوییە. لە زمان مستەفا کەیوانەوە.

ڕێوڕەسمی بەشکۆی نەورۆز، ئەم جێژنەیان کە لە گەورەترین جێژنـەکانی مـەزەبی مەزداپەرسـتی پارسییەکان بوو[13] بەڕێوە دەبرد.[١٤]

لە زەمانی ساسانیانیشدا بەڵگە و نووسراوەی زۆر ماونەتەوە کە نیـشاندەدا ئـەم جێژنـە بـە شکۆیەکی گەورەوە بەڕێوە دەچوو و تەنانەت لـەو سـەردەمدا لـەنێو نەتـەوەکانی دەوروبەریـشدا ئەم جێژنە بەڕێوەبردنی ببوو بە باو[15]، نووسەران، لە رابردووی کۆنیشەوە وەك ئەمڕۆ لـە بابـەت نەورۆز لە دەورە جۆراوجۆرەکاندا نووسراوەی زۆریان بڵاو کردۆتەوە کە لەواندا بە درێـژی لەسـەر ئەم جێژنە و چلۆنایەتی بەڕێوەبردنی لەو سـەردەمانەدا قـسەیان کـردووە. بۆنموونـە دەتـوانین بـە کتێبـەکانی دەقـی پەهلـەوی جاماسـب ئوسـانا بـەرگی ٢ لاپـەڕەی ١٠٢ بـە دوا، وەرگێڕانـی مارکوارت، کتێبەکانی بیرونـی، نەورۆزنامـەی عومـەری خـەییامی نیـشابووری، شـەهمەردانی رازی، ریوایەتی دنیکـەرد یـا دنیکـورد، التـاج لـە ابـو عوسمـان جـاحظ، مـشعالبی، مێـژووی شارستانییەتی ئیسلام، جورجی زەیدان، ئاماژە بکەین و لـە سـەردەمی سـەدری ئیـسلامدا بـە هۆی کەمتەرخەمی و بێموبالاتی عەرەبەکان ئەم جێژنە رەونەقی نـەما، ئێرانییـەکان بۆئـەوەی ئەم نەریتە کۆن و دێرینـەی خۆیـان لەبیرنەچێتەوە، بـە وتـەی "لـوئی دوبـوا" لـە هەڵکـەوتنی خەلافەتی حەزرەتی عـەلی دەگەڵ ئەم رۆژە کەڵکیان وەرگرت و وتیان: هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە رێز لەم رۆژە دەگرین! دوای ئەمە سـاڵانێکی زۆر خەلیفـەکانی ئەمـەوی و عەبباسـی، هـەم بـۆ وەرگرتنی دیاریی لە ئێرانییەکان کە رادەی ئەم پێشکەشە لە زەمانی معاویەدا لە بـەینی پێـنج تا دە ملیۆن درهەم بوو[16]، رەسمیەتیان دا بەم جێژنە و بەڕێوەبردنەکەیان ئازاد کـرد و[17] بەشـێك

13- پارس و وشەکانی پارسۆ Parso و پەرتو Parthew یەکێك لـە وشـەکانی زمـانی مـادین کـە ئـەوان بـە بەشێك لە زاگرۆسی ئیمڕۆیـی لـە جەمـسەری رۆژئـاوای خـاکی مـاد (باشـووری زابـی گـچك و قـەراخ دیالـە ـ کەیوان)یان دەگوت. هەروەك لە بەشی مێژوویی ئەم کتێبەدا کوتومانە، ئاشوورییەکان لە ٨٣٤ی بەر لە زایـین، باسیان لـێ کردووە. بەڵام پارسوا لە زمانی مادی بە وتەی ا.م.دیـاکۆنۆف بـە مانـای قـەراخ و قەراخییـە و لـە کوردیشدا بە مانای تەنیشت و ئەم لاو ئەولایە. کەیوان دەڵێ (پارسوا) ناوی گوندێکی "پارسـانیان" لـە دەوری سەقز وەبیرهێنەرەوەی ناودانانی زەمانی دێرینە. وشەی "پارت"یش لە کوردیدا بە مانای (تەنیشت) و قەراخە.

14- هونەری ئێران لە زەمانی هەخامەنشیاندا، وەرگێڕانی دوکتور عیسا بەهنام، ل٣٢.

15- وەرگیراو لە گۆڤاری ئاسیای جەوان، ساڵی ١٣٣٩ ژمارە٥٥٣، سەعید نەفیسی

16- مێژووی ئێران، لوئی دوبوا، وەرگیراو لە بلاۆکی "نەورۆز"ل ٢٥.



لە ڕێوڕەسمەکەش وەك ئاگر کردنەوە و ئاوپڕژاندن لەنێویانـدا بـوو بـە بـاو، دوایـەش کـە هێـدی هێـدی حکوومـەت کەوتـە دەسـت ئێرانییـەکان، ئـەم جێژنـە هـەمان شـکۆی پێـشووی خـۆی وەرگرتەوە و لە نێو وڵاتانی دووررونیزیکیشدا بڵاو بـۆوە. ئـەو کوردانـەی لـە ڕێگـەی سـووریاوە چوونە میسر ئەم ڕێوڕەسمەیان کەم و زۆر لـەوێش بـرەو پێـدا. هێنـدێ پادشـای وەك محمد شـای گورکانی و ئیـبراهیم پاشـای عوسمـانی بـۆ هەرچـی باشـترو بەشـکۆتر بـەڕێوەبردنی ئـەم جێژنـە تێدەکۆشان.[١٨] بەڵام لەسەر بنەمای بڕوای کوردان دەبێ نەورۆز ئاکامی سەرکەوتنی "کەیوورس یا کەیومەرس KayMures" بەسەر ئەهریمەندا لە دەوری چوار هەزار ساڵ بەر لە زایین بێ کـە چیرۆکەکەی "کەیوان" ئاوا دەنووسێ:

"چوار هەزار ساڵ بەر لە میلادی مەسیح "کەیوورس" ناوێك لە رەگەزی کورد پەیـدا بـوو، هەر لە سەرەتاوە ئەهریمەن دوژمنایەتیی دەگەڵ کرد، کەیوورس لـە کێوەکـانی رەوانـدز دەگـەڵ ئەهریمەن بەشەڕ هات و لە دەستپێکی شەڕەکەوە فەرمانی بە سوپاکەی خۆی دا کە ئەگەر هات و بەسـەر دوژمنـدا زاڵبـوون و ئەهریمـەن کـوژرا، لەسـەر لوتکـەی شـاخەکان و لەسـەر تـەپك و گردەکان ئاگر بکەنەوە و گڕەمەلا سازکەن تا هەم دەرکەوێ کە سـەرکەوتوون و هـەم بـەو شـێوە فەرمانی گەڕانەوە لە بەرەی شەڕ بە سوپاکەیان بدەن بۆ لای کەیومەرس. ئاخریەکـەی شـەڕ بـە سەرکەوتنی ئەوان بەسەر ئەهریمەندا تەواو بوو، ئاگر لە هەموو بەرزاییەکان چووە ئاسمان و بـەم ئاگرو مەشخەڵانە زاڵبوونی رەوایان بەسەر ناڕەوادا راگەیاند و شکانی ئەهریمەن، بۆ خەڵك روون کرایەوە. رۆژی ئەم سەرکەوتنە دە رۆژ پێش کاتی نەورۆزی ئێستا بـوو. کەیومـەرس فەرمانیـدا نە تەنیا ئەو رۆژە بەڵکو ٩ رۆژ و شەو دواتریش ئاگربازی و جێـژن و شـادی بکـەن و ڕێـوڕەسمی جێژنی "٩رۆژ" بەم شێوەیە پەیدا بوو.[١٩]

دیارە لەسەر سەرچاوەی ئەو جێژنە ریوایـاتی جۆراوجـۆر هەیـەو هـەموویان ئـەوە مـسۆگەر دەکەن کە یەکەم پەیوەست بوونی کورد و مـادە و دووهـەم ئـەوە نیـشاندەدا کـە لـە بەشـەکانی پێشوودا کوتومانە ئەویش ئەوەیە کە کورد لە خەڵکانی بانووی ئێرانن و رابردوویان لـە هـەموو

17- محیط طباطبائي، گۆڤاری تهران مصور ژمارەکانی ٨٦٤ـ ٩١٦ و شارستانیەتی ئیسلام، جورجی زەیـدان، بەرگی ٢ لاپەڕەکانی ٢٢و ٢٣.

18- محیط طباطبائي لە کتێبی "نەورۆز لە کوردستان" لە نووسینی کاك مستەفا کەیوان ت٥٢.

19- هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ٥٩ـ٦٠.

شوێنی ئەم خاكە بەرچاو دەكەوێ. بۆنموونە جێمز مۆریە كە میرزای بالیوزخانەی ئینگلیس لە زەمانی قاجارییەكاندا بووە لە ساڵی ١٨١٢ و لە بیرەوەرینووسان و دنیاگەرو گەشت و گوزارچییەكانی بەنێوبانگە و لەسەر خەڵكی ئەم خاكە زۆری شت نووسیوە و لەم نووسینانەدا دەڵێ: لە ٣١ی مانگی ئووت لە دەماوەند بووم، خەڵكی وێ جێژنێكیان گرتبوو كە بۆنەكەی سەركەوتنی فەرەیدوون و كاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاكی مار بەشانی عەرەب بوو، بەم جێژنەیان دەگوت "جێژنی كوردی" و شانامەی فیردەوسیش لەم جێژنە دواوە.[٢٠]

حەكیم عومەری خەییامی نیشابووری لە نیزیك بە هەزار ساڵ بەر لەم باسە، لە كتێبی نەورۆزنامەی خۆیدا قسەی كردووە و بە راشكاوی فەرەیدوون بە كورد ناو دەبا، فەرەیدوونیش ئەو رۆژەی كە زوحاكی تێدا شكاند و بەدیلی گرت بە جێژنی دیاریی كرد و ئێرانییەكانیش لەو كاتەوە ئەو رۆژە دەكەن بە جێژن.[٢١]

ئەمرۆژە و ئەم جێژنەی ئارییایی و كوردی، لە هەموو كوردستان، بەشێوەگەلی جیاواز بەڕێوە دەچێ و لە توركیەی ئەمڕۆ، كوردەكان ئەم جێژنەیان ناو ناوە جێژنی "تۆڵە" كە ئاماژەیە بە تۆڵەسەندنی گەلی ئێران بە رێبەری فەرەیدون شاو كاوەی ئاسنگەر لە زوحاكی مار بەشانی عەرەب. دوای ئیسلام عەرەبەكان كە لەپێشدا هەوڵیان بۆ لەناو بردنی فەرهەنگ و كولتوری گەلانی دیكەی ژێر فەرماندا، لەم رێگەدا هەوڵیان زۆر دا، بەڵام كوردەكان بۆئەوەی رەنگی ئایینی بدەنێ ئەم جێژنەیان بەناوی جێژنی "خدری زیندە" ناودێر كرد كە ئاماژەیە بە حەزرەتی خدر پێغەمبەرو گوتوویانە كە خدری زیندە لە بەربەرەكانی خەڵك بەدژی زوحاك، هاتۆتە یاریدەیان.[٢٢] ئەم جێژنە مێژووییەی كوردەكانی ئارییایی چووە ناو قەومگەلی تریش كە دراوسێیان بوون، هەروەك ئاشووری و ئەرمەنییەكانیش ئەم رۆژەیان دەكردە جێژن، ئەرمەنییەكان بەم جێژنە دەڵێن "دیانت ئاراج" و پێیان وایە كە ئەم جێژنە تایبەتە بە كوردە ئێزەدییەكان.[٢٣]

20- سەفەرنامەی جێمز موریە، بەشی عادەتی ئێرانیەكان و شانامەی فیردەوسی، چیرۆكی كیمورس یا كیموورس و ئەهریمەن.

21- نەورۆزنامە، نووسینی حەكیم عومەری خەییام، ل ٢ بە سەرەتاو حاشیەنووسی مامۆستا مستەفا مینەوی.

22- مێژووی ریشەی رەگەزی كورد، نووسینی ژەنەراڵی كورد ئیحسان نووری پاشا كە خەباتێكی شێلگیری بە دژی دەوڵەتی توركیە و كەمال ئاتاتورك كرد بۆ وەدەست هێنانی مافی كورد، ل ٤٨ بەدوا.

23- هەمان سەرچاوە.



تیرەكانی كەڵهوڕ، سەكرو[24] مەنگوڕ[25] چل و پێنجەمین رۆژی زستان بە دەستپێكی "وەهار یا بەهار" دەزانن و جێژن دەگرن و پێی دەڵێن "وەهار یا بەهاری كوردان". مەنگوڕو سەكر بە جێژنی "بێڵندانە Belindana"شی ناو دەبەن، جار هەیە بەهاری سەكرانیشی پێ دەڵێن.[٢٦] كوردان لە زاراوەی سۆرانی یا موكریدا بە مانگی یەكەمی ساڵ دەڵێن "خاكەلێوە" واتە خاك بە لێوانە، ئەوەش لەوەڕا هاتووە كە چونكو لەوەڕ خۆش نییە و ئاژەڵ ناتوانێ باش بلەوەڕێ و ناچارە لێو لە خاك بخشێنێ. هەروەها "هەرمێ پشكوان"یش بەو مانگە دەڵێن كە لەو مانگەدا دار هەرمێ گوڵ دەكەن. لە هەولێرو سلێمانیش لە كوردستانی باشوور دەڵێن "ئاخەلێڤ Axalev" كە هەر مانای خاكەلێوەی هەیە.[٢٧]

لەم ریوایەتەش زیاتر بەشێوەگەلی دیكەش نەورۆز و سەبەبی هاتنە وجوودی قسە كراوە، یەك لەوانە ئەوەیە كە دەڵێن سەركەوتنی فەرەیدوون بەسەر زوحاكی مار بەشان و ئەوە لە هەموو ئێراندا باوە. كوردەكانیش دەڵێن چوارسەد ساڵ دوای سەركەوتنی "كەیومورس" زوحاك بە لەشكرێكی گەورەوە لەلای فەلەستینرا بەرەو كوردستان هاتووە و داگیری كردووە. زوحاك دوو ماری بەشانەكانییەوە بووە، كاوە كە پیاوێكی بەغیرەت و ئازا بوو، جەماوەری لەخۆی كۆكردەوە و شەوی جێژنی نەورۆزێ كە زوحاك لە گاڵتە و گەپدا نوقم ببوو، هێرشی كردە سەری و بە كوتكی ئاسنگەری لە تەپڵی سەری دا، پێشبەندە چەرمینەكەی كردە ئاڵاو فەرەیدوونی لەسەر تەختی پاشایەتی دانا و ئاگریان كردەوە و سەركەوتنی خۆیان لەم رۆژەدا (یەكی حەمل یا ٢١ی مارس) كردە جێژن[28] و شاعیرانی كوردیش لەم بابەتەوە زۆر دواون.[٢٩]

24- هێندێك تایفە بە كوردەكان بەشێوەی بڵاو لە یەكتر دەژین.

25- لە تایفەكانی رەسەنی كوردی موكری لە ناوچەی مەهاباد و سەردەشت و پیرانشار تا سنووری عێراق و بەشێكیشیان لە عیراقدا دەژین.

26- رۆژژمێری كوردی، مامۆستا عبیداللە ایوبیان، بلاۆكی كۆلیجی ئەدەبیات، تەورێز، ل ٧ بەدوا.

27- رۆژژمێری كوردی، وەرگیراو لە فەرهەنگی عەرەبی گیو موكریانی بەناوی رابەر المرشد، چاپی هەولێر ١٩٥٢.

28- ئەم چیرۆكە كوردیانە بە درێژی لە شانامەی فیردەوسیشدا هاتوون.

29- نافع مظهر: شەمال لە نوچكەی كۆی نەكەرۆز هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز، یا: مەبارەك بێ بە دڵخۆشی كە جێژنی میرو گاوانە. مبارەك بێ بە سەرمەستی كە ئەمڕۆ جێژنی لاوانە. مەبارەك بێ كە ئەم نەورۆزە جەژنی میللەتی كوردە. موبارەك بێ بە دڵخۆشی كە جێژنێكی قەدیمانە (قانع) وەرگیراو لە (مستەفا كەیوان).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکرێ کە لە نیزیك سەقز لە ناوچەی سەرشیو، کێوێك بەناوی نۆرۆژ هەیە کە لەسەر بنەمای زمانی پەهلەوی[30] خەڵك "نەکەرۆز Nakaroz"ی پێ دەڵێن، بەپێی نەریتی ناوچەکە رۆژانی نەورۆز لەسەر لووتکەی ئەم شاخە ئاگریان دەکردەوە و لە دەوری هەڵدەپەڕین. ئەم کێوە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵانی ئاسایی خەڵکدا کاریگەری هەبووە و لە قامە کۆنەکانی ناوچەکەدا ناوی هاتووە. وەك گوتویانە:

خاڵی ناوبان گۆنای "پیرۆزە"　　هەروەك چرایە لە نەکەرۆزە

خاڵی سەرکوڵمی یارەکەی کە "پیرۆز"ی ناوە بە چرایەك شوباندووە کە لە نەکەرۆز هەڵکراوە. دیارە ئاگربازی سەر نەکەرۆزیان بە چرا داناوە.

لە کوردستان رێوڕەسمی نەورۆز بە شکۆیەکی زۆرەوە بەڕێوە دەچوو، خەڵك رۆژەکانی ئەم جێژنەیان بەم رێوڕەسمە بەڕێوە دەبرد. ئەم داب و نەریتە تا نیزیکەی نیو سەدە پێشتر کە نووسەر دەورەی منالی خۆی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان تێپەڕ دەکرد شاهیدی بەڕێوەچوونی ئەم رێوڕەسمە بووە، بە پێچەوانەی وتەی هێندێ کەس بەشێوەیەکی کامل بەڕێوە دەچوو، دانانی حەوت سین و سەمەنی سازکردن و ئاگر کردنەوەی شەوی چوارشەممە سووری و پشتێند رۆهێشتن لە کۆڵانەی ماڵانەوە بەشێك لەم کارانە بوون و هەن، لەم دوایانەشدا زەوقی خەڵکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم رێوڕەسمە بەرچاو دەکەوێ.

سەمەنی دروست کردنی کوردان لە ئێران رابردوێکی لەمێژینەی هەیە و بۆ خەڵك پیرۆز بوو، هەربۆیەش وەك نەزرو خێر لەنێو خەڵکدا لەلایەن کیژانی پێ بەشوو یا ئەو ژنانەی مێردیان لە سەفەردایە دەبەشراوە.[31]

ماڵ هەڵگرتنەوە و هەڵوەژاردن و پاك و خاوێن کردنەوەی پێش جێژنی نەورۆز لە ریزی کارەکانی سەرەتایی نەورۆزە کە بە تایبەتی لە هێندێك جێگای وەکو "قوروە" لەسەر ئەم بڕوایە جێبەجێ دەکرێن کە پێیان وایە مردووەکانیان لە رۆژی جێژندا دەگەڕێنەوە لایان و لە

30- لە زمانی پەهلەویدا بە نەورۆزیان کوتووە نۆکەرۆز.

31- بۆ زانیاری زیاتر لەم بابەتە و زۆر مەسەلەی دیکەی کە پێوەندیان بەم باسەوە هەیە لە کتێبەکانی النجات لە جاحیز، آثار الباقیە و التفهیم لە نووسینی ابوریحانی بیرونی، فەرهەنگی عامیانە بە جمال زادە کە بە هەوڵی محمد جعفر محجوب ئامادە کراوە، نەورۆزنامەی خەییام، هەروەها لە نەورۆز لە کوردستاندا، لە نووسینی مستەفا کەیوان بڕوانە.



شەوی جومعەی ئاخری ساڵدا، گەورەکانی بنەماڵەکان چوار پێنج کوللێرە چەورە دەبەنە لای ئیمامزادەی شوێنی خۆیان یا تەکیەو، لە رێوڕەسمێکدا کوللێرەکان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن، دوایە لە گۆڕایەك دادەنیشن و دوای خوێندنی فاتیحا، خزمەتکارانی وەك شوان و گاوان، قورغچی و باغەوان و میرئاو و حەمامچی تازەیان دادەنان تا ساڵی دواتر ئەرکی خۆیان بەڕێوە بەرن. دیارە ئەوە رێوڕەسمی ئێرانییە دێرینەکانەو ئەو کەسانە لەو زەماندا بەتایبەت لە سەردەمی ساسانییەکاندا وەك مڵکی دەرەبەگ و فیئودالەکان دەهاتنە حیساب.[32]

## چوارشەممەسووری، قوڵە یا کوڵە چوارشەممۆ لە کوردستان:

لە مەڵبەندی موکریان بە چوارشەممەی ئاخری ساڵ دەڵێن "قوڵەچوارشەممۆ ghole chwarshamo" و لە شوێنەکانی تر کولە kula چوارشەممۆی پێ دەڵێن کە هەردووکیان مانای مەجازیی نەحسیان هەیەو لە مازەندەرانیش پێی دەکوترێ "کوڵ چارشەنبو".

ئەو رێوڕەسمەلە باقی شوێنەکانی ئێران بەڕێوە دەچێ، وەك ئاگرکردنەوە و گۆزەشکاندن و نەزرو نیاز کردنو... لە کوردستانیش کەم و زۆر دەکرێ. بەڵام ئەوەی لە کوردستان بەتایبەتی دەکرێ، چوونی خەڵك بۆ دەرودەشتە و بە وتەی کەیوان لە نەسیمی شەکر پەژینی بەرەبەیان کەلك وەردەگرن، کاتێکیش گەیشتنە سەحرا، ژنان بە مقەست چەند تاڵێ لە مووی قژی منالەکانیان هەڵدەپاچن و لە ئاوی رووباری داوێن تا ئێش و نارەحەتیەکانیان بپەرێ و بەڵاکانی ساڵی پێشوویان نەگاتە ساڵی تازە و بڕوا، هەروەها چوار وردکە بەرد لە بان شانیانەوە داوێژن و بەم شێوەیە خەمۆکی خۆیان لە داوێنی دەرو دەشت فڕێدەدەن، لە هێندێك شارو گوندان خەڵك کاری چوونەدەر بەیانی زوو بەڕێوە دەبەن تا لەگەڵ تاوهەڵات لە ئاوی روون بڕوانن و ئەو گۆزە تازەی پێیانە لە ئاوی کانی پڕ کەن و سێ جار بەسەریدا باز دەن، دوایی دەگەڵخۆیان بیهێننەوەو وەك متفەڕك بڕێکی لێ دەرخواردی خزم و نیزیکانیان بدەن. هەر لەو کانیاوەدا ژن و پیاو دم و چاویان دەشۆن، پاشان ژنەکان چاویان دەڕێژن و بەشێك لە جل و بەرگی خۆیان هەر لەوێ دەگۆڕن.

لە هێندێك شوێن، خەڵك بەیانی دەچنە دەبباغ خانە و لەو ئاوە دەگەڵ خۆیان دێنن کە پێستی خاوی پێ دەشۆنەوە و بە دەوروبەری ماڵی خۆیانیدا دەکەن تا بەڵایان لێ دوور بێتەوەو

32- ئێران لە سەرەتای ئیسلامەوە، ل ٤١١

لە چاووزار پارێزراو بن. دوای ئەم کارانە، دارو پووشکە خڕ دەکەنەوە، هەر کە خۆر ئاوابوو، ئاوریان تێبەردەدەن و بەسەریدا باز دەدەن و دەڵێن، سووری تۆ بۆ من، زەردی من بۆتۆ.

لە شاری بیجاری کوردستانی ئێران و هێندێك جێ لە کوردستانی عیراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە، وێڕای بازدان بەسەر ئاگردا ئەسپەندەریشی تێداوێن و لە هەمان کاتدا چەند پیواز و چەند جووت گۆرەوی کۆن لە ماڵ فڕێ ئەدەن تا ئێش و ئازارەکان لە ماڵەوە دوور خەن، ژمارێك لەوان خۆڵەمێشی تەندوور یا ئاگردانیش فڕێ دەدەن، دیارە کاتی فڕێدانی ئەمانە نابێ ئاوڕ دەنەوە و لە پشت سەری خۆیان بڕوانن.

لە ناوچەگەلێ، گەسکەکۆڵە یا کوتەرەش لەگۆزەیەکدا جێگیر دەکەن و ئاگری دەدەن و ئەسپەندەری پێدا دەکەن. لە چیاکانی ماردین و بۆتان کە ئاگریان کردەوە کیژو لاو لە دەوری هەڵدەپەڕن، لە بیجار بڕێك گەنم دەبەنە سەربان و لە ڕۆچنەکانەوە[33] ئەیپڕژێنن، ڕۆچنەش هەمان "ڕەوزەن"ی فارسی دێرینە بەواتای ڕووناك کەر[34]. لەم مەڵبەندە دوای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمەکە خەڵك دەبێ شەوێ لە ماڵی خۆیان بن تا تووشی نەحسی و نەهامەتی نەیەن.

لە مەریوان، جگە لە کولە چوارشەمۆ، چوارشەمەگەلی تریشیان هەیە کە سەرنج ڕاکێشن و بریتین لە: چوارشەمۆی ئاخری مانگی "بانەمەڕ" کە بەناوی "ڕۆژی ئیمام" ناسراوە، چوارشەمۆی ئاخری جۆزەردان بەناوی "مەلا قطب الدین ئیمام" کە تەپۆڵکەیەکە هەر بەم ناوەو لە پێنج کیلۆمیتری باشووری ڕۆژئاوای مەریوان کە گۆڕستانێکی کۆنە و کاولی خانووبەرێکی قەدیمیشی لەسەرە کە بە باوەڕی خەڵکی ئەوێ، پاشماوەی مزگەوتێکی کۆنە، هەربۆیە مزگەوتە سوورەشی پێ دەڵێن، ئێمە پێشتر گوتوومانە وشەی مزگەوت ڕیشەی ئارامی هەیە. مەلا قطب الدینیش ناوی دەشتێکی گچکەیە لە سێ کیلۆمیتری مەریوان. خەڵکی مەریوان لەو چوارشەمۆیانەدا کەباسمانکرد بە جلوبەرگی نوێوە دەچن و تا نوێژی شەوان خەریکی هەڵپەڕکێ دەبن.[35]

33- کەیوان بە کەڵك وەرگرتن لە یەشتەکان، بەرگی ١، ل ١٨٤ دەڵێ: ئەوە ڕیشەی ئەوێستایی هەیە کە "ڕائوچەنگە Raochanga" بە واتای فروغی نەمرە.

34- بورهانی قاطع، دکتر محمد معین، ل٩٧٢

35- هەڵپەڕکێی ڕۆژی چوارشەمەی هەموو حەوتوان وێدەچێ لە دابی یەزیدییەکان یا ئیزەدییەکان بێ کە تا ئەم دواییانەش لە شارە کوردنشینەکان کە نووسەر خۆی لە مەهاباد (سابڵاغ) و شوێنەکانی تریش دیویەتی. خەڵك ڕۆژانی چوارشەمۆ دەچوونە باغەکانی شاری، بۆ وێنە دەچوونە باغی میکایل کە ئێستا کراوە بە پارك. قولقولاغ یا کانی مام قەنبەران و لەم شوێنانە تا شەو هەڵدەپەڕین.



## ئاگر یا ئاورو رابردووەکەی:

خراپ نییە وەك نێوئاخن ئەوەش بڵێین کە بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێك کەسی ناحاڵی ئەم ڕێوڕەسمە هیچ پێوەندییەکی بە ئاگرپەرستییەوە نییە و "ئاگر Ager" وشەیەکی مادییە و بێ هیچ گومانێك زمانی کوردیش پاشماوەی هەمان زمانی مادییە و هەربۆیەش هەتا ئێستا کەلکی لێ وەردەگرن، ئەم وشە لە ئەوێستادا بە "ئاتر Ater" و "ئاترەش Atrash" هاتووە و لە پەهلەویدا "Atesh"ە کە ئەمڕۆش لە فارسی ئازەرو ئاتەشە. بەڵام هەروەك دەزانین لەزمانی کوردیدا هەر لە سەر دەقی پێشوو "ئاگر" و "ئاور" دەگوترێ،[٣٦] ئەم وشە لە کۆنترین ئاسەواردا کە بەرچاو دەکەوێ بە هەرێمی ئازەربایجان یا مادی گچك لە دابەشکردنی خاکی ژێردەستی ئەسکەندەر گوتراوە کە "ئاگرپات"یان پێگوتووە.[٣٧] لەو بەڵگانەداکە ماون وا دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوای ئەو مەڵبەندە "ئاگر" ناوێك بووە و چونکو لەبەر دڵی ئەسکەندەر بووە، هەر لەوێ ماوەتەوە و ئەو دەوەرەشی بەناوی ئەو "ئاگرپات" بە واتای "ئازەربود" ناودێر کردووە. بایەخی ئاورو پیرۆزی ئەو لە گرینگایەتی ئاگر لە ڕووناك کردنی شەوی تاریك و عەلامەت و ئیشارەت دان لەشوێنێکرا بۆ شوێنێکی تر لەکاتی هێرشی دوژمنان و کەلك وەرگرتن بۆ خەبەردان و ئاگادار کردن.[٣٨] هەرچی کۆمەڵگای مرۆڤ زیاترو بەرینتر دەبوو، بایەخی ئاگریش زیاتر دەبوو، لە سەردەمی خەشایارشادا لە (شووش و هەمەدان) را تا سنوورەکانی خاکی پان و بەرینی ئێران، بورج و قوللەی زۆر بەرزیان ساز کرد تا چاوەدێرو پارێزەرەکان شەوانە لەسەر ئەم قوللانەڕا نیگابانی بدەن. ئەم ئێشك چیانە مەجبوور بوون شەوانە مەشخەڵی ئاگرین زیاتر هەڵکەن و لەکاتی پێویستدا عەلامەت بۆ یەکتر بدەن. تەنانەت هەر کە جێگایەکی تازەیان دەگرت لەم بورجانەیان لێ ساز دەکرد.[٣٩] هەواڵی سەرکەوتنی ئێرانییەکان و گرتنی پایتەختی یۆنان بەهۆی "مەردونییە"سەرداری سوپای ئێرانیش هەر بەم شێوە بە خەشایارشا گەیشت.[٤٠] ڕەنگە سەیر بێ ئەگەر بزانین ئەمڕۆش لە دێهاتی کوردستان، دیتنی مانگێ لە سەرەتاو کۆتایی مانگی ڕەمەزان هەر بەم شێوە بەیەکتر ڕادەگەیەنن. هەر لەبەر ئەم پیرۆزییەی ئاگر، زۆر خانەدان و ناوچە و چیایان ناو دەنا ئاگری،

36- نەورۆز، مستەفا کەیوان، ل ٩٨ بەدوا

37- نووسراوەی ژۆستەن کە ئەویش لە "ئێرانی دێرین" نووسینی مشیرالدولەی پیرنیا، ل ١٦٥ی وەرگرتوون.

38- مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران لە سەردەمی بەر لە مێژوو دەستپێکی مێژوو لە مامۆستا سەعید نەفیسی، لاپەڕەکانی ٢٣و٢٤

39- پشتەکان، لە مامۆستا پووրداود، بەرگی یەکەم ل ٥٠٥.

40- ئێرانی دێرین، پیرنیا، ل ١٣٥

بۆنموونە شاری "ئاگری" لە کوردستانی تورکیە و خانەدانی "ئاگرپات". ئاغای کەیوان کە لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەم بابەتەوە کردووە، دەڵێ: زنجیرە چیای زاگرۆسیش لە پێشدا ناوی ئاگری بووە بەڵام یۆنانییەکان لەسەر ڕێزمانی خۆیان پیتی "س"یان لە هەوەڵ و ئاخری ئەو وشە زیاد کردووەو "ساگرۆس یا ساگرس"یان پێ گوتووە. واتە (س) بۆتە (ز) و کراوە بە زاگرۆس،[41] هەروەك کیساکسار، کیاگزار و لیساندرو ساکارتی و زیگرتو گۆردراون.

## ئاگری نەورۆز و میرمیرێن لە کوردستان:

ئاگرکردنەوەی چوارشەممەسووری کە ئێوارەی دوایین سێشەممۆی ساڵ بەر لە نوێ بوونەوەی ساڵ دەست پێ دەکا، لە زۆر شوێن تا کاتی نوێ بوونەوەی ساڵ درێژەی هەیەو ئەم ئاگر کردنەوە دەگەڵ دەنگی تۆق تۆقەو فشفشان تێکەڵ دەبێ و دەبێتە غەوغایەك کە زۆربەی خەڵك لەم شکۆ و جوانییە بە ئاگان.[42] لە شاری "قوروە" ڕەسم وایە کە ئاوری نەورۆزی لە سەربانی ئەو دراوسێ تازیەبارانە دەکەنەوە کە خۆیان ئەو کارە ناکەن. ڕۆژی جێژنیش تەنیا جێیەکیان برینج بۆ دەبەنە ماڵێ. لە شوێنگەلێ، نوێبوونەوەی ساڵ هەر زەمانێك لە شەو یا ڕۆژدا بێ، خەڵك ئاگر هەر دەکەنەوە. بە وتەی کەیوان لە هێندێك گوند پۆلوی ئاگر لە کولانەی تەویلە داوێن تا خێر و بێری ئاژەڵەکەیان زیاد بێ.

نووسەر لە کتێبی مەڵبەندناسی کوردستانی موکری ئاماژەی کردووە کە وێڕای ئاگر کردنەوە لەلایەن لاوان و تازەلاوانەوە، دەچنە سەربانی خەڵك و پشتێندی خۆیان لە کولانکەڕا داوێنە نێو ماڵ و بە هەڵواسراوی ڕایدەگرن و لە خاوەن ماڵ داوا دەکەن شتیان بۆ تێکەن. خاوەن ماڵیش بە گوێرەی توانا شتێکیان بۆ دەپێچێتەوە، ئەوان هەڵی دەکێشن، بەتاڵی دەکەن و دەچنە سەر کولانکەی ماڵێکی دی. لە سەردەمانی نەزۆر دووردا، ئەم بەرنامە زۆر کاری جیددی تێدا دەکرا، بۆ وێنە لاوێك کە ئەویندداری دەگەڵ کەنیشکێك بووە و بنەماڵەکەی بەڵێنیان پێ نەداوەو ناهومێد دەبوو، پشتێندەکەی ڕۆدەهێشت و داواکەی ڕادەگەیاند و ئەوەندە ڕادەوەستا هەتا لە ڕێگەی ئەم نەریتەوە، بنەماڵەی کچە بەڵێنیان پێدەدا بیدەنێ، وا هەبووە لەم پێناوەدا ڕووداوی چاوەڕوان نەکراویش ڕوویداوە.

41- نەورۆز لە کوردستان، ل١٠٩

42- لە زۆبەی شوێنەکانی کوردستان ئێوارەی سێشەممۆ شەوی چوارشەممۆ ئاگر دەکەنەوە، بەیانی چوارشەممۆش دەچنە سەر چۆم و ئاو. هەروەك ئاوری نەورۆزیش ئێوارەی دوایین ڕۆژی ساڵ زیاتر لە بەرزاییەکان دەکەنەوە.



## کۆسەی نەورۆزی:

لە ڕێوڕەسمی تری نەورۆز لە کوردستان "کۆسەی نەورۆزی"یە کە لە ڕاستیدا چەشنێکە لە حاجی فیروزی شوێنەکانی دیکەی ئێران. بەو جیاوازییە کە بۆ یاری کۆسە دوو کەس دیاری دەکرێن، یەکیان بەرگی ژنان لەبەر دەکاو ئەوی دیکەیان بەرگێکی سەیرو سەمەرە کە هیچ شتێکی دەگەڵ ئەندامەکانی ئەو نایەتەوە، بە تەرزێکی سەیریش خۆی جوان دەکا! سمێڵێکی درێژ و ریشێکی لێك بڵاو و ناشیرین لە خۆی دەنێ کە دیتنەکەی مرۆڤ وەپێکەنین دەخا. لەوکاتەدا لە کووچە و کۆڵاندا دەگەڕێن، خەڵکێکی زۆریان بەدواوەیە و قسەی حەلەق و مەلەق دەکەن و خەڵك دەبەنە ئەوپەڕی شادی و دڵخۆشی، وێڕای ئەوەی ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن، زۆر ڕۆژان شادی و خۆشی بۆ خەڵك بە دیاری دێنن. لە شارەکانی وەك کرماشان کۆسەو هاوڕێکەی لە ماسك کەڵك وەردەگرن، لە کەرند کە ناوچەیەکی سەرسەوزو جوانە، کۆسەی سواری کەرێك دەکەن و گورزێکی دەدەنە دەست و لە جێگەی خۆش و ماڵی خەڵك دەیگێڕن. ئەو فەرمانانەی کۆسە ئەیدا، وەك فەرمانی میری نەورۆز کە دوایە باسی دەکەین دەبێ بەڕێوە دەچێ.

بەرنامەی کۆسەش لە ڕێوڕەسمی لەمێژینەی ئارياییە و لە کتێبی جۆراوجۆردا ئاماژەی پێکراوە و بەشێوەی جیاجیا هاتۆتە بەرباس. ئەبوریحانی بیرونی دەگەڵ شیکردنەوەی کارو ئەرکی کۆسەو رابردووی ئەم جێژنە بە جێژنی بەهار ناوزەد دەکا کە رستەیەکی کوردییە، کریستین سێن هەروەها دەنووسێ: لە سەردەمی ئیسلامدا پێیان گوتووە جێژنی "خروج الکوسە" کە دیارە لە زۆر فەرهەنگاندا ناویان هێناوە و لە توانای بەڕێوەبردنی فەرمانی کۆسە لە سەردەمەکانی جیاجیادا باسکراوە، هەر بەم جۆرە دەنووسێ کە چۆن دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەی لە کۆسەیان دەداو بەو ڕۆژەشیان دەگوت "رکوب کۆسەج".

## میرمیرێن یا میری نەورۆزی لە کوردستان:

ئەم ڕێوڕەسمە تایبەتە بە هەرێمی موکریان،[43] کە چەند سەدە و ساڵانێکی درێژ لەم مەڵبەندە، بەتایبەتی لە حاکم نشینی ئەم دەوەرە، (سابڵاغ=مەهاباد)[44] بەشێوەیەکی بەشکۆ بەڕێوە دەچوو. لە

43- موکریان Mukrian، شاری مەهاباد و کۆی ئەو شوێنانەی سەر بەوێ وەك سەردەشت، شنۆ، بۆکان، سەقز، بانەو میاندواو و نەغەدە دەگرێتەوە.

44- ئەم شارە ناوەندی تەواوی ڕووداو و گێرەو کێشەکانی سەدەکانی دوایی بووە و جێگەی یەکێك لە شارە دێرینەکانی سەردەمی ماد بەناوی "دارایاس یا دریاز"ی گرتۆتەوە کە ئێستاش شوێنەواری هەر ماوە و هەر بۆیەش بە ناوچەکە دەڵێن "شاروێران".

رۆژەکانی بەر لە نەورۆز بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو پیاوێك لە توێژی خوارەوە هەڵدەبژێردرا کە هەلومەرجی پێویستی بۆ ئەم کارە تێدابا، لە داب و نەریتی میرمیرێنی زانیباو توانیبا خۆی ڕاگرێ و پێکەنینی نەیەتێ، گەورەپیاو و داراکانی شار، بەنرخترین ئامرازی خۆیان وەك جل و بەرگی جوان، شمشێرو ئەسپیان دەدایە. لە یەکەم چوارشەممەی نەورۆزدا، جارچی میر کە "گۆپاڵ زیوین Gopal zewin" یان پێ گوتووە ناوی لیژنەی بەڕێوەبەری یاری میری نەورۆزی بانگ دەکرد، لە حالێکا میر جل و بەرگی پۆشتە و پەرداخ و رازاوە بە پڕبایەخ ترین جەواهیرات دەپۆشی و تاجی زێڕکفتی لەسەر بوو و باسك بەند و پشت بەندی بەستبوو، سواری ئەسپێکی ببوو و بە مامزەیەك کەلە چەکمە درەوشاوەکانی بەستبوو لە بەر زگی ئەسپەکەی دەدا، دەگەڵ لیژنەی پێشتر هەڵبژێراوی بەڕێوەبەری جێژنەکە تاقمی جیاجیا لە ژن و پیاو، بەرەو ماڵی حاکمی شار دەچوو، بە فیز و کەش و فشێکی زۆرەوە حاکمی شاری لێ دەخست و بۆخۆی لە جێی ڕۆدەنیشت! حاکمی دەوڵەتیش بە حورمەتی سوننەتی میللی و ڕێورەسمی باو بێئەوەی خۆ بگرێ دام و دەزگای حکوومەتی دەخستە بەردەست میری نەورۆزی و دوای ئەم ڕێ و رەسمە میر دام و دەزگای خۆی دەگوێستەوە بۆ شوێنێکی خۆش و دڵگیری شار یا دەوروبەری شاری سابڵاغ کە پێشتر ئامادە کرابوو. پاش لێخستنی حاکمی شار، پیاوی گۆپاڵ زێوین ئەندامانی حکوومەتی میری دەبردە بارەگای میرو دەیناساندن. کۆنەوەزیر کە ڕاوێژکاری ئەمیر بووە، لەنێو پیرەمێردانی قسەخۆش و نوکتەوێژ هەڵدەبژێردرا. وەزیری دەستەڕاست و وەزیری دەستەچەپ، گزیر، دارۆغە و میرزاباشیو باقی دەست و پێوەندەکەی کە هەرکام ئەرکی خۆیان هەبوو، لە ڕۆژانی نەورۆزدا شارو ناوچەکەیان بەڕێوە دەبرد بەشێوەیەك کە خەڵك دڵخۆش و دم بە پێکەنین بن.

مەحموود ئەفەندیی بایەزیدی، جگە لەوانەی باسمانکردن و دەگەڵ میر دەبوون، باسی کەسێکی دیکەی دەکرد بەناوی "ویشکەرن" کە کەوڵی شێر یا بەور یا حەیوانی دیکەی دەبەر دەکرد و زەنگولێکی بەخۆیەوە هەڵدەواسی، چەند ئاوێنەی لە شان و مووەکانی قایم دەکرد، "کاڵەی شەمامەبەند"ی یا کەڵاشی دەپێ دەکرد.[٤٥] ویشکەرن بۆ وەپێکەنین خستنی خەڵك، هەموو گاڵتەیەکی دەکرد، لە تەوس و مەتەڵەك گوتن بە هەموو کەس جگە لە جەنابی میر ئازاد بوو.[٤٦]

45- کاڵەی شەمامەبەندی لە قایشی سوور دروستدەکرا، سەری بە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ دەچندرا، بەڵام کاڵەی خاو لە چەرمی خاو دروست دەکراو بە هەودای بادراوی موو هەڵدەپێچراو سووك و خۆش بوو، لە ئازەربایجانیش بۆ گوندیان باو بووەو پێیان گوتووە چارق.

46- داب و نەریتی کوردان، هی مەحموود ئەفەندی بایزیدییە بە هیمەتی الکساندر ژابا نووسراوە، محمد پور ناوێك وەریگێڕاوە، ل٢٤ـ٢٥.



بەدوای جێگیر بوونی میر، خەڵك تاقم تاقم بۆ پیرۆزبایی گوتن دەچوونە بارەگای میر و دوای بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی پیرۆزبایی، دەگەڵ چەند کەسی چەکدار کە جاری وابووە گەیشتوونە هەزار کەس بە کەیف خۆشی لە کووچە و کۆڵانی شاردا پیاسەیان کردووە، لەم کاتانەشدا جارجار هێندێك کار دەکران و جار هەبووە کارگێڕانی میر کە رقیان لە حاکمی رەسمی بووە بە توندی لێیان داوە، وابووە کوشتوشیانە. ئەو کارانە بوونە هۆی ئەوە کە لەم داوایانەدا تاقمێك سەربازی چەکدار و کاربەدەستی بێگانەش بۆ بەرگری لەم کارانە دەگەڵ میر دەکەوتن. یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵگرتنی ئەم ڕێ و رەسمە بەشکۆو دێرینەلە شارەکان، بەتایبەت لە مەهاباد، ترسانی حوکمدارانی زۆردار لەم پێشهاتانە بوو، کەچی لە زۆر گوند و ناوچەکانی دوورە شار ئەم ڕێ و رەسمە بە شێوەیەکی سادە و ساکار هەر بەڕێوە دەچێ.

میری بەهاری لەو چەند ڕۆژەی دەسەڵاتی خۆیدا هەموو ڕۆژێ لە شوێنی خۆی بە داخوازو شکایەتی خەڵك رادەگەیشت، بەتایبەتی کەسانێکی کە خەڵکیان ناڕەحەت دەکرد وەك سووتخۆران و ئەو دەوڵەمەندانەی قازانجیان بۆ کەس نەبووە، هەروەها کەسانی شەرلاتانی بە توندی سزا دەدا، یا جەریمەیەکی زۆری لێ دەستاندن ـ بە وتەی محمود ئەفەندی بایزیدی، یەك لە هەزاری ئەوەی ڕادەگەیەندرا دەستێندرا.[٤٧] یا بە تەنبێی سەیرو سەمەرە سزای دەدان. سەیرتر لەوەش ئەوەبوو، گەلێك جار لەو جەریمەی بۆیان دیاری دەکرا زیاتریان دەداو خۆیان بە فەرمانبەری میرو بەڕێوەبەری ئەم نەریتە نەتەوەییە نیشاندەدا.[٤٨]

یەکێك لە فەرمانەکانی میر ئەوەبوو کە بەندییەکانی بێتاوان یا ئەوانەی تاوانی سووکیان کردبوو، پەشیمانیش بوون و لە حاڵیان ئاگادار بوون، ئازاد دەکران، میر زۆر لە ناکۆکی بنەماڵەیی کۆن و خوێناوی کۆتایی پێ دێنا. زەکات و سەرفیترەی دەوڵەمەندانی وەردەگرت، جگە لە میر، وەزیرەکانیشی جاروبار فەرمانیان دەدا، حوکمەکانی وەزیری دەستەچەپ ئەوەندە جێی پێکەنین بوون کە ماوەیەکی دوورودرێژ دەبوونە هۆی شۆخی و گاڵتەی خەڵك، بۆنموونە دەیگوت ئەمڕۆ پێویستە پیاوەکان هەموو لایەکی سمێڵی خۆیان بتاشن یا هەموو لاوانی کەم تەمەن دەبێ تا سبەی ژنی

47- ئاداب و رەسمی کوردان، محمود ئەفەندی بایزیدی، ل٢٤٥.

48- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە کتێبی "میری نەورۆزی" مامۆستا عبیداللە ئەییوبیان، چاپ کراو لە بلاوۆکی کۆلیجی (دانشکدەی) ئەدەبیاتی تەورێزو لە گوزارشی لیژنەی زانستی فەرەنسە لەئێراندا نووسینی ژاك دو مورگان، وەرگێڕانی دوکتۆر کاظم وەدیعی بڕوانن.

تەمەن هەشتا بەرەو سەر بخوازن و راپۆرتی شەوی زاوایەتیش بدەنەوە بە خەڵك، یا هەموو خەڵكی شاری دەبێ تا سبەی بار كەن و بچنە دێهات. خوێنەرانی ئەم دێڕانە كاتێك بە گرینگی ئەم نەریت و رێوڕەسمە دەزانن كە ئاگادار بن تەنانەت كەسایەتی زۆر گەورەی ناوچەش بۆ بەهێندگرتن و زیندوو راگرتنی ئەم دابە دێرینانەی خۆیان یەكجار زۆریان حورمەت هەبووەو ئەمرەكانی میریان بەتەواوی بەڕێوە بردووە. وەك دەڵێن سیف الدین خانی سەردار، حاكمی بە زیپك و بە توانای ئازەربایجان و سابلاغ یا حاجی سید محمد فخر العلما كە لە عالمە هەرە ماقووڵەكانی سەردەمی خۆی بووە، یا باباخان بەگی فەیزوڵڵابەگی سەرۆكی عێلی بەگزادە، بە فەرمانی میری نەورۆزی چوونە گوندی لاچین[49] لە نیزیك مەهابادو حوكمی ئەمیریان گوێ داوەتێ و بەڕێوەشیان بردووە.

لە رۆژەكانی حوكمڕانی میری نەورۆزدا زۆر لە لاوانی نەدار، لە رێگەی ئەو جەریمانەوە كە میر وەریدەگرتن بە ئارەزووی خۆیان دەگەیشتن و دەگەڵ كچی دڵخوازیان بە یەك دەگەیشتن و زەماوەندی باشیان بۆ دەكردن، بەشێوەیەك كە عالەم بەشدار دەبوو، كێبەركێی شادی هێنەری وەك گۆرانی گوتن و وەرزشیش بەڕێوە دەچوو. بەڵام یەك لەو كارانەی كە دەبوونە هۆی بە سووكی لێ كەوتنی میر ئەوەبوو كە نەیزانیباو دەگەڵ كەسێكی غەیری وەزیرەكانی و پیاوە گۆپاڵ زیوینەكە دوابا، یا بە هەڵسوكەوتی پێكەنین هێنەری كەسانێكی وەك "ویشكەرن" پێكەنیبا، ئەوكات بوو كە وەریدەگەڕانێ، زۆریان لێدەداو لە میرەتیان دەخست و زۆریش گرانی لەسەر دەكەوت. بۆیە چەند كاتژمێر بەرلەوەی حوكمدارییەكەی كۆتایی پێ بێ زۆر وریایانە دەجووڵاوە و دەرفەتێكی پەیدا دەكردو خۆی دەگەیاندە ماڵە یەكێك لە پیاوماقووڵان و رێزدارانی شارو لە پەنای ئەودا خۆی لەو كوێرەوەریانەی كاتی لێخستن رزگار دەكرد.

ئەم رێوڕەسمە شكۆدارە یەكێك لە سەرنج راكێشترین رێوڕەسمەكانە كە لە نێو نەتەوەكانی دیكەدا هاوتای نییە و تایبەتە بە خەڵكی كوردستان. بە وتەی "ژاك دو مورگان" سەرچاوەی ئەم نەریتە هەرچی بێ جێژنێكی زۆر سەیرەو هەڵبژاردنی میرێكیش بۆ ناوچەكە لەو سەیرترو دەگمەنترە و "كارناوال" یا شادییەكی گشتیی زۆر گەورەیە.[50] جێژنی نەورۆز لە نێوەڕاستەكانی

---

49- وەك پێشتر گوتمان میری نەورۆز زۆر جار شوێنی مانەوەی خۆی لە جێگەی خۆش ئاووهەوای ناوچەكە دادەنا، لاچینیش یەكێك لەم شوێنانەیە.

50- گوزارشی لیژنەی زانستی فەرەنسا لە ئێران، ژاك دو مورگان، وەرگێڕانی كازم وەدیعی، "ئاداب و نەریتی كوردان" نووسینی محمود بایزیدی، وەرگێڕانی محمدپور.



سەڵتەنەتی رەزاشای پەهلەوی ـ دەوری ١٣١٥ی هەتاوی ـ بە زۆر هۆ و گرێ وگۆل كە پێكیان دێنا لە مەهاباد بەڕێوە نەدەچوو. هەرچەند لە ساڵی ١٣٢٤ دا پێك هاتنی ئازادییەكی تەواو كە لەبەر شەڕی دووهەمی جیهانی و بوونی هاوپەیمانان لە ئێراندا پێكهاتبوو ئەم جێژنە بەڕێوە چوو. بەڵام دوای تێكچوونی كۆماری كوردستان بە سەرۆكایەتی قازی محمد (١٣٢٥ی هەتاوی) ئیتر بەم شێوە بەڕێوە نەچوو، ئێستاش لە دێهاتی دوورو نیزیك، میری نەورۆزی خۆی هەر دەنوێنێ.

بەپێی ئەو بەڵگانەی دەگوڕێ دان، جێژنی میری نەورۆزی لە زۆر شوێنی وەك خوارەزم ـ بەر لە مەغول ـ و سەمەرقەند و میسریش بەڕێوە چووە.[51] بەتایبەتی لە میسر لە سەردەمی خەلیفەكانی فاتمی و دەسەڵاتی ئەییوبییەكان لە ریزی جێژنەكانی ئەو مەڵبەندە بووە و موسوڵمان و قیبتییەكان بەشداریان تێدا دەكرد و حكوومەتیش هەر لەو جێژنەدا بەشدار بووە.[52] جیاوزێكی هەیبووە، ئەوان لە سەرەتای پاییزدا ئەم رێوڕەسمەیان دەگرت، وەك نووسیویانە لەم بۆنەدا كۆشكی سەڵتەنەتی لۆپۆ، لە نووردا نوقم دەبوو. بلیمەت محمد قەزوینی دەنووسێ تا ماوەیەكی درێژ دوای لەناوچوونی خانەدانەكانی فاطمي و ئەییوبی ئەم جێژنە دەگیرا، تا لە ساڵی ٧٨٠ بەدوا، بەهۆی ئەمیر "دەقوق" لە رەواج كەوت.[53]

لە رێوڕەسمەكانی دیكەی بەهاری یەكیشیان سێزدەبەدەرە كە بە سەبەبی رەخنەكردنی باوەڕی مەسیحیان لەنێو ئێرانیاندا، بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێرانییەكان خۆیان كە بە وتەی ئەبووریحانی بیرونی ئەم رۆژەیان بە پیرۆز دەزانی، بە رۆژێكی نەحسیان زانیوە و لە ئاكامدا رۆژی سێزدە روو دەكەنە دەشت و كێوان و بە داوەرووكان لە سەحراو باوەشی شیناوەرد و مێرغوزاردا، ژن و پیاو دەست لە دەستی یەكتر خەریكی شادیو هەڵپەڕكێ دەبن تا نەحسی ئەم رۆژە لە خۆیان دوور دەكەنەوە.[54]

---

51- قەزوینی لە جیهانگوشای جەوینی، هەروەها تەزكەرەی دەوڵەتشای سەمەرقەندی و كتێبی "الخطط"ی مەقریزی بەڵگەی هێناوە و كەڵكی وەرگرتووە، لەو كتێبەی دواییدا بە درێژی لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم رێوڕەسمە لە میسر دواوە.

52- محمد قەزوینی، گۆڤاری یادگار ژمارەی جۆزەردانی ١٣٢٤ كە سەرچاوەكەی دوو كتێبی "مەقریزی" و "نەورۆز لە كوردستان"ی مستەفا كەیوانە.

53- گۆڤاری یادگار، ساڵی یەكەم، ژمارەكانی ٣و ١٠ لە زنجیرە مقالەكانی خوالێخۆشبوو قەزوینی لەسەر میری نەورۆزی.

54- بەپێی نووسنیی محیط طباطبائي كە لە رۆژنامەی پارسی شیراز ژمارەی ٢٨٨ رێكەوتی ٤٤/١/١٢ كە لە زمان كەیوان را گێڕاویەتەوە، هۆی مردنی ئەوان لە ئاكامی خەیانەتی یەهوودای ئەسخەریووتی، لە

## ڕێوڕەسمی زەماوەند لە کوردستان:

ئەو ڕێوڕەسمە لە کوردستان بەتایبەتی لە دێهات، لە دوو وەرزی بەهارو پاییزدا بەڕێوە دەچێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە هاوینان سەرقاڵی کشتوکاڵن و زستانانیش لەبەر سەرماو سۆڵ و نەبوونی ئیمکانی پێویست بۆ زەماوەند ناتوانن ئەم کارە بکەن. پێکهێنانی زەمینە و سەرەتای کاری زەماوەند بە جیاوازیەکی کەم وەك هەموو شوێنێکی دیکەیە، زۆرجار کچ یا کوڕ ئاگایان لە هیچ نییە و خۆیان هاوژین هەڵنابژێرن و دایك و باب ئەم کارە دەکەن. وا هەیە کچ و کوڕ کە لە پێشدا چاویان بە یەکتر کەوتووە و یەکتریان خۆش دەوێ، لەم حاڵەتەدا بەهۆی کەسێکی تر مەسەلەکە بە دایك و بابیان رادەگەیەنن و ئەگەر بە سەلاح بزانن دەست بەکار دەبن، پێویستە بڵێین لەبەر ئەوەی لە گوندەکان ئازادیی زیاترەو ژن و پیاو لەکشتوکاڵدا بەیەکەوە کار دەکەن، شێوەی دووهەم زیاتر دێتەگۆڕێ. باقی کارەکان وەك خوازبێنی کردن و مارەیی و شیربایی و جیاز و خرید تا رادەیەك گشتییەو لە هەموو شوێنێك یەکسانە، لە شکڵ و چلۆنایەتی کردن و دروستکردنی زێڕ بۆ بووك لە شوێنێك دەگەڵ جێگەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، جگە لە بازنە ئەوانەی تر دەبێ دەگەڵ جلکی ژنانی هەر ناوچەیەك بێتەوە کە قەتارە، ملوانکە، خڕخاڵ، کرمەك، ژێرچەنە، گوڵ، پشتێند، خەزێمو... کە هەرکام بە تەرزێك دەگەڵ جل و بەرگ و قەد و باڵای بووك دێتەوە، وەخۆی دەخا.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە وا هەیە کوڕو کچ یەکتریان خۆش دەوێ بەڵام بنەماڵەی یەکیان یا هەردووك لا بەو کارە رازی نابن، بۆیە هەردوو لا بێئاگاداریی کەسانی دیکە دەچنە ماڵی پیاوماقووڵێك کە زیاتر شێخ و مەلان و لەوێ بە نهێنی لێك مارە دەکرێن و بنەماڵەکانیان لە بەرانبەر ئەمری واقع دا بەرەوڕوو دەکەن و ئاخریەکەی بە تکاکاریی خاوەن ماڵ واتە پیاوماقووڵەکەی پەنایان بۆ بردووە، ڕێکیان دەخەنەوە و مەسڵەتێ دەکەن. بەو کارە دەڵێن ژن هەڵگرتن. بە واتایەکی دیکە کوڕ کچی هەڵگرتووە و کچ ڕەدوا کەوتووە.

---

حەوارییونی حەزرەتی مەسیحە بە حەزرەتی مەسیح خۆی و لەبەر ئەوە سێزدەهەمین کەسیش بووە کە بۆتە پەیڕەوی مەسیح، مەسیحییەکان تێکڕا (١٣) بە نەحس دادەنێن و لە ژماردنیشدا زیاتر دەڵێن و دەنووسن ١٢+١، . نەورۆز لە کوردستان.



بەڵام ڕێوڕەسمی زەماوەندی کوردی، تایبەتە بە کوردان و کەمتر وا هەیە لە سێ ڕۆژان کەمتر بخایەنێ، لەو ماوەدا هەڵپەڕین بێ پسانەوە درێژەی هەیە. هەڵپەڕکێی کوردی جۆراوجۆرەو زۆر جوانن، ژن و پیاو دەست تێکدەگرن و هەموو چەشنە هەڵپەڕینێك دەکەن، بەو جۆرەی کە ژن و پیاو بەیەکەوە هەڵدەپەڕن دەڵێن رەشبەڵەك ( Rash Balak) و بە نەفسی کارەکە دەڵێن "هەڵپەڕین Halparin". مۆسیقای هەڵپەڕکێ لەلایەن دوو یا چەند ئامرازژەنەوە دەگەڵ یەك دوو گۆرانیبێژ کە پێیان دەڵێن شایەر بەڕێوە دەچێ، کە ئەم تەرزە گۆرانی بێژییەش لە شتە تایبەتییەکانی کوردستانە. شایەر لەنێوەڕاستی گەڕگێڕانی داوەتێدا دەگەڕێ و بە هەڵبەست و بەندان کە لەجێوە ڕێکیان دەخاو بۆشی دێ دەیلێ و ئاهەنگ دەگێڕێ. بەو کەسانە هەڵدەڵێ کە هەڵدەپەڕن و ئەوەندەی پێ هەڵدەڵێ تا کابرا لە قەدەر خۆی شاباشی دەداتێ. زۆر جار ئەوانەی لە دەوری گەڕی داوەتیش راوەستاون و تەماشا دەکەن دەکەونە بەر بەندی شایەر. بۆ دانی شاباش لەنێو ئەوانەدا کە پێیان هەڵدەگوترێ بە قازانجی شایەر دەبێتە کێبەرکێ. لەرەشبەڵەك دا زیاتر بەو کەسانە هەڵدەڵێن کە ئافرەت (دۆیان) لە دەست دایە. لە هێندێك شوێنیش رەشبەڵەك باو نییە، بەڵام لە زۆر جێ وەك موکریان، بۆتان، هەکاری، سۆران و بادینان رەشبەڵەك رەواجە و هەڵپەڕکێکانیان وردەکاری زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش و هونەرمەندانەی تێدایە.

لەو ڕۆژانەدا کە داوەت بەردەوامە، سوارچاکانی کورد هونەری تایبەتی سواران وەك ڕمبازێن،[55] جلیت بازی و تیرئەندازی نیشاندەدەن. ئەگەر بووك لە گوندێك بۆ گوندێکی تر بچێ، زاوا بە سواری ئەسپێکی توندو جوان بەرەو پیری بووك دەچێ و سەد میترێکی بمێنێ بیگاتێ سێوێکی تێهەڵدەکاو بەپەلە و بەغار بەرەو ئاوایی دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە گەڕانەوەدا سوارێکی دی بتوانێ بکەوێتە سەریو پێشی کەوێتەوە، زاوا مەجبوورە جەریمەیەکی قورسی بداتێ، ئەوەش بە چەشنە شکانێك دێتە ئەژمار.

---

55- ڕمبی دارین، پارچە دارێکە هەردووك سەری ساف و دەسکاری کراوە و زۆر ساف و قایمە کە لە رابردوودا سەری تیژ دەکراو وەك چەك کەلکی لێ وەردەگیراو لە بەکارهێنانیشی زۆر شارەزا بوون، بەشێوەیەك کە دەگەڵ هەڵکوتانە سەر لە چەند میتری ڕا دەیان هاویشت و لە سینگی دوژمنیان دەدا. دیارە ئەوە ئێستا دەوری نەماوە، بەڵام سواران لە گۆڕایەك بە دەوری مەیدانەکەدا نەرمە غار دەکەن و پێی دەڵێن ڕمبازێن.

چوونی بووك له ماڵی باوكی ڕا بۆ ماڵی زاواش لە هەر جێگایەك بە شێوەیەكە و ئەوە خۆی پێویستی بە نووسینی كتێبێكی جیاواز هەیە. بۆنموونە لە سەقز قاچەكانی بووك لە گوێزینگ ڕا وا دەبەستن كە نەتوانێ توند بڕوا و بووكی فەقیر ناچارە چەند سەعاتێك لەو بەینەدا سەرگەردان بێ و ئەگەر بیهەوێ توند بڕوا بەربووك پێشی لێ دەگرێ تا كەسایەتی پارێزراو بێ. ڕێوڕەسمی میوانداری لە میوانانیش جیاوازی هەیە، لە زۆر شوێنی كوردستان بنەماڵەی زاوا، لە تەواوی ئەو ماوەدا دەبێ نان و چێشت و شیرینیان ئامادە بێ، هەتا ئەگەر میوان لە هەر كاتێكدا تەنانەت سەعات سێ و چواری دوای نیوەشەویش گەیشتنێ، سفرەی بۆ ڕاخەن و لە خواردن بێبەش نەبێ، بەم چەشنە میوانداریییە دەڵێن "شەوگەڕ" لە ناوچەی كەركووكی كوردستانی باشوور شاعیرەكان شیعرگەلێك بۆ زاواو بووك دەڵێن و گۆرانیبێژ بەدەنگ دەیانڵێ.[٥٦]

## ژن بە ژنە و هێندێك لە ڕێوڕەسمەكانی:

لە زۆر ناوچە و دەوەران باوە كە كچێك دەدەن و كچێك وەردەگرن و كوردان بەو كارە دەڵێن ژن بە ژنە، ڕێوڕەسمی ئەم كارە لە هێندێك مەڵبەند زۆر سەیرو سەرنج ڕاكێشە، بۆنموونە لە باكووری كوردستانی عیراق، زەماوەندی هەردوو كیژی كە ژن بەژنەیان پێ دەكرێ لە یەك كاتدا بەڕێوە دەچێ و بنەماڵەی هەردوو بووك لەسەر بڕیاری پێشوو شوێنێك لە نێوان ئەو دوو گوندە یا ئەو دوو ماڵەی كە بووكەكانیان بۆ دەچێ دیارییدەكەن، هەردوو بووك و بووكنیان كە هەركام لە جێگەیەك ڕا وەڕێ كەوتوون دەبێ لە شوێنی دیاریكراو بگەنە یەك، هەركام لەم دوو لایەنەش زووتر گەیشتنە ئەم شوێنە دەبێ ڕاوەستن و ئەوانەی دەگەڵی چوون بە گەرمی خەریكی هەڵپەڕكێ و داوەت بن تا بووك و بووكنیانی لای دیكەش بگەنێ. ئەو دەم هەردوو بووكان لە شوێنەكە دوور دەكەنەوە و لەنێو چەند ژنان دا كە دەگەڵیان دەچن یەكتر ماچ دەكەن. دیارە ئەو ماچ كردنەش زۆر ئاشكرا نییە و ژنەكانی لەگەڵیانن جاجمێكی كە نوێنی تێوە دەپێچن دەكەنەوە و بە دەست ڕایدەگرن، دوو بووكەكان دەچنە بنیو لەوێدا یەكتر ماچدەكەنن و

56- بۆ نموونە و زانیاری زیاتر دەتوانن لە كتێبی "داب و ڕەسمی كوردان لە بین النهرین یا گەرمێن نووسینی هەردەوێڵ كاكەیی" بڕوانە.



دەرزیلان دەگۆڕنەوە و دوایە بێڕاوەستان هەر لایەك دەستی بووكی خۆی دەگرێ و سواری دەكەن و دەیبەن بەرەو گوندی ماڵی زاوا.[٥٧]

"كاكەیی" لەسەر ئەو باوەڕەیە[58] كە ڕەواجی ئەم جۆرە ژن و ژن خوازییە لە كوردستان ئاكامی هێندێك هۆگەلی وەك نەداری دوولایەنەیە و هەر بۆیەش كچ و كوڕەكانی خۆیان بەم شێوە بەمێرد دەدەن و ژنیان بۆ دێنن بێئەوەی خەرجێكی زۆریان بكەوێتە سەرشان. بەپێی بڕیارێكی كە هەردوولا لەنێو خۆیان دا دەیدەن زۆر خەرجی زیادیان بۆ دەگەڕێتەوە. زۆر جاریش ئەو ژن بە ژنانە دەبنە هۆی نەمانی دوژمنایەتی لەمێژینەی تایفەیی كە ماوەیەكی دوورودرێژ لە بەینیاندا بووە.

هێندێك وردەكاری و بۆچوونی سەیریش لەنێو ئەم ڕێوڕەسمانەدا هەن، بۆنموونە دەڵێن ئەگەر كاتی زەماوەند باران بباری، بووك لەبەر دڵی بنەماڵەی زاوا بەقەدر و خۆشەویست دەبێ. چونكو لایان وایە پێقەدەمی بەخێرو بەرەكەتە.[٥٩] لە ناوچەی ئۆرفە لە توركیە و مەڵبەندی دیاربەكر جیاوازی لەگەڵ شوێنی دیكە هەیە كوڕو كچ بۆ هەڵبژاردنی شوو یا ژن سەربەستن و ئەوەش دابێكی كۆن و لەمێژینەیە، بەپێچەوانەی باقی جێگاكانی كوردستان لەوێ ڕازی بوونی كچ و كوڕ بە یەكتر مەرجی سەرەكی زەماوەندە. ئەگەر بێوەژن و بێوەمێردێك بەیەكەوە ببنە ژن و مێرد مافی ئەوەیان نییە ڕێوڕەسمی هەڵپەڕكێ و زەماوەند وەڕێ خەن.[٦٠]

## یارمەتی دان و هاوكاریكردن لە ڕێوڕەسمی كوردان دا:

هێندێك لەو ڕێوڕەسمانەی كوردستان، هەستی هاریكاریو یەكدڵی یارمەتیدانی خەڵكی ئەم خاكە بەروونی نیشاندەدا كە زۆرجار نەزم و شایستەگی تەواوی تێدا بەدی دەكرێ. بۆنموونە لە گوندەكانی كوردستان دابێك هەیە بە نێوی "هەرەوەز Harawaz" ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر جووتبەندەیەك لەكاری هەڵگرتنی خەڵە و خەرمان یا كارێكی دیكەی كە دەبێ بیكا دوا كەوتبێ و نەتوانێ لەكاتی خۆیدا جێبەجێی بكا، لە هەلومەرجێكی ئاوادا وەرزێرەكانی دیكە كە كاری خۆیان تەواو كردووە، بەپێی

57- هەمان سەرچاوە، وەرگێردراوی نووسەری ئەم كتێبە، لاپەڕەكانی ٣ تا ١٣٢.

58- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦.

59- "داب و نەریتی كوردەكانی گەرمێن"، نووسینی هەردەوێڵ كاكەیی.

60- وەرگیراو لە یادداشتەكانی سەرگورد نوئێل لە كوردستان، وەرگێردراوی نووسەری ئەم كتێبە.

بڕیارێکی کە پێشتر بە تێکڕایی داویانە هەموو لە مووچەی ئەو کابرایە کۆدەبنەوە و بێئەوەی هیچی لێ وەرگرن وێکڕا کارەکەی بۆ رادەپەڕێنن و بە شادی و گۆرانی گوتن تەواوی دەکەن. وا هەیە نان و پێخۆری خۆشیان دێنن بۆئەوەی قورسایی نەکەوێتە سەرشانی کابرای خاوەن کار. بەلاّم بەپێی عادەت خاوەن هەرەوەز نانیان بۆ ئامادە دەکا.

یەکی دیکە لە هاریکاری خەلّك دەگەلّ یەکتر ئەوەیە کە لە کاتی سەرەخۆشی یا زەماوەندا دەیکەن. ئەو بنەماڵەی خاوەن تازییە نازانێ خەمی خۆشەویستی لەدەست چووی بخوا یا لە فکری دابین کردنی خەرجی زۆری نانی نیوەڕۆ و شەوی ئەوانە بخوا کە بۆ سەرەخۆشی هاتوون، بەلاّم لە کوردستان، لە زۆربەی ناوچەکان بەتایبەتی کاتی تازییە لە دێهات خواردن بۆ هەردوو جەم لە ماڵە بەشدارانی تازیە و دەروجیرانەکان ڕا بەپێی توانا دەنێردرێ. دیارە ئەوانەی دەوڵەمەند و بەدڵن سفرەکەیان رەنگین ترە و جگە لە خۆیان نان بۆ چەند کەسی دیکەش دێنن.[61] بۆ زەماوەندیش لە شوێنگەلی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە کوردستانی ناوەندی و رۆژئاوا ئەم کارە باوە، لە مەڵبەندەکانی بۆتان و هەکاری و بادینان میوانداری بەشێوەیەکی دیکەیە، کاتێك میوانێکیان دێ، خانەخوێ یا لە ماڵ یا لە مزگەوت میوانداری دەکەن، لەوحاڵەشدا ئەوانەی بە ئیمکانن بۆ چەند کەسی دیکەش نان ساز دەکەن و دەیبەن و لەو شوێنانە نانیان دەگەڵ دەخۆن، تەنانەت وا هەیە میوان لە مزگەوت ئەخەوێنن.

## نەزرو نیازو زیارەت:

لەکوردستان بەگوێرەی نەریتی دێرینی خۆیان، بەپێچەوانەی هێندێك شوێن، لە هەر دەرفەتێك بۆ شادیو خۆشی کەلّك وەردەگرن، لە کاتی زیارەت و نەزرو نیازیشدا ئەو کارە دەکەن. لە کوردستانیش وەك زۆر جێگای دیکە زیارەتگا و تەکیە هەن کە هەرکام لەوانە بە دابین کەرو بەدیهێنەری بەشێك لە نیازی خەلّك بەناوبانگن و وادەزانن لە رۆژێکی تایبەتییشدا ئەو نەزرە قبوولّدەبێ و نیازەکەیان جێبەجێ دەبێ کە زیاتر لە رۆژی چوارشەممۆ دایە.[62] بۆیە لەم رۆژەدا دەچنە سەر چاك و پیران، دوای ئەوەی پێویستی

61- شتی ئاوا لە ناوچەکانی دیکەش بەرچاو دەکەوێ بەلاّم نە بەم شێوە گەرم و گوڕەی لە کوردستاندا باوە.

62- ئەم رۆژە لەلای هێندێك کەس لەسەر بنەمای بیروباوەڕی دێرینیان لە رۆژەکانی شادی دێتە حیساب.



خۆیان لە بەرانبەر شەبباك و موغبەرەکەدا هێنایە گۆڕێ هەر لەوێ دەستدەکەن بە هەلّپەڕکێ و داوەت گێڕان و رۆژێکی خۆش تێپەڕ دەکەن. با لێرە ئەوەش زیاد کەین کە بەتایبەتی لە کوردستانی باکوور و رۆژهەلاّت، رۆژانی چوارشەممە رۆژی پشوودان و شادی بووە و هەیە. لەم رۆژەی حەوتووداو رۆژانی جێژن، خەلّك دەچنە سەر زیارەتەکان و باغەکانی دەوروبەری شارەکان و شوێنگەل ئاو و هەواخۆش، دەستە دەستە خەریکی شاییو هەلّپەڕکێ دەبن. وەك گوترا لە مەهاباد کە ناوەندی موکریانە هێندێك جێگەی ناسراو و دیار بۆ ئەم رۆژانە هەبوون کە خەلّکی دەچنێ: کانی مام قەنبەران (لەرابردوودا) قولّقولاّغ، باغی میکایل (ئێستا بۆتە پارك) کە رووبەڕووی باغەکە ئەشکەوتێکیش هەر بەم ناوە هەیە، قسنی شێخ تەها (کە ئەویش کەوتۆتە نێو شار)[63] یا لە بۆکان خەلّك دەچوونە میرئاوا، داوێنی کێوی نالّەشکێنە، لە سەقزو شارەکانی دیکەش هێندێك جێگای تایبەتی بۆ ئەم سەیرانانە هەبووە.

لەو شوێنانە هەموو کات ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕن بە باوەشی ئاوەلاّ وەردەگیراین و لەلایەن ئەو خەلّکە میوان دۆستە میوانداری دەکرێن و بۆئەوان کورد بن یا غەیرە کورد جیاوازی نییە، هەربۆیە رۆژهەلاّتناسان و دنیاگەڕان لەلای ئەم مالّە بێ ریاو دلّپاکانە دابەزیون کە زۆریشیان لەسەر نووسیون.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەبێ ئەوەش زیاد کەین کە رێوڕەسم و داب و نەریتی کوردان زۆرن بەلاّم باسکردن لەسەریان لەم کتێبەدا ناگونجێ، بۆیە زانیاری زیاتر لەم بوارەدا بە موتالاّکردنی ئەم کتێب و نووسراوانە دەهێلّینەوە کە لەم بابەتەوە نووسراون و بلاّو بوونەوە، بەلاّم باش وایە بەتایبەتمەندییێکی دیکەی کوردان ئاماژە بکەین ئەویش بە دەربەست بوونی توند سەبارەت بە کەرامەت و ناموسی خۆیان و پاراستنی دروشمی نەتەوەیی و ناموسی بنەمالّەییە. بۆیە بە نموونە رووداوێك لەم رووداوانەی هاتوونە پێش دەگێڕینەوە.

63- بەداخەوە لەبەر کاری ناڕەواو سوننەت شکێنی کەسانی غەیرە کوردو نەبوونی ئەمن و ئاسایش و ئازادیی پێویست دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەم بەرنامە بە چەشنێکی بەربلاّو براوەو لەبیر چۆتەوەو زیاتر لە رۆژانی هەینیدا خەلّك دەچنە دەرەوەی شار، هەر بەو دەلیلانەی سەرەوەش لەم شوێنانە شادی و هەلّپەڕکێ ناکرێ.

## چیرۆکی ئیمامی دارینە یا بەسەرهاتی ژن و دەمارگرژی لە کوردستان:

لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبە چەند جار ئاماژە کراوە کە ژن لەنێو کوردان دا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە و زۆری قەدر دەگیرێ، وەك لە مێژووی کوردان دا ژنی کارزان و لێوەشاوە هەبوون کە بەپایەی بەرز گەیشتوون و لاپەڕەی درەوشاوەیان بۆخۆ تەرخان کردووە. ئەوەش دەزانین کە ژنان لە کوردستان ئەم تەنگ و چەڵەمانەیان لەسەر ڕێ نییە کە ژن لەنێو قەومەکانی دیکە لە ڕێیان دایە و ئازادی تەواوی کۆمەڵایەتیان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژنانی کورد دەگەڵ هێزێکی بەرزترو دوور لە مەنتق بەرەوڕوون کە بەناوی غیرەت و مەسەلەی نامووس لەنێو کورداندا بەتوندی لەگۆڕێ دایە. بەداخەوە ئەم کارە بەدرێژایی سەدەکان خوێنی لەسەر ڕژاوەو زۆر چیرۆك و حەماسەی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە کە دوای تێپەڕ بوونی زۆر ساڵ بوونەتە بەشێك لە فۆلکلۆری نەتەوەیی و جیل لە دوای جیل و سینگ بە سینگ دەگەڕێن و باڵ و پەڕیان گرتوە، بوونە شتی نەمرو پیرۆزی خەڵك و لە شەوانی ساردی زستاندا، بە گوتنەوە و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە، گەرمی تایبەت بە شەونشینی بنەماڵەکان و کۆبوونەوەکانی ئەم گەلە دەبەخشێ. بۆنموونە زەین بدەنە ئەم کورتە چیرۆکە:

ئەم ڕووداوە لە گوندی "زەنقەر Zanghar" هەڵکەوتوو لە شارۆچکەی "داقوق"ی کوردستانی عیراق قەوماوە، بەم شێوە بووە: ئەم گوندە کیژێکی جوان و خوێن شیرنی لێ دەبێ کە لە بواری پاکداوێنیش گرەوی لە هەموو ئافرەتانی دێ دەبردەوە. ئەو کچۆڵە دەبێتە ئەوینداری گەنجێکی ڕێك و پێك و لێوەشاوە و جوان چاك کە بۆ جوامێری و پیاوەتی ناوبانگی کردبوو، لاوەکەش دڵی دابوو بەو کچەو زۆری خۆش دەویست، بەهۆی نەبوونی هەلومەرجی پێویست هیچ کام لەوان ئەو ئەویندارییەی خۆیان لەلای یەکتر نادرکێنن. ڕۆژگاریان تێپەڕ دەکرد تا بە هەڵکەوت ڕۆژێك کە کچۆڵەکە دەچێتە بێرێ لە سەر ڕێ دەچێتە کانی قەراغ دێ و لەوێ لاوی دڵخوازی خۆی دەبینێ. هەردووکیان لەوێ ئەوینی خۆیان بەرانبەر بە یەکتر ئاشکرا دەکەن و ئەوەی لەو ماوەدا دەدڵیان دابووە بۆ یەکتری هەڵدەڕێژن، جووتەی دڵداران لەوە خافڵن کە کەسێکی بەدفەڕو قسە هەڵبەست ئەوان لەکاتی گۆڕینەوەی ئەم وشە جوانانە و ڕازو نیازیاندا دەبینێ، هەر کە دەگەڕێتەوە گوند، کابرای چل درۆ ئەوەی لە درۆ بۆی ساز دەکرێ بەنێو خەڵکدا بڵاوی دەکاتەوە، کورد گوتەنی "قسە کەوتە زارێکی دەکەوێتە شارێکی"، درۆکانی ئەم کابرا



ناپاکە کە بە تەواوی پێچەوانەی ڕاستی بوون لە دێدا بڵاو دەبێتەوە بە گوێی باب و برای کچەش دەگا. ئەوانیش وەك لەنێو کورداندا باوە بێ ئەم لاو ئەولا باوەڕ بەم درۆیانە دەکەن و بێئەوەی چاوی ڕاستی بین بکەنەوە و وەدوای ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکە کەون بڕیاری کوشتنی ئەم دوو ئەویندارە دەدەن. کاتێك دێنە پێشوێنی کچەکە، ئەو خەریکی شیر کوڵاندنەو بە دارۆکێك ئاورەکە خۆش دەکا، حاڵی باب و براکەی نائاسایی بەرچاو دەکەوێ، هەست بە مەسەلەکە دەکا، هەرچی پێیان دەڵێ ئەمن پاکم و غەشم تێدا نییە و ئێوە خراپ حاڵی کراون و ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە ڕاست نییە، ئەوەی بە ئێوەیان گوتووە بوختانە، ناچێتە گوێی باب و براکەی کە دەمارگرژی و تووڕەیی کوێری کردبوون و ئاخری خۆی بە قەدەر دەسپێرێ و دەڵێ، ئێستا کە دەتانەوێ بمکوژن دوو ڕەجام هەیە و لە دوایین دەمی ژیانم دا ئەم دوو داخوازەم لێ قبووڵبکەن، یەکیان ئەوەیە کە دوای کوشتنی من کارتان بەو کوڕە نەبێ کە تاوانی تەنیا ئەوەیە منی خۆش ویستوە و هیچ تاوانێکی نەکردووەو خراپ دەگەڵ من نەجووڵاوەتەوە، ئەوی مەکوژن. داوای دووهەمیشم ئەوەیە کە دوای کوشتنم هەر لێرەم بنێژن و ئەم سەرەبزووتەش کە ئاگری شیرکوڵاندنەکەم پێ خۆش دەکرد لە پەنا کێلەکەم بچەقێنن و لە جیاتی ئاو خوێنی منی دەبن کەن تا دواتر ئەگەر بزووتەکە شین بووەو لق و پۆپی دەرکرد بۆتان ڕوون بێتەوە کە من لە حاڵێکا هیچ تاوانێکم نەبووە و لە ئاوی شەو پاکتر بووم کوژراوم و ئەوکات بە خەڵك ڕابگەیەنن تا زیاتر لەوە وەباڵی من وەئەستۆ نەگرن. کچۆڵەی بێتاوان دەکوژرێ و باب و براکانی وەسیەتەکەی جێبەجێ دەکەن، واهات بزووتەکەی بە خوێنی ئەو دێرابوو شین بوو، زیادی کردو هەڵچوو تا هەموو ئەو کەسانەی بە نەزانی تۆمەتی ناپاکیان وەپاڵ ئەو کچە مەعسووم و بێتاوانە دا شەرمەزار بن و لەبن ئەو دارە تۆبە بکەن، ئەمڕۆ خەڵکی ئەو شارۆچکەو دەوروبەری ئەو دارە کە "کونار یا زرك"ی ناوە بە "ئیمام دارینە یا دارئیمام"یشی پێدەڵێن و گڵکۆی ئەو کیژەیان کردوتە زیارەتگایەکی گرینگ. هەموو حەوتوویەك کیژان و کوڕانی لاو بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان دەستەوداوێنی ئەو موغبەرە دەبن.[٦٤]

---

64- داب و نەریتی کوردەکانی گەرمێن، ل ١٣٦.

### چیرۆکی کێوی جوودی (گوتی)و پێوەندی ئەو بە حەزرەتی نووحەوە:

داستانی کێوی "جوودی یا گووتی" چیرۆکی حەزرەتی نووحە و لەنێو تەواوی قەومەکانی دەوەردا بە زمان و شکڵی جۆراوجۆر بەڵام لە یەك چیرۆکدا باسکراوە، بۆنموونە تورکان بە "ئاگریداغ" و ئەرمەنی بە "ماسیس ("ماسیك"، مازیك هەروەها بە مەبزە زۆزار (کێوی گەمی یا کەشتی)" و عەرەبان بە جوودی ناو دەبەن. لە زمانی فارسیدا بەناوی کێوی نووح دەناسرێ. بەڵام ئەوروپاییەکان بە ئاراراتی ناو دەبەن و جگە لەوانە ناوی دیکەشی هەیە. (ئەنسکلۆپیدی ئیئونو بە زمانی تورکی ئەستەنبولی لە بەرگی ١ لاپەڕە ٢٣٠). بەڵام کوردان ئەو کێوەیان بە زمانی دێرین و بە ناوی خۆیان "کوردی، کورتی، گوتی وەك کێوی نووح ناودێر کردووەو ئەم ناوە قەدیمترین ناوە کە ئەم کێوە هەیبووە و عەرەبان هەر ئەوەی ئاخری واتە "گوتی"یان موعەرەب کردووە و گوتویانە "جودی". یونانییەکانیش لە عەرەبەکانیان خواستۆتەوەو پێیان گوتووە "جوردی" ﴾زانستنامەی ئێران و ئیسلام بەرگی ١، لاپەڕەکانی ٧٠و ٧١﴿ بە درێژی لەم بابەتە دواوە.

لە تەوراتدا جێگەی راستی "گوتی=جودی" دیاری نەکراوە، کەچی ئەرمەنییەکان و هی دیکە بەڕاشکاوی ئارارات بە گوتی دەزانن و تەنانەت پاشماوەی کەشتی نووح لە ئاراراتدا هەر ماوە ﴾هەرکەس ویستوویە بچێتە قوللەی کێوەکە و سەفینەکە ببینێ. لەبەر موعجیزەی سەفینەکە نەیتوانیوە ببینێ؟!﴿ ئەوە لە کتێبی "لە گوزەرگەی مێژوو" ، نووسینی محمد حافظ زادە لاپەڕە ٣٨١دا هاتوە.

ئاراراتی گەورە کە سەرچاوە ئیسلامییەکان بە "جبل الحارث"یان ناو بردووە، ٥١٧٢ میتر لە تەرکی دەریا بەرزە، قوللەکەی گۆڕایەکی بازنەییە کە دەورەکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ پایەو لەلای باکووری رۆژهەڵاتی دۆڵی قووڵی "سین ژاك" هەڵکەوتووە کە ئێستا وشکە و شینایی لێ نییە، بەڵام نووسراوە جیاوازەکان وا نیشاندەدەن کە لە سەردەمانی پێشوودا لێڕەوار بووەو نێچیریشی زۆر لێ بووە. ﴾ئیستەخری ل ١٩١ و توماس ئارتسرونی T. Artsruni مێژوونووسی هەرمەنی، زانستنامەی ئێران و ئیسلام و سەفەر بۆ ئێر ان لە سەردەمی فەتحعەلیشای قاجار ل١٤١ نووسینی دوکوتزبوئە﴿ بۆیە هێندێك ئەو گومانەیان بۆ هاتۆتە پێش کە لە ئاکامی تۆفانەکەی نووح بۆتە هۆی سەوزی و جوانی ئارارات، بەڵام وا وێدەچێ کە ئاکتیوبوونی گڕکانی ئاراراتی گچکە لە

سالّی ١٨٤٠ی زایینی کە بوومەلەرزەکەشی وێرانییەکی زۆری لێ کەوتەوە (وەك وێران بوونی سەومعەی سێن جێمز بە تەواوی) و ماددە تواوەکانی ئەو گڕکانە بووبێتە هۆی گۆڕانی روخساری ئارارات.

دیارە ئەرمەنییەکان زۆر سەرنج دەدەنە گۆڕان و لێکدانەوەی وشەکان. لە نیشاندانی ئارارات لە جیاتی کێوی گوتی زۆر توندن، هەر بەم دەلیلانە سازکردنی شاری نەخجەوان بەکاری حەزرەتی نووح دەزانن ﴿جملی کارری لە سەفەرنامەکەیدا نووسیویەتی: بەڵام ئەوە کە زۆرینەی توێژەر و لێکۆڵەران بڕوایان پێیەتی ئەوەیە کە کێوی گۆتی ئارارات نییە و لە دەوری شاری جزیرەیە کە بەناوی بناغەدانەری خۆی "گوتی" یا "کوتی" بەناوبانگە، هەرچەند لێکۆڵەرەوان و رۆژهەڵاتناسان هەرکام بەجۆرێك ناویان هێناوە، بەڵام هەموو ناوەکان پیتەکانی ناوی "کورد"یان تێدایە. هەروەك مستەوفی لەباسی دیاربەکرو هێنانەگۆڕی ئەم ناوچە دەنووسێ جوودی لە دەوەری دیاربەکرە (نزهە القلوب، بە هیمەتی محمد دەبیرسیاقی ل١٢٤) یا ابو عبداللە محمد بن احمد مقدسی دەنووسێ: سەمانین لە قەراخ رووبارێکی پڕ ئاو هەڵکەوتووە کە بە بناری کێوی جوودیدا دەڕوا، لە زمان وهب کوڕی منبەوە دەگێڕێتەوە کە یەکەم شار بووە کە لە جزیرە دروستکراوە (حسن التقاسیم فی معرفە الاقالیم بەشی هەوەڵ ل٩٦تا ١٩٥) و دوایەش کلاویخو باڵوێزی ئیسپانیا لە دەرباری ئەمیر تەیموور، دە سەفەرنامەکەی "جوزناباربارو"دا لەسالّی ٨٨٣و هەروەها "تاورنییە، ژال پانیت"ی فەرەنسی هەموویان ئەم کێوە بەناوەکانی گۆردیەن Gordian وکوردنین Cordninو کوردونینی Cordunini و کاردیە Cardian و کوردی Curdes و کاردوکس Carduches ناو دەبەن و باسێکیان لە ئارارات نەکردووە. هەمووی ئەو ناوانە کە بەدرێژایی مێژوو زۆرجار باسیان لێوە کراوە بەمانای کوردو کوردستان بووە و هەیە و ئەو زانا و واژەنووسانە و... وەك نووسەری تەفسیری نموونە لە لاپەڕی ١١١ و راغب نووسەری کتێبی تاج العروس بەرگی ٧ وشەی جوود و التبیان فی تفسیر القرأن بەرگی ٥ ل٤٩٢ بەدوا. گوزارشی زۆر سەرنج راکێشی دێرینناسی سۆڤیەتی پێشوو لەسەر کەشتی نووح نووسینی مەهدی ئیمانی لە گۆڤاری مەکتەبی ئیسلام و... یش شوێنی راوەستانی کەشتی حەزرەتی نووح بە کێوی جوودی لە دەوەری جزیرەی کوردستان لە نیزیك مووسڵ و نیزیك ئامێد(دیاربەکر) دەزانن. هەروەك تفسیر المیزان و نموونە و کتێبی موفرەدات ئەو شوێنەی بەدیاربەکر لە



دەوەری مووسڵ ناو دەبەن. (وەرگیراو لە ئارازا = ئەرەس لە گوزەرگەی مێژوودا) و کتێبی ئیعلامی قورئانیش دەنووسێ: کێوی جوودی زنجیرەی کاردۆئینە لە باکووری رۆژهەڵاتی جزیرەی ابن عمر لە رۆژهەڵاتی دیجلەی نیزیك مووسڵ و کوردەکان بە زاراوەی خۆیان "کاردۆ"و یۆنانیان جۆردی و ئەعراب "جوودی"یان پێ گوتووە. لەمەش زیاتر لە وەرگێڕانی تەوراتیش بە زمانی ئاسۆری کە "ترگوم"ی ناوە جێگەی پەك کەوتنی کەشتی نووحی "قوللەی کێوی کوردان ـ کوردوئێن = کاردین" نووسیوە کە بە وتەی حافظ زادە جوغرافی زانانی عەرەبیش ئەم شوێنە دەگەڵ کێوی "گوتی=جودی" لە جزیرە بەیەك دادەنێن، وێڕای ئەوەی دەنووسن: هێندێك لە تەختەکانی گەمێکە هەتا سەردەمی حکوومەتی خەلیفەکانی عەبباسی لەسەر لوتکەی چیا هەر مابوونەوە. بەهەرحاڵ رای زۆربەی نیزیك بە هەموو لێکۆڵەرەوان ئەوەیە کە کێوی نووح هەمان کێوی "گووتی= جوودی لە رۆژهەڵاتی دیجلە و لە دەوەری جزیرە ابن عومەرە و گوندی "سەمانین" لە بناری ئەو چیایەیە و گلّکۆیەکیش لەسەر چیایەکەیە و هەلومەرجی تر بەپێی نووسینی "ئەعلامی قورعان لە نووسینی خەزائیلی، ل٢٨١ کە ئەویش لە لاپەڕەکانی ١١ تا ١٣" نیشاندەری ئەم بۆچوونەن. هەرچەند دەگەڵ باوەڕی هێندێکان ناخوێنێتەوە، بەڵام روونترین دەلیل بۆ ئەم رایە ناوی کێوەکەیە کە لە ناوی نەتەوەی کورد وەرگیراوە و هەر بەناوی ئەوانیشەوە بەناوبانگەو "گوتی یا موعرەبی جوودی" دەگەڵ ئارارات جیاوازی زۆرە.

دێرینەناسانی رووسیش لە گۆڤاری "ئیتفاقینزۆب" ژمارەی تەشرینی دووهەمی سالّی ١٩٥٣، مەتلەبێکیان نووسیوە کە ئاماژە پێکردنی بەکەڵکە، ئەوان لەشوێنێك بەناوی "وادی قاف" کە بەینێکی زۆری لەگەڵ ئارارات هەیە وێڕای توێژینەوە چەند پارچە تەختەیان دۆزییەوە، کەسانێك لەوانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەوانە لە تەختەکانی گەمێی حەزرەتی نووح کەوتوون و ماوەی ٥٠٠٠ سالّ لە دلّی خاکدا ماونەوە. بەڵام دیتنەوەی تەختەیەکی دیکە کەمێك دوورتر لە شوێنی تۆژینەوەی رووسەکان کە ئەویش نەڕازیبوو، هێندێك خەتی خواروخێچی نەناسراویشی لەسەر نووسرابوو، ئەم کەشفەی کەمێك خستە بەر شك، بەجۆرێك لە شێرن کاری رووسەکان کەوتە بەرچاو، ئەو تەختە ئەمڕۆ لە مووزەی مۆسکۆ راگیراوە.

مامۆستایانی خەت ناس پێیان وایە کە ئەو نووسراوە خەتی ئارامییە و هەرکام لەوان بەجۆرێکیان وەرگێڕاوەتەوە و بە چەشنێکیان تەعبیر کردووە کە بە هیچ دەلیلێك ناتوانن راست بن و زیاتر لە باوەڕی زانستی دوورن.

یەکەم ئاماژەی کە بە تووفانی نووح کراوە، لە لەوحەیەکی قوڕینی دۆزراوە لە مەڵبەندی بابیل لەشاری "ئوور" بووە کە ئەمڕۆ لە مووزەی "ئەشموولیان Ashmulian"ی زانستگەی ئاکسفۆردی لەندەنە. ئەو لەوحەیە بەخەتی میخییە و پرۆفیسۆر ج.جۆرج ئیسمیت ئاوای وەرگێراوەتەوە: "ئەوان پێش تۆفان بوون. دووسەدو چل و یەك هەزارو دووسەد ساڵیان سەڵتەنەت کرد. تۆفان هەستاو گۆی زەوی داگرت، تۆفان نیشتەوەو دوای ئەوەی حکوومەتێك کە پێویست بوو لە ئاسمان هاتەخوار کە بارەگاکەی لە کیش بوو" مێژوونووسانیش بنیادنانی شارو حکوومەتی "ئوور" لە ساڵی ٤١٠٠ی بەرلە میلاد دەزانن و لەدایکبوونی "حەزرەتی ئیبراهیم"یشیان دوای تۆفانی نووح نووسیوە کە بە نووسراوی عیبری تەورات بەرانبەری ٢١٦٠ی پێش میلادە و بەپێی ئەو رێکەوتە تۆفانی نووح دەبێ دەوری ٥٠٠ ساڵ بەرلە میلاد بووبێ. لە کۆتایی ئەم باسەدا خراپ نییە ئاماژە بکرێ کە بەپێی ئەو بەڵگە و ریوایەتانەی بە دەستەوەن، حەزرەتی نووح (ع) پێش ئەم تووفانە بە پێغەمبەری هەڵبژێرابوو، چلۆنایەتی ئەم تۆفانە و پێوەندی ئەو بە حەزرەتی نووحەوە خۆی چیرۆکێکە کە وەك کێوی "گووتی=جوودی" خۆی هەرکەس بە چەشنێك دەیگێڕێتەوە و لێی دەدوێ و ئێمەش هەوڵ دەدەین بە چەند بەش لەو چیرۆکە کە زیاتر بە بەڵگە و جێباوەڕن ئاماژە بکەین...

لە کتێبی (ئاراز لە گوزەرگەی مێژوودا، لە نووسینی حافظ زادەدا هاتووە: جگە لە زیارەتگەی سەر کێوی جوودی، لە داوێنەکەشی گوندێك بەناوی "سوق الثمانین=بازاڕی هەشتاکان" هەیە کە خەڵك باوەڕیان وایە حەزرەتی نووح لە کێوی گووتی دەگەڵ هەشتا کەس هاتۆتەخوار، ئەو گوندەی دروستکرد و بەناوی ئەو هەشتا کەسەی دەگەڵی بووە ناوی "هەشتاکان"یان لەسەر داناوە.

گوتمان هەر قەوم و ئایینێك لە موسوڵمان و مەسیحی و یەزیدیو... بە چەشنێك بە شێوەیەکیان گوتووە و هەروەك گوترا، لە قورئانی کەریمیش لە سوورەی پیرۆزی "هود" لە ئایەتەکانی ٤٣و٤٤ ئاماژەی پێکراوە: "و قیل یا ارض ابلعي ماءك و سماءءء اطعي و غیض الماء و قضي الامرو استوت علي الجودي و قبل بعد اللقو الظالمین" و "گوترا



ئەی ئاخ ئاوی خۆت قووت دەوەو، ئەی ئاسمان تۆ باران راگرەو، ئاو چووە هەردەوە و کارەکە مایەوەو کەشتی نووح لە چیای جوودی جێگیر بوو، دووری و نەفرەت لە ستەمکاران. کۆی هەمووی ئەو قسە و ریوایەتانە ئەوەیە کە حەزرەتی نووح لە هاتنی ئەو تۆفانە ترسناکەی کە ئاکامی غەزەبی خوای بوو ئاگادار بووەو هەر بەو دەلیلەش لە سنجاری کوردستانی عیراق دەستی کرد بە سازکردنی کەشتییەك تا خۆی و چاکانی دەوری خۆی دەگەڵ گیانلەبەری جۆراوجۆر کە وەك دەڵێین لە هەرکام جووتێك لە نێرومێ هەڵگرێ و دەربازیان کا، کاتێك لە گوندی "عەین سینا Aimsina" هەڵکەوتوو لە شارۆچکەی شێخان سەر بە بەدریەی نیزیك مووسڵ خەریکی دروستکردنی کەشتی بوو، خەڵك گەپیان پێدەداو دەیانگوت ئاخر شوێنێکی دەریای لێ نییە کەشتی بۆ چییە؟ بەڵام نووح بە ئیلهامی خوای ئەم کارەی کردو کاتێك تۆفان هەستا بەرەو کێوەکانی سەنجار رۆیشت و ئاخری پاش رزگاربوون لە نوقم بوون، بەهۆی مارێك کە سەری بردبووە نێو کونێك کە لە کەشتییەکەدا بوو لە کێوی جوودی لەنگەری گرت و راوەستا. واسیلی نیکیتین لە کتێبی "پێنج ساڵ سەفەر لە رۆژهەڵات" کە لەلایەن کەسێك بەناوی ئیسرائیل یوسف بنیامین" نووسراوە و لە ساڵی ١٨٥٦ لە پاریس چاپکراوە کەلکی وەرگرتووە دەنووسێ: ئەم کێوە لە چوار فرسەخی "زاخۆ Zaxo" لەو جێگایەی کە داوێنی ئارارات دەگاتە کێوی کوردستان هەڵکەوتووە. هەموو خەڵکی ئەوێ بڕوایان وایە کە کەشتی نووح دوای رزگاربوون لە مەترسی تۆفان لەسەر ئەم چیایە راگیر بووە. بەشێك لە کوردان ساڵێ سێ جار دەچنە سەر لوتکی شاخ و سێ رۆژان لە وێندەرێ خەریکی عیبادەت دەبن. ئەو کوردانەی خۆیان لە عەولادەکانی خانەدانی سەناخریب دەزانن و دەڵێن ئەو پادشایەش هەموو ساڵێ رێورەسمێکی بۆ ساڵوەگەری کەشتی سەیرو سەمەرەی نووح بەڕێوە دەبرد.

دیارە ئەم ریوایەتەی کەلدانییەکان لە تەورات وەرگیراوە کە داوێنی کێوی ئارارات بە چیای کوردستان ناو دەباو ناوی ئەم کێوەشی لەسەر ئەو خاکە داناوە. بێگومان ئەو وتەی تەوراتیش نیشانەی زۆر قەدیم بوونی مێژووی کورد و خاکی کوردستانە کە لە جێی خۆیدا باسکراوە.

لە لوتکەی چیای جوودی کاولێکی جێ عیبادەت ماوەتەوە کە بە قسەی خەڵکی دەوەرەکە حەزرەتی نووح دروستیکردووە و ئەمڕۆ بە جێی عیبادەتی چیای جوودی

بەناوبانگە. چیای جوودی زیاتر لە ٧٠٠٠ پا بەرزەو ئێستاش هەموو ساڵێ خەڵکێکی زۆر لە موسوڵمان و مەسیحی و یەزیبیدیەکان دەچنە سەر ئەو چیایەو سوپاس و ستایشی نووح دەکەن. سەروان دیکسۆن لە کتێبی "چەند سەفەرێك بۆ کوردستان" دا کە لە رۆژنامەی ژمارە چواری ساڵی ١٩١٠ دا چاپ و بڵاو بۆتەوە، هەروەها سەرهەنگ کارتسێف لە گۆڤاری ئەنجومەنی جوغرافیایی سەڵتەنەتی لقی قفقاز لە ساڵی ١٨٩١دا هاتوە بەدرێژی لەم بابەتە دواوە.

(کورد و کوردستان، واسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قازی، ل٨٢ــ١٨٤ لە حاشیەدا)